دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان

کارڵ بڕۆکلمان

مێژووی گەلانی موسڵمان

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

میژووی گەلانی موسڵمان

ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل رۆژبەیانی ٢٠١٧

بەڕێوەبەری دەزگا: سیروان حەمەسەعید

ناوی کتێب: مێژووی گەلانی موسڵمان

ناوی نووسەر: کارڵ برۆکلمان

لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور

دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

زنجیرە: (٤٠)

نۆرەی چاپ: ٢٠١٧

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ١٤٠٠٠ دینار

چاپ: چاپخانەی تاران

لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (١٩٨٠)ی ساڵی ٢٠١٧ پێدراوە

Tel: 0533202936 07701549509
email: jamalerfan99@gmail.com
facebook: Jamal Erfan's Library
www. jamalerfan.com

ناونیشان: سلێمانی- شەقامی سالم
ناو بینای یەکێتی نُووسەرانی کورد لقی سلێمانی- بەرامبەر ماکسی مۆڵ

مافی لەچاپدانی پارێزراوە بۆ ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل رۆژبەیانی

کارڵ برۆکلمان

میژووی گەلانی موسڵمان

لە عەرەبییەوە :
عومەر عەلی غەفوور

سەرچاوەی ئەم وەرگێڕانە:

چاپی پێنجەمی کتێبی (تاریخ الشعوب الاسلامیة)، وەرگێڕانی (نبیه أمین فارس) و (منیر البعلبکی)، (دار العلم للملایین) لە بەیروت چاپی کردوە.

ناوەرۆك

- پێشەکیی وەرگێڕ.....١٣
- لە پێشەکیی چاپە ئەڵمانییەکەوە ١٦

* **بەشی یەکەم:** عەرەب و ئیمپراتۆرییەتی عەرەبی.....١٧
- **نیشتمانی عەرەب پێش ئیسلام:** ١٨

نەژادی عەرەبی. شارستانێتیی نیشتمانی عەرەب لە باشوور. باری کۆمەڵایەتی لە باکووری دورگە. مەککە و مەدینە. سووریا و نەبەتییەکان. تەدمور. دەوڵەتی غەسانییەکان. لەخمییەکان. بتپەرستیی عەرەبی. ئاینی یەهوودی و مەسیحی. شیعر.

- **پێغەمبەر محەمەد:** ٣٣

لاوێتیی پێغەمبەر. هاوسەرگیرکردنی. بوون بە پێغەمبەر. باوەڕدارانی بەرایی. کۆچکردن بۆ حەبەشە. ئیسلامبوونی عومەر. مەدینە. کۆچکردن. هەڵوێستی پێغەمبەر لە جولەکە. شەڕی بەدر. شەڕی ئوحود. گەمارۆدانی مەدینە. بابەتی بوهتان (الافک). حودەیبیە. پەیوەندی لەگەڵ بیزەنتییەکان لە میسر و سووریا. فەتحی مەککە. شەڕی حونەین. گەمارۆدانی تائیف. محەمەد و شاعیران. تەبووک. حەجی مالئاوایی.

- **بیروباوەڕەکانی محەمەد:** ٦١

لایەنی لاهووتی. رۆژی دوایی. ئەرکە ئاینییەکان. حەج. جیهاد. سیستمی هاوسەرگیری. کۆیلایەتی لە ئیسلامدا. یاسای سزادان.

- **چوار خەلیفەی یەکەم:** ٧٣

لەئاین هەڵگەڕانەوەی دەوارنشینان. موسەیلەمە و سەجاح. فەتحی بەحرێن و عومان. فەتحکردنی حەزرەمەوت و یەمەن. فارس لە سایەی ساسانییەکاندا. کەوتنی حیرە. پەلامارادنی فەلەستین. شەڕی ئەجنادین. یەرموک. خیلافەتی عومەر. قادسیە. فەتحکردنی شام. فەتحکردنی جەزیرە. فەتحکردنی میسر. فەتحکردنی فارس. سیاسەتی عومەر. کۆڕانی عومەر. عوسمان و ئاشوب. عەلی لە عێراق. ژیانی نوێ لە مەدینە. شەڕی صەفین. خەواریج. کۆڕانی عەلی.

- **ئومەوییەکان:** ١٠٥
سووریا لە سایەی معاویەدا. شەڕ دژی بیزەنتییەکان. فەتحکردنی باکووری ئەفریقیا. ئیبن زوبێر لە مەککە. مەروانی یەکەم- ململانێ لەنێوان کەلبی و قەیسی. شکستی ئیبن زوبێر. جەنگی بیزەنتی. فەتحکردن لە سەردەمی وەلیددا. فەتحکردنی ئیسپانیا (ئەندەلوس). مزگەوتی ئومەوی لە دیمەشق. حەججاج لەگەڵ خەواریج و ئیبنول ئەشعەپ دەجەنگێت. دروستکردنی واست و چاکسازییەکانی حەججاج. سلێمانی کوڕی عەبدولمەلیک. عومەری کوڕی عەبدولعەزیز و چاکسازیی ناوخۆیی. چاکسازیی دارایی. یەزیدی دووەم. کۆشکەکانی ئومەوییەکان لە بیابان. خیلافەتی هیشام. شۆڕشی زەیدی کوڕی عەلی. شالاوەکانی عەرەب لە فەرەنسا. شۆڕشی بەربەر. وەلیدی دووەم. شیعر و شاعیران. مەروانی کوڕی محەمەد-هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆرییەتەکە. سەرهەڵدانی عەباسییەکان لە خوراسان. دەستگرتنیان بەسەر عێراقدا. کۆتایی ئومەوییەکان.

* **بەشی دووەم:** ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامی و پووکانەوەی ١٤٧
- **عەباسییە یەکەمەکان:** ١٤٨
ملکەچاندنی عەلەوییەکان. دروستکردنی بەغدا. کارگێڕی. شۆڕشەکان لە فارس. ئەلموقەننەع. مەهدی دژی زندیقەکان دەجەنگێت. لەنێوان مووسا و هاروونداً. ڕەشید و بەرمەکییەکان. ئەغلەبییەکان لە باکووری ئەفریقیا. شیعر لە عێراق. نەحو و فیقهی زمان. مێژوو. ململانێ لەنێوان ئەمین و مەئموون. دەوڵەتی تاهیری. ڕێنیسانسی زانستی لە سەردەمی مەئموونداً. حەدیس و فیقهـ. مشتومڕە کەلامییەکان. موعتەسیم و پاسەوانەکانی. دروستکردنی سامەڕا.
- **هەڵوەشانەوەی خیلافەت و پەیدابوونی دەوڵەتۆکەکان:** ١٧٧
موتەوەکیل و کوڕەکانی. شۆڕشی زنج لە عێراق. لەنێوان سەفاری و تاهیرییەکاندا لە ئێران. تۆڵۆنییەکان لە میسر. مزگەوتی ئیبن تۆڵۆن. سەرهەڵدانی زەیدی لە باشووری وڵاتی عەرەب. قەرامیتە. ململانێ لەسەر خیلافەت- عەبدوڵا بن ئەلموعتەز. دارایی دەوڵەت لە سەردەمی موقتەدیردا. سۆفی و سۆفیگەری. میری میران (امیر الامراء). بەنی حەمدان لە مووسڵ و حەلەب. ژیانی فیکری لە سایەی سەیف ئەلدەولەدا. بوەیهییەکان لە فارس و عێراق. ئەغلەبییەکان لە ئەفریقیا و سەقلییە. ئیدریسییەکان لە مەراکیش. فاتیمییەکان لە باکووری ئەفریقیا و میسر. ئەلحاکیم بیئەمریللا- دروزەکان. کۆتایی فاتیمییەکان.

- **فارس و تورکەکان:** ٢١٤
کۆنترین مەملەکەتە تورکەکان لە ئاسیای ناوەڕاست و ئاسیای ڕۆژهـەلات. سامانییەکان لە خوراسان. شیعری فارسی. پەیدابوونی زانستی جوگرافیا. ڕووخانی دەوڵەتی سامانی. مەحموودی غەزنەوی. فەتحکردن لە هیند. بەیروونی. فیردەوسی. سەلجووقییەکان. مەلەکشا و وەزیر نیزام ئەلمولک. غەزالی. عومەری خەیام. چیرۆک و مەقامات. کارگێڕی لە ئیمپراتۆرییەتی سەلجووقییەکاندا. حەشاشەکان. لە سایەی بەرکیارق و محەمەدی برایدا.
- **ئیسلام لە ئیسپانیا و باکووری ئەفریقیا:** ٢٢٥
ململانێ لەگەڵ مەسیحییەکان لە باکووری ئیسپانیا. مەسیحی و نەوموسڵمانەکان پشێوی دەنێنەوە. گەشانەوە لە سایەی عەبدولڕەحمانی سێیەمدا. مزگەوتی گەورەی قورتوبە. زەهرا. ژیانی فیکری لە ئەندەلوس. حەکەمی دووەم. مەنسووری حاجب. دەوڵەتی عامری بەردەوام دەبێت. ململانێ لەنێوان مەهدی و سلێمان. پاشای تایفەکان. پەرەسەندنی بزوتنەوەی ئەدەبی. پۆلبەندیکردن لە خۆشەویستیدا. بزوتنەوەی زانستی. جولەکە لە ئەندەلوس. بەربەر لە باکووری ئەفریقیا. سەنگەرداران (المرابطون). مورابیتەکان لە ئەندەلوس. یەکتاپەرستان (الموحدون). ئیبن توفەیل و ئیبن ڕوشد. لاوازیی پاش بەهێزی. بەنو ئەلئەحمەر. محیەدین بن عەرەبی. ئیبنول خەتیب و ئیبن خەلدون. ئیبن جوبەیر و ئیبن بەتوتە. کەوتنی بەنی ئەحمەر و دەرکردنی موسڵمانان لە ئیسپانیا.
- ڕۆژهەلاتی نزیک لە سەردەمی خاچپەرستان و
دروستبوونی دەوڵەتی مەمالیک لە میسر: ٢٨٢
خاچپەرستان لە سووریا. بنەماڵەی زەنگی لە مووسڵ و دیمەشق. دەوڵەتی ئەیوبی. سەلاحەدین خیلافەتی فاتیمی لەناو دەبات. حیتتین و فەتحکردنی قودس. شوێنەوارە عیمرانییەکانی سەلاحەدین. ئەیوبییەکان لە سووریا و میسر. فریدریکی دووەم لە فەلەستین. لویسی نۆیەم لە دیمیات. شەجەرەت ئەلدور. مەمالیکی دەریایی. شەڕی عەین جالوت. سەردەمی زاهیر بەیبەرس. مەمالیکی تاوەر. ژیانی فیکری لە سەردەمی مەمالیکدا. ئیبن تەیمییە. ژیانی ئابووری. هونەری تەلارسازی.
- **تورکەکان و مەغۆل: کۆتایی خیلافەت:** ٣٠٥
شاکانی خوارەزم. دەوڵەتی غۆری. لە سەردەمی ئەلناسری عەباسیدا. سەرهەڵدانی مەغۆل. جەنگیزخان چین داگیر دەکات. فەتحکردنی فارس. کۆتایی دەوڵەتی خوارەزمشایی. جێنشینەکانی جەنگیزخان. هۆلاکۆ خیلافەتی عەباسی لە بەغدا لەناو دەبات. غازان و ڕەشیدەدینی وەزیری. پێشەنگانی ئەدەبی تورکی. هەردوو شاعیری فارس: سەعدی و حافز. جەلالەدینی ڕۆمی.

* **بەشی سێیەم:** تورکە عوسمانییەکان و شارستانێتییەکەیان ۳۲۳
ریشەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و فراوانبوونی: ۳۲٤
سلێمانی سەلجووقی لە ئاسیای بچووک. جێنشینەکانی سلێمان. میرنشینەکانی غازییان لە رۆژئاوای ئەنادۆل. عوسمانییەکان. کارگێڕیی عوسمانی لە سەردەمی ئۆرخاندا. سکەلێدان. ڕێکخستنی جلوبەرگ. ڕێکخستنی سوپا. وڵاتگیرییەکانی مورادی لە بەلقان. شەڕی کۆسۆڤۆ. هەڵمەتێکی خاچپەرستیی نوێ. مەترسیی مەغۆل. لەنێوان بایەزید و تەیموور دا. جێنشینەکانی تەیموور. کێشە لەنێوان کوڕانی بایەزید. شۆڕشی بەدرەدین سیماونەیی و بورکلوجە مستەفا. مورادی دووەم و جەنگ دژی مەجەر. ژیانی فیکری و هونەریی سەردەمی مورادی. محەمەدی دووەم، فەتحکردنی قوستەنتینیە. شوێنەوارە عیمرانییەکانی، ئایاسۆفیا. مزگەوتی سوڵتان محەمەد. قوتابخانە و کتێبخانە و نەخۆشخانەکان. ملکەچاندنی وڵاتی سیرب. ئۆزون حەسەن و کۆتایی بنەماڵەی کومنینس لە تەرابزون. جەنگ لە ڤێنیسیا. ئەدەبی تورکی لە سەردەمی محەمەدی دووەمدا. ملمالانێ لەنێوان هەردوو کوڕەکەی محەمەد، جەم و بایەزید. شوێنەوارە عیمرانییەکانی بایەزید. کێشە لەنێوان سەلیم و ئەحمەد، دوو کوڕەکەی بایەزید. گرتنی سووریا. گرتنی میسر. کۆتایی سوڵتان سەلیم. سلێمانی گەورە دەست بەسەر بەلیگراد و ڕۆدسدا دەگرێت. دەستپێکردنی جەنگ لە مەجەر. جەنگ لە فارس. پەیدابوونی هێزی دەریایی عوسمانی. ئاسەوارە عیمرانییەکانی سلێمان. ملمالانێ لەنێوان کوڕانی سلێماندا.
- شارستانێتیی عوسمانییەکان لە ڕوانگەی ئیمپراتۆرییەتەکەدا: ۳٦۹
سیستمی دەرەبەگایەتی. سوپا. ئینکیشاری. کەشتیگەل. دیوان و پایەکانی دەوڵەت. یاسا و قەزا. پیاوانی ئایینی. بزاڤی زانستی. کتێبدانان لە میژوودا. زانستی جوگرافیا. ئەدەب و شیعر. ژێردەستەکان: یۆنان. جولەکە و ئەرمەن. ئەلبانی و سلاڤییەکان.
- پەیدابوونی ئیمپراتۆرییەتی فارسیی نوێ: ۳۹۵
دەوڵەتی سۆفیی ئەردەبیل. شێخ جونەید و حەیدەری کوڕی. ئیسماعیل وڵاتی فارس ملکەچ دەکات. ملکەچاندنی ئۆزبەگ لە خوراسان. ژیانی فیکریی سەردەمی ئیسماعیل. تەهماسپی کوڕی ئیسماعیل. ئیسماعیلی دووەم. سەردەمی گەشانەوەی فارس. جێنشینەکانی عەباس.
- پاشکەوتنی دەوڵەتی عوسمانی تا کۆتایی سەدەی هەژدەیەم: ٤۰٦
شکانی دەریایی تورکەکان لە لیپانتۆ. جەنگەکان دژی فارس و نەمسا، سەردەمی مورادی سێیەم.

پەیماننامەی سیتفاتۆرۆک. شۆڕشە ناوخۆییەکان. ئەمیر فەخرەدین. جەنگ دژی ڤینیسیا. کۆپرولو ئیمپراتۆرییەت ڕێک دەخاتەوە. کرێت دەکەوێتە دەست عوسمانییەکان. جەنگ دژی پۆڵەندە. شکستی تورکەکان لە ڤیەننا و دەرکردنیان لە مەجەر. ڕێکەوتنامەی ئاشتیی کارلوویتز. پوتروسی مەزن و شارلی دوازدەیەم. ڕێکەوتنامەی ئاشتیی پاسارۆویتز. دەوڵەتی ئەفغان لە فارس. فارس لە سایەی نادر شادا. جەنگە ڕووسی و تورکییەکان. ژیانی عەقڵی لەم سەردەمەدا.

* **بەشی چوارەم:** ئیسلام لە سەدەی نۆزدەیەمدا ٤٢٧

- **ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و میسر**.....٤٢٨

ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و میسر. سەردەمی «تەنزیمات». شۆڕش لە وڵاتی سیرب و یۆنان. مەحموودی دووەم ئینکیشاری لەناو دەبات. محەمەد عەلی والیی میسر. ئیبراهیم سووریا دەگرێت. بزوتنەوەی وەهابی لە نیشتمانی عەرەب. سوڵتان محەمەد عەلی بۆ شەڕکردنی وەهابییەکان ڕادەسپێرێت. بەڕێوەبردنی وەهابی لە سەردەمی سعوودیدا. ئیبراهیم وەهابییەکان ملکەچ دەکات. ڕێکخستنەوەی سوپاکانی عوسمانی. شکانی تورکەکان لە نسێبین. عەبدولمەجیدی یەکەم «خەتی شەریف» دەردەکات. هاوپەیمانیی چوارقۆڵی و دەرچوونی ئیبراهیم لە سووریا. ڕێکخستنەوەی سووریا: مارۆنی دروزییەکان. پرسی شوێنە پیرۆزە مەسیحییەکان. جەنگی کریمیا (قرم). هەوڵێکیدی لەپێناو چاکسازیدا. پەیماننامەی پاریس. ئاشوبەکەی ساڵی ١٨٦٠ لە لوبنان و سووریا. سوڵتان عەبدولعەزیز. پەیدابوونی دەوڵەتی ڕۆمانیا. نۆکەندی سوێس. میسر لە سایەی خدێوی ئیسماعیلدا. ڕێنیسانسی میسر لە سەردەمی ئیسماعیلدا. شکستی هەڵمەت بۆ سەر حەبەشە. کۆتایی خدێوی ئیسماعیل. بابی عالیش مایەپووچبوون ڕادەگەیەنێت. شۆڕش لە هێرسک و بولگاریا. میدحەت مورادی پێنجەم دەخاتە سەر تەخت. عەبدولحەمیدی دووەم و یەکەمین دەستووری عوسمانی. جەنگی ڕووسی و تورکی لە بەلقان: کۆنگرەی بەرلین. تاکڕەویی حەمیدی. شۆڕشی عەڕابی و داگیرکردنی میسر لەلایەن ئینگلیزەوە. هێڵی شەمەندەفەری بەغدا و حیجاز. ئەرمەن و کوردەکان. جەنگ لەگەڵ یۆنان. شۆڕش لە مەکدۆنیا. تورکیای لاو. کشان بەرەو ئیستانبوڵ و زیندووکردنەوەی دەستوور. داماڵینی عەبدولحەمید. ئیتاڵیا دەست بەسەر تەرابلوسدا دەگرێت. دەوڵەتانی بەلقان جەنگ دژی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی ڕادەگەیەنن. سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتی (ناسیونالیزم) لە تورکیا. ڕێنیسانسی ئافرەتان لە تورکیا. تورکیا لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا.

- ژیانی عەقڵی لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و میسر لە سەدەی نۆزدەیەمدا: ٤٨٢
ڕێنیسانسی میدیایی و فێرکاری. ئیبراهیم شناسی. نامیق کەمال. عەبدولحەق حامید. ئەدەبی تورکی ڕووەکاتە گەل. هەوڵدان بۆ پاڵفتەکردنی زمانی تورکی. خالید زیا بناغەی ڕۆمانی تورکیی نوێ دادەنێت. ناسیونالیزمی تورکیی نوێ و کاریگەری لەسەر ئەدەب. ژیانی ئەدەبی لە سوریا و میسر. بزوتنەوەی نوێکردنەوەی ئایینی: جەمالەدینی ئەفغانی. محەمەد عەبدە.
- باکووری ئەفریقیا: ٤٩١
فەرەنسییەکان جەزائیر داگیر دەکەن. ئەمیر عەبدولقادر جیهاد ڕادەگەیەنێت. چارەنووسی عەبدولقادر. لالا فاتیمە دژی فەرەنسییەکان دەجەنگێت. سی سلێمانیش شۆڕش دژی فەرەنسییەکان ڕادەگەیەنێت. دواین بزوتنەوەکانی ڕزگاریخوازی لە جەزائیر. فەرەنسییەکان تونسیش داگیر دەکەن. خانەدانانی عەلەویی مەراکیش. سیستمی کارگێڕی لە مەراکیش. سوپا. سوڵتان حەسەن و عەبدولعەزیزی کوڕی. کۆنگرەی دورگەی سەوز. عەبدولکەریم قارەمانی ئازادیی مەراکیش.
- سوودان: ٥٠٥
سوودان باوەڕ بە ئیسلام دێنێت. مەهدی محەمەد کوڕی عەبدوڵا. ململانێ لەنێوان مەهدی و حکومەتی میسریدا. گۆردن هەوڵ دەدات حوکمی بەریتانی میسری لە سوودان بچەسپێنێت. خەلیفە عەبدوڵا. جەنگەکانی لە حەبەشە. خەلیفە پەلاماری میسر دەدات. کێچنەر ئیمپراتۆرییەتی مەهدی لەناو دەبات. محەمەد کوڕی عەبدوڵا ئەلحەسەن مەهدیی سۆمال. بزوتنەوەی سنووسی. ڕەباح و فراوانبوونی ئیمپراتۆرییەتی فەرەنسی لە ئەفریقیا.
- فارس و ئەفغانستان: ٥١٧
ئاغا محەمەدی قاجاری دەست بەسەر فارسدا دەگرێت. فەتح عەلی و ناپلیۆن. جەنگ دژی ڕووسیا. ملکەچاندنی خوراسان. هەوڵدان بۆ ملکەچاندنی ئەفغانستانیش. ژیان لە کۆشکی فەتح عەلی. محەمەد شا لە ئەفغانستان لەگەڵ بەریتانییەکان تێکدەگیرێت. ناسرەدین شا و تەقی خانی وەزیری بزوتنەوەی «باب»ی ئایینی. ململانێ لەنێوان «باب» و حکومەتی شادا. بەهائوڵا. کشانی ڕووسیا لە ئاسیای ناوەڕاست. بەریتانییەکان لە ئەفغانستان. هەوڵەکانی چاکسازی لە فارس. ناکۆکیی شا و جەمالەدینی ئەفغانی. کوژرانی ناسرەدین شا. شۆرزبوونی دۆخی دارایی لە سەردەمی موزەفەرەدیندا. شۆڕش و ژیانی پەرلەمانی. ململانێ لەنێوا شا محەمەد عەلی و ئەنجوومەندا. ڕووسیا و بەریتانیا لە فارس هەژموون بەش دەکەن. سەرلەنوێ هەڵگیرسانی شۆڕش و دامالینی شا. شوستەری ئەمەریکی هەوڵ دەدات چاکسازییەکی دارایی بکات. باکووری وڵاتی فارس لەدەستی ڕووسدا. فارس لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا.

* **بەشی پێنجەم**: دەوڵەتانی ئیسلامی دوای جەنگی جیهانیی یەکەم ٥٣٩
- **تورکیا**: ٥٤٠
ئاگربەستی مودروس. یەکەمین هەوڵەکانی رزگارکردن. مستەفا کەمال سەرکردایەتیی بزوتنەوەی نیشتمانی لە ئەنادۆل دەکات. هەڵبژاردنی مستەفا کەمال بەسەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانیی گەورە. پەیماننامەی سیڤەر. شەڕی مەقارییە. پەیماننامەکان لەگەڵ فەرەنسا و رووسیای سۆڤێتی. دەرکردنی یۆنان لە ئیزمیر. پەیماننامەی لۆزان. راگەیاندنی کۆمار و هەڵوەشاندنەوەی خیلافەت. شۆڕشی کوردی. کودەتای ئاینی و کۆمەڵایەتی. گۆڕینی پیتی عەرەبی بە پیتی لاتینی. ناسیونالیزمی تورکیی نوێ و ئاراستە توندڕەوەکانی. هونەر و ئەدەبیات. سیاسەتی ناوخۆ. سیاسەتی دەرەکی. مردنی ئەتاتورک.
- **میسر**: ٥٥٨
لە سایەی کرۆمەردا. لەنێوان عەباس حیلمی و ئینگلیزدا. مستەفا کامیل و حزبی نیشتمانی. رووداوەکەی دینشەوەی. کێچنەر جێگەی گۆرست دەگرێتەوە. راگەیاندنی پاراستنی بەریتانیا لەسەر میسر. سوڵتان فوئاد جێگەی حسێن کامل دەگرێتەوە. سەعد زەغلول و شۆڕشی میسری. پرۆژەی میلنەر. عەدلی یەکن دانوستان لەگەڵ بەریتانیا دەکات. فوئاد نازناوی «پاشای میسر» وەردەگرێت. دانوستانەکانی سەعد-ماکدۆنالد. کوژرانی سەردار لی ستاک. ململانێ لەنێوان پاشا و سەعد زەغلوولدا. مردنی سەعد: کاریگەری لە رێنیسانسی میسردا. مستەفا نەحاس جێگەی سەعد دەگرێتەوە. دانوستانی محەمەد مەحموود بۆ بەستنی پەیماننامەی ئاشتی لەگەڵ بەریتانیا. وەفد دەگەڕێتەوە دەسەڵات. پەیماننامەی ساڵی ١٩٣٦. لێکترازانی وەفد و پەیدابوونی «دەستەی سەعدی».
- **نیمچە دورگەی عەرەب**: ٥٨٠
شەریف حسێن- ئال سعوود و ئال رەشید. ئەحمەد ئیدریسی لە عەسیر. ململانێ لەنێوان ئیمام یەحیا و تورکەکاندا. نامەگۆڕینەوە لەنێوان شەریف و ماکماهۆن و رێکەوتنامەی سایکس پیکۆ. شۆڕشی عەرەبی. بەریتانیا پشت دەکاتە حسێن و ئیبن سعوودیش دەست بەسەر حیجازدا دەگرێت. عەبدولعەزیز وەک پاشای نەجد و حیجاز تاج لەسەر دەنێت. کێشە لەنێوان ئیبن سعوود و ئیمام یەحیادا. سیاسەتی ناوخۆیی ئیبن سعوود.
- **سووریا و فەلەستین و رۆژهەڵاتی ئوردن و عێراق**: ٥٩١
هۆشیاریی نەتەوەیی و کۆمەڵە عەرەبییە نهێنییەکان. هاوپەیمانان عەرەب بێئومێد دەکەن. هەڵبژاردنی فەیسەڵ بەپاشای سووریا. سووریا لەژێر ئینتیدابی فەرەنسیدا. شۆڕشی سووری.

خەبات لەپێناو سەربەخۆیی. کێشەی فەلەستین. پرسی ڕۆژهەڵاتی ئوردن. هێزە بەریتانیی هیندییەکان عێراق داگیر دەکەن. ریفراندۆمی جەماوەریی وێڵسن. بزوتنەوەی نیشتمانی دەگاتە لوتکە. شۆڕشی عێراق. لە سایەی فەیسەڵدا. پەیماننامەی نێوان عێراق و بەریتانیا. ئاشوبی ئاشووریيەکان. شا غازیی یەکەم. ژیانی عەقڵی لە عێراق.

- فارس (ئێران) و ئەفغانستان: ٦١٧

ڕووس و بەریتانییەکان لە فارس دوای جەنگی جیهانی. ڕەزا خان هەڵدەکوتێتە سەر تاران. شەڕ دژی شۆڕشگێڕان. قەیرانێکی دەستووری. دامالینی شا ئەحمەد. ڕەزا پەهلەوی دەکرێتە شای ئێران. چاکسازیی دارایی. ئەفغانستان لە سەردەمی نوێدا.

*** خشتەی ڕووداوە مێژووییەکان** ٦٢٧

پێشەکیی وەرگێر

زانیاری وەک ئاوی سوێر وایە، تا لێی بخۆیتەوە زیاتر تینووت دەبێت. مرۆڤ حەز دەکات هەموو شت لە هەموو شتێک بزانێت، بەڵام سنووردارییە تەمەن و توانا و زانیارییەکان ناچاری دەکەن بەوە رازی بێت لە هەموو یان لانیکەم لە زۆربەی شتەکان شتێک بزانێت و لە شتێکیش زۆر شت –نەک هەموو شت وەک دەوترێت–بزانێت. واتە چەندە بەئاسۆیی زانیارییەکانمان فراوان بکەین، ئەوا دەبێت هێندە دەستبەرداری قوونڵی و وردەکارییە وردەکانی شتەکان بین.

ئەم کتێبەی رۆژهەڵاتناسی ناودار کارڵ بڕۆکلمان بەناونیشانی (مێژووی گەلانی موسڵمان)، لە دووتوێی –ئەگەر کۆپییە عەرەبییەکە بکەینە پێوەر- نزیکەی 800 لاپەڕەدا مێژووی گەلانی موسڵمانی لە ماوەی نزیکەی 1400 ساڵدا رووماڵ کردوە، کە لە کورتەیەکی مێژووی عەرەب پێش ئیسلامەوە دەست پێدەکات، ئەنجا سەرهەڵدانی ئیسلام و سەردەمی پێغەمبەر خۆی و رێنمایی و هەزرە سەرەکییەکانی پەیامەکەی و چالاکییە سیاسی و سەربازییەکانی تا مردنی، ئەنجا سەردەمی چوار خەلیفەی راشیدین و دەسپێکردنی پرۆسەی وڵاتگیری (فتوحات)ی ئیسلامی، پاشان سەردەمی ئومەوی و عەباسییەکان و ئەو سەڵتەنەت و دەوڵەتانەی لە ناوچە جیاجیاکان دامەزراون (سەلجووقی، بووەیهی، ئەیوبی، مەمالیک، مورابیتین، موەحیدین، مەغۆل..)، تا دەگاتە سەرهەڵدانی دەوڵەتی عوسمانی و سەرکێشی و وڵاتگیری و جەنگ و فراوانخوازییەکانی و سەرەنجام هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتەکە و بەشبەشکردنی ئیمپرتۆریەتەکەی و سەرهەڵدانی چەندین دەوڵەت لە ناوچەکە و مێژووی ئەو دەوڵەتانە، تا دەگاتە کۆتایی سییەکانی سەدەی بیستەم.

دیارە نەک ئەو مێژووە فراوانە، بگرە رووماڵکردنی مێژووی هەریەک لەو دەوڵەت و نەتەوە و شارستانێتی و قۆناغە مێژووییانە و هەر لایەنێک لە لایەنەکانی ژیانیان، دەیان و سەدان لێکۆڵینەوەی پێویستە، لەبەرئەوە ئاساییە کە دانەر لەو مێژووە بەرفراوانەدا تەنیا رووداوە سەرەکی و گشتییەکان بخاتە روو، چونکە ئەو مەودا بەرفراوانەی گرتوییەتییە بەر هەر ئەوەندە دەرفەتی دەداتێ، لەگەڵ ئەوەیشدا پاش خوێندنەوەی کتێبەکە مرۆڤ هەست دەکات وێنەیەکی گشتی و دەوڵەمەندی سەبارەت بە مێژووی گەلان و شارستانێتیی ئیسلامی بەدرێژایی چواردە سەدە لەلا گەڵاڵە بووە.

دیارە کتێبەکە بەزمانی ئەڵمانی نووسراوە و بۆ سەر چەندین زمان تەرجەمە کراوە، لەوانە عەرەبی و ئینگلیزی، کە ئێمە لەم وەرگێڕانەدا پشتمان بە وەرگێڕانە عەرەبییەکە بەستوە، هاوکات لەکاتی وەرگێڕاندا تا رادەیەکی زۆر لەگەڵ دەقە ئینگلیزییەکەیشدا بەراوردمان کردوە، بەتایبەت لەو شوێنانەی هەستمان کردبێت لەوانەیە وەرگێڕی عەرەب تێیدا لایەنگیری بکات و وەرگێڕانەکە بەجۆرێک لە جۆرەکان دەستکاری بکات، هەروەها بۆ ساغکردنەوەی ناوی شوێن و کەس و رووداوەکان، کە زۆر جار لەبەر نەبوونی پیتەکانی وەک (پ، ڤ، ل، چ، ژ، ڤ) لە زمانی عەرەبیدا لەگەڵ ناوە ئەسڵییەکەیان گۆڕان رووەدات، هەربۆیە ئێمە زۆر جار پشتمان بە سیغە ئینگلیزییەکان بەستوە بەتایبەت ناوی کەس و شوێن و رووداوەکانی دەرەوەی دنیای عەرەبی و ئیسلامی، بۆ دڵنیاییش ناوەکانمان بە سیغە ئینگلیزییەکەی لەتەنیشتیان نووسیوە.

بەڵام بەگشتی دەقە عەرەبی و ئینگلیزییەکە لە کرۆکدا وەک یەکن، تەنیا لە شێوازی داڕشتنیاندا جیاوازن، کە ئەوەیش شتێکی سروشتییە و ئێمەیش لەوەدا سوودمان لە هەردووکیان وەرگرتوە.

خاڵێکیتر کە شایانی ئاماژە پێدانە لێرەدا ئەوەیە، ئەم کتێبە رۆژهەلاتناسێک نووسیویەتی، بە باکگراوندێکی خۆرئاواییانەی تایبەتەوە، لەبەرئەوە لەو هەڵوێستانەدا کە جیهانبینیی مرۆڤ تێیاندا جێکەوتی هەیە، ئەو باکگراوندە زۆر تا کەم رەنگ دەداتەوە، لێرەوەیە، تێڕوانینی ئەو بۆ پێغەمبەر و بیرکردنەوە و رێوڕەسم و عیبادەتە ئایینییەکان و زۆر چەمکیتری ئایینی جیاوازە لە هی کەسێک کە باکگراوندێکی ئایینی ئیسلامی هەبێت، ئەوەیش شتێکی ئاسایی و مافێکی سروشتیی خۆیەتی. وادیارە هەردوو وەرگێڕی عەرەب (مونیر بەعلەبەکی و نەبیە فارس ئەمین)، مێژوونووس (د.عومەر فەروخ)یان راسپاردوە لەڕووی مێژوویییەوە بەو خاڵانەدا بچێتەوە و بۆچوونی جێمتمانە لە ناوەندە ئیسلامییەکە لەبارەیانەوە بخاتە روو، بەڵام من لە وەرگێڕانەکەدا ئەو سەرنجانەی د.فەروخم نەگواستەوە، لەلایەک لەبەرئەوەی ژمارەیان کەمە، لەلایەکیتریشەوە ئەو جیاوازییەم بە شتێکی سروشتی زانی کە هەم ماف و تایبەتمەندیی نووسەرە، هەمیش مافی خوێنەر خۆیەتی بەبیری خۆی دەقەکان بخوێنێتەوە و هەڵیانبسەنگێنێت. ئێمە نە پشتگیری لە بۆچوونی نووسەر دەکەین و نە رێگەیش بۆ رەتکردنەوەی خۆش دەکەین.

هەردوو وەرگێڕی عەرەبی لە هەندێ شوێن بۆ زیادە رووڕکردنەوەی زانیارییەک نەک بۆ هەڵسەنگاندن، لەنێوان دوو کەوانەی لەم شێوەیەدا [...] هەندێ شتیان زیاد کردوە، کە ئێمەیش ئەوانەی بەپێویستمان زانیبن وەک خۆیان لەنێوان ئەو دوو کەوانەیەدا هێناوە. لەوە بەدەر هیچ زیادە و رووڕکردنەوەیەکی شایانی باسمان نەکردوە، لە یەک دوو شوێن نەبێت بەناوی (وەرگێڕی کوردی) پەراوێزمان نووسیوە.

ماوەتەوە ئاماژە بەو راستییەیش بکەم کە ئەم کتێبە زانیاریی زۆری لەبارەی کوردەوە تێدایە، بەتایبەت لە باسی مەزنیی دەوڵەتی ئەیوبی و شەخسی سەلاحەدین ئەیوبی و بوونی گەڕەکی تایبەت بەکوردەکان لە قاهیرە، باسی رۆڵی کورد لە دەوڵەتی عوسمانی و متمانەی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بەکورد و بەئازایەتییان، بەشداریان لە لەشکری کەمال ئەتاتورکدا لەکاتی شەڕی سەربەخۆیی و پاشتر راپەڕینی کورد بەرابەرایەتی شێخ سەعیدی پیران دژی دەوڵەتەکەی ئەتاتورک. هەروەها لە باسی ویلایەتی مووسڵدا کە بە (کوردستانی باشوور) ناوی دەبات و دەڵێت زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن. هەروەها باسی رازینەبوونی کوردەکان دەکات بەوەی لەژێر سایەی حوکمکێکی عەرەبیدا بژین لە عێراق لەکاتی کێشەی ویلایەتی مووسڵ لە بیستەکانی سەدەی رابردوودا، کە هەر دەڵێت باسی ئەم رۆژانە دەکات، کە کورد –زۆرینەکەی جارانی ویلایەتی مووسڵ- لە 25ی سێپتەمبەری 2017 ریفراندۆمی بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە عێراقی عەرەبی ئەنجام دا و وێڕای دەنگدانی پتر لە 90% بەبەڵێ بۆ سەربەخۆیی، وەک هەمیشە بە گەلەکۆمەکیی هەرێمی و بێدەنگیی دۆستانی کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بەتایبەت ئەمەریکا، خەونەکەی لەبار برا، بگرە عێراق بەسوودوەرگرتن لەو پاڵپشتییە هەرێمی و نێودەوڵەتییە زیندو بووەتەوە و چاوی لەوەیە تەنانەت دەست بەسەر سێ پارێزگاکەی هەرێمیشدا بگرێتەوە، کە لە ساڵی 1991ەوە سەربەخۆیە.

بەهیوای ئەوەی ئەم کارە جێگەی شیاوی خۆی بگرێت، کە لە سەروەختێکدا بە وەرگێڕانیەوە خەریک بووم کوردستان بەدۆخێکی ئابووریی و سیاسی و تەنانەت ئەمنیی نالەبارەدا تێدەپەڕی و مرۆڤ دڵ و دەروونی زوو زوو دەگیرا، بەتایبەت لە چارەکی کۆتایی کارەکەدا کە هاوکات بوو لەگەڵ ئەنجامدانی ریفراندۆمەکە و پاشتر لەشکرکێشیی عێراق و گرتنەوەی ناوچە جێناکۆکەکانی کوردستان لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017 و رۆژانی دواتر، کە ئەو ناوچانە لە حوزەیرانی 2014وە پاش کشانەوەی سوپای عێراق لەبەردەم شالاوی داعشدا، پێشمەرگە تێیاندا نیشتەجێ بوو بەنیاز نەبوو بکشێتەوە. هەندێ رۆژ خەڵک لە هەولێر و دهۆکیش مەترسییان هەبوو سوپای عێراق و حەشد پێشرەوی بکەن و بێنە ژووروەوە، بەتایبەت پاش ئاوارەبوونی دەیان هەزار کورد لە کەرکوک و ناوچەی دورزخورماتوو پاش رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر.

بەهیوای ئایندەیەکی رووناکتر بۆ کورد و کوردستان.

وەرگێڕ

2017/11/4 هەولێر/ کوردستان

لە پێشەکیی چاپە ئەڵمانییەکەوە

هێشتا نووسینی مێژوویەک بۆ گەلان و دەوڵەتانی ئیسلامی لە سەرەتای پەیدابوونیانەوە تا ئەمڕۆ، هەوڵدانێکی مەترسیدارە، چونکە سەرچاوەکانی ئەم جۆرە مێژووە هێشتا بەردەست نین و نەخراونەتە ژێر شیکردنەوەی رەخنەیی و یەک کەس بەتەنیا ناوێرێت شان بداتە ژێر ئەو ئەرکە. لەگەڵ ئەوەیشدا پێدەچێت کارێکی باش بێت وێنەیەکی گشتی لەمەڕ چارەنووسی موسڵمانان، کە ئەمڕۆ لە هەرکات زیاتر لەگەڵ رووداوەکانی جیهاندا بەگشتی تێک ئاڵاوە، پێشکەش بەوانە بکرێت کە بایەخ بە پرسە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان دەدەن، کارێکی لەو جۆرەیش –چار ناچارە- لە کتێبە سەرچاوەکان و مێژووە گشتییەکانی جیهاندا، هەر بە شێوەی پچڕپچڕ و ناتەواو دەخرێتە روو.

هەوڵم داوە جگە لە مێژووە سیاسییەکە، بەو ئەندازەیەی سنووری بەرتەسکی ئەم کارە بوار بدات، پوختەیەک لەبارەی ژیانی کەلتووری و هزریش پێشکەش بە خوێنەران بکەم.

دیارە نەخشە بەراییەکانی ئەم کتێبە بێنیازمان ناکەن لە ئەتڵەسێکی مێژوویی بۆ مێژووی ئیسلامی، کە هێشتا پێویستمان پێیەتی. مەبەستیشمان لەوە تەنیا ئەوەیە، هێڵە سەرەکییەکانی ئەو ناوچەیە پیشانی خوێنەر بدەین کە ئەو مێژووە تێیدا دەرکەوتوە و گەشەی کردوە. بیبلۆگرافیاکە تەنیا سەرچاوە هەرە گرنگە نوێیەکانمان هێناون. بەڵام لێرە و لەوێ لە پەراوێزەکاندا بەڕاستەوخۆ ئاماژەمان بۆ هەندێ توێژینەوەی تاک تاک کردوە. وابزانم پێویستیش ناکات ئەوە بە هاوڕێ پسپۆڕەکانم بڵێم کە پێویستە چاوەڕوانی ئەوە نەکەن ئەم کتێبە بیبلۆگرافیایەکی گشتگیری مێژووی ئیسلامی بێت. هەرچۆن بێت، بەئاسانی دەتوانن بزانن کێن ئەو زانیانەی من زۆر قەرزاریانم. لەگەڵ ئەوەیشدا پێم باشە چاوپۆشی نەکەم لە ئاماژەدان بە کارەکانی هەریەک لە ج. ویڵهاوسن J. Wellhausen ، ل. کیتانی L. Caetani ، سەبارەت بە مێژووی عەرەب، هەروەها کارەکانی و. بارتۆلد W, Barthold و ف. مینۆرسکی V. Minorsky سەبارەت بە ئاسیای ناوەڕاست و کارەکانی پ. ویتک P. Wittek سەبارەت بە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی.

کارل بڕۆکلمان

بەشی یەکەم

عەرەب و ئیمپراتۆرییەتی عەرەبی

نیشتمانی عەرەب پێش ئیسلام

نیشتمانی عەرەب، یان وەک دانیشتوانەکەی خۆیان پێی دەڵێن "دورگەی عەرەب"، پێکهاتەیەکی جیۆلۆجیی بەرایی لە باشووری رۆژئاوای ئاسیا، رووبەرەکەی دەگاتە نزیکەی یەک ملیۆن میلی چوارگەشە. لە چاخی جوراسییەوە ئۆقیانوسی قووڵی هیندی و کەنداوی فارسی، لە هیند و فارسیان جیا کردبوویەوە، کە -ئەم دوانەی دووایی- پێکهاتە شاخاوییەکانیان هێشتا لە ناوچە کەناریەکانی عوماندا دیارە. لە زەمەنی سێیەمدا نیشتمانی عەرەب بەدەرکەوتنی لەناکاوی دەریای سوور لە باکووری ئەفریقیا جیا بوویەوە، کە زنجیرە چیاکانی (سارات)ی خۆرئاوایی بەرز کردەوە، تێیدا چیای شوعەیب پێغەمبەر، کە دەکەوێتە خۆرئاوای شاری سەنعای پایتەختی یەمەن، لە باشوور، دەگاتە زیاتر لە ۱۲.۳۰۰ پێ. لەبەردەم ئەم زنجیرە چیایەدا دەشتاییە کەناریەکانی تیهامە بەدرێژایی نزیکەی سی میل دەکشێن، بەشی باکووری لەگەڵ مەملەکەتە شاخاوییەکان بە حیجاز ناسراوە. ئەو زنجیرە چیایانەی دەوری کەناریان داوە بەشێکی گرکان هێڵی یەکتربڕی تێدا دروست کردوون کە ئێستا لە هەندێ لایدا دیارن، ئەو هێشووە گرکانییانە ئەو چینە زەوییانەیان پێکهێناوە کە ئەمڕۆ بە ئەلحەڕە Harrah ناسراوە. ئەو زنجیرەیە دوو لکی هەیە بەرەو رۆژهەڵات رێگە دەگرنەبەر و دەچنە ناو ئەو دەشتاییانەی دەکەونە باکووری شاری مەدینە، ئەوانیش هەردوو چیای (ئاجا و سەلما)ن و ئەمڕۆ بە چیای شەممەر ناسراون. لەڕاستیدا ئەو دوو چیایە بیابانی شام (سووریا) دەبڕن، کە -ئەم بیابانە- تا زۆنگاوەکانی دیجلە و فورات لە رۆژهەڵات و بەرزاییە کلسیی سووری_فەلەستینی لە رۆژئاوا، درێژ دەبێتەوە. هەروەها لقی ئەم بیابانە باشووریی دەبڕن لە نوفود، لە بەرزاییەکانی ناوەڕاستی نەجد، کە بەرزاییەکی بیابانیی گەورەیە و لە بەردی بەرایی رووپۆشکراو بە بەردی لمین پێکدێت و بۆ کەنداوی فارسی لە رۆژهەڵات شۆڕ دەبێتەوە. ئەوەی نەجد لە زنجیرە چیاکانی عومان کە دەکەوێتە کەناری باشووری رۆژهەڵات، جیا دەکاتەوە، بیابانێکی لمینە پێی دەوترێت ئەلروبع ئەلخالی (بەمانای چارەکی بەتاڵ)، کە بۆ یەکەم جار بێرترام تۆماس Bertram Thomas لە شوباتی ۱۹۳۰ بڕی، دوای ئەویش سەینت جۆن فیلبی John Philby لە کانوونی دووەم و ئاداری ۱۹۳۲ بڕی. ئەم چۆڵەوانییە تەنیا ژمارەیەکی کەم دۆڵی ئاوداری تێدایە، گرنگترینیان دۆڵی سیرحان لە باکوور، دۆڵی رومەمە و دۆڵی دەواسیر لە باشوورن، کە ئەمەی دوایی گرنگترینیانە. لە وەرزی بارانبارینداً دۆڵەکان پڕ دەبن لە ئاو کە لەوانەیە کۆببنەوە و ببنە روویارێک، پاشان بەزۆری وشک دەکەن پاش ئەوەی لانیکەم هەندێ لەو ناوچانەی ئاویان داون، بەپێت دەکەن. لەوانەیشە هەندێ جار (وەک لە تیما و

خەبەر لە کەناری ناوچە گەرمەکان لە باکووری خۆرئاوا دەبینین) چەند گۆمێکی ژێرزەوی پەیدا بن، کە پاشتر بیری قوولیان لێ دروست دەبێت و یارمەتیی چاندنی دارخورما دەدەن. فیلبی لە مێرگی ئەفلاج Aflaj گۆم (دەریاچە)یەکی دۆزیەوە پانییەکەی چوارسەد مەتر و درێژییەکەی هەزار و دووسەد و پەنجا مەتر بوو. بەڵام ئەم تەنە ئاوییانە لەوانەیە هەندێ جار زیانبەخش بن. رەنگە ناوچەی یەمامە لە باشووری نەجد، کە لە سەردەمی پێغەمبەر محەمەددا هێشتا گەشاوە بوو، بەهۆی کارەساتێکی لافاوەوە وێران بووبێت.

تەنیا ناوچەکانی باشوور کە با وەرزییەکان بارانەکانیان لەسەر دامێنی زنجیرە چیاکاندا بەتاڵ دەکەنەوە، دەکرێت بەکەڵکی کشتوکاڵێکی بەسوود، یان باخدارییەکی سەرکەوتوو بێن لەڕێی دابینکردنی ئاو و بەباشی بەکارهێنانیەوە. هەرچی بیابانەکانی باکوورن، جگە لە مێرگەکان، شتێکی ئەوتۆ و شایانی باس لە هۆی ژیان پێشکەش بە رەوەندەکان (البدو) ناکەن، کە مااڵتەکانیان لەو لەوەڕگایانەدا دەلەوەڕێنن کە پاش بارانبارین سەوز دەبێت. ئاستەمە بتوانین بڕیار بدەین کە ئاخۆ راستە، وەک هەندێ کەس ئەنجامگیرییان کردوە، ئاوهەوای نیشتمانی عەرەب لە مێژوودا فێنکتر بووە و بەتێپەڕینی رۆژگار وردە وردە وشک بووە، یان نا.

نەژادی عەرەبی

عەرەبەکانی دانیشتوانی نیمچە دورگە نوێنەرانی راستەقینەی ئەوانەن ئویگن فیشەر Eugen Fisher بە رەگەزی رۆژهەاڵتی ناوی بردوون، کە بەسەری درێژکۆلە، روومەتی تەسک، لوتی چەماوە و دەرپەڕینی زۆری پشتەسەر، هەروەها بە قیافەیەکی مامناوەند و هەمیشە لاواز دەناسرێتەوە. جۆرێکە لە رەگەزی دەریای ناوەڕاست کە لە باکووری ئەفریقیا باوە. عەرەب لە باکوور، لەگەڵ رەگەزی ناسراو بە رەگەزی رۆژهەاڵتی نزیک تێکەڵ بووە کە سەروەختێک لە ئاسیای بچووک و رۆژئاوای بەرزاییەکانی ئێران باو بووە، کە بەپاکترین شێوەی لەنێو ئەرمەنەکانی سەردەمدا پارێزراوە کە بە زۆر لێژیی پشتسەر و لوتی گەورە و کەوانەیی دەناسرێنەوە. وەک دیارە، دەبێت ئەم رەگەزە لە سەروەختێکدا بە ئاراستەی باشوور بەاڵو بووبێتەوە، چونکە لە کۆنەوە تایبەتمەندییە دیارەکانیمان لای عەرەبە یەمەنییەکان دیوە. لە سەرەتای هەزارەی سێیەمی پێش زایینەوە گرووپی گەاڵنی دورگەی عەرەبی لە ماوەی قات و قڕیی سەختدا کەوتونەتە کۆچکردن بەرەو باکوور. وەک بابلییەکان دەگەنە (عێراق) و کەلتووری سۆمەرییەکان وەردەگرن، وەک کەنعانی و جولەکە و ئارامییەکان لە سووریا و فەلەستین دادەبەزن و لەگەڵ فینیقییەکاندا

کەلتووری رەگەزی ناسراو بە رەگەزی ڕۆژهەڵاتی نزیک وەردەگرن، ئەو رەگەزەی هەندێ لە سیفەتە جەستەییەکانیشی بەمیرات بۆ بەجێهێشتوون. هەرچی زمانەکەیانە، کە بەهۆیەوە پێیان دەڵێین سامییەکان، پارێزگاری لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی کردوە کە -سەرەڕای ئەو گۆڕانە گەورەیەی بەسەریدا هاتووە- پەیوەندیەکی تۆندوتۆڵی بەعەرەبییەوە هەیە.

شارستانێتیی نیشتمانی عەرەب لە باشوور

لە باشووری نیشتمانی عەرەب، کە ئاوهەوا بۆ کشتوکاڵ لەبارتر بوو، لە هەزارەی دووەمی پێش زاینەوە شارستانێتییەکی پێشکەوتوو گەشەی سەند کە لەسەر کشتوکاڵ و بازرگانی دامەزرابوو. لەڕاستیدا ئەو بەنداوانەی بۆ ئەمبارکردنی ئاو و بەکارهێنانی دروست کرابوون، هەروەها شارە مەحکەمەکان و ئەو کۆشک و پەرستگایانەی لەو ناوچانەدا بنیات نراون، هێشتا تائەمڕۆیش شایەتن لەسەر ئاستی پێشەسازیی پێشکەوتووی بنیاتنەرانیان و رادەی دینداری و مەیلی کۆمەڵایەتییان. لەو نووسینانەی بەجێیان هێشتوون، تێدەگەین ژیانی هزرییان لە دانانی کۆمەڵە یاسایەک بۆ بەوردی ڕێکخستنی کاروباری خاوەندارێتی تێنەپەڕیوە. بەهاتنی هەزاری دووەمی پێش زاین، مەعینییەکان، کە یەکێک بوون لە هۆزە عەرەبەکانی باشوور، کۆڵۆنییە بازرگانییەکانیان بەئاراستەی باکوور فراوان کرد. دوای ئەوان سەبەئییەکان مەملەکەتێکیان دامەزراند کە پشتی بە بنەماڵە ئەریستۆکراتە دەسترۆیشتووەکان دەبەست، بەوەیش بوونە ڕێگر لەبەردەم دروستبوونی هەر دەوڵەتێکی مەرکەزیی بەهێزدا. دوای ئەوان حەمیرییەکان هاتن، کە سەرچاوەی سەرەکیی گەشانەوەیان لەدەست دا کاتێک بەشێک لە بازرگانییە هیندییەکەیان لە سەردەمی هیلینیدا گوێزرایەوە بۆ میسر، ئەگەرچی لە ساڵی ٢٤ پ.ز-دا هێشتا دەیانتوانی لە ملکەچکردن بۆ هەژموونی سیاسیی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی ڕزگاریان ببێت پاش ئەوەی هەوڵەکەی ئیلیوس جالوس بۆ ملکەچاندنیان بۆ دەسەڵاتی ئیمپراتۆر ئۆگستوس شکستی هێنا. لەڕاستیدا جولەکایەتی توانی بۆ ماوەیەک لەناو ئیمپراتۆرییەتەکەیان هەژموون پەیدا بکات، بەشێوەیەک تەنانەت هەندێ لە دەسەڵاتدارەکانی باوەڕیان پێ هێنا -هاوشێوەی زی نواس Dhu Nuwas -کە لە ٥٢٥ کۆچی دواییکردوە- و مەسیحییەتیان دەچەوساندەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا مەسیحییەت توانی تا سەرهەڵدانی ئیسلام پارێزگاری لە شوێنی خۆی بکات، بەتایبەت لە نەجران. بەڵام کەوتنی یەکجارەکیی دەوڵەتی حەمیری لەسەر دەستی حەبەشە بوو، کە پێشتر هەر پێشینانی حەمیرییەکان خۆیان داگیریان کرد. لەوێ لە سەدەی چوارەمەوە سەرکەوتن بوو بە یاوەری مەسیحییەت. ساڵی ٥٣٠ پ.ز حاکمی حەبەشی ئەبرەهە -بەفیتی بیزنتە کە

بەتاسەی بەگژاچوونەوەی دوژمنە کۆنەکەی، واتە فارسەکان، بەرلە باشووربشی وی کردە نیشتمانی عەرەب و دەستی بەسەردا گرت، بەلام نەیسی بەرەو فەوتیو مەگەی پێشڕەوی بکات. هەرچۆن بێت، دوای چل ساڵ یەکێک لە فەرماندەکانی پاشای ساسانی کیسرای یەکەم (نەوشیروان) دەستی بەسەر ولاتەکەدا گرت پاش ئەوەی کورەکەی ئەبرەهە و جێنشینی دووەمی نەیتوانی بەرگری لێ بکات. بەم شێوەیە یەشی سەووری نیشتمانی عەرەب بە ویلایەتێکی فارسی مایەوە تا هاتنی ئیسلام.

باری کۆمەڵایەتی لە باکووری دورگە

ئەگەر بچینە سەر بارودۆخی باکووری نیشتمانی عەرەب دەبینین بیابان، کە زۆرینەی نیشتمانەکە پێک دێنێت، بڕیار لەسەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی دەدات[1]، چونکە لەوەڕگە پەرش و بڵاوەکانی تەنیا بەشی خۆراکی مااڵتی بچووک و وشتر دەکەن، کە پێویستییەکانیان زۆر بەئاسانی تێر دەبن و سەرچاوەی خواردن و جلوبەرگ بۆ عەرەبەکان دەستەبەر دەکەن. لەبارێکدا بایەخدان بەم ئاژەڵە بەکۆچ و گەڕان بەناوچە پان و پۆڕ و دوورە دەستەکاندا نەبێت ناکرێت، هەر رێکخستنێکی سیاسی لەسەر نیشتەجێبوون دامەزرابێت بۆ مرۆڤی دەوارنشین (بەدەوی) ئاستەم بووە. تەنیا پەیوەندیی خوێن خولگەی ژیانی دەوارنشین دیاری دەکات، کە خێزانەکان بە خێڵەکان و خێڵەکان بە هۆزەکانەوە دەبەستێتەوە. تەنانەت گەلان هێشتا رەچەڵەکی خۆیان لەڕێی بانگەشەی بوونی خزمایەتییەکی خوێنەوە دیاری دەکەن کە تەواوی گەلەکە لە سیستمێکی رەچەڵەکدا کۆ دەکاتەوە، کە لە سیستمی رەچەڵەک لای جولەکە کۆنەکان دەچێت. بەڵام ئەم هەستە کۆمەڵایەتییە هەموو گەل ناگرێتەوە، لە خێڵەوە کە خێزانە خزمەکان دەگرێتەوە ئەوانەی خێوەتەکانیان لەتەنیشت یەکتر هەڵداوە، بۆ هۆز درێژ دەبێتەوە کە چەند هەزار کەسێک دەگرێتەوە و پێکەوە بە بیابان و دەشتاییەکاندا بەدوای لەوەڕگەدا دەگەڕێن. هەرکەس زات بکات پێ بنێتە ناوچەی هۆزێکی نەناس (غەریب)، خۆی دووچاری کوشتن یان تاڵانکردن لەسەر دەستی ئەو نەناسانە دەکات کە زۆر نابات دەبنە دوژمنی. لەو چارەنووسەیش قوتاری نابێت بەوە نەبێت دەست لە جل یان خێوەتی دوژمنەکەی بدات، یاخود خۆی فڕێبداتە ماڵەکەی. لەوانەیشە خۆویستانە و بەخۆشی ئەم پاراستنە بە رێبوار ببەخشرێت، هەروەک دەگونجێت ئەندامێکی هۆزەکە پیاوێکی غەریب بەشێوەیەکی هەمیشەیی بهێنێتە

---

[1] بڕوانە: J. Wellhausen, Fin Gemeinewesen ohnė Obrigkeit, Rede zur Feier des Geburtstages S. Magestat am 27. Januar 1900. Gottingen.

ناو خێڵەکەی کە جیابوونەوەی نەبێت، دیارە سەرەتا بە بێگانە دادەنرێت، بەڵام بەتێپەڕبوونی چەند نەوەیەک هەموو مافەکانی پەیوەندیی خوێنی پێ دەبەخشرێت.

مرۆڤی دەوارنشین پێش هەموو شتێک کائینێکی خاوەن نەزعەی تاکەکەسییە و تابڵێیت خۆپەرستە، هێشتا هەندێ حەدیس رێگە بەمرۆڤی عەرەبیی موسڵمانبوو دەدەن لە نزاکردنیدا بڵێت: "خوایە رەحم بە من و محەمەد بکە و رەحم بەکەسیتر لەگەڵماندا مەکە"، لەگەڵ ئەوەیشدا هەموان لە چوارچێوەی هۆز و لەو ماف و ئەرکانەی لە پەیوەندیی خوێنەوە سەرچاوە دەگرن، یەکسانن. دەوارنشین پابەندە بەوەی لە ناڕەحەتییەکاندا پشتی براکەی بگرێت، بۆیشی نیە بپرسێت ئاخۆ ستەمکارە یان ستەملێکراو. بێگومان ئەم ئەرکە سەرەتا دەکەوێتە ئەستۆی ئەو خێڵەی بابەتەکە پەیوەندی پێوەی هەیە، لەبەرئەوە هەموو هۆزەکە ناچن بۆ پشتیوانیکردنی، مەگەر خێڵەکە خۆی لاواز و رووتەڵە بێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم کۆمەڵگەیە کە لەسەر بناغەی یەکسانی و ئازادیی گشتی دامەزراوە، مەیلی جۆراوجۆر بۆ چڕکردنەوەی دەسەڵات پیشان دەدات. خێڵ یان هۆزەکان براگەورەیی کەسانێک قبوڵ دەکەن کە بەئاکار و تواناکانیان توانیبێتیان دڵی خەڵک بەدەست بێنن و دان بەپێشکەوتنیاندا بنێن. ئەگەرچی ئەم پایەیە بەزۆری لە باوکەوە بۆ کوڕ دەگوێزرێتەوە، بەڵام پێویستە کوڕەکە جارێکیتر سەربەخۆ بەزرنگی و لێوەشاوەیی خۆی شایستەبوونی بسەلمێنێت. ئەو سەرگەورە یاخود براگەورانە بەهیچ شێوەیەک مافی کرداربیان نیە ئەگەرچی خەڵک لە کۆڕ و کۆبوونەوە گشتییەکاندا زیاتر گوێ لەوان دەگرن تا لە کەسانیتر، بەپێچەوانەوە ئەرکی سەرشانیانە، گەورەترە. لەکاتی جەنگدا دەبوو هەمیشە بۆ قوربانیدان بەگیانی خۆیان، لە دۆخی ئاشتیشدا بۆ قوربانیدان بە ماڵ و سامانیان لەپێناو خزمەتکردنی هۆزەکە و و بەدەمەوەچوونی ئەندامە نەدارەکانیدا، ئامادە بن. بەڵام ئەرکی سەرەکییان ئەوە بوو پارێزگاری لە یەکڕیزیی هۆزەکە بکەن، کە زۆرجار بەرژەوەندییە شەخسییەکان دەبوونە مەترسیی گەورە لەسەری.

ئەو ناکۆکییانەی لەوانەیە لەسەر خاوەندارێتیی شتێک لەنێوان ئەندامانی هۆزێکدا سەرهەڵبدەن، لە مەجلیسە رۆژانەکاندا چارەسەر دەکرێن. بەڵام کاتێک ناکۆکی لەنێوان کەسانی سەر بە هۆزی جیاوازدا دروست ببێت، کەسە ناکۆکەکان پەنا دەبەنە لای پیاوێکی ژیر و دنیادیدە، یان ژنێکی ژیر و دنیادیدە، زۆرجاریش ناوبژیوانن لەو جۆرە دۆخانەدا کاهین یان عەرافێک دەبێت، بەڵام حوکمی ناوبژیوانەکە بۆ لایەنە پەیوەندارەکان پابەندکەر نابێت مەگەر هەردوولایان پێی رازی بووبن، یان بااڵدەستیی یەکێکیان لە هێز و دەسەڵاتدا فەرزی بکات. جا لەو رووەوە سەرانی هۆزەکان خۆیشیان هێزی جێبەجێکردنیان نەبوو، ئەوا لای دەوارنشین یاسای تاوان (جینائی) نەبووە، لەبەرئەوە وا

پێویستی کردوە هەرکەس بەدەستی خۆی تۆڵە لە بکوژی خزمەکەی یان ماڵخۆرەکەی بسەنێت. ئەگەر دەوارنشینێک بەکوژراوی لە ناوچەی خێڵێکدا دۆزرایەوە و گومان لە یەکێک لە ئەندامەکانی دەکرا، ئەوکاتە ئەو خێڵە سوێند دەخوات کە بێتاوانە. لەوانەیە راستیی ئەم سوێندە بەسوێندخواردنێکیتری خێڵی کوژراوەکە تانەی لێ بدرێت یان کاریگەرییەکەی بەتاڵ بکرێتەوە. ئەرکی تۆڵەکردنەوەی کوژراویش دەکەوێتە ئەستۆی نزیکترین خزمی. جا لەو رووەوە عەشیرەتی تاوانکارەکە بەگشتی پشتگیری لەو کەسەی خۆی دەکرد، ئەوا زۆرجار تۆڵەکردنەوەی خوێنەکە لەوانەیە تۆڵەیەکیتری لێ بکەوتایەتەوە و کێشەکە چەندین نەوە درێژەی بکێشایە و خوێنیان تێدا بڕژایە. راستە لەوانەیە تاوانی خوێن لەڕێی دانی خوێنبایيەوە، بە وشتر، لەلایەن کەسوکاری بکوژەوە، خۆش بکرێت، هەروەها راستە ئەرکی سەرانی هۆزەکە بوو کار بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەی نێوان کەسە ناکۆکەکان بکەن بەبێ ئەوەی مافی سەپاندنیان هەبێت بەسەریاندا، بەڵام خێڵەکان بەزۆری ملیان بەم رێکەوتنانە نەدەدا تا بڕستیان لەبەر دەبڕا. بەڵام ئەگەر بکوژ، بەخۆشی بوو یان بەزۆر، رادەستی لایەنی بەرانبەر کرا تا تۆڵەی خۆی لێ بکاتەوە، ئەوکاتە هیچ بوار بۆ تۆڵەکردنەوە نامێنێت. بەڵام ئەم جۆرە کارە بە مۆری ریسوایی دادەنرێت بەنێوچاوانی خێڵەکەوە، لەبەرئەوە کوشتنی تاوانکارەکەی بەلاوە باشتر بوو لەوەی بەدەستی خۆی بەدەستەوەی بدات و ئەو ریسواییەی تووش ببێت. ئەم هەستکردنە بالایە بەشەرەف کە سەرجەم کارەکانی دەوارنشین دیاری دەکات، ئەو بناغەیەیە تەلاری ئەخلاقی ئەوی لەسەر دادەمەزرێت.

مەککە و مەدینە

بەگشتی ئەم یاسا بیابانییە بوو کە لە شارەکانی حیجاز: تائیف، مەککە، مەدینە، جێبەجێ دەکرا. لەو شارانەدا خێڵە جیاوازەکان، هاوشێوەی دەوارنشین لە خێوەتەکانیاندا، ژیانی ئازاد و سەربەخۆ دەژیان و دانیان بەگوێرایەڵیکردن بۆ کەسدا نەدەنا. بێگومان ئەو هەستکردن بەشەرەفەی کە لە بیاباندا زۆر هەستیار بوو، لە مەککە[٢] بەرژەوەندیی گشتیی مەککەییەکان لە کەعبەی پیرۆز و هەروەها بەهۆی بازرگانییەوە کە پشتی بەگەشەسەندنی دەبەست، کەمێک نەرمتر بوو. لەو رووەوە هەموو تاکێک لە رۆڵەکانی مەککە پەیوەندی

---

[٢] بڕوانە: H. Lammevs, La Republique merchandise de la Mecque vers I,am 600 de norte ere, de I,Inst. Egypt, 5 serie, t. 4, p. 23-54. La Mecque a la veilla de I,Hegire de la Faulte Oriental de Beyrouth. La cite arabe de Taif a la veille de I,Hegire, 1922.

بەو کاروبارانەوە هەبوو، ئەوا پەیوەندییە ئابوورییەکان تێیدا ئاڵۆزتر بوون. باڵادەستیی خێڵە دەوڵەمەندەکان بەسەر خێڵە هەژارەکاندا لەچاو بیاباندا، گەورەتر بوو. بەڵام لە شاری مەدینە، کە سەرچاوە سەرەکییەکانی بژێوی لەسەر کشتوکاڵ و بەخێوکردنی دارخورما بوو، ژیانی کۆمەڵایەتی لەچاو مەککەدا سادەتر بوو. کاتێک ئیسلام هات تۆڵەسەندنەوە خوێناوییەکان گەیشتبوونە ئاستێکی بەرز، بەڕادەیەک تاکەکەس نەیدەوێرا ناوچە پارێزراوەکەی بەجێ بهێڵێت بەبێ ئەوەی دووچاری مەترسی ببێت[٣].

سووریا و نەبەتییەکان

بەڵام لە باکوور، لە بیابانی شام (سووریا)، عەرەبەکان، ماوەیەکی زۆر پێش براکانیان لە عەرەبی جەزیرە کەوتنە ژێر کاریگەریی تەوژمە سیاسییە جیهانییەکان٤ . لە سەردەمی پاشای ئاشووری تیگلاث پیلەسەری سێیەم (٧٤٥-٧٣٨ پ. ز) عەرەب لەوێ مەملەکەتێکیان هەبوو پایتەختەکەی جەوف Jawf بوو، چەند شاژنێک بەدوای یەکدا حوکمیان کرد، کە لەژێر هەژموونی ئاشووردا مایەوە تا سەردەمی ئەسەرحەدون (٦٨١-٦٦٩ پ. ز)، نەک هەر ئەوە، بگرە پاشای بابلی نەبونایدس (٥٥٦-٥٣٩ پ. ز) بۆ ماوەیەک بارەگای خۆی لە مێرگی تەیما دانا، کە بنکەی هەڵمەتەکانی بوو بۆ سەر رۆژئاوا. لەو مێرگەدا نووسینێکی ئارامی دۆزرایەوە بۆ سەردەمی فارسی دەگەڕێتەوە، کە ئاماژەیە بۆ سیستمی ئاینی لەو شارە، بە کاهین و پەرستگەی خواوەندەکانیەوە. لە سەردەمی ئەخمینییە دواییەکاندا دەوڵەتی نەبەتییەکان پەیدا بوو، کە لە سەردەمی هیلینیدا بەسەر بازرگانیی ئەو کاروانانەدا باڵادەست بوو کە لەنێوان بەشی باشووری نیشتمانی عەرەب و مەدینەدا چالاک بوون. ئەو دەوڵەتە، بەهۆی دریژەنەدانی جێنشینەکانی ئەسکەندەری مەزن بەکارکردن بۆ بەدیهێنانی دواین پرۆژەکەی، بۆ دەستگرتن بەسەر نیشتمانی عەرەب لە دەریاوە، لە هەردوو لای رۆژهەڵات و رۆژئاواوە لەیەک کاتدا

توانی پارێزگاری لە سەربەخۆیی خۆی بکات. پایتەختەکەیان سەلع یان بەتراء Petra بوو، کە قەڵایەکی شاخاوییە دەکەوێتە نزیکەی ناوەڕاستی رێگەی نێوان دەریای مردوو و سەری کەنداوی عەرەبی. هێشتا شوێنەوارە گرنگەکانی بەترا و نووسینە جیاوازەکانی سەر گۆڕە لە بەرد هەڵکۆڵراوەکانی تا ئەمڕۆ شایەتن لەسەر ئەو شارستانێتییە پێشکەوتووەی

---

[٣] بڕوانە: J. Wellhausen, Medina vor dem Isla, Skizzen und Vorarbeiten, 4 Heft, I. Berlin, 1889.

[٤] بڕوانە: H. Dassaud, Les Arabes en Syrie avant L, islamisme. Paris, 1907.

هەیبووە. نەبەتییەکان لەو نووسینانەدا زمانی ئارامییان بەکار هێناوە کە زمانی رەسمییان بـووە، تەنـانەت لە سـایەی ئەخمینیەکانیشـدا. نازناوەکـانی فەرمـانبەران و سـەرکردە سـەربازییەکانیان لە دەوڵەتە هیلینییەکـانی دراوسـێوە وەرگرتبـوو. لە سـەردەمی رۆمانەکانیشدا ئیمپراتۆرەکـانی وەک هاوپەیمـان دەسـتیان بـۆ سـەربەخۆیی نەبەتییەکـان نەبرد و دۆخەکە بەو شێوەیە مایەوە تا سەردەمی ترایان. لەو رووەوە نەبەتییەکان پێش لەوە هەڵوێستێکی ناڕوونیان لەکاتی یاخیبوونەکەی جولەکە لە سـەردەمی تیتۆسدا هەبوو، رۆمانەکـان سـاڵی ١٠٦ز سـەربەخۆیی بەترایـان لەبەیـن بـرد و خسـتیانە سـەر ئیمپراتۆرییەتەکەیان و ئیتر لای ئەوان بەناوی "هەرێمە عەرەبییەکان" ناسرابوون. هەرێمە شارییەکان بەزنجیرە قایمکارییەک لە بیابان جیا کرابوونەوە، کە ئەو قەڵایانە هەرچۆن بێت توانای بەرگەگرتنی لەو شوورە قایمە کەمتر بوو کە لە باکوور لەنێوان راین و دانووبدا دامەزرا. سـەرەتا بازرگـانیی بەتـرا گـوێزرایەوە بـۆ بوصـرا، لەوێـوە کاروانەکـان بەرەو قینسـرین، باشـووری لوبنـان و حمـس و رەهـا و حەزر بەئاراسـتەی بـاکوور و رۆژهەڵات دەکەوتنە ڕێ.

تەدمور

دەوڵەتـی تەدمـور Palmyra کە جێـی دەوڵەتـی نەبەتـی گـرتەوە لەوەی پـێش خـۆی بەبەختتر بوو. عەرەب تێیدا دەسەڵاتدار بوون، ئەگەرچی ئارامییەکان کە لەژێر کاریگەریی شارستانێتیی گریکیدا بوون زۆرینەی دانیشتوانەکەیان پێکدەهێنا. لەو جەنگانەی لەنێوان رۆما و بارثییەکاندا رووبان دا تەدمور بێلایەنی هەڵبژارد، ئەوەیش پلانێکی ژیرانە بوو کە پێی بەهێز بوو. بەم شێوەیە توانی لە سـەردەمی ئۆگستسدا پێگەی ئابووریی خۆی بەهێز بکـات. پەیوەنـدیی بازرگـانی لەگەڵ زۆر وڵاتـی دوور وەک رۆمـا و داسـیە و وڵاتـی گـاول (فەرەنسا) و ئیسپانیا دروست کرد. لەڕاستیدا تەدمور سۆزێکی تایبەتی لەلایەن بنەماڵەی ئیمپراتۆریی سەفیرۆسـەوە، کە نیـوە سـامی بـوو، بەدەسـت هێنـا، لە سـەردەمی ئیمپراتـۆر ئەلیکسەندەر سەفیرۆس بنەماڵەی یولیـوس ئوریلیـانس سبتیموس بەهێز بوو و دەسـەڵاتی لەوێ گەورە بـوو. لە سـاڵی ٢٦٠ی زاینییەوە تەدمور چەند جەنگێکی سـەرکەوتووی دژی

---

* ئەو وشە کەمانەی زمانی عەرەبی لە لاتینی وەریگرتوون بۆ سەرچاوەیەکی سەربازی دەگەڕێنەوە. بۆ نموونە وشەی Starta (کە بەرانبەر وشەی streetی ئینگلیزییە) (واتە: شەقام) بناغەی وشەی (الصراط)ی عەرەبییە (واتە: ڕێگە)، هەروەها وشەی castra بناغەی وشەی (القصر)ی عەرەبییە (واتە: کۆشک)، لەوانە وشەی Alcazarی ئیسپانی). دیسان وشەی Balayium (Pfalz) لە ئەڵمانیدا) بناغەی وشەی (بلد)ی عەرەبییە.

فارس ئەنجام دا، بەهۆیانەوە پاشا ئودەینە Odenat توانی دەست بەسەر تەواوی سووریادا بگرێت. نەک هەر ئەوە، بگرە ئیمپراتۆری رۆمانیی لاواز گلیینس دانی بە ئودەینەدا نا وەک ئیمپراتۆری رۆژهەلات. کاتێک ئودەینە سالّی ٢٦٨ کۆچی دوایی کرد، زنوبیای ژنی جلەوی دەسەلاتی پاش ئەو گرتە دەست و تا سالّی ٢٧٣، کە ئیمپراتۆر ئورلیانوس شاری تەدموری وێران کرد، کاروبارەکانی مەملەکەتەکەی بەڕێوە دەبرد. گومان لەوەدا نیە کۆتایی دلّتەزێنی زنوبیا Zenobia شوێنەواری قووڵی لە دەروونی عەرەبی بیابانەدا بەجێهێشت. لەڕاستیدا لە سەردەمە بەراییەکانی ئیسلامدا هێشتا ژیاننامەی شاژن زنوبیا دەگێڕدرایەوە، پاش ئەوەی زۆر لە بناغە میژوویی راستەکەی دوور کەوتبووەوە.

دەوڵەتی غەسانییەکان (الغساسنة)

بەلەناوبردنی تەدمور سەردەمی دەوڵەتە عەرەبییە سەربەخۆکانی باکوور کۆتایی هات. لەوکاتەوە رۆمانەکان و بیزەنتییە جێنشینەکانیان، هەمیشە دەیانتوانی سۆزی هەندێ لە عەرەبەکان بەدەست بێنن و بیانکەنە دەسکەلای دەستیان لەسەر سنوورەکانی بیابان و بۆ بەرپەرچدانەوەی پەلامارەکانی دەوارنشینان بۆ سەر ناوچە شارییەکان پشتیان پێ دەبەستن. لە شام غەسانییەکانیان بەکار هێنا، کە حوکمی ناوچەکانی رۆژهەلاتی ئوردنیان بەدەستەوە بوو. بەناوبانگترین پاشاکانی ئەم خێزانە حارثی پێنجەم بوو، یوستینیانوس کردی بە بەتریق (واتە سەرکردە) و سالّی ٥٢٩ز "تاج"ی کردە سەری و دەسەلاتی رەهای بەسەر سەرجەم عەرەبەکانی باکووری سووریادا پێ بەخشی. بەلام ئەم دەسەلاتە بەرفراوانەی حارسی پێنجەم زۆری نەبرد پاش مردنی پارچەپارچە بوو و چەند میرنشینێکی بچوک و پەرش و بلاو بەشبەشیان کرد. کاتێک ئیمپراتۆرە بیزەنتییەکانی رۆم بەسەر فارسدا سەرکەوتن، حوکمکردنی ولاتەکەیان بەخەڵکەکەی خۆی سپارد. تا ماوەیەکی کەم پێش فەتحی ئیسلامی هیچ پاشایەکیتری غەسانی نەیتوانی سەرجەم سوورییە عەرەبەکان ملکەچی دەسەلاتی بالای خۆی بکات[١].

لەخمییەکان

فارسەکانیش، دوژمنانی تەقلیدیی رۆمانەکان، هەمان سیاسەتیان بەرانبەر عەرەب پەیرەو کرد. دەوترێت شاپووری یەکەم (٢٤١-٢٧٢) خۆی عەمر بن عەدی، لە بەنی لەخم، کردوەتە پاشای عەرەب لە عێراق. بەلام ئەو نووسینانەی لەسەر گۆڕی (ئیمرو ئەلقەیس)ی

---

[١] بڕوانە: Th. Noldeke , Die Ghassanischen Fursten aus dem Hause Gafnas, Abh der Akademie der Wissenschaften, Berlin, 1887.

کۆپی عەمر لە نەمارە لە باشووری رۆهەلاتی دیمەشق دۆزراونەتەوە، بەڕوالەت ئاماژەن بەوەی ئەو پاشایە ملکەچی هەژموونی رۆمان بووە لە دەوروبەری ساڵی ٣٢٨ی زاینیدا. بەڵام جێنشینەکانی، بارەگای خۆیان، وەک کاربەدەستانی فارس، لە حیرە دانـاوە کە دەکەوێتە دووریی نزیکەی دە میل لە باشووری وێرانەی بابل. ئەوانە هەردەم لە جەنگدا بوون لەگەڵ غەسانییەکان کە مونزیری پاشایان دەوروبەری ساڵی ٥٧٥ز دەستی بەسەر حیرەدا گرت و وێرانی کرد. شوێنکەوتەکانیان بۆ ماوەیەک باوەڕیان بە مەزهبی نستوریی مەسیحی هێنا، لەکاتێکدا ئەوان خۆیان بەتوندی وابەستە بوون بە بیروباوەڕە بتپەرستانەکانیانەوە و کەسیان لێ دەرنەچوو جگە لە نوعمانی سێیەم (٥٨٠-٦٢٠ ز) کە باوەڕی بە نەسرانیەت (مەسیحیەت) هێنا، لانیکەم بەڕوالەت. بەڵام ئەم نوعمانی سێیەمە، کە دواین پاشایانە، جڵەوکردنی ئاسان نەبوو، فارسەکان پێی تەنگاو بوون، لەبەرئەوە کیسرای دووەم بەفیڵ هێنای بۆ مەدائینی پایتەختی و لە تەخت هێنایە خوارەوە. پاش چەند ساڵێک ئەنجامەکانی ئەو کردەیە دەرکەوتن و سێ هەزار عەرەب ساڵی ٦١٠ زاینی هێرشیان کردە سەر ناوچەی فورات و لە زیقار شکستێکی یەکلاکەرەوەیان بەسەر فارسەکاندا هێنا. گومان لەوەدا نیە نەمانی ئەو چاودێرییە بەهێزە لەسەر سنوور، پاشتر کاری فەتحی ئیسلامیی ئەو وڵاتانەی ئاسان کرد.

بتپەرستیی عەرەبی

ژیانی ئاینیی لای عەرەب، وەک ژیانی سیاسییان، لە ئاستێکی زۆر سەرەتاییدا بوو[٧]. وەک گەلانیتری خاوەن رۆشنبیریی نزم باوەڕیان وابوو سروشتی دەوروبەریان پڕە لە هێزی گەورەتر لە هێزی مرۆڤ، بەڵام دەتوانرێت بەڕێگەی تایبەت بۆ خزمەتی مرۆڤ رام بکرێن. کاتێک ئاستی ئاینی لای عەرەب هەندێ پێش کەوت، باوەڕیان وابوو ئەو هێزانە وەک رۆحی مرۆڤ وان بەڵام وزەی مەترسیداریان پێ بەخشراوە، واتە (ئەو هێزانە) بوونە دێو یاخود شەیتان. سامییەکان بەتایبەت پێیان وابوو دار و درەخت و ئەشکەوت و کانیاوەکان و گاشە بەردەکان، شوێنی نیشتەجێبوونی رۆحەکانن. بەم شێوەیە عەرەبە کۆنەکان هەندێ جۆری بەردیان لە بەترا و شوێنانیتری نیشتمانی عەرەب بە پیرۆز دادەنا، وەک کە موسڵمانەکان حەجەرول ئەسوەد (بەردە رەشەکە) لەناو کەعبە لە شاری مەککە بەپیرۆز دەزانن. بەڵام ئەم دێوانە بەلایانەوە هەڵگری سیفەتی پیرۆزی نەبوون تا ئەو کاتەی ناوەکانیان بۆ مرۆڤ ئاشکرا دەکەن، وەک ئەوەی یەهوە لەبەردەم یەعقوبدا لە خەونیدا لە بەیت ئیل Beth-El کردی. کاتێک ناوی یەکێک لە دێوەکان زانرا ئەوکاتە دەتوانرێت بەکردەوە پەنای بۆ ببرێت. هەروەها لەڕێی سرووتە ئاینیەکانەوە، کە

---

[٧] بڕوانە: J. Wellhausen , Rest arabsichen Heidentums, 2, ed, Berlin , 1897.

قوربانیکردن کرۆکی پێکدێنێت، خواوەندەکان بەپەیوەندیی خۆێن لەگەڵ ئەو هۆزانەی پیرۆزیان کردوون پەیوەست بوون و وەک پەناگە و پاریزەرێکیان لێهاتبوو کە هۆزەکە پەنای بۆ دەبردن، بگرە وەک باپیرە و سەرگەورەی باڵای هۆزەکەیان لێ دەهات. بەمەیش چیتر دوای تێکەڵ و پێکەڵبوونی رەچەڵەکەکان بەو شێوەیە، ساغکردنەوەی بنەچەی یەکەمی ئاسان نەبوو. هەر هۆزێک خواوەندی تایبەتی خۆی دەپەرست، بەڵام لەهەمان کاتدا دانی بەدەسەڵاتی خواوەندی هۆزەکانیتریش لە ناوچە تایبەتەکانی خۆیاندا دەنا. بەڵام هەرچۆن بێت، پەیوەندیی نێوان هۆز و خواوەندەکەی لای عەرەب وەک پەیوەندیی نێوان یەهوە و گەلەکەی لای بەنی ئیسرائیل زۆر تووندوتۆڵ نەبوو. هەندێ خێڵ ناوی هەندێ خواوەندی وەردەگرت جیاواز لەوەی هۆزەکە باوەڕی پێ هێنابوو، هەروەها هەندێ جار چەند هۆزێک لە پەرستنی یەک خواوەنددا هاوبەش بوون. خواوەندەکان کۆمەڵێک شوێن (یاخود مەزار)ی جێگیریان هەبوو، جا کاتێک هۆزەکە کۆچ و رەوی دەکرد، ئەو هۆزەی لە شوێنەکەیدا نیشتەجێ دەبوو خزمەتی شوێنەکەی دەکرد و خواوەندەکەی دەپەرست. نەریت وابوو هۆزە رەوکردووەکە سااڵی جارێک یان دوو جار، لە رۆژانی جەژندا، سەردانی شوێنەکەیان دەکرد.

هەندێ شوێنی پیرۆز ناوبانگێکی تایبەتیان پەیدا کردبوو. هۆزە جیاوازەکان لە شوێنی دوورەدەستەوە بۆ حەجکردن رووبان دەکردە عوکاز و مەککە، بۆ نموونە. ئاشتیی ئیلاهی لە جەژنە ئاینییەکاندا (وەرزەکان) باڵی بەسەر بیاباندا دەکێشا و خەڵک دەستیان لە جەنگ و کوشتار هەڵدەگرت. لەڕاستیدا ئەو بازاڕانەی سازیان دەکردن پەیوەست بوون بە ئاهەنگە ئاینییەکانەوە، لێرەوە لەپاڵ کااڵ و شمەکە ماددییەکاندا بواریکیش بوون بۆ ئاڵوگۆڕی بەرهەمی رۆحی. بەشی گەورەی چاکەی یەکخستنی دیدی عەرەبەکانی ئەو سەردەمە بۆ جیهان و تواندنەوەی دابونەریتیان و چەمکەکانی شەرەف لەلایان لە یەک بۆتەدا و بەخشینی زمانێکی شیعریی چڕ پێیان، کە دەنگی بەسەر سەرجەم دیالێکتەکاندا زاڵە، بۆ ئەم بازاڕانە و لێرەیشەوە بۆ ئاین بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەگەڕێتەوە.

سێ ژنە خواوەند هەبوون توانیبوویان بەشێوەیەکی تایبەت خۆیان لە ئاستی دێوە نزمەکان بەرز بکەنەوە. یەکەمیان ژنە خواوەندی چارەنووس بوو، **مەنات**، کە بەرانبەر ژنە خواوەندی بەختی رزگارکەرە Tyche Soteira لای گریک، لە مەککە ناسراو بوو، بەڵام پەرستنی بەتایبەت لەنێو هۆزە دەوارنشینەکانی هوذەیلی تەنیشتیان بااڵو بوو. دووەمیان، **الت** بوو، واتە "ژنە خواوەند" کە لە تائیف بە "ئەلڕەببە" ناسرابوو، واتە "خاتوون" کە هیرۆدۆتس بە ژنە خواوەندی فەلەک یورانیا Uraniaی چواندوە، کە بەرانبەر دایکی گەورەی خواوەندەکان عەشتروتە Astarte لای سامییە باکوورییەکان. سێیەمیشیان **عوززا** بوو، واتە "خاوەن توانا و شکۆی تەواو"، تەنیا شێوەیەکیتری ژنە خواوەندی دووەم بوو، الت. لە شێوەی هەسارەی ئاسمان زوهرە (ڤینۆس)دا دەیانپەرست.

سەرەڕای سەرجەم ئەو خواوەندانە، عەرەبەکان وەک زۆر گەلانیتری سەرەتایی، باوەڕیان بە بوونی خودایەک هەبوو کە خولقێنەری گەردوونە. ئەو خودایە "اللە"یە، کە عەرەب -بەپێچەوانەی گومانی زۆر لە توێژەران- بیرۆکەکەیان لە جولەکە و دیانەکان وەرنەگرتبوو. بێگومان عەرەب سەرەتا سروونی ئاینییان بۆ ئەو خواوەندانە ئەنجام دەدا کە لە "اللە"، پەروەردگاری مەزنی جیهانییان، لێیانەوە نزیکتر بوون. تا کاتێک ئیسلام هات ئەم پەرستنە توانای نەبوو وێڕانی ئاینیی عەرەبەکان بەتەواوی تێر بکات. بەم شێوەیە پایەی ئەم پەرستنە دابەزی، هەروەها دیلالەتەکەی بەبەردەوامی دادەبەزی، هاوکاتیش گرنگیی شعووری گشتیی ئاینی دامەزراو لەسەر باوەڕ بەخودا (اللە) زیادی دەکرد. لە مەککە "اللە" وردە وردە جێگەی هوبەل، خواوەندی دێرینی مانگی، وەک پەروەردگاری کەعبە، گرتەوە. لەبەرئەمە بووە عەدی کوڕی زەید کە یەکێک بوو لە شاعیرانی مەسیحیی حیرە، کە -پاش مەسیح- بە شایەت لەسەر سوێندێک ناوی بیات. (اللە) پارێزەری گرێبەندەکان بوو ئەگەرچی ئەو ناکۆکییانەی لەسەریان بەرپا دەبوون لە یەکێک لە شوێنە پیرۆزەکاندا و بەچاودێریی یەکێک لە بتەکان، ساف دەکران. هەروەها بەشێوەیەکی تایبەت بە دۆستی میوانە بێگانەکان دادەنرا، ئەگەرچی ئەرکەکاتی تاک بەرانبەر خزمەکەی پێش ئەرکەکانی بەرانبەر ئەو (واتە خودا) دەخران. دەوارنشین قەزا و قەدەری بە ئیرادەی نەگۆڕی خودا دادەنا. لەڕاستیدا ئەم باوەڕە بە قەزا و قەدەر هەستی عەرەبی تووشی سستی و لاوازی نەدەکرد، بەڵکو هانی دەدا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بەبێ یارمەتییەکی بالا. هەروەها پاڵی پێوە دەنا بۆ کەمکردنەوە لە بایەخی هەوڵە بەشەرییەکان هەموویان، وەک ئەم پارچە شیعرەی ئیمرو ئەلقەیس بەرجەستەی دەکات (کە رۆژانی تەمەنی لە هەوڵی دوور و درێژ و بێهوودەدا بەیارمەتی دەوڵەتیی بیزەنتی بەسەر برد، بۆ گێڕانەوەی ئەو دەسەلاتەی باپیری بۆ خێزانەکەی، کێندە، بەسەر هۆزەکانی باکووری نیشتمانی عەرەبدا دەستەبەری کردبوو):

تێیدا دەڵێت: "ئایا ئێمە ملکەچی قەدەرێکی حەتمی نین و بە خواردن و خواردنەوە فریو دەدرێین؟ ئێمە باڵندەین، مێشین، کرمین و لە گورگی هار بەجەرگترین. ریشەی خانەدانییەکەم بەقووڵی دەگات بە زەوی و مەرگ لاوێتیم و جەستە و ژیانم لێ دەسێنێت و دەمگێڕێتەوە بۆ ئامێزی خۆڵ. دنیا زۆر گەڕام و هیچم دەست نەکەوت و رازی بووم بەوەی دەسکەوتەکەم گەرانەوەم بێت. چۆن دەتوانم ئومێدم بەبەزەیی قەدەر هەبێت کە ئەو چیاکان ناپارێزێت. لەبەرئەوە دەزانم بەزوویی لەناو چرنوکەکانیدا پارچە پارچەم دەکات، وەک بەسەر هوجری باوکم و باپیرەمدا هات".

ئاینی یەهوودی و مەسیحی

ئەو ئاینە ئاسمانییانەی لەمێژ بوو هەوادار و شوێنکەوتەیان لە نیشتمانی عەرەبدا هەبوو، یارمەتیی خێراکردنی ئەم لەبەریەک هەڵوەشانەی بتپەرستیی عەرەبییان دا. لە باشووری جەزیرە ئاینی یەهودی (جولەکایەتی) -وەک باسمان کرد- هێندە بەهێز بوو کە ئاسوارەکەی لە باوەڕهێنانی دەسەڵاتدارانی خۆمالّی و چەوساندنەوەیان بۆ مەسیحییەکاندا دەرکەوت، کە سەرسەختانە لەدژی ململانێیان دەکرد. لە سەدەی یەکەمی پاش زایینەوە جولەکەکان دەستیان بەکۆچ کردوە بۆ مێرگەکانی باکووری رۆژئاوا، بۆ تیما و خەیبەر و یەثریب و فەدەک و لەوێ دەوڵەمەند بوون. راستە لەوێ لە چەند گەڕەکێکی لاتەریکدا بەسەر خۆیاندا داخرابوون، بەڵام بێگومان توانیویانە هەندێ عەرەب قایل بکەن شوێن ئاینەکەیان بکەون و لە بۆتەی خۆیاندا بیانتوێننەوە. بەهەمان زمانی دانیشتوانەکە قسەیان دەکرد. سەرباری پێویستیی زۆر بە خزمەتگوزاریەکانیان، وەک جوتیار و بازرگان و خشڵگەر (صائغ)، بەڵام دەوارنشینان متمانەیان پێیان نەبوو. لێرەوە جولەکایەتی نەیتوانیوە کاریگەریەکی گەورەتر لە ژیانی ئاینی عەرەب بکات لەوەی لە واقیعدا هەبووە.

بەڵام مەسیحییەت لە رێگەی تەواو جیاوازەوە هات بۆ عەرەب، کە بەهەستیاریی زۆریان بۆ هەستە دەرەکییەکان دەناسرێنەوە. سەرجەم دەوارنشینان لە باکوور لە پەیوەندییەکی تووندوتۆڵدا بوون بە ئارامییەکانەوە کە لەو ناوچەیە نیشتەجێ بوون و مەسیحییەت لە سەردەمێکی زووەوە بەتەواوەتی رەنگی بە شارستانێتیەکەیان دابوو. لەڕاستیدا مەسیحییەت لە سایەی ئیمپراتۆرییەتی رۆمانیدا هێزێکی کێشکردنی گەورەی هەبوو، هەر لەبەرئەوەی ئاینی رەسمیی دەوڵەت بوو. لەگەڵ ئەوەیشدا بنەماڵەی لەخمی کە لە حیرە خزمەتی فارسیان دەکرد، سەرەنجام چوونە ژێر بەیداخی مەسیحییەت، کە باوەڕی شوێنکەوتە شارنشینەکانیان بوو. بێگومان نیشتمانی عەرەبی ناوخۆ بەتایبەت شارە بازرگانییەکانی حیجاز، بەهۆی پەیوەندییان بە هۆزەکانی باکوورەوە، بەتەواوەتی لە رێنمایی و نەریتەکانی ئاینی مەسیحی بێئاگا نەبوون. هەروەها گومان لەوەیشدا نیە راهیبەکان کە پەرستگەکانیان لە فەلەستین و نیمچە دوورگەی سیناوە تا ناوجەرگەی بیابانی بڵاو بووبوونەوە، کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر ئاشناکردنی عەرەب بەمەسیحییەت هەبوو. ئەمە جگە لەوەی بیابان پەناگەی هەندێ تایفەی چەوساوەی دەستی کەنیسەی رەسمی بوو، لەبەرئەوە شتێکی سروشتی بوو باشتر لە کەنیسەی رەسمیی دەوڵەت بتوانێت رێنماییەکانی ئاینەکە بڵاو بکاتەوە.

شیعر

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، عەرەب لەوەدا کە سەربارى ناکۆکییە خێڵەکییەکانیان هەست دەکەن یەک نەتەوەن، بەپلەی یەکەم قەرزارى بەهرە رۆحییە هاوبەشەکەیانن، واتە بۆ شیعر کە لە سایەی ئایندا تا رادەیەک لەلایان نەشونماى کرد و بووژایەوە. پێدەچێت شیعر لاى عەرەب هەر لە یەکەم پەیدابوونیەوە بەئاینەوە پەیوەست بووبێت. بەدڵنیاییەوە بزوێنەرى یەکەمی لە غەریزەی گاڵتەوگەپ، هەروەها لەو خۆشی و چێژەوە بەدەست هێناوە کە مرۆڤی سەرەتایی لە دەنگ و ریتمی بینیوە و یارمەتی داوە بەرگەی سەختی و بارگرانییەکانی ژیان بگرێت. دوور نیە لاواندنەوەی وشتر لاى دەوارنشین لە خرمەخرمی پنی رەوە وشترەوە پەیدا بووبێت. لە هەمان کاتدا وشەی بەویقارەوە وتراو، بەدەستهێنانی هەر کاریگەرییەکی بۆ مرۆڤی سەرەتایی گەرەنتی کردوە، کە تەنها لەڕێی هێزە تایبەتەکانیەوە دەستی دەکەون. بەم شێوەیە هونەرى رەوانبێژیی کۆن یارمەتیی خزمەتکردنی سیحرى داوە، کە لەو قۆناغە لە قۆناغەکانی ژیانی فیکریدا لەگەڵ ئایندا ناکۆک نەبوو. بەتایبەت لەکاتەکانی جەنگدا ئەرکی نەفرەتکردن لە دوژمن دەکەوتە ئەستۆی ئەو پیاوەی دەیتوانی وشەی پڕاوپڕ بڵێت، وەک باراق Balak داواى لە بەلعام Balaam کرد. تا کاتێک باوەڕ بە هێزی نەفرەتی سیحرى لاواز بوو، پەرەی سەند بۆ قەسیدەی داشۆرین (هیجائی) و لە بازنەی کێشمەکێشی نێوان هۆزەکانەوە گواستیەوە بۆ کێشمەکێشی نێوان کەسەکان، تا لەکۆتاییدا وەک چەکێکی ترسێنەر بێنرخ ببێت و ببێتە سەرچاوەی بژێوی بۆ شاعیرێک کە لە ریسوایی و هەڕەشە ناترسێت. هەروەها خۆشەویستیی زایەندی (جنسی) لە شیعرى عەرەبیدا، هاوشێوەی گەلە زۆر سەرەتاییەکان، تەنیا رۆڵێکی لاوەکی بینیوە، چونکە شاعیر لە شیعرى هونەریدا کە جگە لەو هیچیترمان بۆ نەماوەتەوە، وەک پێشەکییەک بۆ ئەو ئامانجەی مەبەستی بووە بەکارى هێناوە، ئەویش بەخۆدا هەڵدان، یان ستایشکردنی چاکی و سەروەرییەکانی هۆزەکەی، یان پیاهەڵدانی گەورەکەی یان میرەکەی بووە، ئەگەر شاعیرێکی پرۆفێشناڵ بووبێت. ئەو قەسیدانە، وەک بەو شێوەیە ناویان دەبردن، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەردەوام بوون. شاعیر قەسیدەکەی بەدەربڕینی تاسە و پەرۆشی بۆ رۆژە خۆشەکانی سەروەختی ئەویندارى دەستی پێدەکرد، پێش ئەوەی بگاتە ئامانجە سەرەکییەکەی هەوڵی دەدا بەچەند بەیتێک لە وەسفی سروشتدا چێژ ببەخشێتە گوێگرانی. لەڕاستیدا عەرەب توانیویانە داهێنان بکەن لە وەسفکردنی بیابان و ئاژەڵە تایبەتەکانیدا وەک وشتر، کە ژیانیان بەتوندی پێیەوە گرێ درابوو. بەڵام ئەم تابلۆ وێنەییە داهێنەرانە خۆیشیان پشتیان بە تێبینیی کەسیی نەبەستوە، بەڵکو لە هەندێ قاڵبدا دارێژراون کە بۆ سەردەمی کۆن دەگەڕێنەوە. لێرەوە ئەم هونەرە بەدەگمەن نەبێت بوارێکی فراوانی لەبەردەم شاعیراندا بۆ دەرخستنی کەسایەتیی خۆیان

نەرەخساندوە، ئەویش کاتێک جیاوازییەکە زۆر ئاشکرا بووبێت. (یەکێک لە باشترین نموونەکان لەسەر ئەوە) ئیمرۆئول قەیسی شاعیرە، پاشای سەرگەردان، کە پێشتر لە سەرەتای سەدەی شەشەمدا باوباپیرانی لە کێندە -کە خێڵێکی عەرەبی یەمانی بوون- بەهێزترین هۆزە دەوارنشینەکانی باکووریان یەک خست و چەندین پەلاماری وێرانکەریان بۆ سەر هەردوو ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی و فارسی پێ ئەنجام دان. ئەو پیاوەی تەمەنی خۆی لە تێکۆشان بۆ گێڕانەوەی شکۆی بنەماڵەکەیدا خەرج کرد، تا لە میوانیی ئیمپراتۆری بیزەنتی لە ئەنکەرە لە ئاسیای بچووک بەژەهرخواردکراوی کۆچی دوایی کرد. هەروەها لەوانە زوهێر، شاعیری حیکمەتی جیهانیی ساف و ئەعشی سرووددێژی پرۆفیشنال، کە گەڕان و سووڕان بەدوای بژێویدا گەیاندیە باشووری نیشتمانی عەرەب.

تەنیا شاعیرە هونەرییەکان نەبوون کە زمانی گشتی (اللغة العامة) بۆ دەربڕینی شیعری بەکار دەهێنا، بەڵکو لەوەدا شوانەکانی هوزەیلیش هاوبەشیان بوون کە خێوەتیان لەنزیک مەککە هەڵدەدا و زمانێکیان لە شیعرەکانیاندا بەکار دەهێنا بەئاشکرا جیاواز بوو لە زمانی گفتوگۆی رۆژانە، با خۆی لە سەرجەم دیالێکتەکان وەرگیراوە و عەرەب لە هەموو شوێنێک لێی تێدەگەن. پێدەچێت ئەم زمانە گۆرانیئامێز یان شیعرییە، کە هاوشێوەی لای زۆر لە گەلانی بەرایی دەبینین، تەنها لە نەجد و حیجاز باو نەبووبێت، بەڵکو پەلی هاویشت بۆ جەرگەی وڵاتی عێراقیش. پاشان ئەوە بوو بە دایکی عەرەبیی پەتی (فصحی) کە ئیسلام کردی بە زمانێکی جیهانی لە رۆژهەڵاتی نزیک و بەدرێژایی تەواوی کەناری باشووری دەریای سپیی ناوەڕاست.

پێغەمبەر محەمەد

مەکـکە زێـدی پێغەمـبەری عەرەب (کە بەتێیمـۆس بە "ماکورابـا" نـاوی بـردوە، رەنـگە ئەوەیـش بـۆ وشـەی "مقـرب"ی عەرەبەکـانی باشـوور بگەڕێـتەوە، بەواتـای "پەرسـتگە")، دەکەوێتە حیجـاز لە دۆڵێکی بەردینی کڕێن، کە لە باکوورەوە بۆ باشوور درێژ دەبێتەوە لەنێـوان چیـای ئەبـی قـوبەیس لە رۆژهەڵات و چیـای هینـدی لە رۆژئـاوا. کەعـبەیش لە ناوەڕاسـتی مەککەدایە، کە بینـایەکی چـوار گۆشـەییە (ئەمـڕۆ دوای نـۆژەنکردنەوە لەدوای یەکەکانی بەرزاییەکەی دەگاتە ١٦ یاردە و نیو)، بەردە رەشـەکە (الحجر الاسـود) لە یەکێک لەو گۆشانەدایە، رەنگە کۆنترین بت بێت لەو ناوچەیە پەرسـتراببێت، بەبەرزایی ٥٨ ئینچ و نیو لەڕووی زەوی. کەعبە پەیکەری خواوەندی مانگ هـوبەلی تێدا بـوو، جگە لە سێ ژنە خواوەنـدە پەرسـتراوەکە، لات و عـوززا و مەنـات. لە حەوشـەی پەرسـتگەکەدا ئـاوی بیـری زەمزەمـی بەناوبانـگ هەڵقوڵیـوە، کە بەدڵنیـاییەوە شـارەکە لەدەوری ئەو کـانییە دروسـت بـووە. ئەم پـارچە زەویـیە پێش محەمەدیش هەر بە حەرەمێکی پیـرۆز دانـراوە. لە مەککە دەسـەڵات بەدەسـت هـۆزی قورەیشـەوە بـووە، گەورەتـرین تیرەیشیان تیـرەی مەخـزوم و ئومەییە بووە. سامانی لەسەر بازرگانی بووە کە پەیوەندیی پتەوی بە حەجکردن بـۆ کەعبە و چیای عەرەفاتی تەنیشتیەوە هەبووە. نەک هەر ئەوە، بگرە مەککە شـوێنی بەیەککەیشتنی کاروانە بازرگانییەکان بووە لەنێوان باشووری نیشتمانی عەرەب و سـووریادا. سـاڵانە دوو جار ئاشتی گشتی باڵی بەسەر شارەکان و تەواوی باکووری جەزیرەدا دەکێشـا (یەکەمیان لە مـانگی رەجەب حەوتەمـین مـانگی عەرەبـی، دووەمیشـیان لە مـانگی یـازدەیەمەوە تـا (کۆتـا)ی مـانگی یەکەمـی سـاڵی نـوێ، واتە بەدرێژایی مانگەکـانی زیلقیعدە و زیلحـیججە و موحەڕەم)، تا ئەو کاروانانەی لە مەککەوە دەکەوتنە ڕێ بەسەلامەتی و ئاسایش بگەنە ئەو هەرێمانەی مەبەستیان بوو.

لاوێتیی پێغەمبەر

تائیستا بەتەواوەتـی سـاغ نەبوەتەوە پێغەمبەر لە چ سـاڵێکدا لەدایک بـووە. بەگشـتی لە دەوروبەری سـاڵی ٥٧٠ی زاینیدا لەدایک بـووە، بەڵام گومـان لەوەدا نیە هەندێ پـاش ئەو مێژووە بـووە[٨]. پێناچێت هـۆزەکەی، بەنـی هاشـم، رۆڵێکـی تـایبەتی لە مەککەدا گێڕابێت.

---

[٨] بڕوانە: H. Lammens, L, age de Mahomet et la chronologie, de la Sira, Journal Sstique serie X, t 17. P. 209-250.

لەڕاستیدا گێڕانەوە ئیسلامییەکان هەوڵیان داوە هەر لە یەکەم ساتەوە جۆرە شکۆیەک بەژیانی پێغەمبەر ببەخشن، بەڵام ئەمە ئەو راستییە ناسڕێتەوە کە خێزانەکەی لەو قۆناغەی ئەوی تێدا لەدایک بووە بەدەست بارودۆخێکی زۆر سەختەوە دەینااڵند. باوەڕ وایە باوکی، عەبدوڵای کوڕی عەبدولموتەلیب، بازرگانێکی بچووک بووە، دوو مانگ پێش لەدایکبوونی پێغەمبەر لە گەشتێکی بازرگانیدا بۆ شاری مەدینە مردوە. دوای چەند ساڵێکی کەم ئامینەی دایکی محەمەدیش، کە لە خێڵی زوهرە بووە، دەمرێت، لەبەرئەوە بەهەتیوی لای باپیری و پاشتر لای ئەبوتاڵیبی مامەی گەورە بوو. هیچ بەڵگەنامەیەکی جێتمانەمان لەبەردەستدا نیە لەبارەی سەرەتای ژیانی پێغەمبەر ئەم چەند ئایەتەی سورەتی (الضحی) نەبێت:

أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَآوَى. وَوَجَدَكَ ضَالًّا فَهَدَى. وَوَجَدَكَ عَائِلًا فَأَغْنَى. فَأَمَّا الْيَتِيمَ فَلَا تَقْهَرْ. وَأَمَّا السَّائِلَ فَلَا تَنْهَرْ. وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ. {الضحى: ٦-١١}.

هاوسەرگیرکردنی

کاتێک محەمەد گەیشتە تەمەنی لاوی، لە بازرگانیدا لای خەدیجە کاری دەکرد، کە بێوەژنێکی دەوڵەمەند بوو، بەتەنیا دریژەی بەو بازرگانییە دەدا کە لە دوو میردی پێشووی بۆی مابوویەوە، چونکە لە سەردەمی پێش ئیسلامدا ئافرەتانی عەرەب، بەتایبەت ئەوانەیان لەڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆ بوون، ئازادییەکی زۆر فراوانتریان هەبوو لەچاو پاشتر. وادیارە محەمەد لەو قۆناغەدا لەگەڵ هەندێ لە کاروانەکانی مەککەدا بەرەو باشوور رۆیشتوە، رەنگە بۆ بوسرا کە بەحوکمی ئەوەی قەاڵی سەرەکیی بیزەنتی بوو لەو ناوچەیەی دەکەوێتە رۆژهەاڵتی ئەردەن، ناوەندێک بوو لە ناوەندەکانی بازرگانیی گەنم. تەنانەت لەو تەمەنە زووەیشدا بەهرەی تایبەتی پێوە دیار بوو. هەرچۆن بێت، خەدیجە هەستێکی بەهێزی بەرانبەری هەبوو ئەگەرچی نزیکەی پازدە سال لەو گەورەتریش بوو، هەربۆیە پێشنیازی هاوسەرگیری بۆ کرد، ئەویش رازی بوو. وادیارە ئەو هاوسەرگیرییە هەر تەنیا پێویستییە ماددیەکانی بۆ فەراهەم نەکرد، بەڵکو لە چەندین رووەوە ئاسوودەیی بۆ هێنا. خەدیجە لە محەمەد چوار کچ و دوو کوڕی بوو، کە کوڕەکانی هەر بەمنداڵی مردن. بەدڵنیاییەوە پاش هاوسەرگیرییەکە بەزەوق و لێبڕانەوە کاری بۆ بەدیهێنانی پرۆژە بازرگانییەکانی هاوسەرەکەی کردوە، لە قۆناغەکانی پاشتری ژیانیشیدا نکوڵی لەوە نەکردوە کە ئەو بازرگانێک بووە. لە ئاخاوتنی مەجازیدا شەیدای وێنە و خوازەی بازرگانی بووە.

بوون به پێغەمبەر

وادیارە مەحەمەد لە ماوەیەکی زۆر زووەوە خووی داوەتە بیرکردنەوە لە مەسەلە ئایینییەکان. ئەوەیش سەیر نیە بۆ رۆحە قوولەکانی نێو خەڵکانی سەردەمەکەی کە بتپەرستی تینوێتیی رۆحییانی نەدەشکاند. گێڕانەوەکان باس لەوە دەکەن لە گەشتەکانیدا پەیوەندی بە هەندێ لە جولەکە و دیانەکانەوە کردوە. بەڵام لە مەککە خۆیدا رەنگە پەیوەندی بەهەندێ گرووپی دیان (مەسیحی)ەوە کردبێت کە زانیارییەکی تارادەیەکی زۆر کرچ و کاڵیان لەبارەی تەورات هەبووە. تا دەهات باوەڕ بەخوا زیاتر دڵی پڕ دەکرد و بەتاڵیی خواوەندەکانیتری بۆ دەردەکەوت. بەڵام وادیارە لە ساڵە بەرایەکانی پێغەمبەرایەتییەکەیدا دانی بە سێ ژنە خواوەندەکەی کەعبەدا ناوە کە هاوشارییەکانی بە کچانی خوایان دادەنان. لە یەکێک لەو ئایەتانەی بۆی هاتوون ئاماژەیان بۆ دەکات کە دەڵێت: (تلک الغرانیق العلی. وان شفاعتهمن لترتجی) [٩].

بەڵام پاشتر کاتێک هۆشیاریی یەکتاپەرستییانەی زیاتر پێگەیشت، دانپێدانانەکەی کێشایەوە. سوورەتی پەنجا و سێیەم نکوڵی لەوە دەکات سێ ژنە خواوەندەکان کچی خودا بن. تراديسیۆن پاشتر ئەو دانپێدانانەی تەنیا بە فریودانێکی دانا لەلایەن شەیتانەوە، لەبەرئەوە رووداوەکانی بۆ سەختترین ساتەکانی پێغەمبەر لە مەککە گێڕاوەتەوە، کە رۆژی پاشتر خۆی لێ بێبەری کرد.

بەڵام لەکاتێکدا هەندێ لە هاوسەردەمانی پێغەمبەر، وەک ئومەییە بن ئەبی سەڵت شاعیری تائیف، کە شارۆچکەیەکە لەولای مەککەوە، تەنیا بە یەکتاپەرستییەکی گشتی وازیان هێنابوو، محەمەد خووی بە زوهد و گۆشەگیرییەوە گرت و بەدرێژایی چەندین شەو لە ئەشکەوتی حیرا (غار الحراء) لەنزیک مەککە خۆی دەدا بەدەم رامانەکانییەوە سەبارەت بە رزگاربوونی رۆحیی خۆی. لەوە دڵنیا بوو باوەڕی بتپەرستیی هاوشارییەکانی بێکەڵک و بەتاڵە و لە قوولایی دەروونی خۆیدا ئەم پرسیارە گینگڵی دەخواردە: ئاخۆ تاکەی خوا درێژە بە گومڕاییان دەدات مادام خوا سەرەنجام لەڕێی پێغەمبەرەکانیەوە خۆی پیشانی گەلانیتر داوە؟ بەم شێوەیە ئەو بیرۆکەیەی لەلا گەلاڵە بوو کە ئەو بانگ کراوە تا ئەو پەیامە، پەیامی پێغەمبەرایەتی، بگرێتە ئەستۆ. بەڵام شەرمە خۆرسکەکەی بۆ ماوەیەکی کورت رێگر بوو لەوەی پێغەمبەرایەتییەکەی رابگەیەنێت و گومانەکەی نەڕەوییەوە تا ئەوکاتەی تووشی ئەزموونێکی نائاسایی بوو لە ئەشکەوتی حیرا. ئەوە بوو رۆژێکیان لەوێ کەسێک خۆی پیشان دا -کە پاشتر محەمەد بە فریشتە

---

[٩] غرنوق لەڕاستیدا ماسیگرە (مالک الحزین)ی سپییە. رەنگە مەعریفەیەکی تەمومژاوی سەبارەت بە باڵندەی پیرۆزی میسرییەکان، باڵندەی عەنقا، یان ماسیگرەی بۆر (خۆڵەمێشی) بە پێغەمبەر گەیشتبێت. بڕوانە: S Hess in Zeitschrift der Deutschen Morgenlandischen Gesellschaft, 69 (1915) pp. 385-8.

جبریل ناساندی- نیگای بۆ کرد که خوا ئەوی بۆ ڕێپیشاندانی ئوممەت هەڵبژاردوە. هاوسەرەکەی دەستبەجێ باوەڕی بە پەیامە پیرۆزەکەی هێنا، خۆیشی لە دوایین گومانەکانی رزگاری بوو پاش دووبارەبوونەوە و زیادبوونی ئەو حاڵەتانەی تێیاندا دەنگە ئیلاهییەکە بانگی دەکرد. هەر هێندەی ئەم حاڵەتانە تێپەڕین ئەوەی گومانی وابوو گوێی لێ بووە، وەک وەحیی خوا رایگەیاند.

بەڵام ئەوە لە سەرەتادا بایەخێکی گەورەی لەنێو هاوڵاتیاندا پێنەدرا و هەست و سۆزیانی نەبزواند، چونکە بەوە ڕاهاتبوون بەنزیکەیی لە هەموو هۆزێکدا وەک چۆن شاعیر پەیدا دەبوون، ناوبەناو "کاهین"ێکیش پەیدا ببێت کە بتوانێت حوکمەکانی سەبارەت بەو کێشە و ناکۆکییە تەمومژاوییانەی دەبرانە لای (لە کوشتن و دزی یان وێڵبوون و ونبوونی وشتر) بداتە پاڵ "هاوەڵ"ێکی نادیار (غەیبی)ی خۆی و لە شێوەی پەخشانێکی سەروادارداً، وەک ئەوەی پێغەمبەر لە ڕاگەیاندنی ئەو وەحییەی بۆی دابەزیبوو کردی، بیخوێنێتەوە. لێرەوە دەبوو محەمەد جار دوای جار وریای ئەوە بێت هاوڵاتییەکانی لە ڕیز و پایەی ئەو کاهینانەدا دانەنێن.

کرۆکی ئەو ئایەتە بەراییانەی بەوەحی بۆ محەمەد هاتن پێشبینیکردنی ڕووداوی ڕۆژێکی ڕەستاخێز بوو، تێیدا هەموو کەسێک بەجیا زیندوو دەکرێتەوە و پاداشتی کردەوەکانی دەدرێتەوە. ئەو خۆیشی لەو ڕۆژە ترساوە وەک چۆن مەسیحییە بەراییەکان لێی دەترسان، هەروەها وەک چۆن شوێنکەوتوانی گرووپە مەسیحییەکانی سەردەمەکەی – گومانی بەهێز وایە- هێشتا لێی دەترسان. پاشتر باسی ڕۆژێکی لێپرسینەوەی گشتگیری کرد کە سەرجەم تاکەکانی گەلەکەی دەگرێتەوە و دوژمنانی خودا و پێغەمبەرەکەی لەسەر ڕووی زەوی دەسڕێتەوە. هاوکات لەبەرانبەر ئەم وێنە ترسێنەرانەدا وێنەکانی ناز و نیعمەتی فیردەوس و ژیانە خۆش و ڕەنگاڵەییەکەیشی دەخاتە ڕوو. لەڕاستیدا بیروباوەڕە فارسییەکان هاوشێوەی مەسیحییە ئارامییەکان، لای ئەویش ڕەنگیان داوەتەوە. ئەوەتا یەکێک لەو پەیکەرانەی لە تەدمور هەڵکۆڵراون وێنەی مردووانە کە بەجلوبەرگی جەژنەوە نان دەخۆن.

ئەو بڵندبوونەوە ڕۆحییەی پێغەمبەر لەو ساڵە بەراییانەی پەیامەکەیدا، لە شێوازی ئایەتەکان خۆیاندا بەرجەستە دەبێت، کە پڕن لە وێنەی نایاب و دڵگیر، نەفەسی گوتارەکەی هاوئاهەنگیی مۆسیقی و هەستی شیعریانەی ڕەسەنی لێ دەتکێت. پاشان هاوشێوەی نەفەسی کاهینە بتپەرستەکان، واباوە زۆر کورتن و بەشێوەی سوێندخواردنی نائاسایی دەست پێدەکەن.

باوەڕدارانی بەرایی

لەو کەسانەیتر کە شوێنپێی هاوسەر و کچەکانی محەمەدیان هەڵگرت لە باوەڕهێنان بە پەیامەکەیدا، عەلی ئامۆزای و زەیدی بەندە و ئازادکراوی، هەروەها هەردوو هاوڕێکەی، ئەبوبەکر و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس بوون. لەڕاستیدا ریزبەندیی کاتی باوەڕهێنانی ئەو باوەڕدارە راستگۆ بەراییانە بە ئاینی نوێ رای جیاوازی لەبارەوە هەیە و پاشتر زۆر جار لەبەر ئیعتیباراتی سیاسی پاش و پێشیان پێ کراوە[١٠] . هەرچی شوێنکەوتەکانیتری محەمەد بوون سەرەتا هەرهەموویان کۆیلە و هەژار بوون ئەگەرچی پێدەچێت لە سەرەتادا پەیوەندی لەگەڵ چینی دەسەلاتداریشدا باش بووبێت، ئەو چینەی لە شانازیکردن بەو حەرەمە پیرۆزەی لە مەککەدا بوو هاوبەشی بوون. لەڕاستیدا ئەو چینە هەستی بەمەترسی نەکرد تا ئەوکاتەی پێغەمبەر هێرشی کردە سەر خواوەندەکانی باوباپیرانیان. ناپەسەندترین باوەڕەکانی بەلایانەوە بەتایبەت، باوەڕبوون بوو بەوەی رۆژی قیامەت جەستەکان زیندوو و کۆدەکرێنەوە. ئەمە جگە لەوەی پیاوانی ئەو چینە حوکمڕانە قورس بوو لەسەریان ببینن محەمەد، کە سەر بە خێڵێکی پلەنزمترە، سەرۆکی گرووپێک بێت کە سەرەڕای بچووکییەکەی دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتدا دروست بکات. لەبەرئەوە دەبوو (محەمەد) لە ئایەتەکاندا کە تا دەهات توندتر دەبوون، بەڕەچی هێرشەکانی رکابەرانی بداتەوە، تا کار گەیشتە ئەوەی نەفرەتیان لێ بکات، لە ئایەتێکدا ناوی ئەبولەهەبی مامی هێناوە و نەفرەتی لێ کردوە.

محەمەد داوای لە شوێنکەوتوانی کرد دان بە یەکتایی خودادا بنێن و خۆیانی پێ بسپێرن، لەبەرئەوە ئاینەکەی بەناوی ئیسلام (خۆسپاردن) ناسرا. رەنگە لە کاتێکی زۆر زوودا پارەی خێر یان زەکاتی لێ کۆکردبنەوە تا بۆ شوێنکەوتە نەدارەکانی خەرج بکرێت. بەڵام ئەم فەرزە پاشتر لە مەدینە رۆڵی گەورەی خۆی وەردەگرێت. ئەرکی سەرەکیی بڕواداران کە لەڕێیەوە لابەندییان بۆ گرووپە نوێیەکە رادەگەیاند، بریتی بوو لە نوێژکردن دوو جار لە رۆژێکدا، پاشان سێ جار و لە کۆتاییشدا پێنج جار لە رۆژێکدا. هەرچی سروورتە ئاینیەکانیترن، وەک پارانەوە لە خودا -بەتایبەت شەونوێژ- کە محەمەد بەگەرمی ئەنجامی دەدا، هاوشێوەی زاهیدانی مەسیحی، بە مەسەلەیەکی تایبەت دادەنرا، بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نیە ئەوەیە ئەو نوێژانە هەر لە سەرەتاوە بەدەستنوێژگرتن دەستیان پێدەکرد، کە لای هەندێ تایفەی مەسیحیش باو بوو.

لە گەرمەی ئەم ململانێ سەخت و سەرنەکەوتووەدا دژی ملنەدان و باوەڕنەهێنانی هاوڵاتییە ئەریستۆکراتیەکانی، محەمەد دڵی خۆی بە پێغەمبەرانی پێشوو دەدایەوە، کە

---

[١٠] بڕوانە: Th, Noldeke, zur tendenziosen Gestaltung der Urgeschichte des Islams, Z D M G, 52 (1898), pp. 16-38.

ئەرکەکانیان لەگەڵ قەومەکانیان لەوەی ئەو ئاسانتر نەبوو. لێرەوە دەبینین لە قۆناغی یەکەمیدا بەزۆری ئاماژە بۆ چیرۆک و بەسەرهاتی ئەو پێغەمبەرانە و بەتایبەت چیرۆکی موسا دەکات. گومان لەوەدا نیە زانیاری لەبارەی کێشەی پیرۆز زۆر روونکەرەوە و پڕ هەڵە بووە، رەنگە لە هەندێ لەو هەڵانەدا قەرزاری ئەفسانەکانی جولەکە بێت، کە چیرۆکەکانی تلمود پڕن لەوانە. بەڵام لەوەدا زیاتر قەرزاری مامۆستا مەسیحییەکانە کە بە ئینجیلی منداڵیتی، هەروەها بە بەسەرهاتی حەوت پیاوی ئەشکەوت و بەسەرهاتی ئەسکەندەر و ئەو بابەتانەیتریان ئاشنا کرد کە لە کتێبەکانی چاخی ناوەڕاستدا زۆرن. لەپاڵ ئەوەدا هەندێ سەرگوزەشتەی عەرەبیش هەبوون وەک ئەوانەی باس لە لەناوچوونی سەموود دەکەن، کە لەوانەیە چیرۆکی لاوەکیی پێغەمبەر ساڵحی وەک پاشکۆیەکی پێویست بۆ زیاد کردبێت. لێرەدا، لەم چیرۆکانەدا، دەبینین شێوازەکەی بەرەو درێژکردنەوەی زیاتر و گەرموگوڕیی کەمتر دەچێت، هەروەک دەبینین ئەم چیرۆکانەی بەهەندێ مشتومڕ رازاندۆتەوە کە بەدەوری تەوەری سەلماندنی بوونی خوادا دەخولێنەوە، بە پشتبەستن بەو بەڵگە جیاوازنەی سروشت پێشکەشیان دەکات.

کۆچکردن بۆ حەبەشە

بەڵام زۆری نەبرد دوژمنەکانی سنووری قۆناغی نکوڵیکردنی ڕووت لە بیروباوەڕەکانیان تێپەڕاند. هەستیان بەمەترسیی بڵاوبوونەوەی ئایینە تازەکەی لەسەر بەرژەوەندییە گشتیەکانیان کرد، لەبەرئەوە دەستیان دایە چەوساندنەوەی بەندە و ئازادکراوەکان کە باوەڕهێنانیان ئاشکرا کردبوو و بەسەختی ئەشکەنجەیان دەدان، بەڵام پێغەمبەر خۆی بەهۆی پاراستنی لەلایەن هۆزەکەیەوە لەو ئەشکەنجەدانانە پارێزراو بوو. ئەبوبەکری هاوڕێی محەمەد، وەک دەوترێت، بەشێکی زۆری سامانەکەی بۆ کڕینەوەی ئازادیی شەهیدەکان خەرج دەکرد، بەڵام بێگومان توانا و دەسەڵاتی لەوە کەمتر بوو بتوانێت سووکایەتی لە گشت برا بڕوادارەکانی دوور بخاتەوە. لەبەرئەوە پێغەمبەر بڕیاری دا لەڕێی کۆچکردنەوە لانیکەم هەندێ لە شوێنکەوتەکانی لە ئازاری چەوسێنەرانیان بپارێزێت. لەو ڕووەیشەوە لەو کاتەدا ئاینەکەی زۆر بەجیاواز لە مەسیحییەت دانەدەنا، شوێنکەوتەکانی ڕەوانەی خاکی نەجاشی کرد، کە نزیکترین نوێنەری سیاسیی مەسیحییەت بوو بکرێت پەنای بۆ ببرێت. هاوڵاتیێە بتپەرستەکانی محەمەدیش پەیوەندییان بە بەشی باشووری نیشتمانی عەرەبەوە هەبوو کە ئەوکاتە لەژێر قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆرییەتی فارسیدا بوو. بەڵام فارس دوژمنێکی کۆنی دەوڵەتانی مەسیحی بوو، هاوڵاتیێە مەککەییەکانی محەمەد بەخۆشی و شادییەوە هەواڵی سەرکەوتنی فارسیان بەسەر بیزەنتیەکان لە سووریا لە ساڵی ٦١٤ وەرگرت، لەکاتێکدا ئەو، لە سییەمین سووڕەتی

قورئانـدا (سـووره‌تی: الـروم-وه‌رگێـڕ)، هۆشـداریی دایه فارسـه‌کان که له مـاوه‌ی چه‌نـد سـاڵێکدا ده‌شـکێن. لێـره‌وه پێغه‌مـبه‌ر هه‌ڵه‌ی نه‌کـرد له مه‌زه‌نـده‌کردنی ئه‌وه‌ی نه‌جاشـیی کریسـتیان داڵده‌ی شـۆێنکه‌وته‌کانی ده‌دات، که له چه‌وسـاندنه‌وه‌ی بتپه‌رسـتان هه‌ڵاتبـوون. وه‌ک زانـراوه ئه‌م کـۆچه له سـاڵی پێنجه‌مـی پێغه‌مبه‌رایه‌تیـی مـحه‌مه‌دا بـوو، هه‌روه‌هـا کـۆچبه‌ران -که ژماره‌یـان ٨٢ پیـاو و چه‌نـد ئافره‌تێـک بـوو- روقـیه‌ی کچـی پێغه‌مـبه‌ر و عوسمانی مێردیان تێدا بوو، که پاشتر بوو به سێیه‌م جێنشین (خه‌لیفه).

ئیسلامبوونی عومه‌ر

له‌م کاته‌دا ئه‌و موسڵمانانه‌ی له مه‌ککه مابوونه‌وه به‌موسڵمانبوونی که‌سایه‌تییه‌کی نوێ و خـاوه‌ن پـێگه، پشـتقایم و به‌هێـز بـوون، ئه‌ویـش عـومه‌ری کـوڕی خه‌تتـاب بـوو، که تایبه‌تمه‌ندییه‌کانی پایه‌یه‌کی دیاریـان له شـاره‌که‌دا پێ دابوو، له سـه‌ری دایکیه‌وه سـه‌ر به تیره‌ی به‌هێز و ده‌وڵه‌مه‌ندی "مه‌خزوم" بوو. ئه‌م رووداوه ده‌نگدانه‌وه‌یه‌کی گه‌وره‌ی له‌ناو مه‌ککه‌ییه‌کاندا هه‌بوو، ئه‌وه‌ی زیـاتر مه‌ترسـیداری کردبوو ئه‌وه بوو عـومه‌ر تـا ئه‌وکاته له دیـارترین دژبه‌رانی مـحه‌مه‌د و تونـدترینیان بوو له‌گه‌ڵیـدا. له‌ئه‌نجـامی ئه‌وه‌دا مه‌ککه‌ییه‌کـان بڕیاریـان دا ئه‌و زیـانه به پـه‌نـابردن بـۆ ڕێوشـوێنی نـوێ و تونـدتر قه‌ره‌بـوو بـکه‌نه‌وه. له‌به‌رئه‌وه بـایکۆتی مـحه‌مه‌د و سـه‌رجه‌م شـۆێنکه‌وتوانیان کـرد و له‌و شـوێنه‌ی تێیـدا نیشته‌جێ بوون له شیوی ئه‌بوتاڵیب گه‌مارۆیان خستانه سه‌ر. ئه‌گه‌رچی ئه‌بوتاڵیب مام و پارێزه‌ری پێغه‌مبه‌ر نه‌چووه ناو ئاینه تازه‌که‌وه، به‌ڵام به‌توندی و تووڕه‌ییه‌وه داواکاریی مه‌ککه‌ییه‌کانی بۆ ده‌ستهه‌ڵگرتن له پاراستنی محه‌مه‌د ڕه‌ت ده‌کرده‌وه.

له‌پاسـتیدا مه‌ککه‌ییه‌کـان زۆری نه‌بـرد ناچـار بـوون گه‌مـارۆکه هه‌ڵبگـرن پـاش ئه‌وه‌ی نه‌تـوانرا به‌شـێوه‌یه‌کی کـاریگه‌ر جێبه‌جـێ بکرێـت. به‌ڵام که‌مێـک پـاش ئه‌وه دوو کۆسـتی قورس به‌سه‌ر پێغه‌مبه‌ردا هاتن، ئه‌وه بوو هه‌ر له هه‌مان ساڵدا، واته ساڵی ٦١٩، خه‌دیجه‌ی هاوسـه‌ری و ئه‌بوتـاڵیبی مـامی له‌ده‌ست دا و ده‌بـوو ئه‌بـوله‌هه‌ب سـه‌رباری دژایه‌تییه‌که‌ی بـۆی و سـه‌رباری ئه‌وه‌ی پێغه‌مـبه‌ر له یه‌کێـک له سـووره‌ته‌کاندا له‌عنه‌تـی لـێ کردبـوو، له پاراستنیدا جێگه‌ی براکه‌ی بگرێته‌وه، چونکه پـاش مردنـی ئه‌بوتاڵیب سـه‌رۆکایه‌تیی به‌نـی هاشـم گـوێزرایه‌وه بـۆ ئه‌بـوله‌هه‌ب و ده‌بـوو به‌حـوکمی شـه‌ره‌ف و خزمـایه‌تی بـرازاکه‌ی بپارێزێت. هه‌رچۆن بێت شتێکی سروشتی نه‌بوو ئه‌و په‌یوه‌ندییه زۆر بخایه‌نێت.

ئه‌م دۆخه نائومێـدکه‌ره وای له مـحه‌مه‌د کـرد بیـر له ڕێگه‌ی ڕزگـاربوون له ده‌ره‌وه‌ی مه‌کـکه بکـاته‌وه. دوای چه‌نـد هه‌وڵێکـی بێسـوود بـۆ کـۆکردنه‌وه‌ی لایه‌نگـر له بـازاڕه گه‌وره‌کـانی ده‌وروبه‌ردا، ڕووی کـرده تـائیف، که شـارێکه ده‌که‌وێـته باشـووری مه‌ککه و دانیشتوانه‌که‌ی، به‌نی سه‌قیف، په‌یوه‌ندیی بازرگانیی پته‌ویان له‌گه‌ڵ مه‌ککه‌ییه‌کان هه‌بوو.

بەڵام ئەوانیش لە دەربڕینی ئامادەیی بۆ قبوڵکردنی پەیامەکەی لە خەڵکی شارەکەی خۆی باشتر نەبوون، بگرە گاڵتەیان پێکرد و منال و مەرزمیان لێ هەڵنا و بەردبارانیان کرد، لەبەرئەوە ناچار بوو پەنا ببات بەر پیاوێکی بتپەرستی هۆزەکەی خۆی تا بیپارێزێت. نەیوێرا بگەڕێتەوە مەککە تا پاش ئەوەی یەکێک لە پیاوماقوولانی هۆزەکەی دااڵدەی دا.

لە ئاداری ساڵی ٦٢٠، لەکاتی وەرزی حەجی داهاتوودا، محەمەد هەوڵی دا بانگەوازەکەی لەنێو ئەو خەڵکە عەرەبەی لە سەرتاسەری دورگەی عەرەبییەوە بەلێشاو رووبان لە مەککە دەکرد، بڵاو بکاتەوە. لەکاتێکدا بەوەوە سەرقاڵ بوو، چاوی بەچەند کەسێک لە هۆزی خەزرەج کەوت کە لە مەدینە نیشتەجێ بوون. مەدینە کۆمەڵگەیەکی گەورەی جولەکەی تێدا بوو، کە رق و کینەی درێژخایەنیان لەگەڵ بتپەرستەکان هەبوو، لێرەوە پێدەچێت بتپەرستانیان بەنزیکی دەرکەوتنی مەسیح ترساندبێت کە دێت و تۆڵەیان لە چەوسێنەرانیان بۆ دەکاتەوە. لێرەوە مەدینەییەکان ئاشناییان بە بیرۆکەی پەیامبەری ئیلاهی هەبوو و هاتنە ناو ئیسلام، لەبەرئەوەی بەحوکمی دۆخی شارەکەیان پێش هەموو شتێک بۆ بیرە ئاینییەکان ئامادە بوون، ئامادەییەک تەواو لە ئامادەیی مەککەییەکان جیاواز بوو، کە دەستیان بەئامرازەکانی ناز و نیعمەت و خۆشگوزەرانییەوە گرتبوو.

مەدینە

شارەکەیان کە تا ئەوکاتە بە "یەثریب" ناسرابوو نەک بە "مەدینە" (شاری پێغەمبەری خودا) کە پاشتر بەو ناوە دەناسرێت، دەکەوێتە دەشتاییەکی تەڕ و پاراو لە باکووری حیجاز لەنزیک ئەو زنجیرە چیایەی نەجد لە تیهامە جیا دەکاتەوە. یەثریب هاوشێوەی شارە شارستانییەکانی ناو مێرگەکانی باکووری رۆژاوای نیشتمانی عەرەب، لە زەوی کێڵراو و ماڵی سەقامگیر و پەرش و بڵاو لەنێو درەختی دار خورما و باخچە و کێڵگەی چێنراو پێکهاتبوو. لەو مێرگەدا هەردوو هۆزی ئەوس و خەزرەج بااڵدەست بوون کە پێغەمبەر رێزی لێنان و نازناوی یاریدەدەران یاخود پشتیوانان "الانصار"ی لێنان. ئەوس و خەزرەج خۆیان بە عەرەبی باشوور دادەنا. باوەڕ وایە پێش کۆچکردنی ئەوان بۆ ئەو شارە، لەدەستی جولەکەکاندا بووبێت، بەڵام پێدەچێت دەسەاڵتی ئابووریی جولەکە بەهۆی هەڵمەتەکەی حاکمی حەبەشی ئەبرەهەوە بۆ سەر یەمەن لاواز بووبێت و لەوکاتەوە دەبوو جولەکە بەدابەشبوویی لەنێوان ئەوس و خەزرەجدا بژین، کە سەرەتا وەک بێگانە بە یەثریب دەستیان بەژیان کرد. لەڕاستیدا بەنو قەینوقاع تاکە هۆزی جولەکە بوو کە ماڵەکانیان وەک گەڕەکێکی جیا پێکەوە مابوو، بەڵام زەوییەکانیشی لەدەست دا و لە جولەکەکان تەنیا بەنی نەزیر و بەنی قورەیزە پارێزگارییان لە زەوییەکانیان کرد کە لەگەڵ

ئەوس دەژیان و ماوەیەکی کەم لەوەوپێش گەیشتنە ئەوەی پەیوەندیی سیاسییان لەسەر بناغەی یەکسانی لەگەڵیان ببەستن.

عەرەبی یەثریب بوونە جووتیار و لە مالّی پەرژینداردا بوون، بەڵام هێشتا لە دابونەریتە ئازادەکانی ژیانی دەوارنشینی (بەدەوی) دانەماڵرابوون. ملکەچی دەسەلاتێکی ناوەندی نەبوون، بەڵام –بەهۆی ژیانی جێگیریانەوە– نەیاندەتوانی وەک پێشتر خۆیان لە ناکۆکیی بەردەوامی نێوانیان لابدەن. بەم شێوەیە هەردەم لە کێشە و ناکۆکیی ناوخۆییدا بوون تا سەرەنجام شەڕێکی ناوخۆیی لەنێوان ئەوس و خەزرەج بەرپا بوو و شارەکەی بۆ دوو ئۆردوگای دژبەیەک دابەش کرد. ئەوس ملکەچ بوون بۆ خەزرەج و تاقمێکیان بەئاشتەواییەکی سەرکزانە رازی بوون کە پاش لەدەستدانی زەوییەکانیان کردنیە بێگانە لە شارەکەدا، لەکاتێکدا تاقمێکیتریان وایان پێ باشتر بوو سەربەرزانە خاکەکە بەجێ بهێڵن و سەری خۆیان هەڵبگرن و بڕۆن. بەڵام ئەوسییەکان پاشتر یەکیان گرت و لەگەڵ هەردوو هۆزی بەنی نەزیر و بەنی قورەیزەی جولەکە هاوپەیمانییان بەست و توانییان، دوای مملانێیەکی درێژخایەن، لە شەڕێکی گەورە و یەکلاکەرەوەدا کە لە (بوعاث) بەڕێوە چوو، بەسەر خەزرەجییەکاندا زاڵ بن. ئاشتەواییەکی شەرەفمەندانە بەدوای ئەم شەڕەدا نەهات، بەڵکو کێشەکە بەتوندی و خوێناوی لەنێواناندا درێژەی کێشا، بەشێوەیەک پیاوێکیان نەیدەتوانی بچێت بەدەم پێویستییەکیەوە بەبێ ئەوەی خۆی دووچاری مەرگ بکات. بێگومان هەردوو هۆزەکە سەرەنجام گەیشتونەتە ئەو قەناعەتەی توانای بەرگەگرتنی ئەو دۆخەیان بۆ ماوەیەکی درێژ نابێت، بەتایبەت کە هێشتا هەردوولا ئەو هەست بەیەکێتییەیان لەدەست نەدابوو کە بەیەکیەوە دەبەستنەوە، بەڵام کەس لە هیچ لایەکیان هەژموونی ئەدەبیی پێویستی نەبوو کە بتوانێت ریزەکان یەک بخاتەوە و بۆچوونەکان لەیەکتر نزیک بکاتەوە. لەڕاستیدا دەبوو ئەو ناوبژیوانەی هەردوولا پەرۆشی هاتنی بوون، لە دەرەوەوە بێت. دەکرا ئەو ئەرکە بکەوێتە ئەستۆی کاهینێکی بتپەرست، بەڵام ئەوە رووی نەدا، ئەو ناکۆکییە خوێناوییەی نێوان پسمامان رێگەی بۆ پێغەمبەر خۆش کرد.

ئەو شەش خەزرەجییەی محەمەد لە وەرزی حەجی سالّی ٦٢٠دا چاوی پێیان کەوت، گەڕانەوە ئاواییەکەی خۆیان و کەوتنە بانگەوازکردن بۆ ئاینە نوێیەکە، لەوەیشدا موسڵمانێک لەوانەی پێشتر کۆچیان کردبوو بۆ حەبەشە یارمەتی دەدان. کاتێک سالّ سووڕایەوە پێنجیان گەڕانەوە بۆ مەککە و حەوت کەسیتری نەوموسڵمانیان لەتەکدا بوو. لە عەقەبە کە رێڕەوێکە لەنێوان مینا و مەککەدا، لەگەڵ محەمەد کۆبوونەوە، لەوێ یاسا بنچینەییەکانی ئیسلامی لەسەریان فەرز کرد، پاشان بۆ جاری دووەم بەرەو مەدینە ئاراستەی کردنەوە پاش ئەوەی قورئانخوێنێکی لەگەڵدا ناردن.

لەوکـاتەدا –وەک گێرانەوەکـان باسـی دەکەن– موسـڵمانەکانی مەکـکە بەدەسـت تەنگژەیەکـی تـازەوە دەیانناڵانـد. باسـکردنی مـحەمەد لە شـەوڕەوی (ئیسـرا) سەرسوڕهێنەکەی بەیاوەریی جبریل بۆ بەیتولمەقدیس و لەوێوە بۆ ئاسمان، شـەپۆلێکی گومـانی خستبووە دەروونـی هەندێ لە ئیمانـداران. بەڵام ئەبـوبەکر بەنمـوونەی بـاوەڕە دامەزراوەکەی توانی گومانداران بێدەنگ بکات و دوودڵییەکەیان بڕەوێنێتەوە. دەگونجێت ئەو گەشتە ئاسمانییەی پێغەمبەر، کە پاشتر لە ئەفسانە شیعرییەکانی سـەرجەم ئەدەبی ئیسـلامیدا بەزۆری ئامـاژەی پـێ دراوە، لەوە کـۆنتر بێـت، رەنـگە بـۆ سـەرەتاکانی پێغەمبەرایەتی بگەڕێتەوە. ئەم جۆرە دیدانە لەکاتی شـەوبێداریی عەڕافاندا لای هەندێ لە گەلانی بەرایی زانراو و چەسپاوە. کاتێک وەرزی حەجی ساڵی ٦٢٢ هـات ژمارەیەکی زۆر بڕوادارێ نوێ لە مەدینەوە گەیشتنە مەککە، هەندێکیان سـەر بە ئەوس و هەندێکیان سـەر بە خەزرەج بـوون، پێغەمـبەر دیسـان لە عەقەبە لەگەڵیان کۆبـوونەوە و عەباسـی مامیشـی لەگەڵدا بوو. لەو کۆبـوونەوەیەدا عەباس رایگەیاند مـحەمەد لەنـاو هـۆزەکەی خۆیدا رێز و شکۆی هەیە و پارێزراوە و ئەگەر ئەوان ئامادە نین بەئەمەک بن بۆی، وابـاشـترە وازی لێ بێنن لەنـاو مـاڵ و عەشـیرەتەکەی خۆیدا بێت. ئەوانـیش بەیعەتیان دایە بیپـارێزن و پشـتی تێنەکەن.

کۆچکردن

لە هاوینی ساڵی ٦٢٢ شـوێنکەوتوانی مـحەمەد بەبێدەنگی مەککەیان بەرەو مەدینە بەجێ هێشت. بەڵام پێغەمبەر خۆی و ئەبـوبەکری هـاوڕێی تـا پـایز مـانەوە، تـا هەندێ کاروبـاری بازرگـانیی شـوێنکەوتوانی سـاف بکـات. لە ٢٠ی ئەیلـولی سـاڵی ٦٢٢ گەیشـتە قوبـا، کە دەشتاییەکە دەکەوێتە دووریی نزیکەی سێ لەسـەر چـواری میلێک لە باشـووری مەدینە. پێغەمبەر پێنج رۆژ لە قوبـا مـایەوە پێش ئەوەی بگوێزێتەوە بۆ مەدینە. پاشـان بەسـواری وشـترەکەی کەوتە ڕێ، بەڵای هەر هۆزێکـدا تێـدەپەڕی سـەرۆکەکەی بـانگی دەکـرد لای ئەوان لابـدات و بمێنـەوە، ئەویـش پێـی دەوتـن: پێشـی چـۆڵکەن ئەو فەرمـانپێکراوە. تـا لە گەڕەکی خەزرەج پاڵی دایەوە و لە ماڵی یەکێکیان دابەزی. لەڕاسـتیدا ئەم کۆچە کە کۆتـایی قۆناغێکی ناسەقامگیر و سەرەتای ژیانێکی نوێ پیشان دەدات، رووداوێکی زۆر گرنگ بوو لە ژیـانی موسـڵماناندا، بەشـێوەیەک لە سـەردەمی عـومەری کـوڕی خەتتـابدا سـەرەتای ئەو ساڵە کرا بە سەرەتای مێژووی ئیسلامی.

پاش ماوەیەک پێغەمبەر ماڵێکی تایبەتی بۆ خۆی دامەزراند، کە وەک مـاڵی شـوێنکەوتە تازە مەدینەییەکانی، لە چەند ژوورێک پێکهـاتبوو، هەندێکیان بۆ دانیشـتن و هەندێکیان بۆ کـار، لە ناوەڕاسـتی حەوشـەیەکدا کە دیـوارێکی لە قـوڕ دروسـتکراو دەوری دابـوو.

ژووره‌کان له لقی دارخورما دروست کران و به‌پەلکی دارخورما سه‌رده‌گیران که به چینێک کلس داده‌پۆشران. پاشتر خێوه‌تێک بۆ ماڵه‌که‌ی پێغه‌مبه‌ر زیاد کرا و که‌لوپه‌لی گرانبه‌های تێدا دانرا و زه‌وییه‌که‌ی به رایەخ فه‌رش کرا بۆ پێشوازیکردنی شاندی هۆزه‌کان به‌شێوه‌یه‌کی شیاو. ئه‌و خێوه‌ته به‌درێژایی ژیانی پێغه‌مبه‌ر ئه‌و شوێنه بوو که موسڵمانان بۆ ئه‌نجامدانی نوێژی رۆژانه تێیدا کۆ ده‌بوونه‌وه.

پشتبه‌ستنی سه‌ره‌کیی محه‌مه‌د له نیشتمانه تازه‌که‌یدا، به هاوشارییه‌کانی بوو که له مه‌ککه‌وه له‌گه‌ڵیدا کۆچیان کردبوو. له‌کاتێکدا مه‌ککه‌یه داراکان به‌ناو گه‌ره‌که‌کانی شاره‌که‌دا بڵاو بوونه‌وه، ژماره‌یه‌کی زۆر له کۆچه‌رییانی نه‌دار و بێ ماڵ و حاڵ له‌ته‌نیشت پێغه‌مبه‌ر مانه‌وه و شه‌و له "سوففه" ده‌مانه‌وه، که شوێنێکی سێبه‌ر بوو له حه‌وشه‌ی مزگه‌وتدا. ئه‌و گرووپی ئه‌هلی سوففه‌یه پاسه‌وانی پێغه‌مبه‌ر بوون، هه‌روه‌ها فاکته‌رێکی زۆر یاریده‌ده‌ر بوون له به‌هێزکردنی هه‌ژموونی له‌ناو شوێنکه‌وته و هاوڵاتییه تازه‌کانیدا.

له ساڵی دووه‌می کۆچیدا پێغه‌مبه‌ر ده‌ستی کرد به ئاشته‌واییکردنی نێوان هه‌ردوو هۆزه‌که، که به‌ته‌بیعه‌تی حاڵ که‌وتبووه ئه‌ستۆی ئه‌و. شەڕ خه‌ریک بوو له‌گه‌ڵ مه‌ککه‌ییه‌کان هه‌ڵده‌گیرسا، کاتێک پەیماننامه‌یه‌کی دوور و درێژی له‌نێوان مه‌دینه‌ییه‌کاندا به‌ست که مێژوو ده‌قه‌که‌ی بۆ پاراستووین. هۆزه ناکۆکه‌کان له‌سه‌ر پێکهێنانی یه‌ک کۆمه‌ڵه له سایه‌ی پاراستنی ئیلاهیدا رێک که‌وتن. به‌ڵام له‌و رووه‌وه بڕواداران (موسڵمانان) رۆحی بزوێنه‌ری گرووپه‌که بوون و کاره‌کانیان به‌گوێره‌ی عورفی کۆنی عه‌ره‌ب بۆ هه‌موان مولزیم بوو، به‌شێوه‌یه‌کی ئۆتۆماتیکی بوونه سه‌روه‌ر و سیستمی تۆڵه‌کردنه‌وه‌ی گشتی هه‌ڵوه‌شێنرایه‌وه. ده‌بوو بکوژ له‌به‌رانبه‌ر تاوانه‌که‌یدا بکوژرێته‌وه، که‌سیش بۆی نه‌بوو پشتی بگرێت. ئیتر ده‌بوو گرووپه‌که به‌یه‌ک ده‌ست و یه‌ک ریز به‌رانبه‌ر دوژمنانی ده‌ره‌کی بوه‌ستێت. هه‌رچی جوله‌که‌کان بوون ده‌بوو به‌شداری له خه‌رجی جه‌نگه‌کاندا بکه‌ن به‌بێ ئه‌وه‌ی به‌کرده‌وه به‌شداربیان تێدا بکه‌ن، مه‌گه‌ر له‌وکاتانه‌ی شاری مه‌دینه خۆی بکه‌وێته به‌ر هێرش.

هه‌ڵوێستی پێغه‌مبه‌ر له جوله‌که

مه‌یله ئاینییه‌کانی پێغه‌مبه‌ر له رۆژه به‌راییه‌کانی مانه‌وه‌ی له مه‌دینه که‌وتنه ژێر کاریگه‌ریی ئه‌و په‌یوه‌ندییه‌ی له‌نێوان ئه‌و و جوله‌که‌کاندا هه‌بوو[11] . پێده‌چێت هیواخواز بووبێت دوای گه‌یشتنی به‌مه‌دینه جوله‌که‌کان بێنه ناو ئاینه‌که‌ی. به‌م شێوه‌یه هه‌وڵی دا له‌ڕێی گونجاندنی سرووته‌کانی ئیسلام (شعائر الاسلام) به‌شێوه‌یه‌ک له هه‌ندێ رووه‌وه

---

[11] بڕوانه: A. J. Wensinck, Mohammed en de Jodent Medinam Leidenm 1908.

لەگەڵ سروودتەکانی ئەواندا بگونجێت، بەدەستیان بێنێت. لێرەوە بوو رۆژووی عاشورای دانا کە دەیەم رۆژی مانگی موحەرەمە، هاوشێوەی رۆژووگرتنی جولەکە لە رۆژی کەفارەتدا کە دەکەوێتە دەیەم رۆژی مانگی تشری Tishri. لەکاتێکدا موسڵمانەکان لە مەککە لە رۆژێکدا تەنیا دوو جار نوێژیان دەکرد، لە مەدینە هاوشێوەی جولەکەکان نوێژێکی سێیەمی لە نیوەڕۆدا زیاد کرد. لەکاتێکدا خۆی و شوێنکەوتەکانی لە گەیشتنیەوە بۆ مەدینە دەیانتوانی بەئاشکرا و بەبێ بێزارکردن نوێژەکانیان بکەن، بەڵام بانگدەرێکی بۆ بانگکردن بۆ نوێژ دیاری کرد، بێگومان ئەوە سەرەتای بەرهەڵستیکردنی بوو بۆ دوو ئایەتە یەکتاپەرستییەکە. لەکاتێکدا لە کێشتە رۆژهەڵاتییەکانی جولەکەدا بۆ بانگکردن بۆ نوێژ فووکردن بە بووقیان بەکار دەهێنرا، مەسیحییەکان لەباتی زەنگی کەنیسە زەنگی تەختەبیان بەکار دەهێنا. بەڵام محەمەد دەنگی مرۆڤی بۆ بانگکردنی شوێنکەوتوانی بۆ نوێژ هەڵبژارد. هەروەها رۆژی جومعەی کردە رۆژی نوێژی گشتی هاوشێوەی رۆژی "شەممە"ی جولەکە. بەڵام لەوەدا خۆی لە جولەکەکان جیا کردەوە کە رێگەی پێدان لەو رۆژەدا پێش و پاش نوێژەکە بچن بەدەم ئیش و کاری دنیاییانەوە.

زۆری نەبرد کەوتە ناکۆکی لەگەڵ زانایانی ئاینیی جولەکە. لەڕاستیدا ئەوان سەرباری ئەو زانستە لاوازەی لەو ناوچە دوورەدەستەدا هەیانبوو، لە زانیارییە وەزعییەکان و وردیی دەرککردندا لەپێش پێغەمبەرە نەخوێندەوارەکەوە بوون. ئەو کەلێنە جیاوازانەی لە زانیارییەکانی لەبارەی پەیمانی کۆن (العهد القديم)دا هەبوون و لە سوورەتە مەککەییەکاندا بەئاشکرا هێشتنیەوە، نەدەکرا لێیان شاراوە بن. بەڵام ئاماژە تەنزئامێزەکانیان بۆ ئەو کەلێنانە نەیاندەتوانی باوەڕی ئەو بەڕاستیی ئەوەی وەحی بۆ دەکرا بلەخشێنێت. بگرە بەرهەڵستیکردنی جولەکەکان بۆ بۆچوونەکانی، وای لێکرد بەو دەرەنجامە بگات کە ئەوان لە رێگەی ئیمانی راست و دروست لایان داوە و دەستکاری کتێبی پیرۆزیان کردوە، کە ئەو خۆی باوەڕی وابوو لەلایەن خوداوە دابەزێنراوە.

ئەم ململانێیە لەگەڵ جولەکەکان زۆری نەبرد دەرەنجامی کرداریشی لێ کەوتەوە. لەو ساتەوە پێغەمبەر تا دەهات زیاتر جەختی لەسەر مۆرکی نەتەوەیی عەرەبیی ئاینەکەی دەکرد. راستە رۆژووی عاشوورای هەڵنەوەشاندەوە کە لە جولەکەوە وەریگرت و تائێستایش وەک نەریت ماوە و هەندێ موسڵمان خۆبەخشانە ئەو رۆژە بەڕۆژوو دەبن، بەڵام رۆژوویەکیتری بۆ ئەو رۆژووە زیاد کرد کە تا ئەمڕۆیش کاری پێدەکرێت و تەواوی مانگی رەمەزان دەگرێتەوە، کە نۆیەمین مانگی قەمەریە. لەکاتێکدا کریستیانەکان لە رۆژووە گەورەکەیاندا تەنیا گۆشت ناخۆن، دەبینین محەمەد کردویەتی بەئەرک لەسەر شوێنکەوتوانی بەدرێژایی رۆژ هیچ جۆرە خواردنێک نەخۆن، لەبەرانبەر ئەوەدا مافی ئازادیی خواردنی پێداون پاش خۆرئاوابوون. ئیمە تائێستا نازانین ئاخۆ محەمەد ئەم

ئەرکەی لە یەکێک لە تاقمە غەنووسی یان لە مانییەکان وەرگرتووە کە بانگخوازەکانیان هاتبوونە نیشتمانی عەرەبیش، یان نا. ئاخر ئەوکاتە هیچ، یان نزیک لە هیچ لەبارەی حەرانییەکان لە عێراق نەدەزانرا، کە وەک رێزنان لە مانگ، لە مانگی ئادارادا بەڕۆژوو دەبوون.

دوای ئەوەی پێغەمبەر لە موسڵمانکردنی یەهوود بێئومێد بوو، ئیدی ئەو هەواڵانەی لە مەککەدا دەماودەم دەکران هاتنە ریزی پێشەوەی بیروباوەڕە ئاینییەکانی. بۆ ئەوەی ئەو هەواڵانەیش بەهادارتر بکات هەندێکیانی بۆ ئیبراهیم بەرز کردنەوە، کە ئیتر بە دامەزرێنەری راستەقینەی ئاینی ئیسلامی دانا، نەک یەکێک لە پێغەمبەرە زۆر و زەبەندەکانی رابردوو. رایگەیاند ئەوە ئیبراهیم بووە کەعبەی پیرۆزی لە مەککەدا بۆ ئیسماعیلی کوڕی دامەزراندوە و حەجکردنی تێدا کردوەتە نەریت. ئەو کەعبەیەیش بۆ ئەوەی بەتوندی بە ئاینی خوایی ئیبراهیمەوە ببەستێتەوە، تەنها پێویستی بەوەیە لەو لادانە بتپەرستانەیە پاک بکرێتەوە کە لە سەردەمێکی پاشتردا بەسەریدا هاتووە.

بەم شێوەیە پێغەمبەر یەکەم و دوورمەوداترین ئامانجی خۆی لە سیاسەتی دەرەوەیشدا داڕشت، کە ملکەچاندنی رۆڵە بتپەرستەکانی قەومەکەی بوو. بەڵام بارودۆخ ڕێگر بوو لەوەی هەڵمەتێکی لەشکریی راستەوخۆیان بکاتە سەر. بیرۆکەی شەرەفی عەرەبیی کۆن کۆچکردوانی مەککە (واتە موهاجیرەکان)ی دەگرتەوە لەوەی لەگەڵ برا قورەیشییەکانیان بجەنگن، لەکاتێکدا مەدینەییەکانیش زۆر مەیلیان نەبوو بۆ تێکدانی پەیوەندیی ئاشتییانەیان لەگەڵ دراوسێ بەهێزەکانیان. بەڵام ئەو کاروانە بازرگانییانەی مەککە کە بەمەدینەدا تێدەپەڕین، زۆری نەبرد کەڵکەڵەی دەستکەوتنی تاڵانی خستە مێشکی موسڵمانە هەژارەکان، ئەوانەی کۆچیان کردبوو بۆ شاری مەدینەی قەرەباڵغ و بەدەست هەژارییەکی سەختەوە گرفتار بوون، کە پێغەمبەر بەردەوام ئەو ستەم و نەهامەتییانەی یاد دەخستنەوە کە بەسەریاندا هات. پێدەچێت محەمەد لە ساڵی یەکەم و سەرەتاکانی ساڵی دووەمی کۆچیدا چەند هەوڵێکی بچووکی بۆ ڕێگرتن لەو کاروانانە دابێت. تا لە مانگی رەجەبی حەرامدا کۆمەڵێک لە جەنگاوەران بەفەرمانی نهێنی ئاراستە کران و توانییان لەناکاو بدەن بەسەر کاروانێکی بازرگانیدا[12]، کە پاسەوانەکانی پشتئەستوور بە حورمەتی مانگەکە بێخەم لەپێش کاروانەکەوە دەڕۆیشتن، تاڵانییەکی زۆریان گرت و هێنایانەوە بۆ مەدینە. بەڵام ئەم هەڵوەشاندنەوەیە بۆ یاسای ئەخلاقیی خێڵەکی شەپۆلێکی ناڕەزایی لەناو مەدینەیشدا بەرپا کرد، لەبەرئەوە محەمەد سەرکۆنەی کارەکەی شوێنکەوتەکانی کرد، کە ناکۆکی لەوەدا نیە بەویستی ئەو ئەنجام درا، بەڵام ئەو بە بەدحاڵیبوون لە فەرمانەکانی

[12] لە دۆڵی نەخلە لە ڕۆژهەلاتی مەککە.

لێکیدایەوە و نەیوێرا جارێ رەوایی جەنگ دژی موشریکان و دابەشکردنی تالانی (غەنیمەت) تەنانەت لە مانگی حەرامیشدا بدات، لە ئایەتەکانی پاشتردا نەبێت، پاش ئەوەی تالانییە گەورەکان سەرنجیان راکێشا.

شەڕی بەدر

دوای دوو مانگ دەرفەتێکیتر بۆ هێرشکردنە سەر بێباوەڕان رەخسا. ئەویش ئەوە بوو کاروانێکی شامی کە لە غەززە دەگەڕایەوە و نزیکەی سەرجەم خاوەن بەرژەوەندییە بازرگانییە مەککەییەکان تێیدا بەشدار بوون، بەڕێگەوە بوو بۆ مەککە. سەرۆکی کاروانەکە ئەبو سوفیان گەورەی تیرەی ئومەوی بوو. محەمەد فەرمانی بە ٣٠٠ خۆبەخش لە کۆچەری و پشتیوانان کرد، پەلاماری کاروانەکە بدەن. بەڵام ئەبو سوفیان خۆی بۆ ئەو پەلامارە ئامادە کردبوو، لەبەرئەوە پیاوەکانی بەتەنیشت کەنار لە رێگەیەکی جیا لە رێگە باوەکەوە برد. پاشان نێردەیەکی نارد بۆ لای قورەیشییەکان و مەککەییەکانی لەو مەترسییە ئاگەدار کردەوە، ئەوانیش بەرەو رێگەی باکوور کەوتنە رێ و ژمارەیان -وەک دەگێڕنەوە- سێ هێندەی ژمارەی موسڵمانەکان دەبوو. محەمەد ویستی لە بەدر، کە شوێنێکە لەسەر رێی کاروانەکان و ئاوێکی سازگاری تێدایە، بۆسە بۆ ئەبوسوفیان بنێتەوە. بەڵام لەباتی ئەوەی هێزێکی لاواز ببینێت، سوپایەکی بەهێز و پرچەکی بینی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دێتە پێشەوە. بۆیە دەبوو پێغەمبەر سەرجەم هێزی وزەبەخشی خۆی جەم بکات تا شوێنکەوتەکانی بۆ ئەنجامدانی ئەو شەڕە هان بدات کە هێزەکان تێیدا نابەرانبەر بوون. کاتێک توانی ئەوە بکات، بەو گیانی گوێڕایەڵی و سیستمبەندییەی شوێنکەوتەکانی لە ئەنجامدانی سروورتە ئاینییە ڕۆژانەکانیان بەدەستیان هێنابوو، توانی بەسەر زۆریی ژمارەی مەککەییە ناڕێکخراوەکاندا سەربکەوێت.

ئەم سەرکەوتنە یەکەمە کاریگەرییەکی مەعنەویی زۆر مەزنی هەبوو. بنەماڵەیەک لە بنەماڵەکانی مەککە نەبوو بەکوژرانی ئەندامێکی کۆست و شین و شەپۆری تێ نەکەوتبێت، یان ئەندامێکی بەدیل نەگیرابێت و ناچار بێت بڕێتی (فیدیە) بۆ بەردانی بدات. لە مەدینەیش ئەم سەرکەوتنە هەژموونی پێغەمبەری زۆر بەهێز کرد و یارمەتی دا تا رێکاری توند دژی نەیارانی بگرێتە بەر، کە تا ئەوکاتە دەبوو لەبەردەم ئازاریاندا دان بەخۆدا بگرێت. لێرەوە دەبوو ئەو مەدەنییانەی هێشتا بتپەرست بوون بێنە ناو ئیسلام. بێگومان زۆر لەوانە موسڵمان بوون بەبێ ئەوەی هێشتا ئیمان چووبێتە دڵیان. ئەو دووڕووانە بۆ ماوەیەک سەرچاوەی نیگەرانی بوون بۆ پێغەمبەر.

هەڵوێستی پێغەمبەر لە جولەکە تووندتر بوو. دەبوو بەنو قەینوقاع کە لە خشڵگەر (صائغ)ەکان بوون پێش لە کەسانیتر هەست بەهێز و لێبڕانی بکەن. مانگێک بەسەر شەڕی

بەدردا تێنەپەڕی محەمەد پیاوەکانی روو کردە ئەوان -بەڕواڵەت بەهۆی کوشتنیان بۆ پیاوێکی موسڵمان کە بەهۆی کێشەیەکەوە جولەکەیەکی کوشتبوو- و پاش گەمارۆدانیان لە گەڕەکەکەیاندا بۆ چەند هەفتەیەک، ناچار بە خۆبەدەستەوەدانی کردن. محەمەد حوکمی خۆی بۆ لەناوبردنیان دەرکردبوو، بەڵام بەهۆی میانگیریی گەورەی خەزرەجەوە بڕیارەکەی گۆڕی بۆ دەرکردنیان لە شوێنەکانیان و دەستگرتن بەسەر موڵک و سامانەکانیاندا.

شەڕی ئوحود

موسڵمانەکان لە هێرشکرنە سەر کاروانە بازرگانییەکانی مەککەییەکان بەردەوام بوون. ئەوانیش کەوتنە خۆیان و لەگەڵ هاوسێکانیان لە بەنی ئەقیف خەڵکی تائیف و هەندێ هۆزیتری کۆچەری یاخود رەوەند (بەدو) رێک کەوتن تۆڵەی شکانەکەیان لە بەدر بکەنەوە، بۆ ئەو مەبەستە سوپایەکی زۆر بەهێزیان -لەچاو بارودۆخی ئەوکاتەی عەرەب- پێکەوەنا، کە بەپێی گێڕانەوەکان ژمارەیان دەگەیشتە سێ هەزار پیاو، لەناویاندا ٧٠٠ قەڵغاندار و ٢٠٠ سوار و سێ هەزار وشتر. لەبەرئەوەی لەو هەڵمەتەدا کۆمەڵێک ئافرەت و کەلوپەلی زۆریان پێ بوو، ناچار بوون زۆر بەهێواشی و لەسەرخۆ پێشڕەوی بکەن، سەرەتای ساڵی ٦٢٤، گەیشتنە ئەو دەشتاییە تەختەی لە باکووری مەدینەوە بۆ کێوی ئوحود درێژ دەبێتەوە، لەدووری نیو کاتژمێر لە شارەکە. ئەگەرچی محەمەد لەسەر پێشنیازی گەورەی خەزرەج سەرەتا بەنیاز بوو لەشار نەچێتە دەرەوە تا هێرشبەران دێنە پێش، بەڵام زۆری نەبرد چووە پاڵ ڕۆحی جەنگاوەرانەی پیاوەکانی و گەیشتە قەناعەت بەوەی پێویستە هێرش ببەن. بەڵام ورەی موسڵمانان زۆری نەبرد لەبەردەم ئەو لەشکرە بەهێزەدا رووی لە دابەزین کرد، لەگەڵ ئەوەیشدا پێغەمبەر سوور بوو لەسەر ئەنجامدانی شەڕەکە لە گۆڕەپانی کراوەدا و بەهیچ شێوەیەک رێگەی بەخۆی نەدا نائومێدی رووی تێ بکات، تەنانەت کاتێکیش گەورەی خەزرەجی بینی ٣٠٠ پیاوەوە کشایەوە بۆ مەدینە. سەرەڕای ئەو سەرەتا خراپە، لە سەرەتاوە موسڵمانان بااڵدەست بوون، لەبەرئەوە هەڵمەتیان بردە سەر سەربازگەی دوژمن خۆی، بەڵام تیرهاوێژان کە دەبوو باڵی چەپی هێزەکەی محەمەد بپارێزن، زۆری نەبرد شوێنەکانیان بەجێهێشت و لەگەڵ پەلاماردەراندا ئەوانیش غاریان دا نەوەک بەشیان لە تاڵانی لەکیس بچێت. خالیدی کوڕی وەلید کە پاشتر کاری قارەمانانەی زۆری لە خزمەتکردنی ئیسلامدا ئەنجام دا، سەرکردەی تیمی سوارەی مەککەییەکان بوو، ئەم هەڵەی قۆستەوە و هەڵیکوتایە سەر لای چەپی چۆڵکراوی موسڵمانان. بەوە موسڵمانان ئەو جەنگەیان دۆڕاند. محەمەد خۆیشی بەسووکی بریندار بوو، بڵاوبوونەوەی دەنگۆیەکی درۆ لەناو هاوەڵانیدا بەوەی مردوە، ئەو تۆزە توانای

بەرەنگاریکردنەیشیان لەناو برد کە مابوویان. بەڵام بەختیان هەبوو کە مەککەییەکان نەیانتوانی سەرکەوتنەکەیان وەبەربهێنن، بەڵکو تەنیا بە بردنی تاڵانی وازیان هێنا و بەدەم خۆشیی سەرکەوتنەوە گەڕانەوە شارەکەیان.

ئەم شکانە کاری لە پێگەی پێغەمبەر و شوێنی لای شوێنکەوتەکانی نەکرد، بەتایبەت کە هەستیان بەهەڵەی خۆیان کرد لەوەی سەرپێچیی ئەو فەرمانەیان کرد کە پێیان کرابوو، بەڵام کاری لە پێگە و شوێنی لای دەوارنشینە ناوخۆییەکان کرد. ئەوە بۆ نموونە لە کوشتنی چل کەس لە نێردەکانیدا دەردەکەوێت لە ناوچەی خێڵی هەوازن. دەبوو محەمەد لە رێگەیترەوە قەرەبووی ئەو زیانەی بەر شکۆی سەربازی کەوتبوو، بکاتەوە، لەبەرئەوە بیری لە لەناوبردنی جولەکە کردەوە، هەربۆیە لە بەر هۆیەکی لاواز هێرشی کردە سەر بەنی نەزیر و لە گەڕەکەکەیاندا گەمارۆی دان. کاتێک برا ئایینییەکانیان لە بەنی قورەیزە نەیانوێرا بەهانایانەوە بچن، ناچار بوون پاش گەمارۆیەکی چەند هەفتەیی خۆ بەدەستەوە بدەن. پاشان کۆچیان کرد بۆ مێرگی خەیبەر کە دەکەوێتە دووریی بیست میل لە باکووری مەدینە، کە کۆمەڵگەیەکی گەورەی جولەکە تێیدا نیشتەجێ بوون. پێغەمبەر زەوییەکانی بەنی نەزیری بەسەر کۆچکەراندا دابەش کرد.

ماوەیەکی کەم دوای ئەوە مەی (ئارەق) لەسەر موسڵمانان قەدەغە کرا، پێشتر هەندێ ئایەت (سوورەتی ١٦: ٦٩) وەک یەکێک لە نیعمەتە گەورەکانی خودا وەسفیان کردبوو، هەروەها مەیسیر، یان قومارکردن لەسەر گۆشتی وشتر حەرام کرا و هۆیەک بوو بۆ هەژارکەوتنی زۆر لە دەوارنشینان. لەڕاستیدا مەبەست لە حەرامکردنی ئارەق (سوورەتی ٢: ٢١٦ + سوورەتی ٥: ٩٢) بەستنەوەی شاعیرەکان بوو کە زۆر جار هۆنراوەیان بەسەر کۆڕی مەیخواردنەوە پڕ قسەی قۆڕەکانیاندا دەگوت، کە ئەو مەجلیسانە دەکرا ئەو رۆحی سیستمبەندییە سەربازییە تونـدە تێـک بـدەن کە محەمەد دەیویست شوێنکەوتەکانی هەیانبێت. بەڵام هەندێ موسڵمان زۆری نەبرد یاساشکێنییان کرد و کەوتنەوە مەی خواردنەوە.

گەمارۆدانی مەدینە

مەککەییەکان هاوکات توانییان هاوپەیمانییەکی گەورە دژی محەمەد پێکبێنن. ئەوە بوو لە ئاداری ٦٢٧ سوپایەک کە لەنزیکەی دە هەزار پیاو پێکهاتبوو بەرەو مەدینە کەوتە جوڵە، کە چوار هەزار قورەیشییان تێدا بوو بەسەرکردایەتیی ئەبو سوفیان. جوڵەی ئەو لەشکرە ئەم جارەیان بێئەندازە خێرا بوو، بەشێوەیەک محەمەد ناچار بوو پەلە بکات بۆ رووبەڕووبوونەوەی لە ماوەی یەک هەفتەدا. لەو رووەوە هێرشبەران بەژمارە زۆر لە سەربازانی محەمەد زیاتر بوون، هیچ بوارێک بۆ رووبەڕووبوونەوەیان لە شەڕێکی کراوە

لە شەڕەکانی گۆڕەپاندا نەبوو. پێویست بوو محەمەد لەناو مەدینە خۆیدا دابمەزرێت و سەنگەرەکانی قایم بکات، بەتایبەت کە ئەو جۆرە دۆخە سەرجەم دانیشتوان ناچار بە خزمەتی سەربازی دەکات. مەدینە بەچەند ریزە مالێکی پێکەوەنووساو لە سێ لاوە دەورە درابوو و تەنیا لە ئاراستەی باکوورەوە کراوە بوو. وەک زانراوە محەمەد -بەپێشنیازی سەلمانی فارسی کە پێشتر کۆیلە بوو- کەندڕ (خندق)یکی پان و بەرینی لێ دا تا خۆی و سەربازانی لە هێرشی سوارەکان بپارێزێت. ئەم جۆرە بەرگریکردنە پێشتر لە وڵاتی عەرەبدا باو نەبوو، شڵەژانێکی وای دروست کرد، تەنانەت شەڕەکە ناونرا شەڕی کەندڕ (معركة الخندق). لەڕاستیدا ئامانجەکەی محەمەدی بەتەواوەتی هێنایەدی، دوژمن هەستی بەبارگرانیی گەمارۆکە کرد و زۆری نەبرد لەبەر زەحمەتی بەدەستهێنانی کۆمەکی لەو ناوچە وشک و برنگەدا، لاوازی و شەکەتی رووی تێکرد. کاتێک دانوستان لەگەڵ بەنی قورەیزە -کە لە کەناری مەدینە نیشتەجێ بوون- بەهۆی ڕاڕایی و دوودڵیی ئەمانەوە شکستی هێنا، گەمارۆدەران بینییان مەڕ و مااڵت و وڵاخەکانیان کە بەنرختترین سەرمایەکانیان بوون لە تاو گەرمادا وردە وردە لەناو دەچن، بڕیاریان دا بکشێنەوە. هەمان ڕۆژ موسڵمانان هێرشیان کردە سەر بەنی قورەیزە کە هەڵوێستیان تەمومژاوی بوو، دوای دوو هەفتە گەمارۆدان خۆیان بەدەستەوەدا و محەمەد فەرمانی دا بەکوشتنی جەنگاوەرەکانیان (کە ژمارەیان ٦٠٠ کەس بوو) و بەکۆیلەکردنی ئافرەتان و منداڵانیان، تا ئەو چارەنووسەیان ببێتە پەند بۆ هاوشێوەکانیان.

بابەتی بوهتان (الافك)

پێغەمبەر لە ساڵی ٦٢٧یشدا چەند هەڵمەتێکی بۆ سەر هۆزە دەوارنشینەکان ئەنجام دا. لە یەکێکیاندا هێندە دوور کەوتەوە، گەیشتە نزیکی مەککە. ئەو شەڕ یاخود غەزوانە بەڕادەیەک بێترس بوون دەیتوانی دوو لە هاوسەرەکانی لەگەڵ خۆیدا ببات. جارێکیان وا ڕێکەوت ژنە جێپەسەندەکەی، عائیشەی کچی ئەبوبەکر -کە ئەوکاتە تەمەنی چواردە ساڵ بوو- ملوانکەکەی ون کرد و سەرلەئێوارە چووە دەرەوە بیدۆزێتەوە، بەوهۆیەوە لە سوپاکە بەجێما و تا ڕۆژی پاشتر نەگەڕایەوە بۆ سەربازگەکە، گەنجێکیش یاوەری دەکرد کە پێشتر ناسیبووی. پێغەمبەر لە دڵسۆزیی عائیشە کەوتە گومان و گێڕایەوە بۆ لای باوک و دایکی، بەاڵم زۆری نەبرد و دوای مانگێک خودا لە یەکێک لەو ئایەتانەی بەوەحی بۆ پێغەمبەری نارد ئەستۆپاکی دەرخست. هەروەها ئاماژەی بەوەدا تۆمەتبارکردنی هەر ئافرەتێک بە ناپاکیی هاوسەری، بەبێ بوونی چوار شایەت بەبوهتان یان (قەزف) دادەنرێت و خاوەنەکەی بەو هۆیەوە شایستەی لێدانی سەد شەلاقە. عەلی، زاوای پێغەمبەر، یەکێک بوو لە دژبەرانی عائیشە کە داوای لە پێغەمبەر دەکرد تەاڵقی بدات. دیارە ریشەی

دوژمنایەتیکردنی عائیشە بۆ عەلی کاتێک بوو بە خەلیفەی موسڵمانان، بۆ ئەو قۆناغە دەگەڕێتەوە. هەرچۆن بێت، ئەم رووداوی ملوانکەیە کەمترین کاریگەری لەسەر دۆخی کۆمەڵایەتیی ئافرەت لە ئیسلامدا نەبوو وەک هەندێ پێیان وایە: ئەو حیجابەی ئافرەتانی بەمێرد بەکاری دێنن نەریتێکی کۆنی عەرەبی بوو، پێغەمبەر پێش لەم رووداوە لەبەر هەندێ هۆیتر فەرزی کرد. حیجاب نە پێش ئیسلام و نە لە ئیسلامیشدا تا سەردەمی ئومەوییەکان، ڕێگر نەبوو لەوەی ئافرەت بەئازادییەکی زۆرەوە لەناو خەڵکدا دەربکەوێت و کار لە کۆمەڵگەی عەرەبی بکات، هەندێ جار کاریگەریی بەرچاویش. دامەزراوەی حەرەمسەرا "الحریم" کە عەباسییەکان —هاوشێوەی نموونە مەسیحیە-بیزەنتییەکە، دایانمەزراند، تاکە بەرپرسیارە لە دواکەوتنی ئافرەت لە ڕۆژهەڵات.

حودەیبییە

هەر لەوکاتەوە محەمەد کە لە مەدینە بوو دانی بە پیرۆزیی کەعبەدا نا، گەورەترین ئامانجی سیاسی ئەوە بوو دەستی بەسەردا بگرێت. دیارە سەرەتا لە ساڵی ٦٢٧ هەوڵی دا لەگەڵ شوێنکەوتەکانی عومرە بکات. ئەگەرچی هاوپەیمانە دەوارنشینەکانی بێئومێدیان کرد لەوەی یاوەری بکەن، خۆی بەجلی حەجەوە بەسەرۆکایەتیی ١٥٠٠ پیاو بەرەو مەککە کەوتە ڕێ و لە شمشێر زیاتر هیچ چەکێکیان پێ نەبوو. تا کاتێک دە میلی مابوو بگەنە مەککە، زانی مەککەییەکان و هاوپەیمانەکانیان لەبەردەم دەروازەی باکووردا خۆیان دابەستوە و سوارەکانیان بەڕێگەی سەرەکیدا ناردوە بۆ مەدینە. لەبەرئەوە محەمەد بەئاراستەی ڕۆژئاوادا ڕۆیشت و پێشەنگی سوارەکانی خڵەفاند و ڕێگەیەکی ناوقەدبڕی گرتەبەر تا گەیشتە حودەیبییە لە سنووری ناوچە حەرامەکە و لەوێ دابەزی و کەوتە دانوستان لەگەڵ مەککەییەکان. عوسمانی زاوای نارد بۆ مەککە، کە لەبەرئەوەی ئومەوی بوو هەژموونێکی گەورەی هەبوو. سێ ڕۆژ تێپەڕی عوسمان نەگەڕایەوە، دەنگۆی ئەوە بڵاو بوویەوە کوژراوە. ئەگەرچی محەمەد ئامادە نەبوو بۆ شەڕ، بەڵام هاوکات نەیدەتوانی ببینێت مەککەییەکان بەو شێوەیە یاسای خێڵەکی پێشێل دەکەن بەبێ ئەوەی تۆڵەی کوژراوەکە بکاتەوە، هەربۆیە هاوەڵانی کۆکردەوە، ئەوانیش لەژێر درەختێکی گەورەدا بەیعەتیان بۆ نوێ کردەوە، لەبەرئەوە ئەو بەیعەتدانە بە بەیعەتی (ریزوان) ناسرا و پاشتر بوو بەجێی شانازی بۆ ئەوانەی شەرەفی بەشداریکردنیان تێیدا هەبوو. بەڵام هەر زوو دەرکەوت ئەو دەنگۆیە ڕاست نیە و مەککەییەکان ویستێکی ڕاستگۆیانەیان بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنێکی سیاسی پێشان دا. لەبەرئەوە لای خۆیانەوە نێردەیەکیان ڕەوانە کرد بۆ سەربازگەکەی پێغەمبەر. پێغەمبەریش سوڵحێکی بۆ ماوەی دە ساڵ لەگەڵ ئیمزا کرد. بەپێی ئەو سوڵحە دەبوو پێغەمبەر ئەو ساڵە بگەڕێتەوە و نەچێتە مەککە و ساڵی پاشتر

لەگەڵ موسڵمانان بچێتە ناوی، لەبەرانبەردا دەبوو مەککەییەکان لە سااڵێکدا سێ ڕۆژ شارەکەیان چۆڵ بکەن تا موسڵمانەکان بتوانن بەئاسایش و دڵنیایی حەجی خۆیان بکەن. محەمەد بەڵێنی دا بەدرێژایی ماوەی سوڵحەکە هەر لاوێکی قورەیشی بەبێ مۆڵەتی کەسوکارەکەی بێتە لای، بیگێڕێتەوە بۆ قورەیش، لەکاتێکدا هەرکەس لای محەمەدەوە بچێتە لای قورەیش نەیگێڕنەوە. لەڕاستیدا ئەم تەنازولکردنە تووڕەیی موسڵمانانی زیاتر کرد بەتایبەت کە محەمەد رازی بوو لەکاتی نووسینی بەڵگەنامەی سوڵحەکەدا دەقەکە بەسیفەتی (پێغەمبەری خوا) ناوی نەبات، بەڵام ئایندە پاساوی ئەو هەڵوێستەی دا. راستە، لەسەر بناغەی ئەم پەیماننامەیە، یەکێک لە مەواڵییەکانی بۆ بەنی زەهرە گێڕایەوە، بەڵام ئەو کەسە لە ڕێی مەککەدا یەکێک لەو دوو پیاوەی کوشت کە پاشەوانییان دەکرد و رایکرد بۆ کەنار. جا پەنابەرە مەککەییە زۆر و زەبەندەکان کە لە هەمان دۆخدا بوون لەژێر سەرکردایەتیی ئەو پیاوەدا کۆبوونەوە و دەستیان دایە هێرشکردنە سەر کاروانەکانی مەککە. لەبەرئەوە مەککەییەکان ناچار بوون داوا لە پێغەمبەر بکەن ئەو ماددە ترسناکە لە پەیماننامەکە بسڕێتەوە و خۆی چارەسەری کێشەی ئەو یاخیبووانە بکات.

لە ئایار/مایۆی ساڵی ٦٢٨دا پێغەمبەر هەوڵی دا شکستە ڕواڵەتییەکەی لە حودەیبیە قەرەبوو بکاتەوە، هەربۆیە سەرکردایەتیی موسڵمانانی کرد لە هەڵمەتێکدا بۆ سەر ئۆردوگا جولەکەنشینە دەوڵەمەندەکە لە خەیبەر. جولەکەکانیش پەنایان بردە بەر ٤٠٠٠ دەوارنشین لە غەتەفان بۆ پاراستنیان، جا کاتێک خەڵکی خەیبەر لەترسنۆکیدا نەیانوێرا لە گۆڕەپانی جەنگدا ڕووبەڕووی پێغەمبەر ببنەوە و وایان پێ باش بوو خۆیان لە قەڵاکانیاندا قایم بکەن، غەتەفانییەکان لای خۆیانەوە پاشەکشەیان کرد. لەبەرئەوەی موسڵمانەکان ئەو چەکەیان نەبوو کە گەمارۆدان پێویستی بوو، سەرەتا نەیانتوانی بەسەر جولەکەکاندا زاڵ بن، بەڵام سەرەنجام ناپاکی ڕێگەی بۆ کردنەوە بچنە ناو گەڕەکێک، ئەوکاتە سوودیان لەو چەکانەی لەوێ بوون وەرگرت بۆ هێرشکردنە سەر قەڵاکانیتر، لەبەرئەوە جولەکەکان تەسلیم بوون و پێغەمبەریش لەگەڵیان ڕێک کەوت کە بەژن و منداڵەکانیانەوە دەربچن و سەرجەم موڵک و سامانەکانیان بەجێ بهێڵن. هەرچۆن بێت، پێغەمبەر وای بەباشتر دەبینی موسڵمانان دوور لە مەدینە نەژین لەو ڕووەوە کۆمەڵە تازە سەرهەڵداوەکە لاواز دەکات، لەبەرئەوە ڕێگەی بەجولەکەکان دا زەوییەکانیان وەبەر بهێنن بەو مەرجەی نیوەی حاسڵاتەکانیان بدەن بە موسڵمانان. زۆری نەبرد جولەکەکانی فەدەک و وادی ئەلقورا و تیمایش بەهەمان مەرج خۆیان بەدەستەوەدا، هەندێ جار بەبێ بەرەنگاری و هەندێ جاریتر پاش بەرەنگاریکردنێکی کەم، بەڵام پێغەمبەر فەدەکی خستە سەر موڵکە تایبەتەکەی خۆی.

محەمەد بەگوێرەی پەیماننامەکە، بەئاسانی دەیتوانی لە وەرزی حەجی داهاتوودا بچێتە مەککە، لەگەڵ ئەوەی بتپەرستە مەککەییەکان شارەکەیان بەجێهێشت، بەڵام خزمەکانی تێیدا مانەوە لەسەرووبانەوە عەباسی مامی. ئەم حەجە هەستێکی بەهێزی لە دەروونی دوژمنانی محەمەددا دروست کرد، بەشێوەیەک هەندێ لە سەرگەورەکانیان ساڵی ٦٢٩ - رووبان کردە مەدینە و موسڵمانبوونی خۆیان ڕاگەیاند. لەوانە خالیدی کوڕی وەلید قارەمانی ئوحود، کە پاشتر بە "شمشێری ئیسلام" ناسرا، هەروەها عەمری کوڕی عاصی ئومەوی، کە پاشتر بوو بە یەکەم ئەمیری میسر.

پەیوەندی لەگەڵ بیزەنتییەکان لە میسر و سووریا

ئەم هێزە عەرەبییە تازە سەرهەڵداوە سەرنجی حاکمانی ویلایەتە بیزەنتییەکانی دەوروبەری ڕاکێشا. بیزەنتییەکان ماوەیەکی کەم بوو میسریان لە دەستی فارسەکان دەرهێنابوو کە لە سەردەمی ئیمپراتۆر هیرەقلدا دەستیان بەسەردا گرتبوو. لەبەرئەوە کورش، حاکمی بیزەنتیی نوێی میسر (کە عەرەبی ئەسکەندەرییە بە "موقەوقەس" ناویان دەبرد و گومانیان وابوو ئەم لەفزە نازناوێکە لە نازناوەکانی حاکم، لەکاتێکدا وەک گاڵتەپێکردن لەو سەرکردەیە نرا کە لە ڕۆژانی فەتحی ئیسلامیدا دەسەڵاتی زەمەنیشی بەدەستەوە بوو) —دیارە پاش ئاگەداربوون لە حەز و ئارەزووی- دیارییەکی زۆری بۆ پێغەمبەر نارد لەنێویاندا دوو کەنیزەکی جوان. پێغەمبەر یەکێک لەو دوو کەنیزەکەی بەدیاری دایە شاعیرەکەی، حەسانی کوڕی ثابت، کە ئەرکی پیاهەڵدان بوو بە سەروەرییەکانی موسڵمانانداا. هەرچی کەنیزەکەیتر بوو، ماریا، بۆ خۆی هێشتەوە و کوڕێکی لێی بوو. زۆر شادومان بوو کاتێک کوڕێکی بوو، چونکە سەرجەم ژنەکانی جگە لە خەدیجە بەنەزۆکی مانەوە. لە خۆشیی ناوی ئیبراهیم پێغەمبەریشەوە -کە هەستی دەکرد ئەرکی زیندووکردنەوەی ئاینەکەی لەسەر شانە- ناوینا ئیبراهیم، بەڵام ئەو منداڵە هەر لە تەمەنی یەک ساڵیدا بوو مرد، لە ٢٧ی کانونی دووەمی ٦٣٢.

بەڵام پەیوەندیی موسڵمانان بە بیزەنتییەکان لە سووریا، بەپێچەوانەی پەیوەندییان بە موقەوقەسەوە، بەشێوەیەک پەرەی سەند بۆنی پێکدادانی نزیکی لێدەکرا، چونکە هێزی محەمەد لەناو هۆزە دەوارنشینەکانی باکووری نیشتمانی عەرەبیشدا بڵاو دەبوویەوە، لەبەرئەوە زۆری نەبرد لەگەڵ هێزە بیزەنتییەکان لەسەر سنوور بەریەک کەوتن. ساڵی ٦٢٩ محەمەد نێردەیەکی نارد بۆ لای فەرماندەی قەڵای بوصرا لە ڕۆژهەڵاتی ئوردن، بەڵام هەندێکیان ڕێگەیان پێگرت و کوشتیان. پێغەمبەریش لەشکرێکی سێ هەزار پیاوی ئامادە کرد بۆ تۆڵەکردنەوە لە بکوژانی و بەپەلە لە مانگی ئەیلول/سێپتەمبەردا بەسەرۆکایەتیی زەیدی کوڕی حاریثە، کوڕە هەڵگیراوەکەی خۆی، بەرەو باکوور بەڕێی کرد. سوپا

غەسانییەکانی سنووریش بۆ شەڕکردن دژی موسڵمانان جووڵان و چەند میلێک لە سەرووی مەدینە بەیەک گەیشتن، شەڕێک لەنێوان هەردوولادا بەرپا بوو تێیدا موسڵمانەکان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، پاشان بەرەو باکوور پێشڕەوییان کرد تا گەیشتنە موئتە لەنزیک باشووری دەریای مردوو. لەوێ لەگەڵ لەشکرێکی گەورە ڕووبەڕوو بوونەوە کە ڕۆمەکان لەژێر سەرکردایەتیی تیۆدۆرسدا کۆیان کردبووەوە. ژمارەی ڕۆمەکان زۆر لە ژمارەی موسڵمانەکان زیاتر بوو، سەرەڕای نەبەردیی موسڵمانەکان شەڕەکە نابەرانبەر بوو. دوای کوژرانی زەید و دوو جێگرەوەی کە محەمەد وەک جێنشینی دیاری کردبوون، خالیدی کوڕی وەلید بەیداخەکەی هەڵگرت و بەزەحمەت توانی لەشکرە کفتبووەکەی پاشەکشە پێ بکات بۆ مەدینە. پاشان پێغەمبەر هەوڵی دا لە کاریگەریی خراپی ئەو شکستە سووک بکات، لەبەرئەوە پاش ماوەیەکی کەم سوپایەکی بەسەرکردایەتیی عەمری کوڕی عاص بۆ شەڕی دەوارنشینان لە بیابانی باکوور ڕەوانە کرد، کە تێیدا عەمر زەحمەتییەکی زۆری بینی و توانی وابکات هەر هەمان سال زۆربەی ئەو هۆزانە بێنە ناو ئیسلام.

فەتحی مەککە

قورەیشییەکان دەمێک بوو لەوە بێئومێد بووبوون جارێکیتر بەسەر پێغەمبەردا زاڵ بێن. لەبەرئەوە خەمی گەورەیان پارێزگاریکردن بوو لە سوڵحی حودەیبیە تا بازرگانییەکەیان پاش ئەو نسکۆیانەی بەسەریدا هاتن، دووچاری مەترسیی نوێ نەبێتەوە. هەرچی محەمەد بوو، بەپێچەوانەوە بۆ دەرفەتێک دەگەڕا تا بەیەکجاری حسابی خۆی لەگەڵیاندا ساف بکات. وا ڕێکەوت شەڕێک لەنێوان هۆزێکی دەوارنشیندا کە موسڵمان بووبوو و هەندێ لە لایەنگرانی قورەیشدا دروست بوو، کە وەک دەوترێت چەند کەسێکی مەککە خۆیشی تێیدا بەشدار بوون، بیانوویەکی بۆ ڕاگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەی ئاشتی دا بەدەستەوە.

لە ڕەمەزانی ساڵی هەشتەمی کۆچی، سەرەتای ساڵی ٦٣٠ی زاینی، محەمەد بەسوپایەکی گەورە لە مەدینەیی و دەوارنشینان کە ژمارەیان دەگەیشتە دە هەزار پیاو بەرەو مەککە کەوتەڕێ. کاتێک گەیشتنە نیوەی ڕێگە بۆ مەککە، کۆمەڵێک لە خەڵکەکەی، کە عەباسی مامیان تێدا بوو، دەرچوون بۆ لای و هاتنە پاڵی. کەس لە مەککە دوا نەکەوت ژمارەیەکی کەم نەبێت کە بڕیاریان دابوو سەرسەختانە بەرەنگاریی موسڵمانان بکەن. لەکاتێکدا پێغەمبەر لە (مەڕ ئەلزەهڕان) لە باکووری ڕۆژئاوای مەککە لەشکری مۆڵ دابوو، ئەبوسوفیان هات بۆ لای، کە پێشتر سەرکردەی بەرهەڵستکاران بوو و موسڵمانبوونی

راگەیاند. بەڵێنی پاراستنی بۆ خێزانەکەی و هەرکەس پەنا ببات ماڵەکەی و هەرکەس دەرگا لەسەر خۆی دابخات وەرگرت، پاشان گەڕایەوە مەککە و ئامۆژگاریی خەڵکەکەی کرد بەرهەڵستیی هاتنە ژوورەوەی پێغەمبەر بۆ ناو مەککە نەکەن، هاوڵاتییەکانیشی ملکەچی داواکەی بوون جگە لە چەند کەسێکی کەم کە سوور بوون لەسەر شەڕکردن. محەمەد فەرمانی بە سەربازەکانی کرد لەیەک کاتدا لە دوو ئاراستەوە پێشڕەوی بکەن، هیچ بەرەنگارییەکیان نەهاتە ڕێ لە دەروازەی باشوور نەبێت کە بەرەی جەنگ داگیری کردبوو، ڕەنگە بۆ ئەوەیش داگیریان کردبێت تا هێڵی پاشەکشەیان بەدەستەوە بمێنێت و لەوێوە ڕێگە بەرەو یەمەن بگرنە بەر. بەڵام خالیدی کوڕی وەلید زۆر بەئاسانی ئەو بەرەنگاریکردنەی لەناو برد. بەم شێوەیە مەککە بەبێ ململانێیەکی سەخت خۆی خستە بەرپێی ڕۆڵە مەزنەکەی، کە هەشت ساڵ لەوەوبەر خۆی و شوێنکەوتەکانی ئازار دابوو و ناچاری کردن کۆچ بکەن.

کاتێک محەمەد گەیشتە کەعبە بەسواری وڵاخەکەیەوە حەوت جار بەدەوریدا سووڕایەوە و هەر جارێکیش دارەکەی دەستی دەدا بە بەردە ڕەشەکەوە. بەوەیش ئەو سروودە وەسەنییەی هێنایە ناو ئاینەکەی. پاشان فەرمانی کرد بەلابردنی سەرجەم وێنە و پەیکەرەکانی ناو کەعبە و شکاندنیان و داوای لە مەککەییەکان کرد هەرچی وێنە و پەیکەر لە ماڵەکانیاندایە دەریانبێنن و بیاندەنە دەست موسڵمانەکان، ئەگەرچی هێشتا وای دانەنابوو خەڵکی شارەکە ئیسلامیان قبوڵ کردوە. کەس لە دژبەرانی دێرینی خۆی، بەکوشتن سزا نەدا چەند کەسێکی کەم نەبێت کە تاوانی تایبەتیان ئەنجام دابوو، لەنێویاندا دوو ژنە سروودبێژ کە پێشتر هەندێ گۆرانییان لە گاڵتەپێکردنیدا وتبوو، هاوکات ئاسانکاری و لێبوردەییەکی گەورەی وای بەرانبەر ئەوانیتر پیشان دا مەدینەییەکان ئیرەییان پێ دەبردن، ئەگەرچی زۆری نەبرد ڕۆژگار سەلماندی مەترسییەکەیان لەوەی پێغەمبەر لە مەککە بمێنێتەوە، لەجێی خۆیدا نەبووە.

شەڕی حونەین

بەڵام پێغەمبەر لە مەککە تەنیا پازدە ڕۆژ بەم سەرکەوتنە دڵی خۆش بوو، چونکە لەوکاتەدا هەوریکی مەترسی لەدژی خڕ دەبوویەوە. ئەوە بوو بەنو ثەقیف خەڵکی تائیف - کە شارێکە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە باشووری مەککە- لەگەڵ هەوازنەکانی خزمیان کە بەشێوەیەکی بەرفراوان لە نەجد بڵاو بوون، هاوپەیمانییان بەست و سوپایەکی ٣٠ هەزار جەنگاوەریان پێکەوە نا –کە ئەوە بۆ بارودۆخی ئەوکاتەی عەرەب ژمارەیەکی زۆر گەورە

بـــوو- و ســـەربازگەیان لە ئەوتـــاس دامەزرانـــد، کاتێـــک مـــحەمەد دەرچـــوو بـــۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان، لە حونەین هێرشیان کردە سەر و وەک یەک پیاو پەلاماریان دا. حوارنشینان پێشەنگی سوپاکەی محەمەدیان پێک دەهێنا و سەرەتا پاشەکشەیان کرد، بەڵام هێزە مەدینەییە دەستەبژێرەکانی سوور بوون لەسەر کۆڵنەدان لەبەردەم هێزە هاوپەیمانەکاندا کە ژمارەیان لەوان زۆرتر بوو. هەرچۆن بێت، زۆربەی شەڕڤانەکانی هەوازن توانییـــان هەڵبـــێن بـــۆ تـــائیف، بەڵام دەوارنشـــینان لە هەســـتیارترین کاتـــدا پەیوەنـــدییەکانی خـــوێن و خزمایەتییـــان بیـــر کەوتەوە کە بەدوژمنیـــانەوە دەبەســـتێت و بەرەوایاندا نەچوون. بەڵام تاڵانیی زۆر و زەبەندی سەربازگەکەیان کەوتە دەست براوەکان، ئەو تـــاڵانییەیش یـــارمەتی پێغەمـــبەری دا تـــا بەدیـــاری و بەخشـــیش دڵـــی مەککەیـــیە ئەوموسڵمانەکان بە ئیسلامەوە گرێ بدات.

گەمارۆدانی تائیف

پلانەکـانی مـحەمەد دژی تـائیف خـۆی، بەهـەمان ئەندازە سـەرکەوتوو نـەبوون. بەبـێ چـاوەڕوانکردن تـا پـاش دابەشکردنی دەسکەوتەکانی جەنـگ، لە گۆڕەپـانی جەنـگەوە لە حونەین ڕاستەوخۆ بەرەو ئەودیو شوورەکانی پێشڕەوی کرد، بەڵام ئەقیف بەرەنگارییەکی سەرسەختانەی کرد، بەشێوەیەک نەیتوانی بەسەریدا زاڵ بێت پاش ئەوەی ئاگریان بەردایە ئامێرە سەرەتاییەکانی گەمارۆدان کە بەکاری هێنابوون و تێکیان شکاندن. پاش سێ هەفتە مـحەمەد وازی لەو پـرۆژە وەرسـکەرە هێنـا و گەڕایەوە بـۆ تـاڵانییە کەڵەکەکراوەکـان لە سەربازگەیەکدا لەنزیک گۆڕەپانی جەنگ. ژمارەیەک بەدو کە پێشتر هەڵاتبوون بۆ تائیف ئەوێ کۆبووبـوونەوە تـا لەبەرانـبەر موسـڵمانبوونیان خـزمە دیلەکانیـان و سـامانەکانیان بگێڕنەوە. بەم شـێوەیە پێغەمـبەر بەئاسـانی تـوانی بتپەرسـتان لە تـائیف بەگەمـارۆدراوی بەجێ بهێڵێت و تەنگ پێهەڵچنینیان بە هاوپەیمانەکانی ڕابردوویان بسپێرێت.

دوای ئەوەی پێغەمبەر گەڕایەوە مەدینە، لە ماوەی دوو ساڵی پاشتردا شـاندی نزیکەی سـەرجەم هـۆزە دەوارنشـینەکان سـەردانیان کـرد و بەویسـت و هەڵبژاردنـی خۆیـان موسـڵمانبوونیان ڕاگەیانـد. لەو مـاوەیەدا زۆر بەدەگمەن نەبێت ناچـار نەبـووە هەڵمەتـی تەمێکردن ئەنجام بدات بۆ تۆڵەکردنەوەی دەستدرێژکردنە سەر نێردە ئاینییەکانی، یان باجستێنە موسڵمانەکان. ساڵی ٦٣٠ تائیفیش پاش ئەوەی دەوارنشینان تەنگیان پێ هەڵچنی و تووشـی برسـێتی و پـارانەوە بـوو، خـۆی بەدەسـتەوەدا. نێردەکانیـان کە دەهـاتن خۆبەدەسـتەوانیان ڕادەگەیانـد، بەبێهـوودە هەوڵیـان دەدا مـۆڵەتێکی کـورت بـۆ لات-ی

خواوەندیان بەدەست بێنن، پێغەمبەریش ئەوەی بەتوندی رەت دەکردەوە. پاشان کەسێکیان بەناوی موغیرەی کوڕی شوعبە، کە پێشتر رووی کردبووە مەدینە و پاشتر دەیبینین هەلخوازێکی بێویژدان و بێ جلّەوە، ئەرکی شکاندنی بتی خواوەندێ شارەکەی پێ سپێردرا. لەوساتەوە ئیتر بەرەنگاریکردنی بتپەرستی بۆ پێغەمبەر لەپرووی رۆحییەوە کۆتایی هات. عەرەبەکان وەک هۆزی تاک تاک ملکەچی دەسەلاتە سیاسییەکەی بوون. تەنانەت هەندێ دیان (مەسیحی)ی باکووری نیشتمانی عەرەبیش بەئاسانی دەستبەرداری ئاینەکەیان بوون، ئەگەرچی کەنیسەی نەجران لە باشووری نیشتمانی عەرەب -کە پێشتر لە ماوەی چەوساندنەوەی تونڈی مەسیحییەکان لە سایەی یەکێک لە پاشا جولەکەکانی یەمەندا وابەستەیی خۆیان بە ئیمانەکەیانەوە سەلماندبوو- ئەم جارەیان توند دەستیان بە ئاینی خۆیانەوە گرت. پێغەمبەر هەرچی توانای بەڵگەسازیی خۆی هەبوو خستیە کار بۆ قایلکردنی ئوسقوفی ئەو کەنیسەیە، ئەبول حارث، و ئەمیر عەبدولمەسیح بۆ هاتنە ناو ئیسلام لەوکاتەی هاتبوون بۆ مەدینە بۆ دانوستانی رووبەڕوو لەگەڵیدا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. لەکۆتاییدا محەمەد بەوە وازی هێنا پەیماننامەیەکی لەگەڵیان بەست کە ئازادیی باوەڕ دەبەخشێتە مەسیحییەکانی نەجران، لەبەرانبەر دانی سەرانە (جیزیە)یەکی گەورەدا.

محەمەد و شاعیران

لەم ماوەیەدا محەمەد توانی دەسەلاتی تونڈی خۆی بەسەر رووبەرێکی بەرفراوانی نیشتمانی عەرەبدا بسەپێنێت، ئەوەیش لە داننانی زۆربەی گەورە شاعیرانی ئەو ماوەیە بەدەسەلاتیدا دەردەکەوێت. ئێمە دەزانین شاعیران لە سەردەمی بتپەرستیدا هەر بەتەنیا جێی شانازیی هۆزەکانیان نەبوون، بەڵکو لەڕێی توانای دەربڕینیانەوە رۆڵی سیاسیی گرنگیشیان دەگێڕا. دوو لە بەناوبانگترین شاعیرانی ئەو سەردەمە هاتنە ناو ئیسلام، ئەوانیش لەبید و ئەعشا بوون. لەبید تەنانەت لە رۆژانی لاوێتیشیدا وەک وتەبێژی هۆزەکەی، کیلاب -کە یەکێک بوو لە هۆزەکانی هەوازن- ناوبانگێکی فراوانی هەبوو، یەکێکیش بوو لە ئەندامانی شاندی ئەو هۆزە کە ساڵی ٦٣١ ناردی بۆ مەدینە تا لەسەر چوونە پاڵ گرووپە سیاسییە تازەکە دانوستان بکات. لەو کاتەدا موسڵمانبوونی خۆی راگەیاند. لەڕاستیدا چامەکانی لەبید هەمیشە بەبوونی هەناسەیەکی ئاینی جیا دەکرانەوە، کاتێک موسڵمان بوو مۆرکی ئاین بەسەر شیعرەکەیدا زاڵ بوو و بوو بە نموونەیەک لە شیعری ئاینیی ئیسلامی. هەرچی ئەعشایە کە وەک شاعیرێکی گەڕۆک سەرتاسەری نیشتمانی عەرەب دەگەڕا و بەشیعر هۆنینەوە بەسەر ئەمیرەکاندا بژێویی خۆی پەیدا

دەکرد، لە چامەیەکی گەورەدا ستایشی پێغەمبەر دەکات، ئەگەرچی راستیی گێڕانەوەکەی بەو شێوەیەی بەئێمە گەیشتوە جێی ڕەخنەیە. پێغەمبەر، لە ناخی خۆیدا زۆر حەزی لە شیعرەکانیان نەبوو، لەو ڕووەوە شیعر لە جوانترین ڕوالەتەکانی ژیانی بتپەرستانەی کۆن بوو. ڕاستە ئەو خۆی شاعیرێکی تایبەتی هەبوو، کە حەسانی کوڕی ثابت بوو و پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، تا بەهەمان شێوازی خۆیان بەرپەرچی ڕەوانبێژانی دەوارنشینان بداتەوە، بەڵام تونـد بـوو لەگەڵ ئەو شـاعیرانەی جەسـارەتیان دەکـرد شـیعرەکانیان بـۆ سووکایەتیکردن بە ئیسلام بەکار بێنن. کەعب کوڕی زوهێر -کە ئەم زوهێرە یەکێک بوو لە گرنگترین شاعیرانی سەردەمی بتپەرستی- ئەوکاتە لەگەڵ هـۆزی مـوزەزینە دەژیـا، هـونەری شیعریی باوکی بەمیرات بۆ مابوویەوە، بەڕقەوە سەرنجی بڵاوبوونەوەی ئایینە نوێیەکەی دەدا، کە بەئەرکە قورسەکانییەوە ڕۆچووبووە ناو قوواڵیی دابونەریتەکانی ژیان. کاتێک بوجەیری برای موسڵمان بوو، زیاتر خەمبار بوو و لە قەسیدەیەکی تەنزئامێزی داخ لەدڵانەدا جڵەوی بۆ هەستەکانی شل کرد، پێغەمبەر نەیدەتوانی کەعب بەبێ سزا واز لێ بێنێت، لەبەرئەوە خـوێنی حەڵاڵ کرد، هەربـۆیە بەردەوام لە مەترسیدا بـوو تـا ئەو کـاتەی تـوانی بەخشـینی پێغەمـبەر بەدەسـت بێنێت. پاشـان هەمـوو توانـای هـونەریی خـۆی چڕ کـردەوە لە هـۆنینەوەی قەسـیدەیەکی بەهێـز لە ستایشـکردنی گەورەی نـوێی جیهـانی عەرەبیدا، ڕووی کردە مەدینە و توانی بەسەلامەتی بچێتە ناوی. بەدوای ڕێگەیەکدا دەگەڕا بتوانێـت بچێـتە لای مـحەمەد، سـەرەنجام دەسـتی کەوت. ئەگەرچـی قەسـیدەکەی تەواو بەشـێوەی شـیعری کـۆن نووسـرابوو و دوور بـوو لە هەر بـۆن و بەرامەیـەکی ئـایینی یـان هەناسـەیەکی ڕۆحـی، بەڵام کـاریگەریی قـووڵی کـردە سـەر نـاخی مـحەمەد، تەنـانەت عەبـا تـایبەتەکەی خـۆی کـردە بەری، عەبـایش لە نیشـتمانی عەرەب، هەروەهـا لە فەرەنسـایش لە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا، زۆرجـار وەک خەڵات دەبەخشـرایە شـاعیران و گـۆرانیبێژان. لەڕاسـتیدا کەعـب زۆر شـانازی بە دیـارییەکەی پێغەمـبەرەوە دەکـرد و ڕازی نەبـوو دەسـتبەرداری ببێـت تەنـانەت کاتێـک خەلـیفە معـاویە پاشـتر دە هەزار درهەمـی بـۆ ئەو مەبەسـتە دایە، بـۆیە دەبـوو معـاویە چـاوەڕوان بکـات تـا کەعـب بمرێـت و ئەویـش عەبـا پیـرۆزەکە لە وەرەسـەکەی بکـڕێتەوە. لەوکـاتەوە لە گەنجینـەی ئەمیـری ئیمانداراندا وەک یەکێک لە شتە بەنرخەکانی ئەو گەنجینەیە پارێزگاری لێکرا، سـەرەتا لە دیمەشق و پاشـان لە بەغـــدا، تـــا ســـاڵی ١٢٥٨ لەکـــاتی پەلامـــاری مەغۆلەکـــان بۆ سەر پایتەختی عەباسی، سووتا.

تەبووك

محەمەد ئیتر تەنیا یەک جار نەبێت بۆی نەڕەخسا بەشداریی شەڕ و کوشتار بکات. ئەو شکستەی بیزەنتییەکان بەسەر سوپاکەیاندا هێنا لە موئتە، بەبێ تۆڵە مابوویەوە، لەبەرئەوە لە گەرمترین ڕۆژانی هاوینی ساڵی ٦٣٠دا فەرمانی بە هاوەڵانی کرد، هەڵمەت ببەنە سەر بیزەنتییەکان. ئێمە بەتەواوی دڵنیا نین لەوەی چی وای لێکردوە ئەو ڕێگەیە بگرێتە بەر بەتایبەت لەو کاتەدا. ڕەنگە ویستبێتی شوێنکەوتە مەدینەییەکانی سەرقاڵ بکات، کە هێشتا سەبارەت بە دابەشکردنی تاڵانییەکانی "حونەین" نائاسوودە بوون. لەوانەیشە ویستبێتی ئەو مەسیحییە عەرەبانەی مابوونەوە ملکەچ بکات، کە بیزەنتە لەپشتیانەوە بوو، پاڵپشتی دەکردن. بەسوپایەکی گەورەوە کە لە ٣٠ هەزار پیاو پێکدەهات ڕووی کردە باکوور، تا گەیشتە تەبووک، کە مێرگێکی ڕازاوەیە بەو گەنم و دراوخورمایەی تێیدا دەڕوێن، لەنزیک سنوورەکانی بیزەنتە. پاش ئەوەی شەکەت بوو وەستا و هەستی بە قورسیی باری تەمەن کرد لەسەری، ڕەنگە گەیشتبێتە ئەو بڕوایەی پلانەکانی بۆ هێرشکردنە سەر ڕۆم سوودێکی ئەوتۆیان نیە. لەوێ ئەمیری ئایلە (عەقەبەی ئەمڕۆ) لە بەشی باکووری ڕۆژهەڵات لەلای ڕاستی دەریای سوورەوە هاتە لای، کە پیاوێکی مەسیحی بوو و سوێندی گوێڕایەڵیکردنی بۆ خوارد، ئەویش ئازادیی پەرستنی بەخشییە ئەو ناوچەیەیش، لەبەرانبەر بەڵێندانیان بە جیزیەدان.

بتپەرستی بەرەو ئەوە دەچوو بەو نزیکانە دواین قەڵاکانی لەدەست بدات. دوای فەتحی مەککە، پێغەمبەر سەرەتا دانی بەخۆیدا گرت لەسەر ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی وەرزی حەج لەسەر شێوە بتپەرستانە کۆنەکە. ساڵی ٦٣٠ ئەبوبەکری وەک ئەمیری حاجییان لە مەدینەوە نارد بۆ مەککە، ڕەنگە مەبەستی ئەوە بووبێت خۆی لە ئامادەبوونی شێوازە نادروستەکان لابدات، نەوەک ئەو ئامادەبوونە مانای دانپێدانانی بگەیەنێت. تا کاتێک خەڵک لە حەجکردن بوونەوە و گەیشتنە مینا، عەلی زاوای پێغەمبەر، بەفەرمانی ئەو، دەقێکی شەرعی بۆ خوێندنەوە، کە لە سەرەتای سوورەتی نۆیەمی قورئاندا (سوورەتی ئەلتەوبە، کە (البراءة)یشی پێ دەوترێت -وەرگێڕ) پارێزراوە، بەوە پێغەمبەر بەیەکجاری تەبەڕای کرد لە بتپەرستان: ئیتر لەوە بەدوا دروست نەبوو هیچ کەسێکی بێباوەڕ حەج لەناو ناوچە پیرۆزەکەدا بکات، هەرچی ئەو پەیمانانە بوون پێغەمبەر لەگەڵ موشریکەکان بەستبوونی بەرکار دەمانەوە تا کاتەکەیان تەواو دەبوو بەو مەرجەی موشریکەکان بەوردی بەدەقەکانیەوە پابەند بن. بەڵام هەرکەس پەیماننامەی لەگەڵ پێغەمبەر نەبووبێت ئەوە یان دەبوو بێتە ناو ئیسلام، یان تا مردن شەڕ بکات. بتپەرستان بۆیان هەبوو بەدڵنیایی و

سەلامەتی بگەڕێنەوە ماڵەکانیان تا کۆتاییهاتنی مانگە حەرامەکان، جا کاتێک ئەو مانگە حەرامانە تێپەڕین پێویست بوو موسڵمانان لە هەرکوێ بیانبینن لەگەڵیان بجەنگێن. لەڕاستیدا ئەو بەرائەتە کاریگەر بوو، چونکە موسڵمانان لە چەند حاڵەتێکی کەمدا نەبێت ناچار نەبوون لەناو نیشتمانی عەرەب خۆیدا پەنا بۆ بەکارهێنانی هێز ببەن.

حەجی ماڵئاوایی (حجة الوداع)

لە کۆتاییەکانی ساڵی دەیەمی کۆچی و لە بەهاری ساڵی ٦٣٢دا، محەمەد دەیتوانی وادابنێت پەیامەکەی لە نیشتمانی عەرەبدا چەسپیوە. بۆ پیشاندانی ئەوەیش لەگەڵ سەرجەم هاوسەرەکانی و ژمارەیەکی زۆر لە باوەڕداران چوو بۆ حەجکردن لە مەککە، کە لە کتێبەکانی سیرەدا بە حەجی ماڵئاوایی ناسراوە. موسڵمانان سەرجەم ئەو کارانەی پێغەمبەریان بەوردی و تێروتەسەلی بۆ ئێمە گواستۆتەوە کە لەو رۆژانەدا کردوونی، چ بچوک بن یان گەورە. موسڵمانانیش تا ئەمڕۆ لە ئەنجامدانی ڕێوڕەسمە پیرۆزەکاندا بەشێوەیەکی راست و دروست، وەک نموونە چاو لەو حەجە دەکەن. محەمەد لە رۆژی دووەم یان سێیەمدا وتارێکی بۆ خەڵک دا، تێیدا بەشێوەیەکی تایبەت سااڵنامەیەکی قەمەری هێنایە کایە کە لە دوازدە مانگ پێکدێت و ئەرکە بنچینەییەکانی ئیسلامی لەسەر باوەڕداران فەرز کرد.

پاش گەڕانەوەی پێغەمبەر لە حەجەکەی، هەواڵی ناخۆش دەگەیشتنە مەدینە. ئەوە بوو لە ناوەڕاستی نیشتمانی عەرەبدا موسەیلەمە، کە یەکێک بوو لە سەرۆکەکانی بەنی حەنیفە یاخیبوونی راگەیاند و نامەیەکی هەرزەی بۆ پێغەمبەر نارد، تێیدا داوای لێدەکرد دان بەوەدا بنێت ئەویش هەمان مافەکانی ئەوی هەیە. هەروەها لە لایەنی رۆژهەاڵتی دووری جەزیرە کە بەنو ئەسەدی تێدا بوون، بزوتنەوەیەکی جێگومان سەری هەڵدا، لەگەڵ ئەوەیشدا رای پێغەمبەر لەسەر ئەوە بوو هەڵمەتێکی نوێ دژی بیزەنتییەکان ئەنجام بدات. لە ئاداری ٦٣٢ سەرکردایەتیی ئەو سوپایەی بۆ شەڕی مەسیحییەکان ئامادەی کردبوو بە ئوسامەی کوڕی زەید سپارد، واتە کوڕی زیاد کە لە موئتە کوژرا. لە ناوەندی ئەو ئامادەکارییانەدا پێغەمبەر نەخۆش کەوت، پێدەچێت نەخۆشیی مەلاریا بووبێت، کە لە نەخۆشییانەیە لە مەدینە نیشتەجێیە. ئەگەرچی تەمەنی زۆر لە شەست ساڵ تێپەڕی نەکردبوو، بەاڵم بەهۆی ئەو سەختییانەی لەو ساڵانەی دووایيدا روویان تێکردبوو، هەروەها چێژبینینی لەو ژیانی هاوسەرییە بەرفراوانەی هەیبوو، چالاکی رووی لە سستی کردبوو. پاش ماوەیەکی کورت مۆڵەتی لە هاوسەرەکانی خواست، کە هەر شەوەی لای

یەکێکیان دەخەوت، لەلای ژنی جێپەسەندەکەی، عائیشە، بمێنێتەوە. ئەنجا پاش ئەوەی ئەو باوەڕدارانەی بۆ گوێڕایەڵیکردن هان دا کە هەڵبژاردنی ئوسامەی لاویان بۆ سەرۆکایەتیی هەڵمەتەکە بەلاوە باش نەبوو، ناچار بوو واز لە پێشنوێژیکردن بۆ خەڵک بێنێت و ئەو ئەرکە بە خەزور و دۆستی دێرینی خۆی، ئەبوبەکر بسپێرێت. نەخۆشییەکەی پێغەمبەر توند بوو و زۆری بۆ هێنا، بەشێوەیەکی لە بەهۆشیدا وڕێنەی دەکرد. لە رۆژی یەکشەممە، ٧ی تەممووز ویستی دواین وەسێتی بنووسێتەوە، بەڵام عومەر وای بەباش زانی رێگری لێبکات، لەترسی ئەوەی نەوەک دەرچوونی هەندێ فەرمان لە پێغەمبەرەوە، لەو بارودۆخەدا کە یارمەتیدەر نیە بۆ بیرکردنەوەی ساف، هەڕەشە لە پرسی موسڵمانان بکات. شەوی پاشتر تاکەی هەندێ سووک بوو، بۆ بەیانییەکەی پێغەمبەر وا هاتە پێش چاو وەک ئەوەی بەرەو چاکبوونەوە چووبێت. کاتێک باوەڕداران بۆ نوێژ کۆبوونەوە، محەممەد لە ماڵی عائیشەوە چووە دەرەوە تا جارێکیتر هاوەڵانی ببینێت. بەڵام هەر کە گەڕایەوە بۆ ناو نوێنەکەی، تا-کەی سەرلەنوێ لێ هاتەوە و ئازاری گیانکێشان گرتی. بۆ نیوەڕۆ عائیشە هەستی کرد دەستی لەناو دەستیدا شل دەبێت و بۆ دواین جار گوێی لە نزایەکی نەرم بوو: "اللهم اغفر لي وارحمني وألحقني بالرفيق الاعلى"، (واتە: خوایە لێم خۆشبە و رەحمم پێ بکە و بمگەیەنە بە دۆستی باڵا).

بیروباوەڕەکانی محەمەد

ئەگەر حەماسەتی ئاینی لە مەککە بەسەر محەمەددا زاڵ بوو، کە لە ناخی خۆیدا هەستی دەکرد ئەو پەیامبەر و "ئاگەدارکەرەوە"ی رۆڵەکانی نیشتمانەکەیەتی، بەڵام لە مەدینە بوو بە سەرگەورەی گرووپێکی سیاسی و دەوڵەتمەدارێکی بەهرەدار کە لەپێناو گەیشتن بە دوا ئامانجی خۆیدا کۆل نادات، ئەویش دەستگرتن بوو بەسەر نیشتمانی عەرەبدا. هەروەها رێگەی نەدەدا شکستی کاتی، وەک پەیماننامەی حودەیبیە، ببێتە رێگر لەبەردەم ئەو ئامانجەی خۆی بۆ تەرخان کردبوو. لە مەدینەیش حوکمە سیاسییەکانی وەک بەشێک لە قورئان رادەگەیاند، واتە بەشێک لە وەحیی خودا. بەڵام لەپێناو ناوەرۆکدا نەبوو دەستکاری شێوەکە form بکرێت. هەروەها تەنیا سەروا (قافیە) -کە بەزۆری لاواز بوو- وەک نیشانەی شێوازی قورئانی مایەوە.

دیارە نابێت تەنیا لەسەر بناغەی قورئان حوکم لەسەر ئاینی محەمەد بدەین. هەروەها مەسەلە، مەسەلەی سیستمێکی رێکخراو نیە، چونکە بەهیچ شێوەیەک لایەنی وردی و تۆکمەیی فیکری بەهێزترین لایەنەکانی نەبوو. جیهانە فیکرییە تایبەتەکەی لە داهێنانی تایبەتی خۆی نەبوو لە سنوورێکی بچووکدا نەبێت، بەڵکو بەپلەی یەکەم، لە جولەکایەتی و مەسیحییەتەوە هەڵقوڵابوو، کە زیرەکانە بەگوێرەی پێویستییە ئاینییەکانی گەلەکەی گونجاندی. بەوەیش گەلەکەی بۆ ئاستێکی بەرزتر لە باوەڕی خۆرسک و هەستیاریی ئەخلاقی بەرزی کردەوە.

لایەنی لاهووتی

خودای محەمەد پەروەردگاری سەرەتا و کۆتایە. لە سەردەمی بابلییەوە مرۆڤی سامی خواوەندەکەی وەک سەرگەورەیەکی سەرسەختی ئەتوار سەیر و دڵڕەق پیشان دەدات کە پەی بە قووڵایی ئیرادەی نابرێت، لەبەرئەوەی ئیرادەی ساتسات و ناجێگیرە هاوشێوەی ئیرادەی دەسەڵاتداری تاکڕەوی رۆژهەڵاتی. خوا لەو رووەوە حوکمەکانی فەرز ناکات کە پیرۆز و دادپەروەرن، بەڵکو لەبەرئەوە فەرزیان دەکات کە پێی خۆشە وا بکات. لێرەیشەوە هەرکات ویستی دەتوانێت بیانگۆڕێت یان هەڵیانبوەشێنێتەوە. بەڵام خوداکەی محەمەد هاوکات نەرم و نیان و میهرەبانیشە. پێغەمبەر خۆی هەستی بەم نەرم و نیانییە کرد و زانی خودا نایەوێت ئیمانداران بە فەرزە ئاینییەکان شەکەت بکات، بەڵکو دەیەوێت باریان سووک بکات، لەو رووەوە دەزانێت مرۆڤ لاواز خەلق کراوە. (سوورەتی ٤:٣٢). هەرچۆن

بێت لەم رووەوە هیچ تۆکمەییەک consistency نابینرێت. هەندێ جار خوا لە ئەزەلەوە بۆ ئەبەد دیاری دەکات چ مرۆڤێک بەهۆی ئیمانەوە رزگاری بەدەست دێنێت و کێیش لەناو بێباوەڕیدا گینگڵ دەخوات و چارەنووسی فەوتانی ئەبەدییە. هەندێ جاریش قورئان هەوڵ دەدات ئیرادەی ئازادی مرۆڤ نەفی بکات. لەبەرئەوە سەیر نیە پاشتر ببینین توندترین ناکۆکییە کەلامییەکان لەسەر ئەم خاڵە گەرم بوون. لەکۆتاییدا باوەڕ بە قەزا و قەدەری رەها زاڵ بوو، لەگەڵیشیدا باوەڕ بەناچاری (جەبر) بڵاو بوویەوە و لەوکاتەوە بوو بە یەکێک لە رەگەزە بنچینەییەکان لە کۆی تێڕوانینی ئیسلامدا.

نەک هەر ئەوە بگرە یەکتاپەرستیی ئەبستراکت abstract monotheism کە تا رادەیەکی زۆر بناغەی هێزی ئیسلام بوو لە داگیرکردنی دڵان و بەدەستهێنانی شوێنکەوتواندا، پلەبەپلە پەیدا بوو. پێشتر ئاماژەمان بە مەیلی سەرەتای پێغەمبەر کرد بۆ دانان بە خواوەندە سەرەکییەکانی مەککەدا وەک تکاکار لای خودا. لەکاتێکدا تێگەیشتن لە خودا لە ویژدانی محەمەددا گەلاڵە دەبوو، هەندێ سیفەتی چواندن تێکەڵ بەو تێگەیشتنە بوون، ئەمەیش بووە مایەی پەیدابوونی ناکۆکیی توند لە بیروباوەڕدا، کە تێیدا گرووپی سوننە بە تەفسیرکردنی روالەتییانەی سەرجەم ئایەتە پەیوەندارەکان بەم بابەتە لێی دەرچوون و سەرکەوتن لە کۆتاییدا بۆ ئەوان بوو، سەرکەوتنێک لەگەڵ رۆحی دانەری شەریعەتەکە خۆیدا دەگونجا.

دووەمین باوەڕی بنچینەیی ئیسلام ئەوەیە: محەمەد پێغەمبەری خوایە. پێغەمبەر بیرۆکەی گوناهی سەرەتای لە تەوراتەوە وەرگرت. هەروەها ئەوەی فێری خەڵک دەکرد کە خوا لە هەندێ کاتی دیاریکراودا پێغەمبەرانی بۆ هەر گەلێک ناردوە بەمەبەستی ئاگەدارکردنەوەی مرۆڤایەتی لە گوناە، بەتایبەت گوناهی بتپەرستی، ئەویش لەڕێی ئەو سروش (وەحی)یەوە کە بە جیبریلدا بۆیان دەنێرێت. کتێبە پیرۆزەکانی جولەکە و دیان ئەم سروشە خواییەیان تێدایە، بەلام بێگومان بەشێوێنراوی. یەسوع (عیسا) پێغەمبەر کە پێش پێغەمبەری ئیسلام هاتووە، وەک پێغەمبەرەکانی پێش خۆی هەواڵی دەرکەوتنی محەمەدی داوە، کە دواین پێغەمبەرە. محەمەد پێش هەموو شت بۆ عەرەب رەوانە کرابوو. بەلام ئاینەکەی دەبوو کار بۆ زیندووکردنەوەی ئاینی سافی ئیبراهیم، کە جولەکە و دیان شێواندویانە و بڵاوکردنەوەی لە سەرتاسەری جیهاندا. بکات. ئاسان نیە بەوردی حوکم بدەین ئاخۆ پێغەمبەر خۆی هەستی کردوە ئەو بۆ ئەو پەیامە جیهانییە بانگ کراوە و ئەوە لە چ قۆناغێکی ژیانیدا بووە. وشە یاخود پەیامی خودا بۆ محەمەد قورئانە، ئەو ناوە سەرەتا بە هەر تاکە پارچەیەکی وەحی دەوترا، پاشتر ئەو وشەیە (کە بەمانای خوێندنەوە

نیت) وەک ناو بۆ کۆی وەحییەکە بەکار هات. لەڕاستیدا قورئان وەک یاسا و مەحەکی ژیان، بەسوننەتی پێغەمبەر تەواو کراوە، واتە قسە و کردارەکانی وەک لە حەدیسدا لەڕێی هاوەلانیەوە پێمان گەیشتوە. بەڵام بەشی هەرەزۆری حەدیسی پێغەمبەر، تا پاش دوو سەدە لە هاتنی ئیسلام پەیدا نەبوو، لەبەرئەوە پێویستە بەوپەڕی وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنانیدا وەک سەرچاوەیەک بۆ عەقیدەی پێغەمبەر خۆی، بکەین.

رۆژی دوایی (قیامەت)

لە مەککە بیرۆکە ئاینییەکانی مەحەمەد سەرەتا بەدەوری رۆژی دواییدا دەخولانەوە. بیروباوەڕەکانی سەبارەت بە دنیاکەیتر بۆ سەرچاوەگەلی یەهودی دەگەڕێنەوە، بەوەیش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە سەرچاوەی فارسی و بابلیی کۆنەوە هەیە. سەرەتا باوەڕی وابوو رووداتی قیامەت نزیکە، پاشتر ناچار بوو خۆی لە دیاریکردنی وادەیەک بۆ هاتنی ئەو رۆژە لابدات، لەبەرئەوەی خوا زانینی ئەوەی تایبەت کردوە بەخۆی. محەمەد پێشبینی دەکرد ساتی قیامەت بە فووکردنێکی گەورە یان دەنگێکی گەورە رابگەیەنرێت، پاشان باسی فووکردن بە کەڕەنا (الصور)دا یان جاڕدانی قیامەتی لەلایەن فریشتەیەکەوە کرد: جا زەوی دەکەوێتە هەشۆکان، چیاکان وەک تراویلکە (سەراب) دەهەژێن، یان وەک هەور دەڕۆن بەئاسماندا و و دەگۆڕێن بۆ تەپوتۆزێکی پەرشوبڵاو. دەریاکان دەتەقنەوە، خۆر بەدەوری خولگەکەیدا دەخولێتەوە، مانگ دەگیرێت و شەق دەبات و هەسارەکان ورد و خاش دەبن، ئاسمان دەکرێتەوە و پەردە لەسەر جیهانەکەیتر لادەدرێت و دەیخاتە بەرچاوی مرۆڤ.

لە رۆژی حەشردا، وەک لە سوورەتە قورئانییە بەراییەکاندا هاتووە، ئەو کتێبە خوداییە دەکرێتەوە کە هەرچی مرۆڤ کردوویەتی تێیدا تۆمار کراوە و لەسەر ئەو بناغەیە دەست بە حیساب و کیتاب دەکرێت. هەرکەس کارنامەی خۆی دەدرێتە دەست و بەدەنگی بەرز دەیخوێنێتەوە. ئەو کەسەی نامەی کردەوەکانی بەدەستی ڕاستی بدرێت ژیانێکی خۆش دەژی، بەڵام ئەوەی بەدەستی چەپ بیدرێتێ دەڵێت بریا کارنامەکەمم نەدرایەتە دەست. پاشان لەخواترسان لەلای ڕاستی خوداوە دەوەستن، چونکە ئەوان هاوەڵانی لای ڕاستن، تاوانبارانیش لای چەپی دەوەستن، چونکە هاوەڵانی لای چەپن، بەتەقواترینەکانیش لە تەنیشت عەرشدا دەوەستن، ئەوانە کەسە نزیکەکانن، سێ کۆمەڵن. بەڵام لە سوورەتەکانی پاشتردا قورئان ئەم دیمەنە بە ڕەنگی ئاڵ و والاتر و زیندووتر وێنە دەکێشێت. لەوێ خودا

کردەوەکان بە تەرازووی راست و هاوسەنگ دەکێشێت. تاوانبارانی هەوڵ دەدەن بڕ و بیانوو بۆ خۆیان بدۆزنەوە، بەڵام پێغەمبەرەکانیان کە لە سەردەمی ئەواندا ڕەوانە کراون شایەتییان لەسەر دەدەن. پاش ئەو لێپرسینەوەیە ڕاستەوخۆ پاداشت یان سزا دەست پێدەکات. ئەوانەی لەخوا ترساون بەرەو بەهەشتی ڕازاوە یان فیردەوس دەبرێن، کە محەممەد، کە خۆی لە شارێکی عەرەبیدا گەورە بوو کە دەکەوتە شیوێک گەرمایەکی سووتێنەرەکەی هەبوو، وا پێشانی دەدا (ئەو بەهەشتە) لەسەر چیایەکی سارد. لەوێ، لە بەهەشت کارێزی بەخۆڕ، تەختی دانیشتنی بەرزی تێدایە کە مافووری ڕەنگاوڕەنگیان بەدەوردا ڕاخراوە. لە بەهەشتدا چاکەکاران دەحەوێنەوە و لەخۆشیدا دەدرەوشێنەوە، جلوبەرگی سەوزی ئاوریشمی و پشتوێنی زیوینیان لەبەردایە، لە کانیاوێک دەخۆنەوە کافوور و زەنجەبیلی تێکەڵ کراوە، یان شەرابێکی خاوێنی مۆرکراوە بەمیسک. بەهەشت بەداری چڕە سێبەر دەورە دراوە و بەرەکانیان شۆڕ بوونەتەوە و لە میوە زۆر و زەبەندەکانیان حەزیان لە چی بێت هەڵدەبژێرن. نەک هەر ئەمە، بەڵکو چێژ لە هاوژینیی کچانی پاکیزەی چاو ڕەش (پەری) وەردەگرن کە خودا گەنجێتییەکی سەرمەدی پێ بەخشیون. ئەو خۆشییانەی بەهەشتیش وەک دیارە زیاتر ڕوو لە خەیاڵی پیاوان دەکات، هەرچی ئافرەتانن پێغەمبەر مژدەی بەهەشتی بەوانیش داوە. بەڵێنی ڕزگاربوون لە ڕق و ئیرەیی و چێژی گفتوگۆ ئاینییەکان و ڕەزامەندیی خوای پێ داون، کە لەوانە گەورەترە.

لەکاتێکدا دەرگاکانی بەهەشت بۆ هاوەڵانی دەستە ڕاست والا دەکرێت، هاوەڵانی دەستە چەپ بەرەو دۆزەخ (جەهەنەم) پەلکێش دەکرێن، کە چاڵێکی قوواڵ و پڕ لە ئاگری بڵێسەدارە. محەممەد هەڕەشەی جەزرەبەیتر جگە لە ئاگر لە گوناهکاران دەکات، بەڵام بەبێ پلەبەندییەکی سیستماتیک لە سزاکاندا وەک ئەوەی لە فەنتازیا یەهودی یان مەسیحییەکاندا بۆ دۆزەخ هەیە. ئەگەر لە بەهەشتدا کانیاوێک هەیە بەو شێوەیەی وەسفمان کرد، ئەوا لە جەهەننەمەیشدا کانیاوێکی کوڵاو هەیە کە تاوانباران لە ئاوە کوڵایکوڵ و سوێرەکەی دەخۆنەوە و ڕیخۆڵەکانیان پارچە پارچە دەکات. لەباتی میوە، ڕووەکێکی بۆنپیسیان دەڕخوارد دەدرێت کە برسێتی ناشکێنێت و هیچ سوودی نیە. قورئان پاشتر (سوورەتی ٣٧: ٦٢-٦٣) ئەو دڕەختەی بە دڕەختی زەقنەبوت (الزقوم) وەسف کرد کە (تخرج في اصل الجحيم. طلعها كأنه رؤوس الشياطين). لە شوێنانیتردا قورئان وەسفی جەهەننەم وەک شوێنی ئەشکەنجەدان دەکات بەوەی، کۆت و زنجیری تێدایە، کە نۆزدە فریشتە لەژێر سەرپەرشتیی سەرۆکێکیاندا پاسەوانی دەکەن. لەپاڵ سزای جەستەدا، ئەهلی ئاگر سزای ڕۆح و خۆتاوانبارکردن و و نەفرەتباران و پاڕانەوەی بێسوود بۆ ڕزگاربوونیش دەبینن.

سزاکانی دۆزەخیش وەک خۆشییەکانی بەهەشت هەمیشەیین. ئومێدەکانی جولەکە بەوەی گوناهبارانی گەلی ئیسرائیل سزایەکی کاتی بدرێن، لە مەدینە لەلایەن محەمەدەوە بەتوندی بەرپەرچ درایەوە.

ئەرکە ئایینییەکان

ئەرکە ئایینییەکانی قورئان پەیوەندییەکی ریشەداریان بە بیروباوەڕی ئیماندارەوە نیە، بەڵکو -وەک لە جولەکایەتیی پاشینیشدا وایە- سیفەتی پابەندبوونی دەرەکییان وەرگرتوە. دەبینین هەندێ ڕێوڕەسمی سرووتییانەی وەک دەستنوێژگرتن پێش نوێژ، لە هەمان ئاستی فەرمان بە بەها بااڵ ئەخلاقییەکانی وەک بۆ نموونە ڕاستگۆیی یاخود ئەمانەتدا دانراون. لەڕاستیدا دەستنوێژ یەکەم ئەرکە ئایینییە فەرزکراوەکانە لەسەر ئیمانداران. بەاڵم ئەگەر ئاو دەست نەکەوت دەتوانرێت لەباتیدا لم بەکار بهێنرێت. دووەم ئەرکە ئایینییەکان نوێژ خۆیەتی، کە لە چەند شێوەیەکی جێگیر و نەگۆڕ پێکدێت، لەگەڵ خوێندنەوەی هەندێ ئایەتی قورئان کە بەشێوەیەکی جێگیر لەگەڵ چەند جووڵەیەکی جەستەییدا دووبارە دەکرێنەوە. بەکۆی ئەو شێوە و جووڵانە دەوترێت "ڕکات"، کە پێویستە لە هەر نوێژێکدا لانیکەم دوو جار دووبارە ببێتەوە. محەمەد و هاوەاڵنی لەکاتێکدا لە مەککە ڕۆژی دوو جار و لە مەدینە ڕۆژی سێ جار نوێژیان دەکرد وەک جولەکەکان، سرووتە پاشینەکان کە لەژێر کاریگەریی فارسدا بوون، ژمارەی نوێژە فەرزەکانیان لە ڕۆژێکدا بۆ پێنج نوێژ بەرز کردەوە، یەکەمیان پێش شەبەق (بەیانی)، دووەمیان نیوەڕۆ، سێیەم پاش نیوەڕۆ تا پێش خۆرئاوابوون (عەسر)، چوارەم لەکاتی خۆرئاوابوون (مەغریب) و پێنجەمیش لە شەواندا (عیشا). بانگدەریش ئەو کەسەیە لەکاتی نوێژەکاندا لە مەنارەی مزگەوتەکانەوە بانگی خەڵک دەکات بۆ نوێژکردن. عەرەب یەکەم جار ئەم تاوەر یاخود مەنارانەیان لە وااتە فەتحکراوەکاندا بینی و شێوە تەاڵرسازیەکانیان لەوانەوە وەرگرت. لەو نموونانەی لێیان وەرگرتن، لە وااتانی دەریای ناوەڕاست مەنارەکان lighthouses، لە شام تاوەری کەنیسەکان و تاوەری پاسەوانی، لە فارس و هیند تاوەری ئاماژەکان بوو. مەنارەکان سەرەتا زۆر پەیوەست نەبوون بە مزگەوتەکانەوە. عوسمانییەکان یەکەم کەس بوون مەنارەیان خستە پاڵ مزگەوت لە ئاسیای بچووک. ڕۆژی هەینیش موسڵمانان نوێژی نیوەڕۆ بەکۆمەڵ دەکەن، کە وتارێکی لەگەڵدایە، تێیدا پێشەوای نوێژکەران، یان -پاشتر- یەکێک لە بانگخوازانی ڕەسمی پێشکەشی دەکات و پاش نوێژێکی بێدەنگ، بە شایەتمانهێنان و نزاکردن بۆ محەمەد و ئاڵوبەیتەکەی و بۆ یەکەمین نەوەی هەڵبژێردراوی

ئیسلام و بۆ سەرجەم باوەڕداران، هەروەها بۆ سوپا ئیسلامییەکان و -لە نەریتی پاشتردا- بەتایبەت بۆ ئەمیری دەسەلاتدار کە نوێژخوێنانی ئەو شوێنە دان بە دەسەلاتەکەیدا دەنێن، کۆتایی دێت. دوانگە (مینبەر)ی مزگەوت کە وتاری لێوە دەدرێت شێوەیەکی پێشکەوتووە لە شێوەکانی کورسی کە پێغەمبەر، بەگوێرەی نەریتی رۆژهەلاتیی کۆن، لە بۆنە رەسمییەکاندا دەچووە سەری. یەکەم کەس ئەم مینبەرانەیان بەکار هێنا حاکمانی ویلایەتەکان بوون کە لە رۆژانی جومعەدا خۆیان لە نوێژی گشتیدا پێشنوێژییان بۆ خەڵک دەکرد. سەرکەوتنە سەر مینبەر بۆ وتاردان تا سەدەی دووەمی کۆچی نەبوو بە نەریتێکی باو. بۆ خۆ جیاکردنەوەیش لە جولەکە، پێغەمبەر -وەک پێشتر دیمان- کارکردنی لە جومعەدا لە شوێنکەوتەکانی قەدەغە نەکرد، بەڵکو ئازادیی بازرگانیکردن و گەڕان بەدوای رزق و رۆزی پێ بەخشین.

سێیەمین ئەرکی سەرەکیی ئایینی رۆژووگرتنە، واتە خۆگرتنەوە لە خواردن و خواردنەوە و سەرجەم چێژەکانیتر، بۆ نموونە وەک بۆنە خۆشەکان، لە بەرەبەیانەوە تا رۆژئاوابوون بەدرێژایی مانگی رەمەزان. لەو رووەیشەوە ئەم مانگە بەهۆی سالنامەی قەمەرییەوە هەندێ جار دەکەوێتە زستان و هەندێ جاریش هاوین، ئەنجامدانی ئەم ئەرکە بەتایبەت لە ناوچە گەرمەکان، کارێکی زۆر قورسە و قوربانیی سەخت لەسەر باوەڕداران دەخوازێت. شەوی بیست و حەوتی رەمەزان پیرۆزییەکی تایبەتی هەیە، ئەویش شەوی "لەیلەتولقەدر"ە، کە تێیدا پێغەمبەر بانگ کرا بۆ ئەنجامدانی پەیامەکە لەڕێی سوورەتی نەوەد و شەشەمینەوە (سوورەتی: العلق). کەس لە رۆژووگرتن نابەخشرێت جگە لە نەخۆش و رێبوار و ئەو سەربازانەی بەرەو گۆڕەپانی جەنگ دەڕۆن، بەڵام پێویستە پاشتر هەموو ئەو رۆژانەی نەیانگرتوون، بەقەزا بیانگرنەوە.

حەجکردن

چوارەمین ئەرکی ئایینی کە لەسەر هەر موسڵمانێکی پیاو و ئافرەت فەرزە لانیکەم لە تەمەندا جارێک ئەنجامی بدات، بریتییە لە حەجکردن لە مەککە[۱۳]. هیچ پاساوێک نیە بۆ نەکردنی جگە لە هەژاری یان نەخۆشی یان دیلی. کاتێک حاجی دەگاتە سنووری ناوچە پیرۆزەکە جلە ئاساییەکانی دەگۆڕێت و جلی حەج (ئیحرام) دەپۆشێت، کە لە دوو پارچە قوماش پێکدێت هەرچی بێت، یەکێکیان دەدرێت بەشانەکاندا و ئەویتریشیان لە کەمەر

---

[۱۳] بڕوانە: Snouck Hurgrongem Het mekkaansche Feest Leiden 1860.

نەپێچرێت. دروست نیە هیچیتر بۆ ئەمە زیاد بکرێت جگە لە جووتێک نەعل. هەرچی سەرە، پێویستە ڕووت بێت تەنانەت لە قاق و بڵیسەی گەرمای هاوینیشدا. ئەوە ئەو جلە بووە لە قۆناغە بەراییە بەسەرچووەکانی مەدەنییەتدا بەکار هێنراوە، کە ئەوە سەروو تێکە تائێستا هاوشێوەی ئاینەکانیتر لە ئیسلامیشدا ماوە. لە مەککە حاجی یەکەم شت سەردانی کەعبە دەکات. کەعبە بینایەکە شێوەکەی خەریکە بڵێین شەش پاڵوویە، درێژییەکەی دەگاتە ٤٠ پێ و پانییەکەی ٣٠ پێ. بەرزییەکەیشی لەنێوان (٣٥ بۆ ٤٠) پێدایە. لە هەموو لاکانیەوە بەقوماش داپۆشراوە. کەعبە لە ناوەڕاست یان نزیک لە ناوەڕاستی پارچەیەک زەویی کراوەدایە، درێژییەکەی نزیکەی دوو سەد هەنگاوە، پانییەکەیشی سەد و پەنجا هەنگاوە. ئەمڕۆ تەنیا چەند بینایەیەکی بچووکی لەسەرە کە لە دەوروبەری دروست کراون، دوو ڕیزە پایە دەوریان داوە. کەعبە پێش فەتحی مەککە هەندێ وێنەی خواوەندەکانی تێدا بوون، بەڵام ئێستا ڕەنگە جگە لە سورەیا و هەندێ هۆی پاک و خاوێنی هیچیتری تێدا نەبێت. گۆشەکانی کەعبە بەنزیکەیی ئاماژە بۆ چوار ئاراستەکە دەکەن. دیوارە یەمانییەکە لە بەرزایی پێنج پێ لەسەر ڕووی زەوی، بەردە ڕەشە بەناوبانگەکە لەخۆ دەگرێت کە ئەمڕۆ لە چەند بەردێکی بچووک و سێ بەردی گەورەتر لەوانە پێکدێت و شریتێکی زیوین بەشەکانی بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ڕەنگە ئەو بەردە کۆنترین بتەکان بێت کە مەککە پێش ئیسلام ناسیونی. لەو بەردە پیرۆزانەیتر دەچێت کە زۆرجار لای سامییەکان دەیانبینین. محەمەد نەریتی ماچکردنی لەکاتی حەجدا وەرگرت بەبێ ئەوەی بناغەیەکی دیاریکراوی بۆ دابنێت. لەڕاستیدا ئێمە لە بەرەبەیانی ئیسلامەوە بەرهەڵستیکردنێکی چالاک بۆ هەموو پیرۆزکردنێکی بەرد و پەیکەرەکان دەبینین، لەو ڕووەوە بەجۆرێک لە بتپەرستی دادەنرێت. لەپاڵ کەعبەدا کاریزی زەمزەم هەیە کە بەپێی گێڕانەوەکان ئیسماعیلی باپیری عەرەبی باکوور و هاجەری دایکی، لە مردن بە تینوێتی ڕزگار کردوە. باوەڕداران پاش ئەوەی تەوافی کەعبە دەکەن بەتاسەوە وەک ئاوێکی پیرۆز لێی دەخۆنەوە. دوای ئەوە ڕاکردن لەنێوان سەفا و مەروە دێت، کە ناوی دوو گردە، پێناچێت ئەمڕۆ زۆر لەسەر ڕووی زەوی بەرزتر بن. سەفا کە دەکەوێتە دووریی نزیکەی پەنجا هەنگاو لە باشووری ڕۆژهەڵاتی مزگەوتەکە، بە سێ تاق (عقود) arches جیا دەکرێتەوە کە بەسێ پلیکانەی بەردین بۆی سەردەکەوێت. بەڵام مەروە دەکەوێتە دووریی نزیکەی شەشسەد پێ، دوور لە سەفا، سەکۆیەکی هەیە ئەویش بەپلیکانە بۆی سەردەکەوێت. موسڵمان دەبێت حەوت جار بەراکردن ماوەی نێوان دوو گردەکە ببڕێت بەشێوەیەک لەکۆتاییدا بگاتە مەروە. بەوە ڕێورەسمەکانی حەجی بچووک، واتە عومرە، کۆتاییان دێت. پێدەچێت ئەم حەجکردنە بۆ

کەعبە لە مانگی رەجەبدا، زۆر پێش محەمەد بۆ حەجکردن لە مانگی زیلحیججەدا (دواین مانگی ساڵ) زیاد کرابێت، کە لە بنەڕەتدا تەنیا کۆبوونەوە بوو لە کێوی عەرەفات.

لە حەجی گەورەی ساڵانەدا، لە هەشتەمی مانگی زیلحیججە، حاجییان پاش تەوافی یەکەم بەدەوری کەعبەدا، بە مینادا تێدەپەڕن، کە بەپێی توانا پێویست بوو شەوی رابردوو تێیدا بمێننەوە، پاشان دەڕۆنە ئەو دەشتاییە بەرینەی لە بناری چیای عەرەفاتەوە درێژ دەبێتەوە، کە بەرزاییەکی بەردەڵانە و دەکەوێتە رۆژهەڵاتی مەککە لە دووریی چوار کاتژمێر رێگە بەوشتر. گێڕانەوە ئیسلامییەکان باس لەوە دەکەن جیبریل لەسەر لوتکەی کێوی عەرەفات ئادەمی فێری نوێژ کردوە. بۆ زیندووکردنەوەی ئەو یادە، حاجییان لەوێ ماوەیەکی زۆر لە رامانـدا بەسەر دەبەن، کە لە نیوەڕۆی نـوێەمی زیلحیججە دەست پێدەکات و لە خۆرئاوابووندا تەواو دەبێت. کاتێک شەو هات دەگەڕێنەوە تا شەوەکەیان لە موزدەلیفە لەنێوان عەرەفات و مینادا بەسەر ببەن. لە بەرەبەیانی رۆژی دواتردا رووەکەنە مینا. دوای ئەوەی کەمێک پشووی تێدا دەدەن لەبەردەم کۆمەڵە بەردێکدا [جەمرەی عەقەبە] کۆدەبنەوە و پێویستە هەر حاجییەک حەوت بەردی تێ بگرێت. دەوترێت ئەمە خۆی بۆ زیندووکردنەوەی یادی ئیبراهیمە، کە جارێکیان بەو شێوەیە شەیتانی دەرکردوە کاتێک رێگەی پێ گرتوە. لێرەدا جەژن بە رێوڕەسمی قوربانیکردن کۆتایی دێت. بۆ ئەو مەبەستە دەوارنشینەکان مێگەلێکی زۆر دەبەنە ئەوێ [هەدی]، هەر حاجییەکیش ڕوو بەئاراستەی مەککە یەکێک لەو مەڕانە سەردەبڕێت و دەڵێت: "بسم الله الرحمن الرحیم، الله اکبر". پاشان حاجییەکان جلی ئیحرام دادەکەنن و پرچیان دەتاشن، کە لەو ماوە پیرۆزەدا دروست نەبوو مووسی بەربکەوێت. ئەنجا دەگەڕێنەوە بۆ مەککە و حەوت جار بەدەوری کەعبەدا دەسووڕێنەوە و لەنێوان سەفا و مەروەدا رادەکەن، ئەگەر کاتی راستەوخۆ گەیشتنیان بەمەککە پاش ماچکردنی کەعبە نەیانکردبوو. حاجییان ماوەی نێوان یازدەیەم و سیازدەیەمی زیلحیججە لە مینا بەسەر دەبەن، لەوێ بەخۆشی و شادی دەچنە سەر سفرەی پڕ خواردن. لەڕاستیدا رۆژووگرتن کە بەکارێکی چاکە دادەنرێت و هەرکات بگیرێت پاداشتی هەیە، لەم رۆژانەدا حەرامە. پاش ئەوە ئیتر رێوڕەسمی حەج هیچ نامێنێت جگە لەوەی رۆژانە حەوت بەرد بگیرێتە جەمرە [ی عەقەبە] کە پێشتر باس کرا و دوانی بچووکیتر کە هەر لەنزیکی ئەون.

ئەم سێ رۆژە بەجەژن دادەنرێن بۆ ئەو موسڵمانانەیش بەشداریی حەجیان نەکردوە. ئەمە ئەو جەژنە گەورەیە تورکەکان پێی دەڵێن "قوربان بەیرەم" یان جەژنی قوربان، تێیدا پێویستە هەر مااڵێکی موسڵمان مەڕێک سەربڕێت[١٤].

ئەرکی پێنجەم لە ئەرکەکانی ئیسلام بریتییە لە زەکاتدان، کە لە ڕەوتی پەرەسەندنی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بوو بە باجی دەوڵەت، وەک پاشتر دەبینین. خێرکردن بەمااڵ تەنیا لە ڕێستی موسڵمانی لەخواترس بۆ فریاکەوتنی برا نەدارەکانیەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو ئەڵمرازێکیش دادەنرێت بۆ ڕزگارکردنی لە بەشێک لە سامانەکەی کە بەڕەو دنیای فانی کێشی دەکات و لە بەختەوەریی ئەودنیا دووری دەخاتەوە.

جیهادکردن

لەپاڵ ئەم ئەرکە ئایینییانەدا کە بەپیرۆز دادەنرێن، دەبینین ژیانی تایبەت و گشتیی موسڵمان بەزنجیرەیەکی دوور و درێژ ئەرک (واجب) دەورە دراوە، کە پێویستە وەک ئەشێک لە ئاین کاریان پێ بکات. لێرەدا بەکورتی تەنها گرنگترین ئەو ئەرکانە دەخەینە ڕوو.

پێویستە لەسەر موسڵمان جارێ دوژمنایەتی دژی ناموسڵمانان بدات لە هەرکوێیەک بێ. چونکە شەڕکردن دژی ناموسڵمانان ئەرکێکی ئایینییە. هەرچی بتپەرستانن پێویستە لەبن دووڵی هێرشیان بکرێتە سەر، بەڵام جولەکە و دیانەکان دروست نیە هێرشیان بکرێتە سەر تا سێ جار بانگ دەکرێن بۆ هاتنە ناو ئیسلام. کاتێک دوژمنان شکان، یەوانیان دەکوژرێن و ئافرەت و منداڵەکانیشیان وەک کۆیلە دەفرۆشرێن.. هەر موسڵمانێک لە جیهاددا بکوژرێت شەهیدە و جێگەی بەهەشتە. بەڵام دروستە موسڵمانان پەیماننامە لەگەڵ جولەکە و دیان ببەستن، هاوشێوەی پێغەمبەر. پاشتر فارسەکان، شوێنکەوتوانی مەزدەشتیش وەک جولەکە و دیان مامەڵەیان لەگەڵ کرا و موسڵمانەکان بە "ئەهلی کیتاب"

وەک میژوونووس د.عومەر فەروخیش، کە لەلایەن وەرگێڕانی عەرەبی ئەم کتێبەوە ئەرکی پێداچوونەوەی کێشەکەی لەڕووی میژووییەوە پێ سپێراوە، ئاماژەی پێ داوە، بڕۆکلمان "بەدەر لەو خاڵانەی بابەتی وەحیوون و ناچنە خانەی ڕاست یان هەڵەوە- هەندێ لە زانیارییەکانیشی لەبارەی ئاینی ئیسلامەوە وەرد نین، چونکە لە باسی ڕۆژووگرتندا بۆنی خۆشی بەیەکێک لەو شتانە داناوە کە مرۆڤی بەڕۆژوو لە ڕەمەزاندا لێی حەرام کراوە، کە ئەمە ڕاست نیە و بۆنکردن لە ڕۆژوو حەرام نیە. هەروەها لێرەیشدا ئاماژە بەوە دەکات پێویستە لە جەژنی قوربانداا هەر مااڵێکی موسڵمان مەڕێک بکاتە قوربانی، ئەمەیش ڕاست نیە، چونکە قوربانیکردن بۆ هەموو مااڵێک واجب نیە، بەڵکو بابەتێکی ئیختیارییە و زیاتر ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە حەزی- وەرگێڕی کوردی.

حسێبیان کردن. بەڵام ئەم جۆرە گرێبەند و پەیماننامانە ئەرکی جیهادکردن دوا دەخات، هەڵیناوەشێنێتەوە.

لە ژیانی رۆژانەیشدا خواردن و خواردنەوە، بەتایبەت، ملکەچی کۆمەڵێک ریسا و کۆت و بەندن کە تاڕادەیەک لەگەڵ تەورات یەکدەگرێتەوە. سەرجەم حەیوانە سەرنەبڕاو یان کوژراوەکان لە راودا خواردنیان دروست نیە لەبەرئەوەی پیسن. هەروەها خوێن و گۆشت پیس دەبن ئەگەر شتێکی ناخاوێنیان بەرکەوت، بۆ نموونە وەک مرۆڤی بێباوەڕ (کافر). ئیسلام خواردنی گۆشتی گشت بریندارکەرە درندەکان و سەگ و پشیلە و بەرازی لەسەر شوێنکەوتوانی حەرام کردوە، هەروەها هەموو جۆرە شەرابێکی مەستکەری حەرام کردوە. ئەگەرچی تەنیا باسی ئارەق (الخمر) دەکات، بەڵام زانایان پاشتر لەڕێی قیاسەوە چوارچێوەی حەرامکردنەکەیان فراوان کرد، تا هەموو شێوەکانی کهولی گرتەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی هەموو کات سەرکەوتن بەدەست بێنن. جگە لە ئارەق، ئیسلام قوماریشی حەرام کرد، کە وەک دەرەچێ (یانصیب) لەسەر گۆشتی وشتر دەکرا، بەتایبەت، پێش ئیسلام لە نیشتمانی عەرەبدا زۆر بڵاو بوو و زۆر کەسی هەژار خست. هەرچی حەرامکردنی پەیکەرە لەسەر باوەڕێکی ئەفسانەیی هاوبەش لەنێو گەلانی سەرزەوی دامەزراوە، کە (ئیسلام) تەنیا لە حەدیسدا باسی کردوە. ئەگەرچی موسڵمانان لە لوتکەی شارستانێتیی ئیسلامیدا زۆرجار لەم حەرامکردنە دەرچوون، بەڵام هەرچۆن بێت حەرامکردنەکە بووەتە بەربەست لەبەردەم گەشەسەندنی هونەری هەڵکۆڵین و پەیکەرتاشی.

سیستمی هاوسەرگیری

ئەگەرچی سیستمی هاوسەرگیریی ئیسلامی سنووردارێکی بۆ ئازادیی پەیوەندیی سێکسیی نێوان هەردوو رەگەز دانا، کە لە نیشتمانی کۆنی عەرەبدا باو بوو، بەڵام فرەژنی هەڵنەوەشاندەوە، بەڵکو ژمارەکەی بە چوار ژن سنووردار کرد، ئەمە جگە لەو کەنیزەکانەی پیاو هەیبوون. پێغەمبەر بۆ جگە لە خۆی رێگەی بەهیچ پیاوێک نەداوە ژمارەیەکی بێسنوور ژن بهێنێت. بەڵام بەپێی شەرع پێویستە هەر ئافرەتێک بەگوێرەی پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆی بەخێو بکرێت. لێرەوە دەبوو زۆربەی هەرەزۆری موسڵمانان تەنها بەیەک ژن قایل بن، لانیکەم لەبەر هۆی ئابووری. دیارە لە ئیسلامدا جیابوونەوە (تەلاق) زۆر ئاسانە، بەڵام زیاتر قەرەبووکردنەوەیەکی زەرورییە بۆ ئەو لێکجیاکردنەوەی نێوان هەردوو رەگەزە کە دابونەریت دەیسەپێنێت، کە تا رادەیەکی زۆر رێگە لە

هاوسەرگیریکردن لەڕێی خۆشەویستییەوە دەگرێت. جا لەو رووەوە هەر پیاوێکی موسڵمان بۆی هەبوو لەپاڵ چوار ژنە شەرعییەکەیدا، چەندی بوێت کەنیزەکیشی هەبێت، ئەوا کورانی خێزانە زەنگینەکان مەیلیان بۆ بەسووک سەیرکردنی ژیانی خێزانی ڕەسمی زیادی کرد. شەرعیبوونی منداڵیش پشت بەو دۆخە نابەستێت کە دایکی تێیدایە، بەڵکو تەنها پشت بە دانپێدانانی لەلایەن باوکیەوە دەبەستێت، بەوەیش مافی منداڵەکانی گەنیزەک و منداڵەکانی ژنی ئازاد لە میراتدا یەکسان دەکات.

هەرچۆن بێت، خانەدانیی ڕەچەڵەک لە سەدە بەراییەکانی ئیسلامدا تا ڕادەیەکی زۆر پشتی بە تیرەی دایکیش دەبەست، لانیکەم لە ناوەندەکانی ئەریستۆکراتیەتی عەرەبیدا. گومان لەوەدا نیە سیستمی حەرەمسەرا کە بۆ یەکەم جار لە سەردەمی عەباسیدا سەری هەڵدا، دەرگای لەبەردەم دووڕەگیدا خستە سەر پشت.

کۆیلایەتی لە ئیسلامدا

کارکردنی محەمەد بۆ نەهێشتنی سیستمی کۆیلایەتی کە بناغەی ئابووریی کۆن بوو، لە کارکردنی کەنیسەی مەسیحیی بەرایی زیاتر نەبوو، بەڵام ڕێگەی جیاوازی بۆ کەمکردنەوەی تووندیی سیستمەکە گرتەبەر. هەرچۆن بێت، کۆیلە چ بەدیل گیرابێت، یان لە مااڵی خاوەنەکەیدا لەدایک بووبێت، لەڕووی شەرعییەوە بە کالایەک نادەنرێت کە دەکرێت بەمیرات بگوێزرێتەوە، یان ئازاد بکرێت. لەڕاستیدا خاوەنی کۆیلە ئازادیی مامەڵەکردنی بە کەسی کۆیلەکە و کارەکەیەوە هەیە، بەڵام دەبێت بەچاکی لەگەڵیدا هەڵسوکەوت بکات. ئەگەر گەورەی کۆیلە بیویستایە منداڵی لە یەکێک لە کەنیزەکەکانی هەبێت ئەوکاتە بۆی نەبوو بینێرێت بۆ دەرەوەی مااڵکەی، کاتێکیش پیاوەکە مرد کەنیزەکەکە ئازادی بەدەست دەهێنا. بەگشتی ئازادکردنی کۆیلە لە ئیسلامدا بەکارێکی چاک نادەنرێت. هەروەها کۆیلە دەتوانێت ئازادیی خۆی بکڕێتەوە ئەگەر توانی بەئارەقی نیوچاوانی خۆی پارەکەی کۆبکاتەوە، بەڵام ئازادبوونەکە لەم بارەیشدا -وەک مەولایەک لە مەواڵییەکانی- جۆرە پەیوەندیەکی بە گەورەکەیەوە هەر دەمێنێت.

یاسای سزادان

هەرچی یاسای سزادانی ئیسلامە هەر لە ئاستێکی سەرەتاییدا مایەوە و پێشکەوتنێکی کەمی تێدایە بەبەراورد بە چەمکەکانی یاسای بتپەرستیی نوێ. بکوژ ئەگەری مردنی لەپێشە لەڕێی تۆڵەوە. کوشتنی بەهەڵەیش بەخوێنبایی قەرەبوو دەکرێتەوە کە دەدرێتە

کەسوکاری کوژراو. لەوانەیشە هەندێ جۆری ئازاردانی جەستەیی کەسێک بەکەسێکیتر بەپێی ڕێسای "چاو بەچاو و دان بەدان" تۆڵەی لێ بکرێتەوە. بەڵام تاوانبار دەتوانێت بەپارە قەرەبووی قوربانییەکەی بکاتەوە. سزای دزیش بڕینی دەستی ڕاستییەتی، ئەگەر جارێکیتر دزی کردەوە ڕووبەڕووی شێواندنێکی جەستەییتر دەکرێتەوە. سزای زیناکردن لێدانی سەد "شەلاقە، بەڵام ئەگەر پیاوێکی ناموسڵمان ئافرەتێکی موسڵمانی فریودا ئەوکاتە دووچاری سزای مەرگ دەبێتەوە. ئەو کەسەیش بێڕێزی بەرانبەر بەخودا یان بە پێغەمبەر و پێغەمبەرانی پێشوو بکات، وەک هەڵگەڕاوە لە ئاین بەمردن سزا دەدرێت، ئەگەر سوور بوو لەسەر بێباوەڕییەکەی.

چوار خەلیفەی یەکەم

لەگەل کۆچی دوایی پێغەمبەردا مەترسی رووی کردە ئەو پەیامەی هەموو ژیانی بۆ تەرخان کردبوو، کە بریتی بوو لە یەکخستنی نیشتمانی عەرەب لەرووی ئاینی و سیاسییەوە. لە مەدینە خۆیدا ئەو هەواڵەی کەس چاوەڕوانی نەدەکرد شلۆقییەکی گەورەی دروست کرد و خەڵکی لە هەموو شتێکیتر بێئاگا کرد، تەنانەت لە تەرمەکەی پێغەمبەر خۆی، کە تا رۆژی دواتر مایەوە و لە مالی عائیشەدا ئەسپەردەی خاک کرا. لەراستیدا سەرجەم رق و کینە سیاسییەکان کە پێغەمبەر بەهەژموونی ئەدەبیی خۆی کپی کردبوونەوە لەپڕ سەریان دەرهێنایەوە. لەلایەکەوە هێشتا ژمارەی دووڕووان (مونافیقان) لە مەدینەدا زۆر بوو. لەلایەکیترەوە پشتیوانە دێرینەکان (واتە ئەنسارەکان)ی مەدینە پەرۆشی ئەوە بوون لە دەسەلاتی زۆرینەی کۆچکەران (واتە موهاجیرەکان) رزگاریان بێت، تا جارێکیتر خۆیان ببینەوە بە سەرداری مەملەکەتەکەیان. پاشان عەلی، کوڕە مامی پێغەمبەر و مێردی کچەکەی، داکۆکی لە مافی خۆی دەکرد لە جێگرتنەوەی پێغەمبەر وەک سەرۆکی دەوڵەت لەو رووەوە نزیکترین کەس بوو لێیەوە لەرووی خزمایەتییەوە. بەڵام ئەویش -وەک سەعدی کوڕی عوبادە گەورەی ئەنسار، کە ئەویش چاوی لەوە بوو ببێتە خەلیفە- هێز و هەژموونی پێویستی نەبوو بۆ چەسپاندنی داواکەی. لێرەوە هاوەڵانی بەرایی محەمەد توانییان خەڵک قایل بکەن وەک جێنشین (خەلیفە) دان بە ئەبوبەکردا بنێن، کە باوکی عائیشەی خێزانی پێغەمبەر بوو و لەگەل عومەری کوڕی خەتتاب و ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەراحدا هەژموونێکی گەورەیان لای محەمەد هەبوو. بۆیە ئەنسارەکان ناچار بوون بەیعەت بە ئەمیری نوێ بدەن.

لەئاین هەڵگەڕانەوەی دەوارنشینان

بەڵام زۆری نەبرد شەپۆلێکی هەڵگەڕانەوە بالی بەسەر ژیان لە نیشتمانی عەرەبدا کێشا، لەراستیدا بەدەگمەن نەبێت پاڵنەرە ئاینییەکان لەپشت ئەم شەپۆلەوە نەبوون، تەنیا ئەوە بوو هەندێ لە عەرەبەکان دەیانویست لە دەسەلاتی ماندوکەری موسڵمانەکان لە مەدینە، رزگاریان ببێت. شایانی ئاماژەپێدانە ئەو پێغەمبەرانەی سەرکردایەتیی بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکانیان کردوە، هەروەک محەمەد بەناوی خودا (اللە)وە کاریان کردوە، نەک بەناوی هیچکام لە خواوەندە کۆنەکانەوە. هەندێ لە هەڵگەڕاوان رایانگەیاند ئەوان هێشتا خودا دەپەرستن بەڵام ئامادە نین زەکات بدەن. بەشێوەیەکی تایبەتیش لەو نێردە ئاینییانە بێزار بوون کە محەمەد لە سااڵنی پێشتردا دەیناردن بۆ لای زۆر لە هۆزەکانی تا فێری ئاینی نوێیان بکەن و زەکات لە خەڵکەکەیان کۆ بکەنەوە. لە دیدی هۆزە دەوارنشین

(بدو)ەکاندا، کە پێشتر ئازادی و سەربەخۆیی تەواویان هەبوو لە لەوەڕگە تایبەتەکانیاندا، ئەو نێردانە کە لە خزمەتی دەوڵەتدا بوون، سەرچاوەی بێزاری و ناڕەحەتکردن بوون.

پێغەمبەر لە کۆتا رۆژەکانی ژیانیدا بە ئامادەکردنی سوپاوە بۆ تۆڵەسەندنەوە لە بیزەنتییەکان خەریک بوو کە موسڵمانانیان لە موئتە شکاندبوو. لەبەرئەوە ئەبوبەکر خۆی بەبەرپرسیار بینی لە جێبەجێکردنی ئەم کۆتا پلانەی پێغەمبەر ئەگەرچی دەنگوباسی ترسێنەر لەمەڕ بڵاوبوونەوەی شلۆقی لە ناوچەکانی جەزیرەدا پەیتا پەیتا لە هەموو لایەکەوە دەگەیشتە مەدینە. بەم شێوەیە ئەبوبەکر دەستەبژێری سوپاکانی ئیسلامی لەژێر سەرکردایەتیی ئوسامەدا بەرەو باکوور ئاراستە کرد، بەڵام ئێمە سەبارەت بەو کارانەی ئەو هەڵمەتە توانی بیانکات هیچ نازانین، بگرە نازانین ئاخۆ سنوورە بیزەنتییەکانی بڕی یان نا. هەرچۆن بێت، ئوسامە و سەربازەکانی دوو مانگیان لە دەرەوەی مەدینە بەسەر بردو، بەوەیش پایتەختی موسڵمانان کەوتە دۆخێک بۆ بەرگری لەخۆکردن زۆر لەبار نەبوو. لەڕاستیدا ئەسەد و غەتەفان کە لە مەدینەوە نزیک بوون، یەکەمین لایەن بوون سوودیان لەم دۆخە بینی و هێرشیان کردە سەر موسڵمانان. بەڵام ئەبوبەکر توانی رووبەڕوویان بوەستێت و رێگە نەدات بەئامانجەکانیان بگەن تا سوپاکە گەڕایەوە. ئەوکاتە سەرکردایەتی سپارد بە "شمشێری خودا"ی ئەزموون‌دار، خالیدی کوڕی وەلید، کە توانی هەردوو هۆزەکە لای بیری بوزاخە بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە بشکێنێت، کە ناچار بوون دەستبەجێ خۆ بەدەستەوە بدەن.

موسەیلەمە و سەجاح

بەڵام فیتنەکەی بەنو حەنیفە لە یەمامە دەریخست مەترسیدارترە. لەکاتێکدا هێشتا محەمەد لەژیاندا بوو پیاوێک لەو ناوچەیە پەیدا بوو ناوی مەسلەمە بوو –موسڵمانەکان بۆ بچوککردنەوە و وەک سووکایەتی پێکردن ناوەکەیان کرد بە موسەیلەمە- و بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکرد و داوای لە حکومەتەکەی مەدینە کرد دان بەهەمان مافی خۆی بۆ ئەویشدا بنێت. شتێکی سروشتییە گێرانەوە ئیسلامییەکان تەنیا هەندێ وردە زانیارییان لەبارەی بیرکردنەوەی ئایینیی ئەو پیاوەوە باس کردوە. پێدەچێت مەسلەمە بەتایبەت پێداگری لەسەر زوهد و خاکەسەرایی کردبێت، لەبەرئەوە فەرمانی بە رۆژووگرتن کردوە، مەی حەرام کردوە و هانی شوێنکەوتوانی داوە بۆ پاکوخاوێنی و داوێنپاکی و رێگەی بەهەریەکەیان داوە پەیوەندیی سێکسی هەبێت تا ئەوکاتەی کوڕێکی دەبێت و ئیتر تەواو. لەڕاستیدا ئێمە لە وتارەکانیدا زیاتر رەنگدانەوەی بیرکردنەوەی مەسیحییانە دەبینین تا بیرۆکەکانی محەمەد. لە زمانی پیاوێکی خێڵەکیدا داڕێژراوە کە زەوی دەکێڵێت. باسی: مەڕی رەش، شیری سپی و ئافرەتانی ئاشەوان و نانکەر، بۆقی ناو ئاو و قوڕ، دەکات،

بەڵام هاوکات باس لە مەملەکەتی ئاسمان و ئەوەی لە ئاسمانیشەوە دێت دەکات. ئەو پیاوە سەرەڕای ساویلکەییەکەی کاریگەریی گەورەی لەسەر دەروونی شوێنکەوتوانی هەبووە، تەنانەت زۆریان سااڵنێک پاش کەوتنیشی هەر باوەڕیان پێی هەبوو.

هەروەها لە باکووری جەزیرەیش ئافرەتێک بەناوی "سەجاح" ئاگری بزوتنەوەیەکی هاوشێوەی بزوتنەوەکەی مەسلەمەی لەنێو ئەندامانی هۆزی تەمیمدا هەڵگیرساند، کە تەنزیک سنووری فارس نیشتەجێ بوون. سەجاح سەرەتا لەنێو بەنی تەغلبی خاڵوانیدا لە عێراق سەری هەڵدا، کە مەسیحییەت تێیدا زۆر باڵاو بوو. کاتێک هەواڵی مردنی پێغەمبەری پێگەیشت، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە شوێنکەوتەکانی چوو بۆ لای خزمەکانی لە هۆزی تەمیم، کە بەحوکمی دەوارنشینیی سافیان لە ئاستێکی رۆشنبیریی نزمتردا بوون، خۆریان بەخوا دادەنا و دەیانپەرست. سەرەتا جگە لە خزمە نزیکەکانی، بەنو حەنزەڵە، کەس پشتیوانی نەکرد، بەڵام زۆری نەبرد تەواوی هۆزەکەی بۆ لای خۆی راکێشا. گێڕانەوەکان باس لەوە دەکەن پاشتر بەرەو باشوور چووە و هاوپەیمانی لەگەڵ مەسلەمە بەستوە، بەڵام نەیانتوانی هێزی شوێنکەوتەکانیان لە خەباتێکی هاوبەشدا دژی مەدینە یەک بخەن، تەبەرئەوە هەردوو هاوپەیمانەکە زوو لێک جیا بوونەوە، سەجاح گەڕایەوە بۆ عێراق و تەوێ زوو کارەکەی کۆتایی هات. دەوترێت لەسەر ئایینی ئیسلام مردوە.

لەڕاستیدا کاتێک خالیدی کوڕی وەلید لە زەوییەکانی تەمیم دەرکەوت، لە هەموو لاوە هاتنە لای و گوێڕایەڵییان بۆ دەربڕی جگە لە مالیک کوڕی نویرە گەورەی بەنی یەربوع، لە حەنزەڵە، کە راستەوخۆ پاش مردنی پێغەمبەر لە ئیسلام هەڵگەڕایەوە و تا کۆتایی بەدڵسۆزی بۆ باوەڕی بە سەجاح مایەوە. بەڵام خالید دەستوبرد خۆی و سەربازەکانی گەمارۆ دا و ناچار بوو خۆی بەدەستەوە بدات. لەگەڵ ئەوەیشدا خالید فەرمانی بەکوشتنی خۆی و سەرجەم شوێنکەوتەکانی دا، تا -وەک گێڕانەوەکە باس دەکات- دەستی بگاتە ژنە جوانەکەی.

دوای ملکەچاندنی تەمیم خالید سووڕایەوە بۆ یەمامە بۆ شەڕکردن لەگەڵ هاوەڵانی مەسلەمە، کە هێزێکی ئیسلامییان بەسەرکردایەتی عەکریمە شکاندبوو. مەسلەمە دوای ئەو سەرکەوتنە بەرایی رۆیشت تا گەیشتە سنووری باکووری یەمامە کە شەڕێکی یەکلاکەرەوە لە عەقرەبە رووی دا، هەموو وڵاتی عەرەب شەڕی لەوە تووندوتیژتری بەخۆوە نەدیبوو. خالید بۆ ئەوەی پیاوەکانی بۆ کێبرکێکردن تاو بدات، وای کرد هەریەک لە موهاجیر و ئەنسار و بەدەوییەکان بەجیا لەیەکتر شەڕ بکەن. هێزەکەی مەسلەمە کە لە بەنی حەنیفە پێکدەهات ژمارەی لە هێزەکەی خالید زیاتر بوو، لەبەرئەوە شەڕێکی سەختی کرد و موسڵمانەکان خەریک بوو دەشکان. بەڵام گاڵتەپێکردنیان لەلایەن بەنی حەنیفەوە وای لێکردن ئەوپەڕی توانای خۆیان بخەنەگەڕ و سەرەتا توانییان سنووردێک بۆ

پێشکەوتنی دوژمن دابنێن، زۆری نەبرد وردە وردە شکاندیان. کاتێک بەنو حەنیفە زانییان شکستیان حاشاهەڵنەگرە پاشەکشەیان کرد بۆ ناو باخێکی فراوان بەئومێدی ئەوەی شووڕە قایمەکانی پێگەیان بەهێز بکات و لە هێرشی موسڵمانان بیانپارێزێت. بەڵام هەر خودی ئەم کارە بوو بەمایەی شکستیان. ئەوە بوو موسڵمانەکان هێرشیان کردە سەر باخچەی مەرگ –وەک گێرانەوەکان بەو شێوە وەسفیان کردوە- و دوژمنەکانیان تەفروتونا کرد و کەسیان رزگاری نەبوو، بەموسەیلەمە خۆیشیەوە. زیانی موسڵمانەکانیش کەم نەبوو، تەنیا لە موهاجیر و ئەنسارەکان حەوتسەد پیاو کوژران، کە ژمارەیەکی زۆریان لە هاوەڵانی بەرایی پێغەمبەر و گەورە حافزانی قورئانیان تێدا بوو.

لەڕاستیدا ئەم سەرکەوتنەی موسڵمانان بەنرخێکی گران کڕییان، تەنیا چارەنووسی بەنی حەنیفەی دیاری نەکرد، بەڵکو چارەنووسی تەواوی عەرەبی دیاری کرد. ئەوە بوو پاشماوەی هێزەکانی مەسلەمە لە قەڵاکانیاندا خۆیان حەشار دا و پاشان لەترسی مردن خۆیانیان بەدەستەوەدا، بەوەیش بەیەکجاری شۆڕشەکە لەناو برا.

فەتحی بەحرێن و عومان

بەحرێن، کە ناوچەیەکی کەناریێیە بەدرێژایی کەنداوی فارسی درێژ دەبێتەوە و ماوەیەکی کەم پێش لە مردنی پێغەمبەر فەتح کرا، هەوڵێکیتری بەخۆوە بینی بۆ رزگاربوون لە دەسەڵاتی موسڵمانان. ئەوە بوو لە هەجەری پایەتەخت، پیاوێک لە وەچەی مونزیرییەکان کە پێشتر دەسەڵاتیان بەسەر ئەو هەرێمانەدا کێشابوو، سەرکردایەتیی بزوتنەوەی هەڵگەڕانەوەی کرد، بەڵام "عەلا" کە والییەک بوو محەمەد خۆی لەسەر بەحرێن دایناببوو، خۆی لە قەڵایەکدا دامەزراند لە باکووری هەجەر و بەرەنگاری کرد تا خالید پاش لەناوبردنی مەسلەمە بەهانایەوە هات. پاشان خالید خۆی چوو بۆ هەجەر و بەئاسانی شۆڕشەکەی کپ کردەوە. هەرچی دانیشتوانی کەنارەکانە کە زۆربەیان لە فارسەکان بوون بەرەنگارییەکی تووندتر و درێژخایەنتریان کرد. سەرکردەکەیان (فەیروز) تا سەرەتاکانی خیلافەتی عومەر هەر خۆی لە زارە، لە کەناری دەریا (رەنگە قەتیفی ئەمڕۆ بێت) خۆی قایم کرد، ئەوکاتە والیی ناوچەکە، عەلا، دوای ئەوەی ئاوی لێ بڕی، توانی ناچاری بکات خۆی بەدەستەوە بدات.

لە عومانیش دەبینین دانیشتوان، کە زۆربەیان راوچیی ماسی و چەتەی دەریا بوون، توانییان بەدرێژایی زۆربەی سەدەکانی ناوەڕاست پارێزگاری لە سەربەخۆییان بکەن، تا سەردەمی سوڵتانەکانی ئێستای مەسقەت. لەو کاتەدا شۆڕشێک دژی بنەماڵەی ئەلجولەندی دەسەڵاتدار بەرپا بوو کە دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرتبوو، موسڵمانەکانیش ئەو دەرفەتەیان قۆستەوە بۆ دەستوەردان. پاشا عەمر موسڵمان بووبوو، بەڵام دەوارنشینان لە

ناوخۆ لەو باجگرانە راپەڕین کە بەفەرمانی حکومەتی ناوەندی ناردبوونی بۆ لایان. عیکریمە -کە بەبیهووده زەحمەتییەکی زۆری لە شەڕکردن دژی مەسلەمە بینی، لەلایەن نعیوبەکرەوە فەرمانی پێ کرا بچێت بەهانای پاشاوە، لەبەرئەوە دەوارنشینەکان ناچار جوون مل بۆ هێزە هاوبەشەکانی موسڵمانان کەچ بکەن.

فەتحکردنی حەزرەمەوت و یەمەن

لە عومانەوە عیکریمە بەرەو حەزرەمەوت و یەمەن ڕۆیشت، کە شۆڕش تێیدا لە کاتێکی زووەا هەڵگیرسابوو، شۆڕشێکی توندوتیژ بوو موسڵمانەکان بۆ کوژراندنەوەی ئاگرەکەی ملوهیەکی زۆریان ویست، کە بۆ ناوچەیتر هێندەیان نەویستبوو. لەکاتێکدا ئیسلام لە وڵاتدا بڵاو دەبووەوە ئەو دەوارنشینانەی لە بەشی باکووریدا، واتە تیهامە، نیشتەجێ بوون، نانیشتوانە سەبەئیە کۆنەکانی نیشتەجێی بەشی باشووری بەپێتی ژێر هەژموونی فارسیان لەناو برد، یان خەریک بوو لەناویان دەبردن. پاش ئەو داهێزرانە خێرایەی پاش کوژرانی کیسرای دووەم (ئەبرەویز)ی ساسانی لە ساڵی ٦٢٨ دووچاری ئیمپراتۆرییەتی فارسی بوو، ویلایەتە عەرەبیەکان بەتایبەت یەمەنی دوورەدەست، بەجێ هێڵرابوون خۆیان کاروبارەکانیان بەڕێوە ببەن. لە گەرمەی ئەو پاشاگەردانییە گشتییەی وڵاتەکەی گرتەوە، زۆر هۆز لەڕێی ئەو وەفدانەی پاش فەتحکردنی مەککە ڕەوانەی مەدینەیان کردن ئیسلامبوونی خۆیان ڕاگەیاند. پێغەمبەر پێش مردنی توانی سیستم لە وڵاتدا جێگیر بکات و ئەو باجانە دیاری بکات کە پێویستە بدرێن، بەشێوەیەک پاشتر بوو بەسەرمەشق و چاوی لێدەکرا. لەگەڵ ئەوەیشدا والییەکانی (محەمەد) وردە حاکمە ناوخۆییە زۆر و زەبەندەکانیان لەناو نەبرد، بەڵکو پاڵپشتییان کردن وەک چۆن نوێنەرانی دەوڵەتە کۆڵۆنیالییەکان ئەمڕۆ پاڵپشتی میرە نیشتمانییەکان دەکەن. سیستمێکی چاودێریکردنی گشتییان دامەزراندبوو، کاروباری یاسادانان و پەرستنیان ڕێک خستبوو، پێش هەموو شتیش باجیان کۆ دەکردەوە. لەو ڕووەوە ئەم وێنەی ناجەماوەرییەی دەسەڵاتی ڕەسمیی کاربەدەستەکان، زۆرجار ناچار بەگرتنەبەری ڕێوشوێنی توندی دەکردن، لەبەرئەوە خەڵک لە حەزرەمەوت دژیان ڕاپەڕین لەکاتێکدا هێشتا پێغەمبەر لەژیاندا بوو، ڕاپەڕینێک زۆری نەبرد بەتوندترین شێوە سەرکوت کرا. تەنانەت پێش لەو شۆڕشە، لە هۆزی ئەوسدا پیاوێک پەیدا بوو بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکرد بەناوی (عبهلة ذو الحمار) واتە (عەبهەلەی کەر سوار) لەکۆنەوە لە ڕۆژهەڵات بەگشتی کەر (گوێدرێژ) بەو وڵاخە دانراوە کە فریادڕەسی چاوەڕوانکراو سواری دەبێت [زەکەریا ٩:٩]. لێرەوە بوو یەسوعی مەسیح بەسواری ماکەرێک چووە ناو قودس، هەر لە بەر هەمان هۆ دامەزرێنەری یەکێک لە فیرقە

توندرەوەکان کە لە سەدەی دەیەمدا لە باکووری ئەفریقیا پەیدا بوو ناونرا "کەردار"، بگرە یەکێک لەوانەی لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا (بیستەم-وەرگێڕ) لە سوڵتانی مەراکیش راپەڕی بە کەردار "بوحمارە" بەناوبانگ بوو). هەروەها یەکتاپەرستی لەسەر دەستی جولەکە و مەسیحییەکان لە باشووری نیشتمانی عەرەب زۆر بڵاو بوو، لێرەوە کەردار بانگی خەڵکی نەکرد بۆ پەرستنی بتێک، بەڵکو بانگی کردن بۆ پەرستنی خودای بەسۆز و بەزەیی. هەواڵی نەخۆشکەوتنی محەمەدی کەمێک پاش گەڕانەوەی لە حەجی ماڵئاوایی پێگەیشت، ئەوەیش هانی دا بۆ راگەیاندنی بانگەوازەکەی، لەبەرئەوە لە نەجرانەوە هێرشی کردە سەر کاربەدەستە فارسییەکە کە هێشتا لە سەنعا بوو، کاتێ بەزاندی، ئیتر هەموو یەمەن کەوتە بەرپێی. بەڵام محەمەد سەرباری نەخۆشییەکەی توانی سوود لە هەژمونی خۆی لەوێ وەربگرێت لەڕێی نێردە و نامەکانیەوە، تا لایەنگرانی لەسەر جەنگان دژی پێغەمبەرە درۆزنەکە رێک کەوتن. پاشان ئەریستۆکراتییە فارسەکانی سەنعا، بەهاندانی یەکێک لە نێردراوە موسڵمانەکان لەنێو خۆیاندا لەسەر کوشتنی عەبهەلە رێک کەوتن، ئەوەیش وەک ریوایەتەکان باسی دەکەن، رۆژێک پێش مردنی محەمەد جێبەجێ کرا.

بەڵام زۆری نەبرد هەڵگەڕانەوەیەکیتر بەدوای ئەم سەرکەوتنە کاتییەی ئیسلامدا هات، ئەوە بوو پیاوێک بەناوی قەیس [کوڕی عەبد یەغوس]، کە یەکێک لە هاوەڵەکانی عەبهەلە و پایەبەرزترینیان بوو، بەپاڵپشتی و یارمەتیی عەرەبەکان شۆڕشی دژی فارسەکان راگەیاند. لەبەرئەوە ئەبوبەکر سوپایەکی نارد سەری، کە کاربەدەستێک سەرکردایەتی دەکرد محەمەد خۆی لەسەر بەشێک لە حەزرەمەوت دایمەزراندبوو، توانی ئاگری فیتنەکە بکوژێنێتەوە و ئاسایش لە وڵاتدا بەرقەرار بکات.

بەم شێوەیە پاش ئەوەی تەواوی نیشتمانی عەرەب لەو ماوە رێژەییە کورتەدا ملکەچی دەسەڵاتی ئیسلام بوو، ئیتر ئەبوبەکر دەیتوانی دواین پلانی پێغەمبەر جێبەجێ بکات، ئەویش بڵاوکردنەوەی ئیمان بوو لەودیو سنوورەکانی نیشتمانی دایک، چونکە دەبوو دەرفەتێک بۆ چالاکیی دەرەکی بۆ ئەو هێزانە بدۆزێتەوە کە لە رابردوودا ئامادەیی هەمیشەییان تێدا بووە خۆنەویستانە مل بنێن بە کێشە و ململانێی بێکۆتاییەوە. بەڵام لەباتی ئەوەی هێرش بکاتە سەر بیزەنتە -وەک پێشتر پێغەمبەر هەوڵی بۆ دا، کە زیادەڕەوی کرد لە هەڵسەنگاندنی هێزی هاوەڵانی و بەخت یاوەری نەبوو لە حوکمدان لەسەر دۆخە نێودەوڵەتییەکە، بەتایبەت سەبارەت بە بیزەنتە- سەرەتا چاوی بڕییە رۆژهەڵات، بەرەو ئیمپراتۆرییەتی فارسی، پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر بوو هەستی بە لاوازبوونی بەرچاوی ئیمپراتۆرییەتەکە کردبوو.

فارس له سایەی ساسانییەکاندا

فارس و رۆم ماوەی چەندین سەدە لەسەر بالادەستی بەسەر رۆژهەلاتی نزیکدا لە ململانێدا بوون. ساسانییەکان بەرپەرچی پێشرەویکردنی دەوڵەتی رۆمانیی رۆژهەلاتیان لە نورگەدا دابووەوە، وەک چۆن پارتییەکانی پێشینانیان لە سەردەمی ئەرساکییەکاندا بەرپەرچیان دابووە. لە سەردەمی کیسرای دووەمدا (٥٩٠-٦٢٨) فارس هێرشێکی بەهێزیان کردە سەر دۆزمنانیان و دەستیان بەسەر قودس و تەنانەت میسر خۆیشیدا گرت[١٥]، بەڵام ئیمپراتۆر هیرەقل (هیراکلیس) زۆری نەبرد بەرهەمی ئەو سەرکەوتنەی لەدەستی کیسرا هەڵپرۆکاند و تا پایتەختی مەملەکەتەکەی راوینا. لەوێ پاشا فارسییەکە بەدەستی کورەکەی، قوبادی دووەم کوژرا کە زۆری نەبرد بۆ رێکەوتنی ئاشتی لەگەڵ ئیمپراتۆر کەوتە دانوستان. لەو ساتەوە ئیمپراتۆرییەتی ساسانی بەرەو چارەنووسی حەتمی خۆی، واتە تێکشکان، ملی نا. ئەو ئیمپراتۆرییەتە هیچ رۆژێک لە رۆژان لەسەر بناغەیەکی پتەوی رەگەزیی هاوئاهەنگ دانەمەزراوە. ئارییەکان کە لە چاخی پێش مێژوودا کۆچیان کرد بۆ وڵاتەکە ژمارەیان لە دانیشتوانی رەسەنی رۆژهەلاتی نزیک زۆر کەمتر بوو، کە لە ماوەیەکی کەمدا لەناو خۆیاندا نوقمیان کردن ئەگەرچی رێنماییە ئاینییە زەردەشتییەکان لەپێناو پارێزگاریکردن لە بێگەردیی رەگەزدا تا ئەوپەڕی سنوور چوون، بەوەی داوایان کردوە هاوسەرگیری تەنیا لەگەڵ خزمان بکرێت. هەروەها شێوەی جەستەیی تایبەت بە رەگەزی رۆژهەلاتی نزیک بەتەواوەتی زاڵ بوو. ئەو زمانەی کۆچەرییەکان بەسەر شوێنکەوتەکانیاندا سەپاند، کاریگەریی گەورەی زمانی ئەو شوێنکەوتانەی کەوتە سەر. لەو کاتەوە ساسانییەکان چەقی قورسایی ئیمپراتۆرییەتەکەیان گواستەوە بۆ بابل و مەدائینیان کردە پایتەخت، ئارامی و مەسیحییەکان دووچاری جۆرەها زەحمەتی و دڵەڕاوکێیان کردن. تا کاتێک نەستووریی‌ەکان سالی ٤٨٤ کەنیسەیەکی سەربەخۆ لە بیزەنتەیان لە ئیمپراتۆرییەتی ساسانیدا دامەزراند، توانییان هەژموونێکی گەورەتر لەنێو ئێرانییەکانیشدا بەدەست بێنن، چونکە ئەوانە ناوبەناو بەهۆی دەمارگیریی کاهینە زەردەشتییەکانی ئاگرەوە ئازار و ئەشکەنجەی زۆر دەدران.

فارسەکان لە مێژوودا دوو جار هەوڵیان داوە لەو کاهینانە یاخی ببن، بەڵام بێسوود بووە. لە سەردەمی شاپووری یەکەمدا (٢٤١-٢٧٢) مانی Mani وەک دامەزرێنەری ئاینێکی غەنووسیی نوێ سەری هەڵدا، کە لەلایەک لەژێر کاریگەریی مەسیحییەت و لەلایەکیترەوە لەژێر کاریگەریی بابل و ئێراندا بوو، پێدەچێت توانیبێتی پاشای گەورە خۆی بۆ لای خۆی

---

[١٥] مەکەبییەکان بەم سەرکەوتنە فارسییانە شاگەشکە بوون، بەڵام محەمەد کە ئەوکاتە هێشتا هەستی دەکرد پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ئەو و مەسیحییەکاندا هەیە، بەشوێنکەوتوانی راگەیاند، بەدڵنیاییەوە لە ئایندەیەکی نزیکدا رۆمەکان سەردەکەون و فارسەکان دەشکێن (سوورەتی ٣٠: ١-٤).

رابکێشێت. کاتێک سەردەمی شاپوور بەسەرچوو و بەهرامی یەکەم جێگەی گرتەوە، مانی فرێدرایە بەندیخانە و باقی رۆژەکانی ژیانی لەوێ بەسەر برد. پاشان لە سەردەمی شاپووری دووەم (٣٠٩-٣٧٩)دا شوێنکەوتوانی مانی لە سەرتاسەری ئیمپراتۆرییەتەکەدا چەوسێنرانەوە. بەڵام ئەو سەرکەوتنەی مانەوی لە ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی بەدەستی هێنا زۆر گەورەتر بوو، بەتایبەت لای تورکەکان، دراوسێ رۆژهەڵاتییەکانی فارس، کە لەگەڵ بوودابیدا لە کێبرکێدا بوو لەپێناو چەسپاندنی شارستانێتیەکی ئاشتیخواز کە خێر و بەرەکەتەکانی هەموولا بگرێتەوە. بەڵام مانەوی لە زێدی خۆی لە بابل بەخاوەن کاریگەریی بەرچاو دەمێنێتەوە، کە پاشتر کاریگەری لەسەر ئیسلام دەبینین. دوای دوو سەدە و لە ماوەی ئەو فەوزایەی پاش شکستی پاشا فەیروز و کوژرانی لەو شەڕەی ساڵی ٤٨٤ دژی هوونە سپییەکان ئەنجامی دا هاتەکایە، مامۆستایەکێتری ئایینی سەری هەڵدا، ئەویش مەزدەک بوو، کە درێژەی بە کارەکەی پێشووی مانی دا، واتە نەزعەی غەنووسی لە ئێران، بەڵام بۆچوونەکانی لە پراکتیکدا بوونە مایەی هاوبەشایەتی لە ژن و ماڵ و ساماندا. پاشای نوێ قوبادی یەکەم ساڵی ٤٨٨ باوەڕی بە رێبازی مەزدەک هێنا، بێگومان بۆ دانانی سنوورێک بۆ هەژموونی پیاوانی ئایینی و چینی خانەدانان کە هەڕەشەی لە سیستمی پاشایەتی دەکرد. بەڵام پیاوانی ئەو دوو چینە هێندە بەهێز بوون توانییان لە دەسەڵات بیهێننە خوارەوە، تا کاتێک کیسرای یەکەمی کوڕی جێگەی گرتەوە سەرلەنوێ ئایینی زەردەشتی ئۆرسۆزۆکسی کردە ئایینی ڕەسمیی دەوڵەت، لە پاداشتی ئەوەدا کاهینە سوپاسگوزارەکانی نازناوی "نەوشیروان"یان پێ بەخشی، واتە: ڕۆحی نەمر. چینی خانەدانان لە زۆر حاڵەتدا لە میرەکانی هەرێمەکان پێکهاتبوو کە لە سەردەمی ئەرساکییەکاندا بەکردەوە سەربەخۆ بوون، بەڵام ساسانییەکان توانییان سنوور بۆ سەربەخۆییان دابنێن ئەگەرچی نەیانتوانی بەتەواوەتی ملکەچیان بکەن. دەوڵەت نەیدەتوانی دەستبەرداری خانەدانەکان ببێت، چونکە ئەو جووتیارانەی لە زەوییەکانی ئەواندا کاریان دەکرد دڵی سوپایان پێکدەهێنا، واتە سوارەکان کە بەجۆرەها چەک و قەڵغانی قورس چەکدار بوون. لێرەوە بوو پلەکانی سەرکردایەتیی سەربازیی باڵا و هەروەها هەندێ پۆستی کۆشک تایبەت بوون بە هەندێ بنەماڵەی دیاریکراو، کە کوڕەکان لە باوکیانەوە بەمیرات بۆیان دەمایەوە. پاش مردنی قوبادی دووەم لە چاوەقووڵە (تاعون)ـەکەی ساڵی ٦٢٨دا ئەو خانەدانانە، وەک نەریتی پێشتریان، دەستیان خستە کاروباری دەوڵەت، دەستێوەردانێک لە بەرژەوەندیی دەوڵەت نەبوو، کە چەند پاشایەکیان لە تەخت هێنایە خوارەوە، لەنێویاندا دوو کچی کیسرای دووەم. بەشێوەیەک تەنانەت فەردەماندەی سوپاکانی ئیمپراتۆرییەتیش نەیدەتوانی پایە داڕوخاوەکانی دەوڵەت جێگیر بکاتەوە، ئەگەرچی دەسەڵاتی لە هەندێ کاتدا بەسەر تەواوی دامەزراوە و هێزەکانی دەوڵەتدا

دەشکا. تا کاتێک ساڵی ٦٣٢ یەزدەجرد، دواین پاشای ساسانییەکان، چووە سەر تەخت، عەرەبەکان لەئامادەسازیدا بوون بۆ هێرشکردنە سەر فارس و لەناوبردنی سەربەخۆییەکەی بە لێدانێکی یەکلاکەرەوە.

کەوتنی حیرە

موسەنای کوڕی حاریثە کە یەکێک بوو لە فەرماندەکانی ئەبوبەکر کە لە ملکەچاندنی شۆڕشگێڕانی بەحرێندا بەشداری کرد، لەو ناوچەیەوە دەستی کرد بەهێرشکردنە سەر سنوورە فارسییەکان. کاتێک خالیدی کوڕی وەلید توانی کۆتایی بە فیتنەی مەسلەمە لە یەمامە بێنێت، خەلیفە فەرمانی پێکرد لەگەڵ موسەنادا هاوکاری بکات بۆ پەلاماردانی فارس. سەرەتا هەردووکیان هێرشیان کردە سەر حیرە، کە ئەوکاتە دەمێک بوو پێگەی خۆی وەک بەربەستێکی دەرەکی بۆ پاراستنی فارس لە پەلامارەکانی دەوارنشینان لەدەست دابوو پاش ئەوەی کیسرای دووەم ساڵی ٦٠٢ مونزیری پێنجەمی دواین لەخمییەکانی لەکار لادا. سەرکردە فارسییەکەی لەشکرگە (حامیة)ی حیرە لە ئوللەیس شکا. ساڵی ٦٣٣ حیرە خۆی بەبێ هیچ بەرەنگاریەکێتر کەوتە دەستی موسڵمانان.

پەلاماردانی فەلەستین

کاتێک جەنگاوەرانی ئەبوبەکر توانییان بەئاسانییەکی چاوەڕوانەکراو باشووری عێراق بگرن، موسڵمانەکان، بەحەماسێکی زۆرەوە، ئەو ئامانجەیان بیر کەوتەوە کە پێشتر پێغەمبەر دیاری کردبوو، ئەویش داگیرکردنی زەوییە پیرۆزەکان بوو[١٦]. بەهەرحاڵ، بەشێک لە عەرەب لە سایەی ئیمپراتۆرییەتی بیزەنتی و بەشێکیشیان لەژێر سایەی ئیمپراتۆرییەتی فارسیدا دەژیان، لەبەرئەوە پێویست بوو برا باوەڕدارەکانیان خێر و بەرەکەتەکانی ئیسلامیان بۆ ببەن و ئەوانیش بخەنە سەر ئەو دەوڵەتە نەتەوەییەی ماوەیەکی کەم بوو دایانمەزراندبوو. هەرچی عەرەبەکانی سەر بە بیزەنتییەکان بوون لە دیمەشق هێزێکیان نەمابوو کەس لێی بترسێت، لەبەرئەوەی کەنیسەی شاهانە کە خەرجی سوپاکانی ئیمپراتۆر هیرەقلی دابین دەکرد ئامادە نەبوو خەرجی بکێشێت، ئەویش بەهۆی ئەو قەرزە زۆرانەی لەئەنجامی جەنگە فارسییەکەدا بەسەریدا کەوتبوون. بە لەبەرچاوگرتنی سەختیی ئەو پرۆژەیەی موسڵمانەکان پێشتر دووجار لەسەردەمی پێغەمبەردا بەبێ سوود هەوڵیان بۆ دا، حکومەتی مەدینە هەر لە سەرەتاوە ئامادەکارییەکی تایبەتی بۆ ئەم هەڵمەتە بۆ سەر

---

[١٦] بڕوانە: M. J. de Goeje, Memoire sur la conquete de la Syrie, 2 ed., Mem. D,hist et de geog, arabe, II, Leiden, 1901.

ولاتی شام کردبوو. له بەهاری ساڵی ٦٣٤ ئەبوبەکر دوو لەشکری ئامادە کرد، یەکێکیان بەسەرکردایەتیی عەمری کوڕی عاص و ئەرکی هێرشکردنە سەر باشووری رۆژهەڵاتی فەلەستین بوو، ئەویتریان بەسەرکردایەتیی یەزیدی کوڕی ئەبوسوفیان و شەرحەبیلی کوڕی حەسەنە بوو و ئەرکی هێرشکردنە سەر هەرێمی موابی کۆن (بەلقا) بوو. حکومەتی بیزەنتی سوپایەکی گەورەی بۆ رووبەڕووبوونەوەی عەمر نەنارد تا پاش ئەوەی پێشرەوییەکی باشی کردبوو. تا کاتێک موسڵمانەکان ئەم سەرکەوتنانەیان لە رۆژئاوا بەدەست هێنا، خالید لە عێراقەوە بەپەلە خۆی گەیاندە رۆژهەڵاتی ئوردن و سەرکردایەتیی باڵای سوپای لەوێ گرتە دەست. پاشان چوو بۆ یارمەتیدانی عەمر.

شەڕی ئەجنادین

لە تەممووز یان ئابدا لە فەلەستین لەنێوان رەملە و بەیت جیبریندا شەڕێک لەنێوان هەردوولادا بەرپا بوو کە سەرچاوەکان بە شەڕی ئەجنادین ناوی دەبەن[17]. لەو شەڕەدا سوپا یەکگرتووەکانی موسڵمانان بەسەر هێزەکانی بیزەنتە بەسەرکردایەتیی ئەرتێوندا سەرکەوتن. لەکاتێکدا ئەم ئەرتیۆنە پەنای بۆ بەیتولمەقدیس دەبرد، فەرماندەکانی بەهەوڵێکی زۆر تواناییان سنووردار بۆ پاشەکشەی هێزە شکاوەکەیان دابینێن و لەوبەری ئوردن کۆی بکەنەوە. بەندەوەکانیان لە بەیسان وێران کرد و بواری پەرینەوەیان لەڕێی ئوردنەوە پەکخست. بەڵام سەرباری هەموو ئەوانەیش خالید توانی بپەڕێتەوە. لە کانوونی دووەمی ٦٣٥ جارێکیتر لە فەحل لە لێژگاییە رۆژئاواییەکان لە رۆژهەڵاتی ئوردن هێرشی کردە سەر دوژمن و تا دیمەشق راوینان. لە هەمان کاتدا دەستەیەکی بچووکتری موسڵمانان لەڕێی ناوچە ناوخۆییە نەپارێزراوەکانەوە بەرەو باکوور پێشرەوی کردبوو و دەستی بەسەر شاری حمصدا گرت. ئیمپراتۆر هیرەقل کە ساڵی رابردوو لەوێوە سەرکردایەتیی هەڵمەتەکەی کرد، لە هەمان کاتدا پاشەکشەی کردبوو بۆ ئەنتاکییە. پاشان خالید لە شەڕێکیتردا لە دەروازەکانی دیمەشق رووبەڕووی بیزەنتییەکان بوویەوە و شکاندنی و لەناو شاردا گەمارۆی دان. ئەو گەمارۆیەی خالید بەسەر دیمەشقیدا سەپاند شەش مانگی خایاند، دوای ئەوە لە ئەیلولی ٦٣٥ خۆی بەدەستەوە دا. لەبەر هەندێ هۆ کە نازانین چین سەرکردایەتی لە خالیدەوە گوێزرایەوە بۆ ئەبو عوبەیدە، لەگەڵ ئەوەیشدا خالید هەر هێزی تەکانەدەری هەڵمەتەکە بوو. هیرەقل لەم کاتەدا سوپایەکی نوێی لە ئەنتاکییەوە نارد بۆ سووریا، کە پێدەچێت مەبەست رزگارکردنی دیمەشق بووبێت. بەڵام کات بۆ رزگارکردن بەسەرچووبوو، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو سوپایە توانی لانیکەم حمص بگرێتەوە. وادیارە بەهاتنی پایز و پاشان زستان شەڕ بەشێوەیەکی کاتی لەنێوان هەردوولادا وەستاوە.

---

[17] بڕوانە پەراوێزی ژمارە (١٧).

یەرموووك

لە هـاوینی ٦٣٦ بیزەنتیەکـان بەسـوپایەکی گەورەوە بەسـەرکردایەتیی ساسـیلاریوس تیـوردۆردا سـەرلەنوێ شـەڕیان دەسـت پێکـردەوە و موسـڵمانەکان لە یەرمـووک ڕووبەڕوویـان بـوونەوە، کە یەکـێکە لە زێیەکـانی ئـوردن، سـەرچاوەکەی لە حەوران و ڕێژگەکەی لە خـوار دەریـاچەی تەبەریـیەوەیە[١٨] . لەوێ لە ٢٠ی ئـاب تووشـی شکسـتێکی کەمەرشکێنیان کردن، چونکە ئەرمەنەکان کە نیوەی لەشکری ڕۆمیـان پێکدەهێنا ڕقیان لە تحولەتی بیزەنتی بوو و نەیاندەویست شەڕ بکەن. پاشـان موسـڵمانەکان بەدەم سـەرکەوتنی تحوای یەکەوە بەرەو باکوور پێشڕەوییان کرد و جارێکیتر حمصیان داگیر کردەوە.

خیلافەتی عومەر

لە هەمـان کاتـدا شـەڕ دژی فـارس لە ناوچەکـانی ڕۆژهەڵات بەردەوام بـوو. دوای هەڵمەتەکەی خالید لە بەهاری ٦٣٤، موسەننای بەکری سـەرکردایەتیی بـاڵای لە حیرە گرتە دەست. لە تەممـووزی هەمـان سـاڵ، ئەبـوبەکر لە مەدینـە کـۆچی دوایـی کـرد، عـومەر لە جـێگەی دەسـەڵاتی گرتەدەسـت، کە بەهێزترینـی کـۆچکەران و پایەبڵندترینیان بـوو. وەک ئەوەی پێشتر کردی لە ئاسانکردنی هەڵمەتە سـوورییەکەدا، کۆمەکی و هێزی فریاکەوتنی نـارد بـۆ سـەربازانی موسـڵمانان لە عێـراق بەسـەرکردایەتی ئەبوعوبەیـدەی ئەقەفـی، بەڵام فارسـەکانیش خۆیـان بـۆ شـەڕی موسـڵمانان و بەڕپەرچدانەوەیان ئامـادە دەکرد، لە قـوس ئەلناتف لە نزیک حیرە گەیشتنە موسـڵمانەکان. لێرەدا ئەبو عوبەیدە بەسـەر پردێک کەشتیدا لە فـورات پەڕیـیەوە و جەنـگ لەنێـوان هەردووڵادا گەرم بـوو. موسـڵمانەکان شـکان و ئەبوعوبەیدە کوژرا. پاشان پیاوێک لە موسڵمانان حەماس گرتی و دەستپێشخەری کرد و پـردەکەی بـڕی و تێکیـدا و موسـەننا زەحمەتییەکـی زۆری بینـی لە دابینکردنـی هێڵـی پاشەکشێ بۆ سوپا شکاوەکان. لەڕاسـتیدا سیاسـەتی ناوخۆی فرە ئاڵۆزی ئیمپراتۆرییەتی فارسی بوو بەبەربەست لەبەردەم سەرکەوتووەکاندا لە چنینەوەی بەری سـەرکەوتنەکەیان. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکیتـرەوە ئەم شکسـتە یەکەمە کـاریگەریی خراپـی لەسـەر دەروونـی عومەر هەبوو و وای لێکرد زۆر چاوی لەسەر گۆڕەپانی جەنگی عێراق نەبێت.

---

[١٨] گێڕانەوەکان هەندێ جار ئەم شەڕە و شەڕی ئەجنادین تێکەڵ دەکەن. لەبەرئەوە خەڵک ئەو وەهمەیان بۆ دروست بوو کە شـەڕەکە لە یەرموث ڕووی داوە کە ئـاوی لە تەوراتدا هـاتووە، واتە لە وێرانەی یەرموکدا کە ئەمڕۆ دەکەوێتە دەشـتی یەهـوودا. لەبەرئەوەی ئـاوی ئەجنـادین لە هـیچ شـوێنێکیتردا نەهـاتووە، زانـای ڕووسـی میـدنیکۆف Myednikov بـۆ ئەوە چـووە -بێگومـان بۆچوونەکەیشـی دروسـتە- شـێواندنی "جەنابەتەین"ـە (بەمانـای دوو جەنـابەکە) چـونکە لەتەنیشـت ئەو شـوێنەی شـەڕەکە تێیـدا ڕووی داوە دوو شوێن هەن یەکێکیان پێی دەوترێت جەنابەی ڕۆژئاوا و بەوتریشیان دەوترێت جەنابەی ڕۆژهەڵات و دوور نیە بەم شێوەیە خرابنە سەر شێوەی جووت (مثنی)، وەک زۆر جار ڕوودەدات.

قادسیه

فارسەکان تا ساڵی داهاتوو هێرشیان نەکردەوە. موسەننا لای بوەیب لەوبەری یەکێک لە کەنـاڵە رۆژئاواییەکـانی فـورات چـاوەڕوانی دەکـردن. لەوێ فارسـەکان سـەرەڕای بەرەنگـارییەکی دڵێـرانە، شـکان و موسـڵمانەکان وەک هێزێکـی سـەرکەوتوو بەوڵاتـدا پێشڕەوییان کرد. لە سەرەتای هاوینی ٦٣٥ فارس خۆیان بۆ کۆتا شـەڕێکی یەکلاکەرەوە ئامادە کرد. ئەوکاتە موسەننا مردبوو و سـەعدی کوڕی ئەبی وەقاص لە سـەرکردایەتیی بـاڵادا جـێگەی گـرتەوە، کە یەکێـک بـوو لە هـاوەڵە یەکەمەکـان لە هـاتنە نـاو ئیسـلامدا و دڵسۆزترینیان بوو بۆ پێغەمبەر. سوپای فارسیش بەسـەرکردایەتیی رۆستەم، فەرماندەی سوپای ئیمپراتۆری خـۆی بـوو. مـاوەیەک لەوەوپێش یەزدەجـرد تەختی ساسـانی گرتبـووە دەست، ئەویش دوای ماوەیەکی درێژ لە حوکمڕانیی ئافرەتـان، هێشـتا لە سـەرەتای تەمەنـدا بوو و بەجۆش و لێبڕانەوە هـاتە پێش بۆ دوورخستنەوەی ئەو مەترسـییەی هەڕەشـەی لە هەرێمە دەرەکییەکە لەسـەر سـنوور دەکرد، سـەرەنجام لە قادسـیە لە رۆژئـاوای نەجەفی ئێسـتا و لەدووریـی هەژدە میل و نیـو لە سـەربازگەی سـوپا لە کـوفە (کە پـاش شـەڕەکە دامەزرا و پەرەی سـەند و بـوو بەشـار) شـەڕێکی یەکـلاکەرەوە لەنێـوان موسـڵمانەکان و فارسـەکاندا بەرپـا بـوو، ئەویـش پـاش ئەوەی هەرلایەکیـان بـۆ مـاوەی چەنـدین هەفـتە چاوەڕوانی دەکرد تا دوژمنەکەی دەست بەهێرش بکات. لەڕاسـتیدا سـەرچاوەکان پڕن لە وردەکاریی رۆمانتیکی سەبارەت بەم شەڕە، بەڵام هەموویان بەشـی ئەوە ناکەن وێنەیەکی رۆشن لەبارەی بەڕێوەچـوونی بەدەسـتەوە بدەن. ئەگەر زەحمەت بووبێت بۆ فارسـەکان سـەرکردایەتییەکی سـتراتیژیی یەکگرتوویـان هەبێـت و ئەگەر هەر هـۆزێکی عەرەب سەربەخۆ لەویتر شەڕی کردبێت، هیچ گومـان لەوەدا نیە شـەڕەکە لە زنجیرەیەک شـەڕی تاک تاکدا رووی داوە. هەرچۆن بێت، فارسەکان تووشی شکستێکی گەورە بوون، لەکاتێکدا زیانەکانی موسڵمانان، کە سەرکەوتنەکەیان بەهـۆی ئەو کۆمەکەوە بوو لەکاتی شـەڕەکەدا لە سووریاوە پێیان دەگەیشت، هێندە زۆر بوو ناچار بوون سـەرەتا رێگە بەدوژمـن بدەن بەسـەلامەتی بکشـێتەوە. بەڵام پاشـتر لەڕێـی فـوراتەوە پێشـڕەوییان کـرد بەرەو شـاری مەدائینـی پـایتەختی ئیمپراتـۆرییەتەکە. دوای دوو هەوڵـی شکسـتخواردوو بـۆ دواخسـتنی پێشڕەویی سوپای هێرشبەر، فارسەکان ناچـار بـوون واز لە عێراق بێنن و عەرەب چـوونە پایتەختەکەیـان. شـتێکی سروشـتییە ئەو تاڵانییـانەی کەوتـنە دەسـت عەرەبەکـان لەوێ، کە گێڕانەوەکان شتی سەیر و سەرسوڕهێن لەبارەیانەوە دەگێڕنەوە، بەبێتە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ عەرەب لە جەزیـرە، بەتـایبەت کاتێک ناچـار بـوون هێزی نـوێ بێنن بـۆ جێگرتنەوەی ئەو زیانە گیانییانەی لێیان کەوتبوو. فارسەکان سەرەتا کشانەوە بۆ حولـوان لە بـناری زنجیرە چیای زاگرۆس (الصقر). لێرەدا یەزدەجرد پاشماوەی سوپا ئیمپراتۆرییەکانی خڕ کردەوە و

هێزێتری پاڵپشتی بۆ هێنا، ئەنجا وردە وردە بەرەو دۆڵی ڕووباری دیالە کە دەڕژێتە سیجلە باکووری مەدائین پێشڕەوی کرد. سەعد برازاکەی بەسەرکردایەتیی هێزێکی دوازدە هەزار جەنگاوەری بۆ ناردن و لە کۆتاییەکانی ساڵی ٦٣٧ لە جەلەولا شکاندنی، لە بەری ڕاستی ڕووباری دیالە و لای ڕۆژهەلاتی ئەو ڕێڕەوەی جەبەل حەمرین دەبڕێت لەسەر ڕێگەی کاروانە کۆنەکان لەنێوان عێراق و ئێران. ئەگەرچی کۆشکی ئیمپراتۆری هەولّی دا بۆ ماوەیەک خۆی لە قەلاکانی حولواندا ڕابگرێت، بەلام زەویەیە دەشتاییە کشاوەکان بەرێزایی "چیاکان" کەوتنە دەست موسڵمانان، کە دەستیان کرد بە دروستکردنی مزگەوتێک لە پایتەختدا، ئەوەیش ئاماژە بوو بەوەی داگیرکردنەکەیان بۆ ولاتەکە ڕێزخایەن و یەکجاری دەبێت.

فەتحکردنی شام

هەر لە هەمان ساڵدا فەتحی شامیش تەواو کرا. بنکەی سەرکردایەتیی موسڵمانان لە جابییە، لە جەولان ڕۆژە ڕێیەک لە باشووری ڕۆژهەلاتی دیمەشق دوور بوو. جابییە پێشتر بارەگای ئەمیرە غەسانییەکان بوو، تا سەردەمی ئومەوییەکان پارێزگاری لە گرنگیی سەربازیی خۆی کرد. ساڵی ٦٣٧ عومەر بەیاوەریی گەورە هاوەلان جگە لە عەلی چوو بۆ جابییە بەمەبەستی سەقامگیرکردنی ئاسایش لە ناوچە فەتحکراوەکاندا. ڕەنگە بناغەکانی سیستمی پێبەخشین (نظام العطاء) کە داهاتێکی جێگیری لە سەرچاوەکانی ولاتە فەتحکراوەکان بۆ بەشدارانی جەنگ و نەوەکانیان مسۆگەر کرد، بەر لەم "ڕۆژی جابییە" ناسرابێت کە سەرجەم ئەمیرەکانی سوپا لە سووریا ئامادەی بوون. لەوێوە عومەر خالیدی کوڕی ثابتی نارد بۆ گرتنی بەیتولمەقدیس، کە زۆری نەبرد داوای ئاشتی کرد و عومەر خۆی ڕێکەوتنی ئاشتی لەگەڵ خەڵکەکەی بەست. مەرجەکانیشی قورس نەبوون، نەرم بوون. ئەوە بوو عومەر ئەمانی بەخشییە سەر و سامان و کەنیسەکانیان و ئازادیی ئایینی پێ بەخشین لەبەرانبەر ئەوەی جیزیە بدەنە موسڵمانان، بەلام نابێت کەس لە جولەکە لە بەیتولمەقدیس لەگەڵیاندا نیشتەجێ بێت. ڕاستییەکەی عومەر خۆی چوو بۆ بەیتولمەقدیس و چووە گۆڕەپانی پەرستگە چۆڵکراوەکە، خۆی تەپوتۆزی سەر بەردە پیرۆزەکەی "پاک کردەوە، کە جولەکە و مەسیحی و موسڵمانەکان هەموویان بە ناوەڕاستی زەوی دادەنێن. فەرمانی دا لەوێ مزگەوتێک دروست بکرێت.

فەتحکردنی جەزیرە

ئێستا کە موسڵمانەکان بوونە سەردار و گەورەی سووریا و عێراق، ئیتر شتێکی حاشاهەڵنەگر بوو کە جەزیرە Mesopotamia خۆبەخۆ دەکەوێتە دەستیان. سوپا

بیزەنتییەکان هێشتا لەوێ هەندێ پێگەی قایمیان بەدەستەوە مابوو. ئارامییەکان کە دانیشتوانی ڕەسەنی وڵاتەکە بوون، هەردەم لەلایەن کەنیسەی ئەرسۆزۆکسیی باڵادەستەوە دەچەوسێنرانەوە، بەهۆی ئەوەی باوەڕیان بە بنەمای یەک سروشتیی مەسیح هەبوو، لەبەرئەوە حەزیان لە مانەوەی دۆخی ئارا نەدەکرد. بگرە هۆزە دەوارنشینە عەرەبەکان چەندین سەدە پێش ئیسلام توانییان بێنە ناو وڵاتەکە و ناوبەناو دەسەڵاتیان بەسەر ڕەها و حەزەردا بسەپێنن. بەم شێوەیە وڵاتی جەزیرە بەتەواوی ئامادە بوو بۆ فەتحی عەرەبی.

هێرشی ئیسلامی لە سووریاوە دەستی پێکرد. دوای مردنی ئەبی عوبەیدە لە ساڵی ٦٣٩ بەتاعونی عەمواس[١٩]، عومەر، عەیازی کوڕی غەنمی کرد والیی حمص و قینەسرین و فەرمانی پێکرد دەسەڵاتی لە جەزیرەدا فراوان بکات. لە نیوەی دووەمی ساڵەکەدا ئیبن غەنم پێشڕەوی کرد بۆ ئەو ناوچەیە و لە ماوەی کەمتر لە ساڵ و نیوێکدا نزیکەی سەرجەم شارەکانی ناچار بە خۆبەدەستەوەدان کرد. کەس بەرەنگارییەکی جددی موسڵمانانی نەکرد شاری (رأس العین) نەبێت، بەڵام ئەویش زۆری نەبرد خۆی بەدەستەوەدا. ساڵی ٦٤١ عەیاز پەلامارێکی ئەرمینیا خۆی دا و پاش کەمێک لە گەڕانەوەی بۆ بنکەی میرنشینەکەی، مرد.

فەتحکردنی میسر

لەکاتێکدا عەیاز جەزیرەی فەتح دەکرد، موسڵمانەکان لەلایەکیترەوە دەستیان کرد بە فەتحی میسر[٢٠]، کە بێگومان حکومەتی مەدینە وەک گەنجینەیەکی ئازوقەی خاوەن ناوبانگی دێرین چاوی لەسەری بوو، پێغەمبەر خۆیشی پێشتر ئاگەداری بارودۆخی شڵۆقی بوو. ساڵی ٦٢٨ ئیمپراتۆر هیرەقل پاش ئەوەی میسری لەدەستی وڵاتگرانی فارس ڕزگار کرد، هەوڵی دا قیبتییەکان کە باوەڕیان بەیەکسروشتیی مەسیح هەیە، بەکەنیسەی ئیمپراتۆرییەوە ببەستێتەوە. ساڵی ٦٣١ کۆرش Cyrus -لای عەرەب بە مەقەوقەس ناسراوە- کە تا ئەوکاتە ئوسقوفی "فاسیس" بوو لە قبق (قەوقاز) بە پەترێرکی ئەسکەندەریە و سەرۆکی ئیدارەی مەدەنی پێکەوە دامەزراند. بەڵام سیاسەتی کەنەسی مەقەوقەس و پێداگرتنی لەسەر کۆکردنەوەی باجی زۆر بوو بە بارگرانییەک لەسەر قیبتییەکان، بەڕادەیەک -هاوشێوەی سوورییە هاوئاینەکانیان- وەک ڕزگارکەر پێشوازییان لە عەرەبەکان کرد. عەمری کوڕی عاصی ئومەوی کە یەکەمین فەرماندەی سوپای

---

[١٩] تا ئەمڕۆ یادی زیندوە و فەلەستینییە موسڵمانەکان بە پیاوچاک (وەلی) دادەنێن.

[٢٠] بڕوانە: A. J. Butler, The Aran Conquest of Egypt and the Last Thirty Years of the Roman Dominion, Oxford, 1992.

عەرەبی بوو لە فەلەستین، لە کانوونی یەکەمی ٦٣٩ لەوێوە هێرشی کردە سەر دەشتایی بەپیتی فەیوم و ژمارەی پێویست سەربازیشی لەگەڵدا نەبوو بۆ ئەو جۆرە کارە، پێدەچێت بەبێ ئەوەی فەرمانی خەلیفە عومەریشی لەو رووەوە پێگەیشتبێت، توانی لە کانوونی دووەمی ٦٤٠دا فەرما (الفرماء) بگرێت. عەمر سەرەتا نەیوێرا لەوە زیاتر بچێت پاش ئەوەی فەرماندەی بالا تیودۆروس سوپایەکی گەورەی لە بابلیۆن، واتە مەمفیسی کۆن، کۆکردەوە. ئەوکاتە عومەر، زوبێری -کە یەکێک بوو لە هاوەڵە لەپێشەکانی پێغەمبەر- بەسەرۆکایەتیی هێزێکی پێنج هەزار پیاوی نارد بۆ میسر، هەم بۆ فریاکەوتنی عەمر، هەمیش بۆ چاودێریکردنی کاتێک زانی مەیلێکی هەیە بۆ ئەوەی سەربەخۆ کار بکات. لە حوزەیرانی ساڵی ٦٤٠دا عەمر بیزەنتییەکانی ئیغرا کرد بۆ هاتنەدەرەوە لە قەڵاکەیان و شەڕکردن لەدژی و توانی لە عەین شەمس بیانشکێنێت، بەڵام قەڵای بابلیۆن هێشتا لەبەردەم موسڵماناندا خۆی راگرتبوو. لەوێوە مقەوقەس خۆی لەگەڵ عەمر کەوتە دانوستان، پاشان رووی کردە بیزەنتە بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندیی ئیمپراتۆر لەسەر ئەو رێکەوتنەی دەیویست لەگەڵ عەرەب بیکات. پاشان هیرەقل، کە مقەوقەسی بە ناپاک دادەنا، لە ١١ی شوبات/فێبرایەری ساڵی ٦٤١دا مرد. لەهەمان کاتدا غازییە عەرەبەکان بەوڵاتدا تەراتێنیان دەکرد و خەریکی راوڕووت و تێکدان بوون. تیودۆروس هەوڵی نارد و داوای کۆمەکیی بەپەلەی کرد، بەڵام بێسوود بوو، چونکە سەرپەرست (وەصی)انی سەر ئیمپراتۆری نوێ، قوستەنتینی دووەم[٢١]، کە ئەوکاتە تەمەنی یازدە ساڵ بوو، ناچار بوون لێبگەڕێن رووداوەکان لە رۆژهەڵات رێگەی تاریکی خۆیان بگرنە بەر، چونکە پێویستیان بە مانەوەی سوپاکانیان هەبوو لە پایتەخت خۆیدا بەمەبەستی لەناوبردنی شۆڕشێک کە چاوەڕوانی رووداندیان دەکرد، هەروەها لەبەر شەکەتبوونیان بەهۆی جەنگەوە دژی لومبارددییەکان لە ئیتاڵیا. دوای رۆژی دووشەممەی پاش (صەفح)، ٩ی نیسانی ساڵی ٦٤١ بابلیۆن خۆی بەدەستەوە دا، عەمریش بەئەسپایی لەڕێی نیلەوە بەرەو ئەسکەندەریە پێشڕەوی کرد. حکومەتی بیزەنتی جارێکیتر مقەوقەسی ناردەوە بۆ میسر تا دانوستان لەگەڵ عەمر بکات، سەرەنجام هەردوولا لەسەر ئەوە رێک کەوتن بیزەنتییەکان جیزیەیەکی سالانەی دیاریکراو بدەن، موسڵمانەکانیش دەست لە پەرستگەکانی مەسیحییەکان نەدەن و دەست نەخەنە کاروبارە کۆمەڵایەتییەکانیان. لەسەر بنچینەی ئەم پەیماننامەیە بیزەنتییەکان لە ١٧ی ئەیلولی ساڵی ٦٤٢ ئەسکەندەریەیان چۆڵ کرد و عەرەب داگیریان کرد. پاشان عەمری کوڕی عاص وەک ئاماژەیەک بۆ دەستگرتنی ئیسلام بەسەر دۆڵی نیلدا، لە فوستات، شوێنی سەربازگەکەی بابلیۆن، کە پاشتر بوو بە قاهیرەی کۆن، مزگەوتێکی دروست کرد

---

[٢١] نەوەی هیرەقل، پاش مردنی باوکی، کە ماوەی حوکمڕانییەکەی تەنها چوار مانگ بوو، چووە سەر تەخت.

که هێشتا بەناوی ئەوەوەیە. لە سەردەمی معاویەدا مزگەوتەکە نۆژەن کرایەوە و ناوەندێک بوو بۆ بانگدەران، لەبەرئەوە چەند ژوورێکی بچووکی هەبوو بۆ پاسەوانی کە پلیکانەیان هەبوو و لەسەر گۆشەکان دروست کرابوون، کە شێوەی کۆنی مەنارەیە و پاشتر بۆ چەندین تەرز پەرەی سەند و تائێستایش لە هەندێ مزگەوتی گوندەکان لە میسر و ئاسیای بچووک ماوە[٢٢].

کەشتیگەلی بیزەنتی جاریکیتر لە ئەسکەندەریە دەرنەکەوتەوە بەمەبەستی دەرهێنانەوەی لە دەستی موسڵمانان، تا ساڵی ٦٤٥. دانیشتوانی شارەکە دەرگاکانیان بەڕووی بیزەنتییەکاندا کردەوە و عەمر تا ساڵی ٦٤٦ نەیتوانی لە شارەکە دەریانبکات. عومەری کوڕی خەتتاب پێش لەوە لە دەسەلات لایدابوو، بەڵام عوسمان -جێنشینی عومەر- زۆری نەبرد گێڕایەوە پاش ئەوەی ئەمیری نوێ سەلماندی ناتوانێت ئەرکەکانی بەڕێوەبردن و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداوەکان لەو بارودۆخەدا ڕاپەڕێنێت.

موسڵمانەکان لە میسریش وەک هەرێمەکانیتر، کاریانبەهەمان ئەو سیستمە کارگێڕییە کرد کە حکومەتەکانی پێشوو لەسەری ڕۆیشتبوون، بگرە سەرجەم فەرمانبەرانی کۆنیان لە پۆستەکانیاندا هێشتەوە، کە پاشتریش بەگشتی قبتییەکان پڕیان کردبوونەوە. ئەمیر، کە نوێنەرایەتیی خەلیفەی دەکرد، هەردوو دەسەلاتی سەربازی و کارگێڕی لەدەستدا بوو، بەڵام بۆ ئەوەی ئەمیرەکە زۆر بەهێز نەبێت، کاربەدەستێکی وەک بەڕێوەبەری دارایی لەگەڵ دادەنرا.

لەڕاستیدا ئێمە قەرزاری ئاوهەوای وشکی میسرین لە مانەوەی ئەو ژمارە زۆرەی کاغەزی زەلین کە هێشتا لەبەردەستماندان و بەڕوونی تێشک دەخەنە سەر بەڕێوەچوونی کاروبارەکان لەوکاتەدا. پێشتر ڕۆمانەکان، بۆ دابینکردنی خواردن بۆ لەشکرگەکانیان، پێشتر بیزەنتییەکانیش بۆ دابینکردنی ئازووقە بۆ پایەختەکەیان، کردبوویان بەنەریت مەزەندەیان دەکرد هەر گوندێک پێویستە چەندە بەرهەمی گەنم پێشکەش بکات لەکاتێکدا هێشتا لە خەرماندا بوو بەمەبەستی کوتانی بە چان. کاتێک عەرەبەکانیش دەستیان بەسەر میسردا گرت، هەمان مافیان بۆ سەربازان و خێزانەکانیان هێشتەوە. حاکمی موسڵمان لە کۆتاییەکانی ساڵ و ماوەیەکی کەم پێش وەرزی تۆو وەشاندنی نوێ ڕاگەیەنراوێکی سالانەی بۆ هەر ناوچەیەک دەنارد و تێیدا دیاری دەکرد پێویستە چەندە لە حاسڵاتیان پێشکەشی دەوڵەت بکەن. سەرۆکی ناوچەکان بەرپرسیار بوون لە کۆکردنەوەی ئەو باجانە بەعەینی (واتە وەک کالا)، لەوەیشدا کۆمەڵێ باجگر یارمەتییان دەدان کە پێنج لەسەدی ئەو دانەوێڵەیان وەردەگرت کە بۆ دەوڵەت کۆیان دەکردەوە، ئەویش لەبەرانبەر

---

[٢٢] بڕوانە: J. Schacht in Ars IslV (1983), p. 46 ff.

خزمەتەکانیـان و بـۆ قەربـووکردنەوەی هەر نـاتەواوییەک کە لەوانەیە رووبـدات. ئەو ساجگرانە گەرەنتـی (ضـمان)یکیان دەدایە دەوڵەت بـۆ ئەو گەنـمەی لە جووتیـاران کـوێدەکرایەوە، تـا لە یەکبەیەکـی کۆمەڵگەکـان و بەتـاییەت لە پایتەختەکـانی هەرێمەکانـدا دەستی ئەمبارەکانی دەوڵەت دەکرا. لەوێوە گەنمەکە لەڕێگەی ئاوییەوە دەگوێزرێتەوە بـۆ پـێتەخت، تا پاشتر بەسەر سەربازان و خێزانەکانیاندا دابەش بکرێت. دەبوو ناوچەکان جگە لەم رەسـمە عەینییـانە، بـاجێکی دارایـیش بـدەن کە بەپـلەی یەکەم لەبەرانـبەر پاراسـتن و ئـازادیی پەرسـتن بـوو، کە دەوڵەت بۆیـان دەسـتەبەر دەکـات. دیـارە جووتیـاران جگە لە بـازرگانیی گەنم هیچ سەرچاوەیەکیتری داراییـان نەبوو. بەڵام ئەو بازرگانییە بەبەردەوامی بـەڵایەن دەوڵەتەوە چـاودێریی ورد دەکـرا: هەمـوو حاسـڵاتی گەنـم دەگـوێزرایەوە بـۆ خەرمانی میری، کە هەر لەوێیش سـەودا و کرین و فرۆشتن دەکرا. نەک هەر ئەمە، بگرە زۆر جـار رێـک دەکەوت دەوڵەت لەبـاتیی رەسـمە نەختیـنە دیاریکراوەکـانیش گەنمـی وەردەگرت[٣٣].

فەتحکردنی فارس

لەهەمـان کاتدا چارەنووسی ئیمپراتۆرییەتی فارسـی بڕیاری لێ درا. سـاڵی ٦٤٠ پاشـا یەزدەجەرد حولـوانی بەجێهێشـت، چـونکە پـاش کەوتنـی ناوچەکـانی دەوروبەری لەبەردەم عەرەبەکاندا چیتر هەسـتی بە ئاسـایش نەدەکرد و کشـایەوە بـۆ فـارس. لەوێ دەسـتی کرد بەخۆ ئامادەکردن بۆ کۆتـا شـەڕ. بەڵام عـومەر دەرفەتـی نەدایە تـا ببێتە هەڕەشـە بـۆ سـەر ئەو هەرێمانەی عەرەبەکان لەو دواییەدا دەستیان بەسەردا گرتبوون، لەبەرئەوە نوعمان بن مـوقەرینی بەسـەرکردایەتیی لەشـکرێکی پێکهـاتوو لە سـەرجەم ئەو سـەربازانەی ئەوکـاتە لەسەر سنوور بوون، نارده سەری. لەگەڵ وەرێکەوتنی هەڵمەتەکەدا لە ٦٤٢، موسـڵمانەکان توانییان قرمیسین لە باکووری رۆژهەڵاتی حولوان بگرن، بەوەیش دەسـتیان گرت بەسـەر ئەو رێڕەوانەی دەچوونە نـاوچە شـاخاوییەکان. پاشـان لە نیهاوەند لە باشـووری هەمەدان (ئیکباتانـای کـۆن) لەگەڵ هێزەکـانی دوژمـن بەسـەرکردایەتیی فەرمانـدەی ئەزموونـدار فەیـروزان، بەریەک کەوتـن. سـوپای فارسـەکان ژمارەیـان لە موسـڵمانەکان زیـاتر بـوو.

---

[٣٣] بڕوانە: C. H. Becker, Grundlagen der wirtschaftlichen Fntwicklung Agyptens in den ersten Jahrhundrerten des Islams, Islamstudien I, Leipzing, 1924, 201-17.

هەروەها بڕوانە: H. Bell, The Administration of Egypt under the Umayyah Khalifate, in Byzant. Zeitschrift XXVII (1928), 278 ff.

دیسان بڕوانە: H. Lammens, Etudes sur le siècle des Omayyades, Berouth, 1930, 303-23.

شەڕەکە دوو رۆژی خایاند. سەرەتا ئەنجامە کۆتاییەکەی روون نەبوو، چونکە نوعمان خۆی لە گۆڕەپانی جەنگەکەدا کوژرا، بەڵام حوزەیفەی کوڕی یەمان جێی گرتەوە، کە هەر لەسەرەتاوە عومەر بۆ سەرکردایەتیی سوپاکە هەڵیبژاردبوو ئەگەر هاتوو نوعمان لە شەڕەکە کوژرا، زۆری نەبرد موسڵمانەکان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا.

دوای ئەم شکستەی بەسەر فارسەکاندا هات ئیتر ئاسان نەبوو لە جەرگەی ئیمپراتۆرییەتەکەدا درێژە بە بەرەنگاریی یەکگرتوو بدرێت. لێرەوە پاشماوەکانی فارسەکان پەنایان بردە بەر شارە قایمکراوەکان و هەریەکەیان سەربەخۆ کەوتنە بەرگریکردن لەبەردەم موسڵمانەکاندا کە لە پێشڕەویکردنیان لە داگیرکردنی وڵاتەکەدا بەردەوام بوون. تا ساڵی ٦٤٣ شاری ئیسفەهانیش کەوت، ئەو شارە سەرەکییەی یەزدەجەرد پاش شەڕەکە پەنای بۆ برد. ئیتر دەبوو بۆ رزگاربوون ئومێدی بە ئیستەخر بێت، ئەو شارەی جێی پرسیپۆلیس پایتەختی کۆنی لانکەی فارسە بەراییەکانی گرتەوە. لەوێ موسڵمانەکان ماوەیەک گەمارۆیان دا بەبێ سوود، چونکە خەڵکی سەرجەم هەرێمەکانی وڵات، بەتایبەت لە "چیاکان" دوایین هەوڵی خۆیان بەخەرج دەدا بۆ بەرپەرچدانەوەی تەوژمە عەرەبییەکە. تا کاتێک پاشا ئیتر نەیتوانی خۆی رابگرێت لە ئیستەخر خۆیدا، بەدەم داوەتێکی مەزربانی تەبەرستانەوە چوو بۆ سەردانکردنی—تەبەرستان ئەو ناوچە شاخاوییەیە دەکەوێتە لای خواری دەریای قەزوین- بەڵکو لای حاکمانی هەرێمە رۆژهەڵاتییەکان بەرەنگارییەکی کاریگەر بەدەست بێنێت. ئەگەرچی خەڵکی خوراسان —کە ئەو هەرێمەیە لەکۆندا ئێران و بیابانە تورکییەکانی لێک جیا دەکردەوە- پێشوازییەکی گەرمیان لێکرد، بەڵام کەسیان بەدەم بانگەوازەکەیەوە نەهاتن بۆ ئەنجامدانی جەنگ دژی دوژمن. بەوەیش هەمان نەهامەتی لەودا نوێ بووبەوە، کە هەزار ساڵ لەوەوبەر لە هەمان ناوچەدا دارا Darius، دواین ئەخمینی لەناو برد. لەڕاستیدا والییەکەی لەسەر خوراسان هەر تەنیا پشتی تێنەکرد، بگرە لەوەی تێپەڕاند و ئەمیرە تورکییەکەی دراوسێی هەڵنا بۆ شەڕکردن دژی ئیمپراتۆر. بەوە یەزدەجرد دوایین شوێنکەوتەکانی لەدەست دا و هەڵهات بۆ مەرو Merv، بەڵام شارەکە دەرگاکانی بەڕوویدا داخست، لەبەرئەوە بۆ خۆ رزگارکردن ناچار بوو پەنا ببات مالّی پیاوێکی ئاشەوان. ساڵی ٦٥١ والیی خوراسان کەسانێکی نارد لە دوایین حەشارگەی خۆیدا لەناویان برد، بەوەیش کۆتایی بە بنەماڵەی ساسانی هات. راستییەکەی یادی یەزدەجرد تا ئەمڕۆیش لەنێو ئەو کەمە شوێنکەوتوانەی ئاینی ئێرانی نەتەوەیی کە ماون واتە ئاگرپەرستانی هیند، زیندووە، کە رۆژی چوونە سەر تەختی یەزدەجەرد بە سەرەتای ساڵنامەی نیشتمانییان دادەنێن.

سیاسەتی عومەر

بەڵام ئەم فراوانبـــوونە گەورەیەی دەوڵەتە عەرەبیـــیەکە لە دەرەوە، پەرەســـەندنێکی ناوخۆیی لەگەڵدا نەبوو کە لە مەزنی و ئاڵۆزیدا هاوتای بێت، چونکە ئەو دەوڵەتە وەک بنەما لەســەر بناغەیەکی ئیۆکراتی دامەزرابوو، بەڵام قســەی وردی لەســەر مەســەلەیەکی گەورە نەکرد، ئەویش مەســەلەی ســەرۆکایەتییە کە ئاخۆ بۆ کێ دەبێت، لەبەرئەوە وەک بابەتێکی جێناکۆک لەنێوان موسڵمانانداا مایەوە. بێگومان مـحەمەد لە ژیانی خۆیدا وەک پێغەمبەری خوا، دەسەلاتێکی حاشاهەڵنەگری هەبوو، بەڵام مرد بەبێ ئەوەی جێنشینێک بۆ خۆی دەستنیشان بکات. رەنگە باوەڕداران، لەکاتی ژیانی پێغەمبەردا، باوەڕیان وابووبێت تا رۆژی قیامەت وەک سەرکردەی کۆمەڵگەکە دەمێنێتەوە، تا کاتێک کۆچی دوایی کرد، لە مەدیـــنە ململانێـــی حزبـــی پەیـــدا بـــوو کە خەریـــک بـــوو ببێـــتە مـــایەی بەتەواوەتـــی لەبەریەکهەڵوەشانەوەی قەوارە سیاسییە عەرەبییەکە.

لەڕاستیدا پێویست بوو موسڵمانان سەرگەورەیەک هەڵبژێرن کە پێشنوێژی بۆ خەڵک بکات و سەرپەرشتیی تواناکانی سیستمە نوێیەکە بکات. مافی بەمیراتگرتن لەئارادا نەبوو، بگرە هیچ ڕێگەیەکی باو بۆ هەڵبژادن نەبوو، تەنانەت قورئان خۆی کە دەستوورێک بوو پێغەمبەر لە حوکمدا لەبەر ڕۆشناییدا دەڕۆیشت، هیچ ئاراستەیەکی تێدا نەبوو موسڵمانان بۆ چارەســەری کێشــەکەیان پشــتی پێ ببەســتن و ڕێگەی ڕاســتیان بــۆ هەڵبژاردنــی ئەو پیاوەی پێویستە ببێتە جێنشینی پێغەمبەر، پێشان بدات. لە گەرمەی ئەو کێشمەکێشــەدا هیچ شــتێک نەبــوو کەشــتی دەوڵەت لە نوقمبــوون ڕزگــار بکــات جــگە لە بڕیــارێکی بــوێرانە. لەڕاستیدا هاوەڵە مەککەییەکانی پێغەمبەر کە بەهۆی پێشتر موسڵمانبوونیان نزیکتر بوون لەلای، زۆرجار لە کاروبارەکانی دەوڵەتدا ڕاوێژیان پێدەکرد، کەســە تایبەتەکانیان بریتی بوون لە ئەبوبەکر و عومەر –کە هەردووکیان خەزوری بوون– و ئەبوعوبەیدە عامر بن عەبدولا ئەلجەڕاحی خاوەن بەهرەی ســەربازی نایاب[٢٤]. لەگەڵ مردنی مـحەمەددا ئەمانە دەستیان بەســەر جڵەوی کاروبارەکانــدا گــرت، عــومەری کــوڕی خەتتــاب لە هەمووێــان پایەدارتر بوو. ڕیوایەتەکان هەمیشــە دیمەنی ئەو پیاوە بەژن درێژەمــان پیشــان دەدەن کە قامچیەکی بەدەستەوەیە و حەفسەی کچی، بگرە باقی خێزانەکانی پێغەمبەر دەترسێنێت، لەبەرئەوە لە مـحەمەد خۆی زیاتر لێی دەترسان. هەرچۆن بێت ئەو ڕاستەوخۆ جڵەوی کاروباری موسڵمانانی نەگرتە دەست، بەڵکو هاوڕێی یەکەمی پێغەمبەر، ئەبوبەکری بۆ ئەو دەســەڵاتە هێنــایە پــێش و خــۆی تــا مردنــی ئەبــوبەکر پــاش دوو ســاڵ بەڕەسمی نەبــوو

---

[٢٤] لامنس لەکتێبی "دراسات من عصر الامویین"، پێشتریش لە کۆمەڵەی کۆلێژی ڕۆژهەلاتی (لە بەیروت)، ب٤، ل١١٣ و پاشتر، بۆ ئەوە چووە ئەم "سێکوچکەیە" تەنانەت لە ژیانی پێغەمبەریشدا هەوڵیان داوە لە مەیلی ئۆتۆکراسییانەی کەم بکەنەوە.

بەخاوەن دەسەلات. ئەبوبەکر و عومەر هەمیشە ئەوەیان دەزانی ئەوان پۆستەکەیان وەک نوێنەری پێغەمبەر وەردەگرن، کە تاکە ئەمیری دەوڵەتی ئیۆکراتی ئیسلامە، لەبەرئەوە ئەبوبەکر نازناوی جێنشینی پێغەمبەری خوا (خلیفة رسول الله)ی بەکار هێنا، لەکاتێکدا عومەر سەرەتا خۆی ناونا جێنشینی جێنشینی پێغەمبەری خوا (خلیفة خلیفة رسول الله)، کاتێک بۆی دەرکەوت ئەو نازناوە لە ژیانی رۆژانەدا کرداری نیە، تەنیا نازناوی جێنشین (خەلیفە) یان ئەمیری ئیمانداران (أمیر المؤمنین)ی هێشتەوە.

هەرچۆن بێت، هەر هاوەڵانی کۆچەریی پێغەمبەر نەبوون کە لە دەوڵەتەکەدا دەستڕۆیشتوو بوون، بەڵکو ژمارەیەک لە برا قورەیشیەکانیشیان لەوەدا هاوبەش بوون، کە موسڵمان نەبوون تا ئەوکاتەی خەڵک موسڵمان بوون و لەوە دڵنیا بوون موسڵمانەکان سەرکەوتنیان مسۆگەر بووە. پشتیوانەکان (ئەنسار) لەم هەژموونەی قورەیشییەکان تووڕە بوون، تەنانەت لە ژیانی پێغەمبەریشدا ناڕەزاییان دەربڕی دژی محیبەتی بۆ خزمەکانی خۆی لە دابەشکردنی غەنیمەتەکاندا، بەتایبەت زەوی و زار. بەڵام ئەو بەرژەوەندییە هاوبەشانەی ئەوس و خەزرەجی لەبەرانبەر مەککەییەکان یەکخستبوو هێشتا ئەو دوژمنایەتییە کۆنەی لەبەین نەبردبوو کە لەنێواندا بوو. لێرەوە محەمەد جار دوای جار دەیتوانی ئەنسار هێور بکاتەوە. لەکۆتاییدا خەریک بوو ئەنسار پێگەی زۆرینە لە مەدینەدا لەدەست بدەن. تا کاتێک پێغەمبەر کۆچی دوایی کرد دواین هەوڵیان بۆ گێڕانەوەی سەربەخۆیی، بەهۆی تووندیی عومەر و خێرایی بڕیاردانی، بەشکستێکی گەورە کۆتایی هات. زۆری نەبرد ئەو شۆڕشانەی لە ناوچەکانی جەزیرەدا بەرپا بوون ئەنسار و موهاجیرەکانی لەبەردەم مەترسییە هاوبەشەکەدا یەکخست. تێپاندا ئەنسارەکان رۆڵێکی گەورەیان لە شەڕەکانی هەڵگەڕانەوە (الردة)دا بینی ئەگەرچی لە پێگە سەرەکییەکاندا دەرنەکەوتن. لەڕاستیدا ئەرکەکەی عومەر لە ناوەندی ئەم ژینگەیەدا زەحمەت بوو کە زۆرجار پیلانگێڕی و هەستیارییە بچووکەکان دەیانوروژاند، بەتایبەت کە هاوەڵانی یەکەمی پێغەمبەر لە موسڵمانبووندا چاودێریی کارەکانیان دەکرد وەک ئەوەی ئەنجوومەنی پیرانی دەوڵەت بن. لەو رووەوە لە ماوەی ئەو دوازدە ساڵەی عومەر حوکمی موسڵمانانی کرد، خەریکە بڵێین رۆژانە کێشەی نوێ رووبەڕووی دەبوونەوە، لەبەرئەوە نەیتوانی بیر لە دانانی سیستمێکی تۆکمەتر بۆ دەوڵەت بکاتەوە.

بەتەواوبوونی جەنگەکانی هەڵگەڕانەوە ئەو هۆزە عەرەبانەی پاش مردنی پێغەمبەر هەڵگەڕانەوە و بە کۆشش و زەحمەتییەکی زۆر ملکەچ کرانەوە، گەڕانەوە باوەشی ئیسلام و بارتەقای ئەو سەربەخۆییە رەهایەی لەدەستیان دابوو سوودی زۆریان دەست کەوت. لەوکاتەوە رێگە نەدەدرا بەهیچ ئایینێکیتر لەناو نیمچە دورگەی عەرەبی خۆیدا بژی. بەم شێوەیە جولەکەکان –کە محەمەد رێگەی پێدابوون لە خەیبەر بمێننەوە– عومەر

گواستنیەوە بۆ سووریا [٢٥]. وای لێهات هەر کەس ئیسلامی قبوڵ کرد بەهۆی ئەوەوە بوو بە عەرەب و وەک مەوڵایەک پەیوەندی بە هۆزێک لە هۆزەکانەوە کرد. بەڵام سەرەتا کەس چاوەڕوانی نەدەکرد کەسێتر جگە لە عەرەب باوەڕ بە ئیسلام بێنێت، لەسەر ئەم بناغەیە مەبەست لە جەنگی پیرۆز (جیهاد) پێش هەموو شتێک ملکەچاندنی عەجەمەکان بوو بۆ ئەسەڵاتی ئەوان.

لێرەوە ئەو ئیمپراتۆرییەتە ئێۆکراتییەی پاش مردنی پێغەمبەر لەو دەوڵەتە نەتەوەییەی خۆی پایەکانی دانا، دامەزرا، دوو چینی لەڕووی ئاینی و لێرەیشەوە لەڕووی سیاسییەوە تایبەتی لەخۆ دەگرت. موسڵمانەکان لەو رووەوە دەسەڵاتیان لەدەستدا بوو چینی جەنگاوەرانیان پێکدەهێنا. لەڕاستیدا کارەکانی تەقوا ماوەیەک ناچار بوون ریزی پێشەوە بۆ ناواکارییە سەربازییەکان چۆڵ بکەن. موسڵمانەکان بەتەواوەتی بۆ کاری جەنگی سباز و تەرخان کران، ئەو پیاوانەی گەیشتبوونە تەمەنی خزمەتی سەربازی، بەپێی هۆز یان خێڵ لە لیستەکانی سوپادا ریزبەند کرابوون. ئەوانە لە شارە فەتحکراوەکاندا نیشتەجێ دەبوون، لەبەرئەوەیش بە کۆچکەران ناو بران (هەمان ناوە کە لەو تورکانە نرا چەند سەدەیەک پاشتر لەناو مەسیحییەکان لە نیمچە دورگەی بەلقان نیشتەجێ بوون). بەڵام زۆر جار تووردوگای سەربازیی نوێیان بۆ دروست دەکرا وەک فوستات (قاهیرەی کۆن) لە میسر و پاشتر قەیرەوان لە ئەفریقیای رۆمانی، هەروەها وەک کووفە و بەسرە لە عێراق بەشێوەیەکی تایبەت.

لەڕاستیدا دەسەڵاتی ئیسلامی لە وڵاتە بەزیوەکاندا بۆ ماوەیەکی درێژ پاش ئەوەیش پارێزگارییان لە ریکخستنە سەربازییەکەیان کرد. فەرماندەکانی لەشکرگەکان لە هەمان کاتدا یەکەمین حاکمەکان بوون خەلیفە دایمەزراندن. نەک هەر ئەوە، بگرە ئەوان رۆژانی جومعە پێشنوێژییان بۆ خەڵک دەکرد و خوتبەیان بۆ دەدان، لەو رووەوە سەربازان و خەڵک وەک یەک بوون. هەروەها سەرەتا یەکێک لە ئەرکەکانیان لێکۆڵینەوە لە ستەمکارییەکان و داوەریکردن بوو لەنێوان کێشەداراندا، کە ئەوە ئەرکێک بوو تا سەردەمی خیلافەتی ئومەوی کەسانی تایبەتیان بۆ تەرخان نەدەکرا. تەنیا بەڕێوەبردنی باجەکان هەر لە سەرەتاوە بە فەرمانبەرێک سپێردرابوو کە راستەوخۆ بەرانبەر خەلیفە بەرپرسیار بوو.

هاوشێوەی دۆخی کۆن لە بیابان، زۆر لەو دەسەڵاتانەی لەسەر بناغەی یاسا دامەزراون حکومەت ئەنجامی دەدان، ئێستا بۆ هۆزەکان بەجێ هێڵران تا

---

[٢٥] کۆمەڵگە جولەکەکان تەنیا لە باشووری نیشتمانی عەرەبدا توانییان بمێننەوە.

چۆنیان دەوێت رێکیان بخەن. بەڵام لەکاتێکدا خێڵە بچووکەکان لە بیابان خۆیان کاروباری سیستەمبەندییان لەناو خۆیاندا بەڕێوە دەبرد، گرووپە خێڵەکیە گەورەکان لە ئۆردوگا سەربازییەکاندا رۆڵێکی کاریگەریان دەبینی، بەهۆی ئەوەی ئەندامانی گرووپە خێڵەکیە بچووکەکانیان لەخۆ دەگرت، کە هەڵمەتەکانی فەتح پەرتیان کردبوون.

ئەگەر عەرەب چینی جەنگاوەرانیان پێکدەهێنا، ئەوا عەجەمەکان رەعیەت یان گەل (قطیع) بوون، لە باری کۆدا دەبێتە (رعایا) وەک چواندنێکی سامیی کۆن بەو ناوە ناویان دەبات و تەنانەت لای ئاشوورییەکانیش باو بوو. لەکاتێکدا موسڵمانەکان تەنیا زەکاتیان دەدایە خەزێنەی دەوڵەت، رەعیەت جیزیەیان دەدا و بەوەیش یارمەتی ژیاندنی موسڵمانەکانیان دەدا. بەڵام دەوڵەت کەمتر بایەخی بە کاروباری ناوخۆی ئەمانە دەدا، لەچاو بایەخدانی بە کاروبارە ناوخۆییەکانی هۆزەکان. لەو وڵاتانەی پێشتر مەسیحی بوون ئوسقوفەکان کاروباری کۆمەڵگەیان بەڕێوە دەبرد. بەڵام لە فارس دەهقانییەکان، واتە سەرۆک هەرێمەکان، پارێزگارییان لە پێگەی باڵای خۆیان کردبوو.

ئەو شار و گوندانەی بەبێ شەڕ خۆیان بەدەست موسڵمانانەوە دا، ئازادی و مووڵکەکانیان بەدەست هێنایەوە. ئەو جیزیەیەی دەبوو لەبەرانبەردا بیدەن، بەشێوەیەکی راستەوخۆ وەک بەشێک لە مەرجەکانی خۆ بەدەستەوەدان، دیاری کرابوو. هەرچی ئەو شوێنانە بوون بەزۆر فەتح کران بوونە غەنیمەت بۆ موسڵمانان. دەوڵەت دەستی بەسەر پێنج-یەکی ئەو ناوچانەدا گرت، ئەمە جگە لە زەوی و مووڵکە میرییەکانی پێشوو کە خاوەنەکانیان بەجێیان هێشتبوون، باقییەکەی بەسەر ئەو جەنگاوەرانەی بەشداریی فەتحکردنەکەیان کردبوو دابەش دەکرا، بەخاوەندارێتیی زەوییەکان و دانیشتوانەکانیشیانەوە. لەو رووەوە موسڵمانەکان نەیاندەتوانی شوێنە سەربازییەکان بەجێ بهێڵن تا لە زەوییەکەدا نیشتەجێ ببن و بیکێڵن، لە هەموو بارەکاندا دەبوو خاوەنە ئەسڵییەکانیان لە زێدی خۆیاندا بهێڵرێنەوە. لێرەوە دۆخی هەرێمە فەتحکراوەکان لەڕووی کرداریەوە جیاوازیەکی جەوهەرییان لەگەڵ دۆخی ئەو ناوچانەی خۆویستانە خۆیان بەدەستەوە دابوو نەبوو، تەنیا لەو جیزیەیەدا نەبێت بەسەریاندا سەپێنرابوو، کە قابیل بەوە بوو بەڕەمەکی لە هەر کاتێکدا زیاد بکرێت. هەرچۆن بێت دەوڵەت داهاتی ئەو جیزیەیەی بۆ خۆی هەڵدەگرت و تەنیا بەشێکی جێگیری لێ جیا دەکرایەوە تا بەسەر جەنگاوەرەکان و نەوەکانیاندا دابەش بکرێت. پێشتر ئاماژەمان بەوەدا عومەر هێڵە سەرەکییەکانی ئەم سیستەمەی لە کۆبوونەوەکەی جابیەدا دانا.

کوژرانی عومەر

ساڵی ٦٤٤ عومەر کوژرا، ئەویش لەکاتی گەڕانەوەی لە ئەنجامدانی حەج، کە نەریتی وابوو هەموو ساڵێک ئەنجامی دەدا، لەکاتێکدا بە جۆشێکی گەنجانەوە سەرگەرمی خەباتێکی گەورە بوو لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئیسلامدا . کۆیلەیەکی فارسی بەناوی ئەبولوئلوئە فەیروز -کە لە مەدینە بۆ خزمەتکردنی والیی کووفە موغیرەی کوڕی شوعبەدا کاری دەکرد- هاتە لای خەلیفە و سکاڵای ئەو باجە زۆرەی لەلا کرد کە پێویست بوو بۆ گەورەکەی کۆ بکاتەوە، ئەویش گوێی بۆ نەگرت. هەربۆیە بەیانیی رۆژی پاشتر و کاتێک خەلیفە چوو بۆ مزگەوت تا پێشنوێژیی نوێژی بەیانی بۆ خەڵک بکات، گەنجە فارسەکە بوو خەنجەری لێدا، یەکێکیان کوشندە بوو. لەبەرئەوەی مەرگ لەپڕ یەخەی گرت، عومەر بواری نەبوو هیچ ڕێوشوێنێک سەبارەت بە خیلافەت بگرێتەبەر. ئەبو عوبەیدە -کە نزیکترین کەس بوو لێیەوە پاش ئەبوبەکر- پێش ئەو مردبوو. ناتوانین دڵنیا بین لەوەی ناخۆ عومەر خۆی لەسەر پێخەفی مەرگ ئەو دەستەی شوورایەی دامەزراند کە پاش ئەو مەسەلەکەیان یەکلا کردەوە، یان نا. لە ٢٣ی تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری ساڵی ٦٤٤ مرد.

بۆ گفتوگۆکردن لەسەر هەڵبژاردنی خەلیفەی نوێ هەردوو زاواکەی پێغەمبەر عوسمان و عەلی و سێ لە نزیکترین هاوەڵانی -عەبدولڕەحمان کوڕی عەوف و زوبێری کوڕی عەوام و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص- کۆبوونەوە. تەڵحە کە دەبوو وەک ئەندامی شەشەم بەشداری کۆنگرەکە بکات ئەوکاتە لە مەدینە نەبوو و نەیتوانی لەکاتی خۆیدا بگات. لەو ئەنجوومەنی هەڵبژاردنە لاوازترینیان، عوسمانی کوڕی عەفانی ئومەوی، هاتە هەڵبژاردن. ڕەنگە بنەچە ئەریستۆکراسییەکەی کە قەرەبووی کەمیی توانا کەسییەکانی تەنانەت لەبەرچاوی پێغەمبەریش، کردبووەوە، کاریگەریی یەکلاکەرەوەی لە هەڵبژاردنیدا هەبووبێت. گومان لەوەدا نیە ئەندامانی ئەنجوومەنەکە زیاتر بەئومێدی ئەوە هەڵیانبژاردنیان کە مامەڵە لەگەڵ کردنی ئاسانتر دەبێت. بەڵام ڕۆژگار لەو ڕووەوە ئاڵومێدی کردن، که لەڕاستیدا ئەوەیش بەهۆی خەلیفە خۆیەوە نەبوو، بەڵکو زیاتر بۆ هۆزەکەی دەگەڕایەوە، کە بەتەواوەتی جڵەوی خۆی دابووە دەستی ئەوان. لەڕاستیدا ئومەوییەکان خزمی هۆزەکەی پێغەمبەرن واتە بەنی هاشم، بوون، بەڵام لە سەردەمی بتپەرستیدا pagan period پایەبەرزتر و بەهێزتر بوون. سەرۆکە بەهێزەکەیان ئەبو سوفیان ساڵانێکی زۆر دڵی قورەیش بوو لە بەرهەڵستیکردنی پێغەمبەردا. کاتێک موسڵمانان مەککەیان گرت زۆربەی ئومەوییەکان لە مەدینە جێگیر بوون، کە پێغەمبەر بەچەندین ڕێگە و شێواز هەوڵی بۆ رازیکردن و دڵڕاگرتنیان دەدا. لە سەردەمی ئەبوبەکر

و عومەردا یەزیدی کوڕی ئەبو سوفیان و هەروەها پاش ئەو معاویەی برای، تواناییان بگەنە ئاستێکی بەرز لە دەوڵەتدا. کاتێک خیلافەت کەوتە دەست عوسمان ئومەوییەکان گەیشتنە لوتکە، چونکە سەردەمەکەی سەردەمی خێزان و هۆزەکەی بوو. ئەوە بوو بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی لە مەدینە بۆ مەروانی ئامۆزای بەجێهێشت. هەروەها خزمەکانی کردە حاکمی سەرجەم میرنشینە سەرەکییەکان. لێرەوە هاوەڵە کۆنەکانی پێغەمبەر –کە لەکاتی فەتحەکاندا زۆر دەوڵەمەند بوون و جگە لە موڵکە ئەسڵییەکانیان لە مەککە، موڵکی هاوشێوەیان لە تائیف و زەویی فراوانیشیان هەبوو- دەیانبینی خەریکە پێگە کۆنەکەیان لەسەر دەستی ئەو خێزانە لەدەست دەچێت، کە هەوڵ دەدات دەست بەسەر هەموو شتێکدا بگرێت. سەرەتا هەوڵیان دا خەلیفە لە دەسەلاتی بنەماڵەکەی رزگار بکەن، بەڵام هەوڵەکەیان شکستی هێنا. ئەنجا کەوتنە دژایەتیکردنی خۆی. پاش ماوەیەکی کورت عوسمان لە مەدینەدا بینی جگە لە چەند هاوڕێیەک کەسی لەدەور نەماوە، بەتایبەت پاش ئەوەی عائیشە "دایکی ئیمانداران" بێوەژنە گەنجە سەربەکێشەکەی پێغەمبەر، چووە پاڵ دژبەرەکانی. هەروەها دوژمنانی خەلیفە تواناییان عەرەب لە ویلایەتەکان هەڵبنێن و لە عوسمان هەڵگەڕانەوە.

عوسمان و ئاشوب (فیتنە)

پاش ئەوەی جەنجاڵی ساڵە بەراییەکانی جەنگ بەسەرچوو، جەنگاوەرانی ڕێگەی خودا وردە وردە دەرکیان بەوە دەکرد ئەوان بەپێچەوانەی بەرژەوەندیی خۆیان کاریان کردوە کاتێک ڕێگەیان بەحکومەت دا سەرجەم غەنیمەتە موڵکداری (عەقاری)یەکان بۆ خۆی ببات، چونکە ئەو دۆخە توانای بەخشییە دەوڵەت خۆی لە سوپا سەربەخۆ بکات –کە لە هەموو بارەکاندا بۆ هەموو شتێک قەرزاری ئەوە- پاش ئەوەی بەتەنیا بڕیاری لەسەر ئەو کرێیە دا کە پێویستە بدرێت و وای لێهات بەتەواوی دەیتوانی لە ئاژاوەگێڕان بدات. لەڕاستیدا گیانی بێزاری ناوبەناو لەڕێی هێرشکردنە سەر سندوقی دارایی هەرێمی و تالانکردنیەوە، خۆی پیشان دەدا، بەتایبەت لەڕێی ناڕەزایی دەربڕین دژی ناردنی ماڵە زیادەکان بۆ پایتەخت.

راستە عومەر پێشتر ئەم سیستمەی داهێنا و کەس زاتی نەکرد ڕەتی بکاتەوە و لێی یاخی ببێت، بەڵام عوسمان کەسایەتیی بەهێزی خەلیفەی پێش خۆی نەبوو، بەتایبەت پاش ئەوەی هەوا و ئارەزوو و هەڵەکانی کاربەدەستەکانی لەسەری حسێب کرا، کە بەزۆری خزمەکانی خۆی بوون. هەر هێندەی هەندێ ڕێوشوێنی هەستیاری گرتەبەر، لە هەموو

لایەکەوە رووبەڕووی رەخنەی سووک و نەشیاو بوویەوە. سالّی ٦٥٣ لەکاتی هەلّمەتێکدا بۆ سەر ئەرمینیا ناکۆکی لە خۆیندنەوەکانی قورئان لەنێوان سوپاکانی شام و سوپاکانی عێراقدا دروست بوو. لەبەرئەوەی لەوکاتەدا گرژی لەنێوان دانیشتوانی ئەو دوو هەرێمەدا لەوپەڕی تونديدا بوو، شتێکی ئاسایی بوو ناکۆکی لەسەر ئەوەی کام لە خوێندنەوە قورئانییەکە راستترە، ببێتە هۆی پێکدادانی توند لەنێوان سەربازاندا. بۆ ئەوەی رێگە لە نوێبوونەوەی رووداوەکان بگرێت، خەلیفە بڕیاری دا نوسخەیەکی رەسمیی قورئان پەیڕەو بکرێت. لەڕاستیدا بەشێکی زۆری وەحی بەشێوەی بەش بەش و جیا لەیەکتر تۆمار کرابوو، تەنانەت لە زۆژانی پێغەمبەریشدا. تا لە سەردەمی خیلافەتی عومەردا، زەیدی کوڕی ثابت کە لاوێکی خەلّکی مەدینە بوو و وەحی بۆ پێغەمبەر دەنووسیەوە، لەلایەن خەلیفەوە راسپێردرا هەموو بەشەکانی قورئان کۆ بکاتەوە. بەلّام ئەوە زیاتر کارێکی شەخسی بوو و سیفەتێکی رەسمیی گشتی نیە. کاتێک عومەر مرد ئەو بەشانە کەوتنە لای حەفسەی کچی. پاشان عوسمان ئەم کۆمەلّە یەکەمەی دەست کەوت و زەید و سێ کەسی جێمتمانەی قورەیشی راسپارد جارێکیتر چاویان پێدا بخشێتنەوە. ئەوانیش ئەو ئەرکەی پێیان سپێردرابوو بەوردی ئەنجام دا، بەبەلّگەی ئەوەی کارەکانیان لە هەموو شوێنێک بەبێ بەرهەلّستی، بەڕێز و گەورەیی قبول کرا. لەگەل ئەوەیشدا کووفییەکان ئەوکاتە ئەم کارەیان وەک مادەیەکی چەور سوود لێ بینی بۆ وروژاندنی خەلّک دژی عوسمان. یەکێک لە تووڕەکان عەبدولّای کوڕی مەسعوود بوو، کە لە دێرینترین هاوەلّانی پێغەمبەر بوو و خۆی بە یەکێک لە کەسە جێمتمانە گەورەکان لە قورئاندا دادەنا. باسی لەوە دەکرد ئەو نوسخەیەی عوسمان پەسەندی کردوە دەستکاریکراو و ناتەواوە، هەروەها زەید و هاوەلانی تۆمەتبار کرد بەوەلانانی ئەو ئایەتانەی نەفرەت لە ئومەوییەکان دەکەن و لەگەل دوژمنانی پێغەمبەر باسیان دەکەن.

دژبەرانی خەلیفە لە مەککە، لەسەرووبانەوە عەلی و تەلّحە و زوبێر، توانیان سوود لە بێزاربیە گشتییەکە وەربگرن. لەگەل ئەوەی بەواجبی خۆیان دەبینی بەرگری لە ئیزکراسییەتی راست و دروست بکەن دژی ئیدارەی دنیایی عوسمان، بەلّام نەیانوێرا بەئاشکرا لەدژی کار بکەن، بەلّکو ئەو ئەرکە دزێوەیان بۆ خەلّکی هەرێمەکان بەجێهێشت، کە هێزی ماددیی ئیسلام لەدەستیاندا چڕ بووبوویەوە. سالّی ٦٥٥ گەورەکانی خەلّکی هەرێمەکان رایانگەیاند بواری خەباتی کاریگەر لەپێناو ئیسلامدا ئیستا لە مەدینە فراوانترە تا لە هەرێمە دوورەدەستەکانی ئەودیو سنوور. ئاگرەکە لە کووفە هەلّگیرسا. ئەوە بوو لە حوزەیرانی سالّی ٦٥٥ هێزێکی هەزار کەسی بەسەرۆکایەتیی مالیکی ئەشتەری یەمەنی کە

سەر بەعەلی بوو، رێگەیان لە والیی کووفە، سەعید گرت لەکاتی گەڕانەوەی لە حەج و رێگەیان نەدا بێتە ناو شار. عوسمان پێی وابوو بەئاسانی دەتوانێت جارێکیتر کارەساتەکە لابدات، لەبەرئەوە سەعیدی گۆڕی بە کەسێکیتر کە کووفییەکان پێی رازی بن.

لە میسریش عوسمان سڵی نەکردەوە لە لابردنی فەتحکەری وڵاتەکە عەمری کوڕی عاص و دانانی ئیبن ئەبی رەباح [عەبدوڵا بن سەعد]ی ئامۆزای بەحاکم لە جێگەی لەکاتێکدا ئەمەی دوایی جارێکیان پێغەمبەر خۆێنی حەڵاڵ کرد. لە میسر تووڕەیی لە عوسمان زیادی کرد، هەڵنان تەنیا لەلایەن عەمرەوە نەبوو، بەڵکو محەمەد کوڕی ئەبی حوزەیفەیش چووە پاڵی، کە کوڕی هەڵگیراوەی ئەبوبەکری سدیق و لە لایەنگرە بەجۆشەکانی عەلی بوو. لەکاتێکدا یەکێک لە جەنگە دەریاییە گەورەکان لەسەر کەناری لیقیائی لەنێوان کەشتیگەلی میسری و بیزەنتییەکان لە سەردەمی ئیمپراتۆر قوستەنتینی دووەمدا رووی دەدا، تووڕەکان بەسواری کەشتییەک لە شەڕ کشانەوە گوایە جیهادی راستەقینە ئێستا پشتگوێ خراوە. سالّی دواتر کۆمەڵێک عەرەب کە ژمارەیان دەگەیشتە پێنجسەد پیاو لە میسرەوە کەوتنە رێ بۆ مەدینە، تا لەوێ ئەو جەنگە راستەقینەیە بەرپا بکەن کە خودا دەیەوێت. لە نیسانی سالّی ٦٥٦ گەیشتنە دەروازەی مەدینە، بینییان زۆربەی خەڵکەکە لەگەڵیاندان. عوسمان کە ئەوکاتە گەورەی بەهێزترین ئیمپراتۆرییەت بوو لەسەر زەوی، لە بارەگاکەیدا هیچ چەکێکی نەبوو ئەو خەڵکە تووڕەیەی پێ دوور بخاتەوە، لەبەرئەوە دەبوو دەست بە دانوستان لەگەڵ پێنجسەد شۆڕشگێڕ بکات و توانی قایلیان بکات بەوەی بکشێنەوە و داواکانیان جێبەجێ بکرێن. بەڵام ئومەوییەکان جارێکیتر سەریان دەرهێنایەوە و خەلیفەیان ناچار کرد لە وتاری هەینی پاشتردا بڵێت میسرییەکان بۆیە لە مەدینە گەڕاونەتەوە، چونکە بۆیان دەرکەوتوە هەڵەن. خەڵکی مەدینەیش بەوە زۆر پەست بوون بەشێوەیەک جوێنیان بەعوسمان دا و بەردبارانیان کرد، بەوهۆیەوە لەهۆش خۆی چوو و خەڵک هەڵیانگرت و بردیانە دەرەوەی مزگەوت، کە ئیتر جارێکیتر پێی نەخستەوە ناوی.

مەدینەییەکان لەدەوری ماڵی عوسمان کۆبوونەوە و رەتیان کردەوە شوێنەکە بەجێبێڵن. میسرییەکانیش گەڕانەوە و باسیان لەوە دەکرد نامەیەکی عوسمانیان بۆ والییەکەی، ئیبن ئەبی رەباح دەست کەوتوە، تێیدا فەرمانی پێدەکات ئەو سەرکردانە پاش گەڕانەوەیان تەفروتونا بکات، ئەگەرچی خەلیفە نکوڵی کرد ئاگای لەو نامەیە بێت کە پیشانیان دا. ئەوکاتە شۆڕشگێڕان داوایان لێکرد دەست لەکار بکێشێتەوە مادام دەکرێت شتێکی وا بەبێ زانیاریی ئەو رووبدات، بەڵام عوسمان بەلوتبەرزییەوە رەتی کردەوە ئەو پێشنیازە

بـوێرانەی شۆڕشـگێڕان جێبەجـێ بکـات، ئەوانـیش لە ماڵەکەیـدا گەمارۆیـان دا و کەس بەرگری لێنەکرد ژمـارەیەکی کەم لە خزمەکانی و هەندێ بەندە و مەوالی نەبێت. هەرچی هاندەرانی کـرداری بـوون بـۆ شـۆڕش، عەلـی و تەڵـحە و زوبێر- وایـان بەباش زانـی بـۆ پاراستنی ڕواڵەت خۆیان بەدوور بگرن. هەرچی عائیشەی زۆرزان بوو بەناوی حەجکردن لە مەکە مەدینەی بەجێهێشت، تا پاشتر ڕووداوەکان نەبینێت.

کێشمەکێشـەکە گەیشـتە لـوتکە کاتێـک یەکێـک لەوانەی بەرگـری لە عوسـمان دەکـرد بەردێکـی گـرتە پیاوێـک لە میسـرییەکان و کوشـتی. شۆڕشـگێڕان داوای بەدەسـتەوەدانی بکوژیـان کـرد، بەڵام داواکەیـان ڕەت کـرایەوە، لەبەرئەوە لە زەوییەکـانی تەنیشـتیەوە هەڵیانکوتایە سەر ماڵەکە و خەلیفەیان کوشت لەوکاتەی بەهێمنی قورئـانی دەخوێند، بەبێ ئەوەی بەشداری لە شەڕدا بکات و هەرچی لە ماڵەکەیدا بوو فەرهودیان کرد. ئەوەیش لە ڕۆژی هەینی ١٧ی حوزەیرانی ٦٥٦دا ڕووی دا و خوێنی خەلیفە ڕژا بەسەر ئەو قورئانەدا، کە دەیخوێنـدەوە. ئەو قورئـانە وەک ئەسـەرێکی پیـرۆز شـارایەوە، بەڵام زۆری نەبـرد ژمارەیەک گەنجینەی کتێب بوو بەمشتومڕیان سەبارەت بە خاوەندارێتیی ئەو قورئانە و هەریەکەیـان لافـی ئەوەی لێدەدا ئەوەی لای ئەو ئەسڵییەکەیە. هاوسـەرەکەی عوسـمان – نائیلەی کەلبی کە ئەویش بریندار بوو- بەیارمەتیی هەندێ لە دۆستان تەرمـی خەلیفەی کوژراوی لە تاریکیی شەودا ئەسپەردە کرد، ژمارەیەک لە پەنجە قرتاوەکانی نائیلەیان نـارد بـۆ ئـامۆزای عوسـمان، معـاویە ئەمیـری سـووریا، ئەویـش لەسـەر مینبەر ڕایدەوەشـاند تـا سـوزی خەڵکی بۆ تۆڵەکردنەوەی خەلیفە پێ بوروژێنێت. معـاویە هێزێکی ڕەوانەی مەدینە کردبـوو بـۆ پاڵپشـتیکردنی عوسـمان، بەڵام هێـزەکە لە نیـوەی ڕێگەدا هەواڵـی کـوژرانی عوسمانی پێ گەیشت و گەڕایەوە.

عەلی لە عێراق

عەلـی –زاوای پێغەمـبەر و ئەو پیـاوی ئێسـتا ئیتـر بـوو بە یەکەمـین کەسـایەتی لەنێـو موسڵمانـاندا بەبێ ناکۆکی- تەنانەت لەکاتی گەمارۆکەیشدا پێشنوێژی بـۆ خەڵک دەکرد و ئەمیرێکی بۆ حاجییانیش لە مەکە دیاری کرد. لە هەمان ڕۆژی کوژرانی عوسماندا خەڵک لە مزگەوت بەیعەتیان بە عەلی دا، بەڵام تەڵـحە و زوبێر کە پێدەچوو تـا ئەو سـاتە کـار بـۆ بەرژەوەندیی عەلی بکەن، بەیعەتیـان پێنەدا و بەرپرسـیارێتیی کـوژرانی عوسـمانیان خسـتە ئەستۆی و پاشان چوون بۆ لای عائیشـە لە مەکە. دایکی ئیمانداران هێشتا دوژمنایەتییە کـۆنەکەی بـۆ عەلـی لەدڵـدا هەڵگرتبـوو، هەر هێنـدە زانـی بەیعەتـی قبـوڵ کـردوە داوای لە

ئیمانداران کرد تۆڵەی پیاوە کوژراوەکە بکەنەوە، ئومەوییەکان و خەڵکانێکیتر کە وەک ئەو رقیان لە عەلی بوون بەدەمیەوە چوون. لەسەر قسەی ئیبن عامر بڕیاریان دا پێشڕەوی بکەن بۆ بەسرە کە دەمێک بوو و هێشتایش پەیوەندیی زۆر فراوانی هەبوو. پاش تێپەڕبوونی چوار مانگ بەسەر کوژرانی عوسماندا پیلانگێڕان ، پاش کۆبوونەوەیان لە سەربازگەیەک لەو ڕێگە گشتیەی دەچێت بۆ عێراق، دەرچوون.

بە گەیشتنیان بە بەسرە بەناپاکی والیی شارەکەیان لەناو برد کە پێی باش بوو چاوەڕوانی فەرمان لە عەلی بکات لەوەی بچێتە پاڵیان. کاتێک توانییان دەست بەسەر شارەکەدا بگرن ناکۆکی لەنێوان تەڵحە و زوبێردا دروست بوو لەسەر پێشنوێژیکردن بۆ خەڵک، بەڵام عائیشە بەشێوەیەکی کاتی ئەو ناکۆکییەی چارەسەر کرد، بەوەی عەبدولای کوڕی زوبێری خوشکەزای بۆ ئەو کارە دەستنیشان کرد.

بەڵام عەلی هیچ سوپایەکی لە مەدینە نەبوو، لەبەرئەوە پێویست بوو ئەوێ بەجێبهێڵێت. ئەوە بوو لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٦٥٦ بەیاوەری نزیکەی سەد کەس بەرەو عێراق کەوتە ڕێ، بەئومێدی ئەوەی لە کووفە لایەنگر پەیدا بکات کە پاڵپشتی بکەن، کە دووەم موستەعمەرەی سەربازی بوو لە عێراق و خەڵکەکەی هەر لە یەکەم ساتەوە هەستیان بەهەندێ حەسوودی دەکرد بەرانبەر بەسرە. ماوەیەکی کورت پێش ئەوەی بکەوێتە ڕێ حەسەنی کوڕی نارد تا کار بۆ هێنانەڕیزی جەنگاوەرانی کووفی بۆ لای خۆی بکات. حەسەن لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بوو. لەکاتێکدا عەلی هێشتا لە سەربازگەکەی بوو لە زیقار دوازدە هەزار کووفی لەدەوری کۆبوونەوە، ئەویش بەرەو بەسرە بردنی. دوای شکستی دانوستان لەگەڵ تەڵحە و زوبێر شەڕ هەڵگیرسا. یەکەمیان بەسەختی بریندار بوو و بەهۆیەوە مرد، دووەمیشیان بە دنەدانی ویژدان و پەشیمانی لە مەیدان کرایە دەرەوە و لەکاتی هەڵاتندا کوژرا. شەڕ لەبەردەم ئەو وشترەدا وەستا کە عائیشە سواری بوو و لەسەر پشتیەوە -بەپێی نەریتی دێرینی عەرەب- جەنگاوەرانی هان دەدا. عەلی نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بێنێت تا لە ٤ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٦٥٦دا وشترەکەی کوشت، کە بەهۆی ئەو وشترەوە شەڕەکە ناونراوە شەڕی وشتر (الجمل). عائیشە پێشنیازی بۆ لایەنی سەرکەوتوو کرد کە ئامادەیە پاڵپشتی بکات، بەڵام ئەو ڕەتیکردەوە. عائیشە لە ١٣ی تەممووزی ساڵی ٦٧٨دا لە تەمەنی شەست و شەش ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. لە سەرتاسەری عێراقدا دان بەخیلافەتی عەلیدا نرا، لەبەرئەوە هەر لەوێ مایەوە و کوفەی کردە بارەگای خۆی.

ژیانی نوێ لە مەدینە

بەم شێوەیە رۆڵی سەرکردایەتی لە نیشتمانی عەرەب و بەتایبەت لە مەدینە، گوێزرایەوە بۆ هەرێمەکان، کە دەمێک بوو هێزی ماددی لەوێ چڕ بووبوویەوە. لەڕاستیدا هاوەڵانی پێغەمبەر کە لە مەدینە مابوونەوە هەموو هەژموونی سیاسییان لەدەست دا و گەیشتنە ئەو باوەڕەی خوو بدەنە دیراسەکردنی حەدیس و بەحەماسێکی زۆرەوە لەبارەی سوننەی پێغەمبەر -کە کرابووە سەرمەشق و پێوەر - و دەبوو هەموو تاک و گرووپێک ژیانی بەگوێرەی رێک بخات کەوتنە گفتوگۆکردن. بەڵام عیبادەتە ئاینییەکان خۆیان -وەک لە ژمارەیەک لە نوێژە رۆژانەکاندا دەبینین- نەیانتوانی لە کاریگەریی ژینگە نوێیەکە رزگاریان بێت. هەرچی ئەو تیۆرە سیاسییانەن پیاوانی مەدینە سەبارەت بە سیفەتەکانی خیلافەت دایانڕشتوون، هیچ کاتێک بەتەواوەتی بەدی نەهاتوون.

لە کاروبارە مەدەنیەکانیشدا موسڵمانەکان هەوڵیان دا لەگەڵ هەر مەسەلەیەکدا عورفێ باو بگونجێنن تا لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامدا بگونجێت. دووریش نیە ئەو عورفە باوە کەوتبێتە ژێر کاریگەریی یاسا رۆمانییەکان لە موستەعمەرەکان. دروست یان نادروستیی ئەم شتە زیاتر لەسەر بنەمایەکی ئەخلاقی بڕیاری لێ دەدرا، تا لەسەر بناغەی یاسایی. سوننە هاوەیەکی دوور و درێژ هەر بە زارەکی مایەوە. هەموو ئەوەی لێی دەنووسرایەوە لەدەستی چەند کەسێکدا دەمایەوە. سەدەیەکی تەواو تێپەڕی بەبێ ئەوەی حەدیس یان سوننە بنووسرێتەوە. راستییەکەی مەدینە کە هاوەیەک دەسەڵاتی بەسەر رۆژهەڵاتی نزیکدا کێشابوو، سەرەنجام وای لێهات ببێتە سەنتەری زانست، کە خواناسان لە سەرچاوەکانیەوە هەڵبگۆزن، لەکاتێکدا ئەو ئەریستۆکراسییەتەی زیاتر گرنگی بەدنیا دەدا تا بەکاروبارەکانی ئاخیرەت و خەڵکی هەرێمەکان لە کاروبارەکانی دەوڵەت دووریان خستەوە، لەناو خۆشی و رابواردنەکانی ژیاندا نغرۆ بوون. لە مەککە هاوڵاتییەکی زەنگین یەکەمین هۆڵی یاری و خوێندنەوەی دروست کرد، میوانەکان تێیدا شەترەنج و باقی یاریەکانیتری سەرمێزیان دەکرد، هەروەها کتێبی تێدا بەردەست بوو بۆ میوانان. لە مەدینە ئەحوەصی شاعیر بڕەوی بە شیعری دڵداری دا. یونسی فارسی مۆسیقای گونجاند و ئاوازیتری هێنایە ناوی بەمەبەستی بڕەودان بە خۆشڕیان. بەڵام شوێنەکانی کات بەسەربردن لە مەدینە هەمیشە تا ئەم رادەیە پاک نەبوون. زۆری نەبرد شارەکەی پێغەمبەر ناوبانگێکی فراوانی پەیدا کرد لە پێشوازیکردنی لە باشترین ژنە گۆرانیبێژەکان و دەستەمۆترینیان.

شەڕی صەفین

معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان سەرۆکی تیرەی ئومەوی و والیی سووریا ئەرکی داواکردنی خوێنی عوسمانی گرتە ئەستۆ. بەڵام پێش لەبەدیهێنانی ئەو ئەرکە، دەبوو هەڕێمەکەی خۆی لە مەترسیی بیزەنتی دوور بخاتەوە. بۆ ئەو مەبەستە پێویستی بەوە بوو پێش هەموو شت دەست بەسەر میسردا بگرێت. توانی ئەو والییە بەدیل بگرێت کە عەلی ناردبووی بۆی، بەڵام پێش ئەوەی بەسەر میسردا زاڵ بێت دەبوو حسابی خۆی لەگەڵ عەلی ساف بکات، کە لە خەمی ئەوەدا بوو وەک خەلیفە لە سەرتاسەری ئیمپراتۆرییەتەکەدا دانی پێدا بنرێت. لە بەهاری ساڵی ٦٥٧ عەلی سوپاکانی بەرەو باکووری رۆژئاوا برد و معاویە لەسەر سنووری سووریا لە صەفین بۆ رووبەڕووبوونەوەی دەرچوو، کە دەکەوێتە بەری راستی فورات، لەنێوان رەقەقە و بالس، لەسەر پارچە زەوییەکی بەرتەسکی زۆنگاوی پڕ لە دار و دەوەن کە تەنها یەک رێگەی هاتوچۆی پێدا تێدەپەڕێت.

لانیکەم ماوەی مانگێک بە دانوستانی بێسوود تێپەڕی، پاش ئەوەی عەلی داواکەی معاویەی بۆ بەدەستەوەدانی بکوژانی عوسمان رەت کردەوە. لە مانگی ئایار/مایۆدا هەردوو هێز تێکڕژان و عەلی توانی رێگەی خۆی بەرەو رووبارەکە ببڕێت. لە ١٩ی حوزەیران، مانگی موحەڕەم -کە یەکێکە لە مانگە حەرامەکان- هاتە پێش و هەردوولا لەسەر شەڕوەستانێکی کاتی رێک کەوتن، بەڵام دانوستانەکان لەم مانگەیشدا سەرکەوتوو نەبوون. کاتێک مانگە حەرامەکە کۆتایی هات جارێکیتر شەڕ دەستی پێکردەوە. بۆ ماوەیەک شەڕ لە بەرژەوەندیی هیچ لایەکیان ساغ نەبوویەوە، هەردوولا دڵسارد بوون، چونکە هەردوو سوپا تا رادەیەکی زۆر لە رۆڵەکانی هەمان کۆمەڵە هۆز پێکهاتبوون. ئەگەرچی سوورییەکان مەشقیان لە عێراقییە نارێکخراوەکان باشتر بوو، بەڵام عێراقییەکان بەسەرکردایەتیی مالیکی ئەشتەر، یەکێک لە لایەنگرە بەجۆشەکانی عەلی، توانییان فشار بخەنە سەر رکابەرەکەیان و تەنگاویان بکەن، بەڕادەیەک معاویە بیری لە هەڵاتن کردەوە. لەم کاتەدا حافزانی لەخواترسی قورئان ئەوپەڕی توانایان لای هەردوولا خستەکار بۆ هێنانەکایەی ئاشتی. گێڕانەوەکان باس لەوە دەکەن لەم ساتە هەستیارەدا سەرکردەی زۆرزان عەمری کوڕی عاص فەتحکەری میسر و ئەمیری پێشووی ئەو وڵاتە، پێشنیازی بۆ معاویە کردوە هێزی نوێ بنێرێت و قورئانەکان بەسەر رمەکانیانەوە بەرز بکەنەوە وەک ئاماژە بەوەی ئەوان وشەی خوا (قورئان) دەکەن بە داوەر نەک وشەی شمشێر،

ئەوەی کێ لەو دوو پیاوە (عەلی و معاویە) ببێتە گەورەی موسڵمانان. ئەگەرچی رەنگە ئەم ڕووداوە وەهمی بێت، بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نیە ئەوەیە خەڵکی عێراق عەلییان ناچار کرد -کە پێی وابوو سەرکەوتنی مسۆگەرە- تا شەڕ بوەستێنێت و جارێکیتر دەست بە دانوستان لەگەڵ معاویە بکاتەوە. پاشان هەردوولا ڕێک کەوتن لەسەر دیاریکردنی دوو ناوبژیوان، ئەوانیش عەمری کوڕی عاص بەنوێنەری معاویە و ئەبو موسای ئەشعەری بەنوێنەری عەلی بوون، تا لەسەر بناغەی قورئان داوەری لەنێوان هەردوو لایەنی دژبەردا بکەن. دەبوو لە مانگی ڕەمەزاندا کۆببنەوە، لە شوێنێکدا دەکەوێتە نێوان سووریا و عێراق.

هەردوو پیاو لە ئەزروح ، لەنێوان معان و سەنع لە ئەدومی کۆن [شووڕات لای عەرەب] کۆبوونەوە، هەریەک لە دوو ناوبژیوانەکەیش دەست و پێوەندێکیان لەدەور بوو کە نزیکەی چوارسەد پیاو دەبوون. هەروەها ژمارەیەک لە هاوەڵانی دیاری پێغەمبەر ئامادەی دانوستانەکە بوون. لەو ڕووەوە کۆبوونەوەکە پێش بەستنی ئامانجێکی دیاریکراوی نەبوو ئەوا هەردوولا ناکۆک بوون و هەریەک بۆ ئامانجێکی جیا دەکۆشان. عێراقییەکان چاوەڕوان بوون داننانی ڕەسمی بە خیلافەتی عەلیدا بەدەست بێنن، لەکاتێکدا معاویە داوای دەکرد لەوە بکۆڵرێتەوە ئاخۆ بەرپرسیارێتیی عەلی لە کوشتنی عوسماندا وای لێدەکات بۆ حوکمڕانی شیاو نەبێت. بەڵام نوێنەرەکەی وای دادەنا هەریەک لە عەلی و معاویە داوای تەخت دەکەن و بەهەندێ پێشنیازی سەرکەوتوو توانی دژبەرەکەی قایل بکات بە دامالێنی هەردوو پیاوەکە پێکەوە لە دەسەڵات. عەلیش نەیدەتوانی بەو حوکمە ڕازی بێت و خۆی بەناچار دەبینی سوێندەکەی بشکێنێت. جا کاتێک عەلی بەم کارەی خۆی خستە هەڵەوە، ئەوا سەربازانی معاویە لەوکاتەوە نازناوی خەلیفەیان لە معاویەی کوڕی ئەبوسوفیان نا.

خەواریج

زۆری نەبرد پێگەی عەلی لە عێراق تا ڕادەیەکی زۆر لەرزەی پێکەوت. ڕاستییەکەی ئەو هێشتا لەڕێی گەڕانەوەیدا بوو لە صەفین کاتێک کۆمەڵێک لە سوپاکەی کە زۆربەیان لە بەنی تەمیم بوون، بەتوندی سەرکۆنەیان کرد لەسەر ڕازیبوونی بەبڕیاری دەستەیەکی داوەری لە مرۆڤ. ڕایان وابوو حوکم تەنیا بۆ خودایە، لەبەرئەوە لە عەلی جیا بوونەوە و کشانەوە بۆ گوندی حەرورا، کە زۆر دوور نەبوو لە کووفە و یەکێک لە خۆیان بەناوی عەبدوڵا ئەلڕاسبی بەخەلیفەیان هەڵبژارد. تا کاتێک بڕیاری دەستەی داوەری (التحکیم) لە

کووفه بڵاو بوبەوە ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانی عەلی شاریان بەجێهێشت وەک کۆچکەر یان دەرچوو (خوارج)[٢٦] و چوونە پاڵ شوێنکەوتووانی ئەلڕاسبی لە حەرورا. سەرگەورەکەیان سەربازگەیەکی لەسەر رێگەی فارس دامەزراندبوو کە دوور نەبوو لەو شوێنەی پاشتر بەغدای لەسەر دروست کرا لەتەنیشت نۆکەندی نەهرەوان لای رێڕگەکەی لە دیجلە. لەوێ عەلی لە ١٧ی تەممووزی ساڵی ٦٥٨ هێرشی کردە سەر شۆڕشگێڕان و خراپ شکاندنی، بەڵام نەیتوانی گرووپەکە ریشەکێش بکات.

کوژرانی عەلی

لە هەمان کاتدا معاویە کەوتە خۆ ئامادەکردن بۆ سەرلەنوێ گرتنەوەی میسر پاش ئەوەی هێرشەکەی عەلی بۆ ماوەیەک لە بەدیهێنانی ئەو پرۆژەیەی دوور خستەوە. ئەمیری نوێی میسر هەوڵی دا بەرپەرچی سوپاکانی معاویە بداتەوە لەکاتی پێشڕەویکردنیان بۆ دۆڵی نیل لە تەممووزی ساڵی ٦٥٨، بەڵام لە هەوڵەکەیدا شکستی هێنا. پاشان معاویە تەواوکردنی گرتنەکەی بە عەمری کوڕی عاص سپارد. هەروەها لە هەمان ساڵدا خۆی لە هێرشێکی بیزەنتی پاراست، بەوەی ئاگربەستێکی لەگەڵ ئیمپراتۆر قوستەنتینی دووەم بەست، لەبەرانبەر ئەوەی سەرانەیەکی ساڵانەی بداتێ. لە کۆتایی ئایاری ساڵی ٦٦٠ معاویە لە شاری قودس بەڕەسمی وەک خەلیفە بەیعەتی پێدرا. لەبەرئەوەی سوپاکانی بەبێ پچڕان لە هێرشکردنە سەر عێراق بەردەوام بوون، عەلی ناچار بوو خۆی بۆ هەڵمەتێک بەرەو سووریا ئامادە بکات، بەڵام پێش لەوەی شەڕەکە دژی خەڵکی شام دەست پێ بکات لە ٢٤ی کانوونی دووەمی ساڵی ٦٦١ لە مزگەوتی کووفە کوژرا. کوشتنەکەیشی تۆڵەکردنەوەی خەڵکی نەهرەوان بوو، ئافرەتێک بەناوی قەتام خۆشەویستەکەی بەناوی ئیبن مولجەم هەڵنا بۆ کوشتنی و خوێنی عەلی کرد بە ماڕەییەکەی.

---

[٢٦] ئەم ناوە پاشتر بەهەندێ گرووپیترەوە نرا کە دژی حکومەتی ئارا راپەڕیبوون، هەروەها لە فیرقەی جیاواز کە خاڵی هاوبەشیان تەنها بۆچوونی پەرگیرانەیە لەبارەی خیلافەت (کە دەڵێت خەلیفە ئەوەیە جەماعەت هەڵیدەبژێرن با کۆیلەیەکی رەشیش بێت). هێشتا پاشماوەیان لە عومان و هەروەها لە تەرابلوسی غەرب دەژین. بڕوانە:

J. Wellhausen, Die religios-politischen Oppositionsparteien im altea Islam, Abbandlungen d. Ges.d. Wiss Zu Gottingen, N.F., V 2, Berlin, 1901.

ئومەوییەکان

معاویه[٢٧] پێش کۆڕانی عەلی بەرەو عێراق کەوتبووە ڕێ و جەزیرە (میزۆپۆتامیا)ی بڕیبوو. سەرەتا حەسەنی کوڕی جێگەی عەلی گرتەوە، بەڵام حەسەن پیاوی ڕۆژەکە نەبوو و قایل نەبوو سەرکردایەتیی سەربازەکانی بکات و هێرش ببات. دانوستانکردن لەگەڵ معاویەی پێ باش بوو و دەستبەرداری مافی خۆی لە خیلافەتدا بوو بۆ معاویە بەو مەرجەی ئەو پێنج ملیۆن درهەمەی بدرێتێ کە لە مالخانە (بیت المال)دا بوو لە کووفە. هەروەها عەبدوڵا بن عەباس باپیرەی بنەماڵەی عەباسی، کە پاشتر تەختی خیلافەتیان گرتە دەست، پێش لەوە دەستی بەسەر هەرچی لە مالخانەی بەسرەدا هەبوو گرت و چووە پاڵ معاویە.

معاویە ئەرکێکی قورسی خستە ئەستۆی والییەکانێ لە کووفە و بەسرە، ئەویش چەسپاندنی دەسەڵاتی بوو لەنێو عێراقییەکاندا کە بەردەوام بەیداخی شۆڕش و یاخیبوونیان بەرز کردۆتەوە. موغیرەی کوڕی شوعبەی کردە والیی کووفە، کە پیاوێکی هەلخواز و بێ ویژدان و سەرەڕۆ بوو، لە گەنجێتیدا بەهۆی تاوانێکی کوشتنەوە ناچار بووبوو زێدی خۆی، تائیف، بەجێ بهێڵێت، تا ساڵی ٦٢٩ چووە لای محەمەد لە مەدینە. پاشان بەفەرمانی پێغەمبەر بتەکانی شارەکەی شکاند و تەقوایەکی وای لەخۆی پیشان دا خستیە ریزی ئەریستۆکراسییەتە ئیسلامییە نوێیەکە. لەکاتی جەنگەکان دژی ئیمپراتۆرییەتی ساسانیدا، بەهۆی ئەوەی زمانی فارسی دەزانی، چەندین چالاکیی دیپلۆماسی ئەنجام دا. لەبەرئەوە عومەر پاداشتی کرد و کردی بە والیی بەحرێن، تا پاشتر کارێکی مەترسیدارتری پێ بسپێرێت، ئەویش کردنی بوو بە والیی بەسرە. ساڵی ٦٣٨ بەهۆی بەهۆی بەدئاکارییەوە لە پۆستەکەی لادرا، بەڵام زۆری نەبرد بەهۆی جەنگی ناوخۆوە، کە ژیری و دانایی تێدا نواند ئەستێرەی درەوشایەوە. کاتێک بوو بە والیی کووفە هەوڵی دا زرنگانە نێوانی خەواریج و شوێنکەوتوانی عەلی، واتە شیعە، تێکبدات، بەوە توانی کووفییەکان لە بەرهەڵستیکردنێکی کاریگەری ئومەوییەکان سەرقاڵ بکات، ئەگەرچی رقی خۆیان لە خەڵکی شام نەدەشاردەوە.

ئەمیری بەسرەیش لە ڕۆڵەکانی تائیف بوو، بەڵام لە بنەچەیەکی نارۆشن. خەڵک تەنیا ناوی دایکیان بیستبوو، سومەییە، کە سەبیکراو بوو، لەبەرئەوە بەناوی زیادی کوڕی

---

[٢٧] بڕوانە: H. Lammens, Etude sur le regna du calife Omaiyada Moawiya Im Melanges de la Faculte Orientale de Beyrouth, 1906.

باوکی (زیاد ابن ابیه) ناو دەبرا. زیاد[٢٨] سەرەتا وەک نووسەر لە سوپای بەسرەدا دەستی پێکرد، پاشان عەلی ناردی بۆ ولاتی فارس و بە سیاسەتی دانایانەی توانی بەبێ پەنابردن بۆ توندوتیژی لایەندی (ولاء)ی فارس بەدەست بێنێت، لەبەرئەوە سەربەخۆ لە معاویە هێشتیەوە تا سالی ٦٦٢، کاتێک هاولاتییەکەی، موغیرە، لەبارەیەوە کەوتە دانوستان لەگەڵ معاویە. معاویەیش هێنای بۆ دیمەشق و وەک کوڕی ناشەرعیی ئەبو سوفیانی باوکی دانی پێدانا. لەوکاتەوە زیاد لەخۆبوردوانە لە خزمەتی بنەماڵەی ئومەویدا بوو، معاویە کردی بە والیی بەسرە، ئەویش بەگوتارێکی سەرپێیی حوکمی خۆی تێدا دەست پێکرد، کە لە ئەدەبی عەرەبیدا ناوبانگی پەیدا کرد. تێیدا راشکاوانە وتی، هەرکەس لە کووفییەکان بەخەیاڵیدا بێت لە دەسەڵات دەربچێت تونددترین سزای دەدات. لەڕاستیدا تونددییە ئاسنینەکەی توانی هەیبەتی دەوڵەت لەدڵی خەڵکدا بچەسپێنێت، کە پێشتر بەهۆی کێشبەی نێوان هۆزەکانەوە هەیبەتی نەمابوو. پاش ماوەیەکی کورت شارەکە و جەرگەی بیابان خۆیشی، ئاسایشێکیان بەخۆوە بینی پێشتر شتی وایان بەخۆوە نەدیبوو. تا کاتێک موغیرە سالی ٦٧٠ مرد، زیاد بوو بە والیی بەسرە و کووفەیش پێکەوە.

بەهۆی سستی و لاوازیی والیی پێش خۆیەوە شوێنکەوتوانی عەلی دەستیان دایە شۆڕشێکی چەکداری، ئەوەیش دەرفەتێکی لەبار بۆ زیاد هاتە پێش تا جارێکیتر و بۆ هەتاهەتایە حسابات لەگەڵ عەلەوییەکاندا ساف بکات. پاش ئەوەی زیاد بەبێ کۆششێکی گەورە ئەو شۆڕشەی کپ کردەوە، رێکخراوەکانی پێشووی جەنگاوەرانی هۆزەکانی هەڵوەشاندەوە و لە چوارچێوەی چوار گرووپدا رێکیخستنەوە، کە هەریەکەیان پیاوێکی سەر بە بنەماڵەی ئومەوی سەرۆکایەتی دەکرد. پاشان کووفییەکان -کە شیعەترینی شۆڕشگێڕەکان بوون- و خێزانەکانیان و ژمارەیەکی زۆر دەوارنشینی -ژمارەیان دەگەیشتە ٥٠ هەزار کەس- لە خوراسان نیشتەجێ کرد، کە هەرێمێکی رۆژهەڵاتیی فارس بوو. زیاد لە بەسرەوە سەربەخۆ حوکمی نزیکەی تەواوی نیوەی رۆژهەڵاتی ئیمپراتۆرییەتەکەی دەکرد کە لەوێوە فەتح کرابوو، لەکاتێکدا معاویە تەرکیزی لەسەر رۆژئاوا بوو. لەڕاستیدا معاویە متمانەیەکی زۆر گەورەی پێی هەبوو.

سووریا لە سایەی معاویەدا

بەبوونی معاویە بەخەلیفە سووریا بوو بە بنکەی دەوڵەت. ئەگەر لە عێراق بەشی هەرەزۆری دانیشتوانە عەرەبەکەی لەئەنجامی جەنگەکانی فەتحەوە لە بیابانەوە چوون بۆ نیشتمانە نوێکانیان، ئەوا زۆربەی سوورییە عەرەبەکان چەندین سەدە بوو لەو ولاتە

---

[٢٨] بڕوانە: H.Lammens, Ziyad ibn Abihi, viceroy de I, Iraq, lietenant de Moawiya, Rivista degli studi orientali IV, 1-45, 199-236, 632-693. Etudes sur le siècle des Omayyades, Beyrouth, 1930, 27-162.

دەژیان. لەو ڕووەوە ئەو سووڕییانە ماوەیەکی زۆر نزیکی کەنیسەی مەسیحی و ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی بوون، لەسەر ملکەچکردن بۆ ئەو سیستەمەی بوونی دەوڵەت دەیخوازێت ڕاهاتبوون. معاویەیان -کە بارەگای حوکمڕانییەکەی لە دیمەشق دامەزراند- بە میراتگری شەرعیی ئەمیرە کۆنەکانیان لە ئال جفنە دادەنا. ژنەکەی خاتوونێکی ئەریستۆکراتی بوو لە هۆزی کەلبی یەمانی، کە بەهێزترین هۆزی سووریایە، بەوە معاویە پاڵپشتیی خزمەکانی بۆ یەزیدی کوڕی، میراتگری تەخت، مسۆگەر کرد. نەک هەر ئەوە، بگرە معاویە لەڕێی دیاری و بەخشینی سەخاوەتمەندانەوە توانی دژبەرە هاشمییەکانی پێشووی لە خۆی نزیک بکاتەوە. بەڵام بەوریاییەکی زۆرەوە مامەڵەی لەگەڵ خزمە ئومەوییەکانی دەکرد، تا ڕێگە بگرێت لەوەی ببنە مەترسی لەسەر خۆی یان کوڕەکەی. هەمیشە دەیتوانی سوود لە کاریگەریی شاعیرانی سەردەمەکەی لەسەر ڕای گشتی بۆ بەرژەوەندی بنەماڵەکەی وەربگرێت. عەرەب لەگەڵ دانیشتوانە مەسیحییە بەئەسڵ ئارامییەکان کە لە دێرزەمانەوە ناسیبوونیان، کۆک و تەبا بوون، چونکە عەرەبەکان لێرە بەو شێوەیەی لە عێراق هەبوو لە ئۆردوگای تازە دروستکراودا نەدەژیان، بەڵکو لە شارە گەورەکاندا نیشتەجێ بوون و بەڕادەیەک تێکەڵی مەسیحییەکان بووبوون، زۆر جار لەڕێر یەک بنمیچ لەگەڵیاندا فەرزە ئاینییەکانیان ئەنجام دەدا. لە کۆشکی معاویەدا سەرجۆنی کۆڕی مەنسووری نەسرانی ڕۆڵی ڕاوێژکاری دەسترۆیشتووی دارایی دەبینی. مەسیحییەکانیش ئەم لێبوردەییەی معاویە و بنەماڵەکەیان پاراست و دڵسۆز بوون بۆیان و ڕێزیان دەگرتن، هێشتا ئەمەمان لەناو گێرانەوە مەسیحییەکان و تەنانەت لە کتێبە مێژووییەکانی ئیسپانیادا بەرچاو دەکەوێت. ڕاستییەکەی معاویە وەک تاکڕەوێکی ڕۆژهەڵاتی حوکمی عەرەبی نەکرد، بەڵکو وەک گەورەیەک لە گەورەکانی هۆزە کۆنەکان حوکمی کرد. نەریتی وابوو پاش نوێژی هەینی لە مزگەوت لەگەڵ سەرگەورە و پیاوماقوولانی قەوم کۆدەبوویەوە و لەسەر مینبەر وتوێژی لەگەڵدا دەکردن، کە بەلای ئەوەوە زیاتر سەکۆی بڕیاردان بوو لەسەر کاروباری جیاواز جیاوازی سیاسی، تا ئەوەی کورسیی ئامۆژگاریکردن بێت. بەردەوام ئەم جۆرە کۆڕ و کۆبوونەوانەی لە کۆشکەکەیدا ساز دەکرد. زۆر جار پێشوازیی شاندی هەرێمەکانی دەکرد، گوێی بۆ سکالاکانیان دەگرت و نێوانی هۆزە ناکۆکەکانی چاک دەکرد. ئەم جۆرە کارانە هەمیشە پیشاندەری سیمای سەرەکیی کەسایەتیی ئەو بوون، واتە ئارامی و نەرمی و دان بەخۆداگرتن کە بە ئاکارێکی سەرەکیی براگەورە (سەید) دادەنرا، بەهۆی دەگمەنییان لای عەرەب. معاویە سەرلەنوێ دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر ئەو بناغانەی عومەر دایناِن و لەکاتی جەنگی ناوخۆدا لەبەریەک هەڵوەشان دامەزراندەوە، بەوەی وەک پێشینە مەزنەکەی، گەڕایەوە بۆ سیستەمی بەڕێوەبردنی هیلینی-ڕۆمانی کە بەدرێژایی نەوەکان گونجاوی سەلماوە. لە کاروباری

داراییشدا چاوی به باجەکاندا خشاندەوە کە تا ئەوکاتە هەرێمەکان provinces بەزۆر و بەدوودڵی نەبووایە نەیانداوە بە گەنجینەی ناوەندی. بەیەردەوامی کۆکردنەوەی ڕێکدەخست، هەروەها خڵکی هەرێمەکانی لە بەشێک لەو سەرانە گەورەیە بەخشی کە دەسەڵاتدارانی پێشوو ڕێگەیان بە شوێنکەوتەکانیان دابوو لە خەڵکی بسێنن. بەک هەر ئەوە، بگرە معاویە بایەخی بەکاروباری حیجاز دا کە لە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆوە پشتگوێ خرابوو، بەوەی لەڕێی پرۆژەی بەرفراوانەوە کشتوکاڵی بەهێز کرد بەمەبەستی باشکردنی شێوازەکانی کشتوکاڵکردن.

شەڕ دژی بیزەنتییەکان

معاویە هەمیشە جەنگ دژی بیزەنتییەکانی بە گرنگترین و مەترسیدارترین ئەرکەکانی سەرشانی دادەنا[٢٩]. خەبات دژی بیزەنتییەکانی لەو کاتەوە دەست پێکرد کە والی بوو لە سەردەمی عومەردا، کاتێک بینی شارە فینیقییە کەنارییەکان هێشتا لەدەستی بیزەنتییەکاندان. لەڕاستیدا نەیتوانی بەتەواوی لە دەستیان دەربانبێنێت تا پاش دووەم هەوڵدانی لە سەردەمی خیلافەتی عوسماندا. بۆ ئەوەی لەو کارەی خۆی بۆ تەرخان کردبوو سەرکەوتن مسۆگەر بکات، دەبوو لە دەریایشەوە شەڕ لەگەڵ دژبەرەکانیدا بکات. عومەر بەرهەڵستیی ئەم سەرکێشیکردنەی دەکرد. لەبەرئەوە معاویە نەیتوانی عەرەبەکان بەرەو ئەو مەیدانە ببات کە پێشتر نەیاناسیبوو و زۆری نەبرد پێی ئاشنا بوون، تا پاش ئەوەی عوسمان کاروباری خەڵکی گرتە دەست. ساڵی ٦٤٩ معاویە هێرشی کردە سەر قوبرس، تەنیا شەش ساڵ پاش ئەوە کەشتیگەلی دەریایی بۆ هێرشکردنە سەر قوستەنتینیە خۆی ئامادە دەکرد. ئیمپراتۆر قوستەنتینی دووەم نەوەی هیرەقڵ بەپەلە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خۆی گەیاندە لیقیائی، بەڵام کەشتیگەلە عەرەبییەکە بەسەختی شکاندی. سەرباری ئەم سەرکەوتنەیش عەرەبەکان نەیانتوانی بگەنە ئامانجەکەیان، چونکە معاویە کە لە هەمان کاتدا لە وشکانیشەوە پێشەنگیی سوپاکانی دەکرد، نەیتوانی لە پێشڕەویکرنەکەیدا سنووری قیساریە لە کەبدوکیە تێپەڕێنێت، دەبوو سازش لەپێناو ئاشتی لەگەڵ بیزەنتە بکات تا بچێت بەدەم شەڕی عەلیەوە، تا کاتێک سەرلەنوێ ئیمپراتۆرییەتەکەی یەکخستەوە، لەڕێی پەلاماری هاوینانەوە کە ساڵانە دەیکردە سەر ئاسیای بچووک، دەستی بەشەڕ دژی بیزەنتییەکان کردەوە. سوپاکانی دوو جار گەیشتنە دەروازەکانی پایتەختی بیزەنتی، بەڵام ئیمپراتۆرییەتی بیزەنتی بەهۆی بالادەستی لە شارستانێتیدا، توانی بەرپەرچی ئەو هێرشانە بداتەوە. ساڵی ٦٦٧ ژەنەرالێکی یاخیبوو لە

---

[٢٩] بڕوانە: J. Wellhausen, Die Kampfe der Araber mit den Rhomaen in der Zeit der Umaijaden, Nachr. D. Ges. D. Wiss, Gottingen, 1901, p.91 ff.

ئەرمینیا داوای لە عەرەبەکان کرد بچنە ناوی، بەڵام هەر هێندەی گەیشتنە مەڵەتیە، ئیمپراتۆر ئاگری شۆڕشەکەی کپ کردەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا لە پێشڕەویکردنیان بەردەوام بوون تا خەلکیدون. ئەوکاتە معاویە یەزیدی کوڕی گەیاند بە هێزە شەڕکەرەکان، کە تا ئەوکاتە لە ژیانێکی گاڵتە و گەپ و رابواردندا دەژیا. پاش ئەوەی عەرەب بەدرێژایی زستان لە خەلکیدون خۆیانیان گرت، بەهار تا بیزەنتە خۆی چوونە پێش، بەڵام لەگەڵ هاتنی هاویندا ناچار بوون گەمارۆی لەسەر هەڵبگرن و پاشەوپاش گەڕانەوە شام (سووریا). ساڵی ٦٧٤ معاویە هەڵمەتێکیتری بەهێزی ئەنجام دا بەمەبەستی خۆگەیاندنە ناو دڵی دەوڵەتە مەسیحییەکە، بۆ ئەو مەبەستەیش کەشتیگەلێکی گەورەی خستە ڕێ، کە زۆری نەبرد توانی "دورگەی ئەرواد" لە بەری باشووری دەریای مەڕمەڕا بگرێت. لەوێ بەدرێژایی حەوت ساڵ پایتەختی بیزەنتی بێزار دەکرد، بەڵام دەرەقەتی قەڵا قایمەکان و ئاگرە ئیغریقییەکەی نەدەهات، سەرەنجام معاویە لەم تێکۆشانە نەزۆکە بێئومێد بوو و لەگەڵ بیزەنتە سوڵحی کرد.

فەتحکردنی باکووری ئەفریقیا

عەرەبەکان لە گۆڕەپانێکیتردا سەرکەوتنی بەردەوامیان بەسەر مەسیحییەکاندا تۆمار دەکرد، ئەویش ئەفریقیا بوو[٣٠]. بەهاتنی ساڵی ٦٤٧ ئیبن ئەبی سەرح والیی میسر کە لەلایەن عوسمانەوە دانرابوو، فەتحکردنی تەرابلوسی غەربی تەواو کرد، بەڵام ئەوکاتە بەوەندە وازی هێنا جیزیەی بەسەر خەڵکەکەیدا سەپاند. ساڵی ٦٦٧ ئیبن حودەیج والیی دانراو لەلایەن معاویەوە دەستی بەجەنگ دژی مەسیحییەکان لە ڕۆژئاوا کرد و لە یەکەم شەڕیدا پێشڕەوییەکی زۆری کرد تا گەیشتە دەوروبەری سەقڵیە، بەڵام دامەزرێنەری ڕاستەقینەی حوکمی عەرەبی لە ئەفریقیای باکوور عوقبەی کوڕی نافیعە، پوورزای عەمری فەتیحی میسر. ئەوە بوو عوقبە بەرقەی فەتح کرد پاش ئەوەی بەسوپاکانیەوە لە میسرەوە دای بەسەریدا. ساڵی ٦٧٠ بەیارمەتیی بەربەر توانی بەیەکجاری بەسەر حوکمی مەسیحی لە باکووری ئەفریقیادا زاڵ بێت. پاشان لەکار لادرا دوای ئەوەی ئۆردوگایەکی سەربازی لە قەیرەوان دامەزراند. بەڵام جێنشینی معاویە [یەزیدی کوڕی] ساڵی ٦٨٢ گێڕایەوە بۆ سەر کارەکەی، لەبەرئەوە هەڵمەتێکی نوێی بەرەو ڕۆژئاوا دەست پێکردەوە. بەردەوام

---

[٣٠] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- M. Cuadel, Les premieres invasions des Arabs dans L, Africa du Nord, Journal asiatique, 1900, serie IX t. 3, 14.
- Ch. Torrey, The Muhammadan Conquest of Egypt and North Africa, publications in Smitic philology of the University of Yale, 1901, 279-300.
- C. H. Becker, "The Expansion of the Saracens" in Cambridge Medieval History, II, 329-390 (1912).

پێشڕەوی دەکرد تا –وەک پێدەچێت– گەیشتە ئۆقیانووس. ئەگەرچی بەسوپاکانیەوە ناوچەی هۆزە بەربەرەکانی تێپەڕاند تا گەیشتە ئەتڵەسی ناوەڕاست، بەڵام بەربەر بەتەواوەتی بۆی ملکەچ نەبوون. ئەوە بوو سەرگەورەکەیان کوسەیلە (کە عوقبە بەدیل گرتبووی) هەڵات و بەڕێکەوتن لەگەڵ ئەو لەشکرگە (الحامیة) بیزەنتییانەی لە وڵاتەکەدا مابوون، بەرەنگاریکردن دژی عەرەبەکانی ڕێکخست. دوای ئەوە عوقبە سوپاکەی بەبێ هیچ حەزەر وەرگرتنێک دابەش کرد و بەسەرکردایەتی مەفرەزەیەکی بچووک بەرەو چیاکانی ئوراس کەوتە ڕێ. ساڵی ٦٨٣ بەربەرەکان لە تاهوودا لە قەراغی بیابانی گەورە خستیانە بۆسەوە و خۆی و سەرجەم برادەرەکانی کوژران. ئەو مزگەوتەی ئێستک و پروسکەکەی لێیە لە ناوچەکەدا و بەناوی ئەوەوەیە، سیدی عوقبە، لە باشووری بیسکەرە، کۆنترین ئاسەواری تەلارسازیی ئیسلامییە لە ئەفریقیا و بۆ ئەوکاتە دەگەڕێتەوە تێیدا تەلارسازی هێشتا سادە و سەرەتایی بووە.

یەزیدی یەکەم- کەربەلا

معاویە لە ١٨ی نیسانی ساڵی ٦٨٠ کۆچی دوایی کرد و یەزیدی کوڕی جێگەی گرتەوە[٣١] . معاویە لە ژیانی خۆیدا بەیعەتی بۆ وەرگرتبوو. سەرانی ئەریستۆکراسیی ئیسلامی –حسێن کوڕی دووەمی عەلی، عەبدوڵای کوڕی عومەر و عەبدوڵای کوڕی زوبێر– بەیعەتیان نەدا. کاتێک پاش مردنی معاویە جارێکیتر خرایەوە بەردەمیان، تەنیا کوڕی عومەر بەیعەتی دا، حسێن و کوڕی زوبێریش بۆ خۆ ڕزگارکردن لە دەستی والیی مەدینە کە لەلایەن یەزیدەوە ڕاسپێرابوو بۆ وەرگرتنی بەیعەت لێیان، ڕوویان کردە مەککە. خەڵکی کووفە پێداگرییان لەسەر حسێن کرد بچێت بۆ لایان تا بەیعەتی بدەنێ، حسێنیش بەدەم ئەو هەڵنانەوە چوو، بەڵام لە عێراق ئەو پشتگیرییەی لێنەکرا چاوەڕوانی دەکرد. پێش بەجێهێشتنی مەککە، موسلیمی کوڕی عەقیلی ئامۆزای ناردبوو تا لەوێ ڕێگەی کارکردنی بۆ خۆش بکات، کاربەدەستەکەی یەزید عوبەیدوڵا کوڕی زیاد گرتی و کوشتی. لەکاتێکدا حسێن بەڕێگەوە بوو بۆ کووفە بەرەتای سوپاکەی عوبێدوڵا ڕێگەیان پێ گرت. کاتێک رازی نەبوو لەکوێوە هاتووە بگەڕێتەوە بۆ ئەوێ، تا کەربەلا لە ڕۆژئاوای فورات یاوەرییان کرد لە دووریی نزیکەی شەست و دوو میل لە باشووری ڕۆژئاوای بەغدا لای بیابانەوە. پاشان لەوێ گەمارۆیان دا بەئومێدی ئەوەی ناچاری بکەن لەتینواندا خۆی بەدەستەوە بدات. لە دەیەمی مانگی موحەڕەمی ساڵی ٦١ کۆچی، بەرانبەر دەیەمی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ساڵی ٦٨٠ زاینی، فەرماندەی سوپای یەزید، عومەری کوڕی سەعدی

---

[٣١] بڕوانە: H. Lammens, Le califat de Jesid I, Melanges de la Faculte Orientale de Beyrouth, IV, 233-312.

کوڕی ئەبی وەقاسی هاوەڵی پێغەمبەری خوا و سەرکردەی سەربازیی دیار، بۆ دواییین جار ئاگەداری کردەوە. ئەگەرچی حسێن نەیدەتوانی چاوەڕوانی پاڵپشتی زیاتر لە لایەنگرە کووفییەکانی بکات کە کوشتنی موسلیم تۆقاندبوونی، بەڵام زیادەڕەوی کرد لە هەڵسەنگاندنی ئەو پاڕێزبەندی (حصانە)یەی وەک نەوەی پێغەمبەر هەیبوو و ئامادە نەبوو خۆی رادەستی عومەری کوڕی سەعد بکات. سەرەنجام شەڕ هەڵگیرسا و زۆری نەبرد تەرمی حسێن کەوتە سەر زەویی گۆڕەپان. پاشان کەللە سەرەکەیان برد بۆ لای یەزید، ئەویش بەو ئەنجامە، کە چاوەڕوانی نەدەکرد، زۆر خەمبار بوو و فەرمانی کرد بەگێڕانەوە و ڕێزگرتنی ئەو عەلەوییانەی لە قەسابخانەکە رزگاریان بوو. راستییەکەی ئەو مردنە شەهیدانەیەی حسێن، کە هیچ کاریگەریەکی سیاسی نەبوو، پەرەسەندنی ئایینیی شیعەی، حزبی عەلی، خێرا کرد، کە پاشتر بوو بە بازنەی کۆبوونەوەی سەرجەم مەیلە دژە عەرەبییەکان. ئەمڕۆیش تەرمی حسێن لە کەربەلا بەپیرۆزترین مەزارگە لای شیعە دادەنرێت، بەتایبەت فارسەکان، کە بەردەوام مردن لە تەنیشتنی بە کۆتا ئومێدی خۆیان دەزانن.

ئیبن زوبێر لە مەککە

هەرچی عەبدوڵای کوڕی زوبێرە کە لە حەرەمی پیرۆزی مەککەدا گژبەریی خەلیفەی دەکرد، مەترسی لەسەر دەسەڵاتی بەنی ئومەیە زیاتر بوو. لەوێوە ئیبن زوبێر مەدینەییەکانی هەڵدەنا کە لەوپەڕی ئامادەییدا بوون بۆ پشتکردنە ئەو دەوڵەتەی دروشمانەوە کۆنەکەی لە شارەکەیان زەوت کرد. یەزید جارێکیتر ساڵی ٦٨٣ هەوڵی دا دڵیان بەدەست بێنێت، بەڵام بێسوود بوو. پاش ماوەیەک هێرش کرایە سەر ئەو ئومەوییانەی لە مەدینە دەژیان و ژمارەیان نزیکەی هەزار پیاو بوو و ناچار بوون پەنا ببەنە لای گەورەکەیان مەروان بن حەکەم بن ئەلعاص، کە لە سەردمی معاویەدا ماوەیەک ئەمیری حیجاز بوو. خەلیفە سوپایەکی دوازدە هەزار سووری بەسەرکردایەتیی موسلیمی کوڕی عوقبە نارد بۆ فریاکەوتنیان، کە پێشتر لەکاتی کارکردنی لەژێر فەرمانی باوکیدا لێهاتوویی و لێبڕانی نواندبوو. ئومەوییە گەمارۆدراوەکانی مەدینە خۆیان بەدەستەوەدا بەو مەرجەی ئازادیی کشانەوەیان لە شارەکە هەبێت. پاشان چوونە پاڵ هێزەکانی موسلیم لە رێگەی سووریا. لە ئابی ٦٨٣ موسلیم لە حەرە دابەزی کە زەوییەکی بەردینی گڕکانییە لە باکووری مەدینە. موسلیم مۆڵەتی دایە خەڵکی مەدینە، بەڵام ئەوان گوێیان نەدایە و لە شەڕێکدا رووبەڕووی سەربازانی خەلیفە بوونەوە کە بە لەناوبردنی سەرتۆپی خانەدانانی قورەیش و ئەنسار کۆتایی هات. رۆژی پاشتر موسلیم خەڵکی بانگ کرد بۆ بەیعەتدان بە

یەزید، پاش ئەوەی فەرمانی دەرکرد بەکوشتی سەرانی شۆڕش کە لە مردن رزگاریان بووبوو.

موسلیم لە مەدینەوە رووی کردە مەککە، بەڵام لە رێگە مرد و حوصەین بن نومەیر کرا بە سەرکردەی سەربازەکان. حوصەین پاش ئەوەی بۆ ماوەی دوو مانگ گەمارۆی مەککەی دا، هەواڵی مردنی خەلیفە یەزیدی پێ گەیشت، [شەڕی راگرت و] لەگەڵ عەبدوڵا بن زوبێر کەوتە دانوستان و پێشنیازی کرد وەک خەلیفە بەیعەتی پێبدات بەو مەرجەی لە تۆڵەی ئەو خوێنە خۆش بێت لەنێوان سەربازانی شام و خەڵکی حەرەمدا رژاوە و بچێت بۆ سووریا تا بنکەی دەوڵەت لەوێ بمێنێتەوە. بەڵام عەبدوڵا مەرجی دووەمی ڕەفز کرد، لەگەڵ ئەوەیشدا حوصەین گەمارۆکەی هەڵگرت و گەڕایەوە بۆ شام.

یەزید لە ١١ی تشرینی دووەمی ساڵی ٦٨٣ مرد. راستە تەنانەت لەکاتی خیلافەتەکەیشیدا زیاتر خەریکی مەیخواردنەوە و مۆسیقا و رابواردن بوو تا کاروباری دەوڵەت، هەروەها سنوورێکی بۆ جەنگی بیزەنتی دانا کە کاتێک ئەمیر بوو بەدوودڵی و بەزۆر نەبێت بەشداری تێدا نەدەکرد. هەروەها ئەوە راستە سەرچاوە مەسیحییەکانیش باسی ئەوە دەکەن زۆر چڵیس بووە لە خواردن و خواردنەوە و رابواردندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا توانی لە ماوەی کورتی حوکمڕانییەکەیدا بەشێوەیەک توانی، کە ئەندازەیەک زرنگی لێ دەخوێنرێتەوە، چاکسازی لە بەڕێوەبردنی داراییدا بکات، هەروەها بایەخ بە ئاودانی غوتە، مێرگی دیمەشق بدات. معاویەی دووەمی کوڕی هێشتا نەوجوان بوو کاتێک لە دیمەشق بەیعەتی بۆ خیلافەت درایە، بەڵام پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر کورت حوکمی کرد، مرد.

مەروانی یەکەم- ململانێ لەنێوان کەلبی و قەیسی

لە سەردەمی معاویەی دووەمدا جەنگ لە سووریا لەنێوان هۆزە عەرەبەکان هەڵگیرسا و لەو کاتەوە بەدرێژایی سەردەمی ئومەوی بەگەرمی بەردەوام بوو. هۆزە قەیسییەکانی عەرەبی باکوور کە هەندێکیان وەک غەتەفان و موزەر و هیتر لە سووریای باکوور و جەزیرە و عێراق نیشتەجێ بوون، ئاسوودە نەبوون بە نازڕاگرتنی معاویەی یەکەم خۆی بۆ بەنی کەلبییە یەمانییەکان، کە هۆزی سەرەکی پێکدێنن و لە قوزاعە لەنێوان تەدمور و بەلقا (موئابی کۆن)دا نیشتەجێن[٣٢]، کاتێک عەبدوڵا بن زوبێر لە عێراق دانی پێدا نرا، قەیس

---

[٣٢] جۆڵد زهیر پێی وایە دوژمنایەتی نێوان عەرەبی باکوور و عەرەبی باشوور ئەنجامێکی لاوەکیی دژبەریی نێوان قورەیش و ئەنسار بووە، کە بە عەرەبی باشوور دادەنرێن. بەڵام وادیارە ئەم دیاردەیە هەر لە سەرەتاوە زادەی دوژمنایەتییەکە لەسەر بناغەی رەگەز لەنێوان عەرەبی باکوور، کە رۆژهەڵاتیی سافن و عەرەبی باشوور کە خوێنی بێگانە و تێکەڵ لە دەمارەکانیاندا دەجوڵێت. لەڕاستیدا ناکۆکیی نێوان قەیس و

بەسەرکردایەتیی زوفر بن ئەلحارس راپەڕین و ئەمیری قینسرینیان دەرکرد، کە لە کەلب بوو. دوای مردنی معاویە ئەمیری حمصیش وەک خەلیفە بەیعەتی دا بە عەبدولا بن زوبێر. سەرەنجام زەححاک بن قەیس کە لە دیمەشق بەهەژموون بوو لە ئومەوییەکان هەڵگەڕایەوە و چووە پاڵ ئیبن زوبێر. مەروان سەرۆکی تیرەی ئومەوی کە پاش مردنی یەزید لە دیمەشق نیشتەجێ بوو، سەرەتا مەیلێکی بۆ دەستبەرداربوون لە مافەکانی بۆ ئەو خەلیفەی لە مەککە نیشتەجێ بوو پیشان دا، بەڵام زۆری نەبرد چووە سەر ویستی شوێنکەوتوانی و لە ٢٢ی حوزەیرانی ساڵی ٦٨٤ لە جابییە بەیعەتی وەرگرت. ئەوکاتە خاڵی یەزید، حەسان کوڕی بەحدەل چووە پاڵی، کە وەک ئەمیری ئوردن، لەنێو سەرجەم لایەنگرانی ئومەوییەکان، دەسەڵاتێکی کرداری هەبوو. مەروان لەگەڵیدا رۆیشت بۆ دیمەشق، قەیسییەکان بۆی دەرچوون و لە دەشتی مەرج راهیت، لە باکووری دیمەشق بەیەک گەیشتن و توانی بەسەریاندا سەربکەوێت. لە ئابی ساڵی ٦٨٤ مەروان لە دیمەشقیش بەیعەتی وەرگرت پاش ئەوەی پێشوەخت دەستی بەسەر ماڵخانەی دەوڵەتدا گرت. ئەگەرچی ئەم سەرکەوتنە لە مەرج راهیت پایەکانی حوکمی ئومەوی چەسپاند، بەڵام پاش کەمێک دوژمنایەتیی نێوان قەیس و کەلب بەهۆی ئەو تۆڵانەی لەنێواندا مابوونەوە تاوی سەندەوە و زەبرێکی کوشندەی لە بناغەی دەوڵەتی ئومەوی وەشاند و هەڵیتەکاند.

مەروان تەنها ماوەیەکی کەم حوکمی کرد، بەڵام پڕ بوو لە ململانێ و کێشمەکێشی بەردەوام. توانی بەهێرشێکی لەناکاو دەست بەسەر میسردا بگرێت لەکاتێکدا ئەمیرەکانی لە فەلەستین بەشی پشتەوەی سوپاکەیان دەپاراست و هێرشی موسعەب، برای عەبدولا بن زوبێریان بەرپەرچ دەدایەوە. دەبوو مەروان سەرەتا میراتگریی تەخت (ویلایەتی عەهد) بەیەکێک لە کوڕەکانی یەزید بسپێرێت، بەڵام پاش دانوستانێکی دوور و درێژ توانی ئەمەی دوایی قایل بکات بە دەستبەرداربوون لە مافی خۆی لە خیلافەتدا بۆ هەردوو کوڕەکەی خۆی: عەبدولمەلیک و عەبدولعەزیز، کە بچووکەکەیانی بەئەمیر لەسەر میسر دامەزراند.

خەلیفە کە پێشتر جارێک لە بەرگریکردندا لە عوسمان بەسەختی بریندار بوو، جارێکیش لە شەڕی جەمەلدا، تەمەنی لە حەفتا نزیک دەکەوتەوە کاتێک ئەو تاعوونەی بۆ جاری دووەم لە عێراقەوە هاتبووە سووریا، لە ٧ی ئایاری ساڵی ٦٨٥ کوشتی، وەک پێش ئەو معاویەی دووەمی کوشت. هەرچی ئەو گێرانەوەیە باس لەوە دەکات ژنەکەی، کە بێوەژنەکەی یەزید بوو، لەتۆڵەی بێبەشکردنی کوڕەکەی لە خیلافەت، خنکاندویەتی، هەر خەیاڵە.

یەمەن ماوەیەکی دوور و درێژ پاش ئەوەیش کاری خۆی دەکرد. ئاسەواری ئەوە بەڕوونی لە مێژووی ئەندەلووسدا دەبینین.

عەبدولمەلیك و شۆڕشی موختار

پێویست بوو عەبدولمەلیکی کوڕی خەباتێکی توند دەست پێ بکات بۆ چەسپاندنی ئەو دەسەڵاتەی لە باوکییەوە بۆی مابوویەوە. زوفری گەورەی قەیسە فوراتییەکان، هێشتا لە سووریا گژبەری دەکرد، هەروەها هەرێمەکانیتر هێشتا هەموو گوێڕایەڵیی ئیبن زوبێریان دەکرد. نەک هەر ئەوە، بەڵکو دەبوو بۆ ماوەی دوو ساڵی تەواو بەرگری لە سووریای باکوور بکات دژی بیزەنتییەکان، کاتێک لەوە بووەوە توانی توانای خۆی بۆ عێراق تەرخان بکات کە ئەوکاتە موسعەب بن زوبێر -برای عەبدوڵا بن زوبێر- حاکمی بوو. زوبێر پێش ئەوەی خۆی بۆ شەڕی عەبدولمەلیک تەرخان بکات لە عێراق رووبەڕووی کۆسپی گەورە بوویەوە، چونکە عەلەوییەکان پاش کوژرانی حسێن لە کەربەلا سەریان کز کرد، سەرکردەی بەهرەداریان نەبوو. زۆری نەبرد ئەو سەرکردەیەی چاویان لە دەرکەوتنی بوو، لە کەسی موختاری ثەقەفیدا سەری هەڵدا، کە هەتیوێک بوو لای مامی گەورە بوو، کە ئەمیری مەدائین بوو لەلایەن عەلییەوە-[٣٣]. موختار بەشداری لە شۆڕشەکەی موسلیم بن عوقەیلدا کردبوو، دەستگیر کرا و خرایە زیندان، تا کاتێک ئازاد کرا پەیوەندی بە ئیبن زوبێرەوە کرد لە مەککە. دوای سێ ساڵ سەرلەنوێ لە عێراق دەرکەوتەوە و دەستی کرد بە بانگەوازکردن-پێدەچێ- بۆ یەکێک لە کوڕە بچووکەکانی عەلی بەناوی محەمەد ناسراو بە (ئیبن ئەلحەنەفیە)، بەناوی دایکیەوە. لەو رووەیشەوە ئەم محەمەدە هیچ خوێنێکی پێغەمبەر لەڕێی فاتیمەوە لە دەماریدا نەدەجوڵا، نەیدەتوانی خۆی بەخاوەن مافی بەخەلیفەبوون دابنێت و داوای بکات، لەبەرئەوە موختار بەپەلە رێگەیەکیتری گرتەبەر: بەگوتەی خۆی بە وەحیی فریشتە جیبریل و بە پەخشانێکی سەروادار لە شێوەی قورئان، لەپڕ دەستی بە مزگێتیدان کرد بەدەرکەوتنی مەهدی لە کۆتایی جیهاندا تا زەوی پڕ بکات لە دادپەروەری پاش ئەوەی پڕ بوو لە ستەم. توانی مەواڵییەکان لە ئارامی و فارسەکان کە موسڵمان بووبوون و عەرەب وەک هاوڵاتی پلە دوو تەماشایان دەکردن، بۆ لای خۆی رابکێشێت و ئیبراهیم کوڕی مالیکی ئەشتەر -کە یەکێک بوو لە سەرکردە بەناوبانگەکانی عەلی-ی کردە ئەمیریان. ئیبراهیم توانی بەسەر عەرەبی کووفەدا زاڵ ببێت و پاشان دەسەڵاتی کێشا بەسەر تەواوی عێراق و هەرێمە رۆژهەڵاتییەکاندا، چونکە گەلە بەزیوەکان بەجۆش و خرۆشەوە چوونە ژێر ئاڵاکەی. بەڵام نەیتوانی سۆزی عەرەبی کووفە بەدەست بێنێت کە سەرقاڵبوونی ئیبنول ئەشتەر و سەربازەکانیان بە جەنگی عەبدولمەلیکەوە

---

[٣٣] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- H. G. van Gelder, Mochtar, de valsche Propet, Leiden, 1988.
- G. van Volten, Recherches sur la domination arabe, le chitisme et les croyances messianique sous le califat des Omaiyades, Verh, d. Akad, Amesterdam, 1984, Nr, 3.
- J. Welhausen, Die religios- politschen Oppositions parteien im alten Islam, 74-89.

قۆستەوە بۆ هێرشکردنە سەر موختار. موختار لە دۆخێکی زۆر مەترسیداردا بوو کاتێک سوپاکەی پاش بیستنی هەواڵەکە گەڕایەوە و بەهانایەوە هات و دەربازیان کرد. ئەویش سزایەکی دڕندانەی سەرجەم دژبەرەکانی دا بەپاساوی ئەوەی لەو تاوانەی بووە هۆی شەهیدبوونی حسێن بەشدار بوون. دوای دوو رۆژ، ئیبنول ئەشتەر سوپای سووری لە خازر شکاند، کە عوبەیدوڵا بن زیاد ئەنجامدەری قەسابخانەکەی کەربەلا سەرکردایەتی دەکرد و ئیبن زیاد خۆی کوژرا. بەڵام موختار بەم سەرکەوتنە گەورەیە نەحەسایەوە، کە بەشێوەیەکی سەیر ئاهەنگی بۆ گێڕا، پاش ئەوەی تەختێکی بەتاڵی دانا و کڕنووشی لەبەردەمدا برد وەک کڕنوشبردن بۆ عەرشی خودا، چونکە سەرکەوتنەکە هەرەسی بەدوادا هات. ئەوە بوو موسعەب کە تائێستا لەکاتی جەنگی خەواریجدا لە بەسرە جێگیر بوو، زۆری نەبرد هێرشی کردە سەری و دوای دوو شەڕی خوێناوی ناچاری کرد پەنا ببات بەر قەڵای کووفە. موسعەب گەمارۆی خستە سەر قەڵاکە و موختار و سەربازەکانی بۆ ماوەی چوار مانگ بەرگرییان لە خۆیان کرد، موختار لە هێرشێکدا کە لە ٤ی نیسانی ساڵی ٦٨٧ پێی هەستا، کوژرا. بۆچوونەکانی لەناو بیروباوەڕی شیعەدا سەبارەت بە کاروباری ئاخیرەت مانەوە، ئەگەرچی موسعەبی کوڕی زوبێر شوێنکەوتەکانی زۆر دڕندانە تەفرۆتونا کرد.

موسعەب هەروەها توانی هەندێ بزوتنەوەی ئومەوی بچووک لە عێراق ملکەچ بکات، بەڵام عەبدولمەلیک خۆی زوو ساڵی ٦٩١ بەسوپاکەیەوە لە عێراق پەیدا بوو، لەکاتێکدا باشترین سوپاکانی موسعەب لە شەڕ دژی خەواریجدا بڕستیان لەبەر برابوو. موسعەب پێشڕەوی کرد بۆ شەڕی خەلیفە لە باکووری بەغدا لای (دیر ئەلجاثلیق) لە بەری رۆژئاوای دیجلە. بەڵام سەرکردەکانی ناپاکییان لێکرد و کەوتنە دانوستان لەگەڵ خەلیفە، کە رەتیکردەوە ناپاکییەکەیان لێ قبوڵ بکات و ئارەزووی بۆ تێگەیشتن لەگەڵ موسعەب دەربڕی و پێشنیازی کرد لەبەرانبەر هاتنە پاڵی بیکاتە والیی عێراق. بەڵام موسعەب دڵسۆزییەکی راستەقینەی بۆ براکەی هەبوو و پێشنیازەکەی خەلیفەی رەت کردەوە و لە ناوەڕاستی تشرینی یەکەمدا لە گۆڕەپانی جەنگدا کوژرا.

شکستی ئیبن زوبێر

ئێستا ئیتر عەبدولمەلیک تەنها عەبدولای کوڕی زوبێری لەبەردەمدا مابوو، کە لە بارەگاکەیەوە لە مەککە بەسەر تەواوی حیجازدا بالادەست بوو. حەججاجی کوڕی یوسفی ناردە سەری، کە ئەقەفی خەڵکی تائیف بوو، کە لە هەڵمەتەکەیدا بۆ سەر موسعەب توانیبوی ئافەرینی خەلیفە بەدەست بێنێت. حەججاج زێدی خۆی کردە بنکەی ئۆپەراسیۆنە جەنگییەکانی، تا لەوێوە بەرەو مەککە پێشڕەوی بکات و لە چیای ئەبی قوبەیسەوە -بەبێ

گوێدانە حورمەت و پیرۆزییەکەی- بەمەنجەنیق بۆمبارانی بکات. بەڵام رکابەرەکەی خەلیفە توانی حەوت مانگیتر لە ناوچەی کەعبە خۆی رابگرێت. تا لە رووبەڕووبوونەوەیەکدا لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٦٩٢ کوژرا پاش ئەوەی خەڵک لێی تەکینەوە، تەنانەت کوڕەکانیشی. بەوەیش ئیمپراتۆرییەتەکە یەکێتییەکەی بەدەست هێنایەوە. عەبدولمەلیکیش فەرماندە سەرکەوتوەکەی خەلات کرد بەوەی - لەپاڵ یەمەن و یەمامەدا- کردی بە والیی حیجازیش. پاش ئەوەی ئاسایش و سیستمی لەو ناوچانەدا بەدرێژایی دوو ساڵ چەسپاند، عەبدولمەلیک بانگی کرد تا کاری مەترسیدارتر لە دەوڵەتدا بگرێتە ئەستۆ و لەجێی بیشری برای خەلیفەی کۆچکردوو کردی بە والیی عێراق. دەستبەکاربوونی وەک حوکمڕانی کووفە بە وتارێک دەست پێکرد کە وەک وتارەکەی زیادی پێش خۆی، ناوبانگێکی گەورەی پەیدا کرد.

جەنگی بیزەنتی

عەبدولمەلیک پاش لەناوبردنی رکابەرەکەی لە خیلافەتدا، جەنگی بیزەنتییەکانی دەست پێکردەوە کە بۆ ماوەی پازدە ساڵ خامۆش بووبوو. دیارە پێشتر ناچار بوو لەڕێی دانی جیزیەیەک بە دوژمنەکانی بیوەستێنێت. پێدەچێت دەستپێکردنەوەی کارە جەنگییەکان پەیوەندی بەو چاکسازییە دراوییەوە هەبێت عەبدولمەلیک دایهێنا. گێڕانەوە ئەفسانەییەکان باس لەوە دەکەن تا ئەوکاتە تەنیا سکەی بیزەنتی لە ئیمپراتۆرییەتی عەرەبیدا وەک دراو دەستاودەست دەکرا، هەروەها ئەو پارانەی لەناو وڵاتیشدا لێدەدران نەخشی یۆنانییان لەسەر بوو. بیزەنتییەکان لای خۆیانەوە کاغەزیان لە میسرەوە دەست دەکەوت و لە کارگەکانی دەوڵەتدا بۆیان دروست دەکرا کە نووسینی مەسیحی و ئاماژەی خاچی وەک نیشانەیەکی ئاوی لەسەر بوو. دەوترێت خەلیفە هەموو ئەوانەی گۆڕی بە شایەتومان. لێرەوە بیزەنتییەکان هەڕەشەیان کرد کە نووسینی دوژمنکارانە بەرانبەر پێغەمبەر لەسەر دیناری ئالتونی بنووسن کە عەرەبەکان بۆ دەسکەوتنی هێشتا پشتیان بە بیزەنتییەکان دەبەست. لەبەرئەوە عەبدولمەلیک ساڵی ٦٩٣ بڕیاری دا پارەی دەوڵەتەکەی لە دیمەشق لێبدات، حەججاجیش لە کووفە ساڵی پاشتر شوێنپێی هەڵگرت. لەئەنجامی ئەمەدا زمانی عەرەبی لە دیواندا بەکار هات پاش ئەوەی لە سووریا بە یۆنانی و لە عێراق بەفارسی بوو، ئەگەرچی سەرجەم فەرمانبەران وەک جاران لە عەجەم بوون[٣٤]. پاشان

---

[٣٤] دوای ئەوەی عەبدولمەلیک دەسەلاتی گرتە دەست، ئەتناسیۆس بار جومایە لە رەهاوە نێردرا بۆ عەبدولعەزیزی برای خەلیفە لە میسر تا کارگێڕی رێک بخاتەوە. ئەتناسیۆس لەو پۆستەیدا هێندە دەوڵەمەند بوو توانی لە سامانی تایبەتی خۆی دوو کەنیسەی گەورە دروست بکات.

عەبدولمەلیک سنووری بۆ زۆر لەو ئازادییانە دانا کە پێشتر بە مەسیحییەکان بەخشرابوون، ئەویش بەمەبەستی پتەو و مسۆگەرکردنی یەکێتیی ئیمپراتۆرییەتەکە.

عەبدولمەلیک هەروەها رۆحێکی نوێی هێنایە ناو کۆشکەکەی. خەلیفەکانی پێشتر هاوشێوەی شێخی هۆزە عەرەبییە کۆنەکان مامەڵەیان لەگەڵ خەڵکی ژێردەستیان دەکرد، بەڵام ئەو هەر کە دەسەڵاتی گرتە دەست لەم نەریتە دەرچوو و بەشێوەیەکی رەها حوکمی مەملەکەتەکەی کرد. وەک نوێنەری رژێمێکی ئیمپراتۆری زاناکانی فراوان کرد و ئەرکە ئایینییەکانی بەئەمانەت و پەرۆشییەوە جێبەجێ دەکرد. بەڵام ئەمە رێگر نەبوو لەوەی شاعیری مەسیحی ئەختەڵ بانگهێشت بکات بۆ کۆشکەکەی، کە لە حیرە لە هۆزی تەغلوب لەدایک بوو و پێشتر یەزیدی یەکەم سوودی لە خزمەتەکانی وەرگرتبوو، چونکە ئەختەڵ خۆی نەدەبەستەوە بە هیچ ئیعتیبارێکی ئایینییەوە، لێرەوە خەلیفە توانی وای لێ بکات بە شیعرە کاریگەرەکەی هێرش بکاتە سەر نەیاران لە پیاوچاکانی خەڵکی مەدینە، کە ناوبەناو دەوڵەتیان بێزار دەکرد[٣٥].

عەبدولمەلیک هەروەها لابەندی (ولاء)ی هەرێمەکانی لەڕێی دانانی خزمەکانی بەوالی (ئەمیر) لەسەر هەرێمەکەیان جگە لە عێراق، مسۆگەر کرد. لەسەر میسر و باکووری ئەفریقیا کە بەرهەڵستێی بەربەری بەتەواوەتی لەناو برا، عەبدولعەزیزی برای دانا کە پێشتر باوکی کردبووی بە جێنشینی خەلیفە پاش عەبدولمەلیک. عەبدولمەلیک هەوڵی دا براکەی قایل بکات بەدەستهەڵگرتن لە مافی خۆی لە خیلافەتدا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. هەرچۆن بێت عەبدولعەزیز پێش لەو مرد. بەم شێوەیە ساڵی ٧٠٥ وەلید بەبێ هیچ بەرهەڵستییەک جێگەی باوکی گرتەوە.

فەتحکردن لە سەردەمی وەلیددا

وەلید جارێکیتر سوپاکانی نارد بۆ ئەودیو سنووری ئیمپراتۆرییەتەکە، بەو هۆیەوە ناوچەی توانە Tyana لە ئاسیای بچووک دوای گەمارۆیەکی درێژخایەن کەوتە دەستی عەرەب، ئەگەرچی ئەو پلانەی بۆ دەستگرتن بەسەر قوستەنتینییە داینابوو جێبەجێ نەکرا. وڵاتگیری (فتح) لە رۆژهەڵات، لە عێراقەوە دەستی پێکرد، کە حەججاج ئەمیری ئەوێ و تەواوی ئێران بوو[٣٦]. ئەوە بوو ساڵی ٧٠٤ عەبدولمەلیک بەپێشنیازی حەججاج، قوتەیبەی کوڕی موسلیمی کرد بە ئەمیری خوراسان، ئەو هەرێمە رۆژهەڵاتییەی لە رووباری

---

[٣٥] بڕوانە: H. Lammense. Un Poete royal a la cour de Damas, Etudes sur le Siecle des Omayyades, 210-62.

[٣٦] وردەکاریی فراوانتر لە کتێبەکەی (جب)دا دەبینیت: H. A. R. Gibb, The Arab Conquests in Central Asia.

جەیحون (ئامودریا)وە تا "هندوکوش" درێژ دەبێتەوە. لەڕاستیدا هەردوو گەلی ئێرانی و تورکی چەندین سەدە لە پەیوەندیی بەردەوامدا بوون. جا لەوکاتەی ئیمە مێژووەکەی دەنووسینەوە تورکەکان –کە پاشتر کاتێک لە هاتنی یەکلاکەرەوەیان بۆ دنیای ئیسلام دەکۆڵینەوە بەدرێژی باسی پێش مێژوویان دەکەین– لە سەردەمی قابغان[37] قاغاندا (کە چینییەکان پێی دەڵێن مەچوی) مەملەکەتەکەیان بەئاراستەی ڕۆژئاوا فراوان کرد، ئەویش پاش ڕزگارکردنی لە دەستی چین. یەکێک لە شوێنکەوتوانیان، وەک "تورخان"ێک لە سەمەرقەند، پایتەختی وڵاتی سەغد لەودیو ڕووبار، لەبەری باشووری ڕووباری زەرەفشان، جێگیر بوو. بوخارایش دەکەوێتە بەری خواروویی ڕووبارەکە، کە تێیدا بنەماڵەیەکی حوکمڕانی تورک دەسەڵاتی بەسەر ڕەعییەتێکی تێکەڵی فارس و تورکدا گرتبوو. لە سەردەمی ئەم بنەماڵەیەی دواییدا هەندێ کێشە سەریان هەڵدا قوتەیبە زانی چۆن بیانقۆزێتەوە، بەوەی پیاوێکی کردە ئەمیر لەوێ کە لە سەرەتای تەمەنیدا بوو. ئەو گەنجە هاتە ناو ئیسلام، پاش ئەوە ئایینی محەمەد لە بوخارا ڕیشەی داکوتا. تورخان سەمەرقەندیشی بۆ قوتەیبە ملکەچ کرد، بەڵام ڕەعییەتەکەی کە لێی تووڕە بوون زۆری نەبرد لە دەسەڵات دایانماڵی. جێنشینەکەی بەناوی غورک سەرەتا لە موسڵمانان یاخی بوو، بەڵام قوتەیبە پاش گەمارۆیەکی درێژ ناچاری کرد خۆی بەدەستەوە بدات. ئەگەرچی تەختەکەی لەدەستدا مایەوە، بەڵام دەبوو بوونی لەشکرگەیەکی عەرەبی قبوڵ بکات. لەوکاتەوە سەرەڕای هەندێ پشێوی، پایەکانی ئیسلام لە هەردوو شارەکەدا چەقین، کە پاشتر دەبنە پایەدارترین قەڵاکانی لە ئاسیای ناوەڕاستدا. لێرەوە قوتەیبە بەئاراستەی ڕۆژهەڵات پێشڕەوی کرد و مەبەستیشی فەرغانە بوو. سااڵی ٧١٤ هەواڵی مەرگی حەججاجی بیست و پاشەکشەی کرد بۆ بنکەکەی لە مەرو. سااڵی پاشتر وەلیدیش مرد، قوتەیبە ترسا سلێمان، میراتگری تەخت، تۆڵەی لێ بکاتەوە بەهۆی ئەو دژبەرییە تونەدەی لەنێوانیاندا بوو کە لە ئامادەنەبوونی یەکەم بۆ بەیعەتدان بە دووەمدا وەک خەلیفە خۆی دەنواند، بەڵام قوتەیبە لە یاخیبوونێکی سەربازاندا کوژرا. سااڵی ٧١١ ئەمیری لەلایەن حەججاجەوە دانراوی بەسرە، کە محەمەد بن ئەلقاسمی زاوای بوو، دەستی کرد بەپەلامارادانی سند لە باشووری وڵاتی فارس و بلوچیستان، ئەوەیش مەیدانێکی نوێی لە مەیدانە فراوانەکانی هەژموون لە هیند لەبەردەم ئیسلامدا کردەوە[38].

---

[37] بڕوانە ڕێکخستنە خێڵەکییەکانی تورکەکان لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا.
("قابغان"، لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا بە "خاقان" هاتووە–وەرگێڕانی عەرەبی).

[38] سەبارەت بە ئیسلام لە هیند بڕوانە کتێبی "مێژووی هیند"ی سێر جۆرج دونبار. Sir George Dunbar, A History of India, 2 vols, London, 1936, 3d ed.1943.

فەتحکردنی ئیسپانیا (ئەندەلوس)

بەڵام لە رۆژئاوا عەرەب لە سەردەمی خیلافەتی وەلیددا تەنگەی جەبەل تاریقیان بڕی و لە ٢٥-٢٦ی تەممووزی ساڵی ٧١١ لە شەڕی وادی بەککەدا، کە سەروەختێک بەهەڵە ناونرابوو شریشی فرۆنتێرا، زەبرێکی کەمەرشکێنیان لە مەملەکەتی قووتی Visigothic Kingdom وەشاند کە پشێوییە ناوخۆییەکان شڕ و وڕیان کردبوو. لەو شەڕەدا رۆدریک دواین پاشای قووتی کوژرا. سوپای سەرکەوتوو زۆرینەی رەهای لە بەربەر پێکهاتبوو، کە موسا بن نوسەیر، ئەمیری ئەفریقیای باکوور (کە عەبدولعەزیز دایمەزراند و وەلیدیش لە پۆستەکەیدا هێشتیەوە) سەرەتا تەنها وەک تیمێکی چاودێریکردن و رێگە تاقیکردنەوە، بەسەرۆکایەتیی مەولاکەی، تاریقی کوڕی زیاد، ناردبوونی. تائێستایش ئەو چیایەی تاریق سەربازەکانی لەسەردا کۆکردەوە پاش دابەزاندنیان بۆ وشکانی، ناوی ئەوی هەڵگرتوە (جەبەل تاریق). ئەم سەرکەوتنە چاوەڕواننەکراوەی تاریق بوو بەمایەی ئیرەیی لەدڵی گەورەکەیدا، لەبەرئەوە دەستبەجێ بەسەرۆکایەتیی کۆمەڵێک سوپای زۆرینە عەرەبی چوو بۆ لای و بەناو وڵاتەکەدا رۆچوو تا گەیشتە دوورتر لەوەی تاریق پێی گەیشت. موسا لەو هەڵمەتەدا شاری شەزونە و قەرمونەی گرت و پاش ئەوە بۆ ماوەی ساڵێکی تەواو گەمارۆی ئیشبیلییە و ماریدەی دا، ئەمە لەکاتێکدا هەندێ سوپای ئیسلام لە ئورپولە لەگەڵ ئەمیری قووتی تیۆدۆمیر دەجەنگان. پاشان لە تولەیتولە Toledo گەیشتەوە بە سوپای تاریقی مەولای و بەهاوبەشی توانییان ئیسپانیای باکوور بەتەواوەتی لە سەرەقوستە بۆ نەبرە (نافار) ملکەچ بکەن. ساڵی ٧١٤یش موسا بەغەنیمەتی گەورەوە گەڕایەوە بۆ ئەفریقیا و بەکەژاوەی سەرکەوتنەوە بەرەو سووریا رۆیشت، کە وەلید بەپەرۆشییەوە چاوەڕوانی دەکرد. هەر کە گەیشتە دیمەشق خەلیفە لە شوباتی ساڵی ٧١٥ لە تەمەنی چل ساڵیدا مرد.

وەلید لەناو ئیمپراتۆرییەتەکەیدا بەرهەمی ئەو رەنجەی چنییەوە کە باوکی دابووی و لە هەموو شوێنێک وەک پاشایەکی ئیرادە رەها دانی پێدا نرا. کاری لەسەر دوورخستنەوەی هەنگاو بەهەنگاوی مەسیحییەکان لە داوودەزگەی ئیداریدا کرد، تەنانەت دەستبەرداری خزمەتەکانی بنەماڵەی سەرجۆن بن مەنسور بوو کە لە سەردەمی معاویە خۆیەوە کاروباری داراییان بەڕێوە دەبرد. ئەویش، وەک زۆر لە پاشا کۆنەکانی رۆژهەڵات، شەیدای کاری گشتی بوو، ئەک تەنیا بۆ خۆهەڵبڕین و شانازیکردن، بەڵکو بۆ بەهێزکردنی داهاتەکانی مولکەکانیشی. سوورییەکان بە حاکمێکی نموونەییان دادەنا.

مزگەوتی ئومەوی لە دیمەشق

بێگومان ئاسەوارێ سەرەکی کە لەڕووی ئاوەدانکردنەوەوە ناوبانگی وەلیدی لەسەر دامەزراوە، بریتییە لە مزگەوتی گەورەی دیمەشق، کە بە مزگەوتی ئومەوی ناودەبرێت. سادەیی مۆرکی زاڵی ئەو شوێنە بوو بۆ نوێژ تەرخان دەکرا، مزگەوت لە حەوشەیەک پێکدەهات لەگەڵ دالانێکی سەرگیراو، هاوشێوەی ماڵی پێغەمبەر لە مەدینە. بەڵام زۆری نەبرد ئەم سادەییە باوی نەما. راستییەکەی سەربازگە بەراییەکانی سوپای وڵاتگر (فاتح)، لە کووفە و بەسرە لە عێراق و لە فوستات لە میسرێش هەر لاساییکردنەوەی مزگەوتی کۆنی پێغەمبەر بوون. تا لە سەردەمی خیلافەتی عومەر و عوسماندا هەردوو مزگەوتی مەککە و مەدینەیان فراوان کرد پاش کرپنەوەی ماڵەکانی دەوروبەریان و کەپرە سادەکەیان [کە بەزۆری لە پەلکی دارخورما پێکهاتبوو] گۆڕی بە کەپری لە پایەی بەردین دروستکراو. هەرێمەکانیش لەوەدا چاویان لە مەککە و مەدینە کرد. سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص چەند پایەیەکی بۆ مزگەوتی کووفە دروست کرد کە لە بیناکانی ساسانییەکان و کەنیسەکانی حیرە وەرگیرابوون. لە سەردەمی معاویەیشدا هەردوو مزگەوتی کووفە و بەسرە چاکسازییان تێدا کرا[٣٩]. لەپاڵ میحرابدا کە رووی لە مەککە (قیبلە) بوو، ماڵە رەسمییەکانی دەوڵەت دروست کران، لەبەرئەوەی ئیمامەتی خەڵک لە نوێژدا لە پایتەخت و هەرێمەکاندا گوێزرایەوە بۆ خەلیفە و والییەکانی. دەوترێت عوسمان کابینەیەکی تەختەی لە مزگەوتی مەدینە بۆ خۆی دروست کرد تا خۆی لە هەر هێرشێک بپارێزێت. کاتێک خیلافەتی ئومەوییەکانیش دەستی پێکرد ئەمیری هەرێمەکان لە هەموو شوێنێک چاویان لەو کرد. لە سەردەمی عەبدولمەلیکدا بەهۆی دەستگرتنی عەبدوڵای کوڕی زوبێری رکابەری بەسەر مەککەدا شوێنکەوتەکانی نەیاندەتوانی حەجی کەعبە بکەن، لەبەرئەوە هەوڵی دا جێگرەوەیەک بۆ بەیتولحەرام لە قودس دابمەزرێنێت. لەسەر ئەو بەردە پیرۆزەی عومەر خۆی نوێژکردنی تێدا داهێنا کاتێک چووە ناو بەیتولمەقدیس، عەبدولمەلیک ئەوەی دروست کرد کە ئەمرۆ پێی دەوترێت قوبەت ئەلسەخرە (بەهەڵە پێی دەوترێت مزگەوتی عومەر)، پاشان مزگەوتی ئەقصا کە ناوەکەی بۆ چیرۆکی ئیسرای پێغەمبەر دەگەڕێتەوە، پاشتر لە حەوشەی پەرستگەکەدا دروست کرا. عەبدولمەلیک ئەو بەشانەی هێشتا لە کەنیسەی یوستنیانوس مابوون خستنیە سەر بیناکە و دالانێکی بە سێ ڕیز پایە دروست کرد، کە پاشتر هەردوو باڵەکە و گومەزەکە و چوار ڕێڕەوی بۆ زیاد کرا[٤٠].

---

[٣٩] لەو کاتەدا زەویی مزگەوت چەوڕێژ نەبوو، باوەڕداران پاش نوێژەکە دەستیان دەتەکاند تا تەپوتۆزەکەی لێ ببێتەوە. زیاد ترسا ئەو جۆلەیە بەتێپەڕبوونی کات ببێتە بەشێک لە نوێژ، لەبەرئەوە خۆلەکەی لابرد و زەوییەکەی بەچەو فەرش کرد. بڕوانە: البلاذری، فتوح البلدان لاپ٢٧٧. هەروەها بڕوانە: M. J. de George, review of Wellhausen, Arab, Reich in Museum, 1902.

[٤٠] بڕوانە میژووی تەلارسازی و پلاناناں لە کتێبەکەی دیز: E. Diez, Die Kunst der Islamischen Volker, Berlin, 1915, p. 12, ff.

لە دیمەشقی پایتەختی ئیمپراتۆرییەتەکە خۆیدا موسڵمانەکان تا ئەوکاتە تەنیا مزگەوتێکی بچووکی سادەیان هەبوو. لە بەشی ناوەڕاستی شارەکەدا، تەنانەت لە سەردەمی بتپەرستیشدا، پەرستگەیەکی گەورە هەبوو رۆمانەکان لەسەر تەرزی پەرستگەی بەناوبانگی خۆر لە تەدمور نۆژەنیان کردەوە -ڕەنگە لە سەردەمی ئیمپراتۆر ترایاندا بووبێت- بەڵام لە چوارچێوەیەکی فراوانتردا. هێشتایش پاشماوەی پایەکانی ئەو بینایە لە تەنیشت مزگەوتەکەدا دیارە. ساڵی ٣٧٩.ز لەسەر کەلاوەی ئەو پەرستگە بتپەرستانەیە کەنیسەیەک دروست کرا تایبەت کرابوو بە یۆحەننای مەعمەدان، کە لە سەردەمی ئەرکادیوس کوڕی هونوریوسدا بیناکەی نۆژەن کرایەوە. هەر هەمووی بەمواڵکی مەسیحییەکان مایەوە. هەرچی ئەوەیە دەڵێت موسڵمانەکان راستەوخۆ پاش فەتح نیوەی کەنیسەکەیان داگیر کرد بۆ ئەنجامدانی دروشمە ئایینییەکانیان و نیوەکەیتریان - وەک پاداشتی خۆبەدەستەوەدانیان- بۆ مەسیحییەکان بەجێهێشت، داهێنانی گێرانەوە ئیسلامییە پاشینەکانە، کە ناتوانێت لەو جۆرە ئاسانکارییە لەگەڵ مەسیحییەکان تێبگات. لەکاتێکدا خەلیفە بەراییەکان مافەکانی مەسیحییەکان دەپارێزن، دەبینین وەلید ساڵی ٧٠٥ کەنیسەکەیان لێ دەستێنێت[٤١]، پاشان دروستی کردەوە و دیوارەکەی باشوور و دااڵنەکەی تەنیشتی پەرستگەکەی رابردووی خستە سەر. بەوە بوو بە دااڵنێک کە سێ ڕیز پایە و چەند تاقێکی لەسەر دینگە وەستاوی تێدایە ، هەروەها دوو باڵ لە شێوەی پەرستگەی چالکی chalke لە بیزەنتە، هەروەها بنمیچێکی تەختەیی. هەرچی ئەو گومەزە بەردینە سەربڵندەیە لەسەر ناوەندی دوو باڵەکەدا، بێگومان بەهاندانی ئەو مۆزایکسازە بیزەنتییانە دروست کراوە کە بەرپرس بوون لە رازاندنەوەی بەشی ناوەوەی باڵەخانەکە. هاوشێوەی کەنیسە سوورییەکان، گۆشەکانی ڕاڕەوەکەی ناوەڕاست لە هەردوو باڵەکەوە، لەڕێی میحرابە نیوە بازنەییەکانەوە بە بازنەی بنەوەی گومەزەکەوە بەسترابوونەوە. هەروەها تاجی سەر پایەکان بە ئاڵتون سواق درابوون و دیوارەکان بە مەڕمەڕی نەخشێنراو و مۆزایک رازێنرابوونەوە، کە شار و درەختی هەمەجۆرەیان دەنواند.

هەروەها مەنارەیەکی نوێ لەسەر بناغەی تاوەرە نوێیەکە لە گۆشەی باشووری ڕۆژئاوای دااڵنە دێرینەکەدا دروست کرا. لە لای باکووری دەروازەی مزگەوتەکەوە "مەنارەی بووک" (مئذنة العروس) بەرز بوویەوە. لە دەورەی حەوشەکە بەلای باکووردا، تاقێکی شکۆداری بەرز دروست کرا. لێرەیشدا هـ . تیرش H, Thiersch نموونەی ئەم تێکەڵکردنە لەنێوان دااڵنی ستووندار و دەروازەدا، کە زۆر مزگەوت لاساییان کردۆتەوە، لە پەرستگەکانی بیزەنتە و لە ڕۆما دۆزیەوە، کە دەروازەی گۆشکی ئیمپراتۆری وەک

---

[٤١] بڕوانە: H. Lammense, Le Calife Walid et le partage de la Mosquee des Omayyades de Damas, Etudes sur le siècle des Omayyades, Beyrouth, 1930, pp. 209-302.

حەوشەیەکی سەرەکی لەگەڵ ژووری پێشوازی و تەشریفات دانرا. کە دیسان لەسەر نموونەی کلاسیکەکان دامەزراوە. ئەم تەلارانەیش لە هەرێمەکاندا لەڕێی سوخرەکارییەوە بەخەڵک کراون. یەکێک لە بەڵگەنامە زەلینە میسرییەکان باس لەو رەنج و زەحماتە دەکات کە لەو بینایەدا بەخەرج دراون. کرێکارەکان سەرلەبەریان بیانی بوون. لە گێڕانەوە ئەدەبییەکانیشدا ئاماژە بە هەزار و دوو سەد کرێکار لە بیزەنتەوە کراوە. هەروەها بەڵگەنامە زەلینەکان باسی پیاوێکی فارس دەکەن کە لەوێ کاری کردوە. لەبەر هەموو ئەمانە دەتوانین بەدڵنیاییەکی زۆرەوە بڵێین تەرزی بیناکردنەکە ناکرێ هاوچەشن بێت. نەک هەر ئەوە، بگرە پاشتریش پەنابردن بۆ لێهاتنە تەکنیکییە بیانییەکان حاشاهەڵنەگر بوو. ئەوە بوو لە سەدەی دوازدەیەمدا پیاوێکی فارس کاتژمێرە گەورەکەی مزگەوتی دامەزراند. جێی داخە ئەم مزگەوتە، کە بەکۆنترین ئاسەواری تەلارسازیی ئیسلامی لە سووریا دادەنرێت، پتر لە جارێک کەوتۆتە بەر زەبری شوومی رۆژگار. ئەوە بوو لە ساڵانی ١٠٦٩ و ١٤٠٠ و ١٨٩٣دا ئاگر لە بیناکە کەوتەوە و سووتاندی و خەریک بوو دیواری بناغەکانیش لووش بدات.

حەجاج لەگەڵ خەواریج و ئیبنول ئەشعەث دەجەنگێت

لە سەردەمی عەبدولمەلیک و وەلیددا عێراق، کە پاش سووریا -ناوکی ئیمپراتۆرییەتەکە- گرنگترین هەرێمی ئیمپراتۆرییەتەکە بوو، حەجاجی کوڕی یوسف حوکمی دەکرد، پاش ئەوەی -وەک باسمان کرد- ساڵی ٦٩٣ دەسەڵاتی لەوێ گرتە دەست. ئەرکی حەجاج لە عێراق زۆر سەخت بوو، چونکە عێراقییەکان بەهۆی شەڕە درێژخایەنەکان لەپێناو خیلافەتدا تونەوتیژ بووبوون. لە کووفە ئەو هەڵچوونەی لە ئەنجامی ئەو پشێوییانەی لە رۆژانی پێغەمبەرە درۆزنەکە، واتە موختاردا بەرپا بوون، هێشتا سەرچاوەی ترس و تۆقین بوون. خەواریجەکان هێشتا لە دەرەوەی دەروازەکانی بەسرە لەشکریان مۆڵ دابوو، تاقمێکی تازە لەناویاندا سەری هەڵدابوو بەناوی ئەزرەقییەکان، کە هەرکەس لەوان جیاواز بوایە و باوەڕی بە بۆچوونەکانیان نەهێنایە تەکفیریان دەکرد و خوێنی خۆی و ژن و منداڵەکانیشیان حەڵاڵ دەکرد. پێشتر موهەلەب بن ئەبی سەفرە بەناوی موسعەبەوە لەگەڵیان جەنگا، تا کاتێک موسعەب کوڕا خۆی رادەستی عەبدولمەلیک کرد ئەویش لە پۆستی سەرکردایەتیدا هێشتیەوە. ساڵی ٦٨٨ ئەزرەقییەکان خەلیفەیەکی نوێیان هەڵبژارد، ئەویش قەتەری کوڕی فوجائەی تەمیمی بوو کە بەشیعریش بەناوبانگ بوو و بەردەوام لە خوزستانەوە هەڕەشەی لە عێراق دەکرد و کێشەی زۆری بۆ موهەلەب دروست کرد، بەتایبەت کە هەردوو والییەکەی پێشووی عەبدولمەلیک لە عێراق -لەبەر ئیرەییان- یارمەتیی پێویستیان نەدا. حەجاج یەکەم

کەس بوو سوپای نوێی خستە بەردەستی و بەهۆیەوە توانی بەشوێن شۆڕشگێڕەکاندا بچێت تا قوولایی کرمان، کە هەرێمێکی فارسییە. پاشان ناکۆکی لە ریزی شۆڕشگێڕەکاندا سەری هەڵدا، لەبەرئەوە قەتەری لەگەڵ عەرەبەکاندا بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن بەمەبەستی گەیشتنە تەبەرستان، لەکاتێکدا مەواڵییەکان لە شاری جیرفت مانەوە و سەرۆکێکی نوێیان هەڵبژارد. لێرەدا موهەلەب توانی بەسووک و ئاسانی بەسەریاندا زاڵ بێت. لە تەبەرستانیش شوێنکەوتە عەرەبەکانی قەتەری دانیشتوانە ڕەسەنەکەیان بەخراپی دەچەوساندەوە. لەبەرئەوە گەورەی دانیشتوانە ڕەسەنەکە، ئەمیری ڕای Rayy لە عەرەبەکان هەڵنا و پێکەوە شکستێکی کەمەرشکێنیان بەسەر عەرەبەکاندا هێنا. قەتەری خۆیشی لە گۆڕەپانی ئەو شەڕەدا (لە ٦٩٧ یان ٦٩٨) کوژرا. سەرکردەیەکی دەرەکیتریش هەبوو بەدرێژایی دوو ساڵ بەردەوام لە مووسڵەوە هەڕەشەی لە عێراق دەکرد، ئەویش شەبیبی شەیبانی بوو. ئەو شەبیبە سەرکردەیەکی چەتەی ڕاستەقینە بوو و مەسیحییەکانی وڵات لەگەڵی هاوسۆز بوون، لەبەرئەوە توانی لە حەشارگەکانیەوە گژبەریی سوپاکانی حەججاج بکات کە بەردەوام لە شوێنێکەوە دەچوون بۆ شوێنێکیتر. دەوڵەت تا ساڵی ٦٩٧ نەیتوانی بەسەریدا زاڵ بێت، ئەویش پاش ئەوەی خەلیفە کۆمەکی ڕەوانە کرد بۆ شەڕکردن لەدژی، سەرەنجام لای ڕووباری دوجەیل شکستی پێهێنا و لە ئاوەکەیدا خنکا. لەڕاستیدا دانانی حەججاج بەچاکەی سوپا سوورییەکان کە هاتن بۆ یارمەتیدانی، زۆری نەبرد بوو بەمایەی تووڕەیی ئەریستۆکراسیی ناوخۆیی.

حەججاج کە لە عێراقەوە حوکمی دەکرد، هەر هێندەی توانی شۆڕشگێڕان لە هەرێمی کرمان لەناو ببات، سوپایەکی بەباشی ئامادەکراوی بۆ ملکەچاندنی شاری سیجستان (سیستان)ی دراوسێ نارد کە لەو کاتەدا ئەمیرێکی بەئەسڵ تورک حوکمی دەکرد. سەرکردایەتیی ئەو سوپایە (سوپای تاوسەکان)یشی بە عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەشعەث سپارد، کە ڕەچەڵەکی بۆ مالی شاهانەی کیندە دەگەڕێتەوە. عەبدولڕەحمان لە گرتنی شارەکەدا سیاسەتی دانبەخۆداگرتن و سەرکێشینەکردن بە گیانی سەربازەکانی پەیڕەو دەکرد، حەججاجیش ئەوەی بە لاوازی و سستی دەبینی و فەرمانی پێکرد پەلە لە گرتندا بکات. ئیبنول ئەشعەثیش فەرماندەکانی لەشکرەکەی کۆکردەوە و ڕاوێژی پێکردن، ئەویش پاش ئەوەی لەوە دڵنیا بوو بەئەندازەی ڕقیان لە جەنگ لەو وڵاتە بەربەرییەدا ڕقیان لە حەججاجە. ئامادەییان دەربڕی دەستبەجێ بەیعەت بە ئیبنول ئەشعەث بدەن بەو مەرجەی سەرکردایەتییان بکات بۆ وڵاتەکانیان بۆ شەڕکردن دژی حەججاج. بەم شێوەیە سوڵحی لەگەڵ تورکەکان کرد و لەشکرەکەی بەشێنەیی بەرەو ڕۆژئاوا ئاراستە کرد، ئەویش پاش ئەوەی ئەو لەشکرگایانەی لە وڵاتی فارس بوون چوونە پاڵی. کاتێک حەججاج هاتە پێشەوە بۆ شەڕکردن دژی شۆڕشگێڕەکان شکاندیان و بەسەرەیان داگیر کرد، بەڵام حەججاج

هێشتا دەستی بەسەر دەوروبەریدا گرتبوو، لەوێوە توانی شۆڕشگێڕەکان پاشەکشە پێ بکات، لەبەرئەوە گەڕانەوە و رووبان کردە کووفە. خەلیفە جارێکیتر سوپایەکی سووریی (شامی) بەسەرکردایەتیی عەبدوڵای کوڕی و محەمەدی برای بۆ بەهاناوەچوونی حەججاج نارد. خەلیفە ئەو دوو پیاوەی راسپاردبوو سەرەتا دانوستان لەگەڵ ئیبنول ئەشعەث بکەن، بگرە رایسپاردن کە ئاماژەی بدەنێ بە دامالینی ئەمیری ئیسک گران (حەججاج). کاتێک لەگەڵ ئەوەیشدا ئیبنول ئەشعەث سوور بوو لەسەر گوێڕایەڵینەکردنی خەلیفە، سوپاکانی حکومەت هێرشیان کردە سەر و یەکەم جار لە دیر ئەلجەماجم و پاشان لە مەسکین تێکیان شکاند، کە هەندێ لە شوێنکەوتوانی لێی تەکینەوە. سەرەنجام عەبدولڕەحمان پەنای بردە بەر ئەمیرە تورکییەکەی سیجستان، کە بەکردەوە لەدەستی یەکێک لە فەرماندە عەرەبەکان رزگاری کرد، پاشان زۆری نەبرد رادەستی نێردەکانی حەججاجی کرد. بەڵام ئیبنول ئەشعەث ساڵی ٧٠٤ لە رێگەدا خۆی کوشت، بەوەی لەسەر شووڕەی کۆشکێکەوە خۆی بەردایەوە و مرد.

دروستکردنی واست و چاکسازییەکانی حەججاج

دوای ئەوەی حەججاج بەسەر ئەم دوا فیتنەیەی عەرەبە عێراقییەکاندا زاڵ بوو، ئیتر دەیتوانی خۆی ساغ بکاتەوە بۆ قایمکردنی دەسەڵاتەکەی کە لەسەر بناغەی هێزی سەربازیی شام دایمەزراندبوو. ئەوە بوو ساڵی ٧٠٢ شارێکی نوێی بەناوی (واسط) لە ناوەڕاستی رێگەی نێوان دوو شارە هەمیشە ڕاپەڕیوەکەی کووفە و بەسرە دروست کرد و کردی بە بنکە و بارەگای حکومەتەکەی. حەججاج جگە لە سەربازانی عەرەبی شامی و هەروەها تورکانی ئەودیو رووبار کە بەزۆری وەک دیلی جەنگ و دوورخراوە هاتبوونە بەسرە، یان هەندێ جار خۆیان هاتبوون، رێگەی نەدەدا کەسیتر لە واست بژی. تا کاتێک ئەو مرد رێگە بە فارس و ئارامییەکانیش درا تێیدا نیشتەجێ ببن. ئەو شارەی حەججاج دایهێنا، بەهۆی شوێنە ستراتیژییەکەیەوە پارێزگاری لە پێگەی خۆی لەناو شارەکانی عێراقدا کرد –هاوشێوەی شاری کەسکەری دەستەخوشکی کە لە بەرەکەیتری دیجلە بوو- تەنانەت لە سەردەمی عەباسییەکانیشدا، کاتێک ناچار بوو دەست لە پێگەی خۆی –وەک بنکەی حکومەت- بۆ بەغدا هەڵبگرێت.

پاشان حەججاج لە سەردەمی وەلیددا بەروبومی ئەو کارە سەختەی چنییەوە کە لە سەردەمی عەبدولمەلیکدا ئەنجامی دابوو. ئەوە بوو خەلیفەی نوێ متمانەیەکی تەواوی بە ئەمیری عێراق هەبوو، بگرە پاش ئەوەی لە مەسەلەی خیلافەتدا سەری خست بەسەر عەبدولعەزیز [کوڕی مەروان]دا هەستی دەکرد زۆر قەرزاریەتی. لێرەوە حەججاج توانای خۆی دڵسۆزانە خستەکار بۆ بووژاندنەوەی ولات کە بیست ساڵ جەنگ شەکەتی کردبوو.

بۆ ئەو بووژانەوەیەیش، یەکەم شت پێویست بوو ئەو کەناڵانە چاک بکرێن کە ئاوی هەردوو رووبار (دیجلە و فورات)یان دەگەیاندە سەرتاسەری وڵات و چاودێریکردنی بەردەوامیان، هەروەها چاککردنی ئەو بەنداوانەی بەپێتیی زەوی لە زیانەکانی بیابان دەپارێزن و لەوانە بوو بەبچوکترین تێکچوون بتەقنەوە. هەججاج بەتوندی بەرهەڵستیی کۆچکردنی لە گوندەکانەوە بۆ شارە گەورەکان دەکرد. بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایش و متمانە لە کاروباری بازرگانیدا چاکسازی لە سیستمی دراو و کێشانە و پێوانەکاندا کرد. نەک هەر ئەوەندە، بگرە باس لەوە دەکرێت بایەخی بەدانانی خاڵ و سەر و ژێر بۆ دەقی قورئان داوە، رەنگە هۆیەکی سیاسیش پاڵنەری ئەو کارە بووبێت، چونکە حافزانی قورئان هەر لە سەردەمی عوسمانەوە هەمیشە ئامادە بوون بۆ وروژاندنی هەستی خەڵک دژی حکومەت. دیارە حافزەکان لەسەر ئەو بایەخپێدانە پاداشتیان کرد بەوەی ئەو حیکایەتەیان بڵاو کردەوە کە دەڵێت لە گەنجێتیدا مامۆستای منداڵان بووە لە زێدی خۆی لە تائیف. جەریر تاکە شاعیری هاوچەرخ بوو کە ماوەیەک لایەنگری هەججاج بوو، پێشتر لە عێراق، لە سەردەمی موسعەب بن زوبێردا بەسەر هاوشانەکانیدا زاڵ بوو، شەڕێکی گەرمی لەگەڵ دژبەرەکەی لە شیعردا، فەرزدق، ئەنجام دا. عەبدولمەلیک هەروەها ئەختەڵی مەسیحی لە ململانێیدا دژی ئۆپۆزسیۆن لە خەڵکی مەدینە، بەکار هێنا، هەججاجیش جەریری بەکار هێنا بۆ پیاهەڵدان شان و شکۆیدا و پەردە هەڵماڵین لەڕووی نەیارانی نهێنیی حوکمڕانیی سووری لە وڵات.

سلێمانی کوڕی عەبدولمەلیک

بەو پێیەی باوکیان داینابوو، سلێمانی برای جێی وەلیدی گرتەوە. هەججاج لە ساڵە کۆتاییەکانی تەمەنیدا بەتوندی بەرهەڵستی ئەوەی کرد و ئامۆژگاریی خەلیفەی کرد کوڕەکەی بخاتە سەر تەختی خیلافەت. ئەم هەڵوێستەی هەججاج سلێمانی لێ تووڕە کرد، بەڵام سلێمان نەیدەتوانی تووڕەیی خۆی بەسەر جگە لە کاربەدەستەکانی خۆیدا بڕێژێت. لەگەڵ هاتنە سەر تەختدا والیی مەدینە، عوسمان ئەلمورِی لە پۆستەکەی لادا. والیی خوراسان، قوتەیبەی کوڕی موسلیم، کە وڵاتگیرییەکانی پێگەیەکی تایبەتیان پێ بەخشیبوو، ویستی پێش چارەنووسی خۆی بکەوێت و بانگی سوپاکانی کرد شۆڕش دژی خەلیفە رابگەیەنن، بەڵام بەنی تەمیم، کە دابڕان کەوتبووە نێوانیان، لێی یاخی بوون و کوشتیان. پاشان خەلیفە میرنشینەکەی هەججاجی بە دوژمنی باوەکوشتەی هەججاج، یەزید کوڕی سەرکردەی بەناوبانگ موهەلەب کوڕی ئەبی سەفرە، سپارد. ئەم یەزیدە جێگەی باوکی - وەک والیی خوراسان- گرتەوە پاش مردنی، بەڵام زۆری نەبرد کێشە لەنێوان ئەو و

سەرۆکەکەی لە عێراق سەری هەڵدا. حەججاج خوشکەکەی خواستبوو، بەڵام میانگیریی هاوسەرەکەی بەتوندی ڕەت کردەوە و هەوڵی دا وا لە خەلیفە بکات یەزید لە کارەکەی لابێبات، بگرە یەک سالّی تەواو خستیە زیندان. پاشان یەزید توانی هەڵبێت بۆ ڕەملە و خۆی بگەیەنێتە شازادەی جێنشین (وەلی عەهد)، کە پاشتر ناردی بۆ عێراق و لەوێ دەیتوانی تۆڵە لە شوێنکەوتوانی والیی پێشوو بکاتەوە. خەلیفە (دەوترێت لەسەر قسەی یەزید) دارایی بە بەرپرسێکیتری تەکنیکی سپارد، لەبەرئەوەی یەزید نەیدەویست خۆی دووچاری رق و تووڕەیی گەل بکات کە لەژێر باری باجی گران گراندا دەینالاند. ڕەنگە خەلیفە خۆیشی ئەو کارەی کردبێت و لەوەدا شوێن نەریتێکی ئەزموونکراو کەوتبێت. زۆری نەبرد یەزید بەینی لەگەڵ بەرپرسە دارایەکەدا تێکچوو پاش ئەوەی بەرپرسی ناوبراو داواکارییەکانی لە گەنجینەی دەوڵەت ڕەت کردەوە. بەم شێوەیە چاوی لە کارێک بوو سوودی زیاتر بێت بۆی، لەبەرئەوە داوای لە خەلیفە کرد بیگوێزێتەوە بۆ خوراسان لەگەڵ پارێزگاریکردنی لە دەسەڵاتی ڕەها لە عێراق. ئەویش داواکەی بۆ جێبەجێ کرد. سەرکەوتنەکانی لە ڕۆژهەڵات لاواز و بێ بایەخ بوون. ئەمە جگە لەوەی زەوتکردن و ڕووتاندنەوە خەڵکی پەست و تووڕە کرد بەڕادەیەک خەلیفە، ماوەیەک پێش مردنی، بیری لە لێبێچینەوەی کردەوە. سەرەنجام یەزید سزای خۆی لە سەردەمی دوو جێنشینەکەی سلێماندا وەرگرت.

سلێمان بارەگای لە ڕەملە لە فەلەستین دانا کە پێش ئەوەی ببێتە خەلیفەی موسڵمانان لەوێ دەژیا. لەوێ خۆشەویستی و لابەندیی دانیشتوانەکەی بەدەست هێنابوو. لە دابق لە باکووری سووریا سەربازگەیەکی گەورەی دامەزراند بۆ جەنگ دژی بیزەنتییەکان، کە زۆر جار خۆی بەمەبەستی سەرپەرشتیکردنی ڕەوتی کارەکان تێیدا سەردانی دەکرد، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو لە بەدیهێنانی هیچ سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوە. ڕاستە سوپاکانی بەئاراستەی ڕۆژئاوا پێشڕەوییان کرد پاش ئەوەی لە پایز و زستانی سالّی ٧١٥دا عەموورییەیان بەبێهووده گەمارۆدا، تەنانەت گەیشتنە برغاموس و ساردس و بۆ ماوەی ساڵێکی تەواو تەوقی قوستەنتینییەی کرد. بەڵام پاشتر ناچار بوو بەنائومێدی پاشەکشە بکات[٤٢]. سلێمان ساڵێک پاش ئەوە، لە ئەیلولی ٧١٧ لە دابق کۆچی دوایی کرد.

---

[٤٢] ئەو شەڕانە هیچ ئەنجامێکیان نەبوو جگە لە خنکاندنی بازاڕی کۆیلەکان بە دیلەکانی ڕۆم (یۆنانییەکان). جارێکیان وا هەڵکەوت سلێمان لە مەدینە بوو، لەڕێی گەڕانەوەی لە حەجدا بوو، چوارسەد ڕۆمی بەدیاری بەخشییە هەندێ لە کەسە نزیکەکانی لەوێ، ئەوانیش شمشێریان لە گەردنیاندا خستە کار، وەک لە قەسیدەیەکی شانازی بەخۆکردنی جەریردا دەیبینین، کە لەو کەسانە بوو بەشداریی ئەو کارەیان کردبوو.

عومەری کوڕی عەبدولعەزیز و چاکسازیی ناوخۆیی

وەسیەتی عەبدولمەلیک ئەوە بوو پاش ئەو براکەی ببێتە خەلیفە، لەگەڵ ئەوەیشدا سلێمان بەیعەتی بۆ ئەیوبی کوڕی وەرگرت. بەڵام لەبەرئەوەی کوڕەکە پێش باوکی مرد سلێمان چووە سەر قسەی زانا (رجاء بن حیوة) و خیلافەتی سپارد بە ئامۆزا دیندارەکەی، عومەری کوڕی عەبدولعەزیز، کە لەڕاستیدا دەیتوانی بەبێ ڕێلێگرتن وەربیگرێت.

عومەری دووەم (کوڕی عەبدولعەزیز والیی میسر، کە زۆر تەمەنی کرد) کە بنەچەی لەسەری دایکییەوە دەگاتەوە بە عومەری یەکەم، لە مەدینە زۆر شانازی بەو خزمایەتییە دەکرد و لەوێ ڕۆژانی گەنجێتی بەسەر برد و لەگەڵ شوێنکەوتە لەخواترسەکانی پێغەمبەر دەژیا و تێکەڵی دەکردن. ساڵی ٧٠٦یش هێشتا پەیوەندیی تۆندوتۆڵی لەگەڵیاندا هەبوو کاتێک وەلید بە ئەمیری حیجاز دایمەزراند. دە زانای خواناسی بانگ کرد و ئەنجوومەنێکی هەمیشەیی لێ پێکهێنان و ڕاوێژی پێ دەکردن، بەوەیش گەرەنتی ئەوەی کردبوو سەرجەم کارەکانی بەگوێرەی سوننەتی پێغەمبەر بێت. بەڵام زۆری نەبرد حەججاج وای لە وەلید کرد لایببات بەهۆی ئەوەی دەرگاکانی مەدینەی بەڕووی پەنابەرانی عێراقدا کردبوویەوە، ئەگەرچی وەلید هێشتا هەر خۆشی دەویست و پێی سەرسام بوو.

عومەر هەر کە دەسەڵاتی گرتە دەست فەرمانی بە سوپا ئیسلامییەکان لە ئاسیای بچووک کرد پێشڕەویکردن رابگرن، لەبەرئەوەی دەیویست چاکسازیی ناوخۆیی بکات و ئەو بەهایانەی ژیانی سیاسی بەدیبێنێت کە هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە لە مەدینە ویژدانیان پڕ کردبوو. بەڵام ئاشتیخوازیی ئەو نەیتوانی والی و ئەمیرەکانی لەوپەڕی ڕۆژئاوا جڵەو بکات، کە چیاکانی برانسیان تێپەڕاند و پەلاماری فەرەنسای باشووریان دا و بنکەیەکی هەمیشەییان بۆ سەرکردایەتی لە ئەربونە دامەزراند، ڕەنگە ئەوەیان ڕێک لە سەردەمی خیلافەتەکەی ئەودا کردبێت. عومەر هەوڵی دا سۆزی عەلەوییەکان، دژبەرانی کۆنی بەنی ئومەیە، بەدەست بێنێت، بەوەی مێرگی فەدەکی پێ بەخشین کە پێشتر پێغەمبەر پاش فەتح بۆ خۆی هەڵگرتبوو و پاشان بوو بە موڵکی دەوڵەت، هەروەها جوێندان بە عەلی کوڕی ئەبوتاڵیبی لەسەر مینبەرەکان هەڵوەشاندەوە، ئومەوییەکانی پێش ئەو نەفرەتیان لێ دەکرد بەشێوەیەک بووبوو بە نەریت. هەروەها بەپێی توانای خۆی هەوڵی ڕاکێشانی مەسیحییەکانی دا. بە کەنیسەی قەشە تۆما لە غۆتە قەرەبووی کەنیسەی قەشە یۆحەننای بۆ کردنەوە کە وەلید دەستی بەسەردا گرت، ئەگەرچی (ئەوەی یەکەم) لەکاتی فەتحەوە بەپێچەوانەی مەرجەکانی خۆبەدەستەوەدان، کرابوو بە مزگەوت. نەک هەر ئەوە، بگرە بارگرانیی جیزیەیشی لەسەر مەسیحییەکان لە قوبرس و ئەیلە (لەسەر کەنداوی عەقەبە) و نەجران لە باشووری نیشتمانی عەرەب، سووک کرد. هەروەها مەوالی و

عەرەبی لە باری شەرعیدا یەکسان کرد –کە پێشتر مەوالی لە خوار عەرەبەوە بوون، کە ئەوە هۆی زۆر ناڕەزایی بوو لە عێراق- و جەنگاوەرانیانی لە خوراسان لە باج بەخشی، ئەمە جگە لە مووچەکانیان، بەوە پایەکانی ئیمپراتۆرییەتەکەی بۆ جێنشینەکانی قایم کرد:

چاکسازیی دارایی

بەڵام گرنگترین شت کە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بایەخی پێدا چاکسازیی دارایی بوو. چونکە ئەو سیاسەتی باجەی عومەری یەکەم دایهێنا نەیتوانی ئامانجەکانی بەدیبێنێت، ئەویش پاش ئەوەی زۆر لە موسڵمانەکان بوونە خاوەن زەوی لە وڵاتە فەتحکراوەکاندا و داوای بەخشینیان لە باج دەکرد، هەروەها زۆر لە دانیشتوانی گوندەکانیش کە پابەندکراو بوون بە جیزیەدان موسڵمان بوون و دەیانتوانی لە باجدان بە دانیشتوانی شارەکان رزگاریان ببێت. حەججاج لەڕێی قەدەغەکردنی کۆچکردن [بۆ شارەکان] و فەرزکردنی باج لەسەر مولکەکانی موسڵمانەکان خۆیان، هەوڵی دا چارەسەری ئەو گرێ کوێرەیە بکات. بەڵام عومەری کوڕی عەبدولعەزیز لەلایەنی بەرانبەرەوە بۆی چوو، بەوەی پابەند بوو بە هەڵگرتنی جیزیە لەسەر سەرجەم موسڵمانان، لە هەمان کاتدا رێسایەکی زیندوو کردەوە کە عومەری یەکەم دایهێنا، ئەویش ئەوە بوو کۆی زەوییە فەتحکراوەکان مولکی کۆمەڵگەی ئیسلامین، لەبەرئەوە قەدەغەی کرد هیچ تاکێکی موسڵمان لە ئایندەدا دەست بەسەر هیچیدا بگرێت. جا ئەگەر جووتیارێکی (ئەهلی زیممە) هاتە ناو ئیسلام، زەوییەکەی دەخرێتە سەر مولکەکانی کۆمەڵگە لە گوند. ئەگەر ویستی لە چاندنی بەردەوام بێت دەبوو بەکرێ بیگرێت، ئەو بەکرێدانە یارمەتی کۆمەڵگە دەدات بتوانێت ئەو باجەی لەسەریەتی بیدات. هەرچۆن بێت عومەر نیەتێکی چاکی هەبوو و بڕیارەکەی لە عەقڵێکی لاهووتیەوە سەرچاوەی نەگرتوە –وەک هەندێ گومانیان بردوە- کە بەدوای ئاخیرەتدا هەوڵ دەدات. بەڵام دەرفەتی پێویستی نەدرایە لە ماوەی حوکمە کورتەکەیدا بەچالاکی و لێبڕانەوە جێبەجێی بکات –ئەوە بوو لە ٩ی شوباتی ٧٢٠ مرد- تا جێنشینەکانی پاش ئەو هاتن شوێنکەوتنی رێگەکەی حەجاجیان پێ باشتر بوو، چونکە ئاسانتر و بێ سەرێشەتر بوو.

یەزیدی دووەم

یەزیدی دووەم، جێنشینی عومەر، سێیەم کوڕی عەبدولمەلیک، دەبوو رووبەڕووی شۆڕشێک ببێتەوە کە راستەوخۆ پاش ئەوەی خیلافەتی وەرگرت، لە عێراق بەرپا بوو. ئەویش چونکە عومەری دووەم، یەزیدی کوڕی موهەلەب والیی خوراسانی بەند کرد لەبەرئەوەی پێنج-یەکی ئەو غەنیمەتەی نەدایە ماڵخانەی موسڵمانان کە لە هەڵمەتەکەی دواییدا دەستی کەوتبوو، هەروەها وەک شانازی و خۆهەڵکێشان زیادەڕەوی لە

وەسـفکردنیدا کـرد. هەروەهـا چـاوەڕوانی هـیچ بەزەییەکـی لەلایەن یەزیـدی کـوڕی عەبدولمەلیکەوە نەدەکرد، کە برازای حەججاج، دوژمنی دێرینی، مارە کردبوو. بەم شێوەیە لە حەپسخانەکەی لە حەلەب هەڵهات و چوو بۆ بەسرە و لەوێ هۆزەکەی خۆی، ئەلئەزدی و خزمەکانیـان لە عەرەبـی باشـووری هەڵنـا بـۆ جـارپدانی جیهـاد دژی ئومەوییەکـان وەک دوژمنانی دین. فارس و کرمان چوونە ژێر بەیداخی. خەلیفە سـەرەتا هەوڵی دا پەیوەندی بە ئیبن ئەلموهەلەبەوە بکات، بەڵام زۆری نەبـرد مەسـلەمەی کوڕی عەبـدولمەلیکی نـاردە سەر شۆڕشگێڕان، کە لە سەردەمی ئەوانەی پێش خۆیدا ئەستێرەی دەرەوشایەوە و توانای خـۆی لە شـەپەکانی ئاسـیای بچووکدا سـەلماند. لە ٢٥ی ئـابی سـاڵی ٧٢٠ شـەڕ لەنێـوان هەردووڵا لەنزیک گوندی ئەلعەقر لەنێوان واست و کووفە هەڵگیرسـا، سـەربازانی خەلیفە زاڵ بـوون، یەزید بـن مـوهەلەب خـۆی کـوژرا و خێـزانەکەی بەرهەمـزە (استباحە) کـران، پیاوەکانیان کوژران و ئافرەت و منداڵەکانیان، بەپێچەوانەی عورفی باو، لە بـازاڕی کۆیلەدا فرۆشران.

گێڕانەوەکـانی نەیـارانی ئومەوییەکـان، هاوشـێوەی پیشـاندانی هاونـاوەکەی پێشـووی [یەزیـدی یەکەم]، یەزیـدی دووەم وەک کەسـێک پیشـان دەدەن لەنـاو کەیـف و سـەفا و ئاهەنـگ و مۆسـیقادا نـوقم بـووە، کەنیـزەک و کـچە گۆرانیبێژەکـان سـەرقاڵیان کـردوە و کاروبارەکـانی هەرێمەکـانی بـۆ والـی و کاربەدەسـتەکانی بەجێهێشـتوە چۆنیـان دەوێـت هەڵیبسـورێنن. لەڕاسـتیدا سـەردەمە کـورتەکەی بەردەوام پـڕ بـوو لە چـالاکیی جۆراوجـۆر تەنـانەت پـاش لەنـاوبردنی فیتنەکەیش لە عێراق. ئەوە بـوو ئیدارەی لە مەککە و مەدینە یەکخسـت و چاکسـازیی لە دیـوانی هۆزەکانـدا کـرد لە میسـر، کە بنـاغەی مـووچە و پێدراوەکانیان بوو. نەک هەر ئەوە، بگرە هەوڵی دا چارەسـەری ئەو ناهەقییانە بکات کە لە چاکسازییە دارایییەکانی عـومەری دووەم کەوتنەوە، بەهەندێ ڕێوشوێن کە بەدڵی خەڵک نەبوون، وەک سـەپاندنەوەی باج لەسـەر زەوی و زار پـاش ئەوەی ئەوانەی پێش خۆی لە زۆر وێـلایەت و هەرێـم هەڵیانوەشـاندبوویەوە. لە سیاسـەتی مەسـیحییەکاندا ئاراسـتەیەکی جیاواز لە عـومەری کوڕی عەبدولعەزیزی گرتەبەر کە لەسـەر بنـاغەی ڕێز و دۆسـتایەتی دامەزرابوو. یەزید تەنها بەدەستگرتن بەسـەر ژمـارەیەک لە کەنیسـەکانیاندا وازی نەهێنـا، بەڵکـو فەرمـانی کـرد بە شـکاندنی پەیـکەرە ئاینییەکانیـان[٤٣]، ئاسـتەمە –وەک گێـڕانەوە پاشینەکان دەیانەوێت بیسـەلمێنن- سـۆزێکی وا بـدرێتە پاڵ ئەو پیاوە کە هێندە بۆ مردنی یەکێک لە کەنیزەکە نزیکەکانی خەفەت بخوات کە ببێتە هـۆی مردنی لە کـانوونی دووەمـی ساڵی ٧٢٤ لە کۆشکی ئەربەد (یـان ئیزبد وەک هەندێ گێڕانەوەیتر دەیڵێن) لە ڕۆژهەڵاتی ئوردن.

---

[٤٣] ژمارەیەک لە مەسیحی و موسڵمانەکان شایەتییان لەسـەر ڕاسـتی ئەم مەسـەلەیە داوە، ئەگەرچی وەتاوزن گومانی خستۆتە سەری. بڕوانە: Caotani, Chronographia Islamica, II, p. 1284, 19.

کۆشکەکانی ئومەوییەکان لە بیابان

لەڕاستیدا ڕۆژگار ژمارەیەک لەم کۆشە بیابانییانەی (بەلقا)ی، لە دۆخێکی باشدا، بۆ پاراستوین، کە خەلیفەکانی بەنی ئومەویە ناوبەناو بۆ پشوودان لە ماندوێتییەکانی حوکمڕانیکردن پەنایان بۆ دەبردن، بەشێوەیەک دەتوانین بیرۆکەیەک لەمەڕ ئەندازە تەلارسازییەکانیان گەلاڵە بکەین. بەناوبانگترینی ئەو کۆشکانە کۆشکی ئەلمەشتا (المشتی)یە، کە سوڵتان عەبدولحەمید بەشێکی گەورەی پاسار (افریز)ی ڕووکارەکەی بەدیاری دایە قەیسەر ولیەمی دووەم و ئێستا لە مۆزەخانەی فریدریک لە بەرلین نمایش کراوە. ئەوە بە نموونەیەک لە یەکەمی دوو جۆر یاخود تەرزەکەی بیابان دادەنرێت، واتە خێوەتگەی ڕەوەندی (بدوی)ی بەردین[44]. ئەو کۆشکە لەسەر پارچەیەک زەویی چوار گۆشە دروست کراوە درێژی هەریەک لە لاکانی ١٥٧ یاردەیە، شوورەیەکی بەتاوەر قایمکراو دەوری داوە، لای باشووری ڕووکارێکی شکۆدار پێشان دەدات و لە ناوەڕاستیدا دەروازەیەکی تێدایە، کە ئەویش لای خۆیەوە بە دوو تاوەر دەورە دراوە. ناو کۆشکەکەیش بۆ سێ باڵ یاخود ڕاڕەو دابەش دەبێت. لە ناوەڕاستدا دەروازەکە و ئەو ناوچەیەی دەوری داوە لەڕێی حەوشەیەکی کراوەوە کە حەوزێکی ئاو لە ناوەڕاستیدا دەچێتە ناو دالانی ئەمیر، کە بە هۆڵێک کۆتایی دێت سێ میحرابی گومەزداری هەیە. دوو تاقی شێوە لوولەکی لەلای ڕاست و چەپەوە ئەم هۆڵەیان لەئامێز گرتووە کە لە کەوانە تیژە نزمەکان پێکدێن کە هونەری فارسی و پاشتر هونەری ئیسلامی پێ دەناسرێتەوە. ئەوەی لە خوار و خێچییەکانی دەخوێنرێتەوە ئەوەیە لە بنەڕەتدا نیاز هەبووە چەند ژوورێک لە هەریەکەیاندا دروست بکرێن، بەڵام ئەوە جێبەجێ نەکراوە. ڕووکاری دەرەوەی دەرگاکە بە "کۆمەڵێک پاسار" ڕازێنراوەتەوە کە نەخشەکانی لەنێوان هێڵی ئاسۆیی و هێڵی ستوونیدان، بەشی سەرەوەیشی لە شێوەی پشتییەکی تەختدا کۆتایی دێت، لەکاتێکدا تاجی ستوونەکانی دالانەکە لە مەڕمەڕی هاوردەکراوی ڕەنگکراو بە شینی خۆڵەمێشین، کە لە ولاتی جەزیرە ڕەنگێکی پەسەندە. هەرچی تاجی تاقی سەرکەوتن و باکگراوندی ڕووکارە دەرەکییەکەیە، خراونەتە سەر کۆمەڵێک ڕووکاری تەخت، وەک تۆڕ یان مافوور. ڕووکاری دالانەکەیش هەمان نموونەی ڕووەکی تێکڕاو پێشان دەدات کە ستوونەکان پێشانی دەدەن، بەڵام لە ڕەنگێکی ڕەشی تاریکدا داڕێژراوە. هەرچی هۆڵی تەختی میرە، بەبوونی کۆمەڵە میحرابێک

---

[44] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- E. Diez, Die Kunst der islamischen Volker p. 23 ff

هەروەها بروانە وتارێکی هەمان دانەر لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی، ب٣، ل٦١٢-٦١٤.

- H. Lammene, La Badin et la Hira sous les Omaiyyades in Melangis de la Faculte Orientale de Beirouth, IV.

که چەند ستوونێک دەوریان داون جیا دەکرێتەوە، ئەوەیش شێوازێکە پاشتر لە میحرابەکانی نوێژ لە مزگەوتەکاندا دەیبینین.

ئەگەر ئێمە ناتوانین بەڵگەی بنبڕ لەسەر ئەسڵی کۆشکی مەشتا (مشتی: واتە شوێنی زستانە)ی ئومەوی بێنینەوە، سەرباری ئەوەی "ئومەوییوون"ی کۆشکەکە تا رادەیەکی زۆر زاڵە[٤٥]، بەڵام ئەو نووسینانەی لە کۆشکێکیتردا پارێزراون لە رۆژهەڵاتی لای باکووری دەریای مردوو –مەبەست کۆشکیلەی عەمرەیە کە موسیل Musil دۆزییەوە- بەڵگەیەکی راستەوخۆن لەسەر ئەوەی لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەشتەمدا دروست کراوە. جێی داخە ئێمە لێرەیشدا ناتوانین بنیاتنەری کۆشکەکە ساغ بکەینەوە. لەسەر یەکێک لە دیوارەکانی کۆشکەکە وێنەی چوار پاشا دەبینین، کە پێدەچێت ئەو ئیمپراتۆرییەتانە بنوێنن کە ئیسلام فەتحی کردن، لە سەرووپانەوە بە پێتی عەرەبی و یۆنانیش نووسراوە، بەشێوەیەک بینەر هەریەکەیان لەویتر جیا دەکاتەوە. ئەمە قەیسەرە، ئەوە کیسرایە، ئەمە نەجاشی (پاشای حەبەشە) و ئەوەیان لزریق یاخود رۆدێریک (دواین پاشای قووتیی ئیسپانیایە)، لەپاڵ پاشاکانی ئەو ئیمپراتۆرییەتە جیهانییانەدا دوو وێنەیتر هەن هیچیان لەسەر نەنووسراوە. ئەگەر ئەوانە بەگوێرەی شوێنی جوگرافی مەملەکەتەکانیان رێک خرابن، ئەوا بێرچن Berchen بۆ ئەوە چووە وێنەی سێیەم کە پاش وێنەی کیسرا دێت حاکمی ئیمپراتۆرییەتێک پیشان بدات دەکەوێتە رۆژهەڵاتی فارس، جا یان وێنەی مەچوی (خاقانی تورکستانی رۆژهەڵاتە کە ساڵی ٧١٦ کوژرا)، یان دەبێت وێنەی ئیمپراتۆری چین خۆی بێت. بینەر لە پاشخانی وێنەکەدا سەری دوو کەسیتر دەبینێت گومان لەوەدا نیە دوو ئەمیری لاوەکی پیشان دەدەن لەو ئەمیرانەی ئیسلام ولاتەکانیانی رامالّی. پێدەچێت دەموچاوی سێیەمیان وێنەی ئەمیری ولاتێک بێت دەکەوێتە رۆژهەڵاتی حەبەشە، رەنگە یەکێک لە ئەمیرە تورک یان هیندییەکان بێت، بۆ نموونە وەک داهر حاکمی سند (کە ساڵی ٧١٢ فەتح کرا). لەسەر ئەم بناغەیە دەکرێت وا دابنێین وەلیدی یەکەم دروستکەری ئەم کۆشکەیە. بیناکە کە لە بەردی کلسینی مەیلەو سوور دروست کراوە، هۆڵێکی سەرەکی سەرگیراو بە سێ تاقی لولەکی لەخۆ دەگرێت، لەبەرانبەر دەروازەکەدا دەچێتە ناو میحرابێک کە تاقێکی لولەکیی نزمی هەیە، لە هەر لایەکیەوە ژوورێک هەیە، کە ئەوانیش لای خۆیانەوە تاقی لولەکییان هەیە. رونا کی لەڕێی شەش پەنجەرەی بچووکەوە کە لە دیواری تاقە لولەکییەکانی پێشەوەدان، دێتە ناو ئەو دالانە. لەلای رۆژهەڵاتەوە ژووڕە سەرەکییەکە سێ ژووری بچووکی لەتەنیشتدایە یەکەمیان بە تاقێکی لولەکی، دووەمیان بە تاقێکی شێوە خاچ و سێیەمیان بەگومەزێک، سەرگیراوە. ئەمەیش بەشی گەرماوەکان لە

---

[٤٥] لامنس لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی ب٤، لا١١١٢دا بۆ ئەوە چووە کۆشکەکە بۆ وەلیدی دووەم دروست کراوە. بەڵام ئەو بڕگەیەی لامنس لە کتێبی میژووی بەتریق یاخود (سەرکردە)کانی ئەسکەندەریەدا پشتی پێ بەستووە، بەدڵنیاییەوە ئاماژە بۆ کۆشکی مەشتا ناکات.

کۆشکدا پێکدێنێت که ژمارەیەک شوێنی دانیشتنی بەدرێژایی دیوارەکە بۆ کراوە، لەگەڵ تۆڕێک بۆربی ئاو. ئەم چوار ژوورە بەکۆمەڵێک وێنە رازێنراونەتەوە و بەشێوەیەکی نایاب بۆمان ماونەتەوە، کە نوێترین داهێنانی هونەری هیلینی بوون لە وڵاتانی ئاسیاییدا.

لەسەر دیواری میحرابی پێشەوەی ژوورە سەرەکییەکەدا وێنەی پیاوێکی ریشدار دەردەکەوێت جلی ئەمیرانەی لەبەردایە و خەرمانەیەکی نوور بەدەوری سەریەوەیە، چووەتە سەر تەختێک لەژێر تارایەکدا، کە لەسەر چەند ستوونێک دامەزراوە. ئاشکرایە ئەوە خەلیفەیە، لای ڕاستی ئافرەتێک وەستاوە و دەستی ڕاستی بەرز کردۆتەوە، لای چەپیشی پیاوێک بەدارێکەوە وەستاوە و هەردووکیان ئاماژەیان بۆ ئەو کەسە کردوە لەسەر تەختەکە دانیشتوە. نیوە بازنەکە پۆلێک باڵندەی بیابان دەوریان داوە کە بە قەتێ ناسراوە و زۆر جار شاعیران وەسفیان کردوە. لەدەوری بنکەی تەختەکەیش شەپۆلەکانی دەریا بەیەکدا دێن، ماسییان تێدا دیارە، هەروەها بەلەمێک لە بەلەمەکانی ڕاوی بەسەرەوە دەبینرێت. لە ناوەڕاستی دیوارە ڕۆژئاواییەکەیدا ئافرەتێکی ڕووت لەبەردەم حەوزێکی ئاودا دەردەکەوێت، هەروەها بەلای ڕاستدا ژمارەیەک وەرزشوانی ڕووت لە دۆخی جیاوازدا دەبینرێن. بەڵام لای چەپ وێنەی ئەو پاشایانە هەن کە باسمان کردن. لەوەی ماوە لە ڕووی دیوارەکە وێنەی پێشبڕکێیەکی ئەسپ و ڕاوکردنی کەری وەحشی و بزنە کێوی و هەندێ دیمەنێتری کاروبارەکانی ژیان و وێنەی ڕەمزیی ئافرەتان دەبینرێت. لە هۆڵە گومەزدارەکانیشدا بازنەی بورجەکان و خولگەکانی باکووری وێنە کێشراون. گەرماوەکەی ناوەڕاست دیمەنی خۆشۆردنی لەگەڵ ئافرەتانی ڕووتی تێدایە، لەکاتێکدا دوو پارچەی شێوە هیلالی لە ژووری سێیەمدا خەلقکردنی مرۆڤ و کەوتنە ناو هەڵەی پیشان دەدەن. لەسەر دیوارەکەی پێشەوەی لای ڕاست ئافرەتێک دانیشتوە کە لە مانگە کۆتاییەکانی دووگیانیدایە بەلای چەپدا، پیاوێکیش وەستاوە و پشتی لە بینەر کردوە بەلای ڕاستدا، لەنێوانیشیاندا لە خوار وێنەکەوە منداڵێک کەوتوە و دەگری و بەپێکانی لەقە لە زەوی دەدات. لەسەر دیوارەکەی پێشەوەی لای چەپیش ژنێک لەبەردەم تەرمی پیاوێکدا وەستاوە و فریشتەی مەرگ، ئیزرائیل دووری دەخاتەوە لێی. تاقە لولەکییەکە تەمەنەکانی مرۆڤ پیشان دەدات لە تابلۆی نیوەییدا، هەرچی تابلۆ چوارگۆشەکانن کە دەوری ئەو دیمەنانەیان داوە، هاوشێوەی دیوارەکان بەگشتی، چەندین وێنەی ئاژەڵ و باڵندە پیشان دەدەن.

جگە لەم دوو کۆشکە لە کۆشکەکانی بیابان، کە ڕۆژگار لە دۆخێکی باشتر لە کۆشکەکانیتر پاراستوونی بۆمان، کۆشکی "ئەلمووەقەر" دەناسین کە یەزیدی دووەم دروستی کردوە و -بەپێی مۆدێلی ساسانی- لەسەر چەند هەیوانێکی تاقدار دامەزراوە، بەڵام دەستی ڕۆژگاری بەرکەوتوە و هیچی نەماوە جگە لە بناغەکەی. نابێت ئەوەیش فەرامۆش بکەین کە ئومەوییەکان هەندێ لە قەڵا ڕۆمانییەکانیان لەسەر سنوورەکانی وڵاتی عەرەب نۆژەن کردەوە و کردنیان بۆ کۆشک بۆ خۆیان.

خیلافەتی هیشام

یەزیدی دووەم، هیشامی برای جێگەی گرتەوە[٤٦]، کە بەزۆری بارەگای لە رەسافە لەسەر فورات دادەنا. لە خۆشبەختیی ئەو، خالید کوڕی عەبدولای قەسری وەک والیی عێراق دەست کەوت کە هەردوو والیی مەزنی پێشوو، زیاد و حەججاجی بیر دەخستەوە. لەو رووەوە خالید کە لە خێڵێکی کەم بایەخ بوو، لەسەروو حزبەکانەوە وەستا، توانی سنوورێک بۆ چالاکیی فیتنەگێڕانی قەیسی دابنێت. بەڵام گەورەترین خزمەتی بۆ عێراق بەدواداچوونی بەرفراوانی بوو بۆ کارە چاکسازییەکان کە حەججاج دەستی پێکردن. لەڕاستیدا زۆنگاوەکانی دیجلەی خواروو لەدەوری واست وشک کرد، بەوەیش زەوییەکی بەرفراوانی مردووی زیندوو کردەوە و کردی بە کشتوکاڵ، ئەوەیش داهاتێکی زۆری دەست خست.

شۆڕشی زەیدی کوڕی عەلی

خالید سامانێکی گەورەی لەم پرۆژانە دەست کەوت، بەڵام ئەمە خەلیفەی لێ تووڕە نەکرد، لەبەرئەوەی هیچکات لە دانی ئەو باجانەی لەسەری بوون بەکۆشک لە دیمەشق کەمتەرخەمی نەدەکرد. بەڵام کاتێک تەماع لەخشتەی برد و دەستی دایە سفتەبازی (مضاربة) بە گەنم grain speculation، دژبەرەکانی توانییان خەلیفە وا لێبکەن پاش ویلایەتێک کە پازدە ساڵی خایاند لە پۆستەکەی لایبدات. هەر کە عێراق لە مستی ئاسنینی قوتار بوو سەقامگیری و ئاسایش لەو وڵاتە هەڵگیرا. لە کووفە زەیدی کوڕی عەلی (کوڕی حسێن) یەکێک لە نەوەکانی عەلی یاخی بوو و داوای مافی بنەماڵەکەی لە خیلافەتدا دەکرد. خەڵکیش بەیعەتیان پێدا بەو مەرجەی کتێبی خودا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی بکاتە ڕێبەر و پێشەوا، لەگەڵ دەسەڵاتدارانی خراپەکار بجەنگێت، بەرگری لە لاوازان بکات، دادپەروەری لە کێشەی ئەوانەی هەقدەستەکانیان زەوت کرابوو بەدیبێنێت، داهاتی دەوڵەت بەیەکسانی دابەش بکات و سەربازانی جەنگاوەر لە وڵاتانی دوورەدەست بانگ بکاتەوە. ئەگەرچی ئەمیری عێراق، یوسف کوڕی عومەری ثەقەفی توانی بەبێ زەحمەتییەکی ئەوتۆ شۆڕشەکە کپ بکاتەوە پاش کوشتنی زەید لە شەڕێکدا کە لە شەقامەکاندا بەرپا بوو، بەڵام ئەم شۆڕشەی زەید سەرەتای زنجیرەیەکی دوور و درێژ بزوتنەوەی شیعی بوو، کە

---

[٤٦] بڕوانە: G. Gabriel, II califato di Hisham, studi di storia omayyade, Mem, Soc. Arch, Alexandrie, VII, 2, 1935.

سەرەنجام بووە مایەی هەرەسهێنانی ئومەوییەکان. لە سەدەی نۆیەمدا شۆڕشێکەوتوانی ئەم زەیدی کوڕی عەلییە دەوڵەتێکیان لە یەمەن دامەزراند کە بەدرێژایی سەدە پڕ زریانەکان خۆی راگرت و بوو بە تاکە دەوڵەتی عەلەوی کە تا ئەمڕۆیش ماوە[٤٧].

هیشام دەستی بەجەنگ دژی بییزەنتییەکان کردەوە، کە جەنگەکە پاش شکستی موسڵمانان لە دواین هێرشیان بۆ سەر پایتەختی بیزەنتی لە ساڵی ٧١٦-٧١٧، سارد بووبوویەوە. بەڵام ئەو شەڕانەی سەربازانی هیشام کردنیان نەبوونە مایەی سەرکەوتنێکی هەمیشەیی، چونکە وا باو بوو ئەو شۆڕشانەی لە هاوین گرتبوونیان لە زستان چۆڵیان دەکردن. خەلیفە خۆی یەک جار ساڵی ٧١٤ ناچار بوو بەشداریی شەڕ بکات کاتێک بیزەنتییەکان هێرشیان کردە سەر شاری مەڵتیە دوای ئەوەی ساڵی پێشتر شکستێکی گەورەیان بەسەر عەرەبدا هێنا لە ئاکرۆینۆس (رەبز ئەقرەن) لە فریجیا.

شالاوەکانی عەرەب لە فەرەنسا

لە سەردەمی هیشامدا عەرەبەکان توانییان بەتوندی بەئاراستەی رۆژئاوا تەکان بدەن. لەڕاستیدا ناکۆکیی نێوان عەرەب و بەربەرەکان بوو، کە ئەمانەی دوایی هەستیان دەکرد بەشخوراون، تا ئەو کاتە کۆسپی بەردەمی موسڵمانان بوو لە جەنگان دژی مەسیحییەکان لە ئیسپانیا. سەرکردەی بەربەری "مونازە" تا رادەی جیابوونەوە لە عەرەب و سەربەخۆبوون بەدرێژایی سنوورەکانی باکوور و هاوپەیمانیکردن لەگەڵ یودیس Eudo دوقی ئەقیتانییە، رۆیشت. لەبەرئەوە هیشام ئەمیرێکی نوێی لەسەر ئەندەلوس دانا ئەویش عەبدورەحمان کوڕی عەبدوڵا بوو، کە مونازەی بەزاند و پاشان هەڵگەڕایەوە بۆ یودیس و لەنێوان هەردوو رووباری جەرونە و دوردونیدا شکاندی و لە پێشڕەویکردن بەئاراستەی رووباری لوار بەردەوام بوو. بەڵام لەوێ، لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٧٣٢ لەنێوان تووور و بواتییەدا، سەری بە شارل مارتێڵدا هەڵتەقی. فرنجە ئوستڕازییەکان سەرسەختانە بەڕووی هەڵمەتە عەرەبییەکەدا خۆیان راگرت، بەشێوەیەک عەرەبەکان ناچار بوون پاشتر لە تاریکیی شەودا بکشێنەوە، سەرکردەکەیشیان کوژرا. ئەگەرچی ئەو ئەمیرانەی جێگەیان گرتەوە دەستیان بە غەزوەکانیان بۆ سەر وڵاتی گال Gual کردەوە، بەڵام زۆر جار پشێوییە ناوخۆییەکان دەبوونە بەربەست لە بەردەم بەدیهێنانی ئامانجەکانیان لەو هەوڵانە.

---

[٤٧] زەیدییەکان پێیان وایە تەنیا سەرکردایەتی رۆحی، واتە ئیمامەت، پێویستە لە بنەماڵەی عەلیدا بێت و بیروباوەڕە پەڕگیرانەکانی شیعە رەت دەکەنەوە. لەبەرئەوە ناکۆکییان لەگەڵ زۆرینەی سوننیدا زۆر توند نەبووە.

شۆڕشی بەربەر

خەڵکی بەربەری ئەفریقیا بێزاری و ناڕەزایی دەردەبڕی، چونکە ئەگەرچی موسڵمانی سەرڕاست و جەنگاوەری دڵگەرم بوون لە جەنگی پیرۆزدا، بەڵام هەمیشە مامەڵەی ژێردەستەیان لەگەڵدا دەکرا، کە دەبوو جیزیە بدەن. بەم شێوەیە نێردراوانی خەواریج کە لە عێراقەوە بەرەو ئەفریقیا دەهاتن، دەروونی خەڵکەکانیان ئامادە دەبینی بۆ وەرگرتنی بیر و بۆچوونەکانیان، لەبەرئەوە بەربەرەکانیان لە خەلیفەی ئومەوی هان دا و هەڵیانان بۆ بەرزکردنەوەی پەرچەمی یاخیبوون. تا کاتێک بەربەرەکان سکالایەکی نوێیان بردە بەردەم خەلیفە و ئەویش وەڵامی نەدانەوە و رێگەی پێنەدان لەبەردەمیدا ئامادە بن، لە ئەفریقیا ئاگری شۆڕشێکی گەورە هەڵگیرسا کە لە مەراکیشەوە بۆ قەیرەوان تەنیەوە. والیە ئەفریقییەکان لەوە لاوازتر بوون بتوانن ئەو شۆڕشە گەرمە خامۆش بکەن ئەگەرچی عوقبە، والیی ئەندەلوس بەهەڵەداوان بەهانایانەوە چوو. لەبەرئەوە پێویست بوو هیشام سالّی ٧٤١ سوپایەکی سووریایی بەسەرکردایەتیی کەلسوم کوڕی عەیاز بۆ شەڕی بەربەر بنێرێت. بەڵام ئەو سوپایە خۆیشی لەبەردەم ئازایەتیی بێوێنەیاندا چۆکی دادا. سالّی ٧٤٠ شەڕێکی گەورە لەنێوان هەردوولا لە کەناری رووباری "نوام" هەڵگیرسا، کە سەرەنجام بەسەر عەرەبەکاندا شکایەوە و سەرکردەکەیان، کەلسوم، کوژرا و برازاکەی، بەلج کوڕی بیشر زۆر بەزەحمەت توانی بە سێیەکی ماباقی سوپاکەیەوە شەڕ بکات تا خۆی بگەیەنێتە ئیسپانیا (ئەندەلوس). دەبوو عەرەبەکان سالّێک چاوەڕوان بکەن تا سەرکەوتنێک بەدەست بێنن، کە لانیکەم دەستگرتن بەسەر قەیرەوانیان بۆ مسۆگەر بکات.

گەورەترین خراپیی هیشام چروکییەکەی بوو. وەک هەرێمێک کە پێویست بێت بقۆزرێتەوە تەماشای دەوڵەتی دەکرد. لەبەرئەوە والییەکانی ناچار دەکرد زیادەڕەوی بکەن لە رووتاندنەوەی خەڵک. نەک هەر ئەمە، بگرە باجی سەپێنراوی سەر قوبرسی زیاد کرد و هی سەر ئەسکەندەریەی دووقات کرد. سیاسەتەکانی پاڵیان بە فارس و تورکی ئەودیو رووبارەوە نا، هاوشێوەی بەربەرەکان لە ئەفریقیا،

دەنگی تووڕەیی و ناڕەزایی بەرز بکەنەوە، کە ئەو دۆخەیش لە رۆژهەلات رێگەی بۆ نێردە و بانگخوازانی عەباسی خۆش کرد. هیشام لە ٦ی شوباتی سالّی ٧٤٣ کۆچی دوایی کرد و ئیمپراتۆرییەتەکەی لەوپەڕی خراپی و پەرێشانیدا بەجێهێشت.

وەلیدی دووەم

هیشام، وەلیدی دووەمی برازای، کوڕی یەزید جێگەی گرتەوە[٤٨]، کە لە باوکیەوە بەهرە هونەرییەکان و خۆش مەشرەبیی بەمیرات بۆ مابوویەوە. لەبەرئەوەی هیشامی مامی چاوی لەوە بوو لە میراتگریی تەخت لایبدات ناچار بوو رۆژانی لاوێتی خۆی دوور لە کۆشکی خیلافەت لە کۆشکێک لە کۆشکەکانی بیابان بەسەر ببات. تا کاتێک هیشام مرد و وەلید هاتە ناو پایتەخت، خەڵک بەگشتی شایی و لۆغان پێشوازییان لێکرد و خۆشحاڵ بوون بە رزگاربوونیان لە سەردەمی خەلیفەی پێشوو، کە لەسەر سیاسەتی چرووکی و روواندنەوەی خەڵک دامەزرابوو. بەڵام وەلید زۆری نەبرد خەڵکی لە خۆی بێئومێد کرد، چونکە پاش ماوەیەک وەک خەلیفە گەڕایەوە بۆ کۆشکەکەی لە بیابان و لەوێ خۆی بۆ گەمە و گاڵتە و شەرابخواردنەوە و شیعر تەرخان کرد.

شیعر و شاعیران

وەک چۆن ئیسلام –تا ئەوکاتە- کاریگەریەکی کەمی لەسەر دابونەریتی پەیڕەوکراوی شوێنکەوتە عەرەبەکانی هەبوو، شیعرەکەیشیان بەهەمان شێوە لە جەوهەریدا وابەستەی دابونەریتە کۆنەکانیان بوو. ئاستی ژیان لە هەردوو وڵاتە عەرەبییە نوێیەکە، سووریا و عێراق، بەبەراورد بە نیشتمانی دایک پێش کەوتبوو. رق و کینە خێڵەکییەکان شێوەی تووندوتیژتریان وەرگرتبوو. ئاگری ململانێی نێوان قەیس و کەلب بۆ دەیان ساڵ کڵپەی دەدا. لەبەرئەوە سروشتی بوو ئەم هەستیارییە خێڵەکییانە، وەک بینیمان، ببنە ماددەی شیعر لە سەردەمی گەشەی ئومەویدا لە سەردەمی عەبدولمەلیک و حەججاجدا، لێرەوە شاعیری کۆشک، ئەختەڵ و هەردوو رکابەرەکەی جەریر و فەرەزدەق کەوتنە دژایەتییەکی وا سەختگیری یەکتر، عەرەب پێشتر نموونەی لەو شێوەیەی بەخۆوە نەدیبوو، کۆمەڵێک لە شاعیرانی چینی دووەمیش هەوڵیان دا خۆیان بخزێننە ناو گۆڕەپانی ئەو کێشمەکێشە، بەمەبەستی بەدەستهێنانی ناوبانگ و دەنگ لەو رێیەوە. لەڕاستیدا پاشتریش شیعری سیاسی نەفەسی زاڵ بوو. لە سەردەمی خیلافەتی هیشامدا کومەیت بەشیعرەکەی خەباتی لەپێناو مافی ئالی بەیتی پێغەمبەر لە خیلافەت و مافی کوڕانی فاتیمە بەتایبەت، دەکرد. شاعیران مەگەر لە دورگەی عەرەبیدا ئاوازێکی لەوە زوڵاڵتریان ژەنیبێت، چونکە مەککە و مەدینە –پاش بەسەرچوونی رۆڵی سیاسییان- بووبوونە شوێنی گەمە و رابواردن و چێژبردن لە خۆشییەکانی ژیان. پاش ئەوەی لە شیعری کۆن و شیعری ئیسلامیدا ئەوین

---

[٤٨] بڕوانە: F, Gabriele, Al-Walid bin jazid il califfo e il poeta, Rivista di studi orentali, XV, 1934, 1-64.

بۆ ئافرەتان تەنیا لە پێشەکیی چامە (قەسیدە)کاندا کورت کرابووەوە -کە لە سووریا و عێراق درێژەی ئەوە بوو- شیعری دڵداری (غەزەل) وەک هونەرێکی سەربەخۆ لەدایک بوو. لە مەککە و لە سایەی عەبدوڵمەلیکدا عومەری کوڕی ئەبی ڕەبیعە، ئەندامی هۆزی خانەدانی مەخزوم، چامە نەرم و شیرینەکانی دەهۆنیەوە کە ڕەگەزی شەخسی بەسەریاندا زاڵە و تەرخانی کردبوون بۆ هۆنینەوە بەبااڵی ئافرەتانی شۆخ و شەنگدا کە زۆربەیان لەوانە بوون بۆ حەجکردن دەهاتنە مەککە، بەبێ باسکردنی ئازاری ئەوین و تاسەی دابڕان، کە ئەو ستوونە بوون شیعری کۆن بەدەوریاندا دەخولایەوە. لەڕاستیدا ئەم هونەرە، کە بۆ دورگەی عەرەبی تازە بوو، مایەی سەرسامییەکی گەورە بوو لە سەرتاپای وڵاتدا. هەر لەم سەردەمەیشدا وەلیدی دووەم دەرگایەکی نوێی بۆ ئازادیی شیعر وتن واڵا کرد، ئەویش هۆنینەوەی شیعر بوو بەسەر مەی-دا. ئەگەرچی مەی ڕۆڵی لە شیعری عەرەبە بتپەرستەکاندا بینیبوو، بەاڵم لەوێ بەپلەی یەکەم وەک بابەتی شانازیکردنی شاعیر وەردەگیرا. حەرامکردنی پێغەمبەر بۆ مەی تاسەی خەڵکی بۆ چێژ و نەشوەکەی لەناو نەبرد و نەیتوانی بەتەواوەتی ڕێگە لە ستایشکردنی لە شیعردا بگرێت. لەگەڵ ئەوەیشدا دەتوانین هەر بەڕاستی وەلیدی دووەم بەداهێنەری قەسیدەی مەیخواردنەوەی ئیسلامی دابنێین، ئەو هونەرەی دەرفەتی بۆ ڕەخسا لە سایەی عەباسییەکاندا گەشە و نەشونما بکات. وەلید لەم هونەرەدا شوێنپێی عەدی کوڕی زیادی نەسرانی هەڵگرت، کە لە دواین سەردەمی مونزیرییەکاندا لە حیرە ئەستێرەی درەوشایەوە. ئەوەی وەلیدی پێ ئاشنا کرد هاوڕێ مەیخۆرەوەکەی بوو، قاسم بن توفەیل، کە ئەویش خۆی مەسیحییەکی حیرە بوو.

خەلیفەی شەاڵڵی نێو خۆشی و ڕابواردنەکانی دنیا و ناوەندی ئافرەتان و گۆرانیبێژان و شاعیران، هەرچی سامانێک هیشام کۆی کردبووەوە تەخشان و پەخشانی کرد و ناچار بوو هاوشێوەی خەلیفەی پێش خۆی داواکارییەکانی لەسەر والی و کاربەدەستەکانی فەرز بکات. وەلید خزمەکانی تووڕە کرد بەوەی خیلافەتی دوای خۆی دایە دوو کوڕەکەی ئەگەرچی نەگەیشتبوونە تەمەنی باڵقبوون و هەردووکیشیان کوڕی کەنیزەک بوون. تووڕەبووان ویستیان بەیعەت بە یەزیدی کوڕی وەلیدی کوڕی عەبدوڵمەلیک بدرێت، لەبەرئەوە خەڵک لە دیمەشق بەبێ بەرهەڵستی بەیعەتیان دایە، ئەگەرچی وەلید بەرهەڵستی ئەو هێزانەی کرد یەزید ئاراستەی کردن بۆی و بەجوامێرییەکی زیاتر لەوەی لێی چاوەڕوان دەکرا شەڕی کرد. پاشان پاشەکشەی کرد بۆ کۆشکەکەی لە بەخرا (البخراء) لە باشووری تەدمور و قورئانێکی دەرهێنا و کردیەوە و کەوتە خوێندنەوەی، لەو کاتەدا سەربازانی یەزید هاتنە ژوورەوە کوشتیان (لە ١٧ی نیسانی ساڵی ٧٤٤)، لە ڕۆژێکی وەک ڕۆژەکەی عوسماندا.

مەروانی کوڕی محەمەد-هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆرییەتەکە

کۆژرانی وەلید ئاماژە بوو بۆ کۆتاهاتنی دەوڵەتی ئومەوی، چونکە بانگەوازی شۆڕشگێڕانەی خەواریج کە لە هەرێمەکاندا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا، زۆری نەبرد لە سووریایش بڵاو بوویەوە پاش ئەوەی ئومەوییەکان خۆیان هەیبەتی خیلافەتیان تێدا نەهێشت، لەکاتێکدا پێشتر لایەنگری بێ ئەملاوئەولای ئەوان بوو. بەم شێوەیە لەبەرێەک هەڵوەشانی سیاسی دەستی پێکرد. جێگرەوەی وەلید، یەزیدی سێیەم لە هەمان ساڵدا (٢٥ی ئەیلول) مرد و لێرەدا بنەماڵەی عەبدولمەلیک رکابەرێکیان بۆ پەیدا بوو، ئەویش مەروان کوڕی محەمەد[٤٩] بوو، یەکێک بوو لە نەوەکانی خەلیفە مەروانی کوڕی حەکەم و کوڕی یەکێک لە کەنیزەکە کوردەکان. باوکی ماوەیەکی درێژ وەک ئەمیری جەزیرە و ئەرمینیا سەرکردایەتیی هەڵمەتەکانی دژ بە بیزەنتییەکانی دەکرد. مەروانی دووەم خۆی ماوەی دوازدە ساڵ لە وڵاتی قەوقاز شەڕی کرد، بەسوود وەرگرتن لەو ئەزموونە لەشکری ئیسلامی رێکخستەوە. سیستمی کۆن کە موچەی سەربازانی لە داهاتی جیزیە دەدا، لەگەڵ ئەو هەڵمەتانەدا هاوتا نەبوو کە پێویستی بە دیسپلینێکی وردتر و تووندتر دەکرد. لەبەرئەوە مەروان رێکخستنە خێڵەکییە کۆنەکانی سوپای گۆڕی بۆ کۆمەڵێک کەتیبە لەسەر سیستمی نوێ، کە سەربازانی پیشەوەر (پڕۆفیشنال) سەرکردایەتییان دەکردن. سوپاکانی کۆن بەشێوەی ریزی درێژ شەڕیان دەکرد کە لەبەردەمیاندا شێربازییە تاکەکەسییەکان ئەنجام دەدران، کە بەزۆری ئەوە ئەنجامی شەڕەکەی یەکلا دەکردەوە. مەروان لەباتیی ئەوە، یەکەی سەربازیی بچووک بچووکی پێکهێنا، کە جووڵەیان تا رادەیەکی زۆر سووکە.

مەروان رازی نەبوو بەیعەت بە یەزیدی سێیەم بدات، هەروەک ئامادە نەبوو بەیعەت بە ئیبراهیم کوڕی وەلید بدات کە پاش ئەو هات. سوپاکانی -بەڕواڵەت وەک نوێنەری میراتگرانی وەلید لە خیلافەتدا- بردە سەر سووریا، لە زنجیرەکانی رۆژهەڵاتی لوبنان سەربازانی حکومەتی شکاند کە بۆ شەڕکردنی رەوانە کرابوون. سلێمان فەرماندەی سەربازانی حکومەت، کە یەکێک بوو لە کوڕەکانی خەلیفە هیشام، لەکاتی کشانەوەیدا بۆ دیمەشق هەردوو کوڕەکەی وەلیدی کوشت و لە وڵات هەڵهات پاش ئەوەی دەستی بەسەر هەرچی ماڵ و ساماندا گرت کە دەستی پێی گەیشتبوو. لە ٧ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٧٤٤

---

[٤٩] نازناوەکەی "کەری وەحشیی جەزیرە" کە بۆ ئێمە زۆر سەیر دیارە، مەبەست پێی گاڵتەپێکردن نەبوو، بەڵکو مەبەست ستایشکردن بوو، چونکە کەری وەحشی (لای ئەوان) بە سەنگینترین ئاژەڵی راو دادەنرێت.

مەروان لە دیمەشق وەک خەلیفە بەیعەتی درایە، بەڵام بارەگاکەی هەر لە حەڕان هێشتەوە کە دەیتوانی پێگەی خۆی لای قەیسییە لایەنگرەکانی بەهێز بکات. ئەوەیش هۆزی کەلبی لە سووریا تووڕە کرد و لە مەروان ڕاپەڕین، بەڵام هەر لە هەمان سااڵدا شۆڕشەکەی سەرکوت کرد. پاشان لە کەلبییەکان سوپایەکی ساز کرد کە دەبوو بچنە پاڵ هێزە تایبەتەکانی لە هەڵمەتێکدا دەیویست ئاراستەی عێراقی بکات، کە هێشتا ملکەچی نەبووبوو. لەکاتێکدا بەڕێگەوە بوو بۆ ئەوێ، هەواڵی پێگەیشت، سلێمان [کوڕی هیشام] لە ڕەسافە شۆڕشی دژی ڕاگەیاندوە، کە پاش ئەوەی سوورییەکان قایلیان کرد بە دامااڵینی مەروان و وەک خەلیفە بەیعەتیان دایە، لەوێ دەژیا.

سلێمان دەستی بەسەر قیننەسرێندا گرت، مەروان ناچار بوو هاتنی بەرەو عێراق بوەستێنێت و پەلاماری سلێمان بن هیشامی دا و شکاندی، کە سەرەتا هەڵهات بۆ حمص و لەوێوە بۆ کووفە. لەبەرئەوەی حمص تا پاش گەمارۆیەکی چەند مانگی چەکی دانەنا، مەروان فەرمانی کرد بە وێرانکردنی شووڕەکانی، هەروەها فەرمانی دا بە ڕووتکردنەوەی بەعلەبەک و دیمەشق و بەیتولمەقدیس و باقی شارەکانیتری سووریا لە قایمکارییەکانیان. بەهاتنی هاوینی ساڵی ٧٤٦ ئیتر دەسەاڵت بۆ مەروان لە تەواوی سووریادا یەکلا بوویەوە.

لەم کاتەدا دەسەاڵتی ئومەوییەکان لە ڕۆژهەاڵتی ئیمپراتۆرییەتەکەدا بەتەواوەتی نەمابوو. لە کووفە عەلەوییەکان بانگەشەیان بۆ عەبدوڵای کوڕی معاویە، نەوەی جەعفەری بۆ عەلی، دەکرد وەک ئیمام. ئەمەی دوایی جەختی لەوە دەکرد ڕۆحی خوا لە پێغەمبەرەوە لەڕێی باوباپیرانیەوە بۆ ئەو گوێزراوەتەوە، بەوەیش بناغەی عەقیدە شیعییە پەڕگیرەکانی پاشتری دانا. سەرەڕای پشتگیریی زەیدی بۆی و توانای دەستگرتنی بەسەر قەاڵی کووفە لە ماوەی جیاوازدا، بەاڵم والیی سەر بە وەلیدی دووەم لە عێراق، عەبدوڵای کوڕی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز توانی شکست بەسەزبازانی بێنێت. لەو ڕووەوە عەبدوڵای کوڕی معاویە مافی هەڵبژاردنی شوێنی دوورخستنەوە (مەنفا)کەی درایە، ڕووی کردە میدیا Media (واڵتی چیا) و لەوێ خەڵکێکی زۆر لەدەوری کۆبوونەوە. فارس بە بیرۆکەی "شەرعییەت" ئاشنا بوون کە عەلەوییەکان داکۆکییان لێدەکرد. سەرەتا بارەگای خۆی لە ئیسفەهان دانا، پاشان لە ئیستەخر و دەستی بەسەر ویلایەتەکانی نزیکی خۆیدا گرت: خوزستان، فارس و کرمان. پاشان دەرگای ئەو شارانەی وەک پەناگە بەڕووی خەواریجدا واڵ کرد، کە عامر بن زەبارە یەکێک لە فەرماندەکانی مەروان، شکاندبوونی. لەبەرئەوە ئەم عامرە هێرشی کردە سەری و لە مەرو ئەلشادان ساڵی ٧٤٧ بەزاندی. پاشان عەبدوڵای کوڕی معاویە هەڵهات بۆ خوراسان و لەوێ ئەبو موسلیم، ئەو پاڵەوانە

عەبباسیەی لەخوارەوە باسی دەکەین، کوشتی، پاش ئەوەی بە رکابەرێکی بێزارکەری بینی.

عەبدوڵای کوڕی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز رەتیکردەوە وەک خەلیفە بەیعەت بدات بە مەروان، لەبەرئەوە مەروان نەزری کوڕی سەعیدی حەرەشی کرد بە ئەمیری عێراق و بۆ کوشتاری عەبدوڵا ئاراستەی کرد. کوشتار بۆ ماوەی چوار مانگ لەنێوان هەردوولادا بەردەوام بوو، پاش ئەوە ناچار بوون لەبەردەم دوژمنێکی هاوبەشیاندا یەک بگرن. ئەویش ئەوە بوو، خەواریج سەرەڕای ئەو هەوڵانەی حەججاج و والییەکانی پاش ئەویش بەخەرجیان دا بۆ ریشەکێشکردنیان، بەڵام لەناو نەچوون، بەڵکو لە جەزیرەی باکوور لەنێو هۆزەکانی رەبیعەدا سەری هەڵدا، کە پێیان ناخۆش بوو خیلافەت بۆ قورەیش بێت. لەبەرئەوە وەک خەلیفەی خۆیان بەیعەتیان دا بە زەححاکی کوڕی قەیسی شەیبانی و چوونە پێش بۆ شەڕکردن دژی دوو والییە ئومەوییە بەشەڕهاتووەکە لە دەروازەکانی کووفە. هەربۆیە، عەبدولای کوڕی عومەر و نەزری کوڕی سەعید دژی خەواریج هاوکاریی یەکتریان کرد، بەڵام بەخت یاوەریان نەبوو و ناچار بوون کووفە چۆل بکەن. پاشان عەبدولای کوڕی عومەر سوڵحی لەگەڵ خەواریج کرد، زەححاکیشی وەک ئەمیر لەسەر میسان و فارس جێگیری کرد. تا کاتێک زەححاک بەزی، لە یەکێک لە بەندیخانەکانی حەڕان بەند کرا، کە پاشتر سالّی ٧٥٠ بەتاعون مرد.

خەرواریج پاش ئەوەی نزیکەی بیست مانگ لە کووفە مانەوە، رووبان کردە جەزیرە و دەستیان گرت بەسەر مووسڵدا، بەم شێوەیە مەروان –کە هێشتا سەرقاڵ بوو بە چەسپاندنی سیستم لە سووریا– دەیبینی مەترسی هەڕەشە لە بنکە و پایەی دەوڵەتەکەی، واتە جەزیرە Mesopotamia دەکات. لەبەرئەوە کوڕەکەی نارد بۆ شەڕکردن دژی شۆڕشگێڕان، ئەوانیش لە شەڕێکی نەهاتدا شکاندیان، بەهۆیەوە ناچار بوو پ بۆ ئەودیو شووڕەکانی نسێبین اشەکشە بکات. مەروان لەوکاتەدا توانیبووی جێپێی خۆی لە سووریا قایم بکات، ئەنجا هەڵگەڕایەوە بۆ خەواریجەکان و لە ئەیلولی سالّی ٧٤٦دا لە شەڕێکی یەکلاکەرەوەدا خراپ شکاندنی، تێیدا خەلیفەکەیان خۆی و میراتگرەکەیشی کوژران، بەڵام بەتەواوی پاک نەکرانەوە تا سالّی پاش ئەوە کاتێک یەزیدی کوڕی هوبەیرە فەرماندەی سەربازەکانی مەروان توانی جارێکیتر عێراقیان لێ بسەنێتەوە، بەوەیش ئیتر مەروان دەیتوانی فەرماندەکەی رابسپێرێت کار بۆ چەسپاندنی سیستم لە رۆژهەڵات بکات، تا ئەو بگەڕێتەوە بۆ بارەگاکەی لە حەڕان.

سەرهەڵدانی عەباسییەکان لە خوراسان

بەگەیشتنی مەروان بە حەڕان و دڵنیابوونی لەوەی بەئامانج گەیشتوە، لە رۆژهەڵات هەندێ رووداو سەریان هەڵدا شایانی ئەوە بوون بەری کۆششە دوور و درێژەکەی لێ لەکیس بدەن. نەسری کوڕی یەسار والیی خوراسان ماوەیەک بوو بۆ دیمەشقی نووسیبوو، کە عەباسییەکان کەوتونەتە جموجوڵ و لەسایەی ئالا رەشەکاندا کۆدەبنەوە و داوای لێ دەکرد بۆ دوورخستنەوەی مەترسییان بەهانایەوە بچێت. بەڵام مەروان ئەو توانایەی لە خۆیدا نەدەبینی بەخێرایی بەدەم بانگەوازی والییەکەیەوە بچێت.

پوختەکەی ئەوە بوو نەیارانی دەوڵەتی عەرەبی لە فارسە نەتەوەگەراکان لە خوراسان[٥٠]، لەگەڵ ئەو موسڵمانە دیندارانەدا یەکیان گرت، کە داکۆکیان لە بنەمای "شەرعییەت" دەکرد و دەیانوت دەسەڵاتێکی ئومەوییەکان هەر لە سەرەتاوە خیلافەتی راستەقینە نەبووە، بەڵکو دەسەڵاتێکی دنیایی دژ بەخوایە. پێیان وابوو ئالی بەیتی پێغەمبەر، واتە نەوەی عەلی، هەقدارن سەرداری دەوڵەتی ئیسلامی بن. بەڵام عەباسییەکان توانیان تەوژمی دژ بەئومەوییەکان لە رۆژهەڵات بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بگۆڕن. باپیریان، عەبدوڵای کوڕی عەباس کە ئامۆزای پێغەمبەر و عەلییە، پاش کۆژرانی عەلی ئاشتی لەگەڵ معاویە کرد، ئەویش بەستیەوە بە ماڵخانە (بیت المال)وە لە بەسرە. کاتێک رێگەیەکی بۆ بینینی رۆڵێکی سیاسی نەبینیەوە، رووی کردە لێکۆڵینەوە لە حەدیس و بەخەیاڵی سەرکەش و سوودوەرگرتن لە چیرۆکە تەلمودییەکان کە هەندێ جولەکەی موسڵمانبوو فێریان کرد، بۆی زیاد دەکرد. لە خیلافەتی عەبدولمەلیکدا عەلیی کوڕی رووی کردە دیمەشق، تا کاتێک وەلید مرد، لە حومەیمە لەسەر رێگەی حاجییانی شامی نیشتەجێ بوو و هەر لەوێ لە تەمەنێکی گەورەدا سااڵی ٧٣٦ مرد. محەمەدی کوڕی هەر لە ژیانی باوکیدا خۆی بە پێشەوایەتیی شیعە راگەیاندبوو و پاش خۆی سپاردی بە ئیبراهیمی کوڕی. هەردووکیان نێردەکانیان رەوانەی بەشی رۆژهەڵاتی ئیمپراتۆرییەتەکە کرد و بۆ ماوەیەکی درێژ بانگەوازیان بۆیان دەکرد، تا سااڵی ٧٤٦ ئیبراهیم ئەبو موسلیم عەبدورەحمان کوڕی موسلیمی بە بنەچە فارسی نارد بۆ خوراسان، بانگخوازەکان رێگەی کارکردنیان بەباشی بۆ تەخت کردبوو. ئەبو موسلیم چالاکیی خۆی سەرەتا لەو هەرێمە دەست پێکرد کە خوزاعەی تێدا بوون و لەوێ بۆ یەکەم جار کەوتە بانگەشەکردن بۆ بەنی عەببباس. لەبەرئەوەی یەکێک لە سەرکردەکان هێشتا لەو ناوچەیە رێگەی پێدەگرت، بەجێی هێشت بۆ ماخوان و مەیلی بۆ دەستگرتن بەدەسەڵاتدا پیشان دا، ئەوەیش ترس و گومانی لای عەرەبەکان دروست کرد، لەبەرئەوە هەوڵیان دا لەدژی یەک بگرن، بەڵام رق و کینە

---

٥٠ بڕوانە: G. Van Vloten, De Opkomst der Abbasiden in Chorasan, Leiden, 1896.

خێڵەکییەکان کە ئەوان و عەرەبی لە جەرگەی ئیمراتۆرییەتەکەدا پەرتەوازە کردبوو، بوو بە رێگر لەبەردەم یەکگرتنیان بەرووی دوژمنە هاوبەشەکەدا. نەک هەر ئەمە، بگرە کۆمەڵێک لە عەرەبەکانی باشوور چوونە ژێر بەیداخەکەی. شوێنکەوتەکانی ئەبو مەسلیم کە زۆربەی هەرە زۆریان لە جووتیارانی فارس بوون، لەسەر کتێبی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەکەی بەڵێنیان پێدا گوێڕایەڵی هەر ئەندامێکی ئالی بەیت بن کە هەموان لەسەری کۆک بن. پاشان ئەبو موسلیم لەوە دووتر چوو و سەربازەکانی پابەند کرد بەوەی گوێڕایەڵیی کوێرانە و بێ قەید و شەرتی فەرماندەکانیان بکەن. دەوترێت ئەو یەکەم کەس بوو خانەدانەکانی فارس و گەورە زەویدارەکان (دەهقانەکان)ی لە خوراسان بۆ لای ئیسلام کێش کرد. بەڵام بانگەشەکەی لەسەر بناغەی بیروباوەڕە ئێرانییەکانیش بوو، دەوترێت گوایە باوەڕی بە دوناودون (تناسخ الارواح) Transmigration هەبووە و بانگەشەی ئەوەی کردوە رۆحی خودای تێدا بەرجەستە بووە[٥١].

پەرتەوازەیی عەرەب یارمەتی ئەبو موسلیمی دا مەرو، سەنتەری مێرگی بەپیتی دۆڵی مورغاب داگیر بکات. لەوێوە کەوتە شەڕکردن لەگەڵ ئەمیری نیسابوور، نەسر بن سەیار، بەوەیش ئەو جەنگە هەڵگیرسا کە پاشتر بووە هۆی هەرەسهێنانی ئیمپراتۆرییەتی ئومەوی. بەڵام یەکەم هێرش ئەبو موسلیم خۆی ئەنجامی نەدا، بەڵکو ئەوەی ئەنجامی دا قەحتەبە کوڕی سالح ئەلتائی بوو، کە یەکێک بوو لە دوازدە سەرکردەکەی حزبی عەباسی لە خوراسان لە سالی (٧١٨) بەدواوە کە ئیبراهیم سالی ٧٤٧ ئالایەکی رەشی پێشکەش کرد و کردی بە جێگری خۆی. کاتێک قەحتەبە چوو بۆ خوراسان ئیبن نەسر بن سەیاری لە تووس شکاند و نەسر خۆی هەڵات بۆ جرجان (گورگان). لە حوزەیرانی سالی ٧٤٨دا ئەبو موسلیم چووە ناو نەیسابوور. ئەمیری عێراق یەزیدی کوڕی هوبەیرە بەدەم هاواری نەسرەوە چوو و سوپایەکی بۆ بەهاناوەچوونی بەرەو جورجان نارد، قەحتەبە رووبەڕووی بووەوە و لە سەرەتای ئابی سالی ٨٤٨دا شکاندی. نەسر لەوکاتەی لەم شوێنەوە بۆ ئەو شوێن هەڵدەهات، مەرگ بەرۆکی گرت و پاشماوەی سوپاکەی چووە پاڵ سووپای سووری لە نەهاوەند لە فارس کە حەسەنی کوڕی قەحتەبە گەمارۆی دان. پاشان سوپایەکی گەورەی سووری هات بۆ فریاکەوتنی گەمارۆدراون بەسەرکردایەتیی عامر ئەلموووری ئەمیری کرمان، بەڵام قەحتەبە لە ١٨ی ئاداری سالی ٧٤٩ لەنزیک ئیسفەهان شکاندی. تا کاتێک چەند مانگێک بەسەر گەمارۆی نەهاوەنددا تێپەڕی سوورییە گەمارۆدراوەکان بە خۆبەدەستەوەدان رازی بوون، کە پاشان بێبەزەییانە قەتڵوعام کران.

---

[٥١] موریدەکەی، هاشم ئەلموقەنەع دەیوت گوایە ئەبوموسلیم دواین بەرجەستبەوونی زاتی ئیلاهییە پێش موقەنەع خۆی. بڕوانە بارتۆلد W. Barthold، لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی ب١ لا١٠١. لە نەرشەخییەوە، میژووی بوخارا، چاپی شیفەر لا٦٤ و پاشتر.

دەستگرتنیان بەسەر عێراقدا

قەحتەبە لە نەهاوەندەوە چوو بۆ عێراق. سەرەتا هەولّی دا خۆی لە بەریەککەوتن لەگەڵ ئەمیری ئەو ولاتە لابدات، کە لەڕێی دیجلەوە کەوتە ڕێ بۆ شەڕ لەگەڵیدا، لەبەرئەوە دەستبەجێ ڕووی کردە کووفە. تا کاتێک یەزید بن هوبەیرەی پێ گەیشت قەحتەبە هێرشی کردە سەر سەربازگەکەی لە ٢٧ی ئابی ساڵی ٧٤٩ لەنزیک ئەنبار و ناچاری کرد پاشەکشە بکات بۆ واست. لەو شەڕە شەوانەیەدا قەحتەبە خنکا یان کوژرا، بەڵام حەسەنی کوڕی کە پێشتر بەڕاستی ڕۆڵی سەرکردەی سەربەخۆی دیبوو، پاش ئەو زۆری نەبرد سەرکردایەتی سوپاکەی بەبێ هیچ ڕووداوێک گرتە دەست و توانی کووفە داگیر بکات.

ئەو شارە لەمێژ بوو ناوەندی بزوتنەوەی عەباسی بوو. ئەبو سەلەمە "وەزیری ئال مەحەمەد" بەنهێنی بەرپرسی کاروباری بانگەواز بوو تێیدا و لەڕێی نێردەکانیەوە بەبەردەوامی پەیوەندی بە ئەبو موسلیمەوە دەکرد. کاتێک حەسەن دەستی بەسەر شارەکەدا گرت ئەبو سەلەمە دەمامکەکەی لابرد و کاروباری شارەکەی کەوتە دەست. سەرۆکی ماڵی هاشمی ماوەیەکی کەم پێش لەوە بەفەرمانی خەلیفە مەروان لە حەمیمە دەستگیر کرابوو، پاشان پەلکێش کرا بۆ حەڕان پاش ئەوەی ئامۆژگاریی ئالی بەیتەکەی کرد پەنا ببەنە بەر کووفە و وەسێتی بۆ ئەبولعەباسی برای کردبوو جێی بگرێتەوە. لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٧٤٩ چواردە عەباسی گەیشتنە کووفە.

وەزیر ئەبو سەلەمە –کە تەنیا لەسەر بناغەیەکی شەخسی پەیمانی بە ئیبراهیم دابوو– نەیدەویست بەسووک و ئاسانی خۆی ملکەچیان بکات، لەبەرئەوە هەولّی دا جیا لە خەلّکی خوراسان بیانهێڵێتەوە. تەنانەت دەوترێت دەستی بە دانوستان لەگەڵ عەلەوییەکان کردوە کە خەلیفە لەوان بێت، بەڵام ئەو عەلەوییانە ئەم جارەیش پیاوێکی بەهێزیان نەبوو بۆ سەرۆکایەتیکردنیان پێشکەشی بکەن. پاشان نوێنەری ئەبو موسلیم بەسەرۆکایەتی وەفدێک کە لە دوازدە گەورەپیاوی خوراسان پێکهاتبوو چوو بۆ لای ئەبولعەباس و وەک خەلیفە سڵاویان لێکرد، لەبەرئەوە ئەبو سەلەمە ناچار بوو پاش ئەوە واز لە بەرهەڵستیکردنەکەی بێنێت. لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ٧٤٩ خەڵک لە مزگەوتی کووفە بەیعەتی خیلافەتیان دا بە ئەبولعەباس. ئەویش چووە سەر مینبەر و بۆ یەکەم جار وتاری بۆ دان، بەڵام لەکاتی وتاردانەکەیدا تایەک گرتی و ناچار بوو واز لە قسەکردن بێنێت و داودی مامی بەناوی ئەوەوە قسە بکات. لە وتارەکەیدا هەولّی دا کەلامی خوا بە بەڵگە بێنێتەوە لەسەر ئەوەی بنەماڵەکەی ئەوان لە عەلەوییەکان شایستەترە بۆ خیلافەت، بەتایبەتیش جەختی لەسەر چاکەی خەڵکی خوراسان کرد لە ئازادکردنی عێراق لە کۆتی سوورییە ئێسک گرانەکان. هەرچۆن بێت، خەلیفە لە کووفە تەواو هەستی بەدڵنیایی نەکرد

لەبەرئەوە لەگەڵ ئەبو سەلەمە دەرچوو بۆ سەربازگەی خوراسانییەکان و پاش ئەوەیش لێی جیا بوویەوە و رووی کردە حیرە. پاش ماوەیەکی کەم خۆی لە ئەبو سەلەمە-ڕزگار کرد، کە بەدەستی یەکێک لە هاوڕێ نزیکەکانی ئەبو موسلیم کوژرا.

قەحتەبە پێشتر عەونی ئەزدی بە فەرماندەی سوپا گشتییەکان لە دیجلەی سەروو دامەزراندبوو. کاتێک کووفە کەوت ناچار بوو واز لە سەرکردایەتی بێنێت بۆ عەبدوڵای کوڕی عەلیی عەباسی. مەروان کەوتە ڕێ بۆ شەڕکردن دژی خەڵکی خوراسان و هەردوولا لە بەری چەپی زێی گەورە بەیەک گەیشتن و بۆ ماوەی نۆ ڕۆژ شەڕ لەنێوانیاندا بەردەوام بوو، سەرەنجام بە بەزینی مەروان کۆتایی هات. خەڵکی خوراسان کەوتنە دوای دواین خەلیفەکانی بەنی ئومەیە بۆ حەڕان و دیمەشق تا شاری کەناریی فەرمای میسر. سەرجەم شارەکانی سووریا چەکیان دانا و بەبێ بەرهەڵستێکردن خۆیان ڕادەستی سوڵتانی نوێ کرد و تەنیا دیمەشق ماوەیەک بەرەنگاری کرد. پاشان مەروان لە نیوەی یەکەمی مانگی ئابی ساڵی ٧٥٠ لە شەڕێکی کۆتاییدا کە لە بوصیر لە میسری خواروو کوژرا.

کۆتایی ئومەوییەکان

هەرچی دواین پێگەی ئومەوییەکان بوو، واتە شاری واست کە حەججاج لەسەر زۆنگاوەکانی دیجلە دروستی کرد، سەرەڕای ناکۆکی لەنێوان دانیشتوانە گەمارۆدراوە قەیسی و یەمەنییەکانیدا، یازدە مانگیتر خۆی ڕاگرت. لەڕاستیدا یەزیدی کوڕی هوبەیرە دانوستانی ئاشتی لەگەڵ لەشکری عەباسی نەکرد تا هەواڵی مردنی مەروانی پێگەیشت. بەهەرحاڵ، عەباسییەکان ئەو مەرجانەیان هەڵوەشاندەوە کە هەردوولا دوای چل ڕۆژ دانوستان لەسەریان ڕێک کەوتبوون و ئەبولعەباس خۆی پەسەندی کردبوون. سەرەنجام ئەفسەرە ئومەوییە دیلەکانیان تەفروتونا کرد، بە یەزیدی کوڕی هوبەیرە خۆیشیەوە.

عەباسییەکان بەشێوەیەکی وەحشییانە کە پێشتر وێنەی نەبیستراوە شوێن بنەماڵەی ئومەوی لێقەوماو کەوتن. لە وڵاتی شام پیاوەکانیان ڕاوی ئەندامانی ئەو بنەماڵەیان دەکرد و وەک وەحشی درندە لەناویان دەبردن. تەنانەت بێحورمەتی بە گۆڕی خەلیفەکانیش کرا، جگە لە هەردوو گۆڕی معاویە و عومەری کوڕی عەبدولعەزیز. کەس لە ئەندامانی خێزانی ئومەوی لە زەبری عەباسیەکان دەرباز نەبوو جگە لە یەکێک لە نەوەکانی خەلیفە هاشم [عەبدوڕەحمان ئەلداخل]، کە ڕایکرد بۆ ئیسپانیا (ئەندەلوس) و لەوێ ئیمپراتۆرییەتێکی نوێی دامەزراند.

لەڕاستیدا سوورییەکان سەرەتا بۆ کەوتنی بنەماڵەی ئومەوی زۆر دڵگران نەبوون کە زۆر قەرزاریان بوون، ئەویش لەبەرئەو رقەی بەرانبەر مەروانی کوڕی محەمەد لەدڵیاندا بوو. بەڵام ئەو قەلاچۆکردنە وەحشییانەی عەباسییەکان دەستیان دایە رەنگدانەوەیەکی خراپی لەسەر دەروونیان هەبوو. ئەوە بوو لە قنەسرین قەیسییەکان بەسەرکردایەتیی ئەبو محەمەد ئەلسوفیانی ڕاپەڕین، بەڵام سەربازانی عەباسی لە تەممووزی ساڵی ٧٥٢ پەرتەوازەیان کردن و ئەبو محەمەد ڕایکرد و پاشتر لە حیجاز کەوتە دەست پیاوکوژانی عەباسی. لەڕاستیدا شوێنکەوتوانی ئامادە نەبوون باوەڕ بە مردنی بکەن و بەردەوام ئومێدیان بە گەڕانەوەی هەبوو، وەک چۆن چاوەڕوانی گەڕانەوەی مەسیحیان دەکرد، تا ڕۆژانی بەسەرچووی ئیمپراتۆرییەتەکە بۆ سووریا نوێ بکاتەوە. کاتێک لەبەدیهێنانی ئەم ئاواتە بێئومێد بوون بیرۆکەی سوفیانی لەناو بیروباوەڕی ئیسلامیدا توایەوە، بەوەی پەیوەندی بەمەسیحی دەجالەوە هەیە. هەرچی باقی ئەو تاقمانە بوون سەر بە ئومەوییەکان بوون –ئەو تاقمانەی هاوشێوەی شیعەکان ئامانجە سیاسی و ئاینییەکان پێکەوە کۆدەکەنەوە- ئەمڕۆ لە یەزیدییە کوردەکاندا خۆ دەنوێنن، کە لە چیای شەنگال لە دەوری مووسڵ دەژین و بەرەو باکوور بڵاو دەبنەوە تا ناوخۆی قەوقاز[٥٢]:

بەکەوتنی ئومەوییەکان عەرەب بەگشتی، نەک تەنیا سووریییەکان، سەروەریی ڕەهایان بۆ ئیسلام لەدەست دا. پاش ماوەیەکی کورت دورگەکەیان گۆڕایەوە بۆ سەردەمی دواکەوتنە گشتییەکەی. ئەو عەجەمانەی هاتبوونە ناو ئیسلام سەرەنجام یەکسان بوون بە عەرەب پاش ئەوەی پێشتر وەک موسڵمانی پلە دوو مامەڵە دەکران. ئەگەر عەباسییەکان لە سەرکەوتنەکەیاندا قەرزاری ڕۆژهەلاتی ئێرانین، ئەگەر ڕێکخستنی سەربازیی خوراسانییەکان سەرکەوتنیانی مسۆگەر کرد، ئەوا پاش دروستبوونی دەوڵەتە نوێیەکە تای ترازووی فارسەکان زاڵ بوو ئەگەرچی نەیانتوانی بەیەکجاری ڕەگەزی عەرەبی سەرکوت بکەن، کە هێشتا ئەندامانی پێگەی بەرز بەرزیان لە ئیدارە و سوپادا هەبوو و بەهەرحاڵ پاڵشتییەکی بەهێزیان لە بنەماڵەی حوکمڕانی هاشمیدا دەبینی. لێرەوە زمانی عەرەبی پارێزگاری لە دەسەڵاتی ڕەهای خۆی لە ئیمپراتۆرییەتە نوێیەکەدا، لە مامەڵە ڕەسمییەکان و لە کۆی ژیانی فیکری و لەسەروو هەموو شتێکیشەوە لە ئایندا، کرد.

---

[٥٢] گویدی Guidi ئەو پەیوەندییانەی دەرخستوە کە یەزیدی بە لایەنگرانی تۆندڕەوی ئومەوییەوە دەبەستێتەوە، ئەو پەیوەندییانەی پێشتر تۆیژەران فەرامۆشیان کردبوون، لەوەیشدا پشتی بە م. تیمور بەستوە. بڕوانە: Rivista di Studi Orientali XIII, 1932, 266-300.

بەشی دووەم

ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامی و پووکانەوەی

عەباسییە یەکەمەکان

خەلیفەی یەکەمی عەباسی، ئەبولعەباس عەبدوڵا، دەرفەتی بۆ نەڕەخسا لە ماوەیەکی کوڕت زیاتر حوکم بکات، لێرەوە ناوی لە میژوودا -بەپلەی یەکەم- وەک قەڵاچۆکەری ئومەوییەکان، ڕۆیشتوە و بە (السفاح) -واتە خوێنڕێژ- ناسراوە، ئەو ناوەیش خۆی لەو وتارەیدا لە ڕۆژی بەیعەتپێدانی وەک خەلیفە لە مزگەوتی کووفە لەخۆی نا. لە حوزەیرانی ساڵی ٧٥٤ ئەبو جەعفەر عەبدوڵا ئەلمەنسووری بۆ[٥٣] جێگەی گرتەوە و ئەو دامەزرێنەری ڕاستەقینەی دەسەڵاتی نەوەکانی عەباسە. ئەبو جەعفەر دەبوو سەرەتا جێگەی خۆی قایم بکات بەلەناوبردنی بزوتنەوەکەی عەبدوڵا بن عەلی مامی، کە ئەویش داوای خیلافەتی دەکرد -لەگەڵ ئەو سوپایەی بۆ شەڕی بیزەنتییەکان ئاراستە کرابوو لە باکووری سووریا بوو- بەڵام زۆری نەبرد ئەبو موسلیم بەزاندی.

ئەم مەوالیە وەفاداڕە (واتە ئەبو موسلیم) کە عەباسییەکان پێش هەموو شت لە دروستکردنی دەوڵەتەکەیاندا قەرزاری ئەون، چارەنووسی وابوو زوو سەری بە سپلەیی و پێنەزانینی خەلیفەی نوێدا هەڵبتەقێت. ڕاستییەکەی، زۆر نازی بەو خزمەتانەوە دەکرد پێشکەش بە بەنی عەباسی کردبوون. ساڵی ٧٥٤ نامەیەکی بۆ سەفاح نووسی و مۆڵەتی لێخواست بۆ حەجکردن و داوای لێکرد بیکاتە ئەمیری کاروانی وەرزی حەجی مەککە و جێگری خۆی لەو کارەدا، بەڵام سەفاح ئەوی خستە ژێر فەرمانی مەنسووری برای. ئەبو موسلیم کاری سەربەخۆی زۆری لەبەرچاوی مەنسوور کردبوو، لەبەرئەوە خەمی یەکەمی مەنسوور ئەوە بوو ئەبو موسلیم لە خوراسان دوور بخاتەوە، کە بنکە و چەقی هێز و دەسەڵاتی بوو. ئەگەرچی ئەبو موسلیم وەرگرتنی فەرمانڕەوایی میسری ڕەت کردەوە کە مەنسوور پێشنیازی کرد بۆی، بەڵام ڕێگەی بەخۆی دا بەفێڵ بهێنرێت بۆ عێراق و لەوێ بەبەرچاوانی خەلیفەوە، لەنزیک پایتەختە کۆنەکە مەدائین، کوژرا. کەسێک بەناوی سونبادی فارسی بڕیاری تۆڵەکردنەوەی دا و بەیداخی یاخیبوونی لە خوراسان بەرز کردەوە و تا ولاتی چیا پێشڕەوی کرد. لەوێ لەنێوان هەمەدان و ڕەی سوپاکانی خەلیفە شکاندیان و کوژرا.

---

[٥٣] ئەسڵی نازناوەکە (المنصور پالله)یە. خەلیفە عەباسییەکان پاشتر سەرجەم ئەم جۆرە نازناوانەیان بەخۆیان بەخشی کە ڕوالەتێکی دیندارانەیان هەیە. هەر کەس بیەوێت زیاتر لە سەردەمی مەنسوور بکۆڵێتەوە با بگەڕێتەوە بۆ:

Noleke, Orientalische Skizzen Berlin, 1892, pp. 112-162 (Shetehes from Fastern History, tr. By J. S. Black, London and Edinburg, 1892. 107-145).

ملکەچاندنی عەلەوییەکان

رەنگە عەلەوییەکان تا دوا ساتیش دڵیان بەوە خۆش کردبێت خەڵکی خوراسان کار بۆ بەرژەوەندیی ئەوان دەکەن، لەبەرئەوە دەستبەجێ ملکەچی دیفاکتۆکە نەبوون کە لە زاڵبوونی ئامۆزاکایانان بەسەر دەسەڵاتدا خۆی دەنواند. بەڵام هاوشێوەی باپیریان پێشتر، عەزیمەت و زرنگیی سیاسییان نەبوو. نەیاریی خۆیان بۆ بنەماڵەی حوکمڕانی نوێ لە شاری مەدینە بەتایبەت، وەک سەنتەری سەرەکیی بنەماڵەی عەلەوی، دەربڕی و زۆر لە ئەندامانیان لەو سەردەمەدا بە وڵاتدا پەرت بوون. لەبەرئەوە ئەو والییەی مەنسوور لەسەر شارەکە دایمەزراند ژمارەیەکی زۆریانی بەند کرد و پیاوەکانی بڵاو کردەوە بۆ گەڕان بەدوای گەورەکەیاندا محەمەد، کە یەکێک بوو لە نەوەکانی حەسەن لەسەری باوکییەوە و حسێن لە سەری دایکییەوە. هەر ئەم کارەیش بوو هەڵگیرسانی شۆڕشی خێزا کرد.

ئەوە بوو لە کۆتایی ساڵی ٧٦٢دا عەلەوییەکان ڕاپەڕین و خزمە گیراوەکانیان ئازاد کرد و فەقیهی بەناوبانگ مالیک کوڕی ئەنەس (خاوەنی مەزهبی مالیکی کە تا ئەمڕۆ لە تەواوی ئەفریقیای باکووردا بڵاوە)یان ناچار کرد لە سوێندی بەیعەتدان بەعەباسییەکان ڕەهایان بکات، لەو ڕووەوە بەزۆر بەیعەتیان داوە. سروشتییە ئەو سوپا خوراسانییەی مەنسوور ئاراستەی شارەکەی کرد بەسەر بزوتنەوە ساویلکانەکەی شۆڕشگێڕاندا زاڵ ببێت، ئەو شۆڕشگێڕانەی پێیان وابوو دەتوانن خۆیان لەڕێی لێدانی خەندەقێکەوە -وەک ئەوەی پێغەمبەر کردی- بەباشترین شێوە بپارێزن. محەمەد بەرەنگارییەکی دلێرانەی کرد و بەهۆیەوە کوژرا و مواڵک و سامانی خێزانەکەی دەستی بەسەردا گیرا. هەرچی شارەکەیە خەلیفە بەباشی مامەڵەی لەگەڵدا کرد، پاش ئەوەی ئیتر هیچ مەترسییەکی لەسەری نەمابوو.

هەرچی شۆڕشی عەلەوییەکان بەسەرکردایەتیی ئیبراهیمی برای محەمەد بوو لە بەسرە، مەترسیدارتر بوو. بەڵام ئەم ئیبراهیمەیش لێهاتوویی سیاسیی نەبوو. ئەگەرچی توانی بەسرە داگیر بکات، هەروەها بەو پارەیەی لەوێ بەدەستی هێنابوو توانی لابەندیی فارس و سووس بەدەست بێنێت، بەڵام ئامادە نەبوو بچێت بۆ کووفە کە مەنسوور بەسوپایەکی لاوازەوە لەوێ خۆی دامەزراندبوو. سەرەنجام فەرماندەی سەربازانی مەنسوور عیسای کوڕی موسا کە پێشتر شۆڕشی شارەکەی دامرکاندبووەوە، دەستبەجێ پێشڕەوی کرد بۆ سووس و کۆنترۆڵی کرد، بەڵام پاش کوشتارێکی توندوتیژ. سەرەنجام ئیبراهیم ویستی هێرش بکاتە سەر کووفە، بەڵام لە شەڕێک لەنێوان ئەو و سەربازانی عیسا لە ١٤ی شوباتی ساڵی ٧٦٣ لە باخەمرە Bahamra لە باشووری کووفە کوژرا.

دروستکردنی بەغدا

کاتێک مەنسوور ئەم سەرکەوتنە یەکلاکەرەوەیەی بەسەر عەلەوییەکاندا بەدەست هێنا، هەوڵی دا پایتەختێکی ئیمپراتۆریی نوێ دروست بکات، کە ماوەیەکی کەم پاش چوونە سەر تەختی خیلافەت دەستی بە نەخشەبۆدانانی کردبوو. بۆ ئەم مەبەستە ناوچەیەکی باش هەڵبژارد، کە بەری چەپی فورات لەنزیک ئەنبار دامەزراندبوو، بەڵام نزیکیی لە کووفە، ئەو شارە یاخییەی سەرێشەی گەورەی بۆ ئومەوییەکان دروست کرد، جێی ئەوە بوو لە ئایندەدا ببێتە مەترسی بۆ سەر دەوڵەتە نوێیەکەیش. مەنسوور دوای ئەوەی بیرێکی زۆری لە بابەتەکە کردەوە، سەرنجی لەسەر گوندێکی مەسیحینشین گیرسایەوە لەسەر بەری رۆژئاوای دیجلە پێی دەوترا بەغداد، تا بیکاتە پایتەختی ئیمپراتۆرییەتەکەی. هەڵبژاردنەکەیش نایاب بوو. لەڕاستیدا شارەکە لە گەشەکردنی خێرایدا تەنیا قەرزاری بایەخپێدانی خەلیفە نەبوو، بەڵکو قەرزاری شوێنە گونجاوەکەیشی بوو کە گرنگییەکی گەورەی پێ بەشیبوو، تەنانەت پاش پووکانەوەی شارستانێتی لە عێراقیش بەتەواوی. لەبەری چەپی دیجلە، خەلیفە لەڕێی هەڵمەتێکی کارکردنی زۆرەملێوە ژمارەیەک کۆشکی بۆ دەست و پێوەندەکەی و ژمارەیەک مزگەوت و خانووی بۆ حکومەت دروست کرد و بازرگانانی بەهەندێ مەرج راکێشا بۆ شارەکەی کە یارمەتی دەدان بۆ بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە. کەرەستەی بیناسازیشی بەپلەی یەکەم لە بارەگای کۆنی ساسانییەکان، واتە مەدائین، دەهێنا. مەنسوور لە بەغدا تۆڕێک نۆکەندی دامەزراند و پردی بەسەریانەوە دروست کرد، هەروەها دامەزراوەی ئاوی و قایمکاریی ئەوتۆی دامەزراند کە رێگەی ژیانێکی بێترسی بۆ خەڵک ئاسان کرد. هەروەها کۆمەڵێک ناوچەی نزیکیش خرانە سەر شارەکە گرنگترینیان کەرخ بوو (لە کەرخای ئارامییەوە هاتووە، بەواتای شار). هەروەها لە بەری رۆژهەڵات، کە بەشی سەرەکیی بەغدای ئەمڕۆی لەسەرە، مەنسوور سەرەتا کامپێکی بۆ مەهدیی کوڕی دروست کرد. شوێنەکانی دەوروبەری شاریشی بۆ خزم و مەوالی و فەرماندەکانی تەرخان کرد. پایەتەختەکەی ناونا (دار السلام) (مالی ئاشتی) یان (مدینه السلام) (شاری ئاشتی)، بەڵام هەر ناوە کۆنەی لەسەر زمانی خەڵک مایەوە.

کارگێڕی

"رۆح"ی پایتەختە تازەکە هەر لە سەرەتاوە تەواو لە "رۆح"ی دیمەشق جیاواز بوو. ئەگەرچی عەرەب بەردەوام بوون لە هاتوچۆکردنی کۆشکی مەنسووریش، بەڵام لەڕاستیدا نەیاندەتوانی لە خەلیفە نزیک بکەونەوە وەک لە سەردەمی عەبدولمەلیکدا دەیانکرد، وەک ئەوەی ئەو یەکەم بێت لەنێو ژمارەیەک هاوشاندا. خەلیفەی بەغدا بەهیچ کلۆجێک شێخێک لە شێخەکانی هۆزەکان نەبوو، بەڵکو جێنشینی پاشا مەزنەکانی فارس بوو. پاشتر

خەلیفەکانی بەغدا حەزیان چووە سەر خوێندنەوەی کتێبە فارسییەکانی تایبەت بە شێوازی تەشریفات کە ساسانییەکان لەسەری دەڕۆیشتن، هەوڵیشیان دا چاویان لێ بکەن. پێشکەوتن لەناو کۆشک و پێگە لە حکومەتدا ئیمتیازێکی بۆماوەیی نەبوو تەنیا لە خانەدانەکاندا کورت بێتەوە، بەڵکو خەلیفە کێی بوێستایە پێشی دەخست و کێی بوێستایە دوای دەخست، هەروەها وەبەرداکردنی پۆشاکی ڕێزلێنان (الخلعە) [٤٥]، کە لە سەردەمی ئومەوییەکاندا باو نەبوو، بوو بە نیشانەی ڕێزداری لای خەلیفەکانی بەنی عەباس. لەکاتێکدا ئومەوییەکان زۆربەی جار تەنیا پەردەدارێکیان هەبوو کە ئەرکی کردنەژوورەوەی خەڵک بوو بۆ لایان، دەبینین ژمارەی پەردەداران و خزمەتکاران لە کۆشکی عەباسیدا تا دەهات زیادیان دەکرد و زیاتر خەلیفەیان لە خەڵک دادەبڕی. لەڕاستیدا خەلیفە عەباسییەکان خەریکە بڵێین دەستیان لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەت شۆردبوو و ئەرکی ئەوەیان خستبووە سەرشانی وەزیرەکان. بەڵام ڕاستەوخۆ مومارەسەی دەسەڵاتیان بەسەر بابەتی مردن و ژیانەوە دەکرد: بکوژ (جەللاد) –کە دیاردەیەکە شارستانێتی عەرەبی پێش ئەو سەردەمە بەخۆیەوە نەدیبوو– هەمیشە لەگەڵ خەلیفە بوو، کیسە چەرمیش (چەرمێک بوو لەژێر ئەو کەسەدا دادەخرا کە سزای کوشتنی بەسەردا دەدرا، بەعەرەبی پێی دەوترێ: النطع –وەرگێڕی کوردی) هەمیشە لەنزیک تەخت ئامادە بوو بۆ لێدانی ئەو سەرانەی خەلیفە لێیان تووڕە دەبوو.

هەروەها ئیمپراتۆرییەتی عەباسی قەرزاری مەنسوورە بۆ ئەو ڕێسایانەی حکومەتەکەی لەسەر دامەزرا. لەڕاستیدا بەزۆری کاری هەر بەو سیستمی کارە دەکرد کە بیزەنتی و ساسانییەکان لەسەری ڕۆیشتبوون و ئومەوییەکانیش پێشتر کاریان پێ کردبوو. هەمیشە هەوڵی دەدا والییەکی لێوەشاوە و بەتوانا بکاتە سەرۆکی هەر وێلایەتێک. ڕاستە لەم دیاریکردنەدا بنەماڵە و خزمانی خۆی لەبیر نەدەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا سڵی نەدەکردەوە لە بەرزکردنەوەی مەوالی و کۆیلە ئازادکراوەکانی بۆ بەرزترین پۆستەکان. هەروەها لەڕێی سیستمی پۆستەوە دەیتوانی زۆر بەباشی چاودێریی کاروباری کارگێڕی لە وێلایەتەکان بکات، کە دەتوانین بڵێین ئەم سیستمە لەسەردەمی ئەودا دامەزرا، ئەگەرچی لە سەردەمی ئومەوییەکانیشدا هەبوو. بەڕێوەبەرانی پۆستە بەرپرسیار بوون لە تەواوی دەزگای هەواڵسازی لە حکومەتدا، بەڵام ئەرکی سەرەکییان ئاگەدارکردنی بەردەوامی خەلیفە بوو لە ڕێچکەی کاربەدەستەکانی لە حوکمڕانیکردندا، ڕاپۆرتەورد و بەردەوامەکانیان سوودی زۆریان بۆ بەرژەوەندیی گشتی هەبوو. بۆ نموونە ئەو ڕاپۆرتانەی لەبارەی کشتوکاڵەوە دەیانناردن، یارمەتی گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویستیان

---

[٤٥] وشەی gala لەوەوە وەرگیراوە.

دەدا دژی هەر کەموکورتییەک لە دانەوێڵەدا. نەک هەر ئەوە، بگرە تۆمارەکانی ئەو وێستگە پۆستەییانەی دایاننابوون یەکێک بوو لەو سەرچاوانەی لە نەوەی دووەمدا زانستی جوگرافیای لای عەرەب لێکەوتەوە.

مەنسوور زانایانی فیقە و حەدیسی لە کۆشکەکەی نزیک کردەوە، کە تا ئەوکاتە لە مەدینە گۆشەگیر بوون و بەنهێنی پیلانیان دژی دەوڵەتی ئومەوی دەگێڕا. لەکۆتاییدا پاش ئەوەی ئالی بەیتی پێغەمبەر جارێکیتر جڵەوی دەسەڵاتیان گرتەوە دەست، ئەو نموونە باڵا ئێۆکراتیەیان بۆ بەدیهات کە خەونیان پێوە دەبینی. بێگومان دوو لە دامەزرێنەرانی کۆنتربن مەزهەب فیقهییەکان کە تا ئەمڕۆ ماون لەگەڵ عەلەویەیت هاوسۆز بوون. ئەبوحەنیفە دامەزرێنەری مەزهەبی حەنەفی، کە باپیری کاتی خۆی بەندەیەک بوو لەکاتی فەتحی کابۆلدا بەدیل گیرا، پاشان گەورەکەی ئازادی کرد و لە هۆزی تەیمەڵا بوو. بەڵام شوێنکەوتوانی هەر زوو رەچەڵەکێکیان بۆ داهێنا کە دەچێتەوە سەر یەکێک لە پاشاکانی ئەفسانە کۆنەکانی ئێران. بەهەرحاڵ، ئەبو حەنیفە وەک موالییەک لە مەوالییەکانی تەیمەڵا، لەڕێگەی بازرگانیکردن بە ئاوریشمەوە لە کووفە، لە خەڵک بێنیاز بوو. لە لایەنگرانی زەیدی کوڕی ئیبراهیم بوو لە شۆڕشەکەیدا لە بەسرە. سالی ٧٦٧ لە بەندیخانەی بەغدا کۆچی دوایی کرد. ئەڵقەی وانەوتنەوەی لە کووفە دەبەست و لە مەسەلە شەرعییەکاندا فتوای دەدا. لە فتواکانیشیدا بەتوندی پابەندی سوننە [حەدیس] بوو و زیاد لەوەی خاوەن مەزهەبەکانیتر دەیانکرد بواری لەبەردەم ئیجتیهاددا نەدەکردەوە. لەڕاستیدا ئیرەیی پیاوانی پاشینی مەزهەبەکان ئەم جۆرە پلارانەیان بۆ دروست کردوە. پێشتر بینیمان هاوسەردەمەکەی، مالیک بن ئەنەس، دامەزرێنەری مەزهەبی مالیکی لایەنگری عەلەوی بوو، کاتێک شۆڕشەکەیان سەرکوت کرا بەجەڵدێدان سزا درا. هەرچۆن بێت، ئەو خەلیفانەی پاشتر بەدوای یەکدا هاتن رێزی زۆریان دەگرت، هارون ئەڕەشید پێش مردنی لەکاتی ئەنجامدانی فەریزەی حەجدا، سەردانی کرد. لەکاتێکدا قوتابییانی مالیک رێبازی مامۆستاکەیان بەپلەی یەکەم لە ئیسپانیا (ئەندەلوس) و باکووری ئەفریقیا بڵاو دەکردەوە، حەنەفیەت زوو کەوتە خزمەتکردنی دەوڵەتی ناوەندی. ئەبو یوسف وەک دادوەری دادوەران یاخود قازیی قازییان (قاضی القضاة) لە ئیسلامدا توانی دانپێدانانێکی رەسمی بۆ مەزهەبی ئەبو حەنیفە بەدەست بێنێت. هەروەها کتێبێکی بنچینەیی لەبارەی باجی زەوی (خەراج) بۆ هارون ئەڕەشید دانا. پێش ئەویش یەکێک لە نووسەرانی مەهدی کە سەرەتا لە ئیدارەی ئومەویدا کاری کردبوو، لە کتێبێکیدا لەبارەی خەراج باسی دۆخە واقیعییەکانی کردبوو.

شۆڕشەکان لە فارس. دەمامکدار (المقنع)

مەنسوور هەردەم سەرقاڵ بوو بە پاراستنی سنوورەکانی ئیمپراتۆرییەتە گەورەکەی و فراوانکردنی بەپێی گونجانی بارودۆخ. ئەگەرچی جەنگە بەردەوامەکان دژی بیزەنتییەکان لە سەردەمی ئەویشدا لە سەردەمی ئومەوییەکان سەرکەوتووتر نەبوون، هەروەها سەرباری ئەوەی هەڵمەتەکان دژی خەرەزە تورکەکان لە وڵاتی قەبق (قەوقاز)، دەیلەم لە کەناری باشووری دەریای خەزەر و تورکەکان لە بەرەکەیتری رووباری جەیحون، هەروەها دژ بە هیندییەکان، نەبوونە مایەی فراوانبوونێکی گەورە، سەرباری هەموو ئەوانە، هەموو ئەو کارە جەنگییانە دەریانخست دەوڵەتێکی ناوەندی (مەرکەزی)ی بەهێز لەتوانایدایە رووبەڕووی ئەم قەیران و تەنگانانە ببێتەوە کە نەوە لاوازەکانی پاشتر نەیانتوانی رووبەڕوویان ببنەوە و بەسەریاندا زاڵ بن. بنەماڵەی دەسەلاتداری عەباسی ناوبەناو لەلایەن ئەو شۆڕشە مەزهەبییە تاوسەندوانەی لە خوراسان بەرپا دەبوون، رووبەڕووی مەترسی دەکرانەوە، ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە ئەوپەڕی سنووری رۆژهەڵاتی ئیمپراتۆرییەتەکە، کە تێیدا ئیسلام لەگەڵ بیروباوەڕە بوودایی و بۆچوونە شامانییەکاندا بەریەک دەکەوتن (شامان، بەمانای کاهین یان سیحرباز دێت- وەرگێڕ)، بەتایبەتیش ئایینی نەتەوەیی ئێران هێشتا کاریگەریی بەهێزی لەسەر عەقڵی خەڵک هەبوو. ئەوە راستە مەنسوور خۆی ئەبو موسلیمی لەناو برد، هەروەها ئەو بوو سالّی ٧٥٨ فەرمانی کرد بە تەفروتوناکردنی هەندێ لە هەواداره دەمارگیرەکانی ئەبو موسلیم لە خەڵکی خوراسان [راوەندی] کاتێک لەبەردەم بارەگاکەی لە هاشمییە دەرکەوتن تا وەک بەرجەستەبوونی زاتی ئیلاهی ستایشی بکەن. هەوڵی دا بەقسەی نەرم هێوریان بکاتەوە، بەڵام ئەوان ملیان نەدا.

بەڵام پاش ماوەیەک پیاوێکی فارسی خەڵکی مەرو و لە پیاوە نزیکەکانی ئەبو موسلیم -کە ناوی حەکیم بوو- سالّی ٧٧٨ سەری هەڵدا و بانگەشەی ئەوەی دەکرد ئەو بەرجەستەبوونێکی تازەی زاتی ئیلاهییە پاش مردنی گەورەکەی. لەو رووەوە هەمیشە دەمامکێکی بەزێڕ نەخشێنراوەوە لەبەردەم خەڵکدا دەردەکەوت، دەیانوت گوایە مەبەست لەوە ئەوەیە، وەک دەمامکەکەی موسا، مەزنیی زاتی ئیلاهیّ لە چاوە پیسەکان بشارێتەوە کە شیاوی تەماشاکردنی نین، لە مێژوودا بەنازناوەکەی ناسراوە: دەمامکدار (المقنع). ئەو شۆڕشگێڕە لە قەڵای سەنام لەنزیک کەش Kesh لەودیو رووبارەوە توانی هەموو هەرێمەکە ملکەچ بکات، لەکاتێکدا شۆڕشێکیتر لە شۆڕشەکانی خەواریج لە خوراسان هەڵدەگیرسا، خەلیفە چەند سوپایەکی نارده سەری و توانی بەسەریاندا زاڵ بێت. لەکۆتاییدا سەربازانی خەلیفە توانییان لە قەلاکەیدا گەمارۆی بدەن، ئەویش ئاگری بەردایە قەلاکە و خۆی و ژنەکانی و شوێنکەوتەکانی سووتان (٧٨٠ ز). بیروباوەڕە مەشاعییەکان کە

مەزدەک لە سەردەمی ساسانیدا بانگەشەی بۆ دەکردن، پێش ساڵێک لە هەڕەمی جورجان زیندوو کرانەوە و لە سەردەمی ڕەشیددا لە شێوەی شۆڕشێکی مەترسیداردا تەقینەوە.

لە باکووری ئەفریقیایش کە وادیارە حوکمی مەنسوور -لە هیچ بارێکدا- بۆ دوورتر لە قەیرەوان بڕی نەکرد، شۆڕشێکی نوێ لە شۆڕشەکانی بەربەر هەڵگیرسا. ئەوانە سەرەڕای ئیسلامبوونیان، لەبەردەم سەرجەم هەوڵەکانی بەعەرەبکردنیاندا وەستانەوە و دەستیان بە هەستێکی نەتەوەییەوە گرت کە تا ئەمڕۆیش زیندووە. لێرەوە خەواریجەکان کە خەریک بوو لەناو جەرگەی ئیمپراتۆرییەتەکەدا ڕیشەکێش بکرێن، جار دوای جار زەمینەکەیان لەنێو بەربەرەکاندا بە لەبار دەبینی بۆ بانگەواز و بڵاوکردنەوەی بیرو بۆچوونەکانیان.

مەنسوور سەرەتا عیسا بن مووسای ئامۆزای -کە بەملکەچکردنی شۆڕشەکانی عەلەوییەکان خزمەتی گەورەی بەدەوڵەت کردبوو- بەجێنشینی خۆی لە دەسەڵاتدا دیاری کرد. تا کاتێک مەهدیی کوڕی گەورە بوو حەزی کرد میراتگریی تەخت بۆ ئەو بگوێزێتەوە. بەم شێوەیە عیسای ناچار کرد دەستبەرداری مافی خۆی لە خیلافەت ببێت و خەڵک لەو سوێندی بەیعەتە ڕەها بکات کە ساڵی ٧٦٧ بۆیان خوارد. کاتێک مەنسوور لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٧٧٥ لەکاتی گەڕانەوەیدا لە حەج -کە شەیدای ئەوە بوو خۆی ئەمیری وەرزی حەج بێت- مرد، مەهدی چووە سەر تەخت، بەبێ ئەوەی کەس بەرهەڵستی بکات.

مەهدی دژی زندیقەکان دەجەنگێت

سەرەڕای گشت دیمەنەکانی شکۆ و مەزنی لە سەردەمی مەنسووردا، کە شیاوی پاشایەکی ڕۆژهەڵاتیی مەزنن، ئەم خەلیفەیە بەهۆی دەستپێوەگرتنە شەخسییەکەی توانی گەنجینەیەکی پڕ پارە و پوول بەجێ بێڵێت. بەم شێوەیە مەهدی دەیتوانی لە کۆشکەکەیدا ژیانێکی پڕ لە خۆشی و ناز و نیعمەت بەسەر ببات، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا خزمەتی بەرچاوی بە ئیمپراتۆرییەتەکەیش کرد، بە دامەزراندنی تۆڕێک لە ڕێگەی گشتی و باشکردنی سیستمی پۆستە. بەغدا بەهۆی شوێنە نایابەکەیەوە لە سەردەمی ئەودا بوو بە ناوەندێکی سەرەکیی بازرگانی لەگەڵ هیند. لەسەروو ئەوەیشەوە مەهدی بەگرنگیدانی بە پیشەسازییە نیشتمانییەکان سەلماندی ژیر و چاوکراوەیە. بەڵام ئەو شۆڕشە مەزەبییانەی ئاماژەمان بە هەڵگیرسانیان کرد لە وێلایەتە فارسییەکاندا، وایان لە خەلیفە کرد زۆر بەتوندی چاودێریی ژیانی عەقڵیی خەڵکەکەی لە پایتەختی ئیمپراتۆرییەتەکەیشیدا بکات. لەڕاستیدا مانەوێزم نەک ئایینی زەردەشتیی ساف، هێشتا کاریگەریی گەورەی بەسەر ئەو کەسانەوە هەبوو تازە هاتبوونە ناو ئیسلام و پاشان بەتەواوی لەگەڵ فەرمانە تونەدەکانیدا ئاسوودە نەبوون، بگرە خەریک بوو [مانەوێزم] ببێتە ئایینی چینە ڕۆشنبیرەکان. پێشتر مەنسوور خۆی فەرمانی کردبوو بەکوشتنی عەبدولا بن ئەلموقەفەعی نووسەر. ئەم عەبدولایە (کە ناوە

فارسییەکەی روزبەیە) کوڕی پیاوێک بوو باجی بۆ حەججاجی کوڕی یوسف کۆ دەکردەوە. هەروەها لە شوێنکەوتوانی عیسا کوڕی عەلی مامی سەفاح و مەنسوور بوو و [لەسەر دەستی ئەودا] موسڵمان بوو. لە زمانی پەهلەوییەوە مێژووی فارس "خوداینامە"ی وەرگێڕاوەیە سەر زمانی عەرەبی، ئەمە جگە لە وەرگێڕانی کتێبی پەندەکانی هیندی "کلیلە و دمنە" بۆ فارسی. هەروەها ژمارەیەک تێزی لە دانایی سیاسی وەک ئەوەی لای ئێرانییەکان هەیە نووسیوە. دەوترێت مەنسوور ئەو رۆژە لێی تووڕە بوو کە [سلێمان و عیسا هەردوو کوڕەکەی عەلی] داوایان لێکرد سیغەیەکی لێبوردن بنووسێت تێیدا مەنسوور بەڵێن بدات غەدر [لە ئەبولعەباس عەبدوڵای برایان]، مامی مەنسوور، نەکات، ئەویش رەشنووسێکی تەمومژاوی نووسی. بوار هەیە بۆ گومانکردن لەوەی ئەم تۆمەتە ئاراستەی ئیبنول موقەفەع کرا تاکە هۆ بووبێت کە وای لە والی بەسرە کردوە ئەو سزا وەحشییانەی بەسەردا بسەپێنێت. رەنگە بەشداریکردنی لە چالاکیی سیاسیی ئایینیی فارسەکاندا گومانی لای سوڵتان دروست کردبێت، ئەو چالاکییەی وەک باسمان کرد باری سەرشانی مەنسووری گران کردبوو و پشتی چەماندبووەوە.

لە سەردەمی مەهدیدا سالح بن عەبدلقدووسی شاعیریش هەمان چارەنووسی تووش هات، کە لە گوتارە ئایینییەکانیدا لە بەسرە بەڕاشکاوی بانگەشەی بۆ دوالیزمی فارس دەکرد. هەوڵی دا خۆی لە ئاکامی ئەو تووڕەییەی بانگەوازەکە لە ناوەندە فیقهییەکاندا لەسەری وروژاندبوو لابدات، بەوەی رایکرد بۆ دیمەشق، بەڵام پیاوانی مەهدی بەدوایدا چوون و گێڕایانەوە بۆ پایتەختی خیلافەت و سالی ٧٨٣ بەتۆمەتی زندیقی، کە لەو سەردەمەدا بەو کەسانە دەوترا بە هەڵگەڕاوە لە ئاین تۆمەتبار دەکران، لەخاچ درا. لەڕاستیدا ئەم وشەیە لە سەردەمی ساسانییەکاندا ئەو کەسانەی پێ ناشیرین دەکرا کە زاتیان دەکرد تەفسیرێکی نوێ بۆ "ئاڤێستا" بکەن، بەتایبەتیش بە شوێنکەوتوانی مانی و مەزدەک دەوترا. لە هەمان سالدا شاعیری نابینا بەشار بن بوردیش کوژرا، کە لە شیعرەکانیدا سڵی نەدەکردەوە لەوەی رایبگەیەنێت وەک پێشینانی ئاگر دەپەرستێت. لە هەمان کاتدا زمانپیس بوو و لە داشۆرینەکانیدا خۆی لە هێرشکردنە سەر خەلیفەیش نەدەبوارد. لێرەیشەوە گێڕانەوەکە کوتاییە تراژیدیەکەی ئەو شاعیرەی، هاوشێوەی لێکدانەوەی بۆ کۆتایی ئیبنول موقەفەع، بۆ ئەو لادانە سیاسییە گێڕاوەتەوە. هەرچۆن بێت هەر لەو سەروبەندەدا بوو مەهدی راوەدونانی زندیقەکانی بە بەرپرسێکی تایبەت سپارد بەناوی "ئەلعەریف". دەوترێت ئەو بەرپرسە سەرەتا بۆ ماوەی سێ سال چالاک بوو. تا کاتێک مەهدی مرد و خەلیفەکانی پاش ئەو هاتن هیممەتی ئەم "دیوانی پشکنین"ـە بەرەو بەگژاچوونەوەی بیروڕا مەزهبییەکانیش لە چوارچێوەی فیکریی ئیسلام خۆیدا ئاراستە کرا، کە ئەو بیروڕایانە لەبەر هۆیەکی دیاریکراو حکومەتیان قەڵس دەکرد، ئەگینا لەوە زیاتر هیچ زەرەر و زیانێکیان نەبوو.

لەنێوان مووسا و هاروونداا

مەهدی پاش دە ساڵ حوکمڕانیکردن مرد و مووسای کوڕی ساڵی ٧٨٥ جێگەی گرتەوە و نازناوی (ئەلهادی) بەخۆی دا. مووسا بەرەنگاریی هەژموونی (خەیزوران)ی دایکی کرد کە پێشتر لە سەردەمی خیلافەتی مێردەکەیدا بەشداربیەکی زۆری لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەتدا کردبوو و خەریک بوو بەتەواوی بەسەر مێردەکەیدا زاڵ بێت. خەیزوران پێشتر کەنیزەکێکی بەربەری بوو. مووسا هەوڵیدا هاروونی برای، کە لای دایکی زۆر خۆشەویست بوو، دەست لە میراتگریی تەخت (ویلایەتی عەهد) هەڵبگرێت، بەڵام بێسوود بوو. لە ١٥ی ئەیلولی ساڵی ٧٨٦ هادی لە حەرەمسەراکەیدا لەنزیک مووسڵ کۆژرا، هیچ گومان لەوەدا نیە بەهەڵنانی خەیزوران بووە. هەر لەو ساتەوە ئەو دەرد و دایانە دەرکەوتن، کە سەرەنجام بوونە هۆی فەوتانی بنەماڵەی عەباسی.

لە سەردەمی رەشیددا کە بیست و سێ ساڵی خایاند، خیلافەتی عەباسی گەیشتە لوتکەی هێز و دەسەڵاتی خۆی[٥٥]. لەو رووەوە خۆشگوزەرانی مادەدیش لەو سەردەمەدا گەیشتبووە ئاستێکی بێ پێشینە، ئەوا نەوەکانی پاشتر خەلیفە هارون ئەلڕەشیدیان بە پاشایەکی نموونەیی وێنا دەکرد و زۆر شتیان دەدایە پاڵ بەهرە کەسییەکانی، کە تێیاندا تەنیا قەرزاری هەلومەرجە لەبارەکانی سەردەمەکەی بوو.

رەشید و بەرمەکییەکان

رەشید لە ساڵە سەرەتاکانی فەرمانڕەواییەکەیدا بەڕێوەبردنی تەواوی کاروبارەکانی دەوڵەتی بە وەزیرەکانی سپاردبوو. لەڕاستیدا پۆستی وەزارەت لە زووەوە قۆرخ بوو بۆ بنەماڵەی بەرمەک[٥٦]، کە دەچنەوە سەر بنەماڵەیەکی پلەبەرزی کاهین لە نەوبەهار، یەکێک لە دێرە بوودداییەکان لە بەڵخ. گێرانەوە فارسییەکە پاشتر، بەپاڵنەری شانازیکردنی نەتەوەیی، باس لەوە دەکات ئەو خێزانە لە کاهینانی فارسی ئاگرپەرست بووە. پاش کوژرانی ئەبو سەلەمە، سەفاح خالیدی کوڕی بەرمەکی کردە وەزیر، یان وردتر بڵێین بەنووسەری یەکەم لای خۆی دایمەزراند. لە سەردەمی خیلافەتی مەنسووریشدا خالید هەر سەرپەرشتیی کاروبارە داراییەکانی دەکرد و بەشێوەیەکی تایبەت لە دروستکردنی بەغدادا ناوی درەوشایەوە. بەڵام لەهەمان کاتدا سەربازێکی لێهاتوویش بوو لە لاوێتیدا لەژێر ئاڵای ئەبو موسلیم و قەحتەبەدا خزمەتی کردبوو. نەک هەر ئەوە، بگرە لەساڵانی ٧٦٥-٧٦٩ کاتێک والیی تەبەرستان بوو، توانی دواین میرنشینی خۆماڵی لە چیای دەماوەند لەناو

---

[٥٥] بڕوانە: G. Audisio, Harun ar Rashid, Caliph of Baghdad, N, Abbott, Two Queens of Baghdad, Chicago 1946.

[٥٦] بڕوانە: L. Bouvat, Les Barmecides d,après les historiens arabes et person, Paris, 1912.

بابات، هەروەها لە تەمەنێکی گەورەدا بەشداریی جەنگ دژی بیزەنتییەکانی کرد. لەبەرئەوە سروشتی بوو وەک هەموو فەرمانبەران لەم هەموو پۆستانە سامانێکی گەورە کۆ بکاتەوە. لێرەوە دەبینین مەنسوور ماوەیەک پێش مردنی دەستی بەسەر نزیکەی سێ ملیۆن درهەمیدا گرت[٥٧] و میرنشینی مووسڵی پێ بەخشی کە بەهۆی نزیکی لە کوردە سەر بەکێشە و یاخییەکان، پۆستێک بوو بایەخێکی تایبەتی هەبوو. لەهەمان کاتدا یەحیای کوڕی بوو بە والیی ئازربایجان، تا کاتێک خیلافەت کەوتە دەست مەهدی، بانگ کرا بۆ بەغدا. ساڵی ٧٧٧ کاتێک هاروون لەپاڵ ئەرمینیا و ئازربایجاندا کرا بەئەمیری ویلایەتە رۆژئاواییەکانیش، یەحیا هەنگاوێکی نوێی بەرەو شکۆمەندی هاویشت، ئەوە بوو هاروون کردی بەسەرۆکی رازگرەکانی. یەحیا بەردەوام دڵسۆزی گەورەکەی بوو لەو رۆژانەی هادی هەوڵی دەدا هاروون ناچار بکات دەستبەرداری (ویلایەتی عەهد) ببێت، بگرە باس لەوە دەکرێت بەهۆی ئەوەوە ماوەیەک ئازادی لەدەست داوە. هەر کە هاروون تەختی خیلافەتی گرتە دەست، لەسەر دڵسۆزیەکەی پاداشتی یەحیای کرد و بۆ پایەی وەزارەت بەرزی کردەوە.

بەم شێوەیە خۆی و دوو کوڕەکەی، فەزڵ و جەعفەر، لە ساڵی ٧٨٦ تا ساڵی ٨٠٣ حوکمی ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامییان دەکرد، حوکمکردنێکی رەها، ئەگەرچی لە ساڵە بەراییەکانی وەزارەتەکەیدا لەلایەن دایکی خەلیفەوە چاودێریی تووند دەکرا. لەکاتێکدا فەزڵ وەک ئەمیری ویلایەتە رۆژهەڵاتییەکان توانی سەرکەوتنی بەرچاو لە هەردوو کایەی سەربازی و ئاوەدانکردنەوەدا بەدیبێنێت، جەعفەر لە پایتەخت لای خەلیفە مایەوە کە گرنگیی تایبەتی پێدەدا، کاروباری ئەو ویلایەتانەیش بەڕێوەبردنیان یان راستر بڵێین بەکارهێنانیان بەو سپێردرابوو، بۆ هەندێ نوێنەری بەجێهێشتبوون. سروشتییە ئەم هاوڕێیەتیە بەتێپەڕینی کات ببێتە هۆی بێزاربوونی خەلیفە. گێرانەوەکان هۆی دواین ناکۆکییەکە بۆ رووداوێکی سۆزباوی دەگێڕنەوە، ئەویش ئەوەیە خەلیفە گرێبەندێکی هاوسەرگیریی شکڵی بۆ جەعفەر لەگەڵ عەباسەی خوشکی کردوە تا بتوانێت لەیەک کاتدا پێکەوە بیانبینێت، بەڵام جەعفەر ئەم ئازادییەی بۆی رەخسا بەخراپی بەکار هێنا. لەبەرئەوە هەر کە دایکی خەلیفە ساڵی ٧٩٠ مرد، ، وەک سەرچاوەکانیش دەڵێن، رەشید مۆری دەوڵەتی لە دەستی جەعفەر دەرهێنا و بەشێک لە دەسەلاتەکانی بۆ دژبەر و جێگرەوەکەی، فەزڵی کوڕی ئەلڕەبیع گواستەوە. لە سەرەتاکانی ساڵی ٨٠٣ کاتێک رەشید لە حەج

---

[٥٧] لەو رووەوە قەرزە حکومییەکان لەو سەردەمەدا هێشتا نەناسرابوون، ئەو جۆرە پارەکێشانەوەیەی ئەو کاربەدەست و فەرمانبەرانەی لەڕێی وەزیفەکانیانەوە دەوڵەمەند بووبوون، تووشی نەگبەتییەکانی بوون، کە ئامرازێکی بەردەوام بوو بۆ پرکردنەوەی گەنجینەی دەوڵەت پاش بەتاڵبوونەوەی. بۆ ئەوەیش زاراوەیەکی تایبەتیان هەبوو، بریتی بوو لە "المصادرة".

گەڕایەوە –زۆربەی جار خۆی سەرۆکایەتی دەکرد- فەرمانی دا جەعفەر لە شەوی ۲۹ی کانوونی دووەمدا بکوژرێت و کەللەسەرەکەی بە پردی ناوەندیی بەغدادا هەڵبواسرێت و لاشەی بکرێت بەدوو کەرتەوە و هەر لەتێکیان لەسەر دوو پردەکەیتر پیشان بدرێن. هەرچی باوکی و براکانی بوون دەستگیر کران و موڵک و سامانەکانیان دەستی بەسەردا گیرا. پاشان رەشید دوای مەرگەساتی بەرمەکییەکان بارەگاکەی گواستەوە بۆ رەققە لەسەر فورات.

سەردەمی رەشید خاڵیش نەبوو لە شۆڕشی یەک لەدوای یەک لەنێاو ئیمپراتۆرییەتەکەدا، ئەوە بوو ساڵی ۷۹٦ لە سووریا ئاگری دوژمنایەتییەکی کۆن، بەتوندی لەنێوان عەرەبی باکوور و عەرەبی باشووردا هەڵگیرسا. لە دیمەشق کەسانی هەرچی و پەرچی دۆخی شلۆقییان قۆستەوە بۆ رۆچوون لە تاڵان و راوڕووت. ئاسایش لەو ناوچەیە سەقامگیر نەبوو تا جەعفەر خۆی بۆی دەرچوو و فەرمانی دا تەواوی دانیشتوان چەک بکرێن.

ئەغلەبییەکان لە باکووری ئەفریقیا

راپەڕین بەسەر کاربەدەستانی خەلیفە لە ئەفریقیا بەبێ پچڕان بەردەوام بوو. لێرەدا سەرەتا ئیبراهیمی کوڕی ئەغلەب ئاسایشی گێڕایەوە دۆخی خۆی، کە باوکی –ئەمیری ئەفریقیا بوو و بنەچەکەی لە مەرو ئەلڕوودە- لە شۆڕشی ساڵی ۷٦۷دا کوژرا. ساڵی ۷۹۵ ئیبراهیم لە ویلایەتەکە کرا بەبەرپرسی هەرێمی زاب لە باشووری جەزائیر لە هەردوولای بیسکەرە. تا کاتێک شۆڕشگێڕان (ئیبن موقاتیل)ی جێگرەوەی باوکیان دەرکرد، ئیبن ئەغلەب ساڵی ۷۹۹ بەپەلە چوو بۆ یارمەتیدانی. بەڵێهاتوویەکی بێوێنە توانی ئاسایش و سەقامگیری لەو ناوچانەدا بچەسپێنێت. لەبەرئەوە رەشید لەسەر زەحمەتییەکانی پاداشتی کرد و کردی بە بەرپرسی ئەفریقیا بەرانبەر باجێکی ساڵانە کە چل هەزار دینار بوو. ئیبن ئەغلەب دەستبەجێ دەستی بەدامەزراندنی شارێکی نوێ لەدووریی سێ میل لە باشووری قەیرەوان کرد ناوینا "عەباسییە" و کردی بە بنکەی میرنشینەکەی. ساڵی دوای ئەوە ئیتر دەیتوانی تێبدا پێشوازیی باڵێۆزەکانی شارلمان بکات، کە بەڕواڵەت بۆ داواکردنی ئاسەواری قەشە سیبریون هاتبوون لەکاتێکدا ئامانجی راستەقینەیان، دروستکردنی پەیوەندیی دیپلۆماسی بوو لەگەڵ موسڵمانان و تێوەگلاندنی ئیبن ئەغلەب بوو لە ئەنجامدانی کارێکی هاوبەش دژی ئیسپانیا[٥٨].

---

[٥٨] بڕوانە: Eginhardi Annales Francorum, year 801.

لەڕاستیدا هاروون ئەلڕەشید خۆی لەو ناوبانگەی لە خۆرئاوا هەیەتی قەرزاری پەیوەندییە بەناوبانگەکانیەتی لەگەڵ شای گەورەی فەرەنجە، کە ئەم پەیوەندییانە -وەک دەگێڕنەوە- خۆی لەڕێی ناردنی شاندێکەوە بۆ ئێکس لاشابل دروستی کردون. هەرچۆن بێت، سەرچاوە عەرەبییەکان هیچ لەم بارەوە ناڵێن. دوور نیە بابەتەکە هەمووی ئەوە بووبێت هەندێ لە بازرگانانی رۆژهەڵات، بەبێ سەرپشککردن، لای شارلمان سیفەتی باڵێۆز و قسەکەر بەناوی خەلیفەیان بەخۆیان دابێت[٥٩].

شەڕ دژی بیزەنتە بەدرێژایی سەردەمی ڕەشید بەردەوام بوو، بەڵام هیچ بەرهەمێکی نەبوو زیاتر لە ناچارکردنی ئیمپراتۆر نیفور پاش فەتحی هیرقلە سالّی ٨٠٦ بە بەڵێندان بە دانی سەرانە (جیزیە) بە موسڵمانان. هەروەها لە ئێرانیش شلۆقییەکی بەردەوام هەبوو. تا کاتێک رافع بن لەیث سالّی ٨٠٥ لە سەمەرقەند ڕاپەڕی و دەستی بەسەر تەواوی وڵاتی ئەودیو ڕووباردا گرت، خەلیفە ناچار بوو خۆی بچێت بۆ شەڕ لەگەڵیدا. بەڵام ئەجەل دەرفەتی نەدا، هەر کە گەیشتە تووس لە خوراسان نەخۆش کەوت و مرد، ئەویش لە ٢٤ی ئادار/مارسی سالّی ٨٠٩.

شیعر لە عێراق

دەسەلاتەکەی هاروون بەو بەرهەمە پێگەیشتوەی ئەدەبی عەرەبی کە لە خاکی شارستانێتیی بەپیتی بابلی کۆندا هێنایە کایە، ناوبانگێکی تایبەتی پەیدا کرد. شاعیرانی بیابان کە لە سەردەمی ئومەوییەکاندا کێشە خێڵەکییەکان و کێبرکێی بێمانا زۆربەی چالاکییانی داگیر کردبوو، نەوەیەکی نوێ لە شاعیرانی شار جێگەیان گرتنەوە. خەڵک بەهۆی سەرقاڵییانەوە کاتیان نەبوو خۆیان بۆ خوێندنەوەی چامە دوور و درێژ و بێزارکەرەکانی شاعیرانی کۆن تەرخان بکەن، بگرە توانای لێ تێگەیشتن و چێژ لێ بینیشیان لەدەست دابوو. لەبەرئەوە سروشتی بوو هونەری نوێ کار بۆ بەشبەشکردنی بکات و هەوڵ بدات هەریەک لە ڕەگەزە جیاوازەکانی بەجیا بەهێز بکات. بێگومان ئاسۆی فیکری [لە شیعری نوێدا] زۆر بەکەمی فراوان بوو. شاعیرانی کۆنیش وەک شاعیرانی تازە شیعریان بەسەر خۆشەویستی و مەی و راوکردندا دەوت، هەروەها ئەوانیش وەک تازەکان بەوشەی زبر گاڵتەیان بە دڕبەرانیان دەکرد. بگرە شاعیرانی کۆن جاروبار

---

[٥٩] بڕوانە: F. F. Schidt in Der islam, III, 409-11.

هەروەها بڕوانە بارتۆلد لە هەمان سەرچاوە ب٤ لا ٢٣٣ و پاشتر. لەڕاستیدا ئەوکاتە ئاشنایی ڕۆژهەڵات بەوەی پێی دەڵێین سڵکی، لە ئاشنایی ئەورووپا زیاتر نەبووە و موسڵمانەکان لە ئەنجامدانی ئەم ئەرکە دیپلۆماسییانەدا بەزۆری پشتیان بە زاناییانی ئایینی دەبەست.

توانیویانه له هەندێ ژێ بدەن که زیاتر مایەی وروژاندنی خەمن، ئەویش له هەندێ لاواندنەوەدا که بۆ ژیانی دنیا و بەسەرچوونی شیوەن دەکەن. شیعری دڵداری له سەردەمی عەبدولمەلیکدا لەسەر پێی خۆی وەستا، ئەویش له شیعری عومەری کوڕی ئەبی ڕەبیعەدا، هەروەها خەلیفە وەلیدی دووەم هۆنینەوە بەسەر مەی زیندوو کردەوە. شاعیرە لاوەکان کەوتنە بڕەودان بە سەرجەم ئەو بابەتانە. تەنیا بەخواستنی جوانکارییەکانی دەربڕین له زمانی قسەکردنی گشتیی سەردەمەکەیانەوە نەوەستان، بەڵکو زۆربەی جار لەوەیان تێدەپەڕاند بۆ وەرگرتنی وشە و زاراوە له زمانی دەوارنشینان (بەدو)، که زمانی ئەوان هێشتا بەنموونەی باڵا دادەنرا له پەتیبوون و ڕەوانیدا. پیاهەڵدانی خەلیفەکان و بەرمەکییەکاندا بەزۆری لەسەر شێوازی کۆن دەکرا، که تەنانەت ئەو شاعیرانەیش بەبنەچە عەرەب نەبوون لێهاتوانە ئەو شێوازەیان بەکار دەهێنا. بەناوبانگترین پیاهەڵدەرانی عەباسی، مەروان بن ئەبی حەفسە، نەوەی جولەکەیەکی خوراسان بوو، بەڵام خۆی له یەمامە دەژیا، هەر کە پاش پیاهەڵدانەکانی بە خەلیفەدا، کۆشکی بەجێدەهێشت و دەگەڕایەوە ئەوێ، له سەرتاسەری وڵاتەوە ڕوویان تێدەکرد. خەلەف ئەلئەحمەر -کوڕی بەندەیەکی خەڵکی فەرغانە بوو گەورەکەی ئازادی کردبوو- شارەزاییەکی وای له شیعری کۆندا پەیدا کردبوو دەیتوانی لاسایی بکاتەوە، وەک ئەوەی بەڕاستی قسەی سەردەمی جاهیلی (پێش ئیسلام) بێت بۆ خەڵکی بگێڕێتەوە[٦٠].

هەرچی بەناوبانگترین شاعیری سەردەم، ئەبو نواس بوو -کوڕی ژنێکی جلشۆری فارسی بوو، ڕۆژانی لاوێتی له بەسرە و کووفە بەسەر برد- توانایەکی سەیری له سەرجەم لقەکانی زمانی عەرەبیدا هەبوو، بەشێوەیەک وای له راوییەکان کرد بڵێن ئەوە بەهۆی زۆر مانەوەی لەنێو عەرەبە دەشتەکییەکان (ئەعراب)دا ئەو توانایەی پەیدا کردوە. بەڵام له هەندێ قەسیدەیدا بواری بەهەندێ دەربڕین دەدا که له زمانی گفتوگۆی ڕۆژانەی وەردەگرت. بێگومان ئەم شاعیرە بەهرەیەکی ڕەسەنی له شیعری گۆرانیدا هەبوو ئەگەرچی زۆر جار بۆ ئاستی زۆربڵێیی بێتام دادەبەزی. تەنانەت ئاین خۆیشی، له گاڵتەپێکردنی ئەبی نواس لەکاتی سەرمەستییەکەیدا قوتاری نەدەبوو. ئەو ئاماژە شەهوانییە هەندێ جار بە ئاماژە و هەندێ جار بەئاشکرا دیوانەکەیان تەنیوە، بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئاستی نزمی چێژ (و زەوقی ئەدەبی)ی بیسەرەکانی. وادیارە ئەبو نواس ڕۆڵی قۆشمەچیشی له کۆشک و کۆمەڵگەی بەغدادا بینیوە، که ئەبو دولامەی هاوچەرخی لەوە

---

[٦٠] زۆر له زانایانی زمانی عەرەبی پێیان وایە خەلەف ئەلئەحمەر دانەری (لامیة العرب)ە، که گێڕانەوەکە دەیداتە پاڵ شەنفەری، یەکێک له پاڵەوانە یەمانییەکانی عەرەب پێش ئیسلام، که بەڵای چێژی ئەوروپیشەوە بەیەکێک له بەناوبانگترین قەسیدەکان دادەنرێت. (ڕد هاوس J. W. Redhouse سالی ١٨٨١ و هیوزیش G. Hughes سالی ١٨٩٦ وەریان گێڕاوە. بڕوانە: R. A. Nicholson, A Literary History of the Arabs, p. 80.

زیاتری نەدەزانی[٦١]. بەڵام ئەم سەردەمە لە کۆمەڵێک شاعیری جیددیش بێبەش نەبوو کە هەوڵی گێڕانەوەی کۆمەڵگەی بەغدای لە ئارەزووبازیدا نوقمبوویان لەو سەرلێشێوانەیان دەدا. کارتێکەرە مەسیحییەکان بەڕوونترین شێوەیان لە شیعری ئەبو عەتاهییەدا دیارن، کە بەلاوێتی بەهۆی قەسیدە ئەوینداریی جێپەسەندەکانیەوە لە کۆشکی رەشیددا نازی هەبوو. بەڵام پاشتر بەتوندی کەوتە هاندانی خەڵک بۆ دەست شۆردن لە ژیانی دنیا، تەنانەت ئەوانەی ئەرکیان بەدواداچوونی زندیقەکان بوو گومانیان لێ کرد.

ئافرەتانی گۆرانیبێژ کە رۆڵێکی گەورەیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیی بەغدادا دەگێڕا، پشکی گەورەیان لە خزمەتکردنی غەزەلە تازەکە و بڵاوکردنەوەی لەناو خەڵکدا هەبوو، وەک لە سەردەمی ئومەوییەکاندا لە مەککە و مەدینە دەیانکرد. ماوەیەک یەکێک لە کورەکانی خەلیفە مەهدی لە کەنیزەکێکی دلێمی، سەرقافڵەی ژیانی هونەری بوو لە بەغدا و سامەڕا. لە ئارەزوومەندانی مۆسیقا بوو، گێڕانەوەکان باس لەوە دەکەن ژمارەیەک داهێنانی تێدا کرد کە بووە مایەی دەوڵەمەندکردنی سامانی هونەری. بەڵام لە سەردەمی رەشید و جێنشینەکانیدا ئیبراهیم بن ماهانی مووسڵی - کوڕی یەکێک لە باجدەران tax farmar ی فارسی- و ئیسحاقی کوڕی رابەرایەتی بزوتنەوەی مۆسیقییان لە پایتەخت دەکرد. هەریەکەیان لای خۆیەوە راهێنانی بە کەنیزەکەکان دەکرد و لە گۆرانیدا پێی دەگەیاندن و پاشان بەنرخێکی گران دەیفرۆشتن. ئەدەبی عەرەبی پڕیەتی لە چیرۆکی ئەوینداریی ناسک، کە باس لەو کەنیزەکانە و خۆشەویستەکانیان دەکەن، کە هەندێ جار نەیاندەتوانی داواکارییە دارایەکانی خاوەن کەنیزەکەکان جێبەجێ بکەن.

ئەگەرچی زمانی عەرەبی هێشتا زمانی بێ رکابەری ئەدەب و نووسین بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ژمارەیەک شاعیری بەبنەچە فارس سەریان هەڵدا کە لە هەڵبەستەکانیاندا بەئاشکرا شانازییان بە کەلەپووری باب و باپیران دەکرد و لەسەر حسابی عەرەب ستایشی فارسیان دەکرد. ئەم مەیلە تووندتر و روونتر دەرکەوت لە پەخشان (النثر)دا دەرکەوت، کە لە هەمان کاتدا خونچەکانی دەکرانەوە. ئەوە بوو پیاوێکی فارس بەناوی ئالان، کە لەبەرگرەوە (کۆپیست) بوو لە کتێبخانەی کۆشک لە سەردەمی رەشید و مەئموونداً، کتێبێکی نووسی تێیدا عەیب و عارە هاوبەشەکانی هۆزە عەرەبەکانی لە شیعری کۆندا کۆکردبوەوە. بەوهۆیەوە نازناوی (شعوبی) لێ نرا، واتە ئەو کەسەی بەرگری لە یەکسانیی مافی نەتەوەکان دەکات، هەمان مەیل لە ژمارەیەکی زۆر لە ئاسەواری نووسراوی ئەو سەردەمەدا خۆی نواند[٦٢].

---

[٦١] ڤۆن وێبەر C. M. Von Weber بیرۆکەی سەرەکیی ئەو ئۆپێرایەی بەناوی ئەبو حەسەن Abu hasan دایناً، لە کەسایەتیی ئەبو دولامە وەریگرتبوو.

[٦٢] بڕوانە: J. Goldziher, Die Shu,ubujja and ihre Bekundung in der Wissenschaft, in Muhammedanische, Studien, I, Halle, 1889. P. 147-208.

نەحو و فیقهی زمان

رەنگە بەهێزترین بەڵگە لەسەر رادەی بااڵدەستیی زمانی عەرەبی و رابردووی مەزنی عەرەب بەسەر ژیانی فیکریی ئەو سەردەمەدا، ئەم دوو زانستە بن کە رۆشنبیرانی ئەوکات بەچڕی بایەخیان پێدەدان و بریتی بوون لە: فیقهی زمان و مێژوو. یەکەمیان پەیدابوونی پەیوەندی بەقورئانەوە هەبوو، ئەویش لەو رووەوە زۆر پێویست بوو ئەو ژمارە زۆرەی خەڵک کە تازە دەهاتنە ناو ئیسلام و لە ژینگەی ناعەرەبیدا پێگەیشتوون، بەتەواوی لە کەلامی خوا تێبگەن و لە نوێژە فەرزەکاندا بەڕەوانی بیخوێنن. نەک هەر ئەوەندە، بگرە زۆر پێویست بوو رێگە لەبەردەم ئەو عەجەمانەدا خۆش بکرێت تا لە وردەکارییە ماناییەکانی زمانی عەرەبی و زاراوە زۆر و زەبەندەکانی تێبگەن. ئەوەی بیویستایە پێگەیەک لە کۆمەڵگەی بەغدادا بەدەست بێنێت، دەبوو زانیاریی وردی سەبارەت بە شاعیرانی کۆن هەبێت کە شیعرەکانیان هێشتا لە ئەڵقەکانی ئەدەبدا سەرمەشق و نموونە بوون، هەروەها توانای هەڵبەستنی وەک ئەوانیشی هەبێت. ئەمە وای کرد فەرهەنگی ئەلخەلیل [بن ئەحمەد]ی بەصری ببێتە بناغە بۆ پەیدابوون و پەرەسەندنی فیقهی زمانی عەرەبی. رێکخستنی ئەم فەرهەنگە گەورەیە بەگوێرەی دەرچەی پیتەکانە، کە بە عەین دەست پێدەکات و قوڵترین پیتەکانی قورگە (لێرەوە بە کتێبی "العین" ناو برا) زۆری نەبرد دەرکەوت بەکەڵک نایەت و ئەڵقە ئەدەبییەکان خستیانە لاوە. بەڵام شێوازەکەی لە شیکردنەوەی وشەکان لەسەر بناغەی بەڵگە شیعرییەکان توانی خۆی بەسەر هەموو ئەو فەرهەنگانەدا بسەپێنێت کە پاشتر هاتن. هەروەها لێکۆڵینەوە لە دەقە شیعرییەکان خۆیشیان لە کاتێکی زووەوە دەستی پێکرد و ئامانجی لێکۆڵینەوە بوو لە دامەزراوەکانی ژیانی دەوارنشینی و دۆخەکانی کە چوارچێوەی قەسیدەکان پێکدێنێت و خەڵکی شارەکان بەگشتی لێیان بێئاگا بوون، هەروەها مەبەستی کۆکردنەوەی هەواڵی پەیوەندار بە شاعیرەکان خۆیانەوە بوو، تا سەرەنجام بگاتە هەوڵدان بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەدەبی و دیاریکردنی پێگە هونەرییەکەی. گێڕانەوەکان داهێنانی عەروز و دانانی نەحو (گرامەر)یکیش دەدەنە پاڵ ئەلخەلیل، کە سەرباری پشتبەستنی بە مەنتیقی ئەرستۆ بەرهەمێکی تەواو سەربەخۆیە لە بەرهەمەکانی شارستانێتییە نوێیەکە. پاشان (سیبەوەیهـ)ی فارسی یەکێک لە قوتابییەکانی ئەلخەلیل، خزمەتێکی گەورەی کرد کاتێک ئەم زانستەی خستە شێوەیەکی سیستماتیک کە نەوەکانی پاشتر لەسەری رۆیشتن، ئەگەرچی ئەو شێوازەی بەکاری هێنا زۆر سەرکەوتوو نەبوو. لە زانستی نەحودا یەکێک لە [حەوت] خوێنەرانی قورئان رکابەریی سیبەوەیهی دەکرد، ئەویش کەسائیی کووفی بوو، کە پێشتر وانەی بە رەشید خۆی گوتبوو، پاشان رەشید پەروەردەکردنی ئەمینی کوڕی پێ سپارد. لە هەندێ گێڕانەوەدا هاتووە ئەلفەرائی قوتابی کەسائی تەفسیری قورئانی لە مزگەوتی کووفەدا وتوەتەوە. هەرچۆن بێت، زۆربەی ژیانی لە بەغدا بوو. هەروەها دەوترێت

کتێبەکەی لەبارەی پێناسە نەحوییەکان لە کۆشکی مەئموون داناوە، کە ئەم کتێبەمان پێ نەگەیشتوە. عەرەب پاشتر -بەپشتبەستن بە گێڕانەوەکانی میژووی ئەدەبی- وایان گریمانە کردوە ناکۆکی لەنێوان دوو رێبازی زمانەوانیدا هەبووە (رێبازی بەسرە و رێبازی کووفە) و ئەو ناکۆکییە تا دوای چەندین نەوە چارەسەر نەبووە، ئەویش کاتێک هەردوو رێباز لە قوتابخانەی بەغدادا تێکەڵ بوون و یەکیان گرت. بەڵام ئێمە پێمان وایە کێبرکێ تاکەکەسییەکانی نێوان زاناکانی هەردوو شارەکە -بەسرە و کووفە- زیادەڕەوییەکی بێ پاساویان تێدا کراوە.

میژوو

زانستی دووەم، دەبینین بایەخێکی زۆر بە گێڕانەوەی میژوویی دراوە تەنانەت لە نیشتمانی عەرەب پێش ئیسلامیش. نیشتمانی عەرەب داستانی شیعری بەخۆوە نەبینیوە، لەبەرئەوە سەرگوزەشتەی شەڕەکانی هۆزەکان و تۆڵەسەندنەوەکانیان، کە بەزۆری بەهۆی پاڵنەری زۆر ڕووپووچ بوون جێگەی ئەو داستانانەیان گرتۆتەوە و بەشیعر لەسەر زمانی پاڵەوانەکان یادیان زیندوو دەکرێتەوە. وڵاتگیرییەکان (الفتوحات) تەکانێکی پێشبینینەکراوی بەم هونەرە دا. هەر هۆزێک لە گێڕانەوەوی داستانەکانی سەبارەت بەو ڕۆڵەی لە ململانێ گەورەکانی نێوان نەتەوەکاندا بینیویەتی، تاجەگوڵینەی شانازی بەدەست دەهێنا. ڕاستیەکەی ئەمانە تەنانەت لە سەردەمی ئومەوییەکانیشدا لە شێوەی کتێبدا کۆکراونەتەوە و پۆلبەندێ کراون. یەکێک لە ئەندامانی هۆزی ئەزد لە کووفە بەناوی ئەبو میخنەف (لوط بن یحیی) ئەو سەرگوزەشتانەی لە شێوەی پەخشاندا دارشتوە کە لە سی وتاری سەربەخۆ پێکدێن. هەریەکەیان بەزۆری لە دیمەنی تاک تاک و گفتوگۆ پێکدێت. ئێمە لە مانەوەی وتارەکانی ئەم ئەبی میخنەفە و نەفەوتانیاندا قەرزاری محەمەد بن ئەلسائیب ئەلکەلبین، کە یەکێک بووە لە زانایانی کووفە و بەتایبەتیش هیشامی کوڕی، کە تەبەری لە میژووە گەورەکەیدا ئەو وتارانەی لەوەوە گواستۆتەوە. محەمەد بن ئەلسائیب بایەخێکی تایبەتی بە ڕەچەڵەکی هۆزە عەرەبەکان دەدا و هەوڵی دا سالانی حوکمکردنی لەخمییەکان لە حیرە دیاری بکات، ئەویش لەڕێی ئەو نووسینانەی لەسەر گۆڕەکانیانن و هێشتا تا سەردەمی ئەو لە کەنیسەکانیاندا پارێزرابوون. هەرچی هیشامە کە بەرهەمەکانی باوکی لە کتێبێکی قەبەدا لەبارەی ڕەچەڵەک کۆکردۆتەوە، تا ئەمڕۆ ماوە. گێڕانەوەکان باس لەوە دەکەن بەنووسینی کتێبێک لەمەڕ خراپیی ئومەوییەکان کە بەیەکێک لە نووسەرانی خەلیفەی نووسیوەتەوە سۆزی مەهدی بەدەست هێنا، بەوەیش والییەکانی توانییان بەرپەرچی پەیامێکی ئابڕووبەر.بدەنەوە کە ئەمیری ئەندەلوس [عەبدوڕەحمان ئەلداخل] ناردبووی. نەک هەر ئەوە، بگرە ئێمە دیسان قەرزاری هیشامین لەبەر هەندێ زانیاریی بەنرخ سەبارەت بە ئایینی بتپەرستیی عەرەب لە کتێبێکیتردا کە وەک موسڵمانێکی ڕاسڵ

ناوینابوو "کتێبی بتەکان" (کتاب الاصنام). ئەگەرچی ئەبو میخنەف، لەو رووەوە کووفی بوو، مەیلی بۆ عەلی هەبوو، ئەوا گێڕانەوەکانی ئەم شیعەگەرییەیان پێوە دیار نیە، وەک ئەوەی لەو کتێبانەیتریدا کە پاش سەردەمێکی زۆر سەبارەت بە شەهیدبوونی حسێن لە کەربەلا و سەبارەت بە پێغەمبەری درۆزن موختار، دراونەتە پاڵی. مەیلی شیعەگەری لە مێژووی شەڕی صەفیندا ئاشکراتر و بێ پەردەترە، نەسر بن موزاحیم نووسیوێتی، کە ساڵی ٨٢٧ لە کووفە مردوە. دەقە ئەسڵییەکەی بەئێمە گەیشتوە و تا ئەمڕۆیش هێشتا لە ناوەندە شیعییەکاندا وەک ژیاننامەیەکی نەتەوەیی دەخوێنرێتەوە. لە سەردەمی رەشیددا، سەیف بن عومەری ئەسەدیش سەری هەڵدا. لە نووسینەوەیدا بۆ مێژووی فتوحات و هەڵگەڕانەوەی عەرەب (پاش مردنی پێغەمبەر) و شەڕی جەمەل، هەوڵی زۆری داوە ستایشی هۆزەکەی خۆی، هۆزی تەمیم، بکات و مەراقی ڕۆچوونە ناو رازاندنەوەی خەیاڵئامێز بوو. بەهەرحاڵ، تەبەریی مێژوونووس بە مێژووەکەی ئەم سەیف بن عومەرە -کە لە وردەکاریدا هیچ جێی متمانە نیە- زۆر سەرسام بووە، بەشێوەیەک خەریکە بڵێین تەنیا پشتی بەو بەست. بەوەیش ئەو مێژوونووسانەی چەواشە کرد دوای ئەو هاتن و لە دانراوەکانیاندا پشتیان بەو بەست.

هەرچی مەدینەیە بەپێچەوانەوە، بە لێکۆڵینەوەی مێژوویی ورد دەناسرێتەوە. ئەبو مەعشەر کە سەرەتا وەک مەوالییەکی هیند هات و پاشتر لە بەغدا جێگیر بوو، یەکەم کەس بوو کتێبێکی لەبارەی غەزوەکانی پێغەمبەر دانا. بەپلەی یەکەمیش لەخەمی وردی و ساغکردنەوەی هەواڵەکاندا بوو. محەمەد بن ئیسحاقیش چاوی لەو کرد کە ئەویش رووی کردە بەغدا، پێدەچێت بۆ ئەوەی خۆی لە دوژمنایەتی زانایان لابدات کە تەنیا بایەخیان بە بابەتە فیقهییەکان دەدا و هیچیتر. لەوێ ژیاننامەیەکی تەواوی پێغەمبەری بۆ مەنسوور دانا. ئەو ژیاننامەیەمان لە گێڕانەوەیەکی پاشتردا پێ گەیشتوە. لە سەردەمی خیلافەتی رەشیددا واقیدی مەولای یەحیای بەرمەکی ئەم کارەی تەواو کرد. واقیدی لە ناخی خۆیدا لابەندی بۆ عەلی و بنەماڵەکەی هەبوو، بەڵام کارکردنی لەسەر نووسینەوەی مێژووی غەزوەکانی پێغەمبەر و فەتحکردنی وڵاتان بواری ئەوەی بۆ نەهێشتۆتەوە ئەو لابەندییە نهێنییەی دەربببڕێت. پاشان قوتابی و نووسەرەکەی، ئیبن سەعد لە "کتێبی ئەلتەبەقات" (واتە چینەکان)دا ئەو هەواڵانەی کۆکردونەتەوە کە پەیوەندییان بە پێغەمبەر و هاوەڵان و شوێنکەوتوان (تابیعین)ـەوە هەیە، ئەوەیش دەرکەوتنی کتێبەکانی سیرەی خێرا کرد، کە نەوە پاشینەکان لە لەبیرنەکردنی ماددەکەیدا زیادەڕەوییان کرد، کە -سەرەڕای زۆر وردبینەی بێبەها- بۆ پاراستنی زۆر زانیاریی بەنرخ لە مێژووی فەرهەنگیدا قەرزاریانین. لەڕاستیدا سیمای گشتیی مێژوو، تەنانەت لای ئیبن مەعشەر و واقیدیش، تەنیا لە سالانی خەلیفەکان و کاروبارە کارگێڕییەکانی والی و کاربەدەستانیان و ئەمیرانی حەج و جەنگە هاوینانەکانی دژ بە بیزەنتییەکاندا کورت بووەتەوە. ئەم کتێبانە مەگەر بەکەمی ئەگینا بەوردەکاریی

رووداوه گرنگەکـان نەڕازاونەتەوە. پاشـان تەبەری هـات کە لە ئـامول لە ناوچەکـانی تەبەرستان لەدایک بووە، ئەو کارەی تەواو کرد کە ئەوانەی پێش ئەو دەستیان پێکردبوو -رەنگە پشـتی بە هەواڵەکـانی سـاڵانی رەسـمیی فارسـیش بەسـتبێت- و بەوە بـوو بە گەورەترین مێژوونووسـی ئیمپراتۆرییەتەکە. لەڕاستیدا تەبەری مێژووەکەی بە سـەردەمی پێش تەورات دەست پێکردوە بەگوێرەی ئەو گێڕانەوە ئیسـرائیلییانەی موقەسـیرانی قورئـان کۆیان کردونەتەوە، لەگەڵ گوڵبژێرێکی وەرگێڕانی ئیبنول موقەفەع بۆ کتێبی خوداینـامەی پەهلەوی. لە مێژووی ئیسلامیشدا پشتی بەو سـەرچاوانە بەستوە کە پێشتر ئاماژەمـان بۆ کردن و چییان تێدا هـاتووە بەهـموو سـەنەدەکانیانەوە دووبارەی کردونەتەوە. جگە لەم مێژووە گەورەیە، تەبەری تەفسیرێکی فراوانی بۆ قورئـانیش داناوە، تێیدا پشتی بە هەموو ئەو سـەرچاوانەی لەبەردەسـتیدا بـوون بەسـتوە. بەڵام ئامـانجی ئامانجەکـانی تەبەری دامەزراندنی مەزهەبێکی فیقهیی سەربەخۆ بوو، توانی ئەوەیش بکات، بەڵام مەزهەبەکەی زۆر نەژیا.

ململانێ لەنێوان ئەمین و مەئموون

لەگەڵ مردنـی رەشـیددا مەترسـیی ئەوە دروسـت بـوو ئیمپراتـۆرییەتەکە ببێـت بەدوو بەشەوە[٦٣]. رەشید خۆی کوڕە گەورەکەی، واتـە مـحەمەد ئەلئەمین، کوڕی زوبەیدە نەوەی مەنسـووری بە میراتگـری تـەخت (وەلـی عەهـد) و لەهەمـان کاتـدا بەئەمیـری سـووریا دامەزراند. بەڵام ویلایەتە رۆژهەڵاتییەکانی بە کوڕەکەیتری، عەبدوڵا ئەلمەئموون سپارد کە دایکـی کەنیزەکێکـی فارسـی بـوو پـاش ئەوەی، بەدەق ئەوەی جێگیـر کـرد هەر دەستدرێژییەکی ئەمین بۆ سەر مافەکانی براکەی دەبێتە هـۆی لەدەستدانی تەخت. پاشـان رەشـید کـوڕێکیتری بەنـاوی ئەلقاسـم بەئەمیـری جەزیـرەی فـوراتی دامەزرانـد، بەوەیـش دەسـەڵاتی مەئموون تەنگ و بەرتەسک بوویەوە. لەگەڵ ئەوەی ئەمین پـاش چوونە سـەر تەخت میرنشینەکەی قاسمی تەنیا لە سنووری قینەسرینداً کورت کردەوە، بەڵام سـەرەڕای هەڵنانی بۆ ئەو کارە لەلایەن وەزیرەکەی باوکییەوە، فەزڵی کوڕی رەبیع، نەیوێرا دەست بـۆ مەئمـوون ببـات. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکیتـرەوە مەئمـوون سـەرەتا ناچـار بـوو مـل بە مافەکـانی بـراکەی بـدات لەکاتێکـدا وەزیـرەکەی، فەزڵـی کـوڕی سـەهل، هـانی دەدا بـۆ یەکخسـتنی ئیمپراتـۆرییەتەکە. لەڕاسـتیدا ئەو هێشـتا لەو مەترسـییە دەترسـا کە لە رۆژهەڵاتەوە هەڕەشەی لە دەوڵەتەکە دەکرد. خەڵکی تیبت قەدەریان وابوو لەکاتی فتوحـاتە عەرەبییەکاندا لە ئاسیای ناوەڕاست، لە زنجیرە شـەڕێکدا دژ بە چینییەکـان، بەهاوکـاریی عەرەبـی کاشـغەر سـەرکەوتنیان بەدەسـت هێنـا، بەڵام لەکۆتاییـدا هەسـتیان بەمەترسـیی

---

[٦٣] بڕوانە: G. gabrieli, La successione di Harun ar-Rashid e la Guerra fra al-Amine e la-Mamun, Rivista di studi Orientali, 1929.

پێشڕەویکردنی هێزە ئیسلامییەکان کرد، لێرەوە پشتگیریی رافع بن لەیث-یان کرد لە شۆڕشەکەی سەمەرقەند و ئیتر ئیستا هەڕەشەی هێرشکردنە سەر ولاتی ئەودیو ڕووبار دەکەن. بەڵام کاتێک ئەمین ساڵی ٨١٠ لە وتاری هەینیدا لەپاڵ ناوی مەئموونـدا ناوی مووسای کوڕیشی دەبرد، ئیتر مەئموون ناچار بوو دوودڵی بخاتە لاوە و گومان و مەترسیی سەبارەت بە میراتگیریی تەخت بۆ دروست بوو. تا کاتێک مەئموون لەوە زیاتر ڕۆیشت و گشت پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا پچڕاند، ئەمین دامالینی ڕاگەیاند و سەرکردەی سوپاکانی، عەلی بن عیسای ڕاسپارد بۆ گرتنەبەری هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست دژی. بەڵام ئەم عەلییە زۆری نەبرد لە شەڕێکی نێوان هێزەکانی و سوپاکانی مەئموونـدا، کە تاهیر بن حسێن سەرکردایەتی دەکرد، لە ڕەی کوژرا. کاتێک سوپاکەی مەئموون لەو شەڕەدا سەرکەوت، ئەمین سوپایەکیتری نارد، کە چارەنووسی ئەویش پەرتەوازە بوون بوو. ئەوکاتە ئەو سەربازانەی بۆ جاری سێیەم بەرەو ڕۆژهەڵات ئاراستەی کردن ڕەتیان کردە لە خانەقین، لەسەر سنووری عێراق، زیاتر پێشڕەوی بکەن. نەک هەر ئەوە، بەڵکو چەندین شۆڕش لە سووریا دژی ئەمین هەڵگیرسان و خۆی و دایکی لە پایتەخت لەلایەن حسێن کوڕی فەرماندەکەیەوە (عەلی) کە لە ڕەی کوژرا، گەمارۆ درا، بەڵام ژمارەیەک لەوانەی هێشتا دڵسۆزی بوون گەڕانەوە و لەدیلی ڕزگاریان کرد. پاش ئەوەی نیشتمانی عەرەب بەیعەتی بەمەئموون دا هەردوو فەرماندەکەی تاهیر و هەرسەمە گەیشتنە دەروازەکانی بەغدا. شارەکە گەڕەک دوای گەڕەک کەوتە دەستیان و ئەمین لەکۆتاییدا ناچار بوو خۆی بەدەستەوە بدات. ئەگەرچی هەرسەمە بەڵێنی پاراستنی ژیانی پێ دا و لە کۆتاییەکانی ئەیلولی/سێپتەمبەری ساڵی ٨١٣ بەسواری بەلەمێک بردی بۆ کۆشک، بەڵام پیاوانی تاهیر هەڵیانکوتایە سەری و خەلیفەیان کوشت.

دەوڵەتی تاهیری

مەئموون سەرەتا لە مەرو مایەوە ئەگەرچی ئەو سەرکەوتنەی بەدەستی هێنا کردی بە سەرداری تاکانەی ئیمپراتۆرییەتەکە. عەلەوییەکان غیابی ئەویان لە پایتەخت قۆستەوە و دەستیان دایە ڕاوکردن لە ئاوی لێدا. بەم شێوەیە محەمەد بن ئیبراهیم بن تەباتەبا لە سەرەتاکانی ساڵی ٨١٥ لە کووفە دەرچوو و خۆی بەخەلیفە ڕاگەیاند. بەڵام زۆری نەبرد هەرسەمە بەئاسانی شکاندی. وادیارە هەرسەمە خۆی لەکۆتاییدا، پاش ئەم سەرکەوتنە نوێیە، بووەتە مەترسی بۆ سەر خەلیفە و وەزیرەکەی، لەبەرئەوە فەرمانیان کرد پاش هاتنە ناو مەرو دەستگیر بکرێت. ماوەیەکی کورت دوای ئەوە فەرمانیان دا بکوژرێت و کوژرا. هەرچی تاهیر بن حسێن بوو کە بەئەندازەی هەرسمە شایانی پاداشتی خەلیفە بوو، بەسەرکردایەتیی سوپایەکی لاواز ڕەوانە کرا بۆ ڕەققە لەسەر فورات، کە تێیدا شۆڕش پاش شۆڕش بەڕپا دەبوو. ساڵی ٨١٧ بەغدادییەکان داوایان لە مەنسووری کوڕی خەلیفە

مەهدی کرد دەسەلات وەربگرێت، بەڵام مەنسوور بەگوێی نەکردن و لەسەر لابەندی بۆ خەلیفە مایەوە و بەناوی ئەوەوە هەوڵی دا ئاسایش بەرقەرار بکات. بێگومان مەئموون پێی وابووە دەتوانێت سۆزی عێراقییەکان بەدەست بێنێت ئەگەر کچەکەی لە عەلی بن موسا ئەلڕیزا مارە بکات و کردی بە میراتگری تەخت (وەلی عەهد). لەڕاستیدا ئەم کارەی لە ئاداری ساڵی ٨١٧ و بە پێشنیازی وەزیرەکەی، فەزڵ بن سەهل کرد و لەهەمان کاتدا ئالا ڕەشەکانی عەباسییەکانی گۆڕی بە بەئالا سەوزەکانی عەلەوییەکان. بەڵام عێراقییەکان ڕازی نەبوون بەیعەت بدەن بە عەلی و لە ٢٤ی حوزەیران ئیبراهیم بن مەهدی، ئارەزومەندی مۆسیقایان بەخەلیفەی خۆیان ڕاگەیاند، ئەوکاتە مەئموون ناچار بوو ڕێوشوێنی کاریگەر لە سەنتەری ئیمپراتۆرییەتەکەدا بگرێتە بەر. گێڕانەوەکان دەڵێن فەزڵی کوڕی سەهل لە ڕۆژانی ڕابردوودا لەڕێی ڕاپۆرتی درۆوە لەخشتەی دەبرد، گوایە زاوا عەلەویەکەی یەکەم کەس بووە ڕاستیی دۆخەکەی لەوێ بۆ ئاشکرا کردوە. دۆخ لە ڕۆژهەڵاتیش لە دۆخی عێراق جێمتمانەتر نەبوو، چونکە ئەو بیروباوەڕانەی ئەبو موسلیم و موقەننەعی قوتابی بانگەشەیان بۆ دەکردن، کە باس لە دونیادن و بەرجەستەبوونی زاتی ئیلاهی دەکەن، زۆری پێنەچوو لە ئازربایجان لەسەر دەستی بابەک [ی خوڕەمی] زیندوو کرانەوە و خەڵکێکی زۆر لەدەوریان خڕ بوونەوە، دەسەلاتی فراوان بوو، بەشێوەیەک خەریک بوو هەرێمە فارسییەکان لە ڕۆژئاوا دابببڕێت. هەرچۆن بێت، مەئموون لەپێناویدا ڕاستەوخۆ کەوتە ڕێ بۆ تووس تا لەڕێی نوێژکردن لەسەر گلکۆی ڕەشیدی باوکی هێز و وڕە بەدەست بێنێت. لەکاتێکدا بەڕێگاوە بوو وەزیرەکەی لە گەرماودا لە شاری سەرخەس کوژرا، لە تووسیش زاواکەی -پێدەچێت لەئەنجامی کێشەیەکی هەرسکردنەوە- مرد، بەڵام گومانی بەهێز ئەوەیە ژەهرخوارد کرابێت. لەوێ لەتەنیشت هارووڕن نێژرا. لەو ڕووەوە شیعە دەستبەجێ بۆ پلەی شەهید بەرزیان کردەوە، شارێکی نوێ لەدەوری مەزارەکەی دروست بوو بەناوێ "مەشهەدی ڕەزایی" یان "مەشهەد" تا پاشتر جێگەی تووسی کۆن بەتەواوەتی بگرێتەوە، ئێستا لای شیعە پاش کەربەلا بەپیرۆزترین شوێن دادەنرێت[٦٤]. زۆری نەبرد حەسەن [بن سەهل] بڕای وەزیری فەزڵ و ئەمیر و فەرماندەی سوپا لە واستی ئەوکات (عێراقییەکان زۆر ڕقیان لێی بوو) تووشی خڵەفاوی بوو، هەروەها عەقڵی تێکچوو بەشێوەیەک زنجیر کرا و لە مانێکدا بەند کرا، بەپاساوی ئەم تێکچوونە عەقڵییە، خەڵکی بەغدا ئیبراهیم بن مەهدییان لە دەسەلات دامالی و داوای خیلافەتیان بۆ مەئموون کرد و ساڵی ٨١٩ هاتە ناو پایتەخت. پاش کشانەوەی لە خوراسان، خەواریج بەیداخی شۆڕشیان تێدا بەرز کردەوە. مەئموون کێشکردنەوەی

---

[٦٤] بڕوانە ئەو سەرچاوانە:

- P. M. Sykes, The Glory of the Shia World, the Tale of a Piligrimage Translated, London. 1910. 234-57.

- Diez, Chorassanische Bendenkmaler, Berlin 1918, p. 89 ff.

شۆرشەکەی بە تاهیر سپارد کە توانی لە ماوەیەکی کەمدا ئاسایش و سەقامگیری لە تەواوی هەرێمەکەدا بچەسپێنێت. بەڵام تاهیر پاش ئەوەی هەستی کرد لەو ناوچە دوورەدەستەدا ترسێ خەلیفەی لەسەر نیە، کەڵکەڵەی سەربەخۆیی کەوتە میشکی، لەبەرئەوە ساڵی ٨٢٢ نزابۆکردنی لە خوتبەی هەینیدا فەرامۆش کرد. ئەگەرچی ئەم فەرامۆشکردنە وەک شۆرشێکی ئاشکرا بوو بەسەر مەئموونداو بەڵام نەیوێرا دامەزراندنی تەڵحەی کوڕی تاهیر بەئەمیری خوراسان پاش مردنی باوکی، رەت بکاتەوە. کوڕ و نەوەکانی تاهیر، کە پاشتر باسیان دەکەین، بەم شێوەیە بۆ ماوەی سەدەیەکی تەواو پارێزگارییان لە دەسەڵاتیان کرد. لەڕاستیدا ئەم رووداوانە دوورترین ویلایەتە رۆژهەڵاتی و رۆژئاواییەکانی لەدەست ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامی دا[٦٥].

لەناو کوڕانی تاهیردا ناوێکیتریان درەوشایەوە، کە خزمەتی گەورەی لە ویلایەتە رۆژهەڵاتییەکان بە ئیمپراتۆرییەتەکە کرد. ئەویش عەبدوڵایە کە توانی نەسری کوڕی شەبەث بەیەکجاری لەناو ببات. ئەم نەسرە لە لایەنگرانی ئەمین بوو، پاش مردنی گەورەکەی لە هەرێمی حەلەب سەربەخۆ بوو و بەو شێوەیە مایەوە تا ساڵی ٨٢٥ کاتێک عەبدوڵا شکاندی. پاشان مەئموون داوای لە کوڕەکەی تاهیر کرد ئاسایش و سەقامگیری لە میسر بچەسپێنێت، کە لە جەنگی نێوان هەردوو برادا ئاگری فیتنە کۆنەکە لەنێوان عەرەبی باکوور و عەرەبی باشووردا هەڵگیرسابوو. قەیسییەکان پشتی ئەمینیان دەگرت، کەلبییەکانیش مەئموون. ئیمپراتۆرییەتەکە ماوەیەکی کەم بوو یەکێتی بۆ گەڕابوویەوە، کە جارێکیتر شلۆقی بەرپا بوویەوە کاتێک کۆمەڵێک لە ئیسپانییەکان (کە ئەمیرە ئومەوییەکەی ئیسپانیا دەریکردبوون) هاتن و دەستیان بەسەر ئەسکەندەریەدا گرت. بەڵام عەبدوڵا توانی لە ماوەیەکی کورتدا ناچار بە پاشەکشەیان بکات بۆ ئیقریتش و سەرلەنوێ داموودەزگای حکومەت بخاتەوە کار. بەڵام میراتی تەڵحەی بۆ خوراسان پاش مردنی بۆ ئەو گونجزایەوە. میسر لەژێر دەسەڵاتی میراتگری تەخت (وەلی عەهد) موعتەسیمدا بوو، تا کاتێک شۆرشی قیبتی تیدا بەرپا بوو و نەیتوانی بەتەنها سەرکوتی بکات، مەئموون ناچار بوو خۆی بەشەخسی دەست وەربدات و ئاگری فیتنەکە بکوژێنێتەوە.

مەئموون لە کۆتا رۆژەکانی خیلافەتەکەیدا سەرکردایەتیی هەڵمەتە جەنگییەکانی بە گەورە پیاوە سەربازییەکانی دەسپارد. لەگەڵ ئەوەیشدا ناچار بوو خۆی شەڕ دژی بیزەنتییەکان دەست پێبکاتەوە. رەنگە یارمەتیدانی بەردەوامی بیزەنتییەکان بۆ بابەک، کە سەرکردایەتیی شۆرشی لە ئازربایجان دەکرد پاش ئەوەی سەرجەم هەوڵەکان بۆ لەناوبردنی شکستیان هێنا، پاڵنەر بووبێت بۆی تا لە ئاداری ساڵی ٨٣٠ هێرش بکاتە سەر

---

[٦٥] بڕوانە ئەو سەرچاوانە:

- W. Rhthein, Zu asch-Schabustis. Bericht uber die Tahiriden (Orientalisghe Studien, Th. Noldeke gewidmet), Giessen, 1906, I, 155-170.

-W. Barthold, Turkestan Down to the Mongol Invasion, London, 1928, 207-22.

ئاسیای بچووک. بەم شێوەیە خەلیفە سێ سالّی لەدوای یەک بەشداری لە هەڵمەتە هاوینانەکانی دژی بیزەنتییەکان کرد. هەروەها پاش ئەوەیش ئیمپراتۆر تەوفیل سالّی ٨٣٢ دوای کەوتنی قەڵای "لوئلوئە" کە بەهێزترین قەڵا بیزەنتییەکان بوو لەسەر سنوور و لەنزیک تەرسووس، داوای ئاشتی کرد، لە شەڕکردن بەردەوام بوو. لە ئابی سالّی ٨٣٣ مەئموون لە بودەندون لەنزیکی تەرسووس لەکاتی هەڵمەتی سێیەمی بۆ سەر بیزەنتییەکاندا، مرد.

رێنیسانسی زانستی لە سەردەمی مەئموونداً

گومان لەوەدا نیە مەئموون لە ماوەی بیست سال مانەوەی لە بەغدا خزمەتێکی ئاشکرای بە فەرهەنگی ئیسلامی کرد لەڕێی بایەخدانی شەخسیی خۆی بە زانستەکانی یۆنان. لەڕاستیدا خوێندنی ئەو زانستانە رۆژێک لە رۆژان لە دێرە سوورییەکاندا نەوەستاوە، چونکە لاهووتی باوکانی کەنیسەی گریکی، لەوانە تیۆدۆری مەسیسیی خاوەن کاریگەریی گەورە لە تەفسیری نەستووری بۆ کتێبی پیرۆز، بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو زاراوانەی ئەو لاهووتە لە فەلسەفەی ئەرستۆتالیسی وەرگرتبوون، قابیل بە تێگەیشتن نەبوو. بەڵام ماتماتیک و زانستە سروشتییەکانیش هەمیشە توانیویانە هەندێ جێبایەخ بن، ئەگەرچی بایەخدان بە مەسەلە فیکرییەکان لای سوورییەکان لە دەستی پیاوانی ئایندا قەتیس بوو. هەروەها ئەگەرچی قوتابخانەی پزیشکیی ئەسکەندەریەی خاوەن رۆحی فەلسەفی، ماوەیەکی کورت پاش فەتحی عەرەبی کە پەیوەندی لەگەڵ بیزەنتە پچڕاند، هەناسەی لەبەر برا، بەڵام سوورییەکان لە ئەنتاکیە و حەڕان لە پاراستنی کەلەپووری خۆیان و پەرەپێدانی بەردەوام بوون و گواستیانەوە بۆ بەغدا. لەڕاستیدا ئەو کۆلێژە پزیشکییەی ساسانییەکان پێشتر لە گوندیشاپوور لە سووس دایانمەزراند لەم رووەوە کاریگەریی گەورەی هەبوو. لەوێوە خێزانی بۆختیشۆ (بەختیەشوع)ی بەناوبانگ هاتن بەو گەورە پزیشکانەی هێنانیانە دنیا، وەک جەرجیس بن جبریل کە چارەسەری خەلیفە مەنسووری کرد لە بەغدا، هەروەها هیتر کە پاش سەردەمی مەنسووریش ناویان لەو پیشەیەدا دەرەوشایەوە. لە بەغدا پزیشکیی یۆنانی و پزیشکیی هیندی بەیەک گەیشتن. هاروون ئەلڕەشید خۆی پێشتر پزیشکی هیندی (مەنکە)ی بۆ بەغدا بانگهێشت کرد، هەروەها بەرمەکییەکانیش پێشتر فەرمانیان کردبوو بە وەرگێڕانی هەندێ کتێبی پزیشکیی هیندی بۆ سەر زمانی عەرەبی[٦٦]. کاتێک مەئموون بوو بەخەلیفە ئەم کۆششانە گرنگییان

---

[٦٦] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- E. G. Browne, Arabian Medicine, Cambridge, 1921.
- M. Meyerhof, Von Alexandrien nach bagdad, ein Beirtag zur Geschichte des philosophischen und medizinischen Unt. Rrichts be idem Araben Sitzungsberichte der Preussischen Akademie der Wissenschaften, 1930.

پێ درا، هەوڵی دا لە کتێبخانەی کۆشکەکەیدا کە بە (بەیتولحیکمە) ناونراوە، گەنجینەکانی زانستی ئیسلامی لەگەڵ گەنجینەکانی زانستی بیانی کۆبکاتەوە، فەرمانی کرد بەکڕینی کتێبە یۆنانییەکان لە ئاسیای بچووک. لە سەردەمی ئەودا ئەبو یوسف یەعقوب ئەلکیندی "فەیلەسوفی عەرەب" و یەکێک لە عەقڵە گەورەکان لە مێژووی جیهاندا –وەک کاردانو ساڵی ١٥٥٢ بەو شێوەیە وەسفی کردوە- چالاکیی فیکریی خۆی دەست پێکرد، کە تەنیا بەئاشناکردنی هاوڵاتییەکانی بە فەلسەفەی ئەرستۆتالیسی و ئەفلاتونیی نوێ لەڕێی وەرگێڕان و لێ وەرگرتنەوە نەوەستا، بەڵکو زیاد لەوە هەوڵی دا لەڕێی ئەو توێژینەوانەی بەرهەمی هێنان لە مێژووی سروشتی و زانستی کەشناسی، کە بە ڕۆحی ئەو فەلسەفەیە نووسرابوون، ئاسۆی عەقڵییان فراوان بکات. کیندی سەلماندی کوڕی ژینگەکەی خۆیەتی کاتێک بایەخی بەئەستێرەناسی (التنجیم) و ئاشکراکردنی غەیب دەدا وەک دوو زانست لە زانستە تەواو جددییەکان. هەروەها سەرەڕای ئەوەی هەڵوێستێکی نەرێنی وەرگرت سەبارەت بەو بانگەشە فریودەرانەی پیاوانی "کیمیا" دەیانکرد لە سەردەمەکەیدا، بەڵام هیچ نەنگییەکی لەوەدا نەدەبینی بایەخ بە دڵۆپاندنی بۆنەکان بدات. نەک هەر ئەوە، بگرە بایەخی بە زانستی جەنگیش دەدا و تێزێکی دانا و تێیدا باسی زیاتر لە بیست و پێنج جۆر لە جۆرەکانی شمشێری کردوە بەگوێرەی سەرچاوەی بەرهەمهێنانیان لە یەمەنەوە بۆ سەرندیب (سیلان) تا فەرەنسا و ڕووسیا و باسی تایبەتمەندیی تیغەکانیانی کردوە، هەروەها ئاماژەی بەهەندێ سوودی چاککردنەوەی شمشێرە شکاوەکان داوە لەڕێی ساردکردنەوەی پلەبەپلەوە[٦٧].

ماتماتیک و فەلەکناسی بایەخێکی لە بەغدا تایبەتیان پێ دەدرا. حەججاجی کوڕی یوسف بن مەتەر کتێبەکانی ئەقلیدوس و کتێبی بەتڵیمۆسی –کە لای عەرەب بە مەجەستی بەناوبانگە- بۆ خەلیفە مەئموون وەرگێڕا. هەروەها وەرگێڕانێکی کتێبی "ڕەگەزەکان" (الاستقسات)ی ئەقلیدسی بۆ ڕەشید بەرز کردەوە. لەم ڕووەوە پشت بە زانستە هیندییەکانیش دەبەسترا. ئەوە بوو پێشتر ئیبراهیم ئەلفەزازی کتێبی فەلەکناسیی هیندی ناسراو بە "سند هند"ی بۆ مەنسوور وەرگێڕا. پاشان خوارەزمی هات و کورتی کردەوە بۆ مەئموون. خوارەزمی بوو کتێبی بەتڵیمۆسی لە جوگرافیادا وەرگرت و یەکەمین کتێبی سەربەخۆی لە جەبردا دانا. لێرەوە، ناوی هێشتا تا ئەمڕۆ زیندوە لە وشەی algorithm دا کە ڕێگەیەکە لە ڕێگەکانی حسابکردن. مەئموون زانیاری لەمەڕ کێشە کردارییەکانی فەلەکناسیش هەبوو. ئەوە بوو فەرمانی کرد بە پێداچوونەوەی خشتە فەلەکییەکانی بەتڵیمۆش لەسەر بناغەی هەندێ تێبینی کە لە بەغدا و دیمەشق لەیەک کاتدا کرابوون، هەروەک فەرمانی کرد بە پێوانەکردنی پلەیەک لە هێڵی درێژی.

---

[٦٧] بڕوانە: A. Zoki Validi, Die Schweter der Germmanen nach arabischen Berichten des 9. Bis II Juhrhunderts, Zeitschrift der Deutsch, Morg, Ges, 90, 1937, 20.

حەدیس و فیقە

هەڵوێستی مەئموون لە کێشە لاهوتییەکانی سەردەمەکەی هاوشێوەی هەڵوێستی بوون لە زانستە یۆنانییەکان و بایەخدانی پێیان. لەڕاستیدا کۆششە رۆحییەکان لە ماوەی هەردوو سەدەی یەکەمی ئیسلامدا زیاتر تەرخان بوون بۆ هەوڵدان بۆ گونجاندن لەنێوان بەها لاهوتییەکان کە لەسەر بناغەی قورئان سوننەت دامەرزاون لەلایەک و حەقیقەت لەلایەکیترەوە. ئەگەرچی مەسحەف (قورئان)ـەکەی عوسمان لەکاتێکی زۆر زوودا ناکۆکی لەسەر دەقی قورئان یەکلا کردەوە، ئەوا مەسەلەکانی پەیوەست بە خوێندنەوەی ئەو دەقە بەدروستی نەوە دوای نەوە زانایانی بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکرد. پێشتر زیاد لە جارێک بینیمان چۆن قورئانخوێنان دەمارگیرییان بۆ رێبازە سیاسییەکان هەبوو، تا لەگەڵ تێپەڕبوونی رۆژدا پارێزگارییان لە هەژموونیان لە ژیانی گشتیدا کرد. تەفسیری قورئان بەزۆری هێشتا ملکەچی دەسەلاتی حیکایەتخوانان بوو، کە پێشتر لە سەردەمی ئومەوییەکاندا پەیدا بوون و بەزۆری یاوەری سەربازانیان دەکرد لە کاتی جەنگەکاندا، تا لەڕێی گێڕانەوەی چیرۆکەکانی قارەمانییەوە، کە لە میژووی پێغەمبەرانەوە وەرگیرابوون، جۆش و خرۆش بخەنە دڵ و دەروونیان. لە کاتی ئاشتیشدا دینداران لە مزگەوتەکاندا لەدەوریان ئەڵقەیان دەبەست، هەروەها ئاپۆرای تەمەڵ و تەوەزەلەکان لە گۆشەی شەقامەکاندا لەدەوری هاوڕێکانیان لە حیکایەتخوانان کۆدەبوونەوە. دەقێکمان هەیە بۆ سەدەی دووەمی کۆچی دەگەڕێتەوە، ئاماژە بەوە دەکات عێراقییەک قورئانی بەهەردوو زمانی عەرەبی و فارسی بۆ عەرەب و فارسەکان لێکدەدایەوە، عەرەبەکان لای راستی و فارسەکانیش لای چەپی دانیشتبوون. ئەوانە زۆربەی جار مادەی تەفسیرەکانیان لە چیرۆکەکانی تەلمووەوە وەردەگرت کە رووداوەکانی تەورات لای جولەکە لێکدەدەنەوە، هەروەها لە ئەفسانە مەسیحییەکان کە پاش دەستکاریکردنیان بەهۆی فرەیی گێڕانەوەکانەوە، پێیان گەیشتبوون. محەمەدی کەلبیش لە تەفسیرەکەیدا بۆ قورئان سوودی لەم سەرچاوانە وەرگرتوە، کە پێشتر وەک یەکێک لە پێشەنگانی دانانی میژوویی لای عەرەب ئاماژەمان پێدا. موقاتیلی بەڵخی کە یەکێک لە هاوسەردەمەکانی بوو (تەمەنی لەو بچووکتر بوو) پێش لەوە هەوڵی دا مادەی یاسایی قورئان بنووسێتەوە و مانا زاراوەییەکانی لەڕێی پێناسەی وردەوە دیاری بکات. ئەم کۆششە پاشتر خرایە سەر ئەو تەفسیرە زمانەوانییە پەتییەی ئەلفەڕاء، قوتابیی نەحوناسی کووفی (ئەلکەسائی)، بەیداخەکەی بەرز کردەوە. پاشان تەبەری هات و تەفسیرە گشتگیرەکەی دانا کە بەری رەنجی نەوەیەکی تەواو لە راڤەکارانی لەخۆگرت. حەدیسەکانی پەیوەست بەژیانی پێغەمبەر و رێنماییەکانی لەو سەردەمەیشدا دەستاودەست دەکران کە تا رادەیەکی زۆر بەشێوەی زارەکیی رووت و لە باری دەگمەنداً نەبێت تۆمار نەکراون، وەک کۆکردنەوەی

ئەو حەدیسانەی پەیوەندییان بە هەندێ بابەتی تایبەتەوە هەیە، یان ئەوانەی تەنیا یەک راوی گێڕاویەتیەوە.

هەرچی کتێبە گەورە یاساییەکانی حەدیسن -وەک هەردوو سەحیحی بوخاری و موسلیم و کتێبەکانیتر کە کۆمەڵگەی ئیسلامی لە سەدەکانی پاشتر پێرۆزییەکی نزیک لە پێگەی قورئانیان پێ بەخشین- لە نەوەی پاشتردا پەیدا بوون. پاشان زۆری نەبرد جێبەجێکردنی سوننەتی پێغەمبەریش، واتە ئەو نموونەیەی لەژیاندا پێشکەشی کردوە، وەک حەدیسەکان باسی دەکەن، بوو بە سەرچاوەی زانستی فیقهـ کە هێشتا مامەڵە و پەرستنەکان، هاوشێوەی سادەترین شارستانێتییەکان، پەیوەندیی تۆندوتۆڵیان هەیە. جگە لە دوو مەزهەب کۆنەکە، واتە مەزهەبی ئەبوحەنیفە لە عێراق و مەزهەبی مالیک لە مەدینە، لە سووریایش مەزهەبی ئەوزاعی سەری هەڵ دا، ماوەیەک لە باکووری ئەفریقیا باو بوو، پاشان مەزهەبی مالیکی بەسەریدا زاڵ بوو. لە سووریا خۆیشی، لەگەڵ بڵاوبوونەوەیدا هەر زوو مەزهەبی شافیعی پێشی دایەوە، کە ئەمەی دوایی نە لە حیجاز، کە زێدی بنەماڵەکەیەتی و قوتابییانی مالیک رۆڵی گەورەیان هەبوو، نە لە عێراق کە قوتابییانی ئەبو حەنیفە بالادەست بوون، نەیتوانی زاڵ ببێت، لەبەرئەوە هەوڵی دا ناوچەیەکی هەژموونی نوێ بۆ خۆی لە میسر مسۆگەر بکات. لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ساڵی ٨٢٠ لە فوستات مرد. لەڕاستیدا شافیعی تویژینەوەی بەرفراوانتری لەوانەی پێش خۆی لە ئوسوڵی فیقهدا کرد، ئەگەرچی لە گومانەکردن لە دەسەلاتی لاساییکردنەوەدا لەگەڵیاندا هاوڕا بوو. ئەحمەد بن حەنبەل لە بەغدا هەستی کرد ناچارە زیاتر لەوەی مالیک و شافیعی کردوویانە جەخت لەسەر دەسەلاتی لاساییکردنەوە (التقلید) بکات. زۆری نەبرد رەتکردنەوەی تۆندی بۆ هەر پلانێکی مامناوەند، بەرەو ململانێ لەگەڵ دەوڵەتی برد. نەک هەر ئەوە، بگرە دەمارگیریی شوێنکەوتەکانی هەمیشە مەترسیدارترین هەڕەشەی لە یاسا و سیستم دەکرد لە بەغدا بەدرێژایی چەند سەدەیەکی پاشتر. تا لە سەردەمی نوێدا مەزهەبی ئیبن حەنبەل لەسەر دەستی بزوتنەوەی وەهابی لە نیمچە دورگەی عەرەب زیندوو کرایەوە، ئەوەیش پاڵنەرێکی بەهێز بوو بۆ بەئیسلام، کە چەقی بەستبوو، بەرەو پەرەسەندنێکی دوورتر.

مشتومڕە کەلامییەکان

کێشە لەسەر ئەو بابەتە سیاسییانەی بەهۆی خیلافەتی عەلیەوە لەپڕ هاتنە بەردەم کۆمەڵگەی ئیسلامی، بوونە هۆی دەرکەوتنی گرووپی ئیسلامی جیاواز جیاواز. خەوارێج کە لە عەلی یاخی بوون لە دەمارگیرییاندا گەیشتنە رادەی بەکافردانانی هەر موسڵمانێک گوناهی گەورە ئەنجام بدات. لەوەدا مورجیئەکان بەرهەڵستییان کردن کە جەختیان لە دروستنەبوونی تەکفیرکردنی موسڵمان دەکرد و حوکمدان لەسەر ئەنجامدانی گوناهی گەورەیشیان لەودنیا تەنیا بۆ خودا بەجێدەهێشت. ئەم هەڵوێستە میانڕەوە سەبارەت بە

رەفتاری ئەخلاقی توانای بەخشییە شەرعناسانی لایەنگری دەولەتی ئومەوی بەرپەرچی تونـدیی ئۆپۆزسـیۆن بـدەنەوە، بەلام عەلەوییەکـانیش دەیـانتوانی لەڕێـیەوە جـۆرە دەستکراوەییەک بەخۆیان بدەن، وەک ئەبو حەنیفە کردی. لە سـەردەمی خیلافەتی هیشامدا کاتێک بانگەوازی عەباسی بەهێز بوو تـا رادەی ئاشکرابوون -ئەگەرچی سـەرەتا لەپشت پەردەی عەلەوییەکانەوە کاری دەکرد بەتایبەت گرووپی میانڕەوی زەیدی- شـوێنکەوتوانی ئەم بانگەوازە عەباسییە رێگەیەکی ناوەندیان لەنێوان هەردوو مەزهەب هەڵبژارد، بەهـۆیەوە توانییـان هەڵوێسـتێکی تـایبەتی بـێلایەن لە ململانێـی نێـوان عەلەوییەکـان و دژبەرانیـان وەربگرن. شـوێنکەوتوانی ئەم کەنـارگیرییە "الاعتزال" نـاو نـران مـوعتەزیلە. لەڕاسـتیدا ئەم ناوە خۆی لە دوو پیاو نرا کە لە شێخەکەیان فەرموودەناسی خواناس حەسەنی بەسـری - ساڵی ٧٢٨ مردوە- جیابوونەوە و رێبازێکی تایبەت بەخۆیان دامەزراند. ئەوانە پێیان وابوو موسـڵمانی ئەنجامـدەری گونـاهی گەورە نە بـاوەڕدارە نە بێبـاوەڕ، بەڵکـو لە پێگەیەکدایـە لەنێوان ئەو دوو پێگەیەدا. واسڵ بن عەتـا قوتـابی حەسـەنی بەسـری بەیەکەمـین مـوعتەزیلە دادەنرێت. رێبـازەکەی کـاری کـردە سـەر عەمـری کـوڕی عوبەید کە لە واسڵ خـۆی زیـاتر دژی عەلەوی بـووە، لەبەرئەوە نەک هەر دانـی بەئەبـوبەکر و عـومەردا دەنـا وەک دوو خەلیفەی شـەرعیی پێغەمبەر، بگرە دانی بەعوسمانیشدا دەنـا وەک خەلیفەیەکی شـەرعی. پاشتر بوو بە واعیزی خەلیفە مەنسوور. لەڕاسـتیدا واسڵ و عەمـر جەنگێکی تـوندیان دژی هاوسەردەمەکەیان جەهمی کوڕی سەفوان بەرپا کرد کە داکۆکی لە جەبر دەکرد لەکاتێکدا مـوعتەزیلە داکۆکییـان لە ئیـرادەی ئـازادی مـرۆڤ دەکـرد. هەرچـۆن بێـت پێـدەچێت ئەو عەقیـدەیەی بـاوەڕی بە خەلقـی قورئـان و سـیفەتەکانی خـوا هەیە لەو دژبەرەیـانەوە وەرگرتبێـت. واسڵ و عەمـر سـەرەتا پەیوەنـدییەکی زۆر تونـدوتۆڵیان بە شـاعیر سـاڵح عەبدولقددوس و ئەڵقەکەیەوە هەبوو، بەڵام زۆری نەبرد ناکۆکییەک کەوتە نێوان هەردووڵا و ئیتر بەگژاچوونەوەی کاریگەریی بەهێزی مانەویزم لەسـەر بیروباوەڕی چینی رۆشنبیر، بوو بەیەکێک لە خەم و سەرقاڵییە سەرەکییەکانی موعتەزیلە.

موعتەزیلە لەپێناو رازاندنەوەی بیروباوەڕەکەیان سەبارەت بە سیفەتەکانی خودا، دەبوو رێگەی کلاسیکی پەیرەوکراو لە فەلسـەفەی یۆنانیدا بەکار بێنن، ئەگەرچی بەتەبیعەتی حاڵ، بەهەمـوو شـێوەیەک نەزعەی ئەو فەلسـەفەیەیان رەت دەکـردەوە. لە بارێکـدا نـوێنەرانی سـوننەی سـاف کەلامـی خـوا، واتە قورئانیـان بە ئەزەلـی وەک خـودا خـۆی دادەنـا، بیرکـردنەوەی ئیعتیزالـی سـەبارەت بە سـیفەتەکانی خـوا بەو بیـرۆکەیە گەیشـت کە پێشـتر جەهمـی کـوڕی سـەفوان گوتبـووی، ئەویـش ئەوەیە قورئـان ئەزەلـی نـیە، بەڵکـو مەخلـوقە. موعتەزیلە توانییان سەرنجی خەلیفە مەئمـوون خۆیشـی بۆ ئەم تیـۆرە رابکێشـن و بـایەخی پـێ بـدات، بەشـێوەیەک سـاڵی ٨٢٧ وەک عەقیـدەی رەسـمیی دەوڵەت رایگەیانـد. هەروەهـا فەرمـانی دا بە لێکۆڵینەوە لەگەڵ سـەرجەم ئەوانەی باوەڕیـان پێـی نـیە وەک پێشـتر لەگەڵ

شوێنکەوتوانی مانەوی کرا. قوربانی ئەم چەوساندنەوە فیکرییە یەکەمەیش فەرموودەناسی توند ئەحمەدی کوڕی حەنبەل بوو. ئەوە بوو لەکاتێکدا مەئموون لە یەکێک لە غەزوەکانیدا بۆ سەر بیزەنتییەکان لە تەرسووس سەربازگەی دانابوو، بن حەنبەل لە بەغدا دەستگیر کرا و بەزنجیرکراوی پەلکێش کرا بۆ بارەگای سەرکردایەتییەکەی. پێش لەوەی زانا دیلەکە بگاتە جێ خەلیفە گیانی سپارد، لەبەرئەوە پیاوانی مەئموون گێڕایانەوە بۆ بەغدا. بەڵام چەوساندنەوەی لە سەردەمی جێنشینەکەی مەئموونیشدا هەر بەردەوام بوو. تا کاتێک موتەوەکیل بوو بەخەلیفە و کۆنەپەرستی باسکی بەهێز بوویەوە، ئیبن حەنبەل جێگە و پێگەی خۆی بۆ گەڕایەوە. مەیلێک هەبوو بۆ دانانی موعتەزیلە وەک نوێنەرانی بیرکردنەوەیەکی لاهووتییانەی ئازاد لەبەرانبەر ئۆرتۆزۆکسیەتی ئایینی. ئێمە لەسەر بناغەی ئەوەی لەپێشەوە باسمان کرد، دەتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین ئەوانیش لە دەمارگیریدا هیچیان لە شەرعناسانی سوننە کەمتر نەبوو، لە میتۆددا هیچیان جیاواز نەبوو، بەڵام تەنیا لە هەندێ بیروباوەڕی تایبەتدا جیاواز بوون.

موعتەسیم و پاسەوانەکانی

پاش مردنی مەئموون، محەمەدی برای چووە سەر تەخت کە والیی میسر بوو و نازناوی (موعتەسیم بیللا)ی بەخۆی بەخشی. موعتەسیم هیچ بەرهەڵستیەکی نەهاتە ڕێ، چونکە ئەو سوپایەی بەیعەتی بە عەباسی کوڕی مەئموون دابوو بۆ خیلافەت، بە دەرکەوتنی لەناکاوی موعتەسیم دەوریان چۆڵ کرد. بەڵام نەبوونی ئاسایش لە عێراق خۆی لەخۆیدا بەڵگە بوو لەسەر ڕادەی ئەو زیانە گەورەیەی بە سام و هەیبەتی خەلیفەکان گەیشتبوو. پێشتر ساسانییەکان لە زۆنگاوەکانی نێوان بەسرە و واست لە باشووری عێراق گەلێکی هیندییان نیشتەجێ کرد، کە بە جات (بەعەرەبی: الزط) دەناسرا و هاوشێوەی باوباپیرە قەرەچەکانیان، لەبەر هۆی نادیار زێدی خۆیانیان بەجێهێشتبوو. ئەگەرچی موسڵمانەکان بەبێ جیاکاری لە سوپادا بەکاریان دەهێنان، کەچی زۆری نەبرد بوونە مایەی ئاشووب و خراپە تەنانەت لە سەردەمی مەئموونداء بۆ ماوەی چەندین ساڵ سەرجەم هاتوچۆکانیان لەنێوان بەسرە و بەغدادا پەک خست. کاتێک موعتەسیم دەسەڵاتی گرتە دەست، هەستی کرد پێویستە ڕێوشوێنی توند دژیان بگرێتە بەر، بەڵام تا ساڵی ٨٢٥ نەیتوانی بەشێوەیەکی یەکڵاکەرەوە بەسەریاندا زاڵ بێت و بیانگوێزێتەوە بۆ قەڵای سنووریی عەین زەربە، لە سیسیلیا Cicilia بوو. ململانێی تووندی نێوان عەرەب لەلایەک و فارس لەلایەکیتر، کە مەئموون لە ساڵە بەراییەکانی خیلافەتەکەیدا گرنگیی تایبەتی پێدەدان، وای لە موعتەسیم کردبوو بابەتی پاراستنی سەلامەتی شەخسی خۆی بە کۆمەڵێک مەوالی بسپێرێت کە هەندێکیان لە بەربەر و زۆربەیشیان تورک بوون. ئەو تورکانەیش لە وڵاتی ئەودیو ڕووبارەوە یان لەڕێی بازرگانیی کۆیلەوە هاتبوون یان وەک جیزیە هاتبوون کە

میـره خۆمالّییەکـان دەیانـدا بە گەنجینـەی دەوڵەتـی ئیسـلامی. موعتەسـیم تـا ئەوکـاتە بەڕێوەبردنی کاروبـاری ئەو گـرووپەی بەپیاوانێک لە دەرەوەی مەوالـی سـپاردبوو، بەڵام زۆری نەبـرد، وەک زیادەڕەوڕشـیەک بـۆ سـەلامەتیی شەخسـیی خـۆی، پۆسـتەکانی سەرکردایەتی بە مەوالیـە تایبەتەکانی پڕ کردەوە. راستییەکەی ئەو سـەرکردانە هەر زوو گەیشتنە ئاستێک دەسـەلاتیان بەسـەر دەوڵەتدا هەبێت. زۆریشی نەخایاند بوونە سـەرانی راسـتەقینەی دەوڵەت، سروشـتی بـوو پیـاوانی بیرتیـژی ئەوکـات دەرک بە مەترسـی ئەو کـۆیلانە لەسـەر عەرەب بـکەن. بەم شـێوەیە ئیـبن سـەعد (کە کتێبەکـانی لە سـەردەمی موعتەسیمدا دانـا) لەسـەر زمـانی یەکێک لە سـەحابە پێشـبینی دەکـات کە رۆژێـک دێت تورکەکان عەرەبەکان دەگێڕنەوە بۆ بیابانەکانیان.

بەڵام بەدڵنیـاییەوە بەناوبـانگترین فەرماندەکانی موعتەسـیم هەر پیـاوێکی فـارس بـوو بەناوی حەیدەر بن کاوس و واباوە بە ئەفشین نـاو دەبرێت، لەناوی باوباپیرانیەوە، کە پێشتر میری ئەشروسـنە بـوون لە ئاسـیای ناوەڕاست. ئەفشـین تـوانی حـوکمی بـابەک لە ئازەربایجـان لەنـاو ببـات پـاش ئەوەی لە پـایزی سـاڵی ٨٣٧دا بەزۆر قەڵاکەی کـردەوە و بەرهەمزەی کرد. پاش ماوەیەک ئەفشین هێرشی کردە سەر بیزەنتییەکان کە لە سـەردەمی ئیمپراتـۆر توفیلـدا هێرشـیان کردبـووە سـەر جەزیـرە و بـاکووری سـووریا. ئەفشـین ئیمپراتـۆری شـکاند و دەسـتی بەسـەر عەمـووریەدا گـرت لە غەلاتـیە پـاش ئەوەی دوای گەمـارۆیەکی درێژخـایەن پەنـای بـۆ فێڵکـردن بـرد. زۆر رێـی تێـدەچێت خـودی ئەو سـەرکەوتنانە وایـان لە خەلـیفە کردبێت ئیرەیـی پـێ ببـات. ئەگەرچـی پـاش گەڕانەوەی لە جەنگی بیزەنتییەکان پیلانێکی نوێی شکست پێهێنا کە دەیویست عەباسی کوڕی مەئمـوون بکرێتە خەلیفە، کەچی ساڵی ٨٤٠ بە هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام تۆمەتبـار کرا و لە خانوویەکی تایبەتدا بەند کرا. پاشان خواردنی لێ قەدەغە کرا بەکەمی نەبێت تا مرد، چونکە کەس زاتی نەکرد سزای باوی لەخاچدانی بەسـەردا بسەپێنێت.

دروستکردنی سامەڕا

ئەگەر هـارون ئەلڕەشـید لە سـاڵانی کۆتـایی ژیانیـدا بـۆ دوورکەوتـنەوە لە جەنجـاڵیی بەغـدا، وای بەچـاک زانـی بچێتە رەقـقە، کە شـارۆچکەیەکی بچـووکە لەسـەر فـورات، ئەوا موعتەسیم ساڵی ٨٣٦ بڕیاری دا بارەگایەکی نوێ لە سامەڕا دروست بکات کە دەکەوێتە بەری راستی دیجلە لە دووریی سـەد کیلۆمەتر لە باکووری بەغدا. رەنگە نـاوی سـامرای فارسی بەلای گوێچکەی عەرەبییەوە لە ناواخنیدا هەڵگری مانای شـووم بووبێت، لەبەرئەوە لە بەکارهێنـانی رەسـمیدا گـۆڕا بـۆ "سـر مـن رأی" (بەواتـای: ئەوەی بیبینێت سـەری سـوڕ دەمێنێـت). موعتەسـیم دروسـتکردنی بە (ئەشـناس) سـپارد کە یەکێـک بـوو لە فەرمانـدە تورکەکانی، ئەویش دوو کەنالّی تێدا دروست کرد لە دیجلە دەبنەوە بەرەو رۆژهەڵات، کە

میـره خۆمالّییەکـان دەیانـدا بە گەنجینـەی دەوڵەتـی ئیسـلامی. موعتەسـیم تـا ئەوکـاتە بەڕێوەبردنی کاروبـاری ئەو گـرووپەی بەپیاوانێک لە دەرەوەی مەوالـی سـپاردبوو، بەڵام زۆری نەبـرد، وەک زیادەڕەوڕشـیەک بـۆ سـەلامەتیی شەخسـیی خـۆی، پۆسـتەکانی سەرکردایەتی بە مەوالییە تایبەتەکانی پڕ کردەوە. راستییەکەی ئەو سەرکردانە هەر زوو گەیشتنە ئاستێک دەسـەلاتیان بەسـەر دەوڵەتدا هەبێت. زۆریشی نەخایاند بوونە سـەرانی راسـتەقینەی دەوڵەت، سروشـتی بـوو پیـاوانی بیرتیـژی ئەوکـات دەرک بە مەترسـی ئەو کـۆیلانە لەسـەر عەرەب بـکەن. بەم شـێوەیە ئیـبن سـەعد (کە کتێبەکـانی لە سـەردەمی موعتەسـیمدا دانـا) لەسـەر زمـانی یەکێک لە سـەحابە پێشـبینی دەکـات کە رۆژێـک دێت تورکەکان عەرەبەکان دەگێڕنەوە بۆ بیابانەکانیان.

بەڵام بەدڵنیـاییەوە بەناوبـانگترین فەرمانـدەکانی موعتەسـیم هەر پیـاوێکی فـارس بـوو بەنـاوی حەیـدەر بـن کـاوس و وابـاوە بە ئەفشـین نـاو دەبرێت، لەنـاوی باوباپیرانیەوە، کە پێشتر میـری ئەشروسـنە بـوون لە ئاسـیای ناوەڕاست. ئەفشـین تـوانی حـوکمی بـابەک لە ئازەربایجـان لەنـاو ببـات پـاش ئەوەی لە پـایزی سـاڵی ٨٣٧دا بەزۆر قەڵاکەی کـردەوە و بەرهەمزەی کرد. پاش ماوەیەک ئەفشین هێرشی کردە سەر بیزەنتییەکان کە لە سـەردەمی ئیمپراتـۆر توفیلـدا هێرشـیان کردبـووە سـەر جەزیـرە و بـاکووری سـووریا. ئەفشـین ئیمپراتـۆری شـکاند و دەسـتی بەسـەر عەمـووریەدا گـرت لە غەلاتـیە پـاش ئەوەی دوای گەمـارۆیەکی درێژخـایەن پەنـای بـۆ فێڵکـردن بـرد. زۆر رێـی تێـدەچێت خـودی ئەو سـەرکەوتنانە وایـان لە خەلـیفە کردبێت ئیرەیـی پـێ ببـات. ئەگەرچـی پـاش گەڕانەوەی لە جەنگی بیزەنتییەکان پیلانێکی نوێی شکست پێهێنا کە دەیویست عەباسی کوڕی مەئمـوون بکرێتە خەلیفە، کەچی سـاڵی ٨٤٠ بە هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام تۆمەتبـار کرا و لە خـانوویەکی تایبەتدا بەند کرا. پاشان خواردنی لێ قەدەغە کرا بەکەمی نەبێت تا مرد، چونکە کەس زاتی نەکرد سزای باوی لەخاچدانی بەسەردا بسەپێنێت.

دروستکردنی سامەڕا

ئەگەر هـارون ئەلڕەشـید لە سـاڵانی کۆتـایی ژیانیـدا بـۆ دوورکەوتـنەوە لە جەنجـاڵیی بەغـدا، وای بەچـاک زانـی بچێتە رەقـقە، کە شـارۆچکەیەکی بچـووکە لەسـەر فـورات، ئەوا موعتەسیم سـاڵی ٨٣٦ بڕیاری دا بارەگـایەکی نوێ لە سـامەڕا دروسـت بکـات کە دەکەوێتە بەری راستی دیجلە لە دووریـی سـەد کیلۆمەتر لە بـاکووری بەغـدا. رەنگە نـاوی سـامرای فارسی بەڵای گوێچکەی عەرەبییەوە لە ناواخنیدا هەڵگری مانای شـووم بووبێت، لەبەرئەوە لە بەکارهێنـانی رەسـمیدا گـۆڕا بـۆ "سـر مـن رأی" (بەواتـای: ئەوەی بیبینێت سـەری سـوڕ دەمێنێـت). موعتەسـیم دروسـتکردنی بە (ئەشـناس) سـپارد کە یەکێـک بـوو لە فەرمانـدە تورکەکانی، ئەویش دوو کەنـاڵی تێدا دروسـت کرد لە دیجلە دەبنەوە بەرەو رۆژهەڵات، کە

جگه له رووبارەکه خۆی، پاراستنی شوورەیەکی دەریاییشی بەشارە تازەکە بەخشی. شارەکە پێشتر هەشت دێری مەسیحی تێدا بوو، سەرەتا کۆشکی جەوسەق بۆ موعتەسیم دروست کرا، تا کاتێک خەلیفەکانی پاش ئەو هاتن، کە حەوت خەلیفە بوون و بەدرێژایی نیو سەدە حوکمیان کرد، ناوچەکەیان بەکۆشک و مزگەوتی نوێ رازاندەوە. ئەگەرچی لەو دامەزراوە قەشەنگانە کە لەو ماوە کەمەی گەشانەوەدا دروست کران، جگە لە کەلاوە و وێرانە هیچمان بۆ نەماوەتەوە، بەڵام لەڕاستیدا وێنەیەکمان لەمەڕ هونەری تەلارسازی لە سەردەمی عەباسیدا پێشکەش دەکات، کە زیندووترە لەوانەی بەغدا دەیبینین، چونکە دەستی نەوە پاشینەکان ئەو بڕە ئاسەوارەیشی تێکداوە کە لەبەردەم رەشەبای مەغۆلیدا خۆیان گرت. تەلارسازانی موسڵمان هەم لە رۆژهەڵات و هەم لە رۆژئاوا پشتیان بە نەریتە کۆنەکان دەبەست. کۆشکەکەی موتەوەکیل کە ناوی "بەرکەواری"یە -و گرنگترین بینایە هێشتا بناغەکەی لە سامەڕا ماوە- لەڕووی دیزاینی گشتی و پلانی رووبەرەکان و شێوەی رووکارەکانەوە لەسەر شێوەی کۆشکە پەهلەوییەکانی مەدائین دروست کراون، کە لاکێشەیە و درێژی هەر دوو لاکەی نزیکەی دوو لەسەر سێی میلێکە. لای رۆژئاواوە کە بەرەو رووبار لێژ دەبێتەوە، لەبەردەم بانجیلەکاندا، سێ تاقی لەخشت دروستکراو بەرز بوونەتەوە کە بەرەو بەشی تایبەت بە دانیشتن و هۆڵەکانی پێشوازیکردنی گشتی دەچن. هەموو ئەمانە پێکەوە، لە شێوەی خاچێکدا، بەدەوری سێ هۆڵی ناوخۆییدان کە چەند ژوورێکی پێشوازی و گەرماوەکان و ژوورەکانی خزمەتکاران دەوریان دەدەن. بەلای رۆژهەڵاتدا باخچەیەک لە تەنیشتی کۆشکدایە کە چەند تاقگەیەکی تێدایە. لای باکووریشەوە حەوزێکی گەورەی ئاو لەناوەڕاستی ژێرزەمین و بیرەکاندایە. لەدەوری کۆشکیش مااڵی دەست و پێوەند و بنکەی پاسەوانەکانی لێیە. هەرچی ئەندازیارانی مزگەوتە گەورەکەیە چاویان لە ئەسەرێکی دێرینتر و بەبەختر لە مەزنیی کۆن کرد، ئەویش بەوەی مەنارەی ئەو مزگەوتەیان لەسەر بنکەیەک دروست کردوە درێژییەکەی ٣٢٨ یاردەیە لە شێوەی تاوەرە بابلییە پلیکانەدارەکان، کە "زیککورە"یە Zikkurat. لەڕاستیدا ئەو سەرچاوە مەزنانەی هێشتا لەبەردەستی ئەو تەلارسازانەدا بوون. هەروەها سەربارى ئەوەی ئیمپراتۆرییەتەکە لەو کاتەدا لە پاشکەوتندا بوو، رووبەری گەورەی ئەم مزگەوتە زۆر بەڕوونی دەریدەخات چ توانایەکی گەورەیان لەبەردەستدا بووە . وەک لاکێشەیەک وایە درێژییەکەی دەگاتە دووسەد و شەست مەتر و پانییەکەیشی نزیکەی سەد و هەشتا مەتر. گۆڕەپانە ناوخۆییەکەی کە بەسەر بیست و پێنج ڕاڕەودا دابەش دەبێت، ٤٤ هەزار مەتری داگیر کردوە. بۆ گەاڵڵەکردنی بیرۆکەیەک لەسەر مانای ئەم ژمارەیە، هێندە بەسە بزانین گۆڕەپانی کەنیسەی قەشە پوتروس لە ڕۆما دەگاتە ١٥١٦٠ مەتری چوارگۆشە، گۆڕەپانی ئایا سۆفیا لە ئیستانبوڵ دەگاتە ٦٨٩٠ مەتر، لەکاتێکدا گۆڕەپانی کاتیدرائیەی "کولون" لە ٦١٢٦ مەتر زیاتر نابێت.

هەڵوەشانەوەی خیلافەت و پەیدابوونی دەوڵەتۆکەکان

فەرمانده تورکەکان کە لە سەردەمی موعتەسیم و خەلیفەی پاش ئەو، ئەلواثیق بیللادا (٨٤٢-٨٤٧) گەیشتبوونە ئەوپەڕی هەژموون و دەسەلات لە بەغدا، بەشێوەیەک خەلیفە ناچار بوو نازناوی سوڵتان بە ئەشناس Ashnas ببەخشێت، بەوەیش هەندێ مافی بۆ سەلماند کە سنووری ئەرکە سەربازییە رووتەکان تێدەپەڕێنن. تا کاتێک واثیق لە تەمەنێکی زووا مرد، وەسیف، جێگرەوەی ئەشناس هێندە بەهێز بووبوو دەیتوانی ئەو پیاوەی خۆی دەیویست بیخاتە سەر تەخت. سەرەتا، محەمەدی کوڕە بچووکی واثیقی بە خەلیفەی موسڵمانان دانا کە هێشتا لە خوار تەمەنی پێگەیشتنەوە بوو، بێگومان بەڕێکەوتن لەگەڵ دەسەلاتە مەدەنییە بالاکاندا. هەرچۆن بێت، هەر زوو ئەم محەمەدەی گۆڕی و جەعفەری مامی (المتوکل علی الله)ی لە جێگەیدا دانا. بەڵام خەلیفەی نوێ زۆری نەبرد هەوڵی دا خۆی لە هەژموونی "پاشا دروستکەران" رزگار بکات. ئیبن ئەلزەیات یەکێک بوو لەوانەی دژی کاری دەکرد، لەبەرئەوە دوای سێ ساڵ لە دەسەلاتەکەی تۆڵەی لێ سەندەوە. هەروەها فەرماندەی تورک (ئیتاخ)ی لەناو برد کە پێشتر لەگەڵ وەسیف بۆ چوونە سەر تەخت یارمەتییان دا.

موتەوەکیل و کوڕەکانی

موتەوەکیل خوازیار بوو پاڵپشتییەک لە شافیعییەکان، کە لە ئەهلی سوننەن، بەدەست بێنێت بۆ بەرەنگاریکردنی عەلەوییەکان کە بێ پسانەوە کاریان بۆ ئامانج و خەونەکانیان دەکرد. راوێژکاری مەئموون، قازیی قازییان ئەحمەد بن ئەبی دوئاد کە راستەوخۆ پاش ئەوەی موتەوەکیل کاروباری موسڵمانانی وەرگرت ئیفلیج بوو، وازی لە پۆستەکەی هێنا بۆ کوڕەکەی. بەڵام موتەوەکیل لە ساڵی دووەمی خیلافەتەکەیدا خۆی و براکانی دەستگیر کرد و دەستی بەسەر تەواوی مواڵک و سامانیاندا گرت. پاشان پۆستی قازیی قازییانی بە یەحیا بن ئەکثەمی شافیعی مەزهب سپارد، کە پێشتر لە سەردەمی مەئموونداپێگەیەکی بااڵی هەبوو. بەڵام بەهۆی رقبوونی لە موعتەزیلە ناچار بوو بەهەندێ پۆست لە ویلایەتەکاندا قنیات بکات. لە ماوەی سێ ساڵی دەسەلاتەکەیدا، کە ئەوە ئەوپەڕی ئەوە بوو چاوچنۆکی و فێڵ و تەڵەکەی موتەوەکیل رێگەی پێدەدا، یەحیا کودەتایەکی تەواوی بەرپا کرد. گۆڕی حسێن لە کەربەلا تێکدرا و قەدەغە کرا خەڵک سەردانی بکەن. سەرجەم ئەو فەقیهانەی بەهۆی ملنەدانیان بەباوەڕ بە خەلقی قورئان خرابوونە زیندان، ئازاد کران، لەوانە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و لێکۆڵینەوە لەو بابەتە و مشتومڕ تێداکردنی حەرام کرا. ئەهلی زیمە کە رۆڵێکی مەزنیان لە کۆشکەکانی پێشینانی موتەوەکیلدا بینی وەک زانا و پزیشک بەتایبەت

-که موتەوەکیل خۆیشی نەیدەتوانی بەتەواوی دەستبەردارییان ببێت- دەبوو لە سایەی ئەم سەردەمە نالێبوردەیەدا بەدەست چەوساندنەوەوە بنالێنن. ئەوە بوو موتەوەکیل فەرمانی دا بە رووخاندنی پەرستگە مەسیحی و یەهودییە تازە دروستکراوەکانی بەغدا و ناچارکردنی مەسیحییەکان و سەرجەم ئەهلی زیمە بەوەی نیشانەی دیاریکراو وەک سووکایەتی لە شوێنێکی بەرچاوی جلەکانیان بدرێت، هەروەها سواربوونی هەر وڵاخێکیان جگە لە گوێدرێژ و هێستر لێ قەدەغە کرا. موتەوەکیل لەسەرەتای خیلافەتەکەیدا وەرگرتنی تەختی پاش خۆی بۆ کورە گەورەکەی [ئەلمونتەسیر] پاشان بۆ هەردوو کورە بچووکەکەی [محەمەد ئەلموعتەز و ئیبراهیم ئەلموئەیەد] ، بڕییەوە. بەڵام فەتح بن خاقانی خاوەن پێگە لای موتەوەکیل دڵی لە مونتەسیر کرمێ کرد و لە موعتەزی برای لە میراتگیریی تەختدا خستە پێشی. لەڕاستیدا دەسەڵاتی فەرماندە تورکەکان تەنانەت لە دەسەڵاتی محەمەد بن تاهیریش دەرچووبوو کە ساڵی ٨٣٠ ویلایەتی پۆلیسی لە بەغدا پێ سپێردرابوو. لەبەرئەوەی خەلیفەی دەستبڵاو هەرگیز نەیدەتوانی بەدەم داواکارییەکانی پاسەوانەکانیەوە بچێت، ساڵی ٨٥٨ هەوڵی دا رێگە لە زاڵبوونیان بگرێت، بەوەی دیمەشقی کردە شاری خۆی، بەڵام زۆری نەبرد بەجێی هێشت و گەڕایەوە عێراق. تا کاتێک موتەوەکیل پاش ئەوە بێعەقڵی و کورتبینیی خۆی پیشان دا و هەوڵی دا دەست بەسەر موڵک و سامانی فەرماندە وەسیف لە وڵاتی چیا بگرێت، ئەمەی دوایی لەگەڵ مونتەسیری میراتگری تەختدا پیلانی بۆ کوشتنی موتەوەکیل دانا. پیلانەکەیش شەوی نۆیەمی کانوونی یەکەمی ساڵی ٨٦١ لە کۆشکی "جەعفەری" جێبەجێ کرا، ئەو کۆشکەی موتەوەکیل ماوەیەکی زۆر پێش ئەوە، لە دەروازەکانی سامەڕا دروستی کردبوو.

مونتەسیری بکوژی باوکی نەیتوانی پتر لە شەش مانگ پارێزگاری لە تەخت بکات، کە تێیدا کۆششێکی نەزۆکی کرد بۆ ساغکردنەوەی بۆ خۆی لەڕێی فشارخستنە سەر هەردوو براکەی، موعتەز و موئەیەد، بۆ دەستبەردارببوون لە میراتگیریی تەخت (ویلایەتی عەهد)، هەروەها لەڕێی باش رەفتارکردن لەگەڵ عەلەوییەکان. دوای ئەوەی تورکەکان بەژەهر کوشتیان برازای موتەوەکیل، ئەحمەد ئەلموستەعین بیللا-یان خستە سەر تەخت. دوای چوار ساڵ حوکمکردن، دەسەڵاتەکەی لەدەست دا کە بەهۆی کێشە و ململانێی بەردەوامی نێوان ئەمیرە تورکەکانی سوپاوە، بەکردەوە بەرتەسک بووبوویەوە بۆ شەبەنگێکی خەیاڵ. بوغا کە چاکەی دانانی هەبوو لەسەر تەخت، ناچار بوو لەگەڵیدا لەدەستی دژبەرانی هەڵبێت بۆ بەغدا، لەکاتێکدا لە سامەڕا موعتەز خرایە سەر تەختی خیلافەت. محەمەد بن تاهیر کە موستەعین بەئەمیری عێراق لە دوو شارە پیرۆزەکە دایمەزراندبوو، هەوڵی دا بەهانای گەورە گەمارۆدراوەکەیەوە لە بەغدا بچێت، بەڵام زۆری نەبرد بەهۆی ناکۆکییەک کە لەنێوان ئەو و بوغادا سەری هەڵدا، لەدژی هەڵگەڕایەوە. لەبەرئەوە ئیتر موستەعین

نەیدەتوانی لە بەغدا جێگیر ببێت و ناچار بوو لە کانوونی دووەمی ساڵی ٨٦٦ خۆی لە دەسەلات دابماڵێت و لە تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ لە واست کوژرا.

مـوعتەز هەوڵـی دا پاسـەوانە مەغریبیەکـانی وەک ئامرازێـک بـۆ بەرەنگـاریکردنی تورکەکـان بەکـار بێنێت، کە هەرچـۆن بێت، ئەوان بـوون ئەویـان خستە سـەر کورسـیی خیلافەت. بەڵام تورکەکان زۆری نەبرد، پاش سێ ساڵ و نیو لە تەخت هێنایانە خوارەوە، لەبەر ئەوەی نەیتـوانی پێویسـتییە دەسـتەویەخەکانیان بە پـارە و پـوڵ پـڕ بکـاتەوە. جێنشینەکەیشـی، مـحەمەد ئەلمـوعتەدی بیللای کـوڕی واثیـق، بێهـوودە هەوڵـی دا خـۆی لە چارەنووسی پێشینانی بپارێزێت، لەبەرئەوە خەرجییەکانی کۆشکی شاهانەی کەم کردەوە تا ئەندازەیەک سیستم بۆ دەزگای دارایی بگێڕێتەوە کە لەدەستی دابوو. هەرچـۆن بێت، لە شەڕێکدا دژی مووسا بن بوغـا کوژرا لەکاتێکدا هێشتا سـاڵی یەکەمـی ویلایەتەکەی تەواو نەکردبوو.

شۆڕشی زنج لە عێراق

ئەو لاوازیـیەی لەو سـەردەمەدا، بەهـۆی تـاکڕەویی ئەمیرەکـانی سـوپا و گـۆڕانی بەردەوامی حاکمەکانەوە، حکومەتی ناوەندی تێی کەوتبوو، بەڕوونترین شێوە دەردەکەوێت کاتێک بزانین دەوڵەتی کۆمەڵێک کۆیلەی هار و هاجی هەلاتوو لە گەورەکانیان بەبەرچاوی ئەو حکـومەتەوە و نزیـک لە دەروازەکـانی پایتەخـت خـۆی سـەری هەڵ دا و بـۆ مـاوەی سـاڵانێکی زۆر ترس و تۆقاندنی لە سـەرتاسەری عێراقدا بڵاو دەکردەوە. ئەوەبوو کۆمەڵێک لە زنجییەکـانی ئەفریقیـای رۆژهەلات کاریـان بـۆ هەنـدێ بەڵێنـدەی بەسـرەیی دەکـرد لە پاککردنەوەی ئەو زۆنگاوە گەورانەی لەنزیک بەسرە بوون. پیاوێکی فارسی بەناوی عەلی کوڕی محەمەد سەری هەڵدا –بانگەشەی ئەوەی دەکرد گوایە لە بنەچەدا دەگەڕێتەوە سـەر عەلی و فاتیمە لەڕێگەی زەیدی کوڕی عەلییەوە- (لەبەرئەوە رێی تێدەچێت ئەو رەچەڵەکە راستەقینە بێت لەو رووەوە بنەماڵەی زەیدی کوڕی عەلی ئەوکاتە زۆر بوون) و داوای لە زنجییەکـان کـرد لە وەبەرهێنەرەکانیـان یـاخی بـبن، کە بێگومـان بـانگەوازی بـۆ هـیچ چاکسازییەک لە بارودۆخی کۆمەڵایەتیدا نەدەکرد، بەڵکو تەنیا بەڵێنێکی بنبڕی دەدایە ئەو گەلە سـتەمدیدەیە –لەناویانـدا کۆیلەکـان- بە باشـکردنی گوزەرانیـان و مسـۆگەرکردنی ئازادی و سامان بۆیان. بانگەشەکەیشی لەسەر بناغەی مافەکانی بنەماڵەکەی نەبوو، بەڵکو جـارێ عەقیـدەی خەواریجـی دا کە هەر جـۆرە جیاکـارییەکی نەتەوەیـی رەت دەکـاتەوە و بەدڵنیاییەوە بەتایبەت لای شۆێنکەوتوانی پەسەند بوو. ئەم عەلی بن مـحەمەدە سـەرەتا لە ١٠ی ئەیلولی ساڵی ٨٦٩ سەری هەڵدا و پاش ماوەیەکی کورت دەستی بەسـەر دەوربەری بەسـرەدا گرت. حکومەتی بەغدا سـوپا لەدوای سـوپای نـاردە سـەری، هەمووییان شکان،

بەتایبەت کە زنجیبە جاشەکان (مورتەزەقە) بەگشتی دایانە پاڵی. هەروەها دانیشتوانی بەسرە کە خۆیانیان بۆ جەنگان دژی لە ٢٣ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٨٦٩ ساز کردبوو، توانای خۆڕاگرییان لەبەردەم ئازایەتیی بێئەندازەی پیاوەکانیدا نەبوو. هەر زوو لەسەر ئەم بنکە جەنگییە تازەیەی، کە بەهۆی فرەیی کەناڵە بچووکەکان و ئەو زۆنگاوانەی تێیدا بوون بەرگری لێکردنی ئاسان بوو، شارێکی نوێ دامەزرا، ئەویش "موختارە" بوو، سەرەتا بەخێرایی بەخشتی قوڕ دروست کرا، پاشان بەو تاڵانییە زۆرەی دەستی بەسەردا گرت، چاک کرا. بەم شێوەیە دەسەڵاتی بەسەر دیجلەدا گرت لە ڕێژگەکەیەوە، پاشان هێرشی بردە سەر خوزستان[٦٨].

بەڵام لە هەمان کاتدا بارودۆخ لە پایتەختیش هەندێ باش بووبوو. ئەگەرچی موعتەمید کۆڕی موتەوەکیل خۆی لەوپەڕی لاوازیدا بوو، بەڵام پاش چوونە سەر تەخت ساڵی ٨٧٠، موەفەق بیللای برای کردە فەرماندەی سوپا، کە پیاوێکی ئازا و توند بوو. هەر هێندەی جێگەی خۆی لە سامەڕا قایم کرد لە هاوینی ساڵی ٨٧١ سوپایەکی بۆ شەڕکردن دژی زنج خستە ڕێ، بەڵام سەرەڕای بەدەستهێنانی هەندێ سەرکەوتنی بەرایی نەیتوانی شەڕێکی یەکلاکەرەوەیان لەگەڵدا بکات. هۆزە دەوارنشینەکان کە لە هەرێمەکانی دراوسێ بوون لای خۆیانەوە چووبوونە ریزی شۆڕشگێڕان. لە ٧ی ئەیلولی ساڵی ٨٧١ ئەمیری زنج و شوێنکەوتوەکانی لەکاتی نوێژی جومعەدا دایان بەسەر بەسرەدا و شارە دەوڵەمەندەکەیان تاڵان کرد و شمشێریان لە گەردنی خەڵکەکەیدا خستە کار –بەگوێرەی کەمترین مەزەندە ٣٠٠ هەزار کەسیان لێ کوژرا- و ئاگریان لە خانووبەرەکانی بەردا. موەفەق خۆی لە نیسانی ٨٧٢ شەڕی دژ بە شۆڕشگێڕان ئەنجام دا بەڵام هیچی پێ نەکرا. لە ڕۆژهەڵاتەوە مەترسییەکیتر سەری هەڵدا و موەفەق ناچار بوو بۆ ماوەیەک واز لە زنجییەکان بێنێت.

لەنێوان سەفاری و تاهیرییەکاندا لە ئێران

خەواریج کە لە هەموو شوێنێک شکان، لە سیستان (سجستان) Sistan لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران، کە هەرێمێکە ئەمڕۆ ئێرانی ئێستا و ئەفغانستان لێک جیا دەکاتەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر خۆیان ڕاگرت. بەڵام لەو هەرێمە دوورەدەستەدا، کە لە سەردەمی هارون ئەلڕەشیددا بەڕێوەبردنی بۆ حوکمڕانە خۆماڵییەکان بەجێهێڵرابوو و بەتوندی بە ئیدارەی ناوەندییەوە نەبەسترابووەوە، کەوتنە داوی چەتەیی و تاڵان و ڕاوڕووت. لەبەرئەوە خەڵکی ولاتەکە ناچار بوون بۆ بەرگری لەخۆکردن شەڕیان لەدژ بکەن، سەرەنجام یەکێک لە

---

[٦٨] بڕوانە: Th. Noldke, "A Servile War in the East Aketsches from Eastern History, tr. By J. S.Black, 1892, pp. 146-175.

سەرکردەکانی گرووپە خۆبەخشەکان بۆ ئەو کارە توانی دەست بەسەر پایتەختدا بگرێت و ئەو والییە دەربکات کە ئەمیری خوراسان لە ئال تاهیر، دایناببوو. پیاوێک لەخزمەتی ئەو سەرکردەیەدا خزمەتی دەکرد کە لە گەنجێتیدا کاری سپێکردنەوە (مسگەری) کردبوو بەناوی یەعقوبی مسگەر (الصفار). ئەم یەعقوبە هێندە ئازا بوو ترسی خستبووە دڵی خەڵک، لەبەرئەوە گەورەکەی پێشووی سەرکردایەتی بااڵی پێ سپارد تا خۆی پاش حەجکردنەکەی لە مەککە، لە بەغدا جێگیر ببێت. لەڕاستیدا براکەی هەوڵی دا یەعقووب ملکەچ بکات، بەاڵم سەرکەوتوو نەبوو، لەکاتێکدا صەفار کە بووبووە ئەمیر، وردە وردە هەرێمی سیستانی بەتەواوەتی گرت و بەلێدانی رەگوڕیشەی چەتەگەری و تااڵنکاری خزمەتێکی گەورەی کرد. تەنیا حەوت ساڵ بەسەر ئەوەدا تێپەڕی، ساڵی ٨٦٧ یەعقووب هێرشی کردە سەر موڵکە باشوورییەکانی ئال تاهیر لە هیرات، پاشان هەوڵی دا سۆزی خەلیفە بەدەست بێنێت، لەبەرئەوە کۆمەڵێک دیاری گرانبەهای بۆ نارد لەوانەی بەغەنیمەت دەستی کەوتبوون. باشترین بەڵگە لەسەر لاوازیی پێگەی حکومەتی ناوەندی لەو ناوچانە، ئەوە بوو بەداوای یەعقووب رازی بوو و ویلایەتی کرمانی دراوسێی بۆ پچڕاند، هاوکات هەمان شتی بۆ ئەمیری هەرێمی فارس، عەلی بن حسێنیش کرد. ئەم عەلییە هەوڵی دا پێش یەعقووب بکەوێت لە داگیرکردنی ویلایەتەکەدا، بەاڵم ئەمەی دوایی سەربازەکانی شکاند و فەرماندەکەی بەدیل گرت، پاشان پێشڕەوی کرد بۆ شەڕ لەگەڵ عەلی خۆی و لە ٢٦ی نیسانی ساڵی ٨٦٩دا شکاندی و دەستی بەسەر شیرازی پایتەختدا گرت. لەبەرئەوەی نەیدەتوانی دەست بەسەر فارس خۆیدا بگرێت، سەرلەنوێ رووی کردەوە رۆژهەاڵت و لەڕێگەی بااڵوکردنەوەی ئیسالمەوە لە ئەفغانستان شکۆی جیهادی بەدیهێنا. تا کاتێک جارێکیتر هێرشی کردەوە سەر فارس خەلیفە بەڵخ و توخارستان و سندی دایە، تا چاوی لەسەر رۆژئاوا وەربگێڕێت.

لە هەمان کاتدا دۆخی ئال تاهیر لە خوراسان گەیشتبووە ئەوپەڕی کزی و الوازی. یەعقوبیش سوودی لە ناپاکیکردنی هەندێ لە خانەدانانی ئەو ناوچەیە وەرگرت بۆ دەستگرتن بەسەر نەیسابووری پایتەختیاندا لە ئابی ساڵی ٨٧٣، گرتنێکی ئاسان کە بەحاڵ شەڕی تێدا رووی دا. تا کاتێک خەلیفە فەرمانی بۆ دەرکرد دەستبەجێ خوراسان چۆڵ بکات گوێی بەو فەرمانە نەدا، بەڵکو بەسەربازەکانیەوە رووی کردە تەبەرستان کە دەکەوێتە کەناری باشووری دەریای قەزوین، کە حاکمەکەی نەوەی زەید کوڕی عەلی، کوڕی تاهیری هەاڵتووی لای خۆی دااڵدە دابوو. ئەگەرچی لێرە سەرکەوتنێکی بەرایی بەدەست هێنا، بەاڵم بەهۆی سەختیی هەرێمەکەوە ناچار بوو پاشەکشە بکات. کاتێک هاوینی ساڵی ٨٧٥ هات سەرلەنوێ گەڕایەوە سەر هەرێمی فارس و بەئاسانی دەسەاڵتی خۆی بەسەردا کێشا. پاشان بەئاراستەی رۆژئاوا لەڕێی خوزستانەوە پێشڕەوی کرد.

لەبەرئەوەی حکومەتی بەغدا هێشتا سەرقاڵ بوو بە تەمێکردنی زنجەکانەوە، هەوڵی دا ئیغرای بکات بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی لێیەوە هاتووە و وەک والیی خوراسان-و هەرێمەکانی نزیکی دانی پێدا نا. هەروەها بەوالیی فارسیش. بەڵام هیچ شتێک سروشتی یەعقوبی نەدەگۆڕی و لە رۆیشتنی بەرەو بەغدا بەردەوام بوو. موەفەقی جێگری ئەوکاتی خەلیفە بەسوپایەکی گەورەوە بۆی دەرچوو و لە دیر ئەلعاقول لە دووریی نزیکەی دوازدە میل لە باشووروی شار (بەغدا)، بەیەک گەیشتن. لێرەدا، لە ٨ی نیسانی ٨٧٦ یەعقووب تووشی یەکەمین شکستی جددی لەژیانیدا هات. بەڵام کاتێک پاشەکشەی کرد بۆ سنوورەکانی عێراق موەفەق نەیوێرا بەدوایدا بچێت. لەم کاتەدا ئەمیری زنج پێشنیازی هاوپەیمانییەکی سەربازی بۆ یەعقووب کرد، ئەویش بەڕەقی رەتیکردەوە. پاشان موەفەق دەستی بەدانوستانەکانی لەگەڵ یەعقووب کرد، بەڵام پێش ئەوەی دانوستانەکان بەهیچ ئەنجامێک بگەن لە ٥ی حوزەیرانی ساڵی ٨٧٩ یەعقووب مرد[٦٩].

عەمری برای جێگەی یەعقوبی گرتەوە، سەرەتا پێشەی باربردن بەوڵاخ و هەروەها وەستا بەنا بوو، زۆری نەبرد دەریخست بەهرەی سەربازیی گەورەی هەیە. دەستبەجێ موەفەق پەیماننامەیەکی لەگەڵ بەست و وەک والی لەسەر ئەو وڵاتانەی تا ئەوکاتە براکەی فەتحی کردبوون، دانی پێدانا. نەک هەر ئەوە، بگرە کردیە ئەمیری پۆلیسی بەغدایش، کە بێگومان پلەیەک بوو زیاتر ناو بوو، پێشتر هی ئال تاهیر بوو. بەڵام زۆری نەبرد حوجوستانی کە یەکێک لە هاوڕێ کۆنەکانی یەعقووب بوو، لە خوراسان لە عەمر یاخی بوو و لە ٧ی تەممووزی ساڵی ٨٨٠ لە خوراسان شکاندی و دەستی بەسەر نیسابووری پایتەختدا گرت. عەمر ناچار بوو ماوەیەک وڵاتەکەی بۆ چۆل بکات و بکشێتەوە بۆ زێدی خۆی، سیستان. دوو ساڵ پاشتر حوجوستانی کوژرا و عەمر جارێکیتر دەستی بەسەر خوراساندا گرتەوە.

کێشەی نێوان یەعقووبی مسگەر و حکومەتی ناوەندی لە بەغدا بەسوودی زنجییەکان شکایەوە، کە هەر بەدەستگرتن بەسەر شاری گرنگی واست لە عێراقدا وازیان نەهێنا، بەڵکو جێپێی خۆیان لە خوزستانیش چەقاند. ئێستا کە موەفەق کێشەی رۆژهەلاتی نەما، ئیتر دەیتوانی بەتوندی و وریاییەوە دەست بەشەڕ دژی ئەو شۆڕشگێڕانە بکات. دەبوو ژمارەیەک کەشتی جەنگی دروست بکات کە بۆ هێرشکردنە سەر شارەکەیان، کە لە هەمو لایەکەوە بە کەنال دەورە درابوو، پشتیان پێ ببەستێت. ئەرکی شەڕەکە ئەبولعەباس

---

[٦٩] بڕوانە ئەم دوو سەرچاوەیە:
- Th, Noldeke, "Yakub the Coppersmith" in Sketches, pp. 176-206.
- W. Barthold, Zur Geschichte der Saffariden, Orientalische Studien, 1, 171-196.

ئەحمەد بن ئەلموەفەق گرتیە ئەستۆ کە پاشتر تەختی خیلافەتی گرتە دەست و نازناوی "ئەلموعتەزید"ی بەخۆی دا. سەرەتا بەهەندێ سەرکەوتنی لابەلایی وازی هێنا و هەوڵی دا بەتایبەت وا لە ئەفسەرانی سوپای دوژمن و سەربازان بەگشتی بکات چەک فڕێ بدەن و واز لە هاوەلانیان بێنن. موەفەق خۆی لە مەیدانی شەڕ دەرنەکەوت تا پاش سااڵێک، لە پایزدا. پاش ئەوەی دەستی بەسەر "مەنیعە"دا گرت کە دووەم شارە زنجیرەکان دایانمەزراند، گەڕایەوە بۆ خوزستان تا لە چنگیان دەربێنێت. لە بەهاری ساڵی ٨٨١ گەمارۆی خودی پایتەختەکەیانی دا "ئەلموختارە" و بۆ ئەو مەبەستە لەبەرانبەریدا لە بەری دووەمی دیجلە شارێکی نوێی دامەزراند ناوینا "موەفەقییە". سەربازانی خیلافەت چەند جارێک توانییان پێشڕەوی بکەن بۆ جەرگەی پایتەختی دوژمن، بەاڵم موەفەق سەرکێشی نەکرد بەئەنجامدانی هێرشێکی یەکالکەرەوە تا تەممووزی ساڵی ٨٨٣، کاتێک سوپای (لۆلۆ) هاتە پاڵ سوپاکەی، کە ناپاکی لە گەورەکەی، والیی میسر کردبوو، کە لەاڵیەن ئەوەوە کرابوو بەفەرماندەی سوپای شام. لەکۆتاییدا شارەکە لەبەردەم لێدانە تونددەکانی (لۆلۆ)دا کەوت، بەوەیش کۆتایی بەو گرووپە یاخییە هێنرا، کە دەمێک بوو لە دەوڵەمەندترین بەشی خاکەکانی خیلافەتدا خراپەکاری دەکرد.

تۆڵۆنییەکان لە میسر

لەو کاتەدا رۆژئاوای ئیمپراتۆرییەتەکە، هاوشێوەی رۆژهەاڵت، بەتەواوی لەژێر هەژموونی حکومەتی ناوەندی دەرچووبوو. میسر لە دەیەکانی رابردوودا بەگشتی ملکەچی کۆمەڵێک والی بوو کە ئەمیرە عەباسییەکان یان فەرماندە تورکەکان دایاندەنان، چونکە ئەوانە وایان پێ باشتر بوو لەسەر داهاتەکانی خۆیان لە پایتەختی خیلافەت بژین تا بتوانن لەو کەشوهەوا سیاسییە شلۆقەدا لەنزیکەوە ئاگایان لە بەرژەوەندیەکانیان بێت. ساڵی ٨٦٨ ئەم پێگەیە کەوتە دەست بایکباکی تورکی، کە ئەحمەد بن تۆلۆنی نارد بۆ میسر تا بەنوێنەرایەتیی ئەو حوکمی بکات. تۆلۆن لە بنەڕەتدا کۆیلەیەکی تورکی بوخارا بوو، لە سەردەمی موعتەسیمدا بوو بە فەرماندەی پاسەوانی خەلیفە. هەرچی ئەحمەدی کوڕی بوو پێگەیشتنێکی سەربازییانەی توند پێگەیشت. چەند ساڵێک لە تەرسووس لەسەر سنووری بیزەنتە خزمەتی کرد، لەبەرئەوە خەلیفە موستەعین لە سامەڕا پێی سەرسام بوو و پێگەی لەاڵی بەرز بوویەوە، تەنانەت کاتێک ساڵی ٨٦٦ وازی لە تەخت هێنا داوای لێکرد لە رێگەیدا بەرەو مەنفاکەی لە واست پاسەوانی بکات. بەاڵم ئەحمەد خەلیفەی بۆ بکۆژ (جەاڵد)ەکەی بەجێهێشت و پاشەوپاش گەڕایەوە پایتەخت، کە لەوێ خەلیفەی نوێ (ئەلموعتەز) سەرقاڵ بوو بە رزاندنی دیاری و خەاڵت بەسەر الیەنگرانیدا کە لەو کودەتایەی کردبووی پاڵپشتییان کردبوو. بایکباک، مێردی دایکی ئەحمەد، یەکێک بوو

لەوانە. ئەحمەد لە میسر بەشێوەیەک جێگەی خۆی قایم کردبوو، یارجوخی تورکی -کە لە دەستگرتن بەسەر ولاتەکەدا جێگەی بایکباکی گرتەوە- لە کارەکەیدا هێشتیەوە و لەڕێی پێدانی یەکێک لە کچەکانیەوە هەوڵی دا پەیوەندی لەگەڵدا پتەو بکات. تا کاتێک ساڵی ٨٧٣ میسر وەک بەشێک لە نیوە رۆژئاواییەکەی ئیمپراتۆرییەتەکە کەوتە دەست جەعفەری کوڕی خەلیفە موعتەمید، بەچەردەیەک پارە قنیاتی کرد [لەکاتێکدا ئەحمەد هەر دەسەلاتی لەدەستدا مایەوە].

ئیبن تۆڵۆن لە ساڵە کەمە بەراییەکانی حوکمڕانییەکەیدا بەڕێوەبەرێکی دارایی سەربەخۆی لای خۆی هێشتبووەوە، ئەویش ئەحمەد بن ئەلمودەبیر بوو کە پێشتر و لە ساڵی ٨٥٦ بەدواوە ئەرکەکانی ئەو پۆستەی گرتبووە ئەستۆ. بەڵام لەو رووەوە ئیبن ئەلمودەبیر بەهۆی ئەو باجانەی سەپاندبوونی بەسەریاندا و ئەنجامدانی ئەو قۆرخکارییانەی پشتی ژیانی ئابووریان لە زۆر لایەنیەوە شکاندبوو، خەڵک رقیان لێی بوو، هەروەها بەهۆی ئەو سامانە گەورە و پلە و پایە بەرفراوانەی هەیبوو مەترسی لای حکومەتی ناوەندیش دروست کردبوو، ئیبن تۆڵۆن توانی وا لە حکومەتی بەغدا بکات بانگی بکات، ئەگەرچی پێگەی ئەو کاربەدەستەی بەغدا دیاری دەکرد ماوەیەکی زۆر مایەوە.

بەتێپەڕینی کات ئیبن تۆڵۆن توانی لەڕێی پێدانی سەرانەیەکی بەردەوامەوە خۆی لە دەسەلاتی کاربەدەستەکە رزگار بکات، تا کاتێک خەلیفە رایسپارد بۆ ملکەچاندنی والیی فەلەستین کە لە دەوڵەت یاخی بووبوو و دەسەلاتی رێکخستنی سوپایەک لە مەمالیکی پێ بەخشی، ئەم دەرفەتەی قۆستەوە بۆ دامەزراندنی سوپایەکی سەربەخۆ کە رۆژ بەڕۆژ فراوان دەبوو. بەڵام تووندترین سیستمی بەسەر ئەو سوپایەدا سەپاند تا پێکهاتە لێک جیاوازەکانی بەتوندی پێکەوە ببەستێتەوە. دیارترینی ئەو پێکهاتانە گرووپی رۆم بوو کە مەترسییەکەی هەر لە سەردەمی ئیبن تۆڵۆن خۆیدا دەرکەوت، پاشان بەشێوەیەکی ترسناک لەسەردەمی جێنشینەکانیدا گەورە بوو پاش ئەوەی ژمارەیان لە پێکهاتەکانیتر زیاتر بوو. لێرەوە ئیبن تۆڵۆن دەیتوانی سامانی ولات بخاتە ژێر دەستی خۆی، کە لە کشتوکاڵ و پیشەسازیی چنینی گەشەسەندوو پێکدەهات و ئەو سامانە بەبەردەوامی بڕەو پێبدات بەبێ هیچ زیانێگەیاندنێک بە ژیانی ئابووریی گشتی. هەرچی کاروباری دادپەروەری بوو، بەپێی نەریتی تورکی، بەچەند قازییەک دەسپێردرا کە ئەو دیاری دەکردن، بەوەیش دەکرا پۆستی قازی ماوەی هەشت ساڵی لەسەریەک بەتاڵ بێت. لەڕاستیدا دەوڵەمەندیی ولاتی میسر دەرفەتی بۆ رەخساندبوو لە شکۆ و هەیبەتی کۆشک و تەلاردا شان لە شانی خەلیفە بدات. لەبەرئەوە لەسەر شێوەی سامەڕا شارێکی نوێی دامەزراند، کە لە باکووری رۆژهەلاتی پایتەختی کۆنی میسر کۆن فوستات (قاهیرەی کۆن) لەسەر پارچە زەوییەک کە بۆ ئەفسەر و فەرمانبەرەکانی دابڕیبوو، رەنگڕێژی کرد، لێرەوە ناونرا: دابڕاوەکان

(القطائع). ئەم شارە قەلاکەی بەسەریدا زال بوو کە لەسەر لێژگاییەک بوو، ئەمرۆ قەلای سەلاحەدینی لەسەرە. شارستانێتی و هونەرەکانی عێراقی بۆ شارەکەی گواستەوە، کە ئەوانیش، وەک پێشتر باسمان کرد، ئاوێتەیەک بوون لە رەگەزە فارسی و هیلینییەکان.

کاتێک موەفەق -دوای ئەوەی ماوەیەک کاروبارەکانی دەوڵەتی گرتە دەست- خۆی بەسەر براکەیدا سەپاند، ئەوپەڕی هەوڵی دا دەسەلاتی حکومەتی ناوەندی لە میسرییش بەهێز بکات. ئەگەرچی ئەحمەد بن تۆلۆن رازی بوو بڕی سەرانەکە هەندێ زیاد بکات، بەڵام رەتیکردەوە ملکەچی فەرمانەکەی بێت بۆ دەستهەڵگرتن لە پۆستەکەی بۆ ئەماجوری ئەمیری سووریا. نەک هەر ئەوەندە، بگرە پاش مردنی ئەماجور لە ساڵی ٨٧٧ چوو بۆ سووریا و بەیعەتی بۆ خۆی وەرگرت. لەبەرئەوەی موەفەق لەو کاتەدا بەکێشەی زنجییەکانەوە سەرقاڵ بوو لە عێراق، ناچار بوو واز لە ئیبن تۆلۆن بێنێت بەهێمنی درێژە بە رۆیشتنەکەی بۆ سووریا بدات. پاشان لوئلوء کە ئیبن تۆلۆن لەجێی خۆی کردبووی بەئەمیر لەسەر سووریا و لەکاتی ئیمارەتەکەیدا سکەی بەناوی خۆیەوە لێ دابوو، ساڵی ٨٨١ لە گەورەکەی یاخی بوو، رەنگە لەترسی ئەوەی نەوەک رکابەرەکەی بەشێک لە زەوییەکانی لێ زەوت بکات و چووە ژێر بەیداخی موەفەق. لەبەرانبەردا ئیبن تۆلۆن سەرکێشی کرد و داوای لە خەلیفە کرد خۆی لە ویسایەی براکەی رزگار بکات و بێت بۆ لای ئەو بۆ میسر. پاشان رووی کردە سووریا، کە شۆڕش لەسەر سنوورەکانی بیزەنتە هەڵگیرسابوو. خەلیفە موعتەمید هەوڵی دا لە رەققە هەڵبێت و خۆی بەو بگەیەنێت، بەڵام لە دواین ساتدا ڕێگری لێکرا. ئیبن تۆلۆن ئامادە نەبوو لەپێناو خەلیفەدا شەڕی موەفەق بکات. لەگەڵ ئەوەیشدا دوژمنایەتی خۆی بۆ راگەیاند، بەوەی چیتر وەک میراتکری تەخت (وەلی عەهد) وتاری بۆ نەدات. وەڵامی دژبەرەکەی بۆ ئەو گژبەرییە ئەوە بوو فەرمانی کرد بەوەی لە مزگەوتەکاندا نەفرەتی لێ بکرێت. بەڵام موەفەقیش زیاتر مەیلی بەلای چارەسەرکردنێکی ئاشتییانەی ناکۆکییەکەوە بوو، لەبەرئەوە رازی نەبوو سوپایەک بداتە (لوئلوء)ی[٧٠] ئازادکراوی ئیبن تۆلۆن تا پەلاماری میسری پێ بدات، نەک هەر ئەوەندە، بگرە دەستی بە دانوستان کرد لەگەڵ ئەحمەد، بەڵام مەرگ دەرفەتی ئەمەی دوایی نەدا و لە باکووری سووریا (لە ئاداری ساڵی ٨٨٣) و پێش ئەوەی دانوستانەکە بگاتە ڕێکەوتنێک، مرد. عەباسی کوڕە گەورەی، کە پێشتر لێی یاخی بووبوو و بەئەندازەی بیزراوی لای دەستوپێوەندەکەی باوکی لای سوپایش بیزراو بوو، ناچار بوو سوێندی لابەندی بۆ برا بچووکەکەی، خومارەوەیەی بخوات، بەڵام ماوەیەکی کەم پاش ئەوە لابرا. موەفەق پێی وابوو زۆر بەئاسانی دەتوانێت بەسەر ئەم ئەمیرە بێئەزموونەدا سەربکەوێت و دانوستانی

---

[٧٠] موەفەق قەرزای ئەو بوو لە ملکەچاندنی زنجییەکاندا.

پچڕاند. والیی دانراوی باکووری جەزیرە لەلایەن ئەحمەد بن تۆڵۆنەوە چووبووە پاڵ والیی دیمەشق و رەتیکردەوە بەیعەت بە خومارەوەیە بدات، ئەگەرچی هێزە یاخیبووەکان کە لە عاصی مۆڵیان دابوو تا وەرزی زستان بەسەر دەچێت، سەرەتا لەسەر دەستی خومارەوەیە شکان، بەڵام زۆری نەبرد موەفەق ئەحمەدی کوڕی -کە پاشتر دەبێتە خەلیفە موعتەزید- بەسەرۆکایەتی سوپایەک نارد بۆ پاڵپشتیی شۆڕگێڕان و میسرییەکان تووشی شکستێکی گەورە بوون. لەبەرئەوەی ئەحمەد و هاوپەیمانەکەی نەیانتوانی لەسەر دابەشکردنی تاڵانییەکان رێک بکەون، ئەحمەد لە مەیداندا بەتەنها مایەوە -پاش ئەوەی هاوپەیمانەکەی وازی لێهێنا- و وادیارە تەنها چوار هەزار پیاوی لەتەکدا بووە. لەم کاتەدا (بەهاری ساڵی ٨٨٥) خومارەوەیە بەسەرۆکایەتیی حەفتا هەزار جەنگاوەر کە پشتوویەکی باشیان دابوو چوو بۆ فەلەستین و لە شوێنێکدا کە پێی دەوترێت ئەلتەواحین لەنزیک رەملە لە شەڕێکدا لەگەڵ سەربازانی خیلافەت پێکدا پژان. زۆری نەبرد خومارەوەیە هەستی کرد سەرەڕای بااڵدەستی ژمارەی سوپاکەی شەڕەکەی دۆڕاندوە، لەبەرئەوە پاشەوپاش گەڕایەوە میسر. بەڵام دژبەرەکەی بەباشی سوودی لەو سەرکەوتنەی وەرنەگرت. هەر کە سەری بە بەرەنگارییەکی نوێدا هەڵتەقی پاشەوپاش گەڕایەوە بۆ دیمەشق. کاتێک لەوێ پێشوازییەکی نەدی چوو بۆ تەرتووس. کاتێک لەوێیش تووشی بەرەنگاری بوو هەموو مەیدانەکەی بۆ خومارەوەیە بەجێهێشت. بەم شێوەیە خومارەوەیە ئیتر دەیتوانی بەئاسانی خۆی بۆ جەنگی دژبەرەکانیتری تەرخان بکات. ساڵی ٨٨٦ پەیماننامەیەکی ئاشتی لەنێوان هەردوو گرووپی ناکۆکدا هاتە کایە، کە حوکمڕانیکردنی میسر و وڵاتی شام و سنووردەکانی بەدرێژایی سێ ساڵ بۆ تۆڵۆنییەکان مسۆگەر کرد لەبەرانبەر دانی سەرانەیەکی کەم. لە ماوەی چوار ساڵی پاشتردا کێشە کەوتە نێو دژبەرانی پێشووی خومارەوەیە و دەرفەتی فراوانبوونی بۆ رەخساند، بەشێوەیەک تەنانەت مووسڵیشی خستە سەر دەسەاڵتەکەی.

ساڵی ٨٩١ موەفەق مرد، دوای ساڵێک خەلیفە موعتەمیدیش مرد و ئەحمەد کوڕی موەفەق جێی گرتەوە و نازناوی (ئەلموعتەزید بیللا)ی وەرگرت. خومارەوەیە پەیماننامەیەکی نوێی لەگەڵ موعتەزید بەست کە مارەییەکەی پێدانی [قەتر ئەلنەدی]ی کچی بوو بە خەلیفە، ئەگەرچی ئەو هاوسەرگیرییە بەکردەوە تا پاش دوو ساڵ (٨٩٦) ئەنجام نەدرا کاتێک ئەو شازادەیە تەمەنی دوازدە ساڵی تێپەڕاند. لەڕاستیدا ئەو جەهازە بەشکۆیەی حاکمی میسر بۆ کچەکەی کرد، کۆشکی بەغدای تووشی حەپەسان کرد، کە ماوەیەکی زۆر بوو لە دۆخێکدا بوو زیاتر لە تەنگانەوە نزیک بوو تا لە هەبوونی، هەروەها بووە هۆی بڵاوبوونەوەی دەنگۆیەک کە گوایە خەلیفە مەبەستی لەم خزمایەتیکردنەی لەگەڵ خومارەوەیە هەژارخستنیەتی. زیادەمەسرەفیکردنی خومارەوەیە بەشێکی زۆری

سامانەکەی لەناو برد. تەنانەت ماوەیەکی کەم پاش کوژرانی لە دیمەشق لە سەرەتاکانی ٨٩٦دا، کە وادیارە لەبەر هەندێ هۆی پەیوەست بە ئابڕووچوونی ئافرەتانەوە بووە، پێگەی تۆڵۆنییەکان رووی لە لاوازی کرد. جێنشینەکەی، ئەبولجەیش، نۆ مانگ بەسەر ویلایەتەکەیدا تێنەپەڕی لەلایەن هاروونی برایەوە لە تەخت هێنرایە خوارەوە. هاروون نەیدەتوانی بەرەنگارییەکی بەهێزی سوپاکانی قەرامیتە بکات کە کەوتبوونە خراپەکاری لە سووریا. لەبەرئەوە دیمەشقییەکان تکایان لە خەلیفە موکتەفی کرد (کە پاش موعتەزید تەختی گرتە دەست) بەسەربازەکانی فریایان بکەوێت. جا کاتێک موکتەفی ئاسایشی بۆ ئەو ناوچەیە گێڕایەوە ئیتر هیچ پاساوێک نەما بۆ هێشتنەوەی تۆڵۆنییە زەبوونەکە. لەوکاتەی کەشتیگەلێک لە کەشتیی جەنگی لە سیسیلیا (قیلیقییە)وە بەرەو دەلتا دەریای دەبڕی، هێزە عێراقییەکان لەڕێی فەلەستینەوە بەرەو میسر پێشڕەویان دەکرد. کاتێک دیمیات گیرا، هاروون لە ٣٠ی کانوونی یەکەمی سالی ٩٠٤ لەلایەن خزمەکانیەوە لە بارەگاکەیدا لە عەباسە کوژرا. لە ١٢ی کانوونی دووەمی ٩٠٥ فوستات گیرا. هەرچی "قەتائیع" بوو کە ئەحمەد دروستی کرد، وێران کرا، باقی ئەندامانی خێزانەکەیشی پەلکێش کران بۆ دارولخیلافە لە بەغدا.

مزگەوتی ئیبن تۆڵۆن

سەردەمی حوکمی تۆڵۆنییەکان، بەبەراورد بەوەی ئەوانەی جێیان گرتنەوە بەدییان هێنا، لەدیدی نەوەکانی پاشتردا بەسەردەمێکی زێڕین دەهاتە بەرچاو. بەهۆی سیاسەتە دارایی زیرەکانەکەی ئەحمەدەوە، کە زۆر لە ستەمکارییەکانی نەهێشت و لەسەروو هەموو شتێکیشەوە، سنوورێکی بۆ قۆستنەوەی کۆشک بۆ بەرژەوەندیی وەبەرهێنەرانی بێگانە دانا، باری گوزەرانی خەڵک باش کرا و بووژانەوەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینی. لەگەڵ ئەوەی بەهۆی وێرانکردنی شاری قەتائیعەوە، هیچ لە دامەزراوە عیمرانییە کەشخەکانی خومارەویەھ بەئیمە نەگەیشتوون، بەڵام رۆژگار مزگەوتی ئیبن تۆڵۆنی بۆ پاراستوین، کە ئەحمەدی دامەزرێنەری دەوڵەتی تۆڵۆنی لەنێوان سالانی ٨٧٦-٨٧٩دا دروستی کردوە و سەرەڕای ئەو زیانانەی بەدرێژایی رۆژگار پێی گەیشتوون، هێشتا بەڕوونی حەقیقەت و مەودای چالاکیی هونەری ئەو سەردەمەمان بۆ ئاشکرا دەکات. ئیبن تۆڵۆن ئەم مزگەوتەی لە شێوەی مزگەوتی گەورەی سامەڕادا دروست کردوە، ئەگەرچی فراوانی ئەوەی یەکەم لەنیوەی فراوانیی ئەوەی دوایی تێناپەڕێت. پێنج ریز پایە گۆڕەپانی سەرەکیی مزگەوتەکەیان دابەش کردوە، یەکێکیان ئەمڕۆ بوەتە وێرانە، گۆڕەپانەکانی تەنیشتیشی دوو پەنجەرەی تاقداری تیژیان تێدایە، لەگەڵ چەند ستوونێکی بچووک لە گۆشەکاندا، کە لەنێوان پایەکان و دیوارە دەرەکییەکاندا تێکەڵ بەدیوارەکە بووە. ئەمانە لە خشت پێکدێن و

بەگەچ داپۆشراون کە رووە سپییەکانی بە چوارچێوەی هەڵکەندراو رازێنراونەتەوە. جگە لە تاقی پەنجەرەکان هەندێ تاقی بازنەیی بچووک دەبینرێن کە تاجی بەزەخرەفەی جیاواز رازاوەیان لەسەرە. لە دیوارەکەوە میحرابەکە دەردەکەوێت و نیوە تیرە بازنەکەی تەنیا دوو هەنگاو دەچێتە ناو دیوارەکە. لە سێ لایەوە، لەنێوان دیوارەکانی و شوورە دەرەکییەکەدا، چەند دالانێکی کراوە دەوریان داوە پێیان دەوترێ زیادەکان، کە لە رێبوار دەپارێزێت. هەرچی مەنارەکەیە -کە تەنیا ئەو لە هونەری تەلارسازیی ئیسلامییە- لەسەر شێوە سامەڕاییەکە دروست کراوە و لە دەرەوەی مزگەوتەکە لە بەشی باکووری بەرز دەبێتەوە. لەڕاستیدا بینا کۆنەکەی کە لە بەردی کلس دروست کراوە، لە شێوەی لولپێچی باوی عێراق ناچێت، بەڵکو لە شێوەیەکی چوارگۆشەدا دارێژراوە، وەک تاوەرەکانی ئاگری فارسی کۆن[٧١].

سەرهەڵدانی زەیدی لە باشووری وڵاتی عەرەب

ئەگەر حکومەتی بەغدا توانی میسر، پاش سەربەخۆبوونی بۆ نزیکەی چل ساڵ، بگرێتەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا خەریکە بڵێین بەتەواوەتی دەسەڵاتی بەسەر ناوچەکانی باشووری نیشتمانی عەرەبدا لەدەست دا. لەو ناوچە دوورەدەستەی ئیمپراتۆرییەتەکەدا، ئیسلام نەیتوانی گۆڕانکارییەکی جەوهەریی تەواو لە دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بکات، چونکە حاکمە ئەریستۆکراتەکان پارێزگارییان لە قەڵاکانیان دەکرد و دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوچەی نفووزیاندا دەسەپاند وەک لە سەردەمی سبأ و حەمیردا دەیانکرد، بەبێ ئەوەی لەلایەن نوێنەری خەلیفە لە سەنعا هیچ بەرهەڵستییەک بکرێن، مادام بەشە سەرانەی خۆیانیان بەجۆرە بەردەوامیەک بدەن. یەکێک لەو حاکمە لۆکاڵییانە، بەناوی حەسەن هەمدانی -کە پاش چەندین پێکدادانی لەدوای یەک لەگەڵ هێزە سیاسییە بااڵدەست بەسەر چینە ئەریستۆکراسییەکەیدا، ساڵی ٩٤٥ لە بەندیخانەی سەنعا مرد - لە هەردوو کتێبەکەیدا: تاج (الاکلیل) و سیفەتی دورگەی عەرەب (صفة جزیرة العرب)دا وێنەیەکی لەبارەی زێدی خۆی بۆ بەجێ هێشتیوون، کە پڕ بوو لە شازایکردن بە سەروەرییە فەرهەنگییە کۆنەکانی، کە هیچکام لە هەرێمە ئیسلامییەکان لەو رووەوە شان لە شانی نادەن. حکومەتی عەباسی، ماوەیەک، وای بەباش دەزانی لەپاڵ کاربەدەستە رەسمییەکانیدا هانی پەیدابوونی هێزە لۆکاڵییەکان بدات، بەبەڵگەی ئەوەی مەئموون، پاش شکستهێنانی سیاسەتە عەلەوییەکەی، هەندێ هێزی خوراسانی نارد سەر وڵاتانی عەرەبی باشوور بەسەرکردایەتیی

---

[٧١] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- E. Diez, Die Kunst der ismasischen Volker, 44 ff.
- Les Tulunides, Etude de L,Egypte Musulmane a la fin du IX siècle, 868-905, paris, 1933.

سەربازێکی بەئەزموون بەناوی محەمەد، کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد رەچەڵەکی دەچێتەوە سەر (زیاد بن ئەبیهی)ی برای معاویە لە باوکیەوە و ئەمیری عێراق. محەمەد توانی هەرێمە کەناریەکان تا ئەلشیحر لە حەزرەمەوت و دەروازەکانی وڵات ملکەچی دەسەڵاتی بکات، لەکاتێکدا زەویە شاخاویەکان لەژێر دەسەڵاتی دەسەڵاتدارانی سەنعادا مانەوە. لە بارەگاکەیەوە لە زەبید ئەو و ئەوانەی پاش ئەو توانییان بەدرێژایی سەد و پەنجا ساڵ پارێزگاری لە دەسەڵاتیان لە وڵاتدا بکەن، ئەگەرچی هەمیشە دۆخەکە سەقامگیر نەبووە بۆیان. بەهەرحاڵ، دەسەڵاتی جێنشینی دووەمی لەسەر دەستی یەعفور کوڕی عەبدولڕەحمان بەتوندی سەرکوت کرا، کە یەکێک بوو لە خانەدانە لۆکاڵییەکان و لە والیی موعتەسیم یاخی بووبوو. یەعفور لە بارەگاکەیەوە لە شیبام توانی دەسەڵاتی بەئاراستەی باشوور فراوان بکات، لەکاتێکدا کوڕەکەی توانی وا لە حکومەتی ناوەندی بکات وەک ئەمیری سەنعا دانی پێدا بنێت.

زۆری نەبرد عەلەوییەکانیش کەوتنە جموجوڵ. بانگەشەکارانی قەرامیتە –بەم نزیکانە باسیان دەکەین– لە ناوچە شاخاویە دوورەدەستەکاندا سەریان هەڵدا، بەڵام نەیانتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر پارێزگاری لە پێگەکەیان بکەن ئەگەرچی لە پڕوپاگەندەی ئایینی و سیاسییان بەردەوام بوون. ئەمە لەلایەک، لەلایەکیترەوە یەکێک لە نەوەکانی زەیدی کوڕی عەلی توانی لەوێ دەسەڵاتێک بۆ خێزانەکەی دابمەزرێنێت کە توانی بەرگەی رووداوەکانی چەندین نەوە و سەدە بگرێت و تائێستایش رەگەزێکی بەهێز لە میزووی نیشتمانی عەرەب پێکدێنێت. پاش ئەوەی سەرکێشییەکەی زەید لە عێراق بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی خەلیفەی ئومەوی هیشام شکستی هێنا، نەوەکانی بۆ هەرێمەکانی قەراغی ئیمپراتۆرییەتەکە کشانەوە. وایش هەڵکەوت خانەدانانی تەبەرستان و مازندەران لە کەناری باشووری دەریای قەزوین بەشوێن سەرگەوڕەیەکدا دەگەڕان کاروباری خۆیانی پێ بسپێرن و رزگاریان بێت لە جەور و ستەمی ئەمیرەکانی ئاڵ تاهیر. حەسەنی کوڕی زەید، یەکێک لە نەوەکانی زەیدی کوڕی عەلیش خۆی خستە خزمەتیان. لە شاری ڕەی دادەنیشت و بەجەربەزەیی و لێهاتوویی سیاسی لە باوباپیرانی جیا دەکرایەوە. ئەو و نەوەکانی توانییان لەوێ بۆ ماوەی زیاتر لە نیو سەدە جێگیر ببن (٨٦٤–٩٢٨)، کە پڕ بوو لە جەنگی درێژخایەن. هەروەها لە وەچەی زەید، یەحیای کوڕی حسێن، نەوەی قاسمی کوڕی ئیبراهیم پەیدا بوو، کە بە ئەلڕەسی ناسراوە، لە "ئەلڕەس"ەوە. بەهۆی زانست و لەخواترسانیەوە ئومێدی پێوە گرێ درابوو لەکاتی ئیمامەتەکەیدا شکۆکانی ماڵی [عەلەوی] زیندوو بکاتەوە. تا کاتێک پاش سەردانێکی بۆ لای ئامۆزاکانی لە تەبەرستان، بۆی دەرکەوت مەحاڵە لەوێ جێگەی خۆی بکاتەوە، ڕووی بەئاراستەی باشووری وڵاتی عەرەبی وەرگێڕا کە پاشاگەردانی باڵی بەسەردا کێشابوو. هەواڵی ئەو فەوزایە لە شاردا بڵاو بوو. لە ١٦ی ئاداری ساڵی ٨٩٧

لەگەڵ تەنیا پەنجا پیاودا لەبەردەم دەروازەکانی شاری سەعدەدا دەرکەوت، کە وێستگەیەکی سەرەکییە لەسەر ڕێگەی حاجییان لەنێوان مەککە و سەنعادا و تەنیا ماوەی پێنج ڕۆژ لەمەی دواییانەوە دووڕە. لەوێوە، خۆی وەک ئیمام هادی ناساند و بانگی خەڵکی کرد بۆ گوێڕایەڵیکردنی ئالی پێغەمبەر. هەروەها ئەو هەستیارییە خێڵەکییانەی پێغەمبەر داوای نەهێشتنیانی کرد، لە بەهێزکردنی پێگەیدا وەک سەرکردەیەکی شارەکە ڕۆڵیان هەبوو، هەروەها هادی توانی ژمارەیەکی ڕوو لەزیاد شوێنکەوتە بەدەست بێنێت، ئەویش بەهۆی ئەو سیاسەتەوە کە یەکەم شت نێوانی موسڵمانان و مەسیحییەکانی لە ئوسقوفیەی نەجرانی کۆن پێ چاک بکات، پاش ئەوەیش نێوانی هۆزە نیشتەجێکانی ئەو ناوچەیە. بەڵام دەسەڵاتەکەی لە سنووری سەعدە و دەوروبەریدا قەتیس بووبوو، چونکە قەرامیتە و پیاوانی دەوڵەتی یەعفەری لە باشووری وڵات ململانێیان لەگەڵ هەژموونیدا دەکرد. هەرچۆن بێت، هادی پاش مردنی لە ١٨ی ئابی سالی ٩١١ پێگەیەکی بەهێزی بۆ ڕۆڵەکانی بەجێهێشت، کە زۆری نەبرد لێیەوە دەسەڵاتی خۆیان بەسەر تەواوی وڵاتدا سەپاند[٧٢].

قەرامیتە

لە سەردەمی خەلیفە موعتەزیددا، کە سالی ٨٩١ لە ڕێکخستنی کاروباری دەوڵەتدا جێگەی موەفەقی باوکی و پاش سالێکیش جێگەی مامی لە تەختی خیلافەتدا گرتەوە، ناوچەکانی دەوروبەری چەقی ئیمپراتۆرییەتەکە بەهۆی بزوتنەوەیەکی ئاینیی سیاسیی مەترسیدارەوە تووشی هەژانێکی نوێ بوو. لەناوەندە شیعییەکاندا ئەو باوەڕە باو بوو کە هەموو ئەو جەور و ستەمەی جیهان بەدەستیانەوە گرفتارە، بەدەرکەوتنی مەهدی، کە دواین ئیمامە و بەردەوام بەشاراوەیی دەژی، لەناو دەچن و سەرزەوی پڕ دەکات لە سۆز و دادپەروەری. تا کاتێک هەوڵە لەدوای یەکەکانی ئال عەلی لەپێناو شۆڕشکردن بەسەر ڕژێمی ئارادا شکستیان هێنا، شوێنکەوتوانیان ئومێدیان بەلەناچوونی جیهان لە کاتێکی نزیکدا گرێ دا. جا لەکاتێکدا هەندێکیان -کە ئەوە بەهێزی سیاسی بەدینەهات، تا پاشتر- چاوەڕوانی دەرکەوتنی ئەم مەهدییەیان دەکرد لە کەسی ئیمامی دوازدەیەمدا، ئومێدی گرووپەکەیتر بە ئیمامی حەوتەم، ئیسماعیلەوە گرێ درابوو، کە سالی ٧٦٢ پێش جەعفەری سادقی باوکی کۆچی دوایی کرد. بێگومان ئەم ڕووداوە و تا ڕادەیەکی زۆر ئەو پیرۆزییەی ژمارە "حەوت" لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا هەیبوو، بناغەی باوەڕی ئەو "حەوتییانە" (السبعية)یان ساز و ئامادە کرد. پاشان کۆمەڵێک شتیتر بۆ ئەم باوەڕە زیاد بوون، لەوانە

---

[٧٢] بڕوانە: C. van Aredonk, De opkomst van het zaidietische imamat in yemen, Leiden, 1919.

ئەو بیروباوەڕە ئێرانییەی باس لە نیعمەتی خواپێداو دەکات، ئەو تیۆرە غەنوسییانەی بنەچەکانیان بۆ زاهیدەکان دەگەڕێتەوە، هەروەها هەندێ توخمی فەلسەفەی یۆنانی و هەندێکی مانەوی –ئاینی چینی هەڵبژاردە- تا لە عەقیدەیەکی باتنی-دا بتوێنەوە کە لەگەڵ مەیلی باو لە ڕۆژهەڵات بۆ دامەزراندنی کۆمەڵە نهێنییەکان دەگونجێت، ئەو مەیلە بۆماوەیەی ڕەگەزی ڕۆژهەڵاتی نزیک، کە هەڵنەران زۆرجار قۆستویانەتەوە بەمەبەستی گەیشتن بە مەرامە سیاسییەکانیان. ئەم بیروباوەڕانە، پاش سەدەیەک، گوزارشتی ئەدەبیی خۆیان لەو تێزانەدا دۆزییەوە کە ئیخوان ئەلسەفا (اخوان الصفا) نووسیویانە و زیاتر لە ئینسکلۆپیدیایەکی فەلسەفی دەچن. قەرمتییەکان (قەرامیتە) سەرەتا ساڵی ٨٩٠ لە عێراق لە ناوچەی دەوروبەری واست پەیدا بوون، کە ماوەیەکی کەم پێش لەوە شۆڕشی زنجەکان کپ کرابوویەوە. لەوێ پیاوێک بەناوی حەمدان قەرمت (ڕەنگە وشەیەکی ئارامی بێت بەمانای: **مامۆستای نهێنی**) سەنتەرێکی بۆ شوێنکەوتوانی دامەزراند کە هاوشێوەی پێغەمبەر ناوینا خانەی کۆچ "دار الهجرة". گرووپەکە لە نازناوی ئەو پیاوەوە (قرمط)، ناونراوە قەرمتییەکان (القرامطة).. لەڕاستیدا ئولفەت (هاوبەشی لە موڵک و ساماندا) لەم خانە بەراییە لە خانەکانی ئەو بزوتنەوەیەدا باو بوو، موریدەکان "خوانی خۆشەویستی"یان ساز دەکرد تێیدا "خۆراکی خەڵکی بەهەشت"یان دەخوارد و پێدەچێت لەوەدا شوێن تاقمی سابیئەی غەنووسیی کەوتبن کە لەکۆنەوە لەو ناوچەیەدا ڕەسەنە. نەک هەر ئەمە، بگرە هەندێ گێڕانەوە باس لەوە دەکەن عەبدان کە زاوای حەمدانە، کێتێبێکی داناوە تێیدا حەوت پلەکەی فیرقەکە پێشانی مورید دەدات. ئامانج لەو حەوت پلەیە کە پاشتر بەرز کرانەوە بۆ نۆ، ئەوەیە موریدە –لەڕێی لێکۆڵینەوەی ورد لە بیروباوەڕی ئاینی- باوەڕ بەوە بێنێت هێشتا جوانیی هەمەکی عەقیدەی بۆ ئاشکرا نەبووە، لێرەیشەوە گومان لە بناغەکانی بکات. بەوە دەبێتە ملکەچی ئیمانی شاراوە و نوێنەڕەکانی، کە کەسەکانیان هەمیشە لای ئەو بەشاراوەیی ماونەتەوە. هەروەها ئەوە فێر دەکرێت هەرچی ئەو پەیام و شەریعەتە ئاینییانەن پێشتر بەوەحی ڕەوانە کراون، پەردەن بۆ مانایەکی ناوەکی (باطني) و بەتەئویل نەبێت پەییان پێ نابرێت. کاتێک موریدە بەم شێوەیە ئامادە کرا سەرەنجام دەگاتە گوێڕایەڵیکردنی کوێرانە بۆ گرووپەکە و سەرۆکەکانی و لە یەک کاتدا لە سەرجەم کۆت و بەندەکانی بیروباوەڕ و یاسا ئازاد دەبێت. پاشان یەکێک لە دوو سەرۆکەکە [خاوەن وشترەکە] کە دەبوو لە دەرەوەی سەواد [عێراق] نیشتەجێ بووبن، عەبدانی گۆڕی بە بانگخوازێکی چالاکتر لەو، ئەویش (زیکرەوەیهی دیندانی) بوو و ئاراستەی کرد بۆ سووریا. لەوێ ساڵی ٩٠٠ توانی ئەعرابەکانی بەنی عولەیس هەڵبنێت بۆ ڕاپەڕین بەسەر دەوڵەتی تۆڵونیدا، کە ئەوکاتە زۆر لاواز بووبوو. [خاوەن وشترەکە] (صاحب الناقة) بە جێنشین (خەلیفە)ی ئەبو عەبدوڵا محەمەد ڕاگەیەنرا و بانگەشەی ئەوەی دەکرد گوایە لە وەچەی

عەلییە. قەرامیتە خراپەیان لە سەرجەم شارە سوورییەکاندا بڵاو کردەوە. جگە لە دیمەشق هیچ شوێنێک لە دڕندەییان پارێزراو نەبوو و خۆی لەبەر گەمارۆیاندا رانەگرت. ساڵی ٩٠١ خەلیفەکەیان مرد و براکەی، عەبدوڵا ئەحمەد [خاوەن خاڵ] کارەکەی وەرگرت، بەڵام زۆری نەبرد بەدیل گیرا و لە بەغدا کوژرا. ماوەیەکی کەم پاش ئەوە زیکرەوەیەیش کوژرا. پاش ئەوەی تۆڵۆنییەکان رووخان، حکومەتی بەغدا جێگەی خۆی لە سووریا قایم کرد، بەوەیش دەیتوانی بەسەر بزوتنەوەی قەرامیتەدا لەوێ و لە عێراق زاڵ بێت.

بەڵام قەرامیتە لە وڵاتی عەرەب سەرکەوتنێکی ریشەداکوتاویان بەدەست هێنا. دەوروبەری ساڵی ٨٩٤ خاوەن وشترەکە ئەبوسەعید بن بەهرام ئەلجەننابی نارد بۆ ئەلئەحسا لە ناوچەی بەحرێن لە کەنداوی فارسی. ئەم پیاوەیش توانی، بەپاڵپشتیی عەرەبە دەشتەکییەکان (ئەعراب)ی هۆزی عەبدولقەیس دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەوێ دابمەزرێنێت و لەباتیی پایتەختە کۆنەکە هەجەر، موئمینیەی کردە پایتەخت، کە ئەمڕۆ پێی دەوترێت ئەلهوفوف. ئەو و جێنشینەکانی لەو وڵاتە وەک راسپێراو لەلایەن ئیمامی شاراوەوە حوکمیان دەکرد و زیرەکانە حسابیان بۆ نەریتی ئەعرابیی کۆن دەکرد و رێگەیان بە سەرۆک هۆزەکان دەدا بەشداری لە وەرگرتنی بڕیارە سیاسییەکاندا بکەن. ئیبن ئەبی سەعید و جێنشینەکەی پتر لە جارێک هەڵیانکوتایە سەر عێراق و تاڵانیان کرد، هەروەها هەڵیانکوتایە سەر کاروانەکانی حەج (٩١٤-٩٤٣). نەک هەر ئەوەندە، بگرە لە ١٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ٩٣٠ دەستیان بەسەر مەککە خۆیدا گرت و بەردە رەشەکەیان لە کەعبە دەرهێنا و بردیان بۆ پایتەختەکەیان لە ئەحسا و ماوەی سی ساڵ لەوێ بوو. بەڵام هەوڵەکانی قەرامیتە بۆ قایمکردنی پێکانیان لە باشووری وڵاتی عەرەب، وەک پێشتر باسمان کرد، کەمتر بەخت یاوەری بوو[٧٣].

ململانێ لەسەر خیلافەت- عەبدوڵا بن ئەلموعتەز

ئەم خەباتە دژی قەرامیتە سەردەمی خەلیفە موکتەفی کوڕی موعتەزیدی بەتەواوی (٩٠٢-٩٠٨) گرتەوە. [پاش مردنی] عەباس بن ئەلحەسەن ئەلجەرجەرائی وەزیری -کە لە سەردەمی ئەودا دەستی بەسەر گشت دەسەلاتەکانی ناوخۆدا گرتبوو، بەبێ ئەوەی بتوانێت زیرەکانە بەکاریان بێنێت- هەوڵی دا تەمەنی وەزارەتەکەی درێژ بکاتەوە لەڕێی هەڵبژاردنی جەعفەر، برای موکتەفی، بۆ خیلافەتی موسڵمانان و بەڕێوەبردنی کاروباریان و نازناوی (ئەلموقتەدیر بیللا)ی وەرگرت لەکاتێکدا هێشتا تەمەنی سیازدە ساڵ بوو. بەڵام دژبەرانی

---

[٧٣] سەیری ئەم دوو سەرچاوەیە بکە:
- M. J. Goeje, Memoire sur les Camathes de Bahrain @nd edirion, Leiden, 1880.
- B. Lewis, The Origins of Isma,llism, Cambridge, 1940.

وەزیر هەر زوو پیلانیان بۆ دانا و کوشتیان. پاشان موقتەدیریان دامالّی و بەیعەتیان بە عەبدولای کوڕی ئەلمـوعتەز دا، وەک ئەوەی چارەڕەشـی قەدەری ئەم عەبـدولّایە بێت هاوشـێوەی قەدەری ئیبـراهیم بـن ئەلمەهـدی بەر لە نەوەد سـاڵ. ئەویـش هاوشـێوەی ئیبراهیم، هەر لە منداڵییەوە خووی دایە زانست و شیعر، جوانییـەکی ئەریستۆکراسـییانە بەشیعرەکەیەوە دیار بوو، کە لە شێوازی شاعیرانی نوێ دەچوو، بەتـایبەت شـێوازی ئەبی نـواس، ناوبەنـاویش لاسـایی شـاعیرانی کـۆنی دەکـردەوە. ئەو خۆشـگوزەرانییەی هێشـتا بەسـەر ناوەنـدی کۆشـکی ئەو سـەردەمەدا زاڵ بـوو، سـەرباری ئەو لاوازیـیە سیاسـییەی تووشی دەوڵەتەکە بووبوو، زۆرجار لە شێوەی (جوانیي لەفزی)دا لە شیعرەکانیدا رەنگی دەدایەوە. بەڵام یەکەم کەس بـــوو لە قەســـیدەیەکی قارەمانـــانەدا شـــیعری بەســـەر سـەروەرییەکانی ئـامۆزاکەی، خەلیفە موعتەزیددا هـۆنیەوە، زۆرجار دادەبەزی بۆ ئاسـتی تۆمارکردن و گێڕانەوەی رووداوەکان. نەک هەر ئەمە، بگرە یەکەم کەس بوو هەوڵی دا لە یەک سیسـتمدا تێبینیـیە پەرتەکـان کۆبکـاتەوە، کە هەنـدێ لەو زمانناسـانانەی لەژێـر کـاریگەریی فەلسـەفەی یۆنانیـدا بـوون سـەبارەت بە بەدیـع لەنـاو ژمـارەیەکی زۆر لە شەرحەکانیان بۆ دیوانە شیعریەکاندا باسیان کردبوو. ئیبن ئەلموعتەز هەروەها بایەخێکی زۆری بە مێژووی ئەدەب دەدا و یەکەم مێژووی بۆ شیعری هاوچەرخ دانا. هەرچی رادەی نغرۆبوونی ئەم شاعیرەیە لە ناز و نیعمەت و چێژەکانی ژیاندا، لەو کتێبەیدا دەردەکەوێت کە سەبارەت بە ئادابی شەراب و مەی خواردنەوە داینـاوە.

بەهەرحاڵ ئەم ئەمیرە بێچارەیە، هەر هێندەی چـووە سـەر تەختی خیلافەت لایەنگرانی مـوقتەدیر لەسـەرووبانەوە موئنیسـی خـادم، (کە تـازە لە مەککـە گەڕابـوویەوە، پـاش خزمەتکردنـی موعتەزیـد وەک ئـەمیری پـۆلیس بـۆ مەککـە نەفـی کرابـوو) لە دەسـەڵات دایانمالّی. موئنیس و پیاوەکانی توانییان بەرپەرچی هێرشەکانی لایەنگرانی خەلیفەی رکابەر بۆ سەر خانەی خیلافەت لە کۆشکی حەسەنی بدەنەوە و بەسـەریاندا سـەربکەون، ئـەویش پـاش ئەوەی لە شـەڕێکدا کە لە شـەقامەکانی شـار رووی دا هێرشـیان کـردە سـەریان. بەم شێوەیە عەبدولا ناچار بوو بۆ خۆ رزگارکردن پەنا ببـاتە مـاڵی هـاوڕێیەکی زێڕنگەری و لەوێ لە ٢٩ی کانوونی یەکەمـی سـاڵی ٩٠٨ دوای دوازدە رۆژ لە بـوونی بە خەلیفە کـوژرا. موئنیس هەوڵی دا هەژموونی خۆی لای خەلیفەی گەنج [موقتەدیر] بقۆزێتەوە تـا بارتەقای ئەو خـزمەتەی پێشکەشـی کردبـوو پاداشـت بـۆ خـۆی مسـۆگەر بکـات، بەڵام وەزیـر ئیـبن ئەلفورات زۆر جار دەبووە بەربەسـت لەبەردەم بەدیهێنـانی ئامانجەکانیـدا. مـوقتەدیر خـۆی دوو جـار هەوڵـی دا لەم ئیـبن فـوراتە رزگـاری ببێت کە بە چرۆکـی و لێنەوەشـاوەییەکەی زیـانێکی گەورەی بەدەوڵەت گەیانـدبوو. بەڵام هەمـوو جـار دەگەڕایەوە و ئەو پۆسـتەی وەردەگرتەوە کە لێی دوور خرابوویەوە، تا کاتێک بۆ جاری سێیەم پۆستەکەی وەرگرتەوە موقتەدیر توانی بیکوژێت، موحەسینی کوڕیشی لە ١٨ی تەممووزی سـاڵی ٩٢٤ کوژرا.

دارایی دەوڵەت لە سەردەمی موقتەدیردا

زانیاریمان لەمەڕ دارایی دەوڵەت لە سایەی موقتەدیردا لەسەر بناغەی بودجەی ساڵی ٩١٨-٩١٩یە کە بەدەستمان گەیشتووە. سەرەڕای ئەوەی زۆربەی ویلایەتەکان بەتەواوی لە بەغدا سەربەخۆ بوون، لەگەڵ ئەوەیشدا بەردەوام سەرانەی گەورەیان دەنارد بۆ بەغدا. ویلایەتە رۆژهەلاتییەکان لە ساڵە بەراییەکانی حوکمی عەباسیدا ئەو سەرانەیەی لەسەریان بوو بە زیو دەیاندا، لەکاتێکدا لەو وڵاتانەی لە ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی جیا بووبوونەوە، دراوی ئاڵتون باو بوو، کە لە سەردەمە کۆنەکانەوە کانەکانی ئاڵتونی تێدا وەبەر دەهێنران. ئەو ئاڵتونەی بەلێشاو دەهات بۆ بەغدا زۆری نەبرد بەرەو رۆژهەلاتیش رێچکەی بەست، بەوەیش زیو زیاتر لە نیوەی بەهای نەختینەی ئەسڵی خۆی لەدەست دا. تا کاتێک لاوازی رووی لە جەستەی حکومەتی ناوەندی کرد، نەختینەی زیوین وردە وردە پێگەی خۆی بەدەست هێنایەوە. لە سەردەمی موقتەدیردا تەنیا لە عێراق و خوزستان و فارس و جەزیرە و سووریا و میسر دان بە دەسەلاتی کرداریی خەلیفەدا نرابوو، لەکاتێکدا تەنیا لە عومان و ئازربایجان و ئەرمینیادا دان بە سەروەریی راستەوخۆیدا نرابوو. لەکاتێکدا عێراق لەڕێی سەرانە و رسومی سەپێنراو لەسەر کەشتیەوانی و رووبار و فرۆشیارەکان ملیۆنێک و ٥٤٧ هەزار و ٧٣٤ دینناری دەدایە گەنجینەی دەوڵەت[٧٤]، ویلایەتە رۆژهەلاتییەکان ٦ ملیۆن و ٢١٣ هەزار و ٢٨٣ دینار، میسر و سووریا ٤ ملیۆن و ٧٣٦ هەزار و ٤٩٢ دیناریان پێشکەش دەکرد، دەبوو خەلیفە لە ئازربایجان و ئەرمینیا بە ژمارەیەکی گشتی قنیات بکات، کە لە ٢٢٦ هەزار و ٣٧٠ دینار تێپەڕی نەدەکرد. ئەمە جگە لە ملیۆنێک و ٧٦٨ هەزار و ١٥ دینار لە داهاتی زەوی و زار و ئەوقاف. هەرچی بوارەکانی خەرجی پێویست بوون، بریتی بوون لە بایەخدان بەهەردوو شاری پیرۆزی مەککە و مەدینە، رێگەکانی حەجکردن، قایمکردنی قەلا و سنووورەکان، مووچەی قازییەکان و موحتەسیبەکان (بەرپرسانی حیسبە) و دیوانەکانی تەماشاکردنی ستەمکاری و پۆستەچییەکان لەسەرجەم ویلایەتەکان. بەڵام گوژمەی زەبەلاح ئەوە بوو بۆ کۆشکی خەلیفە و سەربازانی خەرج دەکرا، لەگەڵ ئەوەیشدا زۆرجار خەلیفەکان و خزمانیان دەیانتوانی سامانی گەورە کۆبکەنەوە. ئەوە بوو لەسەرەتای سەردەمی موقتەدیردا لە ماڵخانە (بیت المال)ی خەلیفەی پێش ئەودا پازدە ملیۆن دیناریان هەبوو، کە نۆ ملیۆنی بەتەنها موعتەزید کۆی کردبووەوە. زۆرجار بودجە بەکورتهێنان تەواو دەبوو.

ئەگەر ئاستەم بوو کورتهێنان لەڕێی قەرز کردنەوە پڕ بکرێتەوە وەک لە دەوڵەتی نوێی هاوچەرخدا باوە، نەریت وابوو گوژمە داواکراوەکان لەشێوەی غەرامەی دارایی بەسەر

---

[٧٤] دیناری ئەوکاتە بەرانبەر شازدە درهەمی زیو بوو.

زەنگینەکاندا دەسەپێنران، کە بەزۆری لە فەرمانبەران بوون کە لای خۆیانەوە بەبێ حساب پارەیان لە میللەت دەکێشایەوە. ئەم رێکارە هێندە باو بوو لایان زاراوەیەکی یاسایی تایبەتیان بۆ دانابوو، کە بریتی بوو لە دەستبەسەرداگرتن "المصادرة". ئەوە بوو سالّی ٩١٤ موقتەدیر دەستی بەسەر سامانی زێڕنگەرێکدا گرت، کە بە چوار ملیۆن دینار مەزەندە دەکرا. غەرامەکردنە داراییەکان بەبڕی پەنجا هەزار تا سەد هەزار دینار، دەگمەن نەبوو. ئەم نەبوونی پارێزراوییە کە دووچاری سامانی نەختینە دەبوو وای کرد بەتەبیعەتی حالّ بوونی زەوی و زار وەک ئامرازێک بۆ وەکارخستنی پارە و پوول، جێپەسەند بێت، بەتایبەت ئەو سەرانەیەی لەسەریان دانرابوو لەچاو خۆیدا کەم بوو. زەوییەکانی دەسەلاتدارانی ناوخۆیی بەگشتی باجیان لەسەر نەبوو، لە هەندێ حالّەتدا باجێکی کەم دەدرا. زەنگینەکان زۆرجار مولّکەکانیان دەکردە وەقف بۆ هەژاران و بۆ بەرگریکردن لە سەنگەر و سنوورەکانی دەولّەت و لە هەردوو شارە پیرۆزەکە و دەروازەیتری خێری لەو شێوەیە. بەوەیش لە دانی باجی ئەو مولّکانە رزگاریان دەبوو و لە مەترسیی دەستبەسەرداگرتنیان دەیانپاراست. وەقفکار بەڕێوەبردنی ئەو مولّکانەی دەیکردنە وەقف لەدەستی خۆیدا دەهێشتەوە، تا کاتێک دەمرد بەڕێوەبردنەکە دەگوێزرایەوە بۆ گەورەترین کوڕی و بەم شێوەیە.

لە میسر لەم وەقفانە هەندێ وەقفی بنەماڵەیی راستەقینە پەیدا بوون. لەڕاستیدا دایکی موقتەدیر خۆی هەوڵی دا بەم رێگەیە پارێزگاری لەو زەوییانە بکات کە هەیبوون، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. ئەوە بوو، پاش مردنی کوڕەکەی، قاهیری بۆ ماوەیەک کرا بەخەلیفە. قاهیر هەوڵی دا قایلی بکات دان بە هەڵوەشاندنەوەی وەقفە گەورەکانیدا بنێت، بەڵام ئەو سەرسەختانە ملی نەدا، ناچار چوو قازی و شایەتی هێنا و هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم وەقفەکانی زۆر دایکەکەی راگەیاند. بەڵام گەنجینەی دەولّەت تووشی گەورەترین زیان بوو کاتێک خەلیفەکان بەهۆی نەبوونی پارەی نەختینەوە، لەباتی مووچەی سەربازەکانیان، زەوییان دەدانێ، وەک یەکەم جار لە سەرەتای سەردەمی قاهیردا رووی دا. بەڵام لە ویلایەتەکانەدا -وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا- دەسەڵاتی سەربازی و کاروباری دارایی بەوردی لێک جیا کرانەوە. ئەو کاربەدەستانەی لە حوکمی ویلایەتەکاندا یارمەتی ئەمیرەکانیان دەدا بەڵێنیان دەدا ئەندازەیەکی دیاریکراو مالّ وەک باجی ویلایەتەکە بۆ خەزێنەی دەولّەت، بدەنە حکومەتی ناوەندی، پاشان کاریان بۆ ئەوە دەکرد ئەو ئەندازانە لە دانیشتوان کۆبکەنەوە، هەندێکی زیادەیشیان لەپاڵدا کۆدەکردەوە وەک دەسکەوتی شەخسی بۆ خۆیان. یاریدەدەرەکانیشیان وەک ئەوانیان دەکرد. بەڵام ئەگەر ئەمیرێک بیتوانیایە دەست بەسەر بەڕێوەبردنی داراییشدا بگرێت، وەک ئەوەی بۆ ئەحمەد بن تووڵون رەخسا لە میسر، ئەوکاتە دەبووە خاوەن دەسەڵاتی تەواو. بەتێپەڕینی

کات خەلیفەکان بەهۆی پێویستییان بەماڵ ناچار بوون فەرماندە تورکەکان بکەنە بەرپرس لە کۆکردنەوەی باج لە چەندین ناوچەی بەرفراوانی عێراق تا بەوە بژێویی سەربازانیان کۆبکەنەوە، لەبەرئەوە گەنجینەی دەوڵەت داهاتی ئەو هەرێمانەیان لەدەست دا. کاتێک خەلیفەکان لەوە زیاتریش چوون و بەهەمان ڕێگە هەقدەستی فەرماندە بچووکەکان و سەربازانیان دەدا، گەنجینەی گشتی تووشی زیانی وا گەورە بوو لە وەسف نایەت، چونکە گەورە دەرەبەگەکان لانیکەم لەبەر بەرژەوەندیی شەخسیی خۆیان دامەزراوەکانی ئاودانیان دەپاراست کە بۆ زیندووکردنەوەی خاک و وەبەرهێنانی بە باشترین شێوە پێویست بوو و لەو پێناوەدا خەرجێکی بەردەوامیان دەکرد. هەرچی بچووکەکانیان بوون تاڵاویان دەرخواردی جووتیارەکان دەدا، جا کاتێک دواین دڵۆپی داهاتیان لێ دادەچۆڕین زەوییەکەیان دەگێڕایەوە بۆ حکومەت و داوای زەویی بەپێتر و بەقازانجتریان دەکرد[٧٥]. بەگشتی، ژیان پڕ مەترسی بوو، ئاسایش و دڵنیایی هەڵگیرابوون، نەک تەنیا لە گوندەکان بەڵکو لە شارەکانی عێراقیشدا. راستیەکەی جەنگی زنج و شاڵاوەکانی قەرامیتە ساڵانێکی زۆر جوڵەی بازرگانی و هاتوچۆیان پەک خست. بەئەندازەی ڕۆچوونی چینە باڵاکانیش لە خۆشخۆری و عەیش و نۆشدا، چینە نزمەکان بەئەندازەی ئەوە لە نەداری و نەهامەتیدا دەچەقین، ئەمە سەرەڕای ئەو ئابووریەی ڕۆژهەڵاتیەکان پێی بەناوبانگ بوون، هەروەها سەرەڕای ئەوەی هێزی کڕینی نەختینە لەو کاتەدا هێشتا تا ڕادەیەک بەرز بوو.

سۆفی و سۆفیگەری

ئەوەی توندوتیژیی ململانێی حزبیی نێوان دەسەڵاتدارانی زیاتر دەکرد، ئەو گرژییە بوو لە پەیوەندیی نێوان فیرقە ئاینییەکاندا باو بوو و بانگخوازان ئاگرەکەیان خۆش دەکرد. ئەوە تەنیا لە کێشمەکێشی نێوان شیعە و سوننەدا قەتیس نەبوو، حەنبەلیە چەقبەستووەکان یەکبین ناکۆکییان لەنێو گرووپەکانی سوننە خۆیاندا دەوروژاد. لێرەوە کەسانی خاوەن دەروونی پاکژتر و قوواڵتر هەوڵیان دەدا لە ژاوەژاوی کێشمەکێش لەسەر مەسەلە سیاسییە ئاینی و پرسە مەزهەبیەکانەوە بەرەو "دڵنیایی بینین" (طمأنینة المشاهدة)، هەڵبێن. ئەم نەزعەیە بۆ سەردەمی ئومەوییەکان دەگەڕێتەوە لە عێراق، کە هەریەک لە حەسەنی بەسری (٧٢٨ مردوە) لە بەسرە و جابر بن حەیانی کیمیاناسی شیعە و ئەبو عەتاهیەی شاعیر لە کووفە، ئەمەیان کرد. کاتێک بەغدا بوو بە پایتەختی ئیمپراتۆرییەت، ئەوانەی خوویان دابووە ژیانی ڕامان ئەڵقە ئەڵقە کۆ دەبوونەوە، وانەی گشتییان لە

---

[٧٥] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- A. von Kremer, Uber des Einnahmebudget des Abbasiden- Reiches vom Jahre 306 H (918-919), Abhandlungen der Wiener Akademie, 1887.
- C, H. Becker, Steuerpacht and Lehns wesen, Islam V, 81-92.

مزگەوتەکانی و لە ناوەندە جیاوازە تایبەتەکانی خۆیاندا دەوتەوە و هەوڵیان دەدا هەستێ سۆفییانە لە دەروونیاندا ببزوێنن و لەڕێی بیستن (مۆسیقا)ەوە پاڵفتەی بکەن. نەک هەر ئەمە، بگرە پۆشاکە سپیە لە خوری (الصوف) دروستکراوەکانیان لە راهبە مەسیحییەکانەوە خواست، کە بەهۆیەوە بە سۆفی ناسران. کاریگەریی مەسیحییەت هەروەها بەڕوونی لە شێوەی راهێنانەکانی رامان یاخود بینین (المشاهدة) لەلایان دیارە، بەڵام ریشەی بزوتنەوەکە عەرەبی و ئیسلامیی ساف بوو. ئامانجە سەرەکییەکانیان یەکەم شت لە وتارەکانی حەسەنی بەسری و پاشان لە دانپێدانان [وەسیەت]ەکانی مەحاسیبیدا، کە ساڵی ٧٨١ لە بەسرە لەدایک بووە و لە تەمەنێکی زوودا چووەتە بەغدا و ساڵی ٨٣٧ لەوێ مردوە، بەوپەڕی رووڕی دەردەکەوێت. کاتێک بینی لە سەردەمەکەیدا ئیسلام بۆ چەندین فیرقە و حزب دابەش دەبێت، سەرەتا هەوڵی دا رابەرێکی ئاینی بۆ ئوممەتە پەیدا بکات، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. پاشان –هاوشێوەی دامەزرێنەری ئیسلام خۆی– دەرکی بەوە کرد مرۆڤ ناتوانێت رزگاربوونی رۆحیی خۆی بەدەست بێنێت لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەو کۆمەڵگەیەی دەوروبەری نەبێت، هەروەها بەوەی رامانی قوول لە قورئان زامنی ئەوەیە رێگەی راستی بەرەو خودا چوونی بۆ ئاشکرا بکات، ئەگەر هاتوو خۆی بەتوندی و بەوردی بە رێنماییەکانی قورئان و هەڵسوکەوتی پێغەمبەرەوە شەتەک بدات، چونکە هەستکردنی مرۆڤ بەوەی رەزامەندیی خوای بەدەست هێناوە لەڕێی شوێنکەوتنی وردی فەرمانەکانیەوە، رۆحی پڕ دەکات لە سوپاسگوزاری و خۆشەویستیی خودا لە ناخیدا زیندوو دەکاتەوە. سۆفی لەم رێگەیەیدا چەند حاڵ و مەقامێک دەبڕێت کە بەتەوبە و ئارامگرتن بەرەو دڵکرانەوە بەخودا و لەکۆتاییشدا بەرەو گەیشتن بە هەق (واتە خودا)ی دەبات. ئەم جۆرە هەوڵانە بۆ گەیاندنی نەفس بەخودا لە رێگەیەکەوە کە سوننە باسی نەکردوە، نەدەکرا لە رەخنە و نارەزایی دەربازی ببێت. ئەگەرچی ئەوەی مەحاسیبی بۆی چووبوو بەئاشکرا بەکوفر دانەنرا، بەڵام ئەحمەد بن حەنبەل رایگەیاند ئەو بۆچوونانە پەیوەندیی زۆر تۆندوتۆڵیان بەو رێگە عەقڵییانەوە هەیە کە موعتەزیلە پەیرەوییان دەکەن.

پاشان سۆفیگەری پەرەسەندنێکی نوێی لەسەر دەستی جونەید بەخۆوە بینی، کە سەرەتا لای سڕی سەقەتی خاڵۆی خوێندی و لەڕێی ئەوەوە بە هەزر و بۆچوونەکانی مەعروفی کەرخیی زاهید ئاشنا بوو. بەڵام ئەو رێنماییە سادانە نەیانتوانی ئاسوودەییەکی ریشەداکوتاو بەدەروونی جونەید ببەخشن، نەک هەر ئەوە، بگرە سەرکۆنەی مەیلە تازەکەی مامۆستاکەی کرد بۆ بەتاڵکردنەوەی بۆچوون و رێنماییەکانی لە لەفزەکانی فەقیهاندا. راستییەکەی، خاڵی سەرنج خستنەسەر لە جیهانی فیکریی ئەودا بریتی بوو لە خۆشەویستی خودا، خۆشەویستییەک بەتەواوی باڵ بەسەر مرۆڤدا بکێشێت کە لەگەڵیدا نەفس بەتەواوی لە زاتی بااڵدا بتوێتەوە. پاشان قوتابیی جونەید، حسێن کوڕی مەنسوری حەللاج هات و لەڕێی جێبەجێکردنی سەختەوە پەرەی بەم بیرۆکەیەدا کە پاشتر وەک ناوک

بـوو بـۆ هەمـوو بزوتنەوەیەکـی سـۆفیگەری. حەلاج سـاڵی ٨٥٨ لە فـارس لە بـاوکێکی زەردەشتی لەدایک بووە. لە توستەر لە خوزستان چووە ناو ئەڵقەی سـەهلی توستەری، کە بیرمەندێکی ئـازاد بـوو سـیمایەک لە خۆگوشـین و دنیانەویسـتی بەردەوامـی بە تـێۆرەکەی مەحاسـبی بەخشـی کە جەخـت لە پێویسـتیی گەڕانەوە بـۆ لای خـودا دەکـات و لەو کـاتەوە بـوو بە نەریتێک. هەروەهـا باسـی لە خەرمـانەیەکی نـوور دەکـرد کە (بەشـێوەیەکی نهێنـی پێش وجود) دەوری رۆحـی سـەرجەم بـاوەڕدارانی داوە و مـافی ئەوەیـان پـێ دەبەخشـێت هەست بکەن ئەوان لەگەڵ خـودا یەکیـان گرتـوە، کە ئەوە وێنەیەکە لە هەندێ بیروباوەڕی شـیعە وەرگیـراوە. زۆری نەبـرد جـوانی و رەونەقـی بەغـدا سـەرنجی حەلاقـی راکێشـا، لەبەرئەوە چووە بەغدا و خۆی گەیاندە جونەید. تا کاتێک نزیکەی شەش سـاڵ یاوەری کرد سـەهل ئیغرای کرد لێی جیـا ببێتەوە، بەوەی وای بـردە مێشـک و دڵیەوە ئیتر گەیشـتۆتە حـاڵی یەکگـرتن لەگەڵ خـودا، ئەو حـاڵەی هێشـتا جونەیـدی شـێخی هەوڵـی بـۆ دەدا. بەم شـێوەیە گـۆڕا بـۆ بانگخوازێـک کە بەوڵاتانـدا دەگەڕا و گەشـتەکانی گەیانـدیانە هینـد. لە گەشتەکانیدا چاوی بە رازی کەوت، کە بەناوبانگترین پزیشکەکانی سـەردەم بـوو و لەسـەر دەسـتی ئەو فەلسـەفەی یۆنـانی خوێند. هەندێ گێڕانـەوە باسـی ئەوە دەکەن پەیوەندی بە سـەرانی قەرامیتەیشـەوە کـردوە. دوای ئەوەی بـۆ جـاری دووەم حەجـی کـرد سـاڵی ٩٠٨ گەڕایەوە پایتەخت. بەخێرایـی ژمـارەی قوتابییەکـانی زیـادی کرد، ئەویـش بەهـۆی عەقیـدە مەسـتانەکەیەوە، کە لەکۆتاییـدا گەیشـتە ئەوەی بڵێـت یەکگـرتن لەگەڵ ئیـرادەی ئیلاهـی رووەدات لەڕێی رووکردنە ئازار و گەیشتن بە رۆحـی ئیلاهـی لەڕێی زوهـد و خۆگوشـین (تقشف)ـەوە، کە حـاڵێکە رێـگە بەخـاوەنەکەی دەدات وەک شـایەتی ئیلاهـی خـۆی لەگەڵ حەقیقەتی ئیلاهی یەکسان بکات، بەوەیش ئەرک (تەکلیف)ی لەسـەر هەڵدەگیرێت و نامێنێت. ئەم چـالاکییەی حەلاج وەک مەترسـییەکی نـوێ لەسـەر سیسـتەمە کـۆمەڵایەتییە لەرزۆکەکـە دەردەکەوت، لەبەرئەوە بـۆ شەرعناسـان زەحـمەت نەبـوو دەسـەڵاتدارانی لـێ پـڕ بـکەن. سەرەنجام خرایە زیندان و هەشت سـاڵ تێیدا مـایەوە و لەو مـاوەیەدا جەسـتەی داهێزرا و گەشـانەوەکەی نەمـا. دایکـی مـوقتەدیر و پەردەدارەکەی نەسـر هەوڵیـان دا رزگـاری بکەن، بەڵام هەر ئەم بایەخپێدانە حامید (ئیبن ئەلعەباس)ی وەزیـری زیـاتر لـێ تـووڕە کرد. پـاش دادگەییکردنێک کە حەوت مانگی خایاند قازییانی سـەرجەم مەزهەبەکـان بەکۆدەنگی بڕیـاری کوشتنیان دەرکرد و لە ٢٦ی ئـاداری سـاڵی ٩٢٢ لە گۆڕەپانی بەرینی بەردەم بەندیخانەی نـوێی بەغدا لە بەری راسـتی دیجلە لەخـاچ درا، پاشـان سـەری لـێ کـرایەوە و لاشـەکەی سـووتێنرا. گومـان لەوەدا نـیە ئەم شـەهیدبوونەی هـۆی یەکەم بـوو لەو بڵاوبـوونەوە و مەترسییەی بۆچوونەکانی پەیدایان کرد. هەرچی موریدەکانی بوون هەڵهـاتن بـۆ خوراسـان و زەمینەیـان بـۆ باشـترین بەروبـوم لە بەروبومەکـانی فەرهەنگـی ئیسـلامی خـۆش کـرد، مەبەست شیعری سۆفیگەرییانەیە لای فارس و تورک.

میری میران

خەلیفە موقتەدیر نەیدەتوانی دەسەلاتی خۆی جێگیر بکات کە قەرامیتە بەردەوام بەتوندی هەڕەشەیان لێ دەکرد، تەنانەت پاش ئەوەی لە ئیبن فوراتی وەزیریشی رزگاری بوو. داوای کۆمەکی لە یوسف بن ئەبیلساج ئەمیری ئازربایجان کرد، بەڵام هیچ سوودی نەبوو. لە شوباتی ساڵی ٩٢٩ هەڵچوونی سوپا ناچاری کرد دەست لە تەخت هەڵبگرێت بۆ محەمەد ئەلقاهیری برای. تا کاتێک قاهیر -یان راستتر بڵێین ئەمیری پۆلیس کە ئەوی بردە سەر تەخت- هەستی کرد دەستەپاچەیە لەئاست تێرکردنی ویستی سەربازان کە داوای بژێویی خۆیان دەکرد، جارێکیتر بانگی موقتەدیری کردەوە، کە لەگەڵ موئنیسی دۆستیدا هەڵاتبوو. بەڵام زۆری نەبرد لەیەکتر بێتاقەت بوون لەبەرئەوەی موقتەدیر هەستی دەکرد ناتوانێت تەواو متمانە بە موئنیس بکات، لەبەرئەوە ئەمیرە نوێیەکەی پۆلیس محەمەد بن یاقووتی لێ هەڵنا. ئەگەرچی بن یاقووت توانی پیاوانی یاخیبووی لەشکرگە (حامییە)ی بەغدا، ملکەچ بکات، بەڵام خەلیفە لەسەر ویست و پێداگریی موئنیس ناچار بوو لە شوباتی ٩٣٢دا دووری بخاتەوە بۆ سیجستان. لە شوباتی ساڵی ٩٣٢دا خەلیفە بانگی کردەوە و بەسەرکردایەتیی سوپایەک رەوانەی کرد بۆ شەڕکردن دژی موئنیس، کە لە مووسڵەوە بەرەو بەغدا پێشڕەوی دەکرد. بەڵام محەمەد نەیوێرا بچێتە بەرانبەر موئنیس و سەرلەنوێ گەڕایەوە بۆ پایتەخت. لێرەدا خەلیفە ناچار بوو خۆی بێتە پێش و بەسەرکردایەتیی سەربازەکان شەڕی فەرماندەی باڵای سوپاکانی بکات، کە لە گوێڕایەڵیکردن دەرچووبوو. موقتەدیر باش دەیزانی لە مەیداندا دەکوژرێت، لەبەرئەوە باندە رەشەکەی عەباسییەکانی لەسەر دزداشە زیوییەکەی بەست و کەواکەی پێغەمبەری لەسەریەوە لەبەر کرد، ئەنجا قایش و شمشێرەکەی پێغەمبەری لە کەمەری بەست و هەڵمەتێکی کورتی برد کە تێیدا لە ٣١ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٩٣٢ کوژرا. ئەگەرچی موئنیس حەزی دەکرد ئەحمەدی کوڕی موقتەدیر ببێتە خەلیفە کە لەپاڵ باوکیدا شەڕی دەکرد، بەڵام محەمەد ئەلقاهیر مامی ئەم ئەحمەدە، توانی دەست بەسەر جڵەوی حوکمدا بگرێت کە پێشتر لێی دوور خرابوویەوە. لەڕاستیدا درندەیی و چروکی دیارترین سیفەتی بوون. هەریەک لە وەزیر ئیبن موقلە و ئەمیری پۆلیس محەمەد بن یاقووت و ئەمیر موئنیس کێبرکێیان دەکرد بۆ دەستگرتن بەسەریدا. کاتێک قاهیر ویستی خۆی لە وەزیرەکەی رزگار بکات ئەمەی دوایی پیلانێکی بۆ داماڵینی و دانانی کوڕی موکتەفی بەخەلیفە، رێک خست. بەڵام پیلانەکە هەر زوو ئاشکرا بوو، خەلیفەیش موئنیسی داماڵی و فەرمانی دا بەکوشتنی. هەرچی ئیبن موقلەیە رایکرد و لە شێوەی سوالکەردا بەوڵاتاندا دەگەڕا و خەڵکی بۆ شۆڕشکردن دژی خەلیفە هەڵدەنا. لەئاکامی ئەمەدا قاهیر لە نیسانی ٩٣٤دا لە کۆشکەکەیدا هێرشی کرایە سەر و پاش ئەوەی رازی نەبوو دەست لە تەخت هەڵبگرێت، چاوەکانی کوێر کران و فڕێ درایە کونجی زیندان.

پاشان ئەحمەدی کوڕی موقتەدیر چووە سەر تەخت و نازناوی ئەلڕازی وەرگرت، بەڵام ناچار بوو واز لە دەسەڵات بێنێت بۆ محەمەد بن یاقووت، پاشان بۆ ئیبن موقلە پاش ئەوەی لە نیسانی ساڵی ٩٣٥ دەوڵەتی محەمەد نەما، دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر ئەوەدا (نیسانی ساڵی ٩٣٦) و موزەفەر برای محەمەد توانی وەزیر دەستگیر بکات، خەلیفە بەدوای پاڵپشتێکی نوێدا دەگەڕا پشتی پێ ببەستێت، بۆ ئەوەیش محەمەد بن رائیقی هەڵبژارد و نازناوی میری میران (أمیر الامراء)ی پێ بەخشی پاش ئەوەی کردی بە فەرماندەی بااڵی سوپاکان. نەک هەر ئەوەندە، بگرە کردی بە سەرۆکی حکومەتیش و فەرمانی کرد لە مینبەرەکانەوە وتاری بۆ بدرێت، کە ئەوە تایبەت بوو بە خەلیفە و میراتگرانی تەخت. بەم شێوەیە خەلیفە هیچ دەسەاڵتێکی نەما جگە لە سەرۆکایەتیی بااڵی ئاینی، کە هەر ئەوەندەیش بۆ خەلیفەکانی پاش ئەو مایەوە. بەاڵم ئیبن رائیق لە سەپاندنی دەسەاڵتی حکومەتی ناوەندی بەسەر ڕۆژهەاڵتی ئیمپراتۆرییەتەکەدا شکستی هێنا، لەکاتێکدا نەیتوانی قەرامیتەکان لە بەغدا دوور بخاتەوە پاش ئەوە نەبێت رازی بوو سەرانەیان بداتێ. دوای دوو ساڵ ئیبن رائیق ناچار بوو شوێنەکەی بۆ "بەجکەم"ی دەیلەمی چۆڵ بکات، کە توانی بۆ ماوەیەک حەمدانی و بوەیهییەکان جڵەو بکات.

بەنی حەمدان لە مووسڵ و حەلەب

لە سەدەی دەیەمی زایینیدا ئەرکی جەنگ دژی ڕۆمە بیزەنتییەکان کەوتە ئەستۆی بنەماڵەیەکی عەرەبی، ئەویش بنەماڵەی حەمدانی بوو. حەمدان دامەزرێنەری ئەو بنەماڵەیە و سەرۆکی بەنی تەغلب، ساڵی ٨٩٠ لەڕێی هاوپەیمانیکردن لەگەڵ خەواریجدا توانی دەست بەسەر قەاڵی ماردینیدا بگرێت لە جەزیرەی سەروو. ئەگەرچی ئەوکاتە بەدیلی کەوتە دەستی خەلیفە، بەاڵم لێی خۆش بوو پاش ئەوەی حسێنی کوڕی، خەواریجی شکاند. ساڵی ٩٠٥ ئەبولهەیجا برای حسێن لەاڵیەن موقتەدیرەوە کرا بەوالیی مووسڵ و باقی ژیانی لە حوکمکردنی بەردەوام بوو تا ساڵی ٩٢٩ کۆچی دوایی کرد، لەوەیشدا کوڕەکەی لە ساڵی ٩٢٠ـەوە یارمەتی دەدا. حەسەن زۆری نەبرد باڵی بەسەر تەواوی جەزیرە و باکووری سووریادا کێشا. کاتێک ساڵی ٩٤١ خەلیفە موتتەقی -پاش زۆربوونی هێرشەکانی ئەلبەریدی و براکانی لە خوزستانەوە بۆ سەر عێراق- ناچار بوو لەگەڵ میری میران (ئیبن رائیق)دا هەڵبێت بۆ مووسڵ[٧٦]، حەسەن [کوڕی حەمدان] ئیبن رائیقی کوشت و بەزۆر خەلیفەی ناچار کرد بیکاتە میری میران و نازناوی (ناصر ئەلدەولە)ی بداتێ. پاشان ناصر ئەلدەولە و عەلی برای کە ئەمیش لە هەمان کاتدا نازناوی (سەیف ئەلدەولە)ی پێ درابوو،

[٧٦] توانی ئەم پۆستە پاش لەدەستدانی بەدەست بێنێتەوە.

خەلیفەیان گێڕایەوە بۆ بەغدا. هەرچۆن بێت، موعیز ئەلدەولەی بوەیهی هەر هێندەی بەغدای لە سالی ٩٤٥ داگیر کرد جەنگێکی دژی حەمدانییەکان بەرپا کرد و بە رووخانی دەوڵەتەکەیان کۆتایی هات. ناصر ئەلدەولە مایەوە [لە میرنشینەکەیدا لە مووسڵ و هەموو ناوچەی جەزیرە و شام بەو مەرجەی لەباتی ئەوە سەرانە بداتە موعیز ئەلدەولە و تێیاندا خوتبە بۆ بوەیهیەکان بدرێت]. سەرباری هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ خۆدزینەوە لەم بەڵێنانەی، بەڵام هەر لە پێگەکەی خۆیدا مایەوە تا بەپاساوی لێنەوەشاوەیی [لەلایەن ئەبو تەغلبی کوڕییەوە] دەستگیر و بەند کرا. ئەوەیش سااڵێک پێش مردنی بوو سالی ٩٦٨. لەڕاستیدا سەردەمەکەی خراپترین نموونەی تاکڕەویی رۆژهەاڵتی بوو، چونکە باجە قورسەکانی کە پشتی دانیشتوانیان چەماندبوویەوە، نەیاندەتوانی تەماع و چاوچنۆکیی ئەو تێر بکەن، هەوڵی دەدا زۆربەی هەرەزۆری زەوییەکانی وڵات بخاتە سەر مووڵکە تایبەتەکانی خۆی. کوڕەکەی توانی ماوەیەکی کورت پارێزگاری لە سەربەخۆیی خۆی لە مووسڵ بکات، تا کاتێک سالی ٩٧٩ مرد برا و نەوەکانی ئەو سەربەخۆییەیان لەدەست دا، پاش ئەوەی بوەیهی و فاتیمییەکان ملکەچیان کردن بۆ دەسەاڵتی خۆیان.

بەڵام ئەو ناوبانگەی سەیف ئەلدەولە بۆ ناسر ئەلدەولە هەیبوو فراوانتر و درێژخایەنتر بوو. زانی مەحاڵە بتوانێت وەک کاربەدەستی پێشکەوتووی خەلیفە خۆی لە عێراق دژی تورکەکان و بوەیهییەکان قایم بکات، لەبەرئەوە رووی کردە سووریا و سالی ٩٤٥ حەلەبی لەدەستی ئەخشیدییەکان دەرهێنا کە بەسەر میسردا زاڵ بوون. پاشان هەوڵی دا دەست بەسەر دیمەشقیشدا بگرێت بەڵام شکستی هێنا، لەوە بەدوا ئیتر خۆی بۆ ئەو ئەرکە ساغ کردەوە کە گەنجێتی بۆ تەرخان کرد، واتە شەڕکردن دژی بیزەنتییەکان. ئەگەرچی سەیف ئەلدەولە گوێرایەڵیی خۆی بۆ فاتیمییەکان راگەیاند پاش دەستگرتنیان بەسەر میسردا و لێرەیشەوە شوێن مەزهبی شیعی کەوت، بەڵام پارێزگاری لە سەروەریی تەواوی لە سەرتاسەری مووڵکەکەیدا کرد. جەنگ دژی بیزەنتییەکان، لە سەدەکانی رابردوودا، بریتی بوو لە ئەنجامدانی چەند پەلامارێکی هاوینە و پێکدادان لەدەوری شووڕە و قەاڵکان، کە هەندێ جار عەرەب سەردەکەوتن و هەندێ جاریتر بیزەنتییەکان. لەڕاستیدا هەڵمەتە سەرەتاکانی سەیف ئەلدەولە بۆ سەر بیزەنتییەکان سالی ٩٤٩ بە شکست کۆتایی هات. تا کە سال سووڕایەوە سەیف ئەلدەولە هێرشی کردەوە سەر دوژمنان و ئەم جارەیان سەرکەوت و غەنیمەی زۆری دەست کەوت. کاتێک ویستی بگەڕێتەوە ڕۆم لە تەنگەیەکی سەخت لە چیاکانی تووڕس خستیانە بۆسەوە و تەواوی غەنیمەتەکەیان لێ سەندەوە و بەزەحمەت سەیف ئەلدەولە و ژمارەیەکی کەم لە سوپاکەی قوتاریان بوو.

لە هەردوو دیوی سنوور چیتر سەربازی پیشەوەر هەبوون فەرماندەکانیان زەوییان بەسەردا دابەش کردبوون و تێیاندا جێگیر بووبوون و لە ماوەکانی ئاشتیدا –کە لە

ماوەکانی جەنگ زیاتر بوو- هۆکانی کەلتوور و شارستانێتییان ئاڵوگۆڕ دەکرد. وادیارە سەرکردەی پێشکەوتووی ئیمپراتۆرییەتی بیزەنتی برزوس فوکاس ساڵی ٩٥٣ هەستی بەزیادبوونی مەترسی لەسەر ئیمپراتۆرییەتەکە کردوە، لەبەرئەوە سوپایەکی گەورەی خستەڕێ کە رووس و بولگار و خەزەر تێدا بەشدار بوون، بەڵام سەیف ئەلدەولە لەنزیک مەرعەش بەسەریدا سەرکەوت و بەخراپی تێکیشکاند. پاشان یۆحەنا تسیمتسیس (ئەلدەمەستەق) پاش پێنج ساڵ تۆڵەی قەومەکەی کردەوە و لە ولاتەکەی خۆیاندا بەسەر عەرەبدا سەرکەوت، لەنزیک حەلەب. هەروەها سەیف ئەلدەولە ساڵی ٩٦٢ تووشی شکستێکی گەورە بوو لەسەر دەستی فەرماندەی بیزەنتی نیکفۆر . حەلەب و قەڵاکەی کەوتنە دەستی رۆم کە خراپەکارییان لە ناوچەکانی دەوروبەری بڵاو کردبووەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا سەیف ئەلدەولە توانی بەرپەرچی هێرشێک بداتەوە کە دوای دوو ساڵ رۆمەکان ئەنجامیان دا، ئەگەرچی تووشی نیوە ئیفلیجی بووبوو. ساڵی ٩٦٧ سەیف ئەلدەولە لە حەلەب مرد و سەعد ئەلدەولەی کوڕی جێی گرتەوە، پاشان سەعید ئەلدەولەی نەوەی کە توانییان تا ساڵی ١٠٠٢حەلەب بپارێزن، ئەویش لەڕێی بەستنی هاوپەیمانییەک لەگەڵ رۆمە بیزەنتییەکاندا –دوژمنانی کۆنی حەمدانییەکان- بەمەبەستی دوورخستنەوەی مەترسیی فاتیمییەکان لەسەر هەردوو لای هاوپەیمان.

ژیانی فیکری لە سایەی سەیف ئەلدەولەدا

ئەگەر سەیف ئەلدەولە لەو ناوبانگە فراوانەیدا بەپلەی یەکەم قەرزاری خەباتی سەرکەوتووی بێت دژی رۆم، ئەوا هیچ گومان لەوەدا نیە بەپلەی دووەم قەرزاری هاوسۆزی بووە بۆ هونەر و زانستەکان و بایەخپێدانیان. ئەبو فیراسی ئامۆزای –کە والیی ئەو بوو لە منبج و قارەمانانە لەگەڵ رۆم جەنگاوە، جارێکیان بەدیلیان گرت و دوو ساڵی لە قوستەنتینیە بەسەر برد- شاعیرێکی بەتوانا بوو دەیتوانی گەمە بە سۆزەکان بکات، بەتایبەت لە قەسیدە خەمناکەکانیدا کە لەکاتی دیلێتیدا نووسیونی (رۆمییات). قەسیدەیەکی هەیە لە ستایشی عەلەوییەکاندا پێگەیەکی گەورەی لای شیعە هەبوو و تا ئەمڕۆیش لە ناوەندەکانیاندا دەخوێنرێت و شەرح دەکرێت. ساڵی ٩٤٨ موتەنەبیی شاعیر سەردانی کۆشکی سەیف ئەلدەولە دەکات، کە یەکێکە لە ئەستێرە درەوشاوەکان و دواین ئەستێرە بوو ئاسمانی ئەدەبی عەرەبی پێ رازابوویەوە. موتەنەبی لەو نازناوەیدا کە پێی ناسراوە، قەرزاری هەوەس و هەڵەشەیی گەنجانەیە، کە وەک هەڵنەرێکی قەرمتی هەوڵی داوە ئاگری شۆڕش لەنێوان ئەعراب لە بیابانی شام، هەروەها لەنێوان کووفە و تەدمور هەڵبگیرسێنێت. شیعرەکانی تەنانەت پاشتریش هەر بارگاوی بوون بە وێنە قەرمتییەکان، سەرباری بایەخدانی زۆری بە چاککردنی دەستەواژە ئەعرابییەکانی کە لە بیابان بەدەستی هێنابوون.

موتەنەبی نۆ سال لە حەلەب مایە و شیعری بەبالای سەروەرییەکانی ئەمیر حەمدانی لە حەلەبدا دەوت، پاشان بەهۆی ساردییەک کەوتە نێوان ئەو و مەدحکراوەکەی، حەلەبی بەجێهێشت، پاش ئەوە سەرەتا ئومێدی گرێ دا بە ئەمیرە تورکەکەی میسر کافووری ئەخشیدی، پاشان بە عەزد ئەلدەولەی بوەیهی لە فارس. لەکاتی گەڕانەوەیدا لەو وڵاتە لە هێرشی دەستەیەک چەتەدا لەنزیک بەغدا کوژرا. موتەنەبی لە شیعردا زۆر لێهاتووانە پابەندی شێوەی کۆنی قەسیدە بوو، بەڵام لەگەڵ وابەستەبوونی تۆندی بە شێوازە کلاسیکییەکان، لە دەوڵەمەندیی موفرەدەکانیدا پێشی کۆنەکانی دابوویەوە و زۆرجار بە خوازە بوێرانەکانی تێی دەپەڕاندن. ئەگەرچی شیعرەکەی زۆرجار لەلایەن هاوسەردەمەکانیەوە زۆر بەتۆندی رەخنەی لێگیراوە -بەتایبەت لەلایەن ئەوانەی دەمارگیرییان بۆ بێگەردیی کۆنی زمان هەبوو- بەڵام قەسیدەکانی لە رۆحێکی عەرەبیی سافەوە سەرچاوەیان گرتووە، جێگەی سەرسامیی کۆی عەرەب بوون لە هەموو سەردەمەکاندا، بگرە تا ئەمڕۆیش بەدەست سەرجەم رۆشنبیرانەوەن، تەنانەت لە عومان کە دەکەوێتە ئەوپەڕی دورگەی عەرەبی، دەیانخوێنن و لەبەریان دەکەن و جگە لە مەقاماتی حەریری هیچ دەقێکی ئەدەبی ناخەنە پێشی. سالی ١٩٣٦ لە دیمەشق تەواوی جیهانی عەرەبی بەشداری لە یادی تێپەڕبوونی هەزار سال بەسەر مردنیدا، کرد.

جموجوڵی فیکری لە کۆشکی سەیف ئەلدەولەدا تەنیا شیعر و ئەدەبی نەگرتەوە، بگرە زانستیشی گرتەوە، بەرۆحێکی پڕ لە تێگەیشتن و دەرککردن. سەرەنجام لە ئاسمانیدا یەکێک لە قوتابییە مەزنەکانی ئەرستۆ درەوشایەوە، ئەویش فارابی بەبنەچە تورک بوو، کە وانەکانی لە بەغدا تەواو کرد، لەگەڵ ئەوەی دانراوەکانی ئیبن سینا پاشتر توانییان نووسینەکانی فارابی لە بازنەی دەستاودەستکردنی ئەدەبی بکەنە دەرەوە، هەروەها لەگەڵ ئەوەی ئەو سیستەمە فیکرییەی فارابی باسی دەکرد نەیتوانی دەسەڵاتێکی هەمیشەیی لە جیهانی ئیسلامیدا بەدەست بێنێت، بەڵام لەڕاستیدا ئەو پیاوە وەک یەکێک لە سەربەخۆترین قوتابیانی فەلسەفەی یۆنانی، دیاردەیەکی زۆر دیارە لە مێژووی شارستانێتیی ئیسلامیدا.

بوەیهییەکان لە فارس و عێراق

لەم کاتانەدا لە رۆژهەڵاتی ئیمپراتۆرییەتەکەدا و لەنێو ئاپۆڕای وردە حاکمەکاندا بنەماڵەیەکی نوێ سەری هەڵدا، کە لە چارەنووسی نووسرابوو رۆڵێکی سەرەکی لە سیاسەتی ئیسلامیدا بگێڕێت. پیاوێکی دەیلەم بەناوی مەرداویج، لە بەری باشووری دەریای قەزوین، توانی زەیدییەکان بڕوخێنێت کە بەسەر تەبەرستاندا زاڵ بوون و خۆی دەسەڵاتی ئەو وڵاتەی گرتەدەست. یەکێک لە هاوڵاتییەکانی لەخزمەتیدا ئیشی دەکرد بەناوی (بوەیهـ). عەلی کوڕی بوەیهـ حاکمی کەرەج بوو لە باشووری رۆژهەڵاتی هەمەدان.

لەوێ ساڵی ٩٣٢ لە گەورەکەی ڕاپەڕی و ئیسفەهانی داگیر کرد پاش ئەوەی لەشکرگەکەی خەلیفە ئەلقاهیری تێدا دەرکرد. ئەگەرچی مەرداویج هێشتا لەتواناید بوو تۆڵە لە یاخیبووان بکاتەوە بە دەرکردنیان لە شارەکە و گێڕانەوەی بۆ خەلیفە، بەڵام عەلی توانی بەهاوپەیمانیکردن لەگەڵ براکانی دەسەڵاتی بەسەر ناوچەی نوێ لە فارسدا بسەپێنێت، تا ساڵی ٩٣٤ دەستی بەسەر شیرازدا گرت و کردیە بنکەی خۆی. ساڵی ٩٣٥ کاتێک سەربازانی تورکی مەرداویج لێی یاخی بوون و کوشتیان، (ئەلحەسەن) برای عەلی دەستی بەسەر وڵاتی چیادا گرت، لەکاتێکدا برایەکیتری بەناوی ئەحمەد، کرمانی داگیر کردبوو.

لە هەمان کاتدا بارودۆخ لە بەغدایش لەوپەڕی بێسەروبەری و پاشاگەردانیدا بوو، کە ڕێگەی بۆ دەستوەردان ئاسان کردبوو، چونکە موتتەقی (٩٤٠-٩٤٤) کە پاش ڕازی خیلافەتی وەرگرت، تەنیا گەمەیەک بوو لەلایەکەوە بەدەست فەرماندەکانەوە کە لەسەر دەسەڵات ململانێیان بوو، لەلایەکیترەوە بەدەست والیی خوزستان (ئەلەبریدی) و ئیبن ڕائیق و حەمدانییەکانەوە. تا کاتێک ویستی دەست بەدانوستان لەگەڵ ئیخشیدی میسر بکات، ئەمیری تورک توزون دەستگیری کرد و چاوەکانی هەڵکۆڵی. وەنەبێت موستەکفی کوڕی لەو باشتر و بەدەسەڵاتتر بووبێت. کاتێک ئەو ئەمیرانەی دەستیان بەسەریدا گرتبوو نەیانتوانی سەربازانی ڕازی بکەن کە داوای بژێوی خۆیانیان دەکرد و نەیانتوانی بەر بە تارمایی برسێتی بگرن کە هەڕەشەی لە عێراق دەکرد، وای بەباش زانی وەک فریادڕەس و ڕزگارکەرێک پێشوازی لە ئەحمەد بن بوەیهـ بکات، کە سوپاکانی لە کرمانەوە بەرەو ڕۆژئاوا دەبرد. ئەحمەد پاش شەڕێکی لەگەڵ بەریدی و ئەمیر تۆزۆن واستی گرت. لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٩٤٥ بەسەرکەوتوویی چووە ناو بەغدا، خەلیفەیش کردی بە میری میران و بە نازناوی "موعیز ئەلدەولە" ڕێزی لێنا. هەرچۆن بێت، پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی کورت موستەکفی بەدەردی ئەوانەی پێش خۆی برا بەهۆی ئەوەی دەوترێت پەیوەندی بە دوژمنانی بوەیهییەکانەوە کردوە. دوای ئەو هەریەک لە موتیع (٩٤٦-٩٧٤) و تائیع (٩٧٤-٩٩١) و قادیر (٩٩١-١٠٠٣) هاتن، کە تەنیا دەسکەلایەکی دەستی بوەیهییەکان بوون و مووچەیان بۆ دەبڕینەوە. لەڕاستیدا هیچ دەسەڵاتێکیان نەمابوو جگە لە هەندێ شتی ڕواڵەتی وەک سکەلێدان و خوتبەدان. هەرچی [بوەیهیەکان] بوون، کە دەستیان بەسەر خەلیفەکاندا گرت، ماوەیەک لە بەغدا و ماوەیەکیش لە شیراز مانەوە. نەیانتوانی پارێزگاری لە دەسەڵاتیان بکەن بە کێشە و ململانێی بەردەوام نەبێت لەگەڵ دانیشتوانی چیا ئێرانییەکان، وەک دەیلەم، کە یەکبین مەیلی ڕوولەزیادیان بۆ شۆڕش پیشان دەدا. هەروەها لەگەڵ هۆزە عەرەبەکان لە جەزیرە، کە پاش ڕووخانی حەمدانییەکان چەند دەوڵەتۆکەیەکیان تێدا دروست بوون، کە خێرا لەناو چوون. زۆری نەبرد وەچەکانی ئەو سێ برایەی دەوڵەتی بوەیهییان دامەزراند زیاد لە جارێک لەسەر میراتەکە بوو بە

کێشەیان. لە ساڵی ٩٧٦ بەدواوە عەزد ئەلدەولە کوڕی ئەلحەسەن بن بوەیهـ کەوتە لێسەندنی سەرجەم ئەو ناوچانەی لەژێر دەستی ئامۆزا و براکانیدا بوو و سەرەنجام سەرلەنوێ عێراق و فارسی لە سایەی دەوڵەتێکی یەکگرتوودا یەکخست. بەڵام ئەم دەوڵەتەیش ساڵی ٩٨٣ بەهۆی کێشەی ناوخۆییەکانیەوە هەڵوەشایەوە. ساڵی ١٠٢٩ مەحموود کوڕی سوبوکتەکین ئەلتورکی سەرکەوت بەسەر [مەجد ئەلدەولە بن فەخر ئەلدەولە ئەلتورکی]دا کە بەسەر ویلایەتە رۆژهەلاتیەکاندا زاڵ بوو، لەکاتێکدا توغرلبەکی سەلجووقی ساڵی ١٠٥٥ [ئەلمەلیک ئەلرەحیم]ی گرت کە حوکمی عێراقی بەدەست بوو. هەریەک لە مەجد ئەلدەولە و ئەلمەلیک ئەلرەحیم دواین رۆژەکانیان لە زیندانیدا بەسەر برد.

ئەغلەبییەکان لە ئەفریقیا و سەقلّییە

مەغریب لەمێژ بوو لە دەسەلاتی خەلیفەی عەباسی رزگاری بووبوو. ئەفریقیا هەر لە ساڵی ٨٠٠ زاینیەوە سەربەخۆییەکی رەهای لە سایەی ئەغلەبییەکاندا بەدەست هێنابوو، ئەگەرچی لەڕێی ئەو غەنیمەتەی دەیاننارد بۆی بەردەوام بوون لەوەی وڵاتگرییەکانیان بیر خەلیفە بخەنەوە. لە رۆژئاوا دەوڵەتەکەیان تا (بۆنە) و لە باشووری رۆژئاوایشەوە تا زاب درێژ بوویەوە، کە هاوسنووری موڵکەکانی دەوڵەتی رۆستەمییەکانی تاهێرت بوو، کە ئیبازییەکان، یەکێک لە فیرقەکانی خەواریج دایانمەزراندبوو. لە رۆژهەلاتیش دەسەلاتیان بەسەر تەرابلوسی غەرب Tripoliدا کێشا، کە هەمیشە لەلایەن بەربەرەکانەوە لە چیای نەفووسە لەژێر هەڕەشەدا بوو، کە ئەوانیش هەر لە خەواریج بوون. قەیرەوان، پایتەختی دەوڵەتەکەیان پڕ بوو لە کۆچەرییانی عەرەب کە لەگەڵ بەربەر پەیوەندییەکی باشیان نەبوو. بەربەر هەوڵیان دا پاڵپشتێک پەیدا بکەن خۆیانی پێ بپارێزن لە بانگەشە و لوتبەرزییەکانی عەرەب، بۆ ئەوەیش هیچیان لە دەستگرتن بە بیروباوەڕەکانی خەواریج باشتر نەدۆزییەوە.

ئەو دەوڵەمەندی و هێزەی بۆ ئەغلەبییەکان بەدیهات[٧٧]، بەهۆی شوێنی نایابی زەوییەکانیان، بە خاکە بەپیتەکانی ناوخۆیان و بەندەرەکانیانەوە کە بەسەر بازرگانیی دەریای سپی ناوەڕاستدا زاڵ بوون، تا ئەمڕۆیش هێشتا لە دیمەنی مزگەوتی قەیرەوانی پایتەختیاندا، دەدرەوشێتەوە، کە بە کەشخەترین باڵەخانە ئاینییەکان لە ئیسلامدا دادەنرێت، با لە گەورەیی و فراوانیشدا ناگاتە ئاستی مزگەوتەکانی سامەڕا و میسر. ئەگەرچی بە "سیدی عوقبە" -کە ناوی ئەو هاوەڵەیە یەکەم جار فەتحی کرد- ناو دەبرێت، بەڵام لەڕاستیدا ئەوەی عوقبە دروستی کرد هیچی نەماوە جگە لەو میحرابەی ئەمڕۆ لەودیو

---

[٧٧] بڕوانە: M.Vonderheyden, La Berberie orientale sous la dynastie des Benou Aglab, Paris, 1927.

میحرابەکەی ئیستاوەیە و ئەوە و تەواوی بیناکەیش بۆ سەردەمی زیادەتولای یەکەم دەگەڕێتەوە. گۆڕەپانە سەرەکییەکە لە حەڤدە ڕاڕەو پێکدێت، کە ئەوەی ناوەڕاستیان –کە لە هەموویان بەرینترە- بە جووتێک ریزە پایە جیا دەکرێتەوە، لە هەردوو لایشیەوە ڕێڕەوێک لە شێوەی پێتی T شان بەشانی دەڕوات، کە لەنێوان میحرابەکە و دوو ریز پایەدا درێژ دەبێتەوە. ئەحمەد ئەلئەغلەبی (٨٥٦-٨٦٣) ئەم دیوارەی بە خشتی سیرامیک رازاندۆتەوە و گومەزێکی لەسەر میحرابەکە دروست کردوە. لە سەردەمی ئەودا مینبەرە بەناوبانگەکە دانرا کە لە تەختەی دارچناری بەغدادی دروست کراوە. دالانە سەرەکییەکە بەچەند دەرگایەکی تەختەیی نایاب لە گۆڕەپانەکە جیا دەکرێتەوە، سەرجەم دالانەکانی گۆڕەپانەکە لەسەر چەند کۆڵەکەیەک دامەزراون کە لەسەر جووتە ستوون وەستاون و باڵەخانەکەیان جوانتر کردوە. ساڵی ٨٧٦ کاتێک هەژموونی فەقیهانی مالیکی کە بە چەقبەستوویی ناسراون، لە قەیرەوان زیادی کرد، حەوتەمین ئەمیریان ئیبراهیمی دووەم شارێکی نوێی لە ڕەققادە دروست کرد لەدووریی نۆ کیلۆمەتر لە کەنارەوە، وەک پێشتر عەباسییەکان کردیان.

لە سەردەمی زیادەتولادا، سێیەم ئەغلەبی (٨١٧-٨٣٨) فەتحکردنی سەقلییە Sicilyی دەستی پێکرد. عەرەبەکان دوای چەندین شەڕ، کە تێیاندا چانسیان لەنێوان سەرکەوتن و دۆڕاندا بوو، توانییان جێپێی خۆیان لە دورگەکەدا قایم بکەن بەدەستگرتن بەسەر پالێرمۆ (بەلەرم) Palermo دا لە ئەیلولی ساڵی ٨٣١ بەهاتنی ساڵی ٨٤٠ عەرەب نزیکەی سێیەکی سەقلییەیان فەتح کردبوو. بەهەرحاڵ، سوپاکانی ئەغلەبییەکان خۆیان بەتەنیا ئەم سەرکەوتنانەیان بەدینەهێنا، بەڵکو کۆمەڵێک خەڵکی سەرکێشی ئیسپانیایش یارمەتییان دەدان کە ساڵی ٨٣٠ لە دورگەکە دابەزین و پاشان لە نیشتمانەکەیانەوە بەدوای یەکدا کۆمەکییان بۆ دەهات. ساڵی ٨٧٥ سەرەقوسەیش کەوتە دەستی ئەغلەبییەکان. بەڵام ناکۆکیی نێوان هۆزە عەرەبەکان لێرە و هەروەها لە ئیسپانیا (ئەندەلوس)یش گەورە بوو، بەشێوەیەک تەنانەت ئیبراهیمی دووەم ناچار بوو بۆ چەسپاندنی دەسەڵات و هەیبەتی دەوڵەتەکەی لەوێ، خۆی بچێتە سەقلییە. بەڵام مردنی زۆری نەبرد ئەو سەرکەوتنە کاتییەی ڕووبەڕووی مەترسی کردەوە و عەرەبەکان کە لەناو خۆیاندا ناکۆک بوون، ناچار بوون پەیماننامەیەک لەگەڵ ئیمپراتۆری بیزەنتی قوستەنتینی حەوتەم ببەستن. هەرچۆن بێت، تەبەرمین کە بەگوێرەی ئەو پەیماننامەیە دەستیان لێ هەڵگرت، جارێکیتر ساڵی ٩٦٥ کەوتەوە دەستیان. ئەو ٧٣ ساڵەی ئاشتی کە قەدەری عەرەب وابوو لەو کاتەوە لە سەقلییە لێی بەهرەمەند بن، بەس بوو بۆ بڵاوکردنەوەی شارستانێتییەکەیان و تا ڕادەیەکی زۆر چەسپاندنی لە سەرتاسەری دورگەکەدا، ئەمەش وای لە نۆرماندییەکان کرد -کە ساڵی ١٠٦٠ لە سەردەمی کۆنت روجاردا دەسەڵاتی عەرەبییان لەناو برد- سیستمە

کارگێڕییەکەی عەرەب، هەروەها رەگەزە بنچینەییەکانی فەرهەنگی ئیسلامی لە ژیانی فیکرییان و لە هونەرەکەیاندا وەربگرن. ساڵی ١١٥٤ [زانای عەرەب] ئیدریسی کتێبەِ بەناوبانگەی لەمەڕ سیفەتی زەوی [نزهه المشتاق فی اختراق الافاق] بۆ ڕوجەری دووەم دانا. نەک هەر ئەوە، بگرە فریدریکی دووەم (١١٩٧-١٢٥٠) کە جێگەی نۆرماندییەکانی گرتەوە لە حوکمی سەقڵییەدا، لە سەرسامییەوە بە زانستەکانی عەرەب و بە مامۆستا یۆنانییەکانیان، بایەخی بەبڕەودان بەم کەلەپوورە دەدا.

ئیدریسییەکان لە مەراکیش

ئەم کۆڵۆنییە دەوڵەمەندە بەهۆی ناجێگیریی دۆخی عەرەب لەنێوان بەهێزی و لاوازیدا، نەیتوانی یارمەتیی جێگایمکردنی دەسەڵاتی ئەغلەبییەکان لە ئەفریقیا و نەهێشتنی شڵۆقییە ئاینییە سیاسییەکانی ناوخۆ بدات. جگە لە خەواریج کە هیچ ڕۆژێک دەستیان لە هەڵنانی بەربەر لە عەرەب هەڵنەگرتوە، ساڵی ٧٨٠ بەدواوە هێزێکی نوێ لە گۆڕەپانە سیاسییەکەدا دەرکەوت، ئەویش شیعە بوو و کەوتە هەوڵدان بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا. ئەوە بوو، ئیدریس کوڕی عەبدوڵا کوڕی حەسەن دوای شۆڕشێکی شکستخواردوی لە مەدینە رایکرد بۆ میسر و لەوێوە بۆ باکووری مەراکیش. لەوێ لە ئۆقرەگا نوێیەکەی لەنێو هۆزەکانی بەربەر وەک ئیمام دانی پێدا نرا و توانی لە ململانێیدا لەگەڵ ئەغلەبییەکان (الاغالبة) دەسەڵاتی خۆی تا تیلمیسان بڵاو بکاتەوە. ئیدریس بەژەهرخواردکردن مرد و هیچ وەجاخێکی نەبوو جگە لە کوڕێک کە هێشتا لە سکی دایکیدا بوو. کاتێک لەدایک بوو لەناوی باوکییەوە تاونرا ئیدریس. ئەم ئیدریسی دووەمە قەدەر وابوو ساڵی ٨٠٨ پایتەختێکی نوێ بۆ دەوڵەت لە فاس دابمەزرێنێت. بەڵام ئەم دەوڵەتە زۆری نەخایاند هەڵوەشایەوە پاش ئەوەی کوڕەکانی میراتی باوکیان بەش کرد و هەریەکەیان بەشێکی وڵاتەکەیان برد. ساڵی ٩٣٠ جێنشینەکانی وردە وردە ئەو ناوچانەیان لەدەست دەدا کە لەژێر دەستیاندا بوون، ئومەوییەکان لە ئەندەلوس هەندێکیان برد و فاتیمییەکانیش هەندێکی.

فاتیمییەکان لە باکووری ئەفریقیا و میسر

ئەگەرچی ئیدریسییەکان (الادارسة) دەوڵەتەکەیان بەهێزی چەک دامەزراند بەبێ ئەوەی ئەو بیروباوەڕە تایبەتانەی لایەنگرانی بنەماڵەکەیان هەڵگریان بوون، بچەسپێنن، بەڵام بەو بنەمای شەرعییەتەی نوێنەرایەتییان دەکرد، ڕێگەیان بۆ بنەماڵەیەکیتر خۆش کرد کە لە ئەفریقیا جێگەیان گرتنەوە و لەمان بەبەختتر بوون. ئەوە بوو لە سەلەمییە لەنزیک حەما دەوربەری ساڵی ٨٩٠ پیاوێک دەرکەوت ناوی محەمەد ئەلحەبیب بوو، بانگەشەی ئەوەی

دەکرد لە نەوەی عەلی و فاتیمەیە، ئەوانەی بانگەوازیان بۆ مەهدیی مونتەزەر دەکرد دەیانوت لەم خێزانەدا دەردەکەوێت. لەڕاستیدا دروستیی بنەچەکەی جێی ناکۆکییەکی تونده. هەرچۆن بێت، لابەندیی خۆی بۆ شیعەی ئیسماعیلی راگەیاند، کە لەڕێی تەفسیرکردنێکی مەجازییانەی باتنی (لێرەوە بە «باطنی»ش ناسراون) بۆ قورئان، بیروباوەڕە ئیسلامییەکانیان بۆ خزمەتکردنی مەرامە سیاسییەکانیان بەکار دەهێنا، هاوشێوەی قەرامیتەکان کە لەوان نامۆ نەبوون. لەو کەسانەی ئەم بیروباوەڕانە لە باشووری وڵاتی عەرەب کاریان تێکرد پیاوێک بوو بەناوی ئەبو عەبدوڵا، لە یەکێک لە وەرزەکانی حەجدا لە مەککە توانی کۆمەڵێک لە هۆزی کوتامەی بەربەری قایل بکات بەیعەتی بدەنێ. کردیان بەئەمیری خۆیان و لەگەڵیان چوو بۆ وڵاتەکەیان. لەوێ سوپایەکی پێکەوەنا و شەڕی بەنی ئەغلەبی پێ کرد و ساڵی ٩٠٩ دواین سەرکردەیانی بەخراپ بەزاند کە زیادەتوڵای دووەم بوو، بەشێوەیەک ناچار بوو رابکات بۆ جەزیرە (میزۆپۆتامیا). موقتەدیر داوای لە والیی میسر کرد یارمەتی زیادەتوڵا بدات بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتەکەی، بەڵام نەچوو بەهانایەوە. بەم شێوەیە کاروبار بۆ ئەبو عەبدوڵا لە ڕەقادە، پایتەختی بەنی ئەغلەب یەکلا بوویەوە و ماوەیەک حوکمڕانی تێدا گرتە دەست. پاش ماوەیەک، محەمەدی فاتیمی مرد و عوبەیدوڵای کوڕی بە ڕاکردن بۆ ئەفریقیا لە پیلانی خەلیفە رزگاری بوو و لەوێ وەک مەهدی خۆی دەرخست. ئەگەرچی ئەمیری سجیلماسە ماوەیەک گرتی، بەڵام سیخوڕێکی باوکی، ئەبو عوبەیدوڵا، توانی ساڵی ٩١٠ رزگاری بکات و خستیە سەر تەختی خیلافەت لە ڕەقادە. پاشان پایتەختێکی نوێی دروست کرد ناوینا (ئەلمەهدییە) و دەکەوێتە سەر کەناری نزیک.

لەکاتێکدا سەرجەم ئەمیرە موسڵمانەکان، هەروەها ئەمیرە ئومەوییەکان خۆیان لە ئەندەلوس بەناوی خەلیفەی بەغداوە حوکمی ئەو ناوچانەیان دەکرد کە لەبندەستیاندا بوون، دەبینین خەلیفەی فاتیمی بانگەشەی ئەوە دەکات تاکە خاوەن هەقە لە خیلافەتدا. ئەگەرچی عوبەیدوڵا ناچار بوو شۆڕشێکی ئەبو عەبدوڵا سەرکوت بکات پاش ئەوەی ئومێدە فراوانەکانی زەبریان بەرکەوت، ئەوا لە چەند ساڵێکی کەمدا توانی دەسەڵاتەکەی بەهێز بکات، بەڕادەیەک قۆڵی لێ هەڵبماڵێت بۆ فەتحکردن. لەڕاستیدا لەشکرەکانی مەغریبیان تا مەراکیش داگیر کرد، کە زۆری نەبرد پاش مردنی لە ساڵی ٩٢٤ کەوتە دەست جێنشینەکەی، ئەگەرچی خەلیفەی ئومەوی عەبدولڕەحمانی سێیەم لە سەبتە ناچاری کرد لە فەتحکردن بوەستێت. بەڵام پاش ماوەیەک شۆڕشێکیتر بەڕووی فاتیمییەکاندا بەرپا بوو و بوو بە مەترسییەکی گەورە لەسەر دەوڵەتەکەیان، ئەویش کاتێک لەناو هۆزی زەناتە کە لە بەربەرە خەواریجەکانن بوون، پیاوێکی دەمارگیر بەناوی ئەبو یەزید هەستایەوە و کەوتە شەڕێکی سەخت دژی فاتیمییەکان لە چیای ئوراس. ئەبو یەزید ئامانجی رزگاربوون

بوو له دەستی حوکمی فاتیمی و لەناو خەڵکدا هاوشێوەی پێغەمبەرە کۆنەکان بەسواریِ گوێدرێژێکەوە دەردەکەوت. ئەم خەواریجە توانی دەست بەسەر تەواوی وڵاتدا بگرێت و خەلیفەی فاتیمی (ئەلقائیم) لە پایتەختەکەیدا، مەهدییە، بۆ ماوەی ساڵێکی تەواو تەوق بکات. بەڵام ئەو ئابڵوقەیە هێزی لێ بڕی و ناچار بوو هەڵیبگرێت. پاشان شکست لەدوای شکست بەرۆکیان گرت و لە ١٩ی ئابی ساڵی ٩٤٧ کەوتە دەست خەلیفەی نوێ [ئەلمەنسور ئەبو تاهیر] ئیسماعیل، پاش ئەوەی فاتیمییەکان دواین بارەگایان داگیر کرد.

عوبەیدوڵا خۆی چاوی لە فەتحکردنی میسر بوو، هێرشێکی بەرایی کردە سەری، بەڵام هەر زوو شکستی هێنا. ساڵی ٩١٤ سوپاکەی ئەسکەندەریە و ناوچەی فەیومی داگیر کرد، بەڵام پاشتر پاشەکشەی کرد. لە سەردەمی کۆڕەکەیدا ئەبولقاسم [محەمەد] فاتیمییەکان ساڵی ٩٢١ تا میسری سەروو پێشڕەوییان کرد، بەڵام موئنیس فەرماندەی سوپاکانی موقتەدیر شکستێکی یەکلاکەرەوەی بەسەردا هێنان. ساڵی ٩٣٥ و پاشتر دەوڵەتێکی نوێ لە میسر سەری هەڵدا توانی بۆ ماوەی نەوەیەکی تەواو فاتیمییەکان لە سنووورەکانی دوور بخاتەوە. لەوکاتەدا محەمەد بن تۆغج کە پیاوێکی تورک بوو پێشتر باپیری و باوکی لە خزمەتی خەلیفەی بەغدادا کاریان کردبوو، وەک ئەمیر گەیشتە ئەو وڵاتە. لە ماوەی دوو ساڵدا توانی پایەکانی دەسەلاتەکەی بەشێوەیەک قایم بکات بتوانێت داوا لە خەلیفە رازی بکات لە باقی ئەمیرەکان جیای بکاتەوە و نازناوی (ئەخشید)ی پێ ببەخشێت، کە ئەمیرەکانی بنەماڵەکەی لە زێدی خۆیان، فەرغانە، پێش ملکەچکردنیان بۆ دەسەلاتی ئیسلام هەڵیاندەگرت (وەک ساڵی ١٨٦٧ سوڵتانی عوسمانی عەبدولعەزیز کردی کاتێک والییەکەی، ئیسماعیل پاشای لە باقی هاوشانەکانی جیاکردەوە بەوەی نازناوی خدێوی پێبەخشی). دەبوو پێش هەموو شت پێگەی خۆی لە میسر لە چاوتێبڕینی میری میران [محەمەد] ئیبن رائیق بپارێزێت، کە پاشتر ناچار بوو دەستبەرداری نیمچە دورگەی سینا– کە بۆ بەرگریکردن لە وڵات پێویست بوو- و فەلەستینی باشوور تا رەملە ببێت، لەبەرانبەر پێدانی سەرانەیەک. کاتێک ئیبن رائیق مرد، ئیبن توغج چاوی بڕییە پۆستی میری میران و بۆ ئەو مەبەستە کەوتە دانوستان لەگەڵ خەلیفە ئەلموتتەقی، کە لە رەقەقە بوو لەسەر فورات. بەڵام پاشتر بۆی دەرکەوت دەسەلاتدارییەکی بەهێز لە وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەک میسر لە کێشمەکێش و رکابەریکردن لەگەڵ فەرماندە تورکەکان لەسەر دەسەلات لە پایتەختی رووت و رەجاڵی ئیمپراتۆرییەتەکەدا، باشترە. لەبەرئەوە کەوتە بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە میسر لەڕێگەی قایمکردنی سنووورەکانی سووریا. لەوەیشدا هەردەبوو لەگەڵ سەیف ئەلدەولە بن حەمدانیدا بەریەک بکەوێت کە سەرەنجام ناچار بوو واز لە دیمەشق بێنێت بۆی. ساڵی ٩٤٦ ئیبن تەغج مرد و لەباتی دوو کوڕەکەی [ئەنوجور و عەلی] خەساوێکی حەبەشی بەناوی کافوور کاروباری دەوڵەتی بەڕێوە دەبرد. کاتێک عەلی

مرد کافوور دەستی بەسەر مولکەکەدا گرت و خەلیفە سالی ٩٦٦ میسری بۆ دابڕی، ئەویش توانی میسر و سووریا لە هێرشی فاتیمی و حەمدانییەکان بپارێزێت.

سالی ٩٦٨ کافوور مرد و ئەبو ئەلفەوارس ئەحمەد، نەوەی ئیبن تەغج جێی گرتەوە کە هێشتا لە سەرەتای تەمەنی منداڵیدا بوو. لە سەردەمی ئەم ئەبولفەواریس ئەحمەدەدا ئەلموعیز چوارەم خەلیفەی فاتیمییەکان دەستی بە پلانەکەی پێشینانی بۆ گرتنی میسر کرد. موعیز فەرماندەیەکی مەزنی هەبوو ناوی جەوهەر بوو -کە مەولایەکی رۆمی بوو- سالی ٩٥٨ توانی دەسەڵاتی فاتیمییەکان لە رۆژئاوا تا سبتە و تەنجە بچەسپێنێت. لە ٥ی شوباتی ٩٦٩ جەوهەر بە سوپاکەیەوە لە رەقادەوە بەرەو میسر کەوتە ڕێ، تا کە گەیشتە دەروازەکانی ئەسکەندەریە وەفدێکی میسری هاتن و خۆبەدەستەوەدانی وڵاتەکەیان ڕاگەیاند. پاش ماوەیەک سوپای میسر هێزی خۆی جەم کردەوە و لە حوزەیراندا دەستی جموجۆڵ کرد، بەڵام جەوهەر لە شەڕێکدا کە لە نزیک ئەهرامەکانی جیزە رووی دا بەئاسانی شکاندی. لە سەرەتای مانگی تەمووزدا جەوهەر بەسەرکەوتوویی چووە ناو پایتەختی میسر. وەک چۆن تۆڵۆنییەکان پێش ئەو بنکەیەکی نوێیان بۆ حکومەتەکەیان لە قەتائیع، لە دەروازەکانی پایتەختدا دروست کرد، ئەویش لە ٩ی تەمموز دەستی کرد بە دروستکردنی پایتەختی ئایندەی فاتیمی لەنێوان کەنالی کۆن -کە ڕۆژێک لە ڕۆژان نیلی بە سویسەوە دەبەست و پاشتر قوڕ دایپۆشی- و چیای موقەتەمدا. وەک چۆن شارە ئیسلامییە کۆنەکان بۆ چەند گەڕەکێک دابەش دەبوون کە هۆزە عەرەبەکان بەجیا تێیاندا نیشتەجێ دەبوون، بەهەمان شێوە جەوهەر شارە تازەکەی بۆ چەند گەڕەکێک بۆ هەریەک لە ڕۆم و ئەرمەن و بەربەر و کورد و تورک و زنج دابەش کرد. پاشان ناوینا (مەنسووریە). تا کاتێک (ئەلموعیز لیدینیللا) پاش چوار سال هاتە وڵاتەکە ناوی نا قاهیرەی موعیززی، واتە شاری موعیز کە شاران دەبەزێنێت.

ئەلحاکیم بینەمریللا- دروزەکان

لە سایەی فاتیمییەکاندا کە دەسەڵاتەکەیان نزیکەی ٢٠٥ سالی خایاند، میسر لە ئاستێکی باش لە ئارامی بەهرەمەند بوو، سەرەڕای شەکەتکردنی بەردەوامی باری وڵات لەڕێی باجەوە. موعیز و جێنشینەکەی، عەزیز، بەیارمەتیی فەرمانبەرانی جولەکە و دیان (مەسیحی)، بناغەیان بۆ بەڕێوەبردنێکی دروست دانا، کە لێرەیش وەزیر سەرۆکایەتی دەکرد. بەڵام کاتێک سێیەم خەلیفەی فاتیمی ئەلحاکیم ئەبو عەلی ئەلمەنسوور هاتە سەر حوکم، یادێکی بۆ خۆی بەنەمری هێشتەوە کە زیاتر بۆ چەند سیفەتێکی جیاواز دەگەڕێتەوە و بناغەیان باری نائاسایی دەروونییە، تا ئەوەی بۆ خزمەتەکانی بۆ وڵاتەکە بگەڕێتەوە. بێگومان لە سالە سەرەتاکانی حوکمیدا زۆر لەخەمی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا

بوو وەک سەرۆکی دەوڵەت، خۆنەویستانە خزمەتی وڵاتی دەکرد و بۆ بەختەوەرکردن و گەشەپێدانی تێدەکۆشا. لە بەسەرەوە ئەلحەسەن بن هەیثەم زانای سروشتی و ماتماتیکناسی بەناوبانگی هێنا[٧٨]، کە لە کتێبە سەرەکییەکەیدا: بینیناسی (کتاب المناظر) Optics تیۆری کۆنی ئوقلدیسی پووچەڵ کردۆتەوە کە دەڵێت بینین بەهۆی چوونی تیشکێکەوەیە لە چاوەوە بۆ شتە بینراوەکان، بەوەیش رابەرایەتیی ئەو زانستەی لە ئەوروپایش بۆ گوێزرایەوە تا دەرکەوتنی کیپلەر. راستییەکەی، حەسەن بەڵێنی بە حاکم دا لافاوی نیل رێک بخات کە بناغەی بەپێتیی وڵاتی میسر بوو، کاتێک شکستی هێنا لەوەی حساباتە تیۆرییەکانی بکاتە کردار، بۆ خۆپاراستن لە تووڕەیی حاکم ناچار بوو بەدرێژایی تەمەنی ئەو حاکمە خۆی بشارێتەوە. بێگومان ئەو دەسەڵاتە رەهایەی حاکم هەیبوو و هێشتا پیرۆزییەکی ئایینی لەپشتی بوو، سەرەنجام عەقڵی تێکدا.

هەوڵی دەدا ئەو یاسایانەی ئیسلام زیندوو بکاتەوە کە شارستانێتی کاریگەریی نەهێشتبوون وەک حەرامکردنی شەراب کە لە زووەوە وەک پێتێکی مردوو مابوویەوە، بۆ ئەوەیش هیچ رێگەیەکی نەدۆزیەوە پەنای بۆ ببات جگە لە بنبڕکردنی مێو، کە خۆی لە میسردا زۆر نەدەبوو، هەروەها قەدەغەکردنی هێنانی سەرجەم شەرابە مەستکەرەکان. نەک هەر ئەوە، بگرە تا رادەیەکی زیاتر رۆچووە ناو ژیانی رۆژانە، ئەویش لەڕێی هەندێ یاساوە کە مەبەستی لێیان ئەوە بوو خواستی میللەتەکەی بۆ چێژ سنووردار بکات، لەبەرئەوە نەک هەر خولککردن بۆ نانخواردن و موۆسیقای حەرام کرد، بگرە شەترەنج و تەنانەت سەیرانی لە کەناری نیلیشدا قەدەغە کرد. حاکم جەنگێکی بێئامانی دژی بەدئاکاریی ئافرەتان بەرپا کرد، کە هێشتا لەتوانایاندا بوو لە شارە گەورەکاندا دەرفەتی بەردەوام بدۆزنەوە بۆ بەدەستهێنانی ساتەکانی خۆشەویستی و چێژ لێوەرگرتنی، سەرباری ژیانی حەرەمسەرا، ئەویش لەڕێی سیستمێکی قەدەغەکردن و چاوترساندن لەلایەن پیرەژنانەوە. کاتێک بۆی دەرکەوت ئەو چەکە یەکلاکەرەوە نیە، فەرمانی بۆ سەرجەم ئافرەتان دەرکرد لە ماڵەکانیاندا بمێننەوە و سزای هەر کەسێکی دەدا پێڵاوی ئافرەتانەی دروست بکردایە، تا ئەوەیش ببێتە یارمەتیدەر بۆ بەتوندی جێبەجێکردنی فەرمانەکەی. هەروەها ئەو سیستمە کۆنانەی زیندوو کردەوە کە ئەهلی زیمەی ناچار دەکرد بەپۆشینی جلوبەرگێک لە موسڵمانانیان جیا بکاتەوە، بگرە ئەم سیستمە قورستر کرا بەوەی جولەکە ناچار کران زەنگ بکەنە ملیان، هەروەها مەسیحییەکان ناچار کران خاچی تەختەیین بکەنە ملیان کە کێشی هەر خاچێک پێنج رەتڵ بوو. سروشتی بوو لە کۆشکەکەیدا دەست بە توندڕەوترین نەزعە شیعییەکانەوە بگرێت، ئەو نەزعەیەی ئەمیری رەچەڵەک شەرعی بە بەرجەستەبوونی زاتی ئیلاهی دادەنێت، بەگوێرەی نەریتی فارسیی کۆن. بۆچوونی بەهێز

---

[٧٨] لە خۆرئاوا بە Alhazen ناسراوە.

ئەوەیە ئەو خۆی بانگەشەی خوایەتی کردوە. پاش مردنی محەمەد کوڕی ئیسماعیل ئەلدەرەزی و جێنشینەکەی حەمزە کوڕی ئەحمەد ئەلهادی لە سووریا کەوتنە بانگەواز بۆ مەزهبێکی نوێ کە شوێنکەوتەکانی بە دروز ناسران، لەناوی دامەزرێنەرەکەیەوە، کە تێیدا بیرۆکەی ئاوێتەبوون (حلول) و هەندێ بیروباوەڕی بتپەرستانەی کۆن، هەروەها ئولوهیەتی حاکم، بەسەر ئیسلامدا زاڵ بووە و بەتەواوی دایپۆشیوە. لە لوبنان لەنێو دانیشتوانە ئازا و ئازادیخوازەکانی چیادا، ئەم فیرقەیە شوێنکەوتەی بەجۆشی پەیدا کرد کە بەدرێژایی سەردەمەکان بیروباوەڕەکانیان هەڵگرتوە و هێشتایش و زۆر جار کاریان لە رێڕەوی مێژووی سووری کردوە. بێگومان کۆتایی حاکمەکە هێشتا لوغزێکی تەمومژاوییە، نەک تەنیا لەبەر هۆی ئاینی، بەڵکو لەبەر هۆی سیاسیش. پێدەچێت بووبێتە قوربانی پیلانێک کە سیاسەتی بێبارى سەردەمەکەی چنیویەتی. هەروەها دەوترێت بەهەڵنانی گەورەپیاوانی دەست و پێوەندەکەی ساڵی ١٠٢١ کوژراوە لەو کاتەی دەروازەکانی قاهیرەدا سوار بووە.

کۆتایی فاتیمییەکان

هەرچی جێنشینەکانی بوون، بەگشتی لەنێو خۆشی و رابواردنی کۆشکدا نوقم بوون و دەستەپاچە بوون لەئاست کوژاندنەوەی ئاشووبی جاشەکان (المرتزقة) و چاککردنی دۆخی خراپی ئابووریی ووڵات، پاش ئەوەی لەو کاتەدا ئاستی ئاوی نیل دابەزینێکی گەورەی بەخۆوە دەبینی. تا نیوەی دووەمی سەردەمی ئەلموستەنسیر (١٠٣٦-١٠٩٤)، نەوەی حاکم، سیستم لە سەرتاسەری ووڵاتدا جێگیر نەکرا، ئەویش کاتێک بەدر ئەلجەمالی -کە ئەرمەنییەک بوو سەرەتا وەک فەرماندەیەکی سەربازی لە سووریا دەرکەوت پاشان ساڵی ١٠٧٣ دەسەڵاتی گەورەی خرایە بەردەست- توانی بەسەر تاکڕەویی فەرماندە تورکەکان و ملهوڕیی ئەمیرەکاندا زاڵ بێت، بەڵام نەیتوانی دەسەڵاتی فاتیمییەکان لە سووریا بچەسپێنێت (کە ئەمیری دەوڵەتۆکەکان بەبەردەوامی هەڕەشەیان لێدەکرد) و لە هێرشەکانی سەلجووقییەکان، کە لەو کاتەدا لە رۆژهەڵات سەریان هەڵدابوو، بپارێزێت. لەگەڵ دەسپێکی ساڵی ١٠٦٠دا حەلەب کەوتە دەست میرداسییەکان کە لەنێوان عەرەبە دەشتەکییەکانی سووریا سەریان هەڵدابوو. ساڵی ١٠٧١ قودس کەوتە دەست سەلجووقییەکان، پاش ئەویش دیمەشق. تا کاتێک خەلیفە و بەدر ئەلجەمالی هەردووکیان ساڵی ١٠٩٤ مردن، (ئەلمەلیک ئەلئەفزەل) کوڕی جەمالی و جێنشینی، (موستەعلی کوڕی موستەنسیر)ی کرد بە خەلیفە و بەتەواوی کۆنترۆڵی کرد. ئەلمەلیک ئەلئەفزەل سەرەتا توانی حوکمی فاتیمی لە سووریا بچەسپێنێت لەڕێی دەرهێنانی شارە پیرۆزەکە لە دەستی دەوڵەتی ئەرتوقییە، کە ملکەچی دەسەڵاتی سەلجووقییەکان بوون و بنکەکەی لە بەیتولمەقدیس بوو. بەڵام لەوکاتەدا ئیسلام دەبوو رووبەڕووی دژبەرێکی نوێ و زۆر

مەترسیدار ببێتەوە، ئەویش خاچپەرستەکان بوون. مەترسیی ئەمانە سەرەتا رۆشن نەبوو و بەچاوی سووک سەیر دەکرا و لە ناوەندی ئەو پاشاگەردانییەی ناوچەکەی گرتبووەوە لەئەنجامی ململانێی بەردەوامی نێوان دەوڵەتۆکەکان لەسەر سەرۆکایەتی، حسابی پێویستی بۆ نەکرا.

ساڵی ١٠٩٩ بەیتولمەقدیس کەوتە دەستی خاچپەرستان، کە لە دوو دەیەی پاشتردا، پاش زنجیرەیەک شەڕ کە تێیاندا هەندێ جار فاتیمییەکان سەردەکەوتن و هەندێ جار خاچپەرستان، توانییان قەڵەمڕەوی فاتیمییەکان لە سنووری ناوچەی کەناریی صور و عەسقەلاندا قەتیس بکەن. ساڵی ١١٢١ ئەلمەلیک ئەلئەفزەل غافڵکوژ کرا. خەلیفە "ئەلئەمیر" لە سەرپرسی (وصایە)ی ئەفزەل و دەستگرتنی تاکڕەوانەی بەسەر کاروبارەکاندا بێزار بوو. ئەوکاتە دەوڵەتەکە گەیشتە ئەجەلی حەتمیی خۆی. لە گەرمەی کێشەی نێوان ئەمیرە خاچپەرستەکان و تورکەکان لە سووریا و فەرماندە تاکڕەوەکان لە پایتەخت خۆیدا، وڵات تەنیا لە سایەی ئەمیرێکی لیهاتوودا بۆ ماوەیەک ئاشتی بەخۆوە بینی، ئەویش تەڵایع ئیبن ڕوزیک بوو، کە لەلایەن ژنەکانی خەلیفەی کوژراو "زافیر"ەوە بانگ کرا بۆ وەرگرتنی دەسەڵات. بەڵام دوای شەش ساڵ کەسێک خەنجەرێکی لێدا و کوشتی. ئەلعازد دواین خەلیفەی فاتیمییەکان لەتوانایدا نەبوو هێزی باڵادەستی فەرماندە سەلجووقییەکان لە دیمەشق بەرپەرچ بداتەوە، لەبەرئەوە ناچار بوو یەکێکیان، کە شێرکۆ بوو، بەوەزیر دابمەزرێنێت. ئەو شێرکۆیە کورد بوو، لە وەزارەتدا سەلاحەدین جێگەی گرتەوە، کە وەک پاشتر دەبینین، بەڕەسمی دوایین ئاسەواری بەناو دەسەلاتی فاتیمییەکانی نەهێشت.

سەرەڕای ئەو لاوازییەی بەخێرایی یەخەی فاتیمییەکانی گرت، توانیبوویان سەردەمانێکی دوور و درێژ لە خۆشگوزەرانیی بەرچاو بۆ میسر مسۆگەر بکەن، ئەویش بەچاکەی ئەو ئیدارەیەی هەردوو خەلیفەی یەکەم بناغەکەیان دانا. لەڕاستیدا شکۆی کۆشکەکانیان، لەپاڵ سیستمێکی تەشریفاتی تائەوپەڕی سنوور ورد، وێنەی لای هیچکام لە رکابەرەکانیان نەبوو. شوێنەوارە عیمرانییە مەزنەکانیان، وەک مزگەوتی ئەلحاکم و مزگەوتی ئەلئەزهەر کە تا ئەمڕۆیش وەک مەزنترین دامەزراوەکانی خوێندن لە ئیسلامدا گەشاوەیە، بەڵگەن لەسەر ئەم هیمەتە بەرزەیەی دایهێناون.

ئەفریقیا، ئەو وێلایەتەی دەوڵەتی فاتیمی بۆ یەکەم جار تێیدا سەری هەڵدا، یەکەم ناوچە بوو لە چنگی فاتیمییەکان دەرچوو پاش سەقامگیربوونیان لە میسر. ئەوە بوو یوسف بولوککین کوڕی زیری، یەکەم والییان لەسەر ئەفریقیا، ساڵی ٩٧٢ سەربەخۆیی ڕاگەیاند، لە سەردەمی نەوەکەیدا بادیس، حەمادی مامی بادیس دەوڵەتێکی نوێی لە جەزائیر دامەزراند. لە گەرمەی ئەم ململانێیە کوشندەیەدا کە موسڵمانان هێزی خۆیانیان تێدا خەرج کرد، نۆرماندییەکان لە سەردەمی ڕوجاردا دەستیان بەسەر سەقڵییەدا گرت، جنوی و پیسانییەکانیش دەستیان بەسەر کورسیکا و ساردینیادا گرت، کە هەموو ئەم دورگانە هی موسڵمانان بوون.

لەنێوان دانیشتوانی تیبت و چین لە رۆژهەلات و رەگەزی ئاسیایی کۆن (سیبیری) لە باکوور و گەلانی فینلەندیی ئۆغریدا لە خۆرئاوا گەلی تورکی پەیدا بوو، لەسەر دەشتاییە پان و پۆرەکانی باکووری سیبریا و بیابانەکانی نێوان دەریای خەزەر (قەزوین) و چیاکانی ئالتای، لە گرووپێکی نەژادی و زمانەوانی کە لەوانەیە لە چاخە بەراییەکاندا مەغۆل و تونکوتیش-یان لەخۆ گرتبێت. ئەم گەلە هەندێ کەسایەتیی حوکمڕانی گەورە سەرۆکایەتییان کردوە لە چەشنی ئەوانەی لەنێو گەلانی خاوەن دۆخی خێڵەکی و باوکسالاریدا پەیدا بوون، کە زۆرجار لە مێژووی ئەو ناوچانەدا بەرچاومان دەکەون. کاتێک تورکەکان، پاش ئەوەی لە بنارەکانی تیان شان-ەوە دەستیان بەجوڵان کرد بۆ بیابانەکانی ئاسیای ناوەڕاست، چوونە ناو قۆناغەکانی مێژوو، کۆمەڵێک تایبەتمەندیی نەژادییان بۆ گەلاڵە بوو کە زانایانی نەژادناسی بە تایبەتمەندییە تۆرانییەکان وەسفیان دەکەن. لەکاتێکدا سیما مەغۆلییەکان لەنێو تورکەکانی باکووردا دەرکەوتوە، لقەکانی باشوور پارێزگارییان لە شێوەیەکی جەستەیی ئەندام هاوئاهەنگ کردوە کە بەلای هەندێ گەورەییدا چووە، روومەتێکی لەدرێژیدا مامناوەند، بە لووتێکی رێکی بەهێز و تەوێڵێکی بەرزی لێڕ و پرچێکی چڕ و پڕ، جیا دەکرێتەوە.

کۆنترین مەملەکەتە تورکەکان
لە ئاسیای ناوەڕاست و ئاسیای رۆژهەلات

لە سەدەی شەشەمی زاینیدا تورکەکان بووبوونە خاوەنی دوو دەوڵەتی بەهێز کە لە مەنگۆلیا و سنووورەکانی باکووری چینەوە تا دەریای رەش درێژ دەبوونەوە. هەرچی دامەزرێنەری دەوڵەتە رۆژهەلاتییەکەیە "بومین" ساڵی ٥٥٢ مرد، براکەیشی "ئیستمی" کە ناوچە رۆژئاواییەکان ملکەچی بوون نزیکەی چارەکە سەدەیەک پاش ئەو ژیا. پاشان بنەماڵەی دەسەلاتداری تانغ لە چین دەوروبەری ساڵی ٦٣٠ دەوڵەتە رۆژهەلاتییەکەی و دەوروبەری ساڵی ٦٥٩یش دەوڵەتە رۆژئاواییەکەی لەناو برد. بەڵام تورکەکانی باکوور زۆری نەبرد ساڵی ٦٨٢ تەوقی بێگانەیان لەملیان داکەند و تا ساڵی ٧٤٥ پارێزگارییان لە سەربەخۆییان کرد. کۆنترین شوێنەواری زمانی تورکی رۆژگار پاراستبێتی ئەو نووسینە درێژانەن لە کەناری ڕووباری ئورخون لە مەنگۆلیا لەسەر گۆڕی هاوبەشی دوو لە ئەمیرەکانی ئەو دەوڵەتە، بیلکا کاغان و برا بچووکەکەی کولتیجین دۆزرانەوە، کە بۆ ساڵی ٧٣١ ساڵی ٧٣٤ دەگەڕێنەوە، بەخەتێک نووسراون نزیک لە خەتی "رووونی" [کە گەلانی

ئەڵمـــانی لە دەوروبەری ســـەدەی دووەمـــی زاینیـــدا بەکاریـــان هێنـــاوە]، لە فارســـەوە وەریـــانگرتبوو و لە خەتـــی ئارامییـــان هـــەڵێنجابوو. هەریەک لەو دوو دەوڵەتە دەوارنشـــین (بەدەوی)ـە لە چەند گرووپێکی خێڵەکی بەباشی ڕێکنەخراویان پێکدەهات، کە چەند خان یاخود ئەمیرێک سەرگەورەیان بوون کە هەموو ملکەچی ئەمیری باڵای جەنگ بوون و پێی دەوترا "کاغان" (خاقان). "خانەکان" لەنێو بەگە خانەدانەکاندا سەریان هەڵدا کە هێشتا خەڵک خۆویستانە ملکەچیان دەبوون.

ڕێکخســتنی کارەکـان لەو دوو دەوڵەتە –کە ئەو ڕێکخســتنە بە دۆخ و نازنـاوی جێگیـر جیـا دەکـرێتەوە کە لە دەوڵەتـی ئیســلامیی تورکیشـدا کـار بە هەنـدێکیان دەکـرا- بەڵگەیە لەسەر ئەوەی تورکە کۆنەکان هەندێ هەنگاوی بەراییان بۆ دانانی کۆمەڵێک یاسـای گشـتی نـــاوە، کە پاشـــتر جێنشـــینەکانیان لە حوکمـــدا کاریـــان پێکـــردن. هەروەهـــا ســـەقڵەبی (ســـلاڤی)یەکـان ئەم یاســا تـــورکییە کۆنەیـــان لە ئاواریییەکـان Avars وەرگـــرت. ژیـــانی نەتەوەییان زیاتر لە جەژنەکان و ئەو ڕاو و شکار و شـەڕ و تاڵانکارییەی لەو جەژنانەدا دەکران دەردەکەوت، کە لە گرنگترین ئەرکەکانی ئەمیر ئەوە بوو سەخاوەتمەندانە خۆی بۆ ئامادە بکات.

هەرچـی ژیـانی ئاینییـان بـوو "شـامان" Shaman [واتە: هەژار یـان کـاهین] بەســـەریدا باڵادەست بوو، کە لە توانایدا بوو لەڕێی لەهۆش خۆچوونێکەوە کە بەزۆری دەستکرد بوو، گیـانە شـــەڕخوازەکانی ژێـر زەوی دەربکـات و بەرەکەت لە هەردوو ڕۆحـی خێرخـوازی زەوی و ئاو و ڕۆحی پێشینان، کە لە بەهەشتدا دەسووڕێنەوە، دابەزێنێت. کەس نەیدەوێرا –لە ڕێگەی شامانەوە نەبێت- پەیوەندی بە زاتی باڵا، ئاسمانەوە بکات، کە ئەو خواوەندەیە جیهانی خەلق کردوە و هەر حەڤدە چینە باڵاکە کە بوونەوەرانی چاکەکار تێیدا نیشتەجێن، ملکەچین. پێش هاتنی ئیسلام لەنێو تورکەکاندا باوەڕ بە هێزی قەزا و قەدەر بـاڵاو بـووبەوە کە لە جیهان و زەماندا بەرجەستەیە و وەک شەخسی باوەڕ وابوو، پڕە لە حەسـوودی و ئارەزووی تۆڵەکردنەوە لە مەزنیی مرۆڤی.

دەوڵەتێکی لەم شێوەیە ناتوانێت بڕی مەگەر ســەرکردەیەکی چوست و چـالاکی هەبێت کە بەشـــە پەرش و بڵاوەکـانی کۆبکـاتەوە و لەڕێـی پەلامـاردان و ســـەپاندنی ســـەرانەوە دراوســـێکانی بقـــۆزێتەوە. دەوروبەری ســـاڵی ٧٠٠ عەرەبەکـان، لە ســـەردەمی ئومەوێـدا، بەتەواوی دەســتیان گرتبـوو بەســـەر دوورتـرین بەشـــەکانی پێشـــەوەی ســـەنتەرەکانی ئەم دەوڵەتە لە ڕۆژئاوا. ساڵی ٧٤٥ مەملەکە باکوورییەکەیش کەوتە دەست هێزێکیتری تورکی، ئەویش هۆزی ئویگور بوو و لە بنەڕەتدا لە کەناری ڕووبـاری ســەلینگا نیشتەجێ بـوو. ئەم هێزە تورکییە نوێیە ڕێگەی دا بە مەسـیحییە سـوورییەکانی سـەر بە مەزهـبی نەسـتووری و هەروەهـا بە نیـردە مانەوییەکـان کە سـوغدەکان ڕەوانەی ئەو ناوچەیەیـان کردبـوون، لەو

ناوچانەی لەژێر دەستیدا بوون بانگەواز بکەن. لەباتی پیتە کۆنەکان شێوەیەکی نوێ لە پیتە ئارامییەکانیان داهێنا کە پاشتر لە دەوڵەتی مەغۆلیشدا باو بوون. ساڵی ٨٤٠ کاتێک قیرغیز ئیمپراتۆرییەتی ئویگۆری لە باکوور لەناو برد ئویگۆرییەکان کۆچیان کرد بۆ ئەو ناوچەیەی ئەمڕۆ تورکستانی چینی پێکدێنێت، کە پێش لەوان تورکەکان تێیدا جێگیر بوون. لێرەدا نێردەکانی بانگەوازی ئاینیی بوودایش سەریان هەڵدا و لەگەڵ بانگخوازانی مەسیحی و مانەوی کەوتنە کێبرکێ لە دامەزراندنی زمانێکی نەتەوەیی بەهێز و شێلگیر بۆ ئەو تورکانە، ئەگەرچی ئەو زمانە سەرەتا تەنیا لە کتێبە وەرگێڕاوەکاندا بەکار دەهات. ساڵی ١٠٢٨ تەنکوتیون یەکێک لە دوو میرنشینە ئویگوورییەکانی لەناو برد، ئەوەیان کە لە کانشو بوو، لەکاتێکدا ئەویتریان توانی تا سەردەمی مەغۆل بەردەوام بێت. قیرغیزەکان کە پێشتر لە موڵکەکانی پێشینانیان دەریان کردبوون، پێشتر ملکەچی دەسەڵاتی هۆزی خیتای[٧٩] مەغۆلی بوون. گێڕانەوەکان باس لەوە دەکەن گەورەی [ئەم هۆزە] داوای لە ئویگوورییەکان کردوە -کە خاوەن پێگە و شارستانێتییەکی پێشکەوتووتر بوون- بگەڕێنەوە بۆ شوێنی یەکەمیان، بەڵام ئەوان بەگوێیان نەکردوە. لەکاتێکدا لە سەرەتاکانی سەدەی هەشتەمدا پیاوانی مەملەکەتە تورکییە رۆژئاواییەکە هێشتا دەستیان بەسەر سنوورەکانی ئێراندا گرتبوو، ئێران پێش لەوە کەتبووە ژێر حوکمی ئومەوییەکان و ژمارەیەکی بێشومار لە رۆڵەکانی خستبووە بازاڕی کۆیلەکانەوە. لە شوێنێکی پێشتردا باسمان کرد ئەوانە چۆن توانییان لە سەردەمی عەباسییەکاندا دەست بەسەر بەغدادا بگرن و چۆن چۆنی هەندێ کەسیان توانییان بۆ ماوەیەک دەست بەسەر هەندێ هەرێمیتریشدا بگرن.

سامانییەکان لە خوراسان

بنکەکانی پێشووی سامانییەکان -هەرێمی ئەودیو رووبار Transoxania و بوخارا و سەمەرقەند- لە سایەی حکومەتە رۆشنگەرەکەیان لە سەدەی نۆیەمدا لە ئارامییەکی رێژەیی بەهرەمەند بوو. دامەزرێنەری ئەم دەوڵەتە سامان خوداھ (واتە گەورەی گوندی سامان لە ناوچەی بەڵخ) کەسێکی فارس بوو لە سەردەمی خیلافەتی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیکدا (٧٢٤-٧٤٣) موسڵمان بوو. ساڵی ٨١٩ مەئموون هەر چوار نەوەکەی سامانی بە والی سەرمەرقەند و فەرغانە و شاش و هیرات دامەزراند. دەسەڵاتەکەیان سەرەتا لەلایەنی ئال تاهیرەوە بوو. پاشان ئەحمەد، ئەمیری فەرغانە، هەوڵی دا دەسەڵاتی خۆی بەسەر سەرمەرقەندیشدا بسەپێنێت، تا ساڵی ٨٧٥ خەلیفە خۆی هەرێمی ئەودیو رووباری دایە نەسری کوڕی ئەحمەد و ئیسماعیلی برای کردە والیی بوخارا و سنووری

[٧٩] ئەو ناوەیە تا ئەمڕۆ هێشتا لە زمانی رووسیدا بە چین دەوترێت.

بۆ ئەو پشتیوانیە دانا کە لەو کاتەوە جەنگ لەگەڵ سەفارییەکان سەری هەڵدابوو، بااڵی بەسەردا کێشابوو و خانەدانەکانی ناچار بە خۆبەدەستەوەدان کرد. ساڵی ٩٠٣ ئیسماعیل -پاش دامالینی براکەی لە هەر دەسەاڵتێکی کرداری- توانی خوراسان لە دەستی عەمر [بن اللیث]ی سەفاری دەربێنێت و لەئەنجامی سەرکەوتنی بەسەر محەمەد بن زەید ئەلعەلەویدا دەست بەسەر تەبەرستاندا بگرێت. کاتێک جێنشینەکانی هاتن سیستان و جورجانیشیان گرت، بەاڵم تەبەرستانیان لەدەست دا پاش ئەوەی ئال بوویەـ دەستیان بەسەردا گرت. رووبەری قەڵەمڕەوییان لە وااتی باب و باپیرانیان وردە وردە لەسەر دەستی دەوڵەتی تورکیی نەتەوەیی کە ئیلک خانەکان لە تورکستان دایانمەزراند، بەرتەسک دەبوویەوە. ئەوانە سەرەتا لەو ناوچانە سەریان هەڵدا کە دەکەونە باکوور و باشووری تیان شان، پاشان لەوێوە بەئاراستەی رۆژئاوا ملیان نا.

شیعری فارسی

هەرچۆن بێت، لە نیوەی یەکەمی سەدەی دەیەمدا، سەردەمی نەسری دووەم (٩١٣-٩٤٢) و نوحی یەکەم (٩٤٢-٩٥٤)، ئەو ناوچانەی دەکەوتنە ژێر حەوزی سامانی ناوەندی شارستانێتییەکی گەشاوە بوون. زەوییە نزمەکانی ئەودیو رووبار و ئاوە مشەمەڕەکانیان لە مێژ بوو وەگەڕ دەخران و بەهۆی بایەخپێدانی رێکوپێک و زیرەکانەوە حاسااڵتێکی زۆریان بەرهەمە دەهێنا. لێرەدا جارێکیتر هۆشی نەتەوەیی سەرلەنوێ لای فارس بووژایەوە پاش ئەوەی سەروەریی سیاسی و ئایینیی عەرەب بۆ ماوەیەکی زۆر کۆیلاندبوونی. ئەگەرچی فارس هەر لە سەرەتای خیلافەتی عەباسییەوە لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و لە الیەنە فەرهەنگییەکانەوە زۆر پێش عەرەب کەوتبوون، بەاڵم خزمەت و سەروەرییەکانیان پاشتر بۆ عەرەب بەسوود بوون، چونکە نەدەکرا زمانی قورئان لە کاروباری گشتی و ئەدەب دوور بخرێتەوە. بەاڵم فارسەکان، لێرە لە رۆژهەاڵت، بۆ یەکەم جار شەرەف و مەزنیی زمانە نەتەوەییەکەیان یاد کەوتەوە. ئەگەرچی خانەدانانی فارس لە خاوەن زەوییەکان هیچ رۆژێک دەستیان لە بایەخدان بە شانازییە نەتەوەییەکانیان لە ژیاننامەی پاشا و قارەمانەکانیان بەرنەداوە، هەروەها ئەگەرچی گەل بەدڵنیاییەوە هونەری شیعروتنی لەیاد نەکرد، بەاڵم لەڕاستیدا سەرلەنوێ موتوربەکردنی ئەم میراتە رۆحییە لە کۆشکی سامانییەکان و لەسەر دەستی ئەوان بەدیهات. لە سەردەمی نەسری دووەمدا، ناوی (رۆدکی) Rudaki وەک یەکەم شاعیری گۆرانیی فارسی کە هەواڵیمان بەهەندێ وردەکارییەوە پێگەیشتوە، دەرەوشایەوە. ئەگەرچی شیعرەکانی وشەی عەرەبییان تێدایە و ئەو کێشانەی بەکاری هێناون وەک کێشەکانی سەرجەم شاعیرانی دوای ئەون و لە قاڵبە عەرەبییەکاندا داڕێژراون، بەاڵم لە شیعرەکانیدا بانگەشەی بۆ ژیانێکی بێخەم و خۆش و -

سەرەڕای ئامۆژگارییەکانی ئیسلام- ئیلهاموەرگرتوو نەک تەنیا لە خۆشەویستیی ئافرەت و گۆرانی، بەڵکو لە خۆشەویستیی شەرابیش، کردوە. رۆدکی هەروەها دامەزرێنەری "داستانی فێرکردن" بوو، کە بەپێترین لقەکانی ئەدەبی فارسییە بەرەهایی. کتێبی (کلیله و دمنه)ی هیندیی کۆنی لە شیعری فارسیدا داڕشت، کە پێشتر ئیمپراتۆری ساسانی کیسرا نەوشیروان (٥٣١-٥٧٩) فەرمانی بە پزیشکە تایبەتەکەی، بەرزەوەیەب کرد وەریبگێڕێتە سەر زمانی پەهلەوی. پاشتریش عەبدولا بن ئەلموقەفەعی فارسی لە سەرەتای دەوڵەتی عەباسیدا کردی بەعەرەبی. رۆدکی هەروەها چیرۆکی سیندیباد و حەوت وەزیرەکەی بەشیعری فارسی هۆنیوەتەوە. لە سەردەمی مەنسوور بن نوح (٩٦١-٩٧٦)دا وەزیری بەلعەمی کتێبە مێژوویی گەورەکەی تەبەری لەبارە مێژووی جیهانەوە وەرگێڕایە سەر زمانی فارسی و بەوە بەردی بناغەی زانستی مێژووی لای فارس دانا، ئەو زانستەی قەدەری وابوو پاشتر زۆر گەشە بکات. لە بوارەکانی مەعریفەی زانستی پەتییشدا بێگومان زمانی عەرەبی، لێرە لە رۆژهەڵاتیش، ریزی پێشەوەی گرتوە. بەم شێوەیە دەبینین ئیبن سینای فەیلەسوف و پزیشکی بەناوبانگ کە لە سەردەمی نوحی کوڕی مەنسوور (٩٧٦-٩٩٧)، هەشتەمین ئەمیری سامانییەکاندا دەستی بەبەرهەمهێنان کردوە، بەزمانی عەرەبی کتێبە فەلسەفییەکانی و کتێبی "القانون"ەکەی داناوە کە سەرچاوەی بنچینەیی بوو لە زانستی پزیشکی لە ئەورووپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا و تا ئەم نزیکانە بەسەر تەواوی هونەری چارەسەرکردن لە فارسدا زاڵ بوو.

پەیدابوونی زانستی جوگرافیا

لە کۆشکی سامانییەکان جوگرافیای عەرەبیش گەیشتە لوتکەی زانستیی خۆی ئەگەرچی عەرەب زۆر پێش لەوە بایەخی تایبەتیان بە وەسفکردنی ولاتان داوە، کە ئەوە بەتایبەت لە باشووری نیشتمانی عەرەب شانازیکردن بەو شارستانێتییەی ئەو ناوچەیە پێش ئیسلام هەیبوو، هانی دەدا، وەک ئەوەی لە کتێبی (صفة جزيرة العرب)ی هەمەدانیدا دەیبینین کە ساڵی ٩٤٥ لە بەندیخانەی سەنعا مردوە. لەڕاستیدا ئەو سیستمی پۆستە و زانیارییەی ئومەوییەکان لە پاشا مەزنەکانی فارسیان وەرگرت و عەباسییە یەکەمەکان لەڕووی وردەکاری و فراوانیەوە پێشیان خست، لە سەدەی نۆیەمەوە تۆڕێک پەیوەندی پێشکەشی دەوڵەت کرد کە وەزیفەداران لە ئیمپراتۆرییەتەکەدا سوودیان لێ بینی. هەروەها ئەو کتێبانەی سەبارەت بە باج دادەنران بایەخیان بە ڕێکخستنی ئیمپراتۆری دەدا. لە بەغدا، کە ناوەندی بازرگانیی جیهانی بوو لەو کاتەدا، بایەخدانێکی گەورە بە کاروباری ولاتان و ئیمپراتۆرییەتەکان و گەلانی بیانی پەیدا بوو، کە بەشێوەیەکی تایبەت لە کتێبە جوگرافییە بزربووەکانی جاحیزدا دیارە. لە کۆشکی ئیسماعیلی ساسانیشدا (٨٩٢-٩٠٧) وەزیر

ئەلجیهانی کتێبێکی داناوە کە ئەویشمان بەدەست نەگەیشتوە، تێیدا لە باسکردنی باجەوە دەچێت بۆ وەسفکردنی ولاتانی دراوسێ. پاشان ئەبو زەیدی بەڵخی، کە لە خزمەتی ئیسماعیلدا بوو لە بەڵخ، نەخشەیەکی جوگرافی دانا و کردی بەپاشکۆی ئەتڵەسێکی ئیسلامیی کۆن کە لەسەر بناغەی کتێبێک، کە خوارەزمی پێش ساڵی ٨٤٦ لە جوگرافیای بەتڵیمۆس وەریگرتوە، دانراوە. ئەم کتێبەی ئەبو زەید پاشتر دەستکاری کرا تا لەگەڵ بارودۆخی ئیمپراتۆرییەتی فاتیمیدا بگونجێت، کەسێکی ئەندەلوسیش هەندێ شتی بۆ زیاد کردوە تا لەگەڵ ولاتەکەیدا بگونجێت. هەروەها ئەم کتێبە بناغەیەک بوو بۆ ئەو بەرهەمە کلاسیکەی مەقدیسی فەلەستینی دانا، کە ساڵی ٩٧٨ ژیانی کرد وەبەر ئەم نەخشە جوگرافییەدا لەڕێی ئەو دەقە ئەدەبییە نایابە و ئەو ماددانەی لە گەشتە تایبەتەکانی لەبارەی ئەو ناوچانەی دەکەوتنە ژێر قەڵەمڕەوی هەریەک لە سامانی و فاتیمییەکان خڕی کردبوونەوە. بەڵام مەسعوودی کە ساڵی ٩٤٦ لە میسر مردوە، ئاسۆی لەو فراوانتر بوو، حەزی گەشت و گەڕان، بەڕێگەی هیند، بەرەو سیلان و دەریای چینی برد، لەگەڵ ئەوەیشدا چالاکییەکەی لە بواری جوگرافیادا تەنیا بە بناغەیەک دادەنرێت کە کتێبە مێژوویی زۆرەکانی لەسەر هەڵدەسەنگێنرێن، کە بەداخەوە تەنیا ژمارەیەکی کەمیان بەئێمە گەیشتوون.

رووخانی دەوڵەتی سامانی

لەکۆتاییدا دەوڵەتی سامانیش بە هەمان دەرد کە عەباسییەکانی لەناوبرد، لەناوچوو. بەوەی هاوشێوەی عەباسییەکان سەرەنجام پشتیان بەتورک بەست وەک سەرچاوەیەکی هێشتا دوور لە وشککردن بۆ دابینکردنی توخمی نوێ بۆ سوپاکانیان، بگرە سامانییەکان بەهۆی ئەو ناوچە بەرفراوانە تورکنشینانەی لە سنووری قەڵەمڕەوەکەیاندا بوون لەم رووەوە دوورتریش رۆیشتن. لەڕاستیدا زۆری نەبرد تورکەکان، وەک لە بەغدا کردیان، گەیشتنە پلە بالاکان لە سوپای سامانیدا و لەوێشەوە گواستیانەوە بۆ ئیدارەی مەدەنی و پاش ماوەیەک بەهۆی ئەو دەسەلاتە بەرفراوانەی پێیان درابوو بوونە مەترسی لەسەر دەوڵەت. عەبدولمەلیکی یەکەمی سامانی (٩٥٤-٩٦١) کۆیلەی تورکی (ئەلبتەکین)ی کرد بە فەرماندەی گشتی لە خوراسان، بەپلەی یەکەم بەمەبەستی دوورخستنەوەی لە پایتەخت، پاش ئەوەی دەسەلاتی زۆر زیادی کرد تێیدا. کاتێک عەبدولمەلیک مرد ئەلبتەکین کشایەوە بۆ غەزنە لە چیاکانی سلێمان لە ئەفغانستان، کە پێشتر باوکی حاکمی بوو. بەڵام ئەم ئەلبتەکینە پێش ئەوەی ببێتە مەترسی بۆ سەر سامانییەکان مەرگ یەخەی گرت. بەڵام کۆیلەکەی بەناوی سوبوکتەکین کە پاشتر بوو بە زاوای، زۆری نەبرد باقی وەرەسەکەی

دەرکرد و لەڕێی فەتحکردنەوە لە هیند دەستی بە فراوانکردنی دەسەلاتی خۆی کرد. سەرەتا سەرکەوتوو بوو لە دەستگرتن بەسەر شاری بوست لە سیجستان (سیستان)، کە ئەمیرەکەی بانگی کردە ژوورەوە لەدڕی پیاوێک تەختی لێ داگیر کردبوو، سوبوکتەکینیش بەدەمیەوە چوو و سەری خست. تا کاتێک ئەو ئەمیرە ئەو سەرانەیەی نەدا کە بەڵێنی دابوو لەبەرانبەر ئەو خزمەتەدا بیدات، تەختەکەی بەتەواوەتی لەدەست دا. هەڵمەتەکانی سوبوکتەکین لە هیند سەرکەوتووتر بوون، کە ململانێی نێوان ئەمیرەکان رێگەی لەبەردەم هێزەکانیدا خۆش کرد و لە سەرکەوتنێکەوە دەچوو بۆ سەرکەوتنێکیتر و بەغەنیمەتی زۆرەوە دەگەڕایەوە. دوو هەڵمەتی سەرکەوتووی کردە سەر جەیبالی پاشای پەنجاب و ناچاری کرد دەستبەرداری هەرێمی گرنگی کابۆل ببێت بۆی، کە لەسەر سنوور بوو و بەسەر ئەو رێگایانەدا زاڵ بوو کە دەچوونە ناو دەشتی بەپیتی هیندی. بەم شێوەیە بە پاڵەوانی ئیسلام و شکێنەری کافران ناوبانگی دەرکرد.

مەحموودی غەزنەوی

مەحموودی کوڕی، کە سامانییەکان سااڵی ٩٩٤ کردیانە والیی خوراسان، باڵی راستی بوو لە سەرجەم ئەو هەڵمەتانەدا. سااڵی ٩٩٧ سوبوکتەکین مرد و ئیسماعیلی کوڕە گەورەی جێگەی گرتەوە، کە دەریخست کەسێکی دەستبڵاو و لێنەهاتووە. لەبەرئەوە مەحموودی بۆ داوای لێکرد دەست لە تەخت هەڵبگرێت، ئەویش رازی نەبوو. سااڵی پاشتر بەزەبری هێز ناچاری ملکەچبوونی کرد و دوای حەوت مانگ لە مردنی باوکی چووە سەر تەخت و نازناوی سوڵتانی وەرگرت. هەمان سااڵ نوحی سامانی-ش مرد و مەنسووری کوڕی جێگەی گرتەوە، مەحموود فەرمانی بۆ دەرکرد کە پێویستە دەستبەرداری خوراسان ببێت بۆی، کە ویلایەتی کۆنی خۆی بوو، بەاڵم پێش ئەوەی ئەوە ڕووبدات مەنسوور لەاڵیەن فەرماندەیەکی تورکەوە لە تەخت هێنرایە خوارەوە و چاوەکانی کوێر کران و عەبدولمەلیکی برای خرایە سەر تەختی سامانی. لێرەدا مەحموود دەرفەتی بۆ ڕەخسا کە بەناوی بەرگریکردن لە بنەمای "شەرعییەت" بێتە مەیدان و شۆڕشگێڕەکە و گەورە تازەکەی لە بەڵخ دەربکات و بێکات بە دارولمولکی خۆی. عەبدولمەلیک رایکرد بۆ بوخارا و لەوێ کەوتە دەست ئیلک خان لە تورکستان و پەلکێشی کرد بۆ جورجانیە (کورکانج). دەوروبەری سااڵی ١٠٠٤ موستەنسیر دواین سەرکردەی سامانییەکان دوای چەند سەرکێشییەکی شکستخواردوو کوژرا. هەرچۆن بێت، مەحموود دانپێدانانی ڕەسمیی خەلیفەی بە دەوڵەتەکەیدا بەدەست هێنا کە هێشتا نەیبوو، هاوکات نازناوی (یەمین ئەلدەولە)ی درایە.

فەتحکردن لە هیند

ژیانی مەحمود غەزنەوی پڕ بوو لە جیهادی بەردەوام. بەسوپاکەیەوە بەردەوام هێرشی دەکردە سەر هیند. ساڵی ١٠٠١ کابوڵستانی گرت، ماوەیەکی کەم دوای ئەوە میلتان و کەشمیری گرت و هەوڵی دا لە هەموو شوێنێک ئیسلام بڵاو بکاتەوە و جێگەی ئایینی بەرهەمی بگرێتەوە. پاشان ساڵی ١٠٠٦ ناچار بوو بەرگری لە مەملەکەتەکانی باکووری بکات لە هێرشێک کە ئیلک خان کردیە سەریان و مەحمود لە دەشتی بەڵخ خراپ تێکیشکاند. لەئاکامی ئەوەیشدا بەرەو هیند ملی نا و درێژەی بە وڵاتگیری دا. پەنجابی ملکەچ کرد، کە پاش خۆی نەوەکانی توانییان بەدرێژایی سەد و پەنجا ساڵ دەسەڵاتیان لە لاهوری پایتەختیاندا بچەسپێنن. بەهەرحاڵ، مەحمود لە وڵاتگیرییەکانیدا دوور ڕۆیشت تا پشت ڕووباری گانج و هەڵمەتەکانی لە هیند بەداگیرکردنی گوجێرات لە ١٠٢٥ کۆتایی هات. لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی لە باکوور فراوان کرد و دەستی بەسەر خوارەزمدا گرت لە ڕۆژهەڵات و گورجستان (جۆرجیا) لە ڕۆژئاوا. ساڵی ١٠٢٦ (ڕەی) لە ژێردەستی مەجد ئەلدەولەی بوەیهی دەرهێنا و خۆیشی پەلکێش کرد بۆ غەزنەی پایتەخت.

بەیروونی

بەڵام ئەو سەربازە زبرە، مەحمود، زۆر دوور بوو لە دژایەتیکردنی هونەرەکانی ئاشتی، بەڵکو غەزنەی پایتەختی بە باڵەخانە و تەلاری کەشخە رازاندەوە و پلیکانەی بەردەرگای مزگەوت و کۆشکەکەی، لە بتەکانی پەرستگەی سومەنات-ی بەرهەمی لە گوجێرات دەرهێنا پاش ئەوەی ساڵی ١٠٢٦ تاڵانی کرد. لەبەرئەوەی پاش ڕووخانی دەوڵەتی غەزنەوی شارەکە وێران بووە، هیچ لە شوێنەوارە عیمرانییەکانی مەحمودمان بۆ نەماوەتەوە جگە لە مەنارەی مزگەوتەکەی و مەزارگەکەی کە ئینگلیز ساڵی ١٨٤٢ فەرمانی دا بەگواستنەوەی دەروازە دەرەکییەکانی بۆ هیند، لەو ڕووەوە وایدەزانی ئەویش سەروەختێک بەشێک بووە لە پەرستگەی سومەنات. لەڕستیدا مەحمود دەیزانی چۆن چۆنی زانایان و شاعیرانیش بۆ کۆشکەکەی ڕابکێشێت. لە ساڵە کۆتاییەکانی ژیانیدا زانای مەزنی سەردەمەکەی و یەکێک لە گەورە زانایانی تەواوی دنیای ئیسلام لە خزمەتیدا بوو، ئەویش ئەبو ئەلڕەیحان محەمەد ئەلبەیرونی بوو کە ساڵی ١٠١٧ لە غەزنە پەیوەندی پێوە کرد کاتێک مەحمود دەستی بەسەر وڵاتی گەورەکەی پێشووی، خوارەزم شا مەئموندا گرت [دواین پاشایانی دەوڵەتی یەکەمی خوارەزمشایی]. بەیروونی لە غەزنەوە چەند گەشتێکی زانستی بۆ وڵاتی فەتحکراوی هیندی ئەنجام دا، لای هەندێ لە زانایانی خۆماڵیی ئەوێ فێری زمانی سەنسکریتی بوو، ئەوەیش دەرگا داخراوەکانی کەلتووری لە هەردوو ڕووی زانستی و ئایینییەوە دەوڵەمەندی هیندی بۆ کردەوە. ساڵی ١٠١٧ دەستی کرد بە

دانانی کتێبە بەناوبانگەکەی کە -وەک وێنەیەکی تەواو لەبارەی جیهانێکی کەلتووریی نامۆ- لە ئەدەبی عەرەبیدا بێ وێنەیە، هاوکات خزمەتێکی گەورەی بە تۆێژینەوەی ئەوروپی کرد. بەیروونی هەروەها لە جورجان سالّی ١٠٠٠ لە سەردەمی لاویدا کتێبێکی داناوە مێژووی تەواوی گەلانی تێدا خستۆتە روو[٨٠]. مەحموود وەک تورکییەک دڵسۆز بوو بۆ سوننە، لەبەرئەوە ئەدەبی عەرەبی بەسەر ئەدەبی فارسیدا هەڵدەبڕی کە بەیداخهەڵگرانی بەزۆری شیعە بوون. جەنگێکی دژ بەسەرجەم بیدعەچییان راگەیاند، تەنیا هەر بە چەوساندنەوەی ئیسماعیلی کە پەرگیرترین و تونددڕەوترین تاقمی شیعی بوون، وازی نەهێنا، بگرە چەوساندنەوەی ئەو زانا ئاینییانەیشی گرتەوە کە مەیلی ئیعتیزالییان هەبوو، بێگومان رێی تێناچێت زۆر لە کتێبی "الیمینی" تێگەیشتبێت کە تێیدا ئەلعوتبی، بەرپرسی پۆستە لە گەنج روستاک بەبالای سەروەری و پالّەوانێتییەکانیدا هەڵدەڵێت، چونکە ئەم کتێبە بەیەکێک لە نموونە بەراییەکانی ئەو شێوازە رەوانبێژییە دادەنرێت، کە تا رادەی بێزلێکردنەوە سووک و بێنرخ و پڕە لە وشەبازی، کە لەو سەردەمی پاشکەوتنەدا لە کتێبەکانی دیوانە فارسییەکانەوە هاتە ناو کتێبەکانی مێژووی عەرەبی و ناوبانگێکی خراپی بە درێژدادڕی لە رۆژهەلات داوە.

فیردەوسی

مەحموود نەیدەتوانی هیچ لە شیعری شاعیری گەورەی شیعری داستانیی فارس فیردەوسی تێبگات، کە بەبێهوودە هەوڵی دەدا دڵی بەدەست بێنێت، یەکێکیش بوو لە رەعیەتەکانی. لەڕاستیدا ئەفسانە پەیوەندارەکان بە پاشاکانی فارس و پالّەوانەکانیان تا ئەوکاتە بەپلەی یەکەم دەماودەم دەگوێزرانەوە، ئەگەرچی بناغەیان پێشتر لە بەرهەمە پەخشانە پەهلەوییەکاندا دانرابوو کە ئێبن ئەلموقەفەع گۆڕینی بۆ زمانی عەرەبی و خستنیە بەردەست مێژوونووسانی عەرەب بەتایبەت تەبەری. سالّی ٩٥٧ فەرمانبەرێکی گەورە بەناوی ئەبو مەنسوور ئەلمەعمەری چوار پیاوی راسپاد سەرجەم ئەو ئەفسانانە لە کتێبێکدا بەپەخشان بەزمانی فارسی دابڕێژنەوە بۆ حاکمی ئەوکاتی تووس لە خوراسان، مەنسوور بن عەبدولڕەزاق. بەڵام یەکەمین هەوڵەکان بۆ دەرهێنانی ئەو سامانە ئەدەبییە لە بەرگی هونەریی شاستەدا هەوڵەکەی شاعیر دەقیقی بوو کە لە کۆشکی نوح بن مەنسووری سامانیدا (٩٧٦-٩٩٧) خوێ نواند. بەڵام لەکاتێکدا هێشتا نزیکەی هەزار بەیتی

---

[٨٠] E. Sachau کتێبی (التاریخ)ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و سالّی ١٨٧٩ لە لەندەن بڵاوی کردۆتەوە. هەروەها کتێبی "تحقیق ما للهند"ی لە دوو بەرگدا وەرگێڕاوە و سالّی ١٨٨٨ دەرچوون و سالّی ١٩١٠ لە لەندەنیش سەرلەنوێ چاپی کردونەتەوە.

هۆنیبوویەوە، بەدەست هەتیومچەیەک کوژرا. دەوروبەری ساڵی ٩٩٠، پاش ئەو شاعیری تووسی، فیردەوسی ئەرکەکەی گرتە ئەستۆ و تەمەنی لە شەست تێپەڕیبوو، لە یازدە ساڵدا تەواوی کرد. لەڕاستیدا ئێمە لە (شانامە)ی فیردەوسیدا -بەمانای "کتێبی پاشایان" دێت- ڕۆحی شێوازی داستانی فارسی لە لوتکەی کامڵبوونیدا دەبینین، کە سەربارى قاڵبەندی و یەکتەرزییەکەی، بلیمەتییەکی شیعریی نایابی پێوە دەبینرێت. فیردەوسی ئەم داستانەی بۆ گەورەی وڵاتەکەی، سوڵتان مەحموود، بەرز کردەوە پاش ئەوەی لە زۆر شوێنێدا ستایشی کردوە و بەبەهێزترین پاشا و بەبەزەییترینیان بەرانبەر بەندەکانی خوا باسی دەکات. چاوەڕوانیی شاعیر بۆ خەڵاتی شایستەی کارەکەی درێژەی کێشا، تا کاتێک سوڵتان کەوتە خۆی بۆ پاداشتکردنی، دیارییەکی بێنرخی دایە. وەڵامی فیردەوسیش داشۆرینێکی توند بوو لە پێشەکیی داستانە نەمرەکەیدا بەپێچەوانەی ئەو بەیتانەی مەدحی سوڵتان دەکەن. بۆ ئەوەی خۆی لە تووڕەیی مەحموود دوور بخاتەوە ڕێگەی بەرەو ڕۆژئاوا گرتەبەر و ڕووی کردە کۆشکی بەها ئەلدەولەی بوەیهی لە بەغدا، لەوێ داستانی "یوسف و زوڵێخا"ی دانا کە لە هەناسەدرێژیدا شان لە شانی ئەلیازە دەدات و بەڵگەیە لەسەر دڵتەڕیی ئەو پیاوە کە تەمەنی بۆ هەشتا ساڵ هەڵدەکشا. ئەگەرچی بەیتەکانی بەهۆی کار و ئەزموونی دوور و درێژیەوە بەئاسانی و سفت و سۆڵی لە خامەکەیەوە ڕێچکە دەبەستن، کەچی لای فارسەکان لەڕووی کوالێتی و پێگەوە لە خوار شانامەوە دادەنرێت. بەڵام شاعیری بەسالاچوو زۆری نەبرد لە عێراق و ژیانی ئەو وڵاتە کە تەواو جیا بوو لە ژیان لە وڵاتەکەی خۆی، گەڕایەوە زێدی خۆی لە تووس پاش ئەوەی لێخۆشبوونی سوڵتان مەحموودی مسۆگەر کردبوو. لەوێ کەمێک پاش ساڵی ١٠٢٠ کۆچی دوایی کرد.

لەڕاستیدا بەرهەمەکانی فیردەوسی کە لە فۆرمێکی شیعریی تێروتەواودا کۆی یادەوەرییە ئەفسانەیی و میژوویییەکانی فارس لەخۆ دەگرێت و سەربارى قەبەییەکەی (کە نزیکەی هەشت هێندەی ئەلیازەیە) هەردەم پابەندە بەیەک شێوازی نەگۆڕ. فارسەکان ئەم بەرهەمانە بەڕاستی بە مەزنترین شاکاری شیعری دادەنێن لە تەواوی ئەدەبەکەیاندا. شێوازی فیردەوسی وەک نموونەیەک لە شیعری داستانیی فارس و پاشان تورکەکانیشدا بەردەوام چاوی لێ دەکرا. لەبەرئەوە زۆر سروشتی بوو نەتەوەی ئێرانی پاش کرانەوەی هۆشی نەتەوەیی لە سایەی ڕەزا شای پەهلەویدا، ساڵی ١٩٣٢ ئاهەنگی یادی هەزار ساڵەی مەزنترین شاعیرەکەی بکاتەوە. لەڕاستیدا ئەم میژووە -بەهۆی جیاوازیی گێڕانەوەکان لەبارەی دیاریکردنی ساڵی مردنی شاعیر- بەشێوەیەکی ڕەمەکی یان نیمچە ڕەمەکی دیاری کراوە.

سەلجووقییەکان

کاتێک بوەیهییەکان سەلماندیان ناتوانن ئەو پاشاگەردانییە دابمرکێننەوە کە لە جەرگەی ئیمپراتۆرییەتەکەدا تەشەنەی سەندبوو، زۆری نەبرد لێرەیش فارسەکان لەسەر دەستی تورکەکان وەدەرنران، چونکە هۆزێکی نوێ لەنێو دەوڵەتی ئیلخانی لە تورکستان و سوڵتانەکانی غەزنەدا سەری هەڵدا، پاشان بەهێز بوو تا سەرەنجام توانی دەست بەسەر تەواوی رۆژهەڵاتی نزیکدا بگرێت. ئەوە بوو دەوروبەری ساڵی ٩٧٠ سەلجووقی گەورەی غوز (یان ئۆغوز) لەگەڵ هۆزەکەی لە بیابانی قیرغیز دەرچوون بۆ جەند، کە تێپدا رووباری سیحۆن دەڕژێتە دەریاچەی خوارەزم (ئەرال)، پاشان چوون بۆ بوخارا. غوز، کە پاش هاتنیان بۆ ناو ئیسلام تورکمانیشیان پێ دەوترا، لە چەند خێڵێکی گەورە پێکدێن کە لە سەدەی شەشەمدا مەملەکەتی باکووریان دامەزراند. لەوکاتەوە بەردەوام بەئاراستەی رۆژئاوا دەجوڵا. کاتێک ئەو تورکانە هاتنە ناو ئیسلام بەلای سوننەدا دایانشکاند، کە ناواخنی باوەڕە رۆشن و دامەزراوەکەی لەگەڵ عەقڵی سادەی ئەواندا دەگونجا، لەبەرئەوە رووبیان تێکرد و بەهەموو ئەو هێز و حەماسەی لە دەروونە زبرەکەیاندا بوو باوەڕیان پێ هێنا. پاشان هۆزی سەلجووق بەشداری لە جەنگەکانی نێوان سامانی و قەراخانییەکاندا کرد، پاشتریش بەشداری لە جەنگەکانی نێوان دەوڵەتی ئیلک خانی و دەوڵەتی غەزنەویدا کرد. نەک هەر ئەوە، بگرە سەلجووقییەکان چەند غەزوەیەکی سەربەخۆیان ئەنجام دا کە بە ئاراستەی رۆژئاوای بردن تا ئازربایجان و عێراق. ساڵی ١٠٤٠ توغرول بەگ محەمەد و جەغری بەگ داود نەوەکانی سەلجووق، خوراسانیان لە مەسعوودی کوڕی مەحموودی غەزنەوی سەند پاش ئەوەی هەوڵەکانیان بۆ دەستگرتن بەسەر سەمەرقەند و بوخارادا شکستی هێنا. لە مەرو خوتبە بۆ داود و لە نەیسابووریش بۆ توغرول بەگ درا. لەبەرئەوەی زۆری نەبرد ناکۆکی لەنێوان غەزنەوییەکان خۆیاندا سەری هەڵدا، سەلجووقییەکان توانییان لەسەر حسابی غەزنە دەسەلاتی خۆیان فراوان بکەن و خوارەزم و تەبەرستانیان داگیر کرد. ساڵی ١٠٤٣ تەنانەت عێراقی عەجەم (چیاکان) Persian Iraq (Media)یان داگیر کرد. بەکۆششێکی سووک و ئاسان توانییان دەوڵەتی بوەیهی لە فارس لەناو ببەن. هەرکات بەئاراستەی رۆژئاوا پێشڕەویان بکردایە لە شارێکی نوێی نزیکتر لە عێراق دادەبەزین. سەرەتا ئەلپەی و دوای ئەوە ئیسفەهانیان هەڵبژارد.

شتێکی سروشتی بوو خەلیفەی عەبباسی "ئەلقائیم" (١٠٣١-١٠٧٥) حەز بکات پاراستنی لەلایەن پاشای بوەیهییەوە، کە یەکێک لە فەرماندە تورکەکانی بەناوی (ئەلبەساسیری) بەتەواوی لە دەسەلاتی دامالێبوو، بگۆڕێت بەپاراستنی لەلایەن ئەم سوڵتانەوە کە تازە بەسەر رۆژهەڵاتدا زاڵ بووبوو. ساڵی ١٠٥٥ کاتێک توغرول بەگ گەیشتە حەلوان، قائیم

داوای بەهاناوەچوونی لێکرد و فەرمانی دا لە مزگەوتەکانی عێراق خوتبەی بۆ بدرێت. هەرچی ئەلمەلیک ئەلرەحیمی دواین پاشای بوەیهییەکان بوو، لە زیندانێکدا لە ڕەی ساڵی ١٠٥٨ مرد. بەڵام سەلجووقییەکان وا بەئاسانی نەیانتوانی بەساسیری ملکەچ بکەن. ئەوە بوو بەساسیری ڕایکرد بۆ باکوور و توغرول بەگیش تا مووسڵ شوێنی کەوت. لێرەدا برا دایکیەکەی، ئیبراهیم بن ییناڵ، لێی جیا بوویەوە و گەڕایەوە هەمەدان. توغرول بەگ هەوڵی دا ملکەچی بکات، بەڵام ئەوەی بۆ نەچووە سەر تا ئەلپ ئەرسەلانی کوڕی داودی برای کە حاکمی سجستان بوو، فریای کەوت. بەم شێوەیە ئیبراهیم لە ٣ی ئابی ١٠٥٩ لە تۆڵەی ناپاکییەکەیدا کوژرا. بەساسیری زانی چۆن سوود لەم کێشەیە وەربگرێت، لەبەرئەوە هاوپەیمانی لەگەڵ قورەیش بن بەدران یەکێک لە ئەمیرە عەرەبەکانی دەوڵەتی عوقەیلی بەست و بەغدای گرت، پاش ئەوەی ئەو سەربازانەی دەیانپاراست چۆڵیان کرد. لەکاتێکدا بن بەدران خەلیفەی برد بۆ عانە لە جەزیرە (میزۆپۆتامیا)، بەساسیری لەسەر مینبەری ئەو شارانەی کەوتنە بندەستی، خوتبەی بۆ ئەلموستەنسیری فاتیمی دا. توغرول بەگ پاش لەناوبردنی بزوتنەوەی ئیبراهیم بن ییناڵ، خەلیفەی گێڕایەوە بۆ بەغدا، ئەویش لەپاداشتی ئەو خزمەتەی پێی بەخشی، نازناوی پاشای ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای پێ بەخشی. بەساسیری ڕایکرد بۆ واست و لە شەڕێکدا بەرانبەر سوپای سەلجووقییەکان لە سەرەتاکانی ساڵی ١٠٦٠دا کوژرا.

ساڵی ١٠٦٣ توغرول بەگ مرد و برازاکەی، ئەلپ ئەرسەلان جێگەی گرتەوە، کە لە ساڵە کۆتاییەکانی ژیانی داودی باوکیدا، لە لوتکەی دەسەلاتدا بوو لەو وڵاتانەی لەژێر دەستیدا بوون. دەبوو سەرەتا شۆڕشی ئامۆزاکەی [قوتولمیش] سەرکوت بکات کە لە دەسەلاتدا بەرهەڵستی دەکرد، کاتێک لەوە بوویەوە دەستی کرد بە فراوانکردنی سنووری مەملەکەتەکەی بەهەموو ئاراستەکان. لە ڕۆژهەلات میرنشینی سوبرانی لەنێوان بۆست و کابولدا ملکەچ کرد. لە ڕۆژئاوا خۆی پتر لە جارێک سەرکردایەتیی شەڕ دژی بیزەنتییەکانی کرد ئەگەرچی نەیتوانی هیچ سەرکەوتنێکی هەمیشەیی لەو بەرەیەدا بەدەست بێنێت، چونکە سەربازانی ڕۆمی لە مەلازکیرد شکاند و لە ٢٦ی ئابی ساڵی ١٠٧١ ڕۆمانوس دیوجینی ئیمپراتۆریانی بەدیل گرت، تا کاتێک ڕۆمانوس ئازاد کرا نەیتوانی ئەم مەرجانەی ڕێکەوتن کە دانی پێدا نابوون جێبەجێ بکات، چونکە تەختی ڕۆم لە هەمان کاتدا کەوتبووە دەست ئیمپراتۆر میخائیلی حەوتەم. بەڵام ئەلپ ئەرسەلان توانی ئەو ناوچانەی لەدەست فاتیمییەکان بوون دەربێنێت تا دیمەشق. لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٠٧٢ لە هەڵمەتێکدا بۆ گێڕانەوەی زێدی باوباپیرانی لە ڕووباری جیحۆن پەڕییەوە، یەکێک لە شۆڕشگێڕان، کە دەیویست سزای مردنیان بەسەردا بسەپێنێت، کوشتی.

مەلەکشا و وەزیر نیزام ئەلمولك

ئەلپ ئەرسەلان سەرپەرستکردنی مەلەکشای کوڕی کە هێشتا بالّق نەبووبوو، بە وەزیر نیزام ئەلمولک سپارد کە پێشتر وەک والیی خوراسان خزمەتی باوکی کردبوو. مەلەکشا زیاد لە جارێک هەوڵی دا خۆی لەژێر بالّی ئەو سەرپەرستە رزگار بکات و سنوورێک بۆ دەسەلاتی رەهای دابنێت ئەگەرچی قەرزاری بوو لە چەسپاندنی تەختەکەی و ملکەچاندنی یاخییانی بنەماڵەکەی، بەلام بەخت یاوەری نەبوو. هەروەها نیزام ئەلمولک لە دیاریکردنی ئەو هەڵوێستەیش بەرانبەر خەلیفە وەریگرت تاکڕەوانە بڕیاری دا و کۆشکی خیلافەتی خستە ژێر چاودێریی فەرمانبەرانی سەر بە خۆی. تا کاتێک خەلیفە سالّی ١٠٨٣ بەرهەڵستی کرد، تۆڵەی خۆی کردەوە بەوەی دژایەتی ئیبن مەروان، ئەمیری دیاربەکری کرد، کە دواین والی بوو راستەوخۆ ملکەچی خەلیفە بوو. لە سایەی نیزام ئەلمولکدا فارس و عێراق سەرلەنوێ بۆ ماوەیەک خۆشگوزەرانییان بەخۆوە بینی ئەگەرچی وەزیر -یان ئەتابەک، کە وەک سەرپەرست (وصی) بەسەر سوڵتانەوە بەو ناوەوە ناو دەبرا- لەو ناوبانگەی هەیبوو بەپلەی یەکەم قەرزاری ئەو سۆزە بوو بەرانبەر زانا و فەقیهان دەینواند و سەرچاوەی داهاتی بۆ دابین دەکردن، لەڕێی دامەزراندنی قوتابخانە لە سەرجەم شارە سەرەکییەکانی ئیمپراتۆرییەتەکەدا. راستە هەندێ بەڵگە هەن لەسەر ئەوەی فارسەکان لە کۆتایی سەدەی دەیەمەوە ئەم جۆرە دامەزراوانەیان بەخۆوە دیوە، بەلام لەلایەن ئەم وەزیرە سەلجووقییەوە گرنگییەکی تایبەتیان پێ درا و "نیزامییە"ی لە نەیسابوور و پاشان لە بەغدا لەنێوان سالانی ١٠٦٥ و ١٠٦٧دا دامەزراند، کە ناوەکەی لە ناوی خۆیەوە وەرگیراوە. لەکاتێکدا توغرول بەگ هێشتا زانایانی ئەشعەری دەچەوساندەوە، کە گەورەکەیان عەلی ئەلئەشعەری (سالّی ٩٣٥ مردوە)، بایەخی بە گونجاندن لەنێوان میتۆدی کەلامیی موعتەزیلە و بیرکردنەوەی سوننەدا دەدا، دەبینین نیزام ئەلمولک تەنیا هانی ئەم نەزعە نوێیەی بەتایبەت دەدا.

غەزالی

بەچاودێریی نیزام ئەلمولک، غەزالی، دواین بیرمەندی ئایینیی گەورە لە ئیسلامدا، تێزەکەی سەرەتا لە قوتابخانەی نیزامییە لە نەیسابوور و پاشان لە نیزامییەی بەغدا تەواو کرد. غەزالی ژیانی زانستیی خۆی بە دیراسەیەکی قوواڵی ڕێبازە شەرعی و فیقهییەکانی زانایانی کەلام و پاشان خستنەڕوویان لە زنجیرەیەک کتێبی نایابدا، دەست پێکرد. کاتێک دۆست و پاڵپشتەکەی، نیزام ئەلمولک، بەخەنجەری ئیسماعیلییەکی تووندڕەو کوژرا، خۆی تەرخان کرد بۆ لێکۆڵینەوە لە بیروباوەڕی ئیسماعیلی و پاشتر چەند لێکۆڵینەوەیەکی جەدەلی لە ڕەخنەکردن و پوچاندنەوەیاندا نووسی. کارەکەی بەرەو دیراسەکردنێکی

قوولْتری فەلسەفەی برد، بەڵام هیچکام لەم رێباز و بیروباوەڕوانەی لێی کۆڵینەوە تینوێتیی ئەویان بۆ گەیشتن بە راستی نەشکاند. لێرەوە بۆ ماوەیەک کەوتە ناو دەریای گومانێکی تونـد کە هەر لە سـەرەتای لاوێتیـیەوە ئامـادەیی تێـدا بـوو بـۆی. لەم قەیـرانە رۆحیـیەدا ئەزموونێکی ئاینیی یەکلاکەرەوەی بۆ دروست بوو. وەک چۆن پێغەمبەر بەپاڵنەری ترس لە لێپرسینەوەی رۆژی دوایی کەوتە خۆ بۆ ئەنجامدانی پەیامەکەی، کۆمەڵێک پرسیاریش سەبارەت بە ئاخیرەت و زیندووبوونەوە غەزالییان هەڵپێچا. سـاڵی ١٠٩٥ وازی لە پۆستە بـاڵاکەی لە بەغـدا هێنـا و کەوتە گەڕان بەوڵاتانـدا بەمەبەسـتی چـاوگێڕانەوە بە سـەرجەم بیروباوەڕەکانیـدا، پـاش ئەوەی لەنێـوان ئیمـان و عەقڵـدا پەرت بووبـوو. وردە وردە سـۆفیگەری بەرەو لای خـۆی کەمەندکێشـی کـرد و یەقینـی ئـاینی لەڕێـی ئەزمـوونی شەخسییەوە بردە ناو دڵی. غەزالی یازدە ساڵ لە گۆشەگیرییەکی بێدەنگدا بوو، زۆربەی لە شام، لەو ماوەیەدا کتێبی: زیندووکردنەوەی زانستەکانی ئاین (احیاء علوم الدین)ی نووسـی کە لە سەرەتای سەدەی پێنجەی کۆچیدا (دەوروبەری ساڵی ١١٠٦ ز) لەناو خەڵکدا بڵاوی کردەوە، ئەویش لەو روانگەیەوە هەندێ حەدیس لە پێغەمبەرەوە ڕیوایەت کراون باس لەوە دەکەن خوا لە سەری هەر سـەد سـاڵدا کەسێک دەنێرێت ئاین بۆ ئوممەتی ئیسـلامی نـوێ بکـاتەوە. غەزالـی هەسـتی کـرد بانـگ کـراوە بـۆ ئەو ئەرکە، لەبەرئەوە درێـژەی بەو هەوڵەدا کە ئەشـعەری دەستی پێکردبـوو بـۆ گونجانـدن لەنێوان زانسـتی کەلام و فیقهدا و بناغەیەکی بۆ تەلاری عەقیدەی ئیسلامی دامەزراند، کە لەسەر شێوازی جەدەلی دامەزراوە. پاشـان بەدەم داوای سـوڵتان مەحمـوودی سـەلجووقی (بـرای بەرکیـارق) -کە سـاڵی ١١٠٤ چووە سەر تەخت- و وەزیرەکەی فەخرولمولک کوڕی نیزام ئەلمولکەوە چوو و مـاوەیەکی کورت دەستی بە وانەوتنەوە لە نەیسابوور کردەوە. پاش ئەوە رووی کردە گۆشـەگیری لە زێدی خۆی لە تووس، لە ١٩ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١١١١ مرد و تەمەنی تەنیا پەنجا و چـوار سـاڵ بـوو. ئەگەرچـی لە هەمـوو بارەکانـدا هاوسـەردەمەکانی بەدروسـتی لە بەرهەمەکـانی نەگەیشـتن، (بـاس لەوە دەکرێت بـۆ نمـوونە تونـدڕەوانی ئەهلـی سـوننە لە ئەندەلوس کتێبەکانیـان سـووتاندوە)، لەڕاسـتیدا لای نەوەکـانی پاشـتر پێگەیەکـی گەورەی بەدەسـت هێنـا و تـوخمێکی بەسـوود بـوو ئیسـلام بـۆ هەنگاونـان بەرەو پەرەسـەندن و نوێبوونەوە، سوودی لێ بینی.

عومەری خەیام

لەپاڵ ئەم بایەخدانە بە توێژینەوەی فیقهی لە سـەردەمی سـەلجووقییەکاندا، بایەخدانێکی گەورە بەبواری سروشتی و ماتماتیکییەکانیش دەبینین. لەم رووەوە هێندە بەسـە ئاماژە بە زانای ماتماتیکناسی بەناوبانگ عومەری خەیام بدەین، کە هـاوڵاتیی غەزالییە و رای بەهێز

ئەوەیە سالّی ١١٣٢ مردبێت. توێژینەوەکانی لە زانستی جەبردا یەکەم هەوڵی سەرکەوتوو بوون بۆ حەلکردنی هاوکێشە سێجاییەکان (المعادلات التكعيبية) Cubic Equation (سیازدەیانی جیا کردەوە) و هەر تەنیا لەڕووی جەبرییەوە حەلی نەکردن، بەڵکو لەڕووی ئەندازەییشەوە. لەڕاستیدا ناو و شۆرەتی فراوانی وای لە سوڵتان مەلەکشا جەلالەدین کرد ئەرکی چاککردنی سالّنامەی جەلالی پێ بسپێرێت کە بەخت یاوەری نەبوو و بەکارهێنانی نەبووە گشتی ئەگەرچی بێگومان لە سالّنامەی گرێگۆریی باو وردترە. بەڵام خەیام ناوبانگی لە ئەورووپا بەپلەی یەکەم لەسەر چوارینە فارسییە وردەکانی کە بەناوی خۆیەوەن، دامەزراوە، کە هەندێ جار بەزمانی گالّتە و هەندێ جار بەجددی داوای چێژبینین لە خۆشییەکانی ژیان دەکات و بناغەی ئیسلام لە بوونیەکی (وەحدەت وجود)ێکی سۆفییانەدا دەتوێنێتەوە. چوارینەکانی خەیام بۆ سالّانێکی دوور و درێژ جەماوەرێکی زۆریان لە جیهانی ئەنگلۆساکسۆنیدا هەبووە پاش ئەوەی فیتزجرالّد Fitzgerald، بەدەستکارییەوە گۆڕینی بۆ شیعری ئینگلیزی، لەکاتێکدا چاکەی ئاشناکردنی ئەڵمانەکان بەو شیعرانە بۆ پیاوی سیاسیی روزن Fr. Rosen دەگەڕێتەوە. ئەگەرچی زۆر لەو چوارینانە لە دیوانی شاعیرانیتریشدا هاتوون، بەڵام ماوەیەکی زۆر تێپەڕی پێش ئەوەی توێژەران گومانیان بۆ دروست ببێت لە راستیی ئەوەی هی خەیامن. بەڵام ئیستا کە بە دانراوە جێمتمانەکانی خەیام لە فیقە و میتافیزیک ئاشنا بووین، ئیتر ئەو ئایندەبینییەی لەو چوارینانەدا خۆ دەنوێنێت چیتر ناتوانرێت بدرێنە پاڵ ئەو.

چیرۆک و مەقامات

لەبارێکدا فارسەکان لەو سەردەمەدا خوویان دابووە قوڵبوونەوە لەناو کێشەکانی زانست و ئایندا، پیاوێکی عەرەب کتێبێکی دانا کە جارێکیتر سەرجەم مانا وردەکانی زمانی عەرەبی لەخۆ دەگرێت. ئەویش چونکە پەخشان (نثر)ی چیرۆکی عەرەبی کە لە سەردەمی پێش ئیسلامدا توانیبووی وەسفی ئەو ململانێ بچووکانەی نێوان هۆزەکانمان بۆ بکات لە کۆمەڵێک وێنەی پڕ لە ڕووداو، بەڵام ناتۆکمە، هاوکات توانیویەتی رووداوە گەورەکانی سەردەمی فتوحاتی ئیسلامی و ململانێ لەسەر دەسەلات لەنێو تاقم و گرووپە ئیسلامییەکانیش خۆیاندا بخاتە روو . پێشتر بینیمان سەرەتا کارتێکەرە فەرهەنگییە فارسییەکان بۆ گۆڕینی ئەم وێنە هەناسە کورتانە، بۆ چیرۆکێکی درێژ و پێکەوەبەستراو بۆ مێژووی ئیمپراتۆرییەتەکە پێویست بوون. لە سەردەمی ئومەویدا، لەپاڵ ئەو بەسەرهاتانەی سەبارەت بە غەزوە و جەنگەکان دەگێڕدرانەوە، کۆمەڵێک بەسەرهات پەیدا بوون لەبارەی بەناوبانگترین ئەوینداران کە بناغە بوون بۆ ژمارەیەک کورتە راز (حیکایەت) کە پاشتر بەجوانترین شێوە ورد کرانەوە. بەڵام ئەرکی گرنگیدان بەم رازانە

بەگشتی بۆ رازگێڕەوانی رەشۆکی بەجێ هێڵرا، لەو رووەوە گوایە ئەو کارە بۆ چێنی رۆشنبیری نەتەوە ناشایستەیە. راستییەکەی هەندێ نموونەی ئەم هونەرە تەنیا لەڕێی زانایانی زمانەوە بەئێمە گەیشتوون، ئەویش لەو رووەوە بۆ شەرحکردنی ئەو قەسیدانەی نەوە دوای نەوە دەیانگواستنەوە، سوودیان لێ بینیون. هەروەها فارس لە سەردەمێکی زووەوە شتێک لە ئەدەبی چیرۆکیێ هیندیی دەوڵەمەندیان بۆ ناو فەرهەنگی ئیسلامی گواستەوە. بەڵام لەو بەرهەمە چیرۆکییە زۆرانە ئەمڕۆ تەنیا ناوەکانیانمان پێ گەیشتوون کە لە کتێبی (ئەلفەهرەست)ی ئەلنەدیمدا پارێزراون و بۆ کۆتاکانی سەدەی دەیەمی زاینی دەگەڕێتەوە. هەروەها تەنیا بەشێک لەو ماددە دەوڵەمەندەمان پێگەیشتووە لە کتێبی (هەزار و یەک شەوە)دا، کە تا سەدەی سیازدەیەم و چواردەیەم پەیدا نەبوو. لە سەدەی نۆیەمدا حەزکردن لە وشە (لەفز) خۆی هێشتا بەسەر هەموو بایەخدانێکیتر لە دارشتنی ئەدەبدا زاڵ بوو. ئەوە بەتایبەت لە دانراوەکانی جاحیزدا (کە کۆکەرەوە بوو) خۆی دەنوێنێت کە ساڵی ٨٦٩ لە بەغدا مردوە. ئەو تەنانەت لە کتێبی: ئاژەڵ "الحیوان"دا کە لەپیریدا داینناوە، سەرەڕای ئەو کۆششەی بەخەرجی داوە بۆ بزواندنی حەز و زەوقی خوێنەرانی بۆ مەسەلە زانستییەکان، نەیتوانی سنووری کۆکردنەوەیەکی ناڕێکخراو بۆ وردەکارییە جیاوازەکان تێبپەڕێنێت، لەبەرئەوە ژمارەیەک نامە و کتێبی نووسی پڕ بوون لە شتی دەگمەنی سەیر و سەمەرە، کە ئامانج پێشاندانی وێنەی چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان و جۆرەکانی سروشتی مرۆڤ بوو. وەک چۆن تاکە بەیت لای شاعیری کۆن لە تۆکمەیی و پێکەوەبەستراویی قەسیدەکە گرنگتر بوو، بەهەمان شێوە جاحیز و خوێنەرانی باوەڕیان وابوو برگە تاک تاکەکانی حیکایەت شیاوترن بۆ بایەخپێدان تا بنیاتی حیکایەتەکە بەگشتی. لەڕاستیدا گرنگیدان بە وشەی زیرەکانە داڕێژراو هونەری دەمەتەقێ (مونازەرە)ی گەیاندە پلەیەکی گەورەی تەواوی Perfection، تەنانەت لای عەرەبە دەشتەکییەکانیش. یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەم پیشەسازییە رەوانبێژییە ئەدەبی پەهلەوی بوو -ئەو ئەدەبەی ئیبن ئەلموقەفەع بەزمانێکی رەوانی عەرەبی گواستیەوە بۆ عەرەب- کە بەدەوری خولگەی میژوودا دەسووڕێتەوە. ئەو پیشەسازییە لە ئامۆژگارییە ئاینییەکان و نووسینەکانی دیوانە سیاسییەکان لە سایەی خیلافەتی عەباسیدا گەشەی سەند، بەتایبەت لە کۆشکەکانی ئەو دەوڵەتۆکانەی لەسەر داروپەردووی دامەزران. ئەم هونەرە لەسەر دەستی پرۆلیتاریای ئەدەبی کە لە شارەکان پەیدا بوون، هەروەها لە ناوەندەکانی پۆستخوازە شکستخواردووەکاندا، لەو بازنە رەسمییەوە دابەزی بۆ رەوانبێژییەکی سەروادار، کە یارمەتیی قوتابییەکانی زانایانی زمانی دەدا، تا لە گەڕانیان لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکیتر سۆزی بەرپرسێکی زەنگین بەدەست بێنن، یان لانیکەم لە سایەیدا پشوویەکی کورت بدەن.

بەم وتـاری خوازڵـۆکی و کرۆزانەوانەیـە دەوتـرا "مەقامـات"، کە زاراوەیەکە پێشـتر بە ئامۆژگارییە ئاینییەکان دەوترا.

لەنیـوەی دووەمـی سـەدەی دەیەمەوە بەدیعولزەمـان ئەلهەمەدانـی، کە لای وردە ئەمیرەکـانی فـارس بەدوای بژێـویی خۆیـدا دەگەڕا، تـوانی ئەم جـۆرە گوتـارە بـۆ ئاسـتی هونەری ئەدەبی بەرز بکاتەوە، کە لەسەر زاری حیکایەتخوانەکەی کۆمەڵێک کورتە رازمـان لەبـارەی ئەو دیـمەنە دەگمەنـانەی ئەدیبێکـی دنیـاگەڕ دیـونی، لە شـێوەی پەخشـانێکی زیرەکـانەی سـەروادارەدا بـۆ دەگێـڕێتەوە، کە بەشـێوەیەکی دراماتیکی هەڵـدەقوڵێن. بەڵام لەکاتێکـدا هەمەدانـی هەمـان شـێوەی بـۆ گوزارشـتکردن لە مەرام و مەبەسـتی تەواو لێـک جیـاواز بەکـار هێنـاوە، دەبینـین حەریـری کە پـاش نـزیکەی سـەد سـاڵ شـوێنپێی ئەوی هەڵگرت، تەنهـا ئەو دیمەنـانە پیشـان دەدات و هیچیدی. لەڕاستیدا حەریری، بەپێچەوانەی هەمەدانـی -کە دەیزانـی چـۆن سـوود لە ئەزمـوونە کـەسـییەکانی وەک ئەدیبێکـی گەڕۆک وەربگرێت- کەسێکی بۆرژوازیی دارا و بەڕێوەبەری نووسینگەی زانیاریی کۆشک بوو لە شـارەکەی خـۆی مەشـان لەنزیـک بەسـرە، کە هەر لەوێ سـاڵی ١١٢٢ کـۆچی دوایـی کـرد. مەقامەکانی کە سەرکێشییەکانی ئەبوزەیدی سـەروجی دەگێڕنەوە، سـەرکەوتنی گەورەیـان بەدەسـت هێنـا. ئەگەرچـی لە توانـای خەیاڵکردنـدا لەپـاش بەدیعوزەمـانەوە بـوو، بەڵام لە بەکارهێنـانی دارشـتنی دەسـتکردی داهێنەرانەدا لەسـەروویەوە بـوو، کە لەوکاتەوە بـوو بە سـیفەتێکی دانەبـڕاوی ئەو هـونەرە. جێـی ئامـاژەیە، مەقامـاتی حەریـری لەنـاو ئەدەبیـاتی بێگانەیشـدا کەسـانێک هەن لاسـایی دەکەنەوە، وەک جـولەکەی ئیسـپانی "ئەلحەریـزی" لە عیبری و "عەبد یەشوع" ئوسقوفی نسێبین لە سریانیدا. هەروەها باشترین ئاوێنەی خـۆی لە زمانی ئەڵمانیدا لەسەر دەستی رووکەرت Rukert دۆزییەوە لە کتێبی "سەرکێشییەکانی ئەبو زەیـدی سـەروجـی"دا. عەرەبەکـان تـا سـەرەتای سـەردەمی نـوێیش مەقامـاتی حەریـری و قەسیدەکانی موتەنەبیبان بە کاملترین گوزارشت لە رۆحی خۆیان دەبینی.

کارگێڕی لە ئیمپراتۆرییەتی سەلجووقیدا

ئـێمە قەرزاری نیـزام ئەلمـولکین کە لە پەیـامێکی نایابـدا پەردەی لەسـەر خراپییەکـانی کـارگێڕی (ئیـدارە) لە ئیمپراتـۆرییەتی سـەلجووقیدا لاداوە، تەنـانەت لە سـەردەمی نیـزام ئەلمولـک خۆیشـیدا. ئەو پەیـامە بەزمـانی فارسـی و لەسـەر داوای سـوڵتان نووسـراوە مـاوەیەکی کەم پـێش مردنـی لە سـاڵی ١٠٩٢، بەڵام تـا دوای بیسـت و دوو سـاڵ بـەڵاو نەکـرایەوە. لەو رووەوە دانەر وای دانـاوە خـوێنەرەکەی ئـاگەداری بـارودۆخی بـاوی ئەو کاتەیە، لە پەیامەکەدا زانیاریی زۆری سـەبارەت بە رێکخستنی نـاوخۆیی دەوڵەت تێدا نیە.

هۆشداری دەداتە سوڵتان لە دەستوەردانی نابەرپرسانەی هاوڕێکانی لە کاروبارەکانی دەوڵەت، لەهەمان کاتدا پێشنیاز دەکات دامەزراوەی پۆستەی کۆن سەرلەنوێ دابمەزرێتەوە و بەرپرسانی پۆستەکان پابەند بکرێن بەوەی دەنگوباس بەحکومەت بگەیەنن (کە ئەلپ ئەرسەلانی باوکی سوڵتان هەڵیوەشاندبووەوە)، هاوکات داوای تونددکردنی چاودێری دەکات لەڕێی دانانی چاو و کەسانی هەواڵگری نهێنییەوە. وا دیارە قەزا لە دۆخێکی مەترسیداردا بووە: هۆشداریی داوە لە مەترسیی دانانی یەکێک لە کۆیلەکانی کۆشک بۆ تەماشاکردنی سکاڵاکان و حوکمدان، چونکە ڕێی تێدەچێت ئەو کۆیلەیە دەسەڵاتەکەی بقۆزێتەوە بە سەندنی رسوماتی زۆر و جۆراوجۆر. لێرەدا هەست بە شوێنەوارێکیتر لە شوێنەوارە خراپەکانی ئەو ڕێسایە دەکەین کە تورکە کۆنەکان کاریان پێدەکرد و کاروباری قەزایان بەهەندێ فەرمانبەر دەسپارد کە ئەمیر دیاری دەکردن، ئەگەرچی نیزام ئەلمولک نەیدەتوانی ڕێگە لەوە بگرێت ئەو قازییانەیش بەشێوەیەکێ شەرعی ئامادە کرابوون نەچن بەلای قۆستنەوەی پۆستەکانیاندا. نیزام ئەلمولک بەهەق هۆشداری دەدا لە هەڵاوسانی وەزیفەکان، کە ئەوە دۆخێک بوو لە سەردەمی عەباسییەکاندا هەبوو. لە بواری سەربازیشدا بە راستییەکی گرنگ ئاشنامان دەکات، ئەویش بوونی لەشکرە دەرەبەگییەکان بوو لەپاڵ جاشەکاندا. لەڕاستیدا نیزام ئەلمولک کە بەگشتی خۆی بە لێکۆڵینەوە لە رووداوە مێژووییەکانەوە خەریک نەکردوە، هەڵەی کرد کاتێک وایدانا ئەم نەزعەیە دیاردەیەکی تەواو نوێیە. بەهەرحاڵ ئەوە ئەگەر بەشێوەیەکی نائاساییش بووبێت لە سەردەمی عەباسییەکاندا هەبووە. پێدەچێت لە دەوڵەتی غەزنەویدا نەناسرابێت، بەڵام ئەم دیاردەیە لە سەردەمی تورکەکاندا لە ڕۆژئاوا بەتایبەت لای عوسمانییەکان، پاشتر گۆڕا و بوو بە بناغە بۆ بنیاتنانی دەوڵەتەکە هەمووی. نیزام ئەلمولک جەخت لەوەیش دەکات ئەو زەویییانەی سوڵتان دابەشیان دەکات بەوردی دیاری بکرێن و دابەشکردنەکەیشیان بۆ کاتێکی دیاریکراو بێت. لەکۆتاییدا و ماوەیەکی کورت پێش مردنی، بەشێکی نوێی زیاد کرد، تێیدا هۆشداری دایە سوڵتان لە مەترسیی ئیسماعیلی لەسەر ئیمپراتۆرییەتەکەی.

مەلەکشا سنووری ئیمپراتۆرییەتەکەیشی فراوان کرد. سالی ١٠٨٩-١٠٩٠ سەمەرقەند و کاشغەری ملکەچ کرد. نەک هەر ئەوە، بگرە سووریای بەتەواوی لەدەستی فاتیمییەکان دەرهێنا، بەوە لە دیمەشق و بەیتولمەقدیس دوو میرنشینی لاوەکی پەیدا بوون کە ملکەچی دەسەڵاتەکەی بوون. سلێمان بن قوتوڵمشی ئامۆزای ڕووی کردە ئاسیای بچووک بەمەبەستی فەتحکردن. پاشتر باسی دەکەین لەوێ چی ڕووی دا.

حەشاشەکان

لە سەردەمی مەلەکشادا ئیمپراتۆرییەتەکە دوژمنێکی ناوخۆی بۆ پەیدا بوو، کە سالانێکی زۆر ترس و بیمی لە سەرتاسەری رۆژهەلاتی نزیکدا بڵاو کردەوە. نیزام ئەلمولک بەبێ هۆ نەبوو سوڵتانی لە پیلانەکانی تایفە شیعییەکان ئاگەدار کردەوە، ئەویش بەوەی شیعەگەری کە سەرەتا وەک حزبێکی بنەماڵەیی پەتی دەستی پێکرد و ئەوانەی تازە هاتبوونە ناو ئیسلام دەچوونە ناوی تا خەبات دژی سیاسەتی عەرەبی بکەن، زۆرجار دەبووە دەمامکێک کەسانی هەلپەرستی بێ ویژدان، بۆ بەدیهێنانی ئامانجە خۆپەرستانە رووتەکانیان دژی حکومەت، بەکاریان دەهێنا. یەکێک لە بانگخوازانی شیعە لە سەردەمی مەلەکشادا کە بە وڵاتاندا دەگەڕا تا خەڵک لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە لەڕێی مزگێنیدان بە نزیککەوتنەوەی دەرکەوتنی مەهدی کە تۆڵەیان لە دەسەڵاتدارە زاڵمەکان بۆ دەکاتەوە، پیاوێک بوو بەناوی ئەلحەسەن بن ئەلسەباح. ئەفسانەکە باس لە دۆستایەتی ئەو پیاوە دەکات لە سەرەتای گەنجێتیدا لەگەڵ وەزیر نیزام ئەلمولک و ماتماتیکناسی گەورە عومەری خەیام. پاشان چووە بۆ میسر و لەوێ بانگەوازی فاتیمی کاری تێکردوە و چووەتە پاڵ نزاری کوڕی خەلیفە موستەنسیر، بەڵام ئەم نزارە نەیتوانی بچێتە سەر تەخت، لێرەوە شوێنکەوتوانی حەسەن بە نزاریش ناسراون. ساڵی ١٠٩٠ وەک بانگخوازێک لە بانگخوازانی فاتیمی گەڕایەوە فارس و لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە شوێنکەوتەکانی لەبەردەم قەڵای شاخاویی ئەلەموت (ملجأ القبان)دا کە دەکەوێتە ناوچەی روزبار لەدووریی شەست فرسەخ لە باکووری قەزوین، سەربازگەی دامەزراند[٨١] . داوای لە فەرماندەی لەشکرگەکەی سەر بە مەلەکشا کرد سوێندی لابەندیکردن بۆ موستەنسیر بخوات، کاتێک فەرماندەکە رەتیکردەوە حەسەن پەلامارى قەڵاکەی دا و کردی بە بنکەی هێزەکانی. گرووپەکەی لەسەر شێوەی فاتیمییەکان رێکخست و شوێنکەوتەکانی کرد بە چەند پلەیەکەوە، هەندێکیان نزیکەکان و هەندێکیان دووتر. لەکاتێکدا ئەوانەی سەر بەچینە زۆر نزیکەکە بوون لێیەوە، ژیانێکی ئیباحییانە دەژیان کە هیچ سنوورێکی ئەخلاق یان ئایینی نەدەزانی، شوێنکەوتەکانیان لەسەر تونددترین و زبرترین دەمارگیری پەروەردە دەکران. پێشکەوتووەکانی ناو گرووپە وایان دەبردە مێشکی شوێنکەوتەکانەوە کە کوشتنی کەسێک لە دوژمنانی ئیمانی راستەقینە، ئەگەر سەرگەورەکەیان فەرمانی پێ بکات، رەزامەندیی خودا و بەهەشتی نەبڕاوەیان بەنسیب دەکات. بەو پیاوکوژانە دەوترا گیانبەخش (فیدائی) یان "الحشاشین" (لێرەوەیە ناویان لە زمانە بێگانەکاندا بریتییە لە assassins)، واتە ئەوانەی

---

[٨١] بڕوانە ئەم دوو سەرچاوەیە:
- W. Ivanow in Geographical Journal, 1931 L X X X V I, 38-45.
- Islamic culture XII, 1938, 383, 392.

حەشیش یاخود تلیاک بەکار دێنن. بەکارهێنانی وریاکەرەوەکان لە ئەڵقەکانی سۆفییان لە شوێنێتریش بەربڵاو بوو. لە سەدەی شازدەیەمدا قاوە لە باشووری وڵاتی عەرەبدا بۆ ئەم مەبەستە بەکار هاتووە. بەم شێوەیە دوور نیە ئەوەی وڵاتگەڕی جیهانیی ڤێنیسیایی مارکۆپۆڵۆ -کە دوای نزیکەی دووسەد ساڵ بەناوچەی ئەلەموتدا تێپەڕیوە (١٢٧١ یان ١٢٧٢)- لەبارەی ئەو حەشاشینە باسی کردوە، تەنیا خورافەیەک بێت. ئەو گەڕۆکە باس لەوە دەکات فیداییەکان لەکاتی بەکارهێنانی حەشیشدا دەگوێزرانەوە بۆ بەشێک لە باخچەکانی ئەلەموت کە جمەیان دەهات لە کچانی شۆخ و شەنگ، تا ئەوە وایان لێ بکات ویستی سەرۆک جێبەجێ بکەن لەڕێی پێشوەخت چەشتنی ئەو خۆشییانەی لە ڕۆژی دواییدا چاوەڕێیان دەکات. ئەم گرووپە لە قەلای ئەلەموتەوە توانی لە ماوەیەکی کورتدا دەست بەسەر چەند قەڵایەکیتردا لە فارس و سووریا بگرێت. سەرجەم هەوڵەکانی دەوڵەتی سەلجووقی بۆ لەناوبردنیان شکستیان هێنا. تا ساڵی ١٠٩٢ حەشاشەکان حوکمی مردنیان بەسەر نیزام ئەلمولکدا جێبەجێ کرد، ئەگەرچی بواریک هەیە بۆ باوەڕ بەوەی سوڵتان خۆی لەو پیلانە ئاگەدار بووە پاش ئەوەی گەیشتە تەمەنی پێگەیشتن و لە هەژموونی ڕوولەزیادی وەزیرەکەی و دەسەڵاتی ڕەهای بێزار بوو. هەرچۆن بێت، سوڵتان خۆیشی کەمتر لە دوو مانگ پاش کوژرانی وەزیرەکەی، مرد.

لە سایەی بەرکیارق و محەممەدی برایدا

سوڵتان بەرکیارق کە مەلەکشا بۆ جێگرتنەوەی دەستنیشانی کرد، دەبوو سەرەتا پارێزگاری لە مافەکانی بکات دژی دایکی مەحموودی برای، کە هێشتا تەمەنی چوار ساڵ بوو، هەروەها دژی توتوش [کوڕی ئەلپ ئەرسەلان]ی مامی، ئەمیری دیمەشق. لە گەرمەی ئەم کێشمەکێشەدا خەلیفە موقتەدی ئامادەیی پیشان دا دان بە مەحموودا بنێت وەک سوڵتان، بەڵام بەرکیارق زۆری نەبرد ساڵی ١٠٩٢ سەرکەوتنی بەسەر لایەنگرانی براکەیدا بەدەست هێنا و تۆڵەی لە موقتەدی کردەوە و کوشتی. هەرچی ململانێی بەرکیارق بوو دژی توتوشی مامی ساڵێکیتر درێژەی خایاند و بەشەڕێک کۆتایی هات لە نزیک ڕەی لە فارس کە توتوشی تێدا کوژرا. پێشتریش دەستی بەسەر جەزیرەتی فوراتیدا گرتبوو و موستەزهیری عەباسی ناچار کرد خوتبە لە مزگەوتەکاندا بەناوی ئەوەوە بدرێت. بەڵام جادە بۆ بەرکیارق تەخت نەبوو، ئەوە بوو کۆمەڵێک لە خزمەکانی لێی یاخی بوون. ئەرسەلان ئەرغونی مامی سەربەخۆیی خۆی لە خوراسان ڕاگەیاند، بەڵام یەکێک لە کۆیلەکانی ساڵی ١٠٩٦ کوشتی و جارێکیتر وڵاتەکە کەوتەوە نێو ئیمپراتۆرییەتەکە. ساڵی ١٠٩٩ محەمەدی برای لێی یاخی بوو کە ئەمیری ئازربایجان بوو، لەوەدا برای سێیەمی،

سنجەریش پاڵپشتی دەکرد، کە بەرکیارق کردبووی بە ئەمیری خوراسان. دوای دوو شەڕ کە تێیاندا شۆڕشگێڕان سەرکەوتن ناچاریان کرد هەڵبێت بۆ چیاکانی داڵەغان. پاشان شەڕ لەنێوان هەردوولادا بەردەوام بوو کە بۆ هیچ لایەکیان یەکلا نەدەبوویەوە، تا ساڵی ١١٠٣ ئاشتەواییان کرد و بەو پێیە بەرکیارق دانی بەسەربەخۆیی محەمەدی برایدا نا و سەنجەری برای وەک ئەمیری ئەو لەسەر خوراسان دامەزراند. دوای ئەوەی بەرکیارق ساڵی پاشتر مرد و تەنیا کوڕێکی بچووکی پاش خۆی بەجێهێشت، محەمەد دەستی بەسەر هەموو شتەکاندا گرت.

لە سەردەمی محەمەددا (١١٠٥-١١١٨) ڕۆژهەڵات جارێکیتر ئاراميیەکی ڕێژەیی بەخۆەوە دییەوە، چونکە هەوڵی خۆی بۆ تێکشکاندنی پایەکانی ئەو دەوڵەتۆکانە تەرخان کرد کە بەردەوام لە ناوچە دوورەدەستەکان دروست دەبوون. ئەوە بوو ساڵی ١١٠٨ سەرکردەی عەرەب ئەبو سەدەقەی سەرۆکی بەنی مەزیدی شکاند کە لە حیللە، لەنزیک بابل سەریان هەڵدابوو و دەستیان بەسەر هۆزەکانی نیشتەجێی جەزیرەدا گرتبوو. بەڵام هەرچۆن بێت نەیتوانی شێرپەنجەی کوشندەی ئیمپراتۆرییەتەکە، واتە حەشاشەکان، لەناو ببات ئەگەرچی لە چەند شوێنێک چووە ناو قەڵاکانیان و گەیشتە ئەوەی ساڵی ١١١٨ ئەلەموت خۆی گەمارۆ بدات. بەڵام لە ١٨ی نیسان محەمەد لە تەمەنی سی و حەوت ساڵیدا مرد پێش ئەوەی قەڵاکە خۆی بەدەستەوە بدات. دووریش نیە لەلایەن یەکێک لە لایەنگرانی حەشاشەکانەوە ژەهرخوارد کرابێت. لەڕاستیدا سەربازەکانی بەبیستنی هەواڵی مردنی دەستبەجێ گەمارۆکەیان هەڵگرت، چونکە نەیانزانی پاش ئەوە لابەندییان بۆ کێ دەبێت.

پاش مردنی حەسەن بن سەباح لە ساڵی ١١٢٤ شوێنکەوتەکانی شوێنی خۆیان لە سووریایش کردەوە و چەند جارێک بەشداریی شەڕی دژ بەخاچپەرستانیان کرد. ساڵی ١١٤٠ قەڵای میسیادیان لە بناری چیای نوسەیریە داگیر کرد، کە پێش لەوە بارەگای جێگری سەرۆکی گەورەیان [داعی ئەلدوعات] بوو لە ئەلەموت. پاشتر ئەم جێگرە دەبینین وەک شێخی چیا و ڕۆڵێکی گەورەی لە ململانێ لەسەر سەروەری لە سووریا هەبوو.

ئیمپراتۆرییەتی سەلجووقی زۆر بەخێرایی پارچە پارچە بوو، ئەمیرەکانی ئەو ماڵە دەسەڵاتیان بەتەواوی لەدەست دا پاش ئەوەی ئەتابەکەکان، کە سەرپەرست بوون لەسەریان، دەستیان بەسەر دەسەڵاتەکەدا گرت. هەندێ لەو ئەتابەکانە توانییان لەڕێی ئیدارەیەکی تونەوە بۆ ماوەیەک هەرێمە بچووکەکانیان پێش بخەن و دۆخیان باش بکەن.

ئیسلام له ئیسپانیا و باکووری ئەفریقیا

لەم کاتەدا ئیسلام –دەمێک بوو– ئەو لوتکەیەی تێپەڕاندبوو کە لە وڵاتی ئەندەلوس پێی گەیشت. لە سەردەمی دوایین خەلیفەی ئومەویدا [مەروان بن محەمەد] جەنگە سەرکەوتووەکان دژ بە مەسیحییەکان وەستان، ئەویش لەلایەک بەهۆی ئەو ناکۆکییەی لەنێوان عەرەب و بەربەر سەری هەڵدابوو، لەلایەکیتر بەهۆی پەرتەوازەیی عەرەب خۆیان لەو ناوچانەیش لەنێوان قەیسی و کەلبیدا. تا کاتێک دەسەلاتی ئومەوییەکان لە سووریا رووی لە کزی و لاوازبوون کرد پێنجسەد عەرەب بەسەرۆکایەتیی بەلج ئیبن بیشر لە ئەفریقیاوە پەڕینەوە بۆ ئەندەلوس و لە هەردوو ناوچەی ئیلڤیرا و جاین جێگیر بوون. عەبدولڕەحمان ناسراو بە هەڵۆی قورەیش، نەوەی خەلیفەی هاشم، پێشتر بۆ خۆپاراستن لە زەبری عەباسییەکان رایکرد بۆ باکووری ئەفریقیا و لە کۆشکی ڕۆستەمییەکان لە تاهیرت دانیشت. لەبەرئەوەی لەوێ بواری ئەوە نەبوو پێگەیەکی شیاو بە ڕەچەڵەکە بەرزەکەی بەدەست بێنێت، ڕووی کردە ئیسپانیا (ئەندەلوس) کە ئەمیرەکەی، یوسف کوڕی عەبدولڕەحمان ئەلفیهری دوور بوو لە چاودێریی پایتەخت و هیچ پاڵپشتی نەبوو جگە لە گەورەی قەیسییەکان سومەیلی کیلابی. ئەمیرە ئومەوییەکە بە ڕێکەوتن لەگەڵ مەواڵییەکانی بنەماڵەکەی توانی لە ئەیلولی ساڵی ٧٥٥ لە بەندەری ئەلمونەکەکەبەوە بچێتە خاکی ئەندەلوس و دەستبەجێ شمشێری دژی یوسف ئەلفیهری هەڵکێشا. لە ١٥ی ئایار/مایۆی ساڵی ٧٥٦ قورتوبە Cordovaی کردە بنکەی دەوڵەتەکەی پاش ئەوەی خەڵک وەک ئەمیر بەیعەتیان دایە. زۆری نەبرد توانی پارچەکانی هێزە ئیسلامییەکە کۆبکاتەوە و بەشەڕکردن دژی مەسیحییەکان چوارچێوەی دەسەلاتەکەی فراوان بکات، سەرباری ئەو شۆڕشە ناوخۆییە بەردەوامەی حوکمە دوور و درێژەکەی (٧٥٦–٧٨٨) بەخۆیەوە بینین. یوسف ئەلفیهری ئەمیری پێشووی ئەندەلوس هەوڵی دا قورتوبە بگێڕێتەوە، بەڵام ساڵی ٧٥٩ لەنزیک تولەیتوڵە Toledo لە مەیداندا کوژرا. عەرەبی باشوور [یەمانی] و بەربەر هەرکات دەرفەتیان بۆ ڕەخسابێت لە بەرهەڵستیکردنی دەسەلاتی ئومەوی و پەلامارданی نەوەستاون.

لەڕاستیدا شارلمان دامەزرێنەری ئیمپراتۆرییەتی بەهێزی فرەنجی، جارێکیان بەشداری لەو جەنگانەدا کرد. ئەوە بوو، ڕۆژێکی مانگی ئایاری ساڵی ٧٧٧ لەکاتێکدا لە شاری بادربورن بەبۆنەی سەرکەوتنی بەسەر سەکسۆندا ئاهەنگی دەگێڕا، شێخ سلێمانی عەرەبی کە یەکێک بوو لە سەرانی یەمانی بەیاوەریی ژمارەیەک لە خزمانی ئەمیر یوسف هاتنە لای و دژی ئومەوییەکان هەڵیانانا. جا لەو ڕووەوە پێی باش بوو پەیوەندی لەگەڵ هێزە ئیسلامییە گەشەسەندوەکەدا لەسەر بناغەی دۆستایەتی بێت، هاوکات بەڕواڵەت وای پیشان درابوو عەبدولڕەحمان دەسەلاتی شەرعی زەوت کردوە، بەڵێنی پاڵپشتی و

سەرخستنی بەوەفدەکە دا. جا پلانەکە بەو شێوەیە بوو شارلمان سەربازانی لەڕێی چیای پایرێنس [ئەلبور]ەوە بنێرێت و دەستبەجێ یوسف ئەمیری بەرشەلۆنە پەیوەندییان پێوە بکات، لەکاتێکدا خزمانی یوسف و ئەندامانی هۆزەکەی، فیهر، لە باشووری رۆژهەلاتی وڵاتدا یاخیبوون لە ئومەوییەکان رابگەیەنن. بەڵام ئاگری شۆڕشەکە پێش ئەو کاتەی لەسەری رێک کەوتبوون هەڵگیرسا، سەرەنجام عەبدولڕەحمان، بەیارمەتیی یەمانییەکان دایمرکاندەوە. تا کاتێک ساڵی ٧٧٨ فرەنجە گەیشتنە بەردەم دەروازەکانی سەرەقوستە Saragossa، خەڵکەکەی ئامادە نەبوون سوێندی گوێڕایەڵیکردن بۆ شێخ سلێمانی عەرەبی بخۆن کە لە شارەکەیاندا بوو و دەروازەکانیان بەڕووی مەسیحییەکاندا داخست. لەکاتی گەمارۆکەدا هەوالی ئەو شۆڕشە نوێیە گەیشتە شارلمان کە سەکسۆنەکان پاش ماوەیەکی کەم لە دەرچوونی بۆ شەڕی ئومەوییەکان بەرپایان کردبوو، لەبەرئەوە ناچار بوو دەستبەجێ دەست لە پرۆژە ئیسپانییەکەی هەڵبگرێت. لەکاتێکدا لە گەڕانەوەیدا بەچیاکانی پایرێنسدا تێدەپەڕی، باسکەکان the Basques (بەسەرکردایەتی رەتڵاند حاکمی کەناریِ بەرێتانی) لە دۆڵی ئەلشیرزی دایان بەسەر بەشی دواوەی سوپاکەیدا و شکستێکیان بەسەردا هێنا، کە بوو بەئەفسانە. هەر کە فرەنجە کشانەوە عەبدولڕەحمان بەئاراستەی باکوور کەوتە رێ و ساڵی ٧٨٠ توانی سەرەقوستە بگرێت و بیخاتە سەر میرنشینەکەی با بۆ ماوەیەکیش بێت، هەروەها باسکەکانیش ملکەچ بکات.

ساڵی ٧٨٨ عەبدولڕەحمان مرد و دەوڵەتێکی بەباشی رێکخراوی بۆ هیشامی کوڕی بەجێهێشت کە سوپایەکی بەهێز پاڵپشتی دەکرد. ئەو دەوڵەتە -بۆ ئەوەی بتوانێت بمێنێتەوە- پێویستی بە حاکمانی لە چینی خۆی هەبوو کە ئامادە بن بۆ بەخەرجدانی هەموو شت لەپێناو سەلماندن و چەسپاندنی دەسەڵاتەکەیاندا. لەڕاستیدا ئازاییە سەرچاوەکەی توانی رێگە لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی دووبەرەکی بگرێت کە لە وڵاتدا تەشەنەی سەندبوو، بەڵام نەیتوانی بەتەواوەتی بنبڕی بکات، چونکە ئەریستۆکراسیەتی عەرەبی بەنابەدڵی ملکەچی دەسەڵاتە بەهێزەکەی بووبوو، هەروەها بەرەنگاریی تازە موسڵمانبووەکان دژی بانگەشەکانی سەرکردە موسڵمانەکان لێرەیش لە مەغریب سەری هەڵدابوو.

ململانێ لەگەڵ مەسیحییەکان لە باکووری ئیسپانیا

هەروەها جێنشینەکانی نەیاندەتوانی وەک دامەزرێنەری دەوڵەتەکە بەگژ ئەو دەوڵەتە مەسیحییانەدا بچنەوە کە هێشتا لە نیمچە دورگەکەدا مابوون. هەر کە ئەلفونسی دووەم [یان ئەدفونش] چووە سەر تەختی ئەستوریاس Asturias رۆحێکی نوێ لە وڵاتدا هاتەکایە. ئەلفونس لەگەڵ باسکەکان و فەرنجەکانی ئەقیتانیە Aquitaine هاوپەیمانی بەست و توانی ساڵی ٨٠١ بەرشەلۆنە لە دەستی سێیەم ئەمیری ئەمەوییەکان، حەکەمی یەکەم،

دەربێنێت، بگرە لە پەلامارێکی کورتدا بەئاراستەی باشوور لەوەیش تێپەڕی و ئوشبونە (لسبون)ی بۆ ماوەیەکی کورت داگیر کرد. لە ناوخۆی ولاتیش حەکەم، کە ساڵی ٧٩٨ پاش مردنی هیشامی باوکی -کە تەنیا حەوت ساڵی حوکمی کرد- چووە سەر تەخت، سەرقاڵ بوو بە چەسپاندنی دەوڵەتەکەی و بەرگری لێکردنی و لەو رووەوە هەمان ئەو عەزیمەتەی دەنواند کە باوباپیرانی پێ ناسرابوون. تا ئەوکاتە مەزەبی ئەوزاعی لە فیقهدا لە ئەندەلوس بالادەست بوو، هاوشێوەی سووریا. بەڵام زۆری نەبرد مەزەبی مالیک کە لە تەواوی ئەفریقیا بالادەست بوو جێگەی گرتەوە، پێدەچێت تەنانەت لەسەردەمی باوکیشیدا. فەقیهانی ئەو مەزەبە هەر لە سەرەتاوە بە پەرۆشی بۆ سوننە و دەمارگیری بۆ پیادەکردنی دەناسران، لەبەرئەوە ئاسایی بوو لە نوقمبوونی حەکەم لە چێژبازی و بەسووک تەماشاکردنی بۆ ئەحکامی شەریعەت -هاوشێوەی باپیرانی لە خەلیفەکانی شام- بێتاقەت بن و خەڵکە نەموسڵمانەکەی لێ هەڵبنێن. لەوەیشدا چینە داخ لەدڵەکانی خانەدانان یارمەتییان دەدان. بەم شێوەیە حەکەم ناچار بوو دوو جار، یەکەم جار لە ساڵی ٨٠٥ و دووەم جار لە ساڵی ٨٠٦ ئاگری فیتنە لە قورتوبەی پایتەختیدا بکوژێنێتەوە. لە تولەیتولە نەموسڵمانەکان لەگەڵ هاونیشتمانەکانیان کە هێشتا مەسیحی بوون هاوپەیمانییان بەست و شارەکەیان سەربەخۆ کرد و گوێیان بە ئەمیرەکە نەدا. لەڕاستیدا نەیتوانی ئەو شارە شۆڕشگێڕە کۆنترۆل بکات تا ئەوکاتەی کەسێکی لە نەموسڵمانەکان کردە حاکمی، کە بێئەندازە دڵسۆزی خۆی بوو، ئەویش عەمروس بن یوسف بوو، کە بۆسەیەکی بۆ سەرکردە یاخیبووەکان نایەوە و یەک بەیەکیانی لای چاڵێکدا کە لە حەوشەی کۆشکە تازە دروستکراوەکەیدا ئامادەی کردبوو، سەربڕی. عەبدولڕەحمان ناچار بوو، هاوشێوەی خەلیفە عەباسییەکان، تاقمی پاسەوانی خۆی لە کۆیلە بیانییەکان پێکبێنێت، تا لە شەڕی خەڵکە تووڕەکەی خۆی بیپارێزن. بەو بیانییانە دەوترا بێدەنگەکان (الخرس) the Mutes. لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی حەکەمدا ساڵی ٨١٧، فەقیهەکان دانیشتوانی بەشی خواروووی قورتوبەیان لای بەری چەپی رووباری ئەلوادی ئەلکەبیر بۆ یاخیبوون هان دا و بەرەو کۆشک ملیان نا. پاسەوانەکانیشی بەشمشێر تەفروتونایان کردن، پاش لەناوبردنیان فەرمانی دا بە وێرانکردنی ئەو گەڕەکە و نەفیکردنی خەڵکەکەی، کە ژمارەیان نزیکەی شەست هەزار کەس دەبوو، تا بەوڵاتدا پەرش و بڵاو ببن. لەکاتێکدا بیست هەزاریان لە فاس نیشتەجێ بوون کە ئەو گەڕەکەی لێی نیشتەجێ بوون پاشتریش هەر بەناوی "دوژمنی ئەندەلوسییەکان" دەناسرا، ئەوانیتر رووبان کردە میسر و سەرەتا لە ئەسکەندەریە جێگەی خۆیانیان قایم کرد. توانییان بەڕێکەوتن لەگەڵ گرووپێکیتری سەرکێش ماوەی دە ساڵ شارەکە لەدەستیاندا بهێڵنەوە سەرەڕای هەوڵەکانی کاربەدەستانی عەباسی لەپێناو گێڕانەوەیدا. تا کاتێک سەرەنجام توانییان بیگرنەوە، ئەوانە بۆ دورگەی کریت Crete دوور خرانەوە.

مەسیحی و نەوموسڵمانەکان پشتیوی دەنێنەوە

لە سەردەمی عەبدولڕەحمانی دووەمدا (٨٢٢-٨٥٢)، کە جێگرەوەیەکی لاواز بوو لە حوکمدا، تولەیتولە جارێکیتر سەربەخۆیی لە دەوڵەت راگەیاند، لەکاتێکدا حکومەت لە قورتوبەیش بەهۆی مەسیحییەکانەوە بەدەست زەحمەتیی نوێوە گرفتار بوو، کە تا ئەوکاتە بەویستی خۆیان ملکەچی حوکمی لێبوردەی موسڵمانان بوون و تەنانەت بەتوندی کەوتبوونە ژێر کاریگەریی کەلتووری ئیسلامیی بالادەستەوە. هەرچۆن بێت، ئێستا تونددڕەوانی مەسیحی وەک راهیب یولوجیوس، کە ئیمانی شاراوەی ناخیانی بزواند، بەشێوەیەک زۆریان شەیدای ئەوە بوون لەڕێی نەفرەتکردن لە پێغەمبەردا بکوژرێن و شەهید ببن. سەرۆکی ئوسقوفەکان 'ریکافرید' بەهەڵنانی ئەمیر داوای بەستنی کۆنگرەیەکی کرد بۆ سەرکۆنەکردنی ئەم بەسووک سەیرکردنە سەرشێتانەیەی مردن، بەڵام بێسوود بوو. هەژموونی وردە پیاوانی ئایینی بەردەوام سەرچاوەی بێزارکردنی حکومەت بوو. ئەمیر نەیتوانی بەهەمان دڵڕەقیی باوکی سنووورێک بۆ ئەم بزوتنەوەیە دابنێت. راستە یەحیای کوڕی یەحیای فەقیهـ قوتابیی مالیکی کوڕی ئەنەس خۆی رۆڵێکی گەورەی لە کۆشکدا دەبینی، بەڵام بەپلەی یەکەم لە خەمی بڵاوکردنەوەی مەزهبی مالیکیدا بوو لە تەواوی ئیسپانیادا. لەڕاستیدا ئەمیر زیاتر ملکەچی دەسەڵاتی ژنە خۆشەویستەکەی بەناوی تەروب و (نەسر)ی مەولای ژنەکەی، کە خەساوێکی ئیسپانی بوو، تا ئەوەی ملکەچی دەسەڵاتی یەحیا بێت. تەروب و نەسر لەم هەژموونەیاندا مۆسیقاژەن (زیریباب)یشیان بەشدار کردبوو، ئەویش قوتابی ئیسحاقی مووسڵی بوو، کە عێراقی بەجێهێشت پاش ئەوەی هەستی بە حەسوودی پێبردنی مامۆستاکەی کرد. ناوبانگێکی فراوانی لە ئەندەلوس هەبوو، لەبەرئەوە هەر کە ساڵی ٨٢٢ پێی خستە سەر خاکی ئیسپانیا، ئەمیر خۆی چوو بۆ پێشوازیکردنی لە قورتوبە. پاش ماوەیەکی کورت زیریاب توانی ئاراستەی مۆسیقی لە کۆشکدا دیاری بکات. نەک هەر ئەوەندە، بگرە دنەی ئەمیری دا بۆ کێبرکێکردن لەگەڵ خەلیفەی بەغدادی لە نوقمبوون لەناو ناز و نیعمەت و چێژخوازیدا. شلۆقییە ناوخۆییەکان کە ئەمیریان ناچار کرد ماریدە و تولەیتولە بەزەبری چەک ملکەچ بکات، هێشتا لە زیادبووندا بوون کاتێک نۆرماندییەکان ساڵی ٨٤٤ شالاویان هێنایە سەر ئیسپانیا و ئیشبیلیەیان داگیر کرد. ئەمیر شاعیری کۆشکەکەی، یەحیا بن ئەلحەکەم ئەلغەزالی نارد بۆ بارەگای گەورەی نۆرماندییەکان لە یەکێک لە دورگە دانیمارکییەکان تا لەپێناو ئاشتیدا دانوستانی لەگەڵدا بکات. پاش ئەنجامدانی ئەرکەکەی، بۆ یەکەم جار وێنەیەکی لەبارەی گەلانی باکوور و بارودۆخیان بۆ ئەندەلوس گواستەوە.

کاتیک پاش عەبدولڕەحمان، ئەمیر محەمەدی یەکەم (٨٥٢-٨٨٦)، کە لەسەر گیانی دەمارگیریی ئاینی گۆش بووبوو کە لە زانا ئاینییەکاندا خۆی دەنواند، چووە سەر تەخت، بڕەوی بەناکۆکیی نێوان هەردوو پێکهاتەکەی دانیشتوان دا پاش ئەوەی مەسیحییە ژیر و میانڕەوەکانیشی بە گوناهی هاوئاینە دەمارگیرەکانیان سزادا. لەبەرئەوە مەسیحییەکانی تولەیتولە بەهۆی ئەو تەنگانە گەورەیەی بەسەریاندا هات، هانایان بردە لای ئەردونی یەکەم پاشای لیۆن. ساڵی ٨٥٤ فەرماندەکەی "کۆنت بیرزا" پەلاماری خاکی موسڵمانانی دا و سەربازانی ئەمیر لە دۆڵی سەلیتدا شکان. ئەگەرچی موسڵمانان زۆری نەبرد سێ شکستی سەختیان بەسەر خەڵکی تولەیتولەدا هێنا، بەڵام محەمەد دوودڵ بوو لە سەپاندنی گەمارۆیەکی درێژخایەن و کاریگەر بەسەر شارەکەدا، بەوە شارەکە توانی بۆ ماوەی هەشت ساڵیتر پارێزگاری لە سەربەخۆیی خۆی بکات. لەڕاستیدا ئەو نموونەیەی تولەیتولە پێشکەشی کرد کاریگەری لەسەر قورتوبەیش هەبوو. ئەگەرچی لێرە دوای مردنی هەریەک لە یولوجیوس و لیو کریشیا (٨٥٩ ز) شەپۆلی شەهیدبوون سستی و پچڕانی تێکەوتبوو، ئەوا سەروەرییەکانی ئەو شەهیدانە لە سەرتاسەری وڵاتدا کاریگەریی ئاشکرای هەبوو. کاتیک پاش بیست ساڵ محەمەد هەوڵی دا ئاشتی لەگەڵ فۆنسی گەورە بەرقەرار بکات، دەبوو ئیسک و پروسکی یولوجیوسی رادەست بکات، کە بە (قدیس)یان راگەیاندبوو. ئەگەرچی محەمەد لەخەمی ئەوەدا بوو دارایی دەوڵەت چاک بکات پاش ئەوەی تەخشان و پەخشانی باوکی وێرانی کردبوو، بەڵام لە چروکیدا زیادەڕەوی کرد بەشێوەیەک کاروباری بەرگریی سەربازی لە مەملەکەتەکەی فەرامۆش کرد، لێرەوە زۆرجار لەکاتی کێشەیدا لەگەڵ ئاستورياس و و نەبەرە (ناڤار)، خۆی لە تەنگەبەرییەکی سەختدا بینییەوە. لە ئەرەگۆن موسای نەوموسڵمان و کوڕەکانی سەربەخۆییان لە حکومەتی ناوەندی راگەیاند، لەکاتێکدا ساڵی ٨٧٥ لە بەتەلیوس نەوموسڵمانێکیتر [بەناوی عەبدولڕەحمان بن مەروان] بەپاڵپشتیی ئەلفۆنسی سێیەم پاشای ئاستورياس، یاخی بوو. لە باکووریش تێکگیرانی نێوان هۆشیاریی نەتەوەیی لای ئیسپانەکان لەلایەک و حوکمی بێگانەی عەرەبی لەلایەکیتر بەسەر ململانێی ئاینیی نێوان مەسیحییەت و ئیسلامدا زاڵ بوو، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی ئیبن مەروان چاوی لەوە بێ ئاوێتەیەکی نوێ لە هەردوو ئاینەکە بۆ گەلەکەی گەڵاڵە بکات. هەروەها سەرکەوتنە ئیسپانییەکان لە باکوور کاریگەرییەکی بزوێنەریان هەبوو لەسەر خەڵکی باشوور، کە تا ئەوکاتە لایەنی ئارامییان گرتبوو. ئەوە بوو ساڵی ٨٨٤ لە ئاین هەڵگەڕاوە عومەر کوڕی حەفسون لە چیاکانی تاکرونا لەنێوان رۆندا و مەلەگە لە حوکمی ئومەوی یاخی بوو و چەندین ساڵ لە قەڵایەکدا لە بۆباستڕۆ Bobastro خۆی قایم کرد پاش ئەوەی دەسەڵاتی ناوەندیی ئیسلامی نەیتوانی ملکەچی

بکات، تەنانەت لە سەردەمی ئەمیر مونزیردا کە جێگەی محەمەدی گرتەوە و لەوکاتەی هێشتا میراتگری تەخت (وەلی عەهد) بوو بەشداریی جەنگ دژی ئیبن حەفسونی کرد. دوو ساڵ بەسەر چوونە سەر تەختیدا تێنەپەڕی عەبدوڵای برای (٨٨٨-٩١٢) ژەهرخواردی کرد و خێرا چوو سوڵحی لەگەڵ شۆڕشگێڕاندا کرد.

لەڕاستیدا لە لاوازی یان بێتوانایییەوە ناچار بەم هەڵوێستە نەبوو، بەڵکو بەهۆی ئەو پشتوییەوە بوو سەرتاسەری وڵاتەکەی گرتبووەوە. ئەویش چونکە گەورە زەویدارەکانی عەرەب، وەک ئەمیر خۆی، لەمێژەوە کردبوویان بەنەریت لەدەوری خۆیان چەندین کەتیبە کۆیلەیان کۆدەکردەوە و هەندێ جار بۆ بەرگریکردن لە زەوییەکانیان چەکداریان دەکردن. یەکێک لەو زەویدارانە کورەیب بن خەلدون بوو، کە ماوەیەکی کەم پاش ئەوەی عەبدوڵا تەختی ئومەوییەکانی گرتە دەست، بەهۆی ئەو جۆرە کەتیبانەوە دەستی بەسەر تەواوی هەرێمی ئەلشەرەفدا گرت. تا کاتێک نەوموسڵمانەکانی ئیشبیلیە بەهاوبەشی لەگەڵ ئەو بەربەرانەی لە چیاکانی دەوروبەر دابەزیبوون و بەڵێنی لابەندییان بۆ ئەمیر هەڵوەشاندەوە، کورەیب پشتی ئەمیری گرت بۆ بەرگریکردن لە سەروەریی عەرەبی و بەوە توانییان خەڵکی ئیشبیلیە ملکەچ بکەن. بەڵام زۆری نەبرد ئەمیر لەگەڵ سەرگەورەیەکیتری عەرەبدا بەناوی ئیبراهیم بن حەججاج تێکچوو، ئەمەی دوایش خۆی لە کورەیب بن خەلدون رزگار کرد و لەگەڵ ئیبن حەفسون هاوپەیمانی بەست. لەو رووەوە دەرەبەگەکان لە تەواوی هەرێمەکان گژبەریی ئەمیریان دەکرد، ناچار بوو دان بەسەروەریی ئیبراهیم بەسەر ئیشبیلیەدا بێنێت ئەگەرچی سەرەنجام ئیبراهیم تووشی شکست بوو. نەک هەر ئەوەندە، بگرە مەسیحییەکانی قورتوبە بەسەرکردایەتیی شەربەند (سرفاندو) لەگەڵ ئیبن حەفسون هاوپەیمانییان بەست، ئەوکاتە ئیتر دەبوو عەبدوڵا هێزەکانی بۆ شەڕێکی یەکلاکەرەوە کۆبکاتەوە. لە قەڵای پۆڵەی Polei لە باشووری قورتوبە هێرشی کردە سەر شۆڕشگێڕەکە و ناچاری کرد پاشەکشە بکات بۆ بۆباسترۆ. لێرەدا هەڵوێستی ئیبن حەفسون هەستیارتر بوو، چونکە لە ئیسلام هەڵگەڕایەوە و بوو بەمەسیحی، بەوەیش رووبەڕووی دوژمنایەتیی خەڵکەکەی بووەوە کە زۆربەیان بەئیمانەوە باوەڕیان بە ئیسلام هێنابوو، بەبێ ئەوەی مەسیحییەکان لەتوانایاندا بێت هیچ کۆمەکییەکی بکەن. پاشان عەبدوڵا هەموو توانای بۆ لەناوبردنی دژبەرە زۆرەکانی خستەکار و لە چەندین شەڕی لەدوای یەکدا بەسەریدا دان. ئەگەرچی لە هەندێ لەو شەڕانەدا دەشکا، بەڵام سەرەنجام توانی هەیبەتی دەوڵەت بپارێزێت و لە وڵاتدا بیچەسپێنێت.

گەشانەوە لە سایەی عەبدولڕەحمانی سێیەمدا

لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٩١٢ عەبدولا مرد و عەبدولڕەحمانی سێیەمی نەوەی کوڕی محەمەد، کە پێشتر عەبدولا کوشتبوی، جێگەی گرتەوە. ئەم عەبدولڕەحمانە لە ماوەی حوکمڕانییەکەیدا کە نزیکەی پەنجا ساڵی خایاند (٩١٢-٩٦١) بوو بە گرنگترین ئەمیرانی ئومەوی لە ئیسپانیا. لەسەرەتاکانیدا هەوڵی دا ئەوەی باپیری دەستی پێکردبوو، لە چەسپاندنی ئاشتی لە سەرتاسەری وڵات لەناوەندی کۆمەڵێک زەحمەتیی گەورەدا، تەواو بکات. تا پاش ئەوە خۆی بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی لە دەرەوە ساغ بکاتەوە. لە ماوەیەکی کورتدا بەو زیندوویێتی و ژیرییەی هەیبوو توانی لابەندیی سەرانی پیاوانی خانەدانی عەرەب لە هەردوو هەرێمی جاین و بیرە (ئیلڤیرا) بەدەست بێنێت ئەگەرچی ئیبن حەفسون تا مردنی لە ساڵی ٩١٧ پارێزگاری لە سەربەخۆیی خۆی لە بنکە شاخاوییەکانی (تاکرنا) کرد. ساڵی پاشتر یەکێک لە کوڕەکانی بەناوی سلێمان چەکی دانا، لەکاتێکدا ئەویتریان، جەعفەر، هەوڵی دا لەڕێی سەرلەنوێ موسڵمانبوونەوە خۆی رزگار بکات، ئەوەیش سزاکەی کوشتن بوو لەلایەن شوێنکەوتە مەسیحییەکانیەوە. هەرچی کوڕە بچووکەکەی بوو حەفس لە ململانێ بەردەوام بوو لە بابۆسترۆ -قەڵای سەرەکیی شۆڕشگێڕان- تا ساڵی ٩٢٨ ناچار بوو خۆ بەدەستەوە بدات. قەڵاکانیتر پێشتر چەکیان دانابوو، سەربازانی عەبدولڕەحمانیش وێرانیان کردن و پیاوماقوڵانی ناوچەکەیان پەلکێش کرد بۆ قورتوبە. ساڵی ٩٣٠ تەنیا تولەیتولە هێشتا بەسەربەخۆ مابوو. بەلام ئەم شارە کۆماریە کە ماوەی هەشتا ساڵ بوو لە ئازادی بەهرەمەند بوو، زۆری نەبرد پاش دوو ساڵ گەمارۆ لەبەر پێی ئەمیردا کەوتە سەرزەوی. لە نێوان ساڵانی ٩٢٠-٩٢٤دا عەبدولڕەحمان، ئۆرۆدنۆی دووەمی پاشای لیۆنی شکاند، کە پێشتر لەگەڵ شانجو (سانشو) پاشای نەبرە (ناڤار)دا هاوپەیمانی بەست و موسڵمانانی بۆ ئەودیو ماریدە لە باشوور و تا تودێلا و ڤالتیرە لە باکوور پاشەکشە پێکرد و تا ئەودیو سنوور راویاننان.

عەبدولڕەحمان کە سەرقاڵی قایمکردنی پایەکانی ئیمپراتۆرییەتی ئومەوی بوو لە ناوخۆ، سیاسەتی فاتیمییەکانی فەرامۆش نەکردبوو کە لەو کاتەدا کاریان بۆ ئەوە دەکرد دەسەڵاتیان بەسەر مەغریب و شوێنانیتردا بسەپێنن. ساڵی ٩٢٩ عەبدولڕەحمان بەرهەڵستی بانگەشەی فاتیمییەکانی کرد و وەک ئەوان خۆی ناونا ئەمیری ئیمانداران و وەک نەریتە رۆژهەڵاتییەکە نازناوی (ئەلناسر لیدینیللا)ی بەخۆی بەخشی. نەک هەر ئەوەندە، بگرە لە هەمان کاتدا کەشتیگەلێکی دروست کرد کە بەرپەرچی دەستدرێژیی فاتیمییەکانی پێ بداتەوە. ساڵی ٩٣١ پێش دژبەرانی کەوت لە داگیرکردنی سەبتە لە مەراکیش لە لای رۆژهەڵاتی تەنگەی جەبەل تاریق [لەسەر کەناری ئەفریقی]. زۆری نەبرد وردە ئەمیرەکان لە ئەفریقیا لەترسی فاتیمییەکان داوای پاراستنیان لەو کرد و چوونە ژێر

باڵی، بەوە توانی دەسەڵاتی بەسەر باکووری ئەفریقیا تا تاهەرتدا بکێشێت، کە فاتیمییەکان ساڵی ٩٠٨ داگیریان کرد.

عەبدولڕەحمان چاوی لە خەلیفە عەباسییەکان کرد و سوپایەکی لە مەمالیک یاخود کۆیلە بێگانەکان پێکهێنا، تا بەهۆیەوە دەسەڵاتەکەی بچەسپێنێت. لەکاتێکدا خەلیفەکانی بەغدا لە دامەزراندنی ئەو سوپایانەیاندا پشتیان بە رەگەزە تورکەکان دەبەست، دەبینین ئومەوییەکان لە ئەندەلوس پشت بە سەقڵەبییەکان –واتە سلاڤەکان- دەبەست، کە ناوێکی گشتی بوو بەدیلەکانی جەنگی سەر بە گشت وڵاتانی ئەوروپی دەوترا. ئەوروپای ڕۆژئاوا لەو سەردەمەدا گەشەسەندنێکی گەورەی لە بازرگانیی کۆیلەدا بەخۆوە دەبینی، جڵەوی ئەو بازرگانییەیش بەزۆریش بەدەست جولەکەوە بوو کە قوربانییەکانیان بەپلەی یەکەم دیلەکانی ئەو جەنگانە بوون بەدرێژایی زۆنگاوەکانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات ڕوویان دەدا، کە سلاڤییەکان تێیاندا نیشتەجێ بوون و لەڕێی فەرەنساوە لە بازاڕەکانی کۆیلە لە ئیسپانیا دەفرۆشران. "ڤەردون" Verdun ناوەندێکی سەرەکیی ئامادەکردنی خەساوان eunuchs بوو کە خەڵکی ئەندەلوس بەچاولێکەریی نەریتی باو لە بەغدا بۆ خزمەتکردنی ئافرەتان بەکاریان دەهێنان. بیزنتەیش هەندێ جۆریتری کۆیلەی پێشکەش دەکرد کە لە شالاوەکانیان بۆ سەر کەنارەکانی دەریای ڕەش وەک غەنیمەت دەستیان دەکەوت. نەک هەر ئەوە، بگرە چەتە ئیسپانیەکان خۆیان بەبەرهەمی شالاوەکانیان بۆ سەر کەنارە فەرەنسی و ئیتاڵییەکان بازاڕی کۆیلەیان پڕ کۆیلە دەکرد. ئەو سلاڤییانە لە ئەندەلوس لەلایەن گەورە ئومەوییەکانیانەوە سۆزێکی زۆریان دەدرایە، تەنانەت زۆرجار دەگەیشتنە ئاستێکی بەرز لە دەوڵەمەندی و هەژموون، وەک تورکەکان لە بەغدا. لەڕاستیدا عەبدولڕەحمان زیاتر متمانەی بەوان بوو تا بە ئەندامانی ئەریستۆکراسییەتی عەرەبی کە لە چەندین دۆخدا بووبوونە مەترسیی گەورە بۆ باوباپیرانی. لێرەوەیە دەبینین هەندێ جار جڵەوی تەواوی سوپایەک بە ئەفسەرێکی سلاڤی دەسپێرێت. ئەوە بوو ساڵی ٩٣٩ نەجدەتی سەقڵەبی سەرکردایەتیی ئەو سوپایەی کرد کە خەلیفە ناردی بۆ شەڕ لەگەڵ ڕامیرۆی دووەم پاشای لیۆن و ناڤارییە هاوپەیمانەکانی. بەڵام ئەم کارە عەرەبەکانی تووڕە کرد، بەشێوەیەک لە شەڕی (خەندەق)دا هەڵوێستێکی نەرێنییان وەرگرت و بووە هۆی خراپترین شکان کە عەبدولڕەحمان لە ژیانیدا بەسەریدا هاتبێت. عەبدولڕەحمان لە کۆتا ساڵەکانی فەرمانڕەوەییەکەیدا دژبەرە مەسیحییەکانیشی ملکەچ کرد. ڕامیرۆ (رودمیر)ی دووەم لە کێشەیەکدا لەگەڵ کۆنتی قشتاله Castile بەشەڕهاتن، تا کاتێک مرد، هەردوو کوڕەکەی ئۆردۆنۆی سێیەم و شانچۆ لەسەر تەخت بوو بە کێشەیان. لەبەرئەوەی قشتالییەکان پشتگیریی شانچۆیان دەکرد ئۆردۆنۆ سوڵحی لەگەڵ عەبدوڕەحماندا کرد و ڕازی بوو سەرانەی بداتێ. زۆری نەبرد ساڵی ٩٥٥ شانچۆ جێگەی ئۆردۆنۆی گرتەوە و

پەیماننامەکەی هەلوەشاندەوە، بەلام برازاکەی لێی راپەڕی و لە ولاتەکەی دەریکرد، لەبەرئەوە ناچار بوو هەلبێت بۆ لای شاژنی بەسالاچوو تۆتە، حاکمی ناڤار. پاشان بەیاوەریی شاژن چووە لای عەبدولڕەحمان و داوای کرد دژی دوژمنەکەی یارمەتی بدات، عەبدولڕەحمانیش داواکەی قبول کرد لەبەرانبەر دەستبەرداربوونی لە ژمارەیەک قەلای سەرسنوور، جا بەهۆی سوپا ئیسلامییەکانەوە وەک پاشا گەڕایەوە بۆ ولاتە زەوتکراوەکەی.

لە سەردەمی عەبدولڕەحماندا کە لەگەل درێژیشدا، بە سەقامگیریی ناوخۆیی دەناسرێتەوە، ئەندەلوس Andalusia خونچەکردنی شارستانێتییەکی گەشاوەی بەخۆوە بینی کە بووە مایەی سەرسوڕمانی ئەوروپا لە چاخی ناوەڕاستدا. عەرەب دانەوێلەیان چاند و ناشتنی خورمایان بردە ئەوروپا. هێشتا پاشماوەی باخچەکانیان تا ئەمڕۆ لە کێلگەکانی ئەوروپا لە ئەلچ Elche لە باشووری هەرێمی ڤالێنسیا ماوە. ئەندەلوس بە پیشەسازییە دەستییەکەی دەناسرێتەوە کە بەتایبەت پشتی بە کانزا و پێستە دەبەست. تائەمڕۆیش پێستەی قورتوبی ناوی پایتەختی ئەندەلوسی لە بازاڕی جیهانیدا بەزیندوویی هێشتۆتەوە. داهاتی سالانەی دەولەت لە سەردەمی عەبدولڕەحماندا لەڕێی باج و رسوماتەوە گەیشتە ٦ ملیۆن و ٢٤٥ هەزار دینار. بەپێی هەندێ گێڕانەوە سێیەکی ئەو چەردەیە بۆ خەرجە ڕۆژانەکانی دەولەت تەرخان دەکرا، لەکاتێکدا خەلیفە سێیەکی دووەمی لە گەنجینەکەیدا هەلدەگرت، باقییەکەیشی بۆ پرۆژەکانی بنیاتنان تەرخان دەکرد، کە ئەوی کردوە بە یەکێک لە گەورەترین پیاوەکانی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنان لە ئیسلامدا.

مزگەوتی گەورەی قورتوبە

لەناو ئەو کارانەی حوکمڕانان بەدڵگەرمی دەیانکرد، دروستکردنی مزگەوتی کەشخە و رازاندنەوەیان بوو، وەک لە ڕۆژهەلات باو بوو. ولاتگرە بەراییەکان لە قورتوبە نیوەی کاتیدرائییەی قەشە ڤینسێنت-یان دابڕیبوو بۆ شوێنی پەرستنی خۆیان. بەلام کۆنترین مزگەوتەکانی ئەو مزگەوتەیە دامەزرێنەری دەولەتی ئومەوی لە ئەندەلوس سالی ٧٨٥-٧٨٦ دروستی کردوە. مزگەوتەکە تەنیا لە دوازدە مانگدا دروست کراوە، کە ئەوە خیراییەک بوو وای لە عەبدورەحمان کرد پەنا بۆ ستوونەکانی هەندێ کەنیسە ببات کە پێدەچێت کەلاوە بووبن، جا چ تاجەکانیان لەگەل ستوونەکاندا گونجاو بن یان نا. موسلمانەکان هەروەها لە تەلارسازانی خۆرئاوایی قووت، ئەو تاقانەیان وەرگرت کە لە شێوەی نالی ئەسپدا دروست کراون و لەڕێی کەوانەکانیانەوە -کە لە بەدوای یەکدا هاتنی بەرد و پارچە خشتی شێوە فواز پێکهاتوون- ستوونەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە، کە هەندێ جار سپی و هەندێ جار ڕەنگاوڕەنگن. لەسەر ئەمە و لە ئاستێکی بەرزتر لە ئاستی

تاقه یەکەمەکان، ریزێکیتر بەرز بووەتەوە کە بەبنمیچێک کۆتایی دێت لە بنەڕەتدا لە تەختەی هەڵکۆڵراوی ڕەنگاوڕەنگ بوو. کاتێک عەبدوڵڕەحمان مرد جێنشینەکانی هەوڵی خۆیان لە خزمەتکردنی ئەو مزگەوتەدا خستە کار، هیشامی کوی عەبدوڵڕەحمان مەنارەکەی دروست کرد، عەبدوڵڕەحمانی دووەم یازدە دااڵنەکەی درێژ کردەوە بەوەی حەوت تاقیتری بۆ درێژییەکەیان زیاد کرد و میحرابێکی بۆ زیاد کرد. هەرچی محەمەدی یەکەمە مەقسوورەکەی دروست کرد. پاشان عەبدوڵا هات، کە بێگومان زۆر پەرۆش بوو بۆ خۆپاراستن لە دەستدرێژی، هۆکانی سەلامەتی لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، لەبەرئەوە ڕێڕەوێکی سێبەر (سابات)ی دروست کرد کە مزگەوتەکە و کۆشکەکەی بەیەکەوە ببەستێتەوە، کە لەتەنیشتیدا بوو لەلای ڕۆژئاوە و وەک یەک پارچەیان لێ هاتبوو، وەک لە سەردەمی ئومەوییەکانیش لە شام باو بوو. پاشان بومەلەرزەیەک دای لە مەنارەی مزگەوتەکە و ڕوخاندی، عەبدوڵڕەحمانی سێیەم سااڵی ٩٥١ مەنارەیەکی نوێ و کەشخەی بۆ دروست کردەوە، کە پاشتر تاوەری بەناوبانگی جیراڵد لە ئیشبیلییە و ژمارەیەکیتر مەنارە لە مەغریب لەسەر شێوەی ئەو دروست کران. جێنشینەکەی، حەکەمی دووەم، درێژیی یازدە دااڵنەکانی زیاد کرد بەوەی یازدە تاقی بۆ درێژییەکەیان زیاد کرد و نزیکەی سەد مەتر بۆ باشوور درێژ بوویەوە. هەروەها میحرابێکی تازەی دروست کرد (وەک لە نووسینێکدا هاتووە کە بۆ سااڵی ٩٦٥ دەگەڕێتەوە). خانوویەکی هەشت گۆشەیشی دروست کرد (کە تا ئەمڕۆیش ماوە و کەنیسەی "زنکورن"ی تێدایە) و گومەزێکی لە مەڕمەڕ دروستکراوی بەسەرەوەیە کە لە شێوەی سەدەفی دووتوێ دەچێت. لەگەڵ مەقسوورەیەکی نوێ "سێ ژووری تێدایە کە بە تاقە یەکتربڕە پارچەپارچەکانیان و گومەزە تاکانە لادارەکانیان، لوتکەی هونەری بیناسازی لەو مزگەوتەکەدا دەنوێنن[٨٢]. دوواجاریش ئەلحاجب ئەلمەنسوور هەشت دااڵنیتر و حەوت ریز ستوونیتری بۆ یازدە دااڵنە درێژەکە زیاد کرد. بەم شێوەیە مزگەوتەکە وای لێهات نۆزدە دااڵنی لەخۆ دەگرت کە هەریەکەیان سی و پێنج ستوونی تێدا بوو. هەروەها ئەو گۆڕەپانە ناوەندییەی دەچووە ناو میحرابەکە لە گۆڕەپانی سەرەکی جیا کرایەوە.

مزگەوتەکە بەدیوارێک دەور درابوو، کە بەرزییەکەی لەنێوان دوو تا سێ مەتردا بوو و بەشێوەیەکی لاکێشەیی لە باکوورەوە بۆ باشوور درێژ دەبوویەوە و بالکۆنە (شرفة)ی بەرزی بەسەرەوە بوو. لەبەرئەوەی ئەو زەوییەی لەسەری دروست کرابوو بەرەو ڕووبارەکە لێژ بوو پێویست بوو بناغەکەی زۆر گەورە بێت. نوێژکەران لە بیست و یەک دەرگاوە دەهاتنە ناو مزگەوت، کە هەموویان بە مسی زەردی سماو (المخرم)

---

[٨٢] بڕوانە: E. Diez, Die Kunst der islamischen Volker, p. 50

رازێنرابوونەوە. بەڵام ئەمڕۆ بەزۆری داخراون. پەنجەرەکان و تاقە کەوانەییە داخراوەکانی تەنیشتیان لەگەڵ کۆڵەکە شێوە تاوەرەکاندا رووکاری مزگەوتەکەیان دەڕازاندەوە. ژمارەیەکی کەم لە دەرگاکانی مزگەوتەکە بۆ ئافرەتان کرابوون، کە لێیانەوە دەچوونە ناو هەندێ هۆڵی تایبەت بەئافرەتان. ئیسلام ژوورەکانی ئافرەتانی وەرنەگرت کە کەنیسە بیزەنتییەکانیان لە وڵاتانیتر پێی ناسرابوون. هەرچی گۆڕەپانی مزگەوتەکەیە، (کە بەچەند بالکۆنەیەک دەورە درابوون کە ئاسەوارەکانیان نەماون) ساڵی ٩٥٧ تەواو بوو. حەوزێک لە ناوەڕاستیدا بوو کە چەند ستوونێک بەدەوریدا بوون تاقی لە بەرد هەڵکۆڵراویان بەسەرەوە بوو. باوەڕداران ماوەیەکی کورت پێش نوێژ بەئاوی حەوزەکە دەستنوێژیان دەگرت.

زەهرا

پایتەختی ئەندەلوس لە سەردەمی عەبدولڕەحماندا بەکۆمەڵێک دامەزراوەی کەشخەی دنیایی رازابوویەوە کە تەنیا وەسفەکانیانمان لە کتێبەکانی مێژوودا بۆ ماوەتەوە. گومان لەوەدا نیە مەزنترینی ئەو دامەزراوانە شاری زەهرایە کە بەناوی کەنیزەکێکی دولبەری خۆیەوە ناوی ناوە. ساڵی ٩٣٦ دەستی بە دروستکردنی ئەم شارە کرد لە بناری چیای عەروس لە دووریی نزیکەی سێ میلی عەرەبی لە باکووری قورتوبە. لەوێ عەبدولڕەحمان دە هەزار کرێکاری خڕ کردەوە کە دوای بیست و پێنج ساڵ دەستیان لە بیناکردن هەڵنەگرت. لەڕاستیدا "زەهرا" بەسێ چینی لەسەر یەک، لەسەر لێژایی چیاکە دروست کراوە. چینی خوارەوە باخ و بێستانەکان بوون، چینی ناوەڕاست ماڵی فەرمانبەرانی کۆشکی لێبوو، کۆشکی خەلیفەیش بەسەر هەموو ئەوانەدا دەیڕوانی. هۆڵە سەرەکییەکەی هەر هەمووی لە ئاڵتون و مەڕمەڕی رەنگاوڕەنگ پێکهاتبوو، لە ناوەڕاستیدا گەوهەرێک دەبریسکایەوە ئیمپراتۆر لێوێی بیزەنتی [حاکمی قوستەنتینیە] بەدیاری [بۆ عەبدولڕەحمان]ی ناردبوو. هەشت دەرگاکە لەسەر چەند بنکەیەک لە مەڕمەڕی رەنگاوڕەنگ و کریستاڵ دامەزرابوون، کە تاقی کەوانەیی لە ئەبنوسی بەئاڵتون رووکەشکراو و عاجی زاخاودراو بە گەوهەریان بەسەرەوە بوو. ژووری خەوتنی خەلیفە حەوزێکی تێدا بوو کە بە دوازدە پەیکەری شێوەی ئاژەڵی لە ئاڵتونی سوور دروستکراو رازابووەوە. لەراستیدا کۆشکەکە ٢٧٠٠ باڵ لە رۆژهەلاتەوە بۆ رۆژئاوا و ١٥٠٠ باڵ لە باکووریەوە بۆ باشوور درێژ بووبوویەوە. هەزار و پێنجسەد دەرگای هەبوو کە ئاسنی بەئاڵتون سواقدراو و مس رازاندبوونیەوە. هەرچی پایەکان بوون کە ژمارەیان چوار هەزار و سێسەد پایە بوون هەندێکیان لە ئەفریقیا هێنرابوون، هەندێکیتریان لە فرەنجە. بەڵام جێنشینەکانی عەبدولڕەحمان نەیانتوانی ئەم تەلارە کەشخەیە چاک بکەنەوە، بەشێوەیەک لە

نیوەی دووەمی سەدەی یازدەیەمدا تەنیا چەند پارچەیەکی کەمی بەپێوە مابوو. بەڵام ئەمڕۆ مەگەر تەنیا بەهەندێ تەپۆڵکەی خاشاک شوێنەکەی بدۆزرێتەوە لەو شوێنەی پێی دەوترێت "قورتوبەی کۆن"، لەدووریی میلێک لە شارەکەی ئێستا، لە بناری چیا [چیای ئەلعەروس].

ژیانی فیکری لە ئەندەلوس

ئەندەلوس لەپاڵ ئەم گەشەسەندنە ماددییەدا، لە جموجوڵێکی فیکریی چالاکیش بەهرەمەند بوو. جێی داخە ئەوەی لەبارەی دۆخی شیعری ئەندەلوسی لەو ماوە گەشەسەندووەدا دەیزانین، لەچاو ئەوەی سەبارەت بە پەرەسەندنی ئەو شیعرە لە سەردەمەکانی پاشکەوتنی سیاسی لە ئیسپانیای ئیسلامیی پاشتردا دەیزانین، هیچ نیە. بەڵام وا بەخەیاڵدا دێت شیعر لە ئەندەلوس -وەک شیعر لە شام- سەرەتا بەدەوری دەمارگیریی کلاسیکیی خێڵەکیدا خولابێتەوە و زۆربەی پیاهەڵدان و داشۆرین بووبێت. لە کۆشکی ئومەوییەکاندا لەژێر کاریگەریی هونەری بەغدایی هاوچەرخدا خونچەکانی پیاهەڵدانی درێژدادڕی نامۆ و بێتام، گەشەیان کرد. بەڵام میزاجی ئەندەلوسی توانی رۆحێکی نوێ وەبەر قاڵبەکانی شیعری بەدەویی کۆندا بکات، وەک کە فارسەکانیش لە رۆژهەڵات ئەو رۆحەیان وەبەر هەمان ئەو قاڵبانەدا کرد. لەڕاستیدا ئەو هەستناسکییە تایبەتە و ئەو سۆز قوواڵی و وەڵامدانەوە -خەریکە بڵێین- هاوچەرخانەیە بۆ جوانییەکانی سروشت و وێنەگرتنیان بە نیانی و چاوکراوەییەکی زۆر، کە لە شیعری ئەندەلوسیەکاندا دەیبینین، میراتێکی ئایبیریی رۆمانین و بەرگی زمانی عەرەبە وڵاتگرەکانی وەبەردا کراوە، وەک کۆنت فون شاک A. von Schack پێشتر سەرنجی داوە. لە بواری زانستیشدا خەڵکی ئەندەلوس هەر لە سەرەتاوە بایەخێکی تایبەتیان بە فیقهـ و زمان داوە. بێگومان پابەندبوونی مەزهبی مالیکیی باو لە ئەندەلوس بە ستوونی سوننەوە، ئەو وڵاتەی لە خراپەی ئەو ناکۆکییەی بەتوندی لە بەغدا و رۆژهەڵات لەسەر شێواز و میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەی ئاینی، پاراست. بەم شێوە زۆری نەبرد بایەخدان بە رابردوو لە وڵاتی ئەندەلوس پێشی بیرکردنەوەی ئاینیی پەتی دایەوە. پاشتر دەبینین سۆفیگەری لێرە گەیشتە دواین وێنەی خۆی، ئەو وێنەیەی سەرەنجام لە رۆژهەڵاتیش زاڵ بوو.

چاکەی بزواندنی بایەخدانی ئەندەلوسییەکان بە مەسەلەکانی فەلسەفە بۆ ئیبن مەسەرەی قورتوبی دەگەڕێتەوە، کە لە دەوروبەری ساڵی ٩٠٠[٨٣] سەرۆکایەتیی ئەڵقەیەکی

[٨٣] هەرچی ساڵی ٩١٢یە کە ئاسین پالاسیوس Asin Palacios لە پاشکۆی ئینسکلۆپیدیای ئیسلامیدا باسی کردوە، لەڕاستیدا ساڵی چوونە سەر تەختی عەبدولڕەحمانی سێیەمە لە ئەندەلوس.

قوتابییان و موریدانی دەکرد، کە لە خەلوەتگەیەک لە قەدپاڵەکانی چیای قورتوبە [چیای ئەلعەروس] لەگەڵیدا کۆدەبوونەوە. کاتێک تۆمەتی زندیقی درایە پاڵ فەریزەی حەجی ئەنجام دا و پاشان گەڕایەوە نیشتمان پاش ئەوەی عەبدولڕەحمانی سێیەم چووە سەر تەختی قورتوبە. لەوێ لە فێرکردن بەردەوام بوو تا مردنی لە ساڵی ٩٣١. تائێستایش ئاستەمە بڕیار بدەین ئاخۆ چۆن چۆنی ئاشنا بووە بەو زانستە میتافیزیکییەی دەدرێتە پاڵ ئەمبیزقلیس و بە ئەفلاتونیزمی نوێ موتوربە کراوە. لەڕاستیدا تیۆری فەیز کە پێی وایە جیهان لە مەوجودی یەکەم، واتە خوداوە، دەرچووە لەڕێی عەقڵ و نەفسی هەمەکی و گەردوونەوە، بەرەو ئەو باوەڕەی برد کە پێویستە نەفسی ئینسانی جارێکیتر هەمان رێگە بگرێتەوە بەر، لێرەوە مەرگ کۆتایی بە چارەنووسی ناهێنێت. لەو رووەیشەوە ئەم رێگەیە لە شێوەی گرووپدا بەباشترین شێوە دەگیرێتە بەر، لەبەرئەوە لە چەند شارێکی ئەندەلوسدا ئەڵقەی هاوشێوەی ئەڵقەی قورتوبە پێکهاتن، کە سەرەڕای چەوساندنەوەی سوننە، تا سەدەی سیازدەیەم دەبەستران.

خەڵکی رەسەنی ئیسپانیا (ئەندەلوس)، هاوشێوەی فارسەکان لە رۆژهەڵات، مەیلیان بەلای شانازیکردن بەچاکەکانی باوباپیرانیان و هەڵبڕینیان بەسەر عەرەبدا پەیدا کرد. لە سەردەمی عەبدولڕەحمانی سێیەمدا ئەو نەزعەیە هێندە بەهێز بوو قازی ئەبو محەمەد عەبدولا بن ئەلحەسەن جورئەتی کرد بانگەوازی بۆ بکات، کە پایەی هێندە مەزن بوو خەلیفە خۆی ئامادەی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی دەبوو[٨٤]. ساڵی ٩٤٢ قورتوبە فیقهی زمان (فیلۆلۆژی)ی لەسەر دەستی [ئەبوعەلی] ئەلقالی ناسی، کە لە ئەرمینیا لەدایک بوو و لە بەغدا خوێندبووی. هەرچی زانستی میژووە کە لەو زانستانەیە گرنگییەکی گەورەی هەم لە رۆژهەڵاتی ئیسلامی و هەم لە ئەندەلوسدا پێدراوە، تایبەت بوو تەنیا بەوانەی پەیوەندییان بەکۆشکەوە هەبوو، لەبەرئەوە نەیدەتوانی لە گێڕانەوەی هەواڵەکاندا بێخەوش و بێلایەن بێت. میژوونووسانی ئەندەلوس پێش هەموو شت بایەخیان بە رووداوەکانی فەتحی ئیسلامی دەدا، کە ئەوە لەو میژووە بەناوبانگەی محەمەد ئیبن ئەلقووتییە[٨٥] داینا گەیشتە لوتکە، کە یەکێک بوو لە هاوسەردەمانی قالی. هەروەها وەک رۆژهەڵاتییەکان گرنگییان بە نووسینەوەی میژووی ژنانیان و خانەدانان دەدا. بەڵام لە هەردوو بواری پزیشکی و زانستە سروشتییەکاندا ئەندەلوسییەکان هەوڵیان دا لە دەسەڵاتی نەریتیی رۆژهەڵاتی رزگاریان بێت. ئەندەلوس لە سەردەمی عەبدولڕەحمانی سێیەمدا وەرگێڕانێکی نوێی تیۆرەکانی دیۆسکۆریدوسی سەبارەت بە چارەسەرەکان بەخۆوە بینی، ئەویش لە کۆپییەکی یۆنانییەوە کە لە قوستەنتینیەوە بۆی رەوانە کرابوو. حەکەمی دووەمی کوڕی

---

[٨٤] بروانە: Goldziher, in Zeitschrift der Deutschen Morgenlandischen Gesellschaft, 53, 605.

[٨٥] (ابن القوطية): بەمانای کوڕی ژنە قووتی.

پاڵپشتێکی راستگۆی زانست و زانایان بوو. کەسانێکی دەنارد کتێبی دانسقە و بەنرخی بۆ بکڕن، بەشێوەیەک وەک دەوترێت کتێبخانەکەی چوارسەد هەزار بەرگە کتێبی تێدا بووە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو هەوڵی داوە مەعریفە لە وڵاتدا بڵاو بکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستە لە قورتوبە بیست و حەوت قوتابخانەی دروست کرد و رێگەی بە قوتابیانی هەژار دەدا بەخۆڕایی تێیاندا بخوێنن.

حەکەمی دووەم

حەکەمی دووەم، ناسراو بە (ئەلموستنەسیر بیللا)، لە ماوەی فەرمانڕەواییەکەیدا کە تەنها پازدە ساڵی خایاند (٩٦١-٩٧٦) توانی کەلەپوورەکەی باوکی لە ناوخۆدا پتەو بکات و لە شاڵاوی هاوسێ دیانەکانی بیپارێزێت، کە زۆری نەبرد یەک بەیەک ملکەچی بوون. بەڵام لە ساڵە کۆتاییەکاندا تووشی ئیفلیجی بوو و ناچار بوو زۆربەی جار بەڕێوەبەری کاروبارەکان بە وەزیرە یەکەمەکەی جەعفەر ئەلموسحەفی بسپێرێت، کە زۆر زرنگ و ورد نەبوو. گەورەی وەزیران یاخود سەرۆک وەزیران لە ئەندەلوس بە حاجب دەناسرا، ئەو ناوە پێشتر لە لایەن ئومەوییەکانەوە لە دیمەشق بە ئەفسەری پەیوەندیی نێوان خەلیفە و ئەندامانی ڕەعییەتەکەی دەوترا. ئەم فەرمانبەرە لەم ڕێگەیەوە هەژموونێکی گەورەی لەناو دەوڵەتدا هەبوو. لە ئەفریقیا پاڵەپەستۆی فاتیمییەکان لەسەر ناوچەکانی قەڵەمڕەوی ئومەوییەکان پاش گواستنەوەیان بۆ میسر زۆر سووک بووبوو. بەڵام زۆری نەبرد هەندێ کێشەیتری نوێ پەیدا بوون لەئەنجامی ململانێی نێوان دوو گرووپی گەورەی بەربەر، کە بریتی بوون لە زەناتە کە ئومەوییەکان ملکەچیان کردبوون، لەگەڵ سەنهاجە کە هێشتا ناویان لە سەنیگال زیندووە، لەناوی ئەو ڕووبارەی بووبووە سنووری زەوییەکانی. لەگەڵ دەستپێکی ساڵی ٩٤٠دا یەکێک لە گەورەکانیان بەناوی (زیری ئیبن مەناد) توانی جێگەی خۆی لە ئاشیر لە باشووری جەزائیر قایم بکات. ساڵی ٩٧١ لە شەڕێکدا دژی هێزەکانی سەر بە حەکەم کوژرا و کوڕێکی هەبوو ناوی بولوکین بوو، موعیزی فاتیمی پاش گواستنەوەی بۆ قاهیرە بەڕێوەبردنی هەرێمە ئەفریقییەکانی پێ سپارد کە پایتەختیان قەیرەوان بوو. لەتۆڵەی باوکیدا هێرشێکی کردە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئومەوییەکان لە ئەفریقیا و تا سیجلماسە چوو. ساڵی ٩٧٣ دەستی بەسەر تیلمەساندا گرت و ساڵی ٩٧٩ فاس و سیجلماسەی داگیر کرد.

مەنسووری حاجب

ئەوەی بوێری ئەو کارەی پێدا شلۆقیی دۆخی ئەندەلوس بوو، ئەوە بوو حەکەمی دووەم ساڵی ٩٧٦ مرد پاش ئەوەی سەرجەم منداڵەکانی مردبوون هیشام نەبێت، کە

لەسەر تەخت جێگەی گرتەوە و هێشتا تەمەنی دە سال بوو. دایکی خەڵکی باسک بوو بەناوی "سوبح" و بەناوی ئەوەوە کارەکانی بەڕێوە دەبرد و لەوەدا یەکێک لە خانەدانانی عەرەب بەناوی محەمەد ئیبن ئەبی عامر ئەلمەنسوور یارمەتی دەدا. راستییەکەی ئەو محەمەدە سەرەتا بریکار بوو بەسەر مولکەکانی سوبحەوە. جێی خۆی لەدڵیدا کردبووەوە و بۆ پۆستی وەزیری دارایی بەرزی کردەوە. لە وەزارەتەکەیدا توانی خەرجە قورس و گرانەکانی ئەو سوپایانەی بەئەرکی تایبەت رووبان دەکردە ئەفریقیا سووک بکات، ئەویش لەرێی دانوستانێکی زیرەکانە لەگەڵ فەرماندە غالب، کە پاشتر محەمەد کچەکەی مارە کرد. هیشام هەر کە چووە سەر تەختی قورتوبە محەمەد ئەلحاجب جەعفەر ئەلموسحەفی لە پۆستەکەی دوور خستەوە، لەوەیشدا غالب حاکمی شاری سالم (مەدینەسەلی) Medinaceli یارمەتی دا. هەروەها سنووری بۆ دەسەڵاتی ئەمیرە سەقڵەبییەکانی سوپا دانا، کە وایان لێهاتبوو لە قورتوبە هەمان رۆڵی تورکەکان لە بەغدا ببینن. زۆری نەبرد محەمەد دڵی بە خۆشەویستیی سوبح داخورپا، دڵی سوبحیش بەئەوینی ئەو داخورپا، هاوکاریی یەکترییان کرد بۆ لادانی خەلیفە گەنجەکە لە کورسیی حوکم و لە خەڵکیان دابڕی، کەس نەیدەبینی و پێی نەدەگەیشت. ساڵی ٩٧٨ محەمەد دەستی کرد بە دامەزراندنی پایتەختێکی نوێ لە دەروازەکانی قورتوبەدا و ناوینا شارە رازاوەکە (المدینة الزاهرة)، پاش ماوەیەک (زاهیرە) بوو بە بنکەی کرداریی حکومەت. زانایانی ئاینی -کە هێشتا خاوەن هەژموون و مەترسی بوون- تۆمەتی زندیقییان دایە پاڵ، ئەویش سڵی نەکردەوە لە مەرایی بۆ کردنیان بەسووتاندنی ئەو کتێبە فەلسەفی و زانستییانەی حەکەمی دووەم لە کتێبخانەکەیدا کۆی کردبوونەوە. سیاسەتی ئومەوییەکان لە ئەفریقیا خەرجی زۆری دەهێنایە سەریان و هەڕەشەی لە پێگەی ئەندەلوس دەکرد بەبێ ئەوەی سوودێکی ئەوتۆی هەبێت بۆیان، لەبەرئەوە محەمەد رێچکەیەکی نوێی لە سیاسەتی ئەفریقیادا گرتەبەر، بریتی بوو لەوەی تەنیا سەبتە بەتوندی دەستی بەسەردا بگیرێت و رێگە بدرێت ئەمیرە خۆماڵییەکان خۆیان، وەک شوێنکەوتەی دەوڵەتی ئومەوی لە قورتوبە، بەشە ناوخۆییەکانی وڵات بەڕێوە ببەن. ساڵی ٩٨٥ ئیبن جەنونی ئیدریسی هەوڵی دا ئەو سەرانەیە نەدات کە لەسەری بوو و ئەو ناوچانەی پێشتر هی باوباپیرانی بوون بیانگێڕێتەوە. لەبەرئەوە محەمەد ناچار بوو توندوتیژی بەکار بێنێت و ئامۆزای ئەمیرە یاخییەکەی هەڵنا لە دەسەڵات دایبماڵێت و بیکوژێت. هەرچی سیاسەتی بوو سەبارەت بە دەوڵەتە مەسیحییەکان، لەسەر بناغەی هێز دامەزرابوو.

هەر کە بەرهەڵستیی غالبی خەزووی لەناو برد، دەستی کرد بە رێکخستنەوەی سوپا و لەباتی سەقڵەبییەکان (سلاڤەکان) کە متمانەی پێیان نەبوو پشتی بە جاشی بەربەر و دیان دەبەست. لەڕاستیدا دەسەڵاتی بەسەر ئەو جاشە دیانانەدا هێندە توند بوو زاتی دەکرد

بیانبات بۆ شەڕکردنی دژی هاوئاینەکانی خۆیان. هەڵمەتێکی سەرکەوتووی بردە سەر لیۆن و بەهۆیەوە نازناوی (ئەلمەنصور بیللا)ی بەدەست هێنا. بەڵام تا ساڵی ٩٨٧ نەیتوانی ئەو وڵاتە بەتەواوەتی ملکەچ بکات. لە بیست و سێیەمین هەڵمەتیدا ساڵی ٩٨٥ هەڵیکوتایە سەر بەرشەلۆنە Barcelona و داگیری کرد، ساڵی ٩٩٧ کەنیسەی قەشە یەعقووب (سانت یاگۆ)ی روخاند کە بەناوبانگترین شوێنی پیرۆزی مەسیحییەکان بوو لە ئەندەلوس و هیچی لێ نەمایەوە جگە لە گۆڕی قەشەکە خۆی. مەنسوور ساڵی ٩٩١ دەستی لە پۆستی حاجیبی هەڵگرت بۆ عەبدولمەلیکی کوڕی، ساڵی ٩٩٧ ناوی (گەورە و ئەلمەلیک ئەلکەریم)ی لێنرا و بەوەیش خەلیفە وەک دیلی لێهات لە کۆشکەکەیدا، هاوشێوەی هاوڕێ عەباسییەکەی لە بەغدا. لە ١٠ی ئابی ساڵی ١٠٠٢ مەنسوور لەکاتی گەڕانەوەیدا لە پەنجا و دووەمین هەڵمەتی، کە تێیدا قلانیس Canalesی ملکەچ کرد، مرد.

دەوڵەتی عامری بەردەوام دەبێت

عەبدولمەلیکی کوڕی سەرەتا توانی بەبێ هیچ بەرهەڵستییەک لە پۆستەکەیدا جێگەی بگرێتەوە و درێژەی بەهەڵمەتەکانی دا لە باکووری ئەندەلوس. بەڵام پاش تەنیا شەش ساڵ بەدەسیسەی عەبدولڕەحمانی برای و بەژەهرخواردکراوی مرد. دەبەنگیی ئەم عەبدولڕەحمانە -کە بەناوی سانچولۆ (شەنجول) ناسراوە، لەناوی دایکیەوە، کە یەکێک بوو لە کچەکانی سانچۆی پاشای ناڤار (نەبرە)- گەیشتە رادەیەک داوا لە هیشام بکات بیکاتە میراتگری تەخت پاش مردنی خۆی [ئەویش کردی]. جا لەکاتێکدا رۆژێکیان لە هەڵمەتێکدا بۆ سەر مەسیحییەکانی گالیسیا Galicia لەماڵ نەبوو، ئومەوییەکان -پاش ئەوەی لە مافی خۆیان لە میراتگریی تەخت بێبەش کران- لێی راپەڕین و هیشامیان دامالی و بەیعەتیان بە محەمەدی دووەمی ئامۆزایان دا، کە نازناوی ئەلمەهدی بەخۆی دا. کاتێک عەبدولڕەحمان هەوالی کودەتاکەی بیست، گەڕایەوە بۆ قورتوبە بۆ جەنگان دژی مەهدی، بەڵام جاشەکان (مورتەزەقە) پشتیان بەردا و لە دەروازەکانی شاردا کوژرا.

ململانێ لەنێوان مەهدی و سلێمان

خەلیفەی نوێ شاری مەنسووری حاجب (زاهیرە)ی وێران کرد و هەوڵی دا شەوکەوتی جاشە بەربەرەکان بشکێنێت پاش ئەوەی کۆمەڵێک لە سەنهاجە چوونە پاڵیان، کە هۆزێکی ئەفریقی بوون و پێشتر دوژمنی دەوڵەتی ئومەوی بوون لە ئەندەلوس، ناویانی لە لیستەکانی مووچەدا سڕییەوە. بەڵام لەبەرئەوەی نەیتوانی بەسەربازی نوێ جێگەیان بگرێتەوە پیلانیان لێکرد و لە هەمان ساڵدا دایانمالی و بەیعەتیان بە سلێمان [بن حەکەم] نەوەی عەبدولڕەحمانی سێیەم دا. ئەم سلێمانە سەرکردایەتیی بەربەری کردبوو لە جەنگی

دیانەکان لە قەلای رەباح و دۆڵی ئەلحیجارە، پاشان قورتوبەی داگیر کرد. بەڵام مەهدی هەریەک لە فەرماندە (وازیح) ئەمیری مەدینەسەلی و کۆنت ریمۆند حاکمی بەرشەلۆنە و کۆنت ئەرمنغول حاکمی (ئەرگێل)ی لە دژبەرەکەی هەڵنا و لە دەروازەکانی قورتوبەدا بەربەریان شکاند، باجی ململانێکانیش لەسەر تەختی دەسەلات پایتەخت دای، بەو تاڵان و راوڕووتەی هێرشبەران تێیدا کردیان. هەرچۆن بێت، بەربەر هەر بەسەر وڵاتانی دەوروبەردا زاڵ بوون و قورتوبەیان لە جیهانی دەرەکی دابڕیبوو. شارەکە بەم دۆخە ناڕەحەت بوو، لەبەرئەوە سالّی ١٠١٠ پیلانێک بۆ رزگاربوون لە مەهدی رێک خرا –خۆی لەوە لاوازتر بوو شەڕێکی وا لە خۆی دوور بخاتەوە- سەرەنجام کوژرا و هیشامی دووەم جارێکیتر خرایە سەر تەخت. بەڵام وازیح نەیتوانی ئاشتی لەنێوان خۆی و بەربەرەکان بێنێتە کایە، لەئاکامدا ئەوانە خەڵکی قورتوبەیان ناچار کرد لابەندییان بۆ سلێمان نوێ بکەنەوە. لە بارێکدا سلێمان وازی لە هەموو دەسەلاتێک هێنابوو بۆ بەربەر، خەڵکی قورتوبە هانایان بۆ عەلی بن حەموود حاکمی پێشووی سەبتە برد، کە سەر بە ئیدریسییەکان، ئەمیرانی کۆنی مەراکیش، بوو. ئیبن حەموود هەر هێندەی سلێمانی لەناو برد، خەڵکی قورتوبە لێی ڕاپەڕین و کوشتیان. پاشان دوو لە ئیدریسییەکان و حەوت لەو ئومەوییانەی داوای تەختیان دەکرد لەسەر دەسەلات بوو بە کێشەیان. لەبەرئەوەی هیچکامیان نەیتوانی پاش کەوتنی دواین ئومەوییەکان دەسەلاتی ڕەها بەسەر شارەکەدا بسەپێنێت، ئەوا هیشامی سێیەم دەستی بەجڵەوی دەسەلاتەوە گرت لە قورتوبە و کۆمارێکی ئەریستۆکراتی دامەزراند، وەک ئەوەی پێشتر لە تولەیتولە دامەزرا.

پاشای تایفەکان

لەو ڕۆژەوە ئەندەلوس لەبەریەک ترازا و خەڵکەکەی پارچەپارچە بوون، لە هەر شوێنێک ئەمیر و دەوڵەتێک هەبوو. بەگشتی بەربەر لە سەرجەم شارەکانی باشوور دەستیان بەسەر دەسەلاتدا گرت، سلاڤییەکانیش بەسەر گشت شارە ڕۆژهەلاتییەکاندا. بێگومان هۆی ئەوەی ئیسلام پاش ئەوەی دەوڵەتۆکە لاوازەکان کەلەپووری پان و پۆڕەکەیان بەشبەش کرد، توانی لە نیمچە دورگەکەدا بمێنێت، جیاوازی و ناکۆکیی نێو مەسیحییەکان بوو. لەناو ئەو بنەماڵانەدا یەکێکیان تێدا نیە شایستەی ئەوە بێت بەپەلە لەسەری بوەستین جگە لە بەنی عەبباد ئەمیرانی ئیشبیلییە. پاش لەبەریەک هەڵوەشانی خیلافەتی ئومەوی، کاروبار لەم شارەدا –هاوشێوەی قورتوبە- کەوتبووە دەست چینی ئەریستۆکرات. قاسم بن حەموود [ئەلئیدریسی] برای عەلی کە بەشداری لە ململانێ لەسەر قورتوبەدا کرد، توانی خۆی لە مەلەگا جێگیر بکات و هەوڵی دا دەست بەسەر ئیشبیلیەیشدا بگرێت. بەڵام قازی محەمەد بن عەباد لە [بەنی لەحم]ی یەمانییەکان، بۆ بەرگریکردن لە شارەکەی چاکی لێ کرد بەلادا و سەرباری ئەوەی تەنیا هەڵگری نازناوی قازی بوو

توانی مولکێکی باش بۆ زۆرپەتەکەی بەجێ بهێڵێت، پاش ئەوەی بەسەر ژمارەیەک ورده ئەمیری دەوروبەردا زاڵ بوو. کاتێک ساڵی ١٠٤٢ (عەببا)ی کۆڕی پاش ئەو کاروباری گرته دەست لەسەر هەمان ڕێچکەی باوکی ڕۆیشت و سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست هێنا. لەکاتێکدا محەمەد پەرۆش بوو بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکەی بەبەدەستهێنانی دانپێدانانی ئومەوی، لەسەر دەستی هیشام، شەرعییەت وەربگرێت، دەبینین عەببادی کۆڕی ئەو هێزە لە خۆیدا دەبینێت بەیعەت وەربگرێت و هاوشێوەی خەلیفەکان خۆی ناوبنێت موعتەزید. لەڕاستیدا بەتوندوتیژیەکی بێ پاساو سەرجەم دژبەرانی لەناو برد و لەڕێی دانوستانی زیرەکانەوە خۆی لە زەبرەکانی فەردیناندی یەکەم پاشای قشتاله و لیون لادا، کە شەڕی بەشێوەیەکی توندوتیژ و دڵڕەقانە دژ بە موسڵمانان دەست پێکرد. کاتێک موعتەزید ساڵی ١٠٦٩ مرد، دەوڵەتێکی تاڕادەیەک پان و پۆڕی بۆ محەمەد ئەلموعتەمیدی کۆڕی بەجێهێشت، نزیکەی تەواوی بەشی باشووری ڕۆژئاوای ئەندەلوسی دەگرتەوە. ساڵی ١٠٧١ موعتەمید توانی قورتوبەیش فەتح بکات، بەڵام ناچار بوو پاشەکشەی لێ بکات پاش ئەوەی یەکێک لەوانەی داوای تەختیان دەکرد دەستی بەسەردا گرت و ئەمیری تولەیتولەیش پشتی گرتبوو. وەک چۆن موعتەمید خۆی سەرکردایەتیی سوپایەکی باوکی کرد لەکاتێکدا هێشتا تەمەنی لە سیازده ساڵ تێپەڕی نەکردبوو، بەهەمان شێوە عەببادی کوڕیشی جڵەوی کاروبارەکانی لە قورتوبە گرته دەست، کە لەوێ کوژرا. موعتەمید بۆی نەلوا تۆڵەی کوڕەکەی بکاتەوە تا ساڵی ١٠٧٨ کاتێک قورتوبەی گێڕایەوە و بەشی باشووری قەڵەمڕەوەکەی لە چنگی ئەمیری تولەیتولە دەرهێنا. ئەگەر موعتەزید توانی لەڕێی دانی سەرانەوە ڕێگە لە دەستدرێژیی فەردیناند پاشای قشتاله بگرێت، ئەوا موعتەمیدی کوڕی دەبوو بەچاوی خۆی ببینێت مەترسی لەلایەن فۆنسی شەشەم کوڕی فەردیناندەوە، کە زۆر چاوبرسی بوو، هەڕەشە لە مولکەکەی دەکات. ئەوە بوو ساڵی ١٠٨٠ فونس بەرەو تولەیتولە کەوتە ڕێ، بەڵام نەیتوانی بیگرێت پاش گەمارۆیەکی پێنج ساڵی نەبێت. لەم کاتانەدا پەلاماری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی موعتەمیدی دا (ساڵی ١٠٨٠) تا ئەو سووکایەتییە بشواتەوە کە بە سەرانەکۆکەرەوەیەکی جولەکەی کرابوو. لەو هەڵمەتەدا پێشڕەوی کرد تا گەیشته دورگەی تەریف Tarifa. کاتێک فۆنس تولەیتولەی گرت داوای ئەو زەوییانەی کرد پێشتر موعتەمید لە ئەمیرەکانی ئەو شارەی سەندبوون. لەبەرئەوە کاتێک موعتەمید و باقیی پاشایانیتری تایفەکان، لە گەورەیی مەترسیی مەسیحییەکان لەسەریان دڵنیا بوون، هاناپان برده لای مورابیتەکان (المرابطون)، کە پاش کەمێکیتر باسی سەرهەڵدانیان لە باکووری ئەفریقیا دەکەین. لەڕاستیدا خۆی و هاوڕێکانی بەگرانی باجی ئەو یارمەتییەیان دا. هەر هێندەی دوژمن شکا، یەک لەدوای یەک تەختەکانیان لەدەست دا. هەرچی موعتەمیده پەلکێش کرا بۆ ئەفریقیا و لەوێ ساڵی ١٠٩٥ لە بەندیخانەی ئەغمات Aghmat لە مەراکیش مرد.

پەرەسەندنی بزوتنەوەی ئەدەبی

ئەم سەردەمە کە تێیدا ئیسپانیای ئیسلامی (ئەندەلوس) بۆ شیوێکی قوواڵی پاشکەوتنی سیاسی شۆڕ بووەوە، بەروبومێکی کەلتووریی مەزنی تێدا بوو. هۆکەیشی ئەوە بوو، پاشاکانی تایفەکان هەرکات دەسەاڵتیان لاواز بووایە لەڕێی بەخشینی خەاڵتی چەورەوە زیاتر کێبرکێیان دەکرد بۆ راکێشانی شاعیران بۆ کۆشکەکانیان و کڕینی پیاهەڵدانەکانیان، کە لەسەر شێوازی کۆن دەڕۆییشتن. مەزنترینی پیاوانی ئەم پیشەیە، ئەحمەد کوڕی دەڕاج ئەلقەستەلی بوو، کە لە سەردەمی مەنسووری حاجبدا لە قورتوبە هەڵکەوت. خامەکەی ئەم ئیبن دەڕاجە لە گۆڕەپانی سیاسیدا رۆڵی دەبینی، چونکە ئەندەلوس هەر لە سەرەتاوە لەسەر رێچکەی رۆژهەاڵتی رۆیشتوە لە گرنگیدان بەو نامە رەسمییانەی لەنێوان ئەمیرەکاندا ئاڵوگۆڕ دەکران و داڕشتنیان لە قاڵێکی هونەریی جواندا. هەرچی هاوسەردەمە گەنجترەکەی بوو، ئیبن شوهەید کە کەڕییەکەی لە ئامادەبوون لە ژیانی کۆشک بێبەشی کردبوو، بەهۆی هەڵبەستە ناسک و کۆمیدییەکانیەوە ناوبانگێکی فراوانی پەیدا کرد. پەیامێکی نووسیوە تێیدا رەخنە لە ئەدەبی هاوسەردەمەکانی و پێشینانیان دەگرێت و لەشێوەی گەشتێکدا بۆ شیوی جنۆکە دایڕشتوە. ئەم چوارچێوە هونەرییە، چوارچێوەی گەشت بۆ ئەودیو جیهانی بینراو، پاش نزیکەی بیست ساڵ شاعیری سووری ئەبوعەالی مەعەڕی خواستی و (لە: "رسالة الغفران"دا- وەرگێڕ) وەک ئامرازێک بۆ رەخنەگرتن لە دیارترین شاعیران لە ئیسلامدا بەکاری هێنا.

ئیبن زەیدونی شاعیر پاش رووخانی ئومەوییەکان لە کۆماری ئەریستۆکراسی قورتوبەدا گەیشتە پایەیەکی بەرز. بەاڵم خۆشەویستیی بۆ کچە شاعیر ویالدە [کچی موستەکفی] کە خوێنی ئومەوی لە دەمارەکانیدا دەجوالّ، زۆری نەبرد بووە هۆی دروستکردنی دژبەرییەکی ئەدەبی لەنێوان ئەم و رکابەرەکەی لە خۆشویستنی ویالدەدا، ئیبن عەبدوس، گەورەترین وەزیرانی ئیبن جەهوەر، ئەمیری قورتوبە. ئەو نامەیەی [لەسەر زمانی ویالدە] بۆ وەزیر ئیبن عەبدوسی نووسی و تێیدا دایدەشۆڕێت و تەشقەڵەی پێدەکات —و پڕە لە ئاماژەی مێژوویی- ناوبانگی بەوالتاندا باڵو کردەوە. بەاڵم لە هەمان کاتدا ئازادییەکەی لەکیس دا، چونکە دژبەرەکەی بە الیەندی بۆ ئومەوییەکان تۆمەتباری کرد. پاشان بەفێڵ لە زیندانەکەی رایکرد و ماوەیەکی باش دوور لە زێدی خۆی بەسەر برد. تا پاش مردنی ئیبن جەهوەر بۆی نەلوا بگەڕێتەوە قورتوبە. زۆری نەبرد [ئەبو وەلید]ی کوڕی بەکاری هێنا و کردی بە باڵیۆزی خۆی، بەم شێوەیە ئیبن زەیدون پەیوەندیی توندوتۆڵی لەگەڵ سەرجەم پاشای تایفەکان پەیدا کرد. تا کاتێک ئەمیری قورتوبە لەگەڵیدا گۆڕا چوو بۆ الی موعتەزید بن عەباد پاشای ئیشبیلیە، ئەویش لەخۆی نزیکی کردەوە. کاتێک موعتەزید مرد و موعتەمیدی کوڕی جێی گرتەوە، هەروەک باوکی

وابوو بۆی، ئیبن زەیدونیش خزمەتی گەورەی ئەوی کرد، بەتایبەت لەکاتی فەتحکردنی قورتوبەدا. راستیەکەی پەیامە کۆمیدییەکانی، کە لە هەموو بارەکاندا شتی پڕوپووچن - هاوشێوەی ئەو مەقاماتەی پاش نیو سەدە حەریری لە ڕۆژهەڵات دەریکردن- بەدواین هەوڵی ڕۆحی عەرەبی دادەنرێن بۆ دۆزینەوەی فۆرمێکی دەربڕینی گونجاو لە دەرەوەی فۆرمی شیعری کلاسیکی. لە ناسکیی شێوازدا ڕکابەرەکەی لە کۆشکی موعتەمید ئیبن عەممار پێشی کەوتبوو، کە سۆزی پاشای بەدەست هێنا هەر لەو ڕۆژانەوە لەلایەن باوکیەوە کرابووە والیی شیلب Silves. پاش ماوەیەک ئیبن عەممار هەستی کرد ئیبن زەیدون بەهۆی خزمەتەکانی لە فەتحکردنی قورتوبەدا خەریکە لای موعتەمید پێشی دەداتەوە، لەبەرئەوە فیتنەی جولەکەکانی لە ئیشبیلیە کردە بیانوو بۆ خۆ لێ ڕزگارکردنی و بەڕێی کرد بۆ ئەو شارە بۆ سەرکوتکردنی ئەو شۆڕشەی تێیدا بەرپا بووبوو، لەوێ پاش ماوەیەک مرد. سەرەنجام چاوچنۆکی کەڵکەڵەی سەربەخۆیی خستە مێشکی ئیبن عەممار، ئەوە بوو پاش فەتحکردنی مورسیە سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند و خۆی لە گوێڕایەڵیکردنی موعتەمید ڕەها کرد. بەو هۆیەوە موعتەمید ساڵی ١٠٨٦ دەستگیری کرد و کوشتی.

هەرچی ڕادەی سەرسامیی بەربەرە بە ئەدەبی عەرەبی و ڕووتێکردنی، سەرباری مەیلیان بۆ بەهێزکردنی کەسایەتیی نەتەوەیی خۆیان، لە چیرۆکی بەنی ئەفتەس، پاشاکانی بەتەڵیوەس (باداجۆز)ەوە دەردەکەوێت. ئەوە بوو باپیر [ی گەورە]یان لە جاشە بەربەرەکان بوو مەنسووری حاجب هێنابوونی بۆ ئیسپانیا و بۆ خۆی بەکاری دەهێنا. ساڵی ١٠٢٢ یەکێک لە وەچەکانی توانی جێی ئەو ئەمیرە بگرێتەوە کە ئەو وەک وەزیر لە خزمەتیدا بوو و بەگوێرەی باوی سەردەمەکە ڕەچەڵەکێکی عەرەبی بۆ خۆی وەرگرت. هەرچی موزەفەری کوڕی بوو کە ساڵی ١٠٤٥ جێگەی گرتەوە، وازی لە سیاسەت هێنا پاش ئەوەی بەبێ بەرەنگاری خۆی دا بەدەست فەردیناندی یەکەمەوە، تا ناوبانگی ئەدەبی بەدەست بێنێت وەک نووسەری کۆمەڵێکی ناسک لە بابەتی دەگمەن و بەسەرهات، کە بەناوی خۆیەوە ناوینان (المظفري). ئیبن عەبدونی شاعیر، وەزیری عومەری موتەوەکیلی کوڕی بوو، کە توانی پاش مردنی یەحیای برای ساڵی ١٠٨١، دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەو زەویانەدا بسەپێنێت کە پێشتر باوباپیرانی حوکمیان دەکردن و تا ساڵی ١٠٩٤ بەدەستیەوە بن، کە لەو ساڵەدا مورابیتەکان بەزاندیان. لەڕاستیدا قەسیدەکەی ئیبن عەبدون کە تێیدا بۆ دەوڵەتی بەنی ئەفتەس شیوەن دەکات و ئاماژەی مێژوویی زۆری تێدایە بۆ چارەنووسی دەوڵەتان و لەناوچوونیان لە سەردەمی داراوە، ناوبانگێکی لە ئەدەبی عەرەبیدا بەو ماڵە بەخشیوە، کە شایستەی نیە.

ئەو شاعیرانە و زۆرێتریش جگە لەوانە کە لە بارودۆخی سەختتردا گەورە بوون و بەخەڵاتی کەمنرختر ڕازی بوون، بەتوندی وابەستە بوون بە شێوازەکانی شیعر و زمانە

کلاسیکییەکەیەوە، کە دەمێک بوو هەر جۆرە زیندوێتییەکی لەدەست دابوو. بەڵام هەژموونی نەوموسڵمانە بەرەگەز ئیسپانییەکان زۆر گەورە بوو بەڕادەیەک توانییان کاریگەرییان لە بواری ئەدەبیشدا هەبێت. ئەوە بوو لە کۆشکی ئەمیر عەبدولا [بن محەمەد]ی ئومەویدا (٨٨٨-٩١٢) شاعیری نابینا ئەلموقەدەم ئەلقەبری جەسارەتی کرد یەکێتیی دەقگرتووی فۆرم کە قەسیدەی پێ دەناسرێتەوە تێکبشکێنێت و دابەشی بکات بۆ چەند بەند stanza یەک، لەو رووەوە زمانی عامی بەکار هێنا کە رەگەزە ئیسپانییەکانی تێهەڵکێش دەبوون، لێرەوە دەکرێت وا گریمانە بکەین لاسایی شێوازی شیعری ئیسپانی کردۆتەوە، لەڕووی فرەیی بەند و بەشەکانیشەوە. ئەم نوێکردنەوە میللییە سەرکەوتنێکی مەزنی بەدەست هێنا، تەنانەت ژمارەیەک لە گەورە زانایان مومارەسەیان کرد، لەوانە: وەک **ئیبن عەبد رەببە** کە نازناوی یەکەم شاعیری گەورەی لە مەغریب لێنرا کە لە ملوانکە 'عقد'ەکەیدا بەرهەمێکی ئەدەبی دانا، تێیدا تەواو پابەند بوو بە ستوونی کلاسیکیی رۆژهەڵاتییەوە. هەروەها وەک **ئەلڕەمادی** یەکەم شاعیری گەورە لە ئەندەلوس، کە لەکاتی رووخانی ئومەوییەکاندا ناوی درەوشایەوە، لەو رووەوە قوتابیی زمانناسی گەورە (ئەلقالی) بوو، جڵەوی زمانی عەرەبی پەتیی بەگشت جوانییەکانیەوە، بەدەستەوە بوو. پاشان **ئیبن قوزمان**، کە وەک دەوترێت لە سەردەمی لاوێتیدا پەیوەندی بە دواین پاشاکانی بەنی ئەلئەفتەسەوە لە بەتڵیوس کردوە، هونەرێکی شیعریی نوێی هێنایە ناو ئەدەبی عەرەبی کە پێشتر لەئیسپانیا باو بوو، ئەویش بریتییە لە ژانری زەجەل zejal کە چیتر ملکەچی کێشە ناسراوەکانی شیعر نابێت، بەڵکو ملکەچی بڕگەکان دەبێت. بەڵام بەهۆی دۆخی ناهەمواری نیشتمانەکەیەوە (پاشتر دێینە سەری) وەک زۆر کەسیتر پێش لەو، رێگر بوو لەوەی لە کۆشکی ئەمیرەکاندا لەنێو ناز و نیعمەتدا بمێنێتەوە. بە وڵاتاندا دەگەڕا و بەشیعرەکەی نانی پەیدا دەکرد و بۆ دڵخۆشکردنی خەڵکی کەڵکی لە گەمەکردن لەگەڵ مەیمونێک وەردەگرت، تا کاتێک تەمەنی هەڵکشا لە یەکێک لە مزگەوتەکانی قورتوبەدا ئۆقرەی گرت و رۆژانی بەخزمەتکردنی بەسەر دەبرد. دەبوو خۆی لەگەڵ غەریزە نزمەکان رابێنێت کە گوێگرەکانی حەزیان لێیان بوو، کەچی ئەو نەزوەکانی خۆشەویستیی شازی تێیاندا دەبزواند. بەم شێوەیە لاپەرەی ئەم هونەرە پێچرایەوە، کە رۆژێک لە رۆژان لە ئیسپانیا گەشەی گەورەی کردبوو.

پۆلبەندیکردن لە خۆشەویستیدا

تەنانەت لە سەردەمی عەباسییەکاندا شیعری دڵداری گەشەی سەند، کە لە سەردەمی عەرەبییە پێشووەکاندا رەهنی شێوە کلاسیکییەکان بوو. ئەگەر سیستمی حەرەمسەرا بوو بەبەربەست لەبەردەم پەیوەندیکردن بە ئافرەتانی نازاد، ئەوا ژیانی پڕ لە کەنیزەک و

کچانی گۆرانیبێژ یارمەتیی گەورەی تاودان و وروژاندنی سۆز و ئارەزووی دەدا. تەنانەت زانا ئایینییە دیندارەکان خۆیشیان شەرمیان لەو سۆزانە نەدەکرد، بەڕادەیەک بەسیستمێکی تۆکمە پۆلبەندیان دەکرد. ئەوە بوو داود بن عەلی (٨٨٤ مردوە) لە بەغدا مەزهەبێکی فیقهیی نوێی دامەزراند، کە زیاتر لە حەنبەلییەکان نکوڵی لە ئیجتیهاد دەکرد و کاری بە جگە لە مانای حەرفیی دەقی قورئان و حەدیس نەدەکرد. لێرەوە قوتابییەکانی ناونران ڕواڵەتی (زاهیری) لەبەرانبەر ناوکی (باطنی). پاشان محەمەدی کوڕی لە سەرۆکایەتیی مەزهەبەکەدا جێگەی گرتەوە لەکاتێکدا تەمەنی تەنیا شازدە ساڵ بوو، لە لاوێتیدا کۆمەڵێک بڕاردەی شیعری دانا، بەشی یەکەمی -کە تەنیا ئەو بەشەیمان پێ گەیشتوە- تایبەت کرد بە خۆشەویستی، لەگەڵ شیکردنەوەیەک بۆ گوزارشتلێکردنی لە شیعردا. هەروەها ئیبن حەزم فەقیهی زاهیریی ئەندەلوسی لە لاوێتیدا کتێبێکی دانا بەدرێژی لە حەزە جیاوازەکانی خۆشەویستی و ڕواڵەتەکانی کۆڵیوەتەوە، بۆ هەموو ئەوانەیش بەچەند پارچە شیعرێک، کە زۆربەیان خۆی داینا‌ون[٨٦]، نموونەی هێناوەتەوە. لێرەدا، لە باری پێگەیشتنێکی تەواودا، سەرجەم ئەو بابەتانە Themes دەبینین کە پاشتر لە خۆرئاوا ڕەواجیان پەیدا کرد، لە سروودەکانی شایەرە پرۆڤێنسالییەکان و گۆرانییە دڵدارییەکانی ئەڵمانەکان. باوەڕی بەهێز ئەوەیە هونەری هەموو ئەوانە کەوتونەتە ژێر کاریگەریی ئەندەلوس، ئەگەرچی بێگومان دیاریکردنی ئەو ڕێگایانەی بەهۆیانەوە ئەو کاریگەرییە لەڕێی بەشی باکووری نیمچە دورگەی ئیبیرییەوە گوێزراوەتەوە، ئاستەمە، چونکە زانیاریمان سەبارەت بە شارستانێتیی باکوور لەو ڕۆژانەدا زۆر زۆر کەمە.

بزوتنەوەی زانستی

لێکۆڵینەوەی زانستی لە ئەندەلوس بەئازادییەکی زیاتر لە شیعر چالاک بوو، چونکە ئەو جیاواز لە شیعر، زۆر پشتی بە سۆز و چاودێریی ئەمیرەکان نەدەبەست، لەبەرئەوە دەیتوانی درێژە بە ئەنجامدانی پەیامی خۆی بدات بەبێ ئەوەی بەکەمی نەبێت بکەوێتە ژێر کاریگەریی لاوازیی سیاسیی موسڵمانان. لە درەوشاوەترین پیاوانی زانستی ئەندەلوسی ئیبن حەزم بوو کە پێشتر باسمان کرد، کە باپیرە گەورەی پیاوێکی ئیسپانی بەبنەچە قووتیی یان کەڵتی-ئایبیری بووە و پاشان موسڵمان بووە. ساڵی ٩٩٤ لە قورتوبە لەدایک بووە، باوکی وەزیری مەنسووری حاجب بووە، لەبەرئەوە لە قەیاغە (ئیقتاع)ی خێزانەکەیدا لە مەنتا لیشام Manta Lisham لە ناوچەی نایبلا Neibla گەورە بوو، کە لەپاڵ خوێندنە زانستییەکەیدا خۆی بۆ بەدواداچوونی خۆشەویستی و شیعری ئەویندارێ تەرخان کردبوو. بەڵام ڕووخانی دەوڵەتی عامری (کە مەنسووری حاجب بناغەی دامەزراند) لەپڕ شکۆ و

[٨٦] کتێبی (طوق الحمامة، فی الالفه و الالاف)، لویس نیکل کردوویەتی بە ئینگلیزی، پاریس، ساڵی ١٩٣١.

سامانی خێزانەکەی لەناو برد. ئەو جەنگی ناوخۆیەی بووە لەناوبەری بەخت و سامانەکەی، سەرەتا ئەوی فڕێدایە ئەلمەرییە Almeria، تا کاتێک سلێمان شکا تۆمەتی تێوەگلان لەگەڵ ئومەوییەکانی درایە پاڵ و پاش چەند مانگێک بەندکردن نەفی کرا. لە بەلنسییە پەیوەندی کرد بە عەبدولڕەحمانی چوارەمی ئومەوییەوە، کە توانی لەوێ ماوەیەک پارێزگاری لە خیلافەتەکەی بکات. ساڵی ١٠١٨ ئیبن حەزم توانی بگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی و بوو بە وەزیری عەبدولڕەحمانی پێنجەمی ئومەوی، حەوت هەفتە لەنێوان کۆتاییەکانی ساڵی ١٠٢٣ و سەرەتاکانی ساڵی ١٠٢٤ بەخۆشی تێپەڕی. ساڵی ١٠٢٧ لە شاتیبە لاپەڕەی لاوێتی خۆی بە پەیامێک لە خۆشەویستیدا تەواو دەکات، کە باس کرا. پاش ماوەیەکی کەم دەستی کرد بەدانانی کتێبە ئاینییە مێژوویی گەورەکەی "الفصل، فی الملل و الاهواء و النحل"، کتێبێکە پێشتر وێنەی لە ئەدەبی جیهانیدا نەبووە، تێیدا باسی فیرقە ئیسلامییە جیاوازەکان و هەروەها هەردوو ئاینی یەهوودی و مەسیحیشی کردوە، زۆر بەتوندی ڕەخنەی لێگرتوون و تانەی لێداون و سەرکۆنەی سەرجەم خاوەنەکانیانی کردوە.

ئەگەرچی سەرەتا شافیعی مەزهەب بوو، کە ئەو مەزهەبە لە قورتوبە لەلایەن عەبدولڕەحمانی سێیەمەوە وەک بەربەستێک لەبەردەم فیقهانی مالیکیدا پاڵپشتی دەکرا، بەڵام پاشتر بوو بە زاهیری کە بانگەشەی دەستگرتن بە ئیسلامیان بەو شێوەیەی لە سەرەتادا هەبووە دەکرد و لە جەنگیان دژ بە سەرسەختیی ئەشعەری و دژی سۆفیگەری و پیرۆزکردنی ئەولیا و پیاوچاکان و سەرجەم خورافەکان، لەگەڵیان بەشداری کرد. شتێکی ورد نازانین لەبارەی ئەوەی لە نیوەی دووەمی ژیانیدا کردویەتی، کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر کتێبی مێژوویی و فیقهی داناوە. لەڕاستیدا شکستی هێنا لەوەی لە ماوەی ئەو پاشاگەردانییەی بەسەر ئەو قۆناغەدا زاڵ بوو مەزهەبێکی تایبەت بەخۆی دابنێت. پاشان بۆ ماوەی دە ساڵ (١٠٣٨-١٠٤٨) لای حاکمی جەزیرەی مەیورکە Majorca دانیشت درا و حەسایەوە، کە لەکۆتاییدا یەکێک لە مالیکییە دەمارتوندەکان توانی بەهۆی سەرهەڵدانی ناکۆکییەک لەنێوانیاندا لێکیان دوور بخاتەوە. هەرچۆن بێت، ئیبن حەزم ساڵەکانی کۆتایی تەمەنی لە قەیاغەی خێزانەکەیدا بەسەر برد و ساڵی ١٠٦٤ کۆچی دوایی کرد. ئەگەرچی سەرکەوتوو نەبوو لەوەی ڕێبازەکەی سەربخات، بەڵام گومان لەوەدا نیە ئەو مەزهەبە ڕۆڵی ڕێنیسانسێکی هەبوو لەناو ئەو چەقبەستنەی بەسەر ژیانی ئاینیی لە ئەندەلوس (ئیسپانیا)دا زاڵ بوو.

لە کۆشکەکانی ئەندەلوس هاوشێوەی زۆژهەلات، پزیشکی بەبالاترین و پایەبەرزترین زانستە یۆنانییەکان دادەنرا. ئەبولقاسم ئەلزەهراوی[٨٧] -لەناوی گەرەکی زەهرای قورتوبەوە- کە دەوروبەری سالی ١٠٢٣ مردوە، کتێبێکی گشتگیری سەبارەت بە گشت دەروازەکانی پزیشکی داناوە. نەوەکانی پاشتر گرنگییەکی گەورەیان بە بەشی تایبەت بە نەشتەرگەری لەو کتێبەدا داوە، بەهۆی ئەو وەسفە وردەی تێیدایە بۆ ئامێرەکانی نەشتەرگەری، لە سەدەی پازدەیەمدا وەرگێڕدرایە سەر زمانی لاتینی و بەچەند چاپێک بلاو کرایەوە.

جولەکە لە ئەندەلوس

جولەکەیش بەشداربیەکی کاریگەریان لەم ژیانە فەرهەنگییەدا کرد. لەڕاستیدا ئەوان [پێش فەتحی ئیسلامی] لە سەرانسەری وڵاتدا هەبوون، لە قووت وەک فەرمانبەری دارایی لە خزمەتی ئەمیرە مەسیحییەکاندا کاریان دەکرد. کاتێک جڵەوی دەوڵەتی ئومەوی کەوتە دەست عەبدولڕەحمانی سێیەم کاروباری دارایشی بە پزیشکە جولەکەکەی، حەسدای کوڕی شەبروت سپارد. نەک هەر ئەوەندە، بگرە جولەکەیەک بەناوی ئیسماعیل بن نەغزالە توانی لە سایەی ئەمیری بەربەری حەبووسدا بگاتە پۆستی وەزارەت کە دەوروبەری سالی ١٠٢٤ کاروباری لە غەرناتە گرتە دەست -پاش ئەوەی 'زاوی بن زیری'ی مامی دەستی لە حوکم هەڵگرت- و حوکمڕانییەکەی تا سالی ١٠٣٨ بەردەوام بوو. بەم شێوەیە کۆمەڵگەی جولەکە، کە لە سەردەمە کۆنەکانەوە ژمارەیان لەوێ زۆر بوو، نازناوی 'ناجد'ی تایبەت بە ئەمیرانیان بەسەردا بڕی. هەروەها ئەو بەرهەمەی نووسەر بەهۆیەوە ویستی ناوی لە دنیای ئەدەبدا بەنەمری بمێنێتەوە لە دیراسەکردنی ئەو چیرۆکە یەهودییانەدا کورت دەبوویەوە کە لە ئەندەلوس -وەک چیرۆکە عەرەبییەکان- بایەخی تایبەتیان بە تویژینەوە زمانەوانییەکان دەدا. هەرچی سلێمان بن یەحیا بن گابیرۆلە کە ماوەیەک لەلایەن ئیبن نەغزالەوە چاودێری و پاڵپشتی دەکرا، لەو ناوبانگەی لەناو جولەکەدا هەیەتی قەرزاری قەسیدە عیبرییەکانیەتی، کە بەڕوونی کاریگەریی شیعری عەرەبی لەسەر ئەدەبی عیبری ئاشکرا دەکەن. بەڵام خۆی بۆ دیراسەکردنێکی قووڵی فەلسەفەی ئیبن موسەرەیش تەرخان کرد و لەناو کتێبی: سەرچاوەی ژیان (ینبوع الحیاة)دا جێگەی کردەوە، کە جولەکەی بەمەسیحیبوو یۆحەننای ئیسپانیی تولەیتولەیی کردی بەلاتینی و ناوبانگێکی فراوانی لەناو فەیلەسوفانی لاهووتیی قوتابخانەیی (سکولاستیکی) لە خۆرئاوا بەدەست هێنا، کە ناوەکەی دەستکاری کراوە و بووەتە Avicebrol یان Avicebron. بەدڵنیاییەوە جولەکەکانی ئەندەلوس هەمیشە لە چەوساندنەوە پارێزراو

---

[٨٧] فرنجە (ئەوروپییەکان) پێی دەڵێن Abulcasis.

نەبوون. پێشتر ئاماژەمان بەو شۆڕشە دا کە لە ئەشبیلیە دژیان هەڵگیرسا و کپکردنەوەی بە شاعیر ئیبن زەیدون سپێردرا. کاتێک دەسەڵات کەوتە دەست موراببتەکان جولەکە کەوتنە دۆخێکی زۆر سەخت، بەشێوەیەک باوکی پزیشک و فەیلەسوفی بەناوبانگ ئیبن مەیمون ناچار بوو دەوروبەری ساڵی ١١٥٠ قورتوبە بەجێ بهێڵێت، سەرەتا بۆ ئەفریقیا و پاشان بۆ فەلەستین. هەرچی ئیبن مەیمون خۆی بوو، پەنای بردە بەر میسر و لەوێ لە سەقامگیرییەکی درێژخایەن بەهرەمەند بوو، کە یارمەتی دا بۆ خوێندن و بەرهەمهێنان.

بەربەر لە باکووری ئەفریقیا

لەو کاتەدا ئەفریقیای باکووری رۆژئاوا، کە دەوڵەتۆکە جیاوازەکانی تا ئەوکاتە کەوتبوونە ژێر کاریگەریی ئەندەلوس لەلایەک و جەزائیر لەلایەکیترەوە، بەبزاوتێکەوە ژانی گرتبوو قەدەری وابوو دەست بەسەر تەواوی بەشی رۆژئاوای جیهانی ئیسلامیدا بگرێت. لەگەڵ ئەوەی هۆزەکانی بەربەر لە بیابانی گەورە، لە سەدەی نۆیەم و پاشترەوە بەرەوڵەت دەستیان بەهاتنە ناو ئیسلام کرد، بەڵام لەڕاستیدا دۆخی ئاینییان هێشتا لە ئاستێکی زۆر نزمدا بوو. ئێمە -بۆ نموونە- لە نووسینە رۆمانییەکان لە باکووری ئەفریقیا ئەوە دەزانین کە تا چارەکی یەکەمی سەدەی دووەمی کۆچی خواوەند "باکە" Bakha لای هۆزی بەرگواتە شوێنی خوا (اللە)ی گرتوە. نەک هەر ئەوە، بگرە ئێمە تا ئەمڕۆیش دەبینین هەندێ هۆزی بەربەر لە باکووری ئەفریقیا سەرەڕای باوەڕهێنانیان بە ئیسلام هێشتا بۆ ئاینی باوباپیرانیان و داب ونەریتەکانیان دڵسۆزن. سەرجەم ئاینە جیهانییەکان ناچار بوون ئاسانکاری لەگەڵ بیروباوەڕەکانی رابردووی باوەڕهێنە نوێکانیاندا بکەن. لە میسر و شام خۆیاندا، کە مەسیحییەت رێگەی بۆ ئیسلام خۆش کرد، پاشماوەکانی بیروباوەڕە بتپەرستییە میللییەکان توانییان لە پیرۆزکردنی پیاوچاکان و لە هەندێ داب و نەریتی پەیوەست بە جەژنەکاندا بژین. تێکۆشانی عەجەمەکان بۆ چوونە ژێر بەیداخی ئاینی نوێ لە سەرجەم وڵاتانی ئیسلامی، بۆ بەدەستهێنانی یەکسانیی سیاسی و کۆمەلایەتی کە عەرەب سەرەتا پێیان رەوا نەدەبینین، بەتایبەت لە باکووری ئەفریقیا، لەوپەڕی تووندیدا بوو، چونکە رۆحی دیموکراسییانەی بەربەر بەردەوام رەتیدەکردەوە مل بۆ عەرەب کەچ بکەن و خۆیان بدەنە دەست ویستی ئەوان. لە رۆژە بەراییەکانی فەتحەوە خاکی ئەفریقیا لەوەرگەیەکی بەپیتی شۆڕشەکان بووە کە میژوونووسانی موسڵمان دەیاندەنە پاڵ خەواریج. بێگومان ئەو ئامێزکردنەوەیە بۆ خەواریج لەو ناوچەیە بەڵگەیە لەسەر شۆڕشی رۆحی نەتەوەیی بەربەر دژ بە سەروەریی عەرەب. لەبەرئەوە هەر بانگخوازێک لە بانگەوازەکەیدا سۆزی نەتەوەیی بەربەری ببزواندایە و بەرەو بەگژاچوونەوەی دەسەڵاتی ئارا هانی بدایە، دەیتوانی پشت بە پاڵپشتیی دوورمەودا و سەرخستنی گەورەیان ببەستێت.

مورابیتەکان (المرابطون)

یەحیا کوڕی ئیبراهیم ئەلجەددالی لە هۆزی لەمتونە، کە یەکێک بوو لە هۆزەکانی سەنهاجە و بەئاراستەی باشوور تا ولاتی سەنیگال نیشتەجێ بوون و بەسەر گەلانی زنجیی دەوروبەردا زاڵ بوون، توانی خۆی بکاتە سەرکردە پاش ئەوەی پاشاگەردانی باڵی بەسەر مەملەکەتە خێڵەکییە کۆنەکەدا کێشا. ئەم یەحیایە ساڵی ١٠٤٨-١٠٤٩ حەجی کرد و گەیشتە ئەو باوەڕەی گەلەکەی پێویستی بە چاکسازییەکی ئایینی هەیە. پاش گەڕانەوەی لە حەج، لە نەفیس لەو ناوچەیەی پاشتر بە مەراکیش ناسرا، زانایەکی ئایینی بینی بەناوی عەبدوڵا بن یاس ئەلجوزولی. زاناکە بە یەحیا سەرسام بوو و لەگەڵی چوو تا وەک مامۆستا قەومەکەی فێری حوکمەکانی شەرع بکات، بەڵام وانەکانی ئیبن یاس سەرەتا کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لای بەربەر نەبوو، لەبەرئەوە ژمارەیەکی کەم لە شوێنکەوتە دڵسۆزەکانی کۆکردەوە و لە دورگەی سەنیگالدا گۆشەگیر بوون و لەوێ سەنگەر (ریبات)یکی بۆ دروست کردن، واتە بنکەیەکی پێشەوە تێیدا سەنگەر بگرن بۆ جیهاد دژی کافران، هەروەها خۆیان بۆ خواپەرستی و رامانی ڕۆحی تەرخان بکەن. لەڕاستیدا مەبەستی لە چاکسازییەکەی تەنیا بەگژاچوونەوەی خراپەکارییەکانی پەیوەست بە ژیانی تایبەتی تاکەکان نەبوو، بەڵکو لەوەی تێپەڕاند بۆ خراپییەکانی حوکم، وەک شەکەتکردنی خەڵک بە باجی قورس. بەو شێوەیە دە ساڵ بەردەوام بوو و تێیدا موریدەکانی زیادیان کرد. تا وای لێهات دەیتوانی ئاراستەیان بکات بۆ شەڕ دژی ئەمیرە ملهوڕەکان لە لای باکووری بیابان. ئیبن یاس سەرکردایەتیی سەربازیی سەنگەرداران (المرابطین)ی بە سەرۆک هۆز یەحیا بن عومەر سپارد، کاتێک یەحیا ساڵی ١٠٥٦ مرد ئەبوبەکری برای و یوسف بن تاشفینی ئامۆزای جێگەیان گرتەوە. ئەبوبەکر پاش دەستگرتنی بەسەر شارەکەدا زەینەبی بێوەژنی ئەمیری ئەغماتی مارە کرد، ئەو ژنە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەم لە سەردەمی ئەبوبەکر و هەم لە سەردەمی یوسفیشدا هەبوو. ساڵی ١٠٥٩ ئیبن یاس لە شەڕێکیدا دژ بە هۆزی بەرغواتەی بەربەری لە کەناری ئەتڵەسی، کوژرا -کە ئەو هۆزە شوێن پێغەمبەرێک لە خۆیان کەوتبوون و بە بێباوەڕ دادەنران- و پاش ئەو هەردوو سەرکردە: ئەبوبەکر و یوسف، جڵەوی حکومەتیان گرتە دەست. کاتێک ناکۆکی کەوتە نێوان ڕۆڵەکانی هۆزەکە کە لە شوێنی خۆیان لە باشوور نەجوڵابوون، ناچار بوون لێک جیا ببنەوە. ئەبوبەکر ڕووی کردە بیابانی گەورە تا سیستمی تێدا بچەسپێنێت، ئامۆزاکەیشی -کە ئەبوبەکر دەستبەرداری ژنەکەی بووبوو بۆی- درێژەی بە ولاتگیری دا لە باکوور. ساڵی ١٠٦٢ یوسف شاری مەراکیشی دروست کرد و کردی بە ماڵی خۆی. پاشان ساڵی ١٠٧٠ دەستی بەسەر فاس و ساڵی ١٠٧٨یش دەستی بەسەر تەنجەدا گرت، لەنێوان ساڵانی ١٠٨٠ و ١٠٨٢دا دەسەلاتی بەسەر ئەفریقیای باکوور تا ولاتی جەزائیردا

کێشا. کاتێک ئەبوبەکر هەوڵی دا جێگەی خۆی لە باکووریش قایم بکات، یوسف گێڕایەوە بۆ بیابانی گەورە و ساڵی ١٠٨٧ مرد. بەوە یوسف سەرکردایەتیی باڵای مورابیتەکانی لە کەناری باکووری ئەفریقیاوە بۆ سەنیگال کەوتە دەست.

دەوڵەتی مەغریبی سەر بە فاتیمیێیەکان موڵکەکانی لە دورگەکانی دەریای ناوەڕاستدا لەدەست دا پاش ئەوەی مەسیحییەکان دەستیان بەسەردا گرت، هەروەک پێشتریش دابەشکردنی زەوییەکانی لەلایەن هەردوو دەوڵەتی زەیری لە تونس و دەوڵەتی حەمادی لە جەزائیر لاوازیان کردبوو. پاشان هەڵەشەیی موستەنسیری فاتیمی کەوتنی ئەو هەرێمانەی خێرا کرد، چونکە دەوارنشینانی بەنی هیلال و سولەیم کە بەئازایی و بەجەرگی بەناوبانگ بوون، زیاتر لە سەد ساڵ بوو لەگەڵ باقیی هۆزە عەرەبەکان لە میسر جێگیر بووبوون. خەلیفە عەزیزی فاتیمی پاش شەڕێکی قورس ناچاری کردبوون لە دەلتاوە بکشێنەوە بۆ میسری سەروو (صەعیدی میسر-وەرگێڕ). لەوێ پەیوەندییان بە قەرامیتەوە کرد و بوون بە مەترسی لەسەر خیلافەتی فاتیمی. کاتێک موستەنسیر بوو بەخەلیفە ویستی لێیان رزگار ببێت، لەبەرئەوە ساڵی ١٠٥٢ ناردنی بۆ قەیرەوان تا لەوێ بەدوای ناوەندی نوێ بۆ خۆیان لە باکووری ئەفریقیا بگەڕێن. مەبەست لەوە تۆڵەکردنەوەیش بوو لە موعیز بن بادیشی زەیری کە یاخی بووبوو، هەروەها لەو ناوچانەی کەوتبوونە ژێر قەڵەمڕەوی، دژایەتیی شیعەگەری دەکرد. زۆری نەبرد دەوارنشینان پەلاماری زەوییە دەشتاییەکانیان دا و خراپەکارییان تێدا بڵاو کردەوە، لەبەرئەوە موعیز ناچار بوو خۆی لە بارەگاکەیدا لە مەهدییە قایم بکات، لەکاتێکدا لە شارەکانیتر کۆماری ئەریستۆکراتی دروست بوون. پەلامارەران ئەو بزوتنەوە رۆشنبیری و کەلتوورییەیان بەتەواوی لەناو برد کە لەو ناوچەیەدا چالاک بوو، بەوەیش رێگەیان بۆ سەرکەوتنی مورابیتەکان خۆش کرد.

مورابیتەکان لە ئەندەلوس

لەهەمان کاتدا فۆنسی شەشەم پاشای قشتالە و لیۆن گەورەترین سوودی لە لاوازیی پاشای تایفەکان لە ئەندەلوس بینی. پاش کەوتنی تولەیتولە موعتەمید بن عەباد ئەمیری ئەشبیلییە، هەستی کرد مەترسیی راستەوخۆ هەڕەشەی لێدەکات. بەم شێوەیە لەگەڵ ئەمیری هەریەک لە بەتلیوس و غەرناتە کە نزیکترین دراوسێی بوون، رێک کەوتن و نێردەیەکیان نارد لای یوسف بن تاشفین کە لە قازییانی شارە سەرەکییەکانیان پێکهاتبوو، تا داوای لێ بکەن سوپایەک بنێرێت بۆ ئەندەلوس هێرشی مەسیحییەکانی لێ دوور بخاتەوە. ئیبن تاشفین پێشتر توانیبووی سەبتە لە بەنی مەحموود بسەنێت. لێرەوە ئامادەیی پیشان دا بۆ جێبەجێکردنی داواکاریی وەفدەکە و رێزگرتنی لە موڵکەکانی هاوپەیمانەکانی، بەو مەرجەی دورگەی سەوزەی بدرێتێ تا بکرێتە ناوەندی وەرێکەوتنی

سوپاکانی. لەبەرئەوەی وەفدەکە سەرپشک نەکرابوو بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو جۆرە تەنازولە، ئیبن تاشفینیان بەجێهێشت بەبێ ئەوەی وەڵامێکی یەکلاکەرەوەی ئەویان پێبێت. بەڵام ئیبن تاشفین زۆری نەبرد فتوایەکی لە زانا ئایینییەکانیەوە دەرکرد کە ڕێگە بە داگیرکردنی دورگە سەوزەکە دەدات بەبێ ڕەزامەندیی دەسەڵاتدارە شەرعییەکانی لەپێناو جیهاد دژی مەسیحییەکان، لەبەرئەوە ساڵی ١٠٨٦ کەشتیگەلێکی بۆ نارد، کە رازی کوڕی موعتەمید و والییەکەی لە دورگەکە نەیانوێرا بەرەنگاری بکەن. پاش ماوەیەکی کوڕت خۆی گەیشتە دورگە سەوزەکە و کاروبارەکانی ڕێکخست و قایمکارییەکانی تەواو کرد. پاشان کەوتەڕێ بۆ ئەشبیلییە، موعتەمید و ئەمیرە دراوسێکانیش بەسەرکزی هاتنە پێشوازیکردنی. فۆنس گەمارۆی سەرەگۆسا Saragossaی دەدا، بەبیستنی هەواڵی هاتنی یوسف گەڕایەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی، تا گەیشتە ئەو هەڕێمەی دەوری بەتلیوسی داوە. ئیبن تاشفین داوای لە فونسۆ کرد چەک دابنێت، ئەویش ڕەتیکردەوە، سەرەنجام (لە ٢٣ی تشرینی یەکەم) لە زەلاقە شەڕێک لەنێوانیاندا بەرپا بوو تێیدا مەسیحییەکان بەخراپی شکان، بەوهۆیەوە فۆنس ناچار بوو هەڕێمی بەلەنسییە یاخود ڤالێنسیا Valencia چۆڵ بکات و گەمارۆ لەسەر سەرەگۆسا هەڵبگرێت، بەڵام قەڵای لەیت Aledoی لەنێوان مەرسییە و لورکا وەک بنکەیەک بۆ هێرشکردنە سەر زەوییەکانی موعتەمید بەکار هێنا. ئیبن تاشفین گەڕایەوە مەغریب پاش ئەوەی کوڕەکەی کە وەک جێگری خۆی لە سەبتە داینابوو مرد. ئەو سێ هەزار بەربەرەی لە ئەندەلوس مانەوە نەیانتوانی بەرپەرچی قشتالییەکان بدەنەوە. سید ڕۆدریکۆ خۆی بە سەرپەرست لەسەر ئەلمەلیک ئەلقادر دانابوو، کە فۆنسۆ لەباتی لەدەستدانی شاری تولەیتولە شاری ڤالینسیای دایە. لەبەرئەوە ئەمیرەکان لە هەموو لاکانی ئەندەلوسەوە هانایان بۆ یوسف بن تاشفین برد، تا کاتێک موعتەمید ئیبن عەباد بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە کۆشکەکەی، بڕیاری دا دووەمین هەڵمەتی سەربازیی خۆی بۆ سەر ئەندەلوس ئەنجام بدات. لە بەهاری ساڵی ١٠٩٠ سوپاکەی لە دورگە سەوزەکە مۆڵی دا، ئەمیرەکانی مالقە و غەرناتە و ئەلمەریەیش چوونە پاڵی، ئەمە جگە لە موعتەمید، هەموو پێکەوە بەرەو قەلای لەیت پێشڕەوییان کرد، خۆی لەبەر یەکەم هێرشیاندا ڕاگرت، بۆیە دەبوو بۆ ماوەیەک گەمارۆی بدەن کە بۆ دوای زستان درێژ بوویەوە. هەرچۆن بێت، کێشە و ناکۆکی کەوتە نێو سەربازگەی موسڵمانان لە دەرەوەی قەڵای لەیت لەنێوان پاشاکانی تایفەکاندا، بەتایبەت لەنێواڵ موعتەسیم ئەمیری ئەلمەریە و موعتەمید ئەمیری ئەشبیلییە. دەبەنگییان گەیشتە ڕادەیەک داوەریکردنیان بردە لای ئیبن تاشفین.

لە سەرەتای زستاندا فۆنسۆ سوپایەکی بەهێزی گەیاندە قەڵای لەیت بەمەبەستی سەندنی لە موسڵمانان، لەبەرئەوە ئیبن تاشفین کشایەوە بۆ لورکا بۆ ئەوەی خۆی لە

پێکدادان لەگەڵ هێزەکانی فۆنسۆ لابدات لە شەڕێکدا کە بەهۆی بێمتمانەیی بەهاوپەیمانە ئەندەلوسییەکانی ئاکامەکەی نەدەزانی. فۆنسۆ لە کێشانەوەی لەشکرگەکەی لە قەڵای لەیت بۆ قشتالە رازی نەبوو پاش ئەوەی –بەهۆی بۆردومانی بەردەوامەوە خەریک بوو وێران دەبوو– بەجێی هێشت تا ببێتە خۆراکی ئاگر، تەنانەت لەکاتی گەمارۆکەدا قازییەکان هاتنە لای ئیبن تاشفین سکاڵایان لەدەست لاوازیی پاشاکانی تایفەکان و نەمانی هەیبەتیان دەکرد، ئەویش بەبایەخەوە گوێی بۆ سکاڵاکانیان شل دەکرد. پاڵپشتیی زانایانی ئایینی لەو کاتەدا توانای پێ بەخشی بۆ بەدیهێنانی پلانێک کە بێگومان دەمێک بوو کێشابووی بۆ دەستگرتن بەسەر تەواوی وڵاتەکەدا. یەکەم شت لەم رووەوە کردی، دەرچواندنی فتوایەک بوو لە قازیی غەرناتە و قازیی مالکاوە بەوەی پاشاکانی تایفەکان شیاو نین بۆ حوکمکردن بەهۆی دەرچوونی بەردەوامیان لە ئەحکامی قورئان. بەوەیشەوە نەوەستا، هەوڵی دا بۆ زیادە دڵنیایی بۆچوونی بەناوبانگترین زاناکان لەبارەی ئەو حوکمەوە بزانێت، هەموویان پشتگیرییان کرد، لەناویاندا زانای گەورە غەزالی. پاشان یوسف، سیر ئیبن ئەبی بەکری خزمی خۆی راسپارد بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیەی و وای بەباش زانی خۆی بگەڕێتەوە بۆ مەغریب. پاشاکانی تایفەکان نەیانتوانی خۆ لەبەردەم سوپا بەربەرەکاندا رابگرن. تەنیا خاوەنی سەرەگۆسا توانی پارێزگاری لە تەختەکەی بکات، ئەویش چونکە دەیزانی چۆن لەرێی دیاریی بەنرخەوە رەزامەندیی وڵاتگران بەدەست دێنێت. تا کاتێک ساڵی ١١١٠ مرد کورەکەی دەستبەجێ لەسەر تەخت لابرا.

ساڵی ١١٠٦ کورەکەی ئیبن تاشفین مرد و گەورەترین ئیمپراتۆرییەتی –کە رۆژئاوای ئیسلامی تا ئەوکاتە بەخۆیەوە دیبێت– بۆ عەلی کوڕی بەجێهێشت. بەڵام رێکخستنی ناوخۆی ئەم ئیمپراتۆرییەتە پان و پۆڕە هیچ قایم و یەکگرتوو نەبوو. زۆری نەبرد عەلی بەتەواوەتی خووی دایە شەوقە ئاینییەکانی و زانایانی ئایینی، کە رۆڵی گەورەیان لە دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەتەکەدا هەبوو، بوونە دەمڕاست و قسەڕۆیشتوو لە دەوڵەتدا. بەڵام دەمارگیرییە باوەکە تەواوی ژیانی ئاینییانی تەنی و بەهیچ شێوەیەک چاوپۆشییان لە دینداریی تاکەکەسی نەدەکرد. کاتێک کێبی (احیاء علوم الدین)ی غەزالی لە ئەندەلوس بڵاو بوویەوە، لەباتی بەخۆداچوونەوە، گەردەلوڵێکی تووڕەیی دروست کرد. نەک هەر ئەوە، بگرە قازیی قورتوبە Cordova و هاوڕێکانی فەتوایەکیان دەرکرد تێیدا نوێکەرەوەی ئایینی ئیسلام [غەزالی]یان بە بیدعەچی و بیباوەڕی تۆمەتبار کرد و کێبەکەی لە قورتوبە بەبەرچاوی خەڵکەوە سووتێنران و سزای کوشتن دانرا بۆ هەر کەسێک لە سەرتاسەری مەملەکەتەکەدا بیخوێنێتەوە. لێرەوە سەیر نەبوو کە پاڵەپەستۆی پیاوانی ئایینی لەسەر ناموسڵمانەکان قورستر بێت. جولەکەکانی ئەلیسانە Lucena کە دەوڵەمەندترین جولەکە بوون لە ئەندەلوس، ناچار بوون ئازادیی پەرستنیان بە جیزیەیەکی قورس بکڕن، لەکاتێکدا

هەندێکیتریان بەجێهێشتنی وڵاتیان بەڵاوە باشتر بوو، وەک باوکی فەیلەسوف ئیبن مەیمون کردی. وەنەبێت مەسیحییە موستەعرەبەکان کە زمانی عەرەبییان کردبوە زمانی خۆیان لە هەموو شوێنێک، بارودۆخیان باشتر و ئاسوودەتر بن، رەنگە هەر لەم رووەیشەوە بووبێت پێشوازییان لەو هێرشە بەردەوامانە دەکرد کە ئەمیرە مەسیحییەکان دەیانکردە سەر مەملەکەتە ئیسلامییەکە و بەربەرەکان پاش نغرۆبوونیان لە چێژ و خۆشییەکانی شارستانێتیی ئەندەلوسیدا نەیاندەتوانی بەباشی بەرەنگاربیان بکەن. ئەوە بوو لە ١٩ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١١١٨ ئەلفۆنسۆی یەکەم پاشای ئەرەغۆن سەرەگۆسای بنکەی پێشەوەی ئیسلامی لە باکوور داگیر کرد، کە بۆ ماوەیەکی زۆر لەنێوان پاشاکانی موسڵمانان و مەسیحییەکاندا جێی ناکۆکی بوو. ساڵی ١١٢٥ بەئاراستەی باشوور لەوە زیاتریش ملی نا. ئەگەرچی نەیتوانی بەو ئامانجەی بۆی دەکۆشا بگات لە دەستگرتن بەسەر غەرناتەدا Granada، بەڵام لە ئارنیسۆل لەنزیک شاری ئەلیسانەی جولەکەنشین شکستێکی گەورەی بەسەر موسڵمانەکاندا هێنا. ئەوکاتە ئیبن روشد، بەناوبانگترین قازیی ئەو سەردەمە و باپیری فەیلەسوفە بەناوبانگەکە -واتە ئیبن روشدی فەیلەسوف- فتوای دا پێویستە مەسیحییەکان کە بەرپرسیارێتیی ئەو شکستەیان خرایە ئەستۆ، بگوێزرێنەوە بۆ مەراکیش و لە سەلا Sale و مەکناسە Meknes جێگیر کران. بەڵام بێزاربوون لە حوکمی مورابیتەکان وردە وردە لە شارە ئیسلامییەکانیشدا زیادی کرد، چونکە سوپاکانی بەربەر زەبر و زەنگێکی وایان نواند کە لە زەبروزەنگی جاشەکانی سەربازانی ئەمیرانی پێشوو کەمتر نەبوو و جوڵەی کار و بازرگانییان وەستاند.

یەکتاپەرستان (الموحدون)

زۆری نەبرد تۆوی بزوتنەوەیەکی نوێ لەنێو هۆزەکانی بەربەر لە باکووری ئەفریقیا چەکەرەی کرد[٨٨]، چونکە کێشمەکێشی فیقهی بووە هۆی سەرهەڵدانی دژبەرێکی مەترسیدار کە بەیداخی شۆڕشی بەسەر حوکمی مورابیتەکاندا بەرز کردەوە. لەپاڵ مەزهبی مالیکدا کە لە ئەفریقایش دەسەڵاتی بەدەست هێنابوویەوە پاش ئەوەی ساڵی ١٠٤٩ لە دەسەڵاتی فاتیمییەکان رزگاری بوو، لەمسەری مەغریب تا ئەوسەری شەپۆلێکی توندی دەمارگیری بۆ سوننە زاڵ بوو، کە لەگەڵ ئەوە بوو سەرجەم ئەو ئایەتە قورئانییانەی تەن (جەستە) دەدەنە پاڵ زاتی ئیلاهی، تەفسیرێکی حەرفی بکرێن و هەموو گەنگەشەکردنێک تێیدا بە بیدعە یان بیباوەڕی دادەنرا. لەراستیدا نوێنەرانی ئەم نەزعەیە پێیان وابوو تەنیا لێکدانەوەکانی ئەوان بۆ دەقە دانپێدانراوەکان زانستە و لەوە بەدەر وڕێنەیەکی بێمانایە.

---

[٨٨] بڕوانە: R. Millet, Les Almohades, Histoire d,une dynastic berbere, Paris, 1923.

وەک بینیمان رێبازی عەقڵانیی موعتەزیلە لەبەردەم ئەم نەزعەیەدا پاشەکشەی کرد تەنانەت لە جەرگەی جیهانی ئیسلامیدا کە بۆ ماوەیەک دەوڵەت پشتیوانی لێدەکرد. هەرچۆن بێت، لە سەرەتای سەدەی دەیەمدا لە بەغدا ئەبولحەسەن عەلی ئەلئەشعەری (ساڵی ٩٣٥ مردوە) هەڵکەوت، کە سەرەتا موعتەزیلی بوو پاشان لە تەمەنی چل ساڵیدا هەڵگەڕایەوە و بوو بە سوننە و بەشێوەیەکی جەدەلی کاری بۆ پەرەپێدان و دامەزراندنی لەسەر بناغەیەکی زانستی کرد. دەبوو قوتابیانی ئەشعەری زەمەنێکی زۆر تێبکۆشن تا دانپێدانانی ڕەسمی بە ڕێبازەکەیدا بەدەست بێنن. ئەم ڕێگەیە تەنانەت لە ساڵە بەراییەکانی حوکمی ئەلپ ئەرسەلاندا لەسەر مینبەری مزگەوتەکانەوە وەک بیدعەیەک لە بیدعەکان سەرکۆنە دەکرا. بەڵام وەزیری گەورەی سەلجووقی نیزام ئەلمولک زۆری نەبرد پشتگیری کرد و داوای لە جوەینی ناسراو بە ئیمامی حەرەمەین و قوشەیری کرد لەو کۆڵێژەی لە بەغدا دایمەزراند [قوتابخانەی نیزامی] وانە بڵێنەوە. سەرەڕای بەرهەڵستیی کۆنەپەرستانەی حەنبەلییەکان –کە ناوبەناو لە ئاژاوەگێڕیی ئاژاوەچییاندا خۆی دەنواند- سەرەنجام مەزهەبی ئەشعەری لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا بووە سەردار. پاشان غەزالی هات و ئەوەی تەواو کرد کە ئەشعەری دەستی پێکرد و گەڕانەوە بۆ قورئان و سوننەی کردە ڕێپێشاندەر لە بیرکردنەوەی ئایینیی خۆیدا، بەڵام لەپاڵ عەقیدەی ئەهلی سوننەدا دانی بەمافەکانی سۆفیگەریی میانڕەویشدا نا.

دەوروبەری ساڵی ١١٠٧ محەمەد بن تۆمەرت لە هۆزی مەسمودەی بەربەری چوو بۆ بەغدا، کە لە ڕۆڵەکانی چیای سووس بوو لە باشووری ڕۆژئاوای مەراکیشی ئێستا پاش بەسەربردنی ماوەیەکی کورت لە قورتوبە، کە لەوێ سووتاندنی کتێبەکانی غەزالی بینی و کتێبەکانی ئیبن حەزم ڕامان و بیرکردنەوەی زۆری لە دەروونیدا وروژاند. مەبەستی ئیبن تۆمەرت لەم گەشتەی ئەوە بوو خوێندنە ئایینییەکەی لە سەرچاوە بەقوڵپەکەی لە بەغدا تەواو بکات. لەوێ بە بۆچوونەکانی ئەشعەری ئاشنا بوو و هەر زوو بەهەمان جۆش و خرۆش کە بەربەرە هاوڕەگەزەکانی پێ دەناسرێتەوە، باوەڕی پێهێنا. کاتێک گەڕایەوە بۆ مەغریب جەنگێکی بێئامانی دژ بە چەمکە تەنپێدەر (مجسم)ەکانی فیقە کە لەوێ باو بوون ڕاگەیاند و کەوتە بانگکردنی خەڵک بۆ ڕێگەکەی خۆی، کە بەپلەی یەکەم جەختی لە لایەنی یەکتاپەرستی دەکرد، لێرەوە شوێنکەوتوانی بە یەکتاپەرستان (الموحدون) ناسران. بەڵام لەسەر ئاستی فیقهی کرداری، گەورەترین پێداگری لەسەر سوننە بوو وەک سەرمەشقێک لە ژیاندا، لەکاتێکدا لە سەردەمی مورابیتەکاندا بەرزترین پایە بۆ ئیجتیهادە شەرعییەکانی فەقیهەکان بوو. محەمەد بن تۆمەرت بۆ ئەوەی گەورەترین پاڵپشتیی لایەنگرانی بۆ خۆی لەم شەڕەیدا دژ بە خراپییە باوەکانی سەردەمەکەی مسۆگەر بکات، وای بردە مێشکی موەحیدەکان کە ئەو (مەهدیی مونتەزەر)ە کە زەوی پڕ دەکات لە دادپەروەری، پاش

ئەوەی پڕ کراوە لە جەور و ستەم. لەڕاستیدا هاوشێوەی موراببیتەکانی پێش خۆی، بەرهەڵستی سەرجەم جۆرەکانی زەوتکردن و خەڵک ڕووتاندنەوەی کرد کە لەسەر نەریتە ئیسلامییە کۆنەکان دانەمەزرابێت، ئەوەیش مانای ئەوەیە موراببیتەکان بەگوێرەی ئەو بنەمایانە مامەڵەیان نەکردوە کە لە خوتبە و ئامۆژگارییەکانیاندا بانگەشەیان بۆ دەکردن.

پاش ئەوەی محەمەد بن تۆمەرت بەناو مەراکیش و باقیی شارە گەورەکانیتردا گەڕا و خەڵکەکەی بەهۆی شێوازە تووندوتیژەکەیەوە گوێیان بۆ نەگرت و ڕەتیان کردەوە، ڕووی کردە هۆزەکەی خۆی لە ئەتڵەس (چیای درن) و توانی بۆچوونەکانی لەنێو خەڵکەکەیدا بڵاو بکاتەوە. پاشان مزگەوتێکی لە تینمەلەل لەنزیک چاوگەی ڕووباری نەفیس دروست کرد، بەوە بناغەی بۆ یەکەمین پایتەختی موەحیدەکان دانا. بەناونیشانی مەهدی و ئیمام، مەجلیسێکی بۆ خۆی دروست کرد کە لەو دە موریدەی لەپێش هەمووانەوە بانگەوازەکەیان قبوڵ کردبوو پێک دەهات و پێیان دەوترا (جەماعە)، مەجلیسێکیتریشی بۆ زیاد کرا کە پەنجا نوێنەری لەخۆ دەگرت لە هۆزە بەربەرە جیاوازەکان. ئیبن تۆمەرت دەیزانی چۆن چۆنی مەرایی بۆ هۆشیاریی نەتەوەیی لای بەربەرەکان بکات، بەوەی بانگدان بۆ نوێژی بەزمانی بەربەری هێنایە کایە. لەو ڕووەوە شوێنکەوتوانی، باقیی خەڵکیان بە کافر دادەنا دەیتوانی لەکاتێکی نزیکدا هێرش بکاتە سەر دەوڵەتی موراببیتەکان. سەرەتا دەستی بەسەر چیای سووسدا گرت. ساڵی ١١٣٠ مەراکیش هێشتا بۆ هێزەکانی نەدەگیرا. دوای چوار مانگ ئیبن تۆمەرت مرد و عەبدولموئمین بن عەلی جێگەی گرتەوە کە دڵسۆزترین شوێنکەوتەکانی بوو و پێش مردنی مەهدی نوێنەری ئەو بوو لە سەرکردایەتیکردنی سوپادا. وادیارە لەبەرئەوەی عەبدولموئمین غەریبە بووە ئەنجوومەنە دە کەسییەکە بۆ ماوەی دوو ساڵ هەواڵی مردنی مەهدی شاردۆتەوە و پاشتر عەبدولموئمینی وەک جێنشینی ڕاگەیاندوە. لە دە ساڵی پاشتردا خەلیفەی نوێ شکستی بەسەر یەک بەیەکی سوپاکانی (موراببیتەکان)دا هێنا. دەوڵەتی موراببیتەکان لاوازی و پووکانەوە ڕووی تێکردبوو. پێشتر ساڵی ١١٢٢ هێرشیان کردبووە سەر نۆرماندییەکان لە سەقڵیە و لەوەدا حەسەن ئەلزیری یارمەتی دەدان. زۆری نەبرد ئەوانە تۆڵەی خۆیانیان کردەوە و ساڵی ١١٤٨-١١٤٩ زیرییان لە مەهدییەی پایتەختی دەرکرد و بۆ ماوەیەک ئەو کەنارەیان داگیر کرد کە لە سووسەوە بۆ تەرابلوس درێژ دەبێتەوە. جگە لەوەیش، مەسیحییەکان لە ئەندەلوس پێشڕەوییان دەکرد و بووبوونە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر سەڵامەتیی دەوڵەتەکە.

خەلیفەی بەستەزمانی موراببیتان، عەلی، ساڵی ١١٤٣ مرد و تاشفینی کوڕی جێگەی گرتەوە. ئەویش هەموو توانای لە چەند هەوڵێکی شکستخواردوودا خستە کار بۆ بەرپەرچدانەوەی تەوژمی موەحیدان. پاش ئەوەی بەدرێژایی ساڵێک لە تیلمسان گەمارۆ

درا، لەتەنیشت کەناردا رایکرد بۆ وەهران بەئومێدی ئەوەی بتوانێت لەوێوە بەو کەشتیگەلەی لە ئەلمەریيەوە بانگی کردبوو رابکات بۆ ئەندەلوس، بەڵام -پێش ئەوەی بگاتە کەشتییەکانی- لەکاتێکدا لە سوپاکانی موەحیدان کە شارەکەیان داگیر کردبوو هەڵدەهات، لە بەرزاییەکەوە بەئەسپەکەیەوە کەوتە ناو دەریا و کوژرا (ساڵی ١١٤٥ یان ١١٤٦).

پاش رووخانی مورابیتان، لە ئەندەلوس چەند دەوڵەتۆکەیەکی بچووک پەیدا بوون لەوە لاوازتر بوون بەرەنگاریی مەسیحییەکان بکەن و پێشڕەویکردنیان رابگرن. ساڵی ١١٤٧ فۆنسۆی یەکەم پاشای پورتوگال توانی پایتەختی مولکەکەی، لیشبۆنە Lisbon، بەیەکجاری لە دەستی موسڵمانان دەربێنێت. پێشتر مەسیحییەکان لە سەرەتای حوکمی مورابیتەکاندا داگیریان کرد، بەڵام سیر بن ئەبی بەکر ساڵی ١١١٠ گرتییەوە. ساڵی دوای ئەوە فۆنسۆی حەوتەم پاشای قشتاڵە لە پێشڕەویکردنی بەردەوام بوو تا گەیشتە قورتوبە. بەڵام موەحیدەکان لەوێ بەرپەرچیان دایەوە و ناچار بوو لەو سنوورەدا بوەستێت و بگەڕێتەوە. خەلیفەی موەحیدان [عەبدولموئمین بن عەلی] پاش چەند شەڕێکی خوێناوی دژی بەربەر دواین بەرەنگاریکردنێکی حوکمەکەی لە باکووری ئەفریقیا لەناو برد، پاش ئەوە ئیتر دەیتوانی بە وردەیەکی بەهێزترەوە بچێتە پێشەوە بۆ شەڕی دوژمنە دەرەکییەکانی. یەکەم کار کردی (بەڕاز)ی فەرماندەی بەرەو ئەندەلوس نارد و پاش شەڕێکی قورس شوێنکەوتوانی مورابیتەکانی ناچار کرد تا دورگە رۆژهەلاتییەکان پاشەکشە بکەن. خەلیفە خۆی کەناری ئەفریقی لە دەسەڵاتی نۆرماندییە سەقلییەکان رزگار کرد و بەنیاز بوو پاش ئەو هەڵمەتە گەشتێک بۆ ئەندەلوس بکات، بەڵام مەرگ دەرفەتی نەدا و ساڵی ١١٦٣ مرد.

ئیبن توفەیل و ئیبن روشد

لە سەردەمی کوڕەکەی -ئەبو یەعقووب یوسف (١١٦٣-١١٨٤)- و نەوەکەی -یەعقووب ئەلمەنسووری (١١٨٤-١١٩٩)-دا، موەحیدەکان گەیشتنە ئەوپەڕی هێزی خۆیان. لەڕاستیدا یوسف ملکەچاندنی ئیسپانیای ئیسلامی تەواو کرد، بەڵام لەکاتی گەمارۆی شەنتەرین Santarem لە شەڕێکدا دژی ئەمیری سانچۆی پورتوگالی، کوژرا. باوکی پێشتر شەوکەتی مالیکییە دەمارگیرەکانی شکاند و هەژموونیانی سنووردار کرد، کاتێکیش ئەو چووە سەر تەخت پایەی فەیلەسوفانی بەرز کردەوە و لەخۆی نزیک کردنەوە. پێشتر فەلسەفە حەرام کرابوو. لە ئەندەلوسەوە دوو مەزنترین فەیلەسوف کە رۆژئاوای ئیسلامی بەرهەمی هێنابن گەیشتنە کۆشکەکەی: ئیبن توفەیل و ئیبن روشد. ئیبن توفەیل کە لە گوادیکس Gwadix لەنزیک غەرناتە لەدایک بووبوو سەرەتا لە غەرناتە نیشتەجێ بوو و وەک پزیشک کاری تێدا دەکرد، پاشان پۆستی نهێنیپارێز (أمین سر)ی والیی غەرناتەی سەر بە موەحیدەکانی

وەرگرت. ساڵی ١١٥٤ بەپێشنیازی سەرۆکەکەی، وەک نهێنیپارێزی یەکێک لە کوڕەکانی عەبدولموئمین دامەزرا، کە حوکمی سەبتە و تەنجەی لەژێر دەستدا بوو. ئیبن توفەیل لەو ناوبانگەیدا هەیەتی قەرزاری کۆنترین چیرۆکی فەلسەفییە ئەدەبی عەرەبی بۆ خەڵکی بەرهەم هێنابێت. ئیبن سینا پەیامێکی رەمزیی سۆفییانەی بەناونیشانی "حەی بن یەقزان" دانابوو، ئیبن توفەیلیش پاڵەوانەکەی بۆ چیرۆکە خەیاڵییەکەی دەربارەی بناغە و شێوازەکانی زانست خواست.

ئیبن توفەیل بەخەیاڵ وای وێنا کردوە ئەم "حەی"یە بەهەتیوی لە دورگەیەکی چۆڵ و هۆڵدا لەدایک بووە، لەڕێی پەیوەندیکردن بەسروشتەوە توانی بنچینە پێویستەکانی شارستانێتی بدۆزێتەوە و بگاتە ناسینی خودا و جیهان. تا کاتێک تەمەنی هەڵکشا و گەیشتە پەنجا ساڵ و تێڕوانینێکی گشتگیری بۆ بوون (الوجود) لەلا گەڵاڵە بوو، لەڕێی ئەبسل وەزیری پاشا سەلامان حاکمی یەکێک لە دورگە هاوسێکانەوە بە ئایینی دابەزێنراو ئاشنا بوو، جا بۆ حەی و بۆ ئەبسال دەرکەوت فەلسەفەکەی ئەم لەحەقیقەتیدا لە ئاینەکەی ئەو جیاواز نیە. بەڵام ئەو پاشایەی حەی لەڕێی هاورێکەیەوە ناسی، لەوە بێتواناتر بوو بتوانێت خۆی بۆ ئاستی بەرزی بیروباوەڕی ئەو دووانە بەرز بکاتەوە، لەبەرئەوە هەردووکیان وایان بەباش زانی بگەڕێنەوە بۆ دورگە چۆڵەکە، تا باقی تەمەنیان بۆ رامان و راهێنان تەرخان بکەن و پاشا و گەلەکەی بۆ دەستگرتن بە رەمزەکانەوە [کە لە پایەندبوون بە سنوورەکانی شەرع و کارە رواڵەتییەکاندا خۆی دەنوێنێت] بەجێبێڵن، لەبەرئەوەی ئەو عیبادەتە سەرەتاییە و شیاوی هەردوو پاڵەوانی چیرۆکەکە نیە. لەڕاستیدا ئەم کتێبە کە پاش دووسەد ساڵ وەرگێڕدرایە سەر زمانی عیبری و پاشان لەڕێی لاتینییەوە وەرگێڕدرایە سەر نزیکەی سەرجەم زمانە شارستانییەکان[89]، بەڵگەیەکی کاریگەرە لەسەر رادەی ئەو ئازادییەی بزوتنەوەی گونجاندن لەنێوان تەسەوف و فەلسەفە لە سایەی موەحیدەکاندا لێی بەهرەمەند بووە. رەنگە ئیبن توفەیل چاوەڕوانی کردبێت ئیبن روشدی بچووک، نەوەی قازیی بەناوبانگی قورتوبە، درێژە بە پەیامەکەی بدات، چونکە ئیبن توفەیل بوو ئیبن روشدی بە کۆشکی مەراکیش ناساند، هەر ئەویش ساڵی ١١٨٢ پێشنیازی کرد لەجێگەی ئەو وەک پزیشکی کۆشک دابمەزرێنرێت. بەڵام لەو رووەوە ئیبن روشد بەدرێژایی دوازدە ساڵ پۆستەکەی باپیری و باوکی وەک قازیی قورتوبە وەرگرتبوو، خەلیفە لەو ئەرکە بەخشیبووی. بێگومان مەزنترین بەرهەمەکانی ئیبن روشد شەرحەکانیەتی لەسەر کتێبەکانی ئەرستۆ، کە خەلیفە خۆی هانی دا بۆ نووسینیان. ئەو شەرحانە بوون دەرگا داخراوەکانی فەلسەفەی هیلینییان بۆ خۆرئاوا کردەوە پاش ئەوەی

[89] The History of hay ibn Yaqzan, tr. By Simon Ockley (1708), revised ed. By A. S. Fulton, London, 1929.

میخائیلی ئیسکوتلەندی لەکاتێکی زوودا کە بۆ ساڵی ١٢٣٠ دەگەڕێتەوە، ئەو شەرخانەی وەرگێڕایە سەر زمانی لاتینی. بەڵام ئیبن روشد لە کتێبەکانی خۆیدا توانای خۆی بۆ گونجاندن لەنێوان عەقیدەی ئیسلامی و ئەنجامەکانی تۆیژینەوە فەلسەفییەکان تەرخان کردبوو. بەڵام هەڵوێستی لەبارەی کۆنیی جیهان (کە بەرگری لێدەکرد، دژی عەقیدەی خەلقکردن لە عەدەم) و مەسەلەی زانینی خودا زۆری نەبرد زانایانی ئاینیی ئەندەلوسی لێ تووڕە کرد، هەروەک پاڵی بە کەنیسەوە نا بۆ قەدەغەکردنی تێۆرەکانی لە سەدەی سیازدەیەمدا. یەعقووب [ی مەنسوور] جێنشینی یوسف سەرەتا وەک باوکی دادەی دا و چاودێری کرد، بەڵام لەکۆتاییدا لەبەر پێویستیی زۆری بە زانایانی ئاینیی ئەندەلوس لە شەڕی دژ بە مەسیحییەکانی قورتوبە، کە ئومێدی پێیان هەبوو بەهۆیانەوە تۆڵەی باوکی بکاتەوە، ناچار بوو وازی لێ بێنێت و دووری بخاتەوە بۆ ئەلیسانە لەنزیک قورتوبە پاش ئەوەی مەینەتییەکی ئازاربەخشی بەسەردا هێنا، بە سووتاندنی سەرجەم کتێبەکانی جگە لە کتێبە پزیشکی و ماتماتیکی و فەلەکناسییەکان. لە ١٩ی تەممووزی ساڵی ١١٩٥ خەلیفە سەرکەوتنێکی گەورەی بەسەر فۆنسۆی هەشتەم پاشای قشتالەدا بەدەست هێنا لە شەڕێکدا کە لای ئەرەک رووی دا، ئەگەرچی نەیتوانی سوود لەو سەرکەوتنە وەربگرێت لەبەرئەوەی ناچار بوو بەپەلە بگەڕێتەوە بۆ ئەفریقیا، کە ئاگری شۆڕش هەڵگیرسابوو. تا کاتێک ئاسایش و سەقامگیری تێدا بەرقەرار کرد، لە فەیلەسوفەکە خۆش بوو و بانگی کردەوە بۆ کۆشکەکەی لە مەراکیش. بەڵام ئیبن روشد لە ١٠ی کانونی یەکەمی ساڵی ١١٩٨ کۆچی دوایی کرد، ساڵی دوای ئەوە خەلیفەیش مرد.

لاوازیی پاش بەهێزی

بەڵام ئیمپراتۆرییەتی موەحیدین کە ئەندەلوس و هەموو ئەفریقیا تا سنوورەکانی میسری دەگرتەوە، ئەوەیش رووبەڕێکی هێندە فراوانە پێشتر بۆ هیچ دەوڵەتێکیتری ئیسلامی نەڕەخسابوو، زۆری نەبرد لە سایەی جێنشینە لاوازەکانی دامەزرێنەرانی یەکەمدا تووشی لەبەریەک هەڵوەشان بوو. هەر کە محەمەد ئەلناسر جێگەی یەعقووبی باوکی گرتەوە، لە هەموو لایەکەوە شۆڕش رووبەڕووی بوونەوە. دەبوو سەرەتا شۆڕشی هۆزی غومارەی بەربەری لە ئەتلەس [چیای دورن] سەرکوت بکات، تا پاش ئەوە بگەڕێتەوە بۆ بەشێ رۆژهەلاتی ئیمپراتۆرییەتەکە بۆ لەناوبردنی شۆڕشەکەی یەحیا بن غانیە لە ئەفریقیا. پاش ئەوەی مەهدییەی پایتەختی ئەغلەبییەکانی لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٢٠٦دا فەتح کردەوە، حوکمی رۆژهەلاتی بە عەبدولواحید بن حەفس ئەلهینتانی سپارد، کە پێشتر باوکی خزمەتی گەورەی پێشکەش بە دامەزرێنەری ئیمپراتۆرییەتەکە کردبوو و نەوەکانی، واتە بەنی حەفس پاشتر توانییان لە تونس سەربەخۆیی وەربگرن.

هەروەها ناسر پاشماوەی مورابیتەکانی لەناو برد. بەنو غانیە پاش ئەوەی ئەندەلوسیان لەدەست دا دەستیان بەسەر دورگە رۆژهەلاتییەکاندا گرت، لەبەرئەوە ناسر کەشتیگەلێکی لە جەزائیرەوە بۆ جەنگ لەگەڵیان نارد و توانی میورقە Majorkaیان لەدەست دەربێنێت. بەڵام نەیتوانی بەتەواوەتی بەر بە پێشڕەویکردنی مەسیحییەکان لە ئەندەلوس بگرێت. ئەوە بوو لە ١٦ی تەممووزی ساڵی ١٢١٢ فۆنسی هەشتەم پاشای قشتالە هێرشێکی کردە سەر خاکە ئیسلامییەکان و لە قەڵای عوقاب شکستێکی کەمەرشکێنی بەسەر خەلیفەی موەحیدەکاندا هێنا، لەکاتێکدا ژمارەی سوپای موسڵمانان زۆر زیاتر بوو لەوان. ئەوکاتە ناسر بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە فاس و زۆری نەبرد یوسفی کوڕی بەجێگری خۆی لە تەواوی دەوڵەتەکەدا دامەزراند، کە تا ئەوکاتە وەزیرە لاوازەکەی، ئیبن جامیع، ئەم ئەرکەی لەئەستۆدا بوو. پاشان لە ٢٥ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٢١٣ لە ڕیبات مرد.

یوسف ئەلموستەنسیر لە ماوەی دە ساڵی حوکمەکەیدا بەتەواوەتی ملکەچی وەزیرەکەی بوو، کە هیچ شتێک سنووری بۆ دەسەڵاتی دانەدەنا جگە لە دەستەبژێرێ ئەریستۆکراتی لە موەحیدەکان. محەمەد بن ئەبی حەفس حاکمی تونس بەنابەدڵی سوێندی لایەندی بۆ یوسف خواردبوو، کاتێک خەلیفە [یوسف ئەلموستەنسیر] مرد و ئیبن جامیع، عەبدولواحید برای یەعقووب ئەلمەنسووری خستە سەر تەخت، شۆڕشێکی سەرتاسەری ولاتی گرتەوە. لە مورسییە لە ئەندەلوس بەیعەت بە عەبدولا برازای عەبدولواحید درا وەک خەلیفە و نازناوی (ئەلعادل)ی بەخۆی بەخشی. ئەوکاتە شێخەکانی مەراکیش عەبدولواحیدیان لە دەسەڵات دامالّی و وەزیرێشیان نەفی کرد. زۆری نەبرد عادل لە ئەندەلوس خەلیفەیەکی رکابەری بۆ پەیدا بوو ئەویش ئەبو محەمەد، حاکمی بەیاسە بوو، کە سەرەتا لافی ئەوەی لێدەدا لە وەچەی عەبدولموئمینە، پاشان قسەی گۆڕی و وتی لە وەچەی حەفسە. ئەبو محەمەد داوای پشتیوانی لە پاشا فەردیناندی سێیەم کرد دژی دوژمنەکەی، ئەویش خۆشحاڵییەوە بەپیریەوە هات پاش ئەوەی ئەبو محەمەد دەستبەرداری بەیاسە خۆی بوو بۆی. ساڵی ١٢٢٥ عادل شکا و ڕووی کردە ئەفریقیا و ئەرکی شەڕ دژی شۆڕشگێڕان و مەسیحییەکانی بۆ ئەبیلعولای برای بەجێهێشت. بەڵام شێخەکانی مەراکیش رازی نەبوون سوێندی لایەندی بۆ بخۆن و یەحیا ئەلموعتەسیمی برازایان وەک خەلیفەی خۆیان ڕاگەیاند. پاشان عادل لەگەڵ لایەنگرانی موعتەسیم جەنگاو کوژرا. ئەوکاتە مەئموونی برای لە ئەندەلوس هەستایە سەرپێ و داوای تەختی کرد، بە یارمەتیی فەردیناند -لەبەرانبەر دەستهەڵگرتن لە هەرێمی نوێ- توانی خۆی لە مەراکیش دابمەزرێنێت. تا کاتێک یەحیا [ی لە مەراکیش] دەرکرد و پێی وابوو لەئاکامی

قەسابخانەکارییەک [کە تێیدا مەشایخی موەحیدەکانی تەفروتونا کرد]، بەتەواوەتی بەسەر بەرەنگاریدا زاڵ بووە، هەوڵی دا پایەکانی دەسەڵاتەکەی قایم بکات لەرێی لەناوبردنی بیروباوەڕی موەحیدەکان و نەریتەکانیان کە شێخەکان لەسەریان دەچوون و گەڕانەوە بۆ مەزهبی مالیک. ئەبو زەکەریا کوڕی ئەبو محەمەد کوڕی ئەبو حەفس ئەمیری تونسیش ئەمەی کردە بیانوویەک بۆ یاخیبوونی لە مەئموون. راستییەکەی عەبدولواحیدی دووەمی کوڕی، ئەلڕەشید، پاش چوونە سەر تەخت ساڵی ١٢٣٢ گەڕایەوە بۆ عەقیدەی یەکتاپەرستی (التوحید)، بەڵام ئەم کارەی هیچ سوودی نەبوو، چونکە ئەبو زەکەریا هەرگیز ئامادە نەبوو بۆ دەستهەڵگرتن لە سەربەخۆییەکەی، زۆر لە حاکمانی هەرێمەکانیش شوێنپێیان هەڵگرت. یەغمەراسەن کوڕی عەبدولواد لە هۆزی زەییان، ساڵی ١٢٣٦ بەتێۆری بەناوی رەشیدەوە حوکمی تیلمسانی دەکرد، بەڵام لەراستیدا وەک ئەوانەی پاش خۆی تەواو سەربەخۆ بوو تا ساڵی ١٣٩٣.

هەرچی رووخانی یەکجارەکیی موەحیدەکانە لەسەر دەستی بەنی مەرین بوو، لە هۆزەکانی زەناتەی بەربەری، کە پاش بەزینی گشتیی هاوڵاتیانیان ساڵی ١١٤٥ لەرێی هەڵاتن بۆ بیابانی گەورەوە خۆیان قوتار کرد. پێش ساڵی ١٢١٦ لە دۆڵی مولوییە دەرچوون و هێرشێکیان لەڕێی مەراکیشی ناوەڕاستەوە ئەنجام دا کە هیچی بەسەر هیچەوە نەهێشت. سەرەتا تواناییان پێکانیان لە خاکەکانی هۆزی عەرەبی بەنی ریاح قایم بکەن. ئەگەرچی هێزەکانی [خەلیفە] ئەلسەعید کە پاش رەشید حوکمی گرتە دەست، توانی ساڵی ١٢٤٤ بیانشکێنێت و ناچار بە پاشەکشەیان بکات، بەڵام لەسەردەمی جێنشینەکانی ئەم سەعیدەدا دەستیان بە پێشڕەویکردنەکەیان کردەوە. وادیارە ئەبو یەحیای کوڕی عەبدولحەقی ئەمیریان بۆ بەرژەوەندیی بەنی حەفس دژبەریی موەحیدەکانی دەکرد و هەژموونی ئەولیا مەراکیشیەکانی بەکار دەهێنا (کە پایەیەکی گەورەیان لای خەڵکی ئاسایی هەبوو) و بۆ مەرامی خۆی قۆستیەوە. هەروەها هەوڵی دا زەویی بەپیت و دەوڵەمەند ببەخشێتە خزمەکانی. بەبەکارهێنانی جاشی بێگانەیش هێزە جەنگاوەرەکانی چەندقات کرد و وای لێهات، لەتوانایدا بوو هەردوو شارە گرنگەکە فاس و میکناسە، لەدەست موەحیدەکان دەربێنێت، ئەمە جگە لە هەردوو شاری کەناری: سەلا و ریبات. کاتێک ساڵی ١٢٦٩ کێشە لەسەر تەخت لە مەراکیش سەری هەڵدایەوە، ئەبو یوسف کە جێگەی ئەبو یەحیای گرتەوە دەستی بەسەر پایتەختدا گرت. ساڵی ١٢٧٥یش یەکێک لە والییەکانی ئەبو یوسف لە ئەتڵەس دواین پاشماوەی بنەماڵەی موەحیدانی لەناو برد.

بەنو ئەلئەحمەر

پاش کشانەوەی موەحیدەکان لە ئەندەلوس محەمەد کوڕی یوسف کوڕی هوود -کە باوباپیرانی پێشتر پاشای سەرەگۆسا بوون- سەرکردایەتیی شەڕ دژی مەسیحییەکانی دەکرد. ئیبن هوود یەکەم جار لە مەرسیە دەرکەوت. لەوێوە بە سوودوەرگرتن لە لاوازیی هاوسێ مەسیحییەکانی، وردە وردە توانی گرنگترین شارە ئەندەلوسییەکان لەژێر ئالای خۆیدا یەک بخات. هەرچۆن بێت، ساڵی ١٢٣٠ پاش مردنی پاشا فۆنسۆ، لیۆن لەگەڵ قشتالە یەکیگرتەوە، بەوەیش مەسیحییەکان هێرشەکانیان بۆ سەر موسڵمانان دەست پێکردەوە و ساڵی ١٢٣١ لە شەریش Xeres ئیبن هوودیان شکاند. دەستبەجێ کەسایەتییەکی عەرەبی لە مەیدانەکەدا سەری هەڵ دا، هەوڵی دا لەسەر حسابی ئیبن هوود خۆی بەهێز بکات. ئەوە بوو، لە ئەرجونە لە باکووری جاین، نەوەیەکی گەورەی خەزرەج لەسەردەمی پێغەمبەردا، محەمەد بن یوسف بن ئەحمەد بن نەسر، دەژیا کە بنەماڵەکەی بە بەنو ئەلئەحمەر ناسرابوو، ساڵی ١٢٣١ بەپەلە خۆی بەئەمیری ئەندەلوس راگەیاند و توانی دەست بەسەر جاین و وادی ئاش Guadix و بەستە Baza دا بگرێت. ساڵی ١٢٣٥ غەرناتەی گرت و کردی بەپایتەختی دەوڵەتە نەسرییەکەی، هەر بەو شێوەیە مایەوە تا رووخانی یەکجارەکی دەوڵەتەکە. لەڕاستیدا ناکۆکی و کێشمەکێشی نێوان موسڵمانان بوو بەهۆی ئەوەی قورتوبە پایتەختی ئیسپانیای ئیسلامی کۆن لە ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٢٣٦ بکەوێتە دەستی مەسیحییەکان. دوای دوو ساڵ ئیبن هوود پاش دۆڕاندنی شەڕێکیتر دژ بە مەسیحییەکان، غافڵکوژ کرا. ئیبن ئەلئەحمەر بۆ ئەوەی دەوڵەتەکەی لە مەترسیی رکابەران بپارێزێت بەرانبەر سەرانەیەکی گەورە وەک شوێنکەوتەیەکی چووە ژێر پاراستنی فەردیناندی سێیەم پاشای قشتالە (١٢١٧-١٢٥٢). ساڵی ١٢٤٨ ناچار بوو لە جەنگێکیدا دژ بە ئەشبیلیە Seville یارمەتیی فەردیناند بدات. کاتێک کاروبار کەوتە دەست جێنشینەکەی، محەمەدی دووەم (١٢٧٣-١٣٠٢) هەوڵی دا خۆی لە پابەندییە دەرەبەگییەکانی رزگار بکات لەڕێی هاوکاریکردن لەگەڵ دەوڵەتی بەنی مەرین لە مەراکیش. ئەبو یوسف -هاوشێوەی مورابیت و موەحیدەکانی پێش خۆی- دوودڵی نەنواند لە دەستوەردانە ناو کاروباری ئەندەلوس پاش ئەوەی محەمەد دەستی بۆ هەڵگرت لە دورگەی سەوز و دورگەی تەریف و چوار جاری لەدوای یەک سوپاکانی لە دەریاوە پەرینەوە بۆ ئەندەلوس. ئەگەرچی توانی زیانی زۆر بە مەسیحییەکان بگەیەنێت، بەڵام نەیتوانی هیچ گۆڕانکارییەکی بنچینەیی لە دۆخە جەنگییەکەدا دروست بکات. هەر زوو سەربازانی بەربەر کە بەنو نەسر دەستەبەرکردنی بژێویی بەشێکیانی گرتبوە ئەستۆ، وەک

رابردوو بوونه باریکی قورس بەسەر ولاتەوە. لێرەوە محەمەد هەوڵی دا هانا بۆ فۆنسۆی دەیەم پاشای قشتالە ببات دژی هاوپەیمانە مەرینییەکەی. یخمراسن [کوڕی عەبدولواد]یش هاتە پێش بۆ کۆسپ دروستکردن لەبەردەم هەڵمەتی بەنی مەرینی هاوسێی بۆ سەر ئەندەلوس. کاتێک ئەبولحەسەن، چوارەمین جێنشینی یەعقووب کوڕی عەبدولحەق ئەلمەرینی چووە سەر تەخت، سیاسەتی پێشینە ئەندەلوسییەکانی وەلانا، بەم شێوەیە بەنو نەسر بەو سیاسەتە زرنگانە و بیرهاتووانە توانییان وەک دواین بنەماڵەی موسڵمان لە ئیسپانیا ٢٥٠ ساڵێتر بژین لەو هەرێمە تەسکەی لە جەبەل تاریقەوە تا مەرییە درێژ دەبێتەوە، کە لەناوخۆدا تەختە تا زنجیرە چیاکانی رۆندا Ronda و چیاکانی ئەلڤیرا Elvira.

محیەدین بن عەرەبی

شارستانێتیی ئیسلامیی ئیسپانیا تەنانەت لەم دواین بنکەیەیشیدا سەردەمێک لە گەشانەوە و بووژانەوەی گەورەی بەخۆیەوە دی. لەڕاستیدا دوو بیرمەندی مەزن کە ئیسپانیای ئیسلامی بەرهەمی هێنان لەو سەردەمەدا، ژیانیان لە رۆژهەڵات کۆتایی پێ هێنا. یەکەمیان ئیبن عەرەبی سۆفی بوو[٩٠] کە لە مورسیە لە ٢٨ی تەممووزی ساڵی ١١٦٥ لەدایک بووە، لە ساڵانی ١١٧٣-١٢٠٢ فیقهـ و شەریعەتی لە ئەشبیلییە خوێندوە، پاشان رووی کردۆتە مەککە و حەجی کردوە و باقی تەمەنی بەگەڕان بە ولاتانی رۆژهەڵاتدا بەسەر بردوە. گەشت و گەڕان گەیاندییە ئاسیای بچووک تا سەرەنجام لە دیمەشق نیشتەجێ بوو، کە لەوێ لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٢٤٠دا کۆچی دوایی کرد. ئیبن عەرەبی لە مەککە کەوتە ژێر کاریگەریی بیروباوەڕەکانی قەرامیتە لەبارەی بوونیەکی (وەحدەتی وجود). بێگومان بەرهەمە زەبەلاحەکەی کە لە کتێبی (الفتوحات المکیة)دا بە حەڤدە بەرگەکەیەوە - لەنێوان ساڵانی ١٢١٠ تا ١٢٣١ داینـاوە و پوختەکەی لە کتێبی (فصوص الحکم)دا داڕشتۆتەوە- یارمەتیدەر بووە بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتنی یەکلاکەرەوەی ئەم جۆرە لە بیروباوەڕی سۆفییانە بەسەر کۆششە سۆفییە کۆنەکان لەڕێی زوهد و سەفاوە. بیرکردنەوەی (ئیبن سەبعین)ی هاونیشتمانیشی بە ڕێچکەیەکی هاوشێوەدا ڕۆیشت، کە هەندێ وەلامی زۆر ڕووکەشانەی بۆ هەندێ پرسی فەلسەفی دەدرێتە پاڵ کە دەوترێت فریدریکی دووەم پاشای سەقلییە (وەک پرسیار) ئاراستەی کردوە. لەکاتی ئەنجامدانی فەریزەی حەجدا لە مەککە ساڵی ١٢٧٠ بەئەمانەت و لێبڕانێکی بێوێنە لە مێژووی ئیسلامدا بەشوێن عەقیدەی بوونیەکی-دا چوو تا کۆتاییە لۆژیکییەکەی و هەوڵی دا خۆی بگێڕێتەوە بۆ لای خودا و لەگەڵیدا یەک بگرێت، بۆ ئەو مەبەستەیش خۆی کوشت.

---

٩٠ بڕوانە: A. E. Affifi, The Mystical Philosophy of ibn-Arabi, London, 1939.

ئیبنول خەتیب و ئیبن خەلدون

ئەو میرنشینە بچووکە -میرنشینی بەنو ئەحمەر- دەتوانێت شانازی بە مێژوونووسێکی مەزنیشەوە بکات کە ژیانی ناجێگیر و لەنێوان هات و نەهات، خۆشی و ناخۆشیدا بووە، کە بەباشترین شێوە ژیانی سیاسیی مۆلەقی ئەو دەوڵەتە لاوازە پیشان دەدات لە سەدەی چواردەیەمدا. ئەم مێژوونووسە گەورەیە، لیسانودین محەمەد بن ئەلخەتیب ئەلسەلمانی، ساڵی ١٣١٣ لە باوکێک کە لە کۆشکی [سوڵتان ئەبول حەجاج] یوسف (١٣٣٣-١٣٥٤) کاری کردوە، تا کاتێک باوکی ساڵی ١٣٤١ لە شەڕی دورگەی تەریف کوژرا، وەزیر ئیبنول جەیاب کردی بەنووسەری خۆی. ساڵی ١٣٤٩ چاوەقوولە (تاعون) باشووری ئەوروپا و وڵاتانی دەریای سپی ناوەڕاستی گرتەوە و ئیبنول جەیاب یەکێک بوو لە قوربانییەکانی، لەبەرئەوە لیسانودین بوو بە وەزیر. زۆری نەخایاند سوڵتانەکەی مرد و کوڕەکەی [محەمەد] دەسەڵاتی گرتەدەست و لە ماوەی ویلایەتی یەکەمیدا، کە ماوەیەکی کورت بوو (١٣٥٤-١٣٥٩) لەجێگەکەی خۆیدا هێشتیەوە. سوڵتانی نوێ لەکاتی مردنی باوکیدا هێشتا بااڵق نەبووبوو، لەبەرئەوە یەکێک لە فەرماندەکانی سوپا بەناوی ریزوان ئەرکی سەرپەرستکردن (وصایە)ی گرتە ئەستۆ. ئەوەیش بووە مایەی ئیرەییبردنی فەرماندەیەکیتر بەناوی ئەبو سەعید و سەرەنجام دەستێی بەسەر ئەلحەمرا، قەڵای غەرناتەدا گرت و ئەمیری نەوجەوان هێشتا لە وڵاتدا بوو کە ئیسماعیلی برای بەسوڵتان راگەیاند، پاش ئەوەی وەزیر ئیبن ئەلخەتیبی خستە زیندان. سوڵتان ئەبو سالم ماوەیەکی کورت پێش لەوە چووبووە سەر تەختی دەوڵەتی مەرینی لە مەراکیش، ئەو پشێویانەیش دەرفەتی بۆ ڕەخساند دەستوەردانی چاوەڕوانکراو لە کاروباری ئەندەلوسدا بکات، کە ئەوە دەرفەتی بۆ محەمەدی پێنجەم ڕەخساند بۆ دەرچوون لە دۆڵی ئاش (گوادیکس) کە خۆی تێدا دامەزراندبوو، وەزیرەکەی ئازاد کرد کە خۆی گەیاندبوە لای گەورەکەی لە مەنفاکەی لە مەراکیش. لە شاری کەناریی سەلا وەزیر خۆی بۆ نووسین و کتێبدانان ساغ کردەوە، لەکاتێکدا سوڵتانیش هیممەتی خۆی بۆ گێڕانەوەی موڵکە زەوتکراوەکەی خستەکار، لەوەیشدا قازیی قازییانی مەراکیش ئیبن خەلدون یارمەتییەکی بەرچاوی دا، کە پاشتر وەک مێژوونووسێک ناوبانگی فڕی. ئیبن خەلدون ساڵی ١٣٣٢ لە تونس لەدایک بووە. پەیوەندی بەخزمەتکردنی [سوڵتان] ئەبولحەسەنی مەرینییەوە کرد لە مەراکیش، کە ساڵی ١٣٤٧ تونسی فەتح کرد. قایلی کرد بەزەرورەتی دەستهەڵگرتن لە قەڵای رندە (کە مەراکیشییەکان هێشتا داگیریان کردبوو) بۆ بەنی ئەحمەر، لەوێوە محەمەدی پێنجەم توانی پایتەختەکەی، واتە غەرناتە، بگێڕێتەوە. دەستبەجێ ئیبنو خەتیب خۆی گەیاندێ و ئەرکی وەزارەتی گرتە ئەستۆ و پاش ماوەیەکی کورت هەژموون و دەسەڵاتێکی بێسنووری پەیدا کرد. ساڵی ١٣٦١ ئیبن خەلدون پاش کوژرانی سوڵتان ئەبوسالم مەراکیشی بەجێهێشت و ڕووی کردە

غەرناتە. هەردوو زانای گەورە وەک دوو دۆستی گیانی بەگیانی لەو شارە بۆ ماوەی دوو ساڵ ژیان، بەڵام زۆری نەبرد کێبرکێ سەفای هاوڕێیەتییەکەیانی تەڵخ کرد. ئیبن خەلدون وەک بااڵیۆزی بەنی ئەحمەر لای بەترە Pedro ئەمیری قشتاڵە کاری کرد و بوو بەجێمتمانەی، تەنانەت بەترە بەڵێنی دا ئەگەر بێتە خزمەتی، تەواوی زەوییەکانی رابردووی بنەماڵەکەی لە ئەشبیلیە بۆ بگێڕێتەوە. بەڵام ئیبن خەلدون هێندە ژیر بوو ناپاکی لە کۆمەڵگەکەی نەکرد. کاتێک هەستی کرد ئیرەیی ئیبنول خەتیب زەق و بەهێز بووە، وای بەچاک زانی روو بکاتە ئەفریقیا و لەوێ بوو بە وەزیری ئەمیری بیجایە لە بەنی حەفس. لە هەمان کاتدا ئەستێرەی ئیبنول خەتیبیش رووی لە ئاوابوون کردبوو، چونکە وەک نەریتی باوی ئەو سەردەمە، هەژموونە بەرفراوانەکەی بۆ دەوڵەمەندبوون قۆستبووەوە، حەسوودی پێبەرانیشی دڵی سوڵتانیان لێ پڕ کردبوو. کاتێک ئیبنول خەتیب هەستی بە ساردبوونی سوڵتانەکەی لەگەڵی کرد، ساڵی ١٣٧١ بەبیانووی ئەنجامدانی گەشتێکی بەسەرکردنەوەی قەڵاکانی جەبەل تاریق، رایکرد تا خۆی لە بەڵایەک لابدات. لە مەراکێش [سوڵتان] عەبدولعەزیز ئەلمەرینی (١٣٦٦-١٣٧٢) پێشوازی لێکرد و بەخێری هێنا. ئیبنول خەتیب سۆزی سوڵتانی بەدەست هێنابوو، ئەویش بەوەی لەکاتی چوونە سەر تەختیدا بێڵایەنیی مامی و دژبەرانی چاو لە دەسەڵات بڕیوی دانیشتوی غەرناتەی بۆ مسۆگەر کرد. پاشان قازی بەپشتبەستن بەهەندێ لە نووسینەکانی تۆمەتی ئیلحادی دایە پاڵ و فتوای کوشتنی دەرکرد، بەڵام عەبدولعەزیز رازی نەبوو رادەستی دوژمنەکانی بکات. هەرچۆن بێت، ساڵێک بەسەر ئەوەدا تێنەپەڕی عەبدولعەزیز مرد و ئیبنول خەتیب پشت و پەنایەکی لەدەست دا.

لە گەرمەی ململانێی حەتمی لەسەر تەخت یەکێک لەوانەی خۆی بۆ وەرگرتنی دەسەڵات دانابوو، بەناوی ئەبولعەباس ئەلموستەنسیر، پاڵپشتیی ئەمیری غەرناتەی کڕی بەوەی بەڵێنی دایە وەزیری پێشووی رادەست بکات. پاشان قوتابی ئیبنول خەتیب و جێنشینەکەی لە وەزارەتدا محەمەد بن زومروک کە لە دنیای شیعردا ناسراوە، رووی کردە فارس بۆ بەدواداچوونی ئەو دەعوایەی لەسەریەتی، بەڵام ئیبنول خەتیب پێش لە دادگەییکردنەکە لە زیندانداوەک تۆڵەی شەخسی خنکێنرا. هەرچی رکابەرە کۆنەکەیەتی، واتە ئیبن خەلدون، لەو بەبەختتر بوو، چونکە -لە گەرمەی سیاسەتی بێبار و لەنێو ئەمیرانی مەغریبدا- توانی هەمیشە پۆستێکی گرنگی بەدەستەوە بمێنێت، ئەویش لەڕێی وازهێنان لەمە و لەوە و کشانەوە لەکاتی گونجاودا لە کەشتیی نوقمبووی سیاسەت. ساڵی ١٣٧٨ لە قەڵای ئەمیری عەرەب ئیبن سەلامە، لە وڵاتی بەنی توجین بەبێ ترس دەستی کرد بە دانانی مێژووە گشتییەکەی. تا پاش چوار ساڵ لەو کارە کتێبخانەکانی تونس کەمەندکێشیان کرد و چوو بۆ لایان، لەوێ خۆی بۆ نووسینی مێژووی بەربەر تەرخان

کرد. زۆری نەبرد لە تونس جێی لەق بوو، لەبەرئەوە رووی کردە میسر و بەنیاز بوو لەوێوە بچێت بۆ حەج. بەڵام لە قاهیرە مایەوە و سوڵتان بەرقوق [یەکەمین مەمالیکە چەرکەسییەکان] ئەرکی وانەوتنەوە و پاشان قەزاوەتی مالیکی پێ سپارد. لەو پۆستە بالایەدا توانی خۆی لە شەڕی سەرجەم پیلانەکان بپارێزێت. ساڵی ١٤٠١ لە سوپای مەمالیکدا چوو بۆ شەڕی مەغۆل بەسەرکردایەتیی تەیموور لەنگ، کە بووبوونە مەترسییەکی گەورە لەسەر ئیمپراتۆرییەتی مەمالیک. پاشان لەگەڵ تەیموور لەنگ دانوستانی کرد لەسەر مەرجەکانی خۆبەدەستەوەدانی دیمەشق. ساڵی ١٤٠٦ ئەجەل ئەم رۆحەی کوژاندەوە کە سەرباری لەمپەرە لەدوای یەکەکانی رۆژگار، بەخت پشتیوانی کردوە.

ئەم دوو وەزیرە رکابەرە کۆمەڵێک جیاوازیی زەقیان لەڕووی چالاکیی ئەدەبییەوە لەنێواندا هەبوو. ئیبنول خەتیب لەڕاستیدا لەوە تێناپەڕێت کە ئەدیبێک بوو لە ئەدیبە رۆشنبیرەکانی ئەو سەردەمە، کە خراپە و خاڵە لاوازە جۆراوجۆرەکانیان لەودا بەرجەستە بووە. رەنگە خوێنەرەکەی بەهەڵەدا نەچێت ئەگەر بڵێت بەڵای ئەوەوە شێواز (ئوسلوب) خەریکە بڵێین هەموو شت بوو. زێدە گرنگیدانی ئیبنول خەتیب بە رازاندنەوە تەنیا لە نامە نموونەییەکانیدا دەرنەکەوتوە، بەڵکو لە کتێبە مێژوویییە گەورەکانیشیدا رەنگی داوەتەوە، کە زۆرجار لەپێناو وشەسازیدا قوربانی بە دروستی و وردیی گێڕانەوە دەدات. بەڵای ئەوەوە قەرینەی مێژوویی شتێکی ئەوتۆ ناگەیەنێت. بۆ نموونە لە کتێبە گەورەکەیدا سەبارەت بە مێژووی غەرناتە (الاحاطة فی تاریخ غرناطة-وەرگێڕ) و کتێبە مێژوویییەکانیتری، گرنگیدانی بەهەواڵی هاوڕێ ئەدیبەکانی لە گرنگیدانی بە وێنەگرتنی ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا ژیاون زیاتر بوو. بەڵام ئیبن خەلدون ژیانە زۆر شلۆقەکەی بواری ئەوەی پێ نەداوە خۆی بۆ شێواز ساغ بکاتەوە و بەسواقدان و رازاندنەوەیەوە خەریک بێت، بەڵکو بایەخی بە چارەنووس و لەناوچوونی دەوڵەتان داوە. بێگومان کتێبەکەی لەبارەی مێژووی بەربەر لە ئەدەبی عەرەبیدا تاکانەیە، بەوەی هەوڵدانێکە بۆ وێنەگرتنی ژیانی تەواوی گەلێک لە سەرجەم دەرکەوتەکانیدا لەسەر بناغەی تێبینیی کەسی و لێکۆڵینەوەی پشتئەستوور بەسەرچاوە. بەڵام لەو ناوبانگەی هەیەتی بەتایبەت قەرزاری ئەو پێشەکییەیە لە سەرەتا مێژووە گشتییەکەیدا نووسیوێتی. لەکاتێکدا مێژووە گشتییەکەی لە ئاستی ئەو مێژووە بەرزتر نیە کە تەبەری داینـاوە، دەبینین ئیبن خەلدون لە پێشەکییەکەیدا -کە درێژ بووەتەوە و بووە بە کتێبێکی سەربەخۆ- هەوڵ دەدات هێڵە سەرەکییەکانی یەکەمین فەلسەفەی مێژوویی بکێشێت کە هەزری مرۆڤایەتی بەخۆیەوە دیبێت. دیارە شەریعەتی

ئیسلامی بەتەواوەتی بەسەر بۆچوونەکانی لەمەڕ دەوڵەت و کۆمەڵایەتیدا زاڵ دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ژمارەیەک سەرنج و ئەنجامگیریی وردی ئاوێتە کردوە کە لە قۆناغێکی پڕ کێشمەکێشی مێژوو دەریهێناون، کە بەشێک لەوانەی لەکاتێکدا دیوە کە لە پێگەی بەرپرسیارێتی و سەرۆکایەتیدا بووە، هەروەها لەنێو تەوژمی رووداوە رۆژانەکانیشدا لەگەڵ هەموویاندا ژیاوە. ئەو حوکمە دروست و هێمنانەی، سەبارەت بە رواڵەتەکانی زانستی ئیسلامی و شارستانێتی ئیسلامی لەو توێژینەوەیەدا دەریکردوون کە نەخشەیەکی رێکوپێکی بۆ کێشراوە و بەڕوونی خراوەتەڕوو، بەهیچ شێوەیەک بۆ هیچکام لە دانەرانی موسڵمان نەڕەخساوە[٩١].

ئیبن جوبەیر و ئیبن بەتووتە

دوو نووسەرێتری مەغریبی هەن دوو وێنەی رەنگاڵەیی دەوڵەمەندیان لەبارەی کەلتووری رۆژهەڵاتیی سەردەمەکەیان پێشکەش بە ئێمە کردوە، کە هیچ قۆناغێکێتری پێشتر ناتوانێت ئەوە بکات. یەکەمیان ئیبن جوبەیری ئەندەلوسییە کە ساڵی ١١٤٥ لە ڤالێنسیا لەدایک بووە و ساڵی ١١٨٣ بەدەریادا کەوتۆتە ڕێ بەمەبەستی حەجکردن، کە پێدەچێت بۆ شۆردنەوەی گوناهی مەی خواردنەوەکەی بووبێت، پاش ئەوەی ئەمیری غەرناتە [ئەبوسەعید بن عەبدولموئمین] ناچاری کرد بیخواتەوە، کە ئیبن جوبەیر نووسەری بوو و ئامادەی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی دەبوو و نەیدەتوانی خۆی لێ لابدات. گەشتە دەریاییەکەیشی لە دورگەی تەریف لە ئەسکەندەریە و پاشان لە رێگەی قاهیرە و دەریای سوورەوە بۆ مەککە بوو. تا کە لە حەجکردنەکەی بوویەوە گەڕایەوە بۆ عێراق، ئەنجا بۆ مووسڵ، ئەنجا حەلەب، پاشان دیمەشق و ئەنجا عەککا Acre، پاشان سواری دەریا بوو بۆ سەقڵییە Sicily. بەخت یاوەری بوو کاتێک رۆژهەڵاتی ناسی هێشتا لە سایەی سەلاحەدینا لە گەشەسەندن و ئاسایش بەهرەمەند بوو، ئەو دیمەنانەی بینیونی بەشێوازێکی لێهاتووانە تۆماری کردون، بەڵام هەرچۆن بێت، دوور بوو لە خەیاڵاتی پیشەگەران (المحترفین)، بەبێ ئەوەی رۆژێک پشت بکاتە رۆشنبیرییە فیقهییەکەی. بەهەمان گیانی بەجۆش وێنەی ئەو شارستانێتییە گەشاوەیەی کێشاوە کە لە سەردەمی غیلیامی پیاوچاکی نۆرماندی لە سەقڵییە هەبووە و جار دوای جار بەشەوقەوە جەخت لەوە دەکات

---

[٩١] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- N. Schmidt, Ibn Khadun, New York, 1930.
- H. A. R. Gibb in Bulletin of the School of Oriental Studies, Vol. 7, London, 1933, pp. 23-31.

هێشتا بەشێوەیەکی گشتی ئیسلامییە. ساڵی ١١٨٥ بەڕێگەی قەرتاجنە Cartagena گەیشتە غەرناتە. بەڵام دوای چوار ساڵ کەڵکەڵەی گەشت و گەڕان کەوتەوە سەری و جارێکیتر ڕووی کردەوە ڕۆژهەڵات و دوو ساڵی تێدا بەسەر برد. کاتێک گەیشتە تەمەنی حەفتا و سێ ساڵی سەرکێشی کرد و دواین گەشتی بۆ ڕۆژهەڵات ئەنجام دا، بەڵام بەر لەوەی بگاتە ئەسکەندەریە مەرگ یەخەی گرت.

دوای سەدەیەک و ساڵی ١٣٢٥ ئیبن بەتووتە، کە لە تەنجە Tangier لەدایک بووە، بەدەریادا بەمەبەستی حەجکردن ڕووی کردە مەککە، کە تەمەنی تەنیا بیست و یەک ساڵ بوو. ڕۆژهەڵات زیاتر لە گەڕیدەی پێشوو توانی دڵی ئەم گەڕیدە لاوە بۆ خۆی ڕابکێشێت، کە ئیبن بەتووتە یان ئەو کەسەی بەسەرهاتەکانی ئیبن بەتووتە دەگێڕێتەوە سوودێکی زۆری لە کتێبەکەی ئەو (رحلة ابن جبیر)، بینی سەبارەت بە وەسفی ئەو ناوچانەی هەردوو گەڕیدە سەردانیان کردوون، ئەویش بەپێی نەریتی باوی ئەدەبی عەرەبیی لەو زەمانەدا. گەشتەکانی ئیبن بەتووتە نزیکەی بیست و پێنج ساڵیان خایاند، (سەرەتا) بە هەرێمەکانی فارس و ئاسیای بچووک و نیمچە دورگەی قرم یاخود کریمیا Crimea دا گەڕا. لەوێوە یاوەریی شازادە خاتوونێکی یۆنانی کرد، کە ژنی سوڵتان ئۆزبەگ بوو، بۆ سەردانی باوک و دایکی لە قوستەنتینیە. لە ڤۆلگا (ڕووباری ئیتیل)ەوە لەرێی ئاسیای ناوەڕاستەوە ڕووی کردە هیند و بۆ ماوەی دوو ساڵ پۆستی قازی لە دەلهی (دەهلی) وەرگرت. هەوڵی دا یاوەریی نێردەیەکی سیاسی بکات بۆ چین، بەڵام دورگەکانی [زیبەتول مەهەل]ی تێنەپەڕاند، کە ساڵ و نیوێک لەوێ مایەوە و تێیدا بوو بە قازی. پاش ئەوەی لەکۆتاییدا توانی سەردانی هەردوو بەندەری چینی زەیتون (تسو-ئونج) و کانتون بکات، لە ڕێگەی سومەترەوە گەڕایەوە بۆ نیمچە دورگەی عەرەب، سەرەنجام لە کۆتایی پایزی ساڵی ١٣٤٩ گەیشتە فاس. پاش سێ ساڵ گەشتێکیتری بۆ ولاتانی زنجی دەست پێکرد و پاش ئەوە لە مەراکیش گیرسایەوە، لەوێ ڕووداوەکانی گەشتەکەی بۆ نووسەرێک گێڕایەوە و داڕشتنەوەی لەڕووی زمانەوانی و دەربڕینەوە بۆ ئەو بەجێهێشت.

لەڕاستیدا هیچ گەڕیدەیەک لە فراوانی خستنەڕووی بۆ جیهان شان لە شانی نادات جگە لە هاوسەردەمەکەی، مارکۆ پۆلۆ، ئەو گەڕیدە ڤێنیسیاییەی هەندێ لەو بەتەمەنتر بوو و ئامادەکردنی یاداشتەکانی لە قاڵبێکی ئەدەبیدا بە نووسەرێکی خۆی سپارد. هەرێەک لەم دوو بەرهەمە تەواوکەرێکی باشن بۆ یەکتر بۆ ناسینی ئاسیا، چونکە گەڕۆکە ڤێنیسیاییەکە توانیویەتی هەندێ ڕاستیمان لەبارەی ڕۆژهەڵاتی دوور پێشکەش بکات کە زۆر لەوانەی گەڕیدە مەراکیشییەکە هێناونی، ڕاستترن، لەکاتێکدا ئەمەی دوایی ئەو ناتەواوییەی بەو

زانیارییه جێمتمانانه پڕ کردۆتەوە که سەبارەت بە بارودۆخی ڕۆشنبیری و کەلتووریی ئەو جیهانەی وەسفی کردوە، هەیبوە. هیچکامیان جوگرافیناس نەبوون، بەڵام زانیارییە تۆپۆگرافییەکانی گەڕیدە موسڵمانەکە جێمتمانەتر و زیاتر شیاوی پشتپێبەستنن تا ئەوەی هاوڕێ مەسیحییەکەی. ئیبن بەتووتە ڕێگەی بەخۆی نەداوە بە وەرگرتن لە سەرچاوەی ئەدەبییەوە فریو بخوات، تەنیا لە وەسفکردنیدا نەبێت بۆ (سەرزەمینی تاریکییەکان)، لەبەرئەوەی لە باشووری ڕووسیا بیرۆکەی گەشتی دوور و درێژ و سەختی بۆ خاکی بولگار وەلانا، کە ئەوکاتە هێشتا لە قەراغی ڤۆڵگای سەروو دابەزیبوون.

حەمرا

هونەر و پیشەسازییەکان لە دەوڵەتی بەنی نەسردا تا دوا ڕۆژەکانیشی پارێزگارییان لە ئاستە بەرزەکەیان کردبوو و بوونە بناغەیەک بۆ سامان و دەوڵەمەندیی وڵات، لەوانە پیشەسازیی کانزاکان کە لە وردی و تیژ و تەواویدا گەیشتبووە ئاستێکی بەرز. هێندە بەسە بەڵگە بێت لەسەر ئەوە، کە دواین شوێنەواری تەلارسازیی ئیسلامی و کەشخەترینیان لە ئەندەلوس، واتە حەمرای غەرناتە (کۆشکی سوور)، لە سەردەمی ئەو دەوڵەتەدا دروست کراوە. ئەو چیایەی بەسەر شارەکەدا دەڕوانێت لە سەردەمی ئومەوییەکاندا قەڵایەکی تێدا بوو، بەڵام دروستکردنی کۆشکی حەمرای بەناوبانگ سەرەتا لە سەردەمی محەمەد [ی یەکەمی غالب لە بەنی نەسر]دا دروست کرا، پاش ئەویش وەچەکانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی چواردەیەمدا کێبرکێیان دەکرد لە بنیاتنانی بنکەی مولکەکەیاندا. بەکەمی نەبێت بەرد و خشت لە دروستکردنی حەمرادا بەکار نەهێنراوە، بەڵکو زۆربەی لە بەردێکی دەستکردی تایبەت و پێکهاتوو لە خۆڵ و کڵس و چەو دروست کراوە. تاق و گومەز و سەربانەکانی لەرێی سێر و پلێتی تەختەییەوە بەناسکی بەیەکەوە بەستراون. بەهۆی لاوازیی ماددەکانی بیناسازی و خۆنەگرتنیان بەدرێژایی ڕۆژگار، هیچمان لە نموونەکانی ئەم ڕێگە تەکنیکییە تایبەتە پێنەگەیشتوە کە بێگومان سەرەتا لە جەزیرە پەیدا بووە. شوورەیەکی بازنەیی دەوری گردی قەڵاکەی داوە کە بەلەکۆنی قایم و چەندین تاوەری بەسەرەوەیە کە لە دەستدرێژی دەیپارێزن. کۆشکەکە لەناو شوورەکەدا بەرز بووەتەوە و چەندین باخ و بێستانی پان و پۆر دەوریان داوە. دوو گۆڕەپان هەن لەو باخانەوە دەچنە ناوەوەی بیناکە. لە باشووردا گۆڕەپانی ڕەیحانە Court of the Myrtle دەبینرێت کە دەچێتە لای تاوەرە مەزنەکە و هۆڵی بالیۆزان لە باکوور. بەشی باشووری ڕۆژهەڵات لە گۆڕەپانی ڕەیحانەوە دەگاتەوە بە خانەی شێران، کە ڕاستەوخۆ دەتباتە هۆڵەکانی حوکم، کە لای ڕاستەوە دەتبات بۆ ماڵی ئیبن سەراج و لای چەپیشەوە بۆ هۆڵی

هەردوو خوشک. لەڕاستیدا گۆڕەپانی ڕەیحانە لەبەرئەوە بەو ناوەوە ناونراوە چونکە جامی ڕەیحانە دەوری بەشێکی بەتەواوی داوە. هەرچی ناوی خانەی شێرانە بۆ ئەو شێرانە دەگەڕێتەوە کە لە ناوەڕاستیاندا حەوزەکەیان هەڵگرتوە لەوێدا ڕێڕەوی ئاوەکان کە لە هەردوولاوە درێژ دەبنەوە، بەیەک دەگەن. ڕووکارەکانی خانەی شێران بەکۆمەڵێک وێنە ڕازاوەتەوە کە چەند دیمەنێکی سوارچاکی و ڕاوکردن پیشان دەدەن، ئەمە جگە لە چەند ئەمیرێک کە لەپاڵ یەکتردا لەسەر تەختێکی پان شانیان داداوە. زەوییەکە بە چوارگۆشەی لە مەڕمەڕی سپی دروستکراو فەرش کراوە. بەدرێژایی بەشەکانی خوارەوەی دیوارەکان چینێک لە پارچەی بچووکی سیرامیکی ڕەنگاوڕەنگ بڵاو دەبنەوە، کە بەرزییان نزیکەی چوار پێ دەبێت. هەرچی بەشەکانی سەرەوەی دیوارەکەیە بەگەچ ڕووپۆش کراون و پاسارێک بەسەریدا کشاوە کە پاڵی بە بنمیچەکەوە داوە، لە سەروو ئەوەوە بنمیچە شۆڕبووەوەکە دێت، کە هەندێ جار چەند نیوە دنگەیەکی بچووک دەبنە لەنگەڕی، (بنمیچەکە) لە چەند پارچە تەختەیەک پێکدێت کە بە چەند چینێک ڕیز کراون، لەگەڵ چەند خانەیەکی لە گەچ دروستکراو. لەسەر ڕایەڵگەلی چەند دیوارێکی دیار، چەند ستوونێکی مەڕمەڕی زۆر بەجوانی داڕێژراو هەن، کە تاجی هەمەجۆریان بەسەرەوەیە و سەربانەکە لەسەریان ئۆقرەی گرتوە و چەند تاقێکی تەختەیی بەگەچ سواقدراویان لەنێواندایە. شێوەی نیوە بازنەیی بەرز کە کەمێک لە نالّی ئەسپ دەچێت، شێوەی زاڵە بەسەر ئەو تاقانەدا. بەڵام ئەو تاقانە زۆرجار بەهۆی ئەو گەچەی پێی داپۆشراون لە شێوەی کەوانەی تێزدا دەردەکەوتن. لە دیوارەکاندا چەندین کونی قووڵ و قەبارە جیاواز دروست کراون، گەورەکانیان بەپشتی داپۆشرابوون کە شوێنی حەوانەوە بوون، هەرچی بچووکەکان بوون مەرکانەی ئاویان تێدا بوو. جۆرەها زەخرەفەی تێریش بە سەرجەم بەشەکانی کۆشکەکەوە، بەسەر دیوارەکان و بنمیچەکان و ستوونەکان و دااڵن و کونەکاندا، پڕاون. پارچە سیرامیکەکان بەشێوەی ئەندازەیی سەیر و هەمەڕەنگ داڕێژراون، هەروەها مەڕمەڕەکە بەشێوەی جۆراوجۆرار نەخش کراون، بەگەچەکەیش هەزاران هەزار هێڵی چەماوەی دیار وێنە کێشراون و وێنەی جۆراوجۆری وەک ئەستێرە و هەشت گۆشە و ڕووەکی جیاواز جیاواز دەنوێنن. هەموو ئەمانە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر نووسین کە بەدرێژیی پاسار (ئیفریز)ەکە درێژ بوونەتەوە و بەدەوری تاق و پەنجەرە و کونەکاندا سووڕاونەتەوە، یان لە شێوەی چەند میدالیایەک (طغرائات)ی هاوئاهەنگ دانراودا بەیەک گەیەنراون و بەهەمان شێوازی ڕازاندنەوەکانیتر مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، کە ئەمە زۆرجار بەڵای کەسانی نەشارەزاوە تەنیا وەک چەند هێڵێکی ئەندازەیی دێنە بەرچاو.

ئـەم نووسـینانه جیـاواز لـه نووسـینەکانیتری بیناکـه، بەهەنـدێ راسـتیی رۆشـنەوه رووبەڕووی بینـەر نابنـەوه، بـەڵام بەکۆمەڵـه بـەیتێک لـه شیعری خـەیاڵی، یـان وەسـفکردنی لەسـەرخۆ کـه شیعری ئەندەلوسی پێ دەناسرێت، دەیدوێنن. ئـەو کاریگەرییـەی جوانیی ئـەو کۆشکه لـه دەروونـدا بـەجێی دەهێڵێت دەگاتـه رادەی سـیحر، کاتێک ئەو هەمـوو وێنەیه کـه بـەزەوقێکی جـوان نەخشـێنراون، لەبـەردەم بینـەردا نمایـان دەبـن. جـوانترین و نایـابترین رەنگەکان سەخاوەتمەندانه و بەزیادەڕەوییەکی سەیر لـه ژووروەکانی کۆشکەکەدا دراون. لـه بەشەکانی سەرەوەی کۆشکەکەدا رەنگه سوورە قرمزییەکان و رەنگه ئاڵتوونی و شینەکان زاڵن، ئەویش لەبەر کاریگەریی گـەورەیان لـەسـەر چـاو و دەروون، لەکاتێکدا لـه بەشـەکانی خوارەوەیـدا رەنگـەکانی وەنەوشـەیی و ئەرخـەوانی پرتـەقاڵی زاڵـن. بەگـوێرەی ئەو ئاسەوارەی ماوە، تەنانەت چوارگۆشه مەڕمەڕییه سپیەکانی زەوییەکەیش رەنگ کراون[٩٢].

کەوتنی بەنی ئەحمەر و دەرکردنی موسڵمانان لە ئیسپانیا

سـاڵی ١٤٧٩ ئیزابێڵی کاسـۆلیکی پـاش ئـەوەی لەئـەنجامی شـووکردنی بـه فەردیناندی دووەم هـەردوو مەملەکەتی قشـتاله و ئـەرغون یـەکیان گرت، بڕیـاری دا بەیـەکجاری بـەنی ئەحمـەر لـەناو ببـات و سـەرجەم موسـڵمانان لـه خـاکی ئەنـدەلوس دەربکـات. نـاکۆکیی بەردەوام که ئەم بنەماڵه ئیسلامییەی پەرتەوازه کرد یارمەتیی ئیزابیلی دا بۆ جێبـەجێکردنی بڕیارەکـەی. ئـەوه بـوو ئەبولحەسـەن [عـەلی] دواین ئـەمیری غەرناتـه، هـەردوو کوڕەکـەی بەناوی ئەبو عەبدوڵا محەمەد[٩٣] [ئەبولحەجاج] یوسف لێی یاخی بـوون. لـەو ململانێیـەدا کـه لەکۆتاییدا ئەبو عەبدوڵا تـوانی غەرناتـه داگیر بکات، فەردیناند مێردی ئیزابیل زیرەکانـه و لێزانانه دەستی وەردا. دوای ئەوەی چەند شارێکی بچـووکی لەدەسـتی عـەرەب دەرهێنا کـه هەندێ جار دلێرانه بەرگرییان لێ دەکردن، غەرناتـه لـەئاکامی گەمارۆیـەکی درێژخایەندا لـه ٢ی کانوونی دووەمی سـاڵی ١٤٩٢ خۆی بەدەستەوه دا، ئـەبو عەبدوڵا سـەرەتا نـاوچەیەکی بچووکی درایه کـه ماوەیەک تێیدا مایەوه، بەڵام زۆری نـەبرد بـەجێی هێشت و چـووه فـاس Fez و لـەوێ دوایـن رۆژەکـانی تەمـەنی بەسـەر بـرد. پاشـان دیـوانی پشـکنین بـاقی ئـەو موسڵمانانەی لە ئیسپانیا مابوونەوه بەزۆر ناچار کرد ببنه مەسیحی، بـەبێ گوێدانـه ئـەوەی لـه مەرجـەکانی خۆبەدەسـتەوەدانداً بـاس کرابـوو. بـەڵام بەشێکی زۆریـان رووییـان کـردە مـەراکیش و لەسـەر دەسـتی ئەوان شارسـتانێتییەکەی گەشـایەوه و روناکییەکـەی لـه هەرێمەکانی باشووردا بڵاو بوویەوه.

---

[٩٢] دانەر ئەم وەسفەی لە Van Schack وەرگرتوه.

[٩٣] ئیسپانەکان پێی دەڵێن Boabdil.

رۆژهەلاتی نزیك لە سەردەمی خاچپەرستان و دروستبوونی دەوڵەتی مەمالیك لە میسر

پاش مردنی سوڵتان محەمەد میژووی رۆژهەلاتمان بەجێهێشت، کە ئیمپراتۆرییەتی سەلجووقییەکان هەرەسی هێنا. لەڕاستیدا پێش لەوە هێزێکی نوێ لە سووریا سەری هەڵدابوو، کە رکابەری ئەمیرە تورکەکان و ئەتابەکییەکانی دەکرد لە دابەشکردنی زەوییەکانی پێشووی خیلافەت، ئەوانیش خاچپەرستەکان بوون. ئێرە شوێنی قسەکردن نیە لەبارەی گرنگیی جەنگەکانی خاچپەرستی بۆ ئەوروپا، بەڵام بەڵای جیهانی ئیسلامییەوە سواره مەسیحییەکان تەنیا رکابەرانی بێزارکەری تورکەکان بوون کە لەسەر دەسەڵات لە سووریا ململانێیان لەگەڵ دەکردن، بەڵام هێرشی بەردەوامیان بۆ سەر بەیتولمەقدیس کە موسڵمانەکانیش بەخاکێکی پیرۆزی دادەنێن، مۆرکێکی نامۆی لە دەمارگیریی ئایینی بەخەباتکردن دژیان بەخشی، لانیکەم لە سایەی سەلاحەدیندا. بەڵگەیش بەپلەی یەکەم ئەو دانراوە میللییانەی ئەو ماوەیەن کە باسی جەنگەکانی پێغەمبەر و هاوەڵانیان دەگێڕایەوە، بەمەبەستی تاودانی گیانی جیهاد و قوربانیدان لە دڵی جەنگاوەرانی ئیسلامدا.

خاچپەرستان لە سووریا

کاتێک بەرەتای خاچپەرستان لە سووریا بەسەرکردایەتیی گۆدفری دی بوێون و ژمارەیەک لە سەرکردە فەرەنسی و نۆرماندییەکان سەریان هەڵ دا، وڵات لەنێو ژمارەیەک ئەمیری سەلجووقیی ناکۆک و تێکبەربوودا دابەش بووبوو، لەبەرئەوە کەسیان نەکەوتنە خۆیان بۆ بەهاناوەچوونی ئەو ئەمیرەی قەدەری وابوو یەکەم کەس بێت زەبرەکەی بەر بکەوێت، ئەویش یاغی سیان Yaghi Siyan ئەمیری ئەنتاکییە Antioch بوو. لە ٣ی حوزەیران/یۆنیۆی ١٠٩٨ دوای گەمارۆیەکی درێژخایەن، ئەم شارە، ئەگەرچی بەشوورەیەکی بەهێز کە بەدرێژایی گردەکانی دەوروبەری درێژ بووبووەوە، بەباشی پارێزرابوو، سەرەنجام بەهۆی ناپاکییەوە کەوتە دەست سواره هێرشبەرەکان. قودسیش لە هەمان کاتدا گوێزرابوویەوە بۆ قەڵەمرەوی میسرییەکان، بەڵام ئەوانیش زۆری نەبرد ناچار بوون لە ١٥ی تەممووزی ساڵی ١٠٩٩ بەبێ بەرەنگارییەکی جددی دەست لە شارەکە هەڵبگرن. خاچپەرستان لە ئەنتاکییەوە دەستیان بەسەر باکووری سووریادا گرت. بەغدوینی یەکەم[٩٤] پێش لەوە ساڵی ١٠٩٨ میرنشینێکی لە رەها دامەزراندبوو. کاتێک گۆدفری دی بوێون ساڵی ١١٠٠ مرد کە بە پاشای قودس هەڵبژێردرابوو، پاش ئەو

[94] Baldwin I.

بەغدوینی یەکەم چووە سەر تەخت. بەم شێوەیە ساڵی ١١٠١ کۆنت ریمۆند دی تولوز راسپێردرا تەرابلوسی شام فەتح بکات، تا ببێتە بنکەی میرنشینێکی نوێ، بەڵام ئەو شارە کە بەسەر دەشتە بەپیتەکاندا دەڕوانێت، لەبەردەم مەسیحییەکاندا چۆکی دانەدا تا پاش گەمارۆیەکی هەشت ساڵی، کە لەو ماوەیەدا ریمۆند ساڵی ١١٠٥ لەو قەڵایەدا مرد کە بۆ تەوقکردنی شارەکە لەسەر چیای بەرانبەر چیای سەنجیل دروست کرا. پاشان خاچپەرستان بۆ ماوەی سەد ساڵ تەرابلوسیان بەدەستەوە مایەوە.

بنەماڵەی زەنگی لە مووسڵ و دیمەشق

لە چارەکی دووەمی سەدەی دوازدەیەمدا، ئیسلام کە ململانێی سەلجووقییەکان لەسەر سەروەری لە سووریا بڕستی لەبەر بڕیبوو، بەسەرهەڵدانی بنەماڵەیەک شکۆی پەیدا کرد، کە زانی چۆن ڕێگە بەرەو لوتکە ببڕێت و چۆن چۆنی هێزی سەرجەم موسڵمانان لانیکەم بۆ ماوەیەکی کورت لە شەڕێکی قورس دژ بە مەسیحییەکاندا کۆبکاتەوە. مووسڵ لە ساڵی ١١٢٧-ەوە کەوتبوە ژێر دەستی عیمادەدینی زەنگیی تورکی، کە سەرەتا ئەتابەکی، واتە پەروەدەکاری هەردوو ئەمیری سەلجووقی ئەلپ ئەرسەلان و فەرەخشا بوو. عیمادەدین سەربازێکی دلێر و سیاسییەکی زرنگ بوو. لەسەروو ئەوانەوە ئیدارییەکی نایابیش بوو. بە کۆبوونەوەی ئەم سیفەتانە تێیدا توانی وردە وردە ڕووبەری دەسەڵاتەکەی فراوان بکات. تا کاتێک ساڵی ١١٤٦ مرد ئەو ڕووبەرە نزیکەی تەواوی جەزیرەی فوراتی تا باکوور دەگرتەوە، کە ئەرتوقییەکان هێشتا ماردین و بەشێکی گەورەی سووریایان بەدەستەو مابوو. عیمادەدین لەگەڵ خەڵکەکەی ژێر دەستی نەرم و نیان و لەخەمی بەرژەوەندییاندا بوو، تەنانەت دانیشتوان زیاد لە جارێک داوایان لێکرد بەسەر جەللادەکانی پێشوویاندا سەریان بخات. لە سەردەمی ئەودا دادپەروەری باڵی کێشا و خەڵک لە سەر و ماڵیان دڵنیا بوون، پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر بوو خەڵک لە ئاسایش و متمانە بێوەری بوون. کاتێک ئەو چووە سەر تەخت دەوروبەری مزگەوتی شارەکە چۆڵەوانییەکی کاکی بەکاکی بوو، بەڵام کە مرد مەیدانێکی پڕ لە بینای ئاوەدان بوو. دیارە مەزنترین سەروەرییەکانی و دواینیان، دەرهێنانی ڕەها Edessa بوو لە دەستی فرنجەکان لە ساڵی ١١٤٤ کە ماوەی نزیکەی نیو سەدە دەستیان بەسەردا گرتبوو. لە گەرمەی ئەو سەرکەوتنەدا عیمادەدین هەستی بەمەترسیی پیلانێک کرد لەسەر دەوڵەتەکەی، کە قارەمانەکەی دەستپەروەردەی خۆی ئەلپ ئەرسەلانی سەلجووقی بوو. تا کاتێک بەبێ زەحمەتی فیتنەکەی لەناو برد، لە ١٥ی ئەیلوولی ساڵی ١١٤٦ [بەدەستی کۆمەڵێک لە مەواڵییەکانی] کوژرا لەوکاتەی گەمارۆی قەڵای جەعبەری دابوو لە بەری چەپی فوراتی ناوەڕاست، کە لە دەستی دەوڵەتی عوقەیلیدا بوو.

دوو گەورەترین کوپڕەکانی عیمادەدین مەملەکەتەکەیان لەنێو خۆیاندا بەش کرد. پارێزگاریکردن لە یەکێتیی ئەو مەملەکەتە لەبەردەم ئەو دوژمنانەی لەبۆسەدا بوون بۆی، کارێکی سەخت بوو. کوڕە گەورەکەی، سەیفەدینی غازی دەستی بەسەر مووسڵ و جەزیرەدا گرت تا خاپوور و نازناوی ئەتابەکی بەخۆیەوە هێشتەوە. کورە بچووکەکەیشی، نوورەدین مەحموود دەستی بەسەر سووریادا گرت و حەلەبی کردە بنکەی دەسەڵاتەکەی. نوورەدین تا رادەیەکی زۆر سیفەتەکانی حاکمی چاکی لە باوکییەوە بەمیرات وەرگرتبوو. لەکاتێکدا زۆربەی رەهای ئەو حاکمانەی کاروباری موسڵمانانیان کەوتۆتە دەست، بەدرێژایی چەندین نەوە، مەملەکەتەکانیان وەک قەیاغەی بەرفراوان بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان دەقۆستەوە، ئەو یەکەم کەس بوو هەستی دەکرد لەبەردەم خوادا لە خۆشگوزەرانیی خەڵکەکەی بەرپرسیارە. لەبەرئەوە داهاتی زۆر و زەبەندەی دەوڵەتی، کە لەڕێی بەڕێوەبردنی زیرەکانەوە بەدەست هێنابوو و باری سەرشانی رەعیەتەکەی قورس نەکردبوو، تەنها بۆ قایمکردنی وڵاتەکەی و بەهێزکردنی پێگەی جەنگی لە دنیایەکی پڕ لە دوژمنـدا خەرج نەکرد -کە خەرجێکی زەبەلاحی دەویست- بەڵکو بەپلەی یەکەم لە کاروبارە کەلتوورییەکان و مزگەوت و تەکیەی دەروێشان و کاروانسەرای رێبواران و نەخۆشخانە و خانەکانی زانستدا خەرج دەکرد. لە دیمەشق خانەی حەدیسی دامەزراند کە دێرینترین قوتابخانەی ئەو زانستەیە، لەگەڵ بیمارستان (نەخۆشخانە) کە بەناوی خۆیەوەیە، کە زۆری نەبرد گەشەی کرد و پەرەی سەند بۆ فیرگەیەکی پزیشکیی پێشکەوتوو. نوورەدین لەو قوتابخانەیەدا بەخاک سپێردرا کە بەناوی خۆیەوەیە.

ئامانجی سیاسەتی دەرەکیی نوورەدین پێش هەر شتێک وەدەرنانی فرەنجەکان بوو. کۆنت جوسلینی دووەم[95] راستەوخۆ پاش مردنی عیمادەدین بەیارمەتیی دانیشتوانە مەسیحییەکان کە زۆربەیان ئەرمەن بوون، رەهای گرتەوە. نوورەدینیش لە هەڵمەتێکی تەمێکردنی تۆقێنەردا تۆڵەی لە ناپاکان کردەوە کە تێیدا نزیکەی سەرجەم مەسیحییەکان کوژران. هەرچۆن بێت، کەوتنی رەها بیرۆکەی جەنگی خاچپەرستی سەرلەنوێ لە ئەوروپا زیندوو کردەوە. پاپا ئوجانیوسی سێیەم[96] مزگێنیدەر و هەست جۆشدەری زمانپاراوی بۆ شەڕ دژی موسڵمانان لە کەسی قەشە بێرناردا[97] دۆزییەوە، بەشێوەیەک لویسی حەوتەمی پاشای فەرەنسا و کونرادی سێیەم [پاشای ئەڵمان] سالی ١١٤٦ بەدەم بانگەوازەکەیەوە هاتن، بەڵام سوپاکانیان تەنانەت لە پێشرەویکردنیان بۆ مەجەریش بەهۆی برسێتی و نەخۆشییەوە تووشی زیانی کەمەرشکێن هاتن، کە تەفروتونایان کردن و تەنیا هەندێ

[95] Joscelin II.
[96] Eugene III.
[97] St. Bernard de Clairvaux

پاشماوەی لاواز و شەکەتیان گەیشتنە زەویی پیرۆز. لەگەل ئەوەیشدا خاچپەرستان لەوێوە عەزمیان جەزم کرد هێرشێکی نوێ بکەنە سەر موسڵمانان و یەکەم شت چاویان لەسەر دیمەشق بوو. ئەوکاتە مەملوکێک (واتە کۆیلەیەک) حوکمی دیمەشقی دەکرد بەناوی موعینودین ئەنەر، سەر بە موجبیرەدین ئابەق ئەلبووری، کە رەچەڵەکی دەگاتەوە بەیەکێک لە ئەتابەکە سەلجووقییەکان. کاتێک سوپا خاچپەرستەکان لەبەردەم دەروازەکانی شاردا دەرکەوتن مەملوکەکەی هانای بردە بەر نوورەدین، بەڵام فەرەنجەکان ناچار بوون پێش لە گەیشتنی سوپاکانی بە دیمەشق گەمارۆکە هەڵبگرن. ئەو ناکۆکییەی کەوتە نێو ریزەکانی خاچپەرستان زۆری نەبرد دەرفەتی بۆ نوورەدین رەخساند هێرش بکات. ئەوە بوو کۆنتی تەرابلوس ریمۆند هەستی کرد لەلایەن قەڵای عەریمەوە کە لەدەستی کۆنت برتراند دی تولوزدا[98] بوو لەژێر هەڕەشەدایە، لەبەرئەوە دژی ئەو داوای کۆمەکی لە نوورەدین و موعینەدین کرد، ئەوانیش بەپەلە بەهانایەوە چوون و سوپاکانیان کەوتنە کوتانی قەڵای عەریمە و ریمۆند بەدیلی برا بۆ حەلەب. چەند ساڵێک تێپەڕی کە جگە لە هەندێ پێکدادانی لاوەکی شەڕێکی ئەوتۆ لەنێوان موسڵمانان و فرەنجەدا رووی نەدا. لەم کاتەدا نوورەدین بۆی دەرکەوت ئاستەمە چیتر متمانە بە موجیرەدین بکات کە زیاتر لە گەورەبوونی دەسەڵاتی نوورەدین دەترسا تا لە فرەنجە، پاش ئەوەی پارچە پارچە بوون و میرنشینە بچووکەکانیان کەوتنە وێزەی یەکتر. لەبەرئەوە نوورەدین لە نیسانی ساڵی ١١٥٤سنووورێکی بۆ دەسەڵاتی ئەو موجیرەدینە دانا و سەرەتا حمسی لەدەست دەرهێنا، پاشان بەشارۆچکەیەکی بچووکتر بەناوی بالیس [قەرەبووی بۆ کردەوە]، تا ساڵی ١١٥٨ خەریک بوو ئەو پێکدادانە بچووکانە کە بەپلەی یەکەم لەسەر دەستگرتن بەسەر قەڵای حاریم لەنێوان ئەنتاکیە و حەلەبدا بوو، بۆ یەکەم جار بەشێوەیەکی ترسناک بگۆڕێت، ئەویش کاتێک ئیمپراتۆری بیزنتە مانوێلی یەکەم (کۆمنینوس) چوو بۆ سووریا تا تۆڵە لە رینۆلد ئەمیری ئەنتاکیە بکاتەوە کە جەسارەتی کردبوو هێرش بکاتە سەر قوبرس Cyprus. بەغدیونی سێیەم لەوپەری هاوپەیمانیدا بوو لەگەڵ ئیمپراتۆر دژی نوورەدین، بەڵام نوورەدین زانی چۆن پلانەکە لە بەغدوین تێکبدات، ئەویش لەڕێی لێک تێگەیشتن لەگەڵ بیزەنتییەکان کە خەمی یەکەمیان ئەوە بوو سنووری مەملەکەتەکەیان بپارێزن، هەروەها بێوەییان بەلاوە باشتر بوو لە خۆگلاندن لە سەرکێشیی نوێ.

---

[98] Bertrand de Toulouse

دەوڵەتی ئەیوبی

هۆزێکی کورد لەخزمەتی عیمادەدین و نوورەدینی کوڕیدا کاری دەکرد، قەدەری وابوو پاشتر بەڕادەیەک بەهێز ببێت، هەژموونی تورکی لە رۆژهەڵاتی نزیکدا لەناو ببات. بەم شێوەیە: شادیی کوردی دوو کوڕی هەبوو، ژیانی سیاسییان لە عێراق دەست پێکرد. ئەیوب، کوڕە گەورەکەی، حاکمی شاری تکریت بوو لەلایەن خەلیفەی عەباسییەوە، بەشداریکردنی شیرکۆی برای لە رووداوێکی کوشتندا خێزانەکەی ناچار کرد بار بکەن. شێرکۆ پەیوەندی کرد بە عیمادەدینی زەنگییەوە، ئەیوبیش پەیوەندی کرد بە[موجیرەدین ئابق بن مەحەمەد] ئەلبووری ئەمیری دیمەشقەوە. کاتێک نوورەدین هێرشی کردە سەر دیمەشق ئەیوب سەرۆکی لەشکرگەکەی بوو، لەکاتێکدا شێرکۆ سەرکردایەتیی هێزە گەمارۆدەرەکانی دەکرد. هەرچۆن بێت هەردوو برا بەشێوەیەکی دۆستانە کۆبوونەوە. پاشان نوورەدین، ئەیوبی بەحاکمی دیمەشق دامەزراند و حمسیشی دا بە شێرکۆ، کە نەوەکانی بۆ ماوەی سەدەیەک حوکمیان کرد. هەرچی شێرکۆ خۆیەتی قەدەری وابوو لە مەیدانێکی فراوانتر و بەرینتردا دەربکەوێت.

میسر لەم کاتەدا لە تاریکایی پاشاگەردانی و پشێویدا گینگڵی دەخوارد. کاتێک ئەلعازید [لدین اللە] دواین خەلیفەی فاتیمی چووە سەر تەخت سالّی ١١٦٠، وەزیر تەلایع بن روززەیک کوژرا، کە توانیبووی بۆ ماوەیەکی کورت ئاشتی لە ولاتدا بەرقەرار بکات پاش ئەوەی ئاشوبە سەربازییەکان شپرزەیان کردبوو. لەکاتێکدا خەلیفە خۆی لە هەر ئامرازێکی دەسەلات بێبەش کرابوو، ململانێ لەنێوان روززەیکی کوڕ و هەم جێگرەوەی وەزیرە کوژراوەکە لە وەزارەت و شاوەردا بەرپا بوو، کە ئەمەی دوایی پێشتر تەلایع کردبووی بەحاکمی میسری سەروو و (کووس) Qusی کردبوو بە بنکەی فەرمانڕەواییەکەی، ئەویش چونکە وەزیری نوێ دەیویست حاکمە بەتەماحەکە لابدات، بەوهۆیەوە شەڕ لەنێوانیاندا هەڵگیرسا کە تێیدا شاوەر سەرکەوت (کانوونی دووەمی سالّی ١١٦٣). بەلام کوڕەکانی شاوەر زۆری نەبرد ئەو دەسەلاتەی باوکیان زۆر بەخراپی بەکار هێنا، بەوهۆیەوە یەکێک لە فەرماندەکانی بەناوی زیرغام لە ئابی هەمان سال بە ڕێکەوتن لەگەڵ خەلیفەدا لێی یاخی بوو. شاوەر ناچار بوو بەبێ بەرەنگاری مەیدانەکەی بۆ چۆڵ بکات تا بچێت کۆمەکی لە نوورەدین بخوازێت لە دیمەشق. نوورەدینیش ئەو ئەرکەی بە شێرکۆ حاکمی حمس سپارد. لە ئایاری سالّی ١١٦٤ سوپا سووری (شامی)یە قالّبووەکانی شەڕ جاشە فاتیمییەکانیان شکاند و شاوەریان گێڕایەوە بۆ پۆستەکەی لە قاهیرە. بەلام زۆری پێنەچوو ناکۆکی لەنێوان شێرکۆ و شاوەردا سەری هەڵدا. شاوەریش سڵی نەکردەوە لە هەڵنانی پاشا ئەمەلریک ئەمیری قودس Jerusalim دژی ئەو پیاوەی رۆژێک لە رۆژان بەهانایەوە هات. فرەنجە شێرکۆیان لە بولبەیس گەمارۆ دا بەلام پاشتر ئازادیی کشانەوەیان بۆ

سووریا دایە پاش ئەوەی هەستیان کرد لە باکوور مەترسی کەوتنی قەڵای حارمیان لەسەرە لەسەر دەستی نووردین. دوای سێ ساڵ شێرکۆ رووی کردەوە میسر، بەڵام ئەم جارەیشیان ناچار بوو پاشەکشە بکات پاش ئەوەی سەرکەوتنێکی سەرەتایی باشی بەدەست هێنا، ئەویش بەهۆی ئەوەی شاوەر و هاوپەیمانە فرەنجەکانی گەمارۆی سەڵاحەدین کورێ ئەیوبی برازایان دا لە ئەسکەندەریە و شارەکە نەیتوانی خۆی رابگرێت. سەرەنجام دەبوو میسر باجی ئەم یارمەتییەی فرەنجە بەقورسی بدات. ئەوە بوو فرەنجە جگە لە داواکردنی سەرانەیەکی زۆر، داوایان کرد لەشکرگە (حامیة)یەکیان لە میسر بمێنێتەوە، هەروەها لە قاهیرە کۆمسیارێکی باڵایان هەبێت. ئەم داواکارییانە بوونە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانێک لەنێوان ئەو لایەنە هاوپەیمانانەدا، سەرەنجام فرەنجە شاوەریان لە قاهیرە گەمارۆ دا. لەم کاتەدا خەلیفە ئەلعازید ناچار بوو داوای بەهاناوەهاتن لە نوورەدین بکات، ئەویش بۆ جاری سێیەم شێرکۆی ناردەوە بۆ میسر، ئەگەرچی شاوەر لەو کاتەدا توانیبوی فرەنجە ناچار بە کشانەوە بکات و ئاگری لە فوستات بەردا پاش ئەوەی نەیتوانی پارێزگاری لێ بکات. کاتێک ویستی بۆ دووەم جار پابەندییەکانی بەرانبەر سوورییەکان هەڵبوەشێنێتەوە، سەڵاحەدین و ژمارەیەک لە فەرماندەکانی سوپا بانگیان کرد بۆ دانوستان لای مەزارگەی ئیمامی شافیعی و لەوێ لە ١٨ی کانونی دووەمی ساڵی ١١٦٩ هێرشیان کردە سەری و کوشتیان. پاشان عازید داوای کرد شێرکۆ ببێتە وەزیر، ئەویش دوو مانگ بوو بە وەزیری کە پاش تەواوکردنی ئەو دوو مانگە مرد و سەڵاحەدین لە پۆستەکەدا جێگەی گرتەوە و نازناوی (ئەلمەلیک ئەلناصر)ی درایە، لەکاتێکدا نوورەدین وەک فەرماندەی سوپا سووریەکان جێگیری کرد.

سەڵاحەدین خیلافەتی فاتیمی لەناو دەبات

سەڵاحەدین بە عەزیمەتی نەلەخشاو و بەهرە دیپلۆماسییە دەگمەنەکانی، توانی لە جەرگەی ئەو دۆخە شلۆق و هەستیارەوە بۆ پێگەیەکی وا بەرز و بەهێز هەڵبزنێت، کە لە سەردەمێکی زووەوە هیچ یەکێک لە ئەمیرانی ئیسلام پێی نەگەیشتبوو. دەبوو سەرەتا لە توخمە زنجییەکانی ناو سوپای فاتیمییەکان خۆی رزگار بکات کە متمانەی بە دڵسۆزییان نەبوو. دەستبەجێ فرەنجە دەرکیان کرد چ مەترسییەک هەڕەشەیان لێدەکات ئەگەر لە میسر سوڵتانێکی بەهێز دەسەڵات بگرێتە دەست، لەبەرئەوە داوای کۆمەکییان لە ئەوروپا کرد. کەشتیگەلێکی بیزەنتی و سوپایەک لە باشووری ئیتاڵیاوە زۆری نەبرد لەبەردەم کەناری دمیاتدا پەیدا بوون. سەڵاحەدینیش داوای کۆمەکی لە نوورەدین کرد، ئەویش هێزی نوێی بەسەرۆکایەتیی ئەیوبی باوکی بۆ نارد. کاتێک گەمارۆی دمیات درێژەی کێشا و بیزەنتییەکان زۆر بەزەحمەت نەبێت پێویستییە زەروورییەکانیان دەست نەدەکەوت،

ئەمرلەک قەناعەتی هێنا بە گەرانەوە لەبەرانبەر پێدانی بڕێک پارە. وادیارە سەلاحەدین هەرگیز پێوستی بە ئاماژەی نورەدین نەبوو تا دواین خەلیفەی فاتیمییەکان لە دەسەلات دابماڵێت. هەرچۆن بێت، سەلاحەدین ساڵی ١١٧٢ خوتبەدان بەناوی خەلیفەی فاتیمی راگرت و لەوکاتەوە خوتبەی بۆ خەلیفەی عەباسی لە بەغدا دەدا. پاش ماوەیەک عازید مرد. ئەگەرچی سەلاحەدین هێزی بەکار نەهێنا بۆ خەفەکردنی هەژموونی شیعی، بەڵام شیعە بەڕووخانی دەوڵەتی فاتیمی پاڵپشتە سروشتییەکەیان لەدەست دا و لە ماوەیەکی کورتدا سوننە دەستی بەسەر میسردا گرتەوە.

شتێکی سروشتییە نوورەدین گومانی بکەوێتە دڵ لە راستیی لایەندیی سەلاحەدین بۆی پاش ئەوەی بینی هێز و دەسەلاتی بەو شێوەیە گەورە و فراوان بوو. هەر هێندەی فرەنجە لە میسر کشانەوە سەلاحەدین چاوی بڕییە فەتحکردنی فەلەستین بەمەبەستی بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە میسر هاوشێوەی ئەو هێزانەی بەدرێژایی مێژوو حوکمی ولاتی نیلیان کردوە و بەئەرکی خۆیان زانیوە دەست بەسەر ئەو ناوچەیەی رۆژهەلاتدا بگرن. ساڵی ١١٧٢ بەندەری ئەیلەی لەسەر دەریای سوور وەک بنکەیەک بۆ ئەم کارانەی فەتحکردن داگیر کرد. تا کاتێک نوورەدین ویستی پێکانی لە باشووری فەلەستین بچەسپێنێت و داوای لێکرد سەربازی بۆ بنێرێت بۆ فەتحکردنی هەردوو قەلای کەرەک و شەوبەکی خاچپەرستان لە رۆژهەلاتی رووباری ئوردن، پاساوی هێنایەوە بەوەی شلۆقیی بارودۆخ لە میسر یارمەتیدەر نییە بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە. نوورەدینیش دەستی کرد بە کۆکردنەوەی سوپا بەمەبەستی تەنێکردنی ئەو شوێنکەوتەیەی بەهانایەوە نەهات، بەڵام پاش ئەوەی سەلاحەدین لە نامەیەکدا خزمەتکاریی خۆی بۆ دەربڕی، لێی خۆش بوو. کاتێک سەلاحەدین بە کوژاندنەوەی ئاگری شۆڕشێکی نوێ کە ساڵی ١١٧٢ لە میسر هەڵگیرسابوو، سەرقاڵ بوو، نوورەدین ویستی هێرشی بکاتە سەر، بەڵام مەرگ دەرفەتی نەدا و لە ١٥ی ئایاری هەمان ساڵ لە دیمەشق مرد.

لەگەڵ ئەوەی ئیسماعیلی کوڕی هێشتا تەمەنی یازدە ساڵ بوو، سەرەتا بەبێ بەرهەڵستی وەک پاشا بەیعەتی درایە و نازناوی (ئەلمەلیک ئەلسالح)ی بەخۆی دا. سەلاحەدین خۆیشی یەکێک بوو لەوانەی بەیعەتی بەو ئیسماعیلە دا و دانی پێدا نا. بەڵام سەیفەدینی غازیی ئامۆزای ئەمیری مووسڵ، کە پێشتر بەسوپاکانیەوە هاتبووە ناوچەکانی سەر بە نوورەدین بەمەبەستی هاوکاریکردنی لە شەڕی میسردا، لە داگیرکردنی ئەو شارانەی جەزیرە بەردەوام بوو کە هاتبووە ناویان. کاتێک سەرپەرستەکانی ئیسماعیل لە هەمان کاتدا خۆیان لەبەردەم مەترسیی فرەنجەدا دەبینی، رازی بوون بە دەستهەڵگرتن لەو زەوییانەی سەیفەدین داگیری کردبوون و لەگەڵ پاشای گەنج پاشەکشەیان کرد بۆ حەلەب، کە خوازیار بوون لە شوێنێکی باشتردا بن بۆ بەرگری لێکردنی.

هەرچۆن بێت، پێگەی سەلاحەدین لە میسر لەبەردەم مەترسیدا بوو تا لەگەڵ سووریا یەکنەگرێت، بەتایبەت بەهۆی نزیکیی دەوڵەتە خاچپەرستەکان لێی. کاتێک ئەمالریک Amalric پاشای قودس مرد سەلاحەدین لە دوژمنێکی مەترسیدار رزگاری بوو، کە پێشتر بەسەر نۆرماندییەکانی سەقلییەدا -کە بە کەشتیگەلەکەیان پەلاماری ئەسکەندەریەیان دابوو- سەرکەوتبوو. سەلاحەدین خۆی وەک دڵسۆز بۆ ئەلمەلیک ئەلسالح ئیسماعیل و بەرژەوەندییەکانی پیشان دەدا و لۆمەی سەرپەرستەکانی دەکرد کە ملیان بە ویستی ئەمیری مووسڵ داوە [بەدەستهەڵگرتن لەو خاکانەی داگیری کردبوون]، لەبەرئەوە بەپاساوی بەرگریکردن لە مافە شەرعییەکانی ئیسماعیل بەسوپاکەیەوە بەرەو دەروازەکانی دیمەشق پێشڕەوی کرد. کاتێک شارەکەی داگیر کرد[99]، کەوتە دانوستانی ئاشتی لەگەڵ سەرپەرستانی ئیسماعیل. لەبەرئەوەی ئەو سەرپەرستانە لە نیازەکانی سەلاحەدین دڵنیا نەبوون -لەوەیشدا تا رادەیەک هەقیان بوو- وایان بەباش زانی داوای کۆمەکی لە فرەنجە بکەن. بەو هۆیەیشەوە سەلاحەدین هێرشێکی یەکلاکەرەوەی کردە سەریان و حەما و حمسی گرت، لە کۆتاییەکانی ١١٧٢دا حەلەبی گەمارۆدا. بەڵام لەوێ رووبەڕووی بەرگریکردنێکی قارەمانانە بوویەوە. لەبەرئەوە پێشنیازی بۆ دڕبەرەکانی کرد ئەو لە حەما و حمس بکشێتەوە بەو مەرجەی بەحاکمی دیمەشق لەلایەن ئیسماعیلەوە دانی پێدا بنێن. کاتێک ئەم پێشنیازەی رەت کرایەوە، لە حەما هێرشی کردە سەر سوپاکانی ئیسماعیل و سەیفەدین پێکەوە و شکستێکی گەورەی بەسەردا هێنان. پاشان بۆ جاری دووەم لە حەلەب گەمارۆی ئیسماعیلی دایەوە و ناچاری کرد بە بەستنی رێکەوتنێکی ئاشتی کە دەسەڵاتی تەنیا لە سنووری ئەو شارەدا بەرتەسک کردەوە. سەلاحەدین لە هەمان کاتدا نازناوی سوڵتانی وەرگرت و خەلیفەی عەباسیش دانی پێدانا و بە کەسێکی تایبەتدا دیارییەکی بۆ نارد.

فەرماندەی حەلەب یەکێک لە حەشاشەکانی هەڵنابوو بۆ کوشتنی سەلاحەدین لەکاتی یەکەم گەمارۆیدا بۆ شارەکە، بەڵام سەرکردە گەورەکە بە موعجیزە لەو تەڵەیەی بۆی نرابوویەوە رزگاری بوو. ئەوە بوو سەرکردەیەکی نوێ لە سەرکردەکانی باتنی، سااڵی ١١٦٩ توانی ئەو گرووپە ترسناکە لە سووریا رێکبخاتەوە و قەڵای (مەسیاد)ی لە بنارەکانی بەشی رۆژهەڵاتی چیاکانی نوسەیریەی کردە بنکەی خۆی. ئەو سەرکردەیە ناوی رەشیدەدین سینان بوو بە شێخی چیا ناسرابوو. کاتێک سوڵحی حەلەب کرا، سەلاحەدین بەخەیاڵیدا هات خۆی لەو گرووپە رزگار بکات، بەڵام زۆری نەبرد گەمارۆی

---

[99] بەڵام قەڵاکە دوای چەند مانگێک خۆی بەدەستەوە دا.

سەر قەلاکەیانی هەڵگرت و سوڵحێکی لەگەڵ رەشیدەدین کرد کە تا مردنی شێخ مەردانە و شەرەفمەندانە رێزی دەقەکانی گیرا.

هێشتا زۆری مابوو دەسەلاتی سەلاحەدین لە سووریا جێگیر ببێت کاتێک لە سیاسەتێکی دووربینانەدا هەوڵی دا حوکمی خۆی لە میسر بچەسپێنێت، لەڕێی دەستگرتن بەسەر کلیلی دەریای سووری باشووریش. لەبەرئەوە ساڵی ١١٧٣ تووران شای برای رەوانە کرد بۆ ئەوێ، هەردوو بنەماڵەی دەسەلاتدار لەو ناوچەیەیش —حەمدانییەکان لە سەنعا و نەجاحییەکان لە زەبید— لەسەر دەستی یاخیبوویەکی دەمارگیر لەناو بران. ئەوە بوو، دەوروبەری ساڵی ١١٥٩ لە تیهامە پیاوێک پەیدا بوو دەیوت گوایە مەهدییە—وەک زۆر کەسیتر لە مێژووی ئیسلامیدا ئەو بانگەشەیان کردوە— و هەندێ ئەعراب شوێنی کەوتن و دەستیان بەسەر زەبیددا گرت. نەوەکەیشی، عەبدولنەبی کە ساڵی ١١٦٢ جێگەی گرتەوە بۆ ماوەی یازدە ساڵ دەستی بەپێگەکەیەوە گرت. بەدڵنیاییەوە گەورەکانی سەلاحەدین لەناوبردنی ئەو زەوتکەرە مولحیدەیان بەکارێک داناوە کە مایەی رەزامەندیی خوایە، هەرچۆن بێت، هەر هێندەی هەڵمەتە میسرییەکە ئەرکەکەی خۆی بەئاسانی و بەبێ زەحمەتی راپەڕاند، تووران شا باقیی ئەمیرەکانی لە سەنعا لە دەسەلات دامالی، پاشان خۆی و نەوەکانی تا ساڵی ١٢٢٨ وەک شوێنکەوتەی خزمانی ئەیوبییان لە میسر، وڵاتەکەیان حوکم کرد.

حیتتین و فەتحکردنی قودس

سنوورەکانی ئەو ناوچانەی لە ژێر قەڵەمڕەوی سەلاحەدیندا بوون لە سووریا بەردەوام لەلایەن خاچپەرستانەوە هێرشیان دەکرایە سەر. ساڵی ١١٧٧ هەوڵی دا پێشڕەویکردنیان لە باشووری فەلەستین رابگرێت، بەڵام لای رەملە Ramlah تووشی شکستێکی خراپ بوو. سەلاحەدین تا پاش دوو ساڵ نەیتوانی تۆڵەی خۆی لە خاچپەرستان بکاتەوە، کە لە مەرج ئەلعیون توانی سەرکەوتن بەدەست بێنێت. تا کاتێک رێکەوتنی ئاشتی کرا سەلاحەدین سوودێکی زۆر باشی لێ بینی بۆ چەپساندنی دەسەلاتی خۆی و فراوانکردنی لە باکووری سووریا. ساڵی ١١٨١ ئیسماعیل ئەمیری حەلەب مرد و عیزەدین مەسعوودی ئامۆزای ئەمیری مووسڵی لەجێی خۆی دانابوو. بەڵام ئەم عیزەدینە وای بەباش زانی حەلەب بۆ زەنگی برای بەجێ بێڵێت لەبەرانبەر ئەوەی ئەویش دەستبەرداری چیاکانی سنجار ببێت کە هاوسنووری ئەو ناوچانەن لە پێشینانی بەمیرات بۆی مابوونەوە. پێش ئەوەی حاکمی نوێ پێکانی لە حەلەب بچەقێنێت، سەلاحەدین زەوییەکانی داگیر کرد. ساڵی دواتریش هێرشی کردە سەر وڵاتی جەزیرە و عیزەدینی ناچار کرد بێتە ژێر بەیداخی.

لەڕاستیدا ئەو ئاشتییەی لەگەڵ سەڵاحەدین کرا، کە (گەی دی لوسینیان) جێنشینی بەغدوینی پێنجەم لەسەر تەختی قودس پەڕۆش بوو بۆ بەردەوامبوونی، زۆرجار بەهۆی یاخیبوونی ئەمیرەکانی و پابەندنەبوونیان بە فەرمانەکانیەوە، پێشێل دەکرا. رایناڵد دی کاتیلۆن ئەمیری کەرەک لە قەڵاکەیەوە لە بەلقا (موئابی کۆن) لە رۆژهەڵاتی دەریای مردوەوە بەردەوام هێرشی دەکردە سەر کاروانی حاجییان و کاروانە بازرگانییەکان، لەسەر ئەو لێژگاییەوە کە بەسەر ڕێگەی کاروانەکاندا زاڵە لە دیمەشقەوە بۆ حیجاز و لە دیمەشقەوە بۆ میسریش. سەڵاحەدین نەیدەتوانی چاوپۆشی لە هەموو ئەوانە بکات، لەبەرئەوە لە سەرەتاکانی ساڵی ١١٨٧دا بڕیاری دا زەبرێکی گورچکبڕ لە دەستدرێژیکاران بوەشێنێت. پاشان فەرمانی بەهێزەکانی لە سووریا کرد لە حارم کۆببنەوە، تا خۆی بچێت بۆ ناوچەی کەرەک و لای دەریاچەی تەبەریا (Gennesareth (Galilee بگات بەو هێزانە. ئەوکاتە پاشای قودس سوپایەکی گەورەی لە سواوە لە سەفوریە کۆکردەوە. لەباتی ئەوەی چاوەڕوانی هێرشی سەڵاحەدین بکات لەو شوێنە ستراتیژییە لەبارەدا، کەڵکەڵەی هێرشکردنە سەر موسڵمانانی لای تەبەریە کەوتە سەر کە داگیریان کردبوو، هەردوو لەشکر لە دەشتاییەکی بەرز لە رۆژئاوای دەریاچەکە بەیەک گەیشتن، دەشتاییەکی سەخت و بەردەڵان و بێ ئاو بوو، کە دەشتی حیتتین بوو. لەوێ سەڵاحەدین شکستێکی پشتشکێنی بەسەر سوپای خاچپەرستاندا هێنا و پاشای قودس خۆی بەدیل گرت. پاشان قەڵاکانی خاچپەرستان لە سەرتاسەری وڵاتدا پاش چۆڵکرانیان لەلایەن لەشکرەکانیانەوە بەدوای یەک و لە ماوەیەکی کورتدا کەوتنە دەست موسڵمانان. تا لە ئەیلوولی سال ١١٨٧ سەڵاحەدین و سەربازەکانی گەیشتنە دەروازەکانی قودس، کە هەر لەو مانگەدا ناچار بوو خۆی بەدەستەوە بدات[١٠٠]. بەرچاوی نزیکەی سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەی سەڵاحەدینەوە جارێکیتر شارە پیرۆزەکە گەڕایەوە ئامێزی موسڵمانان و سەڵاحەدین سەرجەم شوێنەکانی پەرستنی مەسیحییەکانی لەو خاکە پیرۆزەدا رووخاند. بەبێ ئەوەی هیچ کات بەفیڕۆ بدات هەوڵی دا دواین ئاسەوارەکانی حوکمی خاچپەرستی لە رۆژهەڵات لەناو ببات. بەڵام صور Tyre، کە کونراد دی مونتفێرا Conrad of Montferrant بەرگری لێدەکرد، لەبەردەمیدا خۆی ڕاگرت. هەرچی تەرابلوس بوو، خەریک بوو بکەوێتە دەست موسڵمان ئەگەر کەشیتگەلێکی مەسیحی فریای نەکەوتایە کە ولیەمی نۆرماندی پاشای سەقڵییە سەرکردایەتی دەکرد. کەوتنی قودس بیرۆکەی جەنگی خاچپەرستی سەرلەنوێ لە ئەوروپا زیندوو کردەوە. هەریەک لە فریدریکی یەکەم [بربروسا] ئیمپراتۆری ئەڵمانیا و فیلیپ [ئۆگستس] پاشای فەرەنسا و ریکاردۆس شێردڵ پاشای ئینگلتەرا خاچیان هەڵگرت پاش ئەوەی پاپا نێوانی چاک کردن. لە ئابی ساڵی ١١٨٩ خاچپەرستان گەمارۆی عەککایان

---

[١٠٠] بڕوانە: M. W. Baldwin. Raymond III of Tripolis and the Fall of Jersalem, 1140-1187, London, 1938.

دا، کە سەلاحەدین پاش ئەوەی دەستی بەسەردا گرت قایمکاریی باشی بۆ کردبوو. سەلاحەدین هەڵمەتی برد بۆ رزگارکردنی عەککا لە ئابلۆقەدەرانی کە بەسەر بەندەردا بالادەست بوون، بەوەیش لە دۆخێکی باشتردا بوون لە موسڵمانان. بەڵام فیلیپ و ریکاردۆس شێردڵ زۆری نەبرد سالّی ١١٩١ هێزی زیاتریان بۆ خاچپەرستان نارد و بەوە وره و وزەیان خستە دڵ و دەروونی ئەندامانیان. لە ١٢ی تەممووزی سالّی ١١٩٢ لەشکرگەی تەوقکراوی عەکا خۆی بەدەستەوە دا. کاتێک سەلاحەدین رازی نەبوو ئەو فیدیە زۆرە بداتە خاچپەرستان کە بۆ ئازادکردنی دانیشتوانە موسڵمانەکان داوایان دەکرد، مەسیحییەکان دیلەکانیان تەفروتونا کرد، موسڵمانەکانیش بەهەمان کردار وەڵامیان دانەوە و بەوە قەسابخانەکارییەکی دڵتەزێن لەلایەن هەردووڵاوە ئەنجام درا. لەبەرئەوەی نەدەتوانرا لە مەیداندا بگەنە هیچ ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە، ئەلمەلیک ئەلعادلی بۆ سەلاحەدین بۆ ئاشتەواییکردن کەوتە دانوستان لەگەڵ ریکاردۆس، کە ئەمیش لە جەنگ بێزار بووبوو و لەترسی لەدەستچوونی مووڵکەکەی دەیویست بگەڕێتەوە بۆ ئینگلتەرە، بەم شێوەیە لە ٢ی تشرینی دووەمی سالّی ١١٩٢ سوڵح کرا. سەلاحەدین پارێزگاری لەو شوێنانەی گرتبوونی کرد تا لایدە و رەملە و عەسقەلان. هەروەها رێگەی بە مەسیحییەکان دەدا وەک حاجی و بەبێ چەک سەردانی قودس بکەن.

سەلاحەدین چەند مانگێک نەبێ چێژی لەم ئاشتەواییەی دوایی نەبینی. لە کۆتایی تشرینی دووەمدا لە دیمەشقەوە چوو بۆ قودس و لەوێ تووشی تا بوو و لە شوباتی سالّی ١١٩٣ مرد لەکاتێکدا تەمەنی تەنیا پەنجا و پێنج سال بوو. جەنگەکانی سەلاحەدین دژی خاچپەرستان ئەویان لە ئەوروپا کرد بە بەناوبانگترین پاشاکانی رۆژهەلات. لە یادەوەریی رۆژهەلاتیشدا هێشتا ناوی لەپاڵ ناوی هارونەڕەشید و بەیبەرسدا زیندووە وەک هێمای یەکێک لە خۆشترین قۆناغەکانی مێژوو. بێگومان کەمێکی زۆر کەم لە سەرکردەکانی ئیسلام لەڕووی خۆ دوورگرتن لە هەر مەیلێک بۆ دەسکەوتی شەخسی و خۆتەرخانکردن تەنیا بۆ خزمەتکردنی دەوڵەت و رەعیەتەکەی، شان لە شانی دەدەن. تەنانەت دوژمنەکانیشی نەیانتوانیوە دان بە جوامێری و خانەدانیدا نەنێن لە مامەڵەکردن لەگەڵ دوژمنی بەزیودا.

نەک هەر ئەمە، بگرە سەلاحەدین جگە لە هەموو ئەوانە پاڵپشتی زانستیش بوو. کۆمەڵێک زانای هەبوون چاودێریکردنی ئەویان بۆ زانست تۆمار کردوە. نووسەرەکەی محەمەد ئەلکاتب ئەلئیسفەهانی [کوڕی ئەلعیماد ئەلئیسفەهانی] کە پێشتر لە دیمەشق خزمەتی نووسەدینی کردبوو و لە سەرجەم هەڵمەتەکاندا یاوەری سەلاحەدینی کردوە، کتێبێکی دانا و مێژووی فەتحکردنی قودسی تێدا نووسیەوە. بەداخەوە کتێبەکەی بەهەندێ جوانکاریی لەفزی قورس کردوە کە ئەو هەستە لای خوێنەر دروست دەکات لای دانەر لایەنە زمانەوانییەکە لە بابەتەکە خۆی گرنگتر بووە. هەرچی ئەو ژیاننامەیەیە قازیی

سوپاکەی لە قودس، بەهائەدین بن شەداد نووسیویەتی، سافتر و خۆشترە. هەروەها ئەلقازی ئەلفازل، کە لە عەسقەلان لەدایک بووە -ژیانی گشتی لە سەردەمی فاتیمییەکاندا دەست پێکرد، پاشان ئەرکی تەواوی بەڕێوەبردنەکەی گرتە ئەستۆ دوای ئەوەی دۆخەکە بۆ سەلاحەدین یەکلا بوویەوە- گرنگی بە تۆمارکردنی رووداوی رەسمیی رۆژانە دەدا بەدرێژایی کارکردنی لە بەڕێوەبردنی گشتی، بەڵام چەند وردە بەشێکی نەبێت دەستی رۆژگاری هیچیانی بۆ نەپاراستوین. هەرچی نامە دیوانییەکانیەتی، ناخۆشبەختانە تەنیا هەندێ دەقمان پێ گەیشتوون کە نەک لەبەر گرنگییە میژوویییەکەیان بەڵکو زیاتر لەبەر جوانیی شێوازیان هەڵبژێردراون. بەڵام وێنەیەکی زیندووی رۆشنبیری لە سەردەمی سەلاحەدیندا لە یاداشتەکانی ئەلفارس ئوسامەی کوڕی مونقیز [کتاب الاعتبار]دا دەبینین، کە بنەماڵەکەی حوکمی شیزەری لە باکووری حەما دەکرد. لە سەردەمی بوورییەکاندا لە دیمەشق پەیوەندی هاوڕێیەتی و دۆستایەتی لەنێوان ئەم ئوسامەیە و سوارانی فرەنجەدا دروست بووە. پاشان بەشداریی هەڵمەتەکانی نوورەدینی کردوە بۆ سەریان و چووەتە ژێر ئاڵای سەلاحەدین لە دیمەشق، با تەمەنیشی هەڵکشابوو. ئەگەرچی لە پیشەسازیی لەفزی باوی سەردەمەکەیدا بەتوانا بوو، وەک باقی کتێبەکانی شایەتن، بەڵام لەم یاداشتەیدا تەواو سووکی کردوە. لێرەدا، بەزمانێکی چیرۆکئامێزی سادە، سەرکێشییە جۆراوجۆرەکانیمان لە جەنگ و ئاشتیدا بۆ دەگێڕێتەوە، بەتایبەت لە راودا. لە حوکمدانیشیدا لەسەر موسڵمانان و مەسیحییەکان دەگاتە ئاستێکی سەرسوڕهێن لە بێگەردی و بێلایەنیدا[١٠١].

بەڵام سەلاحەدین پاڵپشتی زانایانی سوننە بوو کە بەهۆی ئەوانەوە توانی بەیەکجاری بەسەر مەیلە شیعییەکانی فاتیمییەکان لە میسردا زاڵ بێت. لەڕاستیدا یەک جار نەبێت هەستی بەپێویستیی دامەزراندنی دیوانێک بۆ دادگەییکردنی زندیقان نەکرد. ئەویش ئەوە بوو، کۆچەرێکی فارس کە لە ئاسیای بچووکەوە هاتبوو بەناوی سوهرەوەردی لە حەلەب، کە ئەلمەلیک ئەلزاهیر لەباتی سەلاحەدینی بۆ دادگەی حوکمی دەکرد، بانگەشەی بۆ هەندێ بۆچوونی غەنووسی دەکرد کە لەسەر بناغەی ئەفلاتونیزمی نوێ و فیساگۆریزمی نوێ دامەزرابوون، ئەویش پاش ئاشنابوونی بە فەلسەفەی ئەرستۆ و ئەفلاتون. بۆچوونەکانی لەسەر ئەو ڕێسایە دامەزرابوو کە پێشتر سۆفییە مەسیحی و موسڵمانەکان بەنەرمی ئاماژەیان بۆ کردبوو و دەڵێ نووڕێکی ڕۆحی هەیە بەناو گەردووندا بڵاو دەبێتەوە، وەک ئیشراقێکی خۆییە کە جەوهەری سەرجەم شتەکانە. هێشتا فەلسەفە ئیشراقییەکەی لە سیستمی دەروێشاندا دیارە کە پێشتر لە ئاسیای بچووک دایمەزراندبوو. زۆری نەبرد بۆچوونەکانی گومانیان لای زانایانی سوننە دروست کرد و وتیان گوایە عەقیدەی

---

[١٠١] دکتۆر فیلیپ حەتی کتێبەکەی ئەم ئوسامەیەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی بەناونیشانی:
An Arab-Syrian Gentleman and Warrior in the Period of the Crusades, New York, 1929.

قەرامیتەیە کە دوژمنی دەوڵەت بوون. بەم شێوەیە سەڵاحەدین سەرەڕای میانڕەوییەکەی چاری ناچار بوو بڕیاری مردن کە قازی دژی مولحید دەریکردبوو پەسەند بکات (ساڵی ١١٩١).

شوێنەواره عیمرانییەکانی سەڵاحەدین

سەڵاحەدین خزمەتی گەورەی هونەری تەلارسازی لە قودس و قاهیرە کردوە. لە قودس فەزڵی نوێکردنەوی مزگەوتی ئەلئەقسای پێبڕا (کە خاچپەرستان کردبوویانە کۆشک بۆ خۆیان) و رازاندنەوەی بە مۆزایک و مەرمەر. نەک هەر ئەوەندە، بگرە مینبەرێکی گرانبەهای تێدا دانا کە لە حەلەبەوە هێنابووی و تا ئەمڕۆیش ماوە. لە قاهیرەیش، یەکەمین قوتابخانەی چوار دالان (هۆڵ)ی لای گۆڕی ئیمامی شافیعی دروست کرد. هەروەها بە دامەزراندنی قەلای قاهیرە خزمەتی ئامانجە سەربازییەکانی کرد، کە ئەجەل دەرفەتی نەدا تەواوی بکات. لە ساڵی ١١٧٩وە نەخشەی بۆ تێکەڵکردنی قاهیرە و فوستات لە یەکەیەکی تۆکمەی قایمدا کێشا. دەستی بە بنیاتنانی قەڵاکە کرد لای رۆژهەڵات، لەنێوان دوو شوێنەکە، لەسەر شێوەی قەڵاکانی خاچپەرستان، ئومێدی وابوو لە هەمان کاتدا ئەو قەڵایە بکاتە بارەگای خۆی. نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو یەکێک لە خەمەکانی ئەوە بوو قاهیرە لە هەر هێرشێک لەوانەیە لەلای شامەوە بکرێت، بپارێزێت، ئەویش لەڕێی شوورەیەکەوە کە تا چیای موقەتەم لە رۆژهەڵات درێژ دەبێتەوە. بەلام تەنیا بەشێک لە پرۆژەکەی پێ جێبەجێ کرا و تەنیا شوورەکەی باکووری دروست کرد، باقی قایمکارییەکان هەرگیز بەجدی دەستیان پێ نەکردا.

ئەیوبییەکان لە سووریا و میسر

سەڵاحەدین پێش مردنی ئیمپراتۆرییەتەکەی لەنێو میراتگرانیدا دابەش کرد. کوڕە گەورەکەی، ئەلمەلیک ئەلئەفزەل، وەک سەرۆکی بنەماڵەکە سەڵتەنەتەکەی پێ سپارد، ئەمە جگە لە دیمەشق و باشووری سووریا. میسری سپارد بە ئەلمەلیک ئەلعەزیزی کوڕی [عوسمان]، حەلەب و باکووری سووریایشی دا بە ئەلمەلیک ئەلزاهیری کوڕی [غەیاسەدین]. هەرچی ئەلمەلیک ئەلعادل [سەیفەدین]ی برای سەڵاحەدینە، موڵکەکانی ئیمپراتۆرییەتەکەی لە جەزیرەی فوراتی بەمیرات وەرگرت. ساڵێک بەسەر مردنی سەڵاحەدیندا تێنەپەڕی ناکۆکی کەوتە ناو کوڕەکانی. ئەلمەلیک ئەلعادلی مامیان دەیزانی چۆن لەدژی یەکتر هەڵیان بنێت، بەوەیش توانی یەک بەیەک بەسەریاندا زاڵ بێت. تەنیا لە حەلەب وەچەی سەڵاحەدین توانییان تا شالاوی مەغۆل (ساڵی ١٢٦٠) بمێننەوە. لە کۆتایی سەدەی دوازدەیەمدا ئەلمەلیک ئەلعادل توانیبووی زۆربەی بەشەکانی ئیمپراتۆرییەتەکە یەک بخات و ئەندامانی بنەماڵەکە کە لە حەلەب و یەمەن حوکمڕان بوون وەک گەورە دانیان پێدانا. لەگەل

ئەوەیشدا تا خۆی زیندوو بوو مولکەکانی بەسەر کوڕەکانیدا دابەش کرد. میسری بە کامیل سپارد، دیمەشق بە موعەزەم و جەزیرەی فوراتی بۆ ئەوحەد و فائیز و ئەشرەف بەدوای یەکدا و وەک جێگری ئەو حوکمیان دەکرد.

فریدریکی دووەم لە فەلەستین

ئەیوبییەکان سەرباری ئەم نائارامییانە توانییان ئەو وڵاتانەی کەوتبوونە قەڵەمڕەویان لە دەستدرێژیی خاچپەرستان و دەر و دراوسێکانیان لە ئاسیای بچووکیش بپارێزن. لەو ماوەیەدا بیرۆکەی جەنگ لەپێناو خاکی پیرۆزدا پاشەکشەی کردبوو و لەبیر کرابوو یان خەریک بوو لەبیر دەکرا. بەڵام ئەندراوسی پاشای مەجەر زۆری نەبرد سااڵی ١٢١٧ زیندووی کردەوە و هەڵمەتێکی بۆ سەر میسر رێکخست. ئەلمەلیک ئەلعادل پێش گەیشتنی هەڵمەتەکە بە دمیات مرد (سااڵی ١٢١٨) و دەبوو ئەلمەلیک ئەلکامیلی کوڕی سەرەتا دەسەڵاتی خۆی لە وڵاتەکەی خۆیدا بچەسپێنێت، لەبەرئەوە نەیتوانی پارێزگاری لەو قەڵایە بکات کە بەسەر باڵی راستی دەلتای نیلدا زال بوو. بەڵام خاچپەرستەکان نەیاندەتوانی خۆیان لەبەردەم هێرشی رێکخراوی ئەیوبییەکاندا رابگرن، لەبەرئەوە سااڵی پاشتر ناچار بوون لە دیمیات پاشەکشە بکەن. پاش ماوەیەکی کورت پیلانەکانی سیاسەتی ئااڵوزی ئەوروپی بوون بەهۆی دەستپێکردنەوەی ململانێ بۆ گرتنەوەی قودس. ئەوە بوو فریدریکی دووەم کە پاپا ئەنوسنتی سێیەم خستیە سەر تەخت [کە پاپا سەرپەرستی بوو]، تەنیا هەر مولزەم نەبوو بەوەی رازی بێت بە فراوانکردنی دەوڵەتی کەنەسی لەسەر حسابی ئیمپراتۆرییەتەکە و دەست وەرنەدات لە هەڵبژاردنە ئوسقوفییەکان لە ئەڵمانیا – ئەوەیش بەرانبەر پاڵپشتیکردنی لەلایەن کورسیی پاپەوییەوە- بەڵکو دەبوو بۆ ئەو مەبەستە ئەنجامدانی هەڵمەتێکی خاچپەرستی بکاتە نەزر لەسەر خۆی بۆ خوا (سااڵی ١٢١٥). هەرچۆن بێت، فریدریک لەبەر سەرقاڵبوونی بە دامەزراندنی ئیدارەیەکی نوێ لە سەقڵییە -کە پاش نۆرماندییەکان حوکمی کەوتە دەستی ئەو- پابەندبوون بەو نەزرەی بەبیردا نەدەهات، تا بتوانێت بەهۆیەوە ئیتالیا بگێڕێتەوە. ئەویش وەک نۆرماندییەکانی پێش خۆی، سۆزی بۆ کەلتووری عەرەبی هەبوو و جاشە عەرەبەکانی هێشتەوە. سااڵی ١٢٢٧ پاپا گریگۆریۆسی نۆیەم ئیمپراتۆر فریدریکی مەحروم کرد پاش ئەوەی زیادەڕەوی لە کاتکوشتن و دەسخەڕۆکردندا کرد. ئەوکاتە فریدریک بەپەلە کەوتە بەجێگەیاندنی نەزرەکەی و سااڵی ١٢٢٨ لە بریندیسییەوە رووی کردە خاکی پیرۆز. پێشتر ئەلمەلیک ئەلکامیل پەیوەندی پێوە کردبوو تا لە ململانێکەیدا دژی ئەلمەلیک ئەلموعەزەمی برای لە دیمەشق یارمەتی بدات. تا کاتێک فریدریکی دووەم دابەزییە خاکی فەلەستین، موعەزەم مرد. کامیلیش دیمەشقی بە براکەی [ئەلئەشرەف] سپاردبوو کە لەپاڵ مولکەکانی لە جەزیرەی فوراتی حوکمی بکات. لەگەڵ ئەوەیشدا دانوستان دەستی پێکرد، خاچپەرستان

بـەڵێنیـان دا ڕێـز لـە مواڵکـەکانی ئەلمـەلیک ئـەلکامیل بگـرن لـە سـووریا لەبەرانبـەر دەستهەڵگرتنی لە قودس و بەیت لەحم Bathlehem و ناصیرە Nazareth و دوو ڕێڕەو بۆ یافا Jaffa و صـەیدا Saida، پێش ئـەوەی هـەردوولا لـە مەیدان بکەونـە جـەنگ. لـە ١٨ی ئاداری ساڵی ١٢٢٩ فریدریک وەک میرێدی ئیزابێل شاژنی خاکی پیرۆز، لە کەنیسـەی قیامـە لە قودس تاجی لەسەر نرا. بەڵام ئەم دەستەواژە دیپلۆماسییە هـەم لەلایـەن مەسیحییەکان و هـەم لەلایـەن موسڵمانەکانەوە پەسـەند نـەکرا. لەڕاستیدا پاپـا فـەرمانی کـرد حیرمـانێکی سـەرتاسـەری بەسـەر شارە پیرۆزەکەدا فەرز بکرێت، تا فریدریک لەوێ دەردەچێت.

لویسی نۆیـەم لە دیمیات. شەجەرەت ئەلدور

ئەلمـەلیک ئەلکامیل سوودی لەو ئاشتییە وەرگرت کە باجەکەی لە فەلەستین دا و کەوتـە فراوانکردنی دەسـەڵاتی خـۆی لـە باکوور لەسـەر حسـابی سـەلجووقییەکانی ڕۆم، ئـەوەیش بووە مایەی ئیرەیی ئەلمەلیک ئەلئەشرەفی برای لە دیمەشق. ئەجەل ئەلمـەلیک ئـەلکامیلی لـە رکابەرەکـەی رزگـار کـرد کـۆ بەگەیشـتنی براکـەی بـە دەروازەکـانی دیمەشـق مـرد. بـەڵام ئەلمـەلیک ئـەلکامیل خۆیشـی پـاش ئـەوە مـرد (سـاڵی ١٢٣٨) و ئەلمـەلیک ئـەلعادلی کـوڕی جێگەی گرتەوە. دوو سـاڵ تێنەپەڕی ئەلمەلیک ئەلسـاڵحی برای [ئەیوب] ڕاپەڕی و لـە میسـر دەریکـرد. پاشـان ئەلمـەلیک ئەلسـاڵح بـەهێزی تورکـە خوارەزمییـە هـەڵاتووەکان لەبـەردەم جـەنگیزخان، تـوانی سـاڵی ١٢٤٤ قـودس فـەتح بکـات، کـە سـاڵی ١٢٣٩ بەشـێوەیەکی کـاتی [ئامۆزاکـەی] ئـەمیری کـەرەک [ئەلناسـر] داود [بـن ئەلموعـەزەم] پـاش تـەواوبوونی مـاوەی ئـەو پەیماننامەیـەی لەگـەڵ فریـدریکی دووەم بەسـترابوو، داگیـری کردبـوو. بـەڵام سـاڵح لەلایەکیترەوە دیمەشقی لەدەست دا و ئەلسـاڵح ئیسماعیلی مامی دەستی بەسـەردا گرت، کـە پاش مردنی ئەلمـەلیک ئەلئەشرەفی بـرای ناچـار بـوو شـارەکە بـۆ ئەلمـەلیک ئـەلکامیل چـۆڵ بکات. بـەڵام ئەلمـەلیک ئەلسـاڵح پـاش فـەتحکردنی قـودس زۆری نـەبرد دیمەشـقی بەدەسـت هێنایەوە، بەوەیش بەوەیش بەشی هـەرەزۆری ئیمپراتۆرییەتەکـەی سـەڵاحەدین سـەرلەنوێ تـا حەلـەب و جـەزیرەی سـەروو یەکخرایـەوە. لەگـەڵ ئەوەیشدا سـەردەمەکەی پـڕ بـوو لـە ململانـێ دژی رکابـەرەکانی لـەناو ئەیوبییـەکان خۆیـان و دژی فرەنجـە و دژی تورکـە خوارەزمییەکان، کە هەمیشـە ئامـادە بـوون لـە ڕیزی هـەر کەسێکدا شـەڕ بکـەن بەخششی زیاتریان بداتێ. لەکاتێکدا [ئەلسـاڵح ئـەیوب] لـە دیمەشـق سـەرقاڵی ئامـادەکردنی هەڵمـەتێک بوو بۆ شەڕ دژی یوسـفی دووەم ئـەمیری حەلـەب، هـەواڵی بـۆ هـات کـە فرەنجـە جـارێکیتر بەسـەرکردایەتیی لویسـی نۆیـەم پاشـای فەرەنسا ناسـراو بـە قدیس، پەلامـاری میسـریان داوە. لویس و سـەربازەکانی دیمیاتیان داگیر کرد پاش ئەوەی بێسـەروبەری کەوتـە نـاو ئەوانـەی بەرگرییان لێدەکرد کاتێک هەواڵی نەخۆشکەوتنی سـاڵحیان زانی. تا کاتێک سـاڵی ١٢٤٩ مرد

شەجەرەت ئەلدوڕی ژنی –کە پێشتر کەنیزەکێک بوو لە کەنیزەکەکانی- هەواڵی مردنەکەی شاردەوە، تا ئەلمەلیک ئەلموعەزەم تووران شای کوڕی، لە جەزیرەی فوراتیەوە هات.

تووران شا دوور لە میسر پەروەردە کرابوو، لەبەرئەوە هیچ ئاگای لە بارودۆخی نەبوو. لێرەوە ئەو مەمالیکانەی لە جەزیرەوە هێنابوونی بەسەر میسرییەکاندا هەڵیدەبڕین و کردبوونی بەنزیکی خۆی، لەبەرئەوە دژبەرانی پیلانیان لێ گێڕا و لە سەرەتای سااڵی ١٢٥٠ کوشتیان. پێش لەوە توانیبوی دیمیات بگێڕێتەوە و لویسی نۆیەم خۆی دیل بکات. ئەوکاتە فەرمان بۆ سوپا دەرچوو بۆ چۆڵکردنی ئەو شارە لە دانیشتوانەکەی و وێرانکردنی، بەمەبەستی دوورخستنەوەی هەر دەستدرێژییەک لەمڕۆوە لەلای دەریاوە بۆی بێت. دوای مردنی تووران شا مەمالیک شەجەرەت ئەلدوڕیان کرد بە شاژن، بەو مەرجەی [عیزەدین] ئەیبەگ ئەتابەکی لەشکر بێت. زۆری نەبرد بوو شاژنی ماڕە کرد، شەجەرەت ئەلدوڕ دەسەاڵتی رەهای بەسەر میسردا کێشا. لێرەوە دەبوو ئەیبەگ دەوڵەتەکەی (شاژن) لە سووریا بچەسپێنێت کە دانی بەمەی دوانییدا نەدەنا. سااڵی ١٢٥٧ ئەیبەگ هەوڵی دا خۆی لە شەجەرەت ئەلدوڕ رزگار بکات، بەاڵم ئەو دەستی پێش خست و لە گەرماودا کوشتی. هەرچۆن بێت، مەمالیک پاش ئەوە وازیان لە پشتیوانیکردنی شەجەرەت ئەلدوڕ هەڵگرت و زۆری نەبرد لەناویان برد. دوای ئەو یەکێک لە مەمالیک ئەرکی حوکمڕانی گرتە دەست بەناوی ئەلمەنسوور نورەدین عەلی [کوڕی ئەلموعیز عیزەدین ئەیبەگ].

سەرەڕای ئەو هەموو ئاژاوە و پشێویە سەردەمی ئەیوبی سەردەمی بەرەکەت و گەشانەوە بوو لە میسر و سووریا، تەنانەت پاش مردنی سەاڵحەدینیش. ئەیوبییەکان گرنگییان بەکشتوکاڵ دەدا، کە بەبێ بایەخدانێکی تایبەت و بەردەوام بە سیستمی ئاودێری، کە لە رادەی بایەخدانیان بە بازرگانی کەمتر نەبێت، گەشەی نەدەکرد. هەمیشەیش ئەگەری جۆرەها مەترسی لەسەر بوو بەهۆی نەبوونی ئاسایش لە رێگەی هاتوچۆ بازرگانییەکاندا. لەڕاستیدا دوژمنایەتییان لەگەڵ مەسیحییەکان نەبووە کۆسپ لەبەردەمیان بۆ بەستنی چەند رێکەوتنێکی بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتانی ئەوروپی. نەک هەر ئەوە، بگرە پەیوەندیی موسڵمانان بە سوارانی خاچپەرست، کە پەیوەندییەک بوو لەنێوان شەر و ئاشتیدا دەهات و دەچوو، لای خۆیەوە یارمەتیدەر بوو لە پەیدابوونی بزوتنەوەیەکی ئاڵوگۆری کەلتووریی فرەلایەن، کە پێدەچێت خۆرئاوا بەکارهێنانی نیشانەکانی رەچەڵەک لەسەر چەک و نیشانەکانی سواران لەسەر قەڵغانەکانیان لە ئەیوبییەکانەوە گواستبێتەوە، ئەمە جگە لە هەندێ نەریتی شۆڕەسواری[١٠٢].

---

[١٠٢] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:
- Yacoub Artin Pasha, Contribution a l,etude du blazon en Orient, London, 1902.
-L. A. Mayer, Saracenic Heraldry, Oxford, 1933.

مەمالیکی دەریایی. شەڕی عەین جالوت

ئەیوبییەکانیش هاوشێوەی عەباسییەکانی پێشیان ناچار بوون پشت بە مەملوکەکان (الممالیک)، واتە کۆیلەکان ببەستن، بەپارە دەیانکڕین، چونکە خەڵکی ئەو ووڵاتانەی لەژێر دەستیاندا بوون لەمێژ بوو لە سەردەمی جەنگاوەری دوور کەوتبوونەوە و بەکەڵکی خزمەتی سەربازی نەدەهاتن. زۆرجار تەواوی هەندێ گرووپیان لە تورکانی هەڵاتوو لە دەستی مەغۆل لە رۆژهەڵاتی نزیک، دەهێنایە نێو خزمەتکردنی خۆیان. زۆری نەبرد لەناو سەرکردەکانی ئەوانەدا، وەک پتر لە جارێک لە مێژووی ئیسلامدا رووی داوە، نەوەیەک لە حاکمانی نوێ پەیدا بوون کە باڵیان بەسەر میسر و سووریادا کێشا، تا فەتحی عوسمانی. ئەیبەگ کە یەکەمیان بوو لە پاسەوانانی ئەلمەلیک ئەلسالح [ئەیوب] بوو کە لە دورگەی ئەلڕەوزە لە نیل سەنگەریان گرتبوو، لێرەوە ئەو و جێنشینەکانی بە مەمالیکی دەریایی ناسران (لە ناوی "دەریا"ی نیلەوە). عەلیی کوڕی جێی ئەیبەگی گرتەوە، پاشان قوتوز کە سەرپەرستی بوو. دوای ماوەیەکی کورت ئەلمەلیک ئەلزاهیر روکنەدین بەیبەرس چووە سەر تەخت. بەیبەرس بەشداری لە کوژرانی تووران شادا کرد و رایکرد بۆ سووریا، بەڵام دوای ئەوەی قوتوز جڵەوی حوکمی گرتە دەست گەڕایەوە میسر.

لەو کاتەدا گەردەلولی مەغۆل سەرجەم وڵاتانی رۆژهەڵاتی نزیکی رادەمااڵی و هەڕەشەی وێرانکردنێکی لە میسر دەکرد کە ئەوسەری دیار نەبێت. قوتوز سەرکردایەتیی پێشەنگی ئەو سوپایانەی بە بەیبەرس سپارد کە ناردنی بۆ فەلەستین بۆ شەڕی مەغۆل، تێیدا مەغۆل لە عەین جالوت ساڵی ١٢٥٩ بەشێوەیەک شکا بۆ یەکەم جار پێشڕەویی شالاوەکەیانی وەستاند و هەڵکشانەکەیانی گۆڕی بۆ داکشان و لەو شەڕەدا جەربەزەییەکی دەگمەنی نواند. لەڕاستیدا ئومێدی هەبوو لەبەرانبەر ئەو سەرکەوتنە گەورەیەدا سوڵتان حەلەبی بۆ دابیڕێت، تا کاتێک بێئومێد بوو، گەڕایەوە بۆ میسر و قوتوزی کوشت و ئەمیرەکان وەک سوڵتانی خۆیان بەیعەتیان پێ دا. بەم شێوەیە پێویستە باسی چاکەی گەورەی بەسەر میسرەوە بکەین بەوەی لە نەهامەتییەکانی شالاوی مەغۆل پاراستی، کە رەوتی پەرەسەندنی رۆشنبیریی لەسەرخۆی لە تەواوی دنیای ئیسلامدا پەکخست جگە لە میسر، کە لە بەشی داهاتوودا باسی ئاسەوارە خراپەکانی دەکەین.

هەر پاش ئەوەی مەغۆل پایەکانی تەختی عەباسییان لە بەغدا لەبەریەک هەڵتەکاند و بنەماڵەکەیان نزیک لە تەواوەتی لەناو برد، [بەیبەرس] لە قاهیرە خەلیفەیەکی لە وەچەی بەنی عەبباس دانا و ئەو خەلیفەیەیش کردی بەسوڵتان و لە موڵکدا بەشداری کرد پاش ئەوەی بەیبەرس سوێندی لابەندی بۆ خەلیفە خوارد. مەبەستی زاهیر بەیبەرس لەوە ئەوە بوو تەختی خۆی قایم بکات و هەر هەوڵێک لەبار ببات کەسێک بەناوی ئەیوبییەکانەوە هەوڵی گێڕانەوەی موڵکەکە بدات. وادیارە ئەو خەلیفە عەباسییە یەکەمە ئەندازەیەک غیرەت و ئیرادەی کارکردنی هەبوو زیاتر لەوەی بەیبەرس لێی دەویست. ئەوە بوو

بەسەرۆکایەتیی سوپاکانی بەیبەرس دەرچوو بەمەبەستی رزگارکردنی بەغدا، بەڵام مەغۆلەکان توانییان بەئاسانی لەناوی ببەن. لەوکاتەوە جێنشینەکانی تەنیا ئامێری گوێ لەمست بوون بەدەست مەمالیکەوە.

سەردەمی زاهیر بەیبەرس

ئەگەرچی زاهیر بەیبەرس بەجەربەزەییەکی نائاسایی لەگەل دوژمنەکانی دەجەنگا، بەڵام زۆر جار لەو جەنگانەدا شێوازە دیپلۆماسییە فێڵبازانە و دوورببینانەکانیشی لەدژیان بەکار دەهێنا. لە فەلەستینیش دەبوو حساباتی خۆی لەڕێی شەڕەوە لەگەل خاچپەرستەکان یەکلا بکاتەوە. توانی قەڵای کوردان (حصن الاکراد) کە لە قایمترین قەڵاکانی خاچپەرستان بوو لەدەستی سوارانی ئەسپتاریيە (سەینت جۆن) و شاری سەفد لە دەستی سوارانی داوی Templars دەربێنێت. پاشان بەیبەرس چوو بۆ شەڕی حەشاشەکان و دەستی بەسەر مەسیاف و ژمارەیەک قەڵای بچووکتردا گرت، بەڵام نەیویست ئەو گرووپە لەبەریەک هەڵبوەشێنێت و بەتەواوەتی لەناوی ببات، چونکە دەیویست سوود لە خوێنڕێژەکانی وەربگرێت بۆ بەدیهێنانی مەرامە تایبەتەکانی. هەروەها بەیبەرس توانی دواین ئەمیری ئەیوبی سەربەخۆ، کە قەڵای کەرەکی بەدەستەوە بوو، فریو بدات بچێتە قاهیرە، لەوێ بەیبەرس بەڵێنەکانی شکاند و ئەمیر و کوڕەکەی لەناو برد. لەباکووریش بەیبەرس سنوورێکی بۆ چالاکیی پاشا ئەرمەنەکانی ئاسیای بچووک دانا لەڕێی ئەنجامدانی چەند هێرشێکی لەدوای یەک بۆ سەر خاکەکانیان. لە باشووریش نەوبەی لکاند بە میسرەوە و کردی بەپاشکۆی. ئەو بارودۆخەی دەبوو مەغۆل لە عێراق لەناو ئیمپراتۆرییەتە ئاسیاییەکەیاندا رووبەڕووی ببنەوە بوو بە رێگر لەوەی تۆڵەی یەکەمین شکستەکەیان لەسەر دەستی بەیبرس بکەنەوە، ئەگەرچی ئەمەی دوایی زیاد لە جارێک ناچار بوو هەندێ هێرشی لابەلایيان بۆ سەر وڵاتەکەی بەرپەرچ بداتەوە. بەیبەرس بۆ خۆڵادان لە جەنگێکی خاچپەرستیی ئەوروپیی نوێ پەیماننامەیەکی لەگەل ئیمپراتۆری بیزەنتی میخائیل بلیولوجس Michael Paleologus بەست. ئەم میخائیلە ئیمپراتۆرییەتەکەی لە حوکمی سوارانی فرەنجە رزگار کردبوو. هەرچی لەسەر ئاستی ناوخۆ بوو، بەیبەرس پایەکانی ئیمپراتۆرییەتەکەی لەڕێی سیستمی پۆستەوە قایم کرد، کە لەسەر شێوەی عەباسی ئێرانی دایمەزراند. لە قاهیرە مەزارگەیەکی کەشخەی بۆ خۆی لەناو مزگەوت دروست کرد، کەرەستەی بیناسازییەکەی ساڵی١٢٦٧-١٢٦٨ لە شاری یافاوە هێنابوو پاش فەتحکردنی، کە ئێستا گۆڕاوە بۆ وێرانە. بەڵام شووڕەی دەرەکی کە تا ئێستایش ماوە لە بەرد دروست کرد. هەرچی بیناکە خۆیەتی لە قوڕ دروست کراوە. شەش ریز پایە رێگە دەبەنە ناو باڵەخانەکە کە چەند تاقێکی تێڕ بەیەکیان دەگەیەنن، کە دەچێتە ناو رێڕەوێک لە شێوەی خاچ کە گومەزێک -لەبەردەم میحرابەکەدا- سێبەری بۆ کردوە و سێ دالانی هەیە.

لاکانیتری حەوشەکە چەند جووت دالانێکی ستووندار لەخۆ دەگرن. دیوارە دەرەکییەکە بۆ سێ دەروازەی دیار دابەش بووە، کە بە تاق و میدالیا و شێوەی لەبزینەیی رازێنراوەتەوە، گۆشەکانیش چەند تاوەرێکی لاکێشەییان تێدایە[۱۰۳].

نەوەکانی پاشتر سەردەمی بەیبەرسیان بەیەکێک لە سەردەمە زێڕینەکان لە ئیسلامدا لەقەڵەم داوە، وەک پێشتر سەردەمی رەشید و سەلاحەدینیان بەهەمان شێوە لەقەڵەم دا. زۆری نەبرد کۆمەڵێک چیرۆکی خەیاڵی بەدەوری کەسایەتیی بەیبەرسدا چنرا، تێیاندا کارە قارەمانانەکانی تێکەڵ بە ئەفسانە و خورافات دەکرا، بابەتەکانیان لە چیرۆکی میللی وەرگیرابوون کە میسر لەکۆنەوە دەقی پێیانەوە گرتبوو. ژیانی زاهیر بەیبەرس، کە حیکایەتخوانان بەدرێژایی نەوەکان شتیان بۆ زیاد کردوە، تا ئەمڕۆیش لەپاڵ ژیانی قارەمانانەی 'عەنتەرە' و ژیانی بەنی هیلالی بەدەوی و چیرۆکە ئەفسانەییەکانی هەزار و یەک شەوەدا، سەرچاوەیەکی سازگارە لە سەرچاوەکانی کات بەسەربردن کە خەڵکی میسر بەگشتی رووی تێدەکەن.

مەمالیکی تاوەر

بەیبەرس هەشت ساڵ پێش مردنی بەیعەتی بۆ کوڕە گەورەکەی [محەمەد] ناسراو بە بەرکە خان وەرگرت، تا کاتێک سالی ۱۲۷۷ مرد، بەبێ هیچ بەرهەڵستییەک چووە سەر تەخت [و ناوی لەخۆی نا ئەلمەلیک ئەلسەعید]. بەڵام دوای دوو ساڵ لە دەسەڵات خرا. لەبەرئەوە یەکێک لەو فەرماندانەی سوپا کە لە سەردەمی بەیبەرسدا دەرکەوتبوو بەناوی قەلاوون ئەرکی سەرپەرستیکردنی لەسەر سلامیش کوڕی بەیبەرسی گرتە ئەستۆ، کە منداڵێکی حەوت ساڵان بوو. پاش ماوەیەک قەلاوون بەخەیاڵیدا هات خۆی بەتەنیا و بەبێ گەورە بچووکەکەی حوکم بکات. [لەبەرئەوە دایمالی]. لەڕاستیدا توانی، هاوشێوەی سەرکەوتنەکەی بەیبەرس، هێرشەکانی مەغۆل لە سووریا دوور بخاتەوە. چوارچێوەی مولکەکانی لە سووریا لەسەر حسابی فرەنجە فراوان کرد و ئازادی کردن لەو ئەمیرانەی دەبوو سەرەتا وەک هاوڕێ دانیان پێدا بنێت، تا کاتێک ساڵی ۱۲۹۰ مرد توانی سەڵتەنەت بۆ کوڕەکەی بەجێبهێڵێت و وەچەکانی بەدرێژایی چوار نەوە پارێزگارییان لێکرد تا ساڵی ۱۳۸۲، ئەگەرچی هەمیشە پێویستیان بەوە بوو دەسەڵاتەکەیان لەڕێی هەڵبژاردنەوە بەهێز بکرێت. هەرچۆن بێت، پاش ئەوە [ئەلمەلیک ئەلزاهیر سەیفەدین] بەرقوق تەختی وەرگرت، کە یەکێک بوو لە ئەندامانی ئەو فیرقە سەربازییانەی پێشتر قەلاوون لە مەغۆل و چەرکەسییەکان پێکی هێنابوون و تاوەرەکانی قەلای قاهیرەی کردبووە بارەگایان، لێرەوە ئەوانە بە مەمالیکی تاوەر (الممالیک البرجیة) ناسران. لەم سەردەمەدا واز لە سیستمی میراتی هێنرا و مەمالیکەکان لێوەشاوەترینیان، یان هەندێ جار بەتەمەنترینیان هەڵدەبژارد.

---

[۱۰۳] بڕوانە: E. Diez, Die Kunst der islamichen Volker, p. 58.

لەوکاتەوە دەسەلاتەکانی سولتان کە لەڕووی تیۆرییەوە رەها بوو، وردە وردە بەرتەسک بوونەوە، تا سەرەنجام نەما، چونکە وای لێهات حوکم و بڕیارەکانی ملکەچی پەسەندکردنی ئەنجوومەنی دەوڵەت بوون کە لە گەورە پیاوانی مەمالیک پێکدەهات. ئەوانەیش زۆر پەرۆشی ئەوە بوون چینەکەیان بە بێگەردی بپارێزنەوە. لەڕاستیدا بەهێزکردنی چینەکەیان بە توخمی نوێ بەکۆمەڵێک بەرپرسی تایبەت سپاردبوو کە بۆ پەیداکردنیان بەبازاڕەکانی کۆیلەدا دەگەڕان، کە پڕ بوون لە کۆیلەی هێنراو لە باشووری رووسیا و بەتایبەت ولاتی قەوقاز. نەوجەوانەکانیان لە قەڵای قاهیرە مەشقیان پێدەکرا و پاشان بەسەر ئەمیرەکاندا دابەش دەکران. ئەوانیش لە خزمەتیاندا کاریان دەکرد و چاویان لەوە بوو لەو رێیەوە پلەیان بەرز بکرێتەوە و ببرێنە پێشەوە. هەروەها مەمالیک زیاد لەوەیش، چەندین فیرقەی سەربازییان هەبوو کە سەربازەکانیان لەبەرانبەر خزمەتەکانیان زەوییان بەسەردا دابەش دەکرا. زۆری نەبرد ئەو زەوییە قەیاغانە بوونە موڵکی تایبەتیان کە لەڕێی میراتەوە بۆ وەچەکانیان دەگوێزرانەوە. خەلیل [بن ئەیبەگ ئەلسەفدی] دانەری یەکێک لە کتێبە بەناوبانگەکان کە تا ئەمڕۆیش لە فیقهی مالیکیدا پشتی پێ دەبەسترێت، یەکێک بوو لەوانە. ساڵی ١٣٦٥ مرد و هەر لەو ساڵەد لەگەڵ لەشکرگەی قاهیرە بەشداری لە بەرگریکردن لە ئەسکەندەریە کرد کاتێک پاشای قوبرس هێرشی کردە سەر. تەنیا پۆستی قازی و مامۆستایانی قوتابخانەکان تایبەت بوون بە زانایانی خەڵکی ولاتەکە. بەڵام لە بەڕێوەبردنی مەدەنیدا کە دادنووسان و ئیمزانووسان پلەی باڵایان هەبوو، مەمالیک جولەکە و مەسیحییەکانیان پێش غەیری ئەوان دەخست.

ژیانی فیکری لە سەردەمی مەمالیکدا. ئیبن تەیمییە

ئەم ناسەقامگیرییە بەردەوامە لە دۆخی سیاسیدا، کە ماوەی حوکمی سولتانەکانی کورت دەکردەوە و بەدەگمەن نەبێت ڕێگەی نەدەدا بەدەردی خوا بمرن، حاڵەتێکی دڵەڕاوکێ و نادڵنیایی بەدوای خۆیدا هێنا کە هەڕەشەی لە کۆشک و حکومەت هەموویان دەکرد، لە گیان و ماڵیاندا، کە هیچ چینێکی حوکمڕان پێشتر دووچاری شتی وانەبووە مەگەر لە خراپترین ڕۆژانی دەوڵەتی ڕۆمانیدا. فەرمانبەران، تەنانەت بەتواناترینیان، بەدەگمەن نەبێت نەیاندەتوانی لە سێ ساڵ زیاتر پۆستەکانیان بەدەستیانەوە بهێڵنەوە. چەندین قازی قەزایان پێ دەسپێردرا، پاشان دە جار لەدوای یەک و ڕەنگە زیاتریش لە کارەکەی لادەدرا. جگە لەوەیش زانایانی ئاینیی سوننە هەژموون و بەربەستی مەعنەوییان هەبوو، ئەو زانایانەی خۆیان لە چەوساندنەوەی پیاوچاکێکی ئیمانداری ڕاست و ڕەوان بەخوای وەک ئیبن تەیمییەی حەنبەلی[١٠٤] نەدەبوارد، لەسەر ئەوەی ئامادە نەبوو لە هەموو بۆچوونەکانیان هاوڕایان بێت و بەڕەنگاریی زۆر ڕواڵەتی دینداریی خەڵکی عەوامی دەکرد، وەک پەرستنی پێغەمبەران و پیاوچاکان. ڕاستییەکەی بەیبەرس خۆی دانی بە مەزەبی

---

[١٠٤] بڕوانە: H. Laoust, Essai sur... Ibn Taymiya, Cairo, 1939.

حەنبەلی دا نا وەک مەزهبێکی راست و هاوشێوەی مەزهبەکانیتر قازی قوزاتێکی بۆ حەنبەلییەکانیش لە قاهیرە دامەزراند. بەلام حەنبەلییەکان هاوشێوەی شێخە یەکەمەکەیان لە بەغدا، ئەو مەزهبانەیان تووڕە کرد، بەوەی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد تەنیا ئەوان نوێنەرانی راستەقینەی ببیروباوەڕی ئیسلامین. لەبەرئەوە زۆری نەبرد ئیبن تەیمییە کە سالی ١٢٨٢ وەک مامۆستا جیگەی باوکی گرتەوە لە دیمەشق، بەهۆی فتوایەکەوە کە لە وەلامی پرسیارێکدا لە حەماوە بۆی هاتبوو، بەزندیق تۆمەتبار کرا، چونکە فتواکەی لەگەڵ بۆچوونەکانی مەزهبی شافیعی تێکدەگیرا، بەهۆیەوە لە پۆستەکەی لادرا و سالی ١٣٠٥ پەلکێشی دادگە کرا لەبەردەم دەستەی قەزای شافیعیدا لە قاهیرە، کە حوکمی بەندکردنی بۆ دەرکرد. تا کاتێک پشتیوانەکەی پێشووی، ئەلمەلیک ئەلناسر، بۆ جاری سێیەم چووەوە سەر تەخت، وتنەوەی فیقهی حەنبەلی لەو قوتابخانەیەی دایمەزراند پێ سپارد و سالی ١٣١٣ لەگەڵ خۆی بردی بۆ دیمەشق. بەلام ئیبن تەیمییە جارێکیتر گەڕایەوە و سالی ١٣١٨ زانا ئاینییەکانی شێتگیر کردەوە بەهۆی دەرکردنی فتوایەک لەبارەی تەلاق، کە ئەلمەلیک ئەلناسر خۆیشی نەیتوانی بەرگری لێ بکات و بەوهۆیەوە پێنج مانگ خرایە کونجی زیندان. پاش ئەوە دەستی بە وانەوتنەوەکەی کردەوە. هەرچۆن بێت دژبەرەکانی توانییان وا لە دەولەت بکەن لە تەمموزی سالی ١٣٢٦ جارێکیتر بیگرێتەوە بەهۆی بۆچوونێکییەوە کە لە ١٣١٠-وە سەبارەت بەسەردانی گۆڕی پێغەمبەران و پیاوچاکان رایگەیاندبوو. کاتێک لە قەلای دیمەشق بەند بوو، سەرەتا دەیتوانی درێژە بەچالاکیی زانستیی خۆی بدات، تا کاتێک کاغەز و مرەکەبی لێ قەدەغە کرا بەو سووکایەتییە زۆر خەمبار بوو و لە ٢٩ی ئەیلوولی سالی ١٣٢٩ کۆچی دوایی کرد. ئەگەرچی هاوسەردەمەکانی هەوڵیان دا بۆچوونەکانی بەزۆر سەرکوت بکەن، بەلام سەرباری ئەوەیش توانی لە بازنەی سنووردارای شوێنکەوتەکانیدا بەزیندوویی بمێنێتەوە، تا بزوتنەوەی وەهابی پاش چوارسەد سال ئیلهامی لێ وەرگرت، لێرەیشەوە، بزوتنەوەی نوێگەریی ئیسلامیش لەم نەوەیەی ئێستادا سوودی لێ بینی. هەرچی بوارەکانیتری فەرهەنگ و رۆشنبیرییە، سووری و میسرییەکان بەرهەمێکی زۆر بەپیتیان لە سەردەمی مەمالیکدا بەرهەم هێناوە، کە ژمارەیەک بەرهەمی بەنرخیان بۆ بەجێهێشتووین، بەتایبەت لە بواری مێژوودا. بەلام ئەم بەرهەمە خەریکە بڵێین هیچ ڕەسەنایەتی و داهێنانێکی تێدا نیە.

ژیانی ئابووری

بناغەی ئابووریی ئەم بەرهەمە فراوانە لە سەردەمی مەمالیکدا، سیستمی ئەوقاف بوو کە لە سەردەمی عەباسییەکاندا دامەزرا و لە میسر و سووریا بەشێوەیەکی نزیک لە خەیاڵ دەوڵەمەند بوو[١٠٥]، ئەویش بەوەی گەورە زەنگینە سووری و میسرییەکان هاوشێوەی

[١٠٥] بڕوانە: C. H. Becker, Islam, I, 93 ff.

هاوتا عێراقییەکانیان پێشتر، مولکە گەورەکانیان دەکردە وەقف بۆ کاری خێر و خزمەتکردنی زانست، تا بەوە سامانەکە لە دەستبەسەراگرتن بپارێزن و لانیکەم داهاتێکی لێ بکەوێتەوە بۆ خاوەن وەقفەکە و وەچە و وەلەوەکانی. بەڵام ئەم وەقفانە تووشی بەرچاوی ئۆممەتی لە گەڕان بەدوای رزق و رۆزیدا خست و بەرەو ژیانی تەوەزەلیی ئاینی و دەروێشایەتی بردن، هاوکات رووبەرێکی زۆری زەوی لە وەبەرهێنان دوور خستەوە، لێرەیشەوە دەکرێت تا رادەیەکی زۆر بە بەرپرسیار لە پاشکەوتنی ئابووریی رۆژهەلات دابنرێت. زۆربەی وەقفەکان لە شارەکاندا دادەمەزران، کە لە بەکرێدانی دوکانی بچووک یان شوێنی پیشەسازی و کاری جۆراوجۆردا وەگەڕ دەخران.

چینی حوکمڕان، واتە مەمالیک، لە بژێویاندا پشتیان بەو قەیاغە (زەوی و زارە) دەوڵەمەندانە دەبەست کە وا باو بوو پێیان دەدرا. بەڵام ئەو قەیاغانە نەدەبوونە مولکی تایبەتی بنەماڵەکە، چونکە یاسا بەمیراتگرتنی قەیاغە (ئیقتاع)ی قەدەغە کردبوو. لەڕاستیدا دەبوو میراتگران پاش مردنی زەوی پێدراوەکە، ئەوەی دەوڵەت پێشەکی دابووی بەو کابرایە لەبەرانبەر سالانێک لە خزمەتی دیاریکراو کە مردنی رێگەی نەدابوو تەواوی بکات، بگێڕنەوە بۆ گەنجینەی دەوڵەت، بۆ ئەو مەبەستەیش نووسینگەیەکی تایبەتی دامەزراندبوو. ئەوەیش چەندین کێشەی لێدەکەوتەوە، کە دەوڵەت ناچار بوو بەیاسایەکی تایبەت یەکلایان بکاتەوە. وابزانم پێویست بەوەیش ناکات باسی ئەوە بکەین کە ئەو جووتیارانەی لەو زەوی و زارانەدا کاریان دەکرد و لێیان قەدەغە بوو تەنانەت بەجێیشیان بێڵن، بێڕەحمانە تەسلیمی ویست و ئارەزووی رووتی خاوەن زەوی دەکران[١٠٦].

نەک هەر ئەوە، بگرە سیستمی ئابووری لەپاڵ ئەوەدا بەچەندین جۆری دەست بەسەرداگرتن و قۆرخکردن جیا دەکرایەوە، کە سەرەڕای سەرکۆنەکردنیان لەلایەن یاسا ئاینییەکان و ناڕەزایی بەردەوامی زانایانی ئاینی لەسەر پەیڕەوکردنیان، بڕبڕەی پشتی دارایی دەوڵەتیان پێکدەهێنا. دەوڵەت بەزۆر، زۆربەی بەروبومی و کەرەستەی سەرەکی دەکڕییەوە و پاشان بە نرخێکی دیاریکراو دەیفرۆشتنەوە بە بازرگانانی وردە فرۆش. بێگومان ئەم ڕێکارەی بەئامرازێکیش دەبینی بۆ ڕێگرتن لە سفتەبازیی بازرگانی (المضاربات التجاریة) لە رۆژانی قەیراندا. لەڕاستیدا بازرگانی لە سەردەمی مەمالیکدا گەشەسەندنێکی نائاسایی بەخۆوە بینی، چونکە میسر و سووریا تا ئەوکاتە هێشتا کەوتبوونە سەر ڕێگای بازرگانیی دەوڵەمەندی هیندیی کۆمارە بازرگانەکانی ئیتاڵیا. ئەو کۆمارانە زۆر جار لەڕێی ئەو پەیماننامانەی لەگەڵ مەمالیک دەیانبەستن، دەیانتوانی هەندێ مافی تایبەت بۆ خۆیان بپچڕن کە پاشتر بوونە بناغەیەک بۆ ئیمتیازاتە بیانییەکان، کە گەورەترین کاریگەرییان لە میژووی میسردا هەبوو، تا سەردەمی نوێ.

---

[١٠٦] بڕوانە: A. N. Poliak, Feudalism in Egypt, Syria, Palestine and the Lebanon, London, 1939.

هونەری تەلارسازی

بەم شێوەیە داهاتێکی زەبەلاح کەوتە بەردەست سوڵتانەکانی مەمالیک و توانای ئەوەی پێبەخشین بایەخێکی بەرفراوان بە تەلارسازی بدەن، لێرەوە ئاسەوارەکانیان شان لە شانی نایابترین ئاسەوارەکان لە گەشاوەترین سەردەمەکانی ئیسلامدا دەدەن. مەمالیکەکان کە لە سەردەمی قەلاوون و پاشترەوە نەریتیان وابوو دامەزراوەکانیان بە بەردی کانەکان دروست بکەن وەک بەردی کلسی دەرهێنراو لە موقەتەم و هەردوو بەردی بلور و گرانیت کە لە میسری سەروو دەردەهێنرێن، لەبەرئەوە شوێنەوارەکانیان لەوانەی پێش خۆیان زیاتر خۆیانیان لەبەردەم زەبری رۆژگاردا راگرتوە و تا ئەمڕۆیش بیچمی تەلارسازیی قاهیرە دەنوێنن. گۆڕەکان شوێنی یەکەم لەناو ئەو ئاسەوارانەدا دەگرن. لەڕاستیدا تەرزی مەزارگە مەمالیکیەکان، کە گومەزی بەرزی جوانیان هەیە، لە تورکستانەوە هێنرایە میسر. بەم شێوەیە مەمالیکەکان هونەری نیشتمانە یەکەمەکەیان، ئەگەرچی هەر لە تەمەنی منداڵییەوە لێی هەڵکەنرابوون، بەنموونەی بالا دەبینی کە هەوڵیان دەدا لەڕێی نوێنەرەکانیەوە، کە خوازیاری پاراستن بوون لە سایەیاندا، بەدیبێنن. گومەزی تورکی وەک لە سەردەمی فاتیمی و ئەیوبییەکاندا باو بوو، بەبەرزیی بازنەکەی لە بەشە لاکێشە یان چوارگۆشەکەی ئەو بنکەیەی رایدەگرێت لە گومەزی فارسی جیا دەکرێتەوە، ئەوەیش لەڕێی چەند تاقێکی بەرزی ناو دیوار لە گۆشەکاندا، یان لەڕێی ریزی لەدوای یەکی سێگۆشەی راگرەوە. لێرەدا ستایلی تەختەیی هیندی پارێزرا کە پاشتر گومەزی بەردینی لێ کەوتەوە. لە سەردەمی سوڵتان حەسەندا (١٣٤٧-١٣٥١) لە قاهیرە جۆرێکی نوێ لە دروستکردنی رووکاری مزگەوت سەری هەڵدا، دیوارە بەردینە لووسە بەشکۆکانیان بەژمارەیەک تاقی یەکسان جیا دەکرانەوە کە تا بنی سەربانەکە بەرز دەبوونەوە، لەوێ دەبەستران بە پاسارە ئاسۆییە شۆڕبووەوەکانەوە. پەنجەرەکان دەخرانە تاقەکان. هەرچی دیوارەکە بوو واباو بوو بەلەکۆنیان لەسەر دروست دەکرا. دەرگای سەرەکی بەگشتی لە گۆشەدا دەبوو لە ناوەڕاستی تاقێکی قوووڵدا، کە بە پلیکانەیەکی کراوە بۆی دەچیت. وای دەبینین ئەم تەرزە کە هونەری بابلی-ئاشووری تێدا پارێزراوە، دەبێت لە میزۆپۆتامیای سەروو و ناوچە شاخاوییە کوردییەکانەوە، کە قەدەر وابووە وەک ئەوەی لە مۆزەخانەیەک بێت تێیدا بپارێزرێت، گوێزراوەتەوە بۆ ئازربایجان و ئاسیای بچووک لە باکوور و میسر لە باشوور. لە نایابترین نموونەکانی ئەم تەرزە مزگەوتی سوڵتان (کە مەزارگەکەیشی تێدایە) و ئەو قوتابخانەیەیە دایمەزراند و ژمارەیەک هۆڵی سەربەخۆی تێدا دروست کرد، تا هەر چوار مەزهەبەکانیان تێدا بخوێنرێت[١٠٧].

---

[١٠٧] بڕوانە: E. Diez, Die Kunst der islamischen Volker, 142 ff.

تورکەکان و مەغۆل: کۆتایی خیلافەت

ئەگەر تورکەکان لە ماوەی چەندین سەدە لە خراپیی بەڕێوەبردن، گەورەترین ئازاریان بە شارستانێتیی ئێران و عێراق گەیاند، کە سەروەختێک گەیشتبووە ئەوپەڕی گەشەسەندنی خۆی، ئەوا خزمە تەتار Tatars یان مەغۆلەکانیان Mongols لە سەرەتای سەدەی سیازدەیەمدا بەیەکجاری ئەو شارستانێتییەیان لەناو برد. مێژوونووسی عەرەب ئیبن ئەلئەثیر لە راستی لاینەداوە کاتێک لە میانەی قسەکردنی لەسەر رووداوەکانی سالی ٦١٧ک (١٢٢٠ز) بە سەدایەکی پڕ بەگریان و کاریگەرەوە دەڵێت "شالاوی مەغۆل بۆ سەر رۆژهەلاتی نزیک گەورەترین کارەسات بووە بەسەر مرۆڤایەتیدا هاتووە". رەنگە فاکتەرە ئابوورییەکان رۆڵێکی گەورەیان لەو شالاوەی مەغۆلدا هەبووبێت هاوشێوەی دەرچوونی پێشتری عەرەب لە ولاتی خۆیانەوە بۆ فەتحکردنی جیهان، بەدەربڕینێکیتر، دەگونجێت کێشە لەسەر لەوەڕگا لەنێوان بەخێوکەرانی ئەسپ و دەڵەوتداران (خاوەن مالات)دا رۆڵی لەو رووداوە گەورەیەدا هەبووبێت. بەڵام چاکەی کۆکردنەوە و یەکخستنی ریزەکانی مەغۆل –کە پێشتر دوو بەشی گەورە بوون، یەکەمیان دەقی بەژیانی کۆچڕەوییەوە گرتبوو لەسەر سنوورەکانی ئیمپراتۆرییەتی چینی، دووەمیشیان لە باکوور نیشتەجێ بوو و بۆ بژێوی پشتی بە راو و شکار و راوەماسی دەبەست- وەک نەریتی مێژوویش وابووە، بۆ کەسایەتییەکی بەهێز دەگەڕێتەوە، ئەویش جەنگیزخانە، کە توانی بە وەحشیگەرییەکی وێرانکەرانەی تینوو بەخوێن، کە سروشتی ئەو نەژادە بووە و پێی ناسراوە، بەئۆردوەکانی مەغۆلەوە بدات بەسەر ولاتانی شارستانیی کۆندا.

شاکانی خوارەزم

بەشی رۆژهەلاتی ئیمپراتۆرییەتی پێشووی خیلافەت، پاش رووخانی سەلجووقییەکان، بوو بە گەمەیەک بەدەستی تورکە زالبووەکانەوە، کە جەنگە بەردەوامەکانیان کاولکاری و وێرانەیان لەو ولاتە شارستانییانەدا نایەوە. لێرەدا بوار نیە بەوردی قسە لەسەر ئەو رووداوە دڵتەزێنانە بکەین، لەبەرئەوە تەنیا ئاماژەی خێرا بەدیارترین و گرنگترین رووداوەکان دەکەین. لە سالی ١٠٩٧ بەدواوە سەنجەر Sanjar یەکێک لە میراتگرانی دەسەلاتی سەلجووقی توانی فارس و ئەو ولاتانەی دەکەوتنە هەردوولای رووباری جیحون بۆ ماوەیەکی کورت یەکبخاتەوە و ئاسایشیان تێدا بەرقەرار بکات. دەبوو لە خوارەزم دان بە دەسەلاتداریی.(محەمەد بن ئەنوشتیکین)دا بنێت کە پێشتر بەرکیارق کردبوویە دەسەلاتداری ئەوێ و سەربەخۆیی وەرگرتبوو و نازناوی (خوارەزمشا)ی وەرگرتبوو. هەروەک ناچار بوو دان بە تاجەدین ئەلفەتح کوڕی تاهیریشدا بنێت لەسەر سیستان (سجستان)، کە بەڕواڵەت رەچەڵەکی دەگاتەوە بە سەفارییەکان. غەزنەوییەکان،

حاکمانی سەربەخۆی ئەودیو رووبار –کە وەک پێشینانیان پەلاماردانی هیندیان بەکاری سەرەکیی خۆیان دادەنا- تا رادەیەک ملکەچی سوڵتان سەنجەر بوون. بەڵام ئەتسیز (١١٢٨-١١٥٦) کە پاش محەمەدی باوکی تەختی خوارەزمی وەرگرت، زۆرپاش ماوەیەک کەوتە هەوڵدان بۆ خۆ رزگارکردن لە هەژموونی سوڵتانی سەلجووقی. لەبەرئەوە سوڵتان بەهۆی یاخیبوونەکەیەوە لە دەسەڵات دایماڵی. تا کاتێک سەنجەر وڵاتەکەی بەجێهێشت، ئەتسیز جارێکیتر یاخی بوویەوە و هۆزی قەراختای مەغۆلی –کە لەسەر بتپەرستی مابوون- هەڵنا بۆ هێرشکردنە سەر سەمەرقەند تا ئاراستەی سەنجەر بەرەو رۆژهەڵات بسووڕێنێت. ئەم خزمانەی تورکەکان –کە پێشتر هەندێ باسی مێژووی کۆنیانمان کرد- لە ساڵی (٩١٦)وە حوکمی چینییان کردبوو و بە بنەماڵەی (لیاو) ناسرابوون، لێرەوەیە رووس تا ئەمڕۆیش بە چین دەڵێن (خیتای). بەڵام جەرجینییەکان the Jurjenes کە گەلێکی تونکوتین دەوروبەری ساڵی ١١٢٥ لەوێ دەریانکردن، لەبەرئەوە بەرەو رۆژئاوا گەڕانەوە.

مەغۆلەکان سەرەتا هێرشیان کردە سەر وڵاتی قیرغیز لە کەناری یەنیسی. پاشان هێرشیان کردە سەر کاشغەر و خوتەن لە باشوور. لە ٩ی ئەیلوولی ساڵی ١١٤١ لەوبەری رووباری جەیحون شکانێکی سەختیان بەسەر سەنجەر و لەشکرەکەیدا هێنا. لەوکاتەوە ئەمیرەکەیان حوکمی رووبەرێکی بەرفراوانی زەوی دەکرد کە لە یەنیسییەوە لە باکوور درێژ دەبوویەوە تا دەگەیشتە بەڵخ Balkh لە باشوور. هەروەها لە خوارەزمەوە لە رۆژئاوا، کە پاشاکەی بوو بە شوێنکەوتەی، تا ئیمپراتۆرییەتی ئویگۆری لە رۆژهەڵات. بارەگای خۆی لە نزیک بەلاساغون لە کەناری (چوی) Chui دانا کە ئەمڕۆ رووباری سەرەکییە لە تورکستانی رووسیا. مەسیحییەت کە نێردە نەستوورییەکان لەو ناوچەیە بڵاویان کردبوو هێشتا لە ململانێدا بوو لەگەڵ ئیسلام، کە سەرەنجام بەهۆی فرەیی و فراوانیی پەیوەندییەکانیەوە، ئیسلام بالادەست بوو[١٠٨]. ئەتسیز گەورەترین سوودی لە کۆستەکانی سەرگەورە رەهاکەی بینی. ئەگەرچی نەیتوانی ئەو شوێنانەی وڵات کە دەستی بەسەردا گرتن بەیەکجاری لەژێر دەستیدا بهێڵێتەوە و ناچار بوو سەرلەنوێ لابەندی بۆ سەرگەورە کۆنەکەی دووبارە بکاتەوە، ئەوا ئیل ئەرسەلانی کوڕی کە ساڵی ١١٥٦ لە جێگەی ئەو چووە سەر تەخت، زۆری نەبرد دەوڵەتی بنەماڵەی خوارەزمشایی دامەزراند، ئەوەیش بۆ ماوەیەکی کورت کاریگەریی یەکلاکەرەوەی لە مێژووی ئاسیای ناوەڕاستدا هەبوو.

---

[١٠٨] ئەوروپییەکان زانیارییەکی نارۆشنیان لەبارەی ئەم دۆخانە هەبوو. لەم زانیارییە –پاش ئەو دەستکاریکردنەی بەسەر نازناوی جورخاندا هات- ئەو ئەفسانە بەربڵاوە پەیدا بوو لەبارەی ئیمپراتۆرییەتی پرێستەر جۆن Prester John لە رۆژهەڵاتی دوور. بڕوانە ئەم دوو سەرچاوەیە:

- G. Oppert, Der Presbyter Johannes in Sage und Geschichte, 2nd edition, Berlin, 1870.
- F. Zarncke, Der Priester Johannes, Leipzig, 1879 (Konigliche Sachsische Gesellschaft fur Wissenschaft, VII, XIX).

دەوڵەتی غۆری

کەمێک دوای ئەوە دەوڵەتی غەزنەوی کەوتە دەست گرووپە تورکە نوێیەکان. هەندێ ئەمیری خۆماڵی لە ئاڵ سووری حوکمی وڵاتی شاخاویی غۆریان دەکرد لەنێوان شیوی هیلمەند و هیرات لە ئەفغانستان، کە سەر بە دەوڵەتی غەزنەوی بوون و لە سایەی ئەودا کاریان دەکرد. یەکێکیان [قوتبەدین محەمەد بن حسێن] ژن و ژنخوازی لەگەڵ بەهرام شای ئەمیری غەزنەدا کرد [بەو خزمایەتییە پایە و وڕەی زۆر بەرز بوویەوە] لەبەرئەوە بەهرام شا پەلەی لێکرد و کوشتی. جا براکەی [بەناوی سەیفەدین سووری بن حسێن] ساڵی ١١٤٨ بۆ تۆڵەکردنەوەی براکەی بەرەو غەزنە کەوتە ڕێ و سوڵتانی ناچار کرد رابکات بۆ هیند. لەوێ هێزێکی زۆری جەم کرد و گەڕایەوە بۆ غەزنە، سووری چوو بۆ بەرهەڵستیکردنی، بەڵام بەهرام شا شکاندی و کوشتی. پاش ماوەیەک براکانی سووری هێزە هەمەجییەکانیان کۆکردەوە و ساڵی ١١٥٠ هەڵمەتێکیتریان کردەوە سەر غەزنە و گرتیان وێرانیان کرد، ئەمڕۆ لە دیمەنەکەی تەنیا دوو مناڕەی ماون کە مێژووی دێرینی یاد بخەنەوە. لەوکاتەوە بەهرام شا لە هیند ژیا و شاری لاهووری کردە بارەگای خۆی.

پاشان غووریییەکان بەرەو هیرات چوون و هێرشیان کردە سەر مووڵکەکانی سەنجەر. بەڵام سوڵتانی سەلجووقی ڕووبەڕوویان بوویەوە و شکاندنی و بۆ ماوەی دوو ساڵ سەرۆکەکەیانی دیل کرد و پاش ئەو ماوەیە گەڕایەوە وڵاتەکەی. بەڵام ئەو هەڵمەتەی سەنجەر کردیە سەر عەشیرەتەکانی غوزی تورکمانی، هەمان سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا کە لە هەڵمەتەکەیدا بۆ سەر غووریییەکان بەدەستی هێنا. ئەوە بوو هۆزی قەراخیتای مەغۆلی ئەو غوزانەی لە لەوەڕگاکانیاندا بێزار کردبوو، ئەوانیش پێوستی ناچار بە زەوییەکانی سەنجەری کردن. غووز سەرەتا مەیلیان بەلای ملکەچکردندا بوو، بەڵام ملهوڕیی باجگرەکان ناچار بەشۆڕشی کردن. ئەوە بوو ساڵی ١١٥٣ شکانێکی کەمەرشکێنیان بەسەر سوڵتاندا هێنا و ماوەی سێ ساڵ بەدیلیان گرت. ماوەیەک پاش رزگاربوونی لە دیلی، لە ساڵی ١١٥٧ مرد.

غوز (یاخود ئۆغوز) پاش سەرکەوتنەکەیان بەسەر سەنجەردا، دایان بەسەر ئەو وڵاتانەی بەدەستییەوە بوون، خەڵکەکەیان سەردەبرین و مال و مووڵکەکانیان تاڵان دەکردن. مەحموودی برازای جێگەی سەنجەری گرتەوە، بەڵام سەرپەرستەکەی، موئەیەد، زۆری نەبرد لە دەسەڵات دایماڵی. کاتێک ئیل ئەرسەلان مرد و دوو کوڕەکەی لەسەر تەخت بوو بە کێشەیان، موئەیەد لای بچووکەکەیانی گرت، بەڵام گەورەکەیان، تەکەش، ساڵی ١١٧٤ بەزاندی و کوشتی. راستییەکەی لەنێوان هەردوو برادا چەندین جەنگی درێژخایەن ڕوویان دا و غوزەکان -کە لە سەرتاسەری وڵاتدا بڵاو بووبوونەوە- بەشداریان تێیاندا کرد. تا ساڵی ١١٩٣ تەکەش پاش مردنی براکەی توانی دەست بەسەر

تەواوی مەملەکەتەکەدا بگرێت و خوارەزم لە سەردەمی ئەودا تا ساڵی ١٢٠٠ لە هێرشەکانی غوز پارێزراو بوون، ئەویش بەهۆی سەرقاڵییان بە هێرشکردنە سەر ئەو شوێنانەی غەزنەوییەکان کە لە هیند مابوون. بەڵام زۆری نەبرد موعیزەدینی غووری ساڵی ١٢٠٤، پاش مردنی تەکەش و چوونە سەر تەختی عەلائەدین محەمەدی دووەمی کوڕی، هێرشی کردە سەری، بەڵام هەوڵەکەی شکستی هێنا و لەکاتی کشانەوەدا قەراختاییەکان هەڵیانکوتایە سەر هێزەکانی و خەریک بوو تەفروتونایان بکەن. ئەم شکستە زیانێکی گەورەی بەحوکمی غووری لە هیند گەیاند، پاش ماوەیەکی کەم ئەمیرەکان لەو ناوچەیە لەسەر دەسەڵات بوو بە کێشەیان. بەڵام ئەڵتمش [شەمسەدین]، کە پێشتر کۆیلەیەکی تورک بوو، توانی هەموو مەملەکەتەکەی جارێکتر لە سایەیدا یەک بخاتەوە.

لە سەردەمی ئەلناسری عەباسیدا

لە فارس، شا خوارەزم لەگەڵ ناوچەی دەسەڵاتی خەلیفەی عەباسی ئەلناسردا (١١٨٠-١٢٢٥)دا بەریەک کەوتن، کە -ئەمەی دوایی- توانی بەغدا لە حوکمی ئەمیرەکانی سوپا رزگار بکات، پاشان لە پایتەختەکەیەوە لە عێراق پێشڕەوی کرد بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی بەئاراستەی ڕۆژهەڵات. ئەم خەلیفەیە کە بەدواین خەلیفەی لەڕووی سیاسییەوە بەتوانای بنەماڵەی عەباسی دادەنرێت، هەوڵی دا لەڕێی کارێکی زیرەکانەوە دەسەڵاتە لاواز و بارگرانەکەی بەهێز بکات، ئەویش دۆستایەتی و چاودێریکردنی شیعە بوو. چەند سەدەیەک بوو گرووپەکانی جوامێری (الفتوة) veterans لە عێراق پەیدا بووبوون[١٠٩]، کە بێگومان سەرەتا بەدرێژایی سنوورەکان لەنێو موجاهیدان سەریان هەڵ دا، بەڵام زۆری نەبرد لە ناو ئیمپراتۆرییەتەکەدا چالاک بوون، لە سەروەختی پشێویی سیاسیدا دانیشتوانیان دەتۆقاند و ترس و بیمیان دەخستە دڵیان، هەندێ جاریش دەگۆڕان بۆ باندی تاوانباری ترسناک. بەڵام لە کاتی ئاشتیدا لە پەیوەندیدا بوون بە فیرقە سۆفییەکانەوە. ناسر هەوڵی دا ئەو گرووپانە بۆ خزمەتی خۆی بەکار بێنێت لەڕێی بەباشی ڕێکخستن و سەرکردایەتیکردنیان لەلایەن خۆیەوە. ئەگەر عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب، زاوای پێغەمبەر، تا ڕادەیەک "فریشتەی پاسەوان"یان بوو وەک نموونەی باڵایان لە پاڵەوانێتیدا، ئەوا ناسر دەرفەتی بۆ وەچە و نەوەکانی عەلی ڕەخساند لە بواری چالاکی لە ڕێکخراوی فتوەدا، هەروەها سوودی لە هەژموونی ئەدەبییان وەرگرت و لە هەمان کاتدا پەرۆش بوو کە باڵادەستیی خۆی بەساغ و پارێزراوی بمێنێت. لەو ڕووەوە ئەم ڕێکخراوە سوارچاکە

---

[١٠٩] بڕوانە: F. Taeschner, Islamisches Ordensrittertum zur Zeit der Kreuzzuge, Die Welt als Geschichet, 1938, 387-402.

بەدڵگەرمییەوە بایەخی بەوەرزشی جەستەیی دەدا، زۆر لە ئەمیرەکان چوونە ناوی و ئەندامێتییان تێیدا بەزیادە شەرەف دەبینی، ئەگەرچی رێکخراوەکە هیچ لەو شتانەی بۆ خەلیفە نەڕەخساند کە چاوی لێی بوو لە دەسکەوتنی هەژموونی سیاسی فراوان لەڕێیەوە. راستە سەرۆکی هەرەگەورەی حەشاشین -مەترسییان کزی کردبوو- سەرەڕای بیروباوەڕە شیعییەکانی سوێندی گوێڕایەڵیکردن و لایەندی (ولاء)ی بۆ خەلیفە خواردبوو، بەڵام شتێکی ئەوتۆ لەم رووداوە سەوز نەبوو. هەر هێندەی تەکەش لە رۆژهەڵات کەوتە جموجوڵ، وەزیری خەلیفە [موئەیەدەدین محەمەد بن عەبی ناسراو بە ئیبن ئەلقەساب] رووی کردە خوزستان و هەرێمە فارسییە هاوسێکان و گرتنی. تا کاتێک تەکەش توانی ساڵی ١١٩٦ لە رۆژهەڵات بەسەر دوژمنەکانیدا زاڵ بێت، گەڕایەوە بۆ رۆژئاوا و هەموو ئەوەی لەدەستی دابوو گێڕایەوە، تا سنووری خوزستان. ساڵی ١٢١٤ خەلیفە بەرەو باکوور پێشڕەوی کرد بەرەو وڵاتی چیا کە کۆیلە (مەملوک)ێک بەناوی مەنگلی کۆنترۆڵی کردبوو، خەلیفە یەکێک لە هاوەڵانی لێ هەڵنا، کە ئۆزبەک بن بەهلەوان ئەمیری ئازربایجان بوو، ئەویش مەنگلی شکاند و کوشتی و ئوغلومیشی مەملوک [براکەی] لە جێگەی دانا. تا کاتێک ئەمیش هەوڵی دا هاوپەیمانییەک لەگەڵ عەلائەدین محەمەدی دووەم [کوڕی تەکەش] ببەستێت، ناسر یەکێک لە حەشاشینی بۆ کوشتنی راسپارد و کوشتی. لێرەدا عەلائەدین عەزمی جەزم کرد دەسەڵاتی دژبەرە سەرسەختەکەی بنکۆڵ بکات، لەبەرئەوە ساڵی ١٢١٧ داوای بەستنی کۆنگرەیەکی ئاینی کرد بۆ بڕیاردان لە هەقدارتربوونی عەلەوییەکان بۆ خیلافەت، کە شوێنکەوتەکانی هێشتا لەمسەر تا ئەوسەری فارسیان تەنیبوو. ئەنجا عەلەوییەکی بەناوی عەلاء ئەلمولک لە تیرمیذ وەک رکابەر بۆ خەلیفە هەڵبژارد، پاشان کەوتە ئامادەسازی بۆ گرتنی بەغدا و دانانی عەلا ئەلمولک لەسەر تەختی خیلافەت. وا رێکەوت هێزەکانی زستان لەو ساڵەدا ماوەیەک پێش لە کاتی زانراو هێرشیان کرد، لەبەرئەوە ناچار بوو لەکوێوە هاتبوو بگەڕێتەوە بۆ ئەوێ[١١٠]. پێش ئەوەی ساڵی داهاتوو بتوانێت پلانەکەی جێبەجێ بکات، کارەساتێکی دڵتەزێن بەسەر جیهانی ئیسلامیدا هات دۆخە سیاسییەکەی ژێراوژوور کرد.

---

[١١٠] خەلیفە بۆ زیندووڕاگرتنی یادی رزگاربوونی لەو مەترسییە، دەرگای ئەلتەلەسمی لە بەغدا دروست کرد، کە پاشتر کرا بە تاوەری باروود و تورکەکان لە جەنگی جیهانیی یەکەم لەکاتی کشانەوەیان لەبەردەم پێشڕەویی هێزەکانی بەریتانیادا تەقاندیانەوە. لەسەر دەرگاکەی وێنەی خەلیفە کراوە کە ئەژدیهایەک لای راستی و یەکێکیتر لەلای چەپیەتی و هەردوو چەناکەی هەردووکیانی گرتوە و دەیەوێ بیاندڕێنێت. ڤان بێرچام M. Van Berchem باوەڕی وایە ئەو دوو ئەژدیهایە هێمان بۆ هەردوو دژبەرەکەی خەلیفە: حەشاشەکان و عەلەوییەکان.

سەرهەڵدانی مەغۆل. جەنگیزخان چین داگیر دەکات

ئەو گەلانەی لە جەرگەی ئاسیا نیشتەجێ بوون شەپۆلێکیتری کۆچیان بەخۆوە. دراوسێ رۆژهەلاتییەکانی تورکەکان، کە هەندێ هۆز بوون رەچەڵەکێکی کۆن دەیبەستن پێیانەوە، پارێزگارییان لە هەندێ تایبەتمەندیی نەژادی مەغۆلی کردبوو. پێشتر باسی یەکێک لەو هۆزانەمان کرد بەناوی قراختای، کە یەکەمین هۆز بوو پاش هوونەکان بەرەو رۆژئاوا کۆچ بکات. لەو کاتەدا خزمەکانیان هێشتا لە مەنگۆلیای ئێستا، لە باشووری سیبیریا، نیشتەجێ بوون. خەڵکی چین بەوانەیان دەوت تەتار، -ئەو ناوە تەنانەت لە نووسینی زۆر دێرینی ئورخونیشدا دەیبینین- کە بەگوێرەی قۆناغەکانی پەرەسەندنیان کردبوونیان بە سێ بەشەوە. هەرچی هاوسێ زۆر نزیکەکانیان بوون کە لەودیو شووڕەی چینەوە نیشتەجێ بوون و تار ادەیەکی زۆر کەوتبوونە ژێر کاریگەریی کەلتووری چینی، ناویاننابوون تەتارە سپییەکان. لە باکووری بیابانی غوبیش تەتارە رەشەکان نیشتەجێ بوون کە کۆچەری بوون. نێردە نەستوورییەکان جێگەی خۆیان لەناویاندا کردبووەوە و هۆزەکانی کیرایت کە لە کەناری هەردوو رووباری ئۆنۆن و کیرولینی سەروو و لە کەناری تۆلایش دەژیان، بووبوونە مەسیحی. گەلانی جەنگەڵستان لە باکووری ئەو تەتارە رەشانە نیشتەجێ بوون و ژیانیان لەسەر راو و شکار بوو و ئەو هۆزانەی باسمان کردن، سەرباریی خزمایەتییان، بە بێڕەوشت و لاواز دادەنا. ڕێبازی شامانی Shamanism لای ئەوان لە لوتکەی بەهێزیدا بوو، باوەڕ بە بوونی جیهانێکی غەیبیی ڕۆحەکان، دەسەڵاتێکی گەورەی بەسەر ژیانی خەڵکدا بۆ سیحربازان، واتە کاهینە شامانییەکان ڕەخساندبوو. ساڵی ١١٥٥ خێزانی ییسوکای Yisukai [ئەندامێکی تیرەی قیات] - لقێکە لە تایجیوت و یەکێک بوو لە هۆزە ڕاوچییەکان لەنزیک سنوورەکانی تەتاری ڕەش نیشتەجێ بوو- کوڕێکی نۆبەرەی بوو، ناوینا تیموچین Temuchin. باوکی کوڕەکە ساڵی ١١٦٧ مرد بەبێ ئەوەی پۆستێکی دیاریکراو یان دەسەڵاتێکی جێگیر بۆ کوڕەکەی بەجێ بهێڵێت، لەڕاستیدا ئێمە گومانمان هەیە لەوەی ئاخۆ خۆی هیچ پۆست و دەسەڵاتێکی هەبووە. بەڵام تیموچین پیاوێکی ئازا بوو، توانی ژمارەیەک لە کەسانی سەرکێش لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە و سەرکردایەتییان بکات بۆ پەلاماردانی خێڵەکانیتر کە پەیوەندیی خزمایەتییان لەگەڵ خێڵەکەی هەبوو و لەمانیش شارستانیتر بوون. لەڕاستیدا حکومەتی چین هەمیشە ئامادە بوو ناکۆکی بخاتە نێو ئەو هاوسێیانە کە ملکەچاندنیان ئاسان نەبوو، بەوە کێشەکانیانی لەخۆی دوور دەخستەوە. بنەماڵەی کین Kinی چینی ساڵی ١١٦١ خێڵێکی تەتاری بەناوی (موغول) بەیارمەتیی دراوسێکانی، کە لە کەناری دەریاچەی (بویرنور) نیشتەجێ بوون، لەناو برد. تا کاتێک ئەوانە خۆیان گرت و چینییەکان لە هێز و دەسەڵاتیان ترسیان لێ نیشت، مەسیحییەکانی هۆزەکانی کرایتیان بۆ شەڕیان کۆکردەوە. لێرەدا تیموچینی

سەرکێش وای بەباش زانی بەشداریی ئەو ململانێیە بکات و سەرەتای ژیانی سیاسی بەداواکردنی تۆڵەی موغول دەست پێکرد، کە ناوەکەیانی لە شوێنکەوتوانی خۆی نا، پاشتر کردی بەناوی تەواوی گەلەکەیشی. بەڵام زۆری نەبرد ساڵی ١٢٠٢ ناکۆکی کەوتە ناو هاوپەیمانانی دوێنێ و پێگەی تیموچین لەق بوو و ناچار بوو لەگەڵ دەستەیەکی کەم لە هاوەڵانی لە دەریاچەی بالجیونا بۆ خۆی دابکەوێت. لەنێو هاوەڵەکانیدا سێ کەسیان موسڵمان بوون، پێدەچێت بازرگانی فارس بووبن کە عادەتیان وابوو لەو کاتەدا گەشتی بازرگانییان بۆ رۆژهەڵاتی دوور ئەنجام دەدا. دوانیان بۆ ماوەیەکی درێژ لە هەڵمەتە سەربازییەکانیدا یاوەری بوون و رەنگە بۆ زۆر کاروباری پەیوەندار بە رێکخستنی ئیمپراتۆرییەتەکەی راوێژیان دابێتێ. بەهاتنی ساڵی ١٢٠٣ تیموچین هاپەیمانەکانی رابردووی لە ولات نەفی کردبوو پاش ئەوەی کەوتنە دوژمنایەتیکردنی، سەرجەم هۆزەکانی مەنگۆلیای رۆژهەڵات ملکەچی بوون. ساڵی ١٢٠٦ هۆزی بەهێزی نایمانی مەسیحی لە مەنگۆلیای رۆژئاوای ملکەچ کرد. هەر لەو کاتەدا یەکێک لە کاهینە شامانییەکان نازناوی شاهانەی (جەنگیزخان)ی پێ بەخشی (ئەگەرچی هەندێ سەرچاوە باسی ئەوە دەکەن، ئەوە چەند ساڵێک پێشتر بووە) و لەناو نەوەکانی پاشتردا بەو ناوە ناسرا. پاشان داوای بەستنی یەکەمین ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی (کورولتای) کرد و ئالایەکی هەڵکرد وێنەی نۆ کلکی ئەسپی سپی پێوە بوو وەک نیشانە بۆ شەرەفی پێگەکەی وەک حاکمێک و بناغە سەرەتاییەکانی ئیمپراتۆرییەتەکەی دانا. سوپا تایبەتەکەی، کە ژمارەیان دە هەزار پیاوی بەجەرگ بوو، پایەی هێز و دەسەڵاتەکەی بوون. هەزار لەو پیاوانە پاسەوانی تایبەتی خۆی بوون. جەنگیزخان پاسەوانەکانی خستە ژێر باری مەشقێکی تۆندوتیژ بەڵام دادپەروەرانە و خۆی سەرپەرشتی دەکرد. هەر یەکێک لە پاسەوانەکان لە پلەدا لەگەڵ فەرماندەکان یەکسان بوو. جەنگیزخان لە نایمانەوە Naiman بەکارهێنانی خەتی ئویگۆری Uigur Script لە دیوانەکانی دەوڵەتدا وەرگرت. بەدڵنیاییەوە سەرەتا پلانی فراوانکردنی رووبەری ئیمپراتۆرییەتەکەی دانەنابوو. ئەو هەڵمەتانەی لە ساڵە کەمەکانی پاشتردا ئەنجامی دان تەنیا هەندێ هەڵکوتانە سەری بەرفراوان بوون کە مەبەست لێیان تەنیا تاڵانکردنی ئەسپەکانی دژبەرانی و سەبیکردنی ئافرەتەکانیان بوو[١١١].

دوای ساڵێک لەوەی ولاتی تانگوتی وێران کرد، هێرشی کردە سەر ئیمپراتۆرییەتی بنەماڵەی کین لە باکووری چین. ساڵی ١٢١٤ رێکەوتنێکی ئاشتی لەنێوان هەردوولادا کرا، کە بە مارەبڕینی یەکێک لە شازادە چینییەکان لە جەنگیزخان مۆر کرا. بەڵام زۆری نەبرد جارێکیتر جەنگ لەنێوان جەنگیزخان و چینییەکان لە ساڵی ١٢١٥ هەڵگیرسایەوە. ئەم

---

[١١١] بڕوانە بارتولد (لە رەشیدەدین وەرگیراوە)، لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامیدا ب١ لا٨٥٧.

جارەیان جەنگیزخان توانی پەکین داگیر بکات. هەرچۆن بێت، هەر هێندەی خان ولاتەکەی بەجێهێشت بنەماڵەی کین سەرلەنوێ ئازادی بەدەست هێنایەوە. هەرچی ئەمیرەکانی ئەو بنەماڵەیە بوون کە مەغۆل لە ولاتەکەیان وەدەرینان، رووبان کردە رۆژئاوا و پەلاماری ئیمپراتۆرییەتی کاراختای-یان دا، کە لەئەنجامی جەنگەکانی خوارەزمشا [عەلائەدین] محەمەدەوە لاواز بووبوو و پاشتر ساڵی ١٢١٠ لە تاڵاس Talas کاراختای شکاند و ئەودیو رووباری گرت. باقیی ولاتەکەیش کەوتە دەست کوچلوک خان، ئەمیری نایمان، لەکاتێکدا هاوڕێ هاوسێکانی: ئەمیر ئویگور لە باشوور، خانی کارلوک لە باکوور و ئەمیر ئەلمالیک لە دۆڵی ئیلی، چوونە ژێر باڵ و پاراستنی دەسەلاتی جەنگیزخان.

گرتنی فارس

دوای فەتحکردنی پەکین جەنگیزخان ساڵی ١٢١٥ جوچی-ی کوڕی بەرەو رۆژئاوا ئاراستە کرد بۆ شەڕکردن دژی هۆزەکانی میرکیت کە هاوپەیمانی نایمان بوون و پێشتر لە شوێنی خۆیان دەرکرابوون بۆ بیابانەکانی قیرغیز. لەکاتێکدا جوچی سەرقاڵی ئەم ئەرکە بوو گەیشتە سوپایەک خوارەزمشا (محەمەد) ناردبووی بۆ ملکەچاندنی هۆزی قفجاق، هاوسێنی میرکیت. لەبەرئەوەی شەڕەکە لەنێوان هەردوو یەکلا نەدەبوویەوە، وا دیارە جوچی وای بەباش زانیوە رووداوەکە پشتگوێ بخات بەو ئیعتیبارەی تەنیا بەدحاڵیبوونێکە. هەرچۆن بێت، خوارەزمشا وای بینی نێردەیەک رەوانەی لای جەنگیزخان بکات تا لەو رێیەوە لە سەرچاوە و کەرەستە جەنگییەکانی ئاگەدار بێت[١١٢]. هەرچی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەردوو ئیمپراتۆرییەتەکەیە، گومان لەوەدا نیە پێش لەوە هەبووە.

بەڵام ئەوەی تێگەیشتنی زەحمەتە رەفتاری نامۆی خوارەزمشایە لەکاتی ئەو کێشەیەی ساڵی ١٢١٨ بەرپا بوو. لەوکاتەدا لەودیو رووبار سێ بازرگانی موسڵمان هاتنە لای، کە جەنگیز بەوەفد ناردبوونی و دیاریی گرانبەهایان پێ بوو، بۆ سڵاولێکردنی وەک "خۆشەویستترین کوڕی"، ئەوەیش دەستەواژەیەکە بوو لە زمانی دیپلۆماسیی ئەو سەردەمەدا بەمانای شوێنکەوتنی دێت بۆی. ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستمانن ئاماژە بەوە دەکەن شا بێزاری لەوە دەرنەبڕی تا پاش هاتنی نێردەکان بۆ لای. هەرچۆن بێت، ئێمە گومانمان هەیە کە کوشتنی باڵێۆزەکان لەسەر سنوورەکان و تاڵانکردنی کاروانەکانیان

---

[١١٢] هەندێ لە میژوونووسانی پاشین و نەیاری عەباسییەکان ئەم دەستپێشخەرییە ناردنی باڵێۆزە لەلایەن موسڵمانەکانەوە بۆ لای مەغۆل بۆ یەکەم جار، بۆ خەلیفە ناسر دەگێڕنەوە کە گوایە وێستبێتی جەنگیز خان لە خوارەزم شا هەڵبنێت و بەوە خوارەزمشا ئاگای لە خەلیفە نەمێنێت.

بەبێ ئاگەداری ئەو بووبێت، بەتایبەت کە جارێکیتریش شمشێری لە گەردنی هەندێ نێردەیتردا خستە کار کە لە وەفدێکی نوێدا هاتنە لای و دەبوو رێزیان بگرێت و بەنەرمونیانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات.

جەنگیزخان نەیدەتوانی چاوپۆشی لەو سووکایەتییە زەقە بکات، ئەگەرچی بەشێک لە سوپاکەی هێشتا بە جەنگی چینییەوە سەرقاڵ بوو، لەگەڵ ئەوەیشدا دەستەبژێری سوپاکەی کۆکردەوە و خۆی بەیاوەریی کوڕەکانی سەرکردایەتی کرد بەرەو خوارەزم، لەبەرئەوە هەردوو ئەمیری موسڵمانی کارلوک و ئەلمالیکیش ناچار بوون یارمەتی بدەن. هەڵوێستەکە بەشێوەیەک بوو دەبوو خوارەزمشا محەمەد سەرجەم هێزی ئیمپراتۆرییەتەکەی لە مەیداندا کۆبکاتەوە، بەڵام لە گەمژەییەکدا کە هیچ تەئویلێکی بۆ نادۆزینەوە، ئەوەی پشتگوێ خست. ئەگەر ئەوەی بکردایە ژمارەی سەربازانی سوپاکەی لە سوپای مەغۆل زیاتر دەبوو. لەو رووەوە نەیتوانی متمانە بە سەربازانی هەرێمە تازە فەتحکراوەکان بکات، تەنیا بە قایمکردنی سنوورەکان وازی هێنا و لەشکری لە سەمەرقەند دامەزراند و چاوەڕوانی هێرشی هێزە سەرەکییەکانی مەغۆلی دەکرد، کە لە چوار سوپای هێرشبەر پێکهاتبوو، کە دانیشتوانی گوندە نزیکەکانی دەردەکرد وەک ئامادەکاری بۆ گەمارۆدانی شارەکان. لەکاتێکدا کوڕەکانی جەنگیزخان گەمارۆی قەڵاکانی سەر سنووریان دەدا، خانی گەورە بەسوپاکانیەوە دای بەسەر بوخارادا کە زۆر خۆی رانەگرت و پاش گەمارۆدانێکی کوورت کەوتە دەستی، شارەکەی تاڵان و چەپاو کرد و خەڵکێکی زۆری کوشت و بەخۆڵەمێشی بەجێی هێشت، وەک ئەوەی هەر نەبووبێت. خوارەزمشا بەبیستنی ئەو کارەساتە ترسێکی گەورەی لێ نیشت و پاشەکشەی کرد بۆ بەڵخ و لەوێوە بۆ نەیسابوور. جەنگیزخان رووی کردە سەمەرقەند و شارە گەورەکانیتر و خۆی فەتحی کردن، لەکاتێکدا چەند کەتیبەیەکی سوپاکەی نارد بەدوای شادا. لەڕاستیدا شا بەهەندێ عەزیمەتی راستگۆیانە و بەو بڕە سوپایەی لەدەستیدا مابوو، دەیتوانی هێرش بکاتە سەر مەغۆل، بەتایبەت کە سوپا تورکییەکانی دڵنیا بوون مەغۆل کەسیان بەزیندوو ناهێڵێت، لێرەیشەوە خۆڕاگری و ئازایەتییەکی بێوێنەیان دەنواند بۆ بەرگریکردن لە لەشکرگە تاکتاکە جیاوازەکان. بەڵام وای بەباش زانی ئەوە نەکات. دواین پەناگە پەنای بۆ برد دورگەیەکی بچووک بوو لە دەریای خەزەر (قەزوین) Caspian sea، ئەو مەغۆلانەی بەدوایەوە بوون لە گرتنەوەی بێئومێد بوون، لەبەرئەوە گەڕانەوە و وازیان لێهێنا. لەوێ لە ١١ی کانونی دووەمی ساڵی ١٢٢١ مرد و کوڕە گەورەکەی، جەلاڵەدینی مەنکوبەرتی جێگەی گرتەوە.

کۆتایی دەوڵەتی خوارەزمشایی

لەکاتێکدا مەغۆل لە کەناری باشووری دەریای خەزەرەوە درێژەیان بە وێرانکارییەکەیان دەدا، تا پاش ئەوە لەڕێی قەوقازەوە بەرەو رووسیای باشوور بچن و بگەڕێنەوە بۆ زێدی یەکەمیان لەڕێی ڤۆلگاوە، یەکەم کار جەلالەدین بن محەمەد پێی هەستا ئەوە بوو چوو بۆ خوارەزم کە هێشتا بەدەستیەوە بوو. بەڵام تورکەکان لەو شارە بەیعەتیان بە ئوزلەگی برا بچووکی دابوو، کە پێشتر محەمەد بۆ میراتگیریی تەخت هەڵیبژاردبوو. لەبەرئەوە جەلالەدین پاش ئەوەی تورکەکان پشتیان تێکرد رووی کردە غەزنە و توانی سوپایەک بۆ جەنگی جەنگیزخان کۆبکاتەوە، ئەویش ماوەیەکی کەم پاش دەستگرتنی ئەمەی دوایی بەسەر خوارەزم و خوراساندا و توانی یەکێک لە هێزە پێشەنگەکانی مەغۆل لەنزیک فەروان لە چیاکانی نێوان بامیان و هەردوو دۆڵی کابول و غەزنەدا بشکێنێت. بەڵام زۆری نەبرد ناکۆکی کەوتە نێو ئەمیرەکانی سوپاکەی، بەوە تورکمان و هۆزی خەلەج لێی تەکینەوە و چیتر لە باریکدا نەبوو بەو ژمارە کەمە سەربازەی لەگەڵیدا مابوون بتوانێت سەرکێشی بەئەنجامدانی هێرشێکی نوێ بۆ سەر مەغۆل بکات. بەم شێوە ناچار بوو هەڵبێت بۆ هیند. بەڵام ئەو مەغۆلانەی بەدوایەوە بوون بۆسەیەکیان لە کەناری رووباری میهران (سند) بۆ نایەوە، کە زۆر قوول بوو و نەیوێرا لێی بپەڕێتەوە و زۆربەی زۆری سوپاکەیان لەناو برد، بەڵام خۆی پاش ئەوەی بەبێئومێدی ملی نایە بەر شەپۆلە تووڕەکانی رووبارەکە توانی خۆی رزگار بکات (تشرینی دووەمی ١٢٢١). لە هیند توانی هێزێک لە سەرکێشانی تورک -کە لە سەرتاسەری ولاتدا بڵاو بووبوونەوە- لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. جەنگیزخان ماوەیەک وازی لە راوەدونانی هێنا و هێدی هێدی گەڕایەوە بۆ مەنگۆلیا و لە هەمان کاتدا درێژەی بە قەسابخانەکارییە تۆقێنەرەکانی لە خاکەکانی دەوڵەتی خوارەزمیی پێشوو دەدا.

جەلالەدین لە هیند سێ ساڵ دانی بەخۆیدا گرت، پاش ئەوە پەنای برد بۆ کرمانی فارسی، کە "بوراق حاجب" سەرپەرستی (غەیاثەدین پیرشاه)ی برای گرتبووی. لەوێ لە سنوورە شاخاوییەکان لەنێوان فارس و ولاتی چیا چەند ساڵێکیتری بەسەرگەردانی لەگەڵ هەندێ تورک و مەغۆل بەسەر برد، تا لە ١٦ی ئابی ١٢٣١ پیاوێکی کوردی تینووی تۆڵەکردنەوە پەلاماری دا و کوشتی. بێگومان جەلالەدین لە سەرجەم ئەو شەڕانەی ئەنجامی دان رێکخستنی وردی نەبوو، بەڵام هەرچۆن بێت دواین کەس بوو بەرگری لە پەیامی ئیسلام کرد لەبەرانبەر بتپەرستان، لەبەرئەوە شیاوی ئەو سەرسامییەیە نووسەرەکەی، ناسراو بە "ئەلنسوی"، بەرانبەر ژیانی دەریبڕیوە. هەرچی باقیی پاشا و ئەمیرە موسڵمانەکانن، چ ئەیوبییەکان لە سووریا و چ سەلجووقییەکان لە ئاسیای بچووک، کێبرکێیان بوو لە خۆنزیککردنەوە لە مەغۆل، بەئومێدی ئەوەی رێگەیان پێ بدەن لانیکەم سەربەخۆییەکی ناوخۆییان لە سایەی سەروەریی مەغۆلیدا هەبێت.

جێنشینەکانی جەنگیزخان

جەنگیزخان پاش زاڵبوونی بەسەر فارسدا، چەند ساڵێکی لەو دەشتاییانەی تازە کەوتبوونە ژێر دەستی و پاشان لە زێدی یەکەمی خۆی، بەسەر برد. تا ساڵی ١٢٢٥ بەرەو مەملەکەتی تانگوت لە هسیا کەوتە ڕێ، کە هەرێمی (کانسو)ی ئێستایە و وەک فواز دێتە نێوان چینی باکوور و چینی باشوور. بەڵام لە ئاب/ئۆگستسی ساڵی ١٢٢٧ چەند ڕۆژێک پێش کەوتنی پایتەختە گەمارۆدراوەکە مرد. وەک نەریتی باوی مەغۆل، ئیمپراتۆرییەتەکەی بەش کردبوو. کوڕە گەورەکەی، جوچی Jichi لەو ولاتە ڕۆژئاواییانە مایەوە کە فەتحی کردبوون، کە هێندە سەربەخۆیی وەرگرتبوو وای لە باوکی کرد بیر لەوە بکاتەوە بە زەبری چەک ناچار بەگۆڕایەڵیکردنی بکاتەوە، بەڵام شەش مانگ پێش باوکی مرد. کوڕی دووەمی، چەغتای Chaghatai، کە شارەزاترین کەس بوو لەو یاسایەی جەنگیز بناغەکانی دانا، ئەمە وای کرد لە بارەگاکەی خۆی لە دۆڵی ئیلی، هەژموونێکی زۆر گەورەی هەبێت، ئەگەرچی هیچ هەوڵێکی نەدا بۆ بەدەستهێنانی هیچ شتێک لە دەسەلاتی ڕەسمی، بەڵام میراتی جوچی برای بۆ مایەوە پاش مردنی. لەکاتێکدا کوڕە بچووکەکە، تولوی Tului، بەگوێرەی عورفی مەغۆلی، "مال"ی باوکی، واتە کورسیی هۆزەکەی لە مەنگۆلیای ڕۆژهەڵات بەمیرات بۆ مایەوە. جەنگیزخان کوڕی سێیەمی، ئۆگتای Ogotay، بەخانی گەورە (کائان) ڕاگەیاند و بارەگای خۆی لە کەناری ڕووباری ئورخۆن دانا.

پاش ساڵی ١٢٤١ و سەرەتاکانی ساڵی ١٢٤٢ ئۆگتای مرد و دەستبەجێ چەغتای برای جێگەی گرتەوە. ناکۆکی بۆ ماوەیەک کەوتە نێوان میراتگری هەردووکیان و لەو ماوەیەدا جیهانی ئیسلام هەندێ پشوو ودڵنیایی بەخۆوە بینی. ساڵی ١٢٣٥ ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی دووەم کوڕی جوچی، باتو Batuی ڕاسپارد بۆ ملکەچاندنی ئەوروپای ڕۆژهەڵات بۆ حوکمی مەغۆل. ساڵی پاشتر بۆ بەدیهێنانی ئەوەی پێی سپێردرابوو کەوتە ڕێ و کوڕەکانی چەغتای و ئۆگتای و تولوی یاوەری بوون، ساڵی ١٢٣٧ توانی پایتەختی بولگار لە دۆڵی ڤۆلگا داگیر بکات. پاشان لە هەردوو ساڵی ١٢٣٧-١٢٤٠ ڕووسیای داگیر کرد، ساڵی ١٢٤١-١٢٤٢ پۆڵەندە و مەجەر و دەلماسیایش لە هەمان ساڵدا. لە ڕۆژی سەری ساڵی ١٢٤١ باتو لە دانووبی بەستەڵەک پەڕیەوە و گران Granی داگیر کرد. لە بەهاری ساڵی ١٢٤٢ چوو بۆ بولگاریا. پاشان لە زستانی ١٢٤٢-١٢٤٣ گەڕایەوە بۆ ناوچەی ڤۆلگا لە ڕێگەی ئەفلاق Wallachia و مۆلداڤیاوە. تەنانەت لەو هەڵمەتەیشدا ناکۆکی لەنێوان باتو و ئامۆزاکانیدا سەری هەڵ دا. ئۆگتای لە کانوونی یەکەم/دێسەمبەری ساڵی ١٢٤١ مرد، بەڵام کوڕە گەورەکەی، گەیوک Geyuk کە پێشتر لەکاتی هەڵمەتەکەی بەلقاندا لە باتو یاخی بووبوو، تا ساڵی ١٢٤٦ بە (خانی مەزن) ڕانەگەیەنرا، تەنیا پاش دوو ساڵ، مەرگ لەپڕ یەخەی گەیوکی گرت لەو هەڵمەتەی بەئاراستەی ڕۆژئاوا ئەنجامی دا، کە باتو خۆی

بۆ دوورخستنەوەی مەترسیی ئەو هەڵمەتە لەسەر مۆڵکەکانی ئامادە دەکرد. باتو وەک بەتەمەنترین ئەندامی خێزان وبستی جێنشینی خۆی دیاری بکات، لەبەرئەوە داوای لە یەکێک لە ئەنجوومەنە نوێنەرایەتییەکان کرد کۆ ببێتەوە. بەڵام بەرکە Berkeی برای توانی وا لە خەڵکەکە بکات مەنگو Mangu گەورەترین کوڕی تولوی بە خانی مەزن بانگ بکەن. لەبەرئەوەی کوڕانی چەغتای و ئۆکتای لەوەدا بەشدار نەبوون، کاتێک هاتن سوێندی گوێڕایەڵی بخۆن، بەتۆمەتی ناپاکی هەموویان لەگەڵ خزمەکانیان کوژران. بەم شێوەیە ئیمپراتۆرییەتی مەغۆل بوو بە دوو بەشەوە، ئەو بیابانەی لەنێوان هەردوو رووبارى تەلەس و "چوی"دایە لێکی جیا دەکردنەوە. لەکاتێکدا وەچەکانی باتو، وەک سەرانی "هۆزە ئاڵتوونییەکان" چارەنووسی ئەوروپای رۆژهەڵاتیان بەدەستەوە مایەوە، هۆلاکۆ Hulagu، برای مەنگو توانی ئاڵای خۆی لە رۆژهەڵاتی نزیک بچەقێنێت.

هۆلاکۆ لە پێشرەویکردنی بەئاراستەی رۆژئاوا، لە کانوونی دووەم/یەنایەری ساڵی ١٢٥٦ لە رووبارى جیحون پەڕیەوە، وردە ئەمیرەکان لە فارس و قەوقاز بەهەڵەداوان گوێڕایەڵی و لابەندیی خۆیان بۆ راگەیاند، لەوانە ئەمیری حەشاشەکان کە ناوەکەیان لەمێژ بوو سیحری کۆنی لەدەست دابوو، بەڵام هەرچۆن بێت هێشتا هێزێک بوون حسابیان بۆ دەکرا، ئەویش لەبەر ئەو قەڵا بێئەندازە بەهێزانەی بەدەستیانەوە بوون. بەهەرحاڵ، هۆلاکۆ رازی نەبوو لابەندیی روکنەدین، دواین ئەمیری حەشاشین، قبوڵ بکات، کە ماوەیەکی کەم پێشتر جێگەی باوکی لەو پۆستەدا گرتبووەوە، (پاش ئەوەی، دیارە بەڕێکەوتن لەگەڵ کوڕەکەی، کوژرا). لەبەرئەوە دەبوو هەڵبێت بۆ قەڵای مەیموون لە ناوچەی ئەلموت، کە لەوێ ماتماتیکناس و فەلەکناسی بەناوبانگ نەسیرەدینی تووسی لەگەڵی دەژیا. نەسیرەدین ئامۆژگاری کرد بەبێ هیچ بەرەنگارییەک خۆی بەدەستەوە بدات، بەئومێدی ئەوەی ئەویش بەو ڕێگەیە قوتاری بێت. بەڵام روکنەدین لە ڕێگەی بردنیدا بۆ سەربازگەکەی هۆلاکۆ، کۆژرا. سەربازانی هۆلاکۆ لە سەرتاسەری فارسدا حەشاشینەکانیان راو دەنا و شمشێریان لە گەردنیان دەخستە کار. بەڵام تووسی لەلایەن هۆلاکۆوە ڕێزی لێ گیرا و لە هەڵمەتەکانی پاشتریدا وەک ئەستێرەناسی کۆشک یاوەری دەکرد. پاشان رایسپارد بۆ دامەزراندنی روانگە فەلەکییە گەورەکە لە شاری مەراغە لە ئازربایجان.

هۆلاکۆ خیلافەتی عەباسی لە بەغدا لەناو دەبات

هۆلاکۆ هەر لە سەرەتاوە چاوی لەوە بوو، وەک شوێنکەوتەی براکەی، ئیمپراتۆرییەتێکی تایبەت بۆ خۆی لە رۆژئاوا دابمەزرێنێت. لەو رووەوە فارس لەبەر پێکانیدا چۆکی دادا، ئیتر هێندەی نەمابوو بگاتە زەوییەکانی خیلافەتی عەباسی لە عێراق. دوای مردنی خەلیفەی ئازا و بوێر ئەلناسر ساڵی ١٢٢٥، چەند خەلیفەیەکی لاواز [ئەلزاهیر بیئەمریللا و موستەنسیر بیللا و موستەعسیم بیللا] هاتنە سەر تەخت. لەڕاستیدا هۆلاکۆ

پێویستی به هەڵنانی شیعەکانی فارس، بۆ نموونە تووسی، نەبوو بۆ رووکردنە بەغدا و دەستگرتن بەسەر ئەو غەنیمەتە ئاسانەدا. لە ١٧ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٢٥٨ پایەختی عەباسی کەوتە دەستی مەغۆل، ئەویش پاش ماوەیەک لە دانوستان، کە تێیدا موستەعسیم لەکاتی گونجاودا خۆی بەدەستەوە نەدا، کاتێک بەئاشکرا هەستی کرد ناتوانێت هێزەکانی بۆ بەرەنگاریکردنێکی جددی کۆبکاتەوە. هۆلاکە شارەکە خۆی تا رادەیەکی زۆر لە وێرانکاری و تێکدان پاراست، بەڵام خەلیفە، پاش تاڵانکردنی کۆشکەکەی، لەگەڵ ژمارەیەک لە خزمانیدا کوژران، هەندێکیشیان رایانکرد بۆ میسر و لەوێ سوڵتان بەیبەرس -وەک پێشتر باس کرا- یەکێکیانی لەژێر ناوی ئەلموستەنسیر بیللادا وەک خەلیفەی ساختە لەسەر تەخت دانا، تا سیفەتێکی شەرعی بە حوکمەکەی ببەخشێت. ئەم خیلافەتە وەهمییە لە میسر تا کۆتاییهاتنی دەوڵەتی مەمالیک پاش فەتحی عوسمانی لە ساڵی ١٥١٦-١٥١٧ مایەوە.

راستەوخۆ پاش کەوتنی بەغدا ئەمیرە بچووکەکانی سووریا ملکەچییان بۆ هۆلاکۆ راگەیاند. بەڵام مەمالیکەکانی میسر یەکەمین بوون کە سەرکەوتووانە بەرووی داگیرکەراندا وەستان. مەغۆل داوای خۆبەدەستەوەدانیان لێ کردن، مەمالیکەکان بەئەنجامدانی هێرشێک بۆ سەر فەلەستین وەڵامیان دانەوە. لە ٣ی ئەیلوولی ساڵی ١٢٦٠ لە عەین جالوت لەنزیک ناسیرە شکستێکی یەکلاکەرەوەیان بەسەر مەغۆلدا هێنا. لەکاتێکدا هۆلاکۆ خۆی سەرقاڵ بوو بەجەنگ لەگەڵ "هۆزە ئاڵتوونییەکان" پاش ئەوەی بەرکە خان هەستی کرد لەلایەن هۆلاکۆ و هێزە چاوبرسییەکەیەوە هەڕەشەی لێ دەکرێت. مەمالیک و بەتایبەت سوڵتان بەیبەرس وردە وردە تەواوی سووریایان لە دەستی هۆلاکۆ و ئیلخانییە جێنشینەکانی سەندەوە. لەهەمان کاتدا بەهۆی بەشبەشبوونەوە هێزی مەرکەزیی مەغۆل رووی لە هەڵوەشانەوە کردبوو، لەبەرئەوە نەیدەتوانی بەهیچ یارمەتییەک بەهانای باڵە رۆژئاواییەکەیەوە بچێت.

غازان و رەشیدەدینی وەزیری

هیچکام لەو پاشا ئیلخانییانە شیاوی ئاماژەپێدان نین جگە لە غازان کوڕی ئەرغون نەوەی هۆلاکۆ (١٢٩٥-١٣٠٤). راستە وەک زۆر لە تاکەکانی گەلەکەی بەهۆی ئالوودەبوونی بە خواردنەوەوە تەمەنی خۆی کورت کردەوە، بەڵام لەو ماوە کورتەیدا هەوڵی دا هەندێ قەرەبووی زیانەکانی ولاتی فارس بکاتەوە لەو تاوانانەی باوباپیرانی تێیدا ئەنجامیان دابوو. هۆلاکۆ خۆی دەستی بە بتپەرستیەوە گرتبوو -هاوشێوەی باوباپیرانی کە بەهۆی ئەو رۆحە سەربازییەی لەسەری گۆش بووبوون، هەرگیز بەدوای هیچ بەشدارییەکی رۆحییەوە نەبوون لەگەڵ رەعیەتەکانیان- ئەگەرچی سۆزی بۆ بوودایییەکان پیشان دەدا، هەروەها بەمەبەستی رازیکردنی ژنە مەسیحییەکەی، دۆکوز خاتوون سۆزی

بۆ مەسیحییەکانیشی دەردەبڕی. لەلایەکیترەوە غازان لەسەر بوودایی گەورە بوو، بەڵام ئەو و سەرجەم ئەندامانی سوپاکەی، ماوەیەکی کورت پێش چوونە سەر تەخت، باوەڕیان بە ئیسلام هێنا و ئامادە بوو شەڕ دژی یەکێک لە ئامۆزاکانی ئەنجام بدات. وەک مەزەبیش مەزەبی سوننی هەڵبژارد، تا کاتێ ئولجایتو خودابەندەی بۆ جێگەی گرتەوە (١٣٠٩) وازی لە سوننە هێنا و بوو بە شیعە. بەو سکانەی لە سەردەمی غازاندا لێدراون ئەوە تێدەگەین چاوی لە سەربەخۆیی بووە لە خانی مەزن کە لە پەکین دادەنیشت. پێشتر بەناوی ئەوەوە کاری دەکرد و سیفەتی حاکم "بەهێزی ئاسمان"ی بەخۆی دا. غازان لە فەرزکردنی دەسەلاتی خۆی بەسەر خزمەکانی و بەسەر ئەمیرانی مەغۆلدا ئەوپەڕی دڵڕەقی و زەبر و زەنگی بەکار دەهێنا، تەنانەت ئەمیر نەوروزیش کە چاکەی هەبوو لەوەی غازان چووە سەر تەخت، زۆری نەبرد بوو بە قوربانیی ئەو سیاسەتە. غازان هانی گەشەسەندنی ئابووری دا لە ئیمپراتۆرییەتەکەیدا. باج و سەرانە تا سەردەمی ئەو، بەگوێرەی هەوا و هەوەسی حاکمە مەغۆلەکان و کاربەدەستە فارسەکانیان دەسەپێنرا، کاتێک دەسەلات کەوتە دەستی ئەو، یەکەم شت کردی ئەوە بوو فەرمانی دا سەرجەم زەوییەکان سەرلەنوێ ڕووپێو بکرێنەوە و ئەنجامەکانی ئەو پرۆسەیە بکرێتە بناغە بۆ سەپاندنی باج. ساڵی ١٣٠٤ بڕیارێکی دەرکرد، تێیدا فەرمانی دا خەڵکی ژێردەستیان لە هەموو وردەکارییەکانی پەیوەست بە باجەکان ئاگەدار بکرێن، ئەویش لەڕێی هەڵواسینی ڕاگەیەنراوی پێویست لەبارەیانەوە لە دەروازەکانی گوندەکان یان لە مزگەوتەکان و پەرستگە مەسیحی و جولەکەکاندا. تەنانەت ڕەوەندەکانیش لە لەوەڕگاکانیاندا، لەڕێی نووسین لەسەر تەخت یان بەرد یان کانزا یان تابلۆی نووسراوەوە، ئاگەدار بکرێن. ڕەشیدەدینی مێژوونووسی ئەمەی بۆ تۆمارکردووین، پاشان ئەو نووسینانەی لە ئانی Ani و ئەنکەرە دۆزرانەوە و بۆ سەردەمی جێنشینەکانی دەگەڕێنەوە، ڕاستیی ئەوە دەسەلمێنن کە ئەم مێژوونووسە باسی کردوە[١١٣].

غازان هانی نیشتەجێبوونی دەدا لەو ناوچە زۆرانەی دانیشتوانەکانیان بەهۆی گەردەلولی مەغۆلییەوە چۆڵیان کردبوون و لەوکاتەوە بە وێرانە مابوونەوە. فەرمانی دا بەهەڵگرتنی باج لەسەر تازە نیشتەجێبووان، نەک هەر ئەوە، بگرە ڕۆحێکی نوێ لە متمانەی هێنایە ناو مەیدانی بازرگانی بەوەی کاغەزە دارایییەکانی هەڵوەشاندەوە، کە بەهایەکی ڕەمەکییان هەبوو و پێشینەکانی ئەو لەسەر شێوازی چینی دایانهێنابوو و دراوێکی کانزایی کێش و بەها دروستی لە جێگەیاندا دانا. ئەم ڕێوشوێنانە کاریگەریی بەرچاویان هەبوو لەسەر داهاتی ڕەسمیی دەوڵەت و لە ١٧٠٠ تومانەوە بۆ ٢١٠٠ تومان بەرز بوویەوە. واتە نزیکەی دوازدە ملیۆن دۆلار. هەروەها سیستمی دادوەری لە فارس ڕێک خستەوە، پاش ئەوەی نەریتی مەغۆلی شپرزی کردبوو. ئەو نەریتە زۆر سادە و هەمیشە بێسنوور بوو و

---

[١١٣] بڕوانە وتێک لە بارتۆلدەوە: W. Barthold ap. P. Wittek, Festschrift Jacob, 348.

دەسەلات و هێزی بۆ شەرعی ئیسلامی گێڕایەوە. هەروەها دادگەیەکی بالای هاوبەشی بۆ هەردوو یاسای فارسی و ئیسلامی دامەزراند. پاشان شاری تەورێزی پایتەختی دەوڵەتەکەی بەخانووبەرەی کەشخە رازاندەوە و پارەیەکی زۆری بۆ مزگەوتە ناوخۆییەکان و خانەکانی زانست تەرخان کرد. هەروەها روانگەیەکی فەلەکی و قوتابخانەیەکی بۆ زانستە دنیاییەکان دامەزراند، کە لەبەر سوودە پراکتیکییەکانی ئەو زانستانە غازان و پاشا مەغۆلییەکانیتریش گرنگیی تایبەتیان پێدەدا. لەسەر داوای ئەو رەشیدەدین، وەزیری دەستڕۆیشتوو و پزیشکی کۆشکەکەی، کتێبە دوور و درێژەکەی لەبارەی مێژووی مەغۆل بەزمانی فارسی نووسیوە بەناوی "تاریخی غازانی"، نووسیوە. لە کتێبەکەدا دەقێک هەیە ئاماژەیە بەوەی غازان خۆیشی بەشداری لە دانانیدا کردوە.

ئولجایتو خودابەندەی برای جێگەی غازانی گرتەوە. لە سەردەمی ئەودا ئیلخانییەکان پارێزگارییان لە هێزی خۆیان لە بەرزترین لوتکەکانیدا کرد. شاری "سولتانییە" لە باکووری عێراق، لەسەر ئەو چیایانەی هەردوو رووباری زەنجان و ئەبهەر جیا دەکەنەوە، سەرنجی مەغۆلی راکێشا، ئەویش بەهۆی ئاوهەوا شاخاوییە تەندروستەکەی و ئەو لەوەڕگا و شوێنی راو و شکارانەی لەدەوری بوون. ئەرغون چەندین قەڵای بەهێزی تێدا دروست کردبوو. ئولجایتو خودابەندە کاتێک (ئەبو سەعید)ی کوڕی لەدایک بوو کردی بە پایتەختی دەسەلاتەکەی. هەرچۆن بێت سولتانییە نەیدەتوانی پارێزگاری لە پێگەکەی بکات لەبەرانبەر تەورێز، کە شوێنە جوگرافییەکەی لەبارتر بوو. ئولجایتو بە لەناوبردنی هەردوو ئەمیری جیلان Jilan و هیرات پێگەی خۆی لە ناوخۆ بەهێز کرد. بەڵام هەوڵەکانی بۆ دەستگرتن بەسەر ئاسیای بچووک و کردنی بە بەربەستێک لەبەردەم هێزی مەمالیکدا، هاوشێوەی هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی یارمەتیی هێزە مەسیحییەکان لە ئەوروپا بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە، بێسوود بوون.

پێشەنگانی ئەدەبی تورکی

لە سەردەمی غازان و جێنشینەکانیدا –پاشان لە سەردەمی خزمەکانیشیاندا تا سنووری چین– زمانی فارسی لەپاڵ زمانی تورکیدا بوون بە زمانی رەسمیی دەوڵەت و زمانی پەیوەندیی نێودەوڵەتی. زمانی مەغۆلی رەق و قورس بوو، هیچ بوارێک نەبوو بۆ پەیدابوونی ژیانێکی فیکریی سەربەخۆ لەنێو مەغۆلدا. راستە جەنگیزخان وەک باسمان کرد خەتی ئویگۆری لە نایمان وەرگرت و لە دیوانەکانی دەوڵەتدا بەکاری هێنا، کە خەتێکە لە شێوەی سریانیی ئەلفبێی سامییەوە هاتووە (ئەو ئەلفبێیەی خەتە لاتینییەکەیشمانی لەسەر دادەمەزرێت). نێردە نەستوورییەکان چەندین سەدە بوو کاریان لەسەر بڵاوکردنەوەی کردبوو تا گەیشتە ناوەڕاستی چین. ئەم خەتە لە نووسینی زمانی تورکیی رۆژهەلاتیشدا

بەکار دەهات و جێگەی ئەو خەتەی گرتەوە کە لە خەتی ڕۆنی دەچێت و لە ئەلفبێی سامییەوە هاتووە، کە کۆنترین خانەکانی تورک ئیمە بیاننناسین بەکاریان هێناوە لە تۆمارکردنی میژووەکەیان لە سەدەی هەشتەم لە کەناری ڕووباری ئورخۆن. بەڵام تورکەکانیش ئەدەبێکی سەربەخۆی دەوڵەمەندیان بەرهەم نەهێنابوو بتوانێت شان لەشانی ئەدەبی فارسی بدات، ئەگەرچی ئویگور لە شارەکەیان، تورفان، لە بەشی باشووری ڕووباری (تیان شان) توانیبوویان لەژێر کاریگەریی نێردە مزگێنیدەرە ئاینییە بوودایی و مانەوییەکاندا ژمارەیەکی زۆر کتێب وەربگێڕن. لەو وەرگێڕانانەدا بۆ یەکەم جار خەتی ئویگۆری خرایە واری بەکارهێنان. "نێردە ئەڵمانییەکە بۆ ئاسیای ناوەڕاست" بەتایبەت هەندێ پاشماوەیانی بۆ دۆزینەوە، کە بۆ یەکەم جار بلیمەتیی زانای ئەڵمانیی مۆلەر K. F. W. Muller ڕاڤەی کردن. ئیمە جگە لە هەندێ وردە شت هیچ لەبارەی ئەدەبی نەتەوەیی – لیریک (غینائی) و داستان– نازانین کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لەنێو تورکەکانی ئاسیای بچووکدا گەشەی کردوە، ئەویش لەڕێی ئەو نموونانەی مەحموود ئەلکاشغەری (١٠٧٣) لە کتێبەکەیدا [دیوانی زمانەکانی تورک] وەریگرتوون، کە کۆنترین و فراوانترین کتێبە بۆ فێربوونی زمانی تورکی، عەرەب ناسیبێتی. هەرچی یەکەمین بەرهەمی ئەدەبی تورکیی سەربەخۆیە، پاش نووسینەکانی ئورخۆن، نیو سەدە پاش ڕووخانی دەوڵەتی ئویگۆری لە کاشغەر دەرکەوت. لەو شارەدا (یوسف خاس حاجیب)ی بلاساغونی (ساڵی ١٠٦٩–١٠٧٠) قەسیدەیەکی فێرکاریی گەورەی بۆ سوڵتان بوغراخان حەسەن بن سلێمان ئەرسەلان هۆنیوەتەوە، مەبەستی لێی ئەوە بووە حیکمەتی ژیان بەتایبەت بۆ ئەمیرەکان دەربخات، لێرەوەیە ناوینا "کوداتقو بیلیگ" *Kutadbgbu Bilig* واتە "زانستی بەختەوەری". یوسف ئەم قەسیدەیەی لەسەر بۆچوونەکانی ئیبن سینای فەیلەسوف دامەزراندبوو و لە کێشێکی شیعریدا دایڕشتبوو کە لە کێشە فارسییەکان وەرگیرابوو. ئامۆژگارییەکانی لەسەر زاری هەندێ کەسایەتی ڕەمزی داناوە کە خۆی دایهێناون، یەکێکیان دادپەروەری دەنوێنێت و یەکێکیتریان بەختەوەری و چەندین کەسایەتیری لەم شێوەیە. ئەم کەسایەتییانە، سەرەڕای جۆرەها زۆرلەخۆکردنی کڕێ و کاڵ، زۆر لایەنی پەیوەندار بە بنیاتی کۆمەڵگە و دەوڵەت لە دەوروبەری کەلتووریی هۆنەر ئاشکرا دەکەن. کاریگەریی گەورەی ئیسلام لەم قەسیدەیەدا بەڕوونی دیار نیە، لەکاتێکدا لەو ئەدەبە نەتەوەییەی لەسەر ئەو تەرزە پەیدا بوو وردە وردە دەرکەوت، کە بەزۆری بەدەوری میعراجی پێغەمبەر و ژیانی پیاوچاکاندا دەخولایەوە. خەتی ئویگۆری لە هەندێ باری تاکەکەسیدا نەبێت بەکار نەدەهات، پاشان وردە وردە بواری بۆ خەتی عەرەبی کردەوە. دەیشگونجێت نوسخەی ئەسڵیی قەسیدەی "کوداتقو بیلیگ"یش بەم خەتە عەرەبییە نووسرابێت. هەرچی ئەو پەرەسەندنەیە بەسەر ئەدەبی تورکیی ڕۆژهەڵاتیدا هات و لەگەڵیدا کاریگەریی فارسی زیاتر و گەورەتر بوو، تا سەردەمی تەیموور و جێنشینەکانی لە هەردوو سەدەی پازدەیەم و شازدەیەم، ڕووی نەدا.

هەردوو شاعیری فارس: سەعدی و حافز

ئەدەبی فارسی لەکاتی پەلاماری مەغۆلدا لە ویلایەتی فارس لە باشووری رۆژئاوای ئێراندا جێگیر بوو. هەروەها یەکێک لە ئەتابەگە سەلجووقییەکان لە بنەماڵەی سەلغور ساڵی ١١٤٨ لەو ناوچەیە دەوڵەتێکی سەربەخۆی دامەزراند کە ١٣٠ ساڵ تەمەنی کرد، سەرەتا سەرانە (جیزیە)یان دەدا بە سەلجووقییەکانی عێراق و پاشان بە پاشاکانی خوارەزم و دواجاریش بە مەغۆل. لە سایەی سەعد کوڕی زەنگیدا کە یەکێک بوو لەو ئەتابەگییانەی فارس، سەعدی شاعیر[١١٤] لەنێوان ساڵانی ١٢٥٦ و ١٢٩١دا لە زێدی خۆی لە شیراز، کە دوای ژیانێکی مۆڵەق و کۆچ و بار لەوێ ئۆقرەی گرت، دوو کتێبە سەرەکییەکەی هۆنییەوە کە مەیلێکی ئەخلاقی تێیاندا پیشان دەدات: کتێبی "گوڵستان" کە تێکەڵەیە لە شیعر و پەخشان + کتێبی "بوستان" کە هەمووی شیعرە. لەڕاستیدا تا ئەمڕۆیش هەموو مرۆڤێکی فارس وەک باشترین گوزارشت لە رواڵەتەکانی ئاکاری نەتەوەیی، واتە مەیل بۆ دەمارگیریی ئاینی و گاڵتەجاڕی، کە تا سەروەختی شۆڕشە نیشتمانییەکە، زۆر باو بوو، تەماشای کتێبی یەکەم دەکات (کە ئادەم ئولیریوس ساڵی ١٦٥٤ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ئەڵمانی)، لێرەوە نزیکترین کتێبە لەدڵییەوە. ئاسایش و ئاشتی لە شاری گوڵان، شاری شیرازیش بەدرێژایی ماوەیەکی زۆر پاش رووخانی حوکمی ئیلخانی، لەئارادا نەمابوو. دەوروبەری ساڵی ١٣٤٠ ئەمیر ئەبو ئیسحاق کوڕی مەحموود شا ئینجو توانی دەست بەسەر شارەکەدا بگرێت، بەڵام ساڵی ١٣٥٣ ناچار بوو دەستی لێ هەڵبگرێت بۆ [موبارەزەدین] محەمەد ئەلموزەفەری، کە شانازی بەرەچەڵەکە عەرەبییەکەیەوە دەکرد و دەگەیشتەوە بە یەکێک لەو هۆزانەی لەکاتی فەتحدا لە خوراسان نیشتەجێ بوون. پاشان کوڕەکەی [جەلالەدین] شا شوجاع ساڵی ١٣٦٤ جێگەی گرتەوە، ساڵی ١٣٥٨ هەردوو چاوی باوکی کوێر کرد و فڕێی دایە زیندان. لە سەردەمی ئەودا ناوی بەناوبانگترین شاعیر لەنێو سەرجەم شاعیرانی لیریکیی فارس شەمسەدین محەمەد درەوشایەوە، کە لە میژووی ئەدەبدا بە (حافز) (واتە ئەوەی قورئان لەبەردەکات) بەناوبانگە. حافز لە شیعەی دوازدە ئیمامی بوو. لەبەرئەوە نەیتوانی لە ئازادی بەهرەمەند بێت و هەناسەی شادومانی هەڵبمژێت تا پاش مردنی محەمەد، کە سوننییەکی تۆندڕەو بوو. کاتێک شا شوجاع چووە سەر تەخت سۆزی بۆ حافز بزوا و لەسەر پێشنیازی وەزیر قیوامەدین حەسەن یەکێک لە هاوڕێکانی شاعیر، وتنەوەی تەفسیری لە قوتابخانەی شیراز پێ سپارد. تا مردنی لە ساڵی ١٣٨٩ لەم پۆستەدا کاری دەکرد، پاش ئەوەی شالاوی تەیمورلەنگی بینی. لەڕاستیدا ناوبانگی حافز پاش بڵاوکردنەوەی دیوانەکەی لە ساڵی ١٣٦٨-١٣٦٩ تەواوی وڵاتانی فارس زمانی تەنی. قەسیدەکانی ستایشی جوانیی سروشت دەکەن، بەتایبەت کە یەکەم جار دەستی بەخێری بەهار بەسەریدا گوزەر دەکات، وەک کە زۆرجار لە کەناری [روکن ئاباد] دەهاتە پێش چاوی، کە ئەو نۆکەندەیە روکنەدین ئەلدەولەی بوەیهی ساڵی ٩٥٠ بۆ ئاودانی دەشتی شیراز هەڵیکەند، هەروەها لە سەیرانگەی ئەلموسەلا کە بوو بە دواین

[١١٤] لە ناوی گەورەکەیەوە، سەعد بن زەنگییەوە، ئەو ناوەی لێ نراوە.

مەنزڵی. (قەسیدەکانی) دەنگدانەوەی گۆرانیی خەمگینی کەنارین و گۆرانی بۆ جوانییەکانی گەنجێتی و مەی و ئەوینی شاز دەڵێن، کە بۆ چەندین نەوە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات باڵاو بوو، ئەگەرچی لە قسەکردن لەسەر ئەم خۆشەویستییە بەلای نەرمی و خۆپارێزیدا چوون. نەک هەر ئەوە، بگرە گاڵتە بە هەموو جۆرەکانی ڕووپامایی و هەر جۆرە زبری و نەزانییەک دەکەن، هێمان بۆ دڵێکی گەورە و ڕۆحێکی ئازاد کە هەلومەرجی نائومێدی نیشتمان ناچاری کردوە بەچاوی سووک تەماشای گشت بەهاکانی ژیان بکات و بەختەوەری تەنها لە چێژەکاندا ببینێت. کاتێک پاشتر بەرگی مانایتری وەبەر سروودە دنیاییەکانیدا کرد (ئەو تەفسیرە ڕۆحییانە یاد دەخاتەوە کە کەنیسە دانان بۆ سیفری سروودی "الانشاد" کە شەهوەتی لێ دەچۆڕێت)، ئەم شاعیرە ساحیرە جوانیپەرستە شوێنکەوتەی سەرسامبووی لە ئەڵقە ڕۆحییەکانیشدا پەیدا کرد. لەڕاستیدا سەرجەم شاعیرانی فارس و تورک پاشتر ڕێنوێنییان لەم قەسیدانەوە وەرگرت، وەک نموونەی غەزەلی کامڵ، کە وێنەیان نیە.

جەلالەدینی ڕۆمی

هەرچی جەلالەدینی ڕۆمییە کە ساڵی ١٢٠٧ لە بەڵخ لەدایک بووە، گەورەترین شاعیری سۆفیی ئیسلامە، لە دەرەوەی وڵاتانی فارسی گەورە بووە، چونکە باوکی، بەهائەدین وەلەد، کەوتە بەر نەفرەتی [قوتبەدین] محەمەد خوارەزمشا و ناچار بوو وڵاتەکە بەجێبێڵێت. پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر بەدنیادا گەڕا، ساڵی ١٢٢٦ پاڵپشت و پارێزەرێکی دەست کەوت، ئەویش ئەمیری سەلجووقی عەلائەدین کەیقوباد بوو لە قۆنیە لە ئاسیای بچووک. ئەو عەلائەدینە پۆستێک لە پۆستەکانی وانەوتنەوەی لەوێ پێ سپارد، تا کە مرد کوڕەکەی لەو پۆستەدا جێگەی گرتەوە. پاش ماوەیەکی کەم جەلالەدین پەیوەندی لەگەڵ شەمسەدین تەورێزیی سۆفیدا بەست، کە بەتەواوەتی بەرەو ژیانی سۆفیگەری کێشی کرد، لەبەرئەوە جەلالەدین پاشتر دیوانەکەی بەناوی ئەو شەمسەدینەوە ناونا: (دیوانی شەمسی تەورێزی). پاشان تەریقەتی مەولەوی دامەزراند کە بەشێوەیەکی فراوان باڵاو بووبەوە و تا سەردەمی شۆڕشی نیشتمانی لە تورکیا هەژموونێکی زۆر گەورەی هەبوو. دەروێشەکانی ئەم تەریقەتە ئامانجیان گەیشتن بوو بە حاڵەتی ویجدی سۆفییانە لەسەر سەدای نای. لە کتێبە سەرەکییەکەیدا، مەثنەوی[١١٥]، کۆمەڵێکی ناڕێکخراو لە حیکایەتی دانراو لەسەر زمانی ئاژەڵان و چیرۆک و ڕامانمان پێشکەش دەکات، کە لە قاڵبێکی شیعریی باڵادا دارێژراون، سەرەنجام ئامانجی باڵاوکردنەوەی ڕەگەزە سەرەکییەکان لە بیرکردنەوەی سۆفییانە و توانەوەی "خود"ە لە یەکێتیی بوونداد. شوێنکەوتوانی جەلالەدین کتێبی مەثنەوییان بۆ ئاستێکی باڵا بەرز کردەوە، کە خەریکە لە قورئان خۆی نزیک بێتەوە. ئەم کتێبە بۆ چەندین سەدە ئەو ڕوانگە فیکرییەی دیاری دەکرد کە باشترین ڕەگەزەکان لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا وابەستەی بوون.

---

[١١٥] شەش بەرگە.

بەشی سێیەم

تورکە عوسمانییەکان و شارستانێتییەکەیان

ریشەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و فراوانبوونی تا سەردەمی سلێمانی یەکەم

لەکاتێکدا کۆمەڵێکی زۆر لە خێڵە تورکەکان هێشتا لە دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی سیازدەیەمدا لەسەر پاشماوەی خیلافەت کێشمەکێشیان بوو -ئەو خیلافەتەی عەرەب دایانمەزراند و فارس هەوڵی بنکۆلکردنیان دا و مەغۆل دایان بەسەریدا- لە بەشی باکووری رۆژئاوایدا لە ئاسیای بچووک، ئەو دەوڵەتە پەیدا بوو کە قەدەری وابوو لە باقیی دەوڵەتە تورکەکان زیاتر بڕی و بگاتە ئەوەی نزیکەی پێنجسەد ساڵ سەرکردایەتیی جیهانی ئیسلامی بکات[١١٦].

بەدرێژایی چەندین سەدە ململانێ بەدرێژایی سنووری سووریا و ئاسیای ناوەڕاست لەنێوان هێرشبەرانی موسڵمان و جاشە بیزەنتییەکاندا بەردەوام بووە، جارێک ئەمیان سەرکەوتوە و جارێک ئەویان، بەبێ ئەوەی هیچ لایەکیان سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوە بەسەر دژبەرەکەیدا بەدەست بێنێت. لەسەر ئەو سنوورانە گرووپێک پەیدا بوون لە موجاهیدانی موسڵمان و ئۆردوی رۆم پێکهاتبوون تواناییان سەرەڕای دوژمنایەتی نێوان مەسیحییەت و ئیسلام، کە -ئەو دوو ئاینە- بووبوون بە دەستە و تاقم و تایفەی جیاواز جیاواز، پاڵپشتی کۆمەڵێک بنەمای لێکچوو لە سوارچاکی بکەن و ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی لەنێوان هەردوو ئاینەکە دروست بکەن. کاتێک سەلجووقییەکان ئیمپراتۆرییەتەکەیان دامەزراند، ئەلپ ئەرسەلان هەوڵی دا بەئەنجامدانی هێرشێک بۆ سەر ئەنادۆل Anatolia سنووردارەکانی قایم بکات. ساڵی ١٠٧١ توانی لە بەرزاییەکانی ئەرمینیا هێزەکانی ئیمپراتۆری بیزەنتی رۆمانوس دیوجین لەنزیک مەلازکیرد بشکێنێت و بەدیلی بگرێت. ئەگەرچی بیری لە دەستگرتن بە بەرهەمی سەرکەوتنەکەی لەوێ نەکردەوە و پاش بەستنی پەیماننامەیەکی ئاشتیی شەریفانە دیلەکەی ئازاد کرد، بەڵام ئەم سەرکەوتنە لە دوورمەودادا بووە هۆی هاتنە کایەی دۆخێکی تەواو نوێ.

سلێمانی سەلجووقی لە ئاسیای بچووک

لەو ناوچانەی دەکەونە سنوورەکان لە چیاکانی توروس و سیسیلیا، چەند میرنشینێکی ئەرمەنی سەربەخۆ دروست بوون و سەرەنجام مەملەکەتی ئەرمینیای بچووکیان پێکهێنا.

---

[١١٦] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- M. F. Koprulu, Les Origines de I, Empire Ottoman, Paris 1935.
- P. Wittek. The Rise of the Ottoman Empire, London, 1938.
- H. A. Gibbons, Foundation of the Ottoman Empire, History of the Osmaniis, 1300-1403, Oxford, 1916.

لـه مـەلاتییـه جبریلـی رۆمـی حاکمـه بەبنەچـه ئەرمەنییـەکانی دەرکـرد کـه لـه بیزنتـه جیـا بووبوونەوه. ئەم جبریله توانی دانپێدانانی خەلیفەی بەغدا بە دەسەڵاتەکەی بەدەست بێنێت. هـەرچۆن بێت، لاوازیـی سـنوورەکان، پـاش دەسـتهەڵگرتنی پایتـەخت لـه پاراسـتنیان، هـانی تورکەکانی دا هێرشی نوێیش ئەنجام بدەن. قوتولمیش یـەکێک لـه خزمـانی ئـەلپ ئەرسـەلان سالّی ١٠٦٣ له گوێرایەڵیکردنی دەرچوو و پاشان له مەیداندا کوژرا. سـالّی ١٠٧٢ سلێمانی کـوڕی قوتـولمیش لەلایـەن مەلەکشـا کـوڕی ئـەلپ ئەرسـەلان و جێنشینەکەیـەوه نێردرا بـۆ ئاسیای بچووک بەمەبەستی دووڕخستنەوەی لـه سـەنتەری ئیمپراتۆرییەتەکـەی لەگـەڵ ئـەو بانده تورکانەی هێشتا له سەرتاسـەری ئیمپراتۆرییەتەکـەدا تـەراتێنیان دەکرد و ئاسـایش و هێمنییان دەخسته مەترسی. سلێمان سالّی ١٠٨١ لـه هێرشـێکی بوێرانـەدا بەشـی باکووری رۆژئـاوای ئاسـیای بچـووکی لەدەسـتی ییزەنتییـەکان دەرهێنـا و نیقییـه Nicaeaی کـردە بارەگای خۆی و لەوێوه هەڕەشەی له بیزنته خۆی دەکرد، که تەنیا کەمێک لێی دوور بوو. زۆری نەبرد موسڵمانەکان له یەکەم هەڵمەتی خاچپەرستاندا ئەم بنکەیـەیان لەدەسـت دا کـه زۆر لەپێشەوه بوو. بەڵام سلێمان هێشتا ئامـانجی راسـتەقینەی ئـەوه بـوو پێگەیـەکی بـەهێز له رۆژهەڵات بەدەست بێنێت. بەهاتنی سالّی ١٠٨٤ دەستی بەسـەر ئەنتاکییـەدا گرت، بـەڵام سـالّی ١٠٨٦ لـه هێرشـێکیدا بـۆ سـەر حەلـەب کـوژرا. کیلـیج ئەرسـەلانی کـوڕی هـەوڵی دا بنکەیەکی نوێ بۆ خۆی له باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیای بچووک دابمەزرێنێت بەمەبەسـتی جێبـەجێکردنی ئـەو پلانـەی بـاوکی داینـابوو. لـەوێ سـەری بـه رکابەرێکـدا هەڵتـەقی، کـه سـەرکردەیەکی تـورکی بـوو بـەناوی دانیشـمەند، کـه رەنگـه بنـەچەیـەکی ئەرمـەنی هـەبێت. بەیارمەتی هەندێ باندی پێکهـاتوو لـه تورکـانی جـەنگاوەر لـه سـنوورەکان ئـەم دانیشـمەنده تـوانی جێگـەی خـۆی لـه سـیواس بکاتـەوه کـه بیزەنتییـەکان وازیـان لـێ هێنـابوو، هـەروەها دەسـەڵاتی بەئاراستەی باکوور تا ئەنقیره و ئەماسیه و نیکسـار فراوان بکات، بەئاراستەی باشـووریش تـا ئەلبیسـتان. سـالّی ١١٠١ مەلەتییـەی لـه جبریـل سـەند پـاش ئـەوەی هـەوڵی بوهمەند بۆ رزگارکردنی شکستی هێنا. لەبەرئەوەی نەیکرد دەسـەڵاتەکەی، کـه تـەنیا لەسـەر بناغـەی تـاڵانی دامـەزرابوو، لـه حکومـەتێکی سـەقامگیردا چـڕ بکاتـەوه، ئـەو دەسـەڵاته لەبەریـەک هەڵوەشـا کاتێک بیزەنتیـەکان، بەیارمـەتیی خاچپەرسـتان، جـارێکیتر رۆژئـاوای ئـەنادۆڵیان خسـتەوه پـاڵ ئیمپراتۆرییەتەکـەیان. بـەڵام کیلـیج ئەرسـەلان تـا پـاش مردنـی دانیشمەند له سـاڵی ١١٠٦ نـەیتوانی دەست بەسـەر مـەلەتییـەدا بگرێت و جێگـەی خـۆی لـه میافارقین بکاتەوه ، تا لەوێوه هاوشێوەی بـاوکی پێشتر، هـەوڵ بدات ناوچەیـەکی نـوێ بـۆ هـەژموونی خـۆی لـه رۆژهـەڵات دابمـەزرێنێت. بـەڵام ئـەوه بـوو سـاڵی ١١٠٧ لـەکاتی پێشڕەویکردنی بەرەو مووسڵ له شەڕێکدا که له کەناری خاپوور هەڵگیرسا، کوژرا.

جێنشینەکانی سلێمان

دوای ئەوە جێنشینەکانی چالاکییان لە سنووری ئاسیای بچووکدا کورت کردەوە. مەسعوودی کوڕی دەستی بەسەر قۆنیە Konyaدا گرت، کە پێشتر ئیمپراتۆر بەربەرۆسای ئەڵمانی بۆ ماوەی چوار دە رۆژ (١٨-٢٦ی ئایاری ساڵی ١١٩٠) داگیری کرد، پێش لەوەی لەنێو شەپۆلەکانی رووباری لامیس Calycadnusدا لە سیسیلیا گیان لەدەست بدات لەکاتێکدا لە چوارچێوەی هەڵمەتی سێیەمی خاچپەرستیدا بەرەو وڵاتی پیرۆز پێشڕەوی دەکرد. لەڕاستیدا ئەو دەشتاییە تەختەی لەنێوان قۆنیە و قەیسەریدایە و زۆر بەپیتە ئەگەر بەباشی ئاو بدرێت و قەومێک لە رۆم تێیدا نیشتەجێ بوون هێشتا نەکەوتبوونە ژێر کاریگەریی خەڵکی سنوور، بنکەیەکی بۆ ئەو و جێنشینەکانی ساز کرد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی کە رێگەی بە ژێردەستەکانی دەدا لەسەر ئاینی خۆیان بمێنن و بەپێی کەلتووری تایبەتی خۆیان بژین، هاوشێوەی خەلیفەکانی پێشتری موسڵمانان ، تا لەبەری رەنجیان داهاتێکی باش بۆ وڵاتگران مسۆگەر بکرێت و بتوانن لە خەرجکردندا دەست کراوە بن. هەروەها مەملکەتەکەیان هەر بە (رۆم) ناو دەبرا وەک خاکێکی بیزەنتیی کۆن[١١٧]. پاشان کیلج ئەرسەلانی دووەمی کوڕی مەسعوود، لەکۆتاییدا توانی بەهێرشێکی کتوپڕ لەسەر رێگەی چارداک سنووورەکەی لە دەستدرێژیی بیزەنتە بپارێزێت پاش ئەوەی ئیمپراتۆر مانویلی بەخراپی شکاند و ناچاری کرد ئاشتی لەگەڵ بکات، لەکاتێکدا ئەویش لە هەوڵی ئەوەدا بوو دەسەڵاتی لە رۆژهەڵات بەدەست بێنێتەوە. دوای چەند شەڕێک لەگەڵ جێنشینانی دانیشمەند، کە بیزەنتییەکان و پاشاکانی "ئەرمینیای بچووک" تێیاندا بەشدار بوون، ساڵی ١١٧٧ مەڵەتییەی لەدەستیان دەرهێنا و ساڵی ١١٨٠ دەوڵەتەکەیانی لەناو برد.

لە سەردەمی کوڕەکانیدا کە لەکاتێکدا هێشتا خۆی لە ژیاندا بوو بەڕێوەبردنی موڵکەکانی خستبووە ئەستۆیان، دەوڵەتی سەلجووقی لاواز بوو و لەبەریەک هەڵوەشا. کاتێک ئیمپراتۆرییەتی لاتینی لەسەر دەستی سوارانی فرەنجە لە بیزنتە دامەزرا، کەیخوسرەو و کەیکاوسی کوڕی لاوازیی ئەمەی دواییان قۆستەوە و دەسەڵاتیان بەئاراستەی باشوور و باکوور فراوان کرد. دەستیان بەسەر ئەدالیا (ئەنتاڵیا) و سینووبدا گرت کە دوو بەندەری گرنگن، یەکەمیان دەکەوێتە سەر دەریای سپیی ناوەڕاست و دووەمیان لەسەر دەریای رەش، بەوەیش مەملەکەتەکەیان بۆ بازرگانیی جیهانی کرایەوە و بەو پەیماننامە بازرگانییە گونجاوانەی لەگەڵ کۆمارە ئیتاڵییەکان بەستنی، توانی سوود لە ئاڵوگۆڕی بەرهەمە کشتوکاڵییە زۆرەکانی ببینێت. دابارینی سامان بەسەر وڵات لەئاکامی ئەوەدا، توانای بەخشییە ئەمیرەکان تا گرنگی بە پیشەسازییە دەستییە هونەرییەکانی بدەن و هانی پەیدابوونی هونەرێکی پێشکەوتووی تەلارسازی بدەن تێیدا.

---

[١١٧] بڕوانە: P. Wittek, Le Sultan de Rum, in Melanges Boisacq, Brussel, 1938.

تەلارسازی لای سەلجووقییەکان بەتایبەت بە رووکارە پڕ زەخرەفەکانی جیا دەکرێتەوە. ئەو مزگەوت و قوتابخانانەی لە سەردەمی ئەواندا دروست کراون، یەکەم شتیان سەرنجی بینەر رادەکێشێت شکۆداریی دەروازە و دەرگاکانیانە. لەپاڵ وێنە ئەندازەییەکان و دامێنی خەتەکاندا، وێنەی جۆرەها رووەک و ئاژەڵ دەبینین، بەوە هونەری تورکیی میللی لە مەیلی هونەری ئیسلامیی کۆن ئازاد بوو، کە زادەی تەجریدی سامییە Semitic Abstraction بۆ خۆلادان لە وێنەگرتن و پشت تێکردنی. بەڵام لە ژینگە کەلتوورییە تورکییەکەدا ئەم زەخرەفە ئاژەڵییە تایبەت بوو تەنیا بە دامەزراوە گشتییە نائایینییەکان، وەک شوورەی قۆنیە، لەکاتێکدا هەمان تەرز رووکاری کەنیسەکانی لە ئەوروپای رۆژئاوا داپۆشیبوو، لە ڕێگەی ئەرمینیا و رووسیاوە[118].

بەڵام سامان ئاکامی خراپی بۆ سەلجووقیەکان هەبوو، چونکە لە خۆشگوزەرانی و رابواردندا نوقم بوون و دڵ و دەروونیان نەرم و ناسکۆڵە بوو، بەتێپەڕینی رۆژگار لە خزمەتی سەربازی دابڕان و کاری جەنگ و کوشتاریان بۆ جاشەکانی ڕۆم و ئەرمەن و عەرەب بەجێهێشت. ساڵی ١٢٣٩ لە سەردەمی کەیخوسرەوی دووەمدا، تووڕەیی میللەت لە بەربەرەڵایی ئەمیرەکان تەقییەوە. هەرچۆن بێت، شۆڕشەکە کە دەرویش بابا ئیسحاق سەرکردایەتی کرد بەزەبری هێز سەرکوت کرا. بەڵام مەغۆل بەر لەوە دەروازەکانی ئاسیای بچووکیان بڕیبوو و لە کۆزەداغ ساڵی ١٢٤٣ شکستێکی کەمەرشکێنیان بەسەر هێزەکانی کەیخوسرەوی دووەمدا هێنا. لەگەڵ ئەوەیشدا کەیخوسرەو توانی سەربەخۆیی خۆی لە مەغۆل بە پێدانی سەرانەیەکی قورس بکڕێتەوە. تا کاتێک ساڵی ١٢٤٥ مرد و کێشە لەنێوان هەردوو کوڕەکەی عیزەدین و ڕوکنەدینا سەری هەڵدا، هۆلاکۆ ناوبژیوانی کردن و ئەو هێڵەی بەدرێژایی رووباری کیزیل ئیرماک درێژ دەبێتەوە، کردی بە سنووری جیاکەرەوەی نێوان مووڵکەکانی هەرلایەکیان. عیزەدین هەوڵی دا هاوپەیمانی لەگەڵ مەمالیکەکانی میسردا بکات کە تەنیا ئەوان توانیبوویان لوتی مەغۆل بشکێنن، بەوهۆیەوە سزا درا بەوەی لە مووڵکەکانی بێبەش کرا، لەکاتێکدا براکەی خرایە ژێر چاودێریی فەرمانبەرێکی مەغۆلی بەناوی (پەروانە). بەڵام پاش ماوەیەکی کورت ئەو فەرمانبەرە ڕوکنەدینی لە دەسەڵات دامالی و خۆی وەک سەرپەرستی غەیاثەدینی کوڕی ڕوکنەدین، دەسەڵاتی گرتە دەست. ئەوکاتە ئەمیرە تورکەکان هانایان برد بۆ [سوڵتان] بەیبەرس کە ساڵی ١٢٧٧ مەغۆلی لە ئەلبوستان شکاند و بەدەم فەتحکردنەوە پێشڕەوی کرد تا گەیشتە قەیسەری. لەبەرئەوەی هیچ پاڵپشتیەکی لە ولاتەکەدا بەدینەکرد، دەبوو زوو بەجێی بێڵێت، "ئەباکا"یش تونترین سزای بەسەر ئەمیرەکان و هەروەها بەسەر "پەروانە"یشدا سەپاند لەبەر نەجەنگانی دژی بەیبەرس. بەم شێوەیە بەیەکجاری سەربەخۆیی مەملەکەتەکە لەناو برا.

---

[118] بڕوانە: E. Diez, Die Kunst der islamischen Volker, p. 125.

میرنشینەکانی غازییان لە رۆژئاوای ئەنادۆڵ

بەڵام زۆری نەبرد بەهاکانی جیهاد جارێکیتر لە گۆڕەکەیەوە، لە خاکە سنوورییەکاندا زیندوو بوویەوە. لەئاکامی هاتنی مەغۆلدا ژمارەیەکی زۆر سەرکردەی ئایینی و سەرانی تەریقەتە سۆفییەکان لە ئاسیای بچووکەوە هاتنە ئەنادۆڵ. لەوێ بیرۆکەی جەنگی پیرۆزیان دژی بیزەنتییەکان زیندوو کردەوە، لەکاتێکدا ئەمانەی دوایی بە گێڕانەوەی دەسەڵاتیان بەسەر بەڵقاندا سەرقاڵ بوون و بەوە بەرگریکردن لە ئاسیای بچووکیان پشتگوێ خستبوو. بەم شێوەیە تورکەکان جارێکیتر دایانەوە بەسەر رۆژئاوای ئاسیای بچووکدا و میرە غازییەکان چەند دەوڵەتۆکەیەکیان لە هەرێمە جیاوازەکان دروست کرد. کارەمانییەکان Karamans لە لیقاونیەی کۆن و ئیسوریا، گەرمیانییەکان Germians لە کوتاهیە، حەمیدییەکان Hamids لە میسییە و ساروخانەکانیش Sarukhans لە مەگنیسییە نیشتەجێ بوون. ئەم میرنشینانە تا سەرهەڵدانی عوسمانییەکان بەتەواوی لەناو نەبران. لەکاتێکدا پەلامارەرانی پێشوو لە وشکانیەوە دەچوونە پێش، دەبینین یەکێک لە کۆنترینی ئەو میرنشینانە و پایەدارترینیان بەشێوەیەکی دەریایی پێگەیشت. لە کەنارەکانی لیسیا و پامفلیاوە تورکەکان بەسەرکردایەتی هۆزی مەنتێش Menteshe و بەیارمەتیی دەریاوانانی بیزەنتی -کە تێکچوونی کەشتیگەلەکە سالّی ١٢٨٤ زیندووێتییان لەدەست دابوو- بەرەو کاریا ملیان نا و لە حەوزی رووباری مەندەرسدا پێشڕەوییان کرد. لەم کەنارانەوە، کە تەنانەت لە سەردەمە کۆنەکانیشدا دەوڵەتێک لە دەوڵەتانی چەتەگەری لەخۆگرتبوو کە بووبوو بەهەڕەشە و مەترسی بۆ سەر ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی خۆی، پەلاماری کەنارەکانی دەریای ئیجەیان دا، تەنانەت رۆدیسیان گرت، تا سوارانی قەشە یۆحەننا سالّی ١٣١٠ وەدەریانناننان[١١٩]. کاتێک خۆیان لە تەنگانەیەکدا بینییەوە کە هەڕەشەی مەترسی گەورەی لێ دەکردن، هاوپەیمانییان لەگەڵ دراوسێکەی باکووریان، میرنشینی ئایدیندا کرد کە بەردەوام دڵەڕاوکێ و پشێوی لە دەریای ئیجەدا بڵاو دەکردەوە، تا خەڵکی بوندوقییە (ڤینیسیا) توانییان لەگەڵ قوبرس و سوارانی قەشە یۆحەننادا هاوپەیمانییەک ببەستن و بەداگیرکردنی ئیزمیر لە سالّی ١٣٤٤ دەسەڵاتەکەیان لەناو بردن.

عوسمانییەکان

عوسمانییەکان لەو تورکانە بوون بەیداخی خەبات دژی بیزەنتییەکانیان بەرز کردەوە و توانییان سەرکەوتنێکی تایبەت بەدەست بێنن. ئەو گێڕانەوەیەی باسی پەیدابوونیان دەکات

---

[١١٩] بڕوانە: P. Wittek, Das Furstentum Mentesche, Studie zur Geschichte Westkleinasiens im 13.-15. Jahrhundert (Istanbuler Mitteilungen, Published by the Istanbul Section of the Archaeological Institute of the German Reich II) Istanbul, 1934.

دەڵێت هۆزی کایی Kayi، کە یەکێتیی خێڵە غوز (یاخود ئۆغوز)ە تورکەکان بوو، لەبەردەم شەپۆلی مەغۆلەکاندا کە دایان بەسەر زەوییەکانی خوراساندا ناچار بوو پاشەکشە بکات و داوای پاراستن لە خوارەزمشا جەلالەدین مەنکوبەرتی بکات، کە رێنوێنی کردن بۆ ئەو لەوەڕگایانەی لە باکووری رۆژئاوای ئەرمینیا بوون. کاتێک دااڵدەکەیان کوژرا، سلێمانی سەرگەورەیان بڕیاری دا بیانگێڕێتەوە بۆ بەرزاییەکانی ئاسیای ناوەڕاست، دوور لە کێشمەکێشی نێوان دەوڵەتۆکەکان لەسەر زەویی شارستانێتییە کۆنەکە. بەڵام پاش ماوەیەک (سلێمان) لەکاتی گەڕانی بە وڵاتدا لە بواریکی سەر رووباری فورات لەنزیک دەروازەی حەلەب کوژرا. ئەنجا کوڕی سێیەمی، ئەرتوغرول، لانیکەم بەشی هەرە بچووکی هۆزەکەی گێڕایەوە بۆ ئاسیای بچووک کە نزیکەی سەد خێزان دەبوون، تا لەگەڵیاندا بچێتە خزمەتی سوڵتانی قۆنیە سوڵتان عەلائەدینی دووەمی سەلجووقی. عەلائەدینیش زۆنگاوەکانی سەر سنوور، بەرانبەر بیزەنتییەکانی بۆ بڕییەوە لای سۆگود لە دۆڵی "قەرەسو" (فوراتی رۆژئاوا) و هەردوو چیای تومانیج و ئەرمەتی تاغ. هەروەها رێگەی پێدا موڵکەکانی لەسەر حسابی هاوسێ مەسیحییەکانی فراوان بکات. دەوترێت عوسمانی کوڕی کە وەک زانراوە ساڵی ١٢٥٨ لەدایک بووە، بارەگاکەی ساڵی ١٢٨٨ لە سۆگودەوە گواستۆتەوە بۆ مەلانجینۆن، کە دەکەوێتە دوورتر بەلای باشووردا، کە داگیری کرد و ناوینا "قەرەجە حەسار".

بەڵام ئەم گێڕانەوەیە لەبەردەم رەخنەی مێژوونووسیدا خۆی ناگرێت، لە نووسینەکانی مزگەوتی بروسە Brusa کە ئۆرخانی کوڕی عوسمان ساڵی ١٣٣٤ دروستی کردوە دەبینین تەنیا نازناوی "سوڵتان، کوڕی سوڵتانی غازییان، غازی کوڕی غازی مەرزبانی ئاسۆکان، پاڵەوانی جیهان"ی بەخۆی داوە[١٢٠]. ئەم نازناوە "سوڵتانی غازییان" ئەوەیە یەکێک لە هاوسەردەمانی باوکی پێ ناسراوە، ئەمیر ئایدین لە کەناری رووباری مەندریس، پاش ئەوەی یەکێک لە سەرانی مەولەوی لە قۆنیە پێی بەخشی. بەهەمان شێوە، عوسمانی باوکی ئۆرخانیش پێشتر ئەدەبالی خەزووری، سەرۆکی مەشایخی سۆفی، شمشێری لەپشتی بەست و نازناوی غازی (موجاهید لەپێناوی خوا)ی لێنا. هەروەها سوڵتانەکانی عوسمانیش لە ئیستەنبوڵ پاشتر لەلایەن ئیمامی مزگەوتی ئەیوبەوە لەسەر قۆچی ئاڵتونی Golden Horn شمشێری عوسمانیان دەدرایە، بەوەیش بەیعەتیان قبوڵ دەکرد. کاتێک عوسمان جەنگی دژی بیزەنتییەکان دەست پێکرد غەزاکەران لە هۆزە تورکە جیاوازەکانەوە لە سەرجەم ناوچەکانی ئاسیای بچووکەوە بەسەریدا دابارین. هەروەها (ئەخیان) akbis —واتە گرووپەکانی پیشەسازان و بازرگانان کە لە شێوەی تەریقەتە سۆفییەکان رێک خرابوون و

---

[١٢٠] بڕوانە: P. Wittek Deux Chapitres de I.Histoire des Turcs de Roum, Byzantion XI (1936) 285-318, p. 315.

ئەو سەردەمە لە سەرتاسەری ئاسیای بچووکدا بڵاو بوون- چوونە پاڵ غەزاکەران لە دەوڵەتە تازەکەدا و بە وەبەرهێنانی دەسکەوتەکانیان لە جەنگدا خزمەتی جەنگاوەرانیان دەکرد. بەدوور دەزانرێت رۆڵێکی سەرەکییان لە دامەزراندنی دەوڵەتەکەدا هەبووبێت وەک پێشتر وا گومان دەبرا. پاشان زانایان وەک نوێنەرانی شارستانێتیی ئیسلامی شوێنیان کەوتن. بەڵام لە کاروباری داراییدا مەسیحی و جولەکەکان سەلماندیان زەورەتێکن کە ناکرێت دەستبەرداریان بن، وەک لە سەرجەم دەوڵەتانی ئیسلامیدا.

عوسمان لە قەرەجە حەسارەوە سەرکردایەتیی گەلە بەهێزەکەی کرد، کە هۆزە تورکەکان بەبەردەوامی بەناردنی توخمی نوێ هێز و زیندوێتیی زیاتریان پێ دەبەخشی، بەرەو دەریای مەرمەرە و دەریای رەش، هەروەها بەئاراستەی رۆژئاوا بۆ یەنیشەهیر yanishahir کە بەسەر بواری رووباری سەقاریەدا زاڵە. ساڵی ١٣٠٠ سەرلەنوێ قەرەجەح هساری بۆ ئۆرخانی کوڕی دابڕی. لەوکاتەدا مەغۆل سەرقاڵ بوون بەلەناوبردنی سەلجووقییەکانی قۆنیەوە و ئارامییان لە عوسمانییەکان لەوپەڕی باکووری رۆژئاوای ئاسیای بچووک تێک نەدا.

عوسمان لەسەر جێگەی مردن بوو لە سۆگەد کاتێک ئورخان ساڵی ١٣٢٦ بەداگیرکردنی بروسە لەنێوان بناری ئۆڵمپوس "کەشیش داغ" تاجی نایە سەر کارە گەورەکانی. پاشان باوکی لە کەنیسەی کۆشکدا بەخاک سپارد، کە دەستبەجێ گۆڕابوو بۆ مزگەوت. لەوکاتەوە بروسە بوو بە شاری پیرۆزی عوسمانییەکان. هەرزوو لێرە لە پایتەختی نوێی مەملەکەتەکەدا دامەزراوەی کەشخە و نایاب دروست کران. بێگومان کۆنترین مزگەوتەکانی -ئولو جامیع بوو، کە لە گۆڕەپانێکی سادە پێکدێت، پێنج دالانەکەی لەسەر چەند پایەیەکی چوارگۆشە دامەزراون و هەر دالانێک چوار گومەزی لەپاڵ یەکدا بەسەرەوەیە- لە سەردەمی مورادی یەکەم، جێنشینی ئۆرخاندا دروست کراوە. ساڵی ١٣٢٧ ئیزمیدیش کەوتە دەست ئۆرخان. ئۆرخان وەک موسڵمانێکی راستەقینە رێزی زانست و مەعریفەی دەگرت -دیارە گرنگیدان بە زانست و مەعریفە هەمیشە بە یەکێک لە مەزنترین نیشانەکانی شکۆ لای حوکمڕانانی موسڵمان دانراوە- و یەکەمین زانکۆی عوسمانی (قوتابخانە)ی دامەزراند و بەڕێوەبردنی بە داود ئەلقەیسەری سپارد، کە یەکێک بوو لەو زانا ئاینییانەی لە میسر خوێندبوویان.

بیزەنتییەکان لانیکەم هەوڵیان دا نیقییە Nicaea بپارێزن، بەڵام ئەو لەشکرەی ئەو ئەرکەیان پێ سپاردبوو زۆری نەبرد ساڵی ١٣٣٠ لە تاوشانلی شکا، ئیتر دەبوو شارەکە خۆی بەدەست عوسمانییەکانەوە بدات. پاش ماوەیەک پێگەی خۆی وەک سەنتەرێکی پیشەسازیی مۆزایک و بارەگای چەندین پەیمانگەی فێرکردن، بەدەست هێنایەوە. ساڵی ١٣٣٥ بنەماڵەی پاشایەتیی ئۆرخان لەسەر تەختی دەوڵەتۆکەی قەرە سی دراوسێ (لە

میسییەی کۆن) بوو بەکێشەیان، کە پایتەختەکەی بەرگەمە بوو، ئەوەیش دەرفەتێکی لەباری رەخساند بۆ دەستوەردان لە کاروبارەکانی ئەو وڵاتە، بەڵام –واپێدەچێت– تا ساڵی ١٣٤٥ بەتەواوەتی ملکەچ نەکرا.

کارگێڕیی عوسمانی لە سەردەمی ئۆرخاندا

هەر زوو دەرکەوت پێویست بە بوونی رێکخستنێکی توندوتۆڵتر دەکات. لەو رووەوە ئەمیرەکان[١٢١] خۆیان مافە هەرێمایەتییەکانیان بۆ ئیرادەیەک دەگێڕایەوە کە لە سوڵتانی قۆنیەوە دەرچووبوو بۆ دابڕینی خاکێکی دیاریکراو بۆیان، ئەوانیش لای خۆیانەوە لە وڵاتە فەتحکراوەکاندا پارچە زەوییان دەبەخشییە خەڵکی هۆزەکانیان و ئەو هاوسەنگەرانەیان کە لە جەنگدا نەبەردییان دەنواند، لەبەرانبەر بەڵێندانیان بە پێشکەشکردنی سوارە بۆ خزمەتی سەربازی.. لەڕاستیدا ئامانجی سەربازی لەو قەیاغانەدا لەوەدا خۆی دەنواند کە پێیان دەوترا سەنجەق *sanjaqs* واتە ئالا. پاش داگیرکردنیشی بروسە کرایە پایتەختی سەنجەقێکی نوێ کە بۆ میراتگری تەخت موراد دابڕا و بەناوی "خوداوەند" (زەویی حاکم)ەوە ناسرا. پاشتر دوو سەنجەق پەیدا بوون، یەکەمیان سوڵتان ئۆنو (سوڵتان ئوکی) بوو و ناوچە سەنتەرییەکانی عوسمانییەکانی لە باشووری رۆژهەڵات دەگرتەوە و دووەمیان کۆجا ئیلی بوو، کە ناوچە کەناریییەکانی لە باکووری رۆژئاوا دەگرتەوە. بەناوی یەکەم فاتیح و والییەوە ناونرا: ئاکچە کۆجا Akche koja.

ئاراستە شیعییەکان کە لە دەرونیشە خاوەن هەژموونەکاندا خۆی دەنواند، هێشتا بەتەواوەتی بەسەر ژیانی ئاینیی عوسمانییەکاندا زاڵ بوو، هاوشێوەی هۆزە تورکییەکانیتر. بەگوێرەی یاسای شەرعیی مەملەکەتەکە دەبوو –لانیکەم لەڕووی تیۆرییەوە– پشت بە شەریعەتی خوایی ببەستێت کە قورئان و سوننە بەو شێوەیەی حەدیسە زارەکییەکانی پێغەمبەر وێنایان کردبوو، نەک شتیتر. ئەگەرچی شیعەیش ئەم سوننەیەی بەهیچ کلۆجێک رەت نەکردۆتەوە، بەڵام جیاواز لە ئەهلی سوننە، بەمانا بەرتەسکە سنووردارەکە، جگە لە گێڕانەوەی ئیمامەکانی خۆیان کە سەر بە بنەماڵەی پێغەمبەر (واتە ئالی بەیت)ن، دانی بە گێڕانەوەی حەدیسی پێغەمبەر لە زاری هیچ زانایەکیتری حەدیسدا نەناوە، لەکاتێکدا سوننە دانیان بەزانایانی ئالی بەیتیشدا ناوە و بەجێمتانەی داناون. هەرچۆن بێت، لەو رووەوە ئەو دوو سەرچاوەیە خۆیان سەرجەم کێشەکانی ژیانیان لەخۆ نەگرتوە، ئەو ژیانەی زۆر لەپێشتر ئاڵۆزتر بووە و گەیشتۆتە ئاستێک لەسەر بنچینەی ئابووریی تەواو جیاواز لە بنچینە کۆنەکان دابمەزرێت، ئەوا دەبوو دەوڵەت، جگە لە شەریعەت، دان بە یاسایەکی

---

[١٢١] دەسەڵاتدارانی عوسمانی زۆرجار خۆیان بە ئەمیر ناو دەبرد، تا ساڵی ١٤٧٣.

نوێبشدا بنێت که لەسەر بناغەی زەمەنێی رووت دامەزراوە، چونکە ئەو شەرعە ئیلاهییە تا ئەوکاتە هێندە دەقی گرتبوو کەس نەوێرێت بەگوێرەی دۆخە تازەکان بیگونجێنێت، هاوشێوەی زاناکانی سەدە بەراییەکانی کۆچی. بەم شێوەیە لەپاڵ (شەرعی پیرۆز)دا، لای عوسمانییەکان (یاسا)یش پەیدا بوو، کە هەر لە سەرەتاوە ئەوەی بۆ سەلمێنرا کە توانای پەرەسەندنی هەیە و سوڵتانە عوسمانییەکانیش پاشتر زۆر شتیان بۆ زیاد کرد.

کۆنترین یاسا نائاینییەکان، دەدرێتە پاڵ برایەکی سوڵتان ئۆرخان بەناوی عەلائەدین. وەک دەگێڕنەوە، لە جۆشی لاوێتیدا لە دنیا کەنارگیر بووە، پاشان رووی کردۆتە کۆشک و زانیارییەکانی لەبارەی یاسا خستۆتە خزمەتی دەوڵەت. بەم شێوەیە بوو بەباو کە بە یەکەم وەزیری ئیمپراتۆرییەتەکە دابنرێت. دەوترێت سەرەتا هەوڵ و کۆششەکانی بۆ چارەسەری سێ بابەت تەرخان کردوە: سکە (دراو یان نەختینە) و جلوبەرگ و سوپا.

سکەلێدان

مافی ئەمیری موسڵمان بۆ سکەلێدان بەناوی خۆیەوە، لەمێژ بوو، هاوشێوەی نرا بۆکردن لەسەر مینبەری مزگەوتەکانەوە، بەهێمای سەربەخۆیی و سەروەری دادەنرا. ئەمیرانی عوسمانی بەحوکمی ئەوەی سەر بە سوڵتانەکانی قۆنیە بوون، دەبوو بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ رێگە بەئازادیی دەستاودەستکردنی دراوەکانی ئەو سوڵتانانە لە خاکەکانیاندا بدەن، ئەگەرچی ئەوانەی گرنگییان بە نووسینەوەی مێژووی عوسمانییەکان داوە دەڵێن، لە سەردەمێکی زۆر زووەوە مافی سکەلێدانیان مومارەسە کردوە. بەڵام بەدڵنیاییەوە تەنیا ئەو گێڕانەوەیە جێمتمانەیە کە دەڵێت عەلائەدین تا ساڵی ١٣٢٨ فەرمانی بەلێدانی پارەی زیوین بەناوی ئۆرخانەوە نەکرد. ئەو سکە نوێیەیش هاوشێوەی ئەو پارەیە بوو سەلجووقییەکان لەسەر شێوەی پارەی بیزەنتی لێیان دابوو. باوەڕ وایە کێشی تەواوی گەیشتبێتە شەش قیرات، واتە هاوتای چارەکە درهەمێک کە لە وڵاتانیتری ئیسلامیدا دەستاو دەست دەکرا. پارچە نەختینەکەیش، هاوشێوەی تەواوی ئاسیای بچووک، ناونرابوو: ئاکچە *Akche* (پارچەیەکی سپی) وەک وەرگێڕانی وشەی "سپی" Aspron کە لە سەدەی دەیەمەوە لە بیزەنتە بڵاو بوو. کۆنترین نموونەی ئەو پارەیە بۆمان پارێزراوێت، دیوێکی شایەتمانی لەسەر نووسراوە، لە دیوەکەیتریشی بەزمانی باو ناوی ئەمیر "ئۆرخان" و ئەم نزایەی لێ نووسرابوو: "خوا تەمەنی حوکمەکەی درێژ بکات". بەڵام جێی سەرنجە لەم پارەیەدا نە ناوی باوک و نە هیچ ئاماژەیەک بۆ کات و شوێنی لێدانی بەرچاو ناکەوێت.

ڕێکخستنی جلوبەرگ

ڕەنگە مرۆڤی هاوچەرخی خۆرئاوا کاتێک باسی مەسەلەی ڕێکخستنی جلوبەرگ دەبیستێت سەری سووڕ بمێنێت، کە ئەو ڕێکخستنە یەکێک لە کۆنترین ئەو پایانەیە دەوڵەتی عوسمانییان لەسەر دامەزراوە. بەڵام جلوبەرگ لە شارستانێتییە کۆنەکاندا پێوستییەک بوو لە پێوستییە بنچینەییەکانی کەسایەتی -وەک یەکپۆشیی سەربازیی ئەمڕۆ- نەک تەنیا ڕواڵەتێکی زەروری، بەڵام دەرەکی، کە بەزۆری پشت بە زەوقی بڕۆشەکەی دەبەستێت. جلوبەرگ یاخود پۆشاک تەنیا چینە کۆمەڵایەتییەکان لەیەکتر جیا ناکاتەوە، بەڵکو هەندێ گەلیش لە هەندێکیتر جیا دەکاتەوە. ئەگەر مافەکانی گەلان لە دەوڵەتی ئیسلامیدا تابڵێیت جیاواز بوو، بەڵام یاسادانەر دەبوو گرنگی بە جیاوازییە ڕواڵەتییەکانیش بدات. وەک چۆن تەربوش (کڵاو) fez پیاوی عوسمانی لە پیاوی ئەوروپی جیا دەکردەوە لەو کاتەوە مەحموودی دووەم فەرمانی دا بەبەکارهێنانی تا ئەوکاتەی مستەفا کەمال ساڵی ١٩٢٥ هەڵیوەشاندەوە، هەروەها ئەمڕۆیش پیاوی میسری پێ جیا دەکرێتەوە، بەهەمان شێوە سەرداپۆش بەدرێژایی چەندین نەوە، نیشانەی جیاکەرەوەی جلوبەرگ بووە لای ڕۆژهەڵاتییەکان.

عەلائەدین بۆ پیاوانی کۆشک و سەربازان، ڕەنگی سپی وەک نیشانەیەکی جیاکەرەوە بۆ تەپلە درێژە شێوە قووچەکییەکانیان هەڵبژارد، کە ئەوکاتە باو بوو و تا ئەم نزیکانەیش لە زۆر ناوچەی وڵاتی فارس بڵاو بوو. هەرچی سوڵتان خۆی بوو، هەروەها بەگەکان لە بۆنە ڕەسمییەکاندا، کڵاوەکانیان بە مێزەرە دەپێچا، کە تا پاشتر مەودای بەکارهێنانی فراوان نەبوو.

ڕێکخستنی سوپا

سەبارەت بە ڕێکخستنی سوپا هەندێ سەرچاوە دەڵێن سوڵتان و براکەی وەک ڕاوێژکارێکی هونەری پشتیان بە قازیی لەشکر لە بیلەجیک، قەرە خەلیل جاندارلی خەیرەدین پاشا بەستووە، لەکاتێکدا هەندێ سەرچاوەیتر تا سەردەمی مورادی ئاماژە بە دەرکەوتنی ناکەن[١٢٢]. ڕاستییەکەی تورکەکان لەوکاتەوە لە دەشتاییەکانەوە پەیدا بوون، وا ناسراون شۆڕەسواری بەجەرگن تا ڕادەی هەڵەشەیی، بەڵام هیچ لە مانای ڕێکخستنی تەکنیکی تێنەدەگەیشتن. ئەگەرچی توانیبوویان لە گۆڕەپانی کراوەدا بااڵدەستیی خۆیان بەسەر جاشە فشۆڵە بیزەنتییەکاندا بسەلێمنن، بەڵام جەنگی قەڵاکان و شوێنە قایمەکان

---

[١٢٢] بڕوانە: Fr. Taeschner and P. Wittek, Die Vezierfamilie der Gandarlyzade und ihre Denkmaler, Islam 18, 60-115.

پێوستی به توانای سەربازیتر هەبوو. لەڕاستیدا پێکهێنانی سوپایەکی پیادە زۆر پێویست بوو. سوڵتان سەرەتا هەوڵی دا ئەو سوپایە لە تورکەکان خۆیان پێکبێنێت، دەوڵەت بەدرێژایی ماوەی هەڵمەتەکە رۆژانە یەک ئاکچەی دەدا بەو خاوەن قەیاغە سەربازییانەی بۆ فیرقەکانی پیادە هەڵدەبژێردران. ئەو فیرقانە دابەش کرابوون بۆ چەند یەکەیەک کە لە دە کەسی و سەد کەسی و هەزار کەسی پێکدەهاتن. بەڵام ئەم رێکخستنە خۆی لەبەردەم ئەزموونەکاندا رانەگرت، چونکە ئەو جۆرە لە خزمەتی سەربازی کە تورکەکان پێشتر بەخۆیانەوە نەدیبوو وای لە خەڵک کرد زیادەڕەوی لە داواکاریەکانیاندا بکەن، ئۆرخانیش پاش ماوەیەکی کورت بڕیاری دا ئەو هێزە هەڵبوەشێنێتەوە.

وا بەناوبانگە جاندارلی پێشنیازی بۆ ئۆرخان کردبێت ئەو نەریتە ئیسلامییە کۆنە زیندوو بکاتەوە کە پێنجیەکی غەنیمەتەکان بۆ مااڵخانە (بەیتولمال) گل بداتەوە، بەوەیش سەرچاوەیەکی داهاتی بۆ دەوڵەت مسۆگەر کرد کە دەتوانێت خەرجی سوپایەکی نیزامیی هەمیشە ئامادە، دابین بکات. هەوڵی دا فیرقەی پیادەی تورکەکان بگۆڕێت بە فیرقەیەک لە مەسیحییەکان کە بەو جۆرە خزمەتە سەربازییە راهاتبوون. لەو رووەیشەوە یەکێک لە گرنگترین پرنسیپەکانی شەرعی ئیسلامی ئەوە بوو تەنیا موسڵمانان مافی چەکهەڵگرتنیان هەیە، ئەوا دەبوو دەوڵەت ئەو مەسیحییانەی بۆ پێکهێنانی لەشکرە تازەکە هەڵبژێرابوون بەزۆر بکاتە موسڵمان. بەم شێوەیە دەوڵەت ئەم هەڵمەتەی بە هەڵپرۆکاندنی هەزار کوڕ (غوڵام)ی دییان (مەسیحی) لەدەستی باوانیان و ناچارکردنیان بە رەتکردنەوەی بیروباوەڕی خۆیان، دەست پێکرد، بەڵام خەونبینینی ئەوانە بە ئایندەیەکی گەش وای لێکردن خۆیان وابەستەی سوڵتان بکەن و دڵسۆزی بن. لەڕاستیدا ئەم "هێزە نوێ"یە (یەنی چەری Yeni Chery، بەمانای هێزی نوێ دێت، لەوێوە بوو بە: ئینکیشاری Janizary) کە مەزەندە دەکرێت بۆ ساڵی ١٣٣٠ بگەڕێتەوە، هاوشێوەی گرووپەکانی سوارچاکانی مەسیحی -کە بۆ شەڕکردن دژی دوژمنانی کەنیسە دامەزران- بەشێوەیەکی نیمچە ئاینی رێک خران. پێشتر ئاسیای بچووک هەمیشە خاکێکی بەپیت بووە بۆ ئەو رێبازە ئاینییانەی رووبان کردبووە زوهد و تەسەوف، کە لە بواری خزمەتی کۆمەاڵیەتیشدا کاریان دەکرد، بەتایبەت لە گرنگیدان بە کاروباری گەڕیدە بیانییەکان. هەندێ گرووپ جگە لە "موریدان"یش پەیوەندییان بەو تاقمانەوە کرد وەک "ئەخیان" کە پێشتر باس کران. بەم شێوەی ئینکیشاری چووە ژێر بەیداخی تەریقەتی بەکتاشی، ئەفسانە دەوڵێت دامەزرێنەرەکەی لەکاتی دامەزراندنی ئەو سوپایەدا پیرۆزی کردوە. هەروەها هێزی سوارەیش لە سەردەمی ئۆرخاندا بەشێوەیەکی تۆکمەتر رێک خرابوو. سوپایەک کرایە بناغەی ئەم رێکخستنە کە لە سوارچاکانی دەستەبژێری خاوەن پۆستی نیزامی پێکدەهات، پێیان دەوترا "بولوکات چوار" (چوار فیرقەکە) و سەرەتا تەنها لە ٢٤٠٠ پیاوی ئازا و

بەجەرگ پێکهاتبوو، بەڵام دواتر ژمارەیان گەیشتە شازدە هەزار پیاو. ئەوانە ئەرکی پاراستنی ئاڵای ئیمپراتۆرییان لەئەستۆدا بوو، کە لە سەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەمەوە جێگەی ئاڵای پێغەمبەری گرتەوە. جگە لەم فیرقانە، هەندێ کەتیبەی سواوە دەرەبەگییەکان، یان "موسەللەمەکان" (لە باج بەخشراوان)یش هەبوون، کە لەژێر فەرمانی بەگەکانی سەنجەقەکاندا بوون.

بەم سوپایانە کە بەشێوەیەکی نوێ رێکخرابوون ئۆرخان توانی، بەتوندوتیژییەکی زیاتر، درێژە بە هەڵمەتەکانی بۆ سەر شارە کەنارییەکان بدات. تا پاش ماوەیەک بەندەرە دەریاییە گەورەکان هەوڵیان دا لەڕێی چوونە ژێر گوێڕایەڵییەوە بازرگانییەکەیان بپارێزن. سەرەڕای ئەو شکستە گەورەیەی لە هێرشەکەیدا بۆ سەر بیزەنتە خۆی، ساڵی ١٣٣٧، دووچاری هات –دەیویست تۆڵە لە ئیمپراتۆر کانتاکوزەن Cantacuzene بکاتەوە لەسەر هاوپەیمانیکردنی لەگەڵ سەلجووقییەکان بۆ بەرگریکردن دژی ئەو- کەچی ئیمپراتۆر ترسی لێ نیشتبوو لە سوپاکانی ئۆرخان، کە لە نزیکیەوە بەرەو لای ملیان دەنا، تەنانەت وای بەباش زانی بەشێوەیەکی کاتی هاوپەیمانی لەگەڵ ببەستێت، تا پاشتر ساڵی ١٣٤٥ گەڕایەوە و کچەکەی خۆی لێ مارە کرد، بەمەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی تا ئەوپەڕی سنوور. بەڵام ئەم هاوسەرگیرییە نەبووە بەربەست لەبەردەم پێشڕەویکردنی عوسمانییەکان بۆ پێشەوە. ئەوە بوو توانییان ساڵی ١٣٥٧، بەسەرکردایەتیی میراتگری تەخت ئەمیر سلێمان، پێکانیان لە گالیپۆلی Gallipoli لە نیمچە دورگەی تراقییە قایم بکەن. ماوەیەکی کەم پاش ئەم سەرکەوتنە، سلێمان مرد و تێیدا بەخاک سپێردرا.

وڵاتگیرییەکانی مورات لە بەلقان

ئۆرخان ساڵی ١٣٦٢ مرد و کوڕی دووەمی، مورات لەسەر تەخت جێگەی گرتەوە و دەستبەجێ رووی گرنگیدانی کردە نیمچە دورگەی بەلقان، کە تێیدا ژمارەیەکی بێشومار وردە حاکم لەسەر دەسەڵات لە ململانێدا بوون و هەندێکیان لە جەنگی دوور و درێژ و بەردەوامدا هەندێکیتریان لەناو دەبرد. بەڵام پێش لەوەی بەو ئاراستەیە مل بنێت دەبوو ژمارەیەک دژبەر لە ئاسیای بچووک لەناو ببات. لە ئەنگۆرە Angora کە سلێمانی برای ساڵی ١٣٥٤ خستبە سەر مەملەکەتەکەی باوکی، هێشتا ئیدارە بەپلەی یەکەم بەدەستی هەندێ گەورە بازرگانی نێو گرووپەکانی "ئەخیان"ەوە بوو، ئەوەیش شتێکی سروشتی بوو بۆ شارێکی دوورەدەستی سەرسنووری ئەوکات. ئەو بازرگانانە پێیان وابوو دەتوانن مردنی ئۆرخان و هاتنی کوڕەکەی پاش ئەو، بقۆزنەوە بۆ رزگاربوون لە کۆتی بێگانە. لەبەرئەوە لەگەڵ سەلجووقییەکانی کارەمانەکانی هاوسێیان هاوپەیمانییان بەست. بەڵام

موراد لە هەڵمەتێکی خێرادا توانی نەیارەکانی لەناو ببات[١٢٣]، بەشێوەیەک توانی بگاتە تۆقات، پاش ئەوە ئیتر دەستی کراوە بوو خۆی بۆ جەنگی بەلقان تەرخان بکات. دیمۆتیکای کرد بە بنکەی ئەرکانی جەنگەکەی و هەڵیکوتایە سەر ئەمیرەکانیی بەلقان و یەک لەدوای یەک کەوتنە چنگی عوسمانییەکان، کە لێبڕاوانە لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییە دوورمەوداکانیان کاریان دەکرد. ساڵی ١٣٦٢ بیزەنتییەکان ئەدەرنەیان لەدەست دا و عوسمانییەکان ساڵی ١٣٦٦ کردیان بەپایتەختی خۆیان، تا کەوتنی قوستەنتینیە. پاپا ئوربانوسی پێنجەم هەوڵی دا بانگی مەسیحییەکان بکات بۆ جەنگێکی خاچپەرستیی نوێ بۆ رزگارکردنی ئەدەرنە لە دەستی موسڵمانان، بەڵام بێهوودە بوو. ئەگەرچی سوپایەک لە سوارچاکانی مەسیحی بەسەرکردایەتیی ئەمادیوس کۆنتی سافۆی توانی بۆ ماوەیەکی کورت جێپێکانی لە گالیپۆلی بچەقێنێت، بەڵام نەیتوانی لەسەر پلانێکی هاوبەش لەگەڵ بیزەنتییەکان رێک بکەوێت و ناچار بوو زوو پاشەکشە بکات. ئیمپراتۆرەکانی بنەماڵەی پالایۆلۆجی Palaeologi وردە وردە وایان لێهات زیاتر پشت بەتورکەکان ببەستن، بگرە پاشتر لەکاتی داگیرکردنی ئالاشەهر (فیلادلفیا)دا پێوست بوو یارمەتیی سەربازیشیان بدەن.

شەڕی کۆسۆڤۆ

ناکۆکی و پەرتەوازەیی سلاڤەکان وای کرد عوسمانییەکان بەسووک و ئاسانی بەسەریاندا زاڵ بن. ساڵی ١٣٧١ کاتێک موراد لە ئاسیا بوو، سیربەکان هەوڵیان دا تەوقی گەردنیان فرێ بدەن کە هەڕەشەی لێدەکردن و هێرشێکیان بەسەرکردایەتی "ڤوکاشین" کردە [سەر عوسمانییەکان]، بەڵام حاجییەکی ئێلبەگی لای چیرمەن لە کەناری رووباری مەریچ Maritza بەخراپی شکاندنی، سەرەنجام مولکەکانیان لە مەکدۆنیا لەدەست دا. پاشان عوسمانییەکان ساڵی ١٣٨٥-١٣٨٦ سۆفیا و نیش-یان داگیر کرد، خەیرەدین پاشا لە گالیپۆلییەوە فەتحکردنی مەکدۆنیای تەواو کرد (ساڵی ١٣٨٥ مزگەوتی گەورە: ئەسکی جامیعی دروست کرد)، لەوەیشدا فەرماندەی سوپاکە ئورنوس بەگ یارمەتی دەدا، کە پاش کەوتنی بنەماڵەکەی بنەماڵەی کەرەسی، پەیوەندی بە سلێمانەوە کرد. لە گومولجینەوە کە ئورنوس فەتحی کردبوو، عوسمانییەکان دەستیان بەسەر (سەری) Izeres گرت کە، لەنێوان سیرب و بیزەنتییەکاندا ناکۆکی لەسەر بوو، لەوێشەوە سالونیکیان داگیر کرد و دەستیان دایە تالان و راوڕووت لە باکووری ولاتی یۆنان تا ئەکارنانیا. قەیسەری بولگاریا، شیشمانی سێیەم، خۆی و سراسیمیری بۆ کە لە ڤیدین دەژیا (ساڵی ١٣٦٤)

---

[١٢٣] بڕوانە P. Wittek, in Fetschrift Jacob, 345.

ئیمپراتۆرییەتەکەی ئەسکەندەری باوکیان بەش کرد و ژن و ژنخوازی لەگەڵ موراد کرد. بەڵام پێشڕەویکردنی موراد لە بەلقان ترسی خستە دڵی و هاوپەیمانییەکی لەگەڵ سیرب و بۆسنییەکان بەست. سااڵی ١٣٨٧ فەرماندەی تورکی لالاشاهین لە پلۆچنیک رووبەڕووی سوپا هاوپەیمانەکان بوویەوە، بەڵام بەخراپی شکا و بەشی هەرەزۆری سوپاکەی لەناو چوو. لەڕاستیدا ئەم سەرکەوتنە بەدەست نەدەهات ئەگەر موراد جارێکیتر سەرقال نەبوایە بە کاروبارەکانی ئاسیاوە. پێشتر ساوجیی کوڕە گەورە و جێگری لە حوکمکردنی ئەوروپا، لە گوێڕایەڵیی دەرچووبوو و هاوپەیمانی لەگەڵ یەکێک لە ئەمیرە بیزەنتییەکان و ئەمیری سەلجووقیی کارەمان بەستبوو، بەڵام ئەو هاوپەیمانانە سااڵی ١٣٨٦ لە قۆنیە شکێنران. سااڵی ١٣٨٨ عەلی پاشا کوڕی قەرە خەلیل جاندارلی توانی تۆڵەی شکستەکەی عوسمانییەکان لە بەلقان بکاتەوە، بە سی هەزار جەنگاوەرەوە لە ڕێڕەوی "نادر" پەڕییەوە و هەردوو شاری تیرنۆڤۆ و شوملای داگیر کرد. هەروەها قەیسەر شیشمان لە نیکۆپۆڵیس Nicopolis لەسەر ڕووباری تووڵە (دانووب) تەوق کرا، بەڵام تورکەکان لەگەڵی سوڵحیان کرد بەو مەرجەی سەرانەیان بداتێ و دەست لە سیلیستریا هەڵبگرێت بۆیان. کاتێک ئەو ڕێکەوتنەکەی پێشێل کرد جارێکیتر گەمارۆیان دایەوە لای نیکۆپۆڵیس و ناچاریان کرد بەبێ قەید و شەرت خۆی بەدەستەوە بدات، بەڵام ژیانیان پاراست و تەختەکەیان بۆ هێشتەوە. سااڵی دوای ئەوە، هاوپەیمانییەکیتری گەورە دژی عوسمانییەکان کرا.

بەم شێوەیە عوسمانییەکان لە ١٥ی حوزەیرانی سااڵی ١٣٨٩ لەگەڵ هێزە سیربییەکان – کە هێزیتری بۆسنی و مەجەر و بولگار و ئەلبانییەکان پاڵپشتییان دەکرد- لە مەیدانی باڵندە ڕەشەکان (کۆسۆڤۆ) کە هەر سێ ڕووباری ئیبار و قاردار و درینە هەڵدەقوڵێن، بەیەک گەیشتن، ئەم جارەیان عوسمانییەکان موراد خۆی سەرکردایەتی دەکردن، پاش ئەوەی هەردوو کوڕەکەی بایەزید و یەعقووب و ئەمیرە شوێنکەوتەکانی ساروخان و مەنچا و ئایدین و حەمید سوپا ئاسیاییەکانیان کۆکردەوە. شەڕەکە سەخت بوو تێیدا هەردوولا پتر لە جارێک لە سەرکەوتن نزیک کەوتنەوە، مەسیحییەکان بەرەنگارییەکی وا توندیان کرد بە زیانی گەورە لەسەر عوسمانییەکان شکایەوە و لەو شەڕەدا موراد خۆی کوژرا. گێڕانەوە تورکییەکان باس لەوە دەکەن میلوش کوبیلیچ، جەنگاوەرێکی سیربی بریندار بوو و لە مەیداندا ڕاکشابوو، بەفێڵ و ناپاکی مورادی کوشتوە. بەڵام داستانە سیربییەکانن باس لەوە دەکەن موراد لەژێر خێوەتەکەیدا بەخەنجەری دوازدە قارەمان کوژرا کە خۆیان بۆ کوشتنی تەرخان کردبوو. بەڵام عوسمانیەکان زۆری نەبرد پاشای سیرب، لازاریان بەدیل گرت پاش ئەوەی هاوپەیمانەکانی پشتیان چۆڵ کرد و وەک دەوترێت، بەفەرمانی سوڵتانی گیانکەنشت سەری خۆی و هاوەڵانی لەکاتی دیلکردنیان پەڕێنرا. لێرەدا میراتگری تەخت، بایەزید، کە سەرکردایەتی باڵی چەپی دەکرد، هێزە

پەرشوبڵاوەکەی کۆکردەوە و سەرکردایەتی کرد بەرەو سەرکەوتنی یەکجارەکی بەسەر هێزە سیربییەکاندا، کە تیاچوونی پاشاکەیان چۆکی شکاندن[١٢٤].

بایەزید بەهەموو توانای خۆی –زیاتر لە خەلیفەکانی پێش خۆیشی- کەوتە گرنگیدان بە کاروباری سەربازی، ئەو کاروبارانەی چیتر نەک هەر وەک سەرکردەی گرووپەکانی موجاهیدان، بەڵکو وەک سەرۆکی دەوڵەتێکی زلهێز مامەڵەی لەگەڵ دەکردن. پاش ماوەیەکی کورت هاوسێکانی هەستیان بە رادەی هێز و دەسەڵاتی کرد. ئەوە بوو ساڵی ١٣٩٠ بیزەنتییەکان دوایین مولکیان لە ئاسیای بچووک، شاری ئالاشەهر (فیلادلفیا)، لەدەست دا، بەشێوەیەک ئیمپراتۆری لاو مانویل ناچار بوو یارمەتیی سەربازیی سوڵتان بدات دژی شوێنکەوتە دڵسۆزەکانی خۆی. دوای سێ ساڵ بولگار بەتەواوی ملکەچ کرا. پاش کەوتنی شیشمانی ئەمیریان پەتریرک یوثیمیوس سەرکردایەتیی دوایین بزوتنەوەی بەرەنگاری لە تیرنۆڤۆی پایتەخت کرد.

هەڵمەتێکی خاچپەرستیی نوێ

سروشتی بوو ئەم سەرکەوتنانەی عوسمانییەکان خۆرئاوا بێزار بکات، لەبەرئەوە پاپا بونیفاسیوسی نۆیەم کەوتە بانگەوازکردن بۆ جەنگ دژی بێباوەڕان (موسڵمانان) لە فەرەنسا و وڵاتانی نزیکی چیاکانی ئەلپ و باشووری ئەڵمانیا، سەرەنجام ئەو بیرۆکە خاچپەرستانەیەی پێدەچوو خەڵک دەمێک بێت لەیادیان کردبێت سەری هەڵدایەوە. بەهاتنی بەهاری ساڵی ١٣٩٦ سیجیسموند Sigismundی پاشای مەجەر توانی لە بوودا سوپایەکی بەهێز لە سوارچاک لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، کە لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاواوە دابارییوون بەسەریدا. بەڵام لەدەستدانی گیانی سیستمبەندی لای ئەو جەنگاوەرانەی رێگەی ئیمان، وای کرد حەماسەتەکەیان تەواو بێسوود بێت و گشت هەوڵەکانی سیجسموند بۆ سەرکردایەتیکردنیان لە جەنگێکی رێکخراودا بەبا چوو. بەم شێوەیە بایەزید لە ٢٧ ئەیلوول توانی لە نیکۆپۆڵیس، شکستێکی سەختیان بەسەردا بێنێت و سوپاکانی عوسمانی لە راونانی پاشماوەکانیاندا تا سەتیریا پێشڕەویان کرد. پاشان بایەزید تۆڵەی لە دەسەڵاتدارانی نیمچە دورگەی مووره لاتینەکان کردەوە، کە بووبوونە هاوپەیمانی خاچپەرستان و زەوییەکانیانی وێران کرد. ساڵی ١٣٩٤ بایەزید لەکاتێکدا لە لوتکەی سەرکەوتنەکانیدا بوو، نێردەیەکی نارده لای خەلیفە موتەوەکیل کە لە قاهیرە نیشتەجێ بوو و داوای لێکرد نازناوی (سوڵتانی رۆم)ی پێببەخشێت، تا مۆرکێکی شەرعی و رەسمی بەو

---

[١٢٤] بڕوانە: M. Braun, Kosovo, Die Schlacht auf dem Asmelfelde in geschichtlicher und epischer Uberlieferung (Slav. Balt. Quellen und Forschungen, published by R. Trautmann, VIII) Leipzing, 1973.

دەسەلاتەی ئەو و باوباپیرانی هەیانبوو بدات، بەوە هەیبەتی لە جیهانی ئیسلامیدا زیاد بکات. سولّتان بەرقوق، پاریزەری خەلیفەیش نەیدەتوانی ریگەی لێ بگرێت لە رازیبوون بە داواکەی بایەزید، چونکە پاشای عوسمانی بەتاکە هاوپەیمانی خۆی دەبینی دژی مەغۆلەکان، کە هەڕەشەیەکی گەورە بوون، هەم بۆ بایەزید و هەم بۆ بەرقوق.

مەترسیی مەغۆل

مەملەکەتی عوسمانی ماوەیەک بوو هەستی دەکرد ئەم مەترسییەی مەغۆل لە رۆژهەلاتەوە هەڕەشەی لێدەکات و لە هەمان کاتدا دەرفەتێکی نوێی دەبەخشییە رۆمە بیزەنتییەکان ئاهێکیان وەبەردا بێتەوە. لەناو مەغۆلەکاندا کە بۆ جاری دووەم جۆرەها کاری درندانەیان دژ بە جیهانی ئیسلامی ئەنجام دا، قارەمانێکی سەربازیتر سەری هەلّدابوو بەناوی تەیموور (تەیموور لەنگ). ئەو سەرکردە مەزنە سالّی ١٣٣٦ لە کیش Kesh لە هەرێمەکانی ئەودیو رووبار (ترانسۆکسانیا) لەدایک بوو و دەچێتەوە سەر نەژادی جەنگیزخان. دەوروبەری سالّی ١٣٦٩ ئەمیری خوراسان و ئەودیو رووباری [کە ناوەی چەغتای دووەم کوڕی جەنگیز بوو)ی دامالّی کە تەنیا بەناو سەرۆکی حکومەتێک بوو خانەدانان لە سەربازانی تورک بەسەریدا زاڵ بوون. تەیموور مولّکەکانی ئەو چەغتای-یەی گۆڕی بۆ ئیمپراتۆرییەتێک و سەمەرقەندی کردە پایتەختی. لە سەردەمی پێشینەکانیدا باری گوندنشینی زیاتر بەسەر شارەکەدا زاڵ بوو، ئەو بۆ ئاستی شارێکی سەقامگیر بەرزی کردەوە و سنعەتکارانی فارسی راسپارد بە بینای کەشخە بیرازێننەوە. تەیموور، وەک موسڵمانێکی باش، سۆزی بۆ زانا و پیاوانی ئایینی پیشان دەدا، بەتایبەت دەرویشانی تەریقەتی نەقشبەندی. هەرچۆن بێت، تەیموور بەم ئیمپراتۆرییەتە تێری نەخوارد کە بۆی دامەزرا، بەڵکو هەوڵی دا تەواوی ئەو میراتە دەست بخاتەوە کە جەنگیزخان بەجێی هێشت، لەبەرئەوە سالانە ئاگری جەنگی لە سەرتاسەری وڵاتدا بەرپا دەکرد، لە مۆسکۆوە بۆ رووباری گەنج و تا سووریا لە رۆژئاواوە. بایەزید بە بیرتیژیی خۆی دەرکی بەوە کردبوو رۆژێک هەر دێت لەگەڵ ئەو وڵاتگرەدا بکەوێتە جەنگ، لەبەرئەوە هەر لە سالّە بەراییەکانی دەسەلاتەکەیەوە کاری لەسەر بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە ئاسیا دەکرد. ئەوە بوو سالّی ١٣٩١ قۆنیەی لە زاواکەی، ئەمیری کارەمان، سەند، کە مورادی باوکی بایەزید لەسەری هێشتبوویەوە. سالّی دوای ئەوە، کاتێک ئەو ئەمیرە شەڕێکی بەرانبەر فەرماندەکەی، تەیموور تاش دۆڕاند، بایەزید دەستی بەسەر باقی مەملەکەتەکەیدا گرت. پاشان تورکمان لە قەیسەری و تۆقات و سیواس ملکەچی بوون. سالّی ١٣٩٣ ئەمیر قەستەمونیش مولّکەکانی لەدەست دا. ئەو ئەمیرانەی عوسمانییەکان دەستیان بەسەر ناوچەکانیاندا گرت رایانکرد بۆ پەنای تەیموور، تا لەوێوە درێژە بە

ململانێ دژی بایەزید بدەن. کاتێک بایەزید پەلاماری ئەمیری ئەرزنجانی ئەرمەنیشی دا، تەیموور ساڵی ١٤٠٠ لە ئاسیای بچووک پەیدا بوو -ئەمیری ئەرزنجانی بەشوێنکەوتەی خۆی دادەنا- سیواسی داگیر کرد و شمشێری لە لەشکرگەکەیدا خستەکار و سەرجەم ئەندامانی لەناو برد، لەناویاندا ئەرتوغرول، کوڕە گەورەی بایەیزد.

تەیموور سەرەتا بەم هەڵمەتە تەمێکارانەی دژی بایەزید وازی هێنا، تا لە هەڵمەتێکی تێکدەرانەدا دژی ئەمیری میسر، سوڵتان فەرەجی مەملوکی، روو بکاتە ئەو وڵاتە. رەنگە بیری هاتبێتەوە پێشتر مەمالیکی میسر چ بەرەنگاربیەکی هۆلاکۆیان کرد، لەبەرئەوە ویستی باڵی سوپاکەی تووشی مەترسی نەکات. پاشان زستانی داهاتوو (١٤٠١-١٤٠٢)ی لە قەرەباغ لەودیو قەوقاز لەنێوان هەردوو رووباری کووراو و ئاراس بەسەر برد. لەوێوە خۆی بۆ شەڕێکی یەکلاکەرەوە دژ بە عوسمانییەکان ئامادە کرد.

لەنێوان بایەزید و تەیموور دا

لە سەرەتای بەهاری ساڵی ١٤٠٢ تەیموور هێرشەکەی دەست پێکرد و لەڕێگەی ئەرزنجان و سیواسەوە بەرەو دەشتی ئەنگورا پێشڕەوی کرد. بایەزید لە کۆتایی تەممووز، لای چیبوک ئاباد بڕیاری دا شەڕەکە بکات ئەگەرچی راوێژکارەکانی بەهۆی دۆخی سوپای عوسمانی و ئامادەنەبوونی و باڵادەستیی گەورەی دوژمن لەڕووی ژمارەوە پێداگرییان کرد ئەو کارە نەکات. عوسمانییەکان لەم جەنگەیان دژی برا ئایینییەکانیان ئەو حەماسە ئایینییەیان نەبوو کە لە جەنگەکانیتر جۆش و خرۆشی پێدەبەخشین. هەرچۆن بێت، سوپا مەسیحییە پاڵپشتەکانی ژێر بەیداخی بایەزید بە نابەدڵی هاتنە ناو شەڕەکە. سەرەڕای ئەمە، شەڕەکە بەرەبەیانی ٢٠ تەممووزی ساڵی ١٤٠٢ لە بەرژەوەندیی تورکەکان دەستی پێکرد. ئەوە بوو سوارچاکە زرێپۆشە سیربەکان هێرشیان کردە سەر سەربازانی مەغۆل کە چەکی سووکیان پێ بوو و بەحەماسەتێکی زۆرەوە تەنگیان پێ هەڵچنین، بەڵام بایەیزد داوای لێکردن بگەڕێنەوە لەترسی ئەوەی نەوەک دوژمن تەوقیان بکات. مەغۆل لە پێشڕەویکردنیان بەردەوام بوون، تا کە گەیشتنە هێڵەکانی عوسمانییەکان لەشکرە سەلجووقییەکان چەکیان فڕێ دا و هەڵاتن پاش ئەوەی بینییان ئەمیرەکانی پێشوویان لە ریزەکانی دوژمندا شەڕ دەکەن. بایەزید و نزیکەی پێنج هەزار ئینکیشاری تا ئێوارە قارەمانانە بەڕووی تەیموور و سەربازەکانیدا خۆیان راگرت، پاش ئەوە ئیتر بەرەنگاریکردن نەیدەتوانی شکست لەوە زیاتر دوور بخاتەوە، کە شەو داهات سوڵتان رایکرد، بەڵام لەگەڵ مووسای کوڕیدا بەدیل گیران، دوو کوڕەکەیتریشی، محەمەد و عیسا، خۆیان گەیاندە کارەمان. تەیموور سەرەتا بەڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵ سوڵتانی دیل کرد، بەڵام کاتێک هەوڵێکی سەرنەکەوتووی دا بۆ هەڵهاتن، دیلییەکەی لەسەر توند کرد و لە

قەفەسێکی ئاسنیندا لەگەڵ خۆی هەڵیگرت. بایەزید لە ئاکشەهیر لە ناوچەکانی حەمید لە ٨ی ئاداری ساڵی ١٤٠٣ مرد، تەیموور ڕێزی گرت بەوەی ڕێگەی دا لە مزگەوتی بروسە بنێژرێت.

تەیموور ئەمیرە سەلجووقیەکانی گێڕایەوە بۆ میرنشینەکانیان لە ئاسیای بچووک، هەروەها ئیزمیری فەتح کرد کە بیزەنتییەکان لەدەستی ئومور بەگ ئەمیری ئایدین-یان دەرهێنابوو. بەڵام ڕۆم ئیلی Rumelia بۆ عوسمانییەکان هێشتەوە و کەوتە دەست سلێمانی کوڕی بایەزید، کە ناچار بوو دان بە دەسەڵاتی تەیموور دا بنێت و وەک شوێنکەوتەی ئەو حوکمی وڵات بکات.

پاشان تەیموور سەرلەنوێ بەرەو ڕۆژهەڵات کەوتە ڕێ و ئامانجی بارەگاکەی بوو لە سەمەرقەند. لە ١٩ی کانوونی دووەکی ساڵی ١٤٠٥ لەو کاتەی سەرقاڵی هەڵمەتێک بوو بۆ سەر وڵاتی چین، لە ئوترار مرد و ئاسیای بچووک بەجێ هێڵرا خۆی کاروباری خۆی ڕێک بخات.

جێنشینەکانی تەیموور

هەردوو کوڕەکەی تەیموور، شاه ڕوخ و میران شا ئیمپراتۆرییەتەکەیان بۆ دوو بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دابەش کرد، هێڵێک لێکی جیا دەکردەوە کە بەتەنیشت بەرزاییەکانی ئێراندا درێژ دەبووەوە. میران شا کە عێراق و ئازەربایجان و هەندێ بەشی قەوقازی کەوتە ژێر دەست، ناچار بوو ملکەچی دەسەڵاتی براکەی ببێت و ساڵی ١٤٠٨ لە شەڕێکیدا دژی سەرکەوەرەی گرووپێکی تورکمان بەناوی قەرەقۆیونلو (بەرخی ڕەش) کوژرا. ئەوانە و دژبەرەکانیان ئاق قۆینلو (بەرخی سپی) لەسەر خاوەندارێتیی ویلایەتەکانی باکووری ڕۆژئاوای سەر بە شاه ڕوخ لە کێشەدا بوون، کە ئەمەی دوایی پاش مردنی براکەی ئیمپراتۆرییەتەکەی لەژێر ئالای خۆیدا یەکخست. شاه ڕوخ و نەوەکانی -بەتایبەت "ئولوغ بەگ" کە بایەخی بە زانستی فەلەک دەدا (١٤٤٧-١٤٥٢)- دۆستی شیعر و زانست بوون، بەوەیش خزمەتێکی گەورەی ئەدەبی فارسی و ئەدەبی تورکیی ڕۆژهەڵاتیان کرد. هەروەها ئەبو سەعید، جێنشینی ئولغ بەگ (١٤٥٢-١٤٦٩) توانی دەسەڵاتی خۆی لە عێراق تا سنوورەکانی هیند جێگیر بکات، بەڵام لە شەڕێکدا کە لەنێوان ئەو و ئوروزون حەسەندا، کە پاشتر باسی دەکەین، ڕووی دا، گیانی لەدەست دا.

حەسەن بایقەرا لە ساڵی ١٤٦٩ تا ١٥٠٦ شاری هیراتی کرد بە پایتەختی خۆی، پێگەی سەمەرقەند گەشەی سەند و بوو بە ناوەندێکی گەشاوە لە ناوەندەکانی ڕۆشنبیری و هونەری ئیسلامی. هەرچۆن بێت، پاڵەپەستۆی هۆزی ئوزبەگی تورکمانی، بەسەرکردایەتیی سەرۆکەکەی، شەیبانی [خان] لەسەر بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی تەیموور توند

بوو. سالّی ١٥٠٠ ئەم شەیبانییە، بابری نەوەی ئەبی سەعیدی لە تەختەکەی لە سەمەرقەند دامالّی و ناچاری کرد بار بکات بۆ هیند، کە ئیمپراتۆرییەتی مەغۆلە مەزنەکانی دامەزراند. هەرچی لە رۆژئاوایە، جێنشینەکانی تەیموور گەیشتنە دۆخێکی زۆر سەخت پاش ئەوەی شا ئیسماعیل توانی ئێران لەسەر داروپەردووی دەولّەتی ئاینیی شیعیی ئەردەبیل یەکبخاتەوە، وەک پاشتر دەبینین.

کێشە لەنێوان کوڕانی بایەزید

راستەوخۆ پاش مردنی باوکیان، کێشە لەنێوان کوڕانی بایەزید سەری هەڵ دا. محەمەد کە بەهێزترین و چالاکترینیان بوو، لە ئەنگۆرا هەڵاتبوو بەئاراستەی رۆژهەڵات و پەنای بردبووە چیاکانی دەوروبەری ئەماسیە و تۆقات و لەوێوە هێرشی دەکردە سەر برای گەورەکەی، عیسا، کە پێشتر شاری بروسەی داگیر کردبوو و پێشنیازەکەی محەمەدی بۆ دابەشکردنی مولکەکانی ئاسیا لەنێوانیان رەت کردەوە (سالّی ١٤٠٣). محەمەد براکەی لە ئولوباد شکاند و پاشان بەرەو بروسە ملی نا، عیسایش رایکرد بۆ بیزنتە. پاشان سلێمانی برای کە تەنیا بە رۆم ئیلی قایل نەبوو، سەربازی نوێی بەکۆمەک بۆ عیسا نارد و جارێکیتر رووی کردەوە ئاسیای بچووک، بەڵام تووشی شکستێکی تازە بوو و لە کارەمان کوژرا. لە کۆتاییەکانی سالّی ١٤٠٤ سلێمان خۆی لە دەردەنیل پەڕیەوە و محەمەدی لە بروسە وەدەرنا، سالّی پاشتر لە ئەنگۆرایش دەریکرد. ئەوکاتە مووسا چوارەم کوڕی بایەزید، بە ئاماژەی محەمەد و بەپاڵپشتیی سیرب پەلاماری رۆم ئیلی دا. ئەم مووسایە لە ئەنگۆرا دیل کرابوو، پاشان ئەمیری سەلجووقیی گەرمیان ئازادی کرد. هەرچۆن بێت، مووسا لەلایەن سلێمانی برایەوە لە قۆچی ئالّتوونی لەنزیک قوستەنتینیە شکێنرا و لە دەردەنیل دوای کەوت. بەڵام ژیانی جەنجالّی سلێمان و رەفتاری سەرچلّانەی وایکرد دەستوپێوەندەکەی لابەندییان بۆی نەمێنێت، لەبەرئەوە هەر کە مووسا دوای سی سالّ هێرشی کردەوە سەر هێزەکانی، هاوەلّانی پێش لەوەی شەڕ دەست پێبکات ناپاکییان لێکرد. لە تەممووزی سالّی ١٤١٠ لەکاتی هەلّاتنیدا بەدەستی هەندێ جووتیار کوژرا.

بەڵام مووسا رازی نەبوو دان بەسەروەریی محەمەددا بنێت. سەردەمەکەی بەهەڵمەتێکی تۆڵەسەندنەوە بۆ سەر سیرب دەستی پێکرد کە سێ سالّ لەوەوپێش خیانەتیان لێ کردبوو و بەقسەی ئەو خیانەتەکەی ئەوان هۆی شکستەکەی بووە. تەسالییەی فەتح کرد، تا کاتێک زۆری بۆ ئیمپراتۆر مانویل هێنا، ئیمپراتۆر و محەمەد لەدژی هاوپەیمانییان کرد. ئەو هاوپەیمانێتییەیش لەسەر دەستی بالّیۆزی مووسا خۆی بوو، کە ئەرکی کۆکردنەوەی سەرانەی لە بیزنتە پێ سپێردرابوو، ئەویش گوێڕایەڵی بۆ گەورەکەی دامالّی و پەیوەندی کرد بە خزمەتکردنی محەمەدەوە. یەکەم هێرش هەردوو

هاوپەیمان سالّی ١٤١٠ پێی هەستان بە شکست لای "یاجیگیز" کۆتایی هات. لەوکاتەوە محەمەد بەدرێژایی دوو ساڵ بەشەڕکردن دژی هەردوو ئەمیری ئیزمیر و ئەنگۆرا لە ئاسیای بچووک سەرقاڵ بوو و تا سالّی ١٤١٢ نەیپەرژایەوە سەر دەستپێکردنەوەی هێرش لە ئەورووپا.

لەکاتێکدا سوپاکانی مووسا لەبەردەم دەروازەکانی قوستەنتینیە دامەزرابوون، [محەمەد] بەئاراستەی باکوور تا نیش چوو و لەگەڵ سیربەکان کە جەنگیان دژی مووسا راگەیاندبوو دەستی تێکەڵ کرد. هاوینی داهاتوو لەگەڵ هاوپەیمانە سیربییەکانی بەرەو باشوور پێشڕەوییان کرد. مووسایش لە ١٠ی تەممووزی سالّی ١٤١٣ چوو بۆ رووبەڕووبوونەوەیان لە دەشتی "چامورلو" بەرتەسک، لای رووباری "ئیسکار" لە رۆژهەلاتی سۆفیا، بەڵام دوای بەرەنگارییەکی قارەمانانە شکا و لەکاتی هەڵاتندا بەدیل گیرا، پاشتر لە سەربازگەی براکەیدا خنکێنرا. محەمەد پاداشتی سیرب و یۆنانییەکانی کرد بۆ یارمەتییەکەیان و هەندێ ئیمتیازاتی هەرێمی پێ بەخشین.

زۆربەی وردە ئەمیرەکان لە ئەورووپا و ئاسیا پاش بەرەنگاریکردنێکی کورت دانیان بەسەروەریی محەمەدذا نا بەسەریانەوە، تا کاتێک هەوڵی دا ڤینیسیاییە نیشتەجێکانی دورگەکانی دەریای ئیجە ناچار بکات بێنە ژێر بەیداخی، شاری ڤێنیسیا خۆی رووبەڕووی بوویەوە و سەرەتا ناچار بوو واز لە داواکارییەکانی بێنێت پاش ئەوەی کەشیگەلەکەی لە ٢٩ی نواری ١٤١٦ تووشی شکستێکی دژوار بووەوە لای گالیپۆلی.

شۆڕشی بەدرەدین سیماونەیی و بورکلوجە مستەفا

بەڵام رادەی ئەم هەژانەی بناغەی ئیمپراتۆرییەتەکە بەهۆی سەرهەڵدانی مەغۆل و ئەو شەڕە ناوخۆییانەی بەدوایدا هاتن، تووشی هات، لە بزوتنەوەیەکی مەزهەبیی دیاردا خۆ دەنوێنێت کە کەوتە دژایەتکردنی ئیسلام خۆی. ئەوە بوو بەدرەدین سیماونەیی قازیی پێشووی سوپا و گەورەی وەزیرەکانی مووسا و یەکێک لە ئەمیرە سەلجووقییەکانی قۆنیە، پاش شکستی گەورەکەی لە نیقییە Nicaea نیشتەجێ بوو. لەوێ ئەو شەرعناسە گەورەیە –کە پێشتر توانای خۆی لە شەرعی ئیسلامیدا دەرخستبوو لە کتێبێکدا کە ماوەیەکی زۆر پرۆگرامی وانە وتنەوە بوو– رووی کردە سۆفیگەرییەکی دەمارگیر کە لە بنەڕەتدا بۆ باوەڕ بە مەهدی دەگەڕێتەوە کە لەلای شیعە زۆر بڵاوە، بەڵام سەرەنجام لە ئیسلام دووری خستەوە و تەواو نامۆی کرد لێی. لەڕاستیدا بۆچوونەکانی کە بانگەشەی بۆ مولّکایەتیی هاوبەش و یەکسانیی مەسیحی و موسڵمانەکان لە باوەڕ بەخوا و پەرستنیدا، دەکرد، پێشوازییەکی باشی لەلایەن جووتیارانی ئاسیای بچووکەوە لێکرا، کە سەرجەمیان بەدەست سەرگەورە دەرەبەگەکانیانەوە شەکەت بووبوون، هەروەها بیرۆکە مەسیحییە

جۆراوجۆرەکانیش لە ولاتەکەیاندا ژیابوون، پاش تێکەڵبوونیان بە هەندێ بیرۆکەی بتپەرستی کە ئاسیای بچووک لە سەردەمە کۆنەکانیدا بەخۆوەی دیبوون. پاشان موراد و پەردەدارەکەی پێشووی، بورکلوجە مستەفا شوێنکەوتەکانی لەدەوری کۆکردەوە لە چیای (ستیلاریوس) لای بەشی باشووری کەنداوی ئیزمیر، بەرانبەر دورگەی خیوس Chios. هەر زوو شوێنکەوتەکانی، کە هەندێ دەرۆێشی تووندڕەو سەرکردایەتییان دەکردن، کەوتنە پەلامارادانی شارەکانی دەوروبەر تا هەرێمی مەگنیسیا. شیشمانی سیربی، کە موسڵمان بووبوو، حاکمی ئایدین بوو، کاتێک فەرمان هات بە زەرورەتی لەناوبردنی ئەو بزوتنەوە مەترسیدارە، بەحەماسەتێکی هەڵەشانەوە دەرچوو بۆ شەڕ لەگەڵیان لە چیاکانی (ستیلاریوس)، لەوێ شۆرشگێڕەکان شکاندیان و خۆی و سەرجەم سەربازەکانیان تەفروتونا کرد. دۆخەکە لە سەردەمی عەلی بەگی جینشینیشیدا هیچ باش نەبوو، ئەگەرچی ئەو توانی خۆی قوتار بکات. بەم شێوەیە موراد بن محەمەد -کە میردمندانێک بوو هیشتا تەمەنی نەگەیشتبووە دوازدە ساڵ و والیی ئەماسیە بوو و لەوێیش دەژیا- ناچار بوو هێزەکانی بخاتە پاڵ هێزەکانی ئەمیری رۆم ئیلی، بایەزید پاشا و هەڵبکوتێتە سەر یاخیبووان، کە سەرەنجام لای چیای قەرەبورون Karaburun شکستیان خوارد. مستەفایش لەسەر خاچ مرد و بوو بەشەهیدی ریگەی باوەڕەکەی. هەرچی بەدرەدینی مامۆستای بوو پێشتر رایکردبوو بۆ والاچیا (ئەفلاق) Wallachia، لەوێ پاشماوەی شوێنکەوتەکانی کۆکردەوە و رێڕەوێکی شاخاوی لە بەلقان داگیر کرد. تا کاتێک محەمەد خۆی هات بۆ شەڕکردن لەگەڵیدا، هێزەکانی بەدرەدین چوونە پاڵی پاش بیستنی هەواڵی ئەو چارەنووسەی مستەفای پێگەیشت. بەدرەدین ماوەیەک لێرە و لەوێ خۆی حەشاردا، بەڵام زۆری نەبرد باقیی شوێنکەوتەکانی رادەستی سوڵتانیان کرد، سەرەنجام ساڵی ١٤١٦ بەتۆمەتی ناپاکیی مەزن لەقەناره درا.

مورادی دووەم و جەنگ دژی مەجەر

ساڵی ١٤٢١ محەمەد لە ئەدەرنە مرد و مورادی دووەم جێگەی گرتەوە. دەبوو موراد سەرەتا تەختەکەی لە کەسێک بپارێزێت کە هاوپەیمانی لەگەڵ ئیمپراتۆری بیزەنتی مانویلی بیزەنتی کردبوو و بانگەشەی ئەوەی دەکرد ئەو مستەفای کوڕی بایەزیدە (کە لە ئەنگۆرا کۆژرا)، تا [موراد] دوای ئەوە بچێت بەدەم بەرگریکردن لە دەسەڵاتەکەی لە ئاسیا دژی مستەفای برای، کە هێشتا تەمەنی لە سیازدە ساڵ تێنەپەڕیبوو. موراد دوای ملکەچاندنی شۆڕشگێڕان هەوڵی دا تۆڵە لە ئیمپراتۆر مانویل بکاتەوە بەداگیرکردنی سالونیک، بەڵام ڤێنیسییەکان رێگەیان لێگرت و شارەکەیان لە ئیمپراتۆر کڕی. موراد سەرەتا لەبەرانبەر دانی سەرانەیەک بە خاوەندارێتییان بۆ شارەکە رازی بوو، مەبەستیشی لەوە بەدەستهێنانی

کات و خۆئامادەکردن بوو بۆ ململانێیەکی نزیک. ساڵی ١٤٣٠ سوڵتان هێرشی دەست پێکردەوە و لە ٢٩ی ئادار عوسمانییەکان بەزۆر سالونیکیان داگیر کرد و درندانە خاپووریان کرد. سەرەڕای نیشتەجێبوونی پاشتری موسڵمانانیش تێیدا و بوونی بەندەرێکی نایاب کە لە سەردەمە جیاوازەکاندا بازرگانییەکی فراوانی بۆ فەراهەم کردوە، شارەکە هەر بەشێنەیی رووی لە گەشانەوە کردەوە.

پاشان موراد هەوڵی دا دەسەڵاتی بەرەو باکوور، بەسەر بەلقاندا فراوان بکات، بەڵام هێزە مەجەرییەکان رووبەڕووی بوونەوە. راستییەکەی ئەو شکستانەی یۆحەنا هونیادی ترانسلڤانی بەسەر سوپاکانی عوسمانیدا هێنا، سەرلەنوێ بیرۆکەی ئەنجامدانی جەنگێکی خاچپەرستانەی گشتی زیندوو کردەوە، کە مەسیحییەت دژ بە دوژمنەکانی ئەنجامی بدات. مەسیحییەکان لە مەجەر و پۆڵەندە، کە لەچاو وڵاتانیتری ئەوروپی لە مەترسییەوە نزیکتر بوون، هەروەها لە ئەڵمانیا و فەرەنسایش، بەجۆش و خرۆشەوە پێشوازییان لە ڕاگەیاندنی ئەو جەنگە لەلایەن پاپا ئوجانیوسی سێیەمەوە کرد. لە تەممووزی ساڵی ١٤٤٣ سوپای چاخچەرست شاری بوودای بەجێهێشت و لە ٢٤ی کانوونی یەکەم سەرکەوتنێکی گەورەی لە جالووان، لەنێوان سۆفیا و فیلیپۆپۆلیس بەدەست هێنا. بەڵام زستان بوو بەڕێگر لەبەردەم قۆستنەوەی سەرکەوتنەکەدا. تا کاتێک جۆرج کاستریۆتا (ئیسکەندەر بەگ)، کە وەک بارمتە لە کۆشکی عوسمانیدا گەورە بووبوو، بەیداخی شۆڕشی دژی عوسمانییەکان لە ئەلبانیا بەرز کردەوە و سەرکەوتنی بەدەست هێنا، مورات ناچار بوو داوای ئاشتی بکات. ساڵی ١٤٤٤ کۆبوونەوەیەک لە سیکدین کرا و داواکەی پەسەند کرد، بۆ ماوەی دە ساڵ.

بەڵام پاپا هەستی کرد ئەو ڕێکەوتنە پلانەکانی بەتەواوەتی پەک خست، لەبەرئەوە هانی مەجەرییەکانی دا بۆ هەڵوەشاندنەوەی، بەو پاساوەی ئەو بەڵێنەی بە جگە لە باوەڕداران دەدرێت بۆ خاوەنەکانیان پابەندکار نین. لەبەرئەوە مەجەرییەکان لە ئەیلولی هەمان ساڵدا کەوتنە پەلامارادانی وڵاتەکانی بەلقان –بەپاساوی ئەوەی عوسمانییەکان ژمارەیەک لەو قەڵا سیربییانەیان چۆڵ نەکردوە، کە بەپێی دەقەکانی پەیماننامەکە دەبوو چۆڵیان بکەن– بەکەنارەکانی دەریای ڕەشدا پێشڕەوییان کرد و پەیوەندییان بە کەشتیگەلی ڤینیسیاوە کرد لە گالیپۆلی. بەڵام مورات لە ٩ی تشرینی دووەم کەوتە ڕێ بۆ شەڕ دژی مەسیحییەکان لەژێر شوورەکانی وارنە (ڤارنا) و توانی سەرکەوتنێکی گەورەیان بەسەردا تۆمار بکات، ئەویش بەهۆی گەمژەیی پاشا ڤلادیسلاڤەوە کە تەمەنی لە بیست ساڵ تێنەپڕی نەکردبوو کە حەسوودیبردنی بە سەرکەوتنەکانی هونیادی لە سەرەتای شەڕەکەدا هەناوی خواردبوو، لەبەرئەوە ئەو شوێنەی بەجێهێشت کە بۆی دیاری کرابوو و لە هێرشێکیدا بۆ سەر ئینکیشارییەکان کوژرا.

هونیادی پاش مردنی ڤلادیسلاڤ بەناوی کوڕە ناکامەکەیەوە حوکمی ولاتی مەجەری دەکرد، بەلام تا پاش چوار ساڵ هەوڵی نەدا شەرمەزاریەکەی وارنە (ڤارنا) بشۆرێتەوە. لە کۆتاییەکانی ئەیلولی ساڵی ١٤٤٨ بەرەو ولاتی سیرب کەوتە ڕێ، مۆراد لە ١٧ی تشرینی یەکەم لە دەشتی کۆسۆڤۆ پێی گەیشت. دوو ڕۆژ تینەپەڕی والاچییەکان پاش چەند شەڕێکی قورس، دایانە پاڵ عوسمانییەکان، پاشان هونیادی هەوڵی دا لەڕێی دانووبەوە ڕێگە بۆ خۆی بکاتەوە، بەلام کەوتە دەست دوژمنە سیربەکانی و ناچار بوو ڕێکەوتنێکی ئاشتی ئیمزا بکات کە مەرجەکانی بەهیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندیی ئەودا نەبوون.

ژیانی فیکری و هونەریی سەردەمی مۆراد

لەڕاستیدا سەردەمی مۆراد لە چەندین ڕووەوە کۆتایی فەرهەنگی عوسمانیی کۆن دەنوێنێت، تێیدا چینی کۆنی خانەدانان هێشتا دەیانتوانی پارێزگاری لە هەژموونەکەیان بکەن کە پاشتر ئەوانەی تازە هاتبوونە ناو ئیسلام لێیان سەندن. ژیانی ئاینی لەو سەردەمەدا لە خولانەوە لە خولگەی سۆفیگەرییدا بەردەوام بوو، کە ئاراستەی ئەدەبیشی دیاری کردبوو. قەسیدەکانی شاعیری تورکیی ڕۆژهەلاتیی سۆفی ئەحمەد یەسەوی لە سەدەی سیازدەیەوە لە ڕێی تەریقەتە سۆفییەکانەوە کە بۆچوونەکانی ئەویان بەلاو کردەوە، ناسراو بوون. بەلام لە هونەرەکەیدا کە لە زمانێکی میللی و کێشێکی ڕەسەنی تورکیدا شاعیر یونس ئیمرە لاسایی دەکردەوە، کە لە سەرەتاکانی سەدەی چواردەیەمدا لە ئەنادۆل ژیاوە، نەک هەر ئەوەندە، بگرە لە کۆشکەکانی ئەمیرە سەلجووقییەکاندا شیعرێکی دنیایی گەشەی کرد کە شێوازە فارسییەکانی لە هۆنینەوەدا بەکار دەهێنا. کاتێک ئیمپراتۆرییەتی سەلجووقی بۆ چەند میرنشینێک دابەش بوو کەلەپوورەکەیشی بەشبەش بوو و ئاستی ڕۆشنبیریی گشتی دابەزی، زمانی تورکی وردە وردە جێگەی هەردوو ئەدەبی بالا، عەرەبی و فارسی، گرتەوە و پەخشانێکی ئاینیی میللی پەیدا بوو، کە ئامانجی ڕاڤەکردنی قورئان و گەشەدان بە ژیانی ڕۆحی بوو. لە کۆشکی مورادیشدا کە بایەخی بە زانا و شاعیر و میوزیسیانان دەدا، یەکەمین دانراوە درێژەکان لە پەخشانی تورکیدا سەریان هەڵ دا، کە بێگومان وەرگێڕان بناغە بوو بۆ کۆنترینیان.

محەمەدی دووەم، فەتحکردنی قوستەنتینیە

لە ٥ی شوباتی ١٤٥١ مۆراد مرد و محەمەدی کوڕی جێگەی گرتەوە. سوڵتانی نوێ حوکمڕانییەکەی بە دەرکردنی فەرمانی کوشتنی ئەحمەدی برای دەست پێکرد و کوژرا. لەوکاتەوە نەریتی کوشتنی سوڵتان بۆ براکانی لەگەڵ چوونی هەر پاشایەک بۆ سەر

تەخت، بوو بە نەریتێکی نیمچە بەردەوامی بنەماڵەکەی، ئەویش بەهۆی ئەو ئەزموونە تاڵ و دڵتەزێنانەی نەوەکانی پێشوو پێیانەوە گرفتار بوون.

شایانی ئاماژەپێدانە، محەمەد بەهەڵە بەکەسێکی بێتوانا و بێبەهرە دانرابوو بەهۆی ئەوەی باوکی لەکاتی زیادبوونی مەترسی لە شەڕی وارنە (ڤارنا)، لە سەرکردایەتی لایدا و خۆی جڵەوی گرتە دەست. دەستبەجێ، ئەمیری کارەمان، وەک ئەوەی زۆربەی جار لەگەڵ چوونە سەر تەختی سوڵتانێکی نوێدا ڕوو دەدات، هەوڵی دا خۆی لە گوێڕایەڵیی عوسمانییەکان ڕەها بکات. لەکاتێکدا محەمەد سەرقاڵ بوو بەدەم ملکەچاندنی شۆڕشگێڕانەوە لە ئاسیای بچووک، ئیمپراتۆر قوستەنتینی نۆیەم هەڕەشەی لێکرد ئەگەر بڕی ئەو سەرانە ساڵانەیەی [باوکی] دەیدا بە بیزەنتییەکان لەبەرانبەر هێشتنەوەیان بۆ ئەمیر ئۆرخان، نەوەی سلێمان، دووقات نەکات، ئەوا پەنا بۆ هەڵنانی ئەو ئەمیرە و پاڵپشتیکردنی دەبات بۆ داواکردنی تەخت. ئەو هەڕەشەیە کارێکی هەڵەشە و نەزانانە بوو و بڕیاری لە چارەنووسی ئیمپراتۆری ناوبراو دا. ئەوە بوو محەمەد هەر کە لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٤٥١، پاش هەڵمەتەکەی بۆ سەر کارەمان، گەڕایەوە بۆ ئەوروپا، قەڵای بەهێزی (ڕۆم ئیلی حیسار)ی لە دووریی حەوت کیلۆمەترێک لە دەروازەکانی قوستەنتینیە دروست کرد، لە بەرتەسکترین خاڵ لە بۆسفۆرەوە، کە لەلا ئاسیاییەکەیەوە قەڵایەکی دەرەکی بەسەریدا زاڵ بوو بایەزید دروستی کردبوو. ئیمپراتۆر باڵیۆزەکانی نارد بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لەسەر ئەو کارە، محەمەدیش فەرمانی دا و لەسەریان درا، کە ئەوە ڕاگەیاندنی جەنگ بوو دژی ئیمپراتۆر.

بیزەنتەی بەردەم هەڕەشە هیچ کۆمەکییەکی پێنەگەیشت، لە کۆڵۆنییەکەی باشوورەوە نەبێت لە خیوس (ساقز). هەرچی پاپایە بۆ پشتگیرکردنی، ئەوەی کردە مەرج هەردوو کەنیسەکە یەک بگرن، بەڵام دەمارگیریی گەل ئەو پرۆژەیەی لەناو برد و وایکرد بەدیهێنانی مەحاڵ بێت، ئەگەرچی ئیمپراتۆر ئامادە بوو تەنانەت بۆ ئەو قوربانیدانەیش.

هێزە شەڕکەرەکانی ئیمپراتۆر هێندە کەم بوون بەشی پاراستنی شوورەکانی بیزەنتەیان نەدەکرد کە دریژییەکەی ماوەی پێنج کاتژمێر یان زیاتر ڕێگە بوو، بەڵام قەڵاکانی شارەکە توانییان نزیکەی دوو مانگ خۆیان لەبەردەم هێزی پیادەی عوسمانییەکاندا ڕابگرن، کە مەشق و ئەزموونیان ناتەواو بوو. عوسمانییەکان نەیانتوانی ڕێگە بەرەو شارەکە ببڕن بەهێرشێکی ڕاستەوخۆ نەبێت کە لە ٢٩ی ئایاری ساڵی ١٤٥٣ ئەنجامیان دا. ئیمپراتۆر لەو شەڕەی لە شەقامەکاندا ڕووی دا کوژرا. تا نیوەڕۆ محەمەد خۆی هاتە ناو شارەکە و فەرمانی بە سوپاکانی دا قەسابخانەکاری ڕابگرن، پاشان چووە ناو کەنیسەی ئەیاسۆفیا و بەڕەسمی بەناوی ئیسلامەوە دەستی بەسەردا گرت. محەمەد

هەندێ مەرجی گونجاوی بەخشییە باشووری گەلەتە کە لەکاتی گەمارۆکەدا بێلایەنییان پاراست، بەوەی ئازادیی ژیان و خاوەندارێتی بۆ دەستەبەر کردن لەبەرانبەر بەدەستەوەدانی سەرجەم چەکەکانیان، هەروەک ئازادیی بازرگانی بۆ دەستەبەر کردن لەبەرانبەر دانی سەرجەم باج و سەرانەکان.

دەولەتانی مەسیحیی رۆژئاوا، پاش ئەوەی کار لەکار ترازا، بڕیاریان دابوو کەشتیگەلێک بۆ یارمەتیدانی بیزەنتە بنێرن، بەڵام بەگەیشتنی ئەم کەشتیگەلە بە سنوورەکانی نیگرۆپۆنت هەواڵی کەوتنی قوستەنتینیەیان پێ گەیشت.

محەمەد ساڵی ١٤٥٣ گەڕایەوە ئەدەرنە پاش ئەوەی فەرمانی کرد بە نۆژەنکردنەوەی قەڵا وێرانکراوەکانی قوستەنتینیە، کە پاشتر ئەم شارەی کرد بە پایتەخت و بارەگای خۆی، کە ئەوە چەقە خاڵی سروشتیی ئیمپراتۆرییەتەکە بوو. هەرچۆن بێت، محەمەد دەستبەجێ کاری بۆ رێکخستنی دۆخی یۆنان [ڕۆم]ەوە بەزیوەکان کرد. لەڕاستیدا هاوشێوەی پێشینەکانی، سەربەخۆیی کەنیسەی بولگاری هێشتەوە و -بەگوێرەی بیرۆکە ئیسلامییە پشتئەستوور بە نەریتە ئاینییەکان- دانی بەسەرجەم دەسەلاتە ئاینییە یۆنانییەکاندا نا. بگرە بەهێزترێشی کرد، بەوەی کاروباری داوەریکردنی مەدەنی و پیادەکردنی حوکمەکانێ بەسەر شوێنکەوتوانیدا پێ سپارد.

یەکێک لە خەمەکانی محەمەد، پێش هەر شت، ئەوە بوو کار لەسەر زیادکردنی ژمارەی دانیشتوانی پایتەخت بکات پاش ئەوەی رووی لە کەمی کردبوو. هەر کە نوێنەرێکی توندی بۆ کەنیسەی نیشتمانی لە بەترێرکیەت دامەزراند، لەسەر بانگهێشتی ئەو ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆمەکان کە پێش کارەساتەکە لە شارەکە هەلاتبوون، گەڕانەوە بۆ خاکی نیشتمان. لە دەوری بەترێرکیەت نیشتەجێ بوون، لە بەری رۆژئاوای قۆچی ئاڵتوونی. ئەو سامانەی هەیانبوو و پشتی بە بازرگانی بەستبوو، هەروەها لێهاتوویان، کە پاشتر وای لە بابی عالی[١٢٥] کرد لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەولەتانی خۆرئاوا پشتیان پێ ببەستێت، وای کرد پێگەیەکی بالایان لە گشت سەردەمەکاندا هەبێت. نەک هەر ئەمە، بگرە محەمەد هەندێ

---

[١٢٥] بابی عالی، (الباب العالي) the Porte، کە بەتورکی پێی دەوترێت: تۆپ کاپی Topkapıیان کۆشکی تۆپ قاپی Topkapı sarai، بەکوردی دەکاتە (بەرزەقاپی) یاخود (بەرزە دەرگا)، ئەو کۆشکە بووە سوڵتانەکانی دەولەتی عوسمانی تێیدا حوکمیان کردوە لەنێوان ساڵانی (١٤٦٥ بۆ ١٨٥٣). واتە دەستەواژەی بابی عالی، یاخود کۆشکی بابی عالی ئاماژەیە بۆ کەسایەتیی مەعنەویی سەلتەنەت یاخود دەولەتی عوسمانی، وەک چۆن ئێستا کۆشکی سپی و کۆشکی کرمیلین و کۆشکی ئەلیزێ، ئاماژەن بۆ کەسایەتیی مەعنەویی دەسەلات لە ئەمەریکا و رووسیا و فەرەنسا، واتە کە دەوترێت بابی عالی، مەبەست دەولەتی عوسمانییە. لەبەرئەوەی (بابی عالی) لە ئەدەبیاتی سیاسی و میژوویی کوردیشدا باوە، پێم باش بوو هەر ئەو سیغەیە بەکار بێنم و وشەیەکی کوردی بۆ دانەتاشم (وەگ بەرزە دەرگا)، کە ئەو ئاماژە و دیلالەتەی بابی عالی بەئاسانی ناگەیەنێت- وەرگێڕی کوردی.

خەڵکی لەسەرجەم گەلانی ئیمپراتۆرییەتەکەی ناچار کرد لە پایتەخت نیشتەجێ بن، بەتایبەت ژمارەیەکی زۆر لە سلاڤەکانی باشووری تێدا کۆکردەوە.

بەڵام موسڵمانەکانیش لە ئاسیاوە بەڵێشاو رووبیان کردە پایتەختە تازەکە -کە زۆری نەبرد زۆربەی موسڵمانانی جیهان ملکەچی بوون- تا سوود لە دەرفەتە بازرگانییەکانی شارە خاوەن شوێنە جوگرافییە تاکانەکە وەربگرن. هەروەها سوود لەو وەقفانە وەربگرن کە محەمەد و جێنشینەکانی بۆ خزمەتکردنی زانست و فێرخوازەکانی دایانمەزراندن. ئیستانبوڵ بەخێرایی بوو بە یەکەم سەنتەری فیکریی لە جیهانی ئیسلامیدا.

شوێنەوارە عیمرانییەکانی ئایاسۆفیا

راستەوخۆ دوای فەتحکردن، کەنیسەی قەشە سۆفیا هەڵبژێردرا تا بکرێت بە مزگەوتی سەرەکیی پایتەخت، کە گونجاندنی بەگوێرەی پێویستییەکانی سروونە ئیسلامییەکان تەنیا هەندێ دەستکاری دەویست. لەو رووەیشەوە نەریتی ئیسلامی وێنەکێشانی گیانلەبەرانی زیندووی قەدەغە دەکرد، دەبوو شاکارە مۆزاییکە ئاڵتوونییەکە کە تاقەکانی دەڕازاندەوە و هونەری بێزەنتی بەباشترین شێوە بەرجەستە دەکرد، بە چینێک کلس دابپۆشرێت. هەروەها رووگە (قیبلە) بۆ دیزاینی کەنیسەکە زیاد کرا، ئەویش بەدروستکردنی میحرابێک لە ناوەڕاستی بااڵی باشووری کەنیسەکەدا، لەلای راستی میحرابەکەیش، لەسەر پایە گەورەکەی بەشی باشووری رۆژهەاڵتی کەنیسەکە مینبەرێک بۆ وتاری هەینی دانرا بەرانبەر مەقسوورەکە، بە تەیمانە تەختەییە بەئاڵتوون رووپۆشکراوەکەیەوە. هەرچۆن بێت، نووسینە گەورەکان، کە هەندێکیان پیتەکانیان نۆ مەتر بەرزە و بەئاوی زێڕ لەسەر تابلۆی بازنەیی ناوی خوای گەورە و پێغەمبەر و خەلیفە یەکەمەکان لەسەر دیوار و پایەکانی مزگەوتەکە نووسراون، لە سەردەمی مورادی چوارەمدا (١٦٢٣-١٦٤٠) جێبەجێ درا. لە رووی دەرەوەیشەوە، گونجاندنی بەگوێرەی پێویستییە ئیسلامییەکان وای خواست چوار مناڕەی بۆ دروست بکرێت، کە یەکەمیان لە سەردەمی محەمەد خۆیدا دروست کرا، پاشان لە سەردەمی سەلیمی دووەم و جێنشینەکانیدا سیانیتری بۆ زیاد کرا. ئەم سەلیمە هیلالێکی برۆنزیشی لەسەر گومەزە سەرەکییەکە دانا کە تیرەکەی سی مەتر بوو. هەروەها بەپێی نەخشە ئەسڵییەکە زۆر لە گومەزە ئەڵمانییەکان لەسەر شێوەی یەکەمیان دەستکاری کران، ئەویش بەهۆی ئەو مەزارگانەی بۆ قەشەکان دروست کرابوون تێیدا، بەو شێوەیە ئایاسۆفیا بەتێپەڕینی رۆژگار چەندین زیادەکاری بەخۆوە بینی، وەک مەزارگە و قوتابخانەکان، بەتایبەتیش راگری دەرەکی.

مزگەوتی سوڵتان محەمەد

محەمەد وەک حاکمێک بەیەکێک لە ئەرکە مەزنەکانی خۆی دەبینی باڵەخانەی نوێژیش دروست بکات، بۆ ئەو مەبەستە ئەندازیاری یۆنانی کریستودۆلوس Christodulosی راسپارد بۆ دروستکردنی ئەو مزگەوتەی بەناویەوە ناسراوە (مزگەوتی محەمەدی یان مزگەوتی سوڵتان محەمەدی فاتح) لە ناوەڕاستی پایتەخت لەسەر داروپەردووی کەنیسەی رەسوولی، کە پێشتر شوێنی ناشتنی ئیمپراتۆرەکان بوو. کارەکەی لەنێوان ساڵی ١٤٦٣ بۆ ساڵی ١٤٦٩ تەواو کرد و بوو بە نایابترین شوێنەوارەکانی تەلارسازیی عوسمانی و نزیکترینیان لە تەواوی. بەهەرحاڵ بومەلەرزەکان بینای ئەسڵیی مزگەوتەکەیان چەندین جار وێران کردوە، دواجاریان ساڵی ١٧٦٧ بوو، تەنانەت شوێنەوارەکانی لەژێر ئەو بینایەی ئێستادا ون بوون، یان خەریکە ون بن. لێرەدا -وەک گورلیت Gurlitt رووننی کردۆتەوە- ئەندازیارەکە دیزاینی کەنیسەی رەسوولی و کەنیسەی قەشە سۆفیای تێکەڵ کردوە. هەرچی بەشە ناوخۆییە شێوە خاچەکەیە، گومەزە ناوەندییە زەبەلاحەکەی بەسەرەوەیە، کە لەسەر چوار دنگە وەستاوە لەنێوان چوار نیوە گومەزی لەبەرینیدا یەکسان،، لەکاتێکدا گۆشەکان چوار گومەزی قەبارە بچووکتریان بەسەرەوەیە. ئەم بەشەی ناوخۆ لە شەش ریزە پەنجەرەکەوە کە لەسەر یەکتر ریز کراون، رووناکییەکی باش دێتە ناوی. دوو مناڕەی باریک لەسەر مزگەوتەکەوە بەرز دەبنەوە، کە خۆی و پاشکۆکانی لە قوتابخانە و گەرماو و مۆبەقەکان، هەروەها ئەوەی پێی دەڵێن خان یاخود کاروانسەرا (ماڵێک بوو بازرگانانی غەریب لێی دەمانەوە و نانیان دەخوارد و دەخەوتن) و خانەی بەسالاچووان و نەخۆشخانە، تەواوی لوتکەی ئەو گردە داگیر دەکەن کە دەکەوێتە سەروو پردە کۆنەکە. لەلای راستی دەرگا سەرەکییەکەدا تابلۆیەکی مەرمەڕ هەیە کە بەپێتی ئاڵتون ئەم حەدیسەی پێغەمبەری لەسەر نووسراوە کە پاشتر بەدیهات و دەڵێ: "لتفتحن القسطنطينية، ولنعم الامير اميرها، ولنعم الجيش ذلک الجيش". (واتە: ئێوە قوستەنتینیە دەگرن، ئای چ ئەمیرێکی گەورەیە ئەمیرەکەی و چ سوپایەکی گەورەیە ئەو سوپایە).

قوتابخانە و کتێبخانە و نەخۆشخانەکان

جگە لە دروستکردنی دە مزگەوتیتر، محەمەد ساڵی ١٤٥٩ ئەو مزگەوتەی دروست کرد کە لەنزیک گلکۆی ئەبو ئەیوبی ئەنساریيە، کە ساڵی ٦٧٨ لەکاتی یەکەم هێرشی عەرەبی بۆ سەر قوستەنتینیە کوژرا، کاتێ [عوسمانیەکان] گەمارۆیان خستە سەر قوستەنتینیە شێخ ئاق شەمسەدین لە خەودا شوێنی گۆڕەکەی بینی و لەنزیک شوورەکە "دۆزییەوە"، بەوەیش سۆزی ئاینی لە دڵی سەربازانیدا گرداڵ. لەپاڵ ئەم مزگەوتەدا کە هەمووی بە مەرمەڕی سپی دروست کراوە، لەناو مەقامی شەهید -کە بینایەکی چوارگۆشەی سادەیە

گومەزێکی بەسەرەوەیە- سوڵتانەکان پاش چوونە سەر تەختیان، لە ئاهەنگێکی ڕەسمیدا بەدەستی شێخی تەریقەتی مەولەوی (بویوک چەلەبی) شمشێری عوسمانیان دەکرایە پشت. هەر لە شوێنێکی نزیک لەو مەقامە ژمارەیەک لە سوڵتانەکان و خزمانیان و گەورە خانەدان و پیاوماقوولان نێژراون. زوو بەزوو لە سەرجەم ئەو مزگەوتانەی محەمەد دروستی کردن، کتێبخانەی پڕ گەنجینەی هەر سێ ئەدەبیاتی ئیسلامییان بۆ زیاد کرا (مەبەست کەلەپووری فیکرییە بەهەر سێ زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی-وەرگێڕ) کە لە دەوڵەمەندی و فراوانیدا بێوێنەیە. نەک هەر ئەمە، بگرە هەندێ پەیمانگەی فێرکردنیش کرانە پاشکۆی ئەم مزگەوتانە کە جێگەی نیشتەجێبوونی مامۆستا و قوتابییان و نەخۆشخانە و چێشتخانە بۆ هەژاران و خان و گەرماو و بیریان تێدا دەبوویەوە، کە سوڵتان و وەزیرەکان لە دروستکردن و بایەخپێدانیاندا پێشبڕکێیان دەکرد.

لەڕاستیدا نەخشەی گرنگترین باڵەخانە مەدەنییەکان لە پایتەختیش بۆ سەردەمی فاتیح دەگەڕێنەوە، ئەوە بوو شوورەی دەوروبەری شارەکەی دروست کردەوە و لای بەشی باشووری ڕۆژئاوای، لەتەنیشت دەریای مەرمەرە، قەڵای حەوت تاوەرەکە (Yedi Kulle)ی دروست کرد کە پاشتر کرا بە بەندیخانەی دەوڵەت، هەندێ جار لە ئەو بەندیخانەیە لەنێو گیراواندا باڵێوزانی هەندێ دەوڵەتی گەورەی ئەوروپیشت دەبینی. محەمەد چەند حەوزێکی بۆ دروستکردنی کەشتی و خانەی پیشەسازی (کۆگای چەک) لە بەندەرەکەدا دامەزراند، تەنانەت بەشی سەرەکیی بازاڕە گشتییەکەیش کاری ئەو بوو. ساڵی ١٤٥٤ دەستی بەدروستکردنی کۆشکەکەی، سەرای Serai، لەسەر گردێکی بەرز لەناو شاردا کرد. پاشتر ئەم کۆشکە وەک بارەگای وەزیری جەنگ (سەرعەسکەر) بەکار هێنرا. پاشان ساڵی ١٤٦٤ دەستی بە دروستکردنی کۆشکێکیتر کرد لای بەشی ڕۆژهەڵاتی شارەکە کە ئاوی دەریای مەرمەرەی بەردەکەوێت، کە ئیمپراتۆرەکانی ڕۆم لەوێ دادەبەزین پێش لەوەی مانویل کۆمنینوس بارەگای سەرکردایەتییەکەی بگوێزێتەوە بۆ قۆچی ئالتوونی، لە باکووری فەنار. تاکە شوێنەواری مەدەنی لە سەردەمی محەمەد فاتیحەوە مابێتەوە "چینیلی کوشک"ـە کە ساڵی ١٤٦٦ دەست بەدروستکردنی کرا و ساڵی ١٤٧٢ تەواو بوو و ساڵی ١٥٩٩.نۆژەن کرایەوە، کە ئەمڕۆ بەشێک لە مۆزەخانەی نیشتمانی لەخۆ دەگرێت.

ملکەچاندنی ولاتی سیرب

یەکەم ئامانج سیاسەتی سوڵتان محەمەد بۆی دەکۆشا ئەوە بوو دەسەڵاتی خۆی لە باکووری نیمچە دورگەی بەلقان قایم بکات، کە مەجەرییە لە جەنگدا جەسوورەکان هێشتا بەنزیکییان لەو ناوچەیە گەورەترین هەڕەشە بوون لەسەری. لەبەرئەوە هەر دەبوو سەربەخۆیی ولاتی سیرب لەبەین ببات، تا بنکەیەکی جێگیر بۆ سوپاکەی مسۆگەر بکات

کە بتوانێت لێبەوە بکەوێتە ڕێ بۆ جەنگی مەجەر. بیانووەکەیشی بۆ ئەو کارە ئەو خزمایەتییە بوو بە بنەماڵەی حوکمڕانی پێشووی لازارفێچییەوە دەبەستەوە، ئەویش لەڕێی هاوسەرگیرکردنێکی زۆرەملێوە لەگەڵ یەکێک لە کچە شازادەکانی ئەو بنەماڵە شاهانەیە. بەم شێوەیە ساڵی ١٤٥٤ داوای لە ئەمیر برانکۆڤیچ کرد دەست لە میرنشینەکەی هەڵبگرێت. ئەویش ناچار بوو پەنای بردە لای هونیادی لە هەنگاریا (مەجەر). ئەگەرچی مەجەرییەکان هێزە عوسمانییەکانیان لە قەڵای سەمەندریە وەدەرنا کە پێشتر داگیریان کردبوو، هەروەها فەرماندەی سوپاکانی سوڵتان محەمەد، فەیروز بەگیان لە کرویشڤاتز بەخراپی شکاند، بەڵام پاش بێئومێدبوونیان لە بەدەستهێنانی ئەو کۆمەکییانەی چاوەڕوان بوون لە ئەوروپاوە پێیان بگات، ناچار بوون رازی بن بە پارێزگاریکردن لە هێڵی دانووب. ساڵی ١٤٥٦ محەمەد خۆی بەسەکردایەتیی سوپایەکی گەورە چوو بۆ بەلیگراد و لە وشکانیەوە گەمارۆی بەسەردا سەپاند. بەڵام هونیادی بەسەرکردایەتیی سوپایەکی تێکەڵ لە خاچپەرستان، کە زۆربەی زۆریان لە چینە نزمەکان بوون و ڕاهیب کاپیسترانۆ بۆ جەنگی پیرۆز تاوی دابوون، لەڕێی دانووبەوە بەرەو شارە گەمارۆدراوەکە ملی نا و توانی لە ٢٢ی حوزەیران لە شەڕێکی سەخت و خوێناویدا بەسەر هێرشی سەرەکیی عوسمانییەکاندا زاڵ بێت، کە سوڵتان محەمەد خۆی تێیدا بەسەختی بریندار بوو و ناچار بوو لەشکرەکەی بۆ سۆفیا پاشەکشە پێ بکات. بەڵام هەردوو قارەمان کە بەرگرییان لە بەلیگراد دەکرد، هونیادی و کاپیسترانۆ، زۆری نەبرد لە هەمان ساڵ و بەدوای یەکدا لە ١٤ی ئاب و ٢٣ی تشرینی یەکەمدا مردن. کاتێک جۆرج برانکۆڤیچیش دوای دوو ساڵ مرد و میراتگرانی لەپێناو تەختدا بوو بە کێشەیان، سوڵتان محەمەد توانی بەبێ زەحمەتێکی ئەوتۆ ووڵاتی سیرب ملکەچ بکات، هەروەها بەرەنگاریکردنی میللیشیی لەڕێی قەسابخانەکاری و بەکۆیلەکردن و دەرکردنی خەڵکەکەی لە مااڵ و حاڵی خۆیان بۆ بەشەکانیتری ئیمپراتۆرییەتەکە، تێکشکاند.

لەوکاتەدا سوڵتان محەمەدی فاتیح لە نیمچە دورگەی مووڕە هێرشی کردبووە سەر ئەمیر بلیولوجوس کە بە ڕێکەوتن لەگەڵ جۆرج کاستریوتا (ئیسکەندەر بەگ)ی ئەلبانی بەسەر حوکمەکەیدا ڕاپەڕیبوو. لێرەیش پاش ئەنجامدانی چەندین تاوانی دڵتەزێن، کە ساڵ بەساڵ شادیی زیاتری دەخستە دڵی سوڵتان، ئاسایش گەڕێنرایەوە دۆخی جارانی.

ئوزون حەسەن و کۆتایی بنەماڵەی کومنینس لە تەرابزون

هەر لەو ساڵەدا محەمەد دواین بنەماڵەی حوکمڕانی یۆنانیی ئاسیای بچووکی لەناو برد، ئەویش بنەماڵەی کومنینس بوو لە تەرابزۆن کە تا ئەوکاتە بەئومێدی ئەوە بوو پاڵپشتیی ئوزون حەسەن، خانی تورکمان کە بە ئاق قۆینلو (مەڕی سپی) ناسراون،

بەدەست بێنێت. ئوزون حەسەن لە جەنگدا بوو لەگەڵ دژبەرە تورکمانەکانی کە بە قەرە قۆینلو (مەڕی ڕەش) ناسرابوون و بەمەزهەب شیعە بوون، لەکاتێکدا ئەو و هۆزەکەی سوننە بوون. لە بارەگای هۆزەکەیەوە لە دیاربەکر بناغەی بۆ دەوڵەتێکی فراوان لە ئەرمینیا دانا، کاتێک بەسەر هۆزەکانی قەرە قۆینلودا سەرکەوت، فارس و جەزیرەی فورات (میزۆپۆتامیا)ی خستە سەر. ساڵی ١٤٥٨ داود دواین ئیمپراتۆرەکانی تەرابزۆن لە ئال کومنینس، کاترینای برازای کچی پاشای پێش خۆی کالو جوانسی، لە ئوزون حەسەن مارە کرد. لەکاتێکدا سوڵتان محەمەد سەرقاڵ بوو بە کپکردنەوەی شۆڕشی ئیسفەندیار ئۆغڵو لە سینوب، ئوزون حەسەن –کە لەڕێی ناردنی ئەو نێردە و باڵیۆزانەی ساڵانی ١٤٥٧ و ١٤٦٠ ڕەوانەی کردبوون بۆ قوستەنتینیە، ویستی خۆی بۆ بااڵدەستبوون بەسەر ڕۆژهەاڵتی ئاسیای بچووک ڕاگەیاندبوو- پەالماری خاکەکانی عوسمانی دا و ئەو شارانەی تااڵن کرد کە دەکەونە دەوری تۆکات و ئەماسیە. لە بەهاری ساڵی ١٤٦٠ پاش لێبوونەوەی لە فیتنەی سینوب بایدایەوە بۆ جەنگی تورکمان. تا کاتێک فەرماندەکەی، ئەحمەد پاشا، بەشی پێشەوەی سوپاکەی شکاند، ئوزون حەسەن نەیوێرا لەشکرە بێ نیزامەکەی فڕێ بداتە بەردەم ئینکیشارییە سەرکەوتووەکان. لەڕاستیدا سارە خاتوونی دایکی کە لێهاتوویەکی دیپلۆماسیی نایابی لە کێشەی پێشتردا نواندبوو، چوو بۆ سەربازگەکەی سوڵتان محەمەد و چووە الی خۆی و پەشیمانی کردەوە لەوەی هێرشی نوێ بۆ سەر کوڕەکەی ئەنجام بدات. بەاڵم نەیتوانی سۆزی بۆ تەرابزۆن ببزوێنێت، هەربۆیە هێزە عوسمانییەکان شارەکەیان داگیر کرد و دواین ئیمپراتۆر و خانەدانان پەلکێش کران بۆ ئیستەنبوڵ و زۆربەی دانیشتوانە مەدەنییەکان لە بازاڕەکانی کۆیلەدا فرۆشران. هەرچۆن بێت، الیەنی سەرکەوتوو بەشێک لە گەنجینەی ئیمپراتۆری خستە ژێر دەستی سارە خاتوون بۆ سوودی بووکەکەی [کاترینا].

جەنگ لە ڤێنیسیا

چالاکییەکانی محەمەد لە موورە Peloponessus، پێشتر، زۆر جار کێشەی لەنێوان ئەو و ڤێنیسیا دروست دەکرد، کە تاکە هێز بوو هێشتا لەتوانایدا بوو لەسەر خاکی یۆنانی بەرەنگاری بکات. لەڕاستیدا ناکۆکیی نێوان هەردوولا پتر لە جارێک ڕووی لەئاڵۆزی کرد تا وای لێهات پێکدادان لەنێوانیاندا بوو بەشتێکی حەتمی. بەهاتنی پایزی ساڵی ١٤٦٢ ئاگری جەنگ لەبەر هۆیەکی بێمانا هەڵگیرسا، گەورەترین قورسایی جەنگەکەیش کەوتە سەر شانی جۆرج کاستریوتا کە ڤێنیسییەکان چوونە بن کۆێشی بۆ شکاندنی شەڕوەستانەکە. سوڵتان محەمەد خۆی چووە کۆڕی جەنگ و و ساڵی ١٤٦٦ گەمارۆی جۆرجی دا لە قرویە Ktoia، تا کە دوای دوو ساڵ جۆرج مرد، محەمەد سەربەخۆیی ئەلبانییەکانی لەناو برد و

قەلای ئەلبەسانی لە جەرگەی ولاتەکەیاندا دامەزراند. لەکۆتاییدا ڤینسییایەکان خۆیان هەستیان بە هێزی عوسمانییەکان کرد. ساڵی ١٤٧٠ دوای گەمارۆیەکی درێژخایەن شاری نیگرۆپۆنتییان لەدەست دا، کە دەکەوێتە دورگەی ئوبە Euboea و بۆ ماوەی ٢٦٤ ساڵ حوکمیان کردبوو.

بەڵام سەرانی ڤینیسیا زۆری نەبرد هاوپەیمانێکیان دژی عوسمانییەکان دۆزییەوە. ئەوە بوو، حەسەن ئوزون ساڵی ١٤٦٧ فارسی داگیر کردبوو[١٢٦] و دەسەڵاتی قەرە قۆینلوی تێدا لەناو بردبوو. پاش ماوەیەکی کەم (جیهان شا)ی دژبەری، گەورەی قەرە قۆینلو، لە بارەگای خێڵەکەی لە دیاربەکر هێرشی کردە سەر، بەڵام ئوزون لە ١١ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٤٦٧ شکاندی و لەبارێکدا لاقەکانی بەدەم باوە دەتەکێنەوە گیانی سپارد. لەکاتێکدا حەسەن ئوزون بۆ گەمارۆدانی بەغدا بەرەو باشوور پێشرەوی دەکرد، حەسەن عەلی کورپی جیهان شا یارمەتیی ئەبو سەعیدی بەدەست هێنا، کە یەکێک بوو لە نەوەکانی تەیموور. ساڵی ١٤٦٨ ئەو ئەبوسەعیدە لە خوراسانەوە کەوتە ڕێ و عێراقی عەجەم (باکوور)ی بەتەواوەتی داگیر کرد. تا کاتێک گەمارۆی بەسەر مەحموود ئابادا سەپاند لەو دەشتاییانەی دەکەونە باشووری ڕێژگەکانی خواروو‌ی ڕووباری ئاراس و هەوڵی دەرکردنی ئوزون حەسەنی لە قەرەباغ دەدا، بەدیل گیرا و ڕادەستی کەسێک [لە بنەماڵەی تەیموور]ی ڕکابەری لە دەسەڵاتدا کرا، ئەویش فەرمانی کرد و کوشتیان. هەرچی حەسەن عەلی بوو لە هەمەدان بەدەستی هێزەکانی ئوزون حەسەن کوژرا، پاشان ئەمەی دوایی تەواوی ولاتی فارسی، بەبێ بەرەنگاری داگیر کرد. ڤینیسییەکان لە ساڵی ١٤٦٣وە نێردەیەکیان ناردبووە لای ئوزون حەسەن بەمەبەستی بەستنی هاوپەیمانییەک لەگەڵیدا دژی عوسمانییەکان. لە شوباتی ساڵی ١٤٧١ نێردەکە بایاوەریی بالیۆزێکی تورکمانی گەڕایەوە ڤینیسیا. پاشان کاترینو زینو –کوڕی ژنخوشکی ئوزون حەسەنی تەرابزونی– لەجیاتی ئەو نێردزا بۆ تەوریز. هەمان ساڵ ڤینیسییەکان "جیوسافۆ باربارۆ"یان نارد بۆ فارس، کە بالیۆزێکی ئوزون حەسەن یاوەری دەکرد، لەگەڵ شەش تۆپی گەورە و شەشسەد تفەنگ و جبەخانەیەکی جەنگی، کە دووسەد نیشانشکێن لەگەڵ ئەفسەرەکانیان پاسەوانییان دەکرد. بەڵام لە قوبرس لە ڕۆیشتن وەستا، چونکە کەشتیگەلێکی ڤینیسیایی سەر بە "موسینجو" لە کەنارە باشوورییەکانی ئاسیای بچووک کاری دەکرد و ژمارەیەک لە ناوچە کەنارییەکانی داگیر کردبوو. ساڵی ١٤٧٢ ئوزون حەسەن سوپایەکی لە دیاربەکرەوە نارد بۆ زەوییە عوسمانییەکان و چەکدارەکانی خراپەکارییەکی زۆریان لە هەریەک لە تۆقات و قەیسەری ئەنجام دا و تالانیان کردن. دوای ئەوەی چەند یاداشتێک

---

[١٢٦] بڕوانە: V. Minorsky, la Persa an Xve siècle entre la Turquie et Venise, Publication de la Societe des Etudes Iraniennes, No. 7, Paris, 1933.

لەنێوان عوسمانییەکان و تورکمانەکاندا ئاڵوگۆڕ کرا کە ڕۆژ بەڕۆژ زمانەکەی تووندوتیژتر دەبوو، سوڵتان محەمەد لە ئاداری ساڵی ١٤٧٣ بەپێویستی زانی خۆی ڕووبکاتە ئاسیای بچووک. ئۆزون حەسەن ئەرزنجانی کردبووە بارەگای سەرکردایەتییەکەی و لە تەرجان لە سەرەتای ئابی ساڵی ١٤٧٣ شکستێکی کەمەرشکێنی بەسەر پێشەنگی هێزە عوسمانییەکاندا هێنا. لە ١٢ی ئاب لەکاتێکدا هێزە عوسمانییە پاشەکشەکردووەکانی بەرەو تەرابزۆن ڕاو دەنا، یەکە سەرەکییەکانی سوپای عوسمانی، بەسەرکردایەتیی محەمەد خۆی، لە باکووری ئەرزنجان، لای ئەو چیایانەی چاوگەکانی فورات و ڕووباری چۆرۆک لێک جیا دەکەنەوە، پەلاماریان دان. بۆ ماوەیەکی زۆر شەڕی نێوان سوارچاکان لە بەرژەوەندیی هیچ لایەکیان نەشکایەوە، بەڵام سەرەنجام ئینکیشاری و تۆپخانەی عوسمانی سەرکەوتنی کۆتاییان بەدەست هێنا. سوڵتان محەمەد بەگوێی گەورەی وەزیرەکانی کرد و بەهۆی سەختیی ڕێڕەو و ڕێگەکانەوە، بەشوێن ئۆزون حەسەن و سەربازەکانیدا نەچوو. ڤێنیسیاییەکان هەوڵی زۆریان دا ئۆزون هەڵبێنن هێرشێکی نوێ بکاتەوە سەر عوسمانییەکان، بەڵام بێسوود بوو، چونکە هەردوو شۆڕشی ئویسی بڕای و ئوغورلی محەمەدی کوڕی و پاشان سەرقاڵبوونی بە سەرلەنوێ ڕێکخستنی کاروبارەکانی فارس و عێراق پاش دامرکاندنەوەیان، هەموو ئەوانە بوونە ڕێگر لەبەردەم پلانەکانی لە ئاسیای بچووک. تا کاتێک لە ٦ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٤٧٨ مرد، ئیمپراتۆرییەتەکەی، هاوشێوەی سەرجەم ئەو دەوڵەتانەی بەو شێوەیە پێکهاتبوون، لەناو چوو.

لە ئەوروپا پاش تێکشکانی بەرەنگاریی ئەلبانییەکان، لە بۆسنە بۆ سنووری ڤێنیسیا، تێکشکا، شالاوەکانی عوسمانی وەستانیان نەبوو. سەرەنجام لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٤٧٩ ڤێنیسیا ئامادەیی پیشان دا بۆ بەستنی ئاشتییەکی ڕێزدارانە. ڕاستییەکەی دەستی لە سەرجەم مووڵکەکانی لە ئەلبانیا هەڵگرت، لەناویاندا دوراج Durazzo و ئەنتیڤاری و دەستی لە ئەوبە لیمنۆس هەڵگرت. هەروەها دەستی لە دانیشتوانی تایگیت لە موورە هەڵگرت. نەک هەر ئەوە، بگرە مافی بازرگانیکردنی لە ڕۆژهەڵات و دامەزراندنی کاربەدەستێک لە گەڵەتە Galata لەنزیک ئیستەنبوڵ کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی بەرژەوەندییەکانی پێ دەسپێرێت، وەک دۆخی پێش ڕووداتی جەنگ لەگەڵ عوسمانییەکان، بە سەد هەزار "دوکە" و سەرانەیەکی ساڵانە بەبڕی دە هەزار "دوکە" کڕی.

ڤێنیسیاییەکان هەندێ سوکناییان بۆ هات کاتێک پێگەی باشوورییەکان کەمێک لەوەوپێش زۆر مۆلەق بوو، چونکە باشوورییەکان مەترسیدارترین رکابەرانیان بوون لە بازرگانیکردنی ڕۆژهەلاتدا. بازرگانییەکەیان تا ئەوکاتە، خاڵە بەهێزەکانی لەو مووڵکانەیانەوە وەردەگرت کە دەکەوتنە کەناری باکووری دەریای ڕەش و بەتایبەت لە کەفە Caffa لە نیمچە دوورگەی کریمیا. بەڵام زۆری نەبرد کێشە لەنێوان ئەوان و سەرانی تەتار لەوێ

دروست بوو. جا لەبەرئەوەی گەورەی ئەو سەرکردانە، مەنگلی غرای خان، لەو کێشەیەدا پشتی باشووربیەکانی گرت، سەرکردەکان داوای پاڵپشتیی عوسمانییەکانیان کرد. لەبەرئەوە سولتان محەمەد دەستبەجێ کەشتیگەلەکەی بۆ شەڕی باشووربیەکان خستە ڕێ و لە ٦ی حوزەیران کەفە ناچار بوو خۆ بەدەستەوە بدات. کۆڵۆنییە باشووربیەکە بەتەواوی وێران کرا و پاش ئەوە هەڵنەسایەوە، ئەو دانیشتوانەیشی نەکرانە کۆیلە بران بۆ ئیستەنبوڵ. هەرچی تەتارەکانن بوونە شوێنکەوتەی سولتان.

بەم شێوەیە سەرجەم هێزەکانی ئەرخەبیل (بە دەریای پڕ دورگە دەوترێت-وەرگێڕ)، ملکەچی دەسەڵاتی عوسمانی بوون جگە لە سوارچاکانی قەشە یۆحەننا لە رودس. سولتان محەمەد ساڵی ١٤٨٠ هێرشێکی کردە سەر دورگە قایمەکەیان، بەڵام بەخت یاوەری نەبوو. لەبەرئەوە ساڵی دوای ئەوە دووبارەی کردەوە، بەڵام لەکاتی هەڵمەتەکەدا، لە ٣ی ئایاری ساڵی ١٤٨١، لە سەربازگەکەی لە توکفور چایری، لەنێوان ئەسکودار (ئەسکدار) و جبسە، لە ئاسیای بچووک، لە تەمەنی پەنجا و دوو ساڵیدا، کۆچی دوایی کرد.

ئەدەبی تورکی لە سەردەمی محەمەدی دووەمدا

لەڕاستیدا سولتان محەمەد راستترین وێنەی عوسمانیی کۆن بەرجەستە دەکات، بەسەرجەم چاکی و خراپییەکانیەوە، چونکە ئازایەتییەکەی و تێکۆشانە نەپساوەکەی لەپێناو ئامانجی نوێدا دڕندەییەکی لەگەڵدا بوو کە چەندین قۆناغ دڕندەیی سەردەمەکەی خۆی تێپەڕاندبوو. دەبێت پاشەوپاش بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی "پاشا گەورە ئاشووربیەکان" تا کەسێکیتر لە شێوەی ئەو لە مامەڵەکردن لەگەڵ دیلەکانی جەنگدا بدۆزینەوە، کە تێیدا جەستەی دیل بە مشار دەکرا بە دوو لەتەوە. بەڵام ئەم پیاوە کە لە جەنگەکانیدا کاری وا نامرۆڤانەی ئەنجام داوە پیاوەکانی خۆیان هەندێ جار ڕێگەیان بەخۆیان نەدەدا جێبەجێیان بکەن، لە کەسایەتیی خۆیدا سەرجەم ڕواڵەتە فیکری و فەرهەنگییەکانی سەردەمەکەی کۆکردبووەوە. ئەوە بوو پاڵپشتیی زانستە ئیسلامییەکانی دەکرد، هەروەها پاڵپشتی شیعری دەکرد لەڕێی ئەو بەخششە مادییە سەخاوەتمەندانەیەی دەیدا بە نوێنەرانیان. نەک هەر ئەوە، بگرە شەیدای ئەوە بوو توانای خۆی لە بواری شیعردا تاقی بکاتەوە، ئەوە بوو کۆمەڵێک شیعری بۆ نەوەکانی داهاتوو بەجێهێشت کە پێی وابوو شیاوی پاراستنن. بێگومان شیعرەکەی وەک شیعری سەرجەم هاوڵاتییەکانی، لە خولگەیەکی نەگۆڕی یەکێک لە شێوازە فارسییەکاندا دەخولایەوە. ناوەرۆکە فیکرییەکەیشی هەرگیز سنووری قەسیدەی غەزەلیی بەرتەسکی تێنەدەپەڕاند، کە لە سەردەمی حافزەوە ناسراوە و بۆ ئامانجگەلێک دەکۆشا نە سۆفییانەی ساف و نە شەهوانیی سافن، بەڵکو لە ناوەڕاستیاندان. لەڕاستیدا سولتان محەمەد زۆر سەرسام بوو بەزمانی فارسی و ڕێزی

زۆری دەگرت، بەبەڵگەی ئەوەی شاعیری ئەنادۆڵی شەهدی Shahdi راسپارد بەفارسی قەسیدەیەک بهۆنێتەوە هاوشێوەی شانامەی فیردەوسی، مێژووی عوسمانی تێدا بخاتە روو. هەروەها قەسیدەکانی دیوانی حەمیدی، یەکێک لە شاعیرانی کۆشکەکەی، هەندێکیان بەزمانی فارسی و هەندێکیشیان بەزمانی تورکین. بەم هۆیەوە شیوازێکی دەستکردی پڕ لە وشەی بێگانە بەسەر بەرهەمی نووسین (پەخشان)دا زاڵ بوو، کە لە دادگە فارسییەکاندا پەیدا بوو.

سوڵتان محەمەد سەرسام بوو بە کەلەپووری هونەریی ژیردەستە پلەنزمەکانیش. لە هاوینی ساڵی ١٤٥٨ لەکاتێکدا هەوڵی دەدا ئاشتی لە یۆنان بەرقەرار بکات، سەربەخۆیی ناوخۆیی بەخشییە ئەسینا، لەبەر سەرسامبوونی بە پاشماوەی کەلەپووری کلاسیکی کە هێشتا پارێزگاری لە جوانی و شکۆی خۆی کردبوو. هەروەها زۆر بایەخی بە رێنیسانس دەدا کە لە ئیتاڵیا چڕۆی کردبوو، ئەوە بوو جارێکیان داوای لە کۆماری راجوزە کرد لەباتیی پارەی سەرانە (جیزیە) هەندێ دەستنووسی بۆ بنێرێت کە لە ئیتاڵیا کۆبکرێنەوە. لەڕاستیدا گوێی بەحەرامکردنی وێنەکێشان لەلایەن ئیسلامەوە نەدەدا و یەکێک لە نیگارکێشانی ڤێنیسیایی، جەنتیل بللینی Gentile Bellini، راسپارد وێنەیەکی زەیتی خۆی بۆ بکێشێت. ئەو وێنەیە تا ئەمڕۆ لە کۆمەڵەی لایارد لە ڤێنیسیا پارێزراوە.

ململانێ لەنێوان هەردوو کوڕەکەی محەمەد، جەم و بایەزید

دوای مردنی محەمەد ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی جارێکیتر بەدەست نەهامەتییەکانی شەڕی ناوخۆوە گرفتار بووەوە. وادیارە ئەو خۆی وەسێتی بۆ جەمی کوڕە بچووکی کردوە جێی بگرێتەوە، کە وەک حاکمی کارەمان لە قۆنیە دەژیا. سەرۆک وەزیران هەوڵی دا بە شاردنەوەی هەواڵی مردنەکەی بۆ ماوەیەک پەلە لە دانانی جەم لەسەر تەخت بکات، بەڵام پلانەکەی هەر زوو بۆ ئینکیشارییەکان Janizaries ئاشکرا بوو و هێرشیان کردە سەر قەڵاکە لە ئەسکودار و سەرۆک وەزیریان کوشت. کاتێک ئاگری پاشاگەردانی هەڵگیرسا مااڵی جولەکەکان و بازرگانە بیانییەکانیان تاڵان کرد. پاشان بایەزید، بەتەمەنترینی ئەمیرەکان، کە تا ئەوکاتە حاکمی ئەماسیە بوو، لە ٢٠ی ئایار چووە ناو شاری ئەسکودار، ناچار بوو لە خراپەکارییەکانی گێرەشێوێنان ببوورێت و موچەکانیشیان زیاد بکات، کە ئیدی لەو رۆژەوە بوو بە نەریتێکی جێگیر کە لەگەڵ دەستبەکاربوونی هەر سوڵتانێکی نوێدا داوای ئەو زیادکردنەیان دەکرد.

لەوکاتەدا لە بروسە وەک سوڵتان دان بە "جەم"دا نرا و پێشنیازی بۆ براکەی کرد ئیمپراتۆرییەتەکە بکەن بە دوو بەشەوە: ئەوروپی و ئاسیایی. بەڵام بایەزید بەوە رازی نەبوو، بگرە لە ئاسیا هێرشی کردە سەری و لە یەنی شەهر لە ٢٣ی حوزەیران شکاندی.

جەم پەنای برد بۆ لای سوڵتانی مەمالیک، قایتبای Qaitbay لە میسر. دوای هەوڵێکی شکستخواردوو لە ئاسیای بچووک، کە قرمان ئۆغڵو قاسم بەگ بانگی کرد.بۆ ئەوێ، رایکرد بۆ رودس و هەوڵی دا لەگەڵ سوارەکانی قەشە یۆحەننا، هەروەها لەگەڵ دەوڵەتانی رۆژئاوا دژی براکەی هاوپەیمانی بکات. بەڵام زۆری نەبەرد سوارەکان سوڵحێکی گونجاویان لەگەڵ بایەزید کرد و سەرانەیەکیان بەسەردا سەپاند لەبەرانبەر دەستبەسەرکردنی جەم لە باشووری فەرەنسا. ساڵی ١٤٨٨ رادەستی پاپا ئەنوسنتی هەشتەمیان کرد کە بەنیاز بوو هەڵمەتێکی خاچپەرستی دژی عوسمانییەکان بەرپا بکات. پاشان جێنشینەکەی، ئیسکەندەری شەشەم[١٢٧] ناچار بوو رادەستی پاشای فەرەنسا، شارلی هەشتەمی بکات، کە لەنێوان ساڵی ١٤٩٤ تا سەرەتاکانی ساڵی ١٤٩٥ گەمارۆی رۆمای دا. دەوترێت گوایە پاپا پێش لەوە، بەدنەدانی بایەزید، "جەم"ی ژەهرخوارد کردوە و جەم لە ناپۆلی لە ٢٥ی شوباتی ساڵی ١٤٩٥ مرد[١٢٨].

شوێنەواره عیمرانییەکانی بایەزید

رەنگە ئەو بارمتەیەی دەوڵەتانی ئەوروپی بۆ ماوەیەکی زۆر گرتیان کاریگەریی گەورەی هەبووبێت لەوەی بایەزید سیاسەتی ئاشتییانە بگرێتە بەر. بەڵام ئەم سیاسەتە لەگەڵ مەیلە خۆرسکەکانی خۆیشیدا دەگونجا، کە هاوشێوەی براکەی بەهرەی شیعری لە باوکیەوە بۆ مابوویەوە، گرنگیدان بە زانستەکان خۆشی بەمێشکی دەبەخشی، بەڵام ئەرکەکانیشی وەک سوڵتان لەیاد نەدەکرد، لەبەرئەوە بەتایبەت بایەخی بە دروستکردنی باڵەخانەی گشتیی گەورە گەورە دەدا، تۆڕی ڕێگاوبان و پردەکانی باشتر کرد کە سوڵتانەکانی پێش ئەو لە سەرتاسەری ئیمپراتۆرییەتەکە دروستیان کردبوون، لەوەیشدا پشتی بە وەستا کارامە یۆنانی و بولگارییەکان دەبەست. ئەگەرچی ئەو تۆڕە بەپلەی یەکەم بۆ مەبەستی سەربازی دروست کرابوون، بەڵام جوڵەی هاتوچۆی گشتیشیان ئاسان کردبوو و خزمەتێکی گەورەیان دەکرد. بەڵام گەورەترین ئاسەواری بایەزید لە بواری ئاوەدانکردنەوەدا ئەو مزگەوتەیە بەناوی خۆیەوەیە و لەنێوان ساڵی ١٤٩٧ تا ساڵی ١٥٠٣ بەرانبەر سەرایەی کۆن لە ئیستانبوڵ دروستی کرد. ئەم مزگەوتە بە کەشخەیی ماددەکانی بیناسازی و رازاندنەوە مۆدێل فارسییەکەی لە باقی بیناکانی شار جیا دەکرێتەوە.

---

[١٢٧] لە "خانەی بورجیا" وێنەیەکی "جەم" هەیە کە وێنەکێش بنتورریچیو بۆ پاپای کێشابوو و لە ژووری سێیەمی خانەکەدایە و بەشێک لەو تابلۆیە پێکدێنێت کە پێی دەوترێ "ژیانی قدیسان"، تێیدا ژنە قدیس کاترینای ئیسکەندەرانی لەبەردەم ئیمپراتۆر مەکسیمیانوسدا وەستاوە.

[١٢٨] بڕوانە: L. Thuasno, Djem-Sultan, Paris, 1892.

دالانەکەی پێشەوەی درەختی بەرز و بڵندی چنار و سنەوبەر سێبەریان بۆ کردوە و لە هەر چوار لاوە تاقی تیژی لە مەڕمەڕی سپی و رەشی بەدوای یەکدا دروستکراو دەوریان داوە، کە لەسەر چەند ستوونێکی بەنرخ لە بەردی یاسەمین و مەڕمەڕی سەوز دامەزراون و تاجی قەشەنگی شێوە قووچەکیان بەسەرەوەیە، کە سەرەوەیان لە بنەکەکەیان بەرینترە. ئەم تاقانە سەربانی گومەزدار و بە زەخرەفەی قەشەنگ رازاوەیان بەسەرەوەیە. لە ناوەڕاستی حەوشەکەیشدا حەوزێکی هەشتپاڵوو لەسەر چەند دنگەیەک دامەزراوە. ئەم مزگەوتە چوار دەرگای دەرەکیی بەرزی هەیە، لەسەر شێوەی فارسی دروست کراون. هەروەها بەوەش لە مزگەوتەکانیتر جیا دەکرێتەوە کە منارەکانی لەسەر گۆشەکان دانەمەزراون، بەڵکو لە بااڵی سەربەخۆدا دامەزراون. ئەو گەڕەکەی لە دەورەی مزگەوتەکەیە، کە "سەر عەسکەر" دەگرێتەوە -ئێستا شوێنی زانکۆیە- زۆری نەبرد هەمووی بەگەڕەکی بایەزید ناسرا، لە ناوی مزگەوتەکە و ئەو کەسەوە دروستی کردوە.

ئەم سوڵتانە ئاشتیخوازە نەیشیدەتوانی سنووربێک بۆ ئەو کێشانە دابنێت کە بەهۆی مەیلی گەلەکەی بۆ فراوانبوون و دۆخی سیاسیی مۆلەقی هاوسێکانیانەوە، بەردەوام بەشێوەیەکی میکانیکی لەسەر سنوورەکانی باکووری ئیمپراتۆرییەتەکەی سەریان هەڵدەدا. سەرباری شکستی ئەو هەڵمەتانەی عوسمانییەکان کردیانە سەر ترانسلڤانیا، بەاڵم توانییان تەواوی بۆسنە داگیر بکەن، هەروەها بە هێرشە وێرانکارانەکانیان توانییان شکست بە هەوڵەکانی پۆڵەندییەکان بۆ گرتنی بوغدان بێتن.

بایەزید لە ساڵە بەراییەکانی حوکمڕانییەکەیدا پارێزگاری لە پەیوەندییەکی ئاشتییانە لەگەڵ ڤێنیسیاییەکان کرد و گوێی بەوە نەدا قوبرس و ناقسوسیان داگیر کرد. بەاڵم زۆری نەبرد پەیوەندییەکانی نێوان ڤێنیسیا و فەرەنسا گومانیان بۆ دروست کرد. لەبەرئەوە ساڵی ١٤٩٩ جەنگێکی نوێ لەنێوان عوسمانی و ڤێنیسیاییەکان هەڵگیرسا. پاش سێ هەڵمەت کە لەنێوان هەردوولادا یەکلا نەدەبوویەوە، بایەزید لەگەڵ ڤێنیسیا رێکەوتنێکی ئاشتی ئیمزا کرد (ساڵی ١٥٠٣) تێیدا بە دەستگرتن بەسەر لەبانتی (ناوباقتوس) و مەسینادا قایل بوو. بێگومان ئەوەی وای لێکرد بەپیر ئاشتییەوە بچێت ئەو مەترسییە بوو لە رۆژهەاڵتەوە رووی لە ئیمپراتۆرییەتەکەی دەکرد، ئەوە بوو لە فارس بنەماڵەیەکی خۆماڵی بەسەرۆکایەتیی شا ئیسماعیل جێگەی تورکمانی گرتەوە[١٢٩] و شیعە پاڵپشتییان دەکرد، کە هێشتا ژمارەیان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیشدا زۆر بوو. لەبەرئەوە دەبوو بایەزید خۆی بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییە ساغ بکاتەوە.

---

[١٢٩] لە بەشی سێیەمی ئەم.بەشەدا لەسەر ئەو بابەتە دەوەستین.

کێشە لەنێوان سەلیم و ئەحمەد، دوو کوڕەکەی بایەزید

کۆتا رۆژەکانی بایەزید ململانێیەکی دڕندانەی لەنێوان کوڕە بەشەڕهاتووەکانی لەسەر تەخت هەڵگیرسا، کە هێشتا خۆی لە ژیاندا بوو. ئەوە بوو بایەزید خۆی ئەحمەدی کوڕی، کە خۆشەویستترین کوڕی بوو، بۆ جێگرتنەوەی هەڵبژارد، بگرە ویستی خۆیشی بۆ دەستبەردار بوون لە تەخت بۆ دەربڕیبوو. لەبەرئەوە سەلیمی کوڕی، کە بە "یاوز سوڵتان" ناسرابوو (واتە سوڵتانی ترسناک) لەبەر مەیلە سەربازییەکانی کە وای کردبوو جەماوەرێکی گەورەتری لەنێو ریزەکانی سوپادا هەبێت، داوای کرد لەباتی تەرابزۆن کاروباری یەکێک لە ویلایەتە عوسمانییەکانی ئەوروپای بدرێتێ. مەبەستی سەلیم ، کە لە ئەحمەد منداڵتر بوو، لەوە ئەوە بوو رێگە لە چوونە سەر تەختی براکەی بگرێت، جا کاتێک داواکەی جێبەجێ نەکرا سالّی ١٥١١ بە بیست و پێنج هەزار پیاوەوە هاتە بەردەم دەروازەکانی ئەدەرنە و گژبەریی باوکی کرد بەدەستگرتن بەسەر هەردوو سەنجەقی سەمەندرییە و وێدین، ئەویش پاش ئەوەی هەستی بە پاڵپشتییەکی گەورە لەناو ریزەکانی ئینکیشاریدا کرد بۆ مەیلی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێکی نوێ بۆ خۆی لە باکوور. سوڵتانی پیر سەرکەوتوو نەبوو لە کۆکردنەوەی هێزەکانی بۆ بەرگریکردنی چەکدارانە دژی سەلیمی کوڕی، تا پاش ئەوەی سەلیم بەزۆر دەستی بەسەر ئەدەرنەدا گرت. لە ٣ی ئابی سالّی ١٥١١ باوک کوڕەکەی لە جورلی شکاند. لەکاتێکدا سەلیم ناچار بوو بۆ رزگاربوون پەنا ببات لای خانی کریمیا، ئەحمەد بیری لەوە کردەوە لە ئیستەنبوڵ خۆیدا ئاهەنگی چوونە سەر تەخت بگێڕێت. بەڵام یاخیبوونی ئینکیشاری ناچاری کرد بگەڕێتەوە بۆ ئاسیا. لە نیسانی سالّی ١٥١٢ سەلیم جارێکیدی لەبەردەم دەروازەکانی ئیستەنبوڵدا دەرکەوتەوە و لەشکرگەکە بەجۆشەوە پێشوازی لێکرد. پاشان باوکی ناچار کرد دەست لە تەخت هەڵبگرێت و چوو بۆ زێدی خۆی لە دیمتوقە Demotika تا ئەو رۆژانەی مابوونی لە ژیاندا لەوێ بەسەر ببات. بەڵام لە ٢٦ی ئایار بەڕێگەدا مرد پاش ئەوەی بەفیتی کوڕەکەی ژەهرخوارد کرا، وەک کۆی میژوونووسان باوەڕیان وایە و بەدڵنیاییەوە گومانەکەیشیان دروستە.

ئەحمەد لە بروسە جێگەی خۆی قایم کرد، بەڵام لە سەرەتاکانی سالّی ١٥١٣دا شکا و کوژرا، مورادی کوڕیشی رایکرد بۆ فارس. شیعەکان لە ئاسیای بچووک بەسەرکردایەتیی شاە قوڵی (شەیتان قوڵی) لە کۆتا سالّی حوکمی بایەزیددا یاخی بوون، ئەویش بەپشتبەستن بە پشتیوانیکردنیان لەلایەن کاربەدەستانی فارس، کە ئەوانیش شیعە بوون. بەڵام سەلیم ئەو فیتنەیەی دامرکاندەوە و دەستی دایە سیاسەتی چەوساندنەوەی ئاینیی گشتی دژی شیعەکانی ولاتەکەی، لەبەرئەوە شا ئیسماعیل چاکی لێ کرد بەلادا بۆ تۆڵەکردنەوەی برا مەزهبییەکانی و دەستبەجێ هێرشی کردە سەر ئاسیای بچووک. سەلیمیش بانگی خەڵکی کرد بۆ جیهاد دژی شیعە، ئەوە بوو لە ٢٣ی ئابی سالّی ١٥١٤ لە

دۆڵی چاڵدێران لەنێوان دەریاچەی ئورومیە و تەورێزدا شا ئیسماعیلی شکاند، پاشان بۆ پایتەختی دژبەرەکەی تەورێز پێشڕەوی کرد. لەوێوە کەوتە بیرکردنەوە لە فراوانبوون لە کیشوەری ئاسیا.

بەڵام دەوڵەتی مەمالیک –کە ئەوکاتە دووەم گەورەترین هێز بوون لە ئیسلامدا- لەوێ رێگەیان پێ گرت، ئەویش چونکە [مەمالیکە] چەرکەسییەکان –وەک هەموو دەسەڵاتدارە بەهێزەکانی دۆڵی نیل- دەمێک بوو سووریایان داگیر کردبوو، لەوێوە بەرەو باکوور پەلیان هاویشتبوو. بەریەککەوتنی نێوان عوسمانی و مەمالیکەکان یەکەم جار لە سەردەمی سوڵتان محەمەدی دووەمدا دەستی پێ کرد لەسەر سنووری ئاسیای بچووک و سووریا. ئەمە جگە لەوەی مەمالیکەکان ترسیان لێ نیشتبوو لەوەی سوڵتانی عوسمانی لە گرنگیدان بە هەردوو حەرەمی پیرۆز و بەکاروباری حاجییان رکابەرییان بکات، کە ئەوە ئیمتیازێک بوو لە هەموو سەردەمێکدا بەهێزترین پاشاکانی موسڵمانان کۆنترۆڵیان دەکرد. مەمالیک سوودیان لە سیاسەتی ناسەربازییانەی بایەزید وەرگرت و دەستیان بەسەر ئەرمینیای بچووک و سیسیلیادا گرت. هەروەها بەئاراستەی باکووریش پەلیان هاویشت.

گرتنی سووریا

لەوێ، لەو جێیەی ناوچەی هەژموونی عوسمانی و میسرییەکان دەگەیشت بە ناوچەی هەژموونی فارسەکان، بنەماڵەی زیلقەدری تورکمانی لە ناوەڕاستی سەدەی چواردەیەمەوە دەستیان بەسەر دۆڵی توروسدا گرت، لە مەرعەشەوە بۆ ئەلبیستان و مەڵەتیە تا خەربووت. دایکی سوڵتان سەلیم یەکێک لە شازادەکانی ئەو بنەماڵەیە بوو. ئەگەرچی باوکی (شازادە) عەلا ئەلدەولە ویلایەتەکەی لە محەمەدی دووەم وەرگرتبوو، بەڵام لەوە بێتواناتر بوو بەبێ یارمەتیی میسرییەکان بەسەر یەکێک لە دوو رکابەرەکەیدا زاڵ بێت. ساڵی ١٥٠٧ لەگەڵ شا ئیسماعیل ناکۆکی کەوتە نێوانیان پاش ئەوەی رازی نەبوو یەکێک لە کچەکانی بداتێ، لەبەرئەوە ئەمەی دوایی خەربووت و دیاربەکری لێ سەند. هەرچۆن بێت، سوڵتان سەلیمی کچەزای، بەوە تۆمەتباری کرد لە جەنگەکەی ئەودا دژی شا ئیسماعیل هەڵوێستێکی ناڕوونی هەبووە، لەبەرئەوە سەلیم لە رێگەی گەڕانەوەیدا لە فارس فەرمانی بۆ سینان پاشا دەرکرد بۆ سزادانی لەسەر ئەو رەفتارەی. بەم شێوەیە عەلا ئەلدەولەی پیر لە شەڕەکەدا کوژرا و میرنشینەکەی درا بە عەلی بەگی برازای، کە یاوەریی سوڵتان سەلیمی دەکرد لە هەڵمەتە فارسییەکەیدا، پاشان لە سەردەمی سوڵتان سلێماندا بەیەکجاری لکێنرا بە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیەوە. قانسو ئەلغوری سوڵتانی بەسالاچووی مەمالیک هەوڵی دا خۆی لەم دەستدرێژییە بۆ سەر ناوچەی نفووزی هاوبەش لەنێوان ئەو و فارس لابدات، لەبەرئەوە هاوپەیمانییەکی لەگەڵ شائیسماعیل بەست. تا کاتێک سوڵتان سەلیم هەڵمەتێکیتری بۆ سەر شا دەست پێکرد، قانسوە چوو بۆ حەلەب و خۆی وا پیشان

دا دەیەوێت نێوان باش بکات. بەڵام سەلیم ئەوکاتە گەیشتبووە خاکی سووریا و بەزبری مامەڵەی لەگەڵ ئەو باڵیۆزانە کرد کە غۆری ناردبوونی بۆ داواکردنی ئاشتی، بەم شێوەیە شەڕ لە مەرج دابۆ لە باکووری حەلەب لە ٢٤ی ئابی [١٥١٦] لەنێوان هەردوولا هەڵگیرسا. لەبەرئەوەی مەمالیک چەکی تۆپیان بەتەواوەتی پشتگوێ خستبوو پاش ئەوەی وایان دانابوو چەکێکە لەوان ناوەشێتەوە، تووشی شکستێکی کەمەرشکێن بوون و سوڵتانەکەیان لەکاتی هەڵاتندا کوژرا. بەوەیش تەواوی سووریا لەبەردەم پێکانی سەلیمدا چۆکی دادا، ئەویش رێگەی خۆی بەرەو دیمەشق گرتەبەر و لە ٢٦ی ئەیلوولدا چووە ناوی.

گرتنی میسر

سەلیم سەرەتا دەیویست رێگە بدات مەمالیک حوکمی میسر بکەن بەو مەرجەی دان بەسەروەریدا بنێن لە هەردوو رێگەی خوتبە و سکەوە، بەڵام سوڵتانی نوێ تۆمان بای، رەتیکردەوە دان بەوەدا بنێت، لەبەرئەوە سەلیم لەشکری خستە ڕێ بەرەو میسر بۆ لێدانی. لە ٢١ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٥١٧ سوپاکانی گەیشتنە بەردەم دەروازەکانی قاهیرە، بۆ رۆژی دواتر تۆپخانەکانی شکستێکی یەکلاکەرەوەیان بەسەر مەمالیکدا هێنا. هەرچی کۆشکی سوڵتان خۆی بوو، پاش شەڕێکی بەردەوام لە شەقامەکانی شار ئەنجا کەوتە دەست عوسمانییەکان. تۆمان بای رایکردبوو بۆ دەلتا، بەڵام زۆری نەبرد بەناپاکی رادەستی دوژمنەکانی کرا و بەفەرمانی سوڵتان سەلیم لە ١٣ی نیسانی ١٥١٧ لەسێدارە درا.

لەو بارمتانەی لە شەڕدا بەدیل گیران و پاشتر گەڕێنرانەوە بۆ قاهیرە، دوایین خەلیفە عەباسییەکان بوون کە مەمالیک پێشتر، دوای ساڵی ١٢٦١، دەسەڵاتێکی شکڵیان پێ بەخشیبوون تا رەنگێکی شەرعی بە حکومەتەکەیان بدەن. ئەفسانەکە دەڵێت، خەلیفەی عەباسی [ئەلموتەوەکیل عەلەڵڵا] برا بۆ ئیستەنبوڵ و ناچار کرا بە دەستهەڵگرتن لە خیلافەت بۆ سوڵتان سەلیم. لەڕاستیدا سەلیم پێش لەوە لە وتاری هەینیدا خۆی بە خەلیفەی موسڵمانان راگەیاند و لە مانگی ئابی ساڵی ١٥١٧ وەک خەلیفە کلیلەکانی کەعبەی وەرگرت. هەرچۆن بێت، پەیوەندیی میسر بە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیەوە لاواز و ناتۆکمە بوو. سوڵتان سەرەتا زانای بەناوبانگ شەمسەدین بن کەمال پاشای راسپارد بۆ رێکخستنی کاروبارە داراییەکانی میسر و بینی ئەو داهاتەی لەو رێگە نوێیەوە بۆ سوڵتان دێنەوە زۆر کەم دەبێت. لەگەڵ ئەوەیشدا رادەی ئەو سەرانەیەی لە میسر کۆدەکرایەوە زۆر زیادی کرد، تەنانەت لە سەردەمی سلێماندا، پاش ئەوەی وڵاتەکە بەخێرایی چوست و چالاکییەکەی جارانی بەدەست هێنایەوە و توانا داراییە گەورەکانی هاتنە بەر. بەڵام بەگە مەمالیکەکان زۆری نەبرد بەهۆی موڵکە دەوڵەمەندەکانیانەوە گەیشتنە ئەوپەڕی هەژموونی سیاسی، تەنانەت حاکمی دانراوی سوڵتان لە میسر ناچار بوو تەنیا بەدەسەڵاتی کۆکردنەوەی سەرانە قایل بێت.

کۆتایی سوڵتان سەلیم

وڵاتگیرییەکانی سەلیم ترس و بیمێکی گەورەی لە ئەوروپا دروست کرد، تەنانەت پاپا لیۆی دەیەم ترسی ئەوەی لێ نیشت زیان بە بوونی مەسیحییەت بگات، لەبەرئەوە کەوتە ئامادەکاری بۆ جەنگێکی خاچپەرستانەی نوێ. یادی سوڵتان سەلیم لای گەلی تورکیش وەک پاڵەوانێک لە مەزنترین پاڵەوانە سەربازییەکان بەنەمری ماوەتەوە، لەبەرئەوەیە پیاوانی لاوانی تورکیا ناوی "یاوز سوڵتان سەلیم"یان لە کەشتیی جەنگیی ئەڵمانی گۆبن Goben نا کە لە ئابی ساڵی ١٩١٤ لەبەردەم کەشتیگەلی بەریتانیی تایبەت بە دەریای ناوەڕاست هەڵهات و گەیشتە لای ئەوان. بەڵام ئەم سەربازە مەزنە وەک محەمەدی دووەم، فاتیحی قوستەنتینیە، شەیدای شیعر بوو و بەفارسی شیعری دەهۆنیەوە. پۆڵ هورن Paul Horn ساڵی ١٩٠٤ بەفەرمانی قەیسەر ولهلمی دووەم، دیوانەکەی بڵاو کردەوە تا وەک دیاری پێشکەش بە سوڵتان عەبدولحەمید بکرێت، بەچاپێکی نایاب کە نووسینگەی چاپەمەنیی ئیمپراتۆری دەریهێنابوو. لەئاکامی ململانێی سیاسیش لەگەڵ فارسدا، مەزهبی سوننە توانی مەیلی شیعەگەری -کە لە پەیدابوونی ئیمپراتۆرییەتەکەوە لە ئەنادۆڵ بڵاو بوو و هێشتایش- لاواز بکات و لە سەنتەرەکانی رایبمالێت.

رەنگە سەلیم کاتێک ساڵی ١٥١٨ گەڕایەوە بۆ ئەدەرنە، بیری لە دەستپێکردنی پلانەکەی بۆ فەتحکردی خۆرئاوا کردبێتەوە، هەرچۆن بێ، کاتێک بەهۆی تووشبوونی بەنەخۆشییەک لە ڕێگەی گەڕانەوەی لە ئیستانبوڵەوە بۆ ئەدەرنە لە ٢ی ئەیلوولی ساڵی ١٥٢٠ مرد، لەوپەڕی ئامادەییدا بوو بۆ شەڕکردن لەگەڵ سوارچاکانی قەشە یۆحەننا لە ڕۆدس.

سلێمانی گەورە دەست بەسەر بەلیگراد و ڕۆدسدا دەگرێت

سلێمانی کوڕی بەبێ بەرهەڵستی چووە سەر تەخت[١٣٠]. ئەوکاتەی میراتگری تەخت (وەلی عەهد) بوو لەترسی تووڕەیی باوکی کە بەچاوی گومان و دووڵی تەماشای دەکرد و گەنجێتی خۆی بیر دەکەوتەوە، خۆی دوور دەگرت. بەڵام سلێمان توانی تایبەتمەندی و توانا دیارەکانی بەهێز بکات و بیانگەیەنێتە ئەوپەڕی تەواوی. یەکەم شت کردی بەدیهێنانی مەترسیدارترین کار بوو پێشینەکانی بۆیان بەجێهێشتبوو، واتە دەستگرتن بەسەر سنوورەکانی باکوور. لویسی دووەم -کە هێشتا ناکام بوو و نەگەیشتبووە تەمەنی پێگەیشتن- لە ساڵی ١٥١٦وە حوکمی مەجەری دەکرد، سەرانی وڵات لە زەلکاوی ناکۆکییە ناوخۆییەکاندا چەقیبوون و نەیانتوانی بەباشی بەرگری لە سنوورەکان بکەن، لەبەرئەوە عوسمانییەکان بەسەرکردایەتیی سوڵتان تواننیان ساڵی ١٥٢١ بەلیگراد بگرن. سلێمان دوای ئەو سەرکەوتنە هەڵمەتەکەی باکوری کورت کردەوە بەمەبەستی جێبەجێکردنی دواین

---

[١٣٠] بڕوانە: Fr. Babinger, Suleyman der Gross, Stuttgart, 1922, 2 vols.

پلانی باوکی بۆ فەتحکردنی رودس، کە سوارانی قەشە یۆحەننا هێشتا دژی عوسمانییەکان یارمەتیی چەتە مەسیحییەکانیان دەدا، کە خراپەکارییان دەکرد. لە تەممووزی ساڵی ١٥٢٢ عوسمانییەکان گەمارۆی قەڵاکەیان دا، بەڵام فەرماندەی گەورەی رێکخراوەکە تا ٢١ی کانوونی یەکەم خۆی بەدەستەوە نەدا پاش ئەوەی هەردوولا زیانی گەورەیان پێ گەیشت، هەروەها پاش ئەوەی ئازادیی کشانەوەی سەرجەم سوارەکانیان درایە و دەوڵەت بەڵێنی دا بە پاراستنی سەلامەتیی کەسەکان و موڵکەکانیان و هەڵگرتنی سەرانە لە خەڵکی رەسەنی دورگەکە –کە مەسیحی بوون– بۆ ماوەی پێنج ساڵی تەواو.

سیاسەتی فەرەنسی لەسەر بەگژاچوونەوەی بنەماڵەی شاهانەی هابسبۆرگ وەستابوو، بەوە سلێمان توانی چەند هەنگاوێکی دوور بنێت لەپێناو جێبەجێکردنی پلانەکانی دژی هاوسێکەی باکووری. لەڕاستیدا لەوکاتەوە پەیوەندیی دۆستانە لەنێوان هەردوو کۆشکی پاریس و ئیستانبوڵدا دروست بوو، هەر ئەوەیش بەدرێژایی سەدەکانی پاشتر لە هەرچی ئەوەی پەیوەندی بە سیاسەتی رۆژهەڵاتەوە هەبێت، پێگەیەکی نایابی بۆ فەرەنسا لەنێو سەرجەم دەوڵەتە گەورەکاندا (لای دەوڵەتی عوسمانی)، مسۆگەر کرد.

دەستپێکردنی جەنگ لە مەجەر

ساڵی ١٥٣٦ سلێمان جەنگی دژ بە مەجەر (هەنگاریا) دەست پێکردەوە. پاشا گەنجەکەیان لویس لە ٢٨ی ئاب لە شەڕی شوومی (موهاکس)دا کوژرا و هێشتا تەمەنی لە بیست ساڵ تێپەڕی نەکردبوو، لەگەڵیدا دەستەبژێری پیاوەکانیشی کوژران. لە ١١ی ئەیلول عوسمانییەکان بۆ یەکەم جار شاری بووداپان داگیر کرد و کردیانە خۆراکی ئاگر. پاشان بەهۆی کێشە لەسەر تاجی مەجەر جەنگ لەنیوان فەردیناند پاشای نەمسا و جان زابولیا ئەمیری ترانسلفانیادا هەڵگیرسا. سلێمان پشتگیری زابولیای کرد دژی دژبەرەکەی و جارێکیتر بووداپی لە ئەیلولی ساڵی ١٥٢٩ داگیر کردەوە و تێیدا ئاهەنگی تاج لەسەرنانی هاوپەیمانەکەی بەپاشا [لەسەر مەجەر] گێڕا. پاشان سلێمان پێشڕەوی کرد بۆ ڤیەننا و گەمارۆی دا، بەڵام لە ١٥ی تشرینی یەکەم بەهۆی کەمیی ئازووقەوە ناچار بوو گەمارۆی سەر شارەکە هەڵبگرێت. هەڵمەتەکەی ساڵی ١٥٣٢یش بەختی لەوەی پێشوو باشتر نەبوو، ئەوە بوو قەڵای بچووکی کوسەکی مەجەری بەدرێژایی مانگی ئاب خۆی لەڕووی سلێماندا راگرت، بۆیە دەبوو بەتێکدانی دەشتەکان قایل بێت، تا کەوتنی ئەو قەڵایە لە ٢٨ی هەمان مانگ. بەڵام کەشتیگەلی ئیمپراتۆر شارل کە ئەمیری دەریای جنوی، ئەندریا دوریا سەرکردایەتی دەکرد و لە کەنارەکانی موورە سەرکەوتووانە کاری دەکرد، زۆری نەبرد بەری سەرکەوتنە بەشەکییەکەی لەدەست سلێمان دا. ساڵی پاشتر سوڵتان ئامادەیی راگەیاند بۆ بەستنی پەیماننامەیەک، تێیدا دان بە دۆخی ئارای موڵکەکانی هەردوولادا بنرێت، چونکە بارودۆخی ئاسیا پێویستی بە گرنگی پێدان و چاودێریکردنی ئەو هەبوو.

جەنگ لە فارس

فارس لە ساڵی ١٥٢٤ەوە ملکەچی حوکمی تەماسب کوڕی ئیسماعیل بوو، ئەو تەماسبە چاوی لە باوکی دەکرد پێش خۆی و رازی نەبوو دان بەسوڵتانی عوسمانیدا بنێت وەک خەلیفەی موسڵمانان. والییە فارسەکەی بەغدا [کە لەلایەن تەماسبەوە دانرابوو] خیانەتی لە گەورەکەی کرد و چووە پاڵ سلێمان، شا هەڵمەتێکی کردە سەری و ملکەچی کرد. سلێمانیش ئەو هەڵمەتەی کردە بیانوو بۆ جارپدانی جەنگ دژی فارس. بۆ هاوینی ساڵی ١٥٣٤ شا ناچار بوو لەبەردەم [هێزە عوسمانییەکان]دا پاشەکشە بکات و سلێمان توانی پێشڕەوی بکات بۆ پایتەختی فارس لە تەورێز، لە تشرینی دووەمیشدا بەبێ زەحمەتی دەست بەسەر بەغدادا بگرێت. پاشان سلێمان ئاسایش و سیستمی لەو وێلایەتە سنوورییانەدا چەسپاند، کە دەیویست لەژێر قەڵەمڕەویدا بیانهێڵێتەوە، تا لە سەرەتاکانی ساڵی ١٥٣٦دا گەڕایەوە ئیستانبوڵ.

پەیدابوونی هێزی دەریایی عوسمانی

لە ئیستانبوڵ سلێمان دەستی بەبەهێزکردنی هێزە دەریاییەکەی کرد، بەپلەی یەکەم وەک ئامرازێک بۆ شۆرینەوەی ئەو ریسواییەی لە جەنگەکەی دوایی [لە ئەوروپا] دووچاری هات. لەو ئەرکەیشدا یارمەتییەکی گەورەی لە خەیرەدین بەربەرۆساوە دەست کەوت، کە چەتەیەکی یۆنانی بوو لە دورگەی "مەدەللی" (لسبوس) خۆی و عەروجی برای سالانێکی زۆر بە چەتەییەکەیان هەڕەشەیان بەتایبەت لە کەنارە رۆژئاواییەکانی دەریای سپیی ناوەڕاست دەکرد. دۆخی سیاسیی مۆلەقی باکوری ئەفریقیا یارمەتیی ئەو دوو پیاوەی دابوو خۆیان لەو ناوچەیە بەهێز بکەن. سوڵتانی تونس محەمەد [ی شەشەم، کوڕی ئەبی] حەفس پێشتر حوکمی دورگەی جەربەی بە عەروج سپاردبوو. ئیسپانییەکان چەند جارێک هێرشیان کردبووە سەر باکوری ئەفریقیا –تا خۆیان لە شەڕی چەتەگەری بپارێزن– و ئەو دورگە شاخاوییە بچووکانەیان داگیر کرد کە دەکەونە بەرانبەر [شاری] جەزائیر لە مەودای ئاگری توپخانەکان لێیان، لەوێوە دەستیان بەسەر دەروازەی دەربەندەکەدا گرت. کاتێک فەردیناند مرد خەڵکی جەزائیر داوای کۆمەکییان لە عەروج کرد دژی ئیسپانیا کە سەرچاوەی هەرەگەورەی بژێوییانی پەک خستبوو. ئەویش چوو دەستی گرت بەسەر شارەکە [جەزائیر] و دەوروبەرە بەپێتەکانیدا. ئەگەرچی نەیتوانی ئیسپانییەکان دەربکات، بەڵام بەچەند هەڵمەتێک کە خۆینێکی زۆریان تێدا رژا خۆی لە دەستدرێژییان بۆ سەر کەنارەکان پاراست. ساڵی ١٥١٨ هەژموونی خۆی بەئاراستەی رۆژئاوا بۆ تیلمسان فراوان کرد، بەڵام لە شەڕێکدا کە ئیسپانییەکان رێگەی گەڕانەوەیان لێگرت کوژرا. لە جەزائیر خەیرەدینی برای لەجێگەی خۆی دانابوو کە پاشتر سەرکردایەتیی هێزەکانی گرتە ئەستۆ. کاتێک بینی دەسەڵاتدارانی جەزائیر لە هەموولایەکەوە هەڕەشەی لێدەکەن، پەنای

بۆ سوڵتان سەلیم برد، راستەوخۆ کەمێک پاش فەتحکردنی میسر. سوڵتانیش بەپلەی بیکلەر بەگ [ئەمیر] هێنایە ریزی خۆی و دوو هەزار سەربازی تورکی بە تۆپەکەیانەوە بۆ یارمەتیدانی نارد، ڕێگەیشی پێ دا لەڕێی چەکداری کرێگرتەوە ژمارەیان زیاد بکات و ماف و ئیمتیازاتەکانی ئینکیشارییان بداتێ. ساڵی ١٥١٩ خەیرەدین هێرشی کردە سەر تونس، بەڵام ناپاکیی هەندێ لە سەربازەکانی ڕێگەی پەیوەندیکردن بە بنکەی کردە سەربازییەکانی لێ بڕی، لەبەرئەوە ناچار بوو دەست بە تاڵانکاری بکاتەوە لە دورگەی جیجەل. لەوێ بەو تاڵانییانەی بەدەستی هێنان، توانی لەشکرێکی نوێ پێکبێنێت و لەکۆتاییدا جەزائیر بگرێت و ئیسپانییەکان لە بنکەکانیان لە چیای پێنۆن Penon دەربکات. ساڵی ١٥٣٤ تونس خۆیشی داگیر کرد، بەڵام ئیسپانییەکان لە حوزەیرانی ساڵی ١٥٣٥ لە سەردەمی شارلی پێنجەمدا لەدەستیان دەرهێنایەوە. بەربەرۆسا کەمێک پاش ئەوە بەعەزیمەتێکی بەهێزتر و هێزێکی زیاترەوە گواستیەوە بۆ ئیستانبوڵ تا درێژە بەجەنگی دەریایی دژی ئیسپانییەکان بدات، ساڵی ١٥٣٣ کرابوو بەئەمیری دەریا. ساڵی ١٥٣٧ سلێمان بە دڵنەدانی ئەو جەنگی دژی ڤێنیسیاییەکان ڕاگەیاند، سەرەنجام لە ماوەی سێ ساڵدا سەرجەم مولکەکانیان لە دەریای ئیجە تا کەنارەکانی کریت و تینۆس و مایکۆنۆس لەدەست دا. بەڵام خەمی هەرە گەورەی هێشتا بەدیهێنانی خەونە سیاسییەکانی بوو لە باکووری ئەفریقیا، ئەگەرچی هێشتا بۆی نەڕەخسابوو جارێکتر پێ بخاتەوە سەر خاکەکەی. بۆ ئەو مەبەستە، لە ئیستانبوڵ بەحەماسەتێکی زۆرەوە پشتگیری لە بنەمای هاوپەیمانیکردن لەگەڵ فرەنسیسی یەکەم پاشای فەرەنسا کرد دژی ئیمپراتۆر شارلی پێنجەم، کە ساڵی ١٥٤١ هێرشی کردە سەر جەزائیر، بەڵام سوپاکانی خەیرەدین بەرپەرچیان دایەوە. تا کاتێک ئاگری جەنگ لەنێوان فەرەنسا و ئیسپانیادا هەڵگیرسا، بەربەرۆسا بەسەرکردایەتیی کەشتیگەلێکی تورکی هێرشی کردە سەر کەنارەکانی ئیتالیا و نیس Niceی گەمارۆ دا، بەڵام ڕێکەوتنی ئاشتیی کرێسپی Crespy کە ساڵی ١٥٤٤ ئیمزا کرا ناچاری کرد بکشێتەوە. بەربەرۆسا دوای دوو ساڵ مرد و کەشتیگەلێکی بەباشی ڕێکخراوی و هێزێکی دەریاوانی قاڵبووی شەڕەکانی بۆ سوڵتان بەجێهێشت، لەبەرئەوە سەیر نیە کە پاشتر دەربکەوێت ئامرازێکی کاریگەر بووە لە جێبەجێکردنی سیاسەت و پرۆژەکانی سوڵتاندا.

سوڵتان سەرکەوتنێکی گەورەی بەسەر ئال هابسبۆرگدا لە وشکانی بەدەست هێنا و هەرێمێکی گرنگی خستە سەر ئیمپراتۆرییەتەکەی. کاتێک ساڵی ١٥٤٣ جان زابولیا مرد، پێشڕەوی کرد تا ڕێگە بگرێت لە داننان بە فەردیناندا وەک پاشا، لە ٢ی ئەیلول چووە ناو شاری بوودا و کەنیسە سەرەکییەکەی گۆڕی بۆ مزگەوت و ئیدارەیەکی ناوخۆیی عوسمانی پێکهێنا، کە کاروبارەکانی وڵاتی مەجەر بەڕێوە ببات. ساڵی ١٥٤٧، پاش ئەوەی تورکەکان پێشڕەوییان کردبوو بۆ گرتنی "گران" و "ستولوێزینبێرگ"، فەردیناند ناچار بوو ڕێکەوتنێکی ئاشتی بۆ ماوەی حەوت ساڵ ئیمزا بکات.

شوێنەوارە عیمرانییەکانی سلێمان

ساڵی ١٥٥٠ سلێمان، کە لە لوتکەی هێز و دەسەڵاتیدا بنوو، دەستی کرد بە دروستکردنی مزگەوتێکی گەورە لە ئیستانبوڵ، کە سێبەری دەکەوتە سەر ئایاسۆفیا و بوو بە یەکێک لە جوانترین شوێنەوارەکانی هونەری تەلارسازیی عوسمانییەکان. ئەو باڵەخانەیە رووبەرێکی فراوان زەوی بۆ تەرخان کرا لە بەشی باکووری سەرایەی کۆن کە ژمارەیەک کەنیسەی کۆن و کەرەستەی ئاسەواری خرانە بەردەست ئەندازیاری تەلارساز سینان. حەوشە دەرەکییەکەی بەشێوەیەکی زۆر کەشخە دروست کراوە، کە بەتایبەت لە دەرگایەکی سوڵتانیدا خۆ دەنوێنێت و لەسەر شێوازی فارسی بەرانبەر میحرابەکە دروست کراوە. لەسەر گۆشەکانی حەوشەکەی پێشەوە چوار مناڕە بەرز بوونەتەوە. هەرچی بینا سەرەکییە سێ داڵانییەکەیە، گومەزێکی گەورە بووەتە تاجی کە لەسەر چوار پایەی چوارگۆشە دەوەستێت، کە پێنج مەتر لە گومەزەکەی ئایاسۆفیا بەرزترە. لەڕاستیدا سەرجەم دیوارەکانی مزگەوتەکە و ستوونەکانی لە ناوەوە بەچینێک لە مەڕمەڕی هەمەڕەنگ رازێتراونەتەوە، لەکاتێکدا دیواری پشتەوە، لەگەڵ میحرابەکەدا بە سیرامیکی فارسیی قەشەنگ رازاوەتەوە. رازاندنەوەی نۆ پەنجەرەکەی ناو ئەو دیوارەیش ناوبانگترین وێنەکێشی سەر شووشەی ئەو سەردەمە، سەرخوش ئیبراهیم کردی، ئەویش لە رەنگی گەش و زۆر بریسکەداردا نەخشاندی. بەگوێرەی ئەو ژیاننامەیەی ئەندازیاری تەلارساز سینان بۆ خۆی نووسیوە و ساڵی ١٨٦٥ لە ئیستانبول چاپ کرا، ناوبراو لە سەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەمدا براوەتە نێو ریزەکانی لەشکری ئینکیشاری و وەک جەنگاوەرێک بەشداریی هێرشەکانی سەر بەلیگراد و رودس و موهاج (موهاکس)ی کردوە، هەروەها وەک سەرۆکی تیمی ئەندازیارانیش بەشداری لە گەمارۆدانی ڤیەننادا کردوە. پاش مانەوەیەکی زۆر لە بەغدا پەیوەندی بە خزمەتکردنی سەرایەوە کردوە و پاشتر کراوە بە سەرۆکی تەلارسازان (سەر میعمار). سینان لەو پۆستەیدا چالاکییەکی سەرسوڕهێنەری هەبووە، بەفەرمانی سوڵتان ٨١ مزگەوتی گەورە و ٥٢ مزگەوتی بچووک و ٥٥ قوتابخانە و حەوت پەیمانگەی خوێندنی قورئانی دروست کرد، هەروەها ١٧ چێشتخانەی گشتی و سێ نەخۆشخانە و حەوت ناوەندی لەبەرکردنی قورئان و حەوت پرد و ٣٣ کۆشک و ١٨ خان و هەشت مۆزەخانە و ٣٣ گەرماو و ١٩ مەزارگە (یان گومەز).

ململانێ لەنێوان کوڕانی سلێماندا

زۆری نەبرد کێشە و ململانێ لەنێوان کوڕەکانی سلێماندا بەهۆی سیستمی حەرەمسەراوە (فرەژنی)یەوە سەری هەڵدا، ئەو سیستمەی -مەگەر چۆنها- هیچکام لە سوڵتانە عوسمانییەکان لە ئاکامە خراپەکانی دەرباز نەبوون. ئەوە بوو سلێمان لە کوڕە نۆبەرەکەی، مستەفا، کە لەناو سوپادا خۆشەویست بوو، کەوتبووە گومان، ئەویش بەهۆی

پیلانی کەنیزەکێکی بەبنەچە رووسی بەناوی (رۆکسلانە خورەم) و زاواکەی -زاوای رۆکسلانە- سەدری ئەعزەم، رۆستەم. لەبەرئەوە سلێمان لەکاتی هەڵمەتێکیدا بۆ سەر وڵاتی فارس لە ساڵی ١٥٥٣ فەرمانی دا بەخنکاندنی مستەفا لە خێوەتەکەی خۆیدا لە ئەرگەلی. پاش ئەوە زۆری نەبرد جەنگێکی کراوە لەنێوان کوڕانی روکسلانەیشدا بەرپا بوو. مستەفا رەزا، پەروەردەکاری تایبەتی سەلیم، دووەم کوڕی سلێمان [لە روسکلانە] - وەک سەرچاوەکان دەڵێن بەهەڵنانی رۆستەم- تۆوی ناکۆکی لەنێوان سەلیم و بایەزیدی برایدا وەشاند، کە لەو منداڵتر و بەهرەداتر بوو. ساڵی ١٥٥٩ هەردوو برا رێک کەوتن ئەو ویلایەتانە ئاڵوگۆڕ بکەن کە حوکمیان دەکردن، دەبوو لەباتی ئەماسییە قۆنیە ببات، سەلیمیش لەباتی کوتاهییە مەگنیسییە ببات، بەڵام بایەزید رازی نەبوو مل بەو تەگبیرە بدات، لەشکرەکانی بۆ شەڕ جەم کرد و لە ٣٠ ئایاری ساڵی ١٥٥٩ لە قۆنیە شکا و رایکرد بۆ فارس. بەڵام شا رادەستی سوڵتان سلێمانی کردەوە، باوکیشی لە رۆژی ٢٥ی ئەیلوولی ساڵی ١٥٦١ دایە دەست جەلادەکانی. بەم شێوەیە سەلیم، لێنەوەشاوەترین کوڕانی سلێمان، کە پیاوێکی خوێڕیلە و سەرخۆش بوو، گۆرەپانی بۆ چۆڵ بوو ببێتە میراتگری بێ رکابەری تەخت.

ئەستێرەی سلێمان -لە کۆتا رۆژەکانیدا- بەرەو ئاوابوون دەچوو، لە کاروباری دەرەوەیشدا. بەهاتنی ساڵی ١٥٥١ جارێکیتر ئاگری جەنگ لە وڵاتی مەجەر هەڵگیرسایەوە. لە دەریایش کەشتیگەلێکی ئیسپانی هاوپەیمان لەگەڵ سوارانی قەشە یۆحەننا کە لە ساڵی ساڵی ١٥٣٠وە لە مالتە جێگیر بوون، لە دەریادا لەگەڵ عوسمانییەکان کەوتنە شەڕ. سلێمان هەوڵێکی زۆری دا بۆ دەرکردنیان لەوێ، بەڵام هەموو هەوڵەکانی بەبا چوون. ئەوکاتە سلێمان -بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو شکستە- هەوڵی دا سنووورێک بۆ هێواشیی هەڵمەتەکەی مەجەر دابنێت. لەبەرئەوە لە سەرەتای ئایاری ساڵی ١٥٦٦ بەسەرۆکایەتیی سوپایەکی بەهێز لە ئیستانبوڵ دەرچوو، پێش لە کەوتنەڕێیش نەخۆش کەوتبوو، هەر کە گەیشتە سیکەتوار -کە مانگێکی تەواو بەسەرکردایەتیی (زرینی) خۆی لەبەردەمیدا راگرت- نەخۆشییەکەی لێی توند کرد و شەوی ٥-٦ی ئەیلوول مرد، تەنیا دوو رۆژ دواتر وێرانەکانی قەڵاکە کەوتنە بندەستی لەشکری ئینکیشاری.

میژوونووسانی خۆرئاوا وەک ڕێز و مەزنی نازناوی (مەزن)یان لە سوڵتان سلێمان ناوە، لەکاتێکدا عوسمانییەکان بەنازناوی (قانونی) ڕێزیان لێناوە (واتە یاسادانەر). سلێمان لە گەورەبوونی هێزی دەرەکیدا پێش هەموو ئەوانەی پێش خۆی دایەوە، گەورەبوونێک کە بەباشترین شێوە لەبەر تیشکی ئەو لەبەریەک هەڵوەشانەدا دەردەکەوێت کە زوو لە سایەی جێنشینەکانیدا تووشی ئیمپراتۆرییەتەکە بوو. لێرەوە جێی خۆیەتی لەسەر مردنەکەی بوەستین، تا لەو قۆناغانە بدوێین کە گەلی تورکی لە پەرەسەندنی ناوخۆیی خۆیدا بڕیویەتی.

شارستانێتیی عوسمانییەکان لە لوتکەی ئیمپراتۆرییەتەکەدا
سیستمی دەرەبەگایەتی

سوڵتان سلێمان هەر سەرکردەیەکی سەربازیی مەزن نەبوو بەتەنیا، بەڵکو لەپاڵ ئەوەدا ڕێکخەرێکی مەزنیش بوو، ئەو دامەزراوانەی سوڵتانەکانی پێش ئەو دروستیان کردن، چاک و تەواوی کردن. دەوڵەتەکە هێشتا لەسەر بناغەی سیستمی دەرەبەگی دامەزرابوو کە حاکمە بەراییەکان لەسەر شێوەی بیزەنتی وەریانگرتبوو و سلێمان پێشتر حوکمەکانی بەدرێژی تۆمار کرد. ئەو سەربازانەی شایستەی پاداشتکردن بوون سەرەتا پارچە زەوییەکی بچووکیان دەدرایە، کە دەبوو خاوەنە پێشووەکانیان، لە جووتیاران، وەک ڕەعییەت درێژە بە چاندن و هێنانەبەری بدەن و سالانە داهاتێکی بۆ زەوی پێدراوەکە مسۆگەر دەکرد لەنێوان ٣٠٠٠ بۆ ٢٠٠٠٠ ئاکچە. زەوی پێدراوەکەیش لەبەرانبەردا دەبوو چەند سوارێک، لەنێوان دوو تا چوار، بۆ سوپا، یان چەند دەریاوانێک بۆ خزمەتکردنی کەشتیگەل، دابین بکات. بەو پارچە زەوی یاخود قەیاغەیە دەوترا "تیمار" کە وەرگێڕانێکی فارسییە بۆ وشەی pronoia ی یۆنانی، هاوشێوەی وشەی cura ی لاتینی. تەنها خزمەتکردنی زیاتر و باشتر لەلایەن ئەو قەیاغەدارە خۆیەوە وای دەکرد شیاوی قەیاغەیەکی گەورەتر بێ کە پێیان دەوت "زیعامەت". هەرچی کورەکەی بوو دەبوو بە "تیمار" دەست پێ بکات. خاوەن "زیعامەت"، واتە زەعیم، کە داهاتەکەی دەگەیشتە ١٠٠ هەزار "ئاکچە" یان زیاتر، دەبوو بۆ هەر پێنج هەزار ئاکچەیەک پیاوێک پێشکەشی دەوڵەت بکات. ئەسڵ وابوو هەر "ئاکچە"یەکی زیو بەرانبەر کێشی چارەکە درهەمێک بێت.

لە سەردەمی محەمەدی دووەمدا هەر ٤٠ ئاکچەیەک هێشتا یەکسان بوو بە "دوکە"یەک. بەڵام لە سەردەمی جێنشینەکانیدا دراوەکە دابەزی بەڕادەیەک هەر ٦٠ ئاکچە بەرانبەر یەک دۆکە بوو. ماوەتەوە ئەو قەیاغانەی پێیان دەوترا "تایبەت" کە لە "زیعامەت" گەورەتر بوون. دەبەخشران بە والییە لۆکاڵییەکان، ئەمانە وەک تیمار و زیعامەت ملکەچی پشکنینی دەفتەرداران نەبوون کە ئەرکیان چاودێریکردنی قەیاغەکان بوو. لە سەردەمی سلێمانی یەکەمدا ئەو زەوییانەی لە ئەوروپا بەو شێوەیە دابەش کرابوون نزیکەی ٨٠ هەزار ئەسپیان پێشکەشی دەوڵەت دەکرد، لەکاتێکدا زەوییە دابەشکراوەکانی ئاسیا نزیکەی ٥٠ هەزاریان پێشکەش دەکرد. بەڵام لە ویلایەتە فارسییەکان کە عوسمانییەکان ملکەچیان کردن، لەتوانادا نەبوو قەیاغەی نوێ دابمەزرێت، چونکە بەهۆی هەڵمەتە جەنگییە لەدوای یەکەکانەوە کەس ئامادە نەبوو شان بداتە ژێر پابەندییەکانی پەیوەست بەو ناوچە وێرانکراوانە.

لەڕاستیدا هێزە سوارەکانی ئەم قەیاغەوان (دەرەبەگ)انە سەرەتا ناوکی سوپای عوسمانییان پێکدەهێنا. چەکیشیان تیر و کەوان بوو.. -کە لای ئاسیاییەکان بۆ دڕێژترین ماوە بەکار هێنران- هەروەها رمی سووک و شمشێری کورت و هەندێ جار کوتەکی ئاسنین و قەڵغانی بچووکی خڕ. هەرچی کەمەربەند و خوودەی نوک تیژە وردە وردە بەکار هێنران، لە سەردەمەکانی رابردوودا مێزەرە پۆشاکی گشتیی سەر بوو، بەخێوکردنی ئەسپیش بەیەکەم ئەرکی دەرەبەگی شوێنکەوتە Feudal Vassal دادەنرا. بگرە هەندێ جار پشتگوێخستنی لەوانە بوو ببێتە مایەی لەدەستدانی قەیاغەکە.

قەیاغە سەربازییەکان (الاقطاعات العسكرية) لە چوارچێوەی لیوا یان سەنجەقدا رێک دەخران. ژمارەی ئەو سەنجەقانە سەرەتا لە دووان زیاتر نەبوو، بەڵام پاشتر زیادیان کرد و ژمارەیان گەیشتە ٢٩٠ سەنجەق. ئەو سەنجەقانە هەندێ بەگ حوکمیان دەکردن و ئاڵایان دەدرایە وەک تەنانەت لای عەرەب خۆیشیان باو بوو، چونکە ئاڵا هێما بوو بۆ دەسەڵاتی سەربازیی باڵا. سەرەتا دوو حاکم سەرۆکایەتیی بەگەکانی سەنجەقەکانیان دەکرد بەهەریەکەیان دەوترا "بەکلەربەگ"، کە قەڵەمڕەوی یەکێکیان ئەنادۆڵی دەگرتەوە، قەڵەمڕەوی ئەویتریشیان رۆم ئیلی (ئەوروپا)ی دەگرتەوە. هەروەها نازناوی پاشایان هەڵدەگرت. هەرچی پاشای ئەنادۆڵە سەرەتا بارەگای سەرکردایەتییەکەی لە ئەنکەرە Ankara بوو، تا ساڵی ١٤٥١ گوێزرایەوە بۆ کوتاهییە. هەرچی پاشای رۆم ئیلی بوو شاری سۆفیای کردبوو بە بارەگا. بەکلەربەگی رۆم ئیلی پلەی بەرزتر بوو، لەبەرئەوە ئاڵاکەی سێ کلکی ئەسپی لەسەر بوو، لەکاتێکدا هاوتا ئەنادۆڵییەکەی تەنیا شایستەی دووان بوو. هەروەها نوێنەرایەتیی سوڵتانی دەکرد وەک فەرماندەیەکی باڵا و پێویست بوو ئەمیرەکان خۆیان گوێڕایەڵ و ملکەچی بن.

سوڵتان پەنای بۆ دامەزراندنی پاشای نوێ نەبرد تا پاش فراوانبوونی بەردەوامی ئیمپراتۆرییەتەکە لە ئاسیا، ئەوانە لە هەموو بارەکاندا پلەیان لە خوار پاشای ئەنادۆڵەوە بوو ئەگەرچی سوپاکانیان گەورەتر و مەزنتر بوو. دوای ماوەیەک، دەوڵەت چەند سەنجەقێکی تێکەڵ دەکرد و پاشالق pashalik یان ویلایەتی لێ پێک دەهێنان، کە ژمارەیان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا لە حەفتا کەمتر نەبوو. لەڕاستیدا ئەم کارە فاکتەرێک بوو لە فاکتەرەکانی ئەو خراپییەی بەسەر بەرێوەبردنی دەوڵەتدا هات، ئەو ئیدارەیەی کە سەرەتا لەسەر مەرکەزییەتی بەرتەسک دامەزرابوو.

بەڵام سیستمی دەرەبەگایەتی (فیودالی)، کە پێشتر توانی لە زێدی رەسەن و بچووکی عوسمانییەکاندا بەباشی بەرگەی ئەزموونەکان بگرێت، زۆری نەبرد لە ئیمپراتۆرییەتە تازە و ڕوو لە فراوانبوونەکەدا خراپ بوو. سوڵتان ناچار بوو کاری دابەشکردنی قەیاغەی بچووک بۆ بەکلەربەگەکان بەجێ بێڵێت، بەو مەرجەی داهاتیان لە شەش هەزار ئاکچە

زیاتر نەبێت. بەڵام ئەو بەکلەربەگانە سڵیان نەکردەوە لە دابڕینی ئەو "تیمار"انەی لەبەردەستیاندا بوون، لەباتی ئەوەی بیانددن بە جەنگاوەرە بەئەزموونەکان، بەزۆری بەسەر شوێنکەوتە تایبەتەکانیان و کۆیلەکانیاندا دابەش دەکرد -ئەو جۆرە کەسانەیش لێیان چاوەڕوان ناکرێت لەبەرانبەر ئەوەدا هیچ خزمەتێکی سەربازی پێشکەش بکەن- نەک هەر ئەوەندە، بگرە کەمێک پاشتر لەوە دوورتریش رۆیشتن و دەستیان دایە بەڕێکردن (تسریح)ی سەربازە دەرەبەگییە بەئەزموونەکانیان ئەگەر کەمترین گومان لەبارەی بنەچە عوسمانییەکەیان بکەوتایەتە دڵیان. سلێمان هەوڵی دا لەڕێی "قانون نامە"وە کە ساڵی ١٥٣٠ دەریکرد سنووردار بۆ ئەم خراپانە دابنێت. ئەوە بوو مافی دابەشکردنی رەمەکییانەی زەوی لە دەستی بەکلەربەگەکان دەرهێنا، ئیتر دەبوو لەمڕۆوە یاداشت پێشکەش بکەن لەبارەی ئەو پیاوەی پێیان باشە زەوی (قەیاغە یاخود ئیقتاعییە)ی بدرێتێ، جا ئەگەر ئەو کەسە رەزامەندیی بابی عالی (دیوانی سەدری ئەعزەم)ی بەدەست هێنا، لەو مەقامەوە "بەرائەت" (فەرمان) بۆ قەیاغەکە دەردەچێت و ئەو بەرائەیە لە تۆماری تایبەتی قەیاغەکاندا جێگیر دەکرا. مافە میراتییەکانی تایبەت بەمندالانی خاوەن قەیاغەکان بەوردی رێکخرابوو. ئیتر دروست نەبوو قەیاغە راستەوخۆ لە باوکەوە بچێت بۆ کوڕەکەی، بەڵکو دەبوو کوڕەکەی بە قەیاغەیەکی بچووکتر قایل بێت تا ئەوکاتەی بەکارە سەربازییەکانی دەیسەلمێنێت شیاوی ئەوەیە لەلایەن دەوڵەتەوە پاداشت بکرێت و پێش بخرێت. دەبوو قەبارەی یەکەمی قەیاغەکە لەسەر ئەوە بوەستێت ئاخۆ باوکەکە لە مەیداندا شەهید بووە یان بەمردنی خۆی مردوە. هەرچی منداڵە ناکامەکان بوون ئەوانیش مافیان هەبوو "تیمار"ێکیان پێ بدرێت، تا ئەگەر گەیشتنە نۆزدە ساڵ و نەچوونە خزمەتی سەربازی، ئەو قەیاغەیەیان لەدەست دەدا.

بەڵام ئەو "قانون نامە"یەی سلێمان دەریکرد نەیتوانی ئەو خراپییانە ریشەکێش بکات. زۆر لە قەیاغەکان بەدەستهێنانی رەزامەندیی بابی عالی لەسەر "یاداشت"ەکانیان پشتگوێ دەخست بەو شێوەیەی "بەکلەربەگ"ەکانیان پێشکەشیان کردبوو بەسەریاندا، ئەویش بۆ خۆدزینەوە لەو باجانەی سەپینرابوون، کە زۆر جار بەڕەمەکی و بەپێی ئارەزووی فەرمانبەرانی بابی عالی زیاد دەکران. دەگمەن نەبوو "سپاهی"یەک بمرێت و قەیاغەیەکی گەورەی هەبێت، جا ئەو میراتە پارچە پارچە بکرێت تا "تیمار"ی بچووکتر بدرێتە منداڵەکانی و ئەوانیش ناچار بن بەدوای یەکدا بچنە خزمەتی سەربازی. دواجار، جێگرتنەوەی میراتگری لەم جۆرە قەیاغە ئاسیاییانەدا دروست بوو، تەنانەت ئەگەر میراتگرەکە ئافرەتیش بوایە. بەڵام خاوەن قەیاغە گەورەکانیش وردە وردە کەوتنە خۆدزینەوە لە جیبەجێکردنی پابەندییە سەربازییەکانیان. بەبەڵگەی ئەوەی، عەینی عەلی، وەزیری دارایی لە سەردەمی سوڵتان ئەحمەدی یەکەمدا، لە کتێبەکەیدا "قانون نامە" سکاڵا

دەکات لەوەی یەک پیاو –لەناو دە پیاو لە خاوەن تیمارەکان کە لە رۆژانی حاسڵاتدا لەسەر داهات کێشمەکێشیان بوو- نەدەهاتە مەیدان کاتێک داوای خزمەتکردنی ئالایان لێ دەکرا. بەڵام نە ئەم عەینی-یە و نە سەدری ئەعزەم (نەسوح پاشا) لەو هەوڵانەی‌بەخەرج دران نەیانتوانی لانیکەم بەسەربازکردن رێکبخەنەوە. کۆتاییە تووندوتیژەکەی نەسوح سالّی ١٦١٤ [کە سوڵتان فەرمانی دا بەخنکاندنی] بەشێکی بەهۆی ئەم هەوڵە چاکسازییانەیەوە بوو.

سوپا

بەم شێوەیە وای لێهات وردە وردە جاش (مورتەزیقە) ببنە ناوکی سوپا لەباتی هێزە دەرەبەگییەکان. کۆنترین فیرقەی ئەم جاشانە فیرقەی سیپاهییەکان sipahis بوو، کە سوارەی بابی عالی بوون. دیپلۆماتکاری فەرەنسی غیسلان دی بوسبەک[١٣١] Ghislain de Busbecq کە لە سالّی ١٥٥٥ بۆ سالّی ١٥٦٢ وەک باڵیۆزێک لای سوڵتان سەلیمی دووەم نوێنەرایەتیی ئیمپراتۆر فەردیناند هابسبۆرگی دەکرد و سەرنجە نایابەکانی لەبارەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە چەند کتێبێکدا تۆمار کردوە، بەسەرسامییەوە باسی جوانیی ئەسپەکانیان دەکات، کە تاقم و تفاقەکانیان بە زێڕ و زیو و خشڵ دەدرەوشایەوە. سوارەکان خۆیشیان پۆشاکی لە قوماشی بەنەخش و نیگار، یان ئاوریشمی رەنگ جیاوازیان دەپۆشی، کە هەندێ جار قرمزی و هەندێ جار زەردی زەعفەرانی و هەندێ جاریش شینی تاریک بوو. چەکی هەموویان تیر و کەوان و و قەڵغانێکی بچووک، رمێکی سووک و شمشیری کورت بوو کە بەزۆری بەبەردی پیرۆز رازێنرابوویەوە. هەروەها کوتەکێکی هەڵواسراو بە قەراغی زینداڵ. چەکی ئاگرینی دەستی سالّی ١٤٥٨ بۆ یەکەم جار لە هەڵمەتێکدا بۆ سەر وڵاتی فارس بەکار هات، بەڵام ئەم ئەزموونە یەکەمە شکستێکی تەواوی هێنا لەکاتێکدا تۆپ پێشتر [لای عوسمانییەکان] بەباشی ناسرابوو. کاتێک جەنگە ئەوروپییەکان بەرپا بوون عوسمانییەکان ناچار بوون وەک زەرورەتێک چەکی نوێ بەکار بێنن. لەگەڵ ئەوەیشدا سیپاهییەکان تا کۆتایی سەدەی شازدەیەم بەپلەی یەکەم هەر پشتیان بە تیر و کەوان دەبەست.

ئەو چوار فیرقەیەی ئۆرخان خۆی دایمەزراندن زۆر بەهێز کران، بەتایبەت لەکاتی ئەو هەڵمەتە گەورانەی سلێمان و سەلیم ئەنجامیان دان، تا بەهاتنی سالّی ١٥٣٤ ژمارەیان بۆ ١١٥٠٠ کەس بەرز بووەوە. سێ فیرقەی یەکەم هەندێ توخمی نوێیان لە "ئیچ ئۆغلان" Ichoghlan واتە گەنجانی مەسیحییەوە بۆ زیاد دەکرا، کە لە جەنگدا بەدیل گیرابوون و

---

[١٣١] بڕوانە: The Turkish Letters, Oxford, 1927.

پاشان له سەرایە بەخێو کرابوون، لەکاتێکدا فیرقەی چوارەم، کە ئەو کەتیبە بێگانەیە بوو هەمان پایەی بەرزی نەبوو، لەو پیاوانەی بۆ دەنێردرا کە تازە هاتبوونە ناو ئیسلام. ئەم کەتیبەیە لەکاتی جەنگە فارسییەکاندا بەئاشکرا لەبەریەک هەڵوەشا، چونکە شا لەگەڵ نزیککەوتنەوەی سوپاکانی دوژمن لە وڵاتەکەی، ئەو ویلایەتانەی وێران دەکرد دەکەوتنە سەر سنوور و فەرمانی بە دانیشتوانەکانیان دەکرد بکشێنەوە بۆ ناوەوە تا بۆ هیرشبەران مەحاڵ یان زەحمەت بێت پشت بە پیاوان و ئەسپەکانی وڵاتەکە ببەستن. بەم شێوەیە سوارانی سپاهییە ساڵی ١٥٨٦ یاخی بوون و دانەمرکانەوە تا سوڵتان داواکەی جێبەجێ کردن، ئەویش ئەوە بوو خۆی سەرکردایەتییان بکات بۆ وڵاتی فارس. لە کۆتاییەکانی سەدەی شازدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەیەمدا بابی عالی کەوتە کورتهێنانێکی دارایی ناچار بوو ئازووقەی سەربازان بگرێتەوە، لەبەرئەوە سپاهییەکان پتر لە جارێک راپەڕین و رایانگەیاند ناتوانن خەرجی هەڵمەتە سەربازییەکان لە مووچە تایبەتەکانی خۆیان دابین بکەن. لەگەڵ رۆژدا جیاوازیی لەنێوان دۆخی ئەم کەتیبەیە کە یاسا دەیسەپاند و دۆخە واقیعییەکەی زیادی کرد و وردە وردە گەورە بوو.

ئەگەرچی رۆحە کۆنە بەدەویە ئاسایییەکە لای هێزە دەرەبەگییەکان و سوارانی سپاهی تا رادەیەکی زۆر بەهۆی مەدەنیەت و سیستمی تونددەوە پێش کەوت، بەڵام ئەو رۆحە لە دەروونی "ئاکینجی"یەکاندا بەبەهێزی مایەوە کە پێشەنگی سوارەی سوپایان پێکدەهێنا، کە قەرەبووی یاساییان نەبوو و لە بژێوییاندا پشتیان بە بەخشین لە باجدان دەبەست و نەریتیان وابوو پەنایان بۆ راوڕووت و تاڵانکردن دەبرد. ئەم فیرقەیە بەپلەی یەکەم لە جووتیارانی قەیاغەکان پێکهاتبوون کە لەڕێی ئەو تاڵانکارییەوە دەیانویست قەرەبووی ئەو ستەم و ناهەقییە بکەنەوە کە لەسەردەستی دەرەبەگەکانیان لێیان دەکرا. هەردوو ساڵی ١٤٧٧-١٤٧٨ ئەم باندانە ترس و بیمی وێرانکارییان بۆ دەشتە بەپیتەکانی ڤێنیسیا خۆی و دۆڵە بەرزەکان لە چیاکانی ئەلپ لە ناوچەی سەتیریا، گواستەوە. نەک هەر ئەوە، بگرە ئەو باندانە بەدرێژایی سەدەیەکی تەواو خراپەیان لە وڵاتی مەجەریش بڵاو کردەوە و سەدان هەزار کەس لە دانیشتوانەکەیان دایە بەر بۆ بازاڕەکانی کۆیلەفرۆشتن.

ئەو رۆڵەی هێزەکانی پاڵپشت لە مۆلدافی و والاچی و تەتاری کریمیا و گورجی و کوردەکان -کە هەموو سەرانەیان دەدا- دەیانبینی، هاوشێوەی ئەوە بوو فیرقەکانی "ئاکینجی" دەیانکرد. خانی نیمچە دورگەی کریمیا ٥٠ هەزار شەرکەری هەبوو لەوپەڕی ئامادەییدا بوون بۆ هێرشکردنە سەر کەنارەکانی پۆڵەندە هەرکات دەرفەتی لەبار بڕەخسایە. خەڵکی گورجستان (جۆرجیا) و کوردەکان هەڵمەتی لەو جۆرەیان دەکردە سەر فارسەکان.

ئینکیشاری

هەرچۆن بێت، ئینکیشارییەکان هێشتا کرۆک و کۆڵەکەی سوپا بوون. کۆرانی مەسیحی کە بۆ دابینکردنی تۆخمی نوێ بۆ سوپا هەڵبژێرابوون لە چوار خانەکەی پەردەداریدا لە ئەدەرنە و سەرایەی کۆن و سەرایەی نوێ لە ئیستانبوڵ، هەروەها لە پیرە، پێدەگەیەنران. کۆڕەکان دەکران بە پێنج پۆلەوە. مەشقپێدانیشیان سەرەڕای تووندییەکەی پابەندی بنەما ئینسانییەکان بوو تا ئەوپەڕی سنوور، ئەوەیش سەیر نیە، چونکە دەوڵەت دەیویست بیانکاتە جوامێر، نەک کەسانی دەستەپاچە و وڕە ڕووخاو. باڵاترین پۆل کە دەبوونە پەردەدارانی سوڵتان لە بیست و پێنج یان سی لاو زیاتر نەدەبوون. لەڕاستیدا ئەم پۆلە قوتابخانەیەک بوو ئەو کەسانەی تێدا ئامادە دەکرا کە کاندید بوون بۆ وەرگرتنی بەرزترین پۆستەکانی دەوڵەت و کۆشک. زۆربەی زۆری سەرۆک وەزیران لەوێ دەرچوون. ئەگەرچی هەڵبژاردنی منداڵانی مەسیحی بۆ ئەو خزمەتە لە سەردەمی مورادی دووەم (١٤٢١-١٣٥١)دا کاری پێدەکرا، بەڵام راستییەکەی تا سەردەمی سەلیمی یەکەم بەتۆکمەیی ڕێک نەخرا. باجی کۆڕان (ضريبة الغلمان) پێنج ساڵ جارێک کۆ دەکرایەوە. پاشتر ماوەکە کورت کرایەوە و وای لێهات ساڵی جارێک کۆدەکرایەوە، لە سەرجەم وڵاتانی بەلقانی و یۆنان و پاشتر لە مەجەریش. کەس لەم باجە نەبەخشرا کەمێک نەبێت لەو ناوچانەی پەیماننامەیان هەبوو، وەک ئیستانبوڵ و گەڵەتە و رودس. سەرەتا لەنێو پێنج کۆڕ یەکێک هەڵدەبژێردرا، پاشتر وای لێهات دەوڵەت سەرجەم ئەو کۆڕانەی لەدەست دەردەهێنا کە لەشساغ بوون و تەمەنیان لەنێوان دە و پازدە ساڵیدا بوو. وەنەبێت هەموو ئەمانەیش بەبێ فرت و فێڵکردن لە یاسا کرابن. ئەوە بوو فەرمانبەرەکان ڕێگەیان بە باوکە زەنگینەکان دەدا ئازادیی کۆڕەکانیان بکڕنەوە، هەروەها سەرجەم کۆڕە هەڵبژێراوەکانیان رادەستی خانەی پەردەداری نەدەکرد، بەڵکو ژمارەیەکی زۆریان بۆ حسابی خۆیان بەکۆیلەفرۆشان دەفرۆشت. هەرچۆن بێت، ئەو ئایندە گەشەی چاوەڕوانی ئینکیشاری دەکرد زۆر لە قورسایی ئەو باجەی لەسەر سووک دەکردن. لەڕاستیدا ئەوە بووبووە مایەی ئیرەیی پێبردنی تورکەکان خۆیان و زۆر جار هەوڵیان دەدا کۆڕەکانیان دزە پێبکەنە ریزەکانی کۆڕانی دییان. پاشان دەوڵەت وردە وردە باجی کۆڕانی فەرامۆش کرد، تا لەگەڵ کۆتاییهاتنی سەدەی حەڤدەیەمدا بەتەواوەتی وازی لێهێنا.

تەمەنی پەیوەندیکردن بە سوپای ئینکیشاری سەرەتا بیست و پێنج ساڵ بوو، کاتێک جەنگە فارسییەکان بەرپا بوون و ڕێکخستنی سوپا تێکچوو، ئەو تەمەنە کەم کرایەوە. ئینکیشاری وەک فیرقەیەکی دەستەبژێر سەروەختێک ژمارەیان لە پازدە هەزار پیاو زیاتر نەبوو. لەڕاستیدا وای لێهات هەر زیادکردنێک لە ژمارەی ئینکیشاریدا کارێک بوو بەباش نەدەزانرا و بەهۆی ئەو یاخیبوونەی لە ریزەکانیاندا سەری هەڵدابوو، چاوپۆشی لێکرا.

ئاخر ئەوان تەنیا بەوەوە نەدەوەستان کە لەگەڵ چوونەسەر تەختی هەر سوڵتانێکی نوێدا داوای دیاریی چەوریان دەکرد، بەڵکو لەوەیشیان تێپەڕاند بۆ مەترسیدارتر، ئەویش ئەوە بوو بۆ نموونە لەکاتی جەنگە فارسییەکەدا سوڵتان سەلیمی یەکەمیان ناچار کرد بە سەرپەڕاندنی سەدری ئەعزەم (سەرۆک وەزیران) و سەری قازیی لەشکر و سەری فەرماندەکەیان خۆیشی. لەڕاستیدا دەوڵەت هەوڵی دا ، لەڕێی پەرتکردن و دابەشکردنیان بەشێوەیەکی کاتی بەسەر لەشکرگەکانی سنووردا، لاوازیان بکات. بۆ نموونە ساڵی ١٥٨١ تەنیا چوار هەزاریان لە ئیستانبوڵ بوون. سوپای ئینکیشاری هەنگاوێکی نوێی لەسەر رێگەی لەبەریەک هەڵوەشانەوەدا هاویشت، ئەویش کاتێک دەوڵەت لە دەوروبەری کۆتایی سەدەی شازدەیەمدا رێگەی پێدان ژن بێنن، یەکێک لە ئاکامەکانی ئەم رێکارە بەپەلەیەیش ئەوە بوو ئینتیما بۆ سوپای ئینکیشاری کرد بەمیراتی، بەچاوپۆشین لە توانای سەربازی. پاشان جەنگە فارسییە شوومەکان لە سەردەمی سوڵتان مورادی سێیەمدا هەڵگیرسان و دەوڵەت ناچار بوو ئەو سوپایە چۆن رێک دەکەوێت بەهێز بکات، بەشێوەیەک بەهاتنی ساڵی ١٦٦٠ ژمارەیان گەیشتبووە ٥٤٢٢٢ پیاو. نەک هەر ئەوە، بگرە نزیکەی ئەو ژمارەیەیش لە پیاوان بۆ لیستی مووچە زیاد کرا، بەڵام قەرەبوویان وەرنەدەگرت، بەڵکو تەنیا بەوە رازی بوون دەوڵەت لە باجدان بیانبەخشێت، لەبەرانبەر ئەوەیشدا هیچ خزمەتێکی سەربازییان نەدەکرد، بەڵام لە هەر جوڵەیەک لە جموجوڵەکانی یاخیبووندا هەردەم ئامادە بوون بۆ پاڵپشتیکردنی ئینکیشاری. لەبەرئەوەی هەقدەستی ئینکیشارییەکان بەتێپەڕینی رۆژ رووی لە کزی دەکرد، ناچار بوون زیاتر لە پێشتر بۆ بژێوییان پشت بەهەندێ پیشەسازیی دەستی ببەستن، لەکاتێکدا ئەفسەرانیان هەوڵیان دەدا لەڕێی پەیوەندیکردن بەخزمەتکردنی باڵێوزە بیانییەکانەوە خۆیان بحەوێننەوە.

لەبارێکدا چەکە ئاگرینەکان وردە وردە کەوتنە دەست فیرقەکانی پیادە و سوارە، دەبینین عوسمانییەکان هەر لە یەکەم ساتەوە گەورەترین بایەخ بە تۆپ دەدەن. محەمەدی دووەم خۆی تۆپسازان و مامۆستایانی پسپۆڕ لەو هونەرەی لە ئەڵمانیا و وڵاتی مەجەرەوە هێنا. سوپای عوسمانی تەنانەت لە سەردەمی بایەزیدی دووەمدا فیرقەیەکی تایبەتی تۆپخانە (تۆپچی) هەبوو ژمارەی پیاوەکانی لە سەردەمی سەلیمی یەکەمدا گەیشتە هەزار پیاو. لە سەردەمی سلێماندا بەپلەی یەکەم گرنگی درا بە پێکهێنانی فیرقەیەکی تۆپهاوێژی شاخاوی، کە سەرجەم پێویستییەکانی لۆجیستییەکانی بۆ دابین کرابێت.

سوپا عوسمانییەکان لە پیشرەویکردنیدا بۆ قوواڵایی وڵاتی مەجەر و فارس، کە تێیاندا بەهەندێ ناوچەدا تێدەپەڕین تاڵان کرابوون یان بەئەنقەست و بەبەرنامە تێکدرابوون، ناچار بوون کاروانی گەورە گەورەی ئازوقە و تەقەمەنی لەگەڵ خۆیان ببەن، ئەو

کاروانانەیش هەر لە سەرەتاوە بارێکی قورس بوون لەسەر شانی ئەو سوپایانە. بۆ نموونە ئەو لەشکرەی ساڵی ١٥٢٩ گەمارۆی ڤیەننای دا، ٢٢ هەزار وشتری بەبارە ئاردەوە لەگەڵدا بوو، لەگەڵ ئەوەندە هێستر. ئەرکی گرنگیدان بەم شتانەیش بە فیرقەکانی وێناق Voinak سپێردرابوو، کە بەزۆری لە جووتیارانی بولگار پێکهاتبوون، ئەندامەکانیان هیچ هەقدەستێکیان نەبوو، بەڵکو تەنیا لەبەرانبەر بەخشینیان لە جیزیە (سەرانە) و هەندێ ئیمتیازیتر، خزمەتیان دەکرد.

تۆپخانەی شاخاوی و فیرقەی چاککردنەوەی چەکەکان (جبەچی) لەکاتی هێرشدا دەکەوتنە پێش سوپاکە. ئینکیشاری یاوەریی ئەو پێشەنگەی سوپایان دەکرد، ئاغاکانیان و دوو لە قازییانی لەشکر و موحاسیبەکانیان بەدواياندا. ئەنجا کەژاوەی سوڵتان دەهات، کە سوڵتان بە دەستەی پاسەوانان و پەردەدارانی دەورە دەدرا و لەپشتیەوە "نیشانەی جەنگ" بەرز دەکرایەوە کە ئاڵای ئیمپراتۆری بوو- کە لە سەردەمی سەلیمی یەکەمەوە جێگەی ئاڵای پێغەمبەر گرتەوە- هەروەها شەش ئاڵاکەی تایبەت بە فیرقە جیاوازەکانی سوپا، ئەمە جگە لە شەش ئاڵای بچووک کە نوێنەرایەتیی سوارانی سیپاهی و جاشەکانیان دەکردن. هەرچی دڵ (القلب) بوو، سەدری ئەعزەم و وەزیرەکان و دەستوپێوەندە زۆر و زەبەندەکانیانی لێ دەبوو، لەپاش ئەوانیش پاشای رۆم ئیلی و پاشای ئەنادۆڵ و پێڕی سواره دەرەبەگەکان. پاشای رۆم ئیلی لە هەڵمەتە ئەوروپییەکاندا پێش هاوەڵەکەی دەکەوت، لەکاتێکدا لە هەڵمەتەکانی ئاسیادا پێشکەوتن بۆ پاشای ئەنادۆڵ بوو. کاروانەکانی چەک و جبەخانە و ئازووقەیش لە پاشەوە بەدواياندا دەهاتن.

لەکاتی دەستپێکردنی شەڕدا پاشای رۆم ئیلی و پاشای ئەنادۆڵ دەچوونە پێشەوە بۆ ریزی یەکەم. لێرەدا باڵی چەپ جێگەی شەرەف بوو. فیرقەیەک لە تۆپخانە و یەکێکیتر لە پێشڕەوانی ئەسپسوارانی سوپا (ئاکینجی) پاڵپشتیی هەردوو باڵەکەیان دەکرد، بەدواياندا سوارانی سیپاهی، لەکاتێکدا ئینکیشاری لەپشتەوە لە دڵدا دەوەستان. سوڵتان شوێنی خۆی لە پشتەوەیان دەگرت، لە تەنیشتیشیدا هێمای جەنگ و دەستوپێوەندی سوڵتان بوون.

لەڕاستیدا سەرجەم سەرچاوە ئەوروپییەکان پڕن لە پیاهەڵدان بە رۆحی سیستەمبەندی لە سوپای عوسمانیدا. شوێنی مەی یان قومار یان زینای تێدا نەبوو، کە لەشکرە ئەوروپییەکانی ئەو سەردەمە هیچ کات لەوانە خاڵی نەبوون. ئەوکاتەی سوپای عوسمانی لە لوتکەی هێزی خۆیدا بوو، جەنگ دژی "بێباوەڕان" هێشتا بەواجبێکی ئایینی دادەنرا، ئەوەیش کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لە سەرکەوتنیان بەسەر مەسیحییەکاندا.

کەشتیگەل

دیارە تەواوی مێژووی عوسمانی پاڵی پێوە دەنان بۆ جەنگ لە وشکانیدا. ئەوەی پەلکێشی جەنگی دەریاکانی کردن مەیلی خۆیان نەبوو، بەڵکو فشاری هەلومەرجەکان بوو. سەرکەوتنی ڤینیسیاییەکان بەسەر عوسمانییەکان (٢٩ی ئایاری ساڵی ١٤١٦) بوو وای لێکردن بەجددی بیر لە دامەزراندنی کەشتیگەلێکی دەریایی بکەنەوە. محەمەدی دووەم یەکەم کەس بوو لە دەریایشدا ئەو ناوبانگەی بەعوسمانییەکان بەخشی کە شیاوی بوون. ئەوە بوو لە بەهاری ساڵی ١٤٥٦ سەد و هەشتا کەشتیی چارۆکەدار لە گالیۆلییەوە بەرەو کەنارەکانی دەریای ئیجە چوون بەمەبەستی وێرانکردنی. پاشان سەلیمی یەکەم زۆر چالاکانە لە بەهێزکردنی ئەو کەشتیگەلە بەردەوام بوو، تا کاتێک سلێمان چووە سەر تەخت کەشتییەکانی بۆ ٣٠٠ کەشتی زیاد کرد. لە سەردەمی ئەویشدا وەک پێشتر باسمان کرد خەیرەدین بەربەروسای چەتە ئەو سام و هەیبەتەی ناوی عوسمانییەکان هەیبوو تا کەنارەکانی ئیسپانیا گواستەوە. بەڵام کەشتیگەلی عوسمانی ئەو شتەی ناتەواو بوو کە وەک بڕبڕەی پشت کەشتیگەلە لاتینییەکانی دوژمنی لە دەریادا بەهێز کردبوو، ئەویش بوونی دەریاوانییەکی بەهێزی بازرگانی بوو. بێگومان عوسمانییەکان لەبەرانبەر ئەوەدا بااڵدەستییەکی ئاشکرایان لە سامانی ماددیدا هەبوو بەهۆی ئەو دارستانانەی لە کەنارەکانی دەریای رەشدا هەبوون و سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی تەختەیان بۆ دابین دەکرد، سەرباری بەکارهێنانی هەڵەشە و ناڕێرانەیشی. سەرچاوەی دابینکردنی ئەو کانزایانەیش کە بۆ پیشەسازیی کەشتیەوانی پێویست بوون، کانەکانی مۆلداڤیا و والاچیا (ئەفلاق) بوون، لەکاتێکدا قوماشی چارۆکەکان لە فەرەنساوە هاوردە دەکرا.

سەرپەرشتیکردنی دروستکردنی کەشتی بەزۆری لەدەستی ڤینیسیاییەکاندا بوو، پیشەساز و کرێکارەکانیش زیاتر یۆنانی بوون کە خزمەتەکانیان لە خانەکانی پیشەسازیدا بەردەوام نەدەبوو، بەڵکو دەکەوتە ژێر کاریگەریی حوکمەکانی پێویستی و خواستەکانی بارودۆخ، ئەوەیش پیشەسازییەکەی لاواز کردبوو و زیانی پێ گەیاندبوو. لەگەڵ ئەوەیشدا زۆرجار ئەوروپا لەئاست دەستوبرد و خێرایی کارەکانی کارگەکانی دروستکردنی کەشتیی دەوڵەتی عوسمانی واقی وڕدەما. بەڵام هەڵبژاردنی کەرەستەی پێویست بۆ دروستکردنی کەشتییەکان و وردەکاریی پیشەسازییەکە وەک پێویست نەبوو. لەڕاستیدا کێشەی راستەقینەی کەشتیگەلی عوسمانی هەر لە سەرەتاوە نەبوونی رۆحی ئەمانەت بوو لە بەڕێوەبردندا، کە ئەوە دەردێک بوو نەوە دوای نەوە بەردەوام بوو تا سەردەمی نوێ. دروستکردنی کەشتیە جەنگییە تاکەکان و چەکدارکردنیان، تەنانەت لە سەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەمیشدا بۆ کاپتنەکان بەجێ دەهێڵرا، کە بۆ نموونە ساڵی ١٥٩٢ لەناویاندا ٤٦٠ کاپتن مووچەیان بۆ خۆیان و دەریاوانەکانیان وەردەگرت، لەکاتێکدا ژمارەی ئەوانەیان

هـەر کارێکیـان کردبـوو لـە ١٥٠ کەس تێـنەدەپەڕی و بگـرە کـەمتریش بـوون. کەشتیەوانەکان زیـاتر لـە مەسیحییە ئیتـاڵی یـان یۆنانییـە هـەڵاتووەکان پێکدەهاتن، کە ئەو دەسکەوتە زۆرانەی لە خزمەتی کەشتیگەلی عوسمانیدا دەستیان دەکـەوت پـۆل پـۆل کێشی کردبوون بۆ بیرە (پێرا). لـەناو کەشتییەوانەکاندا تـوخمێکیتر هـەبوو لـەوانـە کـەمتر شـیاوی ئـەوە بـوو پشتی پێ ببەستریت، ئـەویش دەریاوانـە کۆیلـەکان بـوون کـە بـە کەشـتیەکەوە دەبەستراندوە، لە سەردەمی سوڵتان سـەلیمدا ژمارەیان هێندە زۆر بوو بەشی ئامـادەکردنی چل کەشتی دەکرد. بەڵام پاش سەدەی حەڤدەیەم ژمارەیان بەخێرایی رووی لە کەمی کرد. دەوڵەت هەوڵی دەدا ناوەندە بەتاڵەکان لـەڕێی بەسـەربازکردنی رێکخراو لـەنێو دانیشتوانە خۆماڵییەکاندا پڕ بکاتەوە. ئیمپراتۆرییەتەکە کرابوو بـە چـەند ناوچەیەکـەوە و پێویست بـوو هـەریەکەیـان بەئەنـدازەیەکی دیـاریکراو بەشـداری لـە خزمـەتکردنی کەشـتیگەلدا بکـەن. بەسەربازکراوەکان دەیانتوانی ئازادیی خۆیان بکڕنەوە، کاپتنەکانیش بەکۆیلەی تا رادەیەکی زۆر کەمخەرجتر شوێنیان پڕ دەکردنـەوە. لـەو رووەوە ئـەوروپا بـەدابینکردنی سـەرباز بۆ سـوپای وشـکانی بـاری گـران بووبـوو، لەبەرئـەوە کەشـتیگەلەکە بەپلـەی یەکـەم پشـتی بەتوخمە ئاسیاییەکان دەبەست، ئەوانەیش لاواز بووبوون و کەڵکی گرتنە ئەستۆی ئـەرکی قورسیان نـەمابوو. بـەم شـێوەیە سیسـتمی "بـەدەل" وردە وردە پـەرەی سـەند تـا لەکۆتاییدا بـوو بـە بـاجێکی تایبـەت بـە کەشـتیگەل و داهـاتێکی گـەورەی دەسـتی دەوڵـەت دەخسـت. راسـتییەکەی نزیکـەی سـەرجەم بەشـەکانی سـوپای وشـکانی وردە وردە پـەلکێش کـران بـۆ خزمـەتی کەشـتیگەل، لێـرەدا ئینکیشـاری دیسـان بالادەسـتییان دەرخسـت و ئازایـەتییان بەتایبـەت لـە هەڵکوتـانە سـەر کەشـتییەکاندا، تـرس و بیمـی دەخسـتە دڵـی دوژمنـە مەسیحییەکانیان.

کەشتیگەلی عوسمانی لـە چـەند کەشتییەکی جەنگی (ماعون)یک *maons* پێکدەهات کـە گەورەکـەیان ٥٧٦ سـەوڵێدەری کۆیلەی هەبوو (سـاڵی ١٥٧٥ دروسـت کـرا)، هـەروەها لـە چـەند بەلەمێکی سـووک (چێکتیـری *chektiri* یـان کادیرغـا *kadirgha*) کـە تێکڕای ژمـارەی سەوڵێدەرەکانی ١٥٠ کەس بوون. تۆپی کەشتیگەلەکە سـەرەتا زۆر لاواز بـوو، نەیدەتوانی زیاتر لە بیست تۆپی قورس لەسـەر هـەر کەشتییەک بەکار بێنێت. تا کاتێک شـەڕی لـەبانتی Lepantoڕووی دا و و تێیـدا عوسـمانییەکان تووشـی شکسـتێکی سـەخت هـاتن، دەوڵـەت کـاری لەسـەر بـەهێزکردنی تۆپخانـەی کەشـتیگەلەکە کـرد و گەیشـتە ئاسـتی تۆپخانـەی قێنیسییەکان. لاێنکەم لەرووی ژمارەی تۆپەکانەوە

[redacted]

کەشتیەکان

بـه کەشـتیگەلی دەوڵەتـەوە دەکـرد تـا لـە پـەنای ئـەو کەشـتیگەلەدا گـەورەترین زیـان بـەبازرگانیی مەسـیحییەکان بگەیەنـن. لـەو رووەوە کەشـتییە چارۆکـەدارەکانیان پیـاوی باشیان بۆ دابین کرابوو دەوڵەت سەرەتا پێشوازی لە یارمـەتییان کرد، بـەڵام زۆری نـەبرد بابی عالی بەهۆی مەیلی یاساشکێنی و ملکەچنەبوونیانەوە لێیان تووڕە بوو، بەتایبـەت کە -لەکاتی ئاشتیدا- بەبەردەوامی دەوڵەتیان تووشی کێشەی دیپلۆماسی دەکرد.

لەگەڵ گەشەی کەشتیگەلەکە خۆیدا ئەرکەکانی فەرماندەی کەشتیگەلەکە زیادیان کرد. سەرەتا والی سەنجەقی گالیپۆلی سەرکردایەتیی هێزە دەریاییـەکانی دەکرد، بـەڵام دەوڵـەت سـەرکردایەتیی دورگـەکانی دەریای ئیجەیشی بـە بەربەروسـا سـپارد وەک ئـەمیری دەریـا، بەوەیش دەسەڵاتەکەی چواردە سـەنجەقی لـەخۆ دەگرت. لـەو رووەوە لەگەڵ ئامادەکردنی هەر کەشتیگەلێکدا دەیتوانی دەسکەوتێکی گـەورە بۆ خـۆی بەدەسـت بێنێت، ئەوا تەنانـەت ئەگـەر پابەنـدی ئەوپـەڕیی دەسـتپاکیش بـوایە، بـەم پێیـەیش ئـەو پۆسـتە پڕقـازانجترین و جێسـەرنجترین پۆسـتەکانی دەوڵـەت بـوو. ئەگـەرچی دەوڵـەت پـاش کارەسـاتەکەی لەبـانتی (ناوباکتوس) کەشتیگەلەکەی زۆر لێبڕاوانە دروست کردەوە، بـەڵام هـیچ رۆژێـک نـەیتوانی هەیبەتی خۆی لە رێگەی سەرکەوتنێکی گەورە لـە دەریـادا بەدەسـت بێنێتـەوە. زۆری نـەبرد چـالاکیی کەشـتیگەلەکە وردە وردە لـە پاسـەوانیکردنی کەنارەکانـدا کـورت بوویـەوە، تـا بەهاتنی سـاڵی ١٥٧٦ تـەنیا ٤٠ کەشـتیی چارۆکـەداری پرچـەک لای دەوڵـەت مـابوون، ئـەوە لەکۆی ٣٠٠ دانە کە پێشتر هەیبوون. باقیی ٢٦٠ کەشتییەکەیتر بەفەرامۆشکراوی لە گۆم و شۆستە دەریاییەکاندا بەجێ هێڵران.

سوڵتان و وەزیرەکان

سـوڵتان لە لـوتکەی ئەو دەزگـای سیاسـی و سـەربازییەدا بـوو کە لـە سیسـتمی دەرەبەگایـەتی کـەوتبووەوە. ئـەمیرە عوسـمانییەکان سـەرەتا دەرەبـەگی سـەر بـە سـوڵتانە سـەلجووقییەکانی قۆنیـە بـوون. بـەڵام ئۆرخـان زۆری نـەبرد سـەروەری گرتـە دەسـت و بەناوی خۆیەوە سکەی لێدا و فەرمانی کرد لەسـەر مینبـەرەکان خوتبـەی بۆ بخوێنرێتەوە. هـەرچی نازنـاوی "سوڵتان"ـە کـە پێشـتر سـەلجووقییەکان، بەتایبـەت لـەکاتی جـەنگی خاچپەرسـتانەوە، بەرەزامەنـدیی خەلیفـە -وەک پـارێزەرانی ئیسـلام- بـەکاریان هێنـا، ئـەوا بایەزیدی یەکـەم -وەک پێشتر ئاماژەمـان پـێ دا- تـوانی لـەڕێی خەلیفـەی عەباسـییەوە لـە قـاهیرە بەدەسـتی بێنێت ئەگـەرچی ئەوانـەی پـێش ئـەو بەشـێوەیەکی نارەسـمی -ئەگـەر دەربڕینەکـە دروسـت بێـت- سـەروەختێک هـەڵیانگرتبوو. کاتێـک عوسـمانییەکان قوسـتەنتینیەیان فـەتح کـرد محەمـەدی دووەم نازنـاوی (سـلطان البـرین و البحـرین) واتە: سوڵتانی هەردوو وشکانی و هەردوو دەریایی وەرگرت. بەڵام هـەردوو نازنـاوی "خونکیار"

و "پادشا" زیاتر لەسەر زمانی خەڵک بڵاو بوون. دوای فەتحی ئەدەرنەیش سلێمان نازناوی (خلیفة الله) واتە: (جێنشینی خوا)ی وەرگرت، بەڵام ئەوەی دەوترێت سەلیمی یەکەم ساڵی ١٥١٧خەلیفەی عەباسی لە قاهیرەی بەشێوەیەک لە شێوەکان ناچار کردوە دەستبەرداری ئەو نازناوە ببێت بۆی، تەنیا لە گێڕانەوەیەکی پاشیندا هاتووە. جێی سەرنجە سیاسییە عوسمانییەکان ئەوەیان نەبردە مێشکی ئەوروپییەکان کە خەلیفەیش وەک پاپا سەرۆکی ڕۆحیی بالای سەرجەم موسڵمانان و لێرەیشەوە پێویستە لەو ناوچانەیش خوتبەی بۆ بدرێت کە ملکەچی مەسیحییەکانە، وەک نەمسا کردی و ئەو مافەی بۆ عەبدولحەمید سەلماند پاش ئەوەی بۆسنەی خرایە سەر، دەڵێین ئەم خستنە خەیاڵە تا پاش پەیماننامەی "کوچوک کینارجی" ساڵی ١٧٧٤ ڕووی نەدا کاتێک هەندێ لە موسڵمانان کەوتنە ژێر حوکمی مەسیحی. لەڕاستیدا مەیلی لابەندی بۆ حاکم، کە لە ئاکاری مرۆڤی تورکیدا چێنراوە، تەنانەت لە سەردەمە کۆنەکانیشدا لە ڕێگەی هەندێ دابونەریتی ئاینییەوە بەهێزتر و ڕیشەدارتر بوو، بەشێوەیەک سوڵتان دەسەڵاتێکی ڕەهای ئەوتۆی بەسەر ژێردەستەکانیدا پەیدا کرد زیاتر لەوەی بۆ هەر حاکمێکی خۆرئاوایی هاوچەرخ بەدیهاتبوو. هەروەها دەسەڵاتی بەسەر سەرجەم سەرچاوەکانی دەوڵەتدا هەبوو، ئەوەیش دەسەڵاتێکی ڕەها بوو، کە تەنیا هێزی ماددی، بەتایبەت وەک بالادەستیی ئینکیشاری، دەیتوانی بەشێوەیەکی کاتی سنووردار بکات. نەک هەر ئەوە، بگرە دەوڵەت لەڕووی تێۆرییەوە بەموڵکی تایبەتی ئەو دادەنرا. داهاتی سافی باج پاش دابینکردنی خەرجە ڕۆژانەکان، دەچووە گەنجینەکەی ئەو، کە بە خەزنەی حەوت تاوەرەکە (Yedi Kulle) ناسرابوو. ئەوەی لەبەردەستماندایە لەبارەی زەبەلاحیی بودجەی عوسمانی تەنیا هەندێ مەزەندەی ناوردن. زانای بێزەنتی خالقوندیلاس کۆی داهاتی دەوڵەتەکەی، لە ماوەی دە ساڵی کۆتایی حوکمی سوڵتان محەمەدی دووەمی بە چوار ملیۆن "دوکە" مەزەندە کرد. دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی شازدەیەم ئەو بڕە -وەک لە هەندێ ڕاپۆرتی ڤێنیسیاییدا هاتووە- بۆ دە ملیۆن یان پازدە ملیۆن دوکە بەرز بووەوە، کە پشکی گەنجینەی سوڵتان لەوە ساڵانە دوو ملیۆن بوو. لەڕاستیدا هەندێ لە سوڵتانەکان، بەتایبەت مورادی سێیەم، لە گەنجینەکانیاندا ماڵێکی زۆریان ئەمبار کردبوو کە لە دەستاودەستکردن کێشابوویانەوە. بەهەرحاڵ، گەنجینەی دەوڵەت دەبوو لەکاتی قەیرانە گشتییەکاندا داواکاریی قورس جێبەجێ بکات، بەڵام لە باری گۆڕینی سوڵتانەکاندا زۆرجار داواکارییەکانی ئینکیشاری گەنجینەیان بەتاڵ دەکرد. ڕای گشتی بایەخدانی سوڵتانەکانی بەدروستکردنی کۆشک و تەلار بەشێوەیەکی بەربڵاو بەشتێکی حاشاهەڵنەگر دادەنا. سەرجەم سوڵتانەکان ئەو کارەیان دەکرد، چەند کەسێکی کەمیان نەبێت.

لەڕووی تیۆرییەوە تەواوی دەسەڵاتی سیاسی، هەروەها بۆ ماوەیەکی زۆریش بەکرداری لە دەستی سوڵتاندا قەتیس بوو. بەڵام پۆستی وەزیر -کە سەرەتا لە راوێژکارێکی یەکەمی سوڵتان زیاتر نەبوو- بەهۆی پەرەسەندنی خێرای ئیمپراتۆرییەتەکەوە بوو بە پۆستێکی مەترسیدار و بەتێپەڕینی رۆژ گرنگیی زیاتر دەبوو. لەڕاستیدا سوڵتان محەمەدی دووەم لەو یاسای بنچینەیی (قانون نامە)یەی داینا پایەی وەزیری بەرز کردەوە، تەنانەت بەکردەوە کردی بە سەرپەرست (وەصی) لەسەر ئیمپراتۆرییەتەکە[١٣٢]. هەروەها دەبوو -وەک جێمتمانەی دەسەڵات رەهای پادشا- دەست بەسەر هەموو لقەکانی ئیدارەدا بگرێت و بڕیاری یەکلاکەرەوە لە کاروبارەکانی دەوڵەت و مەسەلەکانی مردن و ژیانیشدا بدات، بەدەسەلاتێکی سەربەخۆی رەهاوە. سەرۆک وەزیران (سەدری ئەعزەم) وەک هێما بۆ ئەو هێز و هەژموونەی هەیبوو، مۆری ئیمپراتۆری و مۆنۆگرام (طغراءات)ی سوڵتانی هەڵدەگرت[١٣٣]. هەروەها سیستمی تەشریفاتی تایبەتی کۆشکیش پێگەی وەک جێگری سوڵتان سەلماندبوو. هاوشێوەی سوڵتان خۆی، لە هەندێ رۆژی دیاریکراوی هەفتەدا لابەندیی فەرمانبەرانی کۆشک و دەوڵەتی وەردەگرت و لە نێوەندی دەستوپێوەندێکی نایابدا نەبوایە لەناو جەماوەردا دەرنەدەکەوت. بەم شێوەیە وای لێهات کۆشکەکەی لە (بابی عالی) کە سەرانی دەوڵەت بۆ راوێژ تێیدا کۆدەبوونەوە، بوو بە بارەگای راستەقینەی حکومەت.

هەرچی سلێمانی یەکەمە بەشێکی گرنگ لە دەسەڵاتی تایبەتی خۆی وەک سوڵتان بۆ ئیبراهیم پاشا -کە باوکی یۆنانی بوو لە بەرگە Perga- گواستەوە، ئەویش لەو بەرائەت (فەرمان)ی تێیدا ساڵی ١٥٢٤ بەرزی کردەوە بۆ پۆستی سەدری ئەعزەمی. ئیبراهیم ساڵانێکی زۆر لەو پۆستەدا بوو و سوڵتان متمانەی تەواوی پێی بوو، هەروەها دۆستانە بوو لەگەڵیدا، تەنانەت خوشکەکەی خۆی لێ مارە کرد. بەڵام ئەو ململانێ خێزانییەی ساڵە کۆتاییەکانی سەردەمی سلێمانی تەڵخ کرد پێگەی سەدری ئەعزەمیشی هەژاند. ئەوە بوو سەرەتا تۆمەتبار کرا بەوەی چاوی لە تەختی مەجەرە، پاشان تۆمەتبار کرا بەوەی چاوی لە تەختی عوسمانی خۆیەتی، کە ئەو دوو تۆمەتە بەڵگە لەسەریان نەبوو. لە ١٥ی ئاداری ساڵی ١٥٣٦ لە شوێنی خەوتنەکەی لە سەرایەی نزیک سەرایەی سوڵتان بەکوژراوی

---

[١٣٢] "با یەکەم شت ئەوە بزانرێت سەدری ئەعزەم سەرۆکی وەزیر و ئەمیرانە. لە هەموویان گەورەترە و خاوەن دەسەڵاتی رەهایە لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکان (ی دەوڵەتدا). بەرپرسی مولکەکانم دەفتەردارە، بەڵام (سەدری ئەعزەم) سەرۆکی ئەوە. سەدری ئەعزەم لە حەرەکات و سەکەنات و هەستان و دانیشتنیدا لەپێش سەرجەم فەرمانبەرانی دەوڵەتەوەیە". بڕوانە "قانون نامە عثمانی" استانبول، ١٢٣٠ لا١٠.

[١٣٣] بەڵام لە رێوڕەسمەکانی پەیوەست بەکاروباری دارایی و لەو بڕیارانەی لەسەر یاسای ئاینی (شەرعی پیرۆز) دامەزراون، دەفتەرداری و دادوەرانی لەشکریش مۆنۆگرام هەڵدەگرن. (هەمان سەرچاوە، لا١٠).

دۆزرایەوە. هیچکام لەو سەدری ئەعزەمانەی پاش ئەو هاتن پێگە و دەسەلاتی ئەویان نەبوو، جگە لە دووەم جێنشینی، محەمەد سۆکۆڵلی، کە سلاڤی بوو لە گوندی سۆکۆڵ Sokol لە بۆسنە. بەڵام ئەم محەمەدە هێندە زرنگ و دووربین بوو خۆی لەو مەترسییانە لادا کە بە ئیبراهیم پاشاوە پێچران. زیاتر چاوی لە برەوپێدانی سامانەکەی بوو تا بەهێزکردنی هێز و دەسەلاتی. توانی لە رێگەی بەرتیلەوە داهاتەکانی پۆستەکەی دووقات بکات –کە خۆی زۆر بوو- تا گەیشتە ژمارەی خەیاڵی. پاشاکانی ویلایەتەکان دەبوو هەموو ساڵێک لەڕێی دیارییەوە پۆستەکانیان بکڕنەوە. دەوترێت پاشای قاهیرە سالانە زیاتر لە سەد هەزار دیناری ڤێنیسیایی دەدایە سۆکۆڵلی. ئەم سەدری ئەعزەمە ئەو پۆستانەی بەهۆی مردنەوە بەتاڵ دەبوون دەدایە ئەوانەی بەرزترین نرخیان پێ بدایە. ئەمە جگە لەوەی دیاری و سەوقاتی لە دەوڵەتانی بیانی وەردەگرت: دەبوو قەیسەری ئەڵمانی بەنهێنی (یەکێک) لە دیاریە ساڵانەکان کە بەپێی پەیماننامە تازەکە دانرابوو (برەکەی سێ هەزار تالیر بوو) سێ قات زیاد بکات، (سەدری ئەعزەم دوو قاتیانی بۆ خۆی گل دەدایەوە). ساڵی ١٥٧٣ ڤێنیسیا ئاشتییەکی شەرمهێنی بە پازدە هەزار دولکە لێ کڕی.

شتێکی سروشتیشە ئەم نموونە خراپانەی خاوەن پۆستە باڵاکانی ئیمپراتۆرییەتەکە پیشانیان دەدا، کاریگەریی زۆر خراپیان هەبێت لەسەر تەواوی لقەکانی بەڕێوەبردن. لە ١١ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٥٧٩ سۆکۆڵلی بەدەستێکی تاوانبار کوژرا، رەنگە کوشتنەکەیشی تەنیا تۆڵەسەندنەوەی شەخسی بێت نەک شتێتر. لەو رۆژەوە ئیدی ئەو پۆستە لەپڕ ئەو پێگە و گرنگییە گەورەی پێشتری لەدەست دا. گومان لەوەدا نیە ئاکامە وێرانکەرەکانی سیستمی حەرەمسەرا، ئەو ئاکامانەی محەمەد کوپرولو دوای سەدەیەک توانی دەوڵەتەکەیان لێ دەرباز بکات، لەوە بەرپرسیار بووە.

کاتێک محەمەدی دووەم دەسەڵاتێکی نیمچە رەهای خستە بەردەم سەرۆک وەزیرانەکەی، خێرا "وەزیرانی گومەز" (قبە وزیرلری)ی[١٣٤] لە تەنیشتی دانا بەمەبەستی سنووردارکردنی دەسەلاتەکەی. بەڵام ئەوەی سوڵتان بۆی کۆشا هیچ رۆژێک نەهاتە دی. ئەگەرچی ئەو نیشانانەی هەڵیان گرتبوو، کە سێ کلکی ئەسپی لەسەر بوو، لەگەڵ سەدری ئەعزەم یەکسانی دەکردن، بەڵام هەرگیز هەژموونیان زۆر نەبوو. ژمارەیان سەرەتا تەنیا چوار وەزیر بوو، پاشتر بەرز کرایەوە بۆ شەش کەس. ئەو وەزیرانە زۆرجار هەوڵیان دەدا بەڕێگەی تایبەت ئەوە بەدیبێنن کە دەسەلاتە دەستوورییەکانیان یارمەتیی بەدیهێنانیانی نەدەدا. لەبەرئەوە کاریان ئەوە بوو رۆڵی گرنگ بگێڕن لەو پیلانانەی بەردەوام بۆ بنکۆڵکردنی دەسەلاتی سەدری ئەعزەم و هەڕەشەلێکردنی، ساز دەکران.

---

[١٣٤] قبە وزیرلری: ئەو وەزیرانە بوون لەژێر بنمیچی یەک گومەزدا لەگەڵ سەدری ئەعزەم (واتە سەرۆک وەزیران) کۆدەبوونەوە، بەڵام لە دەسەلاتەکەیدا بەشدار نەبوون–وەرگێڕ.

دیوان و پایەکانی دەوڵەت

وەک چۆن "کورولتای"ی مەغۆل تەنیا ئەمیرانی ماڵەکەی لەدەوری خان کۆ نەدەکردەوە، بەڵکو سەرجەم فەرماندەکانی سوپاکەیشی بۆ راوێژکردن لەبارەی کاروبارە زیندووەکانی دەوڵەت بانگ دەکرد، بەهەمان شێوە لای عوسمانییە کۆنەکانیش شتێک هەبوو پێی دەوترا "دیوان" Diwan، کۆبوونەوەیەکی گشتی بوو سەرجەم سەرانی دامودەزگاکانی دەوڵەتی لەخۆ دەگرت و بۆ تاوتوێکردنی پرسە گرنگەکان کۆ دەبوونەوە، بەتایبەت بۆ بڕیاردان لەسەر ئاشتی و جەنگ لەسەر پشتی ئەسپەکان، وەک لە سەردەمی بەدەویدا باو بوو. بەڵام دیوان وردە وردە پەرەی سەند و بوو بە ئەنجوومەنێکی وەزاری کە سوڵتان محەمەدی دووەم لە کۆتاییەکانی سەردەمەکەیدا کردبووی بەنەریت سەرۆکایەتیکردنی بە سەدری ئەعزەم دەسپارد، پێشتر ئەنجوومەنێک بوو سەرگەورەکانی لەخۆ دەگرت بەو شێوەیەی باسمان کرد. مافی بەشداریکردن لەو ئەنجوومەنە وەزاریەدا تەنیا بۆ "پایەکانی دەوڵەت" (ارکان دولت) بوو کە بریتی بوون لە: ١- هەردوو قازیی لەشکر، یەکێکیان لە ئەنادۆڵ و ئەویتریان لە رۆم ئیلییەوە، پاشتر دوای فەتحە گەورەکانی سەلیم قازییەکی سێیەم بۆ ئەفریقیا زیاد کرا. ٢- هەریەک لە پاشای ئاسیا و پاشای ئەوروپا. ٣- هەردوو دەفتەردارەکە کە ئەرکی بەڕێوەبردنی داراییان لە هەردوو نیوەی ئیمپراتۆرییەتەکەدا لەئەستۆدا بوو، پاشتر یەکێکیتریان بۆ زیاد کرا. ٤- ئاغای ئینکیشاری وەک نوێنەرانی سوپا. ٥- بەکلەربەگی دەریا (کاپودان پاشا) -کە ئەوە پۆستێک بوو سەرەتا بۆ خەیرەدین بەربەروسا دانرا- وەک نوێنەری کەشتیگەل. ٦- خاوەنی ئیمزا (نیشانچی) *nishanji* سەرپەرشتی مۆری سوڵتان و مۆنۆگرامەکانی. ئەم گەورە پیاوانەی دەوڵەت -هاوشێوەی پیاوانی دەوڵەتی ئیسلامیی رابردوو کە لەسەر شێوازی فارسی رێکخرابوو- نازناوی ئاڵوزیان هەڵگرتبوو کە بەوردی دیاری کرابوون. ئەم نازناوانە گرنگییەکی گەورەیان هەبوو، تەنانەت سوڵتان محەمەدی دووەم لە کۆتایی (قانون نامە)کەیدا کە دەریکرد باسی کردوە و هەریەک لەو پلانەی بەوردی و رۆشنی دیاری کردوە. دیوان بەڕێکوپێکی لە هەفتەیەکدا چوار رۆژ کۆدەبوویەوە، رۆژانی شەممە و یەکشەممە و دوو شەممە و سێشەممە، لە هۆڵێکدا لە حەوشەی سەرایەی دووەم. گفتوگۆ لە بەیانییەوە دەستی پێدەکرد، پاشان دوو جار رادەگیرا، تا ئەندامان پشوو بدەن و پێکەوە نان بخۆن، پاشان تا درەنگانێکی دەخایاند. سەرەتا هەر هاوڵاتییەک بۆی هەبوو لەبەردەم ئەنجوومەندا ئامادە بێت و داواکاری و سکاڵاکانی بخاتە روو و پاشتر بەزۆری رەوانەی فەرمانگەی تایبەت دەکرا بۆ لێکۆڵینەوە و بڕیاردان لەسەری. سوڵتان خۆیشی سەرۆکایەتیی دانیشتنەکانی دیوانی دەکرد. بەڵام پاشتر وازی لەم ئەرکە هێنا و تەنیا لە

کۆتایی کۆبوونەوە هەفتانەکەیدا بەڕەسمی پێشوازی لە مەجلیسەکە دەکرد و راپۆرتی کار و بڕیارەکانیان بۆ دەخوێندەوە.

ئەگەرچی هەردوو حاکمی گشتیی ئاسیا و ئەوروپا کورسییەک و دەنگێکیان لە "دیوان"دا هەبوو، بەڵام بەدڵنیاییەوە تا رادەیەک دەیانتوانی کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکان ویلایەتەکانیشدا هەبێت. ئەگەر بەرتیل لەنیو فەرمانبەرانی حکومەتی ناوەندیدا زۆر بەربڵاو بوو، بەڵام لە ویلایەتەکان بەزۆری نادیاریکراو بوو. لەو رووەوە دەبوو هەر پاشا (بەکلەربەگ)ێک سالانە پۆستەکەی لە سەدری ئەعزەم بکڕێتەوە، شتێکی سروشتییە ببینین ئەویش نرخی ئەو پۆستە لە کاربەدەستان و ئەوانەی خوار خۆی بکێشێتەوە، هەروەها ئەوانیش لای خۆیانەوە ئەوەی داویانە لە ژێردەستەکانیانی بکێشنەوە. لەڕاستیدا هەر ٢٠ پاشاکە، بگرە هەر ٢٧٠ بەگەکانی سەنجەقەکان، هەوڵیان دەدا دەستوپێوەندێک لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە کە دابینکردنی خەرجییەکانی بەسەر ناوچە ئیدارییەکەیدا بسەپێنن. بەردەستەکانیشیان، سەوباشییەکان، بەبێ ترس هێزی پۆلیسیان بۆ ترساندن و رووتاندنەوەی خەڵک بەکار دەهێنا. هەرچی لەو ناوچانە بوو کە بەگەکانی سەنجەقەکان بواریان بە هەندێ کەس دەدا لە وادەیەکی دیاریکراودا سەرانە بدەن، دۆخەکە لەوە خراپتر بوو. بەڵام گەل کە لەژێر باری ئەو کۆتە قورسەدا دەینااڵند بەدەگمەن نەبێت هەوڵی نەدەدا شۆڕش بەسەر ئەو ستەمکارییانەدا بکات، وەک ئەوەی بۆ نموونە یۆنان و تورکەکان لە قوبرس یەکیان گرت و توانییان پاشا بگرن و لەتوپەتی بکەن، کە لەبەر چاوچنۆکی و دڕندەییەکەی رقیان لێی بوو.

یاسا و قەزا

یاسا سەرەتا لەسەر بناغەیەکی سەربازی پەیدا بوو، هاوشێوەی دەزگایەکی بەڕێوەبردنی گشتی. لێرەوە قازیی لەشکر، تا سەردەمێکی زۆر پاشتر، سەرۆکی دەستەی دادوەریش بوو. سوڵتان مورادی یەکەم، یەکەم کەس بوو ئەم پۆستەی داهێنا، بێگومان لەسەر شێوەی مەمالیکی میسر. پاشان محەمەدی دووەم و سەلیمی یەکەم لەپاڵ ئەو قازییەدا دوو قازیتریان دامەزراند، یەکێکیان بۆ ئەوروپا و ئەویتریان بۆ ئەفریقیا. بەڵام دەسەڵاتی ئەو قازییانەی لەشکر تەنیا لە کاروبارە سەربازییەکاندا قەتیس نەبوو، بەڵکو تێێدەپەڕاند بۆ تەواوی یاسای مەدەنیش. ئەوان سەرجەم فەرمانبەرانی دادی و دادوەران و جێگرانیان دادەمەزراند. نەک هەر ئەوەندە، بگرە دادگەی تیهەڵچوونەوەی باڵایان پێکدەهێنا کە جگە لە دەسەڵاتی دادوەریی سەدری ئەعزەم و سوڵتان خۆی، هیچ دەسەڵاتێک نەبوو سنوور بۆ دەسەڵاتەکانی دابنێت. لە ریزبەندیدا دوای قازییانی لەشکر گەورە زانایان دەهاتن، کە دادوەرانی پایتەخت و پایتەختەکانی ویلایەتەکان بوون، پاشان گچکە زانایان

که قەزاوەتیان لە دە شاری لاوەکی لە شارەکانی ویلایەتەکان بەڕێوە دەبرد وەک بەغدا و سۆفیا. هەرچی دادوەرە پلەدووەکان و خوارتر بوون، بۆ سێ چین دابەش دەکران: پشکنەران، دادوەران، ئەنجا جێگرانی دادوەران.

قازی (دادوەر) سەرۆکی دەسەلاتی دادوەریی بالا بوو لە ناوچەکەیدا. بەتەنیا ئەو لەکاتی ئامادەنەبوونی داواکاری گشتیدا بڕیاری لە کێشە مەدەنی و جینائییەکان دەدا بەگوێرەی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی (واتە یاسای ئاینی سەرچاوەگرتوو لە قورئان و سوننە)، هەرئەویش تەواوی کارەکانی دادنووس و ئامادەکردنی وەسێتەکان و شتی لەوجۆرەی ئەنجام دەدا. لێرەیشدا لەبەرانبەر چاکییەکانی رێوشوێنە خێراکانی یاسای عوسمانیدا، ویژدان بیمارییی دادوەران و تێوەگلانیان لە بەرتیلخۆری هەبوو. بایەزیدی یەکەم لە ساڵی ١٣٩٤ەوە هەوڵی دا سنووورێک بۆ ئەم بەلایە، کە لەکۆنەوە ریشەی لەناو قەزای ئیسلامیدا داکوتابوو، دابنێت، لەبەرئەوە هەندێ رسومی قەزایی داهێنا، بەڵام هەوڵەکەی بێسوود بوو.

پیاوانی ئاینی

سەرجەم دەستە دادوەری و ئاینییەکان، دوای سەلیمی یەکەم، ملکەچی دەسەلاتی موفتیی ئیستانبوڵ بوون وەک "شێخی ئیسلام". بەڵام ئەم دەسەلاتە تەواو تێوری بوو، چونکە دەبوو فتوا لەو مەسەلە قەزاییانەدا بدات کە بۆی بەرز دەکرانەوە، بەڵام دەسەلاتی سەپاندنی فتواکەی نەبوو، ئەگەرچی هیچکام لە قازییەکان بەدەگمەن نەبێت زاتیان نەدەکرد ملکەچی حوکمەکانی نەبن. پاشان محەمەدی دووەم و سلێمانی یەکەم پێگەی ئاناسایی موفتییان لە لوتکەی تەواوی بەڕێوەبەرایەتیدا جێگیر کرد. لەڕاستیدا سوڵتانەکان زۆر پەرۆش بوون بۆ پاڵپشتیکردنی دەسەلاتەکەی، چونکە هەرکات شتێک ئازاری بدانایە یان دۆخێکی سیاسیی سەختیان تووش بهاتایە، دەسەلاتی ئەویان دەقۆستەوە و سوودیان لێ وەردەگرت. بەم شێوەیە سەلیمی یەکەم فتوایەکی پێ دەرکرد رێگەی پێدەدا جەنگی موسڵمانان لە میسر بکات. هەروەها ساڵی ١٥٧٠ سەلیمی دووەم لە موفتی بەناوبانگ ئەبی سعوود فەتوایەکی دەرچواند، کە رێگەی پێدەدا ئەو کارە بکات کە لە عورفدا دروست نیە، ئەویش شکاندنی مەرجەکانی ئاشتی و دەستپێشخەریی دەستدرێژیکردنە سەر ڤێنیسیا بوو لە سەرەتای جەنگی قوبرسدا. هەرچۆن بێت، سوڵتانە پاشینەکان زۆربەی جار ئەو دەسەلاتە ئاینییەیان فەرامۆش دەکرد، کە دەشێت پاشماوەیەکی ئەو سەردەمە سۆفیگەرییە شیعییە بێت کە لەکۆندا دەوڵەتەکەی پێدا تێپەڕیوە، بەتایبەت کە ئەو پیاوە ئاینییانەی خاوەنی ئەو دەسەلاتە بوون زۆرجار لە پیلانە سیاسییەکانەوە دەگلان.

هەروەها جێگیرکردنی فەرمانبەرانی ئاینیش لە پایتەخت لە پۆستەکانیاندا بەسترابوو بە موفتییەوە، لەکاتێکدا لە ویلایەتەکان قازیی لەشکر ئەو کارەی دەکرد. هەرچی پاڵاوتنی فەرمانبەران بوو بۆ ئەو پۆستە ئاینییانە، نەریت وابوو بۆ دروستکەری مزگەوتەکان بەجێ دەهێڵرا. لە مزگەوتە بچووکەکاندا پێشنوێژ (ئیمام) بەسەرجەم ئەرکە ئاینییەکان هەڵدەستا، بەتایبەت لە گوندەکاندا، لەکاتێکدا لە مزگەوتە گەورەکاندا ئەم ئەرکانە بەسەر پتر لە کەسێکدا دابەش دەکران. کاری ئیمام لەو مزگەوتانەدا تەنیا پێشنوێژیکردن بوو بۆ خەڵک لە پێنج فەرزەکەی رۆژدا. ئامۆژگاریکاری هەینی یان خەتیب لە پلەدا لەپێش ئەوەوە بوو، کە لەسەروو ئەو کارەوە، ئەرکی بەهێزکردنی گیانی ئاینیی کۆمەڵگەی پێ سپێردرابوو لەڕێی راهێنانە رۆحییە نائاساییەکانەوە. هەرچی کاری بایەخدان بە پاکوتەمیزی مزگەوتەکان بوو بە خادم (مجێور)ەکان دەسپێردرا. ئەوانە -لەپاڵ ئەوانەی تایبەت بوون بە دانانی کاتەکانی نوێژ بەگوێرەی ساتەکانی لادانی خۆر، هەروەها بانگدەران کە بانگی خەڵکیان دەکرد بۆ نوێژ- چینی تایبەت لە فەرمانبەرانی ئاینییان پێک دەهێنا.

ئامادەکردن بۆ پۆستە ئاینییەکان بەگوێرەی نەریتێکی دێرین بەڕێوە دەچوو، کە محەمەدی دووەم لە مەرسوومێکی تازەدا سەرلەنوێ رێکیخستەوە. کاندیدانی ئەو پۆستانە لەو حوجرە ئاینییە زۆر و زەبەندانەدا دەیانخوێند کە سوڵتان و وەزیرەکان لەسەر دامەزراندنیان لە تەنیشت مزگەوتەکان لە پایتەخت و ویلایەتەکاندا، کێبرکێیەکی دروستیان دەکرد. ئەو حوجرانە لە سێ چین پێکدەهاتن. هەرچی قوتابیانی راستەقینە بوون پێیان دەوترا "سوفتە" کە ئاوێتەکردنێکە -لە زمانە ئەوروپی و نائەوروپییەکانیشدا دەیبینین- لە وشەی "صوفی"ی عەرەبی و وشەی "سوختە"ی فارسی، بەمانای "سووتاو" (واتە: بەخۆشەویستیی خوا و مەعریفە). ژمارەی ئەو قوتابییانە لە سەردەمی مورادی دووەمدا گەیشتە ٩٠ هەزار قوتابی و لە سەرتاسەری ئیمپراتۆرییەتەکەدا بڵاو بوون، وەک لە ئامارێکی رەسمیدا هاتووە. لەو رووەوە ئەو قوتابییانە گەنج بوون، دڵگەرم و بەجۆش و خرۆش بوون و زوو زوو هەڵدەچوون، زۆرجاریش بەتایبەت لە سەردەمە نوێکاندا خۆیان لە مەسەلە سیاسییەکان دەگلاند. هەرچی چینی دووەمە، کە پلەیان بەرزترە، لە موعیدەکان یان مامۆستایان پێکدەهات. زانای لاو لە کۆتایی خوێندنەکەیدا نازناوی "دانیشمەند" یان "زانا"ی هەڵدەگرت و یەکێک لەم سێ ئاراستەیەی هەڵدەبژارد: وانەوتنەوە، دادوەری، کاری ئاینی. خۆ ئەگەر یەکێک لەوانە بیویستایە پەیوەندی بە یەکێک لە پۆلە بااڵکانی تایبەت بە گچکە زانا یان گەورە زانایانەوە بکات، دەبوو وەک دانیشمەند بچێت لە یەکێک لە قوتابخانەکان حەوت ساڵیدی بخوێنێت. کاتێک خوێندنەکەی تەواو دەکرد دەچووە پێش بۆ تاقیکردنەوە لەبەردەم موفتیدا، ئەگەر دەرچوو کاندید دەکرا بۆ پۆستی "مودەڕیس". ئەو

مودەرپسانەیش لای خۆیانەوە دابەش دەبوون بۆ دە چین، کە بەگوێرەی گرنگیی شارەکان ریزبەند کراون. گچکە زاناکان لەناو مودەرپسانی چینی دەیەمدا هەڵدەبژێران. هەرچی خاوەن پۆستە باڵاکانن لە گەورە زانایان بەزۆری لە میسر و بەدەگمەنیش لە فارسەوە دەهاتن بۆ لای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. تا پاش ئەوەی بۆ ماوەیەک لە خزمەتی دەوڵەتدا دەبوون، بەزۆری دەگەڕانەوە زێدی ڕەسەنی خۆیان.

ژیانی ئاینیی جەماوەر زیاتر لەژێر کاریگەریی تەریقەتە سۆفییەکاندا بوو (دەرویشان)، کە لەکۆنەوە لە ئاسیای بچووک و ماوەیەک پاشتر لە ڕۆم ئیلیش بڵاو بوون، وەک نەقشبەندی و مەولەوی و بەکتاشی، تا ئەوەی لەژێر کاریگەریی پیاوانی ڕەسمیی ئاینیدا بێت. لەڕاستیدا سیستەمی پلەبەندیی ڕوولە هەوراز لە ڕێبازە نهێنییەکاندا هەردەم و بەسەرکەوتنێکی گەورە لە تەریقەتە ئیسلامییەکاندا کاری پێکراوە. شوێنکەوتووانی ئەو تەریقەتانە لەکاتێکدا سڵ ناکەنەوە لە چوون بۆ ئەوپەڕی سنوور لە سۆفیگەریدا، کە باوەڕە بە بوونیەکی (وەحدەتی وجود) -ئەو سۆفیگەرییەی هەر بیروباوەڕی ئیسلامی هەڵنەوەشاندنەوە و بەس، بەڵکو خاوەنەکانیشی لە ڕێنماییە ئەخلاقییەکان ڕەها کرد- سۆزی ئاینی لای خەڵک لەڕێی عیشقەوە بەرەوی پێ دەدرا. ئەگەرچی تەماشاکردنی خورافاتە ئاینییەکان زۆرجار ڕۆڵێکی حاشاهەڵنەگری دیوە لەو شتانەدا، هەروەها ئەگەرچی هەمان ئەو خورافانە زۆرجار لەلایەن جادوگەرانەوە وەک ئامرازێک سوودیان لێ وەرگیراوە، بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە دان بەکاریگەریی تەریقەتە سۆفییەکاندا بنرێت لە چاککردنی خەڵک و نەرمکردنی ئەو ڕواڵەتانەی هەمەجیەت کە بەسەر ژیانیاندا زاڵ بوون.

بزاڤی زانستی

ژیانی زانستیی عوسمانییەکان خاڵی یان نیمچە خاڵی بوو لە ڕەسەنایەتی و داهێنان، لەباتی ئەوە ڕێچکەی لاساییکردنەوە و شوێنکەوتنی نەگۆڕی گرتەبەر، چونکە زانست بەلای موسڵمانەوە بریتی نەبوو لە بەدەستهێنانی مەعریفەی نوێ، بەڵکو ئەوپەڕی شارەزابوون بوو لەو زانستەی نەوەکانی ڕابردوو بەرهەمیان هێنابوو. گەورەترین ڕێز و بایەخ بە شارەزابوون لە ئاین و شەرعی ئیسلامی دەدرا، کە لە یاسای مەدەنی جیا نەدەکرایەوە و بەسەر یاسایشدا زاڵ بوو. لەو ڕووەوە کتێبە یاساییە دایکەکان بەزمانی عەرەبی دانراون، زانا عوسمانییەکانیش لە بەرهەمە یاساییەکانیاندا بەزۆری ئەو زمانەیان بەکار هێنا، زمانی نیشتمانی تەنیا لە هەندێ کتێبی ئامۆژگاریدا پێی دەنووسرا، کە بۆ خوێندەرانی گشتی دادەنران. لەڕاستیدا چاکەی زانایانی عوسمانی لە بیرکردنەوەی قوواڵ و بوێرانەدا نەبوو، بەڵکو لە یادگەی کۆکەرەوە و پیادەکردنی توند و پشوودرێژانەدا بوو.

کتێبدانان لە مێژوودا

ئەگەر عوسمانییەکان لە زانستە وردەکاندا لە عەرەبەوە فێر بوون، ئەوا لە نووسینی مێژوودا هەوڵیان دا لاسایی ئەزموونە فارسییەکان بکەنەوە. دێرینترین مێژوونووسانی تورک کتێبەکانیان بەزمانی فارسی داناوە. ئەگەرچی پاشتر زمانی نیشتمانییان بەکار هێنا، بەڵام زمانەکەیان لەو دانراوانەدا تەواو موتوربە بوو بە وشە عەرەبی و فارسییەکان، لەکاتێکدا لە شێوازدا مەیلیان بەئاقاری لاساییکردنەوەی شێوازی نووسینی فارسیدا چوو، بە زۆرلەخۆکردن و وشەئارایەکەیەوە، ئەو شێوازەی بەدرێژایی چەندین سەدە بەسەر کتێبە مێژوویی فارسییەکاندا زاڵ بوو، هەروەها بۆ ماوەیەکی کورتیش بەسەر نووسینە مێژووییەکانی عەرەبدا زاڵ بوو، نەخاسمە ئەوانەی لە دیوانە جیاوازەکانی حکومەتەوە پێمان گەیشتوون. بەڵام لەڕووی ناوەرۆکەوە عوسمانییەکان کارێکی نایابیان لە بواری مێژوودا کرد. راستە ئێمە لەبارەی سەرەتاکانی ئیمپراتۆرییەتەکە و هەلومەرجی سەدە یەکەمەکانی پاش دامەزراندنی، جگە لە هەندێ زانیاریی لاواز و تێکەڵ و پێکەڵ و خەیاڵئامێز، هیچیتر نازانین، کە شیکردنەوە و لەتەتەڵەدانیان بەبێ پشتبەستن بە مێژوونووسانی بیزەنتی ئاسان نیە، بەڵام ئێمە -سەبارەت بەزۆرینەی رەهای رووداوەکانی مێژووی عوسمانیی پاشتر، کە مەترسیدارتر و گرنگترە- هەندێ وەسف و گێڕانەوەی دوور و درێژمان لەبەردەستە کە زۆر بەنرخن و کەسانی شایەتحاڵ دایاننناون، ئەوانیش زیاتر گەورە فەرمانبەرانن کە خۆیان بەشەخسی لەو رووداوانەدا بەشداریان کردوە. لەڕاستیدا هەوڵە بەراییەکان بۆ تۆمارکردنی مێژووی نیشتمانی بەشێوەیەکی رێکخراویش لە سەردەمێکی زووەدا دەستی پێ کردوە. یەکەمین بەرهەمی لەم جۆرە کتێبێکە ئەحمەد عاشق پاشا زادەی سۆفی لە سەردەمی بایەزیدی یەکەمدا داینناوە، بەشێوازێکی تەواو میللییانە کە هێشتا لە دەسەڵاتی ئەفسانە رزگاری نەبووە. لە سەدەی شازدەیەمەوە، بابی عالی خۆی کەوتە گرنگیدان بە نووسینی مێژوو لەڕێی دامەزراندنی مێژوونووسانی رەسمییەوە. سەعدەدین کە ساڵی ١٥٩٩ مردوە -کە پۆستی پەروەردەکاری ئەمیرەکان و دادوەریی لەشکر و فتوادانی وەرگرتوە- یەکەمین مێژوونووسی رەسمی بووە.

زانستی جوگرافیا

زانستی خۆرئاوا تەنیا لە بواری جوگرافیادا غەزوی ژیانی زانستیی عوسمانییەکانی کرد. پێشەنگانی لاتین -تەنانەت بەر لە سەردەمی دۆزینەوە گەورەکان- کتێبیان لەبارەی کەشتیوانیی چارۆکەدار و ئەتڵەسیان بۆ گەشتەکانیان داناوە. لە سەدەی شازدەیەمدا

ئەمیری دەریای تورکی "پیری رەئیس" رێچکەی ئەوانی گرت و کەنارەکانی دەریای سپیی ناوەڕاستی بۆ وەسف کردووین پاش ئەوەی لەرێگەی چەندین گەشتەوە، کە بەسەرکردایەتیی "کەمال رەئیس"ی مامی و پاشتر بەسەرکردایەتیی بەربەروسادا ئەنجامی دان، پێیان ئاشنا بووە. نەک هەر ئەوەندە، بگرە وەک ئامادەکاری بۆ جەنگ دژی ئیسپانیا و پورتوگال، کۆمەڵێک زانیاری لەبارەی هەندێ لە دۆزینەوەکانی ئەو دوو وڵاتە لە ئەمەریکا کۆ کردەوە. جا لەو رووەوە ئەو دوو دەوڵەتە زۆر پەرۆش بوون ئەو زانیارییانە بەنهێنی بهێڵنەوە، ئەوا دەبوو لەڕێی بەکرێگیراوە ئیتاڵییەکانەوە بەدەستیان بێنێت. پاشان ساڵی ١٥١٣ لە گالیپۆلی نەخشەیەکی لەسەر بناغەی نەخشەکەی کۆلۆمبس دانا، کە وەسفی ئۆقیانووسی ئەتڵەسی لەگەڵ ئەمەریکا و کەنارە ڕۆژئاواییەکانی ئەوروپا و ئەفریقیای دەکرد. ناوەکانیش بەشێوە ئیتاڵییەکە لەسەری نووسرابوون کە لە بەکرێگیراوەکانی وەرگرتبوو. ساڵی ١٥١٧ ئەم نەخشەیەی دا بە سوڵتان سەلیم لە قاهیرە. لەو رووەوە دەبوو ئەو نەخشەیە خزمەتی هەندێ ئامانجی سیاسی بکات، ئەوا لە کۆشکی سوڵتاندا پارێزرا و -هاوشێوەی ئەو کتێبەی خاوەنەکەی لەبارەی کەشتیەوانی [بەناوی "بەحرییەت"] داینا- بڵاو نەکرایەوە. تا ساڵی ١٩٢٩ سەرلەنوێ لە کتێبخانەی سەرایە دۆزرایەوە. پاشان ساڵی ١٥٢٩، دوای سێ ساڵ لە تەواوکردنی کتێبەکەی لەبارەی کەشتیەوانی، نەخشەیەکی دووەمی پێشکەش بە سلێمانی یەکەم کرد، تازە بەشێکی لە هەمان شوێندا دۆزراوەتەوە، ئەویش دۆزینەوەکانی خەڵکی پورتوگال لە ئەمەریکای باشوور و ناوەڕاست و لە زەویی نوێ (نیو فاوند لاند) پیشان دەدات، کە لەو ماوەیەدا دەنگوباسەکەی پێ گەیشتوە[١٣٥].

پیری رەئیس وەک ئەمیری دەریا لە میسر توانی ساڵی ١٥٤٧ عەدەن و ساڵی ١٥٥١ مەسقەت فەتح بکات، پاشتر هورمزی لە کەنداوی فارسی گەمارۆ دا، کاتێک هەواڵی پێگەیشت کەشتیگەلێکی دۆزمن بەرەو لای دێت ناچار بوو پاشەکشە بکات، بەڵام [گەردەلوولێک] کەشتییەکانی لای دورگەکانی بەحرێن تێکشکاند و پاشەوپاش گەڕایەوە سویس و لە کەشتیگەلەکەی تەنیا دوو کەشتی مانەوە. ساڵی ١٥٥٤ بەهۆی ئەو کارەساتەی بەسەر کەشتیگەلەکەدا هات لە قاهیرە حوکمی مردنی بۆ دەرکرا. سەدەیەک پاشتر دەبینین حاجی خەلیفە- (کە یەکێک بوو لە گەورەترین زانا عوسمانییەکان و بەشداری لە هەڵمەتە ئاسیاییەکاندا کرد وەک فەرمانبەرێکی کارگێڕی لە سوپادا و بەهۆی

---

[١٣٥] بڕوانە: E. Braunlich Zwei turkirche Wetkartem aus dem Zeitatler der Grossen Fntdeckungen, in Berichte uber die Verh, der Sachs, Akademie der Wiss. In Leipzing, Phill-hist. Kl., Vol, 89, 1937.

سەرنجدانی شەخسییەوە بە بەشێکی زۆری ئیمپراتۆرییەتەکە ئاشنا بوو)- سالّی (١٦٥٤-١٦٥٥) وەرگێڕانێکی تورکی (ئەتڵەسی بچووک)ی ئامادە کرد، کە (میرکەیتەر) و (هۆندیەس) دایاننناوە (چاپی ئانهایم، سالّی ١٦٢١)، بەناوی: [لوامع النور فی ظلمة اطلس مینور]، لەو کارەیشدا سوودی لە [پیاوێکی فەرەنسی] وەرگرت کە موسڵمان بووبوو [ناوی خۆی گۆڕیبوو بۆ ئیخلاصی شێخ محەمەد ئەفەندی]. سالّی ١٦٤٨ کتێبێکی بۆ سوڵتان محەمەدی چوارەم ئامادە کرد لەبارەی میژووی گەردوون و بوونەوەرەکان بەناوی "جیهاننما". کاتێک لە وەرگێڕانی "ئەتڵەسی بچووک" بوویەوە، چوو بەدەم ئەم کتێبەیەوە و بەشێوەیەکی تەواو نوێ دەریهێنایەوە، ئەویش لەسەر بناغەی ئەتڵەسی ناوبراو و باقی سەرچاوە ئەوروپییەکانیتر. بەڵام پێش تەواوکردنی، سالّی ١٦٥٧ مەرگ بەرۆکی گرت. سالّی پێشتر کتێبێکی لەبارەی میژووی دەریاوانیی عوسمانی بڵاو کردەوە [بەناوی: تحفة الکبار فی أسفار البحار].

ئەدەب و شیعر

داهێنانی عوسمانییەکان لە بواری ئەدەبدا کەمتر و کزتر بوو لە داهێنانیان لە بواری زانست خۆیدا. گومان لەوەدا نیە ئەو وڵاتانەی بەزمانی تورکی دەدوێن لە سەدە بەراییەکاندا، هاوشێوەی ئەمڕۆ، سامانێکی دەوڵەمەندیان لە گۆرانی و حیکایەتی میللی هەبووە. لەڕاستیدا "دەرویشەکان"یش رۆحێکی بەهێزیان لە تەسەوف و ئاین وەبەر گۆرانییە میللییەکاندا کرد، وەک بەتایبەت لە قەسیدەکانی "یونس ئیمرە"دا دەیبینین کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە ئەڵقەکانی سۆفیگەری و شوێنکەوتەکانیاندا وەک سروود دەوترانەوە و خەڵکێکی زۆر لاساییان دەکردنەوە. ئەم هونەرە هەر لە ناوچە مەرکەزییەکانی ئیمپراتۆرییەتەکەدا گەشەی نەکرد، بەڵکو لە ناوچە رۆژهەڵاتییە دوورەکانیشیدا گەشەی سەند. لە سەدەی چوارەمدا نەسیمی، شاعیری تەریقەتی حوروفی، شێوەزاری ئەنادۆڵی رۆژهەڵات و ئازربایجانی لە هەڵبەستەکەیدا بەکار هێنا. ئەو نەسیمییە ساڵی ١٤٠٤ یان ١٤٠٥ بەتۆمەتی زندیقی لە حەلەب کوژرا. پاشان لە سەدەی شازدەیەمدا شاعیرێکی بەغدادی بەناوی فزولی هەمان شێوەزاری بەکار هێنا. چیرۆکە میللییەکانیش لەبارەی ژیانی پێغەمبەر و حسێنی شەهید بڵاو بوونەوە بەتایبەت لە ناوەندە شیعییەکاندا، هەروەها لەبارەی ژیانی پیاوچاکان لە سۆفییان و سوڵتان و قارەمانەکانی سەردەمە کۆنەکان، کە بەشێوازێکی پەخشانئامێزی سادە قسە بۆ جووتیاران و سەربازان دەکات و دڵ و دەروونیان داگیر دەکات. بەڵام لای ئەوان داڕشتنی ئەم چیرۆکانە لە قاڵبە شیعرییەکاندا پەسەند بوو: باشترین نموونەیش "محەمەدییە"ی بەناوبانگە کە یازیجی ئۆغڵو

خەڵکی گالیپۆلی ساڵی ١٤٤٩ هۆنیویەتیەوە و پێگەیەکی بەرزی لای تورکانی نیشتەجێی لاکەیتری دەریای رەش بەدەست هێناوە، هەرچی پێرۆشنبیرانن بەزۆری بەچاوی سووک تەماشای ئەم ئاسەوارە ئەدەبییانەیان کردوە، چونکە ئەوان فارسیان بە زمانەری خۆیان لە شیعردا دادەنا، وەک لە زانستیشیدا عەرەب و پێیان وابوو لاساییکردنەوەی شیعری فارسی شیاوە بە عەقڵی رۆشنبیر. بەم شێوەیە عوسمانییەکان، بەو جەربەزەیی و مەیلی وردەکارییەی پێی ناسرابوون، بەقووڵی کەوتنە لێکۆڵینەوە لە شیعری فارسی. لەڕاستیدا کارێکی نایابیان لە بواری شیکاری زمانەوانی (فیلۆلۆژی)ی بەرهەمی کلاسیکیی فارسدا کرد، لەوەیشدا بەشێوەیەکی تایبەت هەریەک لە **سروورى** (کە لە سەردەمی سلێمانی یەکەمدا ناوی درەوشایەوە و پەروەردەکاری ئەمیر مستەفا بوو و لێکدانەوە بەناوبانگەکەی بۆ بەرهەمەکانی سەعدیی شاعیر بۆ دانا) و **"سوودی"ی بەشناقی**، تایبەت بوون. عوسمانییەکان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دەستیان بەزمانی فارسی و هەروەها قاڵبەکانی شیعری فارسییەوە گرت، تەنانەت سوڵتان سەلیمی یەکەم خۆی دیوانێکی گەورەی بەزمانی فارسی داناوە. بەڵام لەپاڵ ئەوەدا هەوڵیان داوە لە زمانی تایبەتی خۆیاندا لاسایی سەرجەم هونەرەکانی شیعری فارسی بکەنەوە. غەزەلیان بە تاجی تەواوی هونەرە شیعرییەکان دادەنا، بەڵام شاعیرە غەزەلییەکانیان تەنیا لە یەک ڕێگەوە هەوڵیان بۆ شکۆمەندی دەدا، ڕێگەی دووبارەکردنەوە و بەرهەمهێنان لە جیهانێکی بەرتەسک و سنووورداری مانا و هەستەکاندا. لەڕاستیدا ژمارەیەک لە سوڵتانەکانیش بەشداریان لەوەدا کرد. تا سەدەی نۆزدەیەم رابەری گەورەی ئەو هونەرە شاعیر (باقی) بوو، کە ساڵی ١٦٠٠ لە ئیستانبوڵ کۆچی دوایی کردوە، کە دیباجە مۆسیقییەکەی لاوازی و ڕووکەشیی هەستە شیعرییەکەی شاردۆتەوە. هەروەها شاعیران زۆر جەزیان لە لاساییکردنەوەی (مەسنەوی)ی جەلاڵەدینی ڕۆمی، هەروەها (مەسنەوی)ی هەریەک لە جامی و نیزامی خاوەن ئاراستەی سۆفییانەی ڕۆمانتیکی کردوە، تەنانەت شاعیری فارس ئەبو ئیسحاقیش، کە بەگاڵتەجاڕییەوە ستایشی چڵیسی و ورگشۆڕیی دەکرد، کەسانێکی لەناو عوسمانییەکاندا بەدیکرد لاسایی بکەنەوە و شوێنپێی هەڵبگرن.

ژێردەستەکان: یۆنان

ئەگەرچی عوسمانییەکان هیچ ڕۆژێک لەڕووی ژمارەوە زەبەلاح نەبوون، بەڵام بەسوود وەرگرتن لە سیستمی دەرەبەگیی سەربازییەکان توانییان دەست بەسەر چەندین ناوچەی بەرفراواندا بگرن و لە هەموو شوێنێک ببنە سەرگەورەی زەنگین. لەڕاستیدا دەروازەکانی چوونە ناو ریزەکانی ئەم ڕەگەزە حاکمە بەهیچ شێوەیەک تووند قەپات نەکرابوو. تورکەکان

تەنانەت لە سەردەمی سەلجووقییەکانیشدا لەگەڵ دانیشتوانی خۆمالّیی ئاسیای ناوەڕاستدا ئاوێتە بوون. کاتێک گەڕیدەی ڤینیسیایی مارکۆ پۆلۆ ساڵی ١٢٧٢ بەو وڵاتانەدا گەڕا بینی تورکەکان هێشتا بەدەویی کۆچەرین و گرنگی بە بەخێوکردنی ماڵات دەدەن، لەکاتێکدا تەنیا یۆنان [ڕۆم] و ئەرمەن سەرداری شارەکان بوون. بەڵام خراپ بەڕێوەبردن لەلایەن گەورە زەویدارە بیزەنتییەکانەوە گوندنشینە یۆنانەکانی فرێدایە باوەشی تورکەکان، کە لە سەدەی چوارەدەیەمدا شارەکانیشیان داگیر کرد. تۆمارەکانی بەترێرکی ئەرسۆزۆکسی ئەو سەردەمە پیشانمان دەدەن چۆن هێزی کەنیسە لە ئاسیای بچووک دای لەکزی و لەبەردەم ئیسلام و تورکەکاندا بچووک بوویەوە، لەکاتێکدا پێشتر لەوپەڕی هێز و گەشەدا بوو[١٣٦]. عوسمانییەکان هەر لە سەرەتاوە پێشوازییان لە هەرکەس دەکرد بێتە ناو ئاینی ئیسلام و پەیوەندی بە کۆشک و سوپاکەیانەوە بکات و مافی هاوڵاتیبوونی تەواویان دەدایە. تەنانەت یەکێک لە چوار بنەماڵە یەکەمەکە کە ئەریستۆکراسییەتی سەربازیی عوسمانییان پێک دەهێنا، بنەماڵەی میخال ئۆغلو Mikhaloghlu بوو، لە بنەچەیەکی یۆنانی بوو کە دەگەیشتەوە بە کۆزە میخایل، گەورەی قەڵای چیرمێنکیا Chirmenkia کە لەسەر دامێنی چیای ئۆڵمبوسی بێتینی بوو -کە ساڵی ١٣٠٨ هاتە ناو ئیسلام و بوو بە قارەمانێکی بەجەرگ و لە دڵسۆزترین ئەو پیاوانەی خزمەتی عوسمان و ئۆرخانی کوڕیان کرد، لەبەرئەوە پلەی فەرماندەی فیرقەی ئاکینجی درایە، کە نەوەکانی پاش خۆی بەمیرات بۆیان مایەوە.

بێگومان عوسمانییەکان توانییان لەڕێی باجی کوڕانەوە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بژاردەی گەنجانی ئەو نەتەوانەی لەژێر دەستیاندا بوون ببەن. پێشتر بینیمان چۆن ئەو کوڕانی عەجەمە (عەجەم ئۆغلان) *ajem-oghlan* وەک سەرچاوەیەک بوون کە گەورە فەرمانبەرانی ئیداریشیان پێشکەش بەدەوڵەت دەکرد. گەڵزەر[١٣٧] H. Gelzer ئەو سەدری ئەعزەمانەی ژماردوە کە لەو قۆناغەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە لوتکەی شکۆ و گەشانەوەیدا بووە لەنێوان ساڵانی ١٤٥٣ و ١٦٢٣دا، بەدوای یەکدا هاتوونەتە سەر حوکم، ژمارەیان ٤٨ سەدری ئەعزەم بووە، تەنیا پێنج کەسیان خوێنی تورکی لە دەمارياندا بووە. ئەوانیتر بەم شێوەیە دابەش بوون: چەرکەسییەک لە قەوقاز، دە کەسیان لە بنەچەیەکی نەزانراو، لەکاتێکدا ٣٣ کەسیان لەوانە بوون تازە هاتبوونە ناو ئیسلام، لەناویاندا ٦ یۆنانی، ١١ ئەلبانی، ١١ سلاڤی، یەک ئیتاڵی، یەک ئەرمەنی و یەک گورجی (جۆرجی). بێگومان ئەو

---

[١٣٦] بڕوانە: A. Wachter, Der Verfall des Griechentums in Kleinasien im XIV. Jahrhundert, Leipzig, 1903.

[١٣٧] H. Gelzer, Geistliches und Weltliches aus dem Griechisch turkischen Orient, p. 179.

دۆخـه کۆمەلایەتییـه نایابـەی عوسـمانییەکان لـه بـەلقان هـەیانبوو، هـانی زۆر لـه رەعییەتـەکانیانی دەدا بێنـه نـاو ئیسـلام، وەک زۆربـەی ئەلبانییـەکان و تـەواوی چینـی خانەدانانی بۆسنی، کە ئـەم چینـه بەوهۆیـەوه توانی پارێزگاری لـه دەسـەلاتی کۆنی خۆی بەسـەر مولکەکانیدا بکات. بەڵام ئەو موسڵمانانه بەپێچەوانـەی دانیشتوانی ئاسیای بچـووک لـه بۆتەی تورکایەتیدا نەتوانەوه، ئەلبانی و بۆسنییەکان، هەروەها ئەو بولگارانەی موسڵمان بوون و پۆماکەکان و خەڵکی دورگەی کریت-یش پارێزگارییان لـه زمـانی نەتـەوەییان کـرد. ئەمە رووبی دەکاتەوه کە بۆچی عوسمانییەکان نەیانتوانی بەشێوەیەکی هەمیشـەیی دەست بەسـەر نیمچە دورگەی بەلقاندا بگرن. گوندنشینه مەسیحییەکان (رەعیەتـەکان)، بەتایبـەت لـه هەرێمـه دوورەکـان، لـەپاڵ لەدەسـتدانی مافـه سیاسـییەکانیان، لەدەسـت شـەکەتکردنیان بەناچارکردن بە کارکردنی زۆرەملێ و بێگار لەلایـەن دەوڵەتـەوه دەچەوسێنرانەوه. دەبوو لەڕێی جیزیەدانەوه بەشداری لە بـەرگریکردن لـه دەوڵـەت بکـەن کـه (سـاڵی ١٥٩٠) گەیشتە یـەک دینـاری ڤێنیسـیایی بـۆ هـەر کەسـێک، یـان ئـەوەی یەکسـانە بەنزیکـەی دوو دۆلار، بەومەرجەی لەبەرانبەردا لەلایەن عوسمانییەکانەوه بپارێزرێن. بـەڵام لـه پایتـەخت خۆی و دەوروبەریدا کـه بەئاسـانی دەتـوانرا پـەنا ببرێتـه لای دەسـەلاتی مەرکـەزی دژی تـاکرەویی وردە فەرمانبـەرەکان و سەرسـەختییان، مەسـیحییەکان -کـه بـەگوێرەی رەگـەز و تایفـه دابەش دەکران بۆ میللەتی جیاواز- لـه ئازادیی مـەدەنی و ئاینیی تـەواو بەهرەمەند بـوون، بەتایبەت ئەگەر لە یۆنان (روم میلەتی) بوونایە. لەڕاستیدا بـەتریرکی رۆم [لـه قوسـتەنتینیە] لـه سایەی عوسمانییەکاندا هێز و دەسـەلاتی زیـاتر بـوو لـەوەی لـه سـەردەمی بیزنتـه خۆیدا هەیبوو. رێوڕەسمی مەعمودیه و هاوسـەرگیری و بەخاکسپاردن بەئاشکرا بەڕێوه دەچـوون و زۆربەی جار بەشان و شکۆوه. نەک هەر ئەوه، بگرە دەسـەلاتدارانی عوسمانی خۆیان لـه جەژنـه گەورەکاندا هـەوڵیان دەدا کەشـێکی ئـارام بـۆ نوێژخوێنـان دابـین بکـەن، ئـەویش بـه راسپاردنی دەستەیەک لـه ئینکیشاری بۆ پاسـەوانیکردن لەبـەردەم دەرگاکانی کەنیسـەکاندا.

جولەکه و ئەرمەن

لەو رووەوه دەوڵـەتی عوسـمانی وەک پرنسـیپ دەسـتی لـه پرسـەکانی ئاین وەرنـەدەدا، ئەوا لە واقیعدا بووبوو بـه پەناگەیـەک بـۆ ئازادیی ئاینی بـۆ ئـەو جولەکانـەی لـه سـەرەتای سەدەی شازدەیەمدا لـه ئیسپانیا و پورتوگـال دەرکرابـوون. بـەهاتنی سـاڵی ١٥٩٠ ژمـارەی دانیشتوانی گەرەکی جولەکان لە ئیستانبوڵ گەیشتە نزیکـەی بیسـت هـەزار کـەس. جولەکـه سـەرەتا رووبـان کـردە کۆشـکی سـوڵتان لـەو رووەوه قۆشـمەچی و جادوگـەر بـوون و بەتایبەت لەلایـەن سـوڵتان سـەلیمی دووەمـەوه گرنگییـان پێدرا، کـه زۆر حـەزی لـەو جۆرە

بەزم و رەزمە بوو، بەڵام زانییان چۆن لەپاڵ ئەوەدا خۆیان وەک پزیشک بەسەر کۆشکدا بسەپێنن. لەڕاستیدا دکتۆر ناثان سلمون ئەشکەنازی بەبنەچە ئەڵمانی کاریگەریی گەورەی لەسەر محەمەد سۆکۆڵلیدا هەبوو. لە سەردەمی سەلیمی دووەمیشدا جولەکەیەکیتر بەناوی یوسفِ ناسی رۆڵێکی هاوشێوەی رۆڵی میخائیل کانتاکوزەنی گێڕا. ئەم یوسفە ساڵی ١٥٥٠ بەسامانێکی زۆرەوە لە پورتوگاڵەوە کۆچی کردبوو بۆ قوستەنتینیە. پەیوەندی بەسەلیمەوە کرد کە هێشتا شازادەی جێنشین (وەلی عەهد) و حاکمی کوتاهیە بوو و زرنگانە حەزی ئەوی بۆ رابواردن و چێژبینین قۆستەوە. تا کاتێک چووە سەر تەختی سەڵتەنەت کۆکردنەوەی باجی سەر مەی و هەروەها داهاتی دە دورگەی دەریای ئیجەی پێ سپارد. رێگەی پێ درا لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوروپییەکاندا نازناوی "دوقی ناکسۆس" بەخۆی بدات. پیاوێکی ئیسپانی نوێنەرایەتی دەکرد لە حوکمکردنی دورگە ئیجەییەکاندا. ناسی تەنانەت پاش مردنی سوڵتان سەلیمیش ئەو داهاتانەی بەدەستەوە مانەوە لەو رووەوە - لەبەرئەوەی منداڵی نەبوو- پاش مردنی هەر دەگەڕێنەوە بۆ گەنجینەی دەوڵەت. ئەرمەن - کە وا هەڵکەوتووە لە سەردەمی نوێدا ببنە مەترسیدارترین رکابەری یۆنان و جولەکە لە گۆڕەپانی ژیانی ئابووریدا- هێشتا لەو سەردەمەدا رۆڵێکی زۆر سنووردارییان لە ئیستانبوڵ هەبوو، ئەگەرچی بەتێرکێکی تایبەتیان هەبوو و دەبوو باجێکی ساڵانە بداتە دەوڵەت، کە بڕەکەی هەزار دوکە بوو. راستییەکەی ئەوان -وەک زۆر کەسیتر لە سەدەی نۆزدەیەمدا- بژێویی خۆیان بە خزمەتکردنی مالان، یان کاری بازرگانیی بچووک بەدەست دەهێنا.

ئەلبانی و سلاڤییەکان

لەکاتێکدا رەعیەتەکانی پایتەخت هەمیشە دەیانزانی چۆن چۆنی خۆیان بەگوێرەی دۆخی ئارا بگونجێنن، رەعیەتەکانی ویلایەتەکان بەتاسەوە چاویان لەو رۆژە بوو تەوقی حوکمی بێگانە لە گەردنیان بشکێنن. یۆنانییەکان لە نیمچە دورگەی بەلقان هەردەم ئامادە بوون بۆ پشتگیریکردنی دەوڵەتانی ئەوروپی هەرکات لە ململانێیان لەگەڵ بابی عالی سەرکەوتنیان بەدەست بهێنایە. بەڵام وەک پێشتر وتمان ئەلبانییەکان[ئەرنائوت] نوێنەرانی راستەقینەی بیری رزگاری بوون، لەڕاستیدا ئەم بیرە هەمیشە لەمێکشیاندا بووە تەنانەت لە سەردەمەکانی پاش ملکەچاندنیشیان کە لەژێر باری قورسترین و تووندترین فشاردا بوون. هەرچی سەقڵەبی یاخود سلاڤەکان بوون، بەتایبەت سیربەکان، بیری رزگاریان لە شیعری نەتەوەییاندا بەنەمری پاراست، کە لە رەنگی بریسکەداردا شکۆیان بە خەباتیان دژی تورکەکان داوە، بەتایبەت گۆرانی بەبالای سەروەرییەکانی پاشا قارەمانەکەیاندا، کە بە پاشا مارکۆ کرالجوفیک کوڕی ڤوکاشین (١٣٧١-١٣٩٥) ناسراوە، دەڵێن.

پەیدابوونی ئیمپراتۆرییەتی فارسیی نوێ و ململانێی تورك و فارس

ئێران لە هەڵکردنی گەردەلوولی وێرانکەری مەغۆلییەوە، زۆر لە تۆپێک دەچوو کە گرووپێک لە ئەمیرانی هۆزە رکابەرەکان شەڕیان بوو لەسەری، هەندێکیان بۆ بنەچەی تورکی و هەندێکیتریان بۆ مەغۆل دەگەڕانەوە. پێشتر بینیمان چۆن ئۆزون حەسەنی تورکمانی، سەرۆکی هۆزەکانی ئاق قۆینلو توانی بەسەر رکابەرەکەی، سەرۆکی هۆزەکانی قەرە قۆینلو، جەهان شادا زاڵ بێت و پاش ئەوە، ساڵی ١٤٦٩، دەست بەسەر ئازربایجان و ئەرمینیا و ئێران تا خوراسان –کە لەوێ هێشتا دەسەڵات بەدەست تەیموورییەکانەوە بوو– و دورگەی فوراتیدا بگرێت. باسی ئەو کێشەمان کرد لەنێوان ئەو و عوسمانییەکاندا هەڵگیرسا، کە تێیدا شاری ڤێنیسیا پشتی ئەوی گرت و چۆن پاشتر ناچار بوو پاشەکشە بکات. تا کاتێک مرد خەلیلی کوڕی لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٤٧٨ جێگەی گرتەوە. بەڵام یەعقووبی برای، کە هێشتا تەمەنی لە پازدە ساڵ تێنەپەڕیبوو، زۆری نەبرد لە تەمموزی هەمان ساڵدا شکاندی و دەستی بەسەر موڵکەکانی باوکیدا گرت، پاش کوژرانی خەلیل لە مەیدانی جەنگدا.

دەوڵەتی سۆفیی ئەردەبیل

لە سەردەمی ئەودا دەوڵەتی سۆفیی ئەردەبیل سەری هەڵ دا –وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا– کە پاشتر بۆی ڕەخسا ببێتە بناغەی دەوڵەتێکی ئێرانیی ڕیشەدار و پایە قایم. لە بەشەکانی ڕابردوودا دیمان چۆن چۆنی پتر لە جارێک ژیانی ڕۆحی و مەرامە سیاسی و جەنگییەکان یەکیان گرتووە و چۆن ئەو یەککرتنە سەرەتا ڕووی لە جەنگ دژی کافران کردوە، پاش ماوەیەک بووەتە جەنگ دژی بیدعەچییان (زندیقان) لە موسڵمانان خۆیان، بۆ نموونە وەک دەوڵەتی مورابیتەکان لە باکووری ئەفریقیا. دەوروبەری ساڵی ١٣٣٤ لە ئەردەبیل شێخ ئیسحاق سەفیەدین مرد، کە سۆفییەکی سەر بە عەلەوییەکان بوو، وادیارە لە بەشی باشووری وڵاتانی عەرەبییەوە کۆچی کردوە. ئەردەبیل دەکەوێتە ئازربایجانی ڕۆژهەڵات لە دووریی [٣٥ میل] لە کەناری باشووری ڕۆژئاوا دەریای خەزەر (قەزوین). پێشتر کچی شێخەکەی، زاهید گەیلانی مارە کردبوو –گەیلان هەرێمێکە دەکەوێتە کەناری باشووری دەریای قەزوین– و پێگەیەکی گەورەی لای ڕەشیدەدین وەزیری ئیلخان لە فارس هەبوو. شێخ ئیسحاق هاوشێوەی نەوەکانی تا نەوەی سێیەم بەو ناوبانگەی وەک وەلییەک لە ئەولیاکانی خوا بەدەستی هێنابوو قایل بووبوو، لەبەرئەوە هەوڵی بەدەستهێنانی هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی نەدا. لەڕاستیدا نەوەکەی، خۆجا عەلی، هێندە

بەناوبانگ بووبوو وای لە تەیموورلەنگ کرد، پاش سەرکەوتنی بەسەر بایەزیددا، ئەردەبیل و دەوروبەری بکاتە وەقف لەسەر خۆی و نەوەکانی. بەم شێوەیە خاوەندارێتیی ئەو وەقفە بوو بە میراتێک کە بۆ نەوەکانی شێخی دامەزرێنەر دەگوێزرایەوە، هەروەک شێخانی تەریقەت. بەڵام ئەم میراتە مافی کوڕە گەورە نەبوو، بەڵکو مافی ئەو کوڕەی بوو کە شێخ لەناو کوڕەکانیدا هەڵیدەبژارد. لای شوێنکەوتوانی لە دەرەوەی ئەردەبیل (خەلیفە)یەک نوێنەرایەتیی شێخی دەکرد و جێگری بوو، هاوشێوەی شێخەکانی سەرجەم تەریقەتەکانیتر.

شێخ جونەید و حەیدەری کوڕی

پاش ماوەیەک دەمارگیرانی شوێنکەوتەی ئەم تەریقەتە، کە بەحەماسێکی رووڵەزیادەوە باوەڕیان بە عەقیدەی شیعی هێنابوو، سەرنجی حاکمە مەدەنییەکانی دەوروبەریان راکێشا. شێخ سەدرەدین شێخ سەفیەدین لە رۆژێک لە رۆژانی ساڵی ١٣٦٠ بەفەرمانی حاکمی مەغۆلی ئازربایجان لەو کاتەدا، خرابووە زیندان. ساڵی ١٤٤٧ کێشمەکێش لەنێوان شێخ جونەید -کە هێشتا لەخوار تەمەنی پێگەیشتنەوە بوو- و جەعفەری مامی کە سەرپەرستی بوو بەرپا بوو، لەبەرئەوە جەعفەر خەزوری کوڕەکەی، جەهان شا خان قەرە قۆینلوی هەڵنا جونەید لە ولات دوور بخاتەوە، ئەویش بەگوێی کرد. بەم شێوەیە جونەید ناچار بوو ماوەیەک لە ئاسیای بچووک ژیانی سەرکێشی و کۆچ و بار لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر بەسەر ببات، تا لەکۆتاییدا لە پەنای چیای ئەرسوس لە کەنداوی ئەسکەندەرونە گیرسایەوە و شوێنکەوتەکانی لە یەکێک لە قەڵا کۆنەکانی خاچپەرستاندا کۆکردەوە. بەڵام پیلانە شیعییەکانی، سوڵتانی مەمالیک جەکمەکی لێ خانەگومان کرد و ویستی دەستگیری بکات، بەڵام رایکرد بۆ جانیک لەسەر دەریای رەش و لەوێش جونەید توانی ژمارەیەکی زۆر شوێنکەوتە لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە. پاشان جارێ جیهادی دا دژی مەملەکەتی تەرابزۆن، بەڵام سوڵتان محەمەدی دووەمی عوسمانی لە بەری سەرکەوتنەکەی بێوەری کرد بەوەی تەرابزۆنی لکاند بە ئیمپراتۆرییەتەکەیەوە. هەرچۆن بێت جونەید لە دیاربەکر پێشوازییەکی گەرمی لەلایەن ئۆزون حەسەنی دژبەری سوڵتانی عوسمانییەوە لێکرا. لەڕاستیدا توانی تەریقەتەکەی لە حەوزی ئۆزۆن بەبێ بەرهەڵستییەکی ئەوتۆ بڵاو بکاتەوە. ساڵی ١٤٥٩ گەڕایەوە بۆ زێدی خۆی پاش ئەوەی کچی ئۆزون حەسەنی خواست. بۆ ئەوەیش جارێکیتر خۆی لە نەفیکران لەسەر دەستی خان قەرە قۆینلو لابدات ، جیهادی دژی چەرکەسەکان راگەیاند. پاشان لە زەوییەکانی شیروان شادا پێشڕەوی کرد، ئەویش رووبەڕووی بووەوە و لە ٤ی ئاداری ساڵی ١٤٦٠ لە شەڕێکدا کوژرا، کە لە دۆڵی قەرەسو (فوراتی رۆژئاوا) رووی دا..

لە ئامید ژنەکەی جونەید پاش مانگێک لە مردنی جونەید کوڕێکی بوو بەناوی حەیدەر. حەیدەر لەژێر چاودێریی ئوزون حەسەندا گەورە بوو. ساڵی ١٤٧٠ گێڕایەوە بۆ ئەردەبیل تا لە حوکمکردنیدا جێگەی باوکی بگرێتەوە. کاتێک باڵق بوو و سەرپەرستیی جەعفەری مامی لەسەری نەما، ئوزون حەسەن کچە گەورەکەی لە دەسبینە خاتوون، شازادەی تەرابزون، لێ مارە کرد و لە ١٧ی تەممووزی ساڵی ١٤٨٧ دووەم کوڕی پێ بەخشرا بەناوی ئیسماعیل، کە پاشتر دەبێتە دامەزرێنەری بنەماڵەی سەفەوی. لەڕاستیدا حەیدەر – کە پاش مردنی باپیری لە کاروباری خۆیدا سەربەخۆ بووبوو- تەریقەتەکەی لەسەر بناغەی نوێ ڕێکخستەوە و –وەک نەریتی باو لە ڕۆژهەڵات- داهێنانی سەرپۆش یاخود کڵاوێکی نوێی کردە هێما بۆی بەناوی "تاج حەیدەر"، کە ڕەنگی سوور و دوازدە ڕیشوو یاخود گوڵەنگ (ذؤابة)ی پێوە بوو، وەک ئاماژە بۆ دوازدە ئیمامەکە. لێرەوە عوسمانییەکان بەکارهێنەرانی ئەم کڵاوە تازەیان ناونا قزل باش *Kizilbash* واتە (سەر سووران). شوێنکەوتوانی حەیدەر سەر بە هۆزە تورکییە جیاوازەکان بوون. نەوەکانی دیلە ئەنادۆلییەکانی جەنگ کە تەیموور لەنگ بە [کۆیلەیی] بۆ خۆجا عەلی بەجێ هێشتن، پێگەیەکی نایابیان لەناویاندا بەدەست هێنا. ساڵی ١٤٨٣ حەیدەر هەڵمەتە جەنگییەکانی پەلامارێکی سەرکەوتوو دژی چەرکەسەکان دەست پێکرد، تێیدا شیروان شا ڕێگەی پێدا بەو زەوییانەدا بپەڕێتەوە کە لەژێر دەستیدا بوون. بەڵام حەیدەر داوای تۆڵەی باوکی لەمەی دوایی دەکرد. بەهاتنی ساڵی ١٤٨٨ شێروان شای غافڵگیر کرد پاش ئەوەی وا خۆی پیشان دا دەیەوێت هەڵمەتێکی نوێ بۆ سەر چەرکەسەکان ئەنجام بدات و لە قەڵای گولیستاندا گەمارۆی دا. بەڵام ئەمیرەکانی سەر بە شێروان شا خێرا هێزیان بۆ بەهاناوەچوونی نارد و حەیدەر ناچار بوو بکشێتەوە و شێروان شایش خۆی ڕزگار کرد. هەرچۆن بێت، شێروان شا دەبوو دەستبەجێ هەڵبێت بۆ قەڵایەکیتر پاش ئەوەی حەیدەر جارێکیتر سوپاکانی شکاند. لەم کاتانەدا سوڵتان یەعقووبی تورکمانی، کوڕی مامەی حەیدەر، سوپایەکی نارد بۆ شەڕکردن دژی ئەو خزمەی لەکاتێکدا گەمارۆی خستبووە سەر قەڵای دەربەند (باب الابواب). لە ٩ی تەممووزی ساڵی ١٤٨٨ لەنێوان قزل باش و تورکمان شەڕێک لە بناری چیاری ئەلبورز ڕووی دا تێیدا حەیدەر کوژرا. یەعقووب منداڵەکانی خزمە کوژراوەکەی، بەدایکیانەوە لە ئەردەبیلەوە برد بۆ ئیستەخر لە هەرێمی فارس.

یەعقووب لە کۆتایی ساڵی ١٤٩٠ مرد و شەڕ لەنێوان کوڕەکانی لەسەر جێگرتنەوەی بەرپا بوو، لە گەرمەی ئەو ململانێیەدا کوڕەکانی حەیدەر لە زیندان ئازاد کران و داوایان لە لایەنگرانیان کرد پشتگیریی ڕۆستەم نەوەی دەسبینە بکەن دژی بایسونقوری کوڕی یەعقووب. ساڵی ١٤٩٣ سوڵتان عەلی، کوڕە گەورەی حەیدەر و سەربازە قزڵباشەکانی

تواناییان سەربازانی بایسنقور بشکێنن. پاشان لە پێشڕەویکردن بەردەوام بوو و سەرۆکایەتیی دەوڵەتی سۆفی لە ئەردەبیل گرتە دەست. لەگەڵ گەیشتنی بە گوندێکی نزیک لە زێدی خۆی ڕۆستەم ڕووبەڕووی وەستا. لەکاتێکدا شەڕ لە گەرمەدا بوو عەلی کەوتە ناو ڕووبار و خنکا.

هەرچی ئیسماعیل و ئیبراهیم، هەردوو برای سوڵتان عەلی بوون، شوێنکەوتەکانیان لە ئەردەبیل شاردنیانەوە لە چاوی ئەوانەی بەدوایاندا دەگەڕان. پاشان ئیسماعیل برا بۆ شوێنێکی ئەمین لە گەیلان، کە حاکمەکەی پەیوەندی باشی لەگەڵ خێزانەکەی هەبوو سەرەڕای شوێنکەوتەییشی بۆ ئاق قۆینلو. لەوێ بەنهێنی مایەوە تا ڕۆستەم ساڵی ١٤٩٧ لەسەر دەستی ئەحمەدی ئامۆزای، تەختەکەی و ژیانی لەدەست دا[١٣٨].

ئیسماعیل ولاتی فارس ملکەچ دەکات

ئیسماعیل تەمەنی سیازدە ساڵ بوو کاتێک کەوتە داواکردنی میراتی باوکی و وەک دەگێڕنەوە گوایە تەنیا حەوت کەس لە شوێنکەوتەکانی لەگەڵدا بووە. بەڵام سوڵتانی تورکمان عەلی بەگ چاکەرلو زۆری نەبرد لە ئەردەبیل دەریکرد و جارێکیتر گەڕایەوە ئەستارە لەسەر دەریای قەزوین. لەوێ لە ولاتی ئەنادۆل و سووریا بەتایبەت تاقمێک تورکی لەدەوری خۆی کۆکردەوە کە ژمارەیان تا دەهات زۆر زیاتر دەبوو. بەهاتنی بەهاری ساڵی ١٥٠٠ توانای ئەوەی لەخۆیدا بینی جارێ جیهاد دژی مەسیحییەکانی گورجستان (جۆرجیا) بدات. ڕاستییەکەی ئەوەی کردە بیانوو بۆ تۆڵەکردنەوەی باوکی لە شێروان شا. لە شەڕێکدا لە گولستان فەڕوخشا کوژرا و بەمردنی کۆتایی بە بنەماڵەکەی هات کە خۆی بەبنەچە بەنەوەی کیسرا نەوشیروانی ساسانی دادەنا. پاشان ئیسماعیل باکۆی داگیر کرد تا پاش ئەوە بگەڕێتەوە بۆ شەڕی ئەڵوەند، خانی ئاق قۆینلو لە ئازربایجان. ئەم سەرکەوتنەی بەسەر ئەڵوەنددا ڕێگەی لەبەردەمیدا تەخت کرد بۆ گەیشتنە تەورێز، کە لەوێ وەک شای ولاتی فارس تاجی نرایە سەر. ئەگەرچی زانایانی شیعەی تەورێزی پێیان ڕاگەیاند دوو لەسەر سێی دانیشتوانی شارەکە، کە سێسەد هەزار کەس دەبوون، لە ئەهلی سوننەن، بەڵام هەر خێرا شیعەگەری کردە مەزهەبی ڕەسمیی دەوڵەت، لەگەڵ ئەوەیشدا سەرجەم ژێردەستەکانی ناچار بە جوێندان بە ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان کرد.

دوای ئەوەی شکستێکی نوێی بەسەر سەربازانی ئەڵوەنددا هێنا، گەڕایەوە بۆ شەڕکردن لەگەڵ مورادی برای ئەڵوەند و ساڵی ١٥٠٣ توانی دەسەڵاتی شیراز بەدەست بێنێت و دەست بەسەر ئەستەراباد و یەزددا بگرێت. پاشان بەئاسانی جەزیرەی فوراتی

---

[١٣٨] بڕوانە: W. Hinz, irans Aufsteig zum Nationalstaat im 15. Jahrhundert, Berlin and Leipzig, 1936.

(میزۆپۆتامیا) و عێراقی گرت. بەوەیش سەروەریی سەر هەردوو شارە پیرۆزەکەی شیعە: نەجەف و کەربەلای کەوتە دەست. لەوکاتەدا لە شارۆچکەی حوەیزە تاقمێکی شیعیێ پەرگیر سەریان هەڵدابوو کە عەلییان بەخوا دادەنا. هەروەها سەرانیان بانگەشەی خوایەتییان بۆ خۆیان دەکرد، لەبەرئەوە کەوتە دژایەتیکردنی ئەو زندیقانە و هاوشێوەی توندبوونی لەگەڵ ئەهلی سوننە لەگەڵ ئەوانیش بەتوندی جوڵایەوە.

ملکەچاندنی ئۆزبەگ لە خوراسان

کاتێک ئیسماعیل هەموو وڵاتی فارسی بەو شێوەیە ملکەچ کرد، هیچ دوژمنێک لەبەردەمیدا نەما جگە لە عوسمانییەکان لە رۆژئاوا و ئۆزبەگ لە رۆژهەڵات. پێشتر باسی کێشەی نێوان ئەو و سەلیمی یەکەممان کرد. هەرچی هۆزی ئۆزبەگی تورکی بوو لە تورکستان بەسەرۆکایەتیی محەمەد شەیبانی دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرتبوو. شەیبانی لەو جەنگانەی لەنێوان ئەمیرەکانی مەغۆل لەو وڵاتە رووبان دابوو شارەزایی لە شەڕ پەیدا کردبوو. ساڵی ١٤٩٤ ئەو هۆزە پاشماوەی تەیموورییەکانی لە خوراسان و هیرات لەناو برد و بەوە بوو بەهاوسنووری دەوڵەتی فارسی. ئیمە ناتوانین بەدڵنیاییەوە بڕیار بدەین کە ئایا شەیبانی -کە لە لایەنگرە سەرسەختەکانی سوننە بوو- بە بانگکردنی بۆ گەڕانەوە بۆ ئامێزی سوننە ئیسماعیلی ئاڵۆسکاندوە یان نا، بەڵام ئەوەی سەلماوە و گومانی تێدا نیە ئەوەیە، ئەوان وەک باوی ئەو سەردەمە هەندێ نامەیان لەم بابەتەدا ئاڵوگۆڕ کردوە، کە زمانی نامەکان بەتێپەڕینی رۆژ توندتر و رەقتر دەبوو. بەڵام هۆزی راستەوخۆی بەرپابوونی جەنگ لەنێواندا پەلاماردانی هەرێمی کرمانی فارسی بوو لەلایەن ئۆزبەگەوە. ساڵی ١٥١٠ ئیسماعیل بەمەبەستی تۆڵەکردنەوە هەڵمەتێکی کردە سەر رۆژهەڵات، کە لە هەمان کاتدا دەرفەتی بۆ رەخساند سەردانی دووەم شوێنە پیرۆزە گەورەکانی شیعە بکات، مەبەست مەزاری ئیمام عەلی ئەلڕەزایە لە شاری مەشهەد. لە یەکەم یان دووەم رۆژی مانگی کانوونی یەکەم لەشکری هەردوولا لە تاهیر ئاباد لەنزیک مەرو بەیەک گەیشتن و شەڕەکە بەسەر شەیبانیدا شکایەوە و کوژرا. ئیسماعیل تەرمەکەی بەمۆمیاکراوی نارد بۆ سوڵتان بایەزید، کەللەسەرەکەیشی بە ئاڵتوون رووپۆش کرد تا وەک کاسەی شەراب بەکاری بهێنێت. بەڵام ئەم شکستە هێزی ئۆزبەگی لەناو نەبرد، بەڵکو بۆ ماوەیەکی زۆر بەبەردەوامی هەڕەشەیان لە سنووورەکانی رۆژهەڵاتی ئێران دەکرد. ئیسماعیل دوای شکانی لە شەڕی چاڵدێراندا [لەبەردەم سوڵتان سەلیم] لەگەڵ عوسمانییەکان رێکەوتنێکی ئاشتی ئیمزا کرد، بەشێوەیەک ئیتر تا مردنی سوڵتان سەلیم نەیوێرا (جەنگ بکاتەوە] و هەڵمەتێکی نوێ دژی مەسیحییەکانی مەملەکەتی گورجستان ئەنجام بدات. ئیسماعیل ماوەیەکی کەم دوای ئەوە مرد -کە سەردانی ئەردەبیلی دەکرد- لەکاتێکدا تەمەنی تەنیا سی و هەشت ساڵ بوو.

ژیانی فیکریی سەردەمی ئیسماعیل

پێشتر وتمان دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەتی سەفەوی وەک بەرزبوونەوەی ئێران بوو بۆ ئاستی دەوڵەتی نەتەوەیی. بەڵام ئاسان نیە سیفەتی نەتەوەیی بدەینە بنەماڵەیەک لە بنەماڵە حوکمڕانەکانی ئێران کە لەپاڵ خوێنی عەرەبی، خوێنی تورکی و خوێنی یۆنانیش لە دەماریاندا دەسووڕا، هەروەها لە پایتەختدا پشتی بە سەربازانی تورک دەبەست، ئەمە بەچاوپۆشین لەوەی بیرۆکەی نەتەوەیی تەواو نامۆ بوو بەو ژینگەیەی ئەو دەوڵەتە تێیدا پەیدا بوو. لەڕاستیدا ئەو زانایانەی یارمەتیی ئیسماعیلیان دا بۆ بەرزکردنەوەی شیعە بۆ پێگەی هێز لە ئێران، بەزۆری و بەگشتی لە بنەچەی بێگانە بوون و نەیاندەتوانی ئاسوودە بن بەوەی نوێنەرایەتی ئوممەتی ئێرانی دەکەن، نەخاسمە کە زمانی عەرەبییان بۆ نووسین بەکار دەهێنا. سەردەمی ئیسماعیل کە پڕ بوو لە ململانێ و کێشمەکێش، بۆ گەشەی بەرهەمی ئەدەبی لەبار نەبوو. ئەو شاعیرە کەمانەی لە سەردەمەکەیدا بوون، چاودێریکردن و نازکێشانیان زیاتر لە کۆشکەکانی تورکمان و تەیموورییە بچووکەکاندا بەدیدەکرد تا لە کۆشکەکەی ئەو. یەکێک لە بەناوبانگترینی ئەوانە، هیلالی ئەستەرابادی، بەبنەچە تورک بوو و لە پێگە هونەرییەکەیدا قەرزاری ئەو گرنگییە بوو کە شاعیری تورکی رۆژهەڵاتیی گەورە نەوائی، پێی دەدا. ئیمە گومانمان هەیە لەوەی ژیردەستە فارسەکانی ئیسماعیل حوکمەکەیان بە پاڵپشتێک بۆ شکۆی نەتەوەییان دانابێت، ئەمە ئەگەر لە بنەڕەتدا پشێوییە ئاینییەکان بواریان پێدابن ئەو هەستە بەشکۆیە بکەن.

تەهماسپی کوڕی ئیسماعیل

تەهماسپ لە دە ساڵیدا جێگەی باوکی گرتەوە. ماوەی حوکمڕانییەکەی درێژ بوو بەشێوەیەک گەیشتە پەنجا و دوو ساڵ، کە پڕ بوو لە جەنگی بەردەوام دژی دوژمنانی: ئۆزبەگ لە رۆژهەڵات و عوسمانییەکان لە رۆژئاوا. عوبەید خان کوڕی شەیبانی، لە ساڵی ١٥٢٥ تا مردنی لە ساڵی ١٥٤٠، لانیکەم حەوت هەڵمەتی کردە سەر وڵاتی فارس. شاری هیرات -جگە لە "مەشهەد"ی پیرۆز- پشکی لە نەهامەتییەکان بەدەست هەڵمەتەکانی سوننە دەمارگیرەکانەوە لە هەر شارێکیتر زیاتر بوو، کە بەبەردەوامی شیعەیان بەتوندی دەچەوساندەوە. پێشتر باسی ئەو هەڵمەتانەمان کرد کە عوسمانییەکان کردنیانە سەر فارس. لێرەدا ئەوەیش دەڵێین کە تەهماسپ سوودی لەو ناوبڕە ئاشتییانەی دەکەوتنە نێوان جەنگەکانی دژی ئەهلی سوننە دەبینی و پەلاماری مەسیحییەکانی گورجستانی دەدا. ژمارەی پەلامارەکانی بۆ سەریان گەیشتە حەوت پەلامار، بەڵام ئەگەرچی زۆر لە گورجییەکان پاشتر چوونە خزمەتکردنی، سەرکەوتنێکی هەمیشەیی تێیاندا بەدەست نەهێنا. بێگومان سەردەمی تەهماسپ، کە هەوڵی دەدا لەڕێی بەوردی پابەندبوون بە سەرجەم

ڕێنماییە شیعییەکانەوە، چەندە لاوەکیش بن، شکۆ بەدەست بێنێت، کە بەدرێژایی ساڵە کۆتاییەکانی دەسەڵاتەکەی خۆی لە کۆشکەکەیدا نیمچە بەند کردبوو، دەڵێم ئەو ماوە دوور و درێژە بۆ ناوچە فارسییەکان ماوەی خێر و خۆشی نەبوو، نەخاسمە کە باندە دز و چەتەکان بەهۆی پشتیوانیە جەنگییە بەردەوامەکانەوە، یەکبین ئاشتیی گشتییان تێک دەدا.

"ڤنسێنتۆ دی ئەلیساندری" Vincento d,Alessandri باڵیۆزی ڤینیسیا لە کۆشکی شا، بۆمان گێڕاوەتەوە چۆن شا جارێکیان بڕیاری دا باری گرانی باج لەسەر شانی ڕەعیەتەکانی سووک بکات، لەبەرئەوەی لە خەودا فریشتەیەکی دیبوو لەسەر ئەوان هەڕەشەی لێکردبوو. لەو ژیانناممەیەی بۆ خۆی نووسیوە دەردەکەوێت خەونبینین بەگشتی ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانیدا هەبووە. ئەوە بوو لە تەمەنی بیست ساڵیدا وازی لە مەیخواردنەوە هێنا و فەرمانی دا بەداخستنی سەرجەم دوکانەکانی لە وڵاتدا، ئەویش پاش ئەوەی لە خەوێکدا ئیمام عەلی ئەلڕەزا لەسەر ئەوە سەرکۆنەی کردبوو.

تەهماسپ لە ١٤ی ئایاری ساڵی ١٥٧٦ مرد بەبێ ئەوەی کەس بەجێنشین دیاری بکات. کوڕە نۆبەرەکەی محەمەد خودابەندە کە لە ساڵی ١٥٣٦ەوە تا ساڵی ١٥٥٦ وەک حاکم لە هیرات بوو، ناچار بوو واز لەو پێگەیەی بێنێت و بیگۆڕێتەوە بە حوکمی شیراز بەهۆی کێشەیەکەوە کە لەنێوان ئەو و فەرمانبەرێکی گەورەدا سەری هەڵدا. ئەم کوڕە نۆبەرەیەی دەمێک بوو بینایی لەدەست دابوو یان زۆر کز بووبوو، لەبەرئەوە بەپێی نەریتی باو لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات، لە جێگرتنەوەی باوکی وەلانرا. هەرچی کوڕی دووەمی بوو، ئیسماعیل، کە بەپێچەوانەی باوکی و براکەی، پڕ چوست و چالاکیی سەربازی بوو و لێرەیشەوە لای قزڵباشەکان خۆشەویست بوو، پێشتر لەو جەنگانەی دژی عوسمانییەکان ئەنجامیان دان، هەروەها بەتایبەت لەو کارە بوێرانە و سەرکەوتوانەی دژی حاکمی ئەرزروم ئەسکەندەر پاشا ساڵی ١٥٥٢ ئەنجامی دا، ئەستێرەی درەوشابوویەوە، تا کاتێک ساڵی ١٥٥٦ وێلایەتی خوراسانی درایە لەجێی برا گەورەکەی، باوکی لەو مەیلی سەربەخۆییەی لە کاری سەربازیدا پیشانی دەدا و بەتەنیا پلانی بۆ دادەڕێژا، لێی کەوتە گومان، لەبەرئەوە فەرمانی دا بەبەندکردنی لە قەڵای قەهقەهە لە چیای سەوەلان لەنێوان ئەردەبیل و تەورێز. شا حەوت کوڕیتری هەبوو، خۆشەویستترینیان لەلای حەیدەری کوڕی بوو، فەرمانی بە باڵیۆزەکەی لای بابی عالی کردبوو دەوڵەتی عوسمانی قایل بکات کە بەرهەڵستیی چوونە سەر تەختی حەیدەر نەکات. تاقمی گورجییەکانی کۆشک و هۆزی ئوستاجلوی قزڵباشەکان پشتگیرییان دەکرد، بێگومان پاڵپشتیی ڕەعیەتە فارسەکانیشی بەدەست هێنابوو. بەڵام لایەنگرانی ئیسماعیل، پێش لەوەی ئیسماعیل لە زیندانەکەی لە قەڵای قەهقەهە رزگاری ببێت، توانییان بەسەرکردایەتیی خوشکەکەی لەدایکیبوە، پیری خان خانم، دەست بەسەر کۆشکدا بگرن لە قەزوینی پایتەخت و حەیدەر بکوژن.

ئیسماعیلی دووەم

لە ٢٣ی ئایار ئیسماعیل چوو بۆ پایتەخت پاش ئەوەی جەلادەکەی بەبیستنی کوژرانی حەیدەر ئازادی کرد و لە ١٣ی حوزەیران چووە ناوی و لە ٢٢ی ئابدا چووە سەر تەختی باوباپیرانی. لەڕاستیدا شای نوێ لەئاکامی مانەوەی دوور و درێژی لە زیندانداً عەقڵی لێ گۆڕابوو و زۆری نەبرد هەموو توانای خۆی لەپێناو چەسپاندنی دەسەلاتەکەیدا خستە کار. لە ماوەیەکی کورتدا سەرجەم براکانی کوشت جگە لە محەمەد خودابەندە، هەروەها کوڕە گەورەکەی خودابەندەیش بەناوی حسێن کوزرا. هەرچی عەباسی برای ئەم حسێنەیە کە دوای ئەو چووە سەر تەخت، بەڕێکەوت رزگاری بوو. ئەنجا شای نوێ قزڵباشییەکانی تۆراند کە کۆڵەکەی ماڵەکەی بوون، ئەویش بەو رقە ئاشکرایەی بەرانبەر مەزهبی شیعی دەریدەبڕی، ئەوە بوو باسکردنی دروشمەکەیانی لەو سکەی پارەیەی لێی دا فەرامۆش کرد و جوێندان بە سێ خەلیفە یەکەمەکەی لەسەر مینبەر قەدەغە کرد. کەسایەتییە تەمومژاوییەکەی، کە خواردنەوە مەستکەرەکان تێکیان دابوو، وادەکات بەئاستەم بتوانین بزانین هۆی گرتنەبەری ئەو ڕێچکەیە چی بووە. ئایا بۆ رازیکردنی ئەهلی سوننە، دوژمنانی تەقلیدیی دەوڵەتەکەی بووە، یان تەنیا ویستێک بووە بۆ تۆڵەکردنەوە لە یادی باوکی کە ژیانی لێ تێکدا و نزیکەی تەواوی ژیانی خستبێە تاریکایی زیندان. دوای ماوەیەکی کوڕت لە لەدایکبوونی کوڕە نۆبەرەکەی، ئیسماعیل مرد، پێدەچێت بەژەهرخواردکراوی بووبێت لە مانگی غولامێکدا کە عاشقی بوو (٢٤ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٥٧٧)، خوشکەکەی لەدایکیەوە تەماحی هەبوو، پێشتر بیری لەوە کردبووەوە سەرپەرستکردنی کوڕە بچووکەکەی ئیسماعیل بگرێتە دەست، بەڵام شێخەکانی قزڵباش محەمەد خودابەندەیان خستە سەر تەخت، کە وەک بینیمان نیوە کوێر بوو[١٣٩]. بەڵام دەوڵەت رووی لە لاوازی کردبوو، بەبەڵگەی ئەوەی شێخێک لە شێخەکانی تەریقەتی قەلەندەری پاش ماوەیەک لە هەرێمی لوڕستانی کوردی سەری هەڵ دا و بانگەشەی ئەوەی دەکرد ئەو شای کوژراوە و دەسەلاتەکەی لەوێ تا ساڵی ١٥٨٢ درێژەی کێشا.

محەمەد خودابەندە پاش چوونە سەر تەخت بەپەلە کەوتە هەوڵی خۆ رزگارکردن لە خوشکە دایکییەکەی، پیری خان خانم و لە کوڕە ناکامەکەی ئیسماعیل. هاوسەرەکەی -کە کچی مەرعەشییەکی مازەندەران بوو- لەباتی ئەو کاروبارەکانی دەوڵەتی بەڕێوە دەبرد تا یەکێک لە گەورەکانی قزڵباش کوشتی. لەو ڕووەوە دوژمنانی دەوڵەتەکە لە هەموو لاوە ئەو لاوازییەیان دەقۆستەوە کە تێی کەوتبوو، عەباس -دووەم کوڕی شا، کە تا ئەوکاتە حاکمی خوراسان بوو- پاش کوژرانی برا گەورەکەی بڕیاری دا دەست لە کاروباری

---

[١٣٩] بڕوانە: W. Hinz, Shah ismail II, Mitteilungen des Seminars fur orient, Sprachen, 1932, 2, 9-99.

حکومەتی مەرکەزی وەربدات لە پایتەخت، لەبەرئەوە لە تشرینی یەکەمی سالّی ١٥٨٧ باوکی ناچار کرد دەست لە تەخت هەلّبگریّت، هەروەها چاوی هەردوو برا بچوکەکەی کوێر کرد و لە ئەلەموت بەندی کردن.

سەردەمی گەشانەوەی فارس

لەڕاستیدا ئەو چل و سێ سالّەی سەردەمی عەباس "ی گەورە" خایاندی (١٥٨٨-١٦٢٩)[١٤٠] ئێرانی گەیاندە لوتکەی هێزی خۆی. شا بەچوونە سەر تەخت -کە تەمەنی لە حەڤدە سال تێپەڕی نەکردبوو- هەوڵی دا ئازادیی کارکردن بۆ خۆی مسۆگەر بکات، لەبەرئەوە فەرمانی دا بەکوشتنی مورشید قولی خان کە پێشتر لەکاتی ویلایەتی لەسەر خوراساندا ئاگای لێی بوو و بۆ چوونە سەر تەختیش یارمەتی دا. پاشان عەباس چاوێکی ژیرانەی بە مەملەکەتەکەیدا گێڕا و بینی لە دۆخێکی مەترسیداردایە، لەبەرئەوە بەپەلە چوو رێکەوتنێکی ئاشتیی زەلیلانەی لەگەڵ عوسمانییەکان ئیمزا کرد، کە لە مردنی ئیسماعیلیّ دووەمەوە جار دوای جار هێرشیان دەکردە سەر فارس. بەپێی ئەو رێکەوتنە عەباس دەستی لە ئازربایجان و گورجستان (جۆرجیا) و بەشێک لە لوڕستان هەڵگرت بۆ عوسمانییەکان، کە هەموو ئەو ویلایەتانەیان داگیر کردبوو، بەڵێنیشی دا جوێندان بە سێ خەلیفەی یەکەم لە خاکی مەملەکەتەکەیدا رابگیرێت و حەیدەری ئامۆزای وەک بارمتە بنێرێت بۆ ئیستانبوڵ. لەوکاتەوە عەباس خۆی تەرخان کرد بۆ بەرقەرارکردنی ئاسایش لەناو مەملەکەتەکەیدا و پاراستنی لە دەستدرێژی ئۆزبەگەکان، کە پتر لە جارێک پەلاماری خوراسانیان دا. تا سالّی ١٥٩٨ خان عەبدولموئمینی سەرگەورەیان مرد و ئیتر عەباس دەیتوانی لە ولات دەریان بکات. پاش ماوەیەکی کورت لە کۆشکەکەیدا دوو سەرکێشی ئینگلیزی -سێر ئەنتۆنی و سێر رۆبەرت شیرلی[١٤١]- پەیدا بوون کە سەرەنجام توانییان بەیارمەتیی وەستایەکی تایبەت بەدروستکردنی تۆپ کە لەگەڵیان بوو، سوپای فارس بەچەکی تۆپ چەکدار بکەن، کە پێشتر نەیبوو و بەهۆی نەبوونیەوە فارسەکان نەیاندەتوانی لە مەیداندا بەرانبەر تورکەکان بوەستن. بۆ خۆ رزگارکردنیش لە دەسەڵاتی قزڵباشەکان کە پاشاکانی پێش ئەویان زۆر ناڕەحەت و بێزار کردبوو، هاوشێوەی ئینکیشاری سوپایەکی لەو گورجی و ئەرمەنانەی تازە ئیسلام بووبوون پێکهێنا، لەگەڵ هێزێکی پاسەوانی تورکیی نوێ بەناوی "شا سەوەن" *Shahseves* لە کۆتاییەکانی

---

[١٤٠] بڕوانە: A. Bellan, Chah Abbas, les Grandes figures de l,Orient. III, paris, 1933.

[١٤١] بڕوانە:
D. E. Ross. Sir Anthony Sherley and His Persian Adventure. -
- S. C. Chew, The Crescent and the Rose, Oxford, 1937.

سەردەمی سوڵتان محەمەدی سێیەمدا، کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەشەڕی بەردەوام لەگەڵ نەمسا و هەروەها دامرکاندنەوەی ئەو شۆڕشەی تەریقەتی جەلالی لە ئاسیای بچووک بەرپای کردبوو، سەرقاڵ بوو، عەباس ساڵی ١٦٠٢ جەنگی دژی عوسمانییەکان راگەیاند و بەسوپا تازەکەی توانی تەورێز بگێڕێتەوە، بگرە توانی شیروان و بەغدایش بگێڕێتەوە، ئەگەرچی ئەمەی دواییان پاشتر چەند جارێک هەر لە سەردەمی عەباس خۆیدا کەوتەوە دەست عوسمانییەکان. هەروەها دەسەڵاتی فارسی لە قەوقاز بەهێز کرد و سنوورەکانی لە رۆژهەڵات تا مەرو و بەڵخ قایم کرد. ساڵی ١٦٢٢یش بەیارمەتیی هەندێ کەشتی جەنگیی ئینگلیزی توانی دورگەی هورمز لە کەنداوی فارسی لەدەستی پورتوگالییەکان دەربێنێت، هەروەها بنکەیەکی بازرگانیی نوێی لە بەندەری گومرون Gumrun دامەزراند و ناوینا بەندەر عەباس.

عەباس پایتەختەکەی بۆ ئیسفەهان گواستەوە پاش ئەوەی پایتەختە کۆنەکەی، قەزوین، هێندە رووداوی ناخۆشی بەخۆوە بینیبوو جوانی و رەونەقی لەدەست دابوو. لەوێ لە کەناری رووباری ئاراس ئەرمەنییەکانی لە جولفە (جولاهە) نیشتەجێ کرد، کە ناوی نیشتمانە کۆنەکەیان لەو گەڕەکە نا کە تێیدا نیشتەجێ بوون [لەنزیک ئیسفەهان]. عەباس، شاری ئیسفەهانی بە باڵەخانەی گەورە رازاندەوە، وەک مزگەوتی گەورە و کۆشکی چل ستوونەکە (چیهەل ستوون) و پردی گەورە لەسەر رووباری زەندەرود و چوار بیستانەکە (چواریاخ). وەک پێشتر باس کرا بەپێی رێکەوتنی ئاشتییەکەی لەگەڵ عوسمانییەکان هەندێ لە پەرگیریی بیروباوەڕە شیعییەکانی کەم کردەوە، ئەو لێبوردەییەی ئێستایشی گەیشتە ئەو رادەیەی رێگە بە بابە کرملییەکان بدات لە ئیسفەهان بمێننەوە. لە سەردەمە دوور و درێژەکەیدا ژیانی فیکری لە فارس سەرلەنوێ گەشایەوە. محەمەد باقر بن محەمەد داماد بەناوبانگترین خۆرە درەوشاوەکانی کۆشک بوو و شا خۆی رێزی دەگرت. لەڕاستیدا جگە لە فیقە بایەخی بە فەلسەفە و زانستە سروشتییەکانیش دەدا و خۆی هەندێ ئەزموونی کرداری لەبارەی هەنگەوە ئەنجام دا. لە کۆشکی عەباسدا ناوی بەهائەدینی عامیلیش درەوشایەوە، کە زانایەکی هەمە رۆشنبیری بوو و دەیویست لە سەرجەم زانستەکانی سەردەمەکەیدا شارەزا بێت. هەرچی فەیلەسوفی گەورە سەدرەدینی شیرازییە، کە فەلسەفە ئیلاهییەکەی تا ئەمرۆیش وەک رەگەزێک لە پێکهێنانی عەقیدەی "باب" [یان ئایینی بەهائی]ی نوێ کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە، ژیانی رامانی لە شاری قومی پیرۆز هەڵبژارد. هەروەها شیعر و مۆسیقا لە سایەی عەباسدا گەشانەوە.

جێنشینەکانی عەباس

بەڵام ئەم پاشایە کە پێشی پێشینەکانی دابوویەوە و زۆر لەسەرووبانەوە بوو، سڵی نەکردەوە لە کوشتنی کوڕە گەورەکەی خۆی بەناوی (صەفی میرزا) پاش ئەوەی بەهۆی جەماوەریبوونەکەیەوە ترسی لێ نیشت. تا کاتێک لە بەهاری ساڵی ١٦٢٩ لە بارەگا هاوینانەکەی لە ناوچەی مازندەران مرد، سام میرزای نەوەی جێگەی گرتەوە کە پاش چوونە سەر تەخت، ناوی باوکی لەخۆی نا "صەفی".

لەڕاستیدا سەردەمی ئەم سام میرزایە لە ناخۆشترین سەردەمەکانە کە نەتەوەی فارسی لە مێژووی پڕ خەم و ئێش و ئازاردا بەخۆوەی دیبێت، چونکە وەک زۆردارێکی لێنەهاتوو هەوڵی دەدا لەڕێی کاری دڕندانەی دووبارەوە دەسەڵاتی خۆی لە ناوخۆدا پتەو بکات. لە دەرەوەیش توانی بەرپەرچی پەلامارەکانی تورکمان لە خوراسان بداتەوە. بەڵام قەندەهاری لەدەست دا کە لە سەردەمی تەهماسپدا فەتح کرا و لە سەردەمی عەباسدا گێڕدرایەوە، کە ئەمڕۆ دەکەوێتە ئەفغانستان و شاە جیهان خاوەنی دەلهی دەستی بەسەردا گرت، هەروەها بەغدای لەدەست دا و کەوتە دەست عوسمانییەکان.

بەڵام فارس زۆری نەبرد لە سەردەمی عەباسی دووەمدا کە ساڵی ١٦٤٢ جێگەی باوکی گرتەوە و هێشتا تەمەنی دە ساڵ بوو، ماوەیەکیتری کورتی گەشانەوە و بەختیاری بەخۆوە بینی. ئەوە بوو قەندەهاری گێڕایەوە، هەروەها دەبوو جگە لەوە شۆڕشێکیش دابمرکێنێتەوە کە گورجییەکان بەسەرکردایەتی تەهمورەث خان ساڵی ١٦٥٩ بەرپایان کرد. لەڕاستیدا لەگەڵ رەعییەتەکانی دادپەروەر بوو بەچاوپۆشین لە بیروباوەڕیان، تەنانەت مەسیحییەکانیش لە سەردەمی ئەودا ئازادیی ئاینیی تەواویان هەبوو. ئەگەرچی لەسەر پێداگریی پیاوانی ئاینی هەوڵی دا خواردنەوەی مەی قەدەغە بکات، بەڵام پاشتر خۆی گرفتاری ئالوودەبوون بە مەی بوو، کە ژیانی کورت کردەوە.

صەفیی کوڕی –کە پاش چوونە سەر تەخت لە ساڵی ١٦٦٧ خۆی ناونا سلێمان، درێژەی بە سیاسەتەی لێبوردەیی دا کە باوکی دەستی پێکرد، بەڵام ئەویش وەک باوکی ئالوودەی مەی بوو، لە ساتەکانی مەستیدا زۆرجار کاری ئاژەڵانەی دەکرد و جامی تووڕەیی خۆی بەسەر کەسانی دەوروبەریدا دەڕشت. هەرچی کوڕەکەی بوو سوڵتان حسێن، کە ساڵی ١٦٩٤ جێی گرتەوە، لاواز و دواکەوتوو بوو. هەموو کاروبارەکانی دەوڵەتی بە پیاوانی ئاینیی شیعە سپارد، ئەوانیش دەسەڵاتیان بەخراپی بەکار دەهێنا و لە چەوساندنەوەی هاوڵاتیانی سوننەدا زۆچوون. مەلا محەمەد باقر مەجلیسی توندترین پیاوانی ئاینی بوو دژی سۆفیگەری و کوێرانە دەیچەوساندنەوە. پاشتر دەبینین چۆن ئەوە بووە هۆی هەرەسهێنانی بنەماڵە حوکمڕانەکە و گواستنەوەی دەسەڵات بۆ ئەفغانییەکان.

پاشکەوتنی دەوڵەتی عوسمانی تا کۆتایی سەدەی هەژدەیەم
شکانی دەریایی تورکەکان لە لیپانتۆ

سەلیمی دووەم حاکمی مەگنیسیە بوو کاتێک لەپڕ هەواڵی مردنی باوکی پێگەیشت لەبەردەم دەروازەکانی سیکتوار لەکاتی هەڵمەتە مەجەرییەکەی ساڵی ١٥٦٦. لەبەرئەوە بەپەلە خۆی گەیاندە بەلیگراد و چاوەڕوانی گەڕانەوەی سەدری ئەعزەم، محەمەد سۆکۆلی کرد تەرمی باوکی بێنێتەوە. لەڕاستیدا نەیتوانی بچێتە ناو ئیستانبوڵ تا پاش ئەوەی بەخششی گەورەی دا بە هێزی ئینکیشاری. پاشان لە رابیکردنی کاروبارەکانی دەوڵەتدا لە پشتبەستن بە سەدری ئەعزەم بەردەوام بوو، ئەمیش لە شوباتی ساڵی ١٥٦٨ پەیماننامەیەکی ئاشتی لەگەڵ نەمسا بەست، بەو مەرجەی ئەو سەرانەیەکی ساڵانە بەبڕی سی هەزار دوکە بدات و هەردوو دەوڵەت دان بە دۆخی هەرێمیی ئارای هەردوولاندا بنێن.

یوسف ناسیی جولەکە -کە خۆشەویست بوو لەلای- سەرباری کەم ئاشنایی بەکاروباری سەربازی و جەنگی، توانی قایلی بکات بەو نزیکانە جەنگێکی نوێ دژی ڤێنیسیا بەرپا بکات، چونکە ئەو جووە چاوی بڕیبوە دورگەی دەوڵەمەندی قوبرس، کە لە دەستی ڤێنیسیاییەکاندا بوو، جا کاتێک ملی نەدا بەجێبەجێکردنی ئەوەی ساڵی ١٥٧٠ داوای لێکردبوو بە دەستهەڵگرتن لە دورگەکە، چووە بن کڵێشی سوڵتان و هەڵینا بۆ ڕاگەیاندنی جەنگ دژی کۆماری ناوبراو. سوپا عوسمانییەکان بەبێ بەرەنگارییەکی ئەوتۆ توانییان دەستی بەسەردا بگرن. کەشتیگەلی ڤێنیسیایی لەو کاتەدا لە کەنارەکانی کرێت لەنگەری گرتبوو و چاوەڕوانی دەکرد هێزی فریاکەوتنی لە ولاتانی خۆرئاواوە بۆ بێت. بەڵام کۆمار تا ئایاری ساڵی ١٥٧١ نەیتوانی فیلیپی دووەم پاشای ئیسپانیا و پاپا پۆڵسی پێنجەم قایل بکات بە زەروورەتی یارمەتیدانی. لە مانگی ئەیلوول/سێپتەمبەر کەشتیگەلە هاوپەیمانەکان لە بەندەری مەسینا کۆبوونەوە. پاشان لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کەشتیگەلە هاوپەیمانەکان بەسەرکردایەتیی دۆن جۆن Don John پاشای نەمسا، شوێن کەشتیگەلی عوسمانی بکەون، کە لە کەنداوی لیپانتۆ Lepanto، ناوپاکتۆسی کۆن، لەنگەری گرتبوو، لە دەرچەی کەنداوی کۆرنیث Corinth. کەشتیگەلەکە تازە لە قوبرس گەڕابوویەوە پاش ئەوەی دابووی بەسەر شارە کەنارییەکان لە کرێت و لەسەر دورگە ئایونییەکان، ئەویش دوای ئەوەی چل کەشتیی جەنگی بەسەرکردایەتیی پاشا (بەکلەبەرگ)ی جەزائیر بەهێزیان کرد. کاپودان پاشا گوێی بە ئامۆژگاریی ستافەکەی نەدا کە لە شەکەتی و لاوازیی کەشتیەوانەکان بەهۆی هەلاتنە زۆرەکانەوە ئاگەداریان کردەوە و بڕیاری دا بەندەری سەلامەتی لیپانتۆ بەجێ بێڵێت، تا بەشوێن کەشتیگەلە مەسیحییەکەدا پێشڕەوی بکات، کە لە ٧ی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەر گەیشتبووە کەنداو. بەو شێوەیە کەشتیگەلە هاوپەیمانە بااڵدەستەکە توانی شکستێکی کەمەرشکێن بەسەر کەشتیگەلی عوسمانیدا بێنێت و کەس

نەیتوانی رزگاری ببێت جگە لە پاشای جەزائیر خۆی، کە توانی بالّی چەپ و چل کەشتییەکەی رزگار بکات، بەلام دۆن جۆن سەرکەوتنەکەی نەقۆستەوە. بگرە هێرشی نەکردە سەر لێپانتۆ خۆی ئەگەرچی دانیشتوانە مەسیحییەکە لە ناوخۆ چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد تا پەلاماری عوسمانییەکان بدەن. سەرەنجام هاوپەیمانەکان کشانەوە، بۆ سالّی دووەم سولّتان لەتوانایدا بوو کەشتیگەلێکی بەهێز بۆ شەڕەکە ئاراستە بکات. بەم شێوەیە ڤێنیسیاییەکان کە لە دەلماسیا مانەوە بەبێ ئەوەی پێگەی خۆیان بەهێز بکەن، مەیلی بەرەنگاریکردنی زیاتریان لەدەست دا، لەبەرئەوە لە ئادار/مارسی ١٥٧٣ رێکەوتنێکی ئاشتییان لەگەل دەولّەتی عوسمانی ئیمزا کرد و بەپێی ئەو رێکەوتنە دەستیان لە قوبرس هەلّگرت. پاش سالّێک تەندروستیی سولّتان بەهۆی زیادەڕەویکردنی لە ئارەزووبازی و ئالوودەبوونی بە مەی تێکچوو، سەرەنجام لە ١٢ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەری هەمان سالّ جەلّدە لێی دا و مرد.

جەنگ دژی فارس و نەمسا، سەردەمی مورادی سێیەم

مورادی سێیەم کوڕە نۆبەرەکەی سەلیمی دووەم بەبێ بەرهەلّستی چووە سەر تەخت، لەو رووەوە هەر بەمندالّی بە دامەزراوی و جددیەت ناسرابوو، چاوەڕوان دەکرا شوێنپێی باپیری هەلّبگرێت. بەلام زیاتر لە باوکی لە چێژەکانی ژیان نغرۆ بوو و دەرگای بۆ نوور بانووی دایکی و ژنە سەرەکییەکەی، سەفییە، کە لە بنەماڵەی بەففای ئیتالّی بوو، والا کرد کاریگەریی یەکلاکەرەوەیان بەسەر کاروبارەکانی دەولّەتدا بسەپێنن.

ڤێنیسیاییەکان پاش ئەوەی دەولّەتانی خۆرئاوا پشتیان تێکردن، هەولّیان دا تەهماسپ، شای بەسالاچووی فارس لە سولّتانی عوسمانی هان بدەن، تا جەنگی لەدژ رابگەیەنێت. کاتێک کوڕە کزۆلّەکەی تەهماسپ، واتە محەمەد خودابەندە لە تەختدا دیی گرتەوە، هەوادارانی جەنگ لای عوسمانییەکان ئەو دەرفەتە لەبارەیان قۆستەوە تا جارێکیتر رووبەڕووی دژبەرە کۆنەکانیان ببنەوە. ئەوە بوو سالّی ١٥٧٧ عوسمانییەکان هێرشیان کردە سەر ولاتی قەوقاز و تیفلیسیان داگیر کرد. سالّی ١٥٧٩یش قەلای قارس-یان دروست کرد کە گرنگییەکی گەورەی لە قایمکردنی کزۆلّەکەکانی داگیرکردنەکەیاندا هەبوو. بەلام تا سالّی ١٥٨٥ نەیانتوانی جەنگ بگوێزنەوە بۆ فارس خۆی و پایتەختی پێشوو تەورێز بگرن. لە بەشی پێشوودا باسی ئەو ئاشتییەمان کرد کە عەباسی گەورە پاش چوونە سەر تەخت لە عوسمانییەکانی کڕی.

عوسمانییەکان لەکاتی جەنگی فارسیدا هەژموونیان لە باشووری رووسیایش بە کرد، تا بیکەنە بنکەیەک بۆ هەلّمەتەکانیان دژی ولاتی جۆرجیا سالّی ١٥٨١ و ١٥٨٣. هەروەها ئەو پشێویانەی لەناو خەلّکی قەوقازدا پەیدا بوون بواری بۆ رەخساندن دەست

لە کاروباری پۆڵەندە وەربدەن. راستییەکەی دەتوانین هەردوو پاشای پۆڵەندی ئەستفان باثوری و (لە ساڵی ١٥٨٧)ەوە سیجسمۆند بەکردەوە بە شوێنکەوتەی سوڵتانی عوسمانی دابنێین. سەرەڕای شەڕوەستان بەپێی ئاگربەستێکی ساڵی ١٥٨٣، بەڵام پشکۆی جەنگ لەژێر خۆڵەمێشدا هەر گەش بوو و پریشکەکانی بەکێشەی بەردەوام لەسەر سنوورەکانی نەمسا دەچوو بەحەوادا، تا دوای دە ساڵ ئاگری جەنگ هەڵگیرسا. حاکمی بۆسنە لە حوزەیرانی ساڵی ١٥٩٣ لەکاتی هەڵمەتێکیدا بۆ سەر سیسەک لە وڵاتی مەجەر، بەسەختی شکێنرابوو. بۆیە دەبوو لەپێناو تۆڵەکردنەوە و ئابڕووشۆردنەوەدا جەنگە گەورەکە دەست پێبکرێت. بەڵام سوڵتان مورادی سێیەم لە ١٦ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٥٩٥ مرد پێش ئەوەی هیچ لەوانە روو بدەن.

پەیماننامەی سیتڤاتۆرۆک

محەمەدی سێیەمی کوڕی جێگەی مورادی سێیەمی لە تەختی سەڵتەنەتدا گرتەوە، ئەویش دواین (وەلی عەهد)ی عوسمانییە کە حوکمی هەرێمی مەگنیسییەی بدرێتە دەست، تا لەوێوە رێگەیەک بەدەست بێنێت ئامادەی بکات بۆ وەرگرتنی جلەوی سەڵتەنەت پاشتر. ساڵی دوای ئەوە، خۆی چووە گەرمەی شەڕ و بەخت یاوەری بوو بەشداری یەکەم سەرکەوتن بکات کە هێزەکانی لەو جەنگەدا بەدەستیان هێنا: واتە زاڵبوون بەسەر سوپاکانی ئال هابسبۆرگ لە ئەکری، بەڵام دوای ئەم سەرکەوتنە جەنگ زۆر بەخاوی بەڕێوە دەچوو، پاش مردنی محەمەد لە ساڵی ١٦٠٣ و چوونە سەر تەختی ئەحمەدی کوڕیشی بەردەوام بوو. لەڕاستیدا بەخت هاوکاروانی عوسمانییەکان نەبوو تا کاتێک سەرکردەی مەجەری بۆکسکای Bockskai پاش ئەوەی کرایە ئەمیری ترانسلڤانیا، چووە پاڵیان، ئیمزاکردنی پەیماننامەی ئاشتیی سیتڤاتۆرۆکی ساڵی ١٦٠٦ی لێ کەوتەوە، کە تێیدا سوڵتان دەستی لەو جیزیەیە هەڵگرت کە تا ئەوکاتە لە شێوەی دیاریدا پێی دەدرا.

شۆڕشە ناوخۆییەکان

عوسمانییەکان تەنانەت لە گەرمەی ئەو سەرکەوتنەی لە شەڕی (ئەکری)دا بەدەستیان هێنا، مەترسییەکی ریشەدار لەبەردەمیاندا قیت بوویەوە، کە لەمێژ بوو هەڕەشەی لە بوونی دەوڵەتەکە دەکرد، ئەویش ئەوە بوو گیانێکی خەمساردی و ناپاکی کەوتبووە دەروونی سەربازانی دەرەبەگی، بەتایبەت لە بەشە ئاسیاییەکەی ئیمپراتۆرییەتەکەدا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئینکیشاری دەمێک بوو رێزگرتنیان بۆ دەسەڵاتی سوڵتان لەدەست دابوو، ئەوا تێدەگەین سوپای عوسمانی لە دۆخێکدا نەبوو مایەی دڵنیایی بێت. سەرچاوەکان پێمان دەڵێن زیاتر لە سێ هەزار لەو سەربازە دەرەبەگییانە لەو کاتەدا

بەهۆی توندوتیژیی سەدری ئەعزەم، چیگالەوە رایانکرد، کە بە فەرمانی ئەو هەر لەلایەن خەڵکی وڵاتەکانی خۆیانەوە دەستگیر کرانەوە. ساڵی ١٥٩٩ عەبدولحەلیم قەرە یازیجی – فەرماندەی فیرقەی "سەگبان"ی ئینکیشاری- یاخیبوونی لەدەوڵەت راگەیاند پاش ئەوەی ئەندامانی فیرقەکەی بۆ زێدی یەکەمیان گێڕایەوە. گومانی بەهێز ئەوەیە ئەو خەڵکە تووڕەیەی چوونە ژێر بەیداخی مەیلیان بۆ ژیانی عوسمانیی کۆن هەبوو. هەرچۆن بێت، عەبدولحەلیم توانی رەهـا داگیر بکات. بابی عالی پێی وابوو ئەگەر ویلایەتی ئەماسییەی بداتێ دەتوانێت بۆ لای خۆی رابیکێشێت و دەستەمۆی بکات، بەڵام ئەم بەخشندەییە لەسەر یاخیبوون سوورتر و توانای فراوانبوون لەسەر حسابی دەوڵەت زیاتر کرد. بەهاتنی نیسانی ساڵی ١٦٠٠ لە شەڕێکدا کە لەنزیک کیسانییە رووی دا توانی والی دیمەشق و بەغدا بشکێنێت، بەڵام ماوەیەکی کەم دوای ئەوە لە مەیداندا کوژرا و براکەی چووە جێگەی. ئەمیش توانی بۆ ماوەیەک پاریزگاری لە هێزەکەی بکات، بەڵام دەوڵەت بە بەڵێنی پێدانی ویلایەتی بۆسنە ناردی بۆ ئەوروپا، کە لەوێ خۆی و زۆربەی زۆری سەربازەکانی لەکاتی گەمارۆکەی بوودا ساڵی ١٦٠٣ کوژران.

لە هەمان ساڵدا لەشکرگە عوسمانییەکەی تەورێزیش یاخی بوو، شاعەباس ئەم هەلەی قۆستەوە و دەستی بەسەر شارەکەدا گرت، بەم شێوەیە بابی عالی ناچار بوو لە دوو بەرەدا شەڕ بکات. جەنگی فارس لەسەر دەوڵەت زۆر قورس بوو، ئەویش بەهۆی ئەو شۆڕشە لەدوای یەکانەی سەرکردەکانی باندەکان لە ئاسیای بچووک ئەنجامیان دەدان، هەروەها بەهۆی یاخیبوونی جەنبولاتی کوردی[١٤٢] لە سووریا و ئەمیری دروزی فەخرەدین [ئەلموعنی] لە لوبنان. کاتێک پەیماننامەی ئاشتیی سێتقاتۆرۆک کرا عوسمانییەکان لەکۆتاییدا توانییان جەنبولات بشکێنن و پەنای بردە لای فەخرەدین لە لوبنان، هەروەک توانییان مەترسیدارترین سەرکردە شۆڕشگێڕەکان لە ئاسیای بچووک لەناو ببەن. تا کاتێک عوسمانییەکان تەورێزیشیان بەدەست هێنایەوە عەباس بەپەیماننامەیەکی ئاشتی رازی بوو کە لە جیزیەی بەخشی، بەڵام کێشە سنوورییەکانی نێوان فارس و عوسمانییەکانی تەنیا بەشێوەیەکی کاتی چارەسەر کرد، هاوشێوەی پەیماننامەی سێتقاتۆرۆک لەنێوان مەجەر و دەوڵەتی عوسمانی.

ساڵی ١٦١٧ سوڵتان ئەحمەد مرد و مستەفای برای جێگەی گرتەوە، وەک بەتەمەنترین ئەمیری بنەماڵەی دەسەڵاتدار بەگوێرەی مافی جێنشینیی کۆن، بەڵام دوای تەنیا سێ مانگ ناچار بوو دەست لە تەخت هەڵبگرێت بۆ برازا گەنجەکەی، عوسمان. پاش ماوەیەک کێشە سنوورییەکانی نێوان عوسمانی و پۆڵەندییەکان بوونە هۆی بەرپابوونی شەڕێکی گەورە لە

---

[١٤٢] بەشێوەیەکی میراتی حوکمی کلیس یان کلیزی دەکرد، لەنزیک حەلەب.

یاش (۲۰ی ئەیلوولی ساڵی ١٦٢٠) کە سوڵتان ناچار بوو خۆی بەشداریی شەڕەکە بکات. عوسمان پلانی دوورمەودای هەبوو، بەڵام سەرجەمیان لای شووڕەکانی قەڵای خووتین تێکشکان، تا کاتێک ساڵی ١٦٢١ بینی توانای بەدیهێنانی هیچ لەو پلانانەی نیە، ناچار بوو بە ئاشتەواییکردن لەگەڵ دوژمن رازی بێت. لەڕاستیدا عوسمان ئەو شکستەی دەدایە پاڵ هێزی ئینکیشاری، لەوەیشدا راستی دەکرد، لێرەوە سەدری ئەعزەم دەیتوانی قایلی بکات بە هەوڵدان بۆ خۆ رزگارکردن لێیان و سەرلەنوێ پشتبەستنەوە بە ویلایەتە ئاسیاییەکانی ئیمپراتۆرییەتەکە. تەگبیرەکە ئەوە بوو سوڵتان هەڵمەتێک بکاتە سەر فەخرەدین ئەمیری سووریا، هەروەها فەریزەی حەج ئەنجام بدات تا ئەوەیش ببێتە یارمەتیدەر بۆ بەجێگەیاندنی پلانەکەی. بەڵام ئینکیشاری لەرێی ناپاکییەوە بەو پیلانەیان زانی کە بۆیان کێشرابوو، لەبەرئەوە سوڵتانیان ناچار کرد بە هەڵوەشاندنەوەی هەڵمەتەکە. کاتێک رازی نەبوو سەدری ئەعزەمیان رادەست بکات، لە سەرایە ئابڵۆقەیان دا و مستەفایان سەرلەنوێ خستەوە سەر تەخت، کە نیمچە گێلۆکە بوو. پاشان عوسمان بەئاماژەی سەدری ئەعزەمی نوێ لە "یەدی قوللە" لە ٣٠ی ئایاری ساڵی ١٦٢٢ کوژرا. تەنیا دوو ساڵ تێپەڕی باسکی رەگەزە هۆشیارەکان لە ئیستانبوڵ بەهێز بوو و بوون بەدەمڕاست. لە ١١ی ئەیلوولی ساڵی ١٦٢٣ مستەفا ناچار کرا بەدەستهەڵگرتن لە تەخت بۆ مورادی چوارەم، پێنجەم کوڕی ئەحمەد کە کوڕێکی یازدە ساڵان بوو. مورادیش سەرەنجام ساڵی ١٦٣٢ توانی خۆی لە کۆتی ئینکیشاری قوتار بکات و بەیارمەتیی پیاوە کۆنەکانی دەوڵەت خۆی لە سەرانیان رزگار بکات. نەک هەر ئەوە، بگرە لەرێی هەڵپەساردنی (باجی غیلمان)ـەوە ژمارەی ئینکیشاری کەم کردەوە و سوپایەکی نوێی بۆ خۆی دامەزراند، کە بتوانێت پشتی پێ ببەستێت.

ئەمیر فەخرەدین

لە گەرمەی ئەم پشێوییەی باڵی بەسەر پایتەختدا کێشابوو، حوکمی تورکی لە سووریا زەبرێکی قورس و کەمەرشکێنی بەرکەوت. ئەویش لەو رووەوە ئەمیری دروزیی لوبنان فەخرەدین بەهاوبەشی لەگەڵ جەنبولاتی کوردی، لە ساڵی ١٦٠٣وە شۆڕشی دژی بابی عالی راگەیاندبوو، بەڵام دەوڵەت تەنانەت پاش شکستەکەی جەنبولاتیش دەستی بۆ نەبرد، بەڵکو حوکمکردنی ئەو ناوچانەی بۆ بەجێهێشت کە دەکەوتنە قەڵەمڕەوی، لەبەرانبەر دانی سەرانەیەکی ساڵانەدا. بەڵام زۆری نەبرد فەردیناندی یەکەم دوقی توسکانی Tuscany، کە ناخی پڕ بوو لە گیانی سەرکێشی، پەیوەندی پێوە کرد بەمەبەستی کردنەوەی بازاڕی نوێ بۆ بازرگانیی فلورەنسا، لەکاتێکدا فەخرەدین خوازیار بوو پشت بەو فەردیناندە و پاپا و

ئیسپانیایش ببەستێت بۆ گرتنی فەلەستین، بەڵام ساڵی ١٦١٣ لەپڕ کەشتیگەلێکی تورکی لە کەنار دەرکەوت و ئەمیر ناچار بوو هەڵبێت بۆ لیفورنو Leghorn، لەوکاتەدا کۆسماسی یەکەم کوڕی فەردیناند حوکمی توسکانی وەرگرتبوو. فەخرەدین پرۆژەیەکی خستە بەردەم کۆسماس Cosmas بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتێکی خاچپەرستانەی نوێ، بەڵام کۆسماس لەوە ژیرتر بوو بیر لە شتی وا بکاتەوە. فەخرەدین پێنج ساڵ لە فلورەنسا مایەوە، تێیدا دایکە دانا و سەلارەکەی [نەسەب] توانی بەناوی ئەحمەد عەلی نەوەیەوە بەرگری لە ولاتەکەی بکات دژی پاشای دیمەشق. تا کاتێک فەخرەدین لە ئیتاڵیا گەڕایەوە ناچار بوو دان بە ئەمیرایەتیی کوڕەکەی بەسەر ولاتدا بنێت، بەڵام بەنوێنەرایەتی ئەو سەرکردایەتیی شەڕ دژی عوسمانییەکانی کرد. لەکاتی جەنگی فارسیدا توانی دەسەڵاتی بەسەر کەناری سووری تا ئەنتاکیەدا بسەپێنێت. ساڵی ١٦٣١ کێشەیەک لەنێوان ئەو و بابی عالی دروست بوو، بەهۆی ئەوەی ڕێگەی بە بەمانەوەی سوپایەک لە سوپاکانی سوڵتان کە بۆ جەنگی فارس کۆ کرابوویەوە، نەدا وەرزی زستان لە ولاتەکەیدا بمێنێتەوە و بەزەبری هێز ئەو سوپایەی دەرکرد. دوای دوو ساڵ دەوڵەت لە وەلامی ئەم هەڵوەشاندنەوەیەی بڕیارەکانی ئاشتیدا، کەشتیگەلێکیتری نارد بۆ کەناری سووری و گشت بەندەرەکانی داگیر کرد، هاوکات والییە عوسمانییەکانیش لە وشکانییەوە هێرشیان کردە سەر دروزەکان. لە ١٥ی تشرینی یەکەم عەلی بن فەخرەدین ئیغرا کرا بۆ ئەنجامدانی شەڕێکی یەکلاکەرەوە کە لە دەشتەکاندا بەڕێوە چوو و زۆر بەخراپی شکا و خۆی و مامی کوژران. بەم شێوەیە فەخرەدین ناچار بوو لە ١٤ی تشرینی دووەم لە کۆتا حەشارگەیدا خۆی بەدەستەوە بدات و برا بۆ ئیستانبوڵ، کە لەوێ لە ١٣ی نیسان/ئەپرێڵی ساڵی ١٦٣٥ لە ملی درا، ئەویش پاش هەوڵێکی شکستخواردووی مولحەمی برازای لەپێناو تۆڵەکردنەوەی شەرەفی خێزانەکەی لەڕێی شۆڕشی چەکداریيەوە.

ساڵی ١٦٢٣ جارێکیتر ئاگری جەنگ لەگەڵ فارس هەڵگیرسایەوە پاش ئەوەی والیی عوسمانی بەغدای تەسلیمی شا کرد. لێرەوە شەڕێکی پارتیزانی لەنێوان هەردوولا بەرپا بوو کە بۆ ماوەی پازدە ساڵ لە دەوری ئەو شارە بەردەوام بوو. هەروەها لە قەوقاز و ئازربایجانیش ساڵی ١٦٣٥ مورادی چوارەم بەسەرۆکایەتیی سوپا تازەکەی بەرەو ئەرمینیا کەوتە ڕێ. بۆ ساڵی ١٦٣٨ توانی بەغدا بگرێتەوە، ساڵی پاشتر لەگەڵ فارس سوڵحی کرد.

مورادی چوارەم پاش تەواوکردنی ئەم هەڵمەتە فارسییە تەنیا ماوەیەکی کورت بەو شێوە بەختەوەرە ژیا، بەهۆی زۆر خواردنەوەی شەرابەوە لە ٩ی شوبات/فێبرایەری ساڵی ١٦٤٠دا مرد. کاتێک ئیبراهیمی برای چووە سەر تەختی سەڵتەنەت بێسەروبەریی ئیداری سەری هەڵدایەوە و جارێکیتر دەوڵەتی ژنان لە ئیستانبوڵ دروست بوو، کە ئەو دوو پەتایە بوون موراد لە ساڵە کۆتاییەکانی دەسەڵاتەکەیدا جڵەوی کردبوون. لەڕاستیدا قەرە مستەفا

سەدری ئەعزەم لە دوو ساڵی یەکەمی وەزارەتەکەیدا توانی تا رادەیەک سەرکەوتووانە بەرانبەر ئەم فاکتەرانە بوەستێت، بەڵام بەوە زۆر لەو کەسە تووڕانەی کرد بەدوژمنی خۆی کە بەهۆی دەستپێوەگرتن لە خەرجییەکانی سوپا و کەشتیگەل و چاککردنی سکە (دراو) و دامەزراندنی سیستمی باج لەسەر بناغەی نوێ، لە بەرژەوەندییە تایبەتەکانیاندا ئازاری دان. بەم شێوەیە بۆ دایکە سوڵتان و سێ لە کەنیزەکەکانی ئیبراهیم سووک و ئاسان بوو ئینکیشاری لێ هەڵبێنن، جا کاتێک ئەوانە لە ٣١ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٦٤٤ داوای کەللەسەری سەدری ئەعزەمیان کرد، سوڵتانی نەیوێرا بەرهەڵستییان بکات.

جەنگ دژی ڤێنیسیا

سەرباری لاوازیی ئیبراهیم، عوسمانییەکان لە سەردەمی ئەودا توانییان هێزەکانیان جەم بکەن و سەرلەنوێ کارێکی سەربازیی گەورە لە ئەوروپا ئەنجام بدەن، چونکە ڤێنیسیاییەکان هێشتا لە دورگەی کرێتەوە بەسەر دەریای ئیجەدا بااڵدەست بوون، ئەگەرچی ئیستانبوڵ لەمێژ بوو دەیزانی چۆن سووکایەتی و لاقرتیان پێ بکات بەهۆی پاشەکشەکردنیان لە هەر بەریەککەوتنێک کە لە سنووورەکانی دەلماسیا، یان لەگەڵ دەوڵەتۆکەکانی بەربەر [لە ئەفریقیای باکوور] رووی دەدا و هەوڵدانیان بۆ کڕینی ئاشتی بەپارە. لەکۆتاییدا دەوڵەت عەزمی جەزم کرد کە دواین مووڵکەکانیان لە رۆژهەاڵت لەدەست دەربێنێت. بەهاتنی ساڵی ١٦٤٤ کارگە پیشەسازییەکان زۆر چاالک بوون و ئامادەسازیی تەواو بۆ جەنگ کرا. لە سەرەتای حوزەیرانی ساڵی داهاتوو بابی عالی فەرمانی دا بەدەستگیرکردنی سەرجەم ڤێنیسیاییەکان لە سەرتاسەری وڵات و دەستگرتن بەسەر ماڵ و موڵکیاندا، بەوەیش جارِی جەنگی دژی ڤێنیسیا دا. پاشان کەشتیگەلی عوسمانی بەبێ بەرەنگارییەکی جددی لە دورگەی کرێت لەنگەری گرت و بەهاتنی پایز حانییە Canea ی داگیر کرد. لەڕاستیدا عوسمانییەکان دوای ئەوە بەهێواشی پیشڕەوییان دەکرد، ئەوەیش مایەی تووڕەیی بوو لە ئیستانبوڵ و پیالنێک بۆ رزگاربوون لە سوڵتان رێک خرا، کە بەبەرپرسیار لەو سستییە دادەنرا و سامانەکانی دەوڵەتی لە رابواردنە شێتانەکەیدا تەخشان و پەخشان دەکرد. هەربۆیە رۆژی ٨ی ئاب/ئۆگستسی ساڵی ١٦٤٨ ئیبراهیم لە تەخت هێنرایە خوارەوە و پاش دە رۆژ خنکێنرا. پاشان پیالنگێڕان محەمەدی چوارەمی کوڕیان خستە سەر تەختی سەڵتەنەت، کە منداڵێک بوو و هێشتا نەگەیشتبووە تەمەنی باڵقبوون.

کۆپرولو ئیمپراتۆرییەت ڕێك دەخاتەوە

سێ ساڵ پاشتر لە کۆشک شۆڕشێکیتر تەقییەوە هەژموونی بەدی داپیرەی سوڵتانی بچووکی لەناو برد، لەکاتێکدا دایکی چاوی بڕیبوە ئەو پیاوەی کە قەدەری وابوو دەوڵەت ڕێکبخاتەوە. ئەو پیاوەیش محەمەد کۆپرولو (یاخود کۆپریلی) بوو، لە ناوی (کۆپرو)وەوە کە لەسەر ڕووباری قزڵ ئیرماقە لەنزیک ئەماسییە. باپیرەی لە ئەلبانیاوە کۆچی کردبوو بۆ ئەوێ و پێدەچێت یەکەم جار وەک یەکێک لە تاکەکانی باجی کوڕان (ضریبة الغلمان) چووبێتە سەرای. بەڵام زۆری نەبرد لە خزمەتی نزمەوە لە وڵات گواستیەوە بۆ خزمەتکردنی دەوڵەت و بوو بە گەنجینەداری سەدری ئەعزەم. پاشان بوو بە والی (پاشا)ی دیمەشق و تەرابلوسی شام و قودس، پاشتر گەڕایەوە پایتەخت و وەزارەتی گومەز (وزارة القبة)ی وەرگرت. کاتێک گەیشتە ئەو پلە بااڵیە دژبەرانی توانییان پیلانی لێ بگێڕن و ئەویش گەڕایەوە زێدی خۆی. پاشان سەدری ئەعزەم [محەمەد پاشا] ناسراو بە بۆینی ئەکری Mugri Boynu –واتە ملی لار– لەوێوە بانگی کرد بۆ پایتەخت.

لەو کاتەدا ڤێنیسیاییەکان بێهوودە هەوڵیان دەدا دەوڵەتانیتر قایل بکەن لە جەنگە بێئومێدەکەیان بۆ پاراستنی پێگەکەیان لە ڕۆژهەاڵت، یارمەتییان بدەن. نەیانتوانی قەندییە Candia ڕزگار بکەن، بەاڵم لە دەلماسیا هەندێ پێشڕەوییان کرد و ساڵی ١٦٥١ توانییان کەشتیگەلی عوسمانی لە باروس بشکێنن.

لێرەدا نۆرەی کۆپرولو لە کارەکەدا هات پاش ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی بەهۆی ئەو شکانەوە بۆ نزمترین پلەی نەهامەتی و سەرکزی دابەزی. تەمەنی گەیشتبووە هەشتا ساڵ کاتێک لە ٢٢ی ئەیلوولی ساڵی ١٦٥٦ ڕازی بوو پۆستی سەدری ئەعزەم وەربگرێت بەو مەرجەی سوڵتان دەسەاڵتێکی ڕەهای بداتێ و بیکاتە چاودێریی سەر گشت پۆست و فەرمانگەکان. بەم شێوەیە لەڕێی کوشتنی بەکۆمەڵەوە کە زۆر دڵڕەقانە جێبەجێی دەکرد، ڕۆحی شۆڕشگێڕی ریشەکێش کرد، کە هەندێ لەوانەی گرتنیەوە کەسانی نزیک لە سەرایەی سوڵتان خۆی بوون. پاشان ژیانی دارایی لەڕێی خواستنی سەخاوەتمەندانە لە گەنجینەی تایبەتی سوڵتانەوە بووژاندەوە. ئەوقافی هەڵوەشاندەوە و سەرچاوەکانی داهاتی پیاوانی ئایینی سنووردار کرد. کۆپرولو بەر لەوەی ساڵی ١٦٦١ بمرێت توانی جێگرتنەوەی لە پۆستەکەیدا بۆ کوڕەکەی مسۆگەر بکات، ئەویش توانی پایەکانی چاکسازی کە باوکی دەستی پێکردبوو قایم و تەواو بکات، بەبێ ئەوەی پەنا بۆ شێوازە دڕندانە خوێناوییەکانی ئەو ببات.

لەڕاستیدا ئەم هەستانەوە ناوخۆییە کە گیانێکی نوێی وەبەر دەوڵەتی عوسمانیدا کرد، زۆری نەبرد ئاسەوارەکانی لەو ڕێکارانەدا دەرکەوتن کە عەزم و هێزیان لێ دەبڕی و دەوڵەت دژی هاوسێکانی لە باکوور گرتنیە بەر. لە ترانسلڤانیا بابی عالی ئەمیر جۆرج

راغوجکی لادا که هەولّی دا خۆی له پابەندییە دەرەبەگییەکانی بەرانبەر سولّتان بدزێتەوە و ئاپافی لەجێگەی دانا، که گوێ لەمست و خۆش جلّەو بوو. کاتێکیش ئیمپراتۆر لەژێر فشاری مەجەرییەکاندا رەتیکردەوە دان بەم "ئاپافی"یەدا بنێت، بابی عالی هەڕەشەی بەرپاکردنی جەنگی لێکرد. بەم شێوەیە لە ئەوروپا بیرۆکەی واجبی هاوبەش زیندوو کرایەوە که لەسەر هەموو جیهانی مەسیحی واجب دەکرد کار لەپێناو دوورخستنەوەی مەترسیی تورکی بکەن، ئەو بیرۆکەیەی ڤێنیسیاییەکان دەمێک بوو بیهووده ئومێدی بەدیهاتنیان بوو. تەنانەت پاشا لویسی چواردەیەمیش سەرباری پەیوەندییە باشەکانی لەگەل بابی عالی، بەدەم بانگەوازەکەی پاپاوە چوو بۆ سەرخستنی برا ئاینییەکانی دژی تورکەکان، لەبەرئەوە فەرمانی بە ئەمیرانی ئەڵمانی کرد که کۆمەڵەی ئۆسبرگ (یەکێتیی راین)یان پێکدەهێنا و هاوپەیمانی بوون، بیست هەزار پیاو بخەنە ژێر دەستی ئیمپراتۆری ئەڵمانی، ئەم دەستپێشخەرییەیش کۆشکی ڤیەننای ئیحراج کرد، که هێشتا هەولّی بۆ ڕێگرتن لە رووداني جەنگ دەکرد و ئومێدی دانوستانکردنی لەگەل عوسمانییەکان هەبوو. بەلام سولّتان زۆر دانی بەخۆیدا نەگرت و لە نیسانی ١٦٦٣ فەرمانی بۆ هێزەکانی دەرکرد هێرش بکەنە سەر مەجەر. کاتێک عوسمانییەکان گەیشتنە رادەیەک هەڕەشە لە ڤیەننا خۆیشی بکەن، ئیمپراتۆر داوای لە یەکێتیی راین، بگرە داوای لە سویدیش کرد بەهانایەوە بێن. هەرچۆن بێت، لە دوو شەڕدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا که بەهۆی یەکێکیانەوە ناوبانگی فڕی، ئەویش ئەوە بوو لە چیای قەشە گۆتارد Gotthard لەسەر رووباری راب Raab رووی دا. بەلام سەرباری ئەو سەرکەوتنە، زۆری نەبرد سالّی ١٦٦٥ سولّحی لەگەل دوژمن کرد، تا دەستی والا بێت بۆ دژایەتیکردنی سیاسەتی فەرەنسی.

کرێت دەکەوێتە دەست عوسمانییەکان

بەمە ئیتر عوسمانییەکان دەیانتوانی سەرلەنوێ تەواوی هێزی خۆیان بخەنە مەیدانی جەنگ لە کرێت Crete، که هێشتا گەمارۆی قندییە دوور بوو لە بەدیهێنانی هەر پێشکەوتن یان سەرکەوتنێک. ڤێنیسیاییەکان هێشتا ئومێدیان بە یارمەتیدانی لانیکەم فەرەنسا هەبوو، بەلام لویسی چواردەیەم نەیدەویست بابی عالی بوروژێنێت و بەریەک بکەون. لەڕاستیدا (فەرەنسا) لە ئیستانبول بەڕەسمی داوای لێبوردنی کرد لەوەی یارمەتیی ئیمپراتۆری داوە، نەک هەر ئەوەندە، بگرە ئیستانبول لەسەر ڕێکارە زۆرەملێکانی دژی دەولەتۆکەکانی بەربەر لە ئەفریقیای باکور لێی تووڕە بوو. ئەویش بەوەی لە ٢٣ی تەممووزی سالّی ١٦٦٤ جیجەلی Jijelli داگیر کرد بەمەبەستی لەناوبردنی چەتەگەریی دەریایی (بەلام فەرەنسییەکان تەنیا تا ٣١ی تشرینی یەکەم توانییان پارێزگاری لێبکەن)، هەروەها کەشتیگەلەکەی سالّی ١٦٦٥بۆزدومانی جەزائیر و تونسی کرد. بەم شێوەیە لویس دوای

سولّحی ئیکس لا چاپێل، بەچەند ئەفسەرێک نەبێت رێگەی بە خزمەتکردنی ڤێنیسیا نەدا، لەبەرئەوە دەبوو ڤێنیسیاییەکان تا هاوینی ١٦٦٩ چاوەڕوانی یارمەتیدانی بکەن، کاتێک کەشتیگەلێکی فەرەنسی بەحەوت هەزار پیاوەوە بەرەو کرێت کەوتە ڕێ. بەڵام نە ئەم یارمەتییە و نە ئەوەی هەریەک لە ئیمپراتۆر و دوق برونسویک پێشکەشیان کرد نەیانتوانی قەڵا گەمارۆدراوەکە لە کەوتن ڕزگار بکەن و ناچار بوو لە ٦ی ئەیلول خۆ بەدەستەوە بدات. تا کاتێک پەیماننامەی ئاشتی بەسترا ڤێنیسیاییەکان لە کرێت (ئەقریتش) کشانەوە.

جەنگ دژی پۆڵەندە

عوسمانییەکان پاش گێڕانەوەی دەسەلاتیان بەسەر ڕۆژهەلاتی دەریای ناوەڕاست، چاویان لەوە بوو دەسەلاتیان لە باکووری ڕۆژهەلاتیشدا بسەپێنن. ساڵی ١٦٦٨ سەرکردەی قەوقازی دۆڕۆشەنکۆ کە تا ئەوکاتە شوێنکەوتەی تاجی پۆڵەندی بوو، چووە ژێر ئالای بابی عالی. بەڵام دەوڵەت تا ساڵی ١٦٧٢ داوای لە پۆڵەندە نەکرد دەست لە ئۆکرانیا هەڵبگرێت پاش ئەوەی لەوە دڵنیا بوو لویسی چواردەیەم دەست وەرنادات. لە مانگی ئەیلولی میخائیل پاشای پۆڵەندە پەیماننامەیەکی ئاشتیی زەلیلانەی لەگەڵ دەوڵەت کرد، تێیدا دەستی لە پۆدۆلیا و ئۆکرانیا هەڵگرت، ئەویش پاش لەدەستدانی قەڵای کامێنیز لەسەر سنوور لەئەنجامی گەمارۆیەکی کورتخایەندا.. بەڵام مارشال سوبیسکی ساڵی پاشتر ئەو پەیماننامەیەی هەڵوەشاندەوە و لە ١١ی تشرینی دووەم لە خوتین Choezim سەرکەوتنی بەدەست هێنا. کەمێک دوای ئەوە پاشا میخائیل مرد و ئەو بەناوی "یۆحەننای سییەم" (١٦٧٤-١٦٩٦) چووە سەر تەخت، بەڵام لەو هەڵمەتانەی پاشتر ڕوویان دا هیچ سەرکەوتنێکی هەمیشەیی بەدینەهێنا. تا کاتێک ساڵی ١٦٧٧ پشتئەستوور و دڵگەرم بەو سەرکەوتنەی لە لوویج Lwow بەدەستی هێنا، هەوڵی دا لە دنیستەر بپەڕێتەوە، هێزەکانی لە زوراڤنا Zuravna گەمارۆ دران و ناچار بوو لە تشرینی یەکەم سوڵح بکات و بەو پێیە جارێکیتر دەست لە بەشی هەرەزۆری پۆدۆلیا و ئۆکرانیا هەڵبگرێتەوە. لە هەمان ساڵدا ئەحمەد کۆپرولو لە گەشتێکیدا بۆ سەربازگەی سولّتان لەنزیک ئەدەرنە مرد، لەکاتێکدا تەمەنی هێشتا چل و یەک ساڵ بوو.

پۆڵەندە بۆ ئەم ئاشتییە ئاسانە قەرزاری ئەو کێشەیە بوو ئەوکات لەنێوان ڕووسیا و بابی عالیدا ڕووی دا، کە بەهۆیەوە سەلامەتیی دەوڵەتی عوسمانی کەوتە مەترسی، چونکە عوسمانییەکان پێشتر لە جەنگەکانی خەڵکی قەوقاز دژی ڕووسیا لە ئۆکرانیا دەستیان وەردابوو. لەبەرئەوە لەنێوان هەردوولا (عوسمانییەکان و ڕووس) جەنگێکی کاولکەر هەڵگیرسا تێیدا زیانی گەورە بە هەردوولا گەیشت. تا ساڵی ١٦٨١ ڕێکەوتنامەیەکی ئاشتی لەنێوانیاندا ئیمزا کرا و بەوپێیە ڕووسیا دەستی بەسەر کییەڤ Kiev و ناوچەکانی دەوروبەریدا گرت.

شکستی تورکەکان لە ڤیەننا و دەرکردنیان لە مەجەر

عوسمانییەکان هەرهێندەی دڵنیا بوون لە سەقامگیربوونی ئاشتی لە رۆژهەڵات، تەواوی هێزی خۆیان کۆکردەوە بۆ سەرلەنوێ جەنگان دژی مەجەر (هەنگاریا). خانەدانە مەجەرییەکان لە سەرووبانەوە کۆنت تۆکۆلی پێشنیازیان بۆ سوڵتان کرد ئەو بەشەی مەجەر کە لەژێر حوکمی نەمسادایە ملکەچ بکات، لەبەرانبەر دانی جیزیەیەکی ساڵانە، لەبەرئەوە سوڵتان سوپایەکی ئامادە کرد و لە ئایاری ساڵی ١٦٨٣ لە بەلیگرادەوە کەوتە ڕێ بۆ شەڕکردن دژی ئیمپراتۆر. سوپای ئیمپراتۆر چاوەڕوانی بەدەستهێنانی کۆمەکی نوێی دەکرد، لەبەرئەوە کشانەوە بۆ ڤیەننا. لە ١٧ی تەممووزدا عوسمانییەکان بەسەرکردایەتیی سەدری ئەعزەم عومەر مستەفا گەمارۆی پایتەختیان دا، بەڵام سەرباری هەڕەشەکانی پاشا لویس، لەناکاو سوپایەکی گەورە لە ئەڵمانیاوە پەیدا بوو، ئەو سوپایە بەهاوکاریی چەند فیرقەیەکی پۆڵەندی توانی لە ١٢ی ئەیلول لە کاهلنبێرگ عوسمانییەکان بشکێنێت و ناچاریان بکات گەمارۆی سەر پایتەخت هەڵبگرن. لەگەڵ ئەوەی زۆری نەبرد کێشە لەنێوان ئەڵمان و پاشای پۆڵەندە سۆبیسکی Sobieski سەری هەڵدا بەهۆی داواکانی ئەمەی دوایی، بەڵام لێبڕاوانە پلانی ڕزگارکردنی تەواوی مەجەر دانرا. لە ٥ی ئاداری ساڵی ١٦٨٤ و بەهۆی دەستوەردانی پاپا، هاوپەیمانییەک لەنێوان ئیمپراتۆر و سۆبیسکی بەسترا، کە ڤێنیسیایش چووە پاڵی و ئامانجی خەباتی هاوبەش بوو دژی تورکەکان.

عوسمانییەکان دوای ئەوە شکان دوای شکانیان لە مەجەر تووش هات، ساڵی ١٦٨٦ هێزەکانی ئیمپراتۆری ئەڵمانی لەبەردەم دەروازەکانی بوودادا دەرکەوتن و گەمارۆیان دا. دوای دوو مانگ شارەکە، کە ماوەی ١٤٥ ساڵ کۆڵەکەی حوکمی عوسمانی بوو لە مەجەر، کەوتە دەست گەمارۆدەران.

جگە لە خەڵکی ڤێنیسیا هیچکام لە ئەندامانی هاوپەیمانییەکە ئەو ئەرکانەی بۆیان دانرابوو جێبەجییان نەکرد، بەڵام سەرکەوتنەکانیشیان بەداگیرکردنی ئەسینا کۆتایی هات ساڵی ١٦٨٧، کە ساڵی پاشتر ناچار بوون چۆڵی بکەن. پۆڵەندییەکان ساڵی ١٦٨٤ تا ساڵی ١٦٨٧ بێهوودە هەوڵیان دا کامێنێز (قامنج) بگێڕنەوە. ساڵی ١٦٨٧ ڕووسیا چووە ناو هاوپەیمانییەکە، بەڵام هەوڵەکەی بۆ دەستگرتن بەسەر نیمچە دورگەی کریمیایش شکستی هێنا.

دوای ئەوەی سوپای عوسمانی ساڵی ١٦٨٧ لە مۆهاکس تووشی شکستێکیتری گەورە هات، ئاگری شۆڕش دژی سلێمان، سەدری ئەعزەم هەڵگیرسا و دەستبەجێ تەنییەوە بۆ ئیستانبوڵ. ئەگەرچی سوڵتان ئەو سلێمانەی کردە قوربانی، بەڵام خۆیشی ڕەخنەی ئەوەی لێگیرا کە بە ڕاو و شکارەوە خۆی خەریک کردوە و بەرژەوەندییە باڵاکانی دەوڵەتی پشتگوێ خستوە. لە ٨ی تشرینی دووەم لە ئایاسۆفیا کۆنگرەیەکی زانایان بەسترا تێیدا

داماڵینی سوڵتان [محەمەدی چوارەم] لە دەسەڵات راگەیەنرا و لەسەر ئامۆژگاری قائیممقام مستەفا بن ئەحمەد کۆپرولو، جێگری سەدری ئەعزەم- سلێمانی دووەمی برای خرایە سەر تەخت.

هاوینی داهاتوو هێزە ئیمپراتۆرییەکان شاڵاویان بردە سەر بەلیگراد و لە هێرشێکدا لە ٦ی ئەیلولی ساڵی ١٦٨٨، دەستیان بەسەردا گرت. کۆشکی ئیمپراتۆری لە ڤیەننا ماوەیەک بوو کەوتبووە بیرکردنەوە لە دەرکردنی عوسمانییەکان لە تەواوی ئەورووپا. بەڵام عوسمانییەکان توانییان جارێکیتر لە تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری ساڵی ١٦٨٩ هێزەکانیان کۆبکەنەوە دوای ئەوەی سەدری ئەعزەمێکی نوێ پۆستی سەرۆکایەتی حکومەتی گرتە دەست، ئەویش مستەفا کۆپرولو بوو کە پێشتر باسمان کرد، ئەویش پاش شکستێکی ئابڕووبەرانەی هێزە عوسمانییەکان لە نیش Nish. لەڕاستیدا پیاوێکی دەوڵەتمەداری بەتوانا بوو و هەوڵەکانی لەپێناو چاکسازیکردن لە دەزگای دارایی و رێکخستنیدا سەرکەوتوو بوون، بەڵام ئەزموونی سەربازی نەبوو، ئەگەرچی توانی لە ٨ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٦٩٠ بەلیگراد بگێڕێتەوە. تا کاتێک ساڵی داهاتوو لە ١٩ی ئاب هێرشی کردە سەر مەجەر، لە شەڕی شوومی سالانکەمەن Szalankemenدا کوژرا.

رێکەوتنامەی ئاشتیی کارلوویتز

سەرەنجام ساڵی ١٦٩٥ سوڵتانێکی بوێر چووە سەر تەخت، ئەویش مستەفای دووەم بوو کە جێگەی ئەحمەدی دووەمی مامی گرتەوە. خۆی جڵەوی سەرکردایەتیی بااڵی لە مەجەر گرتە دەست و توانی تەمیسڤار Temesvar ڕزگار بکات، بەڵام ڕێی لە رکابەرێک کەوت کە هاوتای خۆی بوو لە بەهێزیی کەسایەتی و بوێریدا، ئەویش ئەمیری سافوای یوجین Eugene بوو، کە ئەم یوجینە توانی سوپای سوڵتان لە زەنتە لای ڕووباری تیس لە ١١ی ئەیلولی ١٦٩٦ تەفروتونا بکات. لەم کاتەدا لە ئیستانبوڵ پیاوێکیتری سەر بە خێزانی کۆپرولو جڵەوی کاروباری گرتە دەست بەناوی ئاموجەزادە حسێن. لەبەرئەوەی قەیسەر پوتروسیش ساڵی ١٦٩٥ جەنگی دژ بە عوسمانییەکان دەست پێکردبوو و ساڵی ١٦٩٦ توانی ئازۆف بگرێت، سوڵتان بەو پێشنیازی میانگیرییەی هەریەک لە بەریتانیا و هۆڵەندە پێشکەشیان کرد رازی بوو. بەمەیش لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٦٩٩ لە کارلوویتز (کارلویچ) پەیماننامەیەکی ئاشتی ئیمزا کرا، تێیدا بابی عالی ناچار کرا بەدەستهەڵگرتن لە ترانسلڤانیا تا تەمیسڤار و نزیکەی تەواوی هەنگاریا (مەجەر) و بەشی هەرەزۆری سلۆڤینیا و کرواتیا بۆ ئال هابسبۆرگ، هەروەک ناچار کرا بە دەستبەرداربوون لە کامێنزی (قامینج) و سەرجەم ئەوەی لە پۆدۆلیا داگیریان کردبوو، لەگەڵ ئۆکرانیا بۆ پۆڵەندە، لەکاتێکدا دەستی لە موورە و هەندێ شوێن لە دەلماسیایش هەڵگرت بۆ ڤێنیسیاییەکان.

سولتان دوای ئەم ئاشتییە بێشکۆیە کشایەوە بۆ ئەدەرنە و کاروبارەکانی دەوڵەتی تا رادەیەکی زۆر بۆ موفتی فەیزوڵا [ئەفەندی] بەجێهێشت، کە کۆپرولوی دەرکردبوو و بەهۆی چرووکی و هێنانەپێشەوەی خزمەکانی، بووبووە جێگەی رق و تووڕەیی خەڵک. پاش ماوەیەکی کورت لە تەممووزی ساڵی ١٧٠٣ شۆڕش هەڵگیرسا و بانگی سولتان کرا بۆ ئیستانبوڵ تا لەبەردەم دیواندا ئامادە بێت و پاساوی هەڵوێستەکەی بدات، کاتێک بەدەم بانگەوازەکەوە نەچوو، لە تەخت هێنرایە خوارەوە و ئەحمەدی برای بە سولتان هەڵبژێردرا.

پوتروسی مەزن و شارلی دوازدەیەم

بەدەستهەڵگرتن لە ئازۆف کە ماوەیەکی کەم پاش پەیماننامەی کارلوویتز ئەنجام درا، دەرگاکانی دەریای ڕەش بەڕووی قەیسەردا کرانەوە، کە تا ئەوکاتە دەریاچەیەکی عوسمانی بوو. لەو ڕووەیشەوە شارلی دوازدەیەم ئیستا بووبوو بە دوژمنێکی مەترسیدار بۆ دەوڵەتی عوسمانی، بابی عالی وای پێی باش بوو پەیوەندییەکانی لەگەڵیدا باش بکات، تا کاتێک لە پۆلتاڤا Poltava شکا لە قەڵای بەندەری عوسمانی پەنای دا. بەڵام بابی عالی تا کۆتاییەکانی ساڵی ١٧١٠ دەستی بەئامادەکاری بۆ جەنگی قەیسەر نەکرد، پاش ئەوەی نەیتوانی لەگەڵیدا ڕێک بکەوێت لەسەر گەڕانەوەی شارل بۆ وڵاتەکەی. بەم شێوەیە پوترس ناچار بوو واز لە کردە جەنگییەکانی لە هەرێمەکانی بەڵتیق بێنێت و پاشەوپاش بەئاراستەی باشوور بگەڕێتەوە. لەڕاستیدا خەریک بوو خۆی و سەرجەم سەربازەکانی بەدیلی بکەونە دەست عوسمانییەکان لەسەر ڕووباری پروث Pruth، کە پاشتر -تەنها بەهۆی ئەو بەرتیلەی وێزدانی سەدری ئەعزەمی پێ کرێ- توانی لە تەممووزی ساڵی ١٧١١ بەکۆمەڵێک مەرجی ئاسان بکشێتەوە. دەبوو ئازۆف چۆل بکات و قەڵاکانی تیغان (تاگانرۆگ) تەخت بکات.

ڕێکەوتنامەی ئاشتیی پاسارۆوێتز

ئەگەر بابی عالی بەم پەیماننامەیە، کە پێدەچێت لە بەرژەوەندیدا نەبووبێت، ڕازی بووە، لەبەرئەوە بووە زیاتر پەرۆشی گێڕانەوەی ئەو هەرێمانە بووە بەهۆی پەیماننامەی کارلوویتز لەدەستی دان، تا فراوانبوون بەئاراستەی باکوری ڕۆژهەڵات. ساڵی ١٧١٤ بابی عالی سەرهەڵدانی ناکۆکییەک لە چیای ڕەش (مۆنتی نیگرۆ) ی کردە بیانوو بۆ بەڕپاکردنی جەنگ دژی ڤێنیسیا و پاش ماوەیەکی کورت کۆمارەکە دواین مولکەکانی لە موورە و دورگەکانی ئەرخەبیلە لەدەست دا. بەڵام ئەوکاتە ئیمپراتۆر هاتە ناو جەنگ. لە ٤ی ئابی ساڵی ١٧١٦ ئەمیر یوجین سەرکەوتنێکی لە پێتەروارادین Peterwardein بەدەست هێنا، هەروەها لە تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەردا تەمیسڤاری داگیر کرد، کە دواین قەڵای عوسمانی

بـوو لە خـاکی هەنگاریـدا و بـۆ سـاڵی داهـاتوو دەسـتی بەسـەر بەلیگـراددا گـرت. بەڵام سیاسـەتی ئیسـپانی لە ئیتاڵیـا زۆری نەبـرد رێگەی سـەرکەوتنەکەی لـێ گـرت، لەبەرئەوە ئیمپراتۆر ناچار بوو بە پێشنیازەکانی عوسمانییەکان بۆ رێکەوتنی ئاشتی رازی بێت. لەو رێکەوتنامەیـەی لە پاسـارۆویتز (بـازاروویچ) لە ٢١ی تەممـووزی سـاڵی ١٧١٨ ئیمـزا کـرا، بابی عالی دەستی لە بەلیگراد و تەواوی ناوچەکەی بۆ رێژگەی رووبـاری ئـالوتە لە تـوونە (دانووب) بۆ ئیمپراتۆر هەڵگرت، لەکاتێکدا دەبوو ڤێنیسیاییەکان دەست لە موورە هەڵبگرن.

دەوڵەتی ئەفغان لە فارس

بەڵام بابی عالی جارێکیتر ناچار بوو ئاوڕ لە دۆخی ئاسیا بداتەوە، پاش ئەوەی پشـێوی لە وڵاتی دژبەرە کۆنەکانی، واتە فارسدا بەرپا بوو. ئەوە بوو نـاکۆکی لەنێوان شاحسـێن – دواییـن وەچەی شاعەباس کە سـاڵی ١٦٩٤ چـووە سـەر تەخت- و ئەفغانییەکاندا کە پێشـتر هاتبوونە ژێر باڵی فارس تا خۆیان لە کەوتنـە ژێر دەسـتی مەغـۆلی هیند بپارێزن، سـەری هەڵ دا، لەگەڵ ئەوەیشدا توانیبوویـان تـا ئەوکاتـە پارێزگـاری لە سـەربەخۆییان بـکەن. تـا کاتێک شا هەوڵی دا ئازادییان زیاتر سنووردار بکات، سـەرگەورەکەیان، میر وەیس، یـاخی بـوو و دەسـەڵاتی خـۆی وەک ئەمیرێکـی سـەربەخۆ قـایم کـرد تـا مردنـی لە سـاڵی ١٧١٥. پاشان دووەم جێنشینی میر مەحموود کەوتە هێرشکردنە سـەر فـارس و تـوانی لە تشـرینی دووەمـی سـاڵی ١٧٢٢ دوایـین سـەفەوییەکان لە ئیسـفەهان لە تەخـت بێنێتـە خـوارەوە. قەیسەر پوترس ئەم شلۆقییانەی قۆستەوە و دەستی بەسـەر هەرێمی داغسـتانی قەوقازیدا گرت. لێرەوە گەورەی هۆزە لازییەکان کە لە شەماخی پایتەختی شیروان نیشتەجێ بـوون، پەنای بۆ بابی عالی برد بۆ پاراستنی لە قەیسـەر و بـوو بەشـوێنکەوتەی سـوڵتان، ئەویش دەربەنـدی بـۆ دابـڕی. بەڵام پـوترس لە پێشـڕەویکردن بەردەوام بـوو و گەیشـتە بـاکۆ. لەبەرئەوە بابی عالی ناچار بوو دەستی بۆ هەڵبگرێت لەو ناوچانە تا رێژگەی رووبـاری کوور لە رووباری ئاراس.

فارسەکانیش لە دۆخێکدا نەبوون بتوانن بەرەنگاری بکـەن. حسـێن بن تەهماسـپ تـوانی بەڕووی مەحمـوودی ئەفغانیـدا بوەسـتێت و بەرپەرچـی بداتەوە، بەڵام ئەشـرەفی جێنشـینی ئەم مەحمـوودە گەڕایەوە و حسـێنی ناچـار کـرد بە پاشەکشـەکردن بـۆ مازنـدەران، کاتێک ئەشـرەف مەسـەلەی دانپێدانانی وەک ئیمـامێکی هاوتـا لەگـەڵ سـوڵتانی وروژانـد، ئـاگری جەنگ لەنێوان هەردوولا هەڵگیرسا. سەرەڕای ئەو سەرکەوتنەی ئەفغانییەکان سـاڵی ١٧٢٦ بەدەسـتیان هێنـا، جەنگەکە بە دەسـتبەردارببوونیان لە بانگەشـە و داواکارییەکانیـان کۆتـایی هـات. بەڵام دەسـەڵاتیان بەسـەر فارسـدا زۆر درێـژەی نەکێشـا. ئەوە بـوو سـەرگەورەی هـۆزی ئەفشـاری تورکمـانی نـادر قـولی لە خوراسـان هـاتە مەیـدان بۆیـان و ئەوان و

تەماسپی لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٧٢٩ لای هیمان دۆست و پاشان لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٧٣٠ لای شیراز شکاند. ئەشرەف لەکاتی هەڵاتنیدا لە بلوچستان کوژرا.

تەماسپ دەستبەجێ هێرشی کردە سەر مولکەکانی عوسمانییەکان لە فارسیش بەمەبەستی گێڕانەوەی ئیمپراتۆرییەتەکەی باوباپیرانی، بەسنوورەکانی جارانیەوە. کاتێک سوڵتان دوودڵی نواند بۆ جارپدانی جەنگ لەدژی، ئینکیشاری لە ئیستانبوڵ راپەرین و لە یەکی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٧٣٠ ئەحمەدی سێیەمیان لە تەخت هێنایە خوارەوە و مەحموودی یەکەمی برازایان کردە سوڵتان، بەڵام تا دوو ساڵ سەقامگیری نەگەڕایەوە بۆ پایتەخت لەڕێی بەئامانجکردنی خوێناویی یاخیبووان، کە تێیدا پەنجا هەزار کەس کوژران.

فارس لە سایەی نادر شادا

نادری شوێنکەوتەی شای فارس، کە لە خۆشیی ئەوەوە خۆی ناونابوو نادر تەماسپ قولی خان، زۆری نەبرد لە گەورەکەی ڕاپەڕی و تاجی لەسەر عەباسی کوڕی شا نا کە هێشتا کۆرپەیەک بوو لە لانکدا. پاشان پەیماننامەیەکی لەگەڵ ڕووسیا بەست و بەبوێری و چاونەترسییەکی زۆرەوە جارێ جەنگی دژی عوسمانییەکان دا. دوای سێ هەڵمەتی سەرکەوتوو، لە ١٠ی ئاداری ساڵی ١٧٣٦ خۆی دەستی بەسەر دەوڵەتدا گرت (عەباسی کۆرپە مرد) و ڕێکەوتنێکی لەگەڵ بابی عالی کرد بەو پێیە عوسمانییەکان دەستیان لە سەرجەم دەسکەوتەکانی ڕابردوویان تا بەغدا هەڵگرت. نادر تورکمانی، پێش لەچوونە سەر تەخت، سەرجەم خانەدانانی فارسی -کە وەک فریادڕەس و ڕزگارکەرێک بەچاوی گەورەیی تەماشایان دەکرد- ناچار کرد ئەو بیروباوەڕە شیعییانە بخەنە لاوە کە ئیسماعیلی یەکەم دایهێنان، لەو ڕووەوە پێچەوانەی مەزهبی پێشینەکانی بوون. بەهەرحاڵ، ناچاری نەکردن ببنەوە بە سوننە، بەڵکو بەخاوەن مەزهبێکی سوننیی نوێ (پێنجەم)ی دانان کە ناوەکەی لە ئیمام جەعفەری سادقەوە وەرگرت. لەڕاستیدا نادر لە پەیماننامەی ئاشتییەکەی لەگەڵ تورکیا هەوڵی دا لە مەککە شوێنێکی تایبەت بۆ نوێژکردنی شوێنکەوتوانی مەزهبی نوێ دەستەبەر بکات. بەڵام پاش مردنی، ئەم چاکسازییە بەرچاوە خۆی نەگرت.

لەکاتی ئەم جەنگەدا بابی عالی چەند جارێک بەهۆی تەتارەکانی نیمچە دورگەی کریمیاوە لەگەڵ ڕووس بەریەک کەوتن. بەڵام بارودۆخ لە پۆڵەندە دەستی ژنە ئیمپراتۆر حەننە Anneی بەستبوو، ئەگەرچی عەزمی جەزم کردبوو لە پێشڕەویکردن بەرەو دەریای ڕەش و دەریای قەزوین بەردەوام بێت کە پوترس [ی مەزن] پێشتر دەستی پێکرد. نەک هەر ئەوە، بگرە دەوڵەتە دەریاییەکان بوونە بەربەرست لەبەردەم هێرشی [ڕووس] بۆ سەر بابی عالی، چونکە بەرژەوەندییە بازرگانییەکانیان وای دەخواست سنوور بۆ هەر

فراوانبوونێکیتری رووسیا دابنرێت. تا کاتێک پشێوییەکانی پۆڵەندە بەسەرچوون رووس لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٧٣٥ هێرشی کردە سەر عوسمانییەکان، بەڵام سەرەتا لە ئازۆف زیاتر نەچوون. ئیمپراتۆری ئەڵمانی کە بەپەیماننامەیەک لەگەڵ رووسیا بەسترابووەوە و پابەند کرابوو بەوەی یارمەتیی رووسیا بدات، سەرەتا هەوڵی دا میانگیری لەنێوان هەردوولای ناکۆکدا بکات و تا ساڵی ١٧٣٧ بەشداریی شەڕی نەکرد. بەڵام سوپاکانی شکست دوای شکستیان بەسەردا دەهات. تا ساڵی ١٧٣٩ بەلیگرادی رادەستی عوسمانییەکان کرد لەکاتێکدا تەنیا ماوەیەکی کەم بەسەر گەمارۆکەیاندا تێپەڕیبوو. راستییەکەی ئیمپراتۆر لە پەیماننامەکەدا کە راستەوخۆ پاش ئەوە بەسترا، دەستبەرداری سەرجەم ئەو دەسکەوتانە بوو کە لە رێکەوتنامەی پاسارۆویتزدا بەدەستی هێنابوون. لێرەیشەوە رووسیا ناچار بوو پەیماننامەیەک ئیمزا بکات کە تێیدا جگە لە شاری ئازۆف هیچیتری دەست نەکەوت، کە ئەویش لە دۆخێکی وێراندا بوو. ساڵی ١٧٤٠ بابی عالی لە پاداشتی پاڵپشتیکردنی دیپلۆماسیی ئەو وڵاتە بۆی لەو جەنگەدا، داننانی بە پاراستنی فەرەنسی بۆ مەسیحییەکانی رۆژهەڵاتی نوێ کردەوە.

دوای ئەوەی نادر شا ئیمپراتۆرییەتی فارسی بە سنوورەکانی سەردەمی سەفەوییەوە دامەزراندەوە، بەمێشکیدا هات هەڵمەتێک بەئاراستەی باشوور بۆ سەر دەوڵەتی دەوڵەمەندی مەغۆلی لە هیند ئەنجام بدات، کە لەڕووی سەربازییەوە لە دۆخی پەرێشاندا بوو. لە حوزەیران/یۆنیۆی ساڵی ١٧٣٧ بەسووک و ئاسانی چووە ناو غەزنە و کابول، پاشان رەزا قولیی کوڕی وەک جێگری خۆی و سەرپەرستی تەخت نارد بۆ فارس. خۆیشی سەرەتا چوو بۆ لاهوور و لە شوباتی ساڵی ١٧٣٩ گرتی، لەوێ محەمەد شای مەغۆلی بۆ شەڕکردن لەگەڵیدا لە دەلهی هاتە دەرەوە، سەرەنجام پاش ئەوەی شکستێکی گەورە بەسەر سەربازەکانیدا هات لە ٢٤ی شوباتی ساڵی ١٧٣٩، بەدیلی کەوتە دەست نادر شا. نادر لە پێشرەویکردنی بەرەو دەلهی بەردەوام بوو و چووە ناوی. لە مانگی ئایار دەسەلاتەکەی بۆ محەمەد شا وەک حاکم گێڕایەوە پاش ئەوەی دەستی بۆ هەڵگرت لە سەرجەم هەرێمەکانی باکووری رووباری سند. لەڕاستیدا بەهۆی ئەو سەرانە گەورەیەی نادر بەسەر مەغۆلیدا سەپاند، کە ئەڵماسی بەناوبانگ (کۆهینوور) Kohinoor و (تەختی تاووس) Peacock Throneیشی لەخۆ دەگرت، توانی فارس بۆ ماوەی سێ ساڵ لە هەموو جۆرە باجێک ببەخشێت. نادر دوای هەڵمەتە هیندییەکە رووی کردە سنوورە رۆژهەڵاتییەکانی ئیمپراتۆرییەتەکەی بەمەبەستی ملکەچاندنی ئۆزبەگەکان لە بوخارا و خوارەزم، کە بەردەوام هێرشیان دەکردە سەر خوراسان. ئەوەیشی بەبێ هیچ خوێنڕشتنێک کرد و دەسەلاتەکەی بۆ گەورەکەیان (کە نازناوی خان بوو) گێڕایەوە بەو

مەرجەی دەرەبەگایەتییەکی شوێنکەوتەی ئەو بێت و ناچاری کرد دان بەوەدا بنێت سنوورەکانی رووباری جیحۆنە Oxus.

لە ١٥ی ئایاری ساڵی ١٧٤١ هەوڵێک بۆ کوشتنی نادر لە مازندەران درا لەکاتی ئەو هەڵمەتەی کردییە سەر لازییەکان لە قەوقاز و وترا رێکخەرەکەی میراتگری تەخت رەزا بووە. شا تۆڵەی لە کورەکەی کردەوە و هەردوو چاوی کوێر کرد و لەو کاتەوە گۆڕا بۆ زۆردارێک کە بەتێپەرینی رۆژگار تا دەهات تینوێتی بۆ خوێن زیاتر دەبوو. بابی عالی رازی نەبوو بەدەم داواکەی نادر شاوە بچێت بەدانان بە مەزەبی پێنجەمە تازەکە، کە لە فارس دایمەزراند، لەبەرئەوە هەڵمەتێکی کردە سەر موڵکەکانی عوسمانی لە جەزیرەی فوراتی. بەڵام پاشای بەغدا توانی لەڕێی دانوستانی زیرەکانەوە نادر شا لەو نیازی شەڕکردنەی هەیبوو پەشیمان بکاتەوە. بەم شێوەیە شا قایل بوو بە سەردانی شارە پیرۆزەکانی عێراق و لە کۆنگرەیەکی زانایاندا کە لە نەجەف بەسترا دانپێدانانێکی ڕەسمیی نوێی بە شەرعیەتی ئەو مەزهەبەی دایمەزراندبوو بەدەست هێنا. پشتیوانیەکانی ناو ئیمپراتۆرییەتەکەی بووبوونە لەمپەر لەبەردەمیدا لەوەی بەهیمەتێکی گەورەتر دژی تورکەکان لە دورگەی فوراتی بجوڵێتەوە، تا کاتێک ساڵی ١٧٤٦ سوڵتان سوپایەکی نوێی ئاراستە کرد، سەرەڕای سەرکەوتنە گەورەکەی لە ئەریوان، قایل بوو بەدەستکاریکردنی سنوورەکانی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، تا بگەڕێتەوە ئەو بارەی لەسەردەمی مورادی یەکەم لەسەری بوو و وازی هێنا لە داواکردن لە بابی عالی بەدانان بە مەزهەبە نوێکەیدا، بەڵکو ئەو لای خۆیەوە دانی بەسوڵتانی عوسمانیدا نا وەک خەلیفەی موسڵمانان. بێگومان نادر شا لە سەرکوتکردنی شۆڕشە بەردەوامەکانی ئیمپراتۆرییەتەکەی تا دەهات دڵڕەقتر دەبوو ، بەبەڵگەی ئەو گردە کەللەسەرانەی سوپاکەی پاش تێپەڕینی بەهەر شوێنێکدا لەپاش خۆی بەجێی دەهێشت. راستییەکەی ئەو لە گەرمەی هەڵمەتانەدا بوو کە لە ٢٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٧٤٧ لە فەتح ئاباد لە هەرێمی قوچانی کوردی بەدەستی هەندێ لە سەرانی هۆزەکەی خۆی، ئەفشار بە ڕێکەوتن لەگەڵ قاجار، کوژرا[١٤٣]. نادر شا برازاکەی، عەلی قولی جێگەی گرتەوە، کە پاش چوونە سەر تەخت خۆی ناونا عادل شا، بەڵام پاش تەنیا ساڵێک لەو جەنگانەی ناچار بوو دژی ئەوانەی چاویان بڕیبوە تەخت ئەنجامیان بدات و لە هەموو جێیەک یاخی بووبوون، ئیمپراتۆرییەتەکەی لەدەست دا، کە سەرەنجام یەکێک لەوانە بەناوی کەریم خان سەرکەوتنی بەدەست هێنا، کە فارسێکی باشوور بوو لە هۆزی زەند. لەڕاستیدا لە ساڵی ١٧٥٠ تا ساڵی ١٧٧٩لە شیرازەوە حوکمی تەواوی ئیمپراتۆرییەتەکەی دەکرد، بەڵام خۆی بە نوێنەری ئیسماعیلی سێیەم، دواین

---

[١٤٣] بڕوانە: L. Lockhart. Nadir Shah, a critical study based maily upon contemporary sources, London 1938.

بنەماڵەی سەفەوییەکان دادەنا نەک هیتر. کەریم لە ئەبادە ئەم ئیسماعیلەی بەند کردبوو. لە سەردەمی ئەودا شاری گوڵان [شیراز] قۆناغێکیتر گەشانەوە و پێشکەوتنی بەخۆوە بینی کە تا ئەمڕۆ هێشتا لە ژمارەیەک لە جوانترین و قەشەنگترین باڵەخانەکاندا لەبەرچاوان خۆی دەنوێنێت. هەرچۆن بێت، پاش مردنی، هۆزەکەی لەناو خۆیاندا پەرت بوون و بوون بە خۆراکی ئاگری دەمارگیرییە خوێناوییەکان، کە وەک پاشتر دەبینین رێگەی تەختی بۆ قاجار خۆش کرد.

پاشکەوتنی سیاسیی دەوڵەتی فارسی سەردەمێکی دوور و درێژ لە ئاشتی بۆ ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی مسۆگەر کرد، کە کەس ئارامی لێ تێک نەدا، تەنانەت هاوسێ ئەوروپییەکانیشی خۆیان. ساڵی ١٧٥٧ سوڵتانێکی بەهێز چووە سەر تەخت، ئەویش مستەفای سێیەم بوو، کاروباری حوکمی لە ساڵە بەراییەکانی سەردەمەکەیدا بۆ گەورەی وەزیرەکانی (واتە سەدری ئەعزەم) راغب پاشا بەجێهێشتبوو، کە تا مردنی لە ساڵی ١٧٦٣ توانی سیستم لە دارایی دەوڵەتدا جێگیر بکات و سوپا لە لەبەریەکهەڵوەشان بپارێزێت. فریدریکی گەورە بەئومێدی ئەوە بوو سوود لە یارمەتیدانی وەربگرێت بۆ رازیکردنی بابێ عالی بۆ هێرشکردنە سەر نەمسا لەکاتی جەنگی حەوت ساڵەدا، بەکردەوەیش پەیماننامەی دۆستایەتی لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و پرووسیا لە ٢٩ی ئاداری ساڵی ١٧٦١ بەسترا. بەڵام سوڵتان بەهۆی ئاشتیخوازییەکەی و بە پاڵپشتیی زانایان، رازی نەبوو دەست بخاتە ناو ئەو جەنگە یان بەشداری تێدا بکات.

جەنگە رووسی و تورکییەکان

پەیدابوونی پرسی پۆڵەندی وای لە بابی عالی کرد -جارێکیتر- بەشداریەکی کارا لە سیاسەتی ئەوروپیدا بکات. ئیستانبوڵ سەرەتا لەئاست هەوڵدانی کاترینە لاوازکردنی پۆڵەندە هەڵوێستی تەماشاکاری وەرگرت، ئەگەرچی رووسیا یارمەتی جۆرجییەکانیشی دەدا دژی عوسمانییەکان و کێشە و سەرێشەی بۆ خانی کریمیا دروست دەکرد. بەڵام حزبی (ئیتتیلاف) لە پۆڵەندە سەرەنجام توانی سوڵتان وا لێبکات بەرگری لە هەژموونی خۆی لە باکووری رۆژهەلات بکات. تا کاتێک شاری باڵتە Balta لەسەر سنووری بەسارابیا وێران کرا، موفتی، سەرەڕای ئاشتیخوازیی هاوەڵانی، فتوای دا بەزەرورەتی بەرپاکردنی جەنگ دژی رووسیا.

ئەوکاتە دەوڵەت باجی فەرامۆشکردنی درێژخایەنی سوپای دا. ئەوە بوو هێزە رووسییەکان شکستیان بەسەر تەتارە کریمییەکاندا هێنا، کە هەڵمەتەکە بەسەرکردایەتیی خانی کریمیا (کرای) دەست پێکرد، پاشان دەستیان بەسەر خووتیندا گرت، لەکاتێکدا سوپای عوسمانی لە دوبورجە دامەزرابوو. ساڵی ١٧٧٠ رووسەکان لەڕێی

مۆڵداڤیا و والاچیاوه پێشڕەوییان کرد تا گەیشتنه رووباری دانووب و کیلیا و بەندەر و برایلایان داگیر کرد، ئەویش پاش ئەوەی سوێندی لابەندییان بۆ کاترینا لە خانەدانانی رۆمانی وەرگرت. لەم کاتانەدا بۆ یەکەم جار لە دەریای ئیجە کەشتیگەلێکی رووسی پەیدا بوو، کە ئەرکێکی قورسی خرابووە ئەستۆ، ئەویش هەڵگیرساندنی شۆڕش بوو لە یۆنان و پاڵپشتیکردنی شۆڕشگێڕان بوو دژی بابی عالی. بەم شێوەیە چەتە ئیجەییەکان ژمارەیەک پێگەی بەهێزیان لە موورە داگیر کرد، بەڵام نەیانتوانی باش پارێزگارییان لێ بکەن. لە تەممووزی ساڵی ١٧٧٠ رووسەکان توانییان لە دورگەی چەشمە Chashma لە کەناری ئاسیای بچووک ئاگر لە کەشتیگەلی عوسمانی بەربدەن. تەنانەت ترسی ئەوە هەبوو هێرشێکی لەناکاو بکرێتە سەر ئیستانبوڵ خۆی، بەڵام رووسەکان ئەو سەرکەوتنەیان نەقۆستەوە.

ساڵی پاشتر رووسەکان سەرکەوتنێکی گەورەیان تۆمار کرد، ئەوە بوو دوای هێرشێک کە تێیدا دەستیان گرت بەسەر بەرقوبدا Perekop، توانییان نیمچە دورگەی کریمیا ملکەچ بکەن. لەڕاستیدا میانگیریی پرووسیا و نەمسا، کە لە بەرانبەریدا بابی عالی دەستبەرداری سەرجەم داواکارییەکانی بوو لە هۆڵەندە، زۆری نەبرد ئیمزاکردنی شەڕوەستانێکی لەنێوان هەردوولای ناکۆک لێ کەوتەوە لە حوزەیرانی ساڵی ١٧٧٢. بەڵام هەردوولا نەیانتوانی بگەنە رێکەوتنێک سەبارەت بەو قەڵایانەی لەسەر دەریای رەش بوون سەرباری ئامادەیی بابی عالی بۆ دەستهەڵگرتن لە نیمچە دورگەی کریمیا خۆی. عوسمانییەکان لەو ماوەیەدا سوپاکەیان رێک خستبووەوە بەشێوەیەک لەتوانایاندا بوو بەرپەرچی هێرشی رووس لە بەلقان بدەنەوە. پاشان رووسەکان ناچار بوون گەمارۆ لەسەر سیلیستریا و قارنە هەڵبگرن و لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٧٧٣ لەڕیی دانووبەوە بکشێنەوە. سوڵتان بەنیاز بوو خۆی سەرکردایەتیی سوپاکە بکات، بەڵام زۆری نەبرد لە ٢٤ی کانوونی یەکەمدا بەهۆی نەخۆشکەوتنیەوە مرد.

دوای ئەو عەبدولحەمیدی بۆرای چووە سەر تەخت، کە کەسێکی گرنگ نەبوو. لە تەممووزی ساڵی ١٧٧٤ سەدری ئەعزەم موحسین زادە کەوتە بۆسەیەک کە لای شوملا بۆی نرابووەوە و بەشی هەرەزۆری سوپاکەی، لەڕێی هەڵاتنیان لە خزمەتی سەربازییەوە لەدەست دا، هەروەها ناچار بوو داوای ئاگربەست لە فیلد مارشاڵ رومانتزۆف بکات. لە کوچوک قینارجە لە باشووری سیلیستریا لە ٢٢ی تەممووزی ساڵی ١٧٧٤ پەیماننامەی ئاشتی لەنێوان هەردوولا ئیمزا کرا. لەڕاستیدا بابی عالی لەم پەیماننامەیەدا دەستی لە گرنگترین قەڵاکانی دەریای رەش هەڵگرت (قەڵاکانی: کەرچ، یەنی کەلا و کین بورن)، هەروەها دەستی لە قەبەرتەی گەورە و بچووک لە قەوقاز هەڵگرت بۆ رووسیا و مافی

تێپەڕبوونی کەشتیگەلەکەی بە دەردەنیلدا درا. نەک هەر ئەوە، بگرە ناچار کرا دان بە سەربەخۆیی تەتار لە نیمچە دوورگەی کریمیادا بنێت و لێبوردنی گشتی و ئازادیی عیبادەت ببەخشێتە دانیشتوانی مۆلداڤیا و والاچیا. سەنگی بابی عالی لە ئەوروپا بەشێوەیەک دابەزیبوو وا دەهاتە بەرچاو دەرکردنی عوسمانییەکان لەوێ تەنیا مەسەلەی کاتە. نەمسایش سوودی لەمە وەرگرت و راستەوخۆ پاش پەیماننامەی ئاشتییەکە و بەیانوویەکی لاواز بوقوینە (بوکوڤینا)ی لە جەستەی دەوڵەتەکە کردەوە، بابی عالیش نەیتوانی رێگەی لێ بگرێت. ساڵی ١٧٨٣ کاترینا تەتاری ملکەچ کرد و بەوەیش بەیەکجاری کۆتایی بە سەربەخۆیی نیمچە دوورگەی کریمیا هێنا. پاشان سوڵتان سالّی ١٧٨٤ لە پەیماننامەی (ئایینەلی کەڤاک) Ainali Kavak دا ناچار کرا دان بەوەیشدا بنێت.

زۆری نەبرد دەرفەت بۆ بابی عالی هەڵکەوت ئەوەی لە جەنگیدا لەگەڵ رووسیا لەدەستی دابوو قەرەبووی بکاتەوە، ئەویش چونکە خەڵکی قەوقاز بەموسڵمان و مەسیحییەوە، لە هەمان ساڵدا (١٧٨٤) لە هیرەقل ئەمیری جۆرجیا راپەڕین کە چووبووە ژێر سایەی پاراستنی کاترینا. بەڵام هەوڵەکەی بابی عالی بۆ گێڕانەوەی نیمچە دوورگەی کریمیا لەسەر تاشە بەردی سەرکردایەتیی بالادەستی سوڤۆرۆڤ Suvorov تێکشکا. ئەو سەرکردە توانی بەرگرییەکی سەرکەوتوو لە کینبورن بکات، تا لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٧٨٨ بەزۆر دەستی بەسەر ئۆچاگۆڤدا گرت پاش ئەوەی کەشتیگەلی عوسمانی لە هاوینی بەسەرچوودا لە کەنارەکانی کریمیا تێک شکێنرا. لە شوباتی هەمان ساڵ جۆزێفی دووەم ئیمپراتۆری نەمسایش جەنگی دژی بابی عالی راگەیاند. بەڵام سوپاکەی تەنیا پێشکەوتنێکی خاوی لە سیرب و ترانسلڤانیا بەدیهێنا. لەکاتێکدا ئاشی ئەم جەنگە لە گەڕاندا بوو، سوڵتان سەلیمی سێیەم دوای مردنی عەبدولحەمید (ی یەکەم)، لە ٧ی نیسان چووە سەر تەخت، ئەویش درێژەی بەجەنگەکە دا و زیانێکی زۆری گەیاند، بەڵام هەرچۆن بێت مەترسیی نەمسا بۆ یەکەم جار بەمردنی جۆزێفی دووەم دوور خرایەوە. پاشان میانگیریی پرووسیا و دەوڵەتانی دەریایی ئیمزاکردنی رێکەوتنامەی ئاشتیی زیستۆڤای لێ کەوتەوە لە ٤ی ئابی ساڵی ١٧٩١، بەو پێیەش بابی عالی میرنشینەکانی دانووب تا ئۆرسۆڤای بەدەستەوە مایەوە. دوای شەڕێکی گەرم لە بێسارابیا و کریمیا و هەروەها لەسەر دانووبیش، رێکەوتنامەی ئاشتیی زیستۆڤا رێکەوتنامەیەکیتری ئاشتی بەدوادا هات کە بابی عالی لای یاش Jassy لە ٩ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٧٩٢ لەگەڵ رووسیا ئیمزای کرد، ئەو سوڵحە رووباری دەنیستەری کرد بە سنووری جیاکەرەوەی نێوان هەردوو دەوڵەت و سوڵتان بەیەکجاری دەستی لە نیمچە دوورگەی کریمیا هەڵگرت بۆ رووسیا.

ژیانی عەقڵی لەم سەردەمەدا

لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی ناچار بوو بەتەواوەتی لە هێرشکردنەوە بگوێزێتەوە بۆ قۆناغی بەرگریکردن. هەروەها ئەوە روون بووبەوە کێبرکێی دەوڵەتە ئەوروپییەکان تاکە گەرەنتییە بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکەکانی عوسمانی لە ئەوروپا. ئەم لاوازیە سیاسییەی ئیمپراتۆرییەتەکە، هاوتەریب لاوازییەکی لە ژیانی عەقڵیش لەگەڵدا بوو، چونکە هیچکام لە سوڵتانەکانی ئەم سەردەمە و وەزیرەکانی کەمترین بایەخیان بەئەدەب نەدەدا، شیعر -سەرەڕای دۆزمنایەتی سیاسیی نێوان دەوڵەت و فارس- هێشتا ملکەچی شاکارە فارسییە کلاسیکییەکان بوو، ئەگەرچی هەندێ هەوڵی تاکەکەسی هەبوون بۆ هێنانی شێوازی میللیی تورکی بۆ ناو ئەدەب. بەڵام لەناو شاعیراندا کەسانێک هەبوون تا رادەیەک گوزارشتیان لە ئازارەکانی سەردەم کردوە، ئەویش لە شێوەی شیوەنی تاڵ و رەخنەگرتنی توند لە دۆخی نالەباری کۆمەڵایەتیدا. بەڵام لە پەخشاندا، تا دەهات زمانی دەستکرد و کرچ و کاڵ کەڵەکە دەبوو، لەناویاندا کتێبی "سیاحەتنامە"ی ئەولیا چەلەبیی لەم ڕێسایە بەدەرە، کە کەمێک دوای ساڵی ١٦٧٩ مردوە و تێیدا چیرۆکی گەشت و سەفەرەکانی گێڕاوەتەوە، کە کتێبێکی نایابە، هەر لەبەر ئەم نایابییەیشی لەلایەن هاوسەردەمەکانیەوە وەک پێویست نرخی پێ نەدراوە. ئەولیا چەلەبی سەر بە بنەماڵەیەکی دێرینە لە بواری سەربازیدا، خۆی بەشداری لەو جەنگانەدا کردووە کە لە ڕووسیا و ترانسلڤانیا و مەجەر ڕوویان داوە. لە ماوەکانی ئاشتیشدا بەسەرتاسەری ئیمپراتۆرییەتەکەدا گەڕاوە، تا سووریا و میسر لە باشووروەوە. ئێمە ئەگەر ڕەخنەی ئەوەی لێ بگرین کە ئەو چیرۆکانەی بەلاوە پەسەند بووە لەسەر زمانی ئاژەڵان بوون و لەبارەی شتی سەیر و سەمەرە و موعجیزات دانراون، بەڵام گومان لەوەدا نیە کتێبەکەی بەو مادده دەوڵەمەندەی سەبارەت بە بارودۆخی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی تێیدایە، کارێکی تاکانەیە، نەک تەنیا لە ئەدەبی عوسمانیدا، بەڵکو لە سەرجەم کەلتووری ئیسلامیدا. لەڕاستیدا سەدەی هەژدەیەم لەپاڵ سیاحەتنامەدا ژمارەیەکی باش کتێبی گەشتنامەی تێدایە بۆ نموونە وەک کتێبەکەی "ڕەسمی" لەبارەی سەرنج و هەستەکانی خۆی وەک باڵێۆزێک لای فریدریکی مەزن، بەڵام هیچکام لە نووسەرانی ئەو کتێبانە لە زیندوێتیی وەسفەکانیدا بە چەلەبیدا ناگەن.

بەشی چوارەم

ئیسلام لە سەدەی نۆزدەیەمدا

ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و میسر

لەگەل ئاوابوونی سەدەی هەژدەیەم و سپێدەی سەدەی نۆزدەیەمدا، ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، کە هێشتا سەرکردایەتیی جیهانی ئیسلامی دەکرد، بۆ نزمترین ئاستی لاوازی و دواکەوتن دابەزی. پێشتر هەردوو دراوسێکەی باکووری، نەمسا و رووسیا، ژمارەیەکی باش لە مولکە گرنگەکانیان لەدەستی دەرهێنا. لە ئاسیا ئیمپراتۆرییەتی قەیسەرەکان تەکانی دا بۆ پێشەوە تا گەیشتە سنوورەکانی [دەوڵەتی عوسمانی] پاش دەستەهەڵگرتنی هیرەقل فەرمانڕەوی گورجستان (جۆرجیا) لە تەخت سالّی ١٧٨٤. سووریا و میسر گەیشتبوونە نزیک لە سەربەخۆیی لە سایەی [ئەحمەد] پاشای جەزار و مەمالیکدا. لە ئەوروپایش مەیلی سەربەخۆیی لەنێو ژێردەستەکان (رەعیەت)دا بەجیاوازیی گەل و نیشتمانەکانەوە، سەرەتاتکێی بوو. سوپا گەیشتبووە ئەوپەڕی گەندەڵی و لەبەریەک هەڵوەشان، پاش ئەوەی ئەو دامەزراوانەی کە شکۆی رابردووی لەسەریان وەستابوو، لەمێژە هەرەسیان هێنابوو.

سەردەمی "تەنزیمات"

داواکاریی چاکسازی (تەنزیمات) -بەچاوپۆشین لە ژمارەیەک بزوتنەوەی هەڵگەڕانەوە- بەسەر سیاستی ناوخۆی ئیمپراتۆرییەتەکەدا زاڵ بوو. ویستێک هەبوو بۆ سوودوەرگرتنی ئیمپراتۆرییەتەکە لەو دامەزراوانەی بناغەی پێشکەوتن و بااڵدەستیی گەلانی ئەوروپی بوون، بەبێ ئەوەی ئەو سوودە بەسەر تایبەتمەندیی جەوهەریی ئیمپراتۆرییەتەکەدا زاڵ بێت. لەڕاستیدا چاکسازییەکان یەکەم جار لە سوپاوە دەستیان پێکرد، کە بناغەی تەواوی دەوڵەتەکە پێکدەهێنا. بەم شێوەیە زاڵبوونی عەسکەرییەت و پیاوانی عەسکەر -ئەو زاڵبوونەی وا رێکەوت بڕیار لە چارەنووسی سەرجەم پەرەسەندنەکانی پاشتر بدات- گواستیەوە بۆ ئەو شێوازەی عوسمانییەکان خۆیانیان لەگەل مەدەنیەتی ئەوروپیدا پێ گونجاند و بەسەریدا زاڵ بوو. ئامانجی چاکسازییە سەربازییەکە بەپلەی یەکەم دامەزراندنی سوپایەکی نوێ و بەهێز بوو بۆ جێگرتنەوەی ئینکیشاری، کە لەمێژ بوو بووبووە بەڵا بەسەر پایتەختەوە، لەکاتێکدا لە رابردوودا قەڵغانی پارێزەری بوو. لەڕاستیدا سوڵتان سەلیمی سێیەم پێشتر هەوڵی دا سوپایەکی نوێ دابمەزرێنێت، لەو رووەیشەوە دیپلۆماسییەتی فەرەنسی هێشتا، تەنانەت دوای شۆڕشیش، هەژموونێکی فراوانی لە کۆشکەکەیدا هەبوو، ئەوا مۆدێلی فەرەنسی کردە سەرمەشق، ئەوەیش بە رێنوێنیی باڵیۆزی ناپلیۆن (لە ئاستانە] ژەنەرال سێباستیانی. بەاڵم زۆری نەبرد ئینکیشارییەکان لەگەل لەشکرگەکانی قەاڵی بوسفۆردا پیلانیان گێڕا -تەنانەت بەر لەوەی مەشق بەو سوپایەیش بکرێت و بەر لەوەی سوودی لێ وەربگیرێت لە ملکەچاندنی

شۆرشێک که له بەلقان بەرپا بووبوو- و سوڵتانیان ناچار کرد بەدەستبەرداربوون له تەخت له ٢٩ی ئایاری ساڵی ١٨٠٧ پاش ئەوەی سەرجەم لایەنگرانی چاکسازییان پەلکێشی مەیدانی پێشبڕکێ (ئات مەیدان) کرد و کوشتنیان.

شۆڕش له وڵاتی سیرب و یۆنان

مستەفای چوارەمی ئامۆزای -که لەلایەن رەگەزە کۆنەپەرستەکانی سوپاوە پاڵپشتی دەکرا- نەیتوانی له ساڵێک زیاتر لەسەر تەخت بمێنێتەوە و حاکمی سیلیستریا مستەفا بەیرەقدار له دەسەڵات دایماڵی. لەبەرئەوەی سەلیم پێش لەو مردبوو، مەحموودی دووەمی برای له تەختدا جێگەی گرتەوە. بەڵام هێشتا کۆنەپەرستی زۆر بەهێز بوو، بەشێوەیەک بەیرەقدار ناچار بوو لەبەردەمیدا ملکەچ بێت، هەروەها مەحموودیش بەهۆی شکستە لەدوای یەکەکانی له سیاسەتی دەرەوەدا ناچار بوو پلانە چاکسازییەکانی دوا بخات که ئەویان کردە دامەزرێنەری تورکیای نوێ. ئەوە بوو له جەنگێکدا که دژی رووسیا ئەنجامی دا هەریەک له نیکۆپۆلیس و سیلیستریا و روسچوکی لەکیس دا و قەیسەر تەنیا لەترسی ئەوەی ناپلیۆن جەنگ دژی وڵاتەکەی بەرپا بکات رێکەوتنی ئاشتیی بوخارێستی ئیمزا کرد (٢٨ی ئایاری ساڵی ١٨١٢)، -ئەو ئاشتییەی تێیدا دانی بەوەدا نا رووباری بروت سنووری جیاکەرەوەی نێوان رووسیا و دەوڵەتەکەیە، هەروەها رایگەیاند بەنیاز نیە له ئایندەدا هیچ فراوانبوونێکی نوێ بکات. نەک هەر ئەوە، بگرە مەترسییەکیتر هەبوو که زیاتر له هەموو ئەوانە هەڕەشەی له دەوڵەتی عوسمانی دەکرد، ئەویش شۆڕشەکانی "گەلانی رەعیەت" بوو [له ئەورووپا]. له ساڵی ١٨٠٤ەوە سیربەکان بەسەرکردایەتیی قەرە جۆرج Karageorgios شۆڕشیان دژی دەوڵەت راگەیاندبوو و توانییان له دوایین هەڵمەتدا، یارمەتییەکی کاریگەر پێشکەش بە رووسیا بکەن، قەیسەریش له پاداشتی ئەوەدا له پەیماننامەی ئاشتییەکەدا ئەوەی کردە مەرج نیمچە سەربەخۆییەکی ناوخۆیی و مافی داوەریخوازییان لەبەردەم دادگە تایبەتەکانی خۆیان بدرێتێ. جا لەو رووەوە له کۆتی جیزیەی زۆرەملێ -که قورستترین شت بوو پشتی چەماندبوونەوە- رزگاریان نەبوو، درێژەیان بەخەبات دژی دەوڵەت دا، تا کاتێک قەرەجۆرج رایکرد بۆ نەمسا میلۆش ئۆبرینۆڤیچ جێگەی گرتەوە. ساڵی ١٨٢٠ ئاگری شۆڕشی یۆنانیش هەڵگیرسا که حەماسەی ئەوروپی هیلینی بزوێنەری بوو، که هەر هێندە نەبوو بابی عالی له هەرێمێکی زۆر گرنگ بێبەش دەکرد، بەڵکو سەری کێشا بۆ کۆمەڵێک کێشەی دیبلۆماسیش که ئەوسەریان دیار نەبوو. هەرچۆن بێت، سوڵتان توانی بەسەر سەربەخۆیی خانەدانان (ئەعیان) له رۆم ئیلی و دەرەبەگەکان له ئەنادۆڵدا زاڵ بێت و هەیبەتی حکومەتی ناوەندی له ویلایەتەکان بەهێز بکات.

مەحموودی دووەم ئینکیشاری لەناو دەبات

لە سەرجەم ئەو شەڕانەدا ئینکیشاری سەلماندیان هیچیان پێ ناکرێت. بەڵام سوڵتان مەحموود بەباشی سوودی لەو ماوەی چاوەڕوانکردنەی ڕەگەزە کۆنەپەرستەکان بەسەریاندا سەپاندبوو وەرگرت و هێدی هێدی زۆربەی پۆستە سەرەکییەکانی بەپیاوانێک سپارد کە دڵسۆزی بوون. بەهاتنی بەهاری ساڵی ١٨٢٦ توانی دەست بەکار بێتەوە بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی سوڵتان سەلیم [ی سێیەم]. بەم شێوەیە -لەسایەی پاراستنی چەکدارانی ئەنادۆڵی کە حاکمی بیکۆز Beikos لە بەری ڕۆژهەڵاتی بوسفۆر مۆڵی دابوون- فەرمانی دەرکرد بە دامەزراندنی سوپایەکی نیزامی نوێ ناوینا "موعەللەم ئەشکینجی" (پاسەوانی مەشقدراو). مەحمەد عەلی والیی میسر ئەو مەشقدەرانەی بۆ نارد کە دامەزراندنی ئەو سوپایە پێویستی بوو. هەروەها توانی ئەفسەرانی ئینکیشاری بۆ لای خۆی رابکێشێت و پلانە چاکسازییەکانیان پەسەند کرد، لەکاتێکدا سەربازانی خوار ئەوان بەرهەڵستییان بۆ ئەم چاکسازییە توندتر بوو. ڕۆژی ١٨ی حوزەیران وەک وادە دیاری کرا بۆ نمایشکردنی سوپا نوێیەکە لە کیئاغیدخانە لەنزیک ئیستانبول. ئینکیشارییەکان بۆ ئەوەی ڕێگە لەو نمایشە بگرن سێ ڕۆژ بەر لەو وادەیە یاخی بوون، سەرەتا تەنیا داوای هەڵوەشاندنەوەی یاسا نوێکانی مەشقدانی سوپای نوییان دەکرد، بەڵام سوڵتان بەڕەزامەندیی زانایانی ئایینی فەرمانی دا بەیداخی پێغەمبەر هەڵبکرێت، وەک ئەوەی بیەوێت شەڕی تاقمێک لە کافران بکات سوپا بەخێرایی کۆکرایەوە و فەرمانی پێکرا ئینکیشارییەکان لە گۆڕەپانی ئات، لەبەرانبەر سەربازگەکانیان گەمارۆ بدات. موفتی نەفرەتی لێکردن، پاشان کوشتارگەیەکیان بۆ ساز کرا کەسیان قوتاری نەبوو، هەروەها نزیکەی هەزار ئینکیشاری لە بەشەکانیتری شاردا کوژران. بەیداخەکەیان و پۆشاکە جیاوازە تایبەتەکەیان، واتە کڵاو، خرایە ناو قوڕ و ئەو مزگەوت و قاوەخانانەیان ڕوخێنران کە سەریان لێدەدان. نەک هەر ئەوە، بگرە تەریقەتی بەکتاشیش کە پەیوەندی بە ئینکیشارییەوە هەبوو هەڵوەشێنرایەوە، هەروەها تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە و حەمالانیش هەڵوەشێنرانەوە کە پەیوەندیی تووندوتوڵیان بەوانەوە هەبوو. لەڕاستیدا دەوڵەت پیاوانی تۆپخانە و پاسەوانی بوسفۆریشی فەرامۆش نەکرد، کە ئەم جارە خۆیان بەلابەند پیشان دا ئەگەرچی زۆرجار پاڵپشتی ئینکیشارییان دەکرد و هاوکاریان بوون، لەبەرئەوە هەر کەسێک مەیلی کۆنەپەرستانەی هەبووبێت یان گومانی ئەوەی لی کرابێت، لەناو برا.

بەڵام دەوڵەتانی خۆرئاوا کاتیان نەدا بە سوڵتان بەری ئەم چاکسازییە خوێناوییە بچنێتەوە. ئەوە بوو لە ٧ی تەموزی ساڵی ١٨٢٧ فەرەنسا و ئینگلستەرا و ڕووسیا هاوپەیمانییەکی سیقۆڵیان بەست، پاشتر پرووسیایش چووە ناوی، بەمەبەستی ناچارکردنی سوڵتان بۆ ئازادکردنی گەلی یۆنانی پاش ئەوەی ئیبراهیم پاشا بەهێزە

میسرییه ئیزافییەکانی هێرشێکی قورسی کردە سەر شۆڕشگێڕان لە موورە، کە دواین قەڵایان میسولونکی ناچار بوو لە ٢٣ی نیسانی ساڵی ١٨٢٦ دوای گەمارۆیەکی شەش مانگی خۆی بەدەستەوە بدات، هەروەها کەشتیگەلی سوڵتان لە کەناری موورە Morea پەیدا بوو کە چوار هەزار سەربازی پیادە و پێنجسەد سوارەی بۆ بەهانا وەچوونی ئیبراهیم هەڵگرتبوو و لەبەردەم بەندەری ناڤارینداا لەنگەری گرت. بەڵام چەند یەکەیەکی کەشتیگەلەکانی دەریای ناوەڕاستی سەر بە دەوڵەتانی هاوپەیمان لەوێ بەرهەڵستی بوونەوە و رێگەیان بە ئیبراهیم نەدا، کە سەرکردایەتییەکەی وەرگرتبوو، هیچ کارێکی سەربازی نوێ لە کەناری یۆنانی ئەنجام بدات. کاتێک ئیبراهیم رەتیکردەوە ملکەچی ئەو دەستوەردانە بێت کە لەگەڵ سەروەریی باڵای دەسەڵاتە سەربازییەکەیدا تێک دەگیرا، لە ٢٠ی تشرینی یەکەم ئەو شەڕە دەریاییە دڵتەزێنە بەرپا بوو، کە تێیدا لە پێکدادانێکی شەش کاتژمێریدا کەشتیگەلی عوسمانی کە لە سەد کەشتی پێکهاتبوو بەتەواوەتی تێک شکێنرا.

بابی عالی لەبەرانبەر ئەم هێرشە وەحشییانەیەدا کە لە جەرگەی ئاشتیدا رووی دا کاردانەوەی هەبوو، دەستی بەسەر سەرجەم کەشتییە دەریاییە بیانییەکاندا گرت کە لە قۆچی ئاڵتوونیدا لەنگەریان گرتبوو. دوای دانوستانێکی شکستخواردوو نوێنەرانی هاوپەیمانیی سێقۆڵی لە ناوەڕاستی کانوونی یەکەمدا ئیستانبوڵیان بەجێهێشت. بەڵام جەنگ دژی بابی عالی –کە رووسیا دوای ئامادەکارییەکی گەورە دەستی پێکرد- تا ئایاری ساڵی داهاتوو رانەگەیەنرا. لەڕاستیدا سوپاکەی لە ساڵی یەکەمدا نەیتوانی هیچ پێشکەوتنێکی ئەوتۆ بەدی بێنێت، چ لە بەلقان یان لە قەوقاز. لە بەهاری ساڵی ١٨٢٩ ئەمیر دیبیچ Diebitch سەرکردایەتیی سوپاکانی رووسیای لە ئەوروپا گرتە دەست. گەمارۆی شوملای دا کە پێشتر پێشڕەویکردنی هێزەکانی وەستاندبوو، لە پێشڕەوی بەردەوام بوو تا ئەدەرنە، لە ١٤ی ئەیلوول مەرجەکانی ئاشتی بەسەر سوڵتاندا سەپاند. ئەم پەیماننامەیەدا رووسیا بەوەندە قایل بوو عوسمانییەکان دەست لە دورگەکانی دانووب و هەرێمە تورکییەکانی قەوقاز لەنێوان هەردوو ویلایەتی ئیمەرەتیا و جۆرجیا هەڵبگرن، بەڵام سوڵتان ناچار کرا بەبەشداریکردن لە پەیماننامەی لەندەن، یان بڵێین، ناچار کرا بە دانان بەسەربەخۆیی یۆناندا.

محەمەد عەلی والیی میسر

لەکاتێکدا مەحموود هێشتا، بێهوودە، سەرقاڵی هەوڵدان بوو بۆ گۆڕانەوە بەدەوڵەت لەڕێی چاکسازییەکانەوە، شوێنکەوتە میسرییەکەی، واتە محەمەد عەلی، لەو رێگەیەدا زۆر پێشی ئەوی دابوویەوە. ئەم پیاوە، کە گرنگترین کەسایەتییە لە مێژووی ئیسلامی نوێدا، لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٧٦٩ لە کەڤالە لە کەناری مەکدۆنی لەدایک بووە، کە مامی

پۆستی "موتەسەلیم" *mutasallim* (جێگری والی) هەبوو. لە دیوانی ئەو مامەیەیدا فێری کاروبارەکان بووە بەبێ ئەوەی پەروەردەیەکی راستەقینەی لەقوتابخانەدا هەبووبێت. کاتێک تەمەنی گەیشتە بیست ساڵ لە بازرگانیی توتندا سەرکەوتنی بەدەست هێنا و دەستەوارەی تێدا دەکرد. توتنیش مادەی سەرەکیی بازرگانی بوو لە ولاتەکەی خۆی. بەهەرحاڵ، ئەو هەرێمە لاتەریک و دوورەدەستە لەوە بەرتەسکتر بوو جێگەی خەونە فراوانەکانی ئەوی تێدا بێتەوە.

لە میسر مەمالیکەکان تا پاش فەتحی عوسمانیش، لە سەردەمی سوڵتان سەلیم ساڵی ١٥١٧، پاڕێزگارییان لە هێزی خۆیان کردبوو. ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بەگشتی هیچ گرنگییەکی بەو ولاتە نەدەدا تەنیا لەو رووەوە نەبێت بنکەیەکی سەربازی بوو یارمەتی دەدا بۆ پاڕێزگاریکردن لە دەسەلاتی بەسەر سووریا و ولاتانی عەرەبدا، ئەمە جگە لەو سەرانەیەی پێشکەشی بابی عالی دەکرد. میسر رانەکێشرایە نێو بازنەی مێژووی جیهانی تا کاتێک ناپلیۆن بیرتێژیی خۆی وەک دەروازەیەک بۆ لێدانی هەژموونی ئینگلیزی لە هیند چاوی تێبڕی. ساڵی ١٧٧٨ بەریتانیا پەیماننامەیەکی بازرگانی لەگەڵ گەورەی مەمالیک عەلی بەگ بەست کە پێشتر بۆ ماوەیەکی کورت پاڕێزگاری لە سەربەخۆیی خۆی لە بابی عالی کردبوو، ئەویش بەمەبەستی پاراستنی کەشتیەوانیی خۆی لە دەریای سوور. لە تەممووزی ساڵی ١٧٩٨ ناپلیۆن بەبیانووی ئەوەی خراپ بەڕێوەبردنی مەمالیک مووڵکەکانی هاوڵاتیانی فەرەنسی دەخاتە مەترسی، پەلاماری میسری دا و بەو سەرکەوتنەی لەنزیک ئەهرام بەدەستی هێنا بەشێوەیەکی کاتی دەسەلاتەکەیانی لەناو برد، ئەگەرچی سەرکەوتنی نیلسۆن لای ئەبو قیر لە سەرەتای مانگی ئاب، وای کرد پێگەی فەرەنسییەکان لە میسر مۆلەق و بەرگری لێکردنیان ئاستەم بێت. سوڵتان سەلیمی سێیەم –سەرەڕای کەمیی بایەخدانی بەکاروباری میسر لە رابردوودا– نەیدەتوانی قبوڵ بکات ئەو دەستدرێژییە بۆ سەر سەروەریی ئەو هەروا بەسەلامەت تێبپەڕێت. لەبەرئەوە لە هاوینی ١٧٩٩ چەند کەشتییەکی سەربازەهلگری بۆ میسر نارد. هەروەها دەبوو مامی محەمەد عەلیش کەتیبەیەکی سێسەد پیاوی بنێرێت بۆ میسر، سەرکردایەتیکردنیشی بە کوڕە بچووکەکەی سپارد و محەمەد عەلی بەراوێژکاری دامەزراند. بەگەیشتنی کەتیبەکە بەخاکی میسر محەمەد عەلی سەرکردایەتیکردنی رەسمیشی گرتە ئەستۆ. پاشان لەو شەڕانەی پاشتر رووبان دا و فەرەنسییەکانیان ناچار کرد لە ئابی ساڵی ١٨١٠ لە میسر بکشێنەوە، هێندە لێهاتوویی نواندا کە توانی بەیەک تەکان باز بداتە پێگەی سەرکردایەتیی گشتی. پاش کشانەوەی فەرەنسییەکان لە میسر، خوسرەو، کە لە بنەڕەتدا لە کۆیلە ئەبخازییەکان بوو، بە "پاشا" دامەزرا. لەو رووەوە هەر زوو خۆی لە پیلانەکانی کۆشک [ی عوسمانی]ەوە گلاند، ئیتر میسر بەلایەوە تەنیا پلەیەکی نزم بوو لە پلیکانەی خەونەکانی، لەبەرئەوە خەمی

بـوو بـه هەوڵـدان بـۆ بەجێهێشـتنی وڵات لـه کـاتێکی نزیکـدا و هـەڵگرتنی چەنـدی پـێ کۆدەکرێتەوە لە سامان. لەو رووەوە محەمەد عـەلی سـەربازە ئەلبانییەکانی بـه سیستمێکی توندتر هەڵدەسـوڕاند لەوەی والی بەسـەر سـەربازەکانیدا دەسـەپاند، ئەوا وردە وردە توانی میسری خواروو بەتەواوی ملکەچی دەسـەلاتەکەی بکات، ئەویش بە وروژاندنی زرنگانەی مـەمالیک دژی خەسـرەو. سـاڵی ١٨٠٣ داوا لـه خوسـرەو کـرا پۆسـتەکەی -کـه خێرێکـی ئەوتۆی نەمابوو- بـەجێ بێڵێت. بەرپرسـیارێتیی جێنشینەکەیشی لە چەند مانگێک زیـاتری نەخایاند، چونکە زۆری نەبرد محەمەد عەلی، لـەڕێی زانایانی ئەزهـەرەوە لـه قـاهیرە، خـۆی بـەخاوەنی شـەرعیی دەسـەلات راگەیانـد. ئەزهـەر چەنـد سـەدەیەک بـوو بووبـوو بـه سـەرچاوەی شـەرع و فیقـه لەدیـدی جیهـانی ئیسـلامیدا. لـه تشـرینی دووەمـی سـاڵی ١٨٠٥ محەمەد عەلی بوو بـه گـەورەی راستەقینەی سەرتاسـەری وڵات. لـه مـانگی نیسـانی سـاڵی ١٨٠٦ دەبوو بابی عالی دانی پێدا بنێت و وەک والی پەسـەندی بکات. بـۆ ماوەیـەک رێگـەی دا مەمالیک حوکمی میسری سەروو بکـەن لەبەرانبـەر دانی سـەرانەیەکی گـەورە، تـا کاتێک کەوتنە دانوستان لەگـەڵ بەریتانیا -کە لە نیسانی ١٨٠٧ سوپاکانی شکاند کە هەوڵیان دا لـه رەشید دابەزنـه وشـکانی- بـانگی سـەرکردەکانی مەمـالیکی کـرد بـۆ قـاهیرە (ئـاداری ١٨١١) بەنـاوی ئەوەی گـوایە دەیـەوێت لـەبارەی هەڵمـەتێک کـه بـەنیازە بـۆ سـەر وەهابییـەکان لـه دورگـەی عەرەب ئەنجامی بدات راوێژیان پێ بکات. لەوێ لە ١١ی هەمان مانگ تەفروتونای کردن، کە ژمارەیان سێسـەد پیاو بوو.

بەم شێوەیە محەمەد عەلی بوو بە حاکمی رەهای میسر و وڵاتەکە بەشێوەیەک ملکەچی بوو بۆ هیچ حاکمێکیتری پێش ئەو ملکەچ نەبووە. بـەڵام سـەربازە ئەلبانییـەکانی کـه هێشـتا دوور بـەدوور لـەژێر کاریگـەریی رۆحـی عوسـمانیدا بـوون، لـەو هەڵمەتانـەی دژی وەهابییـەکان ئـەنجامی دان و تـا سـاڵی ١٨١٥ پێیانـەوە خـەریک بـوو، لێوەشـاوەیی خۆیـان نەسـەلماند. کاتێک هەوڵی دا بەتوندترین و سەختترین سیستم بەڕێوەیان ببات، سـاڵی ١٨١٦ فیتنەیەک لە قاهیرە بـەڕپا بـوو کـه زۆری نـەبرد بەسـووک و ئاسـانی خـامۆش کـرا. پاشـان محەمەد عەلی تەواوی هێزە ئەلبانییەکانی تەسریح کرد و بەجووتیاران جێگەی پڕ کردنـەوە کە بانگی کردن بۆ خزمـەتی سـەربازی. بـەو سـوپا نوێیـە پڕ چـەک بـە چـەکی ئـەورووپی و مەشـقدراو لەسـەر شـێوازی فەرەنسـی و بەسـەرپەرشـتیی کـاپتن سـیڤ Seve کـه پاشـتر نازناوی "پاشا"ی وەرگرت، محەمەد عەلی لـه زنجیـرە هەڵمەتێکدا توانی نەوبـه و سـەنار و دانقەلا و دارفور ملکەچ بکات، کە لەڕاستیدا هیچ نەبوو جگە لە چەند هەڵمەتێک بەمەبەستی راوە کۆیلەیەکی گەورە.

محەمەد عەلی لـه هـەمان کاتدا قۆڵی لـێ هـەڵماڵی بـۆ بەرزکردنـەوەی ئاستی ئابووریی وڵات. هـەر بـەوەوە نەوەسـتا کـه قـاهیرە و ئەسـکەندەریەی بەژمارەیـەکی زۆر باڵەخانـه

لەسەر تەرزی عوسمانی برازێنێتەوە، بەڵکو دامەزراندنی بەندەری ئەسکەندەریەیشی تەواو کرد و گەیاندی بە لقی رۆژئاوای نیل لەڕێی نۆکەندێکەوە کە فەرمانی بەهەڵکەندی دا. بەڵام وەک مووڵکێکی تایبەت تەماشای وڵاتی دەکرد و تاکە خەمی ئەوە بوو گەورەترین بەروبوم بەدەست بێنێت. ساڵی ١٨١٥ دەستی بەسەر تەواوی بەرهەمی لۆکە و رووەکی گوش و کەتاندا گرت، دوو ساڵ پاشتریش دەستی بەسەر بەروبوومی نیلە و کونجی و رووەکە زەیتیەکانیتردا گرت. بەڵام ئەم سەرچاوانە سەرەڕای دەوڵەمەندییان چاویان تێر نەکرد. لە ساڵی ١٨١٢وە دەستی بەسەر سەرجەم وەقفە ئاینییەکان و گشت مووڵکە دەرەبەگییەکاندا گرت. پاشان لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ لێکۆڵینەوە لە راستیی بەڵگەنامەکانی خاوەندارێتی یاخود (تاپۆ)ی زەوی و زار (عەقارات). دەبوو ئەوەی تاپۆیەکی راستی نەبێت -کە زۆربەی ئەو جووتیارانەی زەوی و زاریان نەوە دوای نەوە بۆ مابوویەوە نەیانبوو- لەمڕۆ وەک کشتیار زەوییەکەی بکێڵێت نەک وەک خاوەن زەوی. زەوی بوو بە مووڵکی پاشا. نەک هەر ئەمە، بەڵکو وەک نەریتی کۆنی رۆژهەڵاتی، سەرجەم دارتاش و بیناسازانی بەسوخرە گرت تا کەشتیگەلێکی بۆ دروست بکەن و سەرجەم تەختەی هاوردەکراوی بەنرخێکی دیاریکراو کڕی. سیاسەتە گومرگییە بێماناکەی، کە جەماوەری خەڵک هەستیان بەقورسایییەکەی دەکرد، کە زیاتر پشتی بە کاڵا هاوردەکراوەکان لە وڵاتانیتری ئیسلامییەوە دەبەست، تا بە کاڵا ئەوروپییەکان، زۆری نەبرد بووە هۆی بەرزبوونەوەیەکی لە تاقەت بەدەری خەرجی بژێوی.

محەمەد عەلی سەرسامیی زۆری‌ی خۆی بە چاکییەکانی شارستانێتیی ئەوروپی دەردەبڕی، مادام لە بەرزکردنەوەی توانای بەرهەمهێنانی وڵاتەکەیدا یارمەتییان دەدا. یەکەم پەیمانگەکانی فێرکردن لەسەر شێوازی ئەوروپی کە دامەزرا، قوتابخانەیەک بوو بۆ فێربوونی ماتماتیک (ریازیات) تێیدا زمانی ئینگلیزی بۆ وانەوتنەوە بەکار دەهێنرا. بەدەر لەوە پشت بەزمانی فەرەنسی دەبەسترا. لەڕاستیدا پشتی بەژمارەیەک پیاو بەست کە خۆنەویستانە و دڵسۆزانە کاریان بۆ خزمەتکردنی وڵات و باشترکردنی دەکرد. بەڵام لەپاڵ ئەوەدا دەبوو لەبەرانبەر باجێکی گەورە، خۆی لە کۆمەڵێک کەسی ساختەچی و فێڵباز رزگار بکات تا رێی لە پیاوێکی لێوەشاوە بکەوێت ئەرکی رێکخستنی کارگەکانی پێ بسپێرێت. سەرەڕای سیاسەتە خۆپەرستانە پڕ هەڵەکەی محەمەد عەلی، بەڵام گومان لەوەدا نیە چاکەی کردنەوەی دەرگاکانی میسر بەڕووی شارستانێتیی ئەوروپیدا، بۆ ئەو دەگەڕێتەوە.

هێزی ڕوو لە گەورەبوونی محەمەد عەلی ئیستانبوڵی بێتاقەت کرد و ترسی لێ نیشت لەوەی زوو یان درەنگ سنووری پێگەکەی وەک حاکمێکی هەرێمی تێبپەڕێنێت، تەنانەت لە پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ وڵاتانی بێگانەدا. لەڕاستیدا سەرەتا هەوڵی دا خۆی لە هەر

شتێک بەدوور بگرێت ئاماژە بێت بە پشتگوێخستنی بۆ ئەرکی سەرشانی بەرانبەر سوڵتان، یان کەمکردنی رادەی ڕێزگرتنی بۆی. بەم شێوەیە خۆویستانە یارمەتییەکی سەربازی دژی شۆڕشگێڕانی یۆنانی پێشکەش کرد و ئیبراهیمی کوڕی لەگەڵ کەشتییە میسرییەکان سەرکردایەتیی پاشماوەی کەشتیگەلییە تێکشکاوە ئیمپراتۆرییەکەی کرد لە ناڤارینەوە بۆ ئەسکەندەریە، تا لەوێ نوێ بکرێنەوە. تا کاتێک بابی عالی فەرمانی پێکرد هەم کەشتیگەلە تورکییەکە و هەم میسرییەکە بنێرێت بۆ ئیستانبوڵ، دەستوبرد هەوڵی دا لەڕێی ناردنی بڕێک پارەوە سوڵتان هێور بکاتەوە و رازی بکات، کە ئەوە هەمیشە لەلایەن سوڵتانەوە جێی پێشوازی بووە. هەروەها سوڵتان دورگەی (کرێت)ی بۆ دابڕی لەبەرانبەر لەئەستۆگرتنی بەشێک لەو قەرزانەی جەنگی عوسمانی و رووسی بەسەر سوڵتانیاندا هێنابوو.

ئیبراهیم سووریا داگیر دەکات

بەڵام سەرجەم ئەو دەوڵەتە گەورانەی لە میسر پەیدا بوون هەمیشە بەپێویستیان زانیوە دەست بەسەر سووریادا بگرن. سوڵتان بەڵێنی بەمحەمەد عەلی دابوو لەپای یارمەتیدانی لە جەنگی یۆنانیدا ئەو وڵاتەی پێ ببەخشێت، بەڵام بەڵێنەکەی نەبردە سەر. هەرچۆن بێت، هەرگیز بەخەیاڵی محەمەد عەلیدا نەهاتووە دەست لە سووریا هەڵبگرێت، لەبەرئەوە پاش ماوەیەک بیانوویەکی دۆزییەوە بۆ پێکدادان لەگەڵ پاشای عەککا، لەسەر ئەوەی جووتیارانی میسر کە لەژێر باری سیاسەتی محەمەد عەلی لە گوندەکاندا دەیاننالاند، پۆل پۆل کۆچیان دەکرد بۆ شام (سووریا). دیارە محەمەد عەلی نەیدەتوانی دان بەوەدا بنێت کە رەعیەتەکانی سوڵتان ئازادیی هاتوچۆیان لە سەرتاسەری ئیمپراتۆرییەتەکەدا هەیە.

لە پایزی ساڵی ١٨٣١ محەمەد عەلی سوپایەکی بەسەرکردایەتیی کوڕەکەی بۆ سووریا خستە ڕێ و عەبدوڵا پاشای لە عەککا گەمارۆدا. بەڵام گەمارۆدانی قەڵاکە تا ئایاری ساڵی داهاتوو درێژەی کێشا سەرباری ئەو یارمەتییەی کەشتیگەل پێشکەشی بە هێزە میسرییە گەمارۆدەرەکەیان کرد. محەمەد عەلی -لە وەڵامی فەرمانێکدا کە بابی عالی بەزمانێکی نەرم ئاراستەی کردبوو بۆ کێشانەوەی سوپاکانی- داوای کرد دەوڵەت هەردوو ویلایەتی عەککا و دیمەشقی بداتێ. لە هەمان کاتدا ئیبراهیم، بەیارمەتیی ئەمیری لوبنان بەشیر ئەلشیهابی، کە پاش دوودڵییەکی زۆر چووە پاڵی، توانی تەواوی فەلەستین ملکەچ بکات. تا کاتێک عەککا لە ٢٦ی ئایاری ساڵی ١٨٣٢ کەوت، ئیبراهیم توانی تا ئەدەنەی پایتەختی سیسیلیا پێشرەوی بکات بەبێ ئەوەی هیچ بەرەنگارییەکی بێتە ڕێ. سوڵتان لەم کاتەدا خۆی بۆ هێرشکردنە سەر شوێنکەوتە راپەڕیوەکەی ئامادە دەکرد، سوپایەکی پەنجا هەزار

کەسی بەرەو باشوور بەسەرکردایەتی حسێن پاشا خستە ڕێ، کە کۆنە ئینکیشاری بوو. حسێن لەگەڵ وەزیری جەنگ خەسرەو پاشا ناکۆک بوو، ئەو خەسرەوە توانیبووی دامەزراندنی محەمەد پاشا، کوڕە هەڵگیراوەکەی خۆی، محەمەد پاشا، بە سەرۆکی ئەرکانی جەنگ لە سوپاکەی حسێن پاشادا مسۆگەر بکات. ئەو محەمەدە بۆ ئەوەی پێش سەرۆکەکەی بکەوێت لە گەیشتن بە سەرکەوتنی چاوەڕوانکراو، بەخێرایی خۆی گەیاندە حمس، تا کاتێک میسرییەکان بەرهەڵستییان کرد دەستبەجێ بە سوپا شەکەت و برسییەکیەوە چووە ناو گەرمەی شەڕ، پاش چەند کاتژمێرێک ئیبراهیم سەرکەوتنی مسۆگەر کرد. پاش ئەوەی محەمەد خۆی گەیاندە سەرۆکەکەی شەڕێکی دووەم لای ڕێڕەوی بەیلان کە ئەمانووس دەبڕێت ڕووی دا و تێیدا دیسان بەهۆی پلانە سەرکەوتووەکانی ئیبراهیمەوە میسرییەکان سەرکەوتن. حسێن گەڕایەوە بۆ کارەمان و لەوێ دەبوو واز لە سەرکردایەتیی سوپاکە بێنێت بۆ سەرکردەی چەرکەسی ڕەشید پاشا. ئیبراهیم سەرباری سەختیی زستان کە هێزەکانی لەسەر بەرگەگرتنی ڕانەهاتبوون، پێشڕەویکردنی دوانەخست. ئەوە بوو تورکەکان بۆ جاری سێیەم لای ٢١ی کانوونی یەکەم شکان و ڕێگە لەبەردەمیدا کرایەوە بۆ بوسفۆر Bosporus، بەڵام دەوڵەتانی ئەورووپی ڕێگەیان بەوە نەدەدا. ڕووسیا دوو کەشتیی لە کەشتیگەلەکەی نارد بۆ یارمەتیدانی سوڵتان. سەرەنجام لە ١٨ی نیسانی ساڵی ١٨٣٣ لە کوتاهییە لە بارەگای سەرکردایەتیی ئیبراهیم و بەمیانگیریی دیپلۆماتکارانی ڕووس و فەرەنسی، پەیماننامەیەکی ئاشتی ئیمزا کرا، کە زیادکردنی سووریای بۆ قەڵەمڕەوی محەمەد عەلی مسۆگەر کرد. تەنانەت کاتێک زیاد لەوە داوای کرد هەرێمی ئەدەنەی لە سیسیلیایش بدرێتێ، سوڵتان داواکەی جێبەجێ کرد. بەڵام دیپلۆماسییەتی قەیسەری توانی، بەر لەوەی کەشتیگەلی ڕووسی بوسفۆر بەجێ بهێڵێت، وا لە بابی عالی بکات پەیماننامەی: هونکیار ئیسکەلەسی Honkyar Iskelesi لە تەمموزی ساڵی ١٨٣٣ ئیمزا بکات، بەوەیش بەڵێنی لە هەردوو دەوڵەت وەرگرت لەکاتی دەستدرێژیکردنە سەر یەکێکیاندا یارمەتیی یەکتر بدەن. لەو ڕووەوە ئەم پەیماننامەیە پاشکۆیەکی نهێنی هەبوو کە بابی عالی لە هەر پابەندییەکیدی دەبەخشێت لەبەرانبەر بەڵێندانی بەداخستنی دەردەنیل ئەگەر پێوستی کرد بەڕووی گشت دەوڵەتاندا جگە لە ڕووسیا، ئەوا بەو کارە دەوڵەتی عوسمانی بەکردەوە بەرەو جۆرە شوێنکەوتەییەک بۆ ڕووسیا برد.

لە سووریا، هێزەکانی ئیبراهیم لەلایەن خەڵکەکەوە، کە لەژێر باری بەڕێوەبردنی گەندەڵی عوسمانیدا دەیاننالاند، وەک فریادڕەس پێشوازی لێکرا، بەڵام زۆری پێ نەچوو سوورییەکان نائومێدی بەرۆکی گرتنەوە. ڕاستە بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی میسری سنووورێکی بۆ ئەو باجە زیادە زۆرانە دانا کە فەرمانبەرانی تورک کردبوویانە نەریت

گیرفانی خۆیانیان پێ پڕ دەکرد، بەڵام سووریيەکان لەبەرانبەر ئەوەدا ئەو نەختە ئازادییە شەخسییەی مابوویان لەدەستیان دا. حوکمی میسری لە سووریا بەدامالینی دانیشتوان بەگشتی لەچەک دەستی پێکرد کە دروزەکانی لوبنانیشی گرتەوە، ئەویش لەئەنجامی ناپاکیی ئەمیرەکانی خۆیان. خزمەتی سەربازیی گشتی زۆر دڵڕەقانە سەپێنرا و دانیشتوان زیاتر و زیاتر هەستیان بە بارگرانیی باجە قورسەکان دەکرد، بەتایبەت کە ئەو باجانە بەبێ وەستان یان کەمکردن دەبران بۆ میسر. لەبەرئەوە دوای چەند مانگێک رای گشتی بەتەواوی دژی ئیبراهیم هەڵگەڕایەوە و سۆزی بۆ حوکمی عوسمانی بزوایەوە، ئەگەرچی نزیکەی دوو ساڵی خایاند تا خەڵک کە لەژێر تەوقی کۆیلایەتیدا دەیاننالاند، زات بکەن جارێ شۆڕش بەڕووی هێزە سەربازییە رێکخراوەی دەسەڵاتە نوێکەیاندا بدەن. ئەوە بوو لە ئایاری ساڵی ١٨٣٠ ئاگری شۆڕش لەنێو جووتیاراندا لە چیاکانی نابلس و حەبرون هەڵگیرسا، کە بەهۆی سەختیی و دژواریی ناوچەکەوە ئیبراهیمی زۆر ماندوو کرد، لەڕاستیدا سەرەنجامیش نەیتوانی ئەم شۆڕشە مەترسیدارە خامۆش بکات، لە رێگەی ناپاکییەوە نەبێت.

بزوتنەوەی وەهابی لە نیشتمانی عەرەب

مەحەمەد هێندەی لە میسر و سووریا سەرکەوتوو بوو، هێندە لە نیمچە دورگەی عەرەبی بەخت یاوەری نەبوو. لەوێ دەسەڵاتەکەی سەری بە بزوتنەوەیەکی بێداربوونەوەی نیشتمانیی گەورەدا هەڵتەقی، بەم شێوەیە: لە نەجد، کە لە جەرگەی دورگەی عەرەبیدایە، مەحەمەد بن عەبدولوەهاب لە هۆزی تەمیم لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی هەژدەیەمدا، لەدایک بوو. هەر لە منداڵییەوە لە سەر خۆشەویستیی زانین پێگەیشت و خۆی بۆ لێکۆڵینەوە لە فیقە و شەریعەت تەرخان کرد و بەگوێرەی نەریتی باوی کۆن بەدوای زانست لە قوتابخانەکانیاندا رووی لە پایتەختەکانی رۆژهەڵاتی ئیسلامی کرد. مەحەمەد لە بەغدا فیقهی ئەحمەد بن حەنبەلی خوێند، کە دامەزرێنەری دوایین چوار مەزهەبە سوننییەکەیە و بەتوندی و پێداگرییەوە بەرگری لە بنەمای دەستگرتن بە حەدیس و بەتەواوەتی پشت پێبەستنی دەکرد دژی مەیلی شەرعزانانی رابردوو بۆ دەستگرتن بە را (الرأي)وە. پاشان کتێبەکانی ئەحمەد بن تەیمیەی دیراسە کرد، کە لە سەدەی چواردەیەمدا بۆچوونەکانی ئیبن حەنبەلی زیندوو کردەوە. لەڕاستیدا پاش لێکۆڵینەوە لە دید و بۆچوونەکانی ئەو دوو ئیمامە، گەیشتە باوەڕی تەواو بەوەی ئیسلام بەو شێوەیەی لە سەردەمی ئەودا باو بوو –بەتایبەت لەنێو تورکەکاندا– پڕە لە لادان. لەبەرئەوە کاتێک گەڕایەوە بۆ وڵاتی یەکەمی، یەکەم شت هەوڵی دا لە دەوروبەرە بەرتەسکەکەیدا بیروباوەڕ و ژیانی ئیسلامی بۆ خاوێنیی سەرەتایان بگێڕێتەوە،

بەڵام کاتێک سەرکۆنەی رواڵەتەکانی پیرۆزکردنی سەعد، پیاوی ئاینیی تایبەتی ناوچەکەی خۆی، عویەینەی کرد، هەروەها لەنێو شوێنکەوتوانیدا سزای شەرعیی زیناکەر (بەردبارانکردن)ی سەپاند، ئەو سزایەی ئەگەرچی شەرع باسی کردبوو بەڵام پشتگوێ خرابوو، لە وڵات دوور خرایەوە. ساڵی ١٧٤٠ پەنای بردە لای محەمەد بن سعوود کە دژبەری شێخی عویەینە بوو لە شارۆچکەیەکی قایم دەژیا ئەویش دەرعییە بوو، کە تەنها شەش سەعات لە عویەینە دوور بوو، وەک شێخی هۆزی عەنەزە. محەمەد لەوێ بەگەرمی پێشوازی لێکرا. پاش ماوەیەکی کورت بۆچوونەکانی لایەنگر و موریدی زۆریان پەیدا کرد. سەرکۆنەی هەموو شێوەکانی پیرۆزکردنی پێغەمبەر و پیاوچاکانی کرد -کە چەندین سەدە بوو لەنێو موسڵمانان بڵاو بوو، وەک لاساییکردنەوەی مەسیحییەت و هەندێ سرووتی ئاینیی سەرەتاییتر- و ئەو موسڵمانانەیش بەشداریی ئەو پیرۆزکردنەیان دەکرد بە هاوەڵ دانان بۆ خودا تۆمەتباری دەکردن، کە قورئان فەرمان دەکات لەگەڵیان بجەنگن تا لەو گومڕاییە دەگەڕێنەوە یان لەناو ببرێن. محەمەد بەتوندییەک کە هیچ بەزەییەکی نەدەناسی شوێنکەوتوانی بەنوێژی هەینییەوە پابەند دەکرد، هەر جۆرە جوانکارییەکی لە جلوبەرگدا قەدەغە کرد بەتایبەت پۆشینی ئاوریشم، هەروەها هەر رازاندنەوە یان زەخرەفەکردنێکی مزگەوت و مەزارگەکانی حەرام کرد. نەک هەر ئەوە، بەڵکو تێگەیشتن لە حەرامکردنی ئیسلامی بۆ مەستکەرەرە جۆراوجۆرەکان فراوان کرد و جگەرەکێشانی حەرام کرد، کە نزیکەی سەرجەم شەرعزانان، لە حەنبەلی و غەیری حەنبەلی، بەرهەڵستییان کرد کاتێک بۆ یەکەم جار هاتە وڵاتانی رۆژهەڵات. لەڕاستیدا هزری ئەو ریفۆرمخوازە لە دەوڵەمەندی و داهێنانکاریدا لە ئاستی پێغەمبەر خۆی زیاتر نەبوو، بەڵام وەک پێغەمبەر دەیتوانی ئاگری حەماسەت بخاتە دڵی هاوەڵانی و خۆشەویستییە گەرموگوڕەکەیان بۆ جەنگان لەپێناو پرسەکەیدا وەبەر بێنێت. لە ماوەی دە ساڵدا محەمەد بن سعوود توانی رووبەرێک لە زەوی بۆ دەسەڵاتەکەی و بۆ مەزهەبە نوێیەکە ملکەچ بکات کە نزیکەی سی میلی چوارگۆشە بوو. جێنشینەکەی ئەمیری ئەحسا کە پێشتر ریفۆرمخوازی ناوبراوی دەرکرد، تا ساڵی ١٧٥٧ هێزەکانی بۆ شەڕکردن لەدژی کۆنەکردەوە، بەڵام شکا و وەهابییەکان دەستیان بەسەر میرنشینەکەیدا گرت. لەو رۆژەوە بەئاراستەی رۆژئاوایش بڵاو بوونەوە. کاتێک محەمەد بن سعوود مرد عەبدولعەزیزی کوڕی جێگەی گرتەوە، کە لەو جەنگانەی لە سەردەمی باوکیدا رووبان دا ئەستێرەی دەرەوشابوویەوە. لە سیاسەتی فەتحکردن بەردەوام بوو کە باوکی دەستی پێکردبوو، تا بۆ ساڵی ١٧٨٨ لە پێشڕەویکردنیدا گەیشتە کوەیت، کە تاکە بەندەر بوو لەسەر کەناری رۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەب. ساڵێک پێش ئەوە لە کۆبوونەوەیەکی گەورەی خەڵکدا کە محەمەد بن عەبدولوەهاب سەرۆکایەتی دەکرد، مافی جێنشینی لە ماڵەکەیدا جێگیر کرد

بەوەی سعوودی کوڕی وەک جێنشینی خۆی دیاری کرد. کاتێک محەمەد بن عەبدولوەهاب ساڵی ١٧٩٢ مرد، ئەویش کوڕەکەی لە پۆستە ئایینییەکەیدا، واتە فتوادان جێگەی گرتەوە.

بەتێپەڕینی کات بەدوای یەکدا هاتنی وەهابییەکان بوو بەمایەی نیگەرانی و بێزاری بۆ هاوسێکانیان. لەڕاستیدا شەریف غالب -کە خۆی و عەلەوییەکانی پێش خۆی شاری پیرۆزی مەککەیان لە سەدەیەی دەیەمەوە حوکم دەکرد- سەرەتا وایزانی دەتوانێت بەتەنیا لەناویان ببات، بەڵام ئەو سوپایەی ساڵی ١٧٩٠ ناردی بۆ نەجد هیچی پێ نەکرا، تا کاتێک بەنائومێدی گەڕایەوە سعوود شکستێکی گەورەی بەسەردا هێنا. لە ساڵانی پاشتردا وەهابییەکان لە پێشڕەویکردنیان بەرەو باکوور بەردەوام بوون، بەشێوەیەک پاشای بەغدا ناچار بوو ڕێوشوێنی بەرگریکردن دژیان بگرێتە بەر. ساڵی ١٧٩٧ بە حەوت هەزار سەربازی تورکی و دوو هێندەی ئەو ژمارەیە عەرەب هێرشی کردە سەر ئەحسا، کە دەوڵەمەندترین و بەپیتترین مەملەکەتەکانی وەهابییەکان بوو. بەڵام دەستبەجێ هێرشی نەکردە سەر پایتەختەکەیان دەرعییە، بەڵکو مانگێک چاوەڕوانی کرد تیبدا گەمارۆی سەپاند بەسەر قەڵای ئەحسادا. تا کاتێک سعوود خۆی هاتەپێشەوە بۆ شەڕکردنی، نەیوێرا هێرشی بکاتە سەر، بەڵکو ڕێکەوتنامەیەکی ئاشتی بۆ ماوەی شەش ساڵ لەگەڵدا ئیمزا کرد. بەڵام وەهابییەکان هەر لە یەکەم ڕۆژەوە بەچاوی سووک تەماشای هێزەکەیان دەکرد، تا ساڵی ١٨٠١ هێرشیان کردە سەر وڵاتەکەی، ئامانجیشیان دەستگرتن بوو بەسەر کەربەلا و گۆڕی حسێن، نەوەی پێغەمبەردا، کە هەموو شیعە زۆر بەپیرۆزی دادەنێن. لە ٢٨ی نیسان، ڕۆژی جەژنی قوربان، شارۆچکەکە کەوتە دەستیان، ئەنجا ئەو گومەزەیان ڕووخاند کە لەسەر گۆڕی حسێن بوو و غەنیمەتی گەورەیان دەست کەوت.

دوای ئەوەی لە ساڵانی دواتردا نزیکەی سەرجەم هۆزەکانی نەجد چوونە پاڵ وەهابییەکان، ساڵی ١٨٠٣ و لە ڕۆژانی حەجکردن لە مانگی نیسان هێرشێ کردە سەر مەککە. ئەگەرچی شارۆچکەکە جمەی دەهات لە حاجییانی بیانی، بەڵام پاش بەرەنگارییەکی کەم خۆی بەدەستەوەدا و شەریف غالب رایکرد بۆ بەندەری جیددە و دەبوو سەرکردەی کاروانی حەجی سووری، عەبدوڵا پاشا والی دیمەشق دوای سێ ڕۆژ مەککە بەجێ بێڵێت. هەرچۆن بێت، لە هەمان ساڵدا شیعە تۆڵەی کەربەلایان لە عەبدولعەزیز خۆی کردەوە و تۆندڕەوێکی شیعە لە مزگەوتی دەرعییە کوشتی.

سعوودی کوڕی، کە لەسەری دایکیەوە نەوەی ریفۆرمخوازەکە بوو، گەمارۆی لەسەر جیددە هەڵگرت و ڕێگەی بە شەریف غالب دا وەک شوێنکەوتەیەکی ئەو بگەڕێتەوە بۆ مەککە. شەریف بەهۆی ئەو شوێنکەوتەییەوە دەبوو دەست لە بەپیتترین داهاتەکانی هەڵبگرێت، واتە داهاتی گومرگیی جیددە، چونکە ئەو داهاتانە هەمیشە لەڕووی تیۆری یاسایی ئیسلامیی تونەوە بە ڕووتاندنەوەیەکی ناڕەوا دادەنران. لە بەهاری ساڵی ١٨٠٤

مەدینەیش کەوتە دەست وەهابییەکان. مەدینە -کە موسڵمانەکان ڕێوڕەسمی سەردانی گۆڕی پێغەمبەریان گۆڕیبوو بۆ نیمچە بتپەرستییەک- چارەنووسی وابوو زیاتر لە مەکّکە بەدەست تووڕەیی فاتیحەکانەوە نەهامەتی بچێژێت. تورکەکانیان دەرکرد کە زۆریان لەوێ جێگیر بووبوون، هەروەها ئەو گومەزە گەورەیەیان تێکدا کە بەسەر گۆڕی پێغەمبەرەوە بوو و سەرجەم ئەو شتە بەنرخانەیان لێ کردەوە کە پێیان رازێنرابووەوە. بەم شێوەیە هەموو حیجاز ملکەچی دەسەڵاتی وەهابییەکان بوو.

سوڵتان، محەمەد عەلی بۆ شەڕی وەهابییەکان ڕادەسپێرێت

سوڵتان وەک خەلیفەی موسڵمانان، دەبوو شوێنە پیرۆزەکان کە لە سایەی پاراستنی ئەودا بوون، لە بیدعەچییان ئازاد بکات، لەبەرئەوە محەمەد عەلی والیی میسری بۆ ئەو ئەرکە ڕاسپارد. بەڵام محەمەد عەلی تا ساڵی ١٨١١ بۆ ئەو کارە ساغ نەبوویەوە، واتە پاش لەناوبردنی مەمالیک. لەم کاتەدا وەهابییەکان جارێکیتر هێرشیان کردبووە سەر نەجەف و دیمەشق، ئەگەرچی ئەم شارەی دوایی توانی بەرگرییەکی سەرکەوتووانە لەخۆی بکات، بەڵام لە باکوورەوە دەسەڵاتیان تا حەلەب فراوان کرد. پاش ئەوەی محەمەد عەلی چەندە هێز لەتوانایدا بوو بۆ جەنگ ئامادەی کرد، تۆسۆنی کورێ بەسەرکردایەتیی سوپایەک لە سوارە، لەڕێی وشکانیەوە نارد بۆ نیشتمانی عەرەب، لەکاتێکدا کەشتیگەلەکەی سوپای پیادەی گەیاندە بەندەری یەنبوع. لە تشرینی یەکەمدا سوپای میسری هێرشی کردە سەر مەدینە، بەڵام لەناکاو لەنزیک بەدر هێرشی کرایە سەر -لەو شوێنەی ئەو شەڕە بەناوبانگە رووی دا کە تیپدا پێغەمبەر [بەسەر قورەیشدا] سەرکەوت- کە سەرەڕای ئەو جەربەزەییەی نواندی خەریک بوو قەڵاچۆ بکرێ. تۆسۆن تەنیا بەئازایەتیی تۆماس کیث Thomas Keith لە مردن ڕزگاری بوو، کە پیاوێکی ئیسکوتلەندییەکی بوو، موسڵمان بووبوو و خەڵک بەناوە تازەکەیەوە (ئیبراهیم ئاغا) دەیانناسی. بەڵام لەکاتێکدا سعوود و زۆربەی هێزەکەی بەرەو باکوور ملیان دەنا و شەڕ و وێرانکارییان دەکرد، تۆسۆن ئەو دەرفەتەی بۆ بەهێزکردنی سوپاکەی لە یەنبوع، لەڕێی گەیشتنی یارمەتیی نوێوە، قۆستەوە. لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٨١٢ توانی مەدینە بگرێت، لە کانوونی دووەمی ساڵی داهاتوو شەریف مەککەی ڕادەستی میسرییەکان کرد. بۆ هاوین توانییان تائیفیش داگیر بکەن.

بەڵام لەبەرئەوەی هێزەکانی وەهابییەکان هێشتا لە زێدی ئەسڵییاندا تێک نەشکێترابوون، محەمەد عەلی خۆی ئامادە کرد تا خۆی سەرکردایەتیی سوپاکە بگرێتە ئەستۆ. کاتێک گەیشتە نیشتمانی عەرەب سەرەتا شەریف غالبی دەستگیر کرد، کە ئەمەی دوایی پێی ناخۆش بوو بخرێتە ژێر چاودێریی میسری لەبەرئەوە بەنهێنی پەیوەندی بە وەهابییەکانەوە کرد. میسرییەکان شەریفیان برد بۆ سالونیک و لەوێ دوای سێ ساڵ

بەهـۆی پەتـایەکەوە کە وڵاتەکەی گـرتەوە مـرد. لە تشـرینی دووەمـدا تۆسـۆن تووشـی شـکانێکیتری کەمەرشـکێن هـات لە تەرەبە، کە تەواوی تۆپخـانەکەی تێـدا لەنـاو چـوو. سەرەنجام محەمەد عەلی زانی جەنگی وەهابییەکان جگە لە زیانی نوێ هیچیتری تێدا نیە، لەبەرئەوە رووی لە نەجد وەرگێڕا –کە دەرکەوت سوودێکی کەمی هەیە- و چاوی بڕییە سامانەکانی باشووری نیشتمانی عەرەب.

بەڕێوەبردنی وەهابی لە سەردەمی سعوددا

سـعوود لە نیسـانی سـاڵی ١٨١٤ کـۆچی دوایـی کـرد، کە بەنمـوونەی حـاکمی عەرەبـی دادەنرێت. بەیەکسـانییەکی رەهـا تێکەڵ بە شـێخەکانی بەدەوییەکان دەبـوو، بەڵام هەمیشـە دەیتوانی بە سیفەتە کەسـییەکانی خـۆی بەسـەریاندا بسـەپێنێت، بەتـایبەت زمانپـاراوییەکەی کە تـا ئەمـڕۆ هێشـتا جـێگەی رێزێکـی گەورەیە لە وڵاتـی عەرەب. لە دەرعیـیە لەگەڵ خێزانەکەیـدا دەژیـا لە ماڵێکـدا کە هەنـدی لە شـارەکە بەرز بـوو. ئەسـپ تـاکە شـێوەی رابـواردنی ئەو بـوو لە ژیانیـدا، کە وەک دەوترێـت نـزیکەی دوو هەزار دانەی هەبـووە. لەڕاسـتیدا ئەو دەزگـای بەڕیـوەبردنەی دایمەزرانـد، تـوانی لەگەڵ سـادەییەکەیدا پایەکـانی ئاشتیی گشتی –کە چەندین سـەدە بوو لە نیشـتمانی عەرەبدا نەمـابوو- بچەسـپێنێت، چیتر کێشـە قەزاییەکـان بەپەنـابردن بـۆ رێگـە شەخسـییەکان چـارە نەدەکـران، بەڵکو لە رێگەی کۆمەڵێک قازییەوە دەکرا، کە مووچەیان لە دەرعیـیە وەردەگرت و رێگەیان پێ نەدەدرا هـیچ رسـوومێک بـخەنە سـەر لایەنەکـانی کێشـەکان. ئۆبـاڵی دەسـتدرێژیی چەکـداری دەخـرایە ئەستۆی ئەو هۆزەی رووداوەکە لە ناوچەکەیدا دەقەوما. سعوود لەباتی تۆڵەکردنەوە هـانی وەرگرتنی خوێنبایی دەدا، کە تا ئەوکاتە عەیبە بوو، زۆر جـار بەزۆر دەیسـەپاند. نەک هـەر ئەوەنـدە، بگـرە ئەو مـافە کـۆنەی خێڵـی هەڵوەشـاندەوە کە تاوانبـار دادگـە بـدات و ببێـتە بەربەست لەبەردەم سزادانیدا. فەرمـانی دا بەوەی یاسـای سـزاکان بەگوێرەی حوکمەکـانی قورئـان بەتەواوەتـی جێبەجێ بکرێت. هەروەهـا زۆر بەتونـدی خەڵکی بەئەنجامـدانی فەرزە ئاینییەکان پابەند دەکرد، هەندێ جـار مـردن سـزای ئەو کەسـە بـوو لە رەمەزانـدا بـەڕۆژوو نەبوایە. ئیدارەکەی هـیچ جـۆرە پـارە لێکێشـانەوەیەکی زۆردارەکـی تێدا نـەبوو، بەڵکو تەنیـا زەکـاتی لە ئەرکبـار (مکلـف)ان کـۆ دەکـردەوە بەو شـێوەی قورئـان باسـی کـردوە. بێگومـان هەڵمەتە سەربازییەکان باربکی قورس بوون کە پشتی باوەڕدارانیـان دەچەماندەوە، چـونکە دەبوو هەمـوو کەسێکیان چەک هەڵبگرێت، هەروەهـا چەک و تۆشـەبەرەی خواردنی حـازر بکات بەبێ بەرانبەر، جگە لە ئومێدی ئەوەی شتێکی لە غەنیمەت دەسـت بکەوێت. داهـاتی دەوڵەت لە پێنجیەکـی غەنـیمەت و سـەدەقات (زەکـات) پێکـدەهات، لەگەڵ داهـاتی ئەو مواڵکـانەی لە هۆزەکـان یـان ئەو شـارانەی پـاش ملکەچاندنیان دیسـان شۆڕشـیان دەکـرد

دەستیان بەسەردا گیرابوو. زەکات کە لە خەڵکی شارەکان و جووتیاران وەردەگیرا، دەخرایە ماڵخانە (بیت المال) و لەپاڵ ئەو بوارانەی بۆیان فەرز کراوە، بۆ قازی و مامۆستایان و هەروەها دروستکردنی مزگەوت و لێدانی بیری گشتی و سەرپەرشتیکردنیان خەرج دەکرا. هەرچی ئەو باجانە بوون لە رەوەندەکان وەردەگیران دەچوونە گەنجینەی تایبەتی ئەمیر، ئەویش بۆ خەرجییەکانی ماڵ و دابینکردنی پێویستییەکانی پاسەوانە تایبەتەکانیشی سوودی لێ دەبینی. کۆی داهاتی ئەم دوو سەرچاوەیە بە ملیۆن و نیوێک تالیری سەردەمی ماری تیریز مەزەندە کراوە.

سعوود عەبدوڵای کوڕی لەجێی خۆی دانا، کە ئەویش جەنگاوەرێکی ئازا و بەئەزموون بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا وا دیار نەبوو لەئاست ئەو مەترسییەدا بێت کە میسرییەکان دروستیان کردبوو. لەڕاستیدا محەمەد عەلی بەو شکستەی لە بەسەر وەهابییەکانیدا هێنا تۆڵەی دواین شکستەکەی کوڕەکەی کردەوە، بەڵام دوای ئەوە باکووری وڵاتی عەرەبی بەجێهێشت و هێرشی کردە سەر هۆزی عەسیر لەو ناوچە شاخاوییە چۆڵەوانییەی دەکەوێتە باشووری تیهامە. کاتێک هەندێ لە شێخەکانی بەدو لە باکووری نەجد هەواڵی سەرکەوتنەکانیان بیست، داوایان لە تۆسۆنی کوڕی، کە لە مەدینە دابەزیبوو، کرد یارمەتییان بدات دژی وەهابییەکان. تۆسۆن پێشڕەوی کرد بۆ هێرشکردنە سەر هەرێمی قەسیم، بەڵام ئەمیر عەبدوڵا لەوێ ئاشتییەکی بەسەردا سەپاند، کە تێیدا ئەمەی دوایی دەستی لە دوو شارە پیرۆزەکە هەڵگرت، بەڵام ئەوەی کردە مەرج میسرییەکان لە نەجد بکشێنەوە و ئەو شێخانەیان رادەست بکەن کە ناپاکییان لەگەڵدا کردوە. محەمەد عەلی بەم پەیماننامەیە رازی نەبوو، خۆی لەوکاتەدا نیشتمانی عەرەبی بەجێهێشتبوو و درێژەدان بەشەڕی بۆ کوڕە هەڵگیراوەکەی، واتە ئیبراهیم پاشا، بەجێ هێشت.

ئیبراهیم وەهابییەکان ملکەج دەکات

لە ئابی ساڵی ١٨١٦ ئیبراهیم لە قاهیرەوە کەوتە ڕێ، کاتێک گەیشتە نیشتمانی عەرەب سەرلەنوێ پەلامارێکی قەسیمی دایەوە. ئەمیرە وەهابییەکە لەبەردەم دژبەرە سەرسەختەکەیدا پاشەکشەی کرد بۆ پایتەختەکەی، دەرعییە، کە لەوێ ئیبراهیم لە نیسانی ساڵی ١٨١٨ گەمارۆی دا. سەرەڕای قەلا سەرەتاییەکانی دەوری پایتەخت، میسرییەکان ناچار بوون بەدرێژایی هاوین گەمارۆی بدەن بەهۆی دووریی زۆری ئەو ماوەیەی لە بنکەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی جیا دەکردنەوە، کە دابینکردنی ئازووقە زەحمەت بوو بۆیان. لە ٩ی ئەیلولی ساڵی ١٨١٨ عەبدوڵا خۆی بەدەستەوە دا پاش ئەوەی جگە لە چوار سەد کەس لە پاسەوانە ڕەشەکانی کەسی لەدەور نەما. لە ئیستانبوڵ لەسەر دەستی جەلاد

گیانی سپارد. هەرچی شاری دەرعییە بوو لەگەڵ زەویدا تەخت کرا. پاشان ئیبراهیم یەکێک لە فەرمانبەرە تورکەکانی کردە حاکم لەسەر نەجد و کشایەوە بۆ مەدینە.

مـحەمەد لەو پرۆژانەیـدا کە تـایبەت بـوون بە باشـووری نیشـتمانی عەرەب زۆر ناسـەرکەوتوو بـوو، چـونکە هەرچـی هەوڵێک بـۆ دەستگرتن بەسـەر نـاوچەی عەسـیردا بەخەرجـی دا بەبـاچوو، پـاش ئەوەی دانیشـتوانی ئەو نـاوچەیە لەبەردەم هێرشـەکانی میسرییەکاندا خۆیان راگرت و توانییان بەدرێژایی دوازدە سال (١٨٢٥-١٨٣٧) بەرپەرچیان بـدەنەوە. بەتیپەڕینـی کـات مـحەمەد عەلـی بەهـۆی سـەرقاڵبوونی زۆری بە بـابەتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بابی عـالی، مەیلی بۆ ئەو ناوچـانە لەکزی دەدا. سـاڵی ١٨٣٩ کاتێک بەریتانییەکـان عەدەنیـان دلگیـر کـرد، سـەرجەم پلانەکـانی لە وڵاتـی عەرەب خسـتە لاوە و دەستی لە هەردوو شارە پیرۆزەکە هەڵگرت کە داگیرکردنیان زۆر بەگران لەسـەر خـۆی و بابی عالیش کەوت.

تەنـانەت لە نەجـدیش حـوکمی میسـری مـاوەیەکی درێـژ تەمەنـی نەکـرد، چـونکە وەهابییەکان جارێکیتر خۆیان کۆکردەوە و لەدەوری پیاوێکی خێزانەکەیـان کۆبـوونەوە کە خـۆی لە دەرعییە رزگـار کردبـوو، ئەویش (تورکی)ی ئـامۆزای عەبدوڵا بـوو. لە ریـاز، کە زۆر لە دەرعیـیە دوور نـیە، تـورکی دەوڵەتێکـی نـوێی دامەزرانـد، کە زۆری نەبـرد میسرییەکانی زۆر بێزار دەکرد. راستە تورکی ساڵی ١٨٣٢ بەدەستی یەکێک لە زەوتکەران کوژرا، بەڵام فەیسەڵی کوڕی بەیارمەتیی عەبدوڵا بن رەشیدی فەرماندەی، توانی جێنشینیی باوکی بۆ خۆی مسۆگەر بکات. عەبدوڵایش لەسەر ئەو کارەی پاداشت کرا بەوەی حوکمی میراتی لەسـەر هـۆزی شـەممەر پێ بەخشرا. سـاڵی ١٨٣٨ فەیسـەڵ بەدیلی کەوتە دەسـت هێزە میسرییەکان و برا بۆ میسر. هەرچۆن بێت، بەیارمەتیی جێنشینەکەی، عەباس، توانی هـەڵبێت و جـارێکیتر سـەرکردایەتیی وەهابییەکـانی گرتـەوە دەسـت و سـاڵی ١٨٤٩ دواییـن حـاکمی میسـری ناچـار کـرد وڵات بەجـێ بێڵێت. دوای مردنـی فەیسـەڵ لە کۆتـایی دەیەی حەوتەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، کێشە لەناو کوڕەکانیدا لەسەر ئەمیرایەتی سەری هەڵدا. بەم شێوەیە شوینکەوتەکەیان، ئەمیری شەممەر، توانی پێشیان بکەوێت و بکەوێتە سـەرووپان. دەبوو عەبدوڵا بن رەشید سەرەتا پایەکانی ئەو دەسـەڵاتەی فەیسـەڵ پێی بەخشیبوو قـایم بکات. تـا کاتێک لە شـێخی شـەممەر رزگـاری بـوو، توانی بەهـۆی وازهێنـان لە تونـدڕەویی وەهـابی و گرتنەبـەری ڕێچکەیـەکی میـانڕەوی دانایـانە، هەروەهـا بەهـۆی پەیوەنـدییە باشەکانی لەگەڵ حاکمی مەدینەدا، جێپێی خۆی قـایم بکـات. زۆری نەبـرد شـارەکەی، حایل، پێگەی کەوتە سەروو ریاز و توانی جموجوڵی بازرگانی بۆ لای خۆی رابکێشێت، بـە هـاتنی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم ئاکە شاری ئەمیری گرنگ بوو لە نیشتمانی عەرەبدا. سـاڵی ١٨٤٧ تەڵاڵ جێگەی گرتەوە، پاشان ساڵی ١٨٧٦ محەمەد بن رەشید جێگەی ئەمی گرتەوە،

لە سەردەمی ئەو دوو کەسەدا هێمنی باڵی بەسەر مەزهبی وەهابیدا کێشا. بەڵام لە هیند، کە سەید ئەحمەد (ئەلرای باریلائی) پاش ئەنجامدانی فریزەی حەج سالّی ١٨٢٢-١٨٢٣، هەوڵی دا بڵاوی بکاتەوە، لە دەیەکانی پاشتردا پشێوییەکی زۆری نایەوە، بەهۆی ئەوەی شوێنکەوتەکانی لە هەرێمی فیتەن لە راگەیاندنی جیهاد دژی ناموسڵمانەکان بەردەوام بوون. پاشتر جارێکیتر باسی زیندوبوونەوەی بزووتنەوەی وەهابی دەکەین لە دورگەی عەرەبی لەکاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا.

رێکخستنەوەی سوپاکانی عوسمانی

پاش هەڵمەتە سەرکەوتووەکەی ئیبراهیم لە سووریا، خەمی سەرەکیی سوڵتان مەحموود گێرانەوەی ئەو ویلایەتە لەدەستدراوەدا بوو. بۆ ئەوەیش پێویست بوو سوپا بەشێوەکی دوورتر و قوڵتر لەوەی پاش لەناوبردنەکەی ئینکیشاری رووی دا، رێک بخرێتەوە. تا ئەوکاتە شکستی هێنابوو لە بەدەستهێنانی مەشقدەرانی ئەوروپی بەهۆی رکابەری و ئیرەیی نێوان دەوڵەتە گەورەکانەوە. تا لە هاوینی سالّی ١٨٣٦ لە گەشتێکی تایبەتدا دوو فەرماندەی پرووسی گەیشتنە ئیستانبوڵ، ئەوانیش ڤۆن مۆڵتکە Von Moltke و ڤۆن بێرگ Von Berg بوون و پێشکەش بە سوڵتان کران. لەسەر پێشنیازی فەرماندەی گشتی (سەرعەسکەر) کە لە یەکەم کۆبوونەوەوە زۆر شتیان لێ تێگەیشتبوو، سوڵتان داوای لە پاشای پرووسیا کرد مۆڵەتێک بداتە مۆڵتکە بۆ ماوەیەکی درێژ لە ئیمپراتۆرییەتەکەیدا بمێنێتەوە، پاشان سوڵتان مۆڵتکەی لەگەڵ خۆی لە گەشتێکدا برد بۆ رۆم ئیلی. پێشنیازەکانی مۆڵتکە بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە سیستمی قایمکارییەوە هەبوو، زۆر چوونە دڵی سوڵتان، تەنانەت داوای لە فریدریک ویلیەمی سێیەم کرد چوار مەشقدەریتری لە ئەفسەرانی سوپای پرووسی بۆ رەوانە بکات. لەڕاستیدا پرۆسەی رێکخستنەوەی سوپا کە مۆڵتکە دەستی پێکرد و ژمارەیەک ئەفسەری پرووسی پاش ئەو درێژەیان پێ دا، توانای بەرەنگاریکردنی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی زۆر زیاد کرد. سەرۆکی پاسەوانان و فەرماندەی تۆپخانە ملکەچی وەزیری جەنگ کران، کە تا ئەوکاتە هەمان ئاستی ئەویان هەبوو. هاوکات لەگەڵ ئەم رێکخستنە لە سوپادا کۆمەڵێک گۆڕانکاریی هاوشێوە لە پۆستە باڵاکانی دەوڵەتیشدا کرا. سالّی ١٨٣٧ نازناوی "سەدری ئەعزەم" بەشیوەیەکی کاتی هەڵوەشێنرایەوە و دەسەلاتەکانی سپێردران بە "باش وەکیل"، وەزیری یەکەم، کە لە هەمان کاتدا وەزیری ناوخۆیش بوو. لە ئایاری سالّی ١٨٣٨ رێکارێکی دوورمەودایتر وەرگیرا: مووچەی دیاریکراو بەسەرجەم فەرمانبەرانی دەوڵەت درا، دوای ئەوەی پێشتر قەرەبووی خۆیان لە وەزیفە نزمەکاندا راستەوخۆ لە جەماوەر و لە وەزیفە باڵاکاندا لە بەرپرسەکانیان وەردەگرت.

شکانی تورکەکان لە نسێبین

سەرەڕای هۆشداریدانی دیپلۆماتکارانی ڕووس و مەشقدەرانی پرووسی بە سوڵتان مەحموود، کەچی بەردەوام بۆ بیانوویەک دەگەڕا جەنگ دژی محەمەد عەلی ڕابگەیەنێت، کە ئەمەی دوایی لە شوباتی ساڵی ١٨٣٧ ئەوەی سوڵتان بۆی پێشنیاز کردبوو ڕەتیکردەوە، بەوەی ویلایەتی لە میسر بکرێتە میراتی و بەدرێژایی ژیانیشی حوکمی کەناری سووری بکات، لەبەرانبەر دەستهەڵگرتنی لە سووریای ناوخۆ. لە مانگی ئابی ساڵی ١٨٣٨ سوپای تورکی بەسەرکردایەتیی حافز پاشا خێوەتی لە مەڵەتییە هەڵدابوو، کە تا و سکچوون dysentery لە نێو سەربازاندا بڵاو بووبوویەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا سوڵتان ئەو بیانووەی بەدوایدا دەگەڕا لە داگیرکردنی هەرێمێکی نزیک مەرعەشدا دەست کەوت کە میسرییەکان داگیریان کردبوو، لەکاتێکدا بابی عالی بەیەکێک لە مواڵکە تایبەتەکانی خۆی دادەنا. لە کانوونی دووەم/یەنایەری ساڵی ١٨٣٩ سوڵتان فەرمانی بەهێزەکانی کرد هێرش ببەن، بەڵام بەهۆی ناڕەزایی دەربڕینی دیپلۆماتکارانی ئەوروپی خیرا و دەستبەجێ هەڵیوەشاندەوە. بەڵام ئەم هەڵوەشاندنەوەیە یەکجاری نەبوو، بەڵکو سوڵتان چاوەڕوانی هاتنی بەهاری دەکرد تا فەرمانەکەی بۆ هێرشکردن لە مانگی نیسان دووبارە بکاتەوە. لە گەرمەی سەختییە گەورەکاندا سوپای تورکی لە توروس پەڕیەوە و لە بیرەجێک، لە بەری چەپی ڕووباری فورات، مۆڵی دا. هەر هێندەی تورکەکان لە ڕووبار پەڕینەوە، دانیشتوان کە لەمێژە لە حوکمی میسری تووڕە بوون، ڕاپەڕین و چوونە لای سوڵتان. ئیبراهیم تا ئەوکاتە چاوڕوانی دەرفەتێکی دەکرد، چونکە باوکی دەیویست هیچ شتێک نەکات لەبەرچاوی دەوڵەتانی ئەوروپی لە شێوەی دەستدرێژکاردا دەربکەوێت. ئیبراهیم تا ناوەڕاستی حوزەیران فەرمانی بۆ پێشڕەویکردن پێنەگەیشت. جا لە ٢٤ی هەمان مانگدا پەلاماری دوژمنی دا لە نسێبین Nasibin. لەڕاستیدا تورکەکان خۆڕاگرییەکی چاوەڕواننەکراویان نواند لەبەردەم ئەو هێرشە ڕاستەوخۆ بوێرانەیەی ئیبراهیم کردیە سەریان، بەڵام زۆری نەبرد پاسەوانە سوارەکانیان لەپڕ و بەڕەمەکی و بەبێ بەرنامە هەڵیانکوتایە سەر میسرییەکان، کاتێک تۆپخانە ناچار بە پاشەکشەی کردن بە قوڵەسمی ئەسپەکانیان سوپا پیادەکەی خۆیانیان شێڵا. دەستبەجێ سیستم لە ریزەکانی سوپای تورکیدا بەتەواوی نەما و کوردەکان ئاگری تفەنگەکانیان ڕووکردە ئەفسەرەکانیان خۆیان و فەرماندەی گشتی (سەر عەسکەر) بەئاستەم توانی خۆی لە پەلاماری یاخیبووان ڕزگار بدات. لێرەدا شتێک ڕووی دا شتی وا لە مێژووی جەنگدا نەبیستراوە: چەندین فیرقەی سوپای سەرکەوتوو بەتەواوی چوونە پاڵ دوژمن و سوپا میسرییەکان پەیوەندییان بە سواڕە تورکەکانەوە کرد، لە کەشێکی شکست و فەوزادا کە (دۆ و دۆشاو)ی تێدا تێکەڵ

بوو. بەم شێوەیە ئاستەم بوو بۆ ئیبراهیم بیر لە بەدواداچوونی تورکە پاشەکشەکردوەکان بەرەو مەرزەش و مەڵەتییە بکاتەوە.

سوڵتان مەحموود قەدەری نەبوو هەواڵی ئەم کارەساتەی ببیستێت، چونکە دوای سی و یەک ساڵ حوکمڕانی لە ٣٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٣٩ مرد، کە هێشتا تەمەنی لە پەنجا و چوار ساڵ تێپەڕی نەکردبوو، بەڵام زیادەڕەویکردن لە مەی خواردنەوە زۆر پێش لەو وادەیە جەستەی لاواز کردبوو. سەرەڕای شکستهێنانی لە سیاسەتی دەرەوەدا، کە بوو بە ڕێگر لەبەردەم پلانەکانیشیدا بۆ چاکسازی -کە ڕەنگە پەلەپەل و هەڵەشەییان تێدا کرابێت- لەڕاستیدا سوڵتان مەحموود هەمیشە بەیەکێک لە باشترین سوڵتانەکانی بنەماڵەی عوسمان دادەنرێت. تورکەکان بەدامەزرێنەری سەردەمێکی نوێی دادەنێن لە مێژووی دەوڵەتەکەیاندا -وەک پوتروسی مەزن لە ڕووسیا، کە سوڵتان مەحموود حەزی دەکرد خۆی بەو بەراورد بکات- ئەگەرچی نەیارانی لە پیاوانی تورکیای لاو ئەوەی بۆ ناسەلمێنن.

دوای مەحموود عەبدولمەجیدی کوڕی چووە سەر تەخت، کە تەمەنی تەنیا شازدە بەهار دەبوو. کاتێک هەواڵی شکانەکەی نسێبین گەیشت، ئەدمیرال فەوزی پاشا، بەیارمەتیی ئەدمیرالی فەرەنسی لالاند Lalande سەرکردایەتیی کەشتیگەلی عوسمانییان کرد بۆ ئەسکەندەریە، ئەویش بەهۆی ڕقی فەوزی پاشا لە خەسرەو، سەدری ئەعزەم (ئەم پۆستە لەئەنجامی مردنی سوڵتان مەحموود داهێنرا). محەمەد عەلی لەمێژ بوو کەڵکەڵەی ئەوەی لەمێشکدا بوو خۆی وەک قارەمانی سوڵتان حوکمی تەواوی ئیمپراتۆرییەتەکە بەڕێوە ببات، وای بەخەیاڵدا هات ئێستا دەرفەت لەبارە بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانە، لەبەرئەوە بەخۆشی چوونی سوڵتانی لاو بۆ سەر تەختی ئیمپراتۆرییەت، فەرمانی دا بەسازکردنی ئاهەنگ و شایی و لۆغان لە سەرجەم ئەو ویلایەتانەی لەژێر دەستیدا بوون، هەمیشە خۆی بەدڵسۆزترین خزمەتکارانی سوڵتان ناو دەبرد. نەک هەر ئەوە، بگرە داوای لە سەرکردە تورکەکان کرد بچنە پاڵی بۆ کارکردن لە خزمەتی سوڵتان دژی سەدری ئەعزەم و ڕووس. بەڵام فێڵ و تەڵەکەکانی سەرکەوتوو نەبوون پاش ئەوەی دەوڵەتانی ئەورووپی، جگە لە فەرەنسا، بەرهەڵستیی ئەو سیاسەتەیان کرد، هەروەها پاش ئەوەی زەحمەتییەکانی ناوخۆ دەستیان بەستەوە. میسر نەیدەتوانی توخمی نوێ بۆ سوپاکەی زیاد بکات، ئەویش لەئاکامی ئەو ئامادەسازییە سەربازییانەی توندوتیژیی زیادیان تێدا بەکار هات لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، لەکاتێکدا تەواوی سووریا چاوەڕوانی ئەوە بوون تووشی شکستێک ببێت تا لێی یاخی ببن. گەنجینەکەی بەدەست کورتهێنانێکی گەورەوە گرفتار بوو. هێرشێکی کردە سەر سوودان بەمەبەستی پڕکردنەوەی، بەڵام بە شکستێکی گەورە کۆتایی هات.

عەبدولمەجیدی یەکەم "خەتی شەریف" دەردەکات

وەزیری دەرەوەی تورکیا، رەشید پاشا -لەو کاتەدا- وەک بالْیۆزی بانئاسایی (فوق العادة) extraordinary لە لەندەن، ئەو شارەی بەجێهێشت و گەڕایەوە ئیستانبوڵ. لەوێ، لە لەندەن، رەشید پاشا سەرسام بوو بەشێوازی حوکمی دەستووریی پەرلەمانی و بوو بە دڵگەرمترین بانگخوازانی. قۆڵی لێ هەڵماڵی تورکیا بگەیەنێتە ریزی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان، ئەویش لەڕێی دەستوورێکەوە بەزمانی سەردەم مافە بنچینەییەکانی هاوڵاتیان جێگیر بکات و هەڵوەشاندنەوەی خەوش و خراپییە زۆر بەرچاوەکان لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا رابگەیەنێت، بەوەیش سۆزی ئینگلتەرا و فەرەنسا بەدەست دێنێت و تورکیا لە دەستدرێژیی رووسیای خاوەن حوکمی رەها بێخەم دەکات و بەشێوەیەکی تایبەت لەبەرچاوی رای گشتیی ئەوروپی دەکەوێتە سەروو محەمەد عەلی. رەشید پاشا بەسووک و ئاسانی توانی پالْپشتیی سوڵتانی لاو بۆ پلانەکەی مسۆگەر بکات، کە - سوڵتان- جۆرە لەخۆڕازیبوونێک گرتی بەوەی هەستی کرد دەتوانێت وەک فریادەڕەسێکی نیشتمانی لەبەرچاوی سەرجەم دەوڵەتانی ئەوروپیدا دەربکەوێت، پاشان بەڵگەنامەی دەستوورەکە تەواو بەنهێنی ئامادە کرا. تا رۆژی سێیەمی مانگی تشرینی دووەمی سالْی ١٨٣٩ سەرجەم گەورە بەرپرسانی بابی عالی و نوێنەرانی عوسمانیی خەڵکی ئیستانبوڵ و نوێنەرانی "رەعیەتەکان"ی دەوڵەت لە ئەوروپا و ئەندامانی سلکی دیپلۆماسی بانگهێشت کران بۆ کۆشکی گوڵخانە لە لای باشووری سەرای لەسەر دەریای مەرمەرە، تا گوێیان لە خوێندنەوەی خەتی شەریف hatti-shrif بێت، کە بە "گوڵخانە" بەناوبانگە.

لەڕاستیدا ئەم بەڵگەنامەیە هیچ بیرۆکەیەکی نوێی تێدا نەبوو کە سوڵتان مەحموود هەوڵی نەدابێت بەپراکتیکی جێبەجێی بکات. خاترگرتنی دووسەرە هەم بۆ رازیکردنی هەستی ئوممەتی ئیسلامی و هەم بەدەستهێنانی سۆزی مەسیحییەکان کاریگەریی خۆی هەبوو لەو دژیەکییەی دانەری بەڵگەنامەکە تێی کەوتبوو، بە ستایشکردنی یاسا و نەریتە ئیسلامییە کۆنەکان وەک ڕێگەی دروستی رزگارکردنی دەوڵەت لەلایەک و پاشان ئامادەکاری -سەرباری ئەوە- بەزەروورەتی دەستگرتن بە دەستوورە مۆدێرنەکان بەمەبەستی نەهێشتنی ئەو خراپییانەی لە سەرپێچیکردنی ئەو یاسا و و نەریتانەوە پەیدا بوون، لەلایەکیترەوە. سوڵتان لەو بەڵگەنامەیەدا بەڵێنی بەگشت رەعیەتەکانی دابوو، بەجیاوازیی رەگەز و ئاینییانەوە، سەر و سامان و ناموووسیان بپارێزێت و باجەکان بەشێوەیەکی پاک و دادپەروەرانەی باجەکان، لەکاتێکدا بەتایبەت بەڵێنی بەموسڵمانەکان دا خزمەتی سەربازی هەموار بکرێت و ماوەکەی کورت بکرێتەوە بۆ چوار یان پێنج سال. نەک هەر ئەوە، بگرە بەڵگەنامەکە سێ لە خراپییەکانی سەردەمی رابردووی بەتەواوەتی هەڵوەشاندەوە کە بەشێوەیەکی تایبەت بە ستەمکارانە دادەنران، کە ئەگەرچی لەمێژە

بە هەڵوەشاوە دانرابوون بەڵام بەردەوام سەرەتاتکێیان دەکرد، ئەوانیش قۆرخکاری و دەست بەسەردا گرتنەکان و بەکرێدانی کۆکردنەوەی باجەکان لە ویلایەتەکان بۆ ئەو کەسەی بەرزترین نرخی پێ بدات. هەرچی سزای مردنە رەهن کرا بەو حوکمەی پاش لێکۆڵینەوەیەکی یاسایی دەردەچێت.

وەزیری خەوندار رەشید پاشا بەو پیاهەڵدانە زۆرەی میدیای ئەوروپی لەسەر ئەنجامدانی ئەو شانۆگەرییە -وەک باڵیۆزی رووسی بەو شێوەیە وەسفی کردبوو- تێری نەخوارد، پێی وابوو پێویستە بیرە ئازادیخوازانەکەی لەڕێی پاڵپشتیکردنی بە نوێنەرایەتیکردنێکی میللییەوە پیشانی جیهان بدات، بەڵام دیارە نەدەکرا بابەتی هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ گەل بەجێ بهێڵرێت، کە بەهیچ شێوەیەک بۆ ئەو ئەرکە ئامادە نەبوو، لەبەرئەوە دەبوو حکومەت ئەو نوێنەرانە هەڵبژێرێت، لەڕاستیدا ئەو نوێنەرە دامەزراوانە، لەسەر شێوازە بەریتانییەکە، بەگوتارێکی سوپاس و پێزانین بۆ ئەو چاکەیە وەڵامی ئەو گوتارەیان دایەوە کە سوڵتان پێشکەشی کرد، پاشان بەچاکی بەڕێکران.

لەڕاستیدا ئەو ریسواییە تاڵەی بابی عالی لەم قۆستنەوە بێتامەی بۆ سادەیی رای گشتی ئەوروپی، چنییەوە، سوڵتان و حکومەتەکەی لە هەر دووبارەکردنەوەیەکی ئەو گاڵتەجارییە سڵەماندەوە.

هاوپەیمانیی چوارقۆڵی و دەرچوونی ئیبراهیم لە سووریا

لەم کاتانەدا دەوڵەتانی ئەوروپی سوڵتانیان لەو دڵەڕاوکێیە رزگار کرد کە لە تەماحی شوێنکەوتە میسرییە سەرسەختەکەی هەیبوو. لەکاتێکدا فەرەنسا چاوی لەوە بوو جۆرە پاراستنێک بەسەر میسردا بسەپێنێت بەمەبەستی خۆ چەسپاندنی لە جەزائیر کە داگیری کردبوو، لۆرد پالمرستۆن Palmerston لە چارەنووسی رێگەی هیند دەترسا بەدەست هەر دەوڵەتێک سووریا و میسر یەک بخات، لێرەوە چوار دەوڵەتە گەورەکە برپاریان دا کارێکی هاوبەش دژی محەمەد عەلی ئەنجام بدەن. لەسەر پێشنیازی نەمسا لە شوباتی ساڵی ١٨٤٠ کۆنگرەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە پرسی میسر گرێ درا. فەرەنسا بەرهەڵستیی پێشنیازەکەی بەریتانیای کرد کە جگە لە فەلەستین و حوکمی میراتی لە میسر هیچیتر بۆ محەمەد عەلی بەجێنەهێڵرێت، تا کاتێک کابینەکەی تییر Thiers، کە لە ٢ی ئاداری ١٨٤٠ لە پاریس کاروباری گرتە دەست، لە بەرژەوەندیی پارێزراوەکەی [محەمەد عەلی] دەستی وەردا، وەک ئەوەی چارەنووسی تورکیا هەموو بەسترابێت بە ئیرادەی ئەوەوە، دیپلۆماسییانی رووس توانییان ئەو تەبابییە هەڵبتەکێنن کە تا ئەوکاتە بەسەر پەیوەندییەکانی نێوان فەرەنسا و بەریتانیادا زاڵ بوو. ئەوە بوو لە سەرەتای ساڵی ١٨٤٠ بەریتانیا لەگەڵ رووسیا و دوو لە دەوڵەتانی ئەڵمانی هاوپەیمانیی چوارقۆڵییان پێک هێنا.

بەگوێرەی ئەو هاوپەیمانییە ئەو دەوڵەتانە بەڵێنیان دا بەرگری لە یەکپارچەیی خاکەکانی دەوڵەتی عوسمانی بکەن و محەمەد عەلی، ئەگەر پێویستی کرد بەهێزی چەک، ناچار بکەن واز لە سووریا بێنێت، بەڵام فەلەستینی بەدەستەوە بمێنێت، جگە لە عەککا. کاتێک ئەو دانوستانانەی بابی عالی جارێکیتر هەوڵی دەدا لە ئەسکەندەریە ئەنجامیان بدات شکستیان هێنا، سوڵتان محەمەد عەلی بەدوژمنی دەوڵەت راگەیاند، بەوەیش پۆستەکەی و هەرچی ماف و ڕێزێک شایستەی بووە لەدەست دەدات. بەم شێوەیە یەکەکانی کەشتیگەلە هاوپەیمانەکان لە کەناری سووری لە دەریای ناوەڕاست کۆبوونەوە، کە ژمارەیان بیست و دوو کەشتیی جەنگی بوو، کە بابی عالیش دوو کەشتی و ژمارەیەک پاپۆڕی گواستنەوەی نارد بۆ لایان کە شەش هەزار سەربازی وشکانییان هەڵگرتبوو. مەبەست لەم هێز کۆکردنەوە دەریاییەیش ئەنجامدانی هێرشێک بوو بۆ سەر ئیبراهیم. بەگەیشتنی کەشتیگەلە هاوپەیمانەکە بەبەندەری بەیروت مارونییەکانی لوبنان سەرلەنوێ شۆڕشیان ڕاگەیاندەوە، پێشتر شۆڕشیان کردبوو بەڵام ئیبراهیم ملکەچی کردبوونەوە. کاتێک هاوپەیمانان پێیان نایە سەر وشکانی لە جونییە Juniyah کە چەد سەعاتێک لە باکووری بەیروت دوورە، مارونییەکان پۆل پۆل بەرەو کەنار کەوتنەڕێ تا دەست بەسەر ئەو تفەنگانەدا بگرن کە هاوپەیمانان بۆیان هێنابوون. بەڵام فەرماندەی بەریتانی سمیث تەنیا بەگەمارۆدانی بەیروت وەستا، بەوەیش سلێمان پاشا، فەرمانڕەوای شارەکە پاش تەواوبوونی ئازوقە، توانی لە تشرینی یەکەمدا خۆی قوتار بکات و پەیوەندی بەسوپای ئیبراهیمەوە بکات لە بەعلەبەک، کە لە هەموو بارەکاندا وەڕەی سەربازەکانی تەواو دابەزیبوو.

لە تشرینی دووەم سێر چارلز ناپیێر Sir Charles Napier گەمارۆی خستە سەر عەککا، ئەو قەڵا بەناوبانگەی توانی دلێرانە لەبەردەم ناپلیۆندا خۆی ڕابگرێت لەکاتی کشانەوەی لە میسر ساڵی ١٧٩٩، هەروەها لەبەردەم هەڵمەتە تەمێکارانەکەی بابی عالی ساڵی ١٨٢٢ لە سەردەمی عەبدولا [پاشا]، پاشان لەبەردەم ئیبراهیم پاشا ساڵی ١٨٣٢. محەمەد عەلی پێشتر پارەیەکی زۆری بۆ تەواوکردنی قایمکارییەکانی خەرج کردبوو. دوای چوار کاتژمێر ئاگربەساران کە داری بەسەر بەردەوە نەهێشت و ئەمباری بارووەکەی تەقاندەوە و چواریەکی پیاوانی لەشکرگەکەی لەناو برد، ئەوانەی مابوون کەوتنە گەڕان بەشوێن ڕێگەیەکی دەربازبووندا، بەڵام دوای شەڕێکی خوێناوی بەدیل گیران و شارە قایمەکە کەوتە دەست هێرشبەران. بەگەیشتنی ئەم هەواڵانە بە ئیبراهیم بەرەو دیمەشق گەڕایەوە و دەستی بەسەر چل ملیۆن قرشیتردا گرت و ڕایکرد بۆ میسر و چەک و ئازووقەیەکی مۆڵی بۆ شۆڕشگێڕان بەجێ هێشت.

لە نیوەی دووەمی تشرینی دووەمدا سێر چارلز ناپیێر و کەشتیگەلەکەی گەیشتنە ئاوەکانی ئەسکەندەریە و محەمەد عەلییان ناچار کرد بەئیمزاکردنی ڕێکەوتنێک تێیدا بەڵێنی

دا بەگێڕانەوەی کەشتیگەلە عوسمانییەکە بۆ بابی عالی و چۆڵکردنی سووریا. ئەدمیرالێش لەبەرانبەر ئەوەدا بەڵێنی پێدا حوکمکردنی میسری بەشێوەیەکی میراتی بۆ مسۆگەر بکات. دوای ئەوەی محەمەد عەلی لە نامەیەکدا بۆ سەدری ئەعزەم چارەنووسی خۆی دا بەدەست سوڵتانەوە و کەشتیگەلە عوسمانییەکەی رادەستی دەوڵەت کردەوە، سەرلەنوێ دۆخی دەستووریی ئەو لە میسر بەیارمەتیی دەوڵەتانی ئەوروپی دیاری کرایەوە. دەبوو سەرانەیەکی سالانە بداتە دەوڵەت کە بڕەکەی سی ملیۆن قرش بوو، سوپاکەی بۆ هەژدە هەزار پیاو کەم بکاتەوە و دامەزراندنی گەورە فەرمانبەرانی حکومەتەکەیشی بۆ سوڵتان بەجێ بهێڵێت. هەروەها لە ولاتەکەیدا کار بە هەمان ئەو یاسا و باجانە بکات کە لە باقی بەشەکانی ئیمپراتۆرییەتەکەدا کاریان پێ دەکرێت و دان بەوەدا بنێت ئەو پەیماننامانەی بابی عالی لەگەڵ دەوڵەتانی بیانی بەستوونی بۆ میسریش پابەندکارن. هەرچی ئەوە بوو سوڵتان سەرەتا بڕیاری دا، بەوەی مافی دیاریکردنی جێنشینی محەمەد عەلی لەنێو ئەو کوڕانەدا بێت کە لەژیاندا ماون، لە کۆنگرەی لەندەندا گۆڕا بە مافی گواستنەوەی حوکم بەشێوەیەکی میراتی بۆ بەتەمەنترین کوڕانی محەمەد عەلی.

رێکخستنەوەی سووریا: مارونی و دروزییەکان

بەم شێوەیە ئەرکی بەرقەراکردنی ئاسایش و سیستم لە سووریا کەوتە ئەستۆی بابی عالی، کە ئەوە بارێک بوو جەنگ قورس و قورستری کرد. ئەوە بوو هەندێ ئەمیری خۆمالّی لە بنەماڵەی تانوخ و مەعن و شیهاب چەند سەدەیەک بوو لە لوبنان جێگر بووبوون. بەهەمان ڕێگە کە پێشتر مەحموود بەکاری هێنا بۆ شکاندنی شەوکەوتی دەرەبەگەکان (ئەمیرانی شیو) لە ئاسیای بچووک، بابی عالی هەوڵی دا لوبنان ڕاستەوخۆ ملکەچی دەسەلاتی والیی عوسمانی لەو ناوچەیە بکات. ئەمیر بەشیر کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ولاتەکەی رادەستی ئیبراهیم کرد، لە تشرینی یەکەمی سالّی ١٨٤٠دا بەکەشتییەکی جەنگیی بەریتانی رایکرد بۆ مالّتا، کوڕە گەورەکەی سالۆحە و کوڕە بچووکەکەیشی شیاو نەبوو بۆ جێگرتنەوەی. بەڵام فەرەنسا کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد مافی پاراستنی مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات و لێرەوە پاراستنی مارۆنییەکانیی هەیە، ئامادە نەبوو ڕێگە بە هەڵوەشانەوەی میرنشینێکی مەسیحی بدات و لەو ڕووەوە بێ هەڵوێست بێت. لەژێر فشاری دەوڵەتاندا بابی عالی رازی بوو یەکێک لە کوڕە بەسالاچووەکانی ئەمیر بەشیر بەحاکم دابمەزرێنێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دروزییەکانی بۆ شۆڕشکردن بزواند، کە ئەوەیش وای خواست لوبنان هەمووی لەڕووی سەربازییەوە داگیر بکرێت. تا کاتێک مەسیحییەکان دەنگی سکالاّیان بەرز کردەوە بابی عالی لیژنەیەکی دامەزراند کە خەڵکەکەی ناچار کرد سکالانامەیەک بۆ سوڵتان بەرز بکەنەوە تێیدا داوای دامەزراندنی ئیدارەیەکی تورکی لە

ولاتدا بکەن. لە ئابی ساڵی ١٨٤٢ دەوڵەت بڕیاری دا لوبنان بکرێتە دوو ناوچەی کارگێڕی، کە یەکێکیان خانەدانێکی دروزی و ئەویتریان خانەدانێکی مارۆنی حوکمی بکات، کە هەریەکەیان نازناوی "قائیمقام"ی دەبێت. بەڵام لەبەرئەوەی لە ناوچە تێکەڵەکان، وەک ناوچەی گرنگی مەتن Matn کە دەکەوێتە رێگەی دیمەشق، زۆرینەیەکی مارۆنی لە سایەی مشایخی دروزدا دەژیان، ئەوا پێویست بوو هەر قایمقامێک جێگرێک بۆ خۆی دابمەزرێنێت. لەو رووەوە دەوڵەتان هێشتا پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد دروزەکان قەرەبووی ئەو زیانانە بدەن کە لە شۆڕشەکەی ساڵی ١٨٤٢ کەوتنەوە، ئەوا لە ئایاری ساڵی ١٨٤٥ ئاگری شەڕی ناوخۆ سەرلەنوێ هەڵگیرسایەوە، ئەوکاتە بابی عالی پەنای برد بۆ دامالینی چەک لە هەردووڵا و لەپال هەر قایمقامێک ئەنجوومەنێکی دانا کە خاوەن دەسەلاتی ئیداری و قەزایی بوو و لە نوێنەرانی چینە جیاوازەکانی گەل پێکدەهات.

محەمەد عەلی ساڵی ١٨٤٨ مرد، ئیبراهیمیش هەشت مانگ لەوەوپێش مردبوو، عەباس پاشای کوڕی جێگەی گرتەوە، کە موسڵمانێکی تووندڕەو بوو زۆر رقی لە پەروەردەی ئەوروپییانە بوو. هەر کە چووە سەر تەخت پرۆژەی لێدانی کەناڵێکی بۆ بەیەککەیاندنی دەریای سپیی ناوەڕاست و دەریای سوور دانا. لەو رووەوە سەرمایەدارانی ئەوروپی گرنگییان بەو پرۆژەیە دەدا، بەریتانییەکان دژی وەستان و پروپاگەندەیان بۆ دژە پرۆژەیەک دەکرد، کە راکێشانی هێڵێکی شەمەندەفەر بوو لەڕێی تیغی (برز)خی سویسەوە و بەکردەوە ساڵی ١٨٥١ دەست بە دامەزراندنی کرا.

پرسی شوێنە پیرۆزە مەسیحییەکان

لەڕاستیدا ئەوەی بڕیاری لە چارەنووسی رۆژهەڵات لە ساڵانی پاشتردا دا ئەم بابەتی هاتۆچۆیە نەبوو، کە پاشتر گرنگیی گەورەیان بۆ تەواوی جیهان هەبوو، بەڵکو مەسەلەیەکیتر بوو کە بابی عالی بە بێنرخی دادەنا، بەڵام بیانوویەکی دا بەدەست دەوڵەتانی ئەوروپییەوە بۆ فەرزکردنی بالادەستیی خۆیان بەسەر رۆژهەڵاتدا، ئەویش مەسەلەی شوێنە پیرۆزە بەناوبانگەکان بوو، بەم شێوەیە: ناوچەی قودس و دەوروبەری، کە مەسیحییەکان بەهۆی ئەو یادەوەرییە زۆرانەی لەبارەی ژیانی یەسوعی مەسیح و پێغەمبەران تێیاندان بەپیرۆزیان دەزانن، لە سەردەمی جەنگەکانی خاچپەرستانەوە مۆڵکێکی هاوبەش بوون لەنێوان شەش تایفە نەسرانییەکەدا: لاتین (شوێنکەوتووانی کەنیسەی رۆمانی) + رۆمی ئەرسۆزۆکس + ئەرمەن + سریان + قیبتییەکان + حەبەشییەکان. ئەم سێ کەنیسەی کۆتایی بەهۆی لاوازییانەوە چووبوونە ژێر باڵی ئەرمەن، کە ئەمانە وەک هێزی دارایی رۆژهەڵات بابی عالی لێیان بێنیاز نەبوو. هەرچۆن بێت، کەنیسەی ئەرسۆزۆکسی پایەبەرزترینی کەنیسەکان بوو هەم وەک نوێنەری دە ملیۆن کەس لە

رەعییەتە ئەرسۆزۆکسەکانی سوڵتان، هەمیش بەهۆی پاڵپشتیی ڕووسیا بۆی. پیاوانی ئەکلیرۆسی لاتینی کە زۆربەیان بەبنەچە ئیسپانی و ئیتاڵی بوون، لە کۆمەڵێک ئیمتیازاتی بیانی و پاراستنی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسی بەهرەمەند بوون. لەڕاستیدا ئەو تایفانە مافەکانیان وەچە دوای وەچە بەگوێرەی دابونەریت بۆ ماوەتەوە نەک بەپشتبەستن بە بەڵگەنامەی تۆمارکراو، هەروەک ئەو مافانە هەندێکیشیان بەبەراورد بەهەندێکیتریان بەڕوونی دیاری نەکراون، لەبەرئەوە زۆرجار تایفە مەسیحییەکان بۆ داوەریکردن پەنایان دەبردە لای دەسەڵاتدارانی ئیسلامیی ناوخۆ. لە کەنیسەی قیامە لە بەیتولمەقدیس کە مولکی هاوبەشی سەرجەم تایفەکان بوو، دەگمەن نەبوو کاری تووندوتیژی و کوشتار لەنێو پیاوانی ئایینیدا ڕوو بدات، کە چەندە ئەرکەکانیان کەم بوو هێندەیش ژمارەیان زۆر بوو، تەنانەت پاسەوانی تورکی بەدرێژایی ڕۆژانی جەژنی فوسح ئاسایش و ئارامی لە گۆڕی پیرۆزدا دەپاراست.

لە هاوینی ساڵی ١٨٤٧ لە کەنیسەی مەهد لە بەیت لەحم ئەستێرەیەکی بە نووسینی زیوین رازاوە ون بوو کە لەسەر زێدی فریادڕەس (المخلّص) هەڵواسرابوو، ئەرسۆزۆکسەکان بە لێکردنەوەی تۆمەتبار کران، بەڵام دەسەڵاتداران کە ئەرکی لێکۆڵینەوەیان پێ سپێردرا نەیانتوانی رایەکی بنبڕ لەو ڕووداوەدا رابگەیەنن. ساڵی ١٨٤٩ کاتێک هەژموونی ئەکلیرکی جارێکتر دزەی کردەوە ناو حکومەتی فەرەنسی، حکومەت ئەو ڕووداوەی کردە بیانوویەک بۆ بەرەنگاریکردنی هەژموونی ڕووسی لە ڕۆژهەڵات. بەم شێوەیە فەرمان بە باڵیۆزەکەی لە ئیستانبوڵ کرا کە بەگوێرەی ئیمتیازێک ساڵی ١٧٤٠ بەخشراوە، داوای فراوانکردنێکی گەورەی مافە کلاسیکییەکانی لاتینەکان بکات. بەڵام ڕووسیا هەڕەشەی پچڕینی پەیوەندییە دیپلۆماسیەکانی لە بابی عالی کرد ئەگەر هەر گۆڕانکارییەک لە دۆخی ئارای شوێنە پیرۆزەکاندا بکرێت. دوای چەند دانوستان و کۆبوونەوەیەکی چەند لێژنەیەک کە نزیکەی دوو ساڵ درێژەی کێشا، سوڵتان بڕیاری دا هەموو شتێک لە قودس وەک جاران بمێنێتەوە، بەڵام سێ کلیلی تایبەت بە دەروازە سەرەکییەکانی کەنیسەی عەزرا و ئەو ژێرزەمینانەی لەژێر کەنیسەی مەهددان لە بەیت لەحم، بدرێن بە لاتینەکان. بەهەرحاڵ، کلیلی دەروازەی سەرەکیی کەنیسەی مەهد لەلای ڕۆژئاواوە لای لاتینەکان نەبوو، لەگەڵ ئەوەیشدا باڵیۆزی فەرەنسی ناچار بوو خۆشحاڵیی خۆی بەو ئیمتیازە بێنرخە دەربڕیت، لەکاتێکدا ماوەیەکی کەم پێشتر هەڕەشە و گوڕەشەی دەکرد لەبەرئەوەی کەرامەتی ئیمپراتۆرییەتەکەی سووکایەتی پێکراوە. بەڵام ڕووسیا عەزمی جەزم کرد ئەم دەرفەتە بقۆزێتەوە بۆ لەناوبردنی هەژموونی دوژمنە

سیاسییەکەی لە رۆژهەلات، لەبەرئەوە فێڵێکی کرد تا وا لە بابی عالی بکات فەرمان بە والیی قودس (ئۆرشەلیم) بکات کە پێویستە لەکاتی پێدانی کلیلەکاندا بە لاتینەکان بۆیان ڕوون بکاتەوە ئەم ڕێکارە مانای ئەوە نیە ئەوان مافی ئەوەیان هەیە لە دەروازەکانەوە بچنە ژوورەوە. نەک هەر ئەمە، بگرە سوڵتان فەرمانیشی دەرکرد بەتۆمارکردنی سەرجەم مافەکانی ئەرسۆزۆکس لە شوێنە پیرۆزەکان لە تۆمارەکانی دادگەکانی شار و بەبەتاڵدانانی هەر داواکارییەکیتری لاتینەکان. کاتێک فەرەنسا بەئارامی بەم گژبەرییەیشدا تێپەڕی، کونسوڵی گشتیی ڕووس لە فەلەستین داوای کرد فەرمانە تازەکەی بابی عالی لە قودس بەئاشکرا بخوێنرێتەوە. بااڵیۆزی فەرەنسی ناڕەزایی دژی ئەمە دەربڕی و هەڕەشەی لە دەوڵەت کرد گەمارۆ بخاتە سەر دەردەنیل ئەگەر لەمڕۆ بەدواوە مل بۆ ویستی ڕووسیا کەچ بکات. کاتێک دەوڵەت ئەم ئاگەدارییەی نادیدە گرت و ملکەچی داواکانی ڕووسیا بوو، فەرەنسا ئەمجارەیش نەیوێرا هیچ بکات.

پاشان کێشەیەکی نوێ لە پرسی مۆنتی نیگرۆ پەیدا بوو، ئەویش ئەوە بوو بابی عالی دانیشتوانی مۆنتی نیگرۆی بەبەشێک لە "ڕۆم میللەتی" دادەنا ئەگەرچی هیچ هەوڵێکی نەدا بۆ بەڕەسمی ملکەچاندنیان. ئەوان لەڕاستیدا لە سەدەی حەڤدەیەمەوە لەلایەن هەندێ کاهینەوە حوکم دەکران کە نازناوی "میترۆپۆلیت"ی ئەکلیرکییان هەڵگرتبوو، ئەگەرچی خەڵک تەنها پێیان دەوتن "ڤلادیکا" *vladika*، بەواتای حاکم (دەسەاڵتدار). کاتێک ڤلادیکا پوتروسی دووەم لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٥٢ مرد، برازا و جێنشینەکەی دانیلۆ، سەرۆکایەتیی ئەکلیرکی خستە لاوە و کەوتە حوکمکردنی وڵات وەک دامەزرێنەری بنەماڵەیەکی میراتیی سەربەخۆ. بابی عالیش ئەم کارەی بەشۆڕش بەسەریدا دادەنا، کە لەوەدا ڕاستی دەکرد، لەبەرئەوە عومەر پاشای نارد، کە بەتواناترین سەرکردەکانی بوو، بۆ کپکردنەوەی. ڕەعییەتەکانی نەمسا لە سڵاڤییەکانی باشوور-کە حکومەتی ڤیەننا قەرزاریان بوو بەهۆی ڕەفتاریان لەکاتی شۆڕشی مەجەریدا- پشتی خزمەکانیان گرت. ئیمپراتۆریش لەسەر داوای ئەوان نێردەیەکی بانئاسایی نارد بۆ ئیستانبوڵ تا داوا لە سوڵتان بکات بەنەرمی بجوڵێتەوە. ڕووسیایش هەستی کرد پێویستە لەو مەسەلەیەدا دەست وەربدات. لەڕاستیدا نێردە بانئاساییەکە، مەنشیکۆف، کە تا پاش چارەسەری کێشەی مۆنتی نیگرۆ نەگەیشتە ئیستانبوڵ، لە ئیستانبوڵ ڕەفتارێکی هەڵەشانەی کرد وای لە فوئاد پاشا کرد لە وەزارەتی دەرەوە دەست لەکار بکێشێتەوە. مەنشیکۆف داوای لە بابی عالی کرد مەسەلەی شوێنە پیرۆزەکان لەڕێگەی پەیماننامەیەکی تایبەت لەگەڵ ڕووسیادا چارەسەر بکات و وەک سەرۆکێکی ڕۆحیی سەربەخۆ دان بە پەترێرکی ئەرسۆزۆکسیدا بنێت.

جەنگی کریمیا (قرم)

بەڵام بابی عالی رەتیکردەوە ئەم داواکارییە ئاستەمانە بسەلێمێنێت. لەبەرئەوە باڵیۆزەکە ئیستانبوڵی بەجێهێشت. لە ٢٦ی حوزەیران قەیسەر نیکۆلا ئەو بەیاننامە بەناوبانگەکەی ئاراستەی گەلەکەی کرد کە تێیدا رایگەیاند، ئەو پەیامەی رووسیا لە دێرزەمانەوە شانی داوەتە ژێری، کە بەرگریکردنە لە عەقیدەی ئەرسۆزۆکسی، ناچاری کرد -پاش دەستوەردانی بابی عالی لە مافەکانی کەنیسە رۆژهەلاتییەکان- سوپاکانی بنێرێت بۆ میرنشینەکانی دانووب، نەک بۆ ئەوەی جەنگێک بەرپا بکات، بەڵکو تا گەرەنتییەک بەدەست بێنێت بۆ گێرانەوەی ئەو مافە زەوتکراوانە. دوای هەفتەیەک سوپاکانی رووس لە رووباری پروث Pruth پەڕینەوە. لە ئیستانبوڵیش دەستبەجێ رۆحە سەربازییە کۆنەکە بێدار بوویەوە. تا کاتێک هەوڵەکانی میانگیری لەلایەن دەوڵەتە گەورەکانەوە شکستیان هێنا، کەشتییەکی دەریایی فەرەنسی و یەکێکی بەریتانی بەرەو دەریای مەرمەرە کەوتنە ڕێ و لەوێ دانیشتوانە موسڵمانەکان بەجۆش و خرۆشەوە وەک هاوپەیمان پێشوازییان لە پیاوانیان کرد. لە ٤ی تشرینی یەکەم بابی عالی جەنگی دژی رووسیا ڕاگەیاند و دوای دوو هەفتە سوپاکانی بەسەرکردایەتیی عومەر پاشا لە رووباری دانووب پەڕینەوە، بەڵام زوو ناچار بوون پاشەکشە بکەن، تورکەکان ناچار بوون تەنانەت لەودیو قەوقازیش بکشێنەوە بۆ قارس Kars، کە گەورەترین قەڵایە لە ئەرمینیای تورکی، ئەگەرچی پێشتر دەستیان بەسەر قەڵایەکی رووسیدا گرتبوو کە دەکەوتە سەر دەریای رەشدا. دەوڵەتانی خۆرئاوا لەو ماوەیەدا لە میانگیریکردن بۆ چارەسەری ناکۆکییەکە نەوەستان و کەشتیگەلەکانیان نەنارد بۆ دەریای رەش تا ئەوکاتەی رووسەکان کەشتییەکی تورکییان لە بەندەری سینۆپ تێکشکاند. لە بەهاری ساڵی ١٨٥٤ رووسەکان لەڕێی دانووبەوە پێشڕەویی تازەیان کرد، بەڵام قەڵای سیلیستریا سنووری بۆ پێشڕەویکردنیان دانا. تا کاتێک پرووسیا و نەمسا خۆیان داوای چۆڵکردنی هەرێمەکانی دانووبیان کرد و یەکێتیی ئەڵمانی کەوتە کۆکردنەوەی سوپاکانی لەسەر سنووری گالیسی، رووسیا ناچار بوو ملکەچ بێت و بکشێتەوە. لەوکاتانەدا دەوڵەتە خۆرئاواییەکانیش هێزی وشکانییان لە ئیستانبول کۆکردبووەوە، هێرشیان پێ کردە سەر رووسیا لە نیمچە دورگەی کریمیا (ئەیلوولی ساڵی ١٨٥٤). لە بیستی هەمان مانگدا رووسەکان لای رووباری ئەلما Alma تووشی شکستێکی کەمەرشکێن بوون. هەرچۆن بێت، قەڵای سیڤاستۆپۆل تا ٨ی ئەیلوولی ساڵی ١٨٥٥ خۆی ڕاگرت. لە قەوقازیش رووسەکان باڵادەست بوون ئەگەرچی رەعیەتەکانیان موسڵمان بوون، لازەکان (کە قارەمانە نیشتمانییە بەناوبانگەکەیان شامیل سەرکردایەتی دەکردن) و ئەبخاز و چەرکەس یاخی بوون. لە ٢٨ی تشرینی دووەم دوای گەمارۆیەکی درێژخایەن قارس کەوتە دەستیان.

هەوڵێکیدی لەپێناو چاکسازیدا

دەوڵەتانی خۆرئاوا بۆ ئەوەی بەردەوامیی ئاشتی لە ئایندەدا مسۆگەر بکەن –دانوستان هێشتا لەئارادا بوو بۆ بەستنی پەیماننامەیەکی ئاشتی- لە هەمان کاتدا رێگە لە رووسیا ببڕنەوە جارێکیتر دەست لە کاروباری ناوخۆی بابی عالی وەربدات، پێداگرییان کرد "لەسەر پێویستیی ئەنجامدانی چاکسازییەکی نوێ لە ئیستانبوڵ. بەم شێوەیە سوڵتان لەژێر فشاری ئەو دەوڵەتانەدا دووەمین مەرسوومی چاکسازی راگەیاند کە بە "خەتی هەمایۆن" ناسرا (سەرەتای شوبات)، تێیدا سوڵتان جەختی لەو مافانە کردەوە کە لە خەتی شەریف ناسراو بە "گوڵخانە" بە رەعییەتەکانی دەوڵەت بەخشراون. بەگوێرەی ئەم بەڵگەنامەیە چیتر مەسەلە مەدەنییەکانی تایبەت بەگەلانی مەسیحی تەنیا بەپیاوانی ئایینی نەدەسپێران، وەک پێشتر، بەڵکو بەڕێوەبردنیان بە ئەنجوومەنێکی تێکەل لە مەدەنی و ئەکلیریکی دەسپێردرا، کە گەل خۆی هەڵیدەبژێرێت. هەروەها ئەو سیفەتە سووکانەی تا ئەوکاتە لە وتارەکانی هەینیدا دژ بە مەسیحییەکانی ژێر دەسەلاتی سوڵتان بەکار دەهێنران، خرانە لاوە. نەک هەر ئەوە بگرە چیتر ئەو موسڵمانانەی باوەڕیان بەمەسیحییەت دەهێنا ناچار بەهەڵگەڕانەوە نەدەکران وەک پێشتر دەکرا. هەروەها دەرگاکانی چوونە ناو پەیمانگەکانی فێرکردنی رەسمی و لێرەیشەوە وەرگرتنی وەزیفەکانی دەوڵەت بەڕووی مەسیحییەکاندا کرانەوە. خزمەتی سەربازیشیان بەسەردا سەپێنرا کە پێشتر ئیمتیازێکی تایبەت بوو بە موسڵمانان، بەڵام ئازادیی دانی بڕێتی (واتە بەدەل)ی سەربازییان پێ بەخشرا و گفتیان درایە بەشێوەیەکی کاریگەرتر لە جاران لە ئەنجوومەنەکانی ویلایات و ئەنجوومەنە لۆکاڵییەکاندا نوێنەرایەتی بکرێن. هەروەها رێگە بە بیانی درا بەهەندێ مەرجی دیاریکراو بێتە خاوەن زەوی. سەرەنجام سوڵتان بیری لە سیستمێکی دادپەروەرانەتر بۆ باج، دانانی بودجەیەکی ساڵانە و ریشەکێشکردنی بەرتیل بەهەموو جۆرەکانیەوە، کردەوە.

خەڵک ئەم راگەیەنراوە تازەیان بەهەمان جۆش و خرۆشی پێشوازیکردنیان لە خەتی شەریفی گوڵخانی لە رابردوودا، وەرنەگرت. هەرچی موسڵمانان بوون لەدەستدانی ئیمتیازاتەکانی پێشوویان پێ ناخۆش بوو، مەسیحییەکانیش چاوەڕوانی سوودێکی کردارییان لە یاسا نوێیەکان نەدەکرد پاش ئەوەی ئەزموونە خەمناکەکان متمانەیان بە بەڵێنی دەسەلاتداران نەهێشتبوو. ئەمە جگە لەوەی ناوەرۆکی راگەیەنراوەکە لای موسڵمانان و مەسیحییەکان وەک یەک جێگومان بوو، چونکە بەئاشکرا دیار بوو پەیوەندی بە حکومەتە ئەوروپییەکانەوە هەیە.

پەیماننامەی پاریس

کاتێک دیپلۆماتکاران هەستیان کرد بەئەرکی خۆیان لە ئیستانبوڵ هەستاون، چوونە سەر دانوستانی جددی لە پەیماننامەی ئاشتیدا کە پاشتر لە ئاداری ساڵی ١٨٥٦ لە کۆنگرەی پاریس بەسترا. پەیماننامەکە بڕیاری دا سوپاکانی هەردوولا لەو خاکانە بکشێنەوە کە لەکاتی جەنگی کریمیادا داگیریان کردوون. دەوڵەتان هەروەها سەربەخۆیی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییان مسۆگەر کرد و رێگەیان پێ دا وەک ئەندامێکی کۆمەڵەی دەوڵەتانی ئەوروپی، لە سەرجەم ئیمتیازاتەکانی یاسای نێودەوڵەتی بەهرەمەند بێت. نەک هەر ئەوە، بگرە پەیماننامەکە بڕیاری دا دەردەنیل وەک پێشتر بەداخراوی بمێنێتەوە و دەریای رەش ببێتە ناوچەیەکی بێلایەن. هەرچی کەشتیەوانییە لە دانووب بەگوێرەی پەیماننامەکە دەبێت بەچاودێریی لێژنەیەکی تایبەت بەشێوەیەکی ئازاد رێک بخرێت. بابی عالیش بەڵێنی دا ئیدارەیەکی ئەهلی سەربەخۆ ببەخشێتە هەریەک لە مۆلداڤیا و والاچیا و ئازادیی پەرستن و یاسادانان و بازرگانیکردن و کەشتیەوانیی تەواو بۆ دانیشتوانیان مسۆگەر بکات. هەروەها دەبوو سوڵتان هەمان ئەو ئازادییانە بە ولاتی سیربیش ببەخشێت، بەڵام هەر ملکەچی بابی عالی بێت و مافی دانانی لەشکرگەی لە هەندێ قەڵای سیربیدا هەبێت.

ئاشوبەکەی ساڵی ١٨٦٠ لە لوبنان و سووریا

دوای چوار ساڵ لە رێکەوتنامەی ئاشتیی پاریس، دەوڵەتانی ئەوروپی دەرفەتێکی نوێیان دۆزییەوە بۆ دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی. ئەوە بوو ئەو سیستمی حوکمڕانییە دوانەیەی لە لوبنان دامەزرا یارمەتی بەرپابوونی ناکۆکیی بەردەوامی دا لەنێوان دروز و مارونییەکان، بەتایبەت کە تورکە توندڕەوەکان، کە لەوێ لە چاودێریی هەمیشەیی دیپلۆماتکارانی ئەوروپی دوور بوون، رقی خۆیان لە مەسیحییەکان بەوە دەردەکرد دروزەکانیان لێ هەڵدەنان. لە ئایاری ساڵی ١٨٦٠ ئاگری شەڕی ناوخۆ جارێکیتر هەڵگیرسایەوە و شەپۆلێکی کوشت و بڕۆ تاڵان و بڕۆ ولاتی داگرت کە تا مانگی تەممووز بەردەوام بوو، چونکە ئەو سەربازانەی چەند مانگێک بوو موچەیان نەدرابوویە خۆیان تێنەگەیاند. لەو رووداوە دڵتەزێنەدا سی و ئەوەندە هەزار مەسیحی ژیانیان لەدەست دا، هەروەها ئەو نموونە خراپەی رۆڵەکانی چیا پێشکەشیان کرد کاریگەری لەسەر دەروونی دەمارگیرانی خەڵکی دەشت هەبوو. لە دیمەشق جموجۆڵێکی چەوساندنەوەی ئایینی دەستی پێکرد کە خەریک بوو مەسیحییەکان قەڵاچۆ بکات ئەگەر ئەمیر عەبدولقادری جەزائیری –کە لە جەنگی رزگاریخوازیی جەزائیری دژی داگیرکاری فەرەنسیدا ناوبانگی پەیدا کرد و ئەوکاتە دوور خرابووەوە بۆ دیمەشق- فریا نەکەوتایە و زۆریانی رزگار نەکردایە. کە لەوەدا کوڕەکانی و ژمارەیەکی کەم لە پیاوەکانی یارمەتییان

دەدا. ئەم وەحشیگەرییە دەنگدانەوە و سەرکۆنەکردنی گەورەی لە ئەوروپا هەبوو، تەنانەت بابی عالی وای بەباش زانی فوئاد پاشا بەدەسەلاتی رەهاوە رەوانە بکات بۆ سزادانی تاوانباران. هەروەها فەرەنسا شەش هەزار سەربازی رەوانە کرد بۆ سووریا، لەکاتێکدا دەوڵەتانیتر تەنیا بەهەندێ پێداچوونەوەی دیپلۆماسی وازیان هێنا. لە لوبنان و دیمەشق قەزا هەندێ حوکمی زۆر توندی دەرکرد. بەهەرحال، دروزەکان لەلایەن ئینگلیزەوە پاڵپشتی دەکران کە وەک هێزێکی هاوسەنگی لە کێبرکێی نێودەوڵەتی لە لوبنان پێویستیان پێیان بوو، ئەویش پاش ئەوەی فەرەنسا چەتری پاراستنی خۆی خستە سەر مەسیحییەکان. لەڕاستیدا ناڕەزایی دەربڕینی بەریتانی بوو بە رێگر لەبەردەم بەردەوامبوونی هەڵمەتی لەسێدارەدان کە دژی سەرانی دروز دەستی درابوویەوە. هەروەها ١٤٩١ دروزی بۆ تەرابلوس دوور خرانەوە، بەڵام پاش پێنج ساڵ رێگەی گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەیان پێ درا.

سوڵتان عەبدولعەزیز

سوڵتان عەبدولمەجید لە ٢٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٦١ مرد و عەبدولعەزیزی برای جێگەی گرتەوە، کە تا ئەوکاتە دیل بوو لە ماڵی دایکی و پەیوەندی تەنیا بەدەروێشان و ڕاڤەکارانی قورئانەوە هەبوو، ئەوانەیش مێشکیان ئاخنیبوو بە خەونی خەیاڵی لەبارەی مەزنیی ئایندەی سوڵتان و هێزە نێودەوڵەتییەکەی. لەڕاستیدا حوکمەکەی بەباشترین نیەت دەست پێکرد و (حەرەمسەرا)ی هەڵوەشاندەوە کە سوڵتانی پێشوو هەیبوو و رایگەیاند حەز دەکات تەنها یەک ژنی هەبێت، هەروەها سەرجەم خەرجەکانی کۆشکەکەی کەم کردەوە. بەڵام تەواوی ئیستانبوڵ سوودی لە خەرجییەکانی تایبەت بە حەرەمسەرا وەردەگرت، بەم شێوەیە ئاستەم بوو دژی تەوژم بجوڵێتەوە، تا پاش ماوەیەکی کورت سوڵتانی نوێ گۆڕا بۆ بێڕەوشتێکی بەرەڵا. ئەمە جگە لەوەی عەبدولعەزیز لەو کاتەوە تەختی وەرگرتبوو خۆی لە کورتهێنانێکی دارایی گەورەدا دەبینییەوە، چونکە سوڵتانەکانی پێشوو قەرزێکی ١٥ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینییان بۆ بەجێ هێشتبوو. ساڵی ١٨٦١ کورتهێنان گەیشتە ٤٥٠ ملیۆن قرش، واتە بەرانبەر ١٠٣ ملیۆن فرەنک. ساڵی دواتریش بابی عالی توانی گرێبەستی قەرزێک لەگەڵ بەریتانیا بکات بەبەهای شەش ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی، بەڵام لەبەرانبەر ئەوەدا ناچار بوو رازی بێت بە دامەزراندنی فەرمانبەرێکی بەریتانی بۆ چاودێریکردنی ئەو بوارانەی پارە قەرزەکەیان تێدا خەرج دەکرا. دوای ماوەیەکی کورت سوڵتان رازی بوو بە دامەزراندنی نوێنەرانی دارایی باقیی دەوڵەتانی گەورە. هەروەها بەپێشنیازی ئەو نوێنەرانە [لە ئیستانبوڵ] دیوانێک بۆ ژمێریاری و بانکی دەوڵەت دامەزرێنرا، بەڵام ئەو دوو دامەزراوەیە نەیانتوانی دارایی عوسمانی زۆر چاک بکەن، لەبەرئەوەی فەرمانبەرانی لێوەشاوەیان نەبوو.

پەیدابوونی دەوڵەتی ڕۆمانیا

لە سەردەمی عەبدولعەزیزدا ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بەیەکجاری یەکێک لە گرنگترین و بەهادارترین هەرێمەکانی لەدەست دا. ئەوە بوو بابی عالی لە تەمموزی ساڵی ١٨٥٦ بەگوێرەی پەیماننامەی پاریس هەردوو خانەدان بالش Balsh و غیکا Ghikaی وەک دوو قایمقام لە مۆلداڤیا (بەغدان) و والیچیا (ئەفلاق) دامەزراند. دوای هەشت مانگ بالش مرد و وەزیری داراییەکەی ڤۆگۆریدس کۆڕی ئەمیری پێشووی سامۆس جێگەی گرتەوە. تاوتوێکردنی دەستووری بنچینەیی دوو میرنشینەکە بە کۆمەڵەیەکی یاسادانان سپێردرا کە بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژێردرا. لە کۆتایی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٥٨ ئەو کۆمەڵەیە کۆڵۆنێل کووزا Cuzaی بەسەرۆکی مۆلداڤیا هەڵبژارد و ماوەیەکی کەم پاش ئەوە لە والاچیایش دانی پێدا نرا. بەڵام کووزا سامانی وڵاتی لەناو دەستەیەک لە کەسانی دۆست و نزیک و سۆزانیدا تەخشان و پەخشان کرد کە هاوشێوەی نەبیستراوە، تەنانەت لەو هەوالانەیش لەبارەی پاشا کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتەوە دەیانگێڕنەوە.

لەڕاستیدا راوێژکارە دەستڕۆیشتووەکەی بە ناوی لایبرێخت Liebrecht لە یەکێک لە قاوەخانەکانی ئوستند مەیگێڕ بوو، لەپڕ بوو بە بەڕێوەبەری کاروباری پۆستە و تەلەگراف لە حکومەتی نوێدا. لە شوباتی ساڵی ١٨٦٦ لەئاکامی پیلانێکدا کووزا ناچار کرا دەست لەکار بکێشێتەوە. حکومەتی کاتی توانی ئەمیری لاو کارۆل ڤۆن هوهێنزۆلێرن بۆ تەختە بەتاڵەکە کێش بکات. لە ١٣ی ئایار ئەنجوومەنی نوێنەران یەکگرتنی هەردوو میرنشینەکە و پاشایەتیی میراتیی کارۆڵی ڕاگەیاند. ڕۆمانیا قەدەری وابوو لە سایەیدا هەنگاوی گەورە لە ڕێگەی پێشکەوتن و گەشەسەندندا بنێت.

نۆکەندی سوێس

لە میسر عەباس پاشا کە دەرکەوت تاکڕەوێکی لێنەوەشاوەیە، لە تەمموزی ساڵی ١٨٥٤ مرد، گومانی بەهێز ئەوەیە ژەهرخوارد کرابێت. سەعید، چوارەم کوڕی محەمەد عەلی جێگەی گرتەوە، کە ڕۆشنبیرییەکی ئەوروپییانەی هەبوو. لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٥٦ سەعید بڕیارێکی دا کۆمەڵێک دەرەنجامی مەترسیداری سەبارەت بە پەرەسەندنی میسر لە ئایندەدا هەڵگرتبوو: ئەوە بوو مافی دامەزراندنی نۆکەندێکی لەڕێی تیغە (بەرزەخ)ی سوێسەوە بەخشییە کۆنت فەردیناند دی لیسێپس Ferdinand de Lesseps وەک کونسوڵی فەرەنسی کە لەمێژ بوو هاوڕێی بوو. سەرەڕای هەوڵەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بۆ لەناوبردنی پرۆژەکە، بەڵام بابی عالی ڕاستەوخۆ داوای ڕەزامەندی بۆ ئەنجامدانی ڕەت نەکردەوە، بەڵام تا ساڵی ١٨٦٠ لارینەبوونی بۆ هەڵکەندنی کەناڵەکە دەرنەبڕی. بەهەرحاڵ لیسێپس پێش لەوە دەستی بەکارەکە کردبوو. لە ١٧ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٦٣

سەعید، پاڵپشت و پاریزەری لیستیپس مرد، لەگەڵ دەستبەکاربوونی ئیسماعیل وەک جێنشینی، بەهۆی حەزکردنی زۆری بۆ تەخشان و پەخشانکردنی پارە رووبەڕووی قەیرانێکی دارایی بووەوە. بەریتانییەکان ئەم دۆخەیان قۆستەوە بۆ دەستپێکردنی هێرشێکی نوێ بۆ سەر پرۆژەکە کە نەیاری بوون. لەو رووەوە بەهۆی شەڕی ناوخۆی ئەمەریکاوە نرخی لۆکە زۆر بەرز بووبوویەوە، هەوڵیان دا ئیسماعیل قەناعەت پێ بێنن بەوەی، کە دەتوانێت سامانێکی گەورە بەدەست بێنێت ئەگەر بێتو ئەو شەس هەزار جووتیارەی بۆ هەڵکەندنی نۆکەندەکە کاریان پێ دەکرێت لە چاندنی لۆکە لەو زەویيانەی حاکمی پێشوو بۆ کۆمپانیای دامەزراندنی نۆکەندەکەی بەجێ هێشتبوو، کار بکەن. کاتێک - ئیسماعیل- داوای لە ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکە کرد زەوی و کرێکارەکانی بۆ بگێڕێتەوە، لیستیپس سەرەتا رایگەیاند ئەو کارە بەمانای وێرانکردنی تەواوی پرۆژەکەیە. ناپلیۆنی سێیەم میانگیری لەنێواندا کرد لە کێشەکەدا، لەبەرئەوە کێشەکە بەمەبەستی یەکلاکردنەوە بۆ دەستەیەکی داوەری بەرز کرایەوە. دەستەکە بڕیاری دا لەبەرانبەر دەستهەڵگرتنی لە شەست هەزار هێکتار زەوی و چوار لەسەر پێنجی کرێکارەکان، بڕی سی ملیۆن فرەنک لەبەرانبەر زەوییەکە و سی و هەشت ملیۆن لەبەرانبەر کرێکارەکان، وەک قەرەبوو بدرێتە کۆمپانیاکە.

ئەو ئەنجامانەی لە بڕیارەکەی ئیسماعیل بۆ بادانەوە بەلای چاندنی لۆکەدا کەوتنەوە – کە زۆری نەبرد زۆربەی گەورە زەویدارەکانیش ئەو کارەیان کرد- خەریکە بڵێین کاریگەرییان لەسەر پەرەسەندنی ئابووریی میسر لە هەڵکەندنی نۆکەندی سوێس خۆی زیاتر بوو. ئەوە بوو لە بارێکدا تا ئەوکاتە میسر دەیتوانی لە بەرهەمی گەنمە زۆرەکەی نەک هەر خۆی بژێنێت، بگرە ئازوقەی دراوسێکانیشی دابین بکات، کەچی چاندنی لۆکە لەو رۆژەوە پەلکێشی کردە ناو جەنجاڵی ئابووریی جیهانی بە قەیران و کێشە زۆر و زەبەندەکانیەوە و پاش ماوەیەکی کورت سەربەخۆیی خۆی لەدەست دا. لیستیپسیش بەئامێر شوێنی ئەو کرێکارانەی پڕ کردەوە کە لێی سەنران. بەهاتنی پایزی ساڵی ١٨٦٩ نۆکەندەکە تەواو بوو –درێژییەکەی ٩٣ میل و نیو و پانییەکەی لەنێوان ٩٦ بۆ ١١٠ یاردە و قوواڵییەکەیشی ٣٥ پێ بوو- کە هەڵکەندنی دوازدە ساڵی خایاند. لە بۆرسەعیدەوە لە دەریای سپیی ناوەڕاست دەست پێدەکات و بەهێڵێکی راست رووەکاتە هەردوو دەریاچەی مەنزەلە و بەلاح، پاشان (تەل ئەلجیسر) کە بەرزییەکەی ١٦ مەترە و هەریەک لە دەریاچەی تیمساح و "سەرابیۆم" و هەردوو دەریاچەی تاڵی گەورە و بچووک دەبڕێت و دەڕژێتە دەریای سوور، لای سوێس و بۆر تۆفیق. لە ١٧ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٦٩ نۆکەندەکە لە ئاهەنگێکی ڕەسمیی قەشەنگدا کرایەوە تێیدا ئیسماعیل جلەوی بۆ حەزی شلپ و ڕێژکردنی پارە و زیادەمەسرەفی خۆی شل کرد و توانی لەئاست پاشا و ئەمیرە

ئەوروپییەکانی ئامادەی ئاهەنگەکە چیژ ببات. ئیمپراتۆری نەمسا خۆی هاتبوو بۆ میسر، ناپلیۆنی سێیەم ژنە ئیمپراتۆر ئۆجینی بەنوێنەری خۆی ناردبوو، ولهلمی پاشای پرووسیایش لەباتی خۆی میراتگری تەختی ناردبوو.

میسر لە سایەی خدێوی ئیسماعیلدا

ئیسماعیل خۆی بە جێبەجێکەری لێوەشاوەی وەسیەتە سیاسییەکەی باپیرە گەورەی دادەنا و لەوەیشدا تا رادەیەک هەقی بوو. ئەوە بوو لە ساڵی ١٨٦٦ـەوە توانی وا لە ئیستانبوڵ بکات مافی جێگرتنەوەی راستەوخۆ ببەخشێتە خێزانەکەی، کە تێیدا تەخت لە باوکەوە بۆ کوڕ دەگوێزرێتەوە لەسەر ڕێگەی ئەوروپی، لەباتی ڕێگەی جێگرتنەوەی تورکی کە بەو پێیە تەخت لەکاتی چۆڵبوونیدا بەتەمەنترین ئەندامانی خێزانەکە وەریدەگرن. ئەوەیشی لەپای یارمەتییەکی سەربازیدا بەدەست هێنا کە پێشکەشی بابی عالی کرد، ئەوکاتە لە تەنگانەیەکی تونددا بوو بەهۆی شۆڕشێکەوە لە کرێت هەڵگیرسابوو، هەروەها لەپای زیادکردنی بەهای ئەو سەرانەیەی بەدەوڵەتی دەدا لە ٣٠٧ هەزارەوە بۆ ٧٢٠ هەزار لیرەی تورکی. ساڵی پاشتریش مافی سەربەخۆیی لە دەرکردنی ئەو بڕیارانەی پەیوەندییان بە سەرجەم ڕێکارە حکومییەکانەوە هەیە، جگە لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، لە بابی عالی وەرگرت. هەروەها لە هەمان کاتدا نازناوی "خدێوی" فارسیی کۆنی پێ بەخشرا (بەمانای حاکم یان گەورە) کە زۆر لەئاست پلەی والی یان حاکمی گشتی پێی بەرز بوویەوە و دانان بە سەروەری و سەربەخۆیی ئەوی تێدا بوو. بەڵام سوڵتان پاشتر –بەدنەدانی بەریتانیا و ئەمیرە میسرییە بەسالاچووەکان- داوای لێکرد واز لە کەشتیگەلە چەکدارەکەی بێنێت و سوپا وشکانییەکەی کەم بکاتەوە و بودجەیەکی سالانە بداتە بابی عالی، بەبێ ڕەزامەندیی سوڵتانیش هیچ قەرزێک قبوڵ نەکات و هیچ ڕێکەوتنێکی سیاسی ئیمزا نەکات. لەو ڕووەوە فەرمانسا دوای تەواوکردنی نۆکەندی سویس زۆر پێویستی بە یارمەتیی خدێوی نەبوو –وەک پێشتر- ئەوا ئەمەی دوایی هیچ پاڵپشتییەکی لەلایەن ناپلیۆنی سێیەم و باڵێۆزەکانیەوە لێنەکرا کە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو سووکایەتییە پشتی پێ ببەستێت. بەڵام سەرسەختترین دوژمنە عوسمانییەکانی، کە سەدری ئەعزەم عالی پاشا بوو، زۆری نەبرد لە ئەیلوولی ساڵی ١٨٧١ مرد و مەحموود [پاشا] جێگەی گرتەوە کە زیاتر ئامادە دیار بوو بۆ خزمەتکردنی ئیسماعیل و خەونە فراوانەکانی. لە حوزەیرانی ساڵی ١٨٧٣ سوڵتان فەرمانێکی دەرکرد، تێیدا دۆخی دەستووریی تایبەت بەخدێوی دەستکاری کرد و هێزە هەرێمایەتییەکەی زیاتر کرد، ئەویش پاش ئەوەی هەردوو قایمقامییەتی (سەواکین) و (مەسەوەع)ی پێ بەخشرا و مافی جێگرتنەوەی ڕاستەوخۆی بۆ جێگر کرا، هەروەها سەربەخۆیی تەواوی پێدرا لە بەڕێوەبردن و یاسادانانداا پاش ئەوەی سوڵتان، ساڵێک

پێشتر، ڕەزامەندی لەسەر دەستوورە قەزاییە نوێیەکە دا بەگوێرەی پێشنیازەکانی لێژنەی نێودەوڵەتی کە ساڵی ١٨٦٩ بەسترا. ڕێگەپێدرا سوپاکەی تا ئەو سنوورەی بەپێویستی دەزانێت زیاد بکات. هەروەها دان بەوەدا نرا کە مافی بەستنی پەیماننامەی ناسیاسی لەگەڵ دەوڵەتانی بیانی هەیە. نەک هەر ئەوە، بگرە پێگەیەکی ئازادتری وەرگرت لە مامەڵەکردنەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی بێگانە کاتێک ساڵی ١٨٧٥ تەماشاکردنی کێشە مەدەنییەکان لەبەردەم دادگە کونسوڵییەکان هەڵوەشێنرایەوە و دەسەڵاتی حوکمدان تێیاندا بۆ دادگە تێکەڵەکان گوێزرایەوە.

ڕێنیسانسی میسر لە سەردەمی ئیسماعیلدا

هەوڵەکانی ئیسماعیل بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی وڵاتەکەی لە بواری شارستانێتیشدا سەرکەوتوو بوو. ئەوە بوو بە هەڵکەندن و لێکردنەوەی کەناڵی نوێی ئاودان لە نیلەوە، هەروەها بە دامەزراندنی پیشەسازیی شەکر خزمەتی کشتوکاڵی کرد. بەو حەوزی کەشتی و بەندەرانەی دروستی کردن، هەروەها بە راکێشانی هێڵی شەمەندەفەر و هێڵی تەلەگرافی نوێ و چاککردنی دەزگای پۆستە، خزمەتی بازرگانی کرد. لە سەردەمی ئەودا قاهیرە و ئەسکەندەریە بۆ یەکەم جار لە پرۆژەی دابەشکردنی ئاو و غاز سوودمەند بوون. ئیسماعیل بە دووهێندەکردنی ژمارەی قوتابخانە ڕەسمییەکان ئاستی پەروەردەی نیشتمانی بەرز کردەوە، بەشێوەیەک ژمارەیانی لە ١٨٥ قوتابخانەوە بۆ ٤٨١٧ بەرز کردەوە. میسر لە دامەزراندنی یەکەم قوتابخانەی کچان لە میسر و قوتابخانەیەکی پزیشکی و پەیمانگەیەکی تەکنیکی سەربازیدا، قەرزاری ئەوە.

شکستی هەڵمەت بۆ سەر حەبەشە (ئەثیوپیا)

ئیسماعیل حەزی کرد دەسەڵاتی بەرەو باشووریش فراوان بکات، هاوشێوەی دامەزرێنەرەی خێزانەکەی [محەمەد عەلی]. دوای ئەوەی سەڵتەنەتی دارفۆر و موسەوەعی خستە پاڵ خۆی، گەیشتە ئەوەی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی مەسیحیی حەبەشەدا بەریەک بکەوێت، کە هێشتا بەتەواوەتی لەژێر باری حکومەتێکی دەرەبەگی لە جۆری حکومەتەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا دەژیا، بەڵام سەرباری ئەوەیش سوپایەکی جەربەزەی هەبوو، با مەشقدراویش نەبوو. دوای ئەوەی میسرییەکان ساڵی ١٨٧٦ (هەرەر)یان ملکەچ کرد وایانزانی دەتوانن بۆ ناوچە شاخاوییەکانی جەرگەی وڵاتی حەبەشە پێشڕەوی بکەن. بەڵام یەکەم هەڵمەت کە زاتیان کرد بیخەنە ڕێ بۆ ناوخۆ، لە قوندوت لەسەر دەستی ئیمپراتۆر یۆحەننا تێکشکێنرا. تا کاتێک میسرییەکان ساڵی ١٨٧٦ سوپایەکی نوێیان نارد بۆ ئەو وڵاتە بەسەرکردایەتیی حەسەن پاشا، یەکێک لە کوڕانی خدێوی، هەرهەموویان بەدیلی کەوتنە

دەست حەبەشەکان. لە شەڕێکی سێیەمیشدا کە لە قورەع Gura رووی دا، میسرییەکان تەواوی تۆپخانەکەیان لەدەست دا. بەخت یاوەریان بوو هەندێ لە شوێنکەوتوانی ئیمپراتۆر یۆحەننا شۆڕشیان بەسەریدا کرد. بەم شێوەیە ساڵی ١٨٧٧ ئامادەیی دەربڕی بۆ ئیمزاکردنی پەیماننامەیەکی ئاشتی لەگەڵ میسرییەکان و موسەوەعیان بۆ گێڕایەوە، کە هەڕەشەی کەوتنە دەست دوژمنی لەسەر بوو.

کۆتایی خدێوی ئیسماعیل

بێگومان ئەم هەڵمەتە شوومانە، لەپاڵ نەریتی تەخشان و پەخشانی خدێوی کە لە شێتییەوە نزیکە، دارایی دەوڵەمەندی وڵاتی لەبەین برد، کە پێشتر سەعید بەقەرزکردنی بڕی سێ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی پشتی شکاندبوو. ئیسماعیل بێهوودە هەوڵی دا بەرهەمی مولکە زۆر فراوانەکانی زیاد بکات لەڕێی سوودوەرگرتن لە نوێرین ئامێرە پیشەسازییە ئەوروپییەکان، ئەو گاسنە هەڵمی و ئامێرانەیتر کە بەنرخێکی گران کڕیبوونی تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت خزمەتیان کرد، ئەمە ئەگەر هەر بەکار هێنرابن. لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٧٥ ئیسماعیل –لە جەرگەی قەیرانێکی داراییدا– ناچار بوو پشکەکانی لە نۆکەندی سوێس بفرۆشێتە بەریتانیای مەزن بەرانبەر چوار ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی. ساڵی ١٨٧٦ قەرزی بیانی بۆ سەد ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی بەرز بووبوویەوە. ئەوکاتە ئیسماعیل هەوڵی دا چاو لە سوڵتان بکات، کە ساڵی ١٨٧٥ بەڕاگەیاندنی ئیفلاسبوون و ڕاگرتنی قەرزدانەوە خۆی لە باری قەرز دەرباز کرد. لە نیسانی ساڵی ١٨٧٦ بۆ ماوەی سێ مانگ دانەوەی سوودی قەرزە گشتی و تایبەتەکانی ڕاگرت. نەک هەر ئەوە، بگرە دانی مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەتی ڕاگرت و باجی ساڵانەی سەر جووتیارانی دووقات کرد. بەڵام دەستەی دادوەریی تێکەڵ لە ئیسکەندەریە، کە بەگوێرەی ئەو ڕێکخستنە دادوەرییە نوێیەی سوڵتان پەسەندی کرد جێگەی دادگە کونسوڵییەکانی گرتەوە، بڕیاری دا دەبێت خدێوی قەرزەکانی بداتەوە، حوکمێکیشی دەرکرد بۆ حیجزکردنی گوێزراوەکانی کۆشکی ڕەملی خدێوی. بەریتانیا و فەرەنسا لێژنەیەکی (نوێنەرایەتی)یان بۆ لێکۆڵینەوە لە دارایی میسر پێکهێنا. ساڵی ١٨٧٨ ئەو لێژنەیە خدێوی و بنەماڵەکەی ناچار کرد دەست لە زۆربەی مولکەکانیان هەڵبگرن بۆ دەوڵەت، هەروەها هیچ باجێکی نوێ بەبێ ڕەزامەندیی پەرلەمانێکی پێکهاتوو لە ئەندامانی نیشتمانی و بیانی نەسەپێنێت. لەو کابینە نوێیەی پێکهێنرا و نوبار پاشای ئەرمەنی سەرۆکایەتی دەکرد، چاودێریکردنی وەزارەتی دارایی بە بەریتانی ویلسۆن Wilson و ئەشغاڵی گشتیش بە فەرەنسی "دی بلینییر" de Blignieres سپێردران. بەڵام خدێوی کە ڕق دایگرتبوو، نەیتوانی لەسەر ئەم خستنەژێر چاودێرییە دان بەخۆیدا بگرێ، بەتایبەت دوای ئەوەی پێشنیاز کرا ژمارەی هێزەکانیشی کەم بکاتەوە.

سەرەنجام بەمەبەستی ناچارکردنی بیانییەکان بە پاشەکشە توانی ئاگری شۆڕشێکی سەربازی بەسەر مەسیحییەکاندا هەڵبگیرسێنێت. بەڵام تەنیا نوبار پاشا دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە، لەکاتێکدا ویلسۆن و دی بلینییر لە وەزارەتە نوێیەکەدا بەسەرۆکایەتیی میراتگری تەخت ئەمیر تۆفیق بەشداربیان کرد. لێرەدا خدێوی تەسریحکردنی وەزیرە بیانییەکانی راگەیاند، ئەویش پێدەچێت بەهەڵنانی ئەنجوومەنێک بووبێت کە لە هەندێ پیاوماقوولی نیشتمانی پێکهاتبوو، هاوکات لەڕێی دەرکردنی مەرسوومێکەوە هەوڵی دا پابەندییەکانی بەرانبەر قەرزدەرەکانی سووک بکات. لەئاکامی ئەوەدا حکومەتی ئیمپراتۆرییەتی ئەڵمانی لە ئایاری ساڵی ١٨٨٠ یاداشتێکی ناڕەزایی پێشکەش کرد، کە دەوڵەتانیتریش پەسەندیان کرد. لەسەر دەستوەردانی ئەم دەوڵەتانە سوڵتان لە ٢٦ی حوزەیراندا لەکارلادانی ئیسماعیلی راگەیاند و کوڕە گەورەکەی، تۆفیقی بەخدێوی دامەزراند.

بابی عالیش مایەپووچبوون رادەگەیەنێت

لە دەیەی هەشتەمی سەدەی نۆزدەیەمدا (١٨٧٠-١٨٨٠) ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیش بەدەست کۆمەڵێک کێشەی دارایی بەردەوامەوە دەینااڵند، کە ساڵی ١٨٧٥ گەیشتە لوتکە. بابی عالی بێهووده هەوڵی دا قەرزێکی نوێ لە پاریس بکات و بانکی عوسمانی لەیەک کاتدا بکاتە باجگر و خەزنەدار لە سەرتاسەری ئیمپراتۆرییەتەکەدا. ئەگەر سوڵتان عەبدولعەزیز بیتوانیایە بڕیار بدات بەشێک لە سامانە تایبەتە زەبەلاحەکەی بکاتە قوربانی یان لانیکەم خەرجی کۆشکەکەی کەم بکاتەوە، ئەوا دەکرا رێگە لە رووداني لەوە خراپتر بگیرێت. بەڵام ئەو قوربانیدانەی لێ چاوەڕوان نەدەکرا، لەبەرئەوە بابی عالی چاری نەما جگە لە راگەیاندنی مایەپووچبوون (الافلاس)ی دەوڵەت، بەچاوپۆشین لەوەی باڵیۆزی رووسیش پێشنیازی ئەوەی بۆ کردبوو. لە تشرینی یەکەمدا سەدری ئەعزەم رایگەیاند کورتهێنان لە بودجەی ساڵانەی دەوڵەتدا بابی عالی لە پێنج ساڵی داهاتوودا ناچار دەکات نیوەی نرخی سوود بەنەختی بدات و نیوەکەیتری بەقەواڵە (سندات) بە سوودی ٥%. هیچ لەوە هەڵاوێر نەکرا جگە لەو دوو قەرزە یەکەمەی بەهۆی جەنگی کریمیاوە کرابوون و بەریتانیا و فەرەنسا دابینیان کرد، هەروەها ئەو قەواڵە داراییانەی سوڵتان هەیبوون و بەهایان دەگەیشتە نزیکەی ١١٤ ملیۆن فرەنک. لەڕاستیدا بابی عالی لە بیست ساڵی رابردوودا دە قەرزی کردبوو، دواینیان ئەوە بوو بە خراپترین تێکڕای سوود بوو کە دەگەیشتە ٩.٥%. لەکاتی راگەیاندنی مایەپووچبووندا قەرزی کۆن و ئەو قەرزە بەردەوامانەی بۆ کڕینی کەشتیی جەنگی و تۆپەکانی "کروپ" و تفەنگی "مارتین" کراون، بە زیاتر لە شەش ملیۆن و چارەکە ملیۆنێک فرەنک مەزەندە کرا.

شۆڕش لە هێرسك و بولگاریا

پشـتێوی سەرتاسـەری ویلایەتـەکانی ڕۆم ئیلیـی سـەقڵەبی (سـلافی) گرتبـووەوە. کونسوڵخانە ڕووسییەکان بەبەشداریکردن لە هاندانی شۆڕش دژی عوسمانییکان تۆمەتبار دەکران، دیارە هەموو ئەو تۆمەتانەیش هەڵبەستراو نەبوون. لە هێرسك -کە مەسیحییەکان لەلایـەن خانـەدانانی وڵاتەکـەی خۆیانـەوە کـە پـاش فـەتحکردنی موسـڵمان بووبـوون، بەشـێوەیەکی بێوێنە ئیستیغلال دەکران و دەڕووتینرانـەوە- پشـتێوی لـە مـانگی تـەممووزی سـاڵی ١٨٧٥ەوە سـەری هـەڵ دا. بـابی عـالی سـوپایەکی بـۆ دامرکاندنـەوەی شۆڕشـەکە کـۆکردەوە، بـەڵام سـەرەتا هـەوڵی دا هەنـدی کـاری چاکسـازی بکـات، ئەنجوومـەنێکی بەڕێوەبردنی پێکەوە نا کە هەندێ فەرمانبـەری مەسیحیش تێیدا ئەندام بوون. کاتێک ئـەم ئەنجوومـەنـە هـەوڵی دا مومارەسـەی دەسـەڵاتەکانی لـە ناوچـە ڕاپـەڕیوەکان بکـات، موسڵمانەکان ڕێگرییان لێ کردن. لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٧٦ شۆڕش لە بولگاریـایش بەڕپا بوو پاش ئەوەی بـابی عـالی لـە گەرمـەی تـەنگژە دارایـیەکەیدا فـەرمانێکی دەرکرد بۆ کۆکردنـەوەی سـەرجەم باجـە دواکـەوتووەکان لـە مـاوەی چـوار هەفتـەدا. لـە ٦ی ئایـار لـە سالۆنێک، بەهۆی کێشکێکی بولگارییـەوە، کێشـەیەک لەنێوان مەسیحی و موسڵمانەکان پەیدا بـوو، کـە هـەردوو کونسـوڵی ئـەڵمانی و فەرەنسـی تێدا کـوژران. تـا کاتێک کەشـتییەکی ئەوروپی لەبەردەم کەنارەکانی سالۆنیک دەرکەوت "سوفتە"کان (کە قوتابیانی فیقە و یاسـا بـوون) لـە ئیسـتانبوڵ ڕاپـەڕین و سـەدری ئـەعزەم و شـێخی ئیسـلامیان لـە دەسـەڵات لادا. هەرسێ دەوڵەت پێشنیازیان کرد ئاگربەسـتێک بـۆ مـاوەی دوو مانگ لـەنێوان مەسیحی و موسڵمانەکان ڕابگەیـەنرێت. بـەڵام ئەگـەر هـەردوولا لـەو ماوەیـەدا نەگەیشـتنە ڕێکـەوتنێکی ئاشتی، ئەو دەوڵەتانە پەنا بۆ گرتنبەری ڕێوشوێنی کاریگەرتر دەبەن.

میدحەت، موڕادی پێنجەم دەخاتە سەر تەخت

لەڕاسـتیدا دەسـتبلاویی شـێتانەی سـوڵتان و دەسـتەپاچەیی تـەواوی وای کـرد پیلانێک دژی ساز بکرێت، کە بزوێنەرەکەی میدحەت [پاشا] بوو کە پێشتر کاتێک یەکەم جار والیی بولگاریـا و پاشـان-دوای سـاڵی ١٨٦٩- والیی بەغـدا بـوو خزمـەتی گەورەی بـە وڵاتەکـەی کردبوو، هەروەها بۆ ماوەیەکی کورتیش وەک وەزیری بێ وەزارەت (وەزیری دەوڵەت) لـە کابینـەی سـەدری ئـەعزەم محەمـەد ڕوشـدی پاشـادا ئەندام بـوو. میدحـەت پاشـا لـە مانگـە بەرایـەکانی سـاڵی ١٨٧٦ یاداشـتێکی گەمژانـەی بـۆ زلهێزان -جگـە لـە ڕووسیـا- نـارد تێیدا ڕایگەیاند لەڕووی شەرعی ئیسلامییەوە دامالینی دەسەڵات بووەتـە شـتێکی حـەتمی، چونکـە -بـەپێی شـەرع- پێویسـتە سـەرۆکی دەوڵـەت خـاوەنی تـەواوی توانـا عەقڵییـەکانی بێـت. ئێوارەی ٣٠ی ئایار پیلانگێڕان-کە حسێن عەونی پاشا وەزیری جـەنگیان تێدا بـوو- بـەرەو

کۆشکی "دۆڵمە باخچە" کەوتنە ڕێ، کتوپڕ سوڵتانیان حەپەساند بەوەی فتوای داماڵینیان لەلایەن شێخی ئیسلامەوە بۆ خوێندەوە. لە هەمان شەودا مورادی پێنجەم خرایە سەر تەخت. پاشان لە ەی حوزەیران عەبدولعەزیز بەمردوویی لە کۆشکەکەی (چراخان) دۆزرایەوە و باوەڕ وایە خۆی کوشتبێت بەوەی دەمارەکانی هەردوو مەچەکی بەمقەس بڕیبوو. سوڵتانی نوێ لەسەر پەروەردەی ئەوروپی گەورە بووبوو و بەپیاوێکی ڕۆشنگەر بەناوبانگ بوو. بەڵام تەندروستی پێش لەوە بەهۆی ئالوودەبوونی بە مەی خواردنەوەوە تێکچووبوو. ئەمە جگە لەوەی ئەو دیمەنە دڵتەزێنانەی هاوکات لەگەڵ چوونە سەر تەختیدا ڕوویان دا مێشکیان تێک دا و دۆخەکەی خراپتر کرد.

لە بولگاریا، بابی عالی پێی وابوو دەبێت بەهەموو هێزی خۆی شۆڕشەکە سەرکوت بکات. پێشتر کۆچەرییانی چەرکەسی لەو وڵاتە نیشتەجێ کردبوو، کە دوای جەنگی کریمیا ناوچەی قەوقازیان بەجێهێشت، کەچی ئێستا جڵەوی بۆ شلکردن پڕ بدەنە مەسیحییەکان و بەهاوبەشی لەگەڵ سوارە نانیزامییەکان کە بە باش بوزوق ناسرابوون و نیمچە کێوی بوون، هەندێ ناوچە بەتەواوەتی وێران بکەن. لەڕاستیدا ئەم ڕووداوە دڵتەزێنانە لە بولگاریا شەپۆلێکی تووڕەیی بەهێزی لە بەریتانیای مەزن دروست کرد، تەنانەت گلادستۆن، سەرۆکی ئۆپۆزسیۆن، داوای کرد عوسمانییەکان لە ئەوروپا وەدەر بنرێن و ریشەکێش بکرێن.

لە وڵاتی سیربیش حزبی جەنگ بوو بە خاوەن قسەی کۆتایی. لە ٢٧ی حوزەیران حکومەتی بەلیگراد لە ئاگەدارکرنەوەیەکدا بۆ بابی عالی داوا کرد لەشکرگە تورکییەکان و باندە نانیزامییەکان لە سنووری سیربییەکان بکێشێتەوە و ئەمیر مێلان وەک جێگری سوڵتان لەسەر بۆسنە دابنرێت. لە دووەم ڕۆژی تەممووزدا مێلان لە بارەگای سەرکردایەتییەکەیەوە لە دەلیگراد Deligrad جەنگی دژی بابی عالی ڕاگەیاند. مۆنتی نیگرۆیش بەئاشکرا چووە ناو ئەو جەنگە و ڕاستەوخۆ بەشداری تێدا کرد. لە هاوینی ساڵی ١٨٧٦ لەکاتێکدا بەرەنگاریی تورکەکان ڕێگەی لە پێشڕەویکردنی سیربەکان گرتبوو، سەربازانی مۆنتی نیگرۆ لە ٢٨ی تەممووز سەرکەوتنێکی گەورەیان بەسەر دوژمندا تۆمار کرد.

عەبدولحەمیدی دووەم و یەکەمین دەستووری عوسمانی

تێکچوونی مێشکی مورادـ لەم کاتەدا- بڵاو بووبوویەوە، تەنانەت شێخی ئیسلام لە ٣١ی ئاب داماڵینی لە دەسەلات ڕاگەیاند. لە سەرەتای ئەیلوول عەبدولحەمیدی دووەمی برای چووە سەر تەخت، پاش ماوەیەکی کورت میدحەت پاشا پۆستی سەدری ئەعزەمی وەرگرت. قەیسەر ئەسکەندەری دووەم لەگەڵیدا ڕێک کەوت ئاگربەستێک بۆ ماوەی دوو

مانگ لە بەلقان بکرێت، بابی عالیش ئەمەی کردە ئامرازێک بۆ خۆئامادەکردن و خۆ پرچەککردنەوە. لێرەدا بەریتانیا پێشنیازی کۆنگرەیەکی باڵیۆزانی کرد لە ئیستانبوڵ بەمەبەستی جارێکیتر بەرقەرارکردنەوەی ئاشتی لەڕێی کۆمەڵێک پێشنیازی نوێوە بۆ چاکسازیکردن. دەوڵەتە گەورەکان داوایان کرد مافی رەزامەندی لەسەر دانانی حاکمی بولگاریا لە ماوەی پێنج ساڵی یەکەمدا بەدەست ئەوان بێت، هەروەها لێژنەیەکی نێودەوڵەتی بۆ چاودێریکردن دابمەزرێت. میدحەت پاشا هەوڵی دا لەڕێی ئەنجامدانی هەندێ چاکسازیی ناوخۆییەوە ئەو دەستدرێژییە بۆ سەر سەروەریی سوڵتان دوور بخاتەوە، لەبەرئەوە لێژنەیەکی لە شازدە فەرمانبەری مەدەنی و دە "زانا" و دوو سەرکردەی گەورە پێک هێنا و رایسپاردن پرۆژەی دەستوورێک بۆ دەوڵەت دابنێن. دوای سەختییەکی زۆر لێژنەکە ئەو بڕیارانەی پەسەند کرد کە لە دەستووری بەلجیکی هەڵگۆزرابوون و بەناوی "قانوونی ئەساسی" یەوە لە ٢٣ی کانوونی یەکەم بڵاو کرایەوە: هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتەکانی ئیستانبوڵ، کە تا ئەوکاتە ئیدارەیەکی تایبەتی هەبوو و دانیشتوانەکانیان لە خزمەتی سەربازی و باجی داهات بەخشرابوون، بەسەرجەم رەعیەتەکانی دەوڵەت بوترێت "عوسمانی"، دانان بە ئازادیی شەخسییان و دانانی ئیسلام بە ئاینی دەوڵەت، بەڵام دەوڵەت سەرجەم ئەو مەزهبە ئاینییانەیش بپارێزێت کە دانیان پێدا نراوە، ئازادیی رۆژنامەوانی لە چوارچێوەی یاسادا دەستەبەر بکرێت و دەرفەت لەبەردەم سەرجەم ئەو عوسمانییانەی زمانی تورکی باش دەزانن بڕەخسێنرێت بۆ وەرگرتنی هەر پۆستێک بەگوێرەی تواناکانیان لە دەوڵەتدا، نوێنەرایەتیی میللی لەڕێی دوو ئەنجوومەنەوە بکرێت، یەکێکیان بۆ نوێنەران (مەبعوسان) و ئەویتر بۆ پیران (ئەعیان)، بەو مەرجەی ئەندامانیان حەسانەیان هەبێت کە لە چەوساندنەوە بەهۆی بیروبۆچوون یان دەنگەکانیانەوە بیانپارێزێت. لێژنەکە هەروەها بڕیاری دا هەردوو ئەنجوومەن لە سەرەتای تشرینی دووەمی هەموو ساڵێکدا کۆببنەوە و بە خوێندنەوەی گوتاری تەخت دەست پێ بکەن، هەروەها ئەو یاسایانەی هەردوو ئەنجوومەن پێکەوە پێشنیازیان دەکەن پاش پەسەندکردنیان لەلایەن سوڵتانەوە دەخرێنە واری جێبەجێکردن، سوڵتان ئەندامانی ئەنجوومەنی پیران و سەرۆکەکەیان بەدرێژایی ژیان دادەمەزرێنێت، هەروەها بۆ هەر پەنجا هەزار هاوڵاتی یەک نوێنەر هەڵدەبژێردرێت بەو مەرجەی نوێنەرەکە هیچ پۆستێکی گشتی لە غەیری وەزارەتی نەبێت، نوێنەرەکان بۆ چوار ساڵ هەڵدەبژێرێن و پاش ئەوە بۆیان هەبێت جارێکیتر بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەنەوە، بەو مەرجەی هەریەکەیان نوێنەرایەتیی سەرجەم عوسمانییەکان بکات نەک ناوچە یان گرووپێکی دیاریکراو. هەروەها دەنگدەران نوێنەرەکەیان لەنێو "دانیشتوانی ناوچەکەیاندا هەڵبژێرن و سوڵتان سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران و دوو جێگرەکەی لەنێو ئەو نوێنەرانە هەڵدەبژێرێت کە

ئەنجوومەنەکە بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستانە کاندیدیان دەکات. نەک هەر ئەوە، بگرە لێژنەکە بڕیاری دا دانانی بودجە بە ئەنجوومەنی نوێنەران بسپێردرێت و دانشتنەکانیشی ئاشکرا بن و خەڵک بیانبینێت، هەروەها دادگەیەکی باڵا پێکبهێنرێت لە دە ئەندامی ئەنجوومەنی پیران و دە راوێژکاری دەوڵەت و دە راوێژکار لە دادگەی تێهەڵچوونەوە، کە یەکێک لە دەسەلاتەکانی دادگەییکردنی وەزیرەکان و سەرۆکەکان و ئەندامانی دادگەی تێهەڵچوونەوە و تۆمەتباران بە یاخیبوون و ناپاکیی مەزن بێت. بەڕێوەبردنی ویلایەتەکان لەسەر بناغەی لامەرکەزی بێت و خوێندنی سەرەتایی بۆ سەرجەم عوسمانییەکان بەزۆر بێت.

بابی عالی سەرەتا هەوڵی دا خۆی لە جێبەجێکردنی داواکارییەکانی دەوڵەتە گەورەکان بدزێتەوە، بەوەی رایگەیاند ناتوانێت هیچ تەنازولێکیتر بکات بەبێ ڕەزامەندیی هەردوو ئەنجوومەنی ئەعیان و مەبعوسان. جا لەبەرئەوەی ئەو دوو ئەنجوومەنە هێشتا هەڵنەبژێرابوون، بابی عالی وەک هەڵوێستێری هاوشێوەی، بانگهێشتنی ئەنجوومەنێکی گەورەی کرد لە زیاتر لە دوو سەد ئەندام، کە گەورە پیاوانی ئیستا و رابردووی دەوڵەت و نوێنەرانی پێکهاتە مەسیحی و جولەکەکانی تێدا بێت. لە ١٨ی کانوونی دووەم ئەم ئەنجوومەنە بەکۆی دەنگ داواکارییەکانی دەوڵەتانی ڕەت کردەوە، بەو هۆیەشەوە نوێنەرانیان ئیستانبوڵیان بەجێ هێشت. بەڵام میدحەت پاشا زۆری نەبرد بەزرنگیی سیاسیی خۆی توانی ناکۆکی بخاتە نێوان دژبەرەکانی. لە ٢٨ی شوبات پەیماننامەیەکی ئاشتی لەگەڵ سیرب بەست لەسەر بناغەی دۆخی ئارا. لەو رووەوە مۆنتی نیگرۆ داوای فراوانبوونێکی هەرێمی دەکرد کە پەرلەمانی عوسمانی لە کۆبوونەوەکەدا لە ١٩ی ئادار پەسەندی نەکرد، ئەوا ماوەی ئاگربەستەکە درێژ نەکرایەوە.

جەنگی رووسی و تورکی لە بەلقان: کۆنگرەی بەرلین

لە ٢٤ی نیسان رووسیا دەوڵەتانی گەورەی لەوە ئاگەدار کرد کە پشتوییەکانی رۆژهەلات کۆسپن لەبەردەم پەرەسەندنی ئاشتییانەیدا، هەربۆیە ئەو -بەوهۆیەوە- ناچارە بەکردەوە دەست وەربدات. لەبەرئەوە ئەم دەوڵەتە کە لە پەیماننامەی پاریسدا سەربەخۆیی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و یەکپارچەیی خاکەکەی گەرەنتی کرد، بێلایەنیی خۆی راگەیاند. رۆمانیایش توانای ئەوەی نەبوو رێگە لە دزەکردنی ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی رووس و خۆبەخشان بەخاکەکەیدا بۆ وڵاتی سیرب بگرێت. نەک هەر ئەوە، بگرە پاشتر ناچار بوو رێگە بە سوپاکانی رووسیا بدات تێبپەڕن، دیارە ئەو سوپایانەیش بەبێ ئەو رێگەیە نەیاندەتوانی لەگەڵ هێزە عوسمانییەکان بەریەک بکەون. جا کاتێک عوسمانییەکان دوای ئەوە حورمەتی سنوورەکانی رۆمانیایشیان بەزاند، رۆمانیا بەڵگەنامەیەکی سەربازی لەگەڵ رووسیا ئیمزا کرد بەو پێیە سەرجەم داهاتەکان و

ڕێگەکانی هاتوچۆی خستە ژێر ویستی حکومەتی قەیسەری. لە ١٣ی ئایار ڕۆمانیا جارِی جەنگی دژی بابی عالی دا، لە ٢١ی ئایاریش هەردوو ئەنجوومەنی پەرلەمان سەربەخۆیی ولاتیان ڕاگەیاند.

ژەنەرالی ڕووسی گۆکۆر Gukor لە کۆتاییەکانی حوزەیرانی ساڵی ١٨٧٧ لە ڕووباری دانووب پەڕییەوە و پێشڕەوی کرد بۆ بەلقان -ئەگەرچی هەندێ هێزی تورکی هێشتا لە هەردوولای ئەو ڕێگەیەی پێیدا تێدەپەڕی سەنگەریان گرتبوو- و ڕێڕەوی شیپکای داگیر کرد کە بەسەر ئەو ڕێگەیەدا زاڵە دەچێت بۆ ئەدەرنە. عوسمان پاشا لە سەربازگەکەیەوە پێشڕەوی کرد بۆ شاری پلێڤنە لەپشت سوپا ڕووسییەکاندا، کە لە دووڕێیانی ڕێگە گشتییەکاندا بوو کە دەگەیشتە باکووری بولگاریا، بەڵام سلێمان پاشا فەرماندەی هێزە عوسمانییەکان لە باشووری بەلقان بیری لەوە نەکردەوە پەیوەندی بەوەوە بکات، بەڵکو هەوڵێکی بێهوودەی دا بۆ دەرهێنانەوەی ڕێڕەوی شیپکا Shepka لەدەستی دوژمن. ئەوکاتە کارۆڵ ئەمیری ڕۆمانیا هاتە ناو جەنگەکە، بەڵام تا دەی کانوونی یەکەم و پاش گەمارۆیەکی درێژخایەن نەیتوانی عوسمان پاشا ناچار بە خۆبەدەستەوەدان بکات. لە کانونی دووەمی ساڵی ١٨٧٨ ڕووس لە بەلقان پەڕینەوە و ئەدەرنەیان داگیر کرد. لەوێ لە ٣١ی کانوونی دووەم ئاگربەستێکیان لەگەڵ تورکەکان بەست. لەڕاستیدا ڕووسیا ناچار بوو دەست لەو ئامانجەی سیاسەتە ڕۆژهەڵاتییەکەی لەکۆنەوە بۆی دەکۆشا هەڵبگرێت، کە پەلاماردانی ئیستانبوڵ بوو، ئەویش پاش ئەوەی کەشتیگەلی بەریتانی خۆی گەیاندە کەنداوی بێزیکا Besika، هەروەها دوای ئەوەی پەرلەمانی بەریتانی پرۆژەیەکی پەسەن دکرد بۆ زیادکردنی پرچەککردن. لە ٣ی ئادار ڕێکەوتنێکی ئاشتیی کاتی لە سان ستیفانۆ ئیمزا کرا. بەو پێیە بابی عالی دەستی لە قەڵای قارس (کە ڕووسەکان داگیریان کردبوو) لە ئەرمینیا هەڵگرت، هەروەها لە بەندەری گرنگی باتوم Batum، بەوەیش ڕازی بوو میرنشینێکی بولگاری سەربەخۆ دابمەزرێت کە سنوورەکانی تا دەریای ئیجە درێژ ببنەوە و هیچ پەیوەندییەکی بە دەوڵەتەوە نەبێت جگە لە داننانی بە سەروەریی سوڵتان بەسەریدا. بەڵام ئەم پەیماننامەیە بەریتانیای مەزن پێی ڕازی نەبوو، کە بابی عالی دورگەی قوبرسی بۆ بەجێهێشت لە چاکەی ئەو یارمەتییە سەربازییەی پێشکەشی کرد. لەو ڕووەوە نەمسایش بەردەوام بوو لە خۆ پرچەککردن ئەوا ڕووسیا ناچار بوو بە چاوخشاندنەوە بە ڕێکەوتنامەی ئاشتیدا ڕازی بێت لە کۆنگرەیەکدا کە ڕێک کەوتن لەسەر ئەوەی لە بەرلین ببەسترێت. لە ١٣ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٧٨ کۆنگرەی بەرلین بەسترا و کۆبوونەوەکانی چوار هەفتەیان خایاند. بابی عالی بەیارمەتیی بسمارک لانیکەم بولگاریای باشووری قوتار کرد، کە کرابووە ویلایەتێکی خاوەن سەربەخۆیی ناوخۆیی و حاکمێکی مەسیحی سەرۆکایەتی دەکرد و بە ڕۆم ئیلیی ڕۆژهەڵاتی ناسرابوو، لەکاتێکدا بولگاریای باکوور بۆ

پلەی میرنشینێکی سەربەخۆ بەرز کرایەوە. هەرچی رۆمانیا و مۆنتی نیگرۆ و وڵاتی سیرب بوون سەربەخۆیی تەواویان پێ بەخشرا، یۆنانیش بەرازیکردنێکی هەرێمی قایل بوو. کۆنگرەکە هەروەها بڕیاری دا رۆمانیا دەست لە بسارابیا Bessarabia هەڵبگرێت بۆ رووسیا، تا لەبەرانبەر ئەوەدا دوبروجە Dubruja بەدەست بێنێت کە ئەوە قەرەبوویەک بوو بەهیچ شێوەیەک بارتەقای ئەوە نەبوو لەدەستی دا. بەڵام ئەو بڕیارەی بوو بە مەترسیدارترین بڕیار و بەد ئاکامترینیان، هەر ئەوە بوو مافی بەخشییە نەمسا، بۆسنە و هێرسک و سەنجەقی پەنی بازار داگیر بکات.

تاکڕەویی حەمیدی

سوڵتان عەبدولحەمید بەوە پەست و بێتاقەت بوو کە بەریتانیا ئەو یارمەتییەی چاوەڕوان دەکرا پێشکەشی نەکرد، لەبەرئەوە لە ٥ی شوبات/فێبرایەری ساڵی ١٨٧٧ میدحەت پاشای لە پۆستی سەدری ئەعزەم لادا و بەتۆمەتی ناپاکیی مەزن دووری خستەوە، چونکە ئەو بوو داوای کردبوو پەیڕەوی لە سیاسەتی پشتبەستن بە دەوڵەتانی رۆژئاوا بکرێت. لەڕاستیدا ئەو دەستوورەی ئەو سیاسییە گەورەیە دایناو هیچ رۆژێک کاریگەر نەبوو، عەبدولحەمید هەوڵەکانی خستە کار تا لەسەر دەستی پسپۆرانی ئەڵمانی مەشقی نوێ بە سوپاکەی بکات، بەڵام رازی نەبوو هیچ چاکسازییەکیتر لەسەر تەرزی ئەوروپی بکات، بەڵکو لەڕێی دەستگرتن بە خراپترین شێوازەکانی تاکڕەویی رۆژهەڵاتییەوە، هەوڵی قایمکردنی دەسەڵاتی خۆی دا. ئەوە بوو هەر بزوتنەوەیەکی فیکریی ئازادی لەناو برد کە لە ئیمپراتۆرییەتەکەدا پەیدا بووبوو. لەبەرئەوە نوێنەرانی بیرۆکەی ریفۆرم کە بە پیاوانی تورکیای لاو (ترکیا الفتاة) ناسرابوون، ناچار بوون وڵات بەجێبهێڵن و لە پاریس و جنێف سەنتەری نوێ بۆ ژیانی فیکری دابمەزرێنن. نەک هەر ئەوە، بگرە رۆژ بەرۆژ خۆی لە کەشێک لە خەونی بێداریدا نوقم دەکرد و بەپلەی یەکەم جەختی لەسەر پێگە ئاینییەکەی دەکرد وەک خەلیفەیەک، بەئومێدی ئەوەی لەو رێگەیەوە دەسەڵاتی بەسەر سەرجەم موسڵمانانداا بگێشێت. سوڵتان عەبدولحەمید لە هەموو ئەوەدا لەژێر کاریگەریی راوێژکارانی ناو کۆشکدا بوو، کە یەکبین لە بوونی پیلان دەیانترساند و تواناییان، لەڕێی (ئەبولهودا ئەلصەیادی)ی فەقیهی کۆشکی بەبنەچە سووریەوە، لەڕووی فیکرییەوە بەسەریدا زاڵ بن. بێگومان ئەم بیرۆکەیەی عەبدولحەمید، واتە بەهێزکردنی پێگەی وەک خەلیفە، بەدڵی کۆمەڵێکی زۆر لە رۆشنبیران و بەتایبەت لای پیاوانی ئاینی (زانایان) بوو، چونکە بەدیدی ئەوان ئیسلام جێگەی هۆشی نەتەوەیی دەگرێتەوە و خەونیان بە کاردانەوەیەکی پان-ئیسلامی بەڕووی بالادەستیی ئەوروپیدا دەبینی.

هەرچۆن بێت، لاوازیی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی تا رادەیەکی زۆر قوول بووبوویەوە، تەنانەت بەخێرایی رێگەی ترسناکی بەرەو لەبەریەک هەڵوەشان و پارچەپارچەبوون گرتبووە بەر. هەروەها لە ئەفریقیای باکوور کە خۆی هەمیشە بەپەیوەندییەکی لاواز بە بابی عالییەوە بەسترابوویەوە، عوسمانییەکان تونسیان لەدەست دا، دوای ئەوەی فەرەنسیەکان سالی ١٨٨١ داگیریان کرد.

شۆڕشی عەڕابی و داگیرکردنی میسر لەلایەن ئینگلیزەوە

لە میسریش ئەو لێڵنە ئەوروپییەی ئەرکی سافکردنی قەرزەکانی لەئەستۆدا بوو، وردە وردە سەروەریی دارایی خدێوی تۆفیقی سنووردار دەکرد. تا کاتێک ئەو لێڵنەیە خدێوی - کە بێدەسەڵات بوو- ناچار کرد ژمارەی سوپاکەی کەم بکاتەوە، رەشەبای ناڕەزایی لەناو ئەفسەراندا هەڵیکرد. بەڵام ئەو ئەفسەرانە سەرەتا بەهۆی دابەشبوونیان لەنێوان دوو حزبدا: حزبێکی تورکی و حزبێکی میسری، کاری یەکگرتوویان پێ نەدەکرا. لە سەردەمی محەمەد عەلییەوە زۆر لە تورکەکان پۆستە سەرەکییەکانی سوپایان قۆرخ کردبوو، کە سۆزیان بۆ هاوزمانەکانی خۆیان هەبوو. بەڵام زۆری نەبرد سەرکردەیەکی نیشتمانیی میسری بەناوی ئەحمەد عەڕابی -کە کوڕە جووتیار بوو- سەری هەڵدا و لە ریزەکانی سوپادا بۆ سەرەوە هەڵکشا تا گەیشتە پلەی ئەمیرالای (کۆڵۆنێڵ) و سەرکردایەتیی فیرقەی چوارەمی گرتە دەست. لە کانوونی دووەمی سالی ١٨٨١ ئەو و عەلی فەهمی فەرماندەی فیرقەی یەکەم ناڕەزاییان دژی ئەو رێوشوێنانەی حکومەتی عوسمان پاشا ریفقی گرتنیەبەر، دەربڕی. بەم شێوەیە بوو بە سەرۆکی حزبی نیشتمانی کە لە هەمان کاتدا خەباتی لەپێناو بەرژەوەندییەکانی جووتیاراندا دەکرد دژی گەورە زەویدارە بەبنەچە تورکەکان. پاشان چەند رووداوێک رووپان دا، لەئاکامیاندا لە شوباتی سالی ١٨٨٢ کرا بە وەزیری جەنگ. بەڵام ئەفسەرە تورکەکان پیلانێکیان دژی گێڕا، کە بووە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی لەنێوان ئەو و خدێویدا. لێرەدا ئەنجوومەنی وەزاری سەرباری نەیاریی خدێوی داوای گرێدانی ئەنجوومەنێکی لە پیاوماقوولان کرد. بەریتانیایش وای دانا سەلامەتیی ئەوروپیەکان لە میسر کەوتۆتە مەترسی و ئاماژەی دایە کەشتیگەلەکەی بەئەنجامدانی نمایشێکی جەنگی لە ئاوەکانی ئەسکەندەریە، کە کەشتیگەلی فەرەنسیش بەشداری تێدا کرد. لەڕاستیدا ئەم نواندنە رادەی گرژییەکەی لە میسر زیاتر کرد و لە ١١ی حوزەیران لە ئەسکەندەریە هەندێ رووداو دژی بیانییەکان رووپان دا. عەڕابی لەبەرئەوەی لە دەستێوەردانی دەوڵەتانی گەورە دەترسا دەستوبرد لە ئەسکەندەریەی قایمکاریی خۆی کرد. حکومەتی گلادیستۆنیش هیچ بیرۆکەیەکی بۆ داگیرکردنی میسر نەبوو. هەروەها فەرەنسا لە تونس و لە هیندی چینیش بەدەست زەحمەتیی زۆرەوە دەینالاند، بەتایبەت لە

پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ رایخی ئەڵمانی گرفتار بوو، لەبەرئەوە بانگهێشتی کەشتیگەلەکەی لە ئەسکەندەریە کردەوە. بەم شێوەیە بەریتانیا هەستی کرد بەتەنها لە سەلامەتیی ئەوروپییەکان بەرپرسیارە، لەبەرئەوە کەشتیگەلەکەی لە ١١ی تەممووز بۆردومانی ئەسکەندەریەی کرد پاش ئەوەی عەرابی رازی نەبوو کارەکانی قایمکاری رابگرێت. خدێوی بەر لەوە داوای پاراستنی لە بەریتانیا کردبوو و سوپاکانی بردبووە پاڵ یەکە بەریتانییەکان کە لە وشکانی دابەزیبوون. لەبەرئەوە عەرابی خۆی بەجێگری سوڵتان راگەیاند و خدێویش ئەوەی بە یاخیبوون لە گوێرایەڵیکردنی لەقەڵەم دا. پاشان عەرابی هێزە بەخراپی چەکدارکراوەکانی برد بۆ شەڕکردن لەگەڵ هێزەکانی ژەنەرال وولزلی Wolseley کە لە تەل ئەلکەبیر لە وشکانی دابەزیبوون (١٣ی ئەیلوول)، بەڵام هێزەکەی شکا و دوای دوو رۆژ لە قاهیرە بەدیل گیرا، سەرەتا سزای مردنی بۆ دەرچوو، پاشان گۆڕا بۆ دوورخستنەوە بۆ سیلان، ساڵی ١٩٠١یش رێگەی پێدرا بگەڕێتەوە قاهیرە.

شکانەکەی تەل ئەلکەبیر مێژووی میسری بەدرێژایی نیو سەدە دیاری کرد. بەریتانیا چاودێریی خۆی بەسەر دارایی و سەرکردایەتیی بااڵی میسردا سەپاند، هەروەها لەشکرگەیەکی بەریتانی هەمیشەیی لە میسر مایەوە. نەک هەر ئەوە، بگرە کونسوڵی گشتی لۆرد کرۆمەر لە تەنیشت خدێوی دانرا تا ئەو حاکمی راستەقینەی وڵات بێت، هاوشێوەی نیشتەجێیانی بەریتانی کە کرابووە نەریت وەک راوێژکارانی حاکمە نیشتمانییەکان لە هیند دادەنران. کەواتە میسر لەو ماوەیەدا بوو بەبەشێک لە مێژووی ئیمپراتۆرییەتی بەریتانی و بە ناوەندێک بۆ پارێزگاریکردن لە رێگەی هیند و سەپاندنی باڵادەستیی بەریتانی بەسەریدا. میسرییەکان نەیانتوانی سەربەخۆییان بگێڕنەوە تا دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، ئەویش پاش بیست ساڵ خەباتی گەرم و توندوتیژ.

هێڵی ئاسن (شەمەندەفەر)ی بەغدا و حیجاز

لەکاتێکدا عەبدولحەمید —لە کۆشکەکەی 'یڵدز' Yildiz کە رۆژ بەرۆژ زیاتر خۆی لە جەماوەر دادەبڕی- بە خامۆشکردنی هەر مەیلێک بۆ ئازادی لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا لەڕێی دەزگایەکی ئاڵۆز و بەپەلوپۆی سیخوڕییەوە سەرقاڵ بوو، لە هەمان کاتدا هەوڵی دەدا لەڕێی بووژاندنەوەی جوڵەی بازرگانییەوە دەسەاڵتی خۆی قایم بکات. لەڕاستیدا هێڵی ئاسنین (شەمەندەفەر)ی رۆژهەاڵت کە بارۆن هیرش Baron Hirsh لەرێگەی قازانجی زەبەاڵح و پڕ لە گزیبازییەوە دەستی پێکردبوو، بەتەواونەکراوی مایەوە و تا ساڵی ١٨٨١ و پاش هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە لەگەڵیدا، نەتوانرا بەجددی رابکێشرێت. لە کۆ ساڵی ١٨٨٨ ئەو هێڵە ئاسنینە تەواو نبوو کە بەلیگراد و ئاستانەی بەیەکەوە دەبەست، لەگەڵ درێژبوونەوەی بەخاکی ئاسیادا لە حەیدەر پاشاوە بۆ ئیزمید. پاشان لەبەرانبەر

گەرەنتیی لای خواری داهات بۆ ماوەی نەوەد و نۆ سال، بانکی ئەڵمانی مۆڵەتی راکێشانی هێڵەکەی تا ئەنکەرە Ankara بەدەست هێنا، کە سالّی ١٨٩٢ پێی گەیشت. جا دەستبەجێ پلانی راکێشانی هێڵەکە لەڕێی ئەنادۆل و عێراقەوە تا دەگاتە کەنداوی فارسی، هاتە پێش، بەوەیش بەستنەوەی گرنگترین وڵاتانی ئیمپراتۆرییەتەکە ئاسان دەبێت و دەرگاکانی سەرچاوە سروشتییە دەوڵەمەندەکانیان بەڕووی بازرگانیی جیهانیشدا دەکرێتەوە. بەڵام ئەم پرۆژەیە لە هەمان کاتدا هەڕەشە بوو بۆ سەر پێگەی بەریتانیا لە رۆژهەڵات و تەماعەکانی رووسیا لە فارس. ئەگەرچی پیاوانی سیاسیی دووربینی ئەڵمان هۆشداریان دا لە مەترسییەکانی ئەو پرۆژەیە، بەڵام کەسایەتییە دەسترۆیشتووەکان پاڵپشتییان کرد، کە بەپلەی یەکەم لە خەمی خزمەتکردنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیاندا بوون و توانییان قەیسەر ولهلمی دووەم قایل بکەن بەزەروورەتی گرنگپێدانی. تا کاتێک سالّی ١٨٩٨ قەیسەر لە رێگەی گەڕانەوەیدا لە بەیتولمەقدیسەوە سەردانی ئاستانەی کرد، داوای لە سوڵتان کرد -کە بەهاورێی خۆی دادەنا و قەرزاری ئەو بوو لە مەشقپێدانی سوپاکەی لەسەر دەستی ئەفسەرانی ئەڵمان بەسەرۆکایەتی ڤۆندەر گۆڵتز پاشا- ئیمتیازی دامەزراندنی بەندەری حەیدەر پاشا ببەخشێتە بانکی دەوڵەتی ئەڵمانی، ئەمە سەرەڕای ئەو هەوڵانەی بەریتانیا و رووسیا یەکبین دەیاندا بۆ رێگرتن لە راکێشانی هێڵی شەمەندەفەرەکە. سالّی ١٩٠٢ مۆڵەت درا بە دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەری بەغدا. پلانەکە ئەوە بوو هێڵەکە لە بروسەوە، کە ئەو هێڵە فەرعییەی بۆ ئەنکەرە دەچێت جیا دەبێتەوە، بە ئەفیون قەرەحەسار، قۆنییە، ئەرەگلی و بولغورلودا تیبەڕێت و لە رێگەی نسێبین و مووسڵەوە بگاتە بەغدا. هاتوچۆ لەو بەشەی تا بولغورلو درێژ بووەتەوە لە ٢٥ی تشرینی دووەمی سالّی ١٩٠٤ دەستی پێکرد.

ئەگەرچی هێڵی ئاسنی ئەنادۆل خزمەتی هەندێ ئامانجی ئابووری و سەربازی کردوە، بەڵام ئامانجی سوڵتان لە دیارترینی کارەکانی -واتە هێڵی ئاسنی حیجاز- ئەوە بوو پێگەی خۆی وەک خەلیفە لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا بەهێز بکات. جا لەو رووەوە چوونە حەج بۆ دوو شارە پیرۆزەکە کە-تا ئەوکاتە- تەنیا لە رێگەی کاروانە تاقەتپڕوکێنەکان لە دیمەشقەوە بەبیاباندا، یان لەڕێی ئاوییەوە بە دەریای سووردا دەکرا، ئیتر ئەو دوو شارە بەهێڵی شەمەندەفەر بە سەنتەری ئیمپراتۆرییەتەکەوە دەبەسترێنەوە . لەڕاستیدا ئەم هێڵە کە بەپلەی یەکەم سکرتێری تایبەتی سوڵتان عیززەت پاشا [ئەلعابد] سەرپەرشتی دامەزراندنی دەکرد، کە عەرەبی سووریا بوو، لەنێوان سالّی ١٩٠٠ و سالّی ١٩٠٨دا لەسەردەستی ئەندازیارانی ئەڵمان راکێشانی تا مەدینە تەواو بوو. موسڵمانان لە وڵاتە جیاوازەکانی دنیاوە سێیەکی خەرجی هێڵەکەیان بەخشی، کە سێ ملیۆن لیرەی تورکی بوو[١٤٤].

---

[١٤٤] بڕوانە: Auler Pacha, Die Hidschasbbahn, Petermanns Mitteilungen, Erganzungsheft 154 (1906) and 161 (1908).

ئەرمەن و کوردەکان

عەبدولحەمید باوەڕی وابوو دەبێت لەناو سەرجەم رەعیەتەکانی ئیمپراتۆرییەتەکەدا کە سوودیان لە هێڵی ئاسنی ئەنادۆل وەردەگرت، تەنها لە ئەرمەن بترسێت، کە لەمێژ بوو کەڵکەڵەی ژیانی نەتەوەی سەربەخۆ کەوتبووە مێشکیان. هاونەتەوەکانیان کە لە هەموو ناوچەی دەریای سپیی ناوەڕاست تا هیند بڵاو بوون، زۆرجار سامانی گەورەیان کۆکردبووەوە و ئەو مەیلە سەربەخۆخوازییەیان دەبزواند. گەلی ئەرمەنی کە لە زنجیرە چیاکانی ناوەڕاستی باڵای نێوان ئەنادۆل و ئازربایجان و دەریای قەزویدا نیشتەجێ بوون -کە بێچارەترین گەلانی رۆژهەڵاتە- بەدرێژایی نەوەکان خەسڵەتە نەژادییە رەسەنەکانی گەلی ئەنادۆڵی لە خاوێنترین دۆخەکانیدا پاراستوە. بەڵام زمانەکەی لە یەکێک لە شەپۆلەکانی کۆچەرییانی هیندۆئەوروپی وەرگرتوە و لەگەڵ زمانی باوباپیرە بەراییەکانیدا گونجاندوویەتی. سیستمی دەرەبەگایەتی لە سەردەمێکی زۆر زووەوە لە وڵاتەکەیاندا، کە پڕە لە دەشتایی بەرین لەنێوان چیای بەرز بەرزدا، پەیدا بووە. ئەم سیستمە یارمەتی داون تەنها بۆ یەک جار لە دەسەڵاتێکی مەرکەزی سوودمەند بن، ئەویش لە سەردەمە دێرینەکاندا، لەکاتێکدا لە سەرجەم سەردەمەکانیتردا بەزۆری بوونەتە نێچیرێکی ئاسانی دەوڵەتانی دراوسێ. هەر هێندەی ملکەچی حوکمی تورکی بوون هەژموونی هاوسێ باشوورییەکانیان، واتە کوردەکان، لە وڵاتەکەیاندا بەبەردەوامی گەورە دەبوو. لەڕاستیدا عەبدولحەمید سەرەڕای ئەوەی دایکی ئەرمەنی بوو، باوەڕی وابوو دەتوانێت متمانە بە کوردەکان بکات و بیانکاتە پاڵپشتێک بۆ خۆی کە بۆ چەسپاندنی هێز و دەسەڵاتەکەی هیچ لەوە مسۆگەرتر نیە. لێرەوە بوو هێزی پاسەوانە تایبەتەکەی لە ئیستانبوڵ، "فیرقەی حەمیدی" بەپلەی یەکەم لە کورد پێکهاتبوو. نەک هەر ئەوە، بگرە لە وڵاتەکەی خۆیاندا دەستکراوەی کردن، ئەگەرچی پەرۆش بوو کە هێزی بەگەکانیان سنووردار بکات و هەر راپەڕینێکی نیشمانییان لەناو ببات. لەڕاستیدا ئەرمەن وەک پیشەسازی دەسترەنگین و پیاوانی لەڕووی ئابوورییەوە چالاک، بەڵام بەبێ هیچ وردی یان رێکخستنێک، لە هاوسێکانیان پێشکەوتووتر بوون. هەروەها برا هاوزمانەکانیان کە لە زووەوە لە دەرەوەی وڵات دەژیان، زۆرجار سامانی گەورەیان کۆکردبووەوە و هەژموونی خۆیان لای دەوڵەتانی بیانی بۆ بەرژەوەندیی هاوڵاتییەکانیان لە نیشتمان بەکار دەهێنا. هەروەها خەباتی گەلانی بەلقانی کاریگەری هەبوو لە بزواندنی ئەرمەن -سەرەڕای جیاوازیی رەهای نێوان پێگەی ئەمان و ئەوان- بۆ داواکردنی ئاستێک لە سەربەخۆیی هاوشێوەی ئەوەی کۆنگرەی بەرلین بە رۆم ئیلی رۆژهەڵاتی بەخشیبوو. بەڵام ئەم نەزعەیە سوڵتانی خانەگومان کرد. ئەوەیش سەلماوە ساڵی ١٩٠٥ بەرهەڵستی ئەو قەسابخانەکاریە وەحشیانەی نەکرد کە کوردەکان بەهاوبەشی لەگەڵ تورکەکان، دژی ئەرمەن لە زۆرەی

هەربەزۆری شارە گەورەکانی ولات، هەروەها لە تەرابزۆن و رەها و بگرە لە ئیستانبوڵیش ئەنجامیان دا. ئەم کارە درندانە کە سالّی دوای ئەوەیش لە هەردوو ویلایەتی بیتلیس و وان دووبارە بوویەوە، هەر بەتەنیا سەنگ و ناوبانگی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان لە جیهانی پێشکەوتوودا دانەبەزاند، بگرە بناغەی دەوڵەتەکە خۆیشی هەژاند.

جەنگ لەگەڵ یۆنان

یۆنانییەکان لای خۆیانەوە بەو دەستکارییانەی سنوور رازی نەبوون کە کۆنگرەی بەرلین بڕیاری لەسەر دان. حەزکردن لەوەی دورگەی کرێت -کە زۆربەی دانیشتوانەکەی هاونیشتمانیی ئەوانن- بخرێتە سەر مەملەکەتی یۆنانی، هەست و سۆزی میللی بەشێوەیەکی تایبەت و بەبەردەوام تاو دەدا. سالّی ١٨٩٦ لە دورگەکەدا ئاگری شۆڕش بەسەرکردایەتیی ئەمیر جۆرجی یۆنانی هەڵگیرسا. زۆری نەبرد ئەم ئاگرە لە بەهاری ١٨٩٧دا تەنییەوە بۆ تسالیەیش. بەڵام لاوازیی مەملەکەتەکە لەڕووی سەربازییەوە ئابڕووبەرانبەر بوو، بەڕادەیەک دەوڵەتانی گەورە ناچار بوون لە هەرەسهێنانی تەواو بیپارێزن. لەڕاستیدا پەیماننامەی ئاشتی کە ئەو دەوڵەتانە لەئەنجامی ئەوەدا سەپاندیان، لە خاکی دایک تەنیا دەستکارییەکی کەمی لە سنووردا بۆ یۆنان بردەوە کە شایانی باس نیە، بەڵام کرێتی کردە ویلایەتێکی لەناوخۆدا سەربەخۆ و حاکمێکی مەسیحی لەسەر دانا.

شۆڕش لە مەکدۆنیا

لە مەکدۆنیا، کە تورک و یۆنان و ئەرنائوت (ئەلبانی) و والاچی و بولگار و سیرب پێکەوە دەژیان و تێکەڵ بوون، سەرێشەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دژواتر و تاڵتر بوون. لەبەرئەوە هەرسێ دەوڵەتە مەسیحییەکەی دراوسێ چاویان لە دابڕینی ئەو ویلایەتە بەپیتە بوو بۆ خۆیان، کە بەتایبەت بەچاندنی تووتن دەوڵەمەند بوو. لە پایزی سالّی ١٩٠٢ هەندێ باندی بولگاری لەوێ پەیدا بوون کە خراپەیان لە سەرتاسەری ولاتدا بڵاو دەکردەوە و رەگەزە سلاڤیەکیانتریان دەتۆقاند. تا کاتێک هێزە عوسمانییەکان نەیانتوانی سەرکوتیان بکەن، رووسیا و نەمسا داوایان لە بابی عالی کرد پشکنەرێکی گشتیی ئەوروپی و هێزێکی پۆلیسی بۆ بنێرێت کە ئەفسەرانی ئەوروپی سەرکردایەتی بکەن. بەڵام ئەو فەرماندە ئیتاڵییەی کرایە سەرۆکی ئەو هێزە پۆلیسە ئەویش شکستی هێنا لە چەسپاندنی سەقامگیری. نەک هەر ئەوە، بگرە زۆری نەبرد رەگەزەکانیتریش، چاویان لە بولگار کرد و بەشداریان لە شەڕی باندەکاندا کرد. دەوڵەتانی گەورە نەیانتوانی سنوورێک بۆ شۆڕش دابنێن پاش ئەوەی سوڵتانیان ناچار کرد دارایی ولات ملکەچی چاودێریکردنیان بکات. نەمسا هەوڵی دا ئەم دۆخە بقۆزێتەوە، لەبەرئەوە هێڵی شەمەندەفەری سەرایيڤۆی

لەڕێی سەنجەقی یەنی بازاڕەوە -کە لەژێر ئیدارەی نەمسادا بوو- بۆ سالۆنیک درێژ کردەوە. ئەم کارە بووە مایەی ئیرەیی ڕووسیا و دەوڵەتانی گەورە کە لەورژووە داوای دامەزراندنی حاکمێکی گشتییان کرد کە ملکەچی چاودێریکردنی ئەوان بێت.

تورکیای لاو

ئەم سووکایەتییە نوێیە بە نیشتمانی دایکیان، تووڕەییەکی قوواڵی لە ناخی ئەفسەرانی تورکدا دروست کرد، کە لەگەڵ هێزەکانیاندا لە مەکدۆنیا بوون. تا کاتێک لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٠٨ لە ریفال [پایتەختی ئەستۆنیا] شا ئیدرواری حەوتەم و قەیسەر نیکۆڵای دووەم کۆبوونەوە و ئەو پەیمانەیان مۆر کرد کە بەپێی ڕێکەوتنامەی ١٨-٣١ی ئابی ١٩٠٧ لەنێوان بەریتانیا و ڕووسیا ئیمزا کرا، تورکیا پێشبینی کرد ڕۆژانی داهاتوو پلانگەلی نوێ بۆ دابەشکردنی ئیمپراتۆرییەتەکەی ئاشکرا بکەن. ئەو مەترسییە نوێیەیش گیانی تووڕەیی و هەڵچوونی لەنێو ریزەکانی ئەفسەراندا تاودا، تا گەیشتە خاڵی کوڵان. بزوتنەوەی (تورکیای لاو)ی ئازادیخواز کە سوڵتان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ هەوڵی سەرکوتکردن و لەناوبردنی دا، سەرەڕای گشت تۆڕەکانی سیخوڕیکردن، دزەی کردە ناو سوپای عوسمانی. لە مەکدۆنیا ئەنوەر بەگ -کە وەک پاشکۆیەکی سەربازی لە بەرلین بە ڕێکخستنی سوپای ئەڵمانی و شێوازەکانی لە شەڕدا ئاشنا بووبوو- و نیازی بەگ کە لە جەنگ دژی بانـدە مەکدۆنییەکانـدا شـارەزاییەکی سـەربازی بەدەسـت هێنـابوو- سەرکردایەتیی پیلانێکیان کرد، ئامانجی ڕاستەوخۆی زیندوو کردنەوەی دەستووری ساڵی ١٨٧٦ بوو کە میدحەت پاشا داینا[١٤٥]. لەناو فەرمانبەرانی مەدەنیشدا پاڵپشتی لەلایەن

---

[١٤٥] ئەو زانیارییانەی مستەفا کەمال لەبارەی ژیانی خۆی بەسەرنووسەری ڕۆژنامەی "وقت"ی ئیستانبوڵی نووسیویەتەوە لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٢، کە أ. فیشەر لە Leipzig Illustrierte Zeitung دا هێناویەتی، ژمارە (٤٠٨٤) لە ٥ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢٢، هەروەها لەو ژیاننامەیەی بەپێنووسی خۆی نووسراوە و لە Turkun Altun Kitabl Ghazinin hayati J. Deny بڵاو کراوەتەوە (ئیستانبوڵ، ١٩٢٨، لا ٢٠)، هەروەها لەوەی Revue du monde musulman لە وەریگێڕاوە (بەرگی ٦٣، ١٩٢٠، لا٤٦ و پاشتر) لە کتێبی Devlatsalname ، کە لەسەر ئەو بناغەیە مێژووی ڕەسمیی تورکی ناسراو بە Tarih IV دانراوە (ئیستانبوڵ ١٩٣١ لا١٤٠)- دەڵێین: هەموو ئەوانە ئەوە دەگەیەنن دامەزرێنەری دەوڵەتی تورکیی نوێ پێویستە بە بزوێنەری ڕاپەڕینە مەکدۆنییەکەیش دابنرێت. بەپێی ئەوەی لەو سەرچاوانە وەردەگیرێت هەر لەو کاتەی لەگەڵ لەشکرگەکە ساڵی ١٩٠٦ لە دیمەشق بووە، کۆمەڵەیەکی ئەفسەرانی بەناوی "وطن حریت جمعیتی" دامەزراندوە کە ئەندامی لە بەیروت و یافا و قودسیش هەبووە. ئەو سەرچاوانە باس لەوەیش دەکەن لەو کاتەی مۆڵەتەکەی لە ئێزمیر بەسەر بردوە بەنهێنی چووە بۆ زێدی خۆی، سالۆنیک و لقێکی ناوخۆیی کۆمەڵەکەی تێدا دامەزراندوە. کاتێک دەسەڵاتداران پاشتر زانیویانە مۆڵەتەکەی بەو شێوەیە بەخراپی بەکار هێناوە، پاش گەڕانەوەی بۆ سووریا، گوێزراوەتەوە بۆ سەرکردایەتیی بەندەرەکان لە عەقەبە -کە دەوڵەت سەربازە یاخیبووەکانی بۆ دەنارد- پاش تەنیا سێ سال گوێزراوەتەوە بۆ دەستەی ئەرکانی سەرکردایەتیی بالای ڕۆم

کەسێکەوە بەدیکرد بەناوی تەڵعەت، کە فەرمانبەر بوو لە فەرمانگەی تەلەگراف (بەرق). پیلانگێڕان کە خۆیانیان ناونا (کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی) کۆمەکییەکی دارایان لە "دۆنمە" وەرگرت. دۆنمە بە جولەکەکانی سالۆنیک دەوترا کە هاتبوونە ناو ئیسلام و دەستیان بەسەر ژیانی ئابووریی ئەو شارەدا گرتبوو.

کشان بەرەو ئیستانبوڵ و زیندووکردنەوەی دەستوور

نیازی بەیاوەریی ژمارەیەک لە هاوەڵانی رایکرد بۆ چیاکانی ڕێسنا Resna و بەنهێنی لەلایەن قایمقامی ناوچەکەوە پاڵپشتی کرا. دوای ئەوەی خۆی گەیاند بە ئەیوب ئەفەندی لە ئوخریدا Okhrida پێکەوە بروسکەیەکیان ئاراستەی سوڵتان کرد و تێیدا داوایان لێکرد دەستوور بگێڕێتەوە. سوڵتان شەمسی پاشای نارد بۆ کوشتنی هەردووکیان، بەڵام تەقەی لێکرا و کوژرا. پاشان ئەنوەریش سالۆنیکی بەجێ هێشت و لە تیکقیش کەوتە چالاکی بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵەکە. بەڵام پیلانگێڕان پێشتر هێندە هەستیان بەدڵنیایی کردبوو تەنانەت لە ڕۆژی ٢١ی تەممووزی ساڵی ١٩٠٨ لە مونەستیر Monastir و لە ڕۆژانی ٢٢ و ٢٣یشدا لە سالۆنیک دەستووریان ڕاگەیاند. لە هەمان شاردا پیلانگێڕان لەناکاو دایان بەسەر ئیستانبوڵدا و بەبێ شەڕێکی ئەوتۆ داگیریان کرد و سوڵتانیان ناچار کرد دەستوور پەسەند بکات و ئەو کەسانە بکاتە وەزیر کە لای ئەوان پەسەند بن. لە ١٧ی کانوونی یەکەم ئیتر دەتوانرا پەرلەمانی عوسمانی بکرێتەوە.

دامالێنی عەبدولحەمید

تەواوی ئیمپراتۆرییەتەکە بەجۆش و خرۆشەوە پێشوازی لە کەوتنی لەناکاوی ڕژێمە تاکڕەوەکە کرد. سەرانی تورکیای لاو وایانزانی بە ڕاگەیاندنی بەها باڵاکانی دەستووڕە

ئیلی لە سالۆنیک. شایانی باسە ئەو گێڕانەوە هاوچەرخانەی یەکێک لە سەرکردەکانی بزوتنەوەی مەکدۆنی، نیازی، لە یاداشتەکانیدا ("خاطرات"، ئیستانبول ١٣٢٦) و یونس نادی سەرنووسەری ڕۆژنامەی "تصویر افکار"ی ئیستانبولی لە کتێبەکەی "اختلال وانقلاب عثمانی" (ئیستانبول، ١٣٢٥) تۆماریان کردوە، هیچ لەم چالاکییەی مستەفا کەمال باس ناکەن. بڕوانە تاوتوێکردنی بابەتەکە لە گۆڤاری میژوویی تورکی Belleten I (ئەنقەرە، ١٩٣٧، لاپەڕە ٢٨٩-٣٠٩ و ٦١٩-٦٢٥).

هەرچی میجەر ژەنرال ئیمهۆف Die Welt des Islams لە imhoff بۆ ئەوە چووە یەکەمین کۆمەڵەی سەربازی لە دیمەشق دامەزرابێت ئەوەیە دکتۆر حاجی مستەفا دایمەزراندوە، لەکاتێکدا مستەفا کەمال کۆمەڵەیەکی نوێی لە سالۆنیک دامەزراند. لەو زانیارییانەی ئیمهۆف هیناونی و خۆی لە تورکیا -کە وەک مەشقدەری سوپا کاری کردوە- کۆی کردونەتەوە، دەبینین کۆمەڵە نهێنییەکان لە شوێنی جیاوازی دەوڵەتی عوسمانی چالاک بوون، بەبێ ئەوەی ئاگایان لە یەکتر بێت. لەبەرئەوە سەیر نیە گێڕانەوەی دژ بەیەک سەبارەت بەپەیدابوونی بزوتنەوەی شۆرشگێڕی هەبێت.

نوێیەکە، کە هەموو جیاکارییەک لەنێوان عوسمانییەکان بەجیاوازیی چین و ئاین و رەگەزیان هەڵدەوەشێنێتەوە، دەتوانن متمانە و پاڵپشتیی سەرجەم گەلانی مەسیحی و بەدەست دێنن. بەڵام ئەو رێکەوتنەی عەبدولحەمید لەگەڵ پیاوانی تورکیای لاو کردی زۆر تەمەنی نەکرد. ئەوە بوو لە ١٣ی نیسانی ساڵی ١٩٠٩ شۆڕش دژی دەسەڵاتدارانی نوێ هەڵگیرسا. لە ١٥ی نیسان، سوڵتان تۆفیق پاشای بەسەدری ئەعزەم راگەیاند و رایسپارد بۆ گێڕانەوەی شەریعەت یان یاسای پیرۆز بۆ واری جێبەجێکردن. بۆ جاری دووەم سوپای عوسمانی لە سالۆنیک دەستی لە بابەتەکە وەردا. ئەوە بوو لە نیسانیش فەرماندەی ئەو سوپایە، حسێن حوسنی پاشا بەیاوەریی مستەفا کەمال وەک سەرۆکی ئەرکانی جەنگی سوپا هات بۆ پایتەخت و دوای کوشتارێکی کورت مەحموود شەوکەت توانی داگیری بکات. لە ٢٦ی نیسان لە سان ستێفانۆ San Stefano کۆمەڵەی نیشتمانی بەسترا و بەپێی فتوایەکی شێخی ئیسلام بڕیار درا بە دامالێنی سوڵتان لە دەسەڵات. پاش ئەوە محەمەد [ڕەشاد]ی برای خرایە سەر تەخت. لە پەرلەمانی نوێدا گرووپە بۆرجوازییەکان کە بەخۆیان دەوت لیبرال و دروشمی "ئازادی و یەکێتی"یان کردبوو بە بەرنامەی خۆیان، بوونە یەک حزب و هەوڵیان دا هەژموونی زاڵی ئەفسەران کەم بکەنەوە. بەڵام هەلومەرجی دەرەکی رێگەی بە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی نەدا بەئارامی بڕەو بەژیانی دەستووریی خۆی بدات.

ئیتاڵیا دەست بەسەر تەرابلوسدا دەگرێت

لەوکاتەدا ئیتاڵیا بۆ موستەعمەرەیەک دەگەڕا لە حەوزی دەریای ناوەڕاستدا بۆ دانیشتوانە بەردەوام ڕوو لە زیادەکەی، تا رێگە لە کۆچکردنی لاوەکانی بۆ وڵاتانی بیانی بگرێت، پاش ئەوەی فەرەنسا دەستی بەسەر تونسدا گرت کە ژمارەیەکی زۆر گەورەی کۆچەرییانی ئیتاڵی لەخۆ گرت، ئیتر چاوی بڕییە تەرابلوسی ڕۆژئاوا، کە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی هەمیشە وەک قەڵایەکی لەدەستچوو تەماشای تەرابلوسی دەکرد. کاتیک پیاوانی تورکیای لاو بۆ پاراستنی شەرەف ڕەتیان کردەوە دەستی لێ هەڵبگرن پاش ئەوەی ئیتاڵییەکان لەپڕ ئەو داوایەیان لێکردن، ئیتاڵیا لە ٢٩ی ئەیلوولی ساڵی ١٩١١ جەنگی ڕاگەیاند و هێزەکانی لە ٥ی تشرینی یەکەم پێیان نایە سەر خاکی ئەفریقیا. باری بەرگریکردنیش کەوتە سەر شانی ئەنوەر پاشا و مستەفا کەمال کە لێرەوە یەکەمین تاجە گوڵینەی شکۆ سەربازییەکەی بەدەست هێنا. ئەگەرچی هاوڵاتییانی عەرەب و بەربەر بەحەماس و لێبڕانەوە پاڵپشتیی تورکەکانیان کرد، بەڵام سەرەنجام شکان. لە پەیماننامەی ئۆچی Ouchy کە ساڵی ١٩١٢ بەسترا دەوڵەت دەستی لە تەرابلوس و بەنغازی هەڵگرت بۆ ئیتالیا و خەلیفە تەنیا مافی دامەزراندنی فەرمانبەرانی ئایینی لەو وڵاتە بەدەستەوە مایەوە.

دەوڵەتانی بەلقان جەنگ دژی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی رادەگەیەنن

لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٢ دەوڵەتانی بەلقان جەنگیان دژی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی راگەیاند، کە هێشتا پەیماننامەی ئاشتی لەگەڵ ئیتاڵیا ئیمزا نەکرابوو. ئەگەرچی ئەو دەوڵەتانە لە زۆر پرسدا ناکۆکییان لەنێواندا هەبوو، بەڵام هەستیان کرد بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان لەمەترسیدایە لەئەنجامی ئەو پرۆژەیەی حکومەتی عوسمانی، کە دەیویست لەڕێی پرۆسەیەکی نیشتەجێکردنی ئیسلامیی نوێوە مەکدۆنیا تووندتر بە ئیمپراتۆرییەتەکەوە ببەستێتەوە.. لەڕاسیدا تورکەکان لەوە لاوازتر بوون خۆیان لەبەردەم ئەم هێزە بەلقانییە یەکگرتووەدا رابگرن، بولگارییەکان گەمارۆی ئەدەرنەیان دا و یۆنانییەکانیش ساڵۆنیکیان داگیر کرد، کابینەی نوێی تورکی ئاگربەستێکی لەگەڵ دوژمن بەست و ئامادەیی خۆی بۆ دەستهەڵگرتن لە ئەدەرنە پیشان دا. بەڵام ئەفسەرانی سوپا، لەسەرووبانەوەڕ ئەنوەر، ناڕەزایی دژی ئەو ریسوواییە دەربڕی. لە ١٣ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٣ کابینەکەیان ناچار کرد دەست لەکار بکێشێتەوە و مەحموود شەوکەت پێکی بێنێتەوە. لەبەرئەوەی لەو ماوەیەدا ئەدەرنە کەوت، هێزە عوسمانییەکان ناچار بوون بەرگریکردنیان تەنیا لە هێڵی چەتاڵجە Chatalja‌دا کورت بکەنەوە، بەڵام تورکەکان لەکۆتاییدا لە کۆنگرەی ئاشتی کە لە مانگی ئایار لە لەندەن بەسترا، ناچار کران دەست لە سەرجەم ئەو ناوچانەی هەڵبگرن کە دەکەونە ڕۆژئاوای هێڵی ئینۆس Enos لەسەر دەریای ئیجە و میدیا لە دەریای ڕەش. بەڵام دوژمنان لەبارەی دابەشکردنی غەنیمەتەکان نەگەیشتنە ڕێکەوتن و جەنگ لەنێوانیاندا بەرپا بوو. لێرەوە ئەنوەر جارێکیتر دەستی دایە چەک و ئەدەرنەی ڕزگار کردەوە، کە بولگارییەکان ناچار بوون لەکۆتاییدا بەپێی هەردوو ڕێکەوتنامەی ئیستانبوڵ (ئەیلوولی ١٩١٣) و ئەسینا (١٩١٤) دەستی لێ هەڵبگرن.

سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتی لە تورکیا

سروشتی بوو لەناو ئەو هەموو کێشە و پشێویانەدا پەیدابوونی هەر سیاسەتێکی ناوخۆیی بەهێز لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا ئاستەم بێت، ئەو وێنە باڵایەی چاوی لە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی عوسمانی بوو کە سەرجەم هاوڵاتییان لە ئیمپراتۆرییەتەکەدا لەخۆ بگرێت، شکستێکی گەورەی هێنا و وردە وردە ئایدیای نەتەوایەتی لای تورکەکان جێگەی گرتەوە. لەڕاستیدا نەتەوایەتی (ناسیونالیزم) یەکەم جار لەنێو گەلانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا باڵاو بوویەوە و پشتی بە بنەماکانی شۆڕشی فەرەنسی و ڕۆمانتیکیی ئەڵمانی دەبەست و بەرەو سەرکەوتنە سیاسییە گەورەکانیان پێشڕەوی کردن. لەبەرئەوە سەیر نیە

ئەم بیرۆکەیە زەمینەیەکی لەبار لەناو تورکەکانیشدا بدۆزێتەوە. جا لەو رووەوە زمانی پەیوەندیی نەتەوەیی راستەقینە بەرجەستە دەکات تورکەکان باوەڕیان وابوو دەتوانن یەکێتییەکی بەهایی دابمەزرێنن کە -لەودیو سنوورە سیاسییەکانەوە- بە بڕا هاوزمانەکانیانەوە ببەستێتەوە کە لەژێر سایەی حوکمی بێگانەدا دەژین. ژمارەیەک نووسەری بەتوانا لە ناوچەکانی باشووری رووسیا کە تەتارەکان تێیدا نیشتەجێن، لەدەست زەبر وزەنگی قەیسەری رایانکرد و کۆچیان کرد بۆ تورکیا، لەوێ لە زێدی نوێیان کاریگەریی یەکلاکەرەوەیان هەبوو لەسەر پەیدابوونی نموونەیەکی بالای نوێ کە بانگەوازی بۆ تۆرانیزم دەکرد و سەرجەم تورکەکانی لەخۆ دەگرت. ئەم نموونە بالایانە لە رۆمانەکەی ژنە شاعیری تورکیی هەلکەوتوو لە سەردەمی نوێ (خالیدە ئەدیب)دا بەجوانترین شێوەی ئەدەبی گوزارشتی لێ کراوە. بەڵام ئەم نموونەیە -لە گەرمەی کەفوکوڵی پێش هەرەسی ئیمپراتۆرییەتە کۆنەکەدا- تەنیا چاوەڕوانی ئاسەوارێکی روخێنەری لێ دەکرا. ئەوە بوو پیاوانی تورکیای لاو بوونە نامۆ لە عەرەبەکانی ئیمپراتۆرییەتەکە کە ئیسلام داوای دەکرد لەگەڵیان یەکبگرن دژی مەسیحییەکان، بەتایبەت دوای ئەوەی ویستیان عەرەب واز لە کەلتووری نەتەوەیی خۆیان بێنن و شوێن کەلتوورێکی تورکیی پەتی بکەون. لەڕاستیدا ناسیونالیزم تەنیا لە تورکیای نوێدا توانی دەسەلاتی رەهای بچەسپێنێت، کە کەمال ئەتاتورک وەک دەوڵەتێکی نەتەوەیی و بەسەر خۆدا داخراو دایمەزراند.

رێنیسانسی ئافرەتان لە تورکیا

بەڵام لە بواری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەو چارەسەرەی پیاوانی تورکیای لاو بۆ کێشەی ئافرەتیان دانا سەرکەوتنێکی تایبەتی بەدەست هێنا. لەکاتێکدا ئافرەت لە لادێ و شارۆچکەکاندا -تەنانەت پێش لەو سەردەمەیش- مافی یەکسانی لەگەڵ پیاو هەبوو وەک شەریکی لەکارکردندا، بەڵام بازنەی چالاکبوونی لە ژینگە راقییەکاندا کورت بووبوویەوە، لە مال و لە "حەرەمسەرا"دا، کە بەپێی نەریتە ئیسلامییەکان دەبێت لە خێزاندا بژی. راستە ژمارەیەکی زۆر کەم لە ئافرەتانی تورک، وەک خالیدە ئەدیبی شاعیر کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، توانییان لەڕێی خوێندن بەپێی میتۆدە ئەوروپییەکان لە کۆلێژی ئەمەریکی لە ئیستانبوڵ ئاسۆی رۆشنبیرییان فراوان بکەن، بەڵام هیچ دەرگایەکی چالاکیی گشتی لە سایەی سیستمە کۆنەکەدا لەبەردەمیاندا کراوە نەبوو. لەڕاستیدا جەنگی جیهانی ئەوانی لەو کۆتانە رزگار کرد، ئەویش پاش ئەوەی دۆخێک هاتە پێش چوونیان بۆ مەیدانەکانی کار

زۆر پێویست بوو بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییەی چوونی پیاوان بۆ بەرەکانی جەنگ دروستی کرد. لەوکاتەوە ئافرەتانی تورکی بەخێراییەکی سەیر خۆیان بەگوێرەی دەستەخوشکە ئەوروپیەکانیان دەگونجێنن، تا ئەو کاتەی دەوڵەتە نەتەوەییە نوێیەکە مافە سیاسییەکان و ئازادیی کارکردنی لە گشت بوارەکان پێ بەخشین.

تورکیا لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا

تورکیا لە ریزی دەوڵەتانی ناوەڕاست (میحوەر)دا چووە ناو جەنگی جیهانیی یەکەم بەئومێدی ئەوەی هەژموونی بەریتانیا و فەرەنسا لە رۆژهەڵاتی نزیک تێک بشکێنێت. لەڕاستیدا ئەو کارە جەنگییە گەورانەی سوپای تورکی و کەشتیگەلەکەی کردیان، کە پاش ئەوەی هەردوو کەشتیی جەنگیی "گۆبن" و "بریسلاو" -تورکەکان ناویان نان "سەلیم یاوز" و "میدیللی"- هاتنە پاڵی، بەهێزتر بوو، ئەو کارانە توانییان هێرشی بەریتانیا بۆ سەر دەردەنیل تێک بدەن، لێرەدا مستەفا کەمال، لە بەرگریکردنی لە ئەنافۆرتا Anaforta، بەڵگەیەکی نوێی لەسەر هەڵکەوتوویی لەڕووی سەربازییەوە پێشکەش کرد.

نەک هەر ئەوە، بگرە سوپای تورکی بەسەرکردایەتیی ڤۆن دێر گۆڵتز Von der Goltz -کە لە ١٩ی نیسانی ١٩١٦ بە تیفۆس مرد- توانی پێشڕەویی هەڵمەتی ئینگلیزیی هیندی بۆ سەر عێراق بەسەرکردایەتیی ژەنەرال تاونشەند Townshend رابگرێت، هەروەها بەرپەرچی سوپایەک لە سوپاکانی فریاکەوتنی بەریتانی بداتەوە و فیرقەی تاونشەند کە لە کووتی عەمارە گەمارۆ درابوو، لە ٢٩ی نیسانی ١٩١٦ ناچار بەخۆبەدەستەوەدان بکات. بەڵام بەهۆی باڵادەستیی سەربازیی بەریتانییەکانەوە هێزە تورکییەکان نەیاندەتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر عێراق بپارێزن. ئەوە بوو لە شوباتی ساڵی ١٩١٧ بەریتانییەکان کووتی عەمارەیان گرتەوە و بەغدایش لە ئاداری هەمان ساڵدا کەوتە دەستیان. لەڕاستیدا ئەم سەرکەوتنە دەستگرتن بەسەر بیرە نەوتە فارسی و عێراقییەکانی بۆ بەریتانیا مسۆگەر کرد، کە وەک لۆرد کەرزۆن Curzon وتی، قوڵپە بەهێزەکانی دەستی هاوپەیمانانی بەرەو سەرکەوتنی کۆتایی برد[١٤٦]. نەدەکرا ئەو هێرشەی هێزە تورکییەکان کردیانە سەر نۆکەندی سوێس سەربکەوێت، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو هێزانە توانییان وا لە بەریتانیا بکەن بەشێکی گەورە لە هێزەکانی لەوێ بهێڵێتەوە. هەرچۆن بێت، بەریتانییەکان توانییان لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٧ پێشڕەوی بکەن بۆ فەلەستین. لە دورگەی عەرەبیش -وەک پاشتر لە باسی پەرەسەندنی وڵاتانی عەرەبی دەبینین- بەرپرسی بەریتانی ت.أ. لۆرەنس T. E.

---

[١٤٦] بڕوانە: W. Ireland, Iraq, p. 24.

Lawrence شەریفی مەککەی قایل کرد بەجیابوونەوە لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی پاش ئەوەی کەڵکەڵەی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسی خستە مێشکی، بەم شێوەیە لە سەرەتاکانی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری سالّی ١٩١٨ لەگەڵ هێزە عەرەبییەکان تا دیمەشقی پایتەختی سووریا پێشڕەوی کرد و توانی پاش چۆلکردنی لەلایەن تورکەکانەوە داگیری بکات.

تورکەکان نەیانتوانی سەرکەوتنیتر بەدیبێنن تەنیا لەبەرەی قەوقازدا نەبێت. راستە ئەوان ناچار بوون لە تەممووز/یۆلیۆی سالّی ١٩١٦ لەبەردەم رووسەکان پاشەکشە بکەن، بەڵام زۆری نەبرد لە ئایار/مایۆی سالّی ١٩١٨ پاش رووخانی رژێمی قەیسەری لەڕێی ئەرزرومەوە پێشڕەوییان کرد و گەیشتنە باتوم و باکۆ، کە دوو خاڵە سەرەکییەکە بوون بۆ پیشەسازیی پێترۆل.

بەڵام ئەو زیانە گەورانەی تورکیا لە ماوەی چوار سالّ جەنگی بەرگریکردنی بێئومێدانەدا دڕی دۆزمنێک کە بێئەندازە باڵادەست بوو بەسەریدا لێی کەوت، مەیلی جەنگی تێدا پەک خست، دوای ئەوەی هاوپەیمانەکانی هیچ ئومێدێکیان بەبەدەستهێنانی سەرکەوتنی کۆتایی نەما. نەک هەر ئەوە، بگرە هێزەکانی "یەڵدریم" -کە ئەو سوپایانە بوون تازە لە رۆژهەڵات بەسەرکردایەتی ڤۆن فالکنهاین Von Falkenhayn پێک هێنرابوون و دەبوو جارێکیتر بەغدا لە دەستی بەریتانییەکان دەربهێننەوە- نەیانتوانی بۆ ماوەیەکیتر دۆخە نالەبارەکە رزگار بکەن، بەتایبەت پاش ئەوەی ناکۆکی بۆچوون سەبارەت بە پرسە ستراتیژییەکان لەنێوان فەرماندە ئەڵمانەکان و هاوڕێ تورکەکانیاندا سەری هەڵ دا. لەکۆتاییدا هەرەسی ئیمپراتۆرییەتەکە بە ئاگربەستی مودرۆس Mudros لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی سالّی ١٩١٨ مۆر کرا، ئەوکاتە سەرانی تورکیای لاو وڵاتیان بەجێهێشت. ئەنوەر رووی کردە رووسیا و پاشتر (لە ٤ی ئابی سالّی ١٩٢٢) لەکاتی خەباتی لە باسماک دژی بولشەویکەکان کوژرا[١٤٧]. تەڵعەتیش وەک پەنابەر لە ئەڵمانیا بینرا و پاشتر لە بەرلین بەدەستی ئەرمەنییەک کوژرا. هەرچی وەزیری جەنگ جەمال پاشا بوو رووی کردە ئەفغانستان و لەوێ رێکخستنی سوپای پێ سپێردرا، سالّی ١٩٢٢ ئەویش لەلایەن ئەرمەنییەکەوە لە تیفلیس کوژرا.

کۆتایی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەو شێوەیە بوو. وەک نوێنەری پرنسیپێکی مۆدێل کۆن و بێگیان بەسەر چوو و لەسەر دارو پەردوەکەی دەوڵەتی نەتەوەیی تورکیی نوێ دامەزرا، کە لە بەشی پێنجەمی ئەم کتێبەدا باسی دەکەین.

---

[١٤٧] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- Castagne, Les Basmatchis paris, 1925.
- G. Krist. Allein durchs verbotene Land, Vienna, 1937.

ژیانی عەقڵی لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و میسر لە سەدەی نۆزدەیەمدا

رێنیسانسی رۆژنامەگەری و فێرکردن

عەقڵییەتی گەلی تورکی پەیوەست بە نەریتەکانی رابردوو، بەدرێژایی سەدەی نۆزدەیەم توانای بەرەنگاریکردنی بۆ کارتێکەرەکانی شارستانێتیی خۆرئاوا لەسەر ئاستی فیکردا زیاتر بوو تا لە کاروبارەکانی سیاسەت و جەنگدا. بێگومان یەکەم هەنگاو تورکەکان لەپێناو خۆگونجاندن لەگەڵ رۆحی سەردەمی نوێدا هاویشتیان دامەزراندنی رۆژنامەیەکی رۆژانە بوو بەناوی "تقویمی وقائع" (ساڵی ١٨٣١)، زۆری نەبرد ژمارەیەک رۆژنامەیتری بەدوادا هات کە مەیلە ئەدەبی بوون وەک "ترجمانی احوال" (ساڵی ١٨٦٠) و "تصویری افکار" (ساڵی ١٨٦٢). لەڕاستیدا سەردەمی چاکسازیی ناسراو بەتەنزیمات هەندێ گۆڕانکاری لە سیستمی فێرکردنی قوتابخانە و زانکۆیشدا لێ کەوتەوە. لەکاتێکدا سەردەمی رابردوو هیچ قوتابخانەیەکی سەرەتایی بەخۆوە نەدیبوو —جگە لە قوتابخانەکانی فێرکردنی قورئان- و لەکاتێکدا مومکین نەبوو هیچ رۆشنبیرییەکی باڵا بەدەر لە ڕێگەی "قوتابخانەکان" یان کۆلێژە ئاینییەکانەوە بەدەست بێت، ساڵی ١٨٥٣ نووسینگەیەکی تایبەت بۆ دانانی کتێبەکانی قوتابخانە کە پەیمانگە سەرەتاییەکان پێویستیان بوو، دامەزرا. ساڵی ١٨٦١ یەکەمین قوتابخانەی باڵا بۆ خوێندنی کچان کرایەوە. نەک هەر ئەوە، بگرە ساڵی ١٨٦٩ زانکۆیەک بۆ خوێندنی باڵا دامەزرا، بەڵام دوای دوو ساڵ لەژێر کاریگەریی گەردەلوولێکی کۆنەپەرستانەدا داخرا. تەنیا و تەنیا قوتابخانەی پزیشکی و قوتابخانەی ماف مانەوە.

ئیبراهیم شناسی

لە بواری ئەدەبدا عوسمانییەکان تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم وابەستەی بابەتە فارسییەکان و شێوازی فارسی بوون. بەڵام زۆری نەبرد ژمارەیەک لە لاوانی بەهرەدار لەئەنجامی چاکسازیی ئاینیدا رەوانەی پاریس کران بۆ تەواوکردنی خوێندنیان. یەکێک لەوانە ئیبراهیم شناسی بوو، کە لەوێ خۆی بەپلەی یەکەم بۆ خوێندنی ئەدەبی فەرەنسی تەرخان کرد. پاش ئەوەی شناسی پێنج ساڵ لە پاریس مایەوە و وەک دەوترێت بەشداریی شۆڕشی ساڵی ١٨٤٨ی کرد، بانگهێشت کرایەوە بۆ وەرگرتنی سەرۆکایەتیی بەڕێوەبردنی پەروەردە و فێرکردن، بەڵام پاش ماوەیەک دەستی لە پۆستە حکومییەکەی کێشایەوە و لە یەکەم رۆژنامەی تورکیی ناحکومیدا "ترجمانی احوال" دەستی بەکار کرد، کە ساڵی ١٨٦٠

دامەزرا. ساڵی ١٨٦٢ رۆژنامەیەکی تایبەت بەخۆی دەرکرد ناوینا "تصویری افکار" و خۆی لەبەردەم سەرجەم هەژانە سیاسییەکاندا راگرت تا ساڵی ١٩٢٥ کاتێک مستەفا کەمال هەڵیوەشاندەوە. شناسی لە ماوەی چالاکییە رۆژنامەوانییەکەیدا خزمەتی گەورەی بە زمانی نووسینی تورکی کرد، ئەو زمانەی لە زۆرلەخۆکردن رزگار کرد و گێڕایەوە بۆ ئاسانی دەربڕین، کە زمانی گەلی پێ دەناسرێتەوە. ساڵی ١٨٥٩ یەکەم وەرگێڕانی تورکی بۆ چەند بڕگەیەک لە پەخشان و شیعری فەرەنسی لەگەڵ سەرچاوەکانیان لە لاپەڕەی بەرانبەردا، بڵاو کردەوە (یازدە لاپەڕە لە هەردوو زمانەکەدا). ئەم بڵاوکراوەیە ئەوەی بۆ رۆشنبیرانی تورکی سەلماند کە ئەو هزرانەی لە سەرچاوە فەرەنجییەکانیاندا بەباشی دەیانزانن، دەکرێت بەزمانی خۆمانیش دەربببڕێن. لێرەوە بزوتنەوەی وەرگێڕان لە ئەدەبیاتی جیهانی بووژایەوە. بەڵام بەهرەی شیعریی شناسی گەورە نەبوو، لە هەڵبەستنیدا ستوونی شێوازی کۆنی تێنەپەڕاند. لەگەڵ ئەوەیشدا خاوەنی یەکەمین کۆمیدیا بوو لە ئەدەبی تورکیدا و ناوینا [شاعیر ئولەنمەسی] واتە "زەماوەندی شاعیر" و تێیدا باسی کێشەی ئافرەت دەکات، کە بابەتێک بوو ئەوکاتە لە ئەدەبدا زۆر باس دەکرا.

نامیق کەمال

هەوڵەکانی شناسی زەمینەیەکی بەپێتیان دەست کەوت: جەماوەری ئەدەبدۆست زانییان سەردەمی ئەدەبی کۆن ئیتر بووەتە بەشێک لە رابردوو. لەبەرئەوە نووسەرانی تازە پێگەیشتوو هەموو رووبان کردە بزوتنەوە تازەکە. زیا پاشایش لەو بابەتانەی رۆسۆ و مۆلییێردا کە وەریدەگێڕان لە پاڵفتەکردنی زمانی تورکی بەردەوام بوو. بەڵام گەورەترین موربد و قوتابیی شناسی، نامیق کەمال بوو کە ئیبراهیم بەڕێوەبردنی رۆژنامەکەی پێ سپارد کاتێک خۆی ساڵی ١٨٦٤ چوو بۆ پاریس. نامیق کەمال دەیوت وەرگرتنی بیرۆکە فەرەنسییەکان بەس نیە، پێویستە ئەدەب کار لەسەر بابەتە "خۆمالییەکان" بکات تا کاریگەری لە دەروونی خەڵک بکات. بەڵام چالاکییە سیاسییەکەی بوو بە رێگر لەبەردەم خەریکبوونی بە بەرهەمی ئەدەبییەوە. لەو رووەوە پەیوەندی بە کۆمەڵەی تورکیای لاوەوە کردبوو کە زیا دایمەزراند، ناچار بوو ساڵی ١٨٧١ لەگەڵیدا هەڵبێت بۆ لەندەن. لە ساڵە کۆتاییە شلۆقەکانی سەردەمی عەبدولعەزیدا، کاتێک هەموو بەلقان وەک قازانی سەر ئاگر دەکوڵا، (ساڵی ١٨٧٢) درامایەکی بەناونیشانی [نیشتمان یاخود سیلیستریا] بڵاو کردەوە، تێیدا ستایشی بەرگریکردن لەو بنکە قایمەی کرد دژی رووس ساڵی ١٨٥٤ و بۆ یەکەم جار تورکەکانی بە بیرۆکەی نیشتمانی سەربەخۆی جیا لە کەسی سوڵتان ئاشنا کرد. شانۆگەرییەکە جۆش و خرۆشێکی نیشتمانیی گەورەی بەرپا کرد، تەنانەت حکومەت بەمەترسییەکی دانا کە پێویستە رێگەی لێ بگیرێت و دوای ئەوەی دوو جار نمایش کرا

قەدەغـەی کـرد و شـاعیری بـۆ قـوبرس دوور خسـتەوە. عەبدولحەمیـد کـەمتر بەرگـەی رەخنـەکانی و سـیفەتە نیشـتمانی و مەیلـە میللییـەکانی کـە هونەرەکـەی پـێ دەناسـرایەوە، دەگرت، لەبەرئەوە پەرۆش بوو بۆ ئەوەی هەمیشە دوور لە پایتەخت بیهێنێتەوە، ئەگـەرچی دوورخسـتنەوەکەی بـە بێرێـزی دانـەنرا، چونکـە دواجـار کـردی بـە موتەسـەرێف (حـاکم)ی خیـوس (سـاقیز)، بـەڵام دانراوەکـانی بیرۆکـەکانیان بـە نـەمری هێشـتەوە و کاریگـەریی گەورەی هەبوو لە گەیاندنی بزوتنەوەی تورکیای لاو بەئامانجی خۆی.

عەبدولحەق حامید

لەڕاسـتیدا ئـەو نموونـە بـاڵا هونەرییانـەی نـامیق کـەمال زۆرجـار ناچـار بـوو بیانکاتـە قوربانیی ئامانجە سیاسـییەکانی، قوتابییەکـەی، عەبدولحـەق حامید توانی بـەدییان بهێنێت، کـە قـەدەری وابـوو لـە کـایەی دیپلۆماسـیدا لـە پـاریس و لەنـدەن و بڕۆکسـل خزمـەتی ووڵاتەکـەی بکـات و -تـا مردنـی لـە ١٢ی نیسـانی سـاڵی ١٩٣٧، کـە تەمـەنی ٨٦ سـاڵ بـوو- بەدروستبوونی دەوڵەتی نەتـەوەیی تـورکی لەسـەر داروپـەردووی ئیمپراتۆرییـەتە دێرینەکـە شـاد و بەختـەوەر بێـت. شـانۆگەرییەکانی کـە بەپلـەی یەکـەم لـەژێر کاریگـەریی شـاکارە کلاسـیکییە فەرەنسـییەکاندا بـوون، بـا شکسـپیریش کـاری تێکردبـوو، -لـەپاڵ شـیعرە لیریکییەکانیدا- رێگەی نوێی بۆ ئەدەبی تورکی کردەوە، ئەگەرچی زیـاتر لـە کانیـاوی ژیـانی وێژدانیـی سـەرچاوەگرتوو لەکـەلتووری ئەوروپییـەوە وەرگیرابـوو، تـا ئـەوەی زادەی کەلتووری تورکی بێت.

ئەدەبی تورکی رووەکاتە گەل

ئەدەبی تورکی خاڵی نەبوو لە کەسانێک هەوڵیان دەدا بەئاراستەیەکی میللییانـەی سـاف ئاراسـتەی بکـەن. تاکـە پەخشـان کـە تورکیبوونەکـەی جێتمانـە بـوو و لـەنێو جـەماوەری خەڵکدا باو بوو -ئەگەرچی چینی رۆشنبیران تا ئەو کاتە بەسووک سـەیریان دەکـرد- ئـەوە بوو حیکایەتخوانە میللییەکان کە بە "مەداحلەر" (واتە: پیاهەڵدەران) ناسرابوون، لەو چیرۆک و بەسـەرهاتانەی دەیـانگێڕانەوە و زیـاتر لـە ژیـانی رۆژانـەی گەلـەوە وەرگیرابـوون، دەوڵەمەندیان دەکرد. ئەحمەد میدحەت ئەم هونەرەیانی هێنایە ناو پەیکەری ئەدەب. راستە لـە کتێبەکەیدا "بەسـەرهاتی خـۆش" زۆر پشـتی بـە بابەتـە فەرەنسـییەکان بەسـتوە، بـەڵام سامانێک لە وردە سەرنجی تێدا جەم کردوە کە لە ژیانی واقیعی وەریگرتوون و لە قاڵبێکی دڵڕفێندا دایڕشتوون. پاشان محەمـەد تۆفیق هـات و دەرگای ئـەدەبی بـۆ بابەتـە نیشـتمانییە راستەکان والا کرد لە کتێبی "ئیستانبوڵ دەر بیر سەنە" (ئیسناتبوڵ لە ساڵێکدا)، کە شـێوەی ژیانی خەڵک لە پایتەختدا دەخاتە ڕوو، ئەو ژیانەی هێشتا پیس نەبووبوو، هەروەها دیمەنی دەمەتـەقێ گـەرموگوڕەکانی ئافرەتـان لـە شـەوانی دوور و درێـژی زسـتان، قـەرەبالّخی و

دەنگەدەنگی خۆشیی قاوەخانەکان و سەیرانەکان بۆ "کیئاغد خانە"ی ئەوروپی لەوپەڕی قۆچی ئالتوونی، پیشان دەدات. بەلام حسێن رەحمی دوورتر و قوولتر بۆ ناو ژیانی گەل شۆڕ بوویەوە. لەو رۆشنبیرییەیشیدا -کە لە ناو وەزیفە رەسمییەکاندا بردوویەتییە تۆماری ناڕاستەوخۆی باجەکان- قەرزاری قوتابخانە نوێکانی ئیستانبوڵە نە هیچیتر. ئەو هەرگیز فێری فەرەنسی نەبوو. لەو رووەوە لە رۆڵەکانی گەل بوو، بەتایبەت شەیدای ستایشکردنی چینی جووتیارانی رەسەنی ئەنادۆڵی بوو، کە جێئومێد و هیوای وڵات بوون. بەلام وێنەی ئەو گەلەی چۆن دیوە بەوشێوەیە پیشانی داوە، هەروەها سڵی لەوە نەکردۆتەوە بەقوولی تێکەڵ بەخەڵک ببێت و لەنزیکەوە بیانناسێت. لەگەڵ نووسەرانی پێش خۆیشی لە مەیلی فێرکاری و رەشبینیی قوولیاندا هاوبەشە، کە ئەوانە لای ئەو تەنیا لاساییکردنەوەیەکی ویژدانیی خۆرئاواییەکان نەبوون، بەڵکو زادەی هەلومەرجە تایبەتەکەی خۆی بوون، لەبەرئەوە تابڵێیت رەسەن بوون.

لە دنیای شیعری گۆرانیشدا Lyric Poetry تورکەکان لە کۆتە کلاسیکییە قورسەکان رزگاریان بوو، ئەوە بوو مەحموود ئەکرەم گۆرانییە میللییە نیشتمانییەکانی هێنایە ناو ئەدەب پاش ئەوەی لەڕێی داڕشتنەوەیان لە هەردوو قاڵبی رۆژئاوایی ballad و romance دا پلەی بەرز کردنەوە. ئەو شیعری گۆرانییە میللییە لە قەسیدەکانی محەمەد ئەمیندا -کە کۆڕی راوچییەکی ئیستانبوڵی بوو- گەیشتنە لوتکە، کە یاوەری بزوتنەوەی تورکیای لاو و سەرکەوتنەکانی بوون.

هەوڵدان بۆ پاڵفتەکردنی زمانی تورکی

شانبەشانی ئەم ئومێدە نیشتمانییانە، مەیلێکی بەهێزیش هەبوو بۆ هێنانەکایەی زمانێکی پەتی و ساف خۆماڵی، کە ئەم مەیلە بەتایبەت لای سامی فەراشەری هەبوو. دوای ئەوەی شێوازی نووسەرە کلاسیکییە کۆنەکان خرایە لاوە کە بەجۆرەها تەکنیک بارگران کرابوو و گۆڕا بۆ زمانی سادەی گەل، هەوڵێکی نوێ بۆ وردە وردە پاککردنەوەی زمانی تورکی لەو وشە بیانییە، عەرەبی و فارسییە ناپێویستانە دەستی پێکرد، کە باری سەرشانی زمانەکەیان قورس کردبوو و جێگەی وشە تورکییەکانیان گرتبووەوە، بەشێوەیەک دەمڕاستانی ئەدەبی کۆن بەسووک سەیریان دەکردن، گوایە زمانی خەڵکی رەشۆکین و پێویستە بەکار نەهێنرێن. بەم شێوەیە ئەحمەد جەودەت سەرنووسەری گۆڤاری "ئیقدام"ی بەناوبانگ، کە ساڵی ١٨٨٠ مردوە، دەقی کتێبی نەوائی و وەرگێڕانەکەی بۆ تورکی بڵاو کردەوە، ئەو کتێبەی دانەرەکەی ستایشی زمانی تورکی کردوە، لەسەر حسابی عەرەبی، لە کۆشکی تەیموورییەکان لە هیرات. لەڕاستیدا ئەم هەوڵە هەندێ جار لەوە دوورتر رۆیشت و کاری بۆ دەرهێنانی ئەو وشە بیانییانەیش کرد کە بەتێپەڕینی رۆژ بوونەتە بەشێکی دانەبڕاو لە زمانی نیشتمانی و دانانی هەندێ وشەی تورکی لە شوێنیان کە لەمێژە

مردوون. هەرچۆن بێت، بێگومان کۆششەکانی ئەوانەی داکۆکییان لە پاڵفتەکردنی زمانی تورکی دەکرد –سەرەڕای ئەو زیادەڕەوییە- بناغەیەکی دروستی هەبوو، سەرکەوتنی باشیشی بەدەست هێنا.

خالید زیا بناغەی رۆمانی تورکیی نوێ دادەنێت

لە کۆتاییەکانی سەردەمی عەبدولحەمیددا پێویست بوو ئەدەب رووبەڕووی زۆر زەحمەتی ببێتەوە، چونکە ئەو سوڵتانە لە پیاوانی تورکیای لاو دەترسا وەک دوژمنانی دەسەڵاتە تاکڕەوانەکەی، لێرەوە بۆ دەست و پێوەندەکەی ئاسانتر بوو –هەرکات هەوڵی بدایە لە کۆشکەکەی "یلدیز"دا کەنارگیر بوایە- گومان بخەنە دڵی بەرانبەر بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازە تەندروستەکانی نێو گەلەکەی. لەڕاستیدا ئەو بێدەنگییەی نوێنەرانی گەل خۆویستانە بەسەر خۆیانیاندا نەسەپاند، چاودێرێیەکی سەخت و بکوژ تا ئەوپەڕی سنوور بەسەریدا سەپاندن. دەسەڵات لەڕێی ئەو سانسۆرەوە چالاکییانی پەک خست، بۆ نموونە رێگری کرد لە وەرگێڕانی "ولهلم تل" *Wilhelm Tell* و رێگەی تەنانەت بەبەکارهێنانی وشەی "نیشتمان"یشی نەدەدا. بەم شێوەیە ئەدەبی تورکی کە لەو سااڵنەی لەسەر رێچکەی فەرەنسی دەڕۆیشت و "هونەر بۆ هونەر"ی کردبووە دروشم بۆ خۆی، هیچی لێ سەوز نەبوو، جگە لە هەندێ بەرهەم کە مەیلێکی سۆزباوییانەی نەخۆش و رەشبین بەسەریاندا زاڵ بوو. نوێنەرانی ئەم ئەدەبە لەدەوری گۆڤاری "ثروت فنون" کۆبوونەوە کە خالید زیا تێیدا هەردوو رۆمانەکەی [ماڤی و سیاه] واتە "شین و رەش" و [عشق ممنوع] واتە "ئەوینی قەدەغە"ی باڵاو کردەوە، کە –سەرەڕای شێوازی دەستکردیان- بناغەی راستەقینەیان بۆ ئەو هونەرە ئەدەبییە لای تورکەکان دانا. پێویستە لەپاڵ خالید زیادا باسی ئەحمەد حیکمەتیش بکەین، کە بەچیرۆکە خەیاڵییە بەسادەیی داڕێژراوەکانی سەرنجی خوێنەرانی راکێشا و زۆربەی هەرزۆری رووداوەکانیان لە جیهانی ئەفسانەدا روو دەدەن.

ناسیونالیزمی تورکیی نوێ و کاریگەری لەسەر ئەدەب

پیاوانی تورکیای لاو بەگەیشتنیان بە جڵەوی دەسەڵات ئەدەبیان لە کۆت و بەندە قورسەکانی سانسۆر ئازاد کرد. ژمارەیەکی کەم لە شاعیران نەبێت کەس لابەندی بۆ بەها ئیستاتیکییە پەتییەکان نەما، لێرەدا ئاماژە تەنیا بەیەکێکیان دەکەین، ئەویش شاعیری گۆرانی ئەحمەد هاشمە. بەم شێوەیە ئەدەبێکی نەتەوەیی لاو پەیدا بوو زۆری نەبرد رێچکەی خۆی بەرەو پەرەسەندنی چالاک و بەردەوام گرتەبەر. دوای ماوەیەک لە بەرپابوونی شۆڕشی تورکیای لاو کۆمەڵەی "تورک درنکی" دامەزرا کە دوای چوار ساڵ، ١٩١٢، کۆمەڵەی "ئاگردانی تۆرکی" (تورک ئوجاغی) جێگەی گرتەوە کە لەوەی پێشوو

چالاکتر بوو. گۆڤارەکەی ئەو گرووپە "تورک یوردی" (نیشتمانی تورکی) نە تەنیا لەڕێگەی ئەدەبەوە، بەڵکو لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی میژوویی قوولیشەوە بەرگری لە نموونە بااڵکانی نەتەوایەتی تورکی کرد. ژمارەیەک لە گەورە نووسەرانی تەتاری هەڵاتوو لە ڕووسیای قەیسەری –وەک پێشتر باسمان کرد– لە گەاڵڵەکردنی بیرۆکەدا کێبرکێیان لەگەڵ عوسمانییەکان دەکرد. بەاڵم هاوپەیمانان زۆری نەبرد سەرکردەی ئەو بزوتنەوەیە، زیا کوک ئالپ–یان بەمەترسی لەسەریان دانا و دوای داگیرکردنی ئیستانبوڵ دووریان خستەوە بۆ مالتا. بە قەسیدە ڕەمزییەکەی "قیزل ئەلما" و بەتایبەت بە وانەکانی لە زانکۆ نوێیەکەدا کە لەکاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا دامەرزا، پاشان بە موحازەرە زۆرەکانی، توانی دڵ و دەروونی لاوان بەبەها نەتەوەییە بااڵکان زاخاو بدات، کە خالیدە ئەدیبی شاعیر لە ڕۆمانەکەیدا بەناوی "تۆران" بەجوانترین شێوە گوزارشتی لێ کردوە. ئەو کارەساتەی لە کۆتایی جەنگدا بەسەر تورکیادا هات نەیتوانی ئەو بزوتنەوەیە لەناو ببات. پاشتر دەبینین لە سایەی دەوڵەتی تورکیی نوێدا جارێکیتر بەگوڕ و تینەوە هەستایەوە.

ژیانی ئەدەبی لە سوریا و میسر

ئەگەر کارلێک لەگەڵ شارستانێتی ئەوروپی توانی وردە وردە کودەتایەکی سەرتاپاگیر لە ژیانی ئەدەبیی تورکیا خۆیدا بەرپا بکات، بەاڵم نموونە کۆنەکان توانییان بۆ ماوەیەکی درێژتر لە وڵاتانی عەرەبدا خۆ ڕابگرن –ئەگەرچی ئەو وڵاتانە کەوتنە ژێر کۆمەڵێک کارتێکەری ئەوروپیی کۆنتر و ڕیشەدارتر– پاش جەنگی جیهانیی یەکەم ئەنجا وردە وردە لاوازی ڕووی تێکردن. جیابوونەوەی سیاسییانەی میسر لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، کە باقیی وڵاتانی عەرەبی جگە لە باکووری ئەفریقیا، ملکەچی بوون، ڕێگر بوو لەوەی ئەدەبی عەرەبی بەشێوەیەکی یەکگرتوو پەرە بسێنێت. ئەمە جگە لەوەی ئامانجگ ی نیشتمانیی هاوبەش نەبوون کە موسڵمانان و هاوڵاتییە مەسیحییەکانیان –کە لەڕووی عەقڵییەوە چالاکتر بوون– کۆبکاتەوە. لە میسریش چینی حوکمڕانی بنەماڵەی محەمەد عەلی و شوێنکەوتەکانیان زیاتر بایەخیان بە ئەدەبی تورکی دەدا تا بەئەدەبی عەرەبی. لە تایبەتمەندییەکانی ئەو ماوەیە ئەوەیە، ئەو چاپخانانەی حکومەت لە قاهیرە دایمەزراندن تەنیا سیستمە سەربازییەکانیان بەزمانی تورکی چاپ نەکرد، بەڵکو زنجیرەیەکی تەواو لە بەرهەمی ئەدەبی کالسیکیی تورکیشیان چاپ کرد، پێش لەوەی بیر لەوە بکەنەوە ئەو شەرەفە بە ئەدەبی عەرەبی ببەخشن. لە سووریایش مارونییەکان –کە زۆربەیان لە خزمەتی نێردە مەسیحییەکاندا کاریان دەکرد کە زانکۆی ئەمەریکی لە بەیرو ـ رکابەرەکەی زانکۆی یەسوعی قەشە یوسفیان دامەزراند– کێبرکێیان بوو بـ زیندووکردنەوەی ئەدەبی کۆن و گێڕانەوەی زمانی پەتی بۆ خاوێنیی یەکەمی و بەپلەی یەکەمیش پشتیان بە کارەکانی ناسیف یازجی (ساڵی ۱۸۷۱ لە بەیروت کردوە) دەبەست،

کە هەوڵی دا لە شیعرەکەیدا لاسایی ئەبوتەیبی موتەنەبی بکاتەوە و لە مەقاماتەکانیدا جێپێی حەریری هەڵبگرێت. هەرچی ئەوەیە مارون ئەلنەقاش (ساڵی ١٨٥٥ لە بەیروت مردوە) بۆ هێنانەکایەی شانۆگەرییەک لەسەر رێچکەی فەرەنسی بەڵام بەناوەرۆکی رۆژهەڵاتی کردی، وەک شتێکی تاکانە مایەوە و کەس نەبوو لاسایی بکاتەوە. لەڕاستیدا سانسۆری تورکی بوو بە بەربەست لەبەردەم پەرەسەندنی رۆژنامەگەریدا لە سووریا، ئەویش بەهۆی ئەو کۆت و بەندانەی بەسەریدا سەپاندن و لە تونیدیا لەئاست ئەو کۆت و بەندانەدا بوون بەسەر رۆژنامەگەریی ئیستانبوڵدا سەپێنرابوون. بەم شێوەیە زۆر لە رۆژنامەنووسە بەهرەدارەکان مانەوە لە میسریان بەڵاوە باشتر بوو، بەتایبەت کە دەسەڵاتدارانی بەریتانی لەوێ ئازادییەکی زیاتر و فراوانتریان بە میدیا بەخشیبوو. ئەدەبی عەرەبی لە سووریا لە سایەی عەبدولحەمیددا بە [یوسف بن ئیسماعیل] ئەلنەبهانی سەرۆکی دادگەی حقوق لە بەیروت [تا ساڵی ١٩٢٦] دەناسرێتەوە، کە هاوڕێی ئەبولهودا، ئیمامی سوڵتان بوو و چالاکییەکی ئەدەبیی زۆر چڕ و پڕی هەبوو و داکۆکی لە رۆحی ئیسلامیی کۆن دەکرد، بەمەبەستی پاراستنی لە تەوژمەکانی ئەوروپای مەسیحی.

لە میسر سەرەتا تەنها موسڵمانەکان بەیداخی ئەدەبی عەرەبییان هەڵگرتبوو، لەکاتێکدا قیبتییەکان نەهاتنە ئەو مەیدانە لە سایەی ئەو رووداوە سیاسییە نوێیانەدا نەبێت کە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم میسریان پێدا تێپەڕی. بێگومان رووکردنە شارستانێتیی ئەوروپی لەلایەن محەمەد عەلییەوە بووە مایەی گەشانەوەی جموجوڵی گواستنەوە و وەرگێڕان: جگە لە دانراوە تەکنیکی و زانستییەکان کە سەرەتا گرنگییان پێ دەدرا، زۆری نەبرد کۆمەڵێکی زۆر رۆمانی فەرەنسی سەریان هەڵدا کە بەزۆری بەبێ دەستبژێر تەرجەمە دەکران بەسەر چێژی جەماوەردا و زاڵ بوون و بوونە کۆسپێک لەبەردەم گەشە و پێشکەوتنی هونەرە نیشتمانییەکان. بەڵام کارێکی ناوازە هەبوو کەس نەچوو بەلای لاساییکردنەوەیدا، ئەویش وەرگێڕانی ئیلیادە بوو کە ئەدیبی سووری سلێمان بوستانی شانی دایە ژێر ئەو ئەرکە و لە بەشەکانی یەک سروورددا بەنۆرە بەحرە عەرەبییەکانی بەکار دەهێنا، کە وەرگێڕانەکە بەباشی کەشە داستانییەکەی خولقاند، بەڵام سەرەڕای ئەو پەراوێزە زۆرانەی بۆی کراون و بەڵگەیە لەسەر بوونی زانیارییەکی زۆر، بەدەگمەن نەبێت نەیتوانی ئەو بابەتە نامۆیە لە جەماوەری نوێنەرانی عەرەب نزیک بکاتەوە. لە جیهانی شیعریشدا نەزعەی لاساییکردنەوەی ئەمیرانی شیعری کلاسیکی سەردەمی عەباسی لای وەزیری جەنگ [مەحموود] سامی ئەلبارودی زاڵ بوو، کە ئینگلیز پاش شۆڕشەکەی عەرابی نەفی کرد بۆ سیلان و وەک پیرێکی بەسااڵچوو گەڕایەوە نیشتمانەکەی. لە تاراوگەکەیدا توانی ئەو خەم و دڵتەنگییە بەشێوەیەکی داهێنەرانە و کاریگەر وێنە بکێشێت. بارودی لە خێزانێکی تورکییەوە هاتووە، هەروەها خوێنی عەرەبی و خوێنی تورکی لە دەمارەکانی شاعیری خدێوی ئەحمەد شەوقیشدا تێکەڵ بووە، کە ئینگلیز لەسەر پیاهەڵدانی

گەورەکەی، لەکاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا پاداشتیان کرد بە دوورخستنەوەی بۆ ئیسپانیا. ئەم شاعیرەیش لەنێو شەپۆلەکانی لاساییکردنەوەدا نوقم بووبوو و رێگەی نوێی بۆ شیعرەکەی نەگرتەبەر تا دوای جەنگی جیهانیی یەکەم. هەروەها لە بواری نووسینی چیرۆکدا رۆمانەکانی ئەدیبی سووری جۆرجی زێدان باو بوون، کە بەدەوری تەوەری مێژووی ئیسلامیدا دەسووڕێنەوە. ئەو رۆمانانە کە هەرگیز زۆر قوول نەبوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا بەشێوازە ئاسانەکان و وێنە پڕ خەیاڵەکانیان توانیبوویان سەرنجی خوێنەران رابکێشن، بەوەیش رێگەیان لەبەردەم گەشەی هونەری چیرۆکنووسی لە ماوەی دوای جەنگدا خۆش کرد. زێدان جگە لەوە، هەوڵی دا عەرەب بە بەرهەمەکانی لێکۆڵینەوەی ئەوروپی لە بواری مێژوو و کۆمەڵناسیدا ئاشنا بکات. لە میسریش شانۆ لەبەر نەبوونی هیچ نەریتێکی پێشوو بەخاوی گەشەی دەکرد. سەرکەوتنی راستەقینە لەو نواندنە فەرەنسییانەدا قەتیس بوو کە شێوازێکی سووکیان هەبوو، ئەگەرچی شانۆ خاڵیش نەبوو لە هەوڵدان بۆ پێشکەشکردنی مەرگەساتە فەرەنسییە کلاسیکییەکان بۆ جەماوەری بینەران. جەمال عوسمان (١٨٢٩-١٨٩٨) ئەم جۆرە هەوڵەی دا، بەڵام زۆری نەبرد رووی کردە کۆمیدیاکانی مۆلییر و بابەتەکانی بەشێوەیەکی زیرەکانە دەستکاری کرد کە لەگەڵ دۆخی میسردا بگونجێن، تا ئەو کۆمیدیایانە لە دەروونی هاوڵاتییەکانیدا جێگەیان بێتەوە. لەڕاستیدا لەو کارەیدا داهێنانێکی کرد، بەوەی لەباتی زمانی پەتی کە هێشتا بالادەستیی رەهای بەسەر شانۆی میسریدا هەبوو، شێوەزاری عامی (جلفی) بەکار هێنا، بەڵام ئەم سەرکەوتنەی زۆر سنووردار بوو و رۆمانەکانی نەکرانە نواندن تا ساڵی ١٩١٢ و بەزوویی لە شانۆ بزر بوون. لە بواری رۆژنامەگەریشدا کە لە میسر گەشەیەکی گەورەی کرد، شێوازێکی پەخشانی نوێ پەیدا بوو کە ئەو سیاسییانەی لە سایەی حوکمی بەریتانیدا سەریان هەڵ دا وەک ئامرازێک بۆ بانگەشەکردن بۆ خۆیان بەکاریان هێنا. لەو سیاسییانەی پێویستە ئاماژەیان پێ بدەین: قاسم ئەمین (ساڵی ١٩٠٨ مردوە) کە دەرچوونی هەردوو کتێبەکەی: ئازادکردنی ئافرەت (تحرير المرأة) (١٨٩٩) و ئافرەتی نوێ (المرأة الجديدة) (١٩٠١) کێشەی ئافرەتیان کردە بابەتی تاوتوێکردن لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا. تا کاتێک تورکیا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەشێوەیەکی پراکتیکی هەنگاوی نا، کۆمەڵگەی میسریش شوێنپێی هەڵگرت، دیارە سەرەتا بەدوودڵییەوە، بەڵام پاش ماوەیەک سەرکەوتنێکی بەردەوامی بەدەست هێنا.

بزوتنەوەی نوێکردنەوەی ئاینی: جەمالەدینی ئەفغانی

بەهەرحاڵ، ئیسلام چ پێشتر و چ ئێستایش بەسەر ژیانی ئاینیدا زاڵە لە میسر. هۆی ئەوەیش بەپلەی یەکەم بۆ کاریگەریی جەمالەدینی ئەفغانی دەگەڕێتەوە، کە فارسە و لەبەر هەندێ مەرامی سیاسی وای پێ باش بووە بدرێتە پاڵ ئەفغان، کە لاوێتی لەوێ بەسەر

بردوه. کاتێک ساڵی ١٨٧٠ ناچار بوو پاش مردنی پارێزەرەکەی، ئەمیر دۆست محەمەد، ئەفغانستان بەجێ بهێڵێت، یەکەم جار رووی کردە ئیستانبوڵ، کە ناوبانگی وەک زانایەکی گەورە پێش لە خۆی گەیشتبووە ئەوێ ئەگەرچی هیچ کتێبێکیشی بڵاو نەکردبووەوە، لەبەرئەوە پێشوازییەکی گەرمی لەلایەن حکومەت و ناوەندە زانستییەکانەوە لێکرا، کە توانی لەڕێی ئەو وانە و موحازەرانەی لەو زانکۆیەی تازە دامەزرابوو پێشکەشی کردن کاریگەرییەکی دوورمەودا لەسەر ئەو ناوەندانە دروست بکات. هەرچۆن بێت شێخوڵئیسلام توانی وەک بیرمەندێکی ئازاد گومانی بخاتە سەر و لە پایتەخت دووری بخاتەوە. پاشان چوو بۆ قاهیرە و بەگەرمی پێشوازی لێکرا. لەوێ جەمالەدین ئُازادانە چالاکی دەنواند، بەبێ ئەوەی سیفەتێکی ڕەسمی هەبێت، تا شۆڕشی عەرابی، هەروەها ئومێدی ڕزگاربوون لە بالادەستیی ئەوروپییەکانی خستە دڵی لاوانی میسری، ئەگەر هاتوو ڕۆشنبیریی ماددیی خۆرئاوا و میتۆدەکانی فێرکردنیان وەربگرێت بەمەبەستی بەرگریکردن لە ئیسلام، وەک ئاینێک لە بواری پێشکەوتندا کاری کردوە. دوای داگیرکردنی میسر لەلایەن بەریتانیاوە دوور خرایەوە بۆ هیند. ساڵی ١٨٨٣ توانی بچێت بۆ پاریس و لەوێ خۆی و قوتابییەکەی، شێخ محەمەد عەبدە، گۆڤاری هەفتانەی "العروة الوثقی"یان دەردەکرد کە کاریگەرییەکی گەورە و دوورمەودای هەبوو، ئەگەرچی تەنیا ماوەیەکی کورت ژیا. پاشتر لەکاتی باسکردنی مێژووی فارسدا باسی چارەنووسی دەکەین.

محەمەد عەبدە

ساڵی ١٨٨٥ قوتابییەکەی ئەفغانی، محەمەد عەبدە بۆ بەیروت، پاشان ساڵی ١٨٨٨ بۆ وڵاتەکەی خۆی، واتە میسر، گەڕایەوە. هاوڵاتییانی وەک پەیامبەری ئازادی پێشوازییان لێکرد. چالاکیی ڕەسمیی خۆی وەک قازییەک لە دادگە ئەهلییەکاندا دەست پێکرد و ساڵی ١٨٩٩ کرا بە موفتیی میسر. تا مردنی لە ١١ی تەممووزی ساڵی ١٩٠٥ کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لە چاکسازیکردن لە قەزا و میتۆدەکانی فێرکردن لە زانکۆی ئەزهەری کۆنیش. عەبدە بزوتنەوەی نوێکردنەوەی لە ئیسلامدا دامەزراند، ئەو بزوتنەوەیەی ئامانجی گەڕانەوە بوو بۆ ڕێنماییەکانی پێغەمبەر بەمەبەستی پاڵفتەکردنی لە هەموو ئەو زیادە نامۆیانەی پێیەوە هەڵواسراون، بەوە دەردەکەوێت توانای مانەوەی هەیە تەنانەت لە جیهانی ڕۆژهەڵاتیشدا کە مەدەنیەتی ڕۆژئاوا تا ڕادەیەکی زۆر ئاراستەی گۆڕیوە. تا ئەمڕۆیش بۆچوونەکانی محەمەد عەبدە بەسەر ژیانی ئاینیی میسردا زاڵن[١٤٨].

---

[١٤٨] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:
- Ch. C.Adams, Islam and Modernism in Egypt, Lodon 1933.
- H. A. R. Gibb, Modern Trends in Islam, Chicago, 1947.

باکووری ئەفریقیا

تەرابلوسی رۆژئاوا

لەوکاتەوە عوسمانییەکان لە سەدەی شازدەیەمدا باکووری ئەفریقیایان فەتح کرد، تەرابلوسی رۆژئاوا و تونس و جەزائیر کەوتنە ژێر دەستی هەندێ حاکمی ناوچەیی کە نازناوی "پاشا" و "بای" و "دای"یان هەڵگرتبوو و ئەندازەیەک سەربەخۆییان لە حکومەتی ناوەندی لە ئیستانبوڵ هەبوو، گەورەتر لەوەی پاشاکانی میسر و سووریا خۆیان لێی بەهرەمەند بوون، چونکە سوڵتان لە سەدەی حەڤدەیەمەوە کەشتیگەلێکی بەکەڵکی نەبوو. لە ئایاری ساڵی ١٨٣٥ یوسف، پاشای تەرابلوسی رۆژئاوا مرد، کە سەر بە هۆزی قەرەمانی بوو و لە ساڵی ١٧١١وە حوکمی ئەو وڵاتەی کردبوو. ئەوکاتە دوو پیاو لە خزمەکانی لەسەر جێگرتنەوەی کێشمەکێشیان بوو، یەکێکیان پشتی بە هەژموونی فەرەنسی دەبەست و ئەویتریان هەژموونی بەریتانی. پێشتر هەریەک لە فەرەنسا و بەریتانیا پاش هەڵمەتەکەی ناپلیۆن بۆ سەر میسر جێپێی خۆیان لە وڵاتەکەدا قایم کردبوو. هەردوولا رازی بوون بابی عالی بکەنە داوەر، ئەویش بەو دەرفەتە شاگەشکە بوو تا دەسەڵاتی لەدەستچووی بۆ ئەو بەشە دوورەی ئیمپراتۆرییەتەکە بگێڕێتەوە. لەبەرئەوە بەشێک لە کەشتیگەلەکەی بۆ تەرابلوس جوڵاند و ئەو تیمەی بەحاکم لەسەری دامەزراند کە فەرەنسا دەیپاراست. کاتێک ئەمەی دوایی چوو بۆ وەرگرتنی بەرائەت (فەرمان)ی دامەزرانی بەدەستی خۆی، وەک دیلێکی سیاسی دەستگیر کرا و محەمەد رەئووف پاشا رەوانە کرا تا جێگەی بگرێتەوە لە حوکمی تەرابلوسدا. بەڵام داواکارەکەیتری تەخت زۆری نەبرد لێی هەڵگەڕایەوە و لە قەڵای تەرابلوسدا گەمارۆی دا، کە زۆر بەزەحمەت توانی بەرەنگاری بکات. تورکەکان نەیانتوانی بەشە ناوخۆییەکانی وڵات جارێکیتر ملکەچ بکەنەوە تا کاتێک ئەمیری گەورەی دەریا، بەکەشتییەکی دەریاییەوە لە نیسانی ساڵی ١٨٣٦ هات بەهانایانەوە. پاشان حەسەن پاشا کە ساڵی دواتر جڵەوی کاروبارەکانی گرتە دەست –و پیاوێکی دانا بوو– توانی بەربەرەکان کە لەو شوێنە سەختانە نیشتەجێ بوون دەست نایانگاتێ، قایل بکات دان بەدەسەڵاتی بابی عالیدا بنێن، با بەناویش بێت. زۆری نەبرد لە سایەی حوکمی تورکی لە شارەکەدا رەوەندێکی ئیتاڵیی چالاک دروست بوو. لە بەشی یەکەمی ئەم بەشەدا باسی دەستگرتنی ئیتاڵییەکانم بەسەر وڵاتەکەدا لە ساڵی ١٩١١–١٩١٢ کرد.

فەرەنسییەکان جەزائیر داگیر دەکەن

"بای"ەکانی میسر "دای"ەکانی جەزائیر و ئەمیرە قەرەمانییەکانی تەرابلوس و دەسەلاتدارانی مەراکیش تا سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، لێبراوانە کاری چەتەگەریان دەکرد، موسڵمانەکانیش، لەو رووەوە دژی مەسیحییەکان بوون، وەک تەماشاکردنیان بۆ جەنگێکی پیرۆز تەماشای ئەو کارانەیان دەکرد، کە پێیان وابوو بەشدارانی پاداشتێکی گەورە بەدەست دێنن. دەوڵەتانی مەسیحی سەرکەوتوو نەبوون لەوەی کارێکی هاوبەش لەدژیان بکەن، بەڵکو هەریەکەیان ئەوەی بەلاوە باشتر بوو لەڕێی دانی جیزیەیەکەوە پێیان بەجیا لەوێتر ئازادیی کەشتیەوانی بۆ خۆی مسۆگەر بکات. لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەمدا فەرەنسا لەوە زیاتر چوو و پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ "دای"ی جەزائیر بەست. کاتێک ناپلیۆن دەستی بەئامادەکاری بۆ هەڵمەتەکەی بۆ سەر میسر کرد، دای بەهەندێ گەنم کۆمەکی کرد. بەڵام هەردوولا لەسەر دانی نرخی ئەو کۆمەکییانە رێک نەکەوتن. دوو کۆمپانیای جولەکە ئەرکی دانوستانیان بۆ بەستنی ئەو دەستەوارە بازرگانییە ئەنجام دا، ئەوانیش هەردوو کۆمپانیای بەکری Bakri و بوسناک Busnach بوون (سەرۆکی دوو کۆمپانیاکە بەناوی نەفتالی لە سالی ١٧٨٠وە دەستی بەسەر وڵاتەکەدا گرتبوو و خێر و بێرەکەی دەمژی، تا سالی ١٨٠٥ ئینکیشاری لێی راپەڕین و لەگەڵ زۆر جولەکەیتری هاوئایینی کوشتنیان). دوای چەندین سکاڵا کە سالانێکی زۆریان خایاند، هەردوو کۆمپانیا لە ٢٨ی تشرینی یەکەمی سالی ١٨١٩ بڕی حەوت ملیۆن فرەنکیان درایە. بەڵام قەرزدەرەکانیان ئەو پارانەیان لە فەرەنسا دەستبەسەر کرد، لەکاتێکدا دای داوای کرد راستەوخۆ نرخەکەی بدرێتە پارێزەرەکەی [بریکاری دووکۆمپانیاکە]. بەم شێوەیە کەوتە وەستاندنی کەشتییە فەرەنسییەکان لە ناوەڕاستی دەریا و کۆسپ خستنە بەردەم ماڵە بازرگانییەکان لە وڵاتەکەیدا. جامی تووڕەیی خۆی بەتایبەت بەسەر کونسوڵ دیڤاڵ Devalدا رژاند کە دای بە بەرپرسیاری راستەقینەی ئەو دەستی دەستی پێکردنەی دادەنا. لە بەرەبەیانی جەژنی قوربانداد، ٣٠ی نیسانی ١٨٢٠، دای هاوسەنگیی مێشکی خۆی لەدەست دا و لەکاتی پێشوازیکردنی لە پیاوانی سلکی دیپلۆماسیدا، بەسەری گۆچانەکەی لە دیڤاڵی دا و دەریکرد. کاتێک ملی نەدا رازیکردنی پێویست نیشان بدات فەرەنسا بۆ ماوەی دوو ساڵ کەنارەکانی جەزائیری گەمارۆدا. لەبەرئەوەی حکومەتی فەرەنسی دەیویست خۆی لە جەنگ لابدات، لە دانوستانەکانی لەگەڵ دای دەستی شل کردبوو، کە ئەمەی دوایی ئەوەی بە بێتوانایی لێکدەدایەوە. لە تەممووزی سالی ١٨٢٩ رووداوێکی نوێ رووی دا. ئەویش ئەوە بوو، فەرماندەی کەشتیی لاپروفێنس La Preovence بەبێهوودە لە جەزائیر دانوستانی دەکرد، کاتێک خەریک بوو بەندەرەکە بەجێ بێڵێت لە یەکێک لە قەڵاکانەوە تەقەی لێکرا. فەرەنسا نەیدەتوانی لەم سووکایەتییە نوێیە بێدەنگ بێت. ئەوە بوو لە ٢٥ی ئایاری سالی ١٨٣٠ وەزیری جەنگ دی بۆرمۆن de bourmont خۆی لە مەرسیلیاوە بەسەرکردایەتیی ٦٠٠ کەشتیی چارۆکەدار و حەوت

پاپۆری بچووک که سوپایەکی ۳۰ هەزار جەنگاوەرییان هەڵگرتبوو کەوتە ڕێ بۆ ئەفریقیا. لە ١٤ی حوزەیران فەرەنسییەکان پێیان خستە سەر خاکی جەزائیر. تەنها دوای چوار هەفتە دای ناچار بوو خۆ بەدەستەوە بدات. پشان دی بۆرمۆن وەهران و بوونەی لەلای دەریاوە داگیر کرد و بەوڵاتەکەدا ڕۆچوو تا گەیشتە بوڵەیدە لە بناری ئەتڵەسی بچووک. لەم کاتانەدا شۆڕشی تەممۆز لە پاریس هەڵگیرسا و ژەنرال کلوزیل Clauzel خرایە جێگەی دی بورمون. کلوزیل لە ٢ی ئەیلوول پێی نایە ناو خاکی جەزائیر و دەستبەجێ کاری بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکە کرد. بەهاتنی مانگی تشرینی یەکەم یەکەمین کێڵگەی نموونەیی دروست کرد. پاشان هەرێمی قوسەنتینەی دایە بای-ی تونس و تەنیا دەشتی مەتیجەی بەپێتی لە دەوروبەری جەزائیر بۆ فەرەنسا هێشتەوە. بەڵام ئەم ڕەفتارە ڕەمەکییە پاریسی لێ تووڕە کرد و لە سەرەتای ساڵی پاشتردا لە پۆستەکەی لادرا. هەرچی جێنشینەکانی بوون لە سەرکردایەتیدا، بەگشتی هێزی خۆیان لە هەندێ وردە پێکدادان لەگەڵ عەرەب و بەربەردا خەرج کرد. لەڕاستیدا حکومەت لەترسی بەریتانیا خەریک بوو دەست لە موستەعمەرەکە هەڵبگرێت، کە سەرچاوەی ترسەکە پێش هەموو شت ترسنۆکی بوو.

ئەمیر عەبدولقادر جیهاد ڕادەگەیەنێت

لەم کاتانەدا پشێوی لە هەرێمی وەهران سەری هەڵدا و لاوێکی سەرکێش بەناوی عەبدولقادر قۆستییەوە. ئەم عەبدولقادرە کوڕی یەکێک لە مورابیتەکان بوو، دوو جار حەجی کردبوو لە مەککە. لە پاڵ لەخواترسانەکەیدا ئازا و دلێریش بوو، هەردوو هۆزی هاشم و عامر—دوای ئەوەی لە دوژمنایەتیی بەردەوام شەکەت بوون- خۆیان خستە ژێر فەرمانی سەرەڕای بچووکیی تەمەنی کە لە ٢٢ ساڵ تێپەڕی نەدەکرد. دوای ماوەیەک توانی سەرجەم سەرگەورەکانیتر لە مەیدان بخاتە لاوە، پاشان ناوی (ئەمیری ئیمانداران)ی لەخۆی نا و جارێ جیهادی دژی فەرەنسییەکان دا. ژەنەرال دی میشال Desmichel فەرماندەی وەهران کەوتە دانوستاندن لەگەڵیدا، بەڵام جێنشینەکەی ژەنەرال ترێزل Trezel سووکایەتی بە هێزەکەی کرد و بە هێزێکی لاوازەوە هەوڵی دا دەست بەسەر بەشی ناوخۆی وڵاتەکەدا بگرێت. لە ٢٦ی تەممووزی ساڵی ١٨٣٥ فەرماندە فەرەنسییەکە لای ڕووباری مەقتەع تووشی شکستێکی گەورە بوو. لەو ساتەوە عەبدولقادر لە سەرتاسەری ئەفریقیای باکووردا بە پارێزەر و ڕزگارکەری ئیسلام ناوی دەرکرد.

لەو بارە نائاساییەدا حکومەتی فەرەنسی جارێکیتر لە مانگی ئابی ساڵی ١٨٣٥ ژەنەرال کلوزیلی بەحاکمی گشتی دامەزراندەوە و توانی عەبدولقادر لە پایتەختەکەی، مەعەسکەر، دەربکات و فریای ئەو تورکانە بکەوێت کە سەربازانی عەبدولقادر لە تیلمسان گەمارۆیان دابوون. لەو ڕووەوە حکومەتی فەرەنسی خۆی بوارد لە گرتنەئەستۆی خەرجی هەڵمەتێکی سەربازیی گەورە، تەنیا بە گرتنی قوسەنتینە وەستا. لەڕاستیدا یەکێک لەو لاوانەی چاویان

له حوکم بوو بەڵێنی بە کلوزیل دا بەسەر ئەو "بای"یەی حوکمی دەکرد سەری بخات، کە نازناوی پاشای لە بابی عالی وەرگرتبوو، بەڵام خەڵکەکەی بەهۆی ئەوەی پارەی لێ دەکێشانەوە، رقیان لێی بوو. کلوزیل وایدەزانی دەتوانێت بە حەوت هەزار جەنگاوەرەوە وڵاتەکە بگرێت، بەڵام لە تشرینی دووەمدا دوای شەڕێکی سەخت ناچار بوو بەدەستی بەتاڵ بگەڕێتەوە و بەهۆی ئەو نوشوستەوە ژەنەرال دامریمون Damremont لە جێگەی دانرا (شوباتی ساڵی ١٨٣٧).

لەوکاتەدا ژەنەرال بوجو Bugeaud هێرشێکی سەرکەوتووی کردبووە سەر عەبدولقادر کە بەردەوام زەبری لە پێگە فەرەنسییەکان لە رۆژئاوا دەوەشاند. بەڵام لەو رووەوە حکومەت دەیویست سەرەتا ئەو ئابڕووچوونەی لە قوسەنتینە بەسەریدا هات بشۆڕێتەوە، بوجو ناچار بوو لای رووباری تافنا (٣١ی ئایار) رێکەوتنامەیەکی ئاشتی لەگەل عەبدولقادردا ئیمزا بکات، کە بەهیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندیی فەرەنسادا نەبوو، چونکە بەو پێیە عەبدلقادر نەک هەر مەعەسکەری گێڕایەوە، بگرە نزیکەی تەواوی هەرێمی وەهران و بەشێکی گەورە لە هەرێمی جەزائیریشی گێڕایەوە. عەبدولقادر جگە لەوە، دەسەڵاتی خۆی بەئاراستەی رۆژهەڵاتیش فراوان کرد، بەوەی حاکمێکی لەسەر هەریەک لە مەجانە و زیبان و لغوات دانا. لە بیابانیش پێشرەوی کرد و لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٣٨ دوای گەمارۆیەکی پێنج مانگی قەلای [عەین مازی] داگیرکرد کە بەدەست مورابیتێکەوە بوو بەناوی محەمەد ئەلتوجینی، کە ئەو محەمەدە بەپشتبەستن بە هەژموونی خۆی لەناو بەربەردا بەرهەڵستی دەکرد. عەبدولقادر پێش هەموو شت هەوڵی دا لەڕێی مەشقکردن بەسەربازەکانی لەسەر شێوازی ئەوروپییەکان، مانەوەی دەسەڵاتەکەی مسۆگەر بکات.

لە کۆتاییەکانی ئەیلوولی ساڵی ١٨٣٧ دامریمۆن بەسەرۆکایەتیی دوازدە هەزار جەنگاوەر چوو بۆ قوسەنتینە. لە شەشەم رۆژی تشرینی دووەم کەوتە تۆپبارانکردنی شارەکە، دامریمۆن خوازیار بوو دوای شەش رۆژ بچێتە ناو شارەکە، بەڵام لەکاتی ئامادەکاری بۆ ئەو هێرشەدا کوڕرا و ڤالییە Vallee لە سەرکردایەتیکردندا جێگەی گرتەوە. دوای شەڕێکی خوێناوی کە لەکۆتاییدا لە شەقامەکانی شاردا بەڕێوە چوو، لە ١٣ی تشرینی یەکەم قەسبە گیرا، ئەو قەڵایەی بەسەر شارەکەدا دەڕوانێت. لەو ساتەوە داگیرکردنی شارەکە بەخێرایی دەچووە پێش. شاری فیلیپ دامەزرا تا ببێتە بەندەری قوسەنتینە. لە جەزائیرەوە فەرەنسییەکان بولیدەیشیان داگیر کرد. لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٣٩ سوپاکانی جەزائیر و قوسەنتینە دەیانتوانی لە بوەیرە لەڕێی ئەڵقەسەوە بەیەک بگەن.

عەبدولقادر ئەم پێشرەویکردنەی فەرەنسییەکانی بەهەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی تافنا Tafna دانا و لە مەدییە "جارێ جیهادی دا دژی فەرەنسییەکان، لەبەرئەوە والییەکەی [ئەحمەد] بن سالم هێرشی کردە سەر مەتیجە. ماوەیەک تێپەڕی تێیدا جەزائیر لە مەترسیدا

بوو، هێزه پارێزەرەکەی لاواز بوو، بەڵام زۆری نەبرد ڤالییە لای شیففە عەبدولقادری شکاند، پاشان لە ١٨ی ئایاری ساڵی ١٨٤٠ مەدیینەی داگیر کرد.

لە کۆتاییەکانی ساڵدا بوجو، باشترین پیاوە سەربازییەکانی فەرەنسا، کرا بە حاکمی گشتی لەسەر جەزائیر. لە بەهاری ساڵی ١٨٤١ هەڵمەتی دژی عەبدولقادر لە مەدیینەوە دەست پێکرد و لە ٤ی ئایار سەرکەوتنێکی گەورەی بەسەریدا بەدەست هێنا. پاشان گەڕایەوە بۆ کەنار و جارێکیتر لە موستەغانمەوە بەرەو ناوەوە کشا و لە ١٨ی ئایار پایتەختە نوێیەکەی عەبدولقادر "تاکدەمت"ی داگیر کرد و لە بنکەکەیەوە لە (مەعەسکەر) کۆشکەکەی باوکی ئەمیری وێران کرد، کە ئەمیر خۆی زۆر جار بۆ پشوودان دەچووە ناوی، ئەو کۆشکە سەروەختێک ناوەندێکی مەترسیدار بوو لە ناوەندەکانی دەمارگیریی ئایینی لە ئیسلامدا.

چارەنووسی عەبدولقادر

لە بەهاری ساڵی ١٨٤٢ بوجو تیلمسانی داگیر کرد. لە ٩ی شوبات ئەمیر عەبدولقادر شاری سەبدوی لەدەست دا کە دواین شارە قایمەکانی بوو. لەوکاتەوە ناچار بوو بە سوپاکەیەوە بەوڵاتدا بگەڕێت و هێزەکەی نزیکەی ٥٠ هەزار پیاو بوو و فەرەنسییەکان شوێن بە شوێن بەدوایەوە بوون. لە ١٦ی ئایار دوق دومال دوای هێرشێکی بەردەوام توانی لەپڕ بەسەر دوژمندا بدات و بەسەریدا زاڵ بێت. بەم شێوەیە چوار هەزار کەس لە پیاوانی ئەمیر و سامانەکەی و مال و منداڵی ژمارەیەک لە بەهێزترین و دەستڕۆیشتووترین شوێنکەوتەکانی کەوتنە دەست فەرەنسییەکان. بەڵام عەبدولقادر کە پاسەوانەکانی جەربەزانە بەرگرییان لێکرد، ئەم جارەیش توانی لە کەوتنە چنگی دوژمن قوتاری بێت و بچێتە خاکی مەراکیش. بوجو بۆ رادەستکردنی لەگەڵ مەراکیشییەکان کەوتە دانوستان، بەڵام بێهوودە بوو. لەبەرئەوە خۆی لە سنوور پەرییەوە. کەشتییەک لە کەشتیگەلی فەرەنسیش لە هەمان کاتدا پێشڕەوی کردبوو بۆ کەنارەکانی مەراکیش و هەڕەشەی لە تەنجە و سوەیرە دەکرد. لە ٤ی ئاب شەڕ لە دۆڵی ئیسلی، یەکێک لە لقەکانی رووباری تافنا لەنێوان فەرەنسییەکان و سوپای مەراکیشی کە ژمارەیان ٦٥ هەزار پیاو بوو بەسەکردایەتیی کوڕی سوڵتان، بەڕپا بوو. بوجو لە ٦٠٠٠ جەنگاوەر زیاتری لەگەڵدا نەبوو، لەگەڵ ئەوەیشدا توانی ئەو سوپا چەک لاواز و شپرزەیە ببەزێنێت. سوڵتان بەناچاری ئامادەیی دەربڕی بۆ سوڵحکردن، بەڵام عەبدولقادری رادەستی فەرەنسییەکان نەکرد. خۆ ئەگەر بیشویستایە رادەستی بکات و نیازی پاک بوایە تێیدا نەیدەتوانی، چونکە هۆزە بەربەرەکان کە بەدرێژایی سنوور نیشتەجێ بوون زۆر رێزی دەسەڵاتەکەیان نەدەگرت. شوێنکەوتوانی تەریقەتەکان، بەتایبەت "دەرقاوا" ئاگری دەمارگیریی ئایینییان لەناو هۆزەکاندا تاودا و درێژەیان بە شەڕی پارتیزانی دژ بە فەرەنسییەکان دا. لە بەهاری ساڵی

١٨٤٥ پاڵەوانێکی نوێ لە پاڵەوانەکانی جیهاد سەری هەڵ دا ئەویش مورابیت "ئەبو مەعزە" بوو (واتە بزندار) و سەرکردایەتیی هۆزی ضەهرەی کرد بۆ شەڕکردن دژی فەرەنسییەکان.

کاتێک عەبدولقادر دەستی بەهێرش بۆ سەر جەزائیر کردەوە، بوجو هەژدە فیرقەی بۆ راوەدونانی نارد، بەدرێژایی پایز و زستانی ساڵانی ١٨٤٥-١٨٤٧، بەڵام نەیتوانی بیگرێت. تا کاتێک زیاتر لە جارێک لە بەهاردا شکا، جارێکیتر رایکردەوە بۆ خاکی مەراکیش. بەڵام نوێنەرانی حکومەتی فەرەنسی سەرەنجام توانییان سوڵتان قایل بکەن سوپایەک بنێرێتە سەری و لە وڵات بیکاتە دەرەوە. لە ٢١ی کانوونی یەکەم عەبدولقادر لەژێر ئاگربارانی هێزە مەراکیشییەکاندا لە رووباری مولویە -لەسەر سنوور- پەڕییەوە، سوپا فەرەنسییەکانیش گەمارۆیان دا و لە ٢٣ی هەمان مانگدا خۆی بەدەستەوەدا پاش ئەوەی بەڵێنی پێدرا بگوێزرێتەوە بۆ عەککا یان ئەسکەندەریە، چونکە دەیویست جارێکیتر حەج بکاتەوە. فەرەنسییەکان لەباتی ئەوەی ئەو بەڵێنەیان ببەنەسەر، بردیان بۆ تۆڵۆن و پاشان لە قەڵای ئامبواز دیلیان کرد. لە ٢ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٨٥٢ ناپلیۆنی سێیەم لەدیلی ئازادی کرد. یەکەم جار لە بروسە نیشتەجێ بوو، تا کە بومەلەرزەکەی ساڵی ١٨٥٥ رووی دا، لە ئیستانبوڵ و پاشان لە دیمەشق مایەوە. لە بەشی یەکەمی ئەم بەشەدا باسمان کرد چۆن چۆنی ساڵی ١٨٦٠ عەبدولقادر و ئەو هاوڵاتیانەی لە مەنفا لەگەڵیدا بوون، هەندێ لە مەسیحییەکانیان لە مردن لەسەر دەستی دروزەکان رزگار کرد. عەبدولقادر ساڵی ١٨٨٣ لە دیمەشق مرد.

لالا فاتیمە دژی فەرەنسییەکان دەجەنگێت

لە جەزائیر دەبوو فەرەنسییەکان ماوەیەکی دوور و درێژ بەشەڕی بەربەرەکانەوە لە رۆژهەڵاتی وڵات سەرقاڵ بن، کە هەمیشە مەیلیان بەشۆڕش بوو. ساڵی ١٨٥٧ لە هۆزی (یەنی) ژنە پێغەمبەرێک پەیدا بوو بەناوی لالا فاتیمە و سەرجەم هۆزەکانی دەوروبەر شوێنی کەوتن. حاکمی گشتی راندۆن Randon ناچار بوو خۆی بەسەرکردایەتی سی هەزار چەکدار دەربچێت بۆ شەڕ لەگەڵیدا، دوای چەندین شەڕی خوێناوی، راندون لالا فاتیمەی بەدیل گرت و هۆزەکانی بەتەواوەتی ملکەچ کرد.

سی سلێمانیش شۆڕش دژی فەرەنسییەکان رادەگەیەنێت

لە باشووری جەزائیر فەرەنسییەکان دەسەڵاتیان بە هۆزی "ئەولەد سیدی شێخ"ی خۆمالی سپاردبوو و دەسەڵاتی فراوانیان دابوویە. ساڵی ١٨٦٤ سێیەم نوێنەری ئەو خێزانە، سی سلێمان، هەستی کرد بەهۆی هەڵسوکەوتی هەندێ لە ئەفسەرانی فەرەنسی کەرامەتی رووشاوە. لەبەرئەوە لە مانگی شوباتدا بە دنەدانی سی لالای مامی جارێ

شۆڕشی دا. فەرماندەی گشتی بیپرێتر Beaupretreیش لە تیارەت-ەوە بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە ئەوێ بۆ کپکردنەوەی. بەڵام ئەسپسواڕە خۆماڵییەکانی فێڵیان لێکرد و خۆی و ئەو فیرقەی پیادەیەیان تەفروتونا کرد کە سەرکردایەتی دەکرد، ئەگەرچی پێش ئەوەی گیان بسپێرێت توانی تەقە لە سی سلێمان بکات کە لە تەنیشتی وەستابوو و بیکوژێت، بەڵام کوژڕانی سی سلێمان سنووری بۆ شۆڕشەکە دانەنا، بەڵکو محەمەدی برای و مورابیت سی لازرەق ئەرکی سەرکردایەتییان گرتە ئەستۆ. لەبەرئەوەی ناپلیۆنی سێیەم -پاش دڵنیابوونی لە سەلامەتیی وڵات- باشترین سوپا داگیرکەرە بەئەزموونەکانی ناردبوو بۆ مەکسیک و هیندی چینی، شەڕ بۆ ماوەیەکی زۆر لە باشووری جەزائیر بەردەوام بوو. ڕاستە هەردوو سەرکردەکەی شۆڕش لە زستانی ١٨٦٤-١٨٦٥دا کوژران، بەڵام شوێنکەوتوانیان کە پەنایان بردبووە چیاکان کە فەرەنسییەکان نەیاندەتوانی پێیان بگەن، چەکیان دانەنا. هەرکات هەستیان بەمەترسیی هێزە فەرەنسییەکان لەسەریان بکردایە، دەچوونە ناو خاکی مەراکیش. ئەگەرچی ژەنەرال ویمپفین Wimpfen سالی ١٨٧٠ سزای هاوپەیمانەکانیانی دا، بەڵام شۆڕشگێڕان وردە وردە پاشەکشەیان دەکرد بۆ بیابان و نەدەتوانرا بەیەکجاری ملکەچ بکرێن، تا سالی ١٨٨٤.

دواین بزوتنەوە ڕزگاریخوازییەکان لە جەزائیر

بەڵام شکستەکانی فەرەنسا لە جەنگیدا دژ بە ئەڵمانیا و گۆڕانی بۆ سیستمی کۆماری سالی ١٨٧١، ئومێدی نوێی بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی لە جەزائیر بووژاندەوە. موسڵمانەکان بەتایبەت مەرسوومی ٢٤ی تشرینی یەکەمی سالی ١٨٧١یان بەنیشانەی لاوازی دانا کە ڕەگەزنامەی فەرەنسی دەبەخشێتە سەرجەم جولەکە جەزائیرییەکان. لەگەڵ دەسپێکی سالی داهاتوودا بەهۆی بەسەربازکردنی سەباهییەکان و کۆکردنەوەیان بەتایبەت لەسەر سنووری تونس، پشێوی سەری هەڵ دا. بزوتنەوەکە سەرکردەیەکی بەهێزی هەبوو بەناوی (موقرانی باش ئاغا مەجانە)، کە دوو مورابیتیش پشتگیرییان دەکرد. ئەم موقرانییە سەر بە یەکێک لە دەوڵەمەندترین و خانەدانترین خێزانەکان بوو لە هەرێمی قوسەنتینە. بەهۆی ئەو دڵسۆزی و لایەندییەی لەو سەردەمەدا پیشانی دابوو حکومەت ناز و نیعمەتی خۆی بەسەردا باراندبوو. بەڵام زۆری نەبرد لەکاتی دامەزراندنی ئیدارەی مەدەنیدا دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە لەبەرئەوەی، وەک وتی، قبوڵ ناکات گوێڕایەڵیی پیاوێکی جولەکە بکات. لەڕاستیدا لەپاڵ بێزاریی سیاسی، فاکتەری شەخسیش ڕۆڵی خۆی لە کێشەکەیدا بینی. ئەوە بوو لە برسێتییەکەی سالی ١٨٦٧ بۆ ئەوەی بەگوێرەی نەریتی شەرەف لای عەرەب، دەستی یارمەتی بۆ هاوڵاتییانی درێژ بکات، ناچار بوو خۆی بکات بەژێر باری قەرزی گەورەوە، بەڵام حکومەت ئەو بەڵێنی قەرەبووکردنەوەی پێی دابوو نەیبردە سەر. لەبەرئەوە لە ناوەڕاستی ئادار داوای کۆبوونەوەیەکی گەورەی هۆزەکانی کرد، پاشان جەنگی دژی نزیکترین پێگەی سەربازی ڕاگەیاند. لە ٨ی نیسان سەرۆکی تەریقەتی ڕەحمانی، شێخ حەدادیش چووە پاڵی، دوای

ئەوەی "عەزیز"ی کوڕی، کە کەسێکی بەخەون بوو، بۆ ئەوە هەڵینا. پاش ماوەیەک سەرجەم هۆزەکانی ووڵات لە دەریاوە بۆ بیابان بەشداربیان لە شەڕدا کرد و شۆڕشگێڕان کەوتنە بڵاوبوونەوە لەنزیک جەزائیر. لە ٦ی ئایار موقرانی لە شەڕێکدا کە لە دۆڵی سوفلە لەنزیک ئومال رووی دا، کوژرا و بومەزراکی برای جێگەی گرتەوە، کە لەئاکامی چەند شەڕێکدا ناچار بوو زیاتر بەرەو باشوور ڕۆبچێت، تا لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٧٢ لەنزیک ڕوەیسات بەدیلی کەوتە دەست دوژمن. کاتێک شۆڕشەکە سەرکوت کرا، دەبوو هۆزەکان خەرجی گەورەی جەنگەکە ببڕێرن، بەڕێوەبەرایەتیە شارەوانییە سەربەخۆکەیان هەڵوەشێنرایەوە و ناچار کران دەستبەرداری نزیکەی ٤٥٣ هەزار هێکتار لە زەوییەکانیان بەن، تا داگیرکەرە فەرەنسییەکان تێیدا سەقامگیر بن. بەم شێوەیە بزوتنەوەی رزگاریخوازی جەزائیری کپ کرایەوە و خەڵکەکەی سەریان کز کرد و ووڵاتەکە لە چەند ڕاپەڕینێکی ناگرنگ زیاتر هیچی بەخۆیەوە نەبینی. زۆری نەبرد کۆچەرییانی ئەوروپی وردە وردە بەسەر ووڵاتەکەدا دابارین، لەو کاتەوە مێژووەکەی بەسترا بەمێژووی داگیرکردنی فەرەنسییەوە.

فەرەنسییەکان تونسیش داگیر دەکەن

بای تونس هێشتا سەربەخۆیی خۆی پاراستبوو، بەڵام ئەرکە ئیدارییەکانی بەخراپترین شێوە فەرامۆش کردبوو، بەشێوەیەک سێیەکی زەوییە بەپیتەکانی تونس لە کۆتاییەکانی دەیەی هەشتەمی سەدەی نۆزدەیەمدا بوونە وشکەڵان. ژمارەیەکی زۆر ئیتاڵی لە پایتەختدا دەژیان، ئیتاڵیا دەمێک بوو چاوی لەوە بوو -ڕۆژێک لە ڕۆژان- لێرە هەمان ڕێچکەی فەرەنسا لە جەزائیر بگرێت. بەڵام ڕۆما نەیوێرا هەنگاوێکی وا یەکلاکەرەوە لەو ڕێگەیەدا بنێت لەترسی ئەوەی نەوەکو قەیرانێکی نێودەوڵەتی دروست بکات، لەکاتێکدا فەرەنسا لە یەکەم دەرفەتی ڕەخساودا دەستی وەردا و دەستی بەسەر ئەو ووڵاتەیشدا گرت. کاتێک ساڵی ١٨٨١ ناکۆکییەک لەنێوان بای و کۆمپانیایەکی بازرگانیی فەرەنسیدا سەری هەڵ دا، بای لە پایتەخت ، لەلایەن سوپایەکەوە چەک کرا، کە بەبیانووی تەمێکردنی هۆزێکی دەوارنشین کە سنوورشکێنی کردبوو و کاری دوژمنکارانەی لەوێ ئەنجام دابوو، دای بەسەر تونسدا. لەڕاستیدا فەرەنسییەکان بای-یان بەناو لەسەر تەختەکەی هێشتەوە، بەڵام لە هەرچی دەسەڵاتی ڕاستەقینەی هەبوو دایانماڵی.

خانەدانانی عەلەویی مەراکیش

لە ساڵی ١٥٤٤-ەوە مەراکیش ملکەچی حوکمی بنەماڵەیەکی خانەدانی عەلەوی بوو، ئەوانیش بەنو سەعد [ی حەسەنی] بوون. دەسەڵاتی ئەوانە تا ساڵی ١٦٤٤ درێژەی کێشا کاتێک بەنو فیلالە حەسەنییەکان جێیان گرتنەوە کە تا ئەمڕۆیش بەناو حوکمی ووڵات دەکەن. هەریەک لە نوێنەرانی بۆ بنەماڵەیە ناڕناوی "خەلیفە و ئەمیری ئیمانداران"

هەڵدەگرێت، دەسەڵاتەکەیان لەسەر بناغەی شەرعییەتی بنەچەکەیان کە دەگاتەوە بە پێغەمبەر، داهمەزرێنن، لێرەوە بۆمان هەیە بە شیعە ناویان ببەین. بەڵام عەلەوییە مەراکیشییەکان هەرگیز هیچ پەیوەندییەکیان بەو پەرەسەندنە ئاینییەوە نەبووە کە شیعە لە رۆژهەڵات و لە باشووری وڵاتی عەرەب بەخۆیەوە دیوە، بەتایبەت لە فارس. لەڕاستیدا مەزەبی توندی مالیکیی سوننی لە مەراکیش زاڵە، هاوشێوەی تەواوی باکووری ئەفریقیا.

بەنو سەعد کاتێک گەیشتنە دەسەڵات کە پورتوگالییەکان هەوڵیان دەدا دەسەلاتی خۆیان لە باشووری مەراکیش قایم بکەن و پاشینەکانی بەنو مەرین نەیانتوانی بەرپەرچی هێرشەکانیان بدەنەوە. ساڵی ١٥١١ شەریف تاکمادارەت سەرکردایەتیی موجاهیدەکانی گرتە ئەستۆ و محەمەدی کوڕی پاش ئەوەی ساڵی ١٥٥٤ بێگانەکانی پاشەکشە پێکرد، توانی تورکەکانی جەزائیر بشکێنێت کە بەنو مەرین چاویان لەوە بوو بەیارمەتیی ئەوان مەملەکەتەکەیان بگێڕنەوە. بەم شێوەیە دەسەلاتی بەسەر تەواوی وڵاتدا سەپاند. پاشان کوڕەکەی و جێنشینی چوارەمی ئەحمەدی یەکەمی مەنسوور (١٥٧٨-١٦١٠) دەسەلاتی بنەماڵەکەی تا ناوجەرگەی بیابان درێژ کردەوە و تەمبەکتوی گرت و مەملەکەتی سەکییەی ئەمیری کاغوای تێک دا. بەڵام ئەم سەرکەوتنە دەرەکییانە کە توانای پێ بەخشی کۆشکێکی رازاوەی لە مەراکیش هەبێت، وای لێکرد رێکخستنی ناوخۆی ئیمپراتۆرییەتەکەی پشتگوێ بخات. لەباتی ئەوەی پایەکانی دەسەڵاتەکەی لە ناوخۆ قایم بکات، تەنیا بەوەوە وەستا کە ئەو سوپایانەی لە خێڵەکانی بەربەر لە باشوور و عەرەبی تیلمسان و وجدە پێکی هێنابوون و لە دەوروبەری فاس دایمەزراندبوون، بۆ کۆکردنەوەی باج و پێشکەشکردنی بە گەنجینەی گشتی یان "مەخزین" *makhzin* بەکاریان بێنێت. لە سەردەمی جێنشینە بێدەسەڵاتەکانیدا فاسیش سەربەخۆیی خۆی راگەیاند، نەک هەر ئەوە، بگرە موسڵمانانی ئەندەلوس کە لە ئیسپانیا دەرکران و لە ریبات و سەلا نیشتەجێ بوون و لەڕێی چەتەگەرییەوە سامانێکی زۆریان کۆکردەوە، زۆری نەبرد کۆمەڵێک کۆماریان دروست کرد کە هەریەکەیان لە یەک شار پێک دەهات، وەک ئەندەلوس پێشتر. هەروەها ژمارەیەک لە مورابیتەکان دەسەلاتی زەمەنیی خۆیان بەسەر "زاویە"کانیان یان کۆڵۆنییە ئاینییەکانیاندا کێشابوو. لەنێو ئەوانەدا رەشید، سەرۆکی هۆزی شەریفیی حەسەنی لە تافیلالت، پاش کۆژرانی دوایین کوڕانی بەنی سەعد ساڵی ١٦٦٠ سەری هەڵدا و وردە وردە دەسەلاتی حاکمە بچوکەکانی لەناو برد. پاشان برا و جێنشینەکەی، ئیسماعیل (١٦٧٢-١٧٢٩) سوپایەکی بەهێزی لە کۆیلە زنجییەکان پێکهێنا کە ئەندامانی سوێندی دڵسۆزییان بۆی بە "سەحیحی بوخاری" خوارد، لێرەوە بە بەندەکانی بوخاری، یان لەشکری بوخاری ناسران. بەهۆی ئەم لەشکرەوە توانی هۆزەکانی بەربەر ملکەچ بکات و هەوڵ بدات وڵات لە بێگانە هاتووەکان پاک بکاتەوە کە لاوازیی بەنی سەعدیان لە سەردەمی رابردوودا قۆستبووەوە. پورتوگالییەکان بەدرێژایی نزیکەی دوو سەدە (١٤٧١-١٦٦١) بەندەری تەنجەیان داگیر کردبوو کە گەورەترین بەندەرەکانی سەر دەریای سپیی ناوەڕاست بوو. ساڵی ١٦٦١

شازادە کاتریانا ئەم شارەی وەک مارەیی پێشکەش بە مێردەکەی، شارلی دووەم پاشای ئینگلتەرا کرد. بەڵام ئیسماعیل ساڵی ١٦٨٤ توانی دوای گەمارۆیەکی چەند ساڵی شارەکە لە دەستی ئینگلیز دەربێنێت و ئیسپانەکانی لە بنکەکانیان لە ئۆقیانووسی ئەتڵەسی دەرکرد. تەنیا سەبتە (کە فیلیپی دووەم بەغەنیمەت بردی کاتێک ساڵی ١٥٨٠ پورتوگالی خستە سەر ئیسپانیا و لە چنگ ئیسپاندا مایەوە، تەنانەت پاش سەرلەنوێ دروستبوونەوەی مەملەکەتی پورتوگال) بیست و حەوت ساڵ (١٦٩٣-١٧٢٠) لە رووی سوپا گەمارۆدەرەکەی ئیسماعیلدا خۆی راگرت، لەکاتێکدا نیشتمانی دایک، کە سەرقاڵ بوو بە جەنگی میراتگریی ئیسپانییەوە، هیچ گرنگییەکی بەو لەشکرگە قارەمانە نەدا. کاتێک ئیسماعیل مرد مەراکیش جارێکیتر کەوتەوە ناو تاریکیی پاشاگەردانی و سوپاکانی زنج هێزی خۆیان بۆ بەرزکردنەوە و داماڵینی ئەمیرەکان بەکار دەهێنا. ئاسایش سەقامگیر نەبوو لەسەر دەستی محەمەدی یەکەم، نەوەی ئیسماعیل نەبێت (١٧٥٧-١٧٩٢)، کە هەوڵیشی دا لەڕێی بەستنی پەیماننامەی بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتانی ئەوروپیدا چەتەگەریی ژێردەستەکانی لەنێو ببات. بەڵام ئەم پەیماننامانە ئەو سوودەیان بۆ وڵاتەکەی نەبوو کە چاوەڕوانی بوو. لە سەردەمی جێنشینەکانیدا خراپییەکانی حکومەت زیاتر و زیاتر دەرکەوتن. هەوڵیان دا خۆیان لەڕێی بەتوندی داخستنی دەرگاکانی وڵات بەڕووی ئەوروپیەکاندا بپارێزن، کە جگە لە تەنجە رێگەیان پێ نەدرا مافی نوێنەرایەتیکردنی سیاسییان هەبێت.

سیستمی کارگێڕی لە مەراکیش

یاسای گشتیی مەراکیش جیاوازییەکی ئاشکرای دەکرد لەنێوان "وڵاتی مەخزین" کە ئەو ناوچانە بوون ملکەچی حکومەت بوون، باجیان دەدا و سەربازیان پێشکەش دەکرد، لەگەڵ "وڵاتی سایبە" کە هەرێمە سەربەخۆکان بوون و رووبەریان چوار هێندە یان پێنج ئەوەندەی رووبەری "وڵاتی مەخزین" بوو. ئەتڵەس لە هەرێمە سەربەخۆکان بوو جگە لە هەرێمێکی زۆر بچووک کە لە "وڵاتی مەخزین" دادەنرا. لەڕاستیدا تەنیا هەندێ هۆزی زۆر کەم بەکردەوە ملکەچ کرابوون لە رۆژئاوا لەو هەرێمانەی نزیکی دەریا بوون، هەرچی هۆزەکانیترن، سەرەڕای بەناو داننانیان بەسەروەریی سوڵتاندا، هیچ باجێکیان نەدەدا، بەڵکو تەنیا ناوبەناو دیارییان دەنارد بۆ مەراکیش. رەنگە هەندێ لەو هۆزانەی لەو بەشانەدا نیشتەجێ بوون کە ناتوانرێت لە ئەتڵەسدا پێیان بگەیت، ئەسڵەن نەیانزانیبێت سوڵتانێک هەیە. لەڕاستیدا سەرگەورەکانی بەربەر خۆیان لەڕووی هێز و دەسەڵاتەوە خۆیان بەهاوتای سوڵتان دادەنا و وەک گەورەی هۆزێکی دوژمن سەیریان دەکرد کە دوور لەوان دەژی. بۆ نموونە ساڵی ١٨٨٩ یەکێک لە هۆزەکان رەتیکردەوە تەنانەت کا (ئالیکی ئاژەڵ) بداتە سوپای سوڵتان کە ژمارەیان دە هەزار پیاو بوو و لە زەوییەکانیدا مۆڵیان دابوو. ساڵی پاشتر هەمان هۆز رێگەی بە باڵیۆزێکی ئیتاڵی نەدا بەناوچەکەیدا تێبپەڕێت، کە ئەو باڵیۆزە دەیونیست (ئەوراقی ئیعتیماد)ی پێشکەش بە سوڵتان بکات. لەو

بارانەدا دەبوو سوڵتان فەرمان بە هۆزەکانی دەوروبەری هۆزە یاخییەکە بکات هەڵبکوتنە سەری، بەوەی ڕێگە بەم بدات ئەو "بخوات"، کە ئەوە زاراوەیەکی تەکنیکییە لە سیاسەتی مەراکیشیدا. ئەم ڕێگەپێدانە هەمیشە کاریگەر نەبوو، ئەوە بوو چەند هۆزێکی بچووک وەک هۆزی مەزکەلدە توانییان سالانێکی زۆر گژبەری (تەحەدا)ی سوڵتان بکەن. سوڵتان بەزۆری و بەگشتی دەبوو دانوستان لەگەڵ هۆزەکەدا بکات. بەدەگمەن نەبێت دەسەلاتی لە دانپێدانانێکی ڕواڵەتی بە سەرۆکی هەڵبژێراوی هۆزەکەدا تێنەدەپەڕی. خەمی سوڵتان بەپلەی یەکەم ئەوە بوو هەمیشە هەوڵ بدات پەیوەندیی باشی لەگەڵ مورابیتەکان هەبێت کە هەژموونێکی گەورەیان لای بەربەر هەبوو. هەرکات بهاتنایە بۆ سەردانی، یان ئەم بچوایە بۆ سەردانیان، نەیدەوێرا خۆی لە پێشکەشکردنی بەنرخترین دیاری و سەوقاتی پێیان نەبان بکات.

تەنانەت لە "ولاتی مەخزین"یش حکومەتێکی ڕێکخراو نەبوو. سوڵتان لەڕێی فەرمانەکانەوە مومارەسەی دەسەلاتە مەدەنییەکانی دەکرد، کە لە شارە گەورەکاندا (مەراکیش، فاس، ڕیبات و مەکناسە) نازناوی پاشایان هەڵدەگرت. یەکەم ئەرکیان ئەوە بوو باج کۆ بکەنەوە، لەکاتێکدا بەپلەی دووەم دەبوو ئاسایش بچەسپێنن و حوکمە قەزاییەکان جێبەجێ بکەن. بەگوێرەی نەریتی ڕۆژهەلاتیی کۆن هیچ مووچەیەکیان وەرنەدەگرت، بەڵکو بەپێچەوانەوە پۆستەکانیان دەکڕی. بەم شێوەیە ناچار بوون جگە لە باجە شەرعییەکان پارەی ئەو پۆستانەیش -کە بەهیچ شێوەیەک هەرزان نەبوون- لە گیرفانی خەڵک بکێشنەوە. سوڵتان هەندێ جار خۆی لە هەمان هەڵوێستی خەلیفەکانی پێشووی بەغدادا دەبینیەوە: لە هەندێ ناوچە کە پێشتر ملکەچی دەسەلاتی بوون، ناچار دەبوو کەسێک لە پایەی "سەرکردایەتی"دا جێگر بکات کە سەرەتا ژیانی بە چەتە دەست پێکردوە، هەموو ئەوە لەپێناو پاریزگاریکردن لەسەر دواین ڕواڵەتەکانی بەناو دەسەلاتەکەیدا.

سوپا

فەرماندەکان "مەخازینی"یان پێشکەش بە سوڵتان دەکرد، کە بەگشتی و بەزۆری سوپای دەرەبەگیی ئەسپسوار بوون. هەندێکیان پاسەوانی بارەگاکەیان دەکرد و هەندێکیتریان ئاسایش و ئارامییان لە سەرتاسەری وڵات و ئاوەدانییەکانیدا کە لە دەرچەکانی شیوەکانی ئەتڵەسدا بڵاو بوون، دەپاراست. لەپێناو هێنانی ڕەگەزی نوێ بۆ ناو ئەو سوپایانە، سوڵتانەکان هێزی پیادەیان لە سەرجەم شارە سەرەکییەکاندا بەسەرباز دەگرت و ئەندازەیەکی دیاریکراو مەشقیان لەسەر شێوازی ئەوروپی پێ دەکردن. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەفسەرێکی بەریتانی سەرۆکی ئەو پیادانە بوو، ئەویش "فەرماندە" ماک لین Mc Lean بوو. چەک و مەشقی سەربازەکان بەگشتی لەخوار ئاستی خوازراوەوە بوو.

سوڵتان حەسەن و عەبدولعەزیزی کوڕی

ساڵی ١٨٧٣ سوڵتان حەسەن چووە سەر تەخت. ئاواتی گەورەی فراوانکردنی هێز و سامانی بوو. هەموو هەوڵی خۆی خستەکار بۆ بەگژاچوونەوەی دۆخی خراپی ئیمپراتۆرییەتەکەی، بەڵام چارەسەری ئەو خراپییانە بەو هێزە سنووردارەی ئەو هەیبوو ئاستەم بوو، ئەگەرچی توانی "وڵاتی مەخزین" بەئاراستەی باشوور فراوان بکات و پێشکەوتنێکی نوێ لە بیابان بێنێتە کایە. ساڵی ١٨٩٤ سوڵتان حەسەن لە هەڵمەتێکی سەربازیدا بۆ سەر یەکێک لە هۆزە راپەڕیوە بەربەرەکان مرد، پاش ئەوەی وەسێتی کرد کوڕە ناکامەکەی بەناوی عەبدولعەزیز بچێتە سەر تەخت، کە لە کەنیزەکێکی چەرکەسی بوو و برای لەخۆی گەورەتری نەبوو. راوێژکارە هەژموون فراوانەکەی، سی ئەحمەد بن محەمەد، توانی هەواڵی مردنەکەی بشارێتەوە تا دوای گواستنەوەی تەرمی سوڵتان بۆ ریبات، کە عەبدولعەزیز لەوێ دەژیا. لەوێ ناوبراوی بەخەلیفە و خۆیشی بە سەرپەرست لەسەری راگەیاند. دوای مردنی وەزیرەکەی لە ساڵی ١٩٠٠، سوڵتانی لاو لەڕێی گرنگیدانی بە بەروبومەکانی شارستانێتیی ئەورووپی و زیادکردنی باجەوە سۆزی رەعییەتەکەی لەدەست دا و لە سەرتاسەری وڵاتدا چەندین راپەڕین دژی بەرپا کرا، لەوانە بەتایبەت راپەڕینی رووکی عومەر ئەلزەهرونی ناسراو بە "بو حمارە" بوو، واتە "ئەو پیاوەی سواری گوێدرێژە" (دروشمی رۆژهەلاتیی کۆن بۆ حاکمی فریادڕەس یان رزگارکەر)، کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ سەرێشەیەکی زۆری بۆ حکومەتی تازە دروست کرد، تا ساڵی ١٩٠٩ بەدیل گیرا و سزای مردنی بەسەردا جێبەجێ کرا.

کۆنگرەی دورگەی سەوز

فەرەنسا هەوڵی دا سوود لە لاوازیی مەراکیش وەربگرێت و کۆڵۆنییەکانی بەئاراستەی رۆژئاوا فراوان بکات. ساڵی ١٩٠٤ فەرەنسا رەزامەندیی بەریتانیا و ئیسپانیای بەدەست هێنا بۆ پرۆژە فراوانخوازییەکانی پاش ئەوەی دانی بە پێگەی بەریتانیا لە میسردا نا و ناوچەیەکی هەژموونی فراوانتریشی لە مولکەکانی رابردووی لە باکوور بە ئیسپانیا بەخشی. فەرەنسییەکان پرۆژەیەکیان بۆ چاکسازیی کارگێڕی پێشکەش بەسوڵتان کردبوو کە بەیارمەتیی ئەوان جێبەجێ بکرێت، کاتێک قەیسەر ولهلمی دووەم لە ٣١ی ئاداری ساڵی ١٩٠٥ پێی نایە خاکی تەنجە -گەشتێکی لە دەریای ناوەڕاست ئەنجام دەدا- دوای ئەوەی راوێژکارەکانی هەڵیاننا کە پشتگیریان لە بەرژەوەندییە ئابووریی زۆر تەمومژاوییەکانی برایان مانسمان لە کانەکانی مەراکیش دەکرد. لەوێ لە تەنجە قەیسەر گوتارێکی دا و تێیدا پشتگیریی لە سەربەخۆیی سوڵتان کرد. لەئەنجامی ئەوەدا عەبدولعەزیز توانی

کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بۆ تاوتوێکردنی مەسەلەی مەراکیش رێک بخات. کۆنگرەکە لە دورگەی سەوز بەسترا (١٥ی کانوونی دووەم تا ٧ی نیسانی ١٩٠٦)، تێیدا لەسەر داننان بە سەروەریی سوڵتان و پێکهێنانی پۆلیسێکی نێودەوڵەتی بۆ بەندەرەکان و بانکێک بۆ دەوڵەت کە سەرمایەکەی ئەوروپی بێت، رێک کەوتن.

عەبدولکەریم، قارەمانی ئازادیی مەراکیش

لەکاتێکدا عەبدولعەزیز سەرەڕای ئەو یارمەتییەیش نەیتوانی ئاسایش و سیستم بەرقەرار بکات، بەو هۆیەشەوە ناچار بوو دەستەوئەژنۆ لەبەردەم داگیرکردنی "وجدە" و دارولەبەیزا لەلایەن فەرنساوە لە ساڵی ١٩٠٧ بوەستێت، عەبدولحەفیزی بۆ ئەو بێزارییەی سەرتاسەری وڵاتی گرتبووەوە قۆستەوە و بەسەریدا راپەڕی و زانا ئاینییەکانی وا لێکرد لە دەسەڵات دابمالێن. لە ماوەیەکی کورتدا تەواوی وڵاتی خستە ژێر دەستی خۆی و هەریەک لە فەرەنسا و ئیسپانیایش دانیان پێدا نا، پاش ئەوەی دانی بە رێکەوتنەکانی دورگەی سەوزدا نا. بەڵام توانای عەبدولحەفیزیش بۆ رووبەڕووبوونەوەی دۆخە دژوارەکە لە براکەی باشتر نەبوو، ئەوە بوو شۆڕشگێڕان ساڵی ١٩١١ لە فاس گەمارۆیان دا و ناچار بوو داوای یارمەتی لە فەرەنسا بکات. لەڕاستیدا ئەم رووداوە چارەنووسی وڵاتی دیاری کرد ئەگەرچی ئەڵمانیا بەردەوام هەوڵی دەدا لەڕێی هێرشکردنی بۆ سەر ئەغادیر هەندێ ماف بۆ خۆی مسۆگەر بکات، کە بە "پەلاماری پلنگ" ناسراوە[١٤٩]، پاش ئەوەی ئیسپانیایش بەداگیرکردنی عەرائیش و قەسر ناوچەی خۆی فراوان کردبوو. هەرچۆن بێت، ئەڵمانیا سەرەنجام دانی بە پاراستنی فەرەنسیدا نا، کە مەرجەکانی لەڕێی پەیماننامەیەکەوە لەگەڵ سوڵتان لە ٤ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٢ بەشێوەیەکی رەسمی دیاری کرابوون. یوسف جێگەی عەبدولحەفیزی گرتەوە، کاتێک هەمیش ساڵی ١٩٢٧ مرد محەمەدی سێیەمی کوڕی جێگەی گرتەوە، مارشاڵ لیوتی بەو هەڵمەتانەی کردنیە سەر هۆزە دوژمنەکان دەسەڵاتی حکومەتی چەسپاند، کە سوڵتان وای لێهات تەنیا بەناو سەرۆکی بێت. فەرەنسا لەکانی جەنگی جیهانیی یەکەمدا پارێزگاری لەو پێگەیەی کرد کە لە مەراکیش بەدەستی هێنابوو، بەوەیش لەڕێی زنجیرەیەک جەنگی پارتیزانیی سەختەوە، لەنێوان ساڵی ١٩٢١ و ساڵی ١٩٢٤دا دەسەڵاتی بەسەر تەواوی وڵاتەکەدا کێشا.

وڵاتی مەراکیش چیدی تەنیا یەک قارەمانی ئازادی بەخۆوە بینی، ئەویش عەبدولکەریم بوو کە بنەماڵەکەی لە سەردەمێکی زووەوە لە گوند لای ئەجدیر لەسەر کەنداوی خوزامی نیشتەجێ بوو. ساڵی ١٩٢١ عەبدولکەریم لە ئیسپانییەکان یاخی بوو تا پارێزگار ئازادی و سەربەخۆیی ئەندامانی هۆزەکەی بکات، کە هێشتا ئیسپانیا ملکەچی دەسەڵاتی

---

[١٤٩] کەشتییەکی جەنگی رەوانەی ئەادیر کرا ناوی "پلنگ" Panther بوو.

خۆی نەکردبوون. عەبدولکەریم سەرەتا تەنیا ژمارەیەکی کەم پیاوی لەگەڵدا بوو، بەڵام بەتێپەڕینی کات هێزەکانی بەخێرایی گەشەیان کرد و نزیکەی سەرجەم هۆزەکان لە مەراکیشی سەروو چوونە پاڵی. عەبدولکەریم زیانی گەورەی بە دوژمنە ئیسپانییەکانی گەیاند، پاشان هێرشی کردە سەر ناوچە فەرەنسییەکە و فاس مەترسیی داگیرکردنی کەوتە سەر. ئەوکاتە ئیسپانیا و فەرەنسا هاوکاریی یەکتریان کرد بۆ لەناوبردنی. لە شوباتی ساڵی ١٩٢٦ عەبدولکەریم ناچار بوو چەک دابنێت، سەرەتا نەفی کرا بۆ مەرسیلیا پاشان بۆ دورگە[١٥٠] [ی ریونیون لەنزیک جوزور ئەلقەمەر، واتە مەدەغەشقەر]، لەوکاتەوە ئیسپانیا دەسەڵاتی خۆی لە مەراکیش چەسپاند. لەڕاستیدا جەنگاوەرانی بەجەرگی مەراکیشی خزمەتی گەورەیان بەفرانکۆ کرد لە خەباتیدا لەپێناو دەستگرتن بەسەر ئیسپانیا خۆیدا.

ژیانی عەقڵی لە ئەفریقیای باکوور تا ئەمڕۆ لە ئاستی سەدەکانی ناوەڕاست بەرز نەبوەتەوە. زانایانی مەراکیشی بەردەوام خەریکی چالاکیی زانستی کلاسیکین کە پێشینانیان دەستیان پێکردوە، شەرح بۆ کتێبە بەناوبانگەکان دەنووسن، ژیاننامەی دوور و درێژ بەهەمان شێوازە کۆنەکە دەنووسن. لەراستیدا سوڵتان عەبدولحەفیز بەشداربیەکی گەورەی لەو لێکۆڵینەوانەدا کرد. خۆی نووسەر بوو و چەند کتێبێکی کلاسیکی لەسەر خەرجی خۆی چاپ کردوە. لە جەزائیر و تونسیش عەرەب، سەرەڕای ئەو فێرکردنە سەرەتاییەی فەرەنسییەکان پێشکەشیان دەکردن، نەیانتوانی بگەنە ئاستێکی باڵاتر لە دنیای فیکردا. هەروەها موسڵمانانی باکووری ئەفریقیایش تا ماوەیەکی درێژ پاش بڕا ئاینییەکانیان، لە رۆڵەکانی میسر و سووریا نەیانتوانی خەباتی فیکری دژی حوکمی بێگانە ئەنجام بدەن. بەهەرحاڵ، لە تونس حزبێکی ریفۆرمخواز و حزبێکی دەستووری دامەزران، کە داواکارییەکانیان سەروەختێک حکومەتی پاراستنی بێزار دەکرد، تا کاتێک بای محەمەد ئەلحەبیب لە ١٠ی تەممووزی ساڵی ١٩٢٢ چووە سەر تەخت، هەندێ گۆڕانکاری ناچەوهەری لە حکومەتدا کرد. ئەنجامەکانی خەباتی فیکری لە جەزائیر و مەراکیشیش باشتر نەبوون، گرووپە رۆشنبیرەکانی جەزائیر –لەسەروویانەوە ئیبن جەللولی پزیشک– لە چاکسازی بێئومێد بوون، هەروەک رۆشنبیرانی مەراکیشیش بێئومێد بوون، لەسەروویانەوە سەرکردە عەللال ئەلفاسی کە فەرەنسییەکان، لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٣٨ دووریان خستەوە بۆ "گابون" لە سەنیگالی فەرەنسی.

---

[١٥٠] بڕوانە یاداشتەکانی عەبدولکەریم Abd-el-krim, Memoiren, mein krieg gegen spanien und Frankreich, (adapted by J. roger- Mathieu, editor of Le Matin), Dresden. 1927
قارەمانێتییەکەی دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە تەواوی جیهانی ئیسلامیدا هەبوو، لێرەوە ساڵی ١٩٢٥ چوار کتێبی عەرەبی بڵاو کرانەوە کە باسی ژیان و خەباتی عەبدولکەریمیان دەکرد. هەروەها بڕوانە: A. Sanchez Perez, La accion decisive contra Abdelkerim, medrid, 1931.

سوودان باوەڕ بە ئیسلام دێنێت

مورابیتەکان لە مەغریب ئیسلامیان لەو هەرێمانە بڵاو کردەوە، کە زنجیی سەر بە نەژادی حامیی ناوچەی دەریای ناوەڕاست و رووباری نیل و نەوبی کە دەکەوێتە باشووری بیابان، تێیدا نیشتەجێن، لە سەنیگال تا دۆڵی نیلی سەروو. لە سەدەی یازدەیەمەوە ئەمیرانی غانە و شوێنکەوتەکانیان لە دەسەڵاتدارانی تەکرور و پاشای مالی لەسەر رووباری نەیجەری سەروو، هەموو ئەوانە باوەڕیان بە ئایینی گەورەکانیان، واتە ئیسلام، هێنا. لە سەدەی سیازدەیەمیشەوە تیمبەکتو بوو بە سەنتەرێکی رۆشنبیریی ئیسلامی کە پەلاماری ساڵی ١٥٩١ی مەراکیش لەباتی بەهێزی بکات، لاوازی کرد. بانگەوازی ئیسلامی بزوێنەرێکی نوێی بەدەست نەهێنا تا سەدەی هەژدەیەم کاتێک تەکرونیپەکان ساڵی ١٧٢٠ سیستمێکی ئیۆکراتیی نوێیان لە فوتاجەللون دامەزراند. ساڵی ١٧٧٦ فوول (فللاتە)ی بتپەرستیان ملکەچ کرد و ئیسلامیان بەسەردا سەپاندن. پاشان عوسمان دان فوجو تەکروری توانی هاوسە Hausa بێنێتە ناو ئیسلام و ساڵی ١٨٠٢ مەملەکەتی سۆکۆتۆی دامەزراند. عومەر –کە سەر بەهەمان هۆزی عوسمان بوو– لەکاتی ئەنجامدانی فەریزەی حەجدا پەیوەندی بە تەریقەتی "تیجانی"ی جەنگاوەرەوە کرد کە هەژموونێکی گەورەی لە مەراکیش هەبوو، لەبەرئەوە ئەکبەری سەرۆکی، سوودانی پێ بەخشی. لە ساڵی ١٨٣٨ەوە بەشی هەرەزۆری سوودانی ملکەچ کرد کە لەکاتی مردنی ساڵی ١٨٦٤ دانی بە ئیسلامدا نا وەک ئایینی رەسمیی دەوڵەت. دوای ساڵی ١٨٩٠ جێنشینەکانی ملکەچی داگیرکەرانی فەرەنسی بوون.

لە سوودانی ناوەڕاست، لای دەریاچەی شاد، ئیسلام لە سەدەی یازدەیەمدا لە کانم بڵاو بوویەوە. بەڵام لە بورنو و باجرمی تا سەدەی شازدەیەم پایەکانی نەچەسپین، لەکاتێکدا ئەوە لە وەددائی تا سەدەی حەفدەیەم نەهاتە دی[١٥١].

هەروەها لە سوودانی رۆژهەڵات خەڵکی نەوبە کە تا سەدەی حەوتەم مەسیحی بوون، لەکاتێکی زووەدا لەڕێی میسرەوە هاتنە ناو ئیسلام. پاشان سلێمان کە بنەماڵەیەکی حوکمڕانی نوێی دامەزراند، ئیسلامی لە سەدەی شازدەیەمدا لە دارفۆر بڵاو کردەوە، لە سەدەی هەژدەیەمیشدا یەکێک لە جێنشینەکانی (کۆردۆفان)ی ملکەچ کرد. بەڵام ئیسلام

---

[١٥١] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- D Westermann, Der Islam in West und Zentralsudan, Die Welt des Islams, 1, 1913, 85-108.
P. C. Meyer, Erforschungsgeschichte und Staaten bildung des Westsudan, Petermanns Mitteilungen, Erganzungsband XXVI, Gotha, 1898.
- A. Brass, Eine neue Quelle zur Geschichte des Fullreiches Sokoto, Der Islam X (1920), 173.

پێشکەوتنێکی زۆر گەورەی بەدینەهێنا تا دوای فەتحی میسری لە سەدەی نۆزدەیەمدا. لەڕاستیدا حوکمی بێگانە لە هەمان کاتدا پشکۆی دەمارگیریی ئاینی گەشاندەوە، کە سەرکردەیەکی لە کەسایەتیی بەناوبانگی مەهدیدا پەیدا کرد.

مەهدی محەمەد کوڕی عەبدوڵا

محەمەد کوڕی عەبدوڵا دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم لە هەرێمی دونقولە لەدایک بوو، باوکی [دارتاش بوو لە دروستکردنی کەشتیدا کاری دەکرد] و بنەماڵەکەی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد نەوەی پێغەمبەرن. دوای تەواوکردنی خوێندنی ئاینی پەیوەندی کرد بە تەریقەتی سۆفی "سەمانی" و ساڵی ١٨٧٠ لە دورگەی ئەبا (ئابا) لە نیلی سپی جێگیر بوو و رووی کردە خەڵوەتکێشانی ئاینی لە ئەشکەوتێکدا لە کەناری رووبارەکە. پاشان لەگەڵ شێخەکەی تێکچوو دوای ئەوەی ناوبراو لە ئاهەنگی خەتەنەکردنی کوڕەکانیدا شوێنکەوتەکانی لە حەرامکردنی قومار و سەماکردن رەها دەکرد، لەسەر ئەوە لۆمەی شێخەکەی کرد و لە تەریقەتەکە دەرکرا و پاشتر بەهیچ جۆرە ئاشتەواییەک رازی نەبوو. تەواوی خەڵک دانیان بە زوهد و دنیانەویستییەکەیدا نا و زۆری نەبرد ژمارەیەکی زۆر موراید لەدەوری کۆبوونەوە. پاشان لە زنجیرە دانراوێکدا داوای لەو موریدانە کرد بەگژ ئەو گەندەڵییە ئاینییەدا بچنەوە کە ئەوکاتە باڵاو بوو، چونکە -وەک دەیوت- بوار نەبوو بۆ چاوەڕوانیکردنی هیچ یارمەتییەک لە حکومەتەوە. بەم شێوەیە وردە وردە ئەو بیرۆکەیە کەوتە مێشکی کە ئەو بانگ کراوە بۆ ئەنجامدانی پەیامێکی گەورە، ئەم بیرۆکەیە لە دەروونیدا گەشەی کرد، سەرەنجام -هاوشێوەی زۆر ریفۆرمخوازیتری ئیسلام پێش ئەو- وەک مەهدیی مونتەزەر بەڵێنی بە باوەڕداران دەدا و سوێندی بە پێغەمبەری باپیری، دەخوارد کە جیهان پڕ دەکات لە چاکە و دادپەروەری. ئەوەی ئەم باوەڕەی لەلا بەهێز کرد عەبدوڵا بن محەمەدی فەقیهی هاوڕێی بوو، کە پاشتر بوو بە جێنشین و لە هۆزی "تەعایشەی بەقارە"ی عەرەبی بوو لە باشووری ڕۆژئاوای دارفور. ئەو عەبدوڵایە هانی دا گەشتێک بۆ کۆردۆفان Kordofan بکات، پاش ئەوەی هەستی کرد هۆزەکانی ڕۆژئاوا -کە ئازاتر و بەجەرگتر بوون- لەوانیتر زیاتر ئامادەن بۆ شۆڕش. لەو گەشتەدا محەمەد چاوی بەسەرجەم سەرکردە مەدەنی و ڕۆحییەکان کەوت، لێرەوە قەناعەتی تەواوی بۆ دروست بوو کە تووڕەیی سەرتاسەری وڵاتی گرتۆتەوە. خەڵک بێزار بوون لە نوقمبوونی دەسەڵاتدارانی میسر لە بەرتیلخۆری و لە دابەشکردنی باجە قورسەکان بەشێوەیەکی نادادپەروەرانە و کۆکردنەوەیان بە زەبری هێز و توندوتیژی. ئەمە جگە لەوەی حکومەتی میسر لەژێر فشاری حکومەتی بەریتانیی سەرپەرست بەسەریدا هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی ڕاگەیاندبوو، بەوەیش هەموو ژیانی ئابووری تووشی شپرزی بووبوو.

ململانێ لەنێوان مەهدی و حکومەتی میسریدا

مەهدی وردە وردە سەرنجی حکومەتی میسری بۆ لای خۆی راکێشا، بەتایبەت کە شێخەکەی پێشووی زیاد لەجارێک گومانی لەدەوری دروست کرد. لە تەممووزی ساڵی ١٨٨١ رەئووف پاشا حاکمی گشتیی سودان فەرمانی بۆ محەمەد دەرکرد، کە لە ئابا Abba بوو، لە خەرتوم ئامادە بێت بۆ ڕەواندنەوەی ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی کراون. بەڵام محەمەد هیچ حسابی بۆ ئەو بانگکردنە نەکرد و لەو ڕۆژەوە خۆی بە گەورەی وڵات ناساند و جیهادی دژی کافران ڕاگەیاند، دیارە بەو موسڵمانانەیشەوە کە دان بە بانگەوازەکەیدا نانێن. ڕەئووف پاشا گاڵتەی بە هێزی ئەو پیاوە دەهات و وایزانی دەتوانێت بە دوو سەد تفەنگچی بەئاسانی لەناوی ببات. ئێوارەی ١١ی ئاب ئەو هێزە گەیشتە جەزیرەی ئابا کە کەشتییەکی هەڵمیی بچووک دەیگواستەوە. گەمارۆی کووخەکانیان دا و کەوتنە تەقەلێکردنیان. بەڵام مەهدی و شوێنکەوتووەکانی –کە تا ئەوکاتە چەکی ئاگرینیان پێ نەبوو– لە حەشارگەکانیان لەپشت گڕوگیا درێژەکان مانەوە و نەهاتنە دەرەوە تا شەو داهات. پاش ماوەیەکی کورت تەواوی هێزە میسرییەکە لەناو بران جگە لە چەند کەسێکی زۆر کەمیان کە بەمەلەوانی گەیشتنە کەشتییە هەڵمییەکە. سەرەڕای ئەم سەرکەوتنە، مەهدی بڕیاری دا کۆچ بکات بۆ کۆردۆفان تا لە خەرتوم نزیک نەبێت. بەبێ ئەوەی بەرەنگارییەکی ئەوتۆی بێتە ڕێ، پێشڕەوی کرد تا گەیشتە چیای قەدیر و ئەو هێزەی بەڕێوەبەری فاشووەدە بۆ شەڕکردنی ناردبووی، لەناوی برد. لە ئایاری ساڵی ١٨٨٢ حکومەت سوپایەکی شەش هەزار پیاوی خستە ڕێ بۆ جەنگان دژی. بەڵام ئەو جەنگاوەرە قاڵبووانەی جەنگ کە پێشتر توانیبوویان دەست بەسەر دارفوردا بگرن، سووکایەتییان بە دەرویشەکان کرد بەڕادەیەک گرتنەبەری ڕێوشوێنەکانی خۆپاراستنی باویان لە سوودان نەگرتە بەر، کە دەخوازێت بەدرێژایی شەو سەربازگەکە بە تەلی دڕکین چواردەور بدرێت. بەمەیش دوژمن شەو دای بەسەریاندا و شکاندنی.

لەڕاستیدا ئەم سەرکەوتنە لایەنگری زیاتری بۆ مەهدی زیاد کرد، کە زانی چۆن چۆنی هاوشێوەی پێغەمبەر دڵیان بە غەنیمەتی زۆر ڕابگرێت. لە سەرەتای ئەیلوولدا لەبەردەم دەروازەکانی ئوبەیزدا دەرکەوت. بازرگانانی شارۆچکەکە لەگەڵیدا کەوتبوونە دانوستان بەڵام لەشکرگە میسرییەکە خۆی بۆ شەڕ ئامادە کرد. دوای ئەوەی هێرشی یەکەم بەڕەچ درایەوە، مەهدی شارۆچکەکەی گەمارۆدا و لە [١٩]ی کانوونی یەکەمی ساڵی [١٨٨٣] ناچاری کرد خۆبەدەستەوە بدات. لەو کاتەوە ئوبەیزەی کردە بارەگای خۆی. باوەڕداران لە سەتاسەری سوودانەوە دادەبارین بۆ بینینی "وەلیی خوا". لەبەردەم شوێنکەوتەکانیدا بەوپەڕی سادەیی و خاکی دەرزەکەوت. هیچی لەبەردا نەبوو جگە لە جبە و شەروانێکی کەتان. قایش یان پشتوێنێکی لۆکەی لەناوقەدی دەبەست. بەڵام دەمێک بوو خۆی دابوو

بەدەم رابواردنەوە. زۆر حەزی لە ئافرەت بوو و کردبووی بەنەریت جوانترین کچانی غەنیمەتی بۆ خۆی هەڵدەبژارد.

ئەو سیستمی حوکمەی مەهدی پەیڕەوی دەکرد لەوپەڕی سادەییدا بوو. بەپێی یاسای ئیسلامی، پێنجیەکی غەنیمەت، هەروەها مال و سامانی سەرجەم ئەوانەی تۆمەتی ناپاکیی مەزن و دزیکردن و مەی خواردنەوە یان جگەرەکێشانیان دەردایە پال، دەخرایە گەنجینەی دەوڵەت. ئەوانەی گومانیان لە پەیامەکەی مەهدی دەکرد بەدەستگرتن بەسەر مال و سامانیان یان بەمردن سزا دەدران. خوێندنی کەلام و فیقهـ حەرام کرا کە پێشتر واجب بوو و سەرجەم ئەو کتێبانەی لەو بابەتانە دەدوان سووتێنران. لەباتی ئەوە ئامۆژگاری دەکرد قورئان و هەندێ لە حەدیسی پێغەمبەر بخوێنن بە وردبوونەوە و رامانەوە، بەڵام دیراسەکردنیانی لە کۆڕە گشتییەکاندا حەرام کرد.

لەو کاتانەدا هێزە بەریتانییەکان میسریان داگیر کردبوو، حکومەتی داگیرکەریش "هیکس" پاشا Hicks Pashaی بەسەرۆکایەتی دە هەزار جەنگاوەری میسری نارد بۆ سووڕان. پێشڕەویکردنی ئەو سوپایە بە وشترەکانیەوە کە ژمارەیان شەش هەزار وشتر بوو، بەهۆی رقی سەربازەکان لە حوکمی بەریتانی، زۆر خاو بوو، تا مەهدی توانی لەسەرخۆ خۆی بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئامادە بکات. لە ٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٨٣ چووە پێشەوە بۆ شەڕی میسرییەکان لە بیرکە کە دەکەوێتە دووریی ٣٧ میل لە باشووری رۆژهەڵاتی ئوبەیز. میسرییەکان توانییان بەرپەرچی یەکەم هێرشی بۆ سەر سەربازگەکەیان بدەنەوە. بەڵام رۆژی پاشتر لەکاتی رۆیشتنیدا هێرشی کردە سەر سوپاکە و تەفروتونای کردن.

گۆردنی هەوڵ دەدات حوکمی بەریتانی میسری لە سووڕان بچەسپێنێت

دوای ئەم سەرکەوتنە تەواوی سووڕان، کەوتە بەردەکانی مەهدی، ئەو ئەوروپی و میسرییانەی لە شارە سەرەکییەکان دابەزیبوون رایانکرد. لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٨٣ سلاتین پاشا Slatin Pasha –کە ئەفسەرێکی نەمسایی پێشوو و فەرماندەی (دارە)ی پایتەختی دارفور بوو– خۆی بەدەستەوەدا پاش ئەوەی بۆ ماوەی سااڵێکی تەواو بەبێهوودە لەگەڵ شوێنکەوتوانی مەهدی جەنگا. حکومەتی بەریتانی خۆی ئامادە کرد بۆ بەیەکجاری دەستهەڵگرتن لە سووڕان و ژەنەرال گۆردۆن سەرکوتکەری شۆڕشی "تایپینگ"ی لە چین، نارد بۆ خەرتوم بۆ رزگارکردنی ئەو ئەوروپییانەی لەوێ دەژیان و گێڕانەوەیان بۆ میسر. گۆردۆن پێشتر حاکمی گشتیی سووڕان بوو و وایزانی شەعبیەتێکی تایبەتی لەوێ هەیە و دەتوانێت لەسەر بەرپرسیارێتیی تایبەتی خۆی پایەکانی حوکمی بەریتانی میسری قایم بکات، بەڵام بەهۆی بەگژاچوونەوەی بازرگانیی کۆیلەوە پێگەی زۆر لاواز بووبوو. لە ١٨ی شوبات گەیشتە خەرتوم، دەستبەجێ نووسراوێکی نارد بۆ مەهدی

و ئامادەیی پیشان دا وەک سولتانی کوردۆفان دانی پێدا بنێت و رێگە بە بازرگانیی کۆیلە بدات و پەیوەندیی بازرگانی لەگەڵدا ببەستێت، ئەگەر بێتو دیلەکانی ئازاد بکات. مەهدیش وەڵامی دایەوە و داوای خۆبەدەستەوەدانی لێکرد. لە ٢٢ی ئاب مەهدی بەرەو خەرتوم کەوتەڕێ و لەکاتی ڕۆیشتنی لەسەرخۆیدا لە هەموو شوێنێکەوە هێزی شەڕکەری لە خۆی کۆ دەکردەوە. لە تشرینی یەکەم گەمارۆی شارەکەی دا، بەڵام گەمارۆکە سەرەتا تەنیا پێشکەوتنێکی لاوازی بەدەست هێنا، چونکە سوپاکانی مەهدی لەوە بێتواناتر بوون بەسەر تۆپخانەی بەریتانیدا زاڵ بن. بەڵام لەبەرئەوەی نەیکرد شارەکە لە غەیری جەنگاوەران چۆڵ بکات، گەمارۆدراوان بەزوویی تووشی قەیرانێکی توندی ئازووقە بوون. لە نیسانی ساڵی ١٨٨٤ سوپایەکی بەریتانی لە نیل پێشڕەوی کرد و هێزەکانی مەهدی شکاند کە لە ناوەندەکانی پێشەوە لە مەتەممە سەنگەریان گرتبوو. بەڵام ئوم دەرمان لە ١٥ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٨٥ خۆی بەدەستەوە دا. شەوی ٢٥-٢٦ی کانوونی دووەمیش مەهدی بەسەرۆکایەتیی شوێنکەوتەکانی هێرشێکی کردە سەر شارەکە و گۆردۆن لە کۆشکەکەیدا کوژرا.

دەبوو بەریتانییەکان بەشێوەیەکی کاتی واز لە سوودان بێنن. مەهدی بارەگاکەی بۆ خەرتوم گواستەوە و لەوێ گەیشتە لوتکەی هێزی خۆی. بۆ ئەوەیش شوێنکەوتوانی -کە ناچار کران وەک ئەو جلی دەروێشی لەبەر بکەن- لە سەرجەم دژە کارتێکەرەکان بپارێزێت، شووڕەیەکی ئاسنینی بەدەوری مەملکەتەکەیدا لێدا و ڕێگەی لە حەجکردن لە مەککە گرت. ڕاستییەکەی بەخت یاوەری بوو نەژیا تا ئەو کاتەی دەیبینی دەسەڵاتەکەی لاواز دەبێت و دەپووکێتەوە. ئەوە بوو لە ناوەڕاستی حوزەیرانی ساڵی ١٨٨٥ تووشی تیفۆس بوو و دوای هەفتەیەک مرد.

خەلیفە عەبدوڵا

مەهدی لەوکاتەی لەسەر نوێنی مەرگ بوو، بۆ جاری دووەم هاوڕێکەی، عەبدوڵای بە جێنشین (خەلیفە)ی خۆی جێگیر کرد و نازناوی ئەبوبەکری دایە. عەبدوڵا دەستی ڕاستی مەهدی بوو لە ژیانیدا، لەبەرئەوە باوەڕداران بەبێ هیچ بەرهەڵستییەک بەیعەتیان پێ دا. پاشان جێگەی خۆی قایم کرد، بەوەی ئەو دوو جێنشینەکەیتری دامالی کە مەهدی دەستنیشانی کردن. نەک هەر ئەوە، بگرە بانگی ئەمیر عەبدولکەریمی کرد، کە گەمارۆی لەشکرگە میسرییەکەی دەدا لە کەسەلا بەهۆی ئەوەی هەندێ تێبینی هەڵەشانەی لەبارەی دەسەڵاتی خەلیفە درکاندبوو و ناچاری کرد ئەو سوپا زنجییانە ڕادەست بکات کە سوێندی دڵسۆزییان بەشەخسی بۆ ئەو خواردبوو. عەبدوڵا پایتەختەکەی گواستەوە بۆ ئوم دەرمان، کە قەڵای خەرتومە و دەکەوێتە لای چەپی ڕووباری نیل کە شوێنکەوتوانی مەهدی دەستیان بەسەردا گرتبوو.

جەنگەکانی لە حەبەشە

لەم کاتانەدا کەسەلا کەوت و هێزە میسرییەکانیش کەوتبوونە کشانەوە لە باقی شوێنە قایمەکان کە دەکەونە سەر سنووری حەبەشە. خەلیفە ئەمیرێکی لەسەر قەللابات دانا کە زۆری نەبرد هێرشی کردە سەر حەبەشە، بەڵام لەگەڵ هێرشکردنە سەر هەرێمی ئەمهەرە، راس ئەدال Ras Adalی حاکمی هەرێمەکە، شکستێکی گەورەی بەسەردا هێنا. خەلیفە بۆ ئەوەی تۆڵەی ئەو شکستە بکاتەوە سوپایەکی گەورەی بەرەو حەبەشە خستە ڕێ لە نزیکەی ٦٠ هەزار جەنگاوەر. ئەوکاتە راس ئەدال لە دەشتی دەبرەسین بۆیان هاتە پێش و تووشی شکستێکی کەمەرشکێن بوو، بەوە شوێنکەوتوانی مەهدی بەرەو پایتەختی ئەوکاتی حەبەشە، گۆندار Gondar ملیان نا و سووتاندیان، دوای ئەوەی دانیشتوانەکەی چۆڵیان کردبوو، پاشان گەڕانەوە بۆ قوللابات.

سەرەتای ساڵی ١٨٨٩ یۆحەننا ئیمپراتۆری حەبەشە بڕیاری دا ئەو ریسوایە بشواتەوە، لەبەرئەوە تەواوی سوپاکەی کۆ کردەوە و بەسەرۆکایەتیی دوو فیرقە بەرەو قوللابات کەوتە ڕێ، یەکێکیان لە جەنگاوەرانی هۆزەکەی خۆی، تیگری و ئەویتریان لە جەنگاوەرانی ئەمهەرە پێکدەهات. لە ڕۆژی یەکەمی گەمارۆکەدا ئەمهەرییەکان توانییان بچنە ناو شارەکە کە زۆر بەهێز قایم نەکرابوو. ئیرەیی چووە دڵی یۆحەننا و فەرمانی کرد بەسەر تەختەکەیەوە هەڵیانگرت و کەژاوەکەی بەنێو ریزەکانی سەربازانیدا دەڕێشت هانی دەدان بۆ شەڕ. سەرەنجام بریندار بوو و لە هەمان شەو، ٩ی ئاداری ساڵی ١٨٨٩ مرد. ئەوکاتە حەبەشییەکان -پاش لەدەستدانی سەرگەورەکەیان- لە تاریکی شەودا کشانەوە، چونکە دەگمەن بوو لایان ئیمپراتۆرێکی نوێ بەبێ کێشمەکێش و دوژمنایەتی بچێتە سەر تەخت. شوێنکەوتەکانی مەهدیش دوایان کەوتن و ناچاریان کردن لە سەربازگەکەیان هەڵبێن.

ئەو هەرێمە کەمەرەبییەی تا ئەوکاتە ئەمین پاشا (دکتۆر شنتزلەر) پارێزگاری لێکردبوو بۆ میسرییەکان، لە هاوینی ساڵی ١٨٨٨ کەوتە دەست شوێنکەوتەکانی مەهدی، پاش ئەوەی ئەمین پاشا لەگەڵ ستانلی کشانەوە بۆ کەناری ڕۆژئاوا.

خەلیفە پەلاماری میسر دەدات

دوای ئەم سەرکەوتنانە خەلیفە [عەبدوڵا ئەلتەعایوشی] عەزمی جەزم کرد پەلاماری میسر بدات، کە ئەوە پڕۆژەیەک بوو مەهدی پێشتر پلانی بۆ دانابوو. لە ئایاری ساڵی ١٨٨٩ سوپایەکی بەرەو باکوور بەسەرکردایەتیی عەبدولڕەحمان ئەلنجومی خستە ڕێ و ڕایسپارد دۆڵی حەلفا ببڕێت و دەست بەسەر ئەسواندا بگرێت، لەوێ دەبێت چاوەڕوانی فەرمانی نوێ بکات. بەڵام لەکاتی هەڵمەتەکەیدا لەشکرگەی دۆڵی حەلفا خۆی توانی زیانی

گەورەی پێ بگەیەنێت. لە (تۆشکی)ش فەرماندەی گشتیی سوپای میسری بۆ شەڕکردنی دەرچوو و سوپاکەی بەتەواوەتی لەناو برد. لەڕاستیدا ساڵی ١٨٨٩ نەگبەتییەکیتریشی بۆ هێنا، ئەوە بوو برسێتییەک لە سوودان بڵاو بوویەوە، کە خەلیفە نەیدەتوانی بەگژیدا بچێتەوە، چونکە دوژمن لە هەموولاوە دەوریان دابوو و نەیدەتوانی لە دەرەوە ئازووقە پەیدا بکات.

ساڵی ١٨٩٠ خەلیفە توانی شیلوک ملکەچ بکات، کە ئازاترین هۆزە زنجییەکانی سوودان بوون، ئەوە قەرەبووی زیانەکانی رابردووی بۆ کردەوە. ئەو هۆزانە لە فاشوودەی پایتەختیان بەکەشتی هێرشیان کرایە سەر و نەیانتوانی بۆ ماوەیەکی درێژ لەبەردەم شوێنکەوتوانی مەهدیدا کە رەشاشیان پێ بوو، خۆیان رابگرن.

حوکمی بێسەروبەری خەلیفە بەتایبەت بووە مایەی تووڕەکردنی خزمانی مەهدی، پاش ئەوەی پشکیان لە حکومەتدا دای لەکزی. لێرەوە هاوسەری سەرەکیی مەهدی، کە وەک چاولێکردن لە پێغەمبەر، ناوینابوو عائیشە دایکی ئیمانداران، لەناو سەرجەم بێوەژنەکانیدا کەوتە هەڵنانی خەڵک لە خەلیفە، هاوشێوەی عائیشەی هاوناوی کە ئیمانداراني لە عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب هان دەدا. خەلیفە لە سیخوڕەکانیەوە راپۆرتی بەدەست گەیشت خزمانی مەهدی، کە هاوشێوەی ئالی بەیتی پێغەمبەر پێیان دەوترا "ئەشراف"، خەریکی پیلانگێڕانن. ئەو راپۆرتانە لەکاتی خۆیاندا گەیشتنە مەهدی. لەبەرئەوە کاتێک سەرقاڵی ئامادەکاری بوون بۆ هێرشکردنە سەری، بەپیاوەکانی چواردەوری گرتن، بەڵام لە پەرۆشی بۆ سەلامەتیی ئیمانداران لێیان خۆش بوو و دەستی لەسەر زۆر شت هەڵگرت بۆیان. تا کاتێک متمانەیان بە نیەتپاکییەکەی کرد و چەکیان دانا، لێکۆڵینەوەیەکی قەزایی دژیان کرد و دووری خستنەوە بۆ فاشوودە.

لەسەر سنووری حەبەشی دەوڵەتەکەی مەهدی لەلایەن ئیتاڵیەکانەوە دووچاری مەترسی بووو کە پاش کشانەوەی میسرییەکان، مەسەوەعیان داگیر کرد و لەوێوە دەستیان بەجووڵە کرد بەرەو بەشەکانی ناوەوەی وڵات. لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٩٣ لەگەڵ یەکێک لە سوپاکانی خەلیفەدا بەریەک کەوتن، کە لە نزیکەی دە هەزار جەنگاوەر پێکهاتبوو و لەوپەڕی ئامادەییدا بوو بۆ ئەنجامدانی هێرشێک بۆ سەر عەرەب لە سوودانی ڕۆژهەڵات، توانییان بەسەریاندا زاڵ بن. لە بەهاری ساڵی ١٨٩٤ هێرشیان کردە سەر کەسەلا. لەشکرگە مەهدییەکە، کە لە فەرماندەکەی تووڕە بوو، ئامادە نەبوو شەڕ لەگەڵ ئیتاڵییەکان بکات و پاشەکشەی کرد بۆ گۆڕ ڕەجەب. بەڵام ئیمپراتۆری حەبەشە مەنەلیک ڕێگەی لە پێشڕەویکردنی زیاتری ئیتاڵییەکان گرت. لەڕاسیتدا ئەو شکستە خوێناوییەی لای عەدوە لە سەرەتای ئاداری ساڵی ١٨٩٦ بەسەریدا هێنان، هەر مەترسییەکی لەناو برد کە ڕەنگە لەم ڕووەوە هەڕەشەی لە شوێنکەوتوانی مەهدی بکردایە.

کیچنەر ئیمپراتۆرییەتی مەهدی لەناو دەبات

بەڵام ئەو گەردەلوولەی قەدەر وابوو لەو کاتانەدا سنووردێک بۆ دەوڵەتەکەیان دابنێت، لە باکوور وردە وردە کۆدەبوویەوە. لە پایزی ساڵی ١٨٩٦ فەرمان بە سەردار کیچنەر Kitchener فەرماندەی گشتیی سوپای میسری کرا هەڵمەتێک بۆ سەر سوودان ئەنجام بدات. سەرەنجام لە شەڕی ئوم دەرمانی خوێناویدا، کە خەلیفە خۆی تێیدا کوژرا، ئیمپراتۆرییەتی مەهدی بەیەکجاری لەناو برد. بەڵام ئەم سەرکەوتنە نەیتوانی رێنمایی و هزرەکانی مەهدیش لەناو ببات. دەبوو حاکمی بەریتانیی گشتیی سوودان تا تەمموزی ساڵی ١٩٢٨ پاساو بداتە پێویستیی هێزێکی ئاسمانیی بەهێز لەوێ وەک ئاماژە بەوەی هەمیشە مەترسییەکی شاراوە لەئارادایە، بۆ تەقینەوەیەکی نوێی بزوتنەوەی مەهدی[١٥٢].

محەمەد کوڕی عەبدوڵا ئەلحەسەن مەهدیی سۆماڵ

لە کۆتاییەکانی دەیەی دەیەمی سەدەی نۆزدەیەمدا (١٨٩٠-١٩٠٠) بزوتنەوەیەکی پەیوەندار بەم بزوتنەوەیە لەنێو سۆماڵییەکانی قۆچی رۆژهەلاتی ئەفریقیا سەری هەڵدا[١٥٣]. محەمەد کوڕی عەبدوڵا ئەلحەسەن لە هۆزی ئەغادین ساڵی ١٨٩٥، لە نزیکەی تەمەنی سی و پێنج ساڵیدا لە مەککە حەجی کرد، لەوێ محەمەد بن ساڵح قوتابیی سۆفیی سوودانی ئیبراهیم رەشید قەناعەتی پێ دێنێت بچێتە ناو تەریقەتی ساڵحی، کە ئەو دایمەزراندبوو و لقێک بوو لە تەریقەتی مەهدی بووبوویەوە. کاتێک گەڕایەوە بۆ نیشتمانەکەی، لەنێو هۆزی دولبوهانتە نیشتەجێ بوو و لەسەر رێچکەی مامۆستاکەی دەستی دایە کارکردن بۆ سازکردنی کەشێکی لەخواترسان لەنێو موسڵمانانداء، کە قووڵتر و راستتر بێت. بەخێرایی نفووزێکی گەورەی لەناو هۆزەکە و لەنێو خزمانیدا لە هۆزی ئەغادین پەیدا کرد، تەنانەت ئیدارەی بەریتانی لە بەربەرە بەپێویستی زانی بۆ هێورکردنەوەی ئەو پشێوییانەی لەناو دەوارنشینانداء سەریان هەڵدابوو سوودی لێ وەربگرێت. بەڵام ساڵی ١٨٩٩ رایگەیاند ئەو مەهدییە. لەو کاتەوە بەدرێژایی نزیکەی بیست ساڵ "مەلا مەفتون"، وەک بەریتانییەکان ناویان نابوو، بەپەلاماری جەنگییەکانی تەنگی بە بەریتانی و ئیتاڵی و حەبەشییەکانیش هەڵچنیبوو. ئەگەرچی بەریتانییەکان پتر لە جارێک چەکدارەکانیان شکاندبوو، بەڵام هەردوو دەوڵەتی داگیرکەر ساڵی ١٩٠٥ ئامادە بوون دەست لە بەشە ئیتاڵییەکەی دۆڵی نوگال هەڵبگرن بۆی وەک ناوچەیەکی سەربەخۆ، بەڵام ساڵی ١٩٠٨ دەستی بە شاڵاوەکانی بۆ سەر کۆڵۆنییە ئیتاڵی و بەریتانییەکان کردەوە. لەکاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا ئیتاڵییەکان

---

[١٥٢] بڕوانە: Lord Liold Egypt since Cromer II, London. 1934. 1934, p. 346.

[١٥٣] بڕوانە: D Jardina, II Mullah del paese dei Somali, trad. Da Mario Quercia, rome, 1929.

لەڕێی هەندێ ڕێکەوتن لەگەڵ گەورەی ئەو هۆزانەی دوژمنی بوون، توانییان دەسەڵاتی لە باکووری سۆماڵ لەناو ببەن. بەڵام بەریتانیا تا ساڵی ١٩٢٠ خۆی بۆ ئەنجامدانی کارێکی یەکلاکەرەوە دژی ساغ نەکردەوە، هێزە ئاسمانییەکەی بەئاسانی تەواوی پێگەکانی وێران کرد، سەرەنجام رایکرد بۆ لای هۆزەکەی خۆی، ئوغادین پاش ئەوەی وشترسوارانی بەریتانی و هاوپەیمانە سۆمالییەکانی بەریتانیا راویاننا و لە ٢٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٠ کۆچی دوایی کرد.

لەڕاستیدا هەوڵەکەی بۆ یەکخستنی گەلەکەی لەسەر بناغەیەکی ئاینی بەچاوپۆشین لە گشت کێشمەکێشە خێڵەکییەکان -کە هەوڵی دەدا هاوشێوەی مەهدی تەنیا لەڕێی دەروێشەکانەوە حوکم بکات- ساڵی ١٩٠٥ شکستی هێنا پاش ئەوەی مامۆستاکەی لە مەککە، بە هەڵنانی بەریتانی و ئیتاڵییەکان بڕیاری دەرکردنی دا لە تەریقەتەکە، لێرەوە تەریقەتی قادری کە ئەویش لە سۆماڵ بەربڵاوە، دەیتوانی وەک بیدعەچی یان زیندیقێک لەدژی بجەنگێت، لەوکاتەوە بوو بە تەنیا سەرۆکێک لە سەرۆک هۆزەکان، کە شوێنکەوتوانی تەنیا بەتەمای غەنیمەتی زۆر شوێنی دەکەون.

لەکاتێکدا دەروێشەکانی مەهدی دەستیان بەسەر رۆژهەڵاتی سوودانداً گرتبوو، لە رۆژئاوا هێزێکی نوێ لەسەر داروپەردوی مەملەکەتەکانی رابردووی میسر دروست بوو. بەحر ئەلغەزال لە دەیەی هەشتەمی سەدەی نۆزدەیەمدا (١٨٧٠-١٨٨٠) ملکەچی زوبیر پاشا بوو کە پیاوێکی عەرەب بوو لەلایەن خدێویییەوە حوکمی هەرێمەکەی دەکرد، بەحوکمێکی تا رادەیەک سەربەخۆ[١٥٤]. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٨٧٤ کاتێک بانگ کرا بۆ قاهیرە تا ڕووبەڕووی نەیارانی ببێتەوە، سلێمان پاشای کوڕی بەجێگری خۆی دانا، ئەمیش لە پۆستەکەیدا مایەوە تەنانەت دوای بەندکردنی باوکیشی. لەکاتێکدا گۆردۆن وەک حاکمی گشتیی سوودان خەریکی قەڵاچۆکردنی بازرگانیی کۆیلە بوو ساڵی ١٨٧٩، سلێمان لەگەڵ هارون، سوڵتانی لادراوی دارفور، لەسەر جەنگکردن لەدژی ڕێک کەوتن. گێسی پاشای ئیتاڵی دوای راوەدونانێکی درێژخایەن توانی بیگرێت، سلێمان ئامادەیی پیشان دا خۆی رادەستی بکات، بەڵام برا شیرییەکەی، ڕەباح -کە عەرەبی سەننار بوو دڵسۆزانە خزمەتی باوکی کردبوو و لە گشت کۆستەکانیدا هاوبەشی خەمی بوو- هەوڵی دا لەوە پەشیمانی بکاتەوە. کاتێک سلێمان لەسەر ڕاکەی سوور بوو، ڕەباح بەچەند هەزار کەسێک لە باشترین سەربازانی زوبێرەوە سەربازگەکەی بەجێ هێشت. پاشان لە هەرێمی شاخاویی دار مانگە Dar Makga دامەزرا و لەوێوە بەمەبەستی سەبیکردن و بەدەستهێنانی کۆیلە هێرشی ئەنجام دەدا. دوای ئەوەی حاکمی دەوڵەتی کووتی-ی زنجی ملکەچ کرد و بەرپەرچی هێرشێکی دایەوە کە سوڵتان وەدائی بەمەبەستی بەهاناوەچوونی ئەمەی دوایی

---

[١٥٤] بڕوانە: M. Thilo, Ez-Zber Rahmat Paschas Autobiographic,Ein Beitrag zur Geschichte des Sudans, Bonn-Leipzing, 1921.

ئەنجامی دا، ساڵی ١٨٨٤ فەرمانێکی پێگەیشت بۆ ملکەچکردن بۆ مەهدی، بەڵام داواکەی ڕەت کردەوە، بەپشتبەستن بەهەڵوێستی شێخی تەریقەتی سنووسی کە مەهدی بەزندیق تۆمەتبار کردبوو.

بزوتنەوەی سەنووسی

سەنووسی برایەتی یاخود تەریقەتێکی ئایینییە دامەزرێنەرەکەی محەمەد بن عەلی (لە توڕوش لەنزیک موستەغانم لە جەزائیر ساڵی ١٧٩١ لەدایک بووە) ساڵی ١٨٣٤ لە جەبەل ئەلئەخزەر لە تەرابلوسی غەرب نیشتەجێ بووە، پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە مەککە ژیا و تەکیەیەکی بەناوبانگی بۆ دەرویشان دامەزراند. لە چەند ساڵێکی کەمدا محەمەد لەوێوە تەریقەتەکەی لە تەواوی ئەفریقیای باکوور بڵاو کردەوە. بەڵام دوژمنایەتیکردنی لەلایەن سوننە بااڵدەستەکانی ئەو وڵاتە ناچاری کرد بارەگاکەی بگوێزێتەوە بۆ جەغبوب کە دەکەوێتە دووریی دوو یان سێ ڕۆژ ڕێگە لە باشووری ڕۆژهەاڵتی مێرگی سیوە. هەروەها توانی لەڕێی پەیامبەر و نێردەکانیەوە هەژموونێکی گەورە لە دەوڵەتە زنجییەکاندا بەدەست بێنێت. کاتێک ساڵی ١٨٥٩ مرد کوڕە گەنجەکەی محەمەد ئەلمەهدی لە سەرۆکایەتیی تەریقەتەکەدا جێگەی گرتەوە، کە ساڵی ١٩٠١ لە گورۆ مرد. محەمەد ساڵی ١٨٩٥ بارەگای تەریقەتەکەی بۆ کوفرە و پاشان ساڵی ١٨٩٩ بۆ گورۆ گواستەوە. بەڵام ئەحمەدی برازای، کە لە سەرۆکایەتیی تەریقەتەکەدا جێگەی گرتەوە، ساڵی ١٩٠٢ جارێکیتر بارەگاکەی گواستەوە بۆ کوفرە Kufra. لە زۆر شوێن لەناو ئەفریقیا و بەدرێژایی ڕێگەی کاروانەکان بۆ مەککە بەتایبەت، تەکیەیان هەبوو و تێیدا لەسەر کشتوکاڵ و جووتیاری دەژیان و بەها ئۆکراسییە سافەکانیان بڵاو دەکردەوە، لەهەمان کاتدا نکوڵییان لەوە دەکرد سوڵتانی تورکی مافی خیلافەتی هەبێت. پاش داگیرکردنی تەرابلوسی غەرب لەلایەن ئیتالییەکانەوە تەریقەت بەشداری کرد لە خەبات دژیان، لە جەنگی جیهانیی یەکەمیشدا پشتی تورکیای گرت و لە زستانی ١٩١٥-١٩١٦ هێرشی کردە سەر میسر پاش دەستگرتنی بەسەر بەندەری گرنگی سەللومدا، تەنانەت دوای ئەوەیش بەریتانییەکان لە شوباتی ١٩١٦ بەندەرەکەیان گێڕایەوە، سەنووسیەکان لە هاوینی ١٩١٦دا چەند جارێک مەترسییان بۆ سەر میسر دروست کرد. بەڵام توانای سەربازییان زۆر کز بووبوو ئەگەرچی برایەکی شێخ محەمەد ئەلعابد، کە لەم محەمەدە بچووکتر بوو، لە بیابانی گەورە لە شەڕ دژی فەرەنسییەکان بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩١٨. دوای ئەوەی ژەنەرال گرازیانی تەرابلوسی بەیەکجاری کۆنترۆل کرد پاش جەنگی جیهانیی یەکەم، شێخ ڕووی کردە ئیستانبوڵ بەئومێدی ئەوەی لەوێ بتوانێت دریژە بەخەبات لەپێناو بنەما و عەقیدەکەیدا بدات، بەڵام دەوڵەتی تورکیای نوێ ڕێگەی جیاوازی گرتە بەر و پاش ماوەیەکی کەم ناچار بوو چاالکی ڕابگرێت و بێدەنگ دابنیشێت.

ڕەباح و فراوانبوونی ئیمپراتۆرییەتی فەرەنسی لە ئەفریقیا

ڕەباح پاش شکستی هێرشەکەی ساڵی ١٨٨٧ بۆ سەر سەڵتەنەتی وەدائی، ڕووی بۆ ڕۆژئاوا بەرەو دەریاچەی چاد وەرگێڕا. ساڵی ١٨٩٢ هێرشی کردە سەر سوڵتانی باجیرمی و دوای گەمارۆیەکی حەوت مانگی بوجومەنی پایتەختی داگیر کرد. پاشان بورنو -کە لە کۆنترن و مەزنترینی دەوڵەتانی ئەفریقیا بوو، بەڵام خەڵکەکەی لەمێژ بوو بەکارهێنانی چەکیان لەبیر کردبوو- ساڵی ١٨٩٣ کەوتە دەستی. ڕەباح بارەگاکەی گواستەوە بۆ دیکوە Dikoa لە کەناری باشووری ڕۆژئاوا لە دەریاچەی چاد، کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا بۆ ماوەیەکی کورت پایتەختی بورنو بوو.

ڕەباح ئەمیرە نیشتمانییەکانی لە ئیمپراتۆرییەتەکەیدا -کە لەنێوان وەدائی لە باکوور، سۆکۆتۆ لە باشوور، میرنشینی ئەدەماوە کە پاشتر کەوتە ژێردەستی ئەڵمانەکان لە باشووری ڕۆژئاوا و دەوڵەتی مەهدی لەڕۆژهەڵات درێژ دەبووەوە- لەجێی خۆیان وەک شوێنکەوتەی خۆی هێشتەوە، بەڵام چەند کەسێکی لەپاڵیاندا وەک ڕاوێژکار و چاودێر دامەزراند و لە ژمارەیەکی کەم ناوچەدا نەبێت حاکمی نوێی دانەمەزراند. لەڕووی تیۆرییەوە ڕەباح هەوڵی دا یاسای ئیسلامی پیادە بکات. قازیی قازییان (قاضي القضاة)ی سەردەمەکەی "هیاتو" بوو کە لە وڵاتەکەیدا ڕێگەی پێ نەدرا بچێتە سەر تەخت، لەبەرئەوە ژیانی بۆ زانست تەرخان کرد. لەبەرئەوەی ئەو باجانەی سەپێنرابوون بەسەر ناوچەکاندا -کە ڕەباح نیوەی تایبەت کردبوون بەخۆی- بەس نەبوون بۆ دابینکردنی خەرجی سوپاکەی، ئەوا لە هەڵمەتەکان بۆ سەبی و کۆیلەگرتن بەردەوام بوو، کە لە هەمان کاتدا یارمەتیشی دەدا مەشقکردنێکی سەربازیی بەردەوام بۆ پیاوەکانی مسۆگەر بکات. تەرابلوسی غەرب بازاڕی غەنیمەتە بەشەرییەکانی بوو، بەڵام ڕێگەکانی بازرگانی لەڕێی بیابانی گەورەوە پاش گرتنی تیمبوکتو لەلایەن فەرەنساوە لە ١٠ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٩٤، مەترسیی پەلامارەکانی لەسەر بوو، کە بەئاراستەی ڕۆژهەڵات کشابوونەوە.

بەم شێوەیە کەوتە گەڕان بەشوێن بازاڕی نوێدا لە ڕۆژئاوا و ساڵی ١٨٩٦ هێرشی کردە سەر دەوڵەتی فول (فلاتە) لە سۆکۆتۆ. سەرەڕای بەدەستهێنانی ژمارەیەک سەرکەوتن، وازی لەم پرۆژەیە هێنا، لەبەرئەوەی ناچار بوو هێزەکانی بەساغی بهێڵێتەوە بۆ خەبات دژی فەرەنسییەکان کە لە سەردەمێکی زووەوە ئەوپەڕی هەوڵیان خستبووە گەڕ بۆ دەستگرتن بەسەر دەریاچەی چاددا، بەمەبەستی یەکخستنی کۆڵۆنییەکانیان لە باکوور و ڕۆژئاوای ئەفریقیا.

ساڵی ١٨٩٧ یەکێک لە فەرمانبەرانی ئیدارەی مەدەنی لە کۆنگۆی فەرەنسی بەناوی جنتیل ڕووی کردە دەریاچەی چاد و دەستی بە دانوستان کرد لەگەڵ ئەمیری باجیرمی.

ڕەباح وەک سزادان و تەنێکردنی لەسەر ئەو کارە ئاگری لە پایتەختی ئەو شوێنکەوتەی بەردا. ساڵی ١٨٩٩ حاکمی ئیداریی فەرەنسی بروتونیە Bretonnet بەسەرکردایەتیی ٤٤ هەزار تفەنگچیی سەنگالی کەوتە ڕێ بۆ شەڕی ڕەباح و خەیاڵی وابوو بەو هێزە و بە چوارسەد جەنگاوەری سەر بە ئەمیری باجرمییەوە دەتوانێت بەسەریدا زاڵ بێت، بەاڵم لە ١٨ی تەممووز شکا و خۆی و سەرجەم پیاوەکانی کوژران. پاشان ڕەباح هەڵگەڕایەوە بۆ قەاڵی شارۆچکەی کونۆ. جێنتیل Gemtil هێرشی کردە سەری و پێش ئەو الی ڕێزگەی ڕووباری (شەری) دابەزی. لە کۆتایی تشرینی یەکەم هەردوولا لە شەڕێکی وەحشییانەدا تێکڕژان کە لە شەقامەکاندا بەڕێوە دەچوو، فەرەنسییەکان زیانی گەورەیان پێ گەیشت و نیوەیان ناچار بوون مەیدان چۆل بکەن، ڕەباح خۆی بریندار بوو، بەاڵم قەاڵ سەرەکییەکە خۆی ڕاگرت. لە باکووریشەوە قوماندان المی لەڕێی بیابانی گەورەوە بەرەو دەریاچەی چاد پێشڕەوی کرد و سوڵتانێکی نوێی لە بورنو دانا و هێزەکانی لە دەڵتای ڕووباری شەری لەگەڵ هێزەکانی جێنتیل بەیەک گەیشتن. لە ٢٢ی نیسان شەڕێکی یەکاڵکەرەوە بەڕپا بوو کە بەسەرکەوتنی فەرەنسییەکان بەسەر دوژمنانیاندا کۆتایی هات، سەرکەوتنێک کە زۆر لەسەریان کەوت. لەو شەڕەدا ڕەباح خۆی کوژرا و لە سەرەتای ئایاردا دیکۆەی پایتەختی داگیر کرا. لەڕاستیدا فەزلوالی کوڕی کە سەرەتا پەنای برد بۆ ناوچە بەریتانییەکە لەسەر کەناری ڕووباری بەنوە، توانی دیکۆە ڕزگار بکات، بەاڵم زۆری نەبرد شکا و کوژرا. ئەو ناوچانەی دەکەونە دەوری دەریاچەی چاد –بەپێی هەردوو پەیماننامەی ١٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٩٣ و ١٥ی ئاداری ساڵی ١٨٩٤- لەنێوان فەرەنسا و بەریتانیا و ئەڵمانیادا دابەش کران. لە ١٠ی تەممووزی ١٨٩١ کاتێک دەوڵەتی مەهدی لە ململانێدا لەگەڵ بەریتانیای مەزن هەرەسی هێنا، مەیجەر مارچانی فەرەنسی هێرشی هێنا بۆ سەر ناوچەی فاشودە کە شلۆک تێیدا نیشتەجێ بوون و جێنشینەکەی مەهدی ساڵی ١٨٩٠ ملکەچی کردبوو. بەاڵم لە ١٩ی ئەیلول ناچار بوو لەبەردەم کیچنەردا بکشێتەوە، پاش دانوستانێکی درێژخایەن لە ١١ی کانوونی یەکەم فاشوودە لکێنرا بەسوودانی میسریی بەریتانییەوە. ساڵی ١٩٠٤ دوای بەستنی پەیمانی سیقۆڵی، ناوی شوومی فاشوودە گۆڕا و بوو بە کۆدۆک Kodok، بەمەبەستی سڕینەوەی یادەوەریی ئەو کێشەیەی لەسەری لەنێوان هەردوو دەوڵەتی خۆرئاواییدا بەڕپا بوو[١٥٥].

---

[١٥٥] بڕوانە فون ئوبنهایم Von Opppenheim, Rabih and des TSchadseegebiet. Berlin, 1902.

ئاغا محەمەدی قاجاری دەست بەسەر فارسدا دەگرێت

لە فارس، دوای لەبەریەکهەڵوەشانی دەوڵەتی نادر شا چەند بنەماڵەیەکی شوێنکەوتە لە ناوچە جیاوازەکانی وڵات لەسەر دەسەڵات کەوتنە ململانێ. یەکێک لە بەناوبانگترین و سەرکەوتووترینی ئەوانەی بەشداربیان لەو ململانییەدا کرد بنەماڵەی "قاجار" بوو کە وەک یەکێک لە حەوت هۆزە تورکەکەی ناو سوپای ئیسماعیلی یەکەمی سەفەوی هاتبوونە فارس، کە شا عەباسی یەکەم هەوڵی دا لە هێزیان کەم بکاتەوە، لەبەرئەوە کردنی بەسێ گرووپەوە و لەنزیک مەرو، ئەریوان و گەنزە لە وڵاتی جۆرجیا، هەروەها لە ئەستراباد لە کەناری باشووری رۆژهەڵاتی دەریای قەزوین نیشتەجێی کردن. دوای مردنی نادر شا گەورەی لقی ئەستراباد، محەمەد حەسەن سەربەخۆیی هەرێمە قەزوییەکانی راگەیاند و پاشان ئازربایجانی داگیر کرد. کاتێک کەوتە شەڕ لەگەڵ کەریم خانی ئەمیری شیراز لەگەڵ یەکێک لە گەورەکانی قاجاردا بەریەک کەوتن و لەسەردەستی ئەو گەورەیە کوژرا. ئاغا محەمەدی کوڕی کە عەلی شا لە تەمەنی پێنج ساڵیدا خەساندی، وەک بارمتەیەکی سیاسی لە کۆشکی کەریم بوو. کاتێک ئەم کەریمە ساڵی ١٧٧٩ مرد، رایکرد بۆ مازندەران و لەوێوە لەڕێی ئەنجامدانی چەندین پەلامار و جەنگەوە کە دە ساڵی خایاند دەسەڵاتی بەسەر تەواوی فارسدا کێشا. ئاغا محەمەد پایتەختەکەی بۆ تاران گواستەوە. ساڵی ١٧٩٥ جۆرجیای ملکەچ کرد، کە هیرەقلی پاشای ساڵی ١٧٨٣ هاوپەیمانی لەگەڵ رووسیا کرد بەڵام پاڕێزەرەکانی پشتیان تێکرد. ساڵی پاشتر خۆی بە شای فارس راگەیاند. پاشان شاژنە ئیمپراتۆری رووسی کاترینا ویستی سیاسەتی شکستخواردووی رووسیا بەرانبەر وڵاتی جۆرجیا بگۆڕێت، لەبەرئەوە ساڵی ١٧٩٦ سوپایەکی ئامادە کرد و پێش مردنی خۆی دەربەند [باب الابواب] ی باکۆی داگیر کرد. بەڵام پوترووسی کوڕی، کە کەسێکی لاواز بوو، بەپەلە سوپاکەی بانگ کردەوە. ساڵی ١٧٩٧ شا جارێکتر هێرشی کردەوە سەر جۆرجیا، کاتێک "شیشە"ی لەسەر کەناری رووباری ئاراس داگیر کرد، دوو خزمەتکار کوشتیان، کە لەبەر هۆیەکی بێمانا سزای مردنی بۆ دەرکردبوون.

ئاغا محەمەد، فەتح عەلی شای برازای جێگەی گرتەوە، کە سەرەتا ناچار بوو بەزەبری چەک تەخت لە سادق خانی مامی بسێنێت. خەمی یەکەمی ئەوە بوو تاران بینا بکاتەوە کە ئەفغانییەکان وێرانیان کردبوو، بەڵام تەنیا زستانی تێدا بەسەر دەبرد لەکاتێکدا بەپێی نەریتی پێشینە دەوارنشینەکانی- هاوینی لە خێوەتگەی گەورە لە دەشتایی سوڵتانییە بەسەر دەبرد. راستییەکەی وەک وڵاتێکی دوژمنی فەتحکراو تەماشای فارسی دەکرد، کە ئەرکی ئەوە نیە حوکمی بکات، بەڵکو ئەوەیە چەندە دەتوانێت بیقۆزێتەوە. کوڕەکانیشی حاکمی ویلایەتەکان بوون و لەوەدا جێپێی ئەویان هەڵدەگرت.

فەتح عەلی و ناپلیۆن

ئەگەر سیاسەتی دەرەوەی فارس تا ئەوکاتە لە سنووری پەیوەندییەکانی بە رووسیا و ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا کورت بووبوویەوە، راستییەکەی ناپلیۆن خستبوویە ناو پلانە مەترسیدارەکانی. بەوەی چاوی لەسەری بوو، تەنانەت دوای کشانەوەی لە میسر و سووریا، بیکاتە بنکەیەک بۆ ئۆپەراسیۆنە جەنگییەکان دژی هیند. کاتێک ناکۆکی لەنێوان ئەو و رووسیا دروست بوو، ساڵی ١٨٠٧ نێردەیەکی تایبەتی بەسەرۆکایەتیی ژەنەرال گاردان Gardanne لە فارسوفیاوە نارد بۆ تاران، ئەویش دوای ئەوەی لە ٧ی ئایار پەیماننامەیەکی لەگەڵ شا دژی رووسیا گرێ دا. هەرچۆن بێت، پەیماننامەی تیلسیت هەموو ئومێدێکی شای بۆ بەدەستهێنانی یارمەتیی ناپلیۆن بەبادا، بەم شێوەیە شا رووی کردە بەریتانیا و داوای لێکرد ژمارەیەک ئەفسەری بۆ بنێرێت تا ئەو کارەی نێردە سەربازییە فەرەنسییەکە لە سوپای فارسیدا دەستیان پێکرد تەواوی بکەن. بەڵام ئەو مەشقدەرانە بەکەمی نەبێت نەیانتوانی خزمەتی سوپاکە بکەن، لەبەرئەوەی ئەوانەی تا ئەوکاتە ئەرکی جەنگەکانیان لە فارس لەئەستۆدا بوو هەندێ سوارەی دەوارنشین بوون و هیچ بناغەیەک بۆ پێکهێنانی سوپایەکی مەشقدراو لە پیادە لەئارادا نەبوو.

جەنگ دژی رووسیا

ئەگەرچی شا سەرەتا ئامادەیی پیشان دا بۆ بەشداریکردن لە هەڵمەتێک ناپلیۆن دژی هیند ئەنجامی بدات، بەڵام ئامانجی سەرەکی داگیرکردنەوەی جۆرجیا بوو، کە ساڵی ١٨٠٠ بەڕەسمی لکێنرا بەرووسیاوە پاش ئەوەی دواین پاشای ئەو وڵاتە، جۆرجی دوازدەیەم لە سەرەمەرگدا، تاجەکەی پێشکەش بە قەیسەر کرد. شا هێشتا دەیتوانی بەرپەرچی هێرشێکی بەرایی رووس لە ساڵی ١٨٠٤ بۆ سەر رەوان بداتەوە، هەروەها توانی بەرگرییەکی سەرکەوتوو لە کەنارەکانی دەریای قەزوین بکات. بەڵام ساڵی ١٨١٢ سوپایەکی رووسی کەوتە ڕی بۆ شەڕی فارس لەسەر رووباری ئاراس و شەڕێک لەنێوان هەردوولادا بەرپا بوو، تێیدا فارس تووشی شکستێکی کەمەرشکێن بوو و فەرماندەی پیادەی بەریتانیش کوژرا. ئەوکاتە فارس ناچار کرا بەقبوڵکردنی ڕێکەوتنی ئاشتی. عەباس میرزا شازادەی جێنشین کە سەرکردایەتیی سوپای دەکرد، دەستی لە هەر تەماعێکی فارس لە ویلایەتەکانی قەوقاز: جۆرجیا، داغستان، مینگرێلیا، ئیمرتیا و ئەبخاز، هەڵگرت. هەروەها دەستی لە هەرێەک لە دەربەند و باکۆ و شیروان و شەکی و قەرەباغ و بەشی هەرەزۆری تالیش (تیلسان) لە هەرێمی جیلان لەسەر دەریای قەزوین، هەڵگرت بۆ رووسیا. بەڵێنیشی دا لە ئایندەدا کەشتیی جەنگی لەو دەریایەدا نەبێت، هەموو ئەوانە لەبەرانبەر بەدەستهێنانی بەڵێنێک بۆ پشتگیریکردنی کاتێک دەچێتە سەر تەخت.

بەڵام ئەم پەیماننامەی گوڵستانە سنووری جیاکەرەوەی نێوان هەردوو دەوڵەتی بەوردی دیاری نەکرد، لەئەنجامی ئەمەدا ناکۆکییەک لەنێوان هەردوولا سەری هەڵ دا و بووە هۆی سەرلەنوێ بەرپابوونەوەی جەنگ لە هاوینی ساڵی ١٨٢٦. ئەوکاتە شازادەی جێنشین عەباس میرزا حاکمی ئازربایجان لە رووباری ئاراس پەڕییەوە و تالیشی داگیر کرد. بەڵام لە ئەیلوولدا لەنزیک جەنزە شکا و ناچار کرا بگەڕێتەوە ئەمبەری رووبارەکە.

لە بەهاری ساڵی ١٨٢٧ رووسەکان بەسەرکردایەتیی ژەنەرال پاسکیفچ Paskiwvic لە سنووری فارس پەڕینەوە. شاری (رەوان)ی قایم بەرەنگارییەکی سەرکەوتووی کردن، بەڵام توانییان ئەچمیاجینی دراوسێ -بارەگای بەتریارکیی ئەرمەنی- و هەروەها نەخشەبان و قەڵای گرنگی عەباس ئابادیش داگیر بکەن. تا کاتێک عەباس میرزا چوو بۆ رزگارکردنی ئەو عەباس ئابادە لە ١٨ی تەممووز تووشی شکستێکی گەورە بوو، بەڵام زۆری نەبرد لە ٢٩ی ئاب لە ئەچمیاجین بەسەر رووسەکاندا سەرکەوت. بەڵام شای چرووک خەرجی پێویستی بۆ درێژەدان بە هەڵمەتەکە بۆ دابین نەکرد و ناچار بوو لەبەردەم رووسەکاندا لە مەیدان بکشێتەوە، کە لە ١٣ی تشرینی یەکەمدا یەریڤانیان داگیر کرد، ئەوکاتە هەموو ئازربایجان کەوتە بەرپێکانیان، بەو شێوەیە تەورێزیان داگیر کرد و لە تشرینی یەکەمدا ئەردەبیلیان وێران کرد، کە دەوڵەتی سەفەوی تێدا لەدایک بوو. لە ٢١ی شوباتی ساڵی ١٨٢٨ شا ناچار کرا بەئیمزاکردنی رێکەوتنامەی ئاشتی تورکمانچای، کە بەو پێیە دەستی لە هەردوو هەرێمی یەریڤان و نەخشەبان هەڵگرت و کۆمەڵێک ئیمتیازاتی بەخشییە رووس لە ئیمپراتۆرییەتەکەیدا، هاوشێوەی ئەو ئیمتیازاتانەی لە تورکیا کاریان پێدەکرا. پاش ماوەیەک دەوڵەتانیتری ئەوروپیش داوای ئەو ئیمتیازاتانەیان کرد. لەڕاستیدا بەریتانیا ئەو تەنگانە دارایییەی بەهۆی خەرجییەکانی جەنگی رووسییەوە شای تێکەوتبوو قۆستەوە، بۆ ناچارکردنی بۆ دەستهەڵگرتن لەو مافی یارمەتیدانەی لە پەیماننامەی تارانی ساڵی ١٨١٤دا بەڵێنی پێ درابوو.

ملکەچاندنی خوراسان

شا هەوڵی دا لەدەستدانی هەرێمەکانی رۆژئاوا بەوە قەرەبوو بکاتەوە کە خوراسان بەباشی وەبەر بهێنێت، کە لە سەردەمێکی دوور و درێژەوە بەناو بەشێک بوو لە ئیمپراتۆرییەتەکەی. لەو ناوچەیە کۆمەڵێکی بەهێز لە خەنادانانی فارس مابوون و ولاتەکە لەبەردەم پەلاماری بەردەوامی بەدەوکانی تورکماندا بوو. لە پایزی ساڵی ١٨٣١ عەباس میرزا ئاراستەی ئەوێ کرا و ولاتەکەی لە ماوەی دوو ساڵدا ملکەچ کرد، پاش ئەوەی ناچار بوو گەمارۆ بەسەر شارە سەرەکییەکاندا بسەپێنێت هەندێ جار بۆ ماوەیەکی د - لەڕاستیدا کەوتنی سەرخەس کە "خان"ێکی تورکمانی حوکمی دەکرد، "خان"ی خوارەزمی دراوسێی -کە هەوڵێکی شکستخواردووی بۆ بەهاناوەچوونی دا- ناچار کرد سنووریک بۆ پەلامارەکانی دابنێت.

هەوڵدان بۆ ملکەچاندنی ئەفغانستانیش

عەباس دوای ئەو سەرکەوتنە، هەوڵی دا ئەفغانستانیش ملکەچ بکات. لەو وڵاتە، کە لە سەردەمی سەفەوییەکاندا لەنێوان ئەوان و مەغۆلی هیندیدا دابەش بووبوو، ئەو هۆزە ئەفغانییانەی لە چیاکان نیشتەجێ بوون، پارێزگارییان لە سەربەخۆییەکی رێژەیی کردبوو. زیادبوونە سروشتییەکەیان دەرژایە دوو جۆگەلە، یەکەمیان بەئاراستەی رۆژهەڵات بەرەو دەشتایی هیندی و ئەویتریان بەئاراستەی رۆژئاوا بەرەو زەوییە نزمەکان لە حەوزی رووباری هیلمەند. تا کاتێک دەوڵەتی سەفەوییەکان لەبەریەک هەڵوەشا مەحموود، گەورەی غیلزائی، بووبوو بە پاشای وڵاتی فارس. بەڵام زۆری نەبرد نادر شا ئەشرەف، ئامۆزا و جێنشینی مەحموودی لە دەسەڵات دامالّی. دوای مردنی نادر، لە قەندەهار یەکێک لە گەورەکانی هۆزی ئەبدالی کاروباری گرتە دەست، کە لە سوپای نادردا کاری دەکرد و بانگەشەی ئەوەی کرد ئەو سەرپەرستە بەسەر نەوەی نادرەوە، شاە روخ، پاشان دەستی بەسەر خوراسانیشدا گرت. وەک شایش نازناوی (دوڕی دوڕان)ی وەرگرت، لێرەوە لەناو ئەندامانی هۆزەکەیدا بە دوڕانی ناسرا. جێنشینەکەی، تەیموور شا (١٧٧٣-١٧٩٣) پایتەختەکەی گواستەوە بۆ کابول. سالّی ١٨٠٠ کوڕی ئەمەی دوایی، زەمان شا، لەسەر دەستی مەحموود شای برای لەدەسەڵات خرا. لە ماوەی حوکمە پڕ لە شڵۆقی و پیلانگێڕانەکاندا کابولی لەدەست دا کە دۆست محەمەد دەستی بەسەردا گرت (برای ئەم دۆست محەمەدە، فەتح خان، کاتی خۆی یارمەتی دابوو بۆ وەرگرتنی جڵەوی حوکم، کەچی پاشتر دۆست غەدری لێکرد)، وەک چۆن باقی وڵاتی لەدەست دا، بەهیراتەوە و سەرانی هۆزی بارکزای دەستیان بەسەردا گرت. دوای مردنی مەحموود سالّی ١٨٢٩ کامرانی کوڕی لە هیرات کاروباری گرتە دەست. ئەوکاتە عەباس میرزا داوای لێکرد خۆ بەدەستەوە بدات، کاتێک رەتیکردەوە، عەزمی جەزم کرد لەگەڵی بجەنگێت. لەڕاستیدا لە گەشتێکدا دەرچوو بۆ تاران بەمەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵمەتەکە، بەڵام لەو رێگەیەدا لە ٢١ی تشرینی یەکەمی سالّی ١٨٣٣، لە مەشهەد لە خوراسان، مرد. محەمەدی کوڕی – کە ئەوکاتە گەمارۆی هیراتی دابوو- بەبیستنی هەواڵی مردنی باوکی، بەپەلە خۆی گەیاندە تاران، بۆ ئەوەی تەخت بۆ خۆی مسۆگەر بکات پاش ئەوەی فەتح عەلی بەسالاچوو، لە کۆتایی ژیانی نزیک دەکەوتەوە، کە لە ٢٣ی تشرینی یەکەمی سالّی ١٨٣٤ مرد.

ژیان لە کۆشکی فەتح عەلی

یەکێک لە کوڕەکانی، بەناوی عەزد ئەلدەولە، لە یاداشتەکانیدا وەسفێکی وردی ژیان لە کۆشکی فەتح عەلی دەکات. لە "حەرەمسەرا" بەرفراوانەکەیدا کۆمەڵێک ئافرەتی هۆزی قاجار و باقی خێڵە ئەریستۆکراتەکانی وڵات پلەی یەکەمیان گرتووە، کە ژمارەیان

دەگەیشتە نزیکەی چل کەس. جوانترینیان ئاسیا خانم دایکی شازادەی جێنشین بووە. لەپاڵ ئەودا تەنها یەک ئافرەت هەبووە سۆز و خۆشەویستیی پاشای بەدەست هێناوە، ئەویش دایکی ئەمیر قاسم بووە. ئەوانیتر دەبوو تەنیا بە شەرەفی پێشکەوتنیان بەسەر باقی ئافرەتانی کۆمەڵگەدا رازی بن، لەکاتێکدا کەنیزەکەکان -کە بەگشتی سەر بە چینە نزمەکانی گەل بوون، یەکێکیان مەریەم خانمی جولەکە بوو- دەستیان بەسەر دڵی شادا دەگرت. سەرپەرشتیکردنی دارایی کۆشک بە ئافرەتێک سپێرابوو پێشتر کەنیزەک بوو. قاوەگێڕی مێزی شایش پێگەیەکی بەرزی هەبوو. (ئەو ژنانە) کۆمەڵێک ئیمتیازاتیان هەبوو، لەوانە ئەوە بوو ئەگەر کێچێکیان لەناو کراسی شادا بدۆزیایەتەوە و بیانهێنایە بۆ یەکێک لە ئەمیرەکان تا شەرەفی ئەوەیان پێ ببڕێت ئەو جانەوەرە بکوژن، لەبەرانبەردا بڕێک پارەیان دەدرایە کە شا خۆی دیاری دەکرد. لەراستیدا ئەو زیادە مەسرەفییەی -سەرەڕای چروکیی شا- لە کۆشکدا دەکرا، ، سنووری نەبوو. گێڕانەوەکان باسی ئەوە دەکەن کەنیزەکە دۆست تاووس خانم بەتەنها سالانە لانیکەم ١٢ هەزار تومان (٢٣٠٠٠ دۆلار)ی لە ئاڵەت و بەهاراتی چێشتخانەدا خەرج دەکرد. شا هەوڵی دەدا خەرجییە قورسەکانی ئەم خێزانە لەو ماڵەی وەک مارەیی یان جەهاز (البائنة) لە هاوسەرگیریدا دەدرا، دابین بکات. داهاتی رەسمی لەو باجانەی بەسەر ئەو زەوییانەی بەکرێی مامناوەند بەکرێ درابوون لە ٩٨٩ هەزار تومان زیاتر نەبوو، لەکاتێکدا داهاتەکانی لە دیاریپەکانی نەورۆز (سالی نوێ) و غەرامە داراییەکان و دەستبەسەرداگرتنەکان سالانە دەگەیشتە نزیکەی ملیۆنێک و ٥٠٠ هەزار تومان. هاوکات پێویست بوو لەسەر سوپا و دەزگای دەوڵەت خۆیان خەرجییەکانی خۆیان دابین بکەن.

محەمەد پاشا ناچار بوو سەرەتا تەخت لە هەردوو مامەکەی، (فەرمان فەرما) حاکمی هەرێمی فارس و (ظل السلطان) حاکمی تاران کە "ئەمیر ئەلدەولە" بوو رزگار بکات، لەوەیشدا سەرۆک وەزیرانی شای کۆچکردوو پاڵپشتی دەکرد. لە تەورێز کە محەمەد لەوێ دەژیا، بالیۆزی بەریتانی کامبل Kampbel سولفەیەکی دایە تا بۆ خەرجکردنی مووچەی هێزەکانی پشتیی پێ ببەستێت، کە زۆری نەبرد بەسەرکردایەتیی بیشۆن Bethuneی ئینگلیز بەرەو تاران کشان. (ظل السلطان) هیچ بەرەنگارییەکی پیشان نەدا، لەکاتێکدا بیشۆن ناچار بوو بەرەو ئیسفەهان بکشێت و شەڕی فەرما بکات و لای قومیشاە بیشکێنێت. فەرمان بەدیل گیرا و لە رێگەی گواستنەوەیدا بۆ مەنفاکەی لە ئەردەبیل، مرد.

محەمەد شا لە ئەفغانستان لەگەڵ بەریتانییەکان تێکدەگێڕێت

محەمەد لەگەڵ چوونە سەر تەختدا دەستی بەو چالاکییەی کردەوە کە لەوکاتەی ئەمیر بوو دژی ئەفغان دەستی پێکردبوو پاش ئەوەی کامران لەسەر نەدانی سەرانە سوور بوو،

بگرە تێی پەڕاند بۆ داگیرکردنی هەرێمی سیجیستان (سیستان) کە فارس بەهی خۆی دادەنا. لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٣٧ محەمەد پەلاماری خاکی ئەفغانی دا. بەڵام هیرات جوامێرانە بەرگری لە خۆی کرد، چاکەی ئەو خۆڕاگرییەیش بۆ مولازمێکی بەریتانی لە تۆپخانەی بۆمبای دەگەڕێتەوە بەناوی پۆتینگەر Pottinger، برازای موقیمی بەریتانی بوو لە سند و بەدزییەوە هاتبووە هیرات. دەبوو ئەفسەرانی بەریتانی پێش دەستپێکردنی هەڵمەتەکە خزمەتکردنی شا بەجێ بێڵن. محەمەد وردە وردە کەوتە ژێر کاریگەریی باڵیۆزی رووسی کۆنتی دەلماسی سیمۆنیچ Simonich کە ژمارەیەک ئەفسەری رووسی خستە بەردەستی بۆ سەرکردایەتیکردنی ئۆپەراسیۆنە جەنگییەکان. لە حوزەیرانی ساڵی ١٨٣٨ ئینگلیز ٣٨٧ سیپاهییان نارد بۆ دورگەی خارەک لە کەنداوی فارسی و هەڕەشەیان لە شا کرد بەهێرشکردن ئەگەر بێتو گەمارۆی سەر هیرات هەڵنەگرێت. دۆست محەمەد حاکمی کابول تا ئەوکاتە رەتیدەکردەوە باوەڕ بە بەڵگەکانی هەریەک لە کاربەدەستانی سیاسیی بەریتانی و رووس بکات، کە هەوڵیان دەدا وای لێبکەن بەشداری لە ململانێکەدا بکات چ لەگەڵ هیرات، چ دژی. تا کاتێک هێرشێکیتر بۆ سەر قەڵاکە کە رووس پلانەکەیان دانابوو شکستی هێنا، محەمەد بەگوێی باڵیۆزی بەریتانی کرد و گەمارۆی سەر شارەکەی هەڵگرت و لە ٨ی ئەیلوولدا گەڕایەوە. بەریتانییەکان بۆ ئەوەی رێگە بگرن لەوەی جارێکیتر سنوورەکانی هیند بکەونەوە بەر مەترسی چ لەلایەن فارس یان لەلایەن رووسەوە، ساڵی ١٨٣٩ کابول و قەندەهاریان داگیر کرد و شا شوجاعیان لە هۆزی سادوزای کرد بە ئەمیر، کە بوو بە داردەستێکی گوێ لەمست و سیاسەتی ئەوانی بەوردی جێبەجێ دەکرد. بەڵام زۆری نەبرد ساڵی ١٨٤٢ دۆست محەمەد شکستێکی خوێناوی بەسەر بەریتانییەکاندا هێنا و ناچار بوون لە وڵاتەکە بکشێنەوە و وەک ئەمیر دانی پێدا بنێن.

محەمەد شا سەرەڕای شکستی سیاسەتەکەی، لە زێدە گرنگیدان بە رووس بەردەوام بوو و گەورەترین هەژموونی لە وڵاتەکەیدا پێ بەخشین و رازی بوو بە دریژبوونەوەی حوکمیان بۆ ئەودیو دەریای قەزوین بەداگیرکردنیان بۆ دورگەی ئەشوراده. محەمەد شا ئەو نەریتەیشی هەبوو دەسەڵات لە هەرێمە جیاوازەکان بداتە ئەو کەسەی گرانترین نرخی پێ بدات، لەبەرئەوە سەیر نیە، ئەو کەسانەیش بەزووترین کات هەوڵی رووتاندنەوەی خەڵک بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو پارەیە بدەن، چونکە هەمیشە لەوە دەترسا خۆی لەکاتێکی نزیکدا بفرۆشرێت. بەم شێوەیە دەبینین یەکێک لە والییەکانی کرمانشا کە تازە پۆستەکەی وەرگرتبوو، ساڵی ١٨٤٦ دەستی بەسەر سەرجەم مەڕەکاندا گرت و لە دەرەوەی وڵات فرۆشتنی بەبێ گوێدانە ئەو برسێتییەی لەئاکامی ئەوەدا لە ناوچەکانی هەرێمەکەیدا بڵاو بوویەوە.

ناسرەدین شا و تەقی خانی وەزیری

کاتێک محەمەد شا لە ٤ی ئەیلوولی ساڵی ١٨٤٨ کۆچی دوایی کرد گەورەترین کوڕی جێگەی گرتەوە، ناسرەدین، کە تەمەنی تەنیا شازدە ساڵ بوو. وا دیارە حوکمەکەی بەسەرەتایەکی خۆش دەستی پێکردوە ئەگەرچی سەرەتا ناچار بوو شۆڕشێک سەرکوت بکات کە "خان"ێکی قاجاریی لاو لە ئازربایجان بەرپای کرد، کە هەواداری لە خوراسان هەبوو و لەلایەن ئەفغانییەکانیشەوە پاڵپشتی دەکرا. شای لاو یاوەرە سەربازییەکەی، تەقی خانی بە وەزیری یەکەم دامەزراند -کە کوڕی چێشتلێنەرێک بوو لە خزمەتی وەزیر محەمەددا کاری دەکرد- تەقی نازناوی وەزیری خستە لاوە و تەنیا نازناوی "ئەمیری نیزام" واتە فەرماندەی بالای سوپای لەخۆی نا. لەڕاستیدا کۆششەکانی بۆ لەناوبردنی خراپە کارگێڕییە زۆر و زەبەندەکان سەرەتا سەرکەوتنی بەدەست هێنا و زۆر کەسی خاوەن هەژموونی کردە دوژمنی، بە شاژنە دایک خۆیشیەوە. تا ساڵی ١٨٥١ ئەو دژبەرانە بەهۆی جەماوەریبوونی لەناو ریزەکانی سوپادا توانییان دڵی شای لێ پڕ بکەن و لە کۆشک دوور خرایەوە و ماوەیەکی کەم پاش ئەوە کوژرا. ناسرەدین ئەوەی چنییەوە کە باوکی بە ملهوڕییە کوێرانەکەی چاندبووی. دەبوو لەپاڵ ئەو شۆڕشانەی لە شوێنی جیاجیا لەنێو رەعییەتە چەوساوەکەدا بەرپا دەبوون، رووبەڕووی بزوتنەوەیەکی ئایینیی مەترسیداریش ببێتەوە.

بزوتنەوەی "باب"ی ئایینی

دامەزرێنەری ئەم بزوتنەوەیە، سەید عەلی محەمەد لە بووشیر (بووشەهر) لە ٢٦ی ئاداری ساڵی ١٨٢١ لەدایک بووە، لەوێ لە بواری بازرگانیدا کاری دەکرد، بەڵام زۆری نەبرد لە تەمەنێکی زۆر زوودا خووی دایە وردبوونەوە لە مەسەلە ئایینییەکان. پاشان لەکاتی حەجکردنی بۆ کەربەلا بە عەقیدەی شەیخیی باتنی ئاشنا بوو، کاتێک گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی لە مزگەوتی ئەلحەدادین لە شیراز هەڵمەتێکی بۆ سەر بۆچوونە شیعییە باڵادەستەکانی وڵات دەست پێکرد. دوای مردنی سەرۆکی مەزهبی شەیخی، سەید کازمی رەشتی، پیاوانی مەزهبەکە ئەویان بەجێنشینی هەڵبژارد. سەید عەلی محەمەد لەکاتی حەجکردنی لە مەککە کۆمەڵێک پەیامی دانا کە شوێنکەوتەکانی بە وەحی ئیلاهییان دادەنان. کاتێک لە ٢٣ی ئایاری ساڵی ١٨٤٤ چوو بۆ شیراز، دوای تێپەڕبوونی هەزار ساڵی تەواو بەسەر دیارنەمانی ئیمامی دوازدەیەم، کە مەزهبی دوازدە ئیمامی شیعی چاوەڕوانی دەرکەوتنی دەکرد، هەستی کرد -بەوتەی خۆی- بانگ کراوە بۆ ئەوەی ببێتە ئەو دەرگا

"باب"ـەی مرۆڤ دەتوانێت لەڕێیەوە لەگەڵ ئیمامی جێبەجێکاری ویستی خودا یەکبگرێت. راستە عەقیدەی باب، کە شوێنکەوتەکانی لەوەوە ناونران "بابی"، لەو بیروباوەڕانە بووە کە شیعە هەمیشە باسی کردوون، بەتایبەت شەیخییەکانیان، بەڵام عەلی محەمەد لەوە دوورتر چوو و پاشتر خۆی ناونا "خاڵی باڵا" یان "خاڵی بەیان" واتە "وەحی". پاشان خۆی ناونا: هەستاو "القائم" (واتە ئەو پیاوەی لە ئاڵی بەیتی پێغەمبەر لە ئاخر زەماندا هەڵدەستێت). دواین بۆچوونەکانی ئەوە بوو بانگەشەی ئەوەی دەکرد ئەو بەرجەستەکردنی وەحی ئیلاهی خۆیەتی، کە دواین جار و ١٢٧٠ ساڵ پێشتر لەسەر زەوی لە کەسایەتیی محەمەدی پێغەمبەردا دەرکەوتوە. بەتێپەڕینی رۆژ وردە وردە زیاتر لە بیروباوەڕە ئیسلامییە بنچینەییەکان دوور کەوتەوە کە سەرەتا پابەندیان بوو و هەنگاوێتری لەپێناو پێکهێنانی عەقیدەی تایبەتی خۆیدا هاویشت. لەکاتێکدا سەرەتا تەنیا دەیویست خۆی بە ئیمامی مەهدی دابنێت -کە محەمەد مژدەی دەرکەوتنی داوە، وەک کە مەسیح مژدەی دەرکەوتنی محەمەد خۆی داوە لە "بارکلیت"دا- کەچی دەبینین پاشتر خۆی بە "ئاوێنە" ناو دەبات کە باوەڕداران دەتوانن بەهۆیەوە خوا ببینن. هەروەها وەک چۆن پێغەمبەرایەتیی محەمەد بە قورئان پشتگیری کرا، ئەوا بانگەوازی "باب"یش بە "البیان" درەوشایەوە. لەڕاستیدا هونەر نواندنی لە بەکارهێنانی ژمارەکاندا، کە شوێنێکی فراوانیان لە سۆفیگەری ئیسلامیی کۆندا داگیر کردوە، یارمەتی دا بۆ تەفسیر و تەئویلکردنی بیروباوەڕەکەی، تا وای لێبێت پەسەندکراو بێت. ژمارە ١٩ بەلایەوە پیرۆزییەکی تایبەتی هەبوو، لەبەرئەوەی بەهای ژمارەیی هەریەک لە کۆمەڵە پیتی هەردوو وشەی عەرەبی "واحد" و "وجود" دەنوێنێت، لێرەوە ساڵی دابەش کرد بۆ ١٩ مانگ و هەریەک لەوانەیشی دابەش کرد بۆ ١٩ رۆژ، ئەنجوومەنێکیشی پێکهێنا کە لە ١٩ گەورە لە گەورەکانی تایفەکە پێکدەهات. لەوەیشدا کە داوای لە شوێنکەوتەکانی دەکرد مردوەکانیان لە تابووتی بەردیندا بنێژن تا بە خاک پیس نەبن، پشتی بە بیروباوەڕە نەتەوەییە کۆنەکانی ئایینی زەردەشتی بەست. هەروەها پشتی بەو بیروباوەڕانە بەست تا جەژنی نەورۆز بکاتە جەژنی سەرەکی، کە هەمیشە لە سایەی ئیسلامیشدا ئاهەنگی بەشکۆی بۆ دەگێڕدرا، هەروەها بۆ داهێنانی پێشوازیکردن لە خۆر بە سڵاولێکردن لە بەیانیی رۆژی هەینیدا. ئافرەتانی لە حیجاب ئازاد کرد و ڕێگەی پێدان لەرووی کۆمەڵایەتییەوە تێکەڵ بەپیاوان بن. خوێندنی فیقهـ و فەلسەفەی قەدەغە کرد کە پێشتر باو بوو. لەراستیدا ئاینەکەی، ڕێک وەک ئیسلام، ئامانجی بااڵدەستی بوو لە جیهاندا. ئەم سەروەرییەیش لە پێنج هەرێمە پیرۆزەکەی فارس کەوتەوە و رایگەیاند، لەمڕۆ بەدواوە رازی نەبن کافران حوکمی شوێنکەوتوانی ئایینی نوێ بکەن.

ململانێ لەنێوان "باب" و حکومەتی شادا

ساڵی ١٨٤٥ باب پەیامبەرەکانی لە بوشیرەوە نارد بۆ شیراز، بەڵام زۆری نەبرد حکومەت لێیان کەوتە تەقە. لە ٦ی ئاب حاکمی هەرێمی فارس ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی بانگەوازکردنی نوێی لێ قەدەغە کردن. لە بیستی هەمان مانگدا سوارەکانی نارد بۆ بووشەهر بۆ دەستگیرکردنی باب خۆی. بەگواستنەوەی بۆ شیراز حوکم درا و خرایە کونجی زیندان، بەڵام دوای شەش مانگ توانی رابکات و لەلایەن مەنوچەهر خان حاکمی ئیسفەهانەوە بەگەرمی پێشوازی لێکرا. کاتێک ئەو پشتیوانەی لە شوبات یان ئاداری ساڵی ١٨٤٧ مرد، پەلکێش کرا بۆ ماکو Maku لە ئازربایجان و سێ ساڵ لە زیندانداا مایەوە. لەو کاتەدا موریدەکانی زۆر چالاکانە سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی بیر و بۆچوونەکانی بوون لە سەرتاسەری وڵاتی فارسدا. چالاکییەکەیش سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا. هاتنی خاتوونە شاعیری نەشمیلەی قەزوین (قورەتولعەین) بۆ ناو گرووپەکە دەنگدانەوەیەکی تایبەتی هەبوو. سەرەتا بیر و بۆچوونەکانی دەربارەی ئافرەت بەرجەستە کرد، بەوەی حیجابی لابرد و کەوتە بانگەوازکردن لەناو کۆمەڵگەدا. لەبەرئەوە خاڵی -کە زانایەکی موجتەهیدی بەناوبانگ بوو- لەعنەتی لە باب کرد، بەوهۆیەوە بابییەک لە یەکێک لە مزگەوتەکان لێی هەستایەوە و کوشتی. لە هاوینی ساڵی ١٨٤٨ بابییەکان کەوتبوونە دروستکردنی پشێوی لە مەشهەدیش، کاتێک لە بارفوروش (بالفوروش) دەرکران لەنزیک مەزارگەی شێخی تەبەرسی لەدووریی ١٢ یان ١٥ میل لە باشووری شار خۆیان دامەزراند. لەوێ شای نوێ ناسرەدین سوپایەکی نارد بۆ لێدانیان. باب و شوێنکەوتەکانی توانییان هێرشی یەکەم سەرکەوتووانە بەرپەرچ بدەنەوە، بەڵام لە تەممووز-ئابی ساڵی ١٨٤٩ ناچار بوون خۆیان بەدەستەوە بدەن دوای ئەوەی بەڵێنێکیان بۆ لێخۆشبوون لێ وەرگرت. سەرەڕای ئەو بەڵێنەیش سەربازانی شا شمشێریان لە گەردنیاندا خستە کار. بەڵام لە زەنجان شوێنکەتوانی باب بەدرێژایی نزیکەی ساڵی ١٨٥٠ خۆیان لەبەردەم هێزەکانی حکومەتدا راگرت کە لەڕووی هێز و ژمارەوە بااڵدەستتر بوون. لە ٨ی تەممووزی هەمان ساڵ باب خۆی.لەگەڵ یەکێک لە موریدەکانی لە تەورێز لەسێدارە درا.

بەڵام ئەم بەشەهیدی مردنەی گەورەی بابیزم بوو بە یەکەم بزوێنەر بۆیان بۆ بەرەنگاریکردن. شۆڕش تەواوی وڵاتی گرتەوە و کەوتنی گەورەی وەزیرانی خێرا کرد. لە ١٥ی ئاب ژمارەیەک لە شوێنکەوتەکانی باب هەوڵیان دا شا بکوژن لەوکاتەی کۆشکە هاوینانەکەی بەمەبەستی راوکردن بەجێ دەهێشت. بەوهۆیەوە دەوڵەت هەڵمەتێکیتری سەرکوتکردنی نوێی دژی شوێنکەوتوانی بابی ئەنجام دا. هەڵمەتەکە توندوتیژ و خوێناوی بوو، تێیدا لە کۆتایی ئاب قورەتولعەینی شاعیر لەگەڵ ژمارەیەک لە شەهیدان لەسێدارە دران.

بەهائولا

سەرانی تایفەکە بۆ خۆ دەربازکردن لەو چەوساندنەوەیە هەلاتن بۆ بەغدا. گەورەیان سوبحی ئەزەل (صبح الازل) بوو، بەلام برا بچووکەکەی بەهائولا تەنانەت ئەوکاتەیش لەو دیارتر و بەرچاوتر بوو. سالی ١٨٦١-١٨٦٦ کتێبی "ئیقان" *Iqan*ی نووسی کە زیاتر لە دانراوەکانی دامەزرێنەرەکە لەناو ئەندامانی تایفەکەدا بلاو بووەوە. لەو رووەوە پێگەی بابیزم لە بەغدا بوو، کە زۆر لە سنووری دەولەتی فارسی دوور نەبوو، هێشتا بەلای حکومەتی شاوە مەترسییەکی بەرچاو بوو، لەبەرئەوە حکومەتی فارس داوای لە بابی عالی کرد بیانگوێزێتەوە بۆ شوێنێکی دوورتر لەناو ئیمپراتۆرییەتەکەیدا. بەم شیوەیە لە هاوینی سالی ١٨٦٤ بران بۆ ئیستانبول و پاشان لە کانوونی یەکەمدا بۆ ئەدەرنە. لەوێ بەهائولا بانگەشەی ئەوەی کرد ئەو یەکەمین دەرکەوتەی ئیرادەی ئیلاهییە کە باب مزگێنی لەبارەوە دا. لەئاکامی ئەوەدا کێشە لەنیوان هەردوولا دروست بوو دوای ئەوەی بالی براکەی رازی نەبوو دان بە بانگەشەکەیدا بنێت. کاتێک کێشەکە بووە هۆی پێکدادانی خوێناوی، بابی عالی ناچار بوو هەردوولای ناکۆک لەیەک جیا بکاتەوە. بەها و شوێنکەوتەکانی نەفی کران بۆ عەککا و سوبحی ئەزەل و شوێنکەوتەکانیشی بۆ قوبرس، کە حکومەتی بەریتانی مووچەیەکی دیاریکراوی بۆ تەرخان کرد. دوای مردنی بەها لە ٢٧ی ئایاری سالی ١٨٩٢ عەبدولبەهای کوڕی بوو بە سەرگەورەی بێ رکابەری تایفەکە. لەڕاستیدا لەپێناو ئەوەی رێبازەکەی بکاتە ئاینێکی ئینسانیی گشتی، وردە وردە توخمە ئیسلامی و سۆفییەکانی ریبازەکەی کردە قوربانی. سەرەنجام توانی خاتوونێکی ئینگلیز بێنێتە ریزەکانی بەناوی لورا کلیفۆرد بارنای Laura Clifford barnay، کە بۆچوونەکانی، لەڕێی وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی، بلاو کردەوە و شوێنکەوتەی بۆ ئاینەکەی پەیدا کرد. سالی ١٨٩٣ بەهائی لە ئەمەریکایش سەری هەلدابوو، پاش ماوەیەکی کورت لە سەرجەم شارە ئەمەریکییە گەورەکان رەوەندی بەهائی پەیدا بوون، کە جگە لەوانەی لە ئاین و مەزهەب جیاوازەکانەوە دەهاتنە ناو ئایینی نوێ، گرووپی گەورە گەورەی زنجیشیان لەخۆ دەگرت.

سالە بەراییەکانی حوکمی ناسرەدین لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەیش سالانی زۆر شووم بوون. ئەوە بوو سالی ١٨٥١ لە هیرات گەنجێکی لێنەوەشاوە بەناوی سەعید محەمەد جلەوی دەسەلاتی گرتە دەست و هەولی دا لەڕێی هاوپەیمانییەکەوە پەیوەندی لەگەل فارسدا ببەستێت. ئەگەرچی شا سالی ١٨٥٣ بەلێنی بە حکومەتی بەریتانی دابوو هیچ هێزێک ئاراستەی هیرات نەکات، بەلام سالی ١٨٥٦ ئەو شارەی گرت. بەریتانیا سەرەتا هەولی دا وا لە دۆست محەمەد بکات بەرەنگاریی فارس بکات، کاتێک ئەو داوایەی

رەت کردەوە ناچار بوو هێزەکانی لە فارس خۆیدا دابەزێنێت، دوای هەندێ شەڕی لابەلایی لەپێناو دەستگرتن بەسەر بووشەهر و خوزستاندا، بەپێی پەیماننامەی پاریس ساڵی ١٨٥٧ شا ناچار بوو لە ئەفغانستان بکشێتەوە و دان بەسەربەخۆییدا بنێت. بەڵام فارس ساڵی ١٨٥٦ توانیبوویان نوێنەری ئەمیری مەسقەت، لە عومان، لە بەندەری بەندەر عەباس، کە بەرانبەر وڵاتەکەیان بوو، دەربکەن کە ئەمیرەکان لە ساڵی ١٧٩٨ەوە بەکرێیان گرتبوو، هەروەک توانیبوویان دەسەڵاتی شا بەسەر هەردوو هەرێمی سیستان و بلوچستاندا بسەپێنن کە تا ئەوکاتە تا رادەیەک سەربەخۆ بوون. بەڵام زۆری نەبرد ئەفغانستانیش پاش سەردەمی ئەحمەد شا داوای کرد سیستانی بخرێتەسەر، شێر عەلی کوڕی دۆست محەمەد، کە ساڵی ١٨٦٣ جێگەی باوکی گرتەوە، جەختی لەو خستنەسەرە کرد، ساڵی ١٨٧٢ نێردەیەکی بەریتانی بۆ دیاریکردنی سنوور بڕیاری دابەشکردنی وڵاتەکەی دا، کە ئەفغانستان هیچی دەست نەکەوت جگە لە ناوچە کڕێن و بێپێتەکانی تەنیشت سنوورەکانی نەبێت.

کشانی ڕووسیا لە ئاسیای ناوەڕاست

لەسەر سنووری باکوور شا بەهۆی حاکمی خوراسانەوە توانی ساڵی ١٨٥٧ مەرو لە دەستی تورکمان دەربێنێت، کە بەهۆی پەلامارەکانیان بەمەبەستی ڕاوکردنی کۆیلە، کەشێکی ترس و بیمی بەردەوامیان لە وڵاتدا دروست کردبوو، بەڵام جێنشینەکەی لەئاکامی شکستێکی گەورە کە پاش سێ ساڵ بەسەریدا هات، شارەکەی لەدەست دا. لەڕاستیدا زۆری نەبرد ڕووسەکان وردە وردە شایان لە هەر نیگەرانییەک لەسەر سەلامەتیی ئەو سنوورانە ڕزگار کرد. لەکاتی ملکەچاندنی قیرغیز لە سەدەی هەژدەیەم و خستنەپاڵی هۆزە بچووکەکان لە هەرێمی ئورینبەرگ Orenburg ساڵی ١٨٢٢، ڕووسیا بەردەوام لە بەریەکەوتنی دوژمنکارانەی ڕوو لەزیاددا بووە لەگەڵ خانەکانی ئوزبەگ لە خوارەزم و بوخارا. هەروەها لە ساڵی ١٧٤٩وە ڕووسەکان لە دۆڵی ڕووباری سەیحونەوە کەوتنە پێشڕەویکردن و لەگەڵ خانایەتیی کۆکەنددا بەریەک کەوتن. ساڵی ١٨٦٨ ئەمیری بوخارا بەزی و ناچار کرا دەستبەرداری سەمەرقەند ببێت. ساڵی ١٨٧٣ خوارەزم خرایە سەر ئیمپراتۆرییەتی قەیسەر، هەروەها کۆکەند (خواقەند)یش ساڵی ١٨٧٦ خرایەسەر ئەو ئیمپراتۆرییەتە. لەنێوان ساڵانی ١٨٧٧ و ١٨٨١دا تورکمانانی تەکەی لە دەشتاییەکانی قەرە قوم ملکەچ کرد، هەروەها ساڵی ١٨٨٤ بەخۆبەدەستەوەدانی خۆویستانەی مەرو بەو وڵاتە، پێگەی ڕووسیا لە ئاسیای ناوەڕاست بەرز بوویەوە و پایەکانی چەسپین.

بەریتانییەکان لە ئەفغانستان

شتێکی سروشتییە بەریتانیای مەزن ئەم پەلهاویشتنەی رووس بە مەترسییەک بزانێت کە هەڕەشە لە هیند دەکات. لەڕاستیدا دوای ئەوەی بەریتانیا رەتیکردەوە دان بە پەیماننامەی بەرایی سان ستیفانۆدا بنێت کە پاش جەنگی رووسی و تورکی ئیمزا کرا، هەروەها دوای ئەوەی هەڕەشەی لە ئیمپراتۆرییەتی قەیسەری کرد کە لەبەری سەرکەوتنەکەی بێوەری دەکات، ژەنەرال سکۆبلیڤ Skobelevی رووسی بەئەرکێک راسپێردرا بەمەبەستی وەرچەرخاندنی بەریتانییەکان لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، ئەویش لەڕێی ئەنجامدانی هێرشێکەوە بۆ سەر ئەفغانستان. بەڵام کۆنگرەی بەرلین کارەکانی تەواو کرد پێش لەوەی سکۆبلیڤ بتوانێت ئامادەکاریی پێویست بۆ ئەنجامدانی ئەرکە سەختەکەی بکات. هێرشەکەی بۆ سەر تورکمانانی تەکە، کە ئەوکات هێشتا سەربەخۆ بوون، شکستی هێنا. بەڵام ژەنەرال ستۆلیتۆف توانی پێشڕەوی بکات بۆ کابول و لەگەڵ نێردەیەکی سەربازیدا بچێتە ناوی و ئەمیر شێر عەلی قایل کرد بە بەستنی هاوپەیمانییەک دژی بەریتانیا کە شێر عەلی هەستی دەکرد لەکاتی دیاریکردنی سنوورەکانی سیستاندا غەدری لێ کردوە. بەریتانیا نەیدەتوانی رێگە بدات ئەو مانۆڕە وا بەسەلامەتی تێپەڕێت، لەبەرئەوە داوای لێکرد پێشوازی لە نێردەیەکی بەریتانی بکات لەگەڵ دەستەیەکی سەربازیدا، کاتێک نێردەکەی لەسەر سنوور گێڕدرایەوە، لۆرد روبەرتس لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٧٨ دای بەسەر ئەفغانستاندا و پاش ماوەیەکی کورت هەریەک لە کابول و قەندەهاری داگیر کرد. ئەوکاتە شێر عەلی پەنای بردە تورکستان و ساڵی ١٨٧٩ لە مەزار شەریف مرد و پاش ئەو یەعقووبی کوڕی جێگەی گرتەوە، کە پێشتر جارێک بەپاڵپشتیی حکومەتی هیند شۆڕشی بەسەردا راگەیاندبوو و باوکی بەوهۆیەوە خستبوویە زیندان. لەڕاستیدا لە پەیماننامەی "گانداماک" لە ٢٨ی ئایاری ساڵی ١٨٧٩ هەر بە پێشوازیکردنی نێردەیەکی بەریتانی لە کابول رازی نەبوو، بەڵکو دەستی لە هەریەک لە رێڕەوی بۆلان Bolan و دۆڵی قورەمیش هەڵگرت، ئەمەیش وای کرد هێزە بەریتانییەکان بتوانن هەرکات بیانەوێت بچنە ناو ئەفغانستان. کاتێک رووس لە هاوینی ساڵی ١٨٧٩ جارێکیتر هێرشێکی سەرنەکەوتوویان کردەوە سەر تورکمان، خەڵکێکی تووڕە لە کابول راپەڕین و بالیۆزی بەریتانی کاڤانیاری Cavagnari و دەست و پێوەندەکەیان کوشت. ئەگەرچی یەعقووب بۆ ئەم رووداوە بەشەخسی داوای لێبوردنی لای حکومەتی هیندی کرد، بەڵام بۆ جاری دووەم رۆبێرتس Roberts هەر خرایەوە ڕێ بۆ ئەفغانستان و کابولی داگیر کرد، بەڵام دوای ئەوە هەوڵێکی زۆری دا تا لە تووڕەیی سوپا میللییەکان کە گەمارۆیان دابوو رزگاری ببێت. پاشان یەعقووب لە تەخت لابرا و دوور خرایەوە بۆ هیند. عەبدولڕەحمانی برازای –کە رایکردبوو بۆ تورکستان- هەوڵی دا بەیارمەتیی رووسیا بچێتە سەر تەخت،

بەلام زۆری نەبرد گەیشتە ئەو باوەڕەی وا ژیرانەترە لەگەل بەریتانیا لەیەکتر تێبگەن. راستە ئەیوب خان، کە یەکێک بوو لە کوڕەکانی شێر عەلی، لە هیرات شۆڕشی دژی راگەیاند، بەلام پێش ئەوەی بگاتە قەندەهار ڕۆبێرتس بەزاندی. لەوکاتەوە عەبدولڕەحمان دەستی بەسەر تەواوی ولاتدا گرت، لەوکاتەدا جلەوی کاروبار لە بەریتانیا کەوتبووە دەست گلادستۆن کە، وەک ئازادیخوازێک، سیاسەتی ئیستیعماریی پێشووی دزرائیلی Disraeli خستە لاوە و دەستبەجێ فەرمانی کشانەوەی بۆ هێزە بەریتانییەکان دەرکرد، لەوەیش دوورتر ڕۆیشت و بەڵێنی دا بالێۆزی بەریتانی لە کۆشکەکەی هەمیشە کەسێکی موسڵمان بێت. بەم شێوەیە ئەفغانستان سەرلەنوێ ئەندازەیەکی باش ئازادی لە بواری سیاسەتی دەرەکیدا بۆ بەدیهات.

هەوڵەکانی چاکسازی لە فارس

دوای سەقامگیربوونی ئاشتی بەم شێوەیە لەسەر تەواوی سنوورەکانی فارس، ئەو ولاتە لە سایەی شا ناسرەدیندا نزیکەی بیست ساڵ پەرەسەندنی لەسەرخۆی بەخۆوە بینی، کە سەرەتا بەهۆی دواکەوتنی گشتیی ولاتەکەوە تەنیا بەرهەمێکی کەمی هەبوو. ساڵی ١٨٦٤ شا –کە بەو ئەندازەیەی یارمەتیی چەسپاندنی دەسەلاتی خۆی و زیادکردنی داهاتی بدات، گرنگی بەبەرهەمەکانی شارستانێتی خۆرئاوا دەدا- ڕەزامەندی لەسەر پرۆژەیەکی بەریتانی پێشان دا بۆ ڕاکێشانی هێڵێکی تێلیگراف کە بەغدای بە بووشەهرەوە دەبەست و بەکرمانشا و هەمەداندا تێدەپەڕی. ساڵی ١٨٧٠ برایانی سیمنس ئەم هێڵەی بەست بەو هێڵەوە کە لە لەندەنەوە و لە ڕێگەی ئەلیکساندرۆفسک و ئۆدێسا و تفلیسەوە بۆ تەورێز دڕێژ دەبێتەوە. پاشان زۆری نەبرد شارەزایانی بەریتانی هێڵی فەرعییان بۆ باقیی هەرێمەکان دامەزراند، ئەوەیش یارمەتیی حکومەتی ناوەندی دا لەسەر باشتر کۆنترۆڵکردنی بارودۆخ تێیاندا. ساڵی ١٨٧٢ سەرۆک وەزیران کۆمەڵێکی گەورە قۆرخکاری بەخشییە شوێنکەوتەی بەریتانی بارون جولیوس دی رویتەر، لەبەرانبەر بەڵێندانی بە ڕاکێشانی هێڵی ئاسن و کردنەوەی کانەکان و دامەزراندنی بانکێکی نیشتمانی لە ولاتدا. کاتێک ساڵی پاشتر گەشتێکی بۆ ئەوروپا ئەنجام دا بەمەبەستی ئاگەداربوون لەو ئاستەی شارستانێتی پێی گەیشتووە، لە پوتروسبێرگ بێزارییەکی زۆری لەو پرۆژانە بەدیکرد، لە لەندەنیش حەماسەتی نەبینی بۆیان، لەبەرئەوە پاش گەڕانەوەی ئەو ئیمتیازاتانەی هەڵوەشاندەوە، لەوەیشدا ئاهەقی نەبوو.

شا ساڵانی ١٨٧٧ و ١٨٧٩یش بەبۆنەی کردنەوەی پێشانگەی نێودەوڵەتی لە پاریس دوو گەشتیری بۆ ئەوروپا ئەنجام دا ، بەلام ئەنجامی پراکتیکیی ئەم دوو گەشتە بەبەراورد بە تێچوونیان لە ولاتەکەیدا شتێکی شایانی باس نەبوو. لەڕاستیدا ئەوەی لەو

دوو گەشتەی و لە چوونی بۆ تەوافی کەربەلا سالّی ١٨٧٣دا بینویەتی و تاقی کردۆتەوە، لە کتیبێکدا بۆ رەعییەتەکانی گێڕاوەتەوە، کە بە شێوازێکی سادە و جوان و دوور لە رازاندنەوەی شێوازی کۆن لە نووسینی مێژوودا، داینـاوە. ئەو شێوازە کاریگەریی باشی هەبوو لە پێکهاتنی پەخشانی فارسیی نوێ.

ناکۆکیی شا و جەمالەدینی ئەفغانی

شا لە دواین گەشتیدا، سالّی ١٨٨٩ لە میونیخ چاوی بە جەمالەدینی ئەفغانی کەوت، کە بانگەوازی بۆ یەکێتیی ئیسلامی دەکرد و لەگەڵ خۆی بردی بۆ تاران. جەمالەدین سالّی ١٨٨٦ لەسەر داوای شا بۆ ماوەیەکی کورت لە کۆشکی شا مایەوە، بەڵام دواتر ناچار بوو وڵات بەجێ بێڵێت، چونکە خەریک بوو پێگەی لەناو فارسدا ترسی لای شا دروست دەکرد. ئەم جارەیشیان شا –دوای ئەوەی سەرەتا بایەخێکی گەورەی بە بۆچوونەکانی لەمەر چاکسازی دەدا- لەژێر کاریگەریی گەورەی وەزیران ئەتابەک ئەعزەم عەلی ئەسغەر خاندا، کەوتە دژایەتیکردنی ئەفغانی. جەمالەدین وەک دالّدەیەک چووە مزگەوتی شا عەبدولعەزیم لە تاران، کە پەناگەیەک بوو بەهیچ شێوەیەک حورمەتی ندەشکێترا، لەوێ توانی بۆ ماوەی حەوت مانگێتر بەردەوام بێت لە کارکردنە سەر موریدەکانی، کە ماوەیەکی کەم پاش ئەوە حزبێکی ئیسلاحییان دامەزراند. بەڵام شا زۆری نەبرد فەرمانی دا لەوێ دەربکرێت و لەڕێی سنووری تورکییەوە ئاودیوی عیراق بکرێت. جەمالەدین یەکەم جار رووی کردە لەندەن، لەوێ کەوتە وروژاندنی ئەوروپییەکان دژی حکومەتی فارسی و تاکڕەوییەکەی، هەروەها لە رێگەی ناردنی نامەی کراوەوە بۆیان لە ئاراستەکردنی لایەنگرەکانی بەردەوام بوو. پاش ماوەیەک عەبدولحەمید خولّکی کرد بۆ ئیستانبوڵ بەئومێدی ئەوەی وەک ئامرازێک بۆ خزمەتکردنی پرۆژەکانی بۆ بەدیهێنانی یەکێتیی ئیسلامی سوودی لێ ببینێت. لەوێ ژیا تا مردنی لە ٩ی ئاداری سالّی ١٨٩٧ لە نیشانتاش Nishantash، بەڵام سوڵتان بەچاوی حەزەرەوە تەماشای دەکرد و خستبوویە ژێر چاودێریی تایبەتی خۆی، بەتایبەت پاش کوژرانی شا، ئەگەرچی رازی نەبوو رادەستی حکومەتی فارسی بکات.

کوژرانی ناسرەدین شا

شا هەوڵی دا لەو قەیرانە دارایـیەی بەهـۆی گەشـتە ئەوروپییەکـانیەوە کە بە زیادەڕەویکردن لە خەرجکردن ناسرابوون، تێی کەوتبوو، رزگاری بێت، ئەویش لەڕێی قۆرخکردنی بازرگانیی توتن لەلایەن حکومەتەوە. بەم شێوەیە سەرپەرشتیکردنی چاندنی تـووتن و بازرگـانی پێـوەکردنی هەمـووی بە چەنـد سـەرمایەدارێکی ئەوروپـی سـپارد

لەبەرانبەر چەردەیەکی سالانە پارە، کە بڕەکەی پازدە هەزار جونەیهی ئیستەرلینی بوو، لەگەڵ چواریەکی قازانج. بەڵام ئەم قۆستنەوە وەحشییانەی یەکێک لەو کالایانەی چێژیان بەخەڵک دەبەخشی، زۆری نەبرد شەپۆلێکی بێزاری و تووڕەیی لەناو خەڵکدا دروست کرد، کە پیاوانی ئاینی بەیداخەکەیان هەڵگرتبوو. لەڕاستیدا گەورەترین موجتەهیدانی وڵات داوای لە خەڵک کرد دەست لە جگەرەکێشان هەڵبگرن، خەڵکێکی زۆر لە هەموو شوێن بەگوێیان کرد. لەکۆتاییدا پاش سەرهەڵدانی پشێوی لە وڵاتدا شا ناچار بوو ئیمتیازەکە بەنیو ملیۆن جونەیهـ بکڕێت، بەوەیش بناغەی قەرزاریی دەوڵەتی فارسی بۆ بانکی شاهانەی بەریتانی دانا کە شا سالی ١٨٨٩ بۆ رازیکردنی دی رویتەر، دایمەزراند. بەڵام ئەم رێکارە بەس نەبوو بۆ دامرکاندنەوەی ئاگری تووڕەیی جەماوەر. ئەوە بوو سالی ١٨٩٦ لەکاتێکدا شا خۆی بۆ ئاهەنگێڕان بەبۆنەی پەنجایەمین ساڵەی چوونە سەر تەختی ئامادە دەکرد، لەوکاتەی وەک نەریتی کۆن دیاری لە رەعییەتەکانی وەردەگرت، بەفیشەکی یەکێک لە موریدانی جەمالەدین کوژرا.

شپرزبوونی دۆخی دارایی لە سەردەمی موزەفەرەدیندا

موزەفەرەدینی کوڕی لە تەورێزەوە کە وەک شازادەی جێنشین لەوێ نیشتەجێ بوو، بەیاوەریی هەردوو باڵیۆزی بەریتانی و رووسی هات بۆ تارانی پایتەخت و بەبێ رکابەر چووە سەر تەخت. پاش ماوەیەکی کورت شوێنپێی باوکی هەڵگرت و بەبیانووی شیفاوەرگرتن لە ئاوی کانزایی گەشتێکی بۆ ئەوروپا ئەنجام دا. شای نوێ هەوڵی دا پێویستیی خۆی لە پارە لەڕێی قەرزکردن لە بەریتانیا پڕ بکاتەوە، بەڵام بێسوود بوو. لەبەرئەوە قەرزێکی ٤٢ ملیۆن رۆبڵی لەو بانکە کرد کە سالی ١٩٠٠ لەلایەن وەزارەتی دارایی رووسییەوە لە تاران دامەزرا لەبەرانبەر بەدەستهێنانی ئیمتیازی دامەزراندنی شەقامێکی گشتی کە لە جولفەوە (جولاهە) بۆ تاران درێژ دەبێتەوە، هەروەها بەرانبەر بەدەستهێنانی مافی گەڕان بەدوای خەڵوزی بەردین و نەوتدا. بۆ گەرەنتیکردنی دانی ئەو قەرزانە بەڕێوەبردنی گومرگ خرایە ژێر سەرپەرشتیی فەرمانبەرێکی بەلجیکی و بازرگانیی رووسی بەشێوەیەکی تایبەت هان درا. لەڕاستیدا گەل ئۆبالی ئەو رێکارە دارایییانەی لێیان چاوەڕوان دەکرێت زیانی گەورە بەوڵاتەکە بگەیەنن، دەخستە ئەستۆی عەینولدەولەی زاوای سوڵتان و گەورەی وەزیرەکانی، کە هیچ بەرهەڵستییەکی لەبەردەم داواکارییە دارایییە نەبڕاوەکانی شادا پیشان نەدەدا. بەم شێوەیە وردە وردە ویستێک لە دەروونی چینە رۆشنبیرەکاندا دروست بوو، کە جۆرە دەسەڵاتێکی بەسەر حکومەتدا هەبێت.

شۆڕش و ژیانی پەرلەمانی

تا ئەوکاتە لە فارس ڕۆژنامەگەرییەک نەبوو گوزارشت لە ناخی جەماوەر بکات. ڕاستە ناسرەدین -لە ساڵی ١٨٥١ەوە کە ساڵی سێیەمی حوکمڕانییەکەی بوو- مەرسوومە شاهانەکانی لە ڕۆژنامەیەکدا بڵاو دەکردەوە کە زۆری نەبرد هەندێ ڕۆژنامەیتری بەدوادا هات. بەڵام خوێنەری فارس ڕۆشنبیریی میللیی خۆی تەنیا لە گۆڤارێکی هەفتانە وەردەگرت کە ساڵی ١٨٧٥ەوە بەناوی "ئەختەر" (ئەستێرە) لە ئیستانبوڵ دەردەچوو. عەبدولحەمید ساڵی ١٨٩٦ دوای تیرۆرکردنی ناسرەدین ڕایگرت. بەڵام یەکەمین هێرشە تونەدەکان بۆ سەر حکومەت لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی "قانون" بوو کە ساڵی ١٨٩٠ لە لەندەن ئەمیر "مەلەکوم خان" -کە باوکی ئەرمەنی بوو- بەهاوبەشی لەگەڵ جەمالەدینی ئەفغانی دایمەزراند، تێیدا بۆ یەکەم جار داوای نوێنەرایەتیکردنی میللی کرد. لە دەیەی حەوتەمی سەدەی نۆزدەیەمیشدا (١٨٦٠-١٨٧٠) یانەیەکی لە تاران دامەزراند کە پاش ماوەیەک حکومەت هەڵیوەشاندەوە. هەروەها لە وڵات دوور خرایەوە، بەڵام ساڵی ١٨٧٢ وەک بالیۆز لە لەندەن دامەزرێنرا.

لەڕاستیدا هۆی ڕاستەوخۆی شۆڕش، وەک زۆر جار وا ڕووەدات، ڕووداوێک بوو کە لە خۆیدا گرنگ نەبوو، ئەویش فەرمانکردنی حاکمی تاران بوو بە جەڵدێدانی ژمارەیەک بازرگان (کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٠٥) بەهۆی قازانجی خەیاڵییان لە بازرگانییی شەکردا. لە فارس، لەکۆنەوە نەریت وابوو خەڵک ئەگەر بۆنی تۆندوتیژییەکەیان لەلایەن سوڵتانەوە بکردایە، لە یەکێک لە مزگەوتەکاندا کۆ دەبوونەوە (ئەم نەریتەیان ناونابوو "بەست" واتە پەناگە) وەک پێشتر جەمالەدینیش وای کرد. لە هەمان مزگەوتی شا عەبدولعەزیم -کە تێیدا جەمالەدین گژبەریی ناسرەدینی کرد-ئەوانەی لە حوکمەکانی جەڵدێدان تووڕە بوون ڕۆژانە بەژمارەی ڕوولەزیاد کۆدەبوونەوە و پاڵپشتییەکی گەورە دەکران نەک تەنیا لەلایەن پیاوانی ئایینییەوە، بەڵکو وەک گومان دەبرێت لەلایەن شازادەی جینشین و هەروەها لەلایەن ئەو وەزیرەیشەوە، کە پێش لەو وەزیرە ناجەماوەرییەی ئەوکات بەرپرسیارێتییەکەی لەئەستۆ گرتبوو، تەنانەت شا ناچار بوو بەڵێن بدات ئەو وەزیرە لاببات، بەڵام پاش بڵاوەلێکردنی حەشاماتەکە شا نەیویست بەڵێنەکەی بەجێ بێنێت. لەبەرئەوە "بەست"ێکیتر لە بەهاری ساڵی ١٩٠٦ ئەنجام درا، کە بەکۆچکردنی گەورە زانایانی ئایینی کۆتایی هات بۆ شاری قومی پیرۆز کە گۆڕی فاتیمەی کچی ئیمامی حەوتەمی لێیە لەپال گۆڕی ژمارەیەکی زۆر لە پیاوچاکان. ئەو کۆچکردنە بوو بەهەڕەشەی فەلەجکردن بۆ ئەو سیستمە قەزاییەی ملکەچی دەسەڵاتی ئەوان بوو. کاتێک عەینولدەولە هەوڵی دا بازرگانەکان بەزەبری هێز ناچار بەکردنەوەی بازاڕەکان بکات، پەنایان بردە بەر بارەگای هاوینەی بالیۆزخانەی بەریتانی لە "جولاهک"، سەرەنجام دوازدە هەزار پیاو لە

باخچەکانیدا کۆبوونەوە. ئەوکاتە شا ناچار بوو ملکەچ بکات و عەینولدەولەی لابرد و پیاوانی ئایینی لە قومەوە بانگ کردەوە. بەڵام گەل ئامادە نەبوو بەو ئەندازەیە لە چاکسازی قایل بێت، لەبەرئەوە شا، بەمیانگیریی باڵیۆزخانەی بەریتانی، ناچار بوو بەڵێن بدات بە داواکردنی پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی نوێنەرایەتیی گشتی کە لەنێو ئەمیرانی مااڵی شاهانە و پیاوانی ئایینی و خانەدانان و زەویدارەکان و بازرگانان و پیاوانی کار پێک بهێنرێت. لە تشرینی یەکەمدا دوای چەند رۆژێک لە کردنەوەی کۆمەڵەی نیشتمانی (ئەنجوومەن)، شا مرد.

ململانێ لەنێوا شا محەمەد عەلی و ئەنجوومەندا

جێنشینەکەیشی، محەمەد عەلی، لەو کەمتر بەپەرۆش و پێداگر نەبوو بۆ پرکردنەوەی گەنجینە بەتاڵەکانی لە رێگەی قەرزکردنەوە، لەسەر هەمان رێچکەی پێشتری باوکی، بەڵام ئەنجوومەن رێگەی پێنەدەدا ئەم حەزەی بێنێتە دی. لەبەرئەوە داوای لە ئەتابەک ئەعزەم عەلی ئەسغەر خان کرد کە سااڵنی رابردوو لە دەرەوە بوو، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ناپەزایی کۆمەڵەی نیشتمانی ئەوەی دەیەوێت بیکات. بەڵام یەکێک لە دەمارتوندان وەزیری کۆشت پاش ئەوەی هەندێ دانوستانی شکستخواردووی لەگەڵ کەسە میانڕەوترەکاندا کرد. ناسر ئەلمولک لە پۆستەکەدا جێگەی گرتەوە، کە ئیداریپەکی ژیر و دانا بوو، توانی لە ماوەیەکی کورتدا لەرێی گرتنەبەری کۆمەڵێک رێکاری بوێرانە بەمەبەستی پاشکەوتکردن لە گەنجینەی گشتیدا، دارایی وااڵت رێکبخاتەوە. بەڵام نەیدەتوانی زەحمەتیپە سیاسیپە زەبەاڵحەکان تەخت بکات. دوای راگەیاندنی دەستوور کۆمەڵێکی زۆر رۆژنامە پەیدا بوون، کە جگە لە ژمارەیەکی کەمیان وەک (المجلس) و (صور ئیسرافیل)، بایەخیان بە رۆشنکردنەوەی هۆشی گەل نەدەدا و زۆربەی زۆریان کاریان تەنیا لە وروژاندنی دەمارگیرییە سیاسییەکاندا کورت کردبووەوە. دیارە زۆریشیان هەر خۆیان تەمەن کورت بوون[١٥٦]. کۆمەڵەی نیشمانی -جگە لە سیاسییە دووربینەکانی وەک تەقی زادەی[١٥٧] تەوریزی و هاوااتییەکانی و هەروەها موجتەهیدە زمانەوانەکانی تاران و ژمارەیەک لە خەنادانان- نوێنەرانی ویلایەتەکانی باشووریشی لەخۆ دەگرت، کە هێشتا زۆر دواکەوتوو بوون. هەرچی هێزی پاڵنەری شۆڕشە لە "ئەنجوومەن"دا خۆی دەنواند، کە هەندێکیان گرووپی لۆکاڵی بوون، لەکاتێکدا هەندێکیتریان لە هەندێ یانەی (مونازەرات) ئەندام بوون، تێیدا بانگەشە بۆ بیری ئازاوەگێڕی و توقاندن دەکرا. نێردەکانیان، وەک بکوژی ئەتابەک ئەعزەم، بەخۆیانیان دەوت "فیدائییەکان"، هاوشێوەی "حەشاشەکان"ی پێش ئەوان.

---

[١٥٦] بڕوانە E. G. Brown, The Press and Poetry of Modern Persia Oxford, 1914.

[١٥٧] بڕوانە: E. G. Brown, Brief Narrative of Recent Events in Persia, London, 1909.

شا بۆ پاراستنی خۆی لەم هێزانە، چەند کەتیبەیەکی تایبەتی پێکهێنا، کە لە سەربازانی مەشقدراوی قوزاق پێکهاتبوون، لەوەیشدا شوێنپێی رووسی هەڵدەگرت. لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٠٧ بەمێشکیدا هات بەیارمەتی ئەوان دەست لە کۆمەڵەی نیشتمانی بوەشێنێت، بەڵام بەهۆی بەرهەڵستیی توندی (ئەنجوومەن)ەوە کە کۆمەکییان لە قەزوینەوە بۆ هات، وازی لە جێبەجێکردنی ئەو بیرۆکەیە هێنا.

رووسیا و بەریتانیا لە فارس هەژموون بەش دەکەن

لەم کاتەدا هەریەک لە رووسیا، کە پاش شکستەکەی لە جەنگی رووسیا و ژاپۆندا دەستی دایە ئاراستەکردنی هەوڵە فراوانخوازییەکانی زیاتر و زیاتر بەرەو ئاسیای ناوەڕاست- و بەریتانیا کە دەیویست رووسیا بەرەو خۆرئاوا رابکێشێت تا لە هیند دووری بخاتەوە، گەیشتنە رێکەوتنێک بۆ دابەشکردنی فارس وەک دوو ناوچەی نفووز لەنێوانیاندا. لە باریکدا بەریتانیا چاوی لە زیاتر لە بنکەیەک بۆ بەرگریکردن لە هیند نەبوو و بۆ ئەوەیش تەنیا داوای ناوچە کەمتر گرنگەکانی باشووری فارسی کرد کە لە سنووری ئەفغانستانەوە تا بەندەر عەباس درێژ دەبنەوە، هاوکات بەشی باکووری بۆ رووسیا بەجێهێشت کە لە قەسری شیرینەوە تا سنووری رووسیا و ئەفغانستان درێژ دەبێتەوە و ئیسفەهان و یەزدوکاخ دەگرێتەوە. ئەگەرچی هەردوو ئیمپراتۆرییەتەکە دانیان بەسەربەخۆیی فارسدا نا، بەڵام فارسەکان هەستیان کرد بەریتانیا خیانەتی لێکردوون، لەباریکدا لە سایەی پاراستنی ئەوانەوە بوو توانییان هەنگاوە بەراییەکانیان لەسەر رێگەی ئازادیدا بنێن.

هەرچۆن بێت، شا نەیدەتوانی ملکەچی سنووربەندکردنی دەسەڵاتەکانی لەلایەن کۆمەڵەی نیشتمانییەوە بێت، سەرجەم هەوڵەکان بۆ گەیشتنە رێکەوتن شکستیان هێنا. لە شوباتی ساڵی ١٩٠٨ نارنجۆکێک بۆ ئۆتۆمبێلەکەی فرێ درا و یەکێک لە پیاوەکانی تێدا کوژرا. لە حوزەیراندا شا پایتەختی بەجێهێشت، پاشان کەتیبە قوزاقییەکەی بەسەرکردایەتیی کۆڵۆنێل لیاکهۆف Lyakhov لە بارەگا هاوینەکەیەوە بەرەو تاران خستە ڕێ، تا بەتۆپ بۆردومانی پەرلەمان بکات و باری نائاسایی (ئەحکامی عورفی) بەسەر پایتەختدا بسەپێنێت.

هەڵگیرسانەوەی شۆڕش و داماڵینی شا

نیشتمانپەروەران لە تەوریز دژی ئەم دەستدرێژییە ڕاپەڕین، لەوەیشدا سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەی ماوەیەکی کەم پێشتر لە تورکیا دژی عەبدولحەمید ئەنجام درابوو ئومێد و وەرەی پێ دەبەخشین و لایەنگرانی شایان لە شارەکە دەرکرد. لە مانگی ئابدا شا هێزەکانی

نارده سەر شارەکە و گەمارۆی بەسەردا سەپاند، تا رووسەکان لە نیسانی سالّی ١٩٠٩ داگیریان کرد.

بەلام پرسی نیشتمانی پالّپشتێکی نوێی بەدەست هێنا، ئەویش هۆزی (بەختیاری)بوو، کە یەکێک لە هۆزە فارسییە بیابانننشینەکانی باشوور بوو. گەورەی ئەو هۆزە، سەردار ئەسعەد لە گەشتێکیدا بۆ ئەوروپا لە وڵات نەبوو، بەگەرانەوەی لە گەشتەکەی ئاگری شۆڕش هەڵگیرسا. توانی هۆزەکەی بۆ سەرخستنی پرسی نیشتمانی ئاراستە بکات و سەرەتا سەرکردایەتی کرد بۆ ئیسفەهان و ئیسفەهانییەکانی لە زۆرداریی حاکمەکەی رزگار کرد، کاتێک لە رەشتیش سوپایەکی شەڕکەر پێکهات کە لە سەربازانی قۆقازی و تورک و ئەرمەن پێکهاتبوو بەسەرکردایەتی ژەنرالّی پێشوو محەمەد والی خان و وەستایەکی ئەرمەنی بەناوی ئەفرایم، سەردار ئەسعەد سەرەڕای ئاگەدارکردنەوەی لەلایەن هەردوو بالّیۆزی رووسیا و بەریتانیاوە بڕیاری دا سوود لەو سوپایە وەربگرێت بۆ ئەنجامدانی هێرشێکی هاوبەش بۆ سەر تاران. پێش لەوەی رووسەکان بتوانن هێزەکانیان بنێرن بۆ فریاکەوتنی شا -ئەو هێزانە کەمێک پێشتر لای ئەنزەلی دابەزیبوون- نیشتمانپەروەران تواننیان دوای سێ رۆژ شەڕی بەردەوام لە شەقامەکاندا دەست بەسەر پایتەختدا بگرن و شا دابمالّن، کە لە ١٦ی تەممووز پەنای بردبووە بەر بالّیۆزخانەی رووسیا.

ئەسعەد ئەلموڵک یەکێک لە سەرۆکە دیارەکانی قاجار سەرپەرستیی ئەحمەدی کوڕی شای پێشووی گرتە ئەستۆ، کە تەمەنی لە دوازدە سالّ زیاتر نەبوو، لەکاتێکدا شای پێشوو خۆی چوو بۆ ئودسا دوای ئەوەی مووچەیەکی خانەنشینی بۆ بڕیاوە. سەرەڕای ئەو هەوڵانەی ئەفرایم وەک بەڕێوەبەری پۆلیس دای بۆ سەقامگیرکردنی سیستم لە شارەکەدا، ئیرەیی کەوتە نێوان گەورەی بەختیارییەکان کە وەزارەتی ناوخۆی بەدەستەوە بوو لەگەڵ ژەنرالّ والی خان کە وەزارەتی جەنگی بەدەستەوە بوو. لەڕاستیدا یەکەمیان لەلایەن توندڕەوانی ناو کۆمەڵەی نیشتمانییەوە کە بە "ئینقیلابییەکان" ناسرابوون پشتگیری دەکرا، کە تەقی زادەی وریایان لە تاران دەرکرد. سەرەنجام بەیارمەتیی ئەو توخمە تونڕەوانە توانی وەزیری جەنگ لە دەسەڵات لابدات. شای پێشوو هەوڵی دا سوود لە شڵۆقییەکان وەربگرێت بۆ گێڕانەوەی تەختی زەوتکراوی. لەڕاستیدا بەسەرۆکایەتیی سوپایەک لە خۆبەخشان بەمەبەستی دەستگرتن بەسەر تاراندا ئەسترابادی بەجێهێشت، لایەنگرەکانیشی لە کرمانشاوە کەوتنە ڕێ بەمەبەستی پەیوەندی پێوەکردنی. رووسیا پشتگیریی شای بەلام بەتوندی بەرهەڵستیی گەرانەوەی بۆ تەخت کرد، بەم شێوەیە ناچار بوو بەدەستی بەتاڵ بگەڕێتەوە.

شوستەری ئەمەریکی هەوڵ دەدات چاکسازییەکی دارایی بکات

حزبە شۆڕشگێڕییەکە کە ئێستا جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەست، یەکەم شت گرنگی بە ڕێکخستنی دارایی فارس دا کە بەهۆی خراپ بەڕێوەبردنیەوە لە سەردەمەکانی ڕابردوودا تووشی گەندەڵییەکی تەواو بووبوو. لەو ڕووەوە نەیدەتوانی زۆر سوود لە ڕاوێژکارانی ئەوروپی وەربگرێت کە بەتەبیعەتی حاڵ سوور بوون لەسەر خزمەتکردنی قەرزدەرانی بیانی، لەبەرئەوە بۆ بەدەستهێنانی یارمەتی ڕووی کردە باڵیۆزخانەی ئەمەریکی. لەسەر پێشنیازی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکی یەکێک لە فەرمانبەرانی بانکی یونیون تڕەست Union Trust لە واشنتۆن بەناوی مۆرگان شوستەر Morgan Shuster بەئەمینداری گشتیی گەنجینەی فارسی دامەزرا و چوار یاریدەدەریشی لە هاوڵاتییە ئەمەریکییەکانی بۆ دانرا. بێگومان ئەو ئەمەریکییە -کە زۆر چالاک بوو، بەڵام تەواو لە بارودۆخی وڵاتەکە بێئاگا بوو- زۆر حەزی دەکرد خزمەتی ئەو وڵاتە بکات کە بانگهێشتی کردبوو، کە لە تۆمەتبارکردنێکی ڕاشکاوانەدا وەسفی دۆخی دژواری وڵاتەکەی کرد[١٥٨]، بەڵام زۆری نەبرد شێواز و ئامرازی هەڵەی بۆ ئەو چاکسازییە هەڵبژارد. پەرلەمان هێزێکی چەکداری تایبەتی خستە ژێر دەستی تا بتوانێت بەدروستی باجەکان کۆبکاتەوە. ئەویش حەزی کرد سەرکردایەتیی ئەو هێزە بە پاشکۆی سەربازی لە باڵیۆزخانەی بەریتانی بسپێرێت، کە خۆی بۆ بەجێهێشتنی وەزیفەکەی ئامادە دەکرد، بەڵام ڕووسەکان ڕێگەیان لە بەدیهێنانی ئەم حەزەی گرت. هەرچۆن بێت، لە یەکەم هەوڵەکانیدا بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی توند لەڕێی هێزە تایبەتەکانیەوە شکستی هێنا.

پەرلەمان بڕیاری دابوو دەست بەسەر سامانی شوجاع ئەلسەڵتەنە بۆ ئەوەی شای نەفیکراودا بگیرێت، بەهۆی پشتگیریکردنی هەوڵەکەی شا بۆ گێڕانەوەی تەخت. کاتێک شوستەر ویستی ئەم بڕیارە لەڕێی هێزە چەکدارەکانیەوە جێبەجێ بکات، کونسوڵی گشتیی ڕووسی، بەبیانووی ئەوەی شوجاع سەڵتەنە قەرزاری بانکی ڕووسییە، هێزێکی لە قوزاق نارد تا ڕێگە لە هێزەکانی شوستەر بگرن کارەکەیان بکەن. شوستەریش بەهێزێکی گەورەتر هێرشی کردە سەر قوزاق، بەو هۆیەوە ڕووس بانگەشەی ئەوەیان کرد دوو لە کونسوڵەکانیان هەڕەشەیان لێکراوە. لە ٥ی تشرینی دووەم ڕووسەکان لەبەرانبەردا داوای لەکارلادانی شوستەریان کرد. کاتێک حکومەتی فارسی ڕەتیکردەوە داواکەی جێبەجێ بکات، هێزە ڕووسییەکان -کە لە تەورێز و ڕەشت و ئەنزلی لەگەڵ نیشتمانپەروەران شەڕیان کردبوو- خۆیان گەیاندە تارانی پایتەخت، سەرەنجام پەرلەمان لەژێر ئەو فشارەدا لە ٢٥ی تشرینی دووەم ناچار بوو ڕەزامەندی لەسەر لەکارلادانی شوستەر دەربڕێت.

---

[١٥٨] The Strangling of Peria, London, 1912.

باکووری ولاتی فارس لەدەستی رووسدا

زۆری نەبرد ئەو ولاتە بێچارەیە هەستی بە باری گرانی رووسیا لەسەری کرد. لە ١١ی ئابی ساڵی ١٩١١ شوجاع ئەلدەولە یەکێک لە فەرماندە بەجۆشەکانی شای نەفیکراو گەمارۆی تەورێزی پێگەی ناسیونالیستەکانی دا، سەرکردایەتیی سوپایەکی دەکرد لە "شاە سەوەن"ەکان، واتە پاسەوانانی شای پێشوو. لە ٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٢ توانی بچێتە ناو شارەکە و فەرمانی دا سەرکردە ناسیونالیستەکان توندترین سزا بدرێن[١٥٩]. پاشان رووس بەبیانووی لاواز لە ٢٩ی ئادار بۆردومانی مەزاری ئیمام رەزا خۆیان کرد کە لە شوێنە پیرۆزەکانە لای شیعە، گوایە رەوەندی رووسی لە مەشهەد -شاری پیرۆزی خوراسان- لەئاکامی ئەو پشێویانەی یەکێک لە کاربەدەستانی خۆیان دروستی کردبوو، لە مەترسیدان. لەوکاتەوە بەشی باکووری ولات کەوتە دەستیان پاش ئەوەی بەریتانییەکان قایل بوون بەکارکردن بۆ بەرقەرارکردنی یاسا و سیستم لە ناوچەی نفووزی خۆیان لە باشوور بەیارمەتی هەندێ هێزی چەکدار، کە ئەفسەرانی سویدی سەرکردایەتییان دەکردن. کۆمەڵەی نیشتمانی تا تەمموزی ساڵی ١٩١٤ دەستی بەکۆبوونەوە نەکردەوە، ئەویش پاش تاج لەسەرنانی شا -پاش گەیشتنی بە تەمەنی پێگەیشتن- تا تێیدا گوێ لە گوتاری تەختی پاشایەتی بگرێت، تێیدا شا بێلایەنیی فارسی لە جەنگی جیهانیدا راگەیاند، کە خەریک بوو دەتەقییەوە.

فارس لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا

لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا قەدەری فارس وابوو ببێتە گۆڕەپانێکی جەنگ کە تورک و رووسەکان ماوەیەکی کورت تێیدا -لە سنووورەکانی رۆژئاوایدا- شەڕیان دەکرد. ئەوە بوو لە کانوونی دووەم/یەنایەری ساڵی ١٩١٥ کوردەکان هێرشیان کردە سەر تەورێز، بەڵام رووسەکان توانییان لە رۆژی دەیەمی هەمان مانگدا وەدەریان بنێن. لە دەریاچەی وان و ورمێ لە پایزی ساڵی ١٩١٧ شەڕی خوێناوی لەنێوان کوردەکان و دوژمنە کۆنەکانیاندا، واتە مەسیحییە نەستووریییەکان کە لایەنگری رووس بوون، بەرپا بوو و لەو شەڕانەدا مەسیحییەکان تووشی ئازار و مەینەتیی بێسنوور هاتن. دوای سەرکەوتنەکەی کووتی عەمارە سوپا تورکییەکان سنووریان بڕی و بوونە هەڕەشە لەسەر تاران، بەڵام زۆری نەبرد بەفەرمانی حکومەتەکەیان کشانەوە، لەبەرئەوەی بۆ مەیدانەکانیتری جەنگ زۆر پێویستیان پێیان بوو. لە باشووری فارس، کونسوڵی پێشووی ئەڵمانی لە بووشەهر

---

[١٥٩] بڕوانە: The Reign of Terror at Tabriz, England's Responsibility (With Photographs and a Brief Narrative of the Events December 1911 and January 1912), Compiled for the use of the Persian Committee, by E. G. Browne, London, October 1912.

واسموس Wassmuss –کە ڕێزێکی زۆری لەنێو هۆزەکان لە بەشە ناوخۆییەکانی وڵاتدا هەبوو- توانی بەریتانییەکان زۆر بێزار بکات، ئەگەرچی نەیتوانی بەو ئامانجە بکات کە. بۆ دژبەرە بەریتانییەکەی، لۆرەنس Laurence لە نیشتمانی عەرەب بەدیهات، واتە خۆی سەرکردایەتیی هاوڕێکانی بکات بۆ گۆڕەپانی شەڕ[١٦٠]، هەروەها ڤۆن نیدەرمایەر Von Niedermeyer و یاریدەدەرانی سەرکەوتوو نەبوون لە هەڵنانی فارس و ئەفغانەکان دژی چەوسێنەرە کۆنەکانیان –رووس و بەریتانییەکان- سەرەڕای ئەو هەوڵە زۆرەی لەو پێناوەدا دایان[١٦١]. لەڕاستیدا هەرەسی بەرەی رووسی دەرفەتی رەخساند فارسەکان جارێکیتر لە ئازادی بەهرەمەند ببنەوە، ئەویش پاش دەستهەڵگرتنی بەلشەفییەکان لە سەرجەم مافە بۆماوەکانی سەردەمی قەیسەری. لە بەشی داهاتووی ئەم کتێبەدا دەبینین چۆن ئەم وڵاتە شەکەتە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم بۆی رەخسا سەرلەنوێ لە سایەی حاکمێکی توندڕا [رەزاخانی پەهلەوی] ببووژێتەوە.

---

[١٦٠] بڕوانە Christopher Sykos, Wassmuss, the German Lawrence Leipzig, 1937.

[١٦١] Oskar von Niedermeyer, Unter der lutsoone Irans, Dachau bei Munchen, 1925.

بەشی پێنجەم

دەوڵەتانی ئیسلامی دوای جەنگی جیهانیی یەکەم

تورکیا

ئاگربەستی مودروس

لە ٣٠ی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری سالّی ١٩١٨ ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لەئاکامی ئاگربەستی مودروس لە جەنگ چووە دەرەوە. تەلّعەت و ئەنوەر کە پەیماننامەکەیان ئیمزا کرد نەیاندەتوانی دانوستانی ئاشتی ئەنجام بدەن، چونکە لە چاوی دوژمنانداا بەرپرسی سەرەکیی چوونی تورکیا بوون بۆ ناو جەنگ. هەروەها عیزەت پاشا و تۆفیق پاشایش، کە ئەمیان پاش ئەویان سەرۆکایەتیی حکومەتی وەرگرت، جێگەی متمانە و دڵنیایی هاوپەیمانان نەبوون. براوەکانی شەڕ تەنیا بە دامادا فەرید پاشا ئاسوودە بوون، کە دژبەری نیشتمانییەکان Nationalists بوو و لە ٤ی ئاداری سالّی ١٩١٩ جڵەوی حوکمی گرتە دەست. بەڵام متمانەی بە بنەمای دوازدەیەمی وێلسۆن، کە باس لەوە دەکات بەشە تورکییەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی سەروەریی تەواویان هەبێت، زۆری نەبرد تووشی بێئومێدییەکی نالەبار بوو. لە ١٥ی ئایار/مایۆی سالّی ١٩١٩ یۆنان بە رێکەوتن لەگەڵ هاوپەیمانەکان ئیزمیری داگیر کرد، ناڕەزاییەکەی فەرید پاشایش لەسەر ئەوە لە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس لە حوزەیراندا گوێی لێ نەگیرا.

یەکەمین هەوڵەکانی رزگارکردن

گرووپە نیشتمانییەکان بێهوودە هەوڵیان دەدا کار بۆ رزگارکردنی وڵاتەکە بکەن. لە ٢٩ی تشرینی دووەمی سالّی ١٩١٨ دکتۆر ئەسعەد –پزیشکێکی زۆر بەتوانای چاو بوو بەڵام سیاسییەکی لێنەوەشاوە بوو- داوای بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی لە پایتەخت کرد، کە هەشت حزب و ژمارەیەکی زۆر بارستەی بچووکی لەخۆ گرت، پاش ماوەیەک و ئەنجامدانی چەند دانیشتنێکی بێبەرهەم ئەو کۆنگرەیە هەڵوەشایەوە. هەروەها ئەو گرووپەیش کە لە سی کەس لە وەزیرانی پێشوو و کەسانی پایەبەرز پێکهاتبوو و لەدەوری سەرۆکی ئەنجوومەن و سەرۆکی پێشووی دەوڵەت ئەحمەد رەزا کۆبوونەوە و بەناوی "یەکێتیی نیشتمانی"یەوە ناسرا، سەرکەوتنێکی لەوە گەورەتری بەدەست نەهێنا.

ئەو رزگاربوونە تەنیا لە ئەنادۆلّەوە دەهات، بەدانیشبتوانە تورکە تەواو هارمۆنییەکەیەوە، کە زۆربەی هەرەزۆریان جووتیار بوون و سەربازی جەنگی سەختی درێژخایەن، هێشتا چوست و چالاک بوون. بەم شێوەیە دژی یۆنان –کە لە ئیزمیر کاری وا نامرۆڤانەیان کردبوو پێشتر وێنەی نەبیستراوبوو- چەند تاقمێکی تورکانی خۆبەخش (باش بوزەق) راپەڕین، کە ئەفە ئەحمەدی ئاسنگەر و یوروک عەلی سەرکردایەتییان دەکردن. هەر زوو هەندێ هێزی نیزامیش کە چەند ئەفسەرێکی دەستەی ئەرکانی جەنگ

سەرکردایەتییان دەکردن، پەیوەندییان بەو گرووپانەوە کرد، بەوەیش شۆڕشگێران توانییان دوژمنانیان لە شەڕێکی پارتیزانی سەختدا سەرقاڵ بکەن. لە ٣٠ی ئایار ژەنەراڵ کازم قەرە بەکیر چوو بۆ ڕۆژهەلاتی ئەنادۆل و توانی رادەستکردنی چەک بە لێژنەی چاودێریکردنی بەریتانی دوا بخات. پاشان نیشتمانییەکان لە ئەرزروم -کە جێگری پێشووو رەئوف سەرکردایەتی دەکردن- بڕیاریان دا داوای کۆنگرەیەک بکەن، کە لە ٣٠ی ئایار بۆ بەرگریکردن لە وڵات ببەسترێت.

مستەفا کەمال سەرکردایەتیی بزوتنەوەی نیشتمانی لە ئەنادۆل دەکات

ئەوکاتە دەوڵەتانی هاوپەیمان خۆیان دەرفەتی لەباریان بۆ ئەو پیاوە ڕەخساند کە قەدەری وابوو تورکیای نوێ دابمەزرێنێت. ئەوە بوو داوایان لە حکومەت کرد سیستم لە ئەنادۆل بچەسپێنێت، تەنانەت ئەگەر ئەوە پێویست بە پەنابردن بۆ هێزیش بکات. حکومەت کەسی نەدۆزییەوە تواناکانی شیاو بن بۆ ئەو ئەرکە جگە لە مستەفا کەمالی قاڵبووی جەنگەکان، کە بەرگری لە ئەنافورتە کرد و خۆی و سەربازەکانی لە شەڕەکانی فەلەستین و دەوروبەری حەلەبدا ئەندامانی تیمی یەڵدیریمیان پاراست، کە شەڕەفی سەربازی تورکی بوون. لە ١٥ی ئایار گەیشتە ئەنادۆل و دەستبەجێ سەرکردایەتیی بزوتنەوەی نیشتمانی گرتە دەست (شوێنکەوتوانی بزوتنەوەکە لە ئیستانبوڵیش پەیوەندییان پێوە کردبوو لەوێ). لە ئەماسییەوە لە ٢١ی حوزەیرانی ساڵی ١٩١٩ داوای بەستنی کۆنگرەیەکی تورکیی گشتی کرد لە سیواس. پێش لەوەی بتوانرێت ئەم کۆنگرەیە ببەسترێت مستەفا کەمال کۆنگرەی ئەزرومی لە ٢٣ی تەممووزدا کردەوە -کە وەک پێویست ئامادە نەکرابوو- لەو ڕۆژەوە ئەو ڕۆژە بە جەژنی نیشتمانیی تورکی دانرا. لە ٧ی ئاب ئەو یەکەم کۆنگرەیە بڕیارێکی دەرکرد بە پارێزگاریکردن لە سەلامەتیی ئەنادۆلی تورکی و داواکردن لە هێزە نیشتمانییەکان بۆ بەرگری لێکردنی.

پاشان کۆنگرەی سیواس لە ٤ی ئەیلوول بەسەرۆکایەتیی مستەفا کەمال بەسترا، کە نوێنەرانی ڕۆم ئیلیش تێیدا ئامادە بوون. ئەو کۆنگرەیە بڕیارەکانی ئەرزرومی بە دەستکاریکردنێکی کەمەوە پەسەند کرد. ئەنجا فەرید پاشا -کە هێشتا حاکمی ئیستانبوڵ بوو- فەرمانی بۆ مستەفا کەمال دەرکرد بگەڕێتەوە پایتەخت. کاتێک ئەمەی دوایی ڕەتیکردەوە فەرمانەکە جێبەجێ بکات، فەرید پاشا بە یاخیبووی لەقەڵەم دا و هەوڵی دا هاوپەیمانان لێی بکەونە گومان. بەڵام مستەفا کەمال لەو کاتەدا نفووزی خۆی لە سەرتاسەری ئەنادۆلدا سەپاندبوو و توانی هەموو پەیوەندییەک لەنێوان حکومەتی ئیستانبوڵ و ئەنادۆلدا بپچڕێت. لە ٢ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٩ فەرید پاشا ناچار بوو واز لە حوکم بێنێت. جێنشینەکەی، عەلی ڕەزا پاشا، وەزیری پێشووی جەنگ، ملی بە پێداگریی مستەفا کەمال دا و سەرلەنوێ پەرلەمانی تورکیای هەڵبژاردەوە، بەڵام داوای لە

پەرلەمان کرد لە ئیستانبوڵ ببەستریت، لەکاتێکدا مستەفا کەمال داوای کردبوو هاوشێوەی ئەنجوومەنی وەیماری نیشتمانی بگوێزرێتەوە بۆ ئەنادۆل. ئەگەرچی عەلی رەزا لە ٦ی کانوونی دووەم کۆمەڵێک پێشنیازی چاکسازی پێشکەش بە دەوڵەتانی هاوپەیمان کرد کە دەسەڵاتی فراوانی چاودێریکردنیان دەبەخشییە کۆمیسیارەکانیان، هەروەها ئەگەرچی پەرلەمان دووداڵ بوو لە دەربڕینی پاڵپشتیی خۆی بۆ مستەفا کەمال، بەڵام لە ٢٨ی کانوونی دووەم میساقی نیشتمانی (میثاقی میللی)ی بەناوبانگی پەسەند کرد، کە جەختی لە بڕیارەکانی ئەرزروم و سیواس کرد و داوای سەربەخۆیی و ئازادیی تەواوی بۆ سەرجەم ئەو هەرێمانە کرد کە زۆرینەیان تورکن، لەناویاندا ئیستانبوڵ و ناوچەکەی کە لەسەر دەریای مەرمەرە درێژ دەبێتەوە، بەو مەرجەی چارەنووسی باقی بەشەکانی ئیمپراتۆرییەتەکە لەڕێی راپرسییەوە بڕیاری لەسەر بدرێت[١٦٢].

لە وەڵامی ئەم گوزارشتکردنە راشکاوە لە ئیرادەی نیشتمانی، هاوپەیمانان عەلی رەزایان ناچار کرد لە ٧ی ئادار دەست لە کار بکێشێتەوە و لە ١٦ی هەمان مانگدا ئیستانبوڵیان داگیر کرد و سەرکردە نیشتمانییەکانیان بۆ ماڵتە دوور خستەوە، لەناویاندا زیا گول ئەلپ. پاشان فەرید پاشا کە سەرلەنوێ لە ٥ی نیسان دەسەڵاتی وەرگرتەوە، حوکمی لەسێدارەدانی -لەڕێی ئەنجوومەنێکی جەنگیی نائاساییەوە- بەسەر مستەفا کەمال و گەورە یاریدەدەرانیدا دەرکرد، لەناویاندا خالیدە ئەدیبی شاعیر.

هەڵبژاردنی مستەفا کەمال بەسەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانیی گەورە

بەم شێوەیە دامەزرێنەری تورکیای نوێ نەیدەتوانی هیچ کێشێک بۆ حکومەتی ئیستانبوڵ دابنێت، لەبەرئەوە داوای گرێدانی کۆمەڵەی نیشتمانیی گەورەی کرد لە ئەنقەرە، کە لە ٢٣ی نیسانی ساڵی ١٩٢٠ بەسترا و ژمارەی ئەندامانی ٣٥٠ کەس بوو. ئەو کۆمەڵەیە مستەفا کەمالی بەسەرۆکی خۆی هەڵبژارد، هاوکات بە سەرۆکی لێژنەی جێبەجێکار و ئەنجوومەنی وەزیرانیش.

پەیماننامەی سیڤەر

فەرید پاشا لە ١٠ی ئاب/ئۆگستس ناچار بوو پەیماننامەی سیڤەر ئیمزا بکات دوای ئەوەی هاوپەیمانەکان هەڕەشەی دەرکردنی تورکەکانیان لە تەواوی ئەوروپا لێکرد ئەگەر رەتی بکاتەوە. لەڕاستیدا ئەو پەیماننامەیە ئەگەر بەوردی جێبەجێ بکرایە بەمانای لەناوبردنی بوونی نەتەوەیی تورکەکانیش دەبوو، چونکە تەنها بە دامالینی ویلایەتە

---

[١٦٢] بڕوانە: G. Jaschke, Zur Geschichte des Turkischen Nationalpaktes (Mitteilungen des Seminars fur orientalische Sprachen, 36, Berlin, 1933, II, 101-116).

عەرەبییەکان لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی نەوەستا، بەڵکو بڕیاری دا ئیزمیر و بەشە ناوخۆییەکانی سەر بەویش سەربەخۆییەکی ناوخۆییان بدرێتێ و ئەرمینیایش ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، لەکاتێکدا تراقییە، رووبەرێکی بەرتەسکی نەبێت، دەخرایە سەر یۆنان و بوسفۆر و دەردەنیلیش دەخرانە ژێر چاودێرێی لیژنەیەکی نێودەوڵەتی. هەروەها لەهەمان کاتدا هاوپەیمانان رێک کەوتن سیسیلیا (قیلیقییە) و کوردستانی باشوور (کردستان الجنوبیة) بدرێنە فەرەنسا، ئەنادۆلی باشووریش تا ناوچەی ئیزمیر Smyrna بدرێتە ئیتالیا.

شەڕی مەقارییە

ئەگەرچی ئەو کارە دوژمنکارانە تونـدوتیژە گەردەلوولێکی تووڕەیی و بێزاری لە تەواوی جیهانی ئیسلامیدا دروست کرد، بەتایبەت لای موسڵمانانی هیند کە دەبوو بەریتانیا هەستیان لەبەرچاو بگرێت، هەروەها ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆر خۆبەخشی لە وڵاتە ئیسلامییە جیاجیاکانەوە بۆ سوپای تورکی زیاد کرد، بەڵام حکومەتی ئەنکەرە سەرەتا ئامادەیی دەربڕی بۆ رازیبوون بە داگیرکردنی ئیزمیر لەلایەن یۆنانەوە، هەروەها وازهێنان لە ئەدەرنەیش. لە شوباتی ساڵی ١٩٢١ نوێنەرەکەی، بەکر سامی، لە کۆنگرەیەکدا کە لە لەندەن بەسترا، پێشنیازی کرد ئیزمیر بکرێتە ویلایەتێکی لەناوخۆدا سەربەخۆ لە سایەی حاکمێکی مەسیحیدا. بەڵام ئەم پێشنیازە نە لە لایەن یۆنان و نە لەلایەن هاوپەیمانانەوە پەسەند نەکرا، ئەگەرچی زۆری نەبرد بیرۆکەی ملکەچکردنی نیشتمانییە تورکەکانیان لە رێگەی هەڵمەتێکی سەربازییەوە بەسەرکردایەتیی ژەنەرال فۆچ Foch ەوە خستە لاوە، ئەویش بەهۆی ئەو ئاستەنگە جددییانەی دەهاتنە پێش هەڵمەتەکە و هەروەها بەهۆی بێزاریی گشتی لە جەنگ. لەکاتێکدا فەرەنسا نەیدەویست ببینێت ئینتیدابەکەی لەسەر سووریا لەئاکامی سەرکێشییەک لە ئاسیای بچووک بکەوێتە مەترسی، ئیتاڵیا نەیدەویست ببینێت مووڵکە نوێکانی لە دورگەکانی دۆدیکانیز Dodekanese بەدەوڵەتێکی گەورەی یۆنانی لە تەنیشتیدا گەمارۆ دراون، دەبینین بەریتانیا هانی یۆنانییەکانی دەدا بۆ ملنان لە ئیزمیرەوە بۆ ئەودیوی. بەم شێوەیە شەڕی پارتیزانیی پێشوو دژی موجاهیدانی تورک گۆڕا بۆ شەڕێکی نیزامی لەپێناو دەستگرتن بەسەر ئەنادۆلی رۆژئاوادا. لە ٢٣ی ئادار یۆنان ملینا بەرەو ئەسکی شەهر و ئەفیون قەرە حەسار، کە هەردووکیان بە سەنتەرێکی گرنگ لە سەنتەرەکانی بەیەکگەیشتنی هێڵە ئاسنینەکان دادەنرێن. لە باشوور توانییان بۆ ماوەیەکی کورت ئەفیون قەرە حەسار داگیر بکەن، بەڵام لە باکوور، لای ئین ئۆنو In-Onu، لە رۆژە بەراییەکانی نیساندا دووچاری شکستێکی یەکلاکەرەوە بوون و ناچار بە

پاشەکشە کران بۆ بروسە. بەڵام لە ١٠ی تەممووزەوە جارێکیتر بەئاراستەی کوتاهییە پێشڕەوییان کردەوە بۆ ئەنجامدانێکی شەڕێکی یەکلاکەرەوە. دوای کوتاهییە، ئەفیون قەرە حەسار و ئەسکی شەهیریش کەوتنە دەستیان. هەرچۆن بێت، مستەفا کەمال هێزە تورکییە شەڕکەرەکانی لە سەقارییە کۆ دەکردەوە. لە ٢٤ی ئاب یۆنان لەوێ هێرشیان کردە سەری، بەڵام دوای شەڕێکی سەخت ناچار بوون لە ١٦ی ئەیلوول پاشەکشە بکەن. لەڕاستیدا ئەو سەرکەوتنەی تورکەکان بەسەر (کافران)دا بەیەکجاری چارەنووسی دەوڵەتە تازەکەی دیاری کرد. کۆمەڵەی نیشتمانیش ئاهەنگی بۆ گێڕا و نازناوی غازی (واتە موجاهید)ی بە مستەفا کەمال بەخشی.

پەیماننامەکان لەگەڵ فەرەنسا و رووسیای سۆڤێتی

فەرەنسا یەکەمین دەوڵەت بوو سوودی لەم دۆخە نوێیە بینی. لە ٢٠ی تشرینی یەکەم لە ئەنکەرە پەیماننامەیەکی لەگەڵ تورکیا بەست –فرانکلین بویون Franklin Bouillon لەباتی ئیمزای کرد- تێیدا دەستی لە سیسیلیا هەڵگرت بەرانبەر بەدەستهێنانی ئیمتیازێک بۆ وەبەرهێنانی کانەکانی ئاسن و کرۆم و زیو لە دۆڵی رووباری خەرشوت کە دەڕژێتە دەریای رەش، بەوەیش نزیکەی ٨٠ هەزار پیاوی ئازاد کرد کە تورکیا ئیتر دەیتوانی بەچەک و کەرەستە جەنگییە زۆرەکانیانەوە بۆ شەڕی یۆنان ئاراستەیان بکات. ئیتاڵیایش لای خۆیەوە لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢١ لە ئاتاڵییە کشایەوە. لە ١٦ی ئادار تورکیا پەیماننامەیەکی لەگەڵ رووسیای سۆڤێتی بەست، بەدوای ئەویشدا لە ١٣ی تشرینی یەکەم لەگەڵ کۆمارەکانی ئەرمینیا و جۆرجیا و ئازربایجانی سۆڤیەتی ڕێک کەوت. پاراستنی بۆ ئەو کۆمارانەی مسۆگەر کرد لەبەرانبەر دەستهەڵگرتنییان لە قارس بۆی. لەڕاستیدا ئەو دوو دەوڵەتە کە لە رابردوودا کۆماری ئەرمینیا لەیەکی جیا دەکردنەوە کە هاوپەیمانەکان دایانمەزراند، هەردووکیان هەستیان بە مەترسیی دەستگرتنی بەریتانیا بەسەر دەریای رەشدا کردبوو، بەڵێ ئەو دوو دەوڵەتە سەرەتا ناکۆک بوون، پێشتر کازم قەرە بەکیر یەریڤانی لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٢٠ داگیر کرد و لە تشرینی یەکەمیشدا قارس. لە کانوونی یەکەم لە یەریڤان رێکەوتنی ئاشتی لەگەڵ ئەو دەسەڵاتدارە سۆڤێتییانەی لەوێ بووکرا. بەڵام بەندەری گرنگی باتوم –کە بەریتانییەکان لەئاکامی ئاگربەستی مودروس داگیریان کردبوو و پاشتر لێی کشانەوە- زۆری نەبرد لە مانگی ئادارا بوو بە ئامانجی هەریەک لە تورکەکان و سوپای سوور. بەر لەوەی ئاگری جەنگ لەنێوان هەردوولا هەڵبگیرسێت لە مۆسکۆ پەیماننامەیەک بەسترا، بەو پێیە باتوم خرایە سەر کۆماری گورجستان (جۆرجیا).

دەرکردنی یۆنان لە ئیزمیر

هـاوینی ١٩٢٢ بـە زنجیرەیـەک دانوسـتانی نـەزۆک تێپـەڕی، ئەگـەرچی مسـتەفا کـەمال سەرەنجام ئامادە بوو رازیکردنی گەورە پێشکەش بە یۆنـان و پارێزەرە بەریتانییـەکانیان بکات. لە ١٨ی ئاب دەستدرێژکاری دەستی پێکردەوە. تورکەکان (لـە ٢٦ی ئـاب) دەسـتیان بەسـەر ئەفیون قەرە حەساردا گرت کە یۆنانییەکان وایاندەزانی بەشێوەیەک قایمیان کردوە مەحاڵـە بکەوێتـە دەسـت دوژمـن. پـاش ئـەوەی یۆنانییـەکان لـە دوملـو پینـار تووشـی شکستێکیتر هـاتن، رایـانکرد و ئاگریـان بەردایـە سـەرجەم ئـەو شـوێنە ئاوەدانانـەی پێیانـدا تێپەڕین. لە ٩ی ئەیلوول تورکەکان خەریکە بڵێن بەبێ تەقاندنی فیشـەکێک توانییـان ئیزمیر بگرن. بـەڵام ئـەوانیش لای خۆیانـەوە نیـوەی شـارەکەیان سـووتاند، تـا دوایـین ئاسـەواری داگیرکاریی یۆنانی بسڕنەوە.

پەیماننامەی لۆزان

جا مستەفا کەمال عەزمی جەزم کرد تراقییـەیش رزگـار بکـات. لەڕاسـتیدا سـەربازەکانی خەریک بوو لەگەڵ لەشکرگەی چـەناک قـەڵادا لەسـەر دەردەنیل پێکدا بدەن، کـە ژەنـەراڵ هارینگتۆن هـەوڵی دا رێگەیان لێ بگرێت، وەک چۆن لـە مـانگی تـەممووز رێگـەی لـە یۆنـان گـرت لـەوەی دەیانویسـت هێـرش بکەنـە سـەر ئیسـتانبوڵ. بـەڵام ١١ی تشـرینی یەکـەم ئیمزاکردنـی ئاگربەسـتی (مودانیـە)ی بـەخۆوە بینـی کـە تێیـدا یۆنـان دەسـتی لـە تراقییـە تـا مەریچ Maritza هەڵگرت. پاشان لوید جۆرج Liyod George کە سیاسـەتە رۆژهەڵاتییەکـەی بەهۆی ئەو رووداوانەوە شکستی هێنا، زۆری نەبرد لە ١٩ی تشرینی یەکەم دەستی لە کـار کێشایەوە. لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٢ کۆنگرەی ئاشتی لە لۆزان دەسـتی پێکرد، بەڵام لە ٤ی شوباتی ١٩٢٣ بڵاوەی لێکرا بـەبێ ئـەوەی هـیچ ئـەنجامێکی لـێ بکەوێتـەوە. لـە ٢٣ی نیسان نوێنەران جارێکیتر کۆبوونەوە و توانییان پەیماننامەی ئاشتی لە ٢٤ی تـەممووز ئیمزا بکەن. بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیە تورکیا جارێکیتر دەسـەڵاتی گرتـەوە بەسـەر تـەواوی ئاسیای بچووک و ئیستانبوڵ و تراقییەی رۆژهەڵات، پێویست بوو دانیشـتوانە یۆنانییـەکانی ئاسـیای بچـووک بگەڕێنـەوە بـۆ نیشـتمانی یەکـەمیان، ئـەو تورکانـەیش هێشـتا لـە بـەلقان مابوون پۆل پۆل گەڕانـەوە ئـەنادۆل. تـەنیا کێشـەی خاوەندارێتیی مووسـڵ بەهەڵواسـراوی مایـەوە. ئـەو ناوچەیـە -کـە بـەهۆی بیـرە نەوتەکانییـەوە گرنگییـەکی ئـابووریی گـەورەی هـەبوو- بەپلـەی یەکـەم کوردەکـان تێیـدا نیشـتەجێ بـوون، کـە زۆربـەیان کـە لـە بـاکوور نیشتەجێ بوون لـەژێر حوکمی تورکیدا بـوون. پاشـتر لـەکاتی باسـکردنی مێژووی عێراقدا

باسی پێکدادانی تورکیا دەکەم لەگەڵ هاوسێ باشووربیەکەیدا. لە بواری سیاسەتی ناوخۆی تورکیشدا هاوپەیمانان دەستیان لەو مافە تایبەتانە هەڵگرت کە کەمینە مەسیحییەکان لە سیستمی "میللەت"ی کۆن بۆیان مابوویەوە، بەم شێوەیە ئەو مافانە هەڵوەشێنرانەوە. هەروەها ئیمتیازاتەکانی تایبەت بە بێگانەکانیش هەڵوەشێنرانەوە.

راگەیاندنی کۆمار و هەڵوەشاندنەوەی خیلافەت

دوای ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی نیشتمانییەکان بەهێزی تایبەتی خۆیان و بەبێ هاوکاریی لەگەڵ سوڵتان محەمەدی شەشەم [وەحیدەدین] کە لە ئیستانبوڵی ژێر داگیرکاریی هاوپەیمانان مایەوە بەدەستیان هێنا، کۆمەڵەی نیشتمانی لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٣ کۆماری تورکی راگەیاند و مستەفا کەمالی بەسەرۆکی هەڵبژارد. دەویستر ا بەشێوەیەکی کاتی پارێزگاری لە خیلافەت بکرێت و لێرەوە عەبدولمەجید کوڕی سوڵتان عەبدولعەزیز بۆ ئەو پۆستە هەڵبژێرا. ئەگەرچی خەلیفەی نوێ هەوڵی نەدا بەشەخسی مومارەسەی دەسەڵات بکات[١٦٣]، خێرا مستەفا کەمال دەرکی بەوە کرد سەرکردەیەکی ئایینی دانپێدانراو بەو سیفەتە لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا، دەگونجێت، بیەوێت و نەیەوێت، ببێتە چەقێک و ئومێدی کۆنەپەرستان لەدەوری کۆ ببێتەوە.

مستەفا کەمال عەزمی جەزم کرد ئەو دەوڵەتەی دایمەزراند رێچکەی شارستانێتی ئەورووپی بگرێتەبەر، ئەوەیش رێگەیەکە هەرکەس پێیدا رۆیشت پێویستە ئاوڕ لە رابردووی ئیسلامی نەداتەوە، چونکە ئەو روانینە دەشێت خاوەنەکەی لە گەیشتن بە ئامانج پەک بخات. بەم شێوەیە وای بەباشتر زانی دەست لەو بەرژەوەندییانە هەڵبگرێت، کە رەنگە دەوڵەتەکەی بەمانەوەی وەک سەنتەرێکی رۆحیی ئیسلام بەدەستی بهێنابان. لە ٣ی ئاداری ساڵی ١٩٢٤ کۆمەڵەی نیشتمانی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خیلافەت و دەرکردنی خەلیفەی لە وڵات دەرکرد، پاشان لە ٢٠ی نیسان گەڵاڵەیەکی نوێی بۆ دەستووری تورکی راگەیاند[١٦٤]. لەڕاستیدا ئەم هەنگاوە ناڕەزاییەکی زۆر توندی بەدوادا هات، بەتایبەت لەلایەن

---

[١٦٣] تەنانەت مێژووی تورکیی رەسمی "تاریخ" بەشی ٤ لا ١٦٠ و پاشتر، هیچ رەخنەی لێنەگرتوە جگە لە چەند شتێک، لەوانە زۆر بەرێز و شکۆوە باسی پێشینەکانی کردوە + ئیمزاکردنی بروسکەیەک بۆ موسڵمانانی فینلەند وەک "جێنشینی پێغەمبەری خوای جیهانییان" + بێدەنگبوونی لە هەندێ لێدوانی ناوەندە کۆنەپەرستانەکان + بەستنی پەیوەندی لەگەڵ بالێوزانی بیانی + هەروەها هەوڵدانی بۆ دانوستان لەگەڵ ئەنکەرە دەربارەی ماڵخانەی تایبەت بەخیلافەت.

[١٦٤] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:
Mitteilungen des Seminars fur orientalische Sprachenm Berlin, 1924, 11, 137-251. -
- D. E Webster, The Turkey of Ataturk, Philadelphia, 1939, pp. 297-306.

موسڵمانانی هیندەوە کە ئومێدیان بە تورکیای نوێوە گرێ دابوو بۆ رزگاربوون لە داگیرکردنی بەریتانی و ژمارەیەکی کەمیان بەکردەوە کۆچیان کردبوو بۆ ئەنکەرە. شتێکی سروشتی بوو سەرجەم هەوڵەکان بۆ زیندووکردنەوەی خیلافەت لە وڵاتانیتری ئیسلامی شکست بێنن، چونکە بارودۆخی لەبار بۆ ئەوە لە هیچکام لەو وڵاتانەدا بەردەست نەبوو. تا کاتێک پێشنیاز بۆ غازی کرا ئەو کورسیی خیلافەت وەربگرێت، ئەو پێشنیازەی بەتوندی ڕەت کردەوە.

شۆڕشی کوردی

هەرچۆن بێت ئەم دابڕانە لە ڕابردووی ئیسلامیی وڵاتەکە بەبێ ناڕەزایی و کاردانەوەی تونددوتیژ تێنەپەڕی. ئەوە بوو کوردەکان -کە گەلێکی ئێرانین پێشتر لە مێژوودا هیچ ژیانێکی سەربەخۆی ڕاستەقینەیان لە وڵاتەکەیاندا نەبوو، زنجیرەیەک چیای بەرز ڕێگر بووە لە پەیوەستبوونی بەشەکانی بەیەکترەوە—ساڵی ١٥١٥ چوونە ژێر گوێڕایەڵیی عوسمانییەکان، بەڵام پیاوێکیان، کە مێژوونووس ئیدریسی بەتلیسییە، لەڕێی زنجیرە دانوستانێکی زرنگانەوە توانی دەسەلاتی گەورەی بنەماڵە خانەدانەکانیان ڕزگار بکات. بێگومان عەبدولحەمید هەر بزوتنەوەیەکی نیشتمانی لەناویاندا سەرکوت کردوە و تەنانەت چاپکردنی یەکەمین کتێبی ڕێزمانی کوردیی یوسف خالیدی قەدەغە کرد، بەڵام بۆ تەنگ پێهەڵچنینی ئەرمەن و چەوساندنەوەیان بەکاری هێنان. بگرە لەوە زیاتریش ڕۆیشت و بەشی هەرەزۆری پاسەوانەکانی، واتە سواری "حەمیدی" لە کوردەکان پێک هێنا. پیاوانی تورکیای لاویش درێژەیان بەم سیاسەتەی عەبدولحەمید دا و لەکاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا لە کوشتاری ئەرمەندا سوودیان لە کوردەکان وەرگرت. بەڵام ئێستا دوای ئەوەی لە براکانیان جیابوونەوە لە ناوچەی مووسڵ —ئەو ناوچەیەی بەریتانیا و تورکیا لەمێژ بوو سەودایان لەسەر دەکرد- ئەوانیش مەیلی سەربەخۆیی نەتەوەییان تێدا بووژایەوە و کەڵکەڵەی ڕزگاربوون لە حوکمی تورکی کەوتە سەریان. لەڕاستیدا کوردەکان پاساویان بۆ ئەوە دەست کەوت، ئەویش پێشێلکردنی یاسای ئیسلامی و هەڵوەشاندنەوەی خیلافەت بوو لەلایەن دەوڵەتی تورکییەوە. ئەوە بوو لە ١٣ی شوباتی ساڵی ١٩٢٥ شێخ سەعید، شێخی تەریقەتی نەقشبەندی کە دەسەلاتێکی گەورەی لای کوردەکان هەبوو، ئالای یاخیبوونی دژی تورکەکان بەرز کردەوە. هەر زوو پەیوەندیی تونددوتوڵی بەخانەدانانی کوردەوە ژمارەیەکی زۆر لایەنگر و هەواداری بۆ پەیدا کرد. دوای ماوەیەکی کورت شۆڕش سێ ویلایەتەکەی ڕۆژهەڵاتی گرتەوە، کە کوردەکان زۆرینەی دانیشتوانیان پێکدێنن. شۆڕشگێڕان داوای دانانی سەلیمی کوڕی عەبدولحەمیدیان کرد بە خەلیفە و سوڵتان. حکومەتی تورکی لەترسی ئەوەی ڕەگەزە کۆنەپەرستەکان لە ئیستانبوڵیش شۆڕش

رابگەیەنن، حوکمی عورفی لەوێیش پیادە کرد. کوردەکان سەرەتا هێرشیان کردە سەر دیاربەکر (ئامەد) و شارەکە لە ٧ی ئادار کەوتە دەستیان، بەڵام زۆری نەبرد گیرایەوە. لەبەرئەوەی سەرکردە سەرەکییەکانی کوردەکان لەو شەڕانەدا کوژران، شۆڕشگێڕان توانای درێژەدان بەبەرەنگاریکردنیان لەدەست دا. بەهەرحاڵ، شێخ سەعید تا مانگی حوزەیران بەدیل نەگیرا، کە ماوەیەک پاش ئەوە لە ئەنکەرە لەسێدارە درا.

ساڵی ١٩٢٩ شۆڕشێکیتری کوردی لە هەرێمی ئەرارات و دەریاچەی وان هەڵگیرسا، بەڵام حکومەتی تورکی دەستبەجێ هێزێکی گەورەی بۆ کپکردنەوەی ڕەوانە کرد و هێزەکەیش توانی ئەوەی پێی سپێردرابوو جێبەجێی بکات. حکومەت بۆ ئەوەی ڕێگە لە سەرهەڵدانی هەر شۆڕشێکی نوێ لە ئایندەدا بگرێت، پەنای بۆ دوورخستنەوەی دانیشتوان لە زێدی خۆیان برد –کە ئەوە شێوازێکی باوە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتدا- و هەندێ لە کوردەکان گوێزرانەوە بۆ تراقیییەی ڕۆژهەڵات[١٦٥].

کودەتای ئاینی و کۆمەڵایەتی

ئەم شۆڕشە کە تورکەکان دەبوو لەڕێی دادگە نائاساییەکانەوە کار بۆ ڕیشەکێشکردنی خانە تاکەکانی بدەن، وای لە حکومەتی مستەفا کەمال کرد هەنگاوی نوێ بەرەو پێدانی مۆرکی مەدەنی بە دەوڵەتەکە هەڵبگرێت. لەڕاستیدا وەزارەتی ئەوقاف پێشتر لە ٢ی ئاداری ساڵی ١٩٢٤دا هەڵوەشێنرابوویەوە و کاروبارەکانی بە وەزارەتی مەعاریف سپێرابوون. لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٥ سەرجەم تەریقەتە سۆفییەکان قەدەغە کران، لە ئەیلوولدا سەرجەم تەکییەکانی دەرونیشان داخران. حکومەت بێڕەحمانە هەر ڕەخنەگرتنێکی ئاینییانەی لە ڕێوشوێنەکانی سەرکوت دەکرد. ساڵی ١٩٣١-١٩٣٢ لەوە دوورتریش ڕۆیشت و ژمارەی مزگەوتەکانی سنووردار کرد و لە هەر بازنە زەوییەکدا کە ڕووبەرەکەی پێنجسەد مەتر بێت ڕێگەی بە مزگەوتێک زیاتر نەدەدا. ژمارەی ئەو واعیزانەی دەوڵەت مووچەی دەدانێ بۆ ٣٠٠ واعیز کەم کردەوە و لەسەری فەرز کردن وتاری هەینی تەنیا تایبەت نەبێت بەکاروبارە ئاینییەکان، بەڵکو باسی سوودە کردارییەکانی کشتوکاڵیشی تێدا بکەن. دەرگای دوو مزگەوت لە بەناوبانگترین مزگەوتەکانی ئیستانبوڵ بەڕووی نوێژخوێنداندا داخران، یەکەمیان ئایاسۆفیا بوو کرا بە مۆزەخانە و دووەمیشیان مزگەوتی فاتیح بوو، کرا بە ئەمبار. هەرچی یاسای ئاینی بوو، واتە شەریعەت، کە تا ئەوکاتە لە بواری پەیوەندییە خێزانی و هاوسەرییەکاندا کاری پێدەکرا، لابرا و لە جێگەیدا یاسایەکی مەدەنی وەرگیراو لە یاسای سویسری دانرا. ئەوە بوو بەهۆی بەیەکجاری

---

[١٦٥] بڕوانە: G von Wesendonk Das Kurdische problem, Preus Jahrb. 1930, 117 sq.

لەناوبردنی فرەژنی کە بێگومان لەڕووی پراکتیکییەوە تایبەت بوو بە چینە داراکان، لانیکەم لەبەر هۆ ئابوورییەکان. نەک هەر ئەوە، بگرە حکومەت لە ٢ی تەممووزی ساڵی ١٩٣٤ یاسایەکی دەرکرد بەو پێیە دەبێت ناو بۆ خێزان دابهێنرێت، کە ئەوە پێشتر لە تورکیا نەبووە.

هەرچی ئافرەتی تورکییە کە پێشتر هاتبووە مەیدانی کار تا لە زۆر پیشەدا جێگەی پیاوانی جەنگاوەر لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا بگرێتەوە، یەکسانیی تەواوی درایە لە سەرجەم مافە شەرعییەکاندا. پاشتر مافی ئەوەیشی بەدەست هێنا دەنگ بدات و دەنگی پێ بدرێت. لە هەڵبژاردنە نوێکاندا کە لە بەهاری ساڵی ١٩٣٥ بەڕێوە چوون، حەفدە ئافرەت چوونە ناو کۆمەڵەی نیشتمانیی گەورە.

بزوتنەوەی وەرگرتنی مەدەنیەتی خۆرئاوا کە مستەفا کەمال کاری بۆ دەکرد، روالەتێکی دەرەکیشی وەک هێما وەرگرت، ئەویش لە یاسای ٢٥ی تشرینی دووەمدا بوو، کە کڵاوی نیشتمانی (تەربووش)ی گۆڕی بە شەپقە، کە پێشتر لە سەردەمی سوڵتان مەحموودی دووەمدا ئەو تەربووشە جێگەی میزەری گرتەوە[١٦٦]. پاش ماوەیەک جلوبەرگی ئەوروپی بەسەر هەموو چینەکانی گەلدا سەپێنرا.

گۆڕینی پیتی عەرەبی بە پیتی لاتینی

مستەفا کەمال تەنیا بەم گونجاندنە دەرەکییەی گەلەکەی بەگوێرەی نەریتەکانی خۆرئاوا وازی نەهێنا، بەڵکو چاوی لەوە بوو رۆحێکی ئەوروپیشیان وەبەردا بکات. بۆ ئەو مەبەستە دەبوو یەکەم شت پیتە عەرەبییەکان بخاتە لاوە. پاش ئەوەی لە ٢٨ی ئاداری ساڵی ١٩٢٨ ژمارە عەرەبییەکانی گۆڕی بە ژمارە نێودەوڵەتییەکان، عەزمی جەزم کرد بۆ وەلانانی پیتە عەرەبییەکان کە بەکەمی نەبێت پێویستییەکانی زمانی تورکییان پڕ نەدەکردەوە. لە ٢٦ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٨ لیژنەیەک پێکهێنرا کە ئەرکی دەستکاریکردنی پیتە لاتینییەکان بوو بەشێوەیەک لەگەڵ پێویستییەکانی نووسینی تورکیدا بگونجێت. لیژنەکەیش زۆر لێهاتووانە ئەرکەکەی جێبەجێ کرد، بەوەی پلانێکی مامناوەندی گرتەبەر لەنێوان وێنەگرتنی دەنگەکان کە تا بکرێت نزیک بێت لە راستییەوە، لەگەڵ پارێزگاریکردن لە وێنە تەقلیدییەکانی

---

[١٦٦] گرنگیی گەورەی تەربووش لای تورکەکان، وەک روالەتێک لە روالەتە دەرەکییەکانی نەتەوە -کە عەقڵی ئەوروپی هەندێ جار لەوە تێناگات- لە یەکێک لە چیرۆکەکانی یەعقووب قەدەریدا دەردەکەوێت بەناونیشانی "شەپقە"، کە باسی چارەنووسی دڵتەزێنی عوسمانییەک دەکات کە بۆ رازیکردنی دەزگیرانە مەسیحییەکەی، هەوڵی دا بەشەپقەوە لە بازاردا بسوڕێتەوە، بەڵام خەڵکێکی تووندڕەو کوشتیان. غازی ناچار بوو بەشەپقەوە گەشتێکی پرۆپاگەندە -بۆ شەپقە- هەرێمی قەستەمونی بکات، ئەویش بەمەبەستی نەهێشتنی بەرەنگاریکردنی کۆنەپەرستەکان بۆ ئەو بڕیارە.

پیتەکاندا. لە ٢ی ئاب پیتە تازەکان لە ئەنکەرە خرانە واری بەکارهێنان و غازی (ئەتاتورک) سوور بوو لەسەر ئەوەی خۆی لەبەردەم خەڵکدا لە شێوەی فێرکەری ئەو پیتانەدا پیشان بدات. لە ٩ی ئاب لە وتارێکیدا لە ئیستانبوڵ بەکارهێنانیانی راگەیاند، تا لە ٣ی تشرینی دووەمدا ئەو راگەیاندنە بوو بە یاسا. قوتابخانە لە سەرتاسەری وڵاتدا دامەزران تا خەڵک بەجیاوازیی تەمەنیانەوە فێری پیتە نوێکان بکەن کە لە زووترین کاتدا بوونە (نیشتمانی). لە یەکی ئەیلوول خوێندنی تەقلیدی بەزمانی عەرەبی و فارسی لە کۆلیژەکان هەڵگیرا، کە ئەو دوو زمانە بوون تورکەکان بۆ تێگەیشتن لە ئەدەبی تورکی بە پێویستیان دەزانی بخوێنرێن. بەکارهێنانی پیتی عەرەبی بۆ چاپکردنی کتێبی تورکی قەدەغە کرا، هەرچی ئەو کتێبانە بوون پێشتر چاپخانەکانی ئیستانبوڵ چاپیان کردبوون -کە لە ژمارە نایەن- هەناردە کران بۆ میسر و فارس و هیند. لەڕاستیدا ئەم کودەتایە بووە هۆی دابڕانێکیتر لەنێوان تورکیا و رابردووە ئیسلامییەکەی لەلایەک و لەنێوان برا ئاینییەکانی تورکەکان لە باقی وڵاتانی ئیسلامی لەلایەکیترەوە، کە ئەوە دابڕانێکە، تا ئەمڕۆ، ناتوانین هەموو ئەنجامەکانی مەزەندە بکەین.

ناسیونالیزمی تورکیی نوێ و ئاراستە تووندڕەوەکانی

وەک قەرەبووکردنەوەی بۆ ئەو بەها رۆحییانەی سەرجەم ئەو رێوشوێنانە بوونە مایەی لەدەستدانیان، غازی یان ئەتاتورک[١٦٧] بڕیاری دا رۆحێکی نوێ لە شانازیکردن بە نەتەوەکەیان وەبەر گەلەکەیدا بکات. پاش ئەوەی پیاوانی تورکیای لاو ئومێدبڕاو بوون لە راکێشانی سەرجەم رەعیەتەکانی ئیمپراتۆرییەتەکەیان بۆ پاڵپشتیکردنی پرنسیپە سیاسییەکەیان (کە دەڵێت تورکیا نیشتمانێکە یەک گەل تێیدا نیشتەجێیە -عوسمانییەکان- و مافی یەکسانیان هەیە) هەوڵێک درا بۆ بەستنەوەی تورکەکان و سەرجەم هاوزمانەکانیان بە پەتی هۆشیارییەکی نەتەوەیی نوێوە، ئەویش لەڕێی نموونەی بالای تۆرانیزمەوە Turanism. لەڕاستیدا خستنەڕووی ئەم ئایدیایە لەلایەن مستەفا کەمالەوە بەشێوەیەکە هێمایە بۆ چاوکراوەییەکی سیاسیی رەسەن. مەبەستی ئەوە بوو فەخر و شانازی بخاتە دڵ و دەروونی تورکەکانی ئەنادۆل بەوەی نەوەی گەلێکی دێرینی پێشکەوتوون، هاوشێوەی میسرییە نوێیەکان کە هەوڵیان دا لەڕێی شانازیکردنیان بە کەلتووری دێرینی نیلەوە هۆشیاریی نەتەوەییان لەڕووی بەریتانییە چەوسێنەرەکانیاندا بەهێز بکەن. لەبەرئەوە ئەو گریمانە لاوازە نازانستییەی پەسەند کرد کە ژمارەیەکی کەم لە زانایانی

---

[١٦٧] کۆمەڵەی نیشتمانی لە ٢٤ی تشرینی دووەمی سالی ١٩٣٤ ئەم ناوەی لە مستەفا کەمال نا، بەمانای "باوکی تورکان"، ئەویش پاش پەسەندکردنی یاسای تایبەت بەنازناوی خێزانەکان، "وەک دەربڕینی ڕێز و پێزانینی نەتەوە بۆ چاکەی مەزنترین ڕۆلەکانی بەرەهایی".

ئەوروپی پشتگیریبیان کردوە و پێی وایە زمانی سۆمەریەکان، داهێنەری شارستانێتیی بابلی کۆن، پەیوەندییەکی بەتورکییەوە هەبووە. ئەو کەکردنانەی زانای ئەڵمانی وینکلەر H. Winkler لە ئەنادۆل، لای بوغاز کوی، کردنی، هەندێ ئاسەواری شارستانێتیی (حتی) دۆزیبەوە کە گەلانی ئاسیای بچووک دایانمەزراندوە و پاشان چینێکی حوکمڕان لە رەگەزی ئەوروپیی هیندی بێگانە (دخیل) وەریگرتوە. لەڕاستیدا ئەو حیثیانەیش لەڕێی (ئیستیقرا)یەکی مێژوویی بوێرانەوە بە باوباپیرانی تورکە بەراییەکان دانراون. بەم پێیە تورکەکان گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە ئەوان ببنە خاوەنی کۆنترین شارستانێتی لە جیهاندا. هەر زوو لە تورکیای کەمالیدا بیرۆکەیەکیش سەری هەڵدا کە پێی وایە زمانە هیندۆ ئەوروپی و زمانە سامییەکان لە بنەڕەتدا پەیوەندییان بە زمانی تورکییەوە هەبووە و لەوەوە پەیدا بوون، ئەوانەی داکۆکییان لەو بیرۆکەیە دەکرد هەوڵیان دەدا لەڕێی پەهلەوانییەکی زمانەوانیی سەیرەوە، کە ملکەچی هیچ رەخنەیەکی زانستی یان قیاسێک نیە، بەڵگەی لەسەر بهێننەوە. بۆ پشتگیریکردنی ئەم گریمانانەیش -وادیارە لەو ناوەندانەی پەیوەندیی پتەویان بە سەرۆک کۆمارەوە هەبوو- تیۆرێکی خەیاڵی دانرا کە بە "تیۆری خۆرین لە زمانەکاندا" دەناسرێت. ئەو تیۆرە سەرجەم ئەو وشە بێگانانەی لەناو زمانی تورکیدا جمەیان دێت بەمادەیەکی زمانەوانیی تورکیی رەچەڵەک ساغ دانا، بەوەیش دەرفەتی رەخساند بۆ هێشتنەوەیان لە کرۆکی زمانەکەدا پاش ئەوەی زمانەوانانی دەمارگیر لە سالانی رابردوودا هەموو هەوڵی خۆیان خستە بۆ ریشەکێشکردنیان و جێگرتنەوەیان بە وشەی مردوو، کە هەوڵیان دەدا لەناو زمانی تورکیی کۆن زیندوویان بکەنەوە. بۆ نموونە وشەی ecole ی فەرەنسی هێنراوەتە ناو کرۆکی زمانی تورکی و بە Okul دەخوێنرایەوە، ئەویش پاش ئەوەی گێڕایانەوە بۆ فرمانی okumak یان "خوێندی". ئەوانەی بەو توێژینەوە زمانەوانییەوە سەرقاڵ بوون سڵیان نەکردوە لە لکا ی ژمارەیەک پاشگری وشەی بیانی (وەک پاشگری فەرەنسیی گونجاو: al- لە وشەی social و...هتد) بە هەندێ وشەی تورکیی یان عەرەبیی پەتییەوە. بەمەیش زمانێکی نوێی نووسین پەیدا بوو کە بەئاستەم پیاوی ئاسایی لێی حاڵی دەبێت. بەم شێوەیە لەسەر کورسیی سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانی لە ئەنکەرە کە ئێتر بە kamutai ناو دەبرا، ڕێسای سەرەکی دەستووری تورکی هەڵواسرا کە دەڵێت: "سەروەری لە گەل وەردەگیرێت" بەم شێوەیە: Egemenlik Ulusundur کە تا پێش چەند ساڵێک هیچ تورکێک جگە لە پاشگری lik لە وشەی یەکەم و dur لە کۆتایی وشەی دووەمدا لە هیچی تێنەدەگەیشت. هەرچۆن بێت، بێگومان ئەم ڕواڵەتانە کە زادەی هۆشیارییەکی نەتەوەیی زێدەڕۆن، زۆری نەبرد ملک

هەندێ ئیعتیباراتی دامەزراوتر و دانایانتر بوون، چونکە تورکەکان چەند حەز بکەن واز لە نەریتەکانی[١٦٨] رابردووی ئیسلامییان بێنن، هەردەم بەخاوەن کەلەپوورێکی نەتەوەیی تایبەت دەمێننەوە، کە هێندە دەوڵەمەندە پێویستیان بەوە نیە بە بریق و باقی خوازراو هۆشیاریی نەتەوەییان بەهێز بکەن. لەڕاستیدا زانایانی تورک دەمێکە، بەسەرکەوتنێکی گەورەوە، هەوڵ دەدەن لەڕێی توێژینەوەی زانستیی ڕێکخراوەوە ئەو گەنجینە راستەقینانە بدۆزنەوە کە لەناو کەلتوورەکەیاندایە.

بەڵام رزگاربوونی تورکەکان لەو باڵادەستییە فیکرییەی نوێنەرانی کۆنەپەرستی ئیسلام بەسەریاندا دەسەپاندن، وای کرد بەها ئاینییە ئیسلامییە راستەکان بەئاسانی بگەنە تاکەکانی گەل. ئەوە بوو بۆ یەکەم جار لە نیسانی ساڵی ١٩٣١ قورئان -کە پێشتر خوێندنەوەی تەنیا بەعەرەبی بەردەست بوو- وەرگێڕدرایە سەر زمانی تورکی و لەگەڵ تەفسیرێکیدا بەتورکی بڵاو کرایەوە. لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٢ چەند بەشێکی ئەو وەرگێڕانە بۆ یەکەم جار لە یەکێک لە مزگەوتەکانی ئیستانبوڵدا بۆ خەڵک خوێندرایەوە، لەوکاتەوە بانگدەرانیش بەزمانی تورکی بانگیان دەدا. نەک هەر ئەوە، بگرە ئازادیی ئاینی بووە مایەی ئەوەی ژمارەیەک تورک ساڵی ١٩٣٢ ببنە مەسیحی، کە ئەوە کارێکە یاسای ئیسلامیی کۆن بەکوشتن سزای دەدا.

هونەر و ئەدەبیات

لەم قۆناغەدا هونەرەکان بەهۆی ئەو گرنگپێدانی چالاکانەی سەرۆک کۆمارەوە بەخێراییەک گەشەیان سەند کە جێی سەرسوڕمانە، لەکاتێکدا لە سایەی ئیمپراتۆرییەتەکە کۆنەکەدا -جگە لە هونەری تەلارسازی- بەتەواوەتی پشتگوێ خرابوون. لە پایتەختی نوێ، ئەنکەرە، کە لە چەند ساڵێکدا لە ناوەندێکی گوندانەی پشتگوێخراوەوە بوو بە پایتەختێکی هاوچەرخ، ئەندازیارانی تەلارسازی، کە زۆربەیان ئەڵمانی بوون، لە ساڵی ١٩٢٧ەوە چالاکانە کاریان دەکرد بۆ نوێکردنەوەی شارەکە. بەگوێرەی نوێترین مۆدێلە ئەوروپییەکان. بەڵام ژمارەیەک تەلارسازی تورکیش لەپاڵ ئەوانەدا کاریان دەکرد و هەوڵیان دەدا تێڕە بیانییەکان و سروشتی وڵاتەکە و دانیشتوان پێکەوە بگونجێنن. لەوەیشدا تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوون. پەیکەرتاشانی ئەڵمانی یەکەمین پەیکەرەکانی ئەتاتورکیان لە گۆڕەپانە گشتییەکانی سەرجەم شارە گەورەکاندا دانا -کە

---

[١٦٨] ساڵی ١٩٣١ بەسووک سەیرکردنی رابردوو گەیشتە رادەیەک کۆمەڵێکی بەنرخ لە بەڵگەنامە کۆنەکانی تایبەت بەوەزارەتی دارایی، وەک کاغەزی بێنرخ، بفرۆشرێتە بولگاریا. تا کاتێک ئەم مەسەلەیە لە کۆمەڵەی نیشتمانیی گەورەدا تاوتوێ کرا حکومەت توانی پەنجا و سێ کیس لەو بەڵگەنامە بەنرخانە رزگار بکات، دوای ئەوەی کرپنییەوە و لەناو ئەرشیفی نیشتمانیدا هەڵیگرتن.

ئەوە بەڵگەیە لەسەر نەزعە کەلتوورییە نوێیەکە بۆ رزگاربوون لە دژایەتیی تەقلیدیی ئیسلامی بۆ وێنەگرتن. ئەم قوتابخانە هونەریەییش یارمەتیی دەرکەوتنی پەیکەرتاشانی نیشتمانیی ناسراوی دا. لە بواری وێنەکێشانیشدا -کە لە فارس و هیند تەنیا بۆ رازاندنەوەی کتێب بەکار دەهات و لە تورکیایش لە سەردەمەکانی رابردوودا بەتەواوەتی فەرامۆش کرابوو- زۆر بەهرە درەوشانەوە، بەتایبەت لەژێر کاریگەریی هونەرمەندانی فەرەنسیدا، تا ساڵی ١٩٣٦ ئەو بەهرانە بەرهەمەکانیان لە پێشانگەی ئەسینادا نمایش کرد. هەرچی مۆسیقایە، تا ساڵی ١٩٢٨ پارێزگاری لە مۆرکە رۆژهەلاتییە سافەکەی کرد و ئامێرە ژێدار و فلوتەکان یاوەری ئاوازە یەکنەزمە، بەزۆری خەمگینەکان، بوون کە گۆرانیبێژە میللییە تورکەکان دەیانچڕین. دەمێک بوو ئەوە زانرابوو سەرۆک کۆمار سوورە لەسەر ئەوەی گەلەکەی لەم بوارەیشدا بەرەو ئاسۆی نوێ سەرکردایەتی بکات. ساڵی ١٩٣٤ لە ئەنکەرە قوتابخانەیەکی نوێ بۆ مۆسیقا کرایەوە کە بەڕێوەبردنی بە هیندمیث P. Himdemith و پریتوریوس E. Praetorious سپێردرا، بەمەبەستی گونجاندنی مۆسیقای خۆرئاوایی و "بەتورکیکردنی". بەڵام هەوڵی دا مۆسیقای تورکیش دەوڵەمەند و قوواڵتر بکات.

هەروەها لە بواری ئەدەبدا، هاوشێوەی بواری هونەری تەنکاری (دروستکردنی پەیکەر) و وێنەکاری، تورکەکان ئاراستەی نوێیان گرتەبەر، کە چاوەڕوان دەکرا بیانگەیەنێتە ئەوەی هەوڵیان بۆ دەدا لە گونجاندنی کەلتوورەکەیان بەگوێرەی کەلتووری خۆرئاوایی. گەورەی ئافرەتانی تورکیا، خالیدە ئەدیب، کە خۆی گەیاندە مستەفا کەمال لە ئەنادۆڵ و بەشداری لە شەڕەکانی رزگاریدا کرد و بەشێوەیەکی دڵگیر لە ڕۆمانی "کراسی ئاگر"دا ئەو شەڕانەی پێشان داوە، بەهۆی جیاوازیی بۆچوونی سیاسییەوە ناچار بوو خاکی نیشتمان بەجێ بهێڵێت. لەوێ لە ئینگلتەرا یاداشتەکانی بەزمانی ئینگلیزی تۆمار کرد کە پڕن لە زانیاریی بەسوود، دوای ئەوە ماوەیەک لە پاریسیش ژیا. هەرچی شاعیری گۆرانی عەبدولحەق حامیدە، کە لە ١٢ی نیسانی ساڵی ١٩٣٧ لە هەشتا ساڵیدا مرد، هەروەها شاعیر ئەحمەد هاشم[١٦٩] کە ساڵی ١٩٣٤ مرد، نەریتەکانی سەردەمی "تورکیای لاو"یان بەزیندوویی هێشتەوە. یەعقووب قەدری[١٧٠] کە بناغەکانی هونەری ڕۆمانی نوێی داڕشت، ڕۆمانی بۆ خزمەتکردنی بزوتنەوە کەلتوورییە مۆدێرنەکە تەرخان کرد. هەروەها ڕەشاد نووری و سەدری ئەرتەم و شەوکەوت ئورەیا توانییان بەشێوەیەکی هونەرییانە گوزارشت لە ژیانە نەتەوەییە نوێیەکە بکەن، کە لە خاکی ئەنادۆڵدا روناکی بینی.

---

[١٦٩] بڕوانە: H. Dida in Die Welt des Islams, XI, 1928, 200-244.

[١٧٠] بڕوانە: R. Hartmann, Ibid, 1918, 264-282.

سیاسەتی ناوخۆ

ئەتاتورک وەک سەرۆکی حزبی گەل (هاڵک فیرکەسی) کە خۆی دایمەزراند، دەیتوانی سیاسەتی ناوخۆی تورکی لەنێو چوارچێوەی هەندێ ڕێڕەوی دیاریکراوی نەگۆڕدا بپارێزێت، ئەگەرچی زۆری نەبرد ناکۆکی لە ساڵە بەراییەکاندا سەری هەڵدا تەنانەت لەنێوان یاریدەدەرەکانیدا، کە هەندێ جار لە دەمەتەقێی تونددا لەناو کۆمەڵەی نیشتمانی خۆیدا، دەردەکەوت. لە ساڵی ١٩٢١ەوە حزبێک بەناوی "حزبی دووەم" دامەزرا، ساڵی ١٩٢٤ ناوی بۆ "حزبی ئازاد" و پاشتر بۆ "حزبی تەرەقیی جمهوری" گۆڕی. لەڕاستیدا ئەم حزبە لەپاڵ سەرانی بزوتنەوەی تورکیای لاوی جاراندا، هەندێ کەسایەتیی سیاسی و ئایینیی کۆنەپەرستی تێدا بوو، هەروەک لە هەمان کاتدا هەندێ لە یاریدەدەرە بەراییەکانی مستەفایشی لەخۆ گرتبوو. لە نەیارییی ئەوانەوە حزبی گەل خۆی ناونا "حزبی گەلی کۆماری"، تا کاتێک شۆڕشە کوردییەکە هەڵگیرسا و زۆر پێویستی دەکرد یەکێتییەکی بەهێز لەنێوان سەرجەم هێزە نیشتمانییەکاندا بێتە کایە، حزبە بەرهەڵستکارەکە بە بڕیارێکی دادگەی ئیستیقلال لە ئەنکەرە لە حوزەیرانی ١٩٢٥ هەڵوەشایەوە. پاش یەک ساڵ (حوزەیرانی ١٩٢٦) پیلانێک لە ئیزمیر ئاشکرا بوو کە ئامانجی کوشتنی سەرکۆمار بوو بەدەستی بکوژانی کرێگرتە لەکاتی هاتنی بۆ ناو شارەکە. سزای مردن بۆ هەژدە کەس لە سەرانی پیلانەکە دەرچوو، کە پێنجیان لە سەرانی تورکیای لاوی جاران بوون. هەریەک لە ڕەئووف بەگ سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانی و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی پێشوو، دکتۆر عەدنان بەگ -کە پێشتر وەزارەتی دەرەوەی لە ئیستانبول بەدەستەوە بوو- لەگەڵ خالیدە ئەدیبی هاوسەری بۆ ماوەی دە ساڵ لە وڵات دوور خرانەوە، لەکاتێکدا هەریەک لە ژەنەراڵ کازم قەرە بەکیر و ژەنەراڵ عەلی فوئاد پاشا ئەستۆپاک دەرکران. دوای چوار ساڵ لە مەنیمەن Menemen لە باکووری ئیزمیر شۆڕشێکیتر بەرپا بوو کە پیاوانی تەریقەتی نەقشبەندی بەرپایان کرد، شۆڕشگێڕان توانییان بەسەر سوپایەکی بچووکدا زاڵ بین کە لەژێر فەرماندەیی مولازمێک بوو لە ئەفسەرانی یەدەگ. بەڵام زۆری نەبرد شۆڕشەکە بەسووک و ئاسانی کپ کرایەوە. ساڵی ١٩٣٠ غازی جارێکیتر هەوڵی دا ڕێگە بە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی بدات، ئەویش -بەپلەی یەکەم- بۆ سنووردانان بۆ هەڵمەتی ڕەخنەگرتنی بیانی لە حکومەتەکەی. بەم شێوەیە فەتحی بەگ سەرۆک وەزیرانی پێشوو و باڵیۆزی تورکیا لە لەندەن توانی بەسەرۆکایەتیی حزبی کۆماری سەربەخۆ بچێتە ناو ئەنجوومەنی نیشتمانیی تازە هەڵبژێردراو. بەڵام ئەو حزبە زۆری نەبرد پاش چەند پێکدادانێک لەنێوان لایەنگرانی و لایەنگرانی حزبی گەلدا لە ئیزمیر، هەڵوەشێنرایەوە. بەڵام لە هەڵبژاردنە نوێیەکانی ساڵی ١٩٣٦دا سیازدە نوێنەری سەربەخۆ هەڵبژێران، لەناویاندا دوو کەس نوێنەرایەتیی یۆنان و یەکێک ئەرمەن و یەکێکیش نوێنەرایەتی جولەکەی دەکرد.

ئومێد بەوانەوە گرێ درابوو لەڕێی چاودێریی دڵسۆزانە و ڕەخنەی بابەتییەوە کۆششەکانی حکومەت و حزب بەهێز بکەن. لەبەرئەوەی ناکۆکی زۆر جار لەنێوان نوێنەرانی حزبی گەل و فەرمانبەرانی حکومەت لە ویلایەتەکان دروست دەبوو، ئەوا بنەماکانی حزبەکە خرانە سەر دەستوور بەیاسایەک کە لە ٣ی شوباتی ساڵی ١٩٣٧ دەرچوو، هەروەها وەزیری ناوخۆ لە هەمان کاتدا بەئەمینداری گشتیی حزبەکەیش دامەزرێترا و نوێنەرەکانی لە ویلایەتەکان بانگ کران. بەم شێوەیە ململانێ لەپێناو دەسەڵاتدا لە بەرژەوەندیی دەوڵەت یەکلا کرایەوە بەبێ دەستدرێژیکردنە سەر سیفەتە دیموکراسییەکەی، چونکە دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتە، لەهەموو بارەکاندا، لە کۆمەڵەی گشتییەوە وەرگیراوە کە بەرانبەر کەس بەرپرسیار نیە جگە لە دەنگدەرەکانی. هەرچی ئەو پێشکەوتنە گەورەیە بوو ژیانی ئابووریی تورکیا لە سایەی سیستمی کەمالیدا بەدیهێنا، پێشتر چەندین جار باسمان کردوە، لەبەرئەوە بەپێویستی نابینین لێرەدا باسی بکەینەوە. هەرچۆن بێت، ئەوەندە بەسە وەبیری بهێنینەوە کشتوکاڵ هێشتا برپەرەی پشتی ئابووریی نیشتمانیی تورکیا پێک دێنێت، بەڵام پیشەسازی کە لە سەردەمی پێشوودا خەریکە بڵێین هەر نەبوو –دیارە بەچاوپۆشین لە پیشەسازیی کۆنی مافوور کە زیاتر لە ماڵەکاندایە– بەهۆی ئاراستەکردنی ژیرانەیەوە بەخێراییەکی سەرسوڕهێنەر گەشەی کرد. لەڕاستیدا ئەو پیشەسازییە لە هەمان کاتدا بناغەی تۆکمەی سیاسەتی سەربازیی حکومەتیش پێک دێنێت کە پشت بە سوپایەکی پرچەک و مەشقدراو لەسەر شێوازی تەواو نوێ دەبەستێت، هەروەها پشت بە کەشتیگەلێک دەبەستێت بەشێوەیەک ئامادەکراوە پێویستییەکانی بەرگریی نیشتمانی پڕ بکاتەوە.

سیاسەتی دەرەکی

ڕەگەزی سەرەکیی لە سیاسەتی دەرەوەی تورکی لە ماوەی ساڵە بەراییەکانی ژیانی دەوڵەتە تازەکەدا، ئەو ململانێیە بوو کە لەپێناو خاوەندارێتیی ویلایەتی مووسڵی کۆندا کردی، چونکە ئەو ویلایەتە گرنگیی تایبەتی هەبوو بەهۆی ئەو سامانە نەوتییەی تێیدایە و هێشتا سوودی لێ وەرنەگیرابوو، لەبەرئەوە بەریتانیا داوای کرد بخرێتە سەر عێراق کە لەژێر ئینتیدابیدا بوو، لەکاتێکدا تورکیا لەسەر بناغەی میساقی نیشتمانی داوای دەکرد، چونکە زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن هاوشێوەی ویلایەتەکانی تەنیشتی. ڕێکەوتنامەی ئاشتیی لۆزان چارەسەری کۆتایی ئەو کێشەیەی دوا خست، بەو مەرجەی ئەگەر نەگەیشتنە ڕێکەوتنێک لەسەری، ڕەوانەی کۆمەڵی گەلان بکرێت. دوای زنجیرەیەک دانوستان و لێکۆڵینەوە کە لیژنەیەک بەسەرۆکایەتیی ژەنەرال لایدونری ئەستونی

Laidoner پێی هەستا، لە ١٥ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٥ ئەو هەرێمەی -کە گرنگیی ستراتیژی بۆ تورکیایش هەیە- بەبەشێک لە خاکی عێراق دانرا کە لەژێر ئینتیدابدا بوو. لە رێکەوتنی ئەنکەرەیش کە لە ٥ی تەممووز/یۆلیۆی ساڵی ١٩٢٦ ئیمزا کرا تورکیا بەو بڕیارە رازی بوو پاش ئەوەی دڵنیایی درایە بەبەشدارکردنی بەڕێژەی ١٠% لە پرۆژەکانی وەبەرهێنانی نەوت کە بڕیار بوو لە ئایندەدا جێبەجێ بکرێن. لەو کاتەوە ئەو گرژییەی لە پەیوەندییەکانی نێوان بەریتانیا و تورکیادا بوو نەما، ئەویش بەهۆی لێکنزیکبوونەوەی ئابووری و هاوکاریی دامەزراو لەسەر متمانەی دووسەرەی نێوان هەردوولا. لە ١٨ی تەممووزی ساڵی ١٩٣٢ تورکیا بەئەندامی کۆمەڵی گەلان هاتە هەڵبژاردن.

هەرچی ئەو پەیماننامەیە بوو کۆماری تورکیا لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت ئیمزای کرد - راستەوخۆ پاش دامەزرانی تورکیای نوێ- بەوردی پێوەی پابەند بوون سەرباری جیاوازیی بنچینەیی لە چەمکەکانی ژیانی نیشتمانی و ئابووری لای هەردوولا، پاشان بەدوو سەردان پتەو کرا، یەکەمیان شاندێکی تورکی بەسەرۆکایەتیی سەرۆک وەزیران عیسمەت ئینونو ساڵی ١٩٣٢ بۆ مۆسکۆ، ئەویتریان سەردانی شاندێکی سۆڤیەتی بوو بۆ ئەنکەرە بەسەرۆکایەتیی ڤۆرۆشیلۆڤ Voroshelov، کۆمیسیاری حزب. ئەگەرچی حکومەتی تورکی هەر پرۆپاگەندەیەکی بۆ شیوعیەت لەسەر خاکەکەی قەدەغە کرد -ئەو پرۆپاگەندەیە ئاستەم بوو ریشەیەکی قوواڵی هەبێت، لەبەر نەبوونی چینێکی گەورە لە کرێکارانی پیشەسازی- ئەوا تورکیا سوودێکی ئابووریی گەورەی لە رووسیاوە دەست کەوت، ئەمە جگە لەو دڵنیاییەی سەبارەت بە سەلامەتیی سنوورەکانی رۆژهەڵاتی بۆی دروست بوو[١٧١].

هەروەها تورکیا دەبوو کێشەی سەنجەقی ئەسکەندەرونە -لەگەڵ هاوسێکەی باشووری، سووریا کە لەژێر ئینتیدابی فەرەنسیدا بوو- چارەسەر بکات، کە تێیدا سوورییەکان لەگەڵ کەمینەیەکی تورکیدا دەژین. لە پەیماننامەیەکدا لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢١ لە فەرەنسا ئیمزایان کرد، هەردوولا رێک کەوتن لەسەر ئەوەی ئەو سەنجەقە ئیدارەی تایبەتی خۆی هەبێت و زمانی تورکی بکرێتە زمانی رەسمی تێیدا و دەست بۆ ژیانی کەلتووریی تورکەکان نەبرێت. بەڵام ئەم کێشەیە کە رای گشتیی تورکی زۆر وروژاند، تا دوای چەندین دانوستانی دوور و درێژ لەنێوان هەردوو دەوڵەتەکە چارەسەر نەکرا، کە بە پەیماننامەیەک کۆتایی هات ئەنجوومەنی کۆمەڵی گەلان لە ٢٧ی

---

[١٧١] بڕوانە: G. Jaschke, Der Weg zur russisch- turkischen Freundsch (Welt des Islam, XVI, 1936, 23-38).

کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٧ پەسەندی کرد. ئەو پەیماننامەیە سەربەخۆیی تەواوی ئەو سەنجەقەی لە بەڕێوەبردنی ناوخۆییدا مسۆگەر کرد و نەیبەست بە سووریاوە تەنیا لەوەدا نەبێت پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەوەوە هەیە.

تورکیا لەڕێی دیپلۆماسییەتێکی زرنگانەوە توانی داواکانی دوژمنە کۆنەکانی لە نیمچە دورگەی بەلقان و خواستەکانی قەوارە سیاسییە سەربەخۆ نوێیەکەی پێکەوە بگونجێنێت. لەڕاستیدا بۆ یۆنان ئاستەم بوو دەست لە خەونەکانی بۆ گێڕانەوەی کۆلۆنییە ئەیونییە کۆنەکانی هەڵبگرێت، کە ئەو خەونانە هاوپەیمانان لەکاتی جەنگدا جۆشیان دەدا. هەردوو دەوڵەت توانییان لەڕێی ئاڵوگۆڕپێکردنی دانیشتوان لە چوارچێوەیەکی فراواندا بەسەر سەرچاوەیەکی مەترسیدار لە سەرچاوەکانی بەریەککەوتنی نێوانیاندا زاڵ بن، کە سەرەتا سەرێشەی ئابووریی گەورەی بۆ یۆنان دروست کرد. تا کاتێک ئەو ئاڵوگۆڕە ساڵی ١٩٢٩ ئەنجام درا ئیتر هەردوو دەوڵەت دەیانتوانی ساڵی پاشتر پەیماننامەی بێلایەنی ببەستن. ساڵی ١٩٣٣ ئەو پەیماننامەیە گەرەنتییەکی سنووری بەدوادا هات ماوەکەی دە ساڵ بوو.

هەرچی بولگاریایە تورکیا توانی ساڵی ١٩٢٥ پەیماننامەی دۆستایەتی لەگەڵدا ببەستێت کە زۆری نەبرد ساڵی ١٩٢٩ بە پەیماننامەیەکی بێلایەنی فراوان و پاڵپشتی کرا، ئەگەرچی بولگاریا لەدەرەوەی میساقی بەلقانی مایەوە کە لە ئەسینا (٩ی شوباتی ساڵی ١٩٣٤) هەریەک لە تورکیا و یۆنان و یۆگۆسلاڤیا و رۆمانیا ئیمزایان کرد، کە بەڵێنیان دا نەک هەر ئاشتیی نێوانیان بپارێزن و رێزی سنووری یەکتر بگرن، بگرە لەباری هێرشکردنە سەر هەریەکەیاندا ئاڵوگۆڕی یارمەتیی سەربازیش بکەن. هەروەها بەرژەوەندییە ئابووریەکانی هەر چوار وڵات لە ئەنجوومەنێکی ئابووریدا تاوتوێ کرا، کە لە ئاداری ساڵی ١٩٣٧ لە ئەسینا بڕیاری دا بەهاوبەشی هەناردەکردنی هەندێ بەروبومی کشتوکاڵی رێک بخەن. لەڕاستیدا دواین کۆت و بەندە سەربازییەکان کە پەیماننامەی ئاشتی بەسەر تورکیایدا سەپاندن ساڵی ١٩٣٨ وەک هەڵوەشاوەیان لێهات کاتێک لەشکرگە تورکییەکان گەڕانەوە بۆ سەرلەنوێ داگیرکردنی دەردەنیل و ئەدەرنە.

مردنی ئەتاتورک

لە ١٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٨ ئەتاتورک لە ئیستانبوڵ لەئاکامی نەخۆشییەکی دڕێژخایەندا مرد، لەبارێکدا گەلەکەی زۆر پێویستی پێی بوو و دەوڵەتێکی بۆ تورکەکان بەجێ هێشت کە لە دەرەوە پارێزراو و لە ناوخۆدا گەشاوە بوو، هاوڕێی دێرینی عیسمەت ئینونو وەک دووەم سەرۆکی کۆماری تورکیا، کاروبارەکانی وڵاتەکەی بەڕێوە دەبرد.

میسر

میسر دوای داگیرکردنی لەلایەن بەریتانییەکانەوە سالّی ١٨٨٢ چیتر نەبەسترابوو بە چارەنووسی هاوبەشی تایبەت بەباقی دەولّەتانی ئیسلامی. راستە بەریتانیا سەرەتا تەنیا بۆ ئەوە دەستی بەسەر ولاتی نیلدا گرت تا رێگەی دەریایی خۆی بۆ هیند بپارێزێت لەڕێی نۆکەندی سویسەوە، بەلام کاتێک تواناکانی ئەو ولاتەی گرتە دەست رووبەڕووی ئەرکی تەواو نوێ بووەوە. لەڕاستیدا بەریتانییەکان هەمیشە مەیلیان بەلای ئەوەدا بوو -بەگوێرەی ئەو رۆحە کرداریەی ئەنگلوساکسۆنییەکانی پێ دەناسرێتەوە- چارەسەری ئەو ئەرکانە یەک دوای ئەویتر بەپێی دەرکەوتنیان، بکەن. هەروەک خۆیان دوور دەگرت لە وەرگرتنی هیچ بڕیارێک لەبارەی ئایندەی ولاتەکە[١٧٢]. بێگومان مافی ئەوەیشمان نیە ئەو جەختکردنانە بە رووپامایی سیاسی دابنێین کە سیاسییە بەریتانییەکان زۆر دووبارەی دەکەنەوە و دەڵێن ئەوان ئامانجیان تەنها پارێزگاریکردن نیە لە بەرژەوەندییەکانی ئیمپراتۆرییەتەکەیان لەو ولاتە، بەڵکو بەرزکردنەوەی ئاستی میسرییەکانیشە لە هەردوو رووی ماددی و هزرییەوە.

لەڕاستیدا میسر، وەک هەندێ لە نیشتمانییە میسرییە وردبینەکان دانیان پێدا ناوە، تا رادەیەکی زۆر قەرزاری ئیدارەی بەریتانییە، هەروەها کارێکی بێهوودە و بێسوودە ئێستا لەو بکۆڵینەوە ئاخۆ دەکرا بەبێ دەستوەردانی بەریتانییەکان شۆڕشەکەی عەرابی بتوانێت گونجاندنێک لەنێوان داواکارییەکانی بنەماڵەی محەمەد عەلی -بە ئەریستۆکراتییە تورکییە مەدەنی و سەربازییەکەیەوە- لەلایەک و داواکارییەکانی خەڵکی رەسەنی میسر لەلایەکیترەوە بکات. دروست ئەوەیە دان بەوەدا بنێین بەریتانیا ئەگەرچی پاش دەستگرتنی بەسەر میسردا نەیتوانی چارەسەری ئەو کێشەیە بکات، بەڵام سەرکەوتوو بوو لەوەی لانیکەم بناغەیەک بۆ چارەسەرکردنی بە باشترین شێوە دابنێت. راستە ئەو چینانەی لە سەردەمەکانی رابردوودا بەتەنها دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرتبوو زۆرجار بێزاربیان لە سەرپەرستیی وشک و توندی کونسوڵی گشتیی بەریتانی ئێر ئەفلین بارینج (پاشتر ئارل کرۆمەر) لە ١١ی ئەیلوولی سالّی ١٨٨٣ تا ٦ی ئایاری سالّی ١٩٠٧ دەردەبڕی، بەڵام بوارێکی گەورە هەیە بۆ گومان لەوەی ئاخۆ گەشەسەندنی ولاتەکە و بەرزبوونەوەی ئاستی فیکری و مەعنەویی دانیشتوانەکەی بەو خێرایییە، بەبێ ئەو سەرپەرستییە کارێکی ئاسان بوو. هەرچۆن بێت ئێرە شوێنی قسەکردنی دوور و درێژ نیە لەسەر مێژووی بەرێوەبردنی بەریتانی، ئەوە بابەتێکە پەیوەندی بە دیراسەکردنی ئیمپراتۆریەتی

---

[١٧٢] تەماشای دانپێدانانی لۆرد کرۆمەر لە کۆتایی کتێبەکەیدا بەناونیشانی Egypt بکە.

بەریتانییەوە هەیە. هەروەها خۆمان خەریک ناکەین بە نووسینەوەی مێژووی ئاڵوگۆڕە وەزارییەکان کە تەنیا بەڵگەیە لەسەر رادەی هەژموونی بەریتانی لە ناوەندە حکومییەکاندا. بەڵام هەوڵ دەدەین وێنەیەکی پوختی پەرەسەندنی گەلی میسری لەسایەی داگیرکردنی بەریتانیدا بخەینە روو.

لە سایەی کرۆمەردا

تەنانەت باڵیۆزی بەریتانی لە ئیستانبوڵ، لۆرد دفرین Lord Dufferin، کە یەکەم کەس بوو نوێنەرایەتیی حکومەتی وڵاتەکەی کرد لە میسر دوای داگیرکردن، لێبڕاوانە کاری بۆ باشکردنی دۆخی خراپی جووتیاران کرد. تا ئەوکاتە فەرمانبەرانی ئیداریی میسری لە جێبەجێکردنی ئەرکە سەرەکییەکەیاندا -مەبەست کۆکردنەوەی باجە- تووندترین سزای جەستەیی و شێوەیتری ئەشکەنجەدانیان دژ بە هەر کەسێک بەکار دەهێنا لە باجدان دوا بکەوتایە. ئەو شێوازانە بەفەرمانێکی لۆرد دافرین قەدەغە کران. پاش ئەوە کارپێکردنی زۆرەملێ (سوخرە یاخود بێگار) هەڵوەشایەوە -کە بۆ پاککردنەوەی کەناڵەکانی ئاودان پێش لە لافاوی نیل بەسەر جووتیاراندا دەسەپێنرا- ئەویش لەئاکامی خەباتێکی سیاسیی درێژخایەن لەگەڵ نوێنەرانی لێژنەی چاودێریی دارایی نێودەوڵەتی، کە دەبوو رەزامەندییان بەدەست بهێنرێت بەمەبەستی بەدەستهێنانی پارەی پێویست بۆ لەئەستۆگرتنی خەرجەکانی کاری ئازاد. تا مردنی تۆفیق پاشایش لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٩٢ رزگاربوون لە کاری بێگار بەتەواوەتی بەدینەهات، ئەم رووداوە وەک دیاردەیەک بوو بەبۆنەی چوونە سەر تەختی خدێویی نوێ پێشکەش بەگەلی میسری کرا. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو باجانەی دانیشتوان لەژێر باریاندا دەیاننااند هێشتا قورس و سەخت بوون، چونکە دەبوو لەپاڵ خەرجەکانی ئیدارەی گشتیدا، خەرجەکانی داگیرکردنی بەریتانی و راوێژکارە بەریتانییە دامەزرێنراوەکانی وەزارەتە جیاوازەکان -کە هەژموونێکی گەورەیان هەبوو و لە هەموو بچووک و گەورەیەکدا دەیانسەپاند- و حەشاماتێک لە فەرمانبەرانی ئیداریش دابین بکەن. لەڕاستیدا هەردوو راوێژکاری وەزارەتی دارایی -یەکەم جار سێر فینسانت E. Vincent و پاشان سێر ئەلوین پالمەر Elwin Palmer لە ساڵی ١٨٨٨ بەدواوە- توانییان لەژێر سەرپەرشتیی لۆرد کرۆمەردا دارایی میسر زۆر بەوردی رێک بخەن، بەڵام نەیانتوانی قەرزەکانی دەوڵەت بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزێنن. ئەمە جگە لەوەی رێزگرتنی چاودێریی دارایی نێودەوڵەتی هەندێ جار دەبووە هۆی گرتنەبەری هەندێ ڕێوشوێنی تا رادەیەک شاز. هەروەها سەرپەرشتیارانی کاروباری دارایی نەیانتوانی باری گرانی باجەکان سووک بکەن. دەسەڵاتداران هیچ سەرچاوەیەک لە سەرچاوەکانی داهات نەبوو نەیقۆزنەوە. ئەو کەسانەی دەبران بۆ خزمەتی سەربازی دەیانتوانی وەک پێشتر لەڕێی

دانی بەدەلی سەربازییەوە خۆیان تەسریح بکەن، ئەگەرچی ئەوە تەنیا زەنگینەکانی دەگرتەوە. بەلام پێویستە لەوە بێئاگا نەبین چاندنی لۆکە کە پێشتر محەمەد عەلی هێنایە میسر و ئیسماعیل پاش ئەو بەهێزی کرد، لەسەر دەستی ئەندازیارانی ئاوی بەریتانی سەرکەوتنێکی وای بەدەست هێنا بەخەیاڵی کەسدا نەهاتبوو، بەوەی توانییان ئەو ئەزموونەی لە هیند بەدەستیان هێنابوو جێبەجێ بکەن. بۆ ئەوەیش دەبوو چەند ئەمبارێکی ئاو دروست بکرێت، یارمەتیی بەکارهێنانی سیستمێکی ئاودان بدات کە نەکەوێتە ژێر رەحمەتی باری کەشوهەوا. بەم شێوەیە سکۆت مونکریف Scott Moncrieff لەنێوان ساڵانی ١٨٨٥ تا ١٨٩٠ ئەو ئەمبارەی نۆژەن کردەوە کە پێشتر لەنێوان ساڵانی ١٨٤٢ تا ١٨٦٣ ئەندازیارێکی فەرەنسی لە دەروازەی دەلتادا دروستی کردبوو و دەرکەوت پێویستییەکان پڕ ناکاتەوە. بەوەیش بەرهەمی لۆکە لە دەلتا دوو هێندە زیادی کرد. لەنێوان ساڵانی ١٨٩٨-١٩٠٢ ئەمباری ئەسوان دروست کرا، ئەوەیش کاری سێر ولیەم ولکوکس William Willcocks بوو. دیارە پێویستە نکوڵی لەوەیش نەکەین کە میسر لەم رێگەیەوە پەلکێشی ناو مەترسییەکانی ئابووریی جیهانی کرا، ئەو ئابووریەی وا قەیرانە قورسەکانی لە بۆنەی جیاوازدا هەستیان پێ دەکرێت، بەوەیش توانای ئەوەی لەدەست دا خۆراکی دانیشتوانەکەی لە بەرهەمی خاکی تایبەتی خۆی دابین بکات. شتێکی سروشتی بوو میسرییەکان سەرکۆنەی بێدەنگیی بەریتانیا و وەخۆنەکەوتنی بکەن بۆ نەهێشتنی هەژموونی بیانییەکان و پێگە نایابەکەیان کە بەحوکمی "ئیمتیازاتە بیانییەکان" لێیان بەهرەمەند بوون و زۆر جار یارمەتی داون ژیانی ئابووریی وڵات کۆنترۆڵ بکەن. هەروەک سروشتییە میسرییەکان ئەمە بە ستەم و ناهەقی بزانن. بەلام دیارترین شت کە لۆمەیەکی گەورەی ئیدارەی کرۆمەری لەسەر دەکرێت ئەوەیە بودجەیەکی زۆر کەمی بۆ فێرکردنی گەل تەرخان کرد، لەکاتێکدا بودجەی زەبەلاحی بۆ هەندێ دامەزراوە تەرخان کرد کە خزمەتی بەرژوەندییەکانی بەریتانیایشیان تێدایە. بۆ نموونە لە ساڵی ١٨٨٢ تا ساڵی ١٩٠٢ بودجەی فێرکردنی میللی بەهەوڵێکی زۆر نەبێت نەگەیشتە نیوەی خەرجی ئەمباری ئەسوان. لۆرد لوید Lord Lioydی جێگرەوەی هەوڵی دا پاساوێکی بۆ بدۆزێتەوە و ئاماژەی بە نەبوونی ئامرازی پێویست بۆ ئەوە کرد و دەڵێت خەمی دەوڵەتی داگیرکەر نەبووە هەژموونی کەلتووری بەریتانی بەسەر وڵاتەکەدا بسەپێنێت[١٧٣]. بێگومان ئەو کەلتوورە سوودێکی ئەوتۆی بە میسرییەکان نەدەگەیاند، بەلام بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندیی بەریتانییەکان و بەهێزکردنی کەلتوورەکەیان لەبەردەم کەلتووری فەرەنسیەکاندا -کە چینە باڵاکانی میسر رووی تێکردبوو- پراوپڕ بوو. هەرچۆن بێت،

---

[١٧٣] بڕوانە: Egypt since Cromer. 1. London, 1933. P. 159.

نابێت راستییەکی ئارا نادیدە بگرین ئەویش ئەوەیە ناوەندە دەسەڵاتدارەکانی میسر، تەنانەت دوای رزگاربوونیشیان لە دەسەڵاتی بەریتانی، گرنگییەکی زۆر کەمیان بە پرسەکانی کەلتوور دەدا بەبەراورد بە گرنگیدانی زۆریان بە مەسەلە ئابوورییەکان، ئەوەیش جێگەی سکالای تاڵی دکتۆر تەها حسێن راگری کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی قاهیرە بوو، لە کتێبێکیدا کە سەرەتای ساڵی ١٩٣٩ دەرچوو.

لەنێوان عەباس حیلمی و ئینگلیزدا

لەم جۆرە هەلومەرجەدا باسکردن لە ژیانێکی سیاسیی سەربەخۆ لە میسر پێش جەنگی جیهانیی یەکەم کارێکی بێهوودەیە. لەڕاستیدا یەکەمین بزوتنەوە لە بزوتنەوەکانی بەرەنگاریی نیشتمانی دژی حوکمی بێگانە، کە سەرەتا لاواز بوو، تا ساڵی ١٨٩٢ سەری هەڵنەدا کاتێک عەباسی دووەم (حیلمی) دوای مردنی تۆفیقی باوکی چووە سەر تەخت. عەباس ئەو کاتە لە جۆشی گەنجێتیدا بوو. لە ڤیەننا خوێندبووی، لە ساڵە کۆتاییەکانی حوکمی تۆفیقدا نەوبار پاشا سەرۆکی حکومەت بوو، کە ئەرمەنی بوو، پاشان لە ساڵی ١٨٨٨ەوە ریاز پاشا جێگەی گرتەوە، دەبوو هەردووکیان لە یەکەم هەوڵدانیان، چەندە بچووکیش بێت، بۆ تێپەڕاندنی ئەو ڕێوشوێنانەی کرۆمەر گرتبوونیە بەر، دەست لە دەسەلات هەڵبگرن. کاتێک چووە سەر تەخت جڵەوی دەسەلات بەدەست مستەفا فەهمییەوە بوو، کە سەر بەبەریتانیا و گوێ لەمست بوو. کاتێک لە کۆتایی ساڵی ١٨٩٢ نەخۆشییەکەی زۆری بۆ هێنا، عەباس ئەو دەرفەتەی بەهەل زانی بۆ ئەوەی خۆی لێ رزگار بکات و فەخری پاشای لە جێگەیدا دانا. لەوەیشدا پێشوەخت راوێژی بە لۆرد کرۆمەر نەکرد. بەڵام ئەم هەنگاوە خۆی بەڵا بوو بۆ گیانی خدێوی و لەژێر پاڵەپەستۆی بەریتانیادا ناچار بوو ئەو وەزیرەی هەڵبژاردبوو لەکار لابدات ئەگەرچی بەریتانییەکان ناچاریان نەکرد جارێکیتر هاوکاری لەگەڵ مستەفا فەهمی بکاتەوە، چونکە ئەم جارەیان ریاز پاشا حکومەتی وەرگرت. خدێوی سووکایەتییەکیتری پێکرا کاتێک زاتی کرد و لە گەشتێکی پشکنیندا لە دۆڵی حەلفا رەخنەی لە دۆخی سوپا گرت کە ئەفسەرانی بەریتانی سەرکردایەتییان دەکرد. ئەوکاتە ناچار کرا بە تەسریحکردنی بریکاری وەزارەتی جەنگی ماهیر پاشا تا یەکێک لە گوێلەمستانی سەردار کیچنەر جێگەی بگرێتەوە. نەک هەر ئەوە، بگرە خدێوی ناچار کرا رەخنەکەیشی بەئاشکرا بکێشێتەوە. لەوکاتەوە عەباس دەستی لە کاروباری حکومەت شۆرد و خۆی بۆ بەڕێوەبردنی مولکە تایبەتەکانی تەرخان کرد. راستییەکەی هیچ پاڵپشتییەکی لەلایەن گەورەکەیەوە، عەبدولحەمید، دژی بەریتانیا لێنەکرا. فەرەنسایش دەستی لە هەژموونی خۆی لە میسر هەڵگرت دوای ئەوەی بەریتانیا لە ڕێکەوتنی ٨ی نیسانی ساڵی ١٩٠٤دا دەستی لە مراکیش رەها کرد. هەرچی رادەی

هەستکردنی بەریتانیایە بەسەروەری بەسەر میسردا لەو ناکۆکییەدا دەردەکەوێت کە لەسەر بەندەری عەقەبە لە نیمچە دورگەی سینا سەری هەڵدا. ئەوە بوو سوڵتان لە پایزی ساڵی ١٩٠٤ هێڵی ئاسنینی حیجازی تا مەعان درێژ کردەوە بەمەبەستی بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە نیشتمانی عەرەب وەک خەلیفە. دەوترێت بەنیاز بووە هێڵێکی لاوەکی بۆ عەقەبە دابمەزرێنێت، کە حاجییانی میسری دەتوانن سوود لەو هێڵە وەربگرن، لەکاتێکدا بەریتانیا تا ئەوکاتە، بەدەگمەن نەبێت، خۆی بە کاروبارەکانی نیمچە دورگەی سیناوە خەریک نەدەکرد، کەچی ئێستا نێردەیەکی بەرپرس لە دیاریکردنی سنوور-کە هێشتا تەمومژاوی بوو و ئادگارەکانی دیار نەبوون- لەنێوان ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و میسر دەنێرێت، هەروەها سوڵتانی ناچار کرد واز لە پرۆژەکانی بێنێت، بەوەی هەڕەشەی ئەنجامدانی نمایشێکی کەشتیگەلە دەریاییەکەی لێ کرد.

مستەفا کامیل و حزبی نیشتمانی

خدێوی لە سەرجەم ناکۆکییەکانیدا لەگەڵ دەسەلاتی بەریتانی، هیچ پاڵپشتییەکی لە گەلی میسرییەوە نەبینی. ساڵی ١٨٩٣ ئومێدی بە [شێخ] عەلی یوسف دامەزرێنەری رۆژنامەی "المؤید"ەوە گرێ دابوو، بەڵام بێسوود بوو، چونکە ئەو حزبە ئیسلاحییە بچووکەی لەدەوری سەرنووسەری "المؤید" کۆبوویەوە نەیتوانی هیچ هەژموونێکی سیاسی بەدەست بێنێت. لەڕاستیدا یەکەمین مەیلە نیشتمانییەکان بەرەو پێکهێنانی ئیرادەیەکی نیشتمانی لە خدێوییەوە سەرچاوەی نەگرت، بەڵکو لە نوێنەری چینی بۆرجوازییەوە بوو کە بەریتانیا سەرەتا ویستی پەیدا ببێت و رۆڵەکانیان لە فەرەنسا رۆشنبیریان وەرگرتبوو. لەناو ئەم چینەوە مستەفا کامیل دەرکەوت -باوکی ئەندازیارێکی میسری بوو- لە تولوز یاسای خوێند و رۆژنامەنووسی بەهەژموون خاتوو جولیت ئادەم Juliette Adamی ناسی. کاتێک مستەفا کامیل گەڕایەوە وڵاتەکەی، ساڵی ١٩٠٧ "حزبی نیشتمانی" دامەزراند. ئومێدی هەبوو پاڵپشتیی رای گشتیی ئەوروپی بۆ پرسی وڵاتەکەی و رزگارکردنی لە داگیرکردن بەدەست بێنێت، لەبەرئەوە ئەوپەڕی توانای خستەکار بۆ بڵاوکردنەوەی راستی لەبارەی پرسی میسر لە سەرجەم پایتەختە خۆرئاواییەکان و لە میسر خۆیدا. رۆژنامەکەی "اللواء" کە ساڵی ١٩٠٠ دایمەزراند و لە ساڵی ١٩٠٧ەوە بەهەردوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسیش دەردەچوو، رەواجێکی فراوانی پەیدا کرد. ساڵی ١٩٠٤ سوڵتان نازناوی پاشای پێ بەخشی دوای ئەوەی بەرگرییەکی ئاگرینی لە پرۆژەی هێڵی شەمەندەفەری حیجاز کرد. بەڵام خدێوی وردە وردە لە هەژموونی ترسی لێ نیشت، پاش ئەوەی کرۆمەر چووە بن کڵێشی و ترسەکەی لەلا گەورە کرد.. لە هەمان ئەو ساڵەیشدا وازی لە پاڵپشتیکردنی هێنا.

رووداوەکەی دینشەوەی

بەبیستنی هەواڵی سەرکەوتنەکانی ژاپۆنییەکان بەسەر رووسیادا، ئومێدی گشت رۆژهەلاتییەکان بووژانەوەی گەورەی بەخۆوە بینی. ئەو سەرکەوتنانەی شاعیرانی میسر لەو سەردەمەدا بەبالایاندا هۆنیەوە وەک نموونەیەک کە پێویستە سەرجەم گەلانی ئاسیایی لە ململانێیاندا لەگەڵ کۆڵۆنیالیزمی ئەوروپی چاوی لێ بکەن. دەکرێت رووداوێکی لە خۆیدا بێبایەخ بۆ یەکەم جار تەواوی گەل بە پێگەی راستەقینەی خۆی ئاشنا بکات، پێگەیەک کە شیاوی نیە. ئەوە بوو لە ١٣ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٠٦ هەندێ لە ئەفسەرانی بەریتانی لە گوندی دینشوەی Dinshaway لە دەلتا خەریکی راوە کۆتر بوون[١٧٤]، ئافرەتێکیان پێکا، جووتیارانیش کە رووداوەکە تووڕەی کردبوون بەدار و گۆپاڵ هێرشیان کردە سەریان و یەکێکیان لەکاتی راکردنیدا کوشت. کرۆمەر فەرمانی دا تووندترین سزا بەسەر ئەو جووتیارانەدا بسەپێنرێت، چوار کەسیان لە ٢٨ی حوزەیران بەبەرچاوی خەڵکەوە لەسێدارە دران، حەفدە کەسیش جەڵدیان لێدرا و پاشان خرانە زیندان. لەڕاستیدا ئەم سزادانە وەحشییانە شەپۆلێکی تووڕەیی -نەک تەنیا لە میسر بگرە لە ئەوروپا و لە پەرلەمانی بەریتانیش- دروست کرد کە بۆ ماوەیەکی درێژ رەنگدانەوەی لە رۆژنامە میسرییەکان و شیعری نیشتمانیدا هەبوو و پێگەی بەریتانیای لە وڵاتەکەدا لە بناغەوە هەژاند. مستەفا کامیل لای سەرۆکی حکومەتی لیبراڵەکان لە لەندەن سێر کامبل بانرمان Sie Campbell Bannerman بەتوندی ناڕەزایی دەربڕی و داوای لەکارلادانی کرۆمەری کرد. کرۆمەر پاش ئەوەی ئامادە نەبوو مل بۆ ویستی حکومەتی حزبی لیبراڵی بەریتانی (کە ئەوکاتە ئەو حزبە دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو) لە رازیکردنی هەست و سۆزی میسری، کەچ بکات، لە ئایاری ساڵی ١٩٠٦ میسری بەجێ هێشت. سێر ئێڵدۆن گۆرست Sir Eldon Gorst جێگەی گرتەوە کە ئامادەیی پیشان دا سیاسەتی لیبراڵەکان جێبەجێ بکات بەئومێدی ئەوەی پێگەی بەریتانیا لە کەناری نیل بەهێز بکات. هەر زوو گۆرست رووبەڕووی زەحمەتیی گەورە بووەوە، چونکە وڵاتەکە لەژێر باری قەیرانێکی دارایی مەترسیداردا دەینااڵند، لە هەمان کاتدا هەڕەشەی دابەزینێکی ناسروشتیی ئاستی ئاوی نیلیشی لەسەر بوو. لەبەرئەوەی گۆرست سەرەتا هەوڵی دا سۆزی خدێوی بەدەست بێنێت، مستەفا کامیل کەوتە دژایەتیکردنی و داوای بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی کرد کە ١٠١٧ نوێنەری لەخۆ دەگرت بەنوێنەرایەتیی تەواوی وڵاتەکە. کۆنگرەکە ئەوی بەسەرۆکی خۆی بەدرێژایی ژیانی هەڵبژارد، گوتارێکی ئاگرینی دا و سۆزی گوێگرانی تاو دا و جەختی لەو ئامانجە کرد کە کاری بۆ دەکرد، ئەویش ئەوە بوو میسر بۆ میسرییەکان بێت لەڕێی

---

[١٧٤] لە راپۆرتە بەریتانییەکان و پاشان لە سەرجەم سەرچاوە ئەوروپییەکاندا ناوەکەی گۆڕاوە بۆ دێنشاوی Denshawi.

ڕۆشنبیرییەکی سیاسییەوە کە تەواوی گەل لەخۆ بگرێت. بەڵام زۆری نەبرد نەخۆشییەکی درێژخایەن لە ١٠ی شوباتی ساڵی ١٩٠٨ کۆتایی بەژیانی هێنا. لەڕاستیدا حزبەکەی دوای خۆی زۆر لاواز بوو، بەشێوەیەک ساڵی ١٩٣٨ تەنیا هەشت کورسی لە پەرلەمانی میسردا هەبوو.

کیچنەر جێگەی گۆرست دەگرێتەوە

گۆرست تەنیا بەهەڵنانی خدێوییەوە لە حزبی نیشتمانی نەوەستا، بەڵکو لەوەی تێپەڕاند و قیبتییەکانیشی لەدژی بزواند، بەبیانووی ئەوەی دامەزرێنەرەکەی [مستەفا کامیل] لەگەڵ ئامانجە پان-ئیسلامییەکان هاوسۆزە کە سوڵتانی عوسمانی کاری بۆ دەکرد. کاتێک سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران مستەفا فەهمی دەستی لەکار کێشایەوە، گۆرست خدێوی هان دا ئەو پۆستە بە پیاوێکی قیبتی بسپێرێت، کە پوتروس غالی پاشا وەزیری پێشووی دارایی بوو. بەو هۆیەوە نیشتمانییەکان شاڵاوێکی بێئامانیان کردە سەری کە بووە هۆی کوژرانی (غالی) لە ٢٠ی شوباتی ساڵی ١٩١٠، هەروەها لێکدابڕانێکی لەنێوان موسڵمانەکان و کەمینەی مەسیحیدا دروست کرد کە مەترسی بەرپابوونی شەڕێکی خوێناویی ناوخۆی لێ دەکرا. تا کاتێک گۆرست ساڵی ١٩١١ بەخراپی نەخۆش کەوت، حکومەتی بەریتانی پۆستەکەی بە سەرداری سوپای میسریی پێشوو لۆرد کیچنەر سپارد. سەرەتا توانی رێگە لەوە بگرێت نیشتمانییەکان دەستی یارمەتی بۆ تورکەکان درێژ بکەن لەکاتی هەڵمەتی ئیتاڵیا بۆ سەر تەرابلوسی رۆژئاوا. لەکاتێکدا گۆرست خدێوی وەک پاڵپشتێک بۆ خۆی بەکار دەهێنا، کیچنەر دەستبەجێ هەوڵی دا سەروەریی خۆی بەسەریدا بسەپێنێت. ئەوە بوو لە هاوینی ساڵی ١٩١٢ کاتێک هەندێ قوتابی هەوڵیان دا دەستدرێژی بکەنە سەر ژیانی ئەو دوو پیاوە، کیچنەر بەو توندوتیژییە زۆرەی لە سزادانی هاندەرانی دەستدرێژییەکەدا بەکاری هێنا، حزبی نیشتمانی لە لەناوبردن نزیک کردەوە. نەک هەر ئەوە، بگرە هەوڵی دا ئاستی جووتیاران بەرز بکاتەوە تا ببنە هاوتای لایەنگرانی حزب لە چینە بۆرجوازییە رۆشنبیرەکان، لەبەرئەوە یاسایەکی دەرکرد کە سەندنەوەی خاوەندارێتیی ئەو زەوییە کشتوکاڵییانە قەدەغە دەکات کە رووبەریان لە پینج فەددان کەمترە [بۆ پاراستنی جووتیاری بچووک لە چەوساندنەوەی سووخۆران]. بێگومان ئەو وەزارەتی کشتوکاڵەی دایمەزراند خزمەتی بەرژەوەندییە بەریتانییەکانی کرد لە چاندنی لۆکەی میسریدا، لەکاتێکدا هاوکات کاری بۆ نەهێشتنی هێز و باڵادەستیی کۆمپانیا کشتوکاڵییەکەی خدێوی دەکرد.

وادیارە ئیتر کاتی ئەوە هاتبوو بەریتانییەکان بەدەم ویستی گەلی میسرییەوە بچن لە بەهرەمەندبوون لە بوونی سیستمێکی پەرلەمانیی ئەوروپی. ئەو یاسا بنچینەییەی تا

ئەوکاتە کاری پێدەکرا ئەو یاسایە بوو لۆرد دافرین لە سەرەتای ئایاری ساڵی ١٨٨٣ هێنایەکایە. ئەو یاسایە جگە لە ئەنجوومەنەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکان، ئەنجوومەنێکی راوێژیشی هێنایەکایە کە لە سی ئەندام پێکهاتبوو، چواردەیان لەلایەن حکومەتەوە دادەنران و ئەوانیتر لەڕێی ئەنجوومەنەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکان و شارە سەرەکییەکانەوە هەڵدەبژێران، هەروەها کۆمەڵەیەکی گشتی کە لە ٨٢ ئەندام پێکهاتبوو، ٤٦یان هەڵدەبژێراو بوون، باقییەکەیشیان شەش وەزیرەکە و ئەندامانی ئەنجوومەنی راوێژ بوون. بەڵام ئەو دەستوورەی لە ٢٤ی تەممووزی ساڵی ١٩١٣ هاتە هەڵبژاردن ئەم کۆمەڵە گشتی و ئەنجوومەنی راوێژەی گۆڕی بە کۆمەڵەیەکی یاسادانان کە لە ٨١ ئەندام پێکهاتبوو، حکومەت پازدە نوێنەریانی دادەمەزراند و باقییەکەیان (کە ٦٦ کەس بوون) بەناڕاستەوخۆ هەڵدەبژێران. ئەگەرچی ئەم کۆمەڵەیە دەسەلاتی پەسەندکردنی باجەکانی هەبوو، بەڵام نەیدەتوانی ئەو پرۆژانە ڕەت بکاتەوە کە حکومەت بەرزی دەکردنەوە بۆی. بەهەرحاڵ، ئەم ژیانە پەرلەمانییە نوێیە لەکاتی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی یەکەمدا لەپڕ پەکی کەوت.

ڕاگەیاندنی پاراستنی بەریتانیا لەسەر میسر

لە ٤ی ئابی ساڵی ١٩١٤ باری ئاساسایی (ئەحکامی عورفی) لە سەرتاسەری وڵاتدا سەپێنرا. لە ١٠ی ئەیلوول جارێ جەنگ دژی تورکیا درا. پاشان حکومەتی بەریتانی لە ١٨ی کانوونی یەکەم پاراستنی لەسەر میسر ڕاگەیاند، خدێوی عەباس حیلمی دامادّی و ئەمیر حسێن کامیل [ی مامی] بەسوڵتانی میسر دامەزراند و هەر زوو سێر هێنری ماکماهۆن Henry Mcmahon، سکرتێری سیاسیی حکومەتی سیملا لە هیند، وەک نوێنەری باڵا (مەندوبی سامی)، حوکمی کرداریی وڵاتی گرتە دەست. ئەرکی سەرەکیی ئەویش ئەوە بوو سەرجەم تواناکانی وڵات کۆ بکاتەوە نەک تەنها بۆ بەرگریکردن لە بەرەی نیمچە دورگەی سینا، بەڵکو بۆ ئەنجامدانی جەنگێکی هێرشکارانە بۆ سەر تورکیا. لە ئابی ساڵی ١٩١٥ لەشکرێک لە کرێکارانی میسری نارد بۆ مودروس. بەڵام زۆری نەبرد هەقدەستی ڕۆژانەی بەرزیش نەیانتوانی جووتیاران بۆ خۆبەخشین بۆ ئەو جۆرە کارە، کە لە مال و نیشتمانیان دووری دەخستنەوە، کێشی بکەن، بەتایبەت پاش ئەوەی تیمێکی کرێکاران لە نیمچە دورگەی سینا کەوتە بەر ئاگرباران، لەوکاتەوە حکومەت ناچار بوو بەزۆر کرێکار بگرێت. لەڕاستیدا ئەو ئەرکە تاقەتپڕوکێنانەی دەبوو مەندوبی سامی پێیان هەستێت، هەروەها گونجاندن لەنێوان داواکارییە پێداگرەکانی سەرکردایەتی باڵا لەلایەک و بەرەنگاریی نەڕێنیی میسرییەکان لەلایەکیترەوە و نەبوونی یارمەتی و ڕاوێژ لە لەندەنەوە کە بە شتیترەوە سەرقاڵ بوو، هەموو ئەمانە ماکماهۆنیان ناچار کرد پۆستەکەی بۆ ریجینڵد وینگەیت Reginald Wingate، حاکمی گشتیی سوودان چۆڵ بکات.

بەدڵنیاییەوە ئەو ئازارانەی میسر ناچار بوو لە جەنگێکدا کە هیچ کات لە بەرژەوەندیی ئەودا نەبوو بەرگەیان بگرێت، بەهۆی ئەو پارە و پوولە بیانییانەی لەگەڵ هاتنی سوپاکاندا بۆ وڵاتەکە رژانە وڵات، تا رادەیەک سووک بوون، ئەگەرچی سوودەکەی بەپلەی یەکەم بۆ بازرگانان بوو نەک بۆ جووتیاران کە لە ماڵەکانیان هەڵکەنران و مەڕ و ماڵات و وڵاخەکانیان لێ سەندرا. ئەو کێشە بەردەوامانەی لە چاندنی لۆکە کەوتنەوە لەڕووی دابینکردنی خۆراکی وڵاتەوە، سەرەنجام گەیشتنە رادەیەک حکومەت ناچار بوو لە ئەیلوولی ساڵی ١٩١٧ چاندنی لۆکە لە میسری سەروو (صەعید) بەتەواوەتی قەدەغە بکات. بەڵام خاوەن زەوییەکان وایان بەبەرژەوەندی دەزانی لە چاندنی لۆکە بەردەوام بن و ئەو غەرامە کەمە بدەن کە بەسەر سەرپێچیکەرانی بڕیارەکەی حکومەتدا سەپێنرابوو، ئەویش پاش ئەوەی بینییان ئەو کاڵایە کە بازاڕەکەی هێندەی فراوانیی جیهان فراوانە، بەشێوەیەکی سەیر نرخەکەی بەرز دەبێتەوە[١٧٥]. لەبارێکدا سەرجەم ڕێوشوێنەکان بۆ جڵەوکردنی برسێتی شکستیان هێنا، ئەوا باری جەنگ لەسەر شانی چینە هەژارەکان قورس و قورستر دەبوو، لەکاتێکدا دەوڵەمەندەکان سوودیان لێ بینی و توانییان خۆیان لە هەر یارمەتیدانێکی نەداران بدزنەوە.

سوڵتان فوئاد جێگەی حسێن کامل دەگرێتەوە

لە ٩ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٧ سوڵتان حسێن کامل کۆچی دوایی کرد، کە دەمێک بوو تەندروستی تێکچووبوو. لەو ڕووەوە بەریتانیا بەمردنی پاڵپشتی سەرەکی لە کۆشکدا لەدەست دا وای بەبیردا هات میسر بخاتە سەر ئیمپراتۆرییەتەکەی، بەتایبەت کە کوڕەکەی سوڵتان بەڕاشکاوی دەستی لە مافی خۆی لە تەختدا هەڵگرت. بەڵام بەریتانییەکان لەکۆتاییدا ڕێگەیەکی ژیرانەتریان هەڵبژارد، سۆزی میسرییەکانیان ڕاگرت و دەسەڵاتیان بە [ئەمیر] ئەحمەد فوئادی برای سوڵتان سپارد، ئەگەرچی بەزۆری لە ئیتاڵیا دەژیا وتا رادەیەکی زۆر بە وڵاتەکەی نامۆ بوو.

سەعد زەغلوول و شۆڕشی میسری

دوای ئەوەی ئاگری جەنگی جیهانی کوژایەوە، بەریتانیا ڕووبەڕووی دۆخێکی تەواو نوێ بوویەوە لە میسر. ئەویش چونکە لیدوانەکانی وێڵسن بەوەی جیهان سەرلەنوێ

---

[١٧٥] لەکاتێکدا نرخی لە زستانی ١٩١٤-١٩١٥ لە ١٢ دۆلار بۆ یەک قینتار زیاتر نەبوو، بەریتانیا ساڵی ١٩١٨ تەواوی بەرهەمی لۆکەی بە ٤٢ دۆلار بۆ قینتارێک کڕی، لە ساڵی ١٩١٩یش نرخەکە بەرز بوویەوە و گەیشتە ٢٠٠ دۆلار. بڕوانە: Lord Lioyd. Egypt since Cromer, I, P. 244

لەسەر بناغەی مافی گەلان لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان دادەمەزرێتەوە، دەنگدانەوەیەکی بەجۆش و خرۆشی لەو وڵاتەیشدا هەبوو. بەم شێوەیە ئەو پیاوە سەری هەڵ دا کە قەدەری وابوو بڕیار لە مێژووی میسر بەدرێژایی دەیەی داهاتوو بدات، ئەویش سەعد زەغلول پاشا بوو. سەعد ئەوکات تازەکار نەبوو لە سیاسەتدا، بەبەڵگەی ئەو نازناوەی هەڵیگرتبوو. باوکی جووتیار بوو. پسپۆڕیی مافی خوێند و پارێزەری کردە پیشە، شازادە نازیلی کچی ئەمیر مستەفا فازڵ، کە هاوڕێی پیاوانی تورکیای لاو بوو، رایسپارد سەرپەرشتیی مواڵکەکانی بکات. یەکەمین رۆڵی سیاسیی خۆی -وەک زاوای مستەفا فەهمی کە یەکێک بوو لە نزیکانی لۆرد کرۆمەر- سااڵی ۱۹۰۷ بینی کاتێک حزبی گەلی دامەزراند، کە کرۆمەر خوازیار بوو هەژموونی حزبەکەی مستەفا کامیل (حزبی نیشتمانی)ی پێ سنووردار بکات. بەاڵم ئەم حزبی گەلە نەیتوانی پەیوەندی بەنەتەوەوە بکات و ناچار بوو لە سااڵی دووەمی جەنگی جیهانییەوە چاالکیی خۆی رابگرێت. پاشان کرۆمەر وەزارەتی تازە دامەزراوی مەعاریفی بە سەعد سپارد، وەک پاداشتێک بۆ خزمەتەکانی. لە سەردەمی گۆرستدا سەعد وەزارەتی حەقانییەت (وەزارەتی داد)ی وەرگرت، بەاڵم لە نیسانی سااڵی ۱۹۱۲ بەهۆی ناکۆکییەک لەگەڵ خدێوی عەباس حیلمی دەستی لەکار کێشایەوە، پاش ئەوە هەر زوو بەجێگری سەرۆکی کۆمەڵەی یاسادانانی نوێ هاتە هەڵبژاردن. پاش ماوەیەک زمانپاراوییە خۆرسکەکەی ژمارەیەک الیەنگری بۆ پەیدا کرد کە رۆژ بەرۆژ زیادیان دەکرد، بەپاڵپشتیی ئەوانە توانی هەندێ جار کێشەی جیددی بۆ کیچنەر خۆی دروست بکات. لەڕاستیدا کونسوڵی گشتی لە سەرەتای سااڵی ۱۹۱٤ دەرفەتێکی فەوتاند کە رەخسا بۆ رزگاربوون لەو پیاوە هەژێنەر و سەربەکێشەیە، ئەویش کاتێک خەزوری سەعد هەوڵی دا سەعد لە تەنگانە دارایییەکەی رزگار بکات بەدامەزراندنی بەسەرۆکی نێردەی قوتابییانی میسری لە پاریس. کونسوڵی گشتی لەبەر پا تی و رقی لە سەعد، نەیهێشت و ئەو دەرفەتەی لەکیس دا. هەروەها ویستی فوئادیش بۆ پێسپاردنی یەکێک لە وەزارەتەکان، رەزامەندیی سێر رێجنیڵد وینگەیت Rejinald Wingateی بەدەست نەهێنا. بەاڵم ئەم پیاوە پڕ خەونە ئێستا دەرفەتی گونجاوی بۆ کارکردن دۆزییەوە و قۆستییەوە. ئەوە بوو لە ۱۳ی تشرینی دووەمی سااڵی ۱۹۱۸ شاندێکی بەناوی گەلی میسرییەوە پێکهێنا بۆ دیداری سێر وینگەیت. شاندەکە بەسەرۆکایەتیی سەعد و لە هەردوو هاوڕێکەی [عەبدولعەزیز فەهمی بەگ (پاشا) و عەلی شەعراوی پاشا] پێکهاتبوو. کاتێک لەگەڵ نوێنەری بەریتانیا کۆبوونەوە و داوایان لێکرد رێگەیان پێ بدات سەفەر بکەن بۆ ئینگلتەرا تا داوا لە حکومەتەکەی بکەن سەربەخۆیی تەواوی میسر رابگەیەنێت، مەند سامی وەاڵمی دانەوە کە ناتوانێت داواکەیان جێبەجێ بکات. لەو ساتەدا حزبی وەفد لەدایک بوو کە توانی بەدرێژایی دوو دەیە خۆی بە تاکە نوێنەری راسپێراوی گەلی میسری

دابنێت. ئەگەر وڵاتانیتری عەرەبی هێشتا لەوکاتەدا ئومێدیان بەوە هەبوو لەبەردەم کۆنگرەی ئاشتیدا بەرگری لە بەرژەوەندییەکانیان بکەن، ئەوا میسرییەکان کە ئەو مافەیان پێ رەوا نەدیترا هەستیان بە ستەمێکی گەورە کرد، بەتایبەت کە قوربانیی زۆر گەورەیان لەپێناو سەرکەوتنی بەریتانیادا دابوو. لەڕاستیدا سێر ریجینالد دەستبەجێ دەرکی بەوە کرد سەعد و لایەنگرانی دەگونجێت لە کۆنگرەی ئاشتیدا -کە تێیدا دەبێت لە کەشوهەوایەکدا کار بکەن پێی رانەهاتوون-- کەمتر مەترسیدار بن لەوەی لە میسر خۆیدا بن، کە دەتوانن هێڵە سەرەکییەکانی جموجوڵ بۆ بەریتانیا بکێشن، لەبەرئەوە پێشنیازی بۆ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا کرد -کە بۆ تاوتوێکردنی بابەتەکە بانگهێشتی کردبوو بۆ لەندەن- داواکارییەکانی وەفد پەسەند بکرێن، بەڵام گوێی لێ نەگیرا. حکومەت لەکاتی غیابی ئەودا دەستی لەکار کێشابوویەوە، هەروەها لە ٣ی ئادار سەعد هەڕەشەی پەنابردن بۆ تونددوتیژی لە سوڵتان کرد ئەگەر بێتو هەوڵی پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ بدات. لەم کەشوهەوا شلۆقەدا سێر میلن چیتهام Milne Cheetham جێگری وینگەیت، وایزانی باشترین رێگە بۆ چارەسەری قەیرانەکە دوورخستنەوەی گەورەکانی وەفدە لە وڵات. وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بەپێشنیازی چیتهام رازی بوو بە دوورخستنەوەیان بۆ مالٓتە. لە ٨ی ئاداری سەعد و سێ لە نزیکترین یاریدەدەرەکانی لە ئەسکەندەریەوە بەسواری تێکشکێنەر (مدمرة)یەکی بەریتانی بران بۆ مەنفا. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەستگیرکردنیان لەنێو خەڵکدا، قوتابییانی لاو رژانە سەر شەقامەکان -ئەو قوتابییانە پێشڕەوی سەرجەم ئەو بزوتنەوە شۆڕشگێڕیانەیش بوون کە پاشتر پەیدا بوون- و بەخێرایی وڵات کەوتە حاڵەتی یاخیبوون و شۆڕش. لە ١٧ی ئادار سەرجەم پەیوەندییەکان بەقاهیرەوە پچڕان و شۆڕشگێڕان گەمارۆی لەشکرگە بچووکەکانیان دا لە میسری سەروو. ژەنەراڵ بولفین Bulfin تا ١٠ی نیسان نەیتوانی سەقامگیری لە سەرتاسەری وڵاتدا بچەسپێنێتەوە، ئەویش بە بەکارهێنانی فڕۆکە بۆ گواستنەوەی سەربازان. بەهەرحاڵ، لوید جۆرج لەو کاتانەدا بڕیاری دا ژەنەراڵ سێر ئەدمۆند ئەلەنبی Edmund Allenby بەناوبانگ بە سەرکردایەتیکردنی هەڵمەتی هاوپەیمانی لە فەلەستین، بنێرێت بۆ میسر و داوای لێکرد بەهەر نرخێک بووە پارێزگاری لە لەشکرگەکە بکات. بەگەیشتنی بەقاهیرە لە ٢٥ی ئادار لەڕێی راگەیاندنی بەیاننامەیەکەوە هەوڵی هێورکردنەوەی خەڵکی دا. لە ٧ی نیسان بەڵێنی ئازادکردنی سەرکردە نەفیکراوەکانی مالٓتەی دا. لە ٩ی نیسان روشدی پاشا سەرلەنوێ سەرۆکایەتیی حکومەتی وەرگرتەوە، بەڵام شلۆقی و مانگرتنی فەرمانبەران کۆتایی نەهات دوای ئەوە نەبێت کە ئەلەنبی لە ٢٢ی هەمان مانگ، هەڕەشەی پیادەکردنی ئەحکامی عورفی کرد لە تووندترین وێنەیدا. فەرمانبەرانیش لە ئاکامە خراپەکەی ترسان و چوونەوە سەر کارەکانیان، لە مانگی ئایاردا [محەمەد] سەعید پاشا ئیتر دەیتوانی

حکومەتێکی نوێ پێک بێنێت. بەڵام شۆڕشگێڕان هێزی خۆیان تاقی کردبووەوە و ئامادە بوون لە یەکەمین دەرفەتی رەخساودا ئەو هێزە بەکار بهێننەوە. ئەو دەرفەتەیش کاتێک رەخسا حکومەتی بەریتانی -لەسەر پێشنیازی ئەلەنبی، لۆرد میلنەر Milnerی کردە سەرۆکی لێژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆخی سیاسیی وڵات و پێشنیازکردنی ئەوەی بەگونجاوی دەزانن بۆ دانانی دەستوورێکی نوێ. هەرچۆن بێت، وەفد نەیدەویست ئەو دەستوورە لە دەرەوە بەدەست بێنێت، بەڵکو دەیوێست خۆی بڕیار لە ئایندەی وڵاتەکە بدات. ئێمە هۆی ئەوە نازانین کە لەپێناویدا حکومەتی بەریتانی بواری بە وەفد دا لەم بوارەدا و رێگەی پێدا بەدرێژایی مانگەکانی هاوین و پایز گەل دژی بەریتانیا بوروژێنێت، تا کاتێک میلنەر لە ٧ی کانوونی یەکەم گەیشتە قاهیرە، سەعید پاشا جارێکیتر دەستی لەکار کێشایەوە، شۆڕشیش بەئەنجامدانی زنجیرەیەک دەستدرێژی بۆ سەر سەربازانی بەریتانی کەمێک خۆی بەتاڵ کردبووەوە. لە ١٥ی کانوونی یەکەم هەوڵێک درا بۆ کوشتنی [یوسف] وەهبە پاشا سەرۆک وەزیرانی نوێ، کە بە موعجیزە لێی رزگار بوو.

پرۆژەی میلنەر

لەژێر پاڵەپەستۆی ئەو شلۆقییە سیاسییەدا کە لەسەرەتای ساڵی نوێدا تیراوێی کرد بەهۆی ئەو قەیرانە ئابوورییانەی بۆی زیاد بوون، لێژنەکەی میلنەر گەیشتە بۆچوونێک دەڵێت پێگەی نێودەوڵەتیی میسر، کە هێشتا لەڕووی یاساییەوە بەیەکجاری دیاری نەکرابوو، بەپەیماننامەیەک نەبێت لەگەڵ بەریتانیا چارەسەر ناکرێت. پرۆژەی ئەو پەیماننامەیە دەڵێت بەریتانیا دان بەسەربەخۆیی میسردا دەنێت بەو مەرجەی رازی بێت بە مانەوەی هێزێکی سەربازیی بەریتانی لەسەر خاکی میسر و دامەزراندنی راوێژکارێکی بەریتانی لە وەزارەتی حەقانییەت (عدل) و یەکێکیش لە دارایی، هەروەها بەڵێن بدات هیچ پەیماننامەیەکی سیاسی لەگەڵ دەوڵەتێکیتری بیانی ئیمزا نەکات بەبێ رەزامەندیی بەریتانیا، هەروەها مافی پاراستنی بیانییەکان لە هەر جێبەجێکردنی ستەمکارانەی یاسا میسرییەکان بەسەریاندا ببەخشێتە بەریتانیا. بەڵام ئەم مەرجانە -کە کاریگەریی مەترسیداریان هەیە ئەگەر بەراورد بکرێن بەو مەرجانەی پێشتر بەریتانیا پێشکەشی کردن- ناڕەزاییەکی تووندیان لە وڵاتدا دروست کرد. پیاوانی وەفد هێشتا لە پاریس بوون -راستەوخۆ لە مانگەوە چوونە ئەوێ- میلنەر ناچار بوو بانگهێشتیان بکات بۆ کۆنگرەیەک کە لە لەندەن دەبەسترا، [ئەوانیش چوون] و دانوستان لە ٧ی تەممووز دەستی پێکرد. سەعد رەزامەندی پیشان دا لەسەر بەستنی پەیماننامەیەک لەگەڵ بەریتانیا، بەڵام رێگەی بەخۆی نەدا هەڵوێستێکی بنبڕ لە هەندێ خاڵ وەربگرێت.

عەدلی یەکن دانوستان لەگەڵ بەریتانیا دەکات

ماوەیەکی کورت تێپەڕی، تێیدا حکومەتی لوید جۆرج خۆی دەبوارد لە دەستپێکردنی دانوستان لەگەڵ میسر لەسەر بناغەی ئەو راپۆرتەی نێردەی میلنەر داینابوو. لەڕاستیدا تا ٢٢ی شوباتی ساڵی ١٩٢١ داوای لە سوڵتان [فوئاد] نەکرد شاندێک بۆ دانوستان دیاری بکات. وتوێژەکانی تایبەت بەوە، گۆڕانی کابینەی حکومەتی لێ کەوتەوە و عەدلی یەکن پاشا بوو بە سەرۆکی حکومەت، بەڵام پێگەی (حکومەت) مۆلەق بوو دوای ئەوەی سەعد زەغلول [لە دیمانەیەکدا لەگەڵ رۆژنامەنووسێک رایگەیاند وەزارەت و وەفد هێشتا لەسەر مەرجی کاری هاوبەش رێک نەکەوتوون، پاشان مەرجەکانی وەفدی باس کرد] داوای کرد بەریتانیا پێش دەستپێکردنی دانوستانەکان پاراستن و سانسۆر لەسەر چاپکراوەکان و دۆخی گەمارۆ هەڵبگرێت. لە ٥ی نیسان سەعد گەڕایەوە بۆ میسر و لایەنگرانی پێشوازییەکی بەجۆشیان لێکرد. کاتێک عەدلی شاندێکی بۆ دانوستان پێک هێنا سەرجەم ئەندامانی لەنێو لایەنگرانی خۆیدا هەڵبژارد –کە پیاوانی ئەریستۆکراسیەتی تورکی بوون لە گەورە فەرمانبەران– و وەفدی میسری دوور خستەوە. جارێکیتر لە ١٠ی نواری ١٩٢١ پشێوی لە قاهیرە و ئەسکەندەریە سەری هەڵدایەوە، ئەم جارەیان یۆنانی و ئیتاڵییەکان بەتایبەت کرانە ئامانج. لە یەکی تەممووزی ساڵی ١٩٢١ عەدلی پاشا بەسەرۆکایەتیی شاندەکەی چوو بۆ لەندەن و گۆڕەپانی بۆ سەعد چۆڵ کرد تا پێگەی خۆی لە وڵاتدا بەهێز بکات.

فوئاد نازناوی "پاشای میسر" وەردەگرێت

دوای ئەو دانوستانە نەزۆکانە لەگەڵ حکومەتی بەریتانی، عەدلی پاشا لە ٥ی کانوونی یەکەم گەڕایەوە قاهیرە و دوای سێ رۆژ دەست لەکارکێشانەوەی کابینەکەی پێشکەش کرد. سەروەت پاشا ئامادەیی لەخۆیدا نەبینی بۆ پێکهێنانی کابینەیەکی نوێ تا ١١ی هەمان مانگ پاش ئەوەی بەریتانیا ئامادەیی دەربڕی بۆ هەڵوەشاندنەوەی پاراستن و رێگەدان بە دامەزراندنی وەزارەتێک بۆ کاروباری دەرەوە. لێرەدا مەندوبی سامی فەرمانی دا بەدەستگیرکردنی سەعد بۆ ئەوەی پێگەی سەروەت بەهێز بکات، کاتێک بەهۆی ئەو دەستگیرکردنەوە جارێکیتر پشێوی سەری هەڵدایەوە، لە ٢٩ی کانوونی یەکەم سەعد برا بۆ سیلان و لەوێوە بۆ سیشیل. بەڵام حکومەت تا ٢٠ شوباتی ساڵی ١٩٢٢ عەزمی جەزم نەکرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی پاراستن و بەڵێندان بە هەڵوەشاندنەوەی دۆخی گەمارۆ، ئەویش پاش ئەوەی ئەلەنبی خۆی لە لەندەن باسی مەترسیداریی دۆخەکە و پێویستیی بەخێرایی چارەسەرکردنی کرد. ئەوکاتە سەرەنجام سەروەت توانی کابینەکەی پێک بێنێت. لە ١٥ی ئاداری ساڵی ١٩٢٢ "سوڵتان" فوئاد نازناوی "پاشای میسر"ی وەرگرت.

هەرچۆن بێت، ئەو هەموو رێوشوێنانە نەیانتوانی سنووربێک بۆ قەیرانەکە دابنێن. ساڵی ١٩٢٢ لە زنجیرە دانوستانێکی نەزۆکدا دەربارەی دەستووری نوێ تێپەڕی، مەسەلەی سوودانیش تەوەری سەرەکیی ناکۆکی بوو. ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەرانی بەریتانی کەوتنە وازهێنان لە خزمەت، بەڵام هەوڵەکانی دەستدرێژیکردنە سەر بەریتانییەکان بەبێ پچڕان بەردەوام بوو. یەحیا ئیبراهیم پاشا کە لە ١٥ی ئاداری ساڵی ١٩٢٣ بەسەرۆک وەزیران دەستنیشان کرا پاش ئەوەی دوو جار کابینەکەی دەستکاری کرد و سەر بەهیچکام لە حزبەکان نەبوو، نەیتوانی دەستووری نوێ[١٧٦] رابگەیەنێت تا ئەوکاتەی فوئاد دەستی لە مافی خۆی لە نازناوی "پاشای سوودان" هەڵگرت. بەریتانیا ویستی لەڕێی ئازادکردنی سەعدەوە (کە لە ٢٤ی ئادار لە سیشیلەوە گوێزرایەوە بۆ جەبەل تاریق) رای گشتیی میسری بەدەست بێنێت، بەڵام بەبێ ئەوەی رێگەی پێبدات بگەڕێتەوە نیشتمان. هەرچۆن بێت، نە تەگبیر و نە هەڵوەشاندنەوەی باری ئاسایی ئەو سەرکەوتنەیان بەدەست نەهێنا کە لێیان دەویسترا، لەبەرئەوە بەریتانیا ناچار بوو لە ١٧ی ئەیلوول رێگە بە سەعد بدات بگەڕێتەوە بۆ میسر. سەعد سەرەتا بەحەزەرەوە لەگەڵ پاشا و مەندوبی سامی رەفتاری دەکرد، بەڵام زۆری نەبرد هەڵمەتێکی توندی کردە سەر دەستووری نوێ. تا کاتێک هەڵبژاردنی نوێ لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٤ ئەنجام درا سەعد زۆرینەی ١٩٠ کورسی لە کۆی ٢١٤ کورسی بەدەست هێنا. بەم شێوەیە پاشا ناچار بوو لە ٢٧ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٤ پێکهێنانی وەزارەت (کابینەی حکومەت)ی پێ بسپێرێت.

دانوستانەکانی سەعد-ماکدۆنالد

رێک لەو سەروبەرندەدا حزبی کرێکاران لە بەریتانیا دەسەڵاتی گرتە دەست و سەرۆکەکەی، ڕەمزی ماکدۆنالد Ramsay Macdonald، پێی وابوو باشترین رێگە بۆ دەربڕینی سۆزی خۆی بۆ ئومێدی میسرییەکان بۆ سەربەخۆیی، ئازادکردنی نزیکەی ١٥٠ گیراوی سیاسییە. کاتێک سەعد لەم سۆزە دڵنیا بوو، کەوتە ئەنجامدانی هەڵمەتێکی سیاسیی بەربڵاو لە سوودان کە بووە مایەی سەرهەڵدانی پشێوی. زۆر پەست و بێزار بوو کاتێک وەزارەتی بەریتانی لە ئەنجوومەنی لۆردەکان (٢٥ی حوزەیران) رایگەیاند

---

[١٧٦] بڕوانە دەقەکەی و وەرگێڕانەکەی لە: Mitteilungen des Orientalischen Seminars zu Berlin, 1924, II, 1-82.

هەروەها بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- Royal Institute of International Affairs, Information Dept, Paper No. 19, Great Britain and Egypt, London, 1936.
- Current History, New York, 1927, pp. 532-538:

هەرگیز دەست لە سوودان هەڵناگرێت. سەرەتا ئامانجی سیاسەتی ناوخۆی سەعد سپاردنی پۆستەکان بوو بەلایەنگرەکانی، لەئەنجامی ئەم سیاسەتەدا هەوڵی کوشتنی درا. لە ٢٥ی تەممووز بەدەم بانگهێشتی ماکدۆنالدەوە چوو بۆ لەندەن بۆ گفتوگۆکردنی رووبەڕوو سەبارەت بەو پەیماننامەیەی بڕیار بوو لەگەڵ بەریتانیای مەزن ئیمزای بکەن. بەڵام ئەو دانوستانانە تا ٢٥ی ئەیلوول دەستیان پێنەکرا. پاشان بەهۆی پێداگریی سەعد لەسەر پێویستی بەتەواوەتی کشانەوەی بەریتانییەکان لە میسر، لە کۆتایی تشرینی یەکەمدا دانوستانەکان پچڕان. پاش ماوەیەکی کورت کابینەیەکی پارێزگاران جێگەی کابینەکەی ماکدۆنالدی گرتەوە.

کوژرانی سەردار لی ستاك

ئەو جۆش و خرۆشەی نیشتمانییەکان دژی بیانییەکان تاویان دا، لە کوژرانی سەرداری سوپای میسری و حاکمی گشتیی سوودان، سێر لی ستاک Lee Stackدا خۆی نواند. سەعد هەوڵی دا خۆی لە جێبەجێکردنی داواکارییە ماقوولەکانی بەریتانیا بۆ قەرەبووکردنەوەی رووداوەکە لابدات. لەو داواکارییانە، هەندێ مەرج بوون کارەکانی ئاودێرییان لە سوودان لەسەر حسابی میسر بەهێز دەکرد. سەعد سەرەنجام، کاتێک مەندوبی سامی بۆ پشتگیریکردنی داواکارییەکانی هەڕەشەی داگیرکردنی گشت گومرگەکانی کرد، ناچار بوو مل کەچ بکات. لە ٢٤ی تشرینی دووەم ئەحمەد زیوەر پاشا لە سەرۆکایەتیی حکومەتدا جێگەی گرتەوە. بەریتانیا داواکارییەکانی بۆ حکومەتی زیوەر دەستکاری کرد، بەڵام ئەم حکومەتە خاوەخاوی دەکرد لە جێبەجێکردنی داواکانی بەریتانیادا ئەگەرچی بەریتانییەکان لە ٢ی کانوونی یەکەم لە گومرگەکان کشانەوە. لەڕاستیدا بەریتانیا نەیویست فەرماندەیەکی بەریتانی بخاتە پۆستەکەی سەرداری کوژراو.

ململانێ لەنێوان پاشا و سەعد زەغلوولدا

زیوەر پاشا وایزانی دەتوانێت بەپشتبەستن بە دژبەرانی وەفد دەسەلاتەکەی بچەسپێنێت. عەدلی پاشا سالّی ١٩٢٢ حزبی "الاحرار الدستوريين"ی دامەزراند، سدقی پاشا کە ئەندامێکی ئەو حزبە بوو وەزارەتی ناوخۆی وەرگرت و ئەندام و لایەنگرانی وەفدی لە ئیدارە دوور خستەوە. هەرچی پاشایە هەوڵی دا هەژموونی خۆی لەڕێی حزبی "الاتحاد"ەوە بەهێز بکات، بەڵام هیچکام لەو دوو حزبە نەیانتوانی هێزی فرە پەلوپۆی وەفد لاواز بکەن. دوای هەڵبژاردنی نوێ سەعد بەژمارەیەکی زۆر لە پیاوەکانیەوە چووە ناو پەرلەمان، تەنانەت بەسەرۆکی ئەنجوومەن هەڵبژێردرا. پاشا لەباتی ئەوەی پێکهێنانی حکومەتی پێ بسپێرێت، لە ٢٤ی ئاداری ١٩٢٤ پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە، هەر زوو

سوودی لە ناکۆکییەکی سادەی نێوان وەزیرەکان لە مەسەلەیەکدا وەرگرت و خۆی لە وەزیرە "دەستووری"یەکان رزگار کرد تا لەگەڵ پیاوانی حزبەکەی "ئیتیحادییەکان" بەتەنها حوکمی ولات بکەن. لەڕاستیدا فوئاد پاشا دوای ئەوە وردە وردە وازی لە مومارەسەکردنی دەسەلاتەکەی هێنا بۆ سەرۆکی دیوانەکەی [حەسەن] نەشئەت پاشا.

بەڵام سەعد بیری لە دەستهەڵگرتن لە هەژموونی خۆی نەدەکردەوە، بەتایبەت پاش ئەوەی ئەحرارە دەستوورییەکان کە [لە سیاسەتی کۆشک] بێزار بوون هەوڵیان دا هاوکاری بکەن. کاتێک حکومەت بانگی پەرلەمانی نەکرد بۆ دانیشتن، ئەوە بوو خۆی لە ٢١ی تشرینی دووەم بانگهێشتی نوێنەرانی کرد بۆ کۆبوونەوە، کاتێک بینی تەلاری پەرلەمان داگیر کراوە، لەگەڵیاندا چوو بۆ "ئوتێل کونتینانتال" و جارێکیتر بەسەرۆک هەڵبژێردرایەوە. لەم بارەدا بەریتانیا نەیدەتوانی دەستەوئەژنۆ دابنیشێت بەبێ ئەوەی هەیبەتی لە وڵاتدا لەدەست نەدات. لەبەرئەوە مەندوبی سامیی نوێ، لۆرد لوید، کە پۆستەکەی لە ٢١ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٥ وەرگرتبوو، پاشای قایل کرد سەرۆکی دیوانەکەی [حەسەن نەشئەت پاشا) لەکار لابدات، کە پاشتر کرا بە باڵیۆزی میسر لە مەدرید.

لەکۆتاییدا پاشا دەبوو ڕەزامەندی پێشان بدات لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی نوێ پاش ئەوەی حکومەتەکەی هەوڵێکی شکستخواردووی دا بۆ هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردن لە بەرژەوەندیی خۆی. لە ٢٥ی ئایاری ساڵی ١٩٢٦ ئەنجامی هەڵبژاردنەکان سەرکەوتنی سەعدی بە زۆرینەی ١٤٤ کورسی لە کۆی ٢٠١ کورسی ئاشکرا کرد. ئەگەرچی سەعد بەهۆی هەڵکشانی تەمەنییەوە رایگەیاندبوو ناتوانێت سەرلەنوێ حکومەت بگرێتەوە دەست و حەز دەکات کەنارگیر بێت، تا بتوانێت بەئەرکی سەرشانی خۆی وەک "باوکی نیشتمان" هەستێت، هەوڵی دا خۆی لە ٢٧ی هەمان مانگ حکومەت پێک بێنێت. بەریتانیا پاش ئەوەی سەعد ڕەتیکردەوە دەست لە مافی خۆی هەڵبگرێت -بەتەبیعەتی حاڵ- ترسی سەرهەڵدانەوەی پشێوی هەبوو، لەبەرئەوە لۆرد لوید داوای لە حکومەتەکەی کرد کەشتییەکی جەنگی بنێرێت بۆ ئەسکەندەریە. لۆرد لوید هۆشداری دابووە سەعد. لایەنگرانی سەعد رازییان کرد دەست لە مافی خۆی هەڵبگرێت لەترسی ئەوەی نەوەک بەرهەمی چالاکییە سیاسیەکەیان لەدەست بدەن. لەبەرئەوە عەدلی پاشا بۆ پێکهێنانی حکومەت راسپێردرا. بەڵام ئەو هێزەی زەغلول هەیبوو و لەڕێی لایەنگرەکانیەوە لە سەرتاسەری وڵاتدا مومارەسەری دەکرد، هیچ لە مەزنیی خۆی لەدەست نەدا ئەگەرچی هەندێ جار ناچار بوو خۆ لە بەکارهێنانی بگرێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ بەریتانیای مەزن بەرەک نەکەون. ئامانجی ڕاستەوخۆی حزبەکەی بەهێزکردنی هەژموونی بوو لەناو سوپای میسردا. عەدلی پاشایش ئامادە نەبوو ئۆباڵی ئەوە بگرێتە ئەستۆ، لەبەرئەوە

رووداوێکی له خۆیدا ناگرنگی پەرلەمانی کردە بیانوو بۆ دەست لەکارکێشانەوە لە ١٨ی نیسان. ئەم جارەیش وەفد پێی وابوو وا ژیرانەترە سەرۆکەکەی بۆ سەرۆکایەتیی حکومەت کاندید نەکات و جڵەوی کاروبار بۆ سەروەت پاشا بەجێ بێڵێت. هەرچۆن بێت، وەزیری جەنگی ئەو حکومەتە [ئەحمەد] خەشبەت بەگ، ملکەچی ویستی وەفد بوو سەبارەت بەبەهێزکردنی سوپا و ئەوەندەی لەتوانایدا بوو کاری بۆ سنووردارکردنی هەژموونی پشکنەری گشتیی بەریتانی کرد. دوای دانوستانی درێژخایەن لەگەڵ نیشتەجێ (مقیم)ی بەریتانی، سەعد ملی بەداواکارییەکانی بەریتانیا دا، کە حکومەتی میسریش رەزامەندی پیشان دا لەسەریان و جارێکیتر دەسەڵات و هەژموونی پشکنەری گشتی چەسپاندەوە.

مردنی سەعد: کاریگەری لە رێنیسانسی میسردا

لە تەممووزی ساڵی ١٩٢٧ سەروەت سەفەری کرد بۆ ئینگلتەرا بۆ دەستپێکردنی دانوستان لەپێناو ئیمزارکردنی پەیماننامەیەک لەنێوان هەردوو وڵات. ئەگەرچی بەڵێنی روون و راشکاو و بنبڕی لە حکومەتی بەریتانی نەپچڕاند، بەڵام دەیتوانی لە مانگی ئابدا بگەڕێتەوە و دڵی خۆی بەوە خۆش بکات ئەو کێشانەی وڵاتەکەی چارەسەر کردون، کە رێگرن لەبەردەم گەیشتنی بەسەربەخۆیی خوازراو. بەڵام پرۆژەی پەیماننامەکە -کە هێشتا لەژێر باری گرانی مەرجەکاندا بوو- بەشێوەیەک بوو دەشیا پەرلەمان پەسەندی نەکات مەگەر بەهێز و هەژموونی سەعد. بەڵام لە ٢٣ی ئاب مەرگ لەپڕ بەرۆکی "باوکی نیشتمان"ی گرت و لەپاش خۆی بۆشاییەکی لە ژیانی سیاسیی میسردا دروست کرد، کە سەرەتا پڕکردنەوەی ئاسان نەبوو. لەڕاستیدا سەعد خاوەن چاکەی سەرەکییە لە بێدارکردنەوە و بەئاگاهێنانی میسرییەکان -دوای بەندایەتییەکی هەزار ساڵە لە سایەی دەسەڵاتدارانی نیشتمانی و بیانیدا- لە مافی خۆیان لە بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوە و وڵاتەکەیان. دەشێت هەندێ لاوازی لە توانایدا هەبووبێت، کە ئەگەر سەردەم و ژینگەکەی لەبەرچاو بگرین ناچاری بوون، بەڵام جوانترین و قووڵترین یادەوەری و پێزانینی لای میسرییەکان هەیە، چونکە ژیانی خۆی -کە بەدڵنیاییەوە لەسەر ئاستی شەخسیش کەم قوربانی نەبووە- بۆ خزمەتکردنیان تەرخان کرد.

مستەفا نەحاس جێگەی سەعد دەگرێتەوە

لە هەمان کاتدا سەروەت لە تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەر لە لەندەن دەستی بە دانوستانەکانی کرد و لە تشرینی دووەم/نۆڤەمبەر بە پرۆژەی پەیماننامەیەکەوە گەڕایەوە نیشتمان، کە حکومەتی بەریتانی داوای کردبوو پێویستە بەبێ دەستکاری قبول بکرێت.

بەڵام پێش لەوەی پرۆژەکە بخاتە بەردەم پەرلەمان ناچار بوو لە کۆتایی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٨دا دەست لەکار بکێشێتەوە، چونکە هەردوو ئەنجوومەنی نوێنەران و پیران یاسایەکیان پەسەند کردبوو حکومەتی لە هەر دەسەلاتێک دادەماڵی، کە بشێت بۆ سنووردارکردنی مافی گەل لە ئەنجامدانی کۆبوونەوەی ئازادانە، بەکاری بهێنێت.

حزبی وەفد پاش سەعد ڕێچکەیەکی پڕ لە تونددڕەوی گرتەبەر. بەدڵنیاییەوە جێنشینەکەی لە سەرۆکایەتیی حزب مستەفا نەحاس پاشا -کە بۆ ماوەیەکی زۆر وەک سکرتێری سەعد کاری کردبوو- خەون و دامەزراوی لەو کەمتر نەبوو، بەڵام لەڕووی ئەو بەهرە سیاسییانەی بۆ پیاوی دەوڵەت پێویستن لەئاست ئەودا نەبوو. هەرچۆن بێت ئێستا ئیدی بەرپرسیارێتیی ئایندەی میسر کەوتۆتە گەردنی، ئەوە بوو پاشا لە ١٥ی ئادار بۆ پێکهێنانی حکومەت رایسپارد. ئەگەرچی حکومەتی بەریتانی زۆر بەڕوونی و بێ پێچ و پەنا ئاگەداری کردبوو لەوەی ناتوانێت بەیاسای نوێیەکەی کۆبوونەوە رازی بێت کە هەڕەشە لە ئاسایشی وڵات دەکات، بەڵام هێشتا لەو سەرەتاوە دەیتوانی لەڕێی وەڵامێکی نەرمەوە کە بەریتانیا رایگەیاند پێی رازییە، خۆی لە ئەنجامەکانی بەدوور بگرێت. بەڵام زۆری نەبرد پاشا لە مانگی حوزەیراندا نەحاس پاشای لەکار لادا و محەمەد مەحموود پاشای کردە سەرۆک وەزیران، کە لە دەوڵەمەندترین زەویدارەکانی میسر بوو. نەک هەر ئەوە، بگرە پاشا لەوەیش دوورتر ڕۆیشت و فەرمانی بەسەرۆک وەزیرانەکەی کرد بەهەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و دواخستنی هەڵبژاردنی نوێ بۆ ماوەی سێ ساڵ.

لەو ماوەیەدا کە پاشا حوکمێکی ڕەهای دەکرد، توانی مەسەلەی دابەشکردنی ئاوی نیل لەنێوان میسر و سوودراندا چارەسەر بکات، بەشێوەیەک لە بەرژەوەندیی وڵاتەکەی بوو، ئاشکرایە ئەو مەسەلەی ئاوە لە مەسەلە زیندووەکان بوو بەلای میسرەوە. پاشا کەوتبووە بیرکردنەوە لە سنووردارکردنی هەندێ لە قورستڕین ئیمتیازاتە بیانییەکان، بەتایبەت لە فراوانکردنی دەسەلاتەکانی دادگە تێکەڵەکان لەسەر حسابی کونسوڵی گشتی.

دانوستانی محەمەد مەحموود بۆ بەستنی پەیماننامەی ئاشتی لەگەڵ بەریتانیا

بەڵام ئومێدی وەفد بە گەڕانەوە بۆ حوکم -هێشتا جێمتمانەی ڕەهای جووتیاران بوو- زۆری نەبرد لە ئایاری ساڵی ١٩٢٩ زیندوو بوویەوە کاتێک حزبی کرێکارانی بەریتانی سەرلەنوێ جڵەوی دەسەلاتی گرتەوە دەست. لەڕاستیدا یەکەم هەنگاو حکومەتی بەریتانی هاویشتی، بانگکردنی لۆرد لوید بوو کە ڕەخنەی ئەوەی لێ دەگیرا لە ئەنجامدانی ئەو هەنگاوانەی بۆ پەرەپێدانی میسر بەئاراستەی سەربەخۆیی پێویستن، ساردی نواندوە. لە حوزیراندا محەمەد مەحموود پاشا لە لەندەن دەستی بەدانوستان کرد بۆ بەستنی پەیماننامەیەک تێیدا پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات ڕێک بخرێت، بەڵام لایەنی بەریتانی بۆی ڕوون کردەوە ئەو جۆرە پەیماننامەیە پێویستە لەلایەن پەرلەمانی میسرییەوە

پەسەند بکرێت. لەڕاستیدا ئەو پێشنیازانەی لە پایزی ساڵی ١٩٢٩ لە کتێبێکی سپیدا بۆ بەستنی ئەو هاوپەیمانییە بڵاو کرانەوە، زۆر دوورتر لەو مەرجانە رۆیشتوون کە سەرۆەت پاشا داینابوون و پێشتر وەسف کران بەوەی ئەوپەڕی ئاسانگیرییە کە دەکرێت حکومەتی بەریتانی رێگەی پێ بدات. شتێکی سروشتی بوو پاش ئەوە میسرییەکان چاوەڕوانی ئەوە بکەن تەنیا بە پێداگرتنیان لەسەر بۆچوونەکەیان دەتوانن لە بەدیهێنانی داواکاریی زیاتردا سەرکەوتن بەدەست بێنن. هەرچۆن بێت، بەریتانیا ئامادەیی راگەیاند بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە قاهیرە و ئەسکەندەریە بۆ ناوچەی قەنال، هەروەها بانگی سەرجەم ئەفسەرانی بەریتانی ناو سوپای میسر بکاتەوە و دەست لە هەموو مافێکی لە بازنەی ئەوروپی لە وەزارەتی ناوخۆی میسریدا هەڵبگرێت.

وەفد دەگەڕێتەوە دەسەڵات

لەبەرئەوەی پاشا دەیویست پەیماننامەکە لەگەڵ بەریتانیا پەسەند بکات، دەبوو رەزامەندی پێشان بدات لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێ. لەم جارەیشدا –وەک چاوەڕوان دەکرا– حزبی وەفد زۆرینەی رەهای بەدەست هێنا و پاشا ناچار بوو پێکهێنانی حکومەت بە نەحاس پاشا بسپێرێت، سەرۆکی وەفد لە ٣١ی ئادار/مارسی ساڵی ١٩٣٠ دانوستانەکانی لە لەندەن دەست پێکردەوە بۆ گرێدانی پەیماننامەیەک لەگەڵ بەریتانیا. لەو رووەوە ئەوەی پێش ئەو زۆربەی ئەو داواکارییانەی میسر هەوڵی بۆ دەدان بەدەستی هێنابوون، هەوڵی خۆی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی سوودان چڕ کردەوە. بەڵام پێداگری لەوە کرد کۆچکردنی میسرییەکان بۆ سوودان لەمڕۆوە بێسنوور بێت، هەروەها سەرەتا ویستی دان بە حوکمڕانیکردنی سوودان لەلایەن بەریتانیا و میسرەوە پێکەوە نەنێت تەنیا بۆ ماوەیەک ساڵێتر نەبێت. لەبەرئەوە ناچار بوو بەنائومێدی بگەڕێتەوە نیشتمان، پاش ماوەیەکی کورت پاشا کابینەکەی لەکار خست و ئیسماعیل سدقی پاشا سەرۆکی حزبی گەل لە دەسەڵاتدا جێگەی گرتەوە. سدقی پاشا توانی لەڕێی یاسای هەڵبژاردنی نوێوە وەفد لە پەرلەمان دوور بخاتەوە و ئەرکەکانی حوکمڕانی وەک شوێنکەوتەیەکی پاشا گرتە ئەستۆ، تا ساڵی ١٩٣٣ لەبەر باری تەندروستی ناچار بوو دەست لەکار بکێشێتەوە. کاتێک پاشایش نەخۆش کەوت هەژموونی سەرۆکی دیوانە تارادەیەکی زۆر نابەرپرسیارەکەی زیادی کرد، بەشێوەیەک سەرۆک وەزیرانی نوێ، یەحیا پاشا، ناچار بوو داوای یارمەتی لە بەریتانیا بکات لەدژی. لەوکاتەدا شەپۆلێکی ناڕەزایی جەماوەری رووی کردە وەزارەت و پاشا ناچار بوو جێنشینەکەی، نەسیم پاشا رابسپێرێت ئەو یاسای هەڵبژاردنەی سیدقی پاشا هەڵیوەشاندەوە بخاتە واری جێبەجێکردن، بەمەیش وەفد جارێکیتر گەڕایەوە دەسەڵات.

پەیماننامەی ساڵی ١٩٣٦

لەکاتێکدا سیاسەتی ناوخۆی میسر تەواوی وزەی خۆی لە ململانێیەکی حزبیدا دەخستە کار، کە زۆرجار خۆپیشاندانەکانی قوتابیان بڕیاریان لە ئەنجامەکەی دەدا، بەهۆی چاوبڕینی ئیتالیا لە حەبەشە، میسر و بەریتانیا بەرژەوەندیی هاوبەشیان لە سوودان لە مەترسیدا دەبینی، چونکە جێگیربوونی دەوڵەتێکی بەهێزی بێگانە لەو وڵاتە ئەگەری ئەوەی لێدەکرا -بەیارمەتیی شێوازە زانستییە نوێکان- هەڕەشە لە یەکێک لە لقە گرنگەکانی نیل بکات، کە لە دەریاچەی تانا هەڵدەقوڵێت. لەڕاستیدا حزبە میسرییەکان هیچێکی ئەوتۆیان لەبارەی ئەو مەترسییەی رووی لە سەرچاوەیەک لە سەرچاوەکانی سامانی نیشتمانی کردبوو نەدەزانی، تا کاتێک لە بەرەیەکی یەکگرتوودا کۆبوونەوە بەمەبەستی گەیاندنی دانوستانەکان -کە پتر لە جارێک پەکیان کەوتبوو- بە دوا مەنزڵ. لە ١٢ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٥ سەرانی حزبە یەکگرتووەکان داوایان لە مەندوبی سامی، سێر مایلز لامپسۆن Miles Lampson کرد داوا لە حکومەتی بەریتانی بکات دەست بە دانوستان بکرێت. حکومەتیش ئارەزووی خۆی بۆ ئەوە دەربڕی ئەگەر لایەنی میسری ئامادە بێت سەرەتا دوو گرنگترین مەسەلەکە تاوتوێ بکرێن: مەسەلەی رێکخستنی سوپا + مەسەلەی سوودان. عەلی ماهیر پاشا کە لە حزبی ئیتیحاد کشایەوە، توانی لە هەمان کاتدا کابینەیەکی بێلایەن پێک بێنێت، کە سەرانی حزبەکانی لە نیگەرانیی لێپرسینەوەیان لەلایەن دەنگدەرانەوە لەسەر ئەنجامەکانی دانوستان رزگار کرد. لە ٢ی ئاداری ساڵی ١٩٣٧ شاندی دانوستانکاری بەریتانی بەسەرۆکایەتیی مایلز لامپسۆن و شاندی میسریی دانوستانکار بەسەرۆکایەتیی نەحاس پاشا لە قاهیرە کۆبوونەوە. شاندە میسرییەکە لە حەوت ئەندامی وەفدی [جگە لە نەحاس پاشا] و شەش ئەندامی حزبەکانیتر پێک هاتبوو، کە سیانیان سەرۆک وەزیرانی پێشوو بوون، ئەوانیش [محەمەد] مەحموود و [ئیسماعیل] سدقی و [ئیبراهیم] یەحیا بوون. لە ٢٦ی ئاب پەیماننامەکە لە لەندەن ئیمزا کرا، پاشان پەرلەمانی میسری لە ١٥ و ١٨ی تشرینی دووەم و پەرلەمانی بەریتانی لە ٢٤ و ٢٥ی هەمان مانگ پەسەندیان کرد. ئەو پەیماننامەیە بڕیاری دا سنوورێکی کۆتایی بۆ داگیرکردنی میسر لەلایەن بەریتانیاوە دابنرێت، بەو مەرجەی بەریتانیا دە هەزار سەرباز لە نۆکەندی سویس (ناوچەی قەنال) بهێڵێتەوە بۆ بەرگری لێکردنی. بۆ سەلماندنی سەروەریی رەهای میسریش پەیماننامەکە بڕیاری دا لەمڕۆوە لە قاهیرە باڵیۆزێک نوێنەرایەتیی بەریتانیا بکات، کە مافی پێشکەوتنی بەسەر نوێنەرانی گشت دەوڵەتاندا هەیە، هەروەها بڕیاری دا بەریتانیا بەئەندامبوونی میسر لە کۆمەڵی گەلان مسۆگەر بکات. نەک

هەر ئەوە، بگرە هاوپەیمانییەک لەنێوان هەردوو وڵات بەسترا و هەردوولا بەڵێنیان دا هیچ پەیماننامەیەک لەگەڵ دەوڵەتانیتر نەبەستێت کە زیان بەو هاوپەیمانییە بگەیەنێت. لە دۆخی جەنگیشدا میسر بەڵێنی دا تەواوی سەرچاوەکانی وڵات بخاتە ژێر فەرمانی بەریتانیا و لەکاتی پێویستدا باری نائاسایی و سانسۆر لەسەر چاپکراوەکان دابنێت. هەروەک پێویستە میسر تۆڕی هێڵە ئاسنینەکانی بەگوێرەی ئەو دیدگە ستراتیژییەی بەریتانیا بەپێویستی دەبینێت دابمەزرێنێت. هەرچی بەڕێوەبردنی سوودانە، لەدەستی حاکمێکی گشتیدا هێڵرایەوە کە بەریتانیا دایدەمەزرێنێت و هێزە میسرییەکانیش ملکەچین، بەبێ ئەوەی لەوەدا هیچ پێشێلکردنێکی سەروەریی میسر لەسەر سوودانی تێدا بێت. کۆچکردنی میسرییەکانیش بۆ سوودان لە هەر کۆت و بەندێک رەها کرا، مەگەر بارودۆخی تەندروستی و ئاسایشی گشتی رێگر بن. لەکۆتاییشدا بەریتانیا رایگەیاند ئامادەیە پاڵپشتیی میسر بکات لە هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتە بیانییەکاندا بەئامانجی رزگاربوون لە دادگە تێکەڵەکان. بیست ساڵیش بۆ ماوەی پەیماننامەکە دیاری کرا، دوای تەواوبوونی ئەو ماوەیەیش سەرجەم ئەو ناکۆکییانەی لەنێوان هەردوو وڵات پەیدا دەبن، بۆ کۆمەڵی گەلان بەرز بکرێنەوە.

لێکترازانی وەفد و پەیدابوونی "دەستەی سەعدی"

بەم پەیماننامەیە لەکۆتاییدا میسر لە حوکمی بێگانە رزگاری بوو. ئەگەرچی پێگەی نێودەوڵەتی هێشتا زۆر بەتوندی بە سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیاوە گرێ درابوو. بێگومان لەمڕۆوە رێگەی بەرەو پەرەسەندنی ناوخۆیی بەرین و رەها دەبێت، بەڵام ئەم پەرەسەندنە هەردەم رەهن بوو بە ململانێی حزبییەوە. لەڕاسیدا وەفد –کە سەرۆکەکەی، نەحاس، توانی ئەو سەربەخۆییە بۆ گەلی میسری بەدیبێنێت کە دەمێک بوو خەونی پێوە دەبینی– لە بەکارهێنانی ئەو هەژموونە گەورەیەی بۆی بەدیهات زیادەڕەوی کرد. ئەوە بوو گرووپێکی لە ئەندامە لاوەکانی بەناوی "کراس شینەکان" پێک هێنا، کە هێزێکی پاسەوان بوو، مەبەستیشی لە پێکهێنانی لاساییکردنەوە رێکخراوێکی بەناوبانگی ئەو سەردەمە بوو... راستییەکەی ئارەزووی نەحاس لەوەی قسە هەر قسەی خۆی بێت، سەرەنجام وای کرد ژمارەیەک لە کۆنترین یاریدەدەرانی سەعد، بەسەرکردایەتیی دکتۆر ئەحمەد ماهیر –برای عەلی ماهیر پاشا– و نەقراشی پاشا دەوری چۆل بکەن. ئەوانە حزبێکی تازەیان بەناوی "دەستەی سەعدی" دامەزراند (لەناوی سەعد زەغلوولەوە).

لە ٢٨ی نیسانی سالّی ١٩٣٦ فوئاد پاشا مرد، [ئەمیر] فاروقی کوڕی کە لە ١١ی شوباتی سالّی ١٩٢٠ لەدایک بوو، لە کۆلێژی جەنگیی بەریتانی لە وولّیچ Woolich دەیخوێند. لە ماوەی کۆتا سالّی پێش گەیشتنی بەتەمەنی پێگەیشتن ئەنجوومەنێکی (ویصایە) کاروباری وڵاتی بەڕێوە دەبرد. کاتێک بەتەواوبوونی مانگی تەممووزی سالّی ١٩٣٧ فاروق پاشا دەسەڵاتە دەستوورییەکەی وەرگرت، هەستی بەلاوازیی وەفد کرد کە ئەرکی مێژوویی لە مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی میسر بەدیهێنا... لە ٣٠ی کانوونی یەکەمی سالّی ١٩٣٧ پاشا، سەرۆک وەزیران نەحاس پاشای لەکار لادا و داوای لە -پیاوی قالّبووی دەوڵەت- محەمەد مەحموود پاشا کرد حکومەت پێک بێنێت. لە ٢ی شوباتی ١٩٣٨ پەرلەمانیشی هەڵوەشاندەوە، کە تێیدا وەفد ١٧٠ ئەندامی هەبوو کە زۆرینەی چوار لەسەر پێنجی کۆی گشتییان پێک دەهێنا. تا کاتێک هەڵبژاردنی نوێ لە ئادار و نیسانی سالّی ١٩٣٨ بەڕێوە چوو، تەنیا سیازدەیان گەڕانەوە ناو ئەنجوومەن، کە نەحاسی سەرۆکی حزبەکە و دیارترین یاریدەدەرەکانیان تێدا نەبوو. حزبی "میسر ئەلفەتات" بەسەرۆکایەتیی ئەحمەد حسێن ئەلمحامی هەوڵی دا لاوانی میسری، بەتایبەت لە ناوەندەکانی چینی ناوەڕاست، جەم بکات و حەماسیان لەپێناو بزوتنەوەیەکی نیشتمانی دژ بە بێگانەدا تاو بدات. ئەم حزبە بە ڕێکخراوی "کراس سەوزان" بەرهەڵستی "کراس شینان"ی وەفدی کرد کە ماوەیەکی کەم پێش لە هەڵگیرسانی جەنگ سالّی ١٩٣٩ هەڵوەشایەوە[١٧٧]. حکومەتی نوێ ویستی خۆی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی سەرجەم رۆڵەکانی گەل ڕاگەیاند، پێش هەموو شت باشکردنی دۆخی جووتیار، نەک کەمکردنەوەی باجی سەر زەوی و دروستکردنی دامەزراوەی ئاودێری. هەروەها ڕایگەیاند دەیەوێت پیشەسازیی نیشتمانی بپارێزێت لەڕێی دانانی گومرگ لەسەر چنراوە لۆکەییەکان کە ژاپۆن -هەروەها بەریتانیا- بازاڕەکانی میسریان پێ خنکاندبوو. هەرچۆن بێت، لە کارکردن بۆ رزگاربوون لە (ویصایە)ی بەریتانی بەردەوام بوو، -وەک بەڵگەیەکیش لەسەر ئەوە- ژمارەی سەربازانی سوپای میسری دووقات کرد و گەیاندیە ٤٠ هەزار جەنگاوەر. بێگومان سەردەستەیی میسر لە بواره ڕۆشنبیرییەکان و لە بازنە ئیسلامییەکاندا -کە لەمێژە دان بەو سەردەستەییەیدا نراوە- شیاوی ئەوە بوو بەگوێرەی گەورەبوونی دەسەڵاتە سیاسییەکەی گەشە بکات و سەرەنجام ئامانجێک بەدی بێنێت کە لەمێژ بوو هەوڵی بۆ دەدا، ئەویش رزگاربوون بوو لە ویسایەی عەقڵیی ئەوروپا.

---

[١٧٧] بۆ ئاگەداربوون لە بەرنامەی ئەو حزبە بڕوانە: B. Spuler in ihe Orientnachrichten, IV, 18 (of Seept. 16, 1938, p. 281).

هەروەها بڕوانە: A. Fiscchcr, Die politischen Parteuen Agyptens in Forschungen und Fortschritte, 1938, pp. 279-281.

نیمچه دورگەی عەرەب

شەریف حسێن- ئال سعوود و ئال رەشید

نیمچەی دورگەی عەرەب –کە بەناو سەر بە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بوو- لەکاتی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی یەکەمدا بۆ چەندین دەوڵەتۆکە دابەش بوو. حیجاز کە پایتەختەکەی مەککە بوو، لەژێر دەسەلاتی شەریف حسێن کوڕی عەلی کوڕی عەوندا بوو لە بنەماڵەی هاشمی، کە لە سالّی ۱۸۹۳وە (وەک میوان)ی سوڵتان عەبدولحەمید لە ئیستانبوڵ دەژیا، کە پیاوانی تورکیای لاو سالّی ۱۹۰۸ توانایان پێ بەخشی بۆ گێڕانەوەی کەلەپووری پێشینانی، ئالی بەیتی پێغەمبەر. هەرچی نەجدە، لەنێوان میرنشینی شەممەر – بەسەرۆکایەتیی ئال رەشید کە پایتەختەکەی حایل بوو- و وەهابییەکاندا کە پایتەختیان ریاز بوو، دابەش بووبوو. پێمان خۆشە لە مێژووی پر لە کێشەی بنەماڵەیی ئال رەشید – هاوشێوەی مێژووی بنەماڵە حوکمڕانە عەرەبییەکان- تەنیا ئاماژە بەوە بدەین کە گەورەترین پیاوی ئەو بنەماڵەیە، محەمەد بن عەبدولا بن رەشید (۱۸۷۲-۱۸۹۷) بەیارمەتیی تورکەکان توانی بەسەر دەسەلاتی ئال سعوود، کە دێرینترین بنەماڵەن لە ریاز، زاڵ بێت. هەرچۆن بێت لە سەردەمی برازا و جێنشینەکەی، عەبدولعەزیز بن موتعەبدا، عەبدولعەزیز بن عەبدولڕەحمان بن سعوود –کە پەنای بردبوە لای شێخ موبارەک حاکمی کوێت کە لەژێر دەسەلاتی بەریتانیادا بوو- توانی سالّی ۱۹۰۲ بەیارمەتیی ئەمەی دوایی شاری بنەماڵەکەی، ریاز، بگێڕێتەوە. کاتێک عەبدولعەزیز بن موتعەب سالّی ۱۹۰٦ مرد، پاش کێشمەکێشێکی درێژخایەن سعوودی کوڕی جێگەی گرتەوە. بەڵام لەکاتێکدا گیانی کۆنی وەهابییەت لە میرنشینی ئیبن رەشیددا کۆژابوویەوە یان خەریک بوو دەکوژایەوە، عەبدولعەزیز بن سعوود توانی سالّی ۱۹۱۰ ئەو گیانە لەرێگەی دامەزراندنی کۆمەڵەی "ئەلئیخوان"ەوە زیندوو بکاتەوە. لەڕاستیدا پابەندبوونی تەواوی بەڕێساکانی شەرعی ئیسلامی بەسەر شوێنکەوتوانیدا سەپاند. هەروەها وەک چۆن تەریقەتی سەنووسی ئەندامانی زیاتر لەسەر کاری بەرهەمدار رادەهێنا تا لەسەر ژیانی رامانی سۆفییانە، بەهەمان شێوە ئیبن سعوودیش "ئیخوان"ەکانی –کە ئەوکاتە سوپا نیزامییەکەیان پێک دەهێنا- لە کۆمەڵێک ناوچەیەکی کشتوکاڵیدا لە چەند بەشێکی تاڕادەیەک بەپێتی نەجد نیشتەجێ کرد و بەوە ناوەندە بەراییەکانی رێکخستنی سیاسیی لە ناوەندی ژیانی رەوەندی (بەدەوی)دا داهێنا. سالّی ۱۹۱۳ سوودی لە لاوازیی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی وەرگرت، کە بەجەنگی بەلقانەوە سەرقاڵ بوو، بەڕێکەوتن لەگەڵ حکومەتی بەریتانیی هیند دەستی گرت بەسەر هەرێمی ئەحسا (الاحساء)ی نزیک لە مەملکەتەکەی لەلای رۆژهەلاتەوە، کە تا ئەوکاتە لەژێر دەسەلاتی [والی]ی بەغدا [ی عوسمانی]دا بوو. بەم

شێوەیە ئیدی دەروازەیەکی بۆ دەریا هەبوو. دەوڵەتی عوسمانی لەباتی ئەوە لەسەر ئەو کردەوەیە سزای بدات، هەوڵی دا بیهێنێتە بەرەی خۆی و ناوینا والیی نەجد، بەبێ ئەوەی هیچ پابەندییەکی بەسەردا بسەپێنێت.

ئەحمەد ئیدریسی لە عەسیر

هەرچی ناوچەی عەسیری شاخاوییە لە باشووری حیجاز، کە محەمەد بەبێهوودە هەوڵی دا ملکەچی بکات، تەواو سەربەخۆ بوو ئەگەرچی بەناو هەر وەک بەشێک لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی مابوویەوە. لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەمدا ئەحمەد ئیدریسی، کە عەلەوی سەر بە لقی مەراکیشی بوو، دوای ئەوەی فەریزەی حەجی ئەنجام دا، لەو ناوچەیە جێگیر بوو. هەرزوو دانیشتوانی ناوچەکە -کە لە ئاستێکی رۆشنبیریی نزمدا بوون- وەک پیاوچاک (وەلی)یەکی گەورە تەماشایان دەکرد، ئەوەیش نیمچە دەسەلاتێکی سیاسی بۆ جێنشینەکانی مسۆگەر کرد. لەڕاستیدا یەکێک لەوانە، سەید محەمەد لە زانکۆی ئەزهەر لە قاهیرە خوێندی، پاشان ماوەیەک لەگەڵ سەنووسی ژیا لە کوفرە لە ناوچەکانی بەرقە، شوێنکەوتەکانی لە زەوییە شاخاوییەکان کۆکردەوە و بەشێوەیەکی تۆندتر رێکی خستن. ساڵی ١٩٠٩ ملی نەدا ملکەچی تورکەکان بێت -ئەوکات تەمەنی سی و پێنج ساڵ بوو- ئەو و هاوپەیمانەکەی، ئیمام یەحیای ئیمامی زەیدی، شکان، بەڵام-وەک هاوپەیمانەکەی- توانی سەرەنجام بە یارمەتیی ئیتاڵییەکان خۆی [لە عوسمانییەکان] رزگار بکات.

ململانێ لەنێوان ئیمام یەحیا و تورکەکاندا

لە یەمەنی دراوسێی عەسیر، بنەماڵەی زەیدی توانییان خۆیان لە وڵاتەکەدا بچەسپێنن سەرەڕای ئەوەی تورکەکان لە ساڵی ١٨٥٠وە یەکبین هەوڵیان داوە وڵاتی یەمەن ملکەچ بکەن. دوای ئەوەی حکومەتی عەبدولحەمید لەکاتی ئەو شەڕە سەختانەی سالانی ١٩٠٤-١٩٠٥ لەوێ کردنی، بۆی دەرکەوت ئەو وێلایەتە دوورە دەستە ناتوانرێت بەزەبری هێز پارێزگاری لێ بکرێت، ئامادەیی پیشان دا دەستی ئیمام یەحیا والا بکات حوکمی بەشە ناوخۆییە شاخاوییەکانی بکات. بەڵام پیاوانی تورکیای لاو ئەم دەستەهڵگرتنەیان بە سووکایەتیکردن بە شەرەفی نیشتمانی بینی، لەبەرئەوە دەستیان بە ململانێ کردەوە تا لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١١ ناچار بوون بەهەمان مەرج پەیماننامەی ئاشتی لەگەڵ ئیمامدا ئیمزا بکەن.

لە ناوچە کەناریەکان کە بەدرێژایی کەنارەکانی ئۆقیانووسی هیندی و کەنداوی فارسی، لە حەزرەمەوتەوە بۆ عومان و لەوێوە بۆ کوەیت درێژ بوونەتەوە، ژمارەیەک

دەسەلاتداری لاوەکی عەرەب هەبوون، خۆیان ناونابوو سوڵتان یان شێخ، سەرجەمیان هەندێ جار بەراستەوخۆ و هەندێ جاریتریش بەناراستەوخۆ ملکەچی بەریتانیای مەزن بوون کە لە ساڵی ١٨٣٩وە خۆی لە عەدەن جێگیر کردبوو و زۆر لەخەمی سەلامەتیی رێگە دەریاییەکانیدا بوو بۆ هیند، تەنانەت لە کەنداوی فارسیش.

نامەگۆڕینەوە لەنێوان شەریف و ماکماهۆن و رێکەوتنامەی سایکس پیکۆ

شەریف حسێن –کە لە ماوەی مالّبەندی (ئیقامە جەبری)یەکەی لە ئیستانبوڵ هەستی بە رادەی لاوازیی دەوڵەتی عوسمانی کردبوو- لە بەهاری ١٩١٤وە لەڕێی عەبدوڵای کوڕییەوە هەوڵی دا پەیوەندی بە بەریتانییەکانەوە بکات، بەئومێدی ئەوەی یارمەتی بدەن بۆ سەربەخۆبوون لە دەوڵەتی خیلافەت. کاتێک تورکیا چووە ناو جەنگ، شەریف ئامادەیی دەربڕی گوێکانی لەئاست بانگەوازەکەی "شێخولئیسلام" بۆ بەشداریکردن لە جیهاد یان جەنگی پیرۆز کەڕ بکات. بەڵام بەریتانیا دەیویست رایبکێشێتە ناو بەشداریکردنی کرداری لە جەنگ دژی تورکەکان پاش ئەوەی هەوڵەکەی بۆ رازیکردنی عەبدولعەزیز ئیبن سعوود بۆ ئەو کارە شکستی هێنا. بەم شێوەیە لەڕێی فڕۆکە و کەشتیی جەنگیەوە کەوتە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە لەناو خەڵکدا و هەڵمەتەکەیشی بە رێگرتن لە هاوردەکردنی گەنمی میسری پاڵپشت کرد کە حیجازییەکان زۆر پێویستیان پێی بوو. لە تەممووزی ساڵی ١٩١٥ شەریف حسێن گەیشتە قەناعەت خۆی بەشەخسی ئامادە بێت بچێتە دانوستان لەگەڵ مەندوبی سامیی بەریتانی لە میسر، سێر هێنری ماکماهۆن. شەریف لە یاداشتێکدا کە لە ١٥ی تەممووز بۆ ماکماهۆنی نارد بەناوی نەتەوەی عەرەبەوە قسەی کرد و ئامادەیی عەرەبی بۆ یارمەتیدانی بەریتانیا پیشان دا ئەگەر بەڵێنیان بداتێ بە سەربەخۆیی لە تەواوی ئەو ڕووبەرەی لە مێرسین بۆ ئەدەنە لە باکوری ڕۆژئاواوە، تا سنووری فارسی [لە ڕۆژهەلات] و ئۆقیانووسی هیندی [لە باشوور] درێژ بووەتەوە، هەروەها ڕەزامەندی پیشان بدات لەسەر دامەزراندنی خیلافەتێکی عەرەبی. ماکماهۆن لە ٣٠ی ئاب وەڵامی ئەو یاداشتەی دایەوە و جەختی لەوە کرد بەریتانیا لاری نیە لە گواستنەوەی خیلافەت بۆ کەسێک لە وەچەی پێغەمبەر، بەڵام پێی وایە هێشتا کاتی دیاریکردنی سنووری کۆتایی دەوڵەتێکی عەرەبیی سەربەخۆ نەهاتووە، بەتایبەت کە زۆر لە عەرەبەکان هێشتا لە ریزەکانی تورکەکاندا شەڕ دەکەن. ئەگەرچی نامەگۆڕینەوەی[١٧٨] شەریف-

---

[١٧٨] ئەو نامە گوزرینەوانە کە ئایرلاند Ireland هەندێکی تەنیا لە ئەرشیفی بەریتانی وەرگرتوە لە کتێبەکەی (Iraq. Pp.68-69)دا هێناویەتی. بەڵام بەتەواوەتی بۆ یەکەم جار لە کتێبی "بێداربوونەوەی عەرەب" The Arab Awakeningی جۆرج ئەنتۆنیۆسدا بڵاو کرایەوە (لەندەن، ١٩٣٨، لا٤١٣-٤٢٧)، هەروەها لە کتێبێکی سپیدا کە حکومەتی بەریتانی لە سەرەتاکانی ئاداری ساڵی ١٩٣٩ لەکاتی بەستنی کۆنگرەی فەلەستین لە لەندەن، بڵاوی

ماکماهۆن تا کۆتایی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٦ درێژەی کێشا، بەبێ ئەوەی شەریف هیچ بەڵێنێکی بنبڕی پێ بدرێت (ماکماهۆن بۆ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی فەرەنسا، پابەندبوون بەو جۆرە بەڵێنەی دوا دەخست) کەچی شەریف هەر بەڵێنی دا ئەو هۆز و خێڵانەی لەژێر دەستیدان و سەر بەون بۆ شەڕکردن دژی تورکەکان هان بدات، هەروەها بەڵێنی دا خۆیشی بەهێزە تایبەتەکانیەوە بەشداری لەو جەنگەدا بکات. لەڕاستیدا فەیسەڵی کوڕی کاتێک لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٥وە لای فەرماندەی تورکی [ئەحمەد] جەمالەدین [جەمال پاشا] لە دیمەشق میوان بوو جەسارەتی کرد بدات بەسەر عەرین ئەلئەسەددا، کە سوودی لە پەیوەندییەکانی رابردووی بە کۆمەڵەی ئەفسەرانی عەرەب (العهد العربی) و هاوڕێیانیان وەرگرت بۆ پیلانگێڕان دژی دەوڵەتی عوسمانی، مەبەست ئەندامانی کۆمەڵەی (الفتاة)ی مەدەنییە بەمەبەستی هەڵنان بۆ دامالینی کۆتی عوسمانی لە گەردن. بەڵام شەریف حسێن لە بەرهەمی چاوەڕوانکراوی سەرکەوتنەکە بێبەش بوو، تەنانەت پێش لەوەی بتوانێت لە گەورەکەی، واتە سوڵتانی عوسمانی یاخی ببێت، ئەویش بەحوکمی ئەو ڕێکەوتنەی لە پترسبۆرگ لە ئایاری ساڵی ١٩١٦ لەنێوان وەزیری دەرەوەی ڕووسی، سازانۆف Sazanov و شارەزای بەریتانی لە کاروباری ڕۆژهەڵات مارک سایکس Mark Sykes و کونسوڵی فەرەنسیی گشتیی پێشوو لە بەیروت ف. جۆرج پیکۆ F. G. Picot ئیمزا کرا و پلانی دابەشکردنی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە ئایندەدا دارشت. ئەم ڕێکەوتنامەیەی سایکس-پیکۆ، کە پاش دەرچوونی ڕووسیا لە هاوپەیمانییە سیقۆلییەکە تەنها بەسەر وێلایەتە عەرەبییەکاندا جێبەجێ کرا، باسی ئەوە دەکات لە فەلەستین ئیدارەیەکی نێودەوڵەتی دابمەزرێت و بەشە کەناریەکەی کە دەکەوێتە باکوور، تا هێڵێک کە بەتەنیشت دیمەشق و حمس و حەلەبدا درێژ دەبێتەوە، ناوچەی هەژموونی فەرەنسی بێت، هەروەها عیراقیش پشکی بەریتانیا دەبێت، لەکاتێکدا دەوڵەتێکی عەر بی سەربەخۆ یان یەکێتییەکی عەرەبیی سەربەخۆ، تەنیا لە زەویە ناوخۆییەکانی سووریا کە دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو دوو ناوچەیە و هەروەها لە وێلایەتی مووسڵ، دادەمەزرێت.

کردەوە. تەنانەت لە دوایین یاداشتدا لە بەرواری ٣٠ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٦ ماکماهۆن تەنیا ئامادەیی ڕادەگەیەنێت بۆ دیراسەکردنی مەسەلەی وێلایەتی بەغدا پاش سەرکەوتنی کۆتایی، هەروەها خۆشحاڵیی دەردەبڕێت بەدانانی شەریف حسێن بە پابەندییەکانی بەریتانیا بەرانبەر فەرەنسا. هەروەها و.ت.ا. لۆرەنسیش لە دوایین کتێبی خۆی "حەوت ستوونەکەی حیکمەت" (لەندەن، ١٩٣٥، لا ٦٦ و پاشتر) ئاماژە بەهیچ بەڵێنێکیتر ناکات ماکماهۆن پەیوەندی پێیەوە هەبووبێت. سەیر نییە بەریتانیا پاشتر وای بۆ باش بووبێت ئەو پابەندییانە لە پەیوەندی بە فەرەنسا باس بکات. ئێمە گومانمان هەیە ئەو دەقەی لە گۆ ئەلمەنار-ی عەرەبی بەرگی ٢٥ ژمارە ١ (قاهیرە ١٩٢٤) و وەرگێڕانە ئەڵمانییەکە کە پشتی بەوە بەستووە لە Mittellungen des orient, Seminars zu Berlin, II, 130-131 بە پەیماننامەیەکی پەسەندکراو دابنرێت. هەروەها بڕوانە: W. Ireland, Iraq, p. 177, n. 4.

شۆڕشی عەرەبی

هەرچۆن بێت، جەنگی سەخت لەپێناو دەستگرتن بەسەر دەردەنیل و جەنگ لە عێراق، کە سەرەتا زیانی گەورەی بەبەریتانیا گەیاند، سەرەتا یارمەتیدەر نەبوون لەوەی ئەو دانوستانانەی لەگەڵ شەریف حسێن دەکران، بخرێنە واری جێبەجێکردن. تا کاتێک گالیپۆلی چۆڵ کرا وا بەباش زانرا داوا لە هێزەکانی حیجاز بکرێت بۆ کارکردن. ژەنەراڵ مووریی Murray فەرماندەی ئەو سوپایانەی لە میسر بوون، سەرەتا چاوەڕوانی سوودێکی زۆری لەو هێزانە نەدەکرد. فەیسەڵ لەم کاتانەدا گەڕابوویەوە وڵاتەکەی و بەسوپایەک لە ئەعرابی جەبەل سوبح هەڕەشەی لە شاری مەدینە (یەثریب) دەکرد کە تورکەکان داگیریان کردبوو، لەکاتێکدا عەزیز عەلی میسری –عەرەبی بەئەسڵ چەرکەسی و ئەمیرئەلای (کۆڵۆنێڵ)ی پێشوو لە سوپای تورکیدا- لە مێرگی رابیغ کە دەکەوێتە خاڵێکی دوورتر لە باشوور، مەشقی بە خۆبەخشانی سووریا و عێراق دەکرد. بۆ بەڕێوەبردنی ئەم جموجوڵە عەرەبییە نووسینگەی عەرەبی لە قاهیرە ب.ا. لۆرەنسی نارد بۆ حیجاز، ئەم لۆرەنسە پاشتر بەو کتێبانەی داینابوون و دەنگدانەوەی ئەدەبیی گەورەیان هەبوو، ناوبانگی دەرکرد، کە سەرکێشییەکانی خۆی تێیاندا گێڕاوەتەوە[۱۷۹]. خەریک بوو دەبوو بە قارەمانێکی نەتەوەیی لای لاوانی بەریتانی. لۆرەنس دەستبەجێ زانی فەیسەڵ –بوێرترین کوڕانی حسێن- پێگەیەکی زۆر لەباری بۆ ململانێ دژی تورکەکان هەیە، لەبەرئەوە پەیوەندی پێوە کرد. بەڵام هەر هێندەی گەیشت، ناچار بوو لەبەردەم تورکەکاندا پاشەکشە بکات و بکشێتەوە بۆ بەندەری یەنبوع. فەیسەڵ، بەپێشنیازی لۆرەنس، بڕیاری دا هێزەکانی لە شوێنێکی دوورتر لە باکوور لەنزیک (ئەلوەجە) کۆ بکاتەوە تا زۆر بەئاسانی بتوانێت هێرش بکاتە سەر هێڵی ئاسنی حیجاز. لەکاتێکدا مووریی خوازیار بوو ببینێت هێزە تورکییەکان لەکاتی پاشەکشەیان لە وەجە لەناو ببرێن، لۆرەنس چاوی لە دەستگرتن بەسەر خاڵێکی دوورتری پشتپێبەستن بوو لە باکوور. لەکاتێکدا فەیسەڵ لە وەجە مایەوە، لۆرەنس توانی هێرشێکی لەناکاو بکاتە سەر بەندەری عەقەبە و لە ٥ی تەممزی ساڵی ١٩١٧ بەیارمەتیی [ئەلشەریف ناسر] داگیری بکات. لەوێوە چاوی لەوە بوو ڕێگە بۆ ئەلەنبی ئاسان بکات بەرەو نیمچە دوورگەی سینا و فەلەستین پشڕەوی بکات و لای ڕاستی سوپاکانی بۆ بپارێزێت. کاتێک ئەلەنبی ناچار بوو هێزەکانی بگوێزێتەوە بۆ فلاندرز پاش دەستگرتن بەسەر قودسدا، لۆرەنس پێشڕەوییەکەی دواخست و گەڕایەوە بۆ لای فەیسەڵ تا خۆی بۆ هێرشکردنە سەر شاری مەدینە ئامادە بکات، بەوەیش بەپێی توانا هێزە تورکییەکان لە بەرەی فەلەستینی لادەدات. دوای ئەوەی هێڵی ئاسنی حیجاز لە سێ خاڵدا

---

[۱۷۹] لەوانە: Revolt in the Desert, London 1927, Seven Pillars of Wisdom, London, 1935.

پچڕا، ئەلەنبی هێرشێکی لەناکاوی کردە سەر تورکەکان و لەڕێی ئوردنەوە دەریکردن. ئەنجا لۆرەنس [و فەیسەڵ] بەرەو باکوور کشان و لە ٣٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٨ توانییان بەهێزەکانی هەردووکیانەوە بچنە ناو دیمەشق، کە فیرقەیەکی ئوسترالیشیان وەک پاڵپشت بۆ زیاد کرا.

بەریتانیا پشت دەکاتە حسێن و ئیبن سعوودیش دەست بەسەر حیجازدا دەگرێت

لەکاتێکدا فەیسەڵ و عەبدوڵا لە مەیداندا شەڕی تورکەکانیان دەکرد، حسێنی باوکیان سەرقاڵی قایمکردنی دەسەڵاتی خۆی بوو لە حیجاز. بۆ ئەو مەبەستە وای لە پیاوماقوولانی مەککە کرد بە "پاشای عەرەب" بانگی بکەن (٢٩ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٦)[١٨٠] و بەپێی نەریتی باوی کۆن لە ٢ی تشرینی دووەم بەیعەتی لێ وەرگرتن. مەبەستی لەو کارەیش ئەوە بوو هەر لە سەرەتای رێگەوە ئەو مافانەی لەو پەیماننامەیەی وایزانی لەگەڵ ماکماهۆن بەستویەتی، بچەسپێنێت. بەڵام هەر زوو تووشی بێئومێدییەکی دژوار بوو، چونکە بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا تەنیا وەک پاشای حیجاز دانیان پێدانا، ئەویش لە یاداشتێکی هاوبەشدا کە لە ٣ی کانوونی دووەم پێشکەشیان کرد. ئەو سەرەتایە بەس بوو پیشانی بدات ئەو لە مەزەندەکردنی هێزی راستەقینەی خۆیدا -بەهەندێ خەو و خەیاڵی رۆمانتیکی لەبارەی مەزنیی بنەماڵەکەی [هاشمی]- زیادەڕەوی کردوە، هەروەها لە هەڵسەنگاندنی بۆ پێگەی خۆی لە نیمچە دورگەی عەرەب هەڵەی کرد. لەڕاستیدا وەک پاش کەمێکیتر دەبینین، عەبدولعەزیز بن سعوود لەم کاتەدا دەسەڵاتی بەسەر نەجددا کێشابوو و دانی بە بانگەشەی حسێن بەسەروەری بەسەر نیشتمانی عەرەبدا نەدەنا، بێگومان پێویستی بەوە نەبوو خالید بن لوئەی، ئامۆزای حسێن و دوژمنی، هەڵبێنێت تا هێرش بکاتە سەر هێزەکانی ئەمەی دوایی. لە ١٩ی ئایاری ساڵی ١٩١٩ سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوەی لە تەرەبە (تورەبە) لەنزیک تائیف بەسەر فەرماندەی ئەو هێزانە ئەمیر عەبدوڵا (کوڕی حسێن]دا بەدەست هێنا. حسێن لەباتی ئەوەی کار بۆ شۆردنەوەی ئەو ئابڕووچوونە بکات، کە زەبرێکی کەمەرشکێن بوو بەر هەژموونی لە نیمچە دورگە کەوت، هەموو بایەخدانی خۆی ئاراستەی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس کرد، هێشتا ئومێدی هەبوو ئەو کۆنگرەیە داواکارییەکانی پەسەند بکات. کاتێک زۆر بەخراپی لە کۆنگرەکە ئومێدبڕاو بوو، رەتیکردەوە دان بە هەردوو پەیماننامەی ڤێرسای و سیڤەردا بنێت، بەڵام ئەم رەتکردنەوەیەی تەنها یەک ئەنجامی هەبوو بۆی، ئەویش بانگهێشتنەکردنی بوو بۆ

---

[١٨٠] ستروثمان Strothmann لە Islam XVII, 38 دا بەپشتبەستن بە تۆبنبی دەڵێت، تا پاش گرتنی دیمەشق لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٨ حسێن بە پاشای عەرەب بانگ نەکرا. لەڕاستیدا ئەمە پێچەوانەی ئەوەیە لە سەرچاوەکانیتردا هاتووە، بڕوانە: Antonius, p.213, E. Topf, p.23.

بەشداریکردن لە کۆنگرەی لۆزان. دوای ئەوەی سیاسی و پیاوە سەربازییەکانی بەریتانیا لە کۆنگرەیەکدا کە لە ئاداری ساڵی ١٩٢١ لە قاهیرە بەستیان، لە دانانی ریسا گشتییەکانی چارەسەری پرسی عەرەبی بوونەوە، لە کۆتایی مانگی ئابدا ب.ا. لۆرەنس رەوانە کرا بۆ بەندەری جیددە بۆ بەستنی پەیماننامەیەک لەگەڵ حسێن. لەڕاستیدا بەریتانیا دەیویست حسێن دان بەو ئینتیدابەدا بنێت کە لەوکاتەدا لە سان ریمۆ بەسەر هەرێمەکانی لە سووریا و عێراقدا سەپێنرابوو، ئەویش لەبەرانبەر ئەو کۆمەکییە دارایییە بەردەوامەی پێشکەشیان کردبوو، هەروەها بەرانبەر بەڵێندان بە پاراستنی لە هەر هێرشێک کە لەوانەیە لە حیجازەوە بکرێتە سەری. حسێن نەیدەتوانی بەوە رازی بێت ئەگەرچی چاوەڕوانی نەدەکرد لەمڕۆ بەدواوە پێشنیازێتری بخرێتە بەردەم. بەم شێوەیە دانوستانەکان تا هاوینی ساڵی ١٩٢٤ درێژەیان کێشا، تا سەرەنجام دانوستانەکان بەهۆی رازینەبوونی بە داننان بە ئینتیداب لەسەر فەلەستین دوای ئەوەی بەدۆخەکە لە سووریا و عێراق رازی بووبوو، شکستیان هێنا.

دەتوانین بزانین حسێن لە مەزەندەکردنی پێگەی خۆیدا هێشتا چەندە هەڵە بوو ئەگەر زانیمان، بەنابەدڵی بەقسەی عەبدوڵای کوڕی کرد، کە بەریتانییەکان لەوکاتەدا کردبوویان بە ئەمیری ئوردن و لەکاتی سەردانێکی بۆ بارەگای ئەو کوڕەی لە شوونە بە نازناوی خەلیفە رازی بوو، پۆستی خیلافەت [کە بە دوورخستنەوەی دواین خەلیفەی عوسمانی، عەبدولمەجیدی دووەم و هەڵوەشاندنەوەی پۆستی خیلافەت لەلایەن کەمالییەکانەوە] چۆڵ بووبوو، بەڵام نەیتوانی تەنانەت دانپێدانانی سوورییەکان خۆیشیان بەخیلافەتەکەی بەدەست بێنێت، چ جای موسڵمانە هیندییەکان کە قەت لە یاخیبوونەکەی لە گوێڕایەڵیی سوڵتانی عوسمانی خۆش نەدەبوون. هەرچۆن بێت، پێگەی لە جیهانی ئیسلامیدا رووی بەهۆی خەمساردیکردنی لە دانانی سنووردێک بۆ ئیستیغلاڵکردنی حاجییان لە مەککە (ئەو حاڵەتە بۆ سەردەمێکی زۆر دوور دەگەڕایەوە)، هەروەها بەهۆی کارنەکردنی بۆ باشکردنی باری بەڕێوەبردن لە وڵات، رووی لەکزی کردبوو. لەڕاستیدا بانگەشەکردنی خەلیفەبوونی بیانوویەکی دایە دەست عەبدولعەزیز ئیبن سعوود بۆ بەگژاچوونەوەی وەک بیدعەچییەک، تا کاتێک حسێن رووی لە بەریتانییەکان نا تا یارمەتی بدەن لەدژی، لە بەرژەوەندیی ئەو هێزە نوێیەی لە نیمچە دورگەکەدا سەری هەڵدابوو پشتیان تێکرد. لە دواین هەفتەی ساڵی ١٩٢٤ وەهابییەکان شالاویان بردە سەر تائیف و وێرانیان کرد و شمشێریان لە گەردنی دانیشتوانەکەیدا خستەکار. ئەوکاتە خەڵکی مەککە تکایان لە حسێن کرد دەست لە تەخت هەڵبگرێت، ئەویش دەسەلاتی گواستەوە بۆ عەلی کوڕە گەورەی و رایکرد بۆ عەقەبە. بەڵام ئیبن سعوود بەبێ دوودڵی لە پەلهاویشتنەکەی بەردەوام بوو و لە ١٣ی تشرینی یەکەم جێگرەکەی لە سەرکردایەتیدا، شەریف خالید بن لوئەی، مەککەی

داگیر کرد. بەلام خۆی تا ٥ی کانوونی یەکەم نەچووە ناو شارە پیرۆزەکە، ئەویش پاش ئەوەی ئەهلی سوننەی ئارام کردەوە کە ترسیان هەبوو جارێکیتر ئەو رووداوە دڵتەزێنانە لە یەکەم دەستگرتنی وەهابییەکان بەسەر مەککەدا رووبیان دا، دووبارە ببنەوە. عەلی [پاشا] لە جەددە مایەوە تا کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٥، پاشان خۆی گەیاندە فەیسەل [پاشا]ی برای لە عیراق. بەم شێوەیە ئیبن سعوود لە ٨ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٦ خۆی بە پاشای حیجاز راگەیاند. لەبەرئەوەی ئیبن سعوود داوای عەقەبەیشی دەکرد، بەریتانییەکان حسێن [پاشا]یان لێ دەرکرد و رێگەیان پێ دا پەنا بباتە بەر قوبرس. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٣٠دا رێگەی پێدرا ببێتە میوانی کوڕەکەی لە عەممان [پایتەختی] رۆژهەلاتی ئوردن، کە لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٣١ مرد و لە بەیتولمەقدیس نێژرا. راستییەکەی قەدەری ماڵی هاشمی جارێکیتر لە کەسی ئەودا دەرکەوت و کۆتایی هات: سەرەنجام لە گەرمەی باوەڕی بە مافی خواییانەی، (هاوشێوەی زۆر لە باوباپیرە عەلەوییەکانی) لە هەر حسابکردنێک بۆ هەلومەرجەکانی ئەم جیهانە و بارودۆخی بێئاگا بوو، لەبەرئەوە بوو بە قوربانیی ئەو باوەڕە.

عەبدولعەزیز وەك پاشای نەجد و حیجاز تاج لەسەر دەنێت

کاتێک ئاگری جەنگی جیهانیی یەکەم هەڵگیرسا، ئەمیری وەهابییەکان، عەبدولعەزیز بن سعوود، هێشتا زۆر سەرقاڵ بوو بە رێکخستنی ناوخۆی میرنشینەکەی، لەبەرئەوە نەیویست دووچاری مەترسی بکات، هەربۆیە وەک والییەکی تورکی بەوردی بە ئەرکەکانییەوە پابەند بوو. لەو رووەوە رێنماییەکانی کونسوڵی بەریتانی لە کوێت، شکسپیر، کاریگەری لەسەر دەروونی هەبوو، تورکەکان پشتی سعوود ئەلڕەشیدیان گرت دژی. بەتایبەت پاش ئەوەی زامیل [ئەلسەبهان] کە سەرپەرست بوو لەسەر ئەو سعوودە، بەدەستی کوڕی مامە خەوندار (الطموح)ەکەی سعوود [بن سەبهان] کوژرا. لەو رووەوە تورکەکان بەئاڵتون و چەک پشتگیریی ئەمەی دواییان دەکرد، ئەوا شکسپیر لەکۆتاییدا توانی پاڵ بە وەهابییەکانەوە بنێت بۆ شەڕکردن. لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٥ لای جەراب شەڕێک لەنێوان هەردوولادا رووی دا. ئیبن سعوود قەناعەتی بەوە هەبوو کە بەهۆی هێزی ئەسپسواری بالادەستەکەیەوە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە کاتێک هێزە پیادەکەی لەکاتی پێشڕەویکردنی لە رێگەیەکیتردا لەپڕ غافڵگیر کرا. ئەوکاتە عەرەبە دەشتەکییەکانی هۆزی عەجمان کە پێشتر لە لەوەڕگەکانیان لە ئەحسا بێبەشی کردن، دایان بەسەر سەربازگەکەیدا و تاڵانیان کرد، بەو هۆیەوە ئیبن سعوود لەو رۆژەدا شکا. لەو شەڕەدا شکسپیریش کوژرا کە لەبیری نەکرد ئاگری ئەو تاکە توپە بتەقێنێتە دوژمن کە ئیبن سعوود لەو رۆژانەدا هەیبوو. لەو ساتەوە ئیبن سعوود رێگەی وریایی و

پەلەنەکردنی گرتەبەر، بەتایبەت کە حکومەتی بەریتانیی هیند لەئاکامی ئەو شکستە بەراییەی لە عیراق بەسەریدا هات، وای لێهات گرنگییەکی زۆری بە مەیدانی جەنگی عەرەبی نەدەدا. هەروەها لەوکاتەدا ئەو رۆڵەی لە جەنگ دژی تورکیا پێی سپێردرابوو، وەک بینیمان، خرایە ئەستۆی شەریف حسێن.

بەڵام حکومەتی بەریتانیی هیند هەستی کرد پێویستە یارمەتیدانی ئیبن سعوود مسۆگەر بکات تا بتوانێت لە گۆڕەپانی جەنگی عیراق سەرکەوتن بەدەست بێنێت، لەبەرئەوە سنجن فیلبی ST. John Philby نارد بۆ ریاز و بەخێرایی متمانەی تەواوی ئەمیری بەدەست هێنا. هەوڵدانی حسێن بۆ پێشڕەویکردن لە نەجد لەسەر دەستی ئیبن سعوود لە شەڕی تەرەبەدا شکستی پێ هێنرا، بەڵام پێویست بوو لەسەری پێش ئەوەی بچێت بەدەم سافکردنی حسابی لەگەڵ حسێن، یەکەم جار ئال رەشید لەناو ببات کە لە پشتەوە هەڕەشەیان لێ دەکرد. ئەمیر سعوود لە بەهاری ١٩٢٠ لە حایل کوژرا، ئیبن سعوودیش ئەم رووداوەی کردە بیانوو بۆ هێرشکردنە سەر عەبدولا بن موتعەب جێنشینی ئەمیری کوژراو. پاش ئەوەی عەبدولا لە نیسانی ساڵی ١٩٢١دا شکا محەمەد بن تەلاڵ جێگەی گرتەوە و تا تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢١ بەرگری لە پایتەخت کرد. کاتێک کەوت، ئیبن سعوود توانی جارێکیتر دەسەلاتی بنەماڵەکەی بەسەر تەواوی نەجددا بسەپێنێت. هەرچی فراوانبوونی بوو بەئاراستەی باکوور بەهۆی دروستبوونی هەردوو دەوڵەتی سووریا و عیراق کە تازە کەوتبوونە ژێر ئینتیداب، سنووردار بوو. بەڵام بەهۆی ئەوەی هێشتا سنووری هەردوو دەوڵەت دیاری نەکرابوو- توانی بەئاراستەی رۆژئاوا لەڕێی دۆڵی سیرحان و بەئاراستەی رۆژهەڵات لەڕێی دۆڵی روممەوە پێشڕەوی بکات. بەڵام دەستپێشخەریکردنی حسێن، بەبێ وردبوونەوە لە ئاکامەکان، بە بانگەشەکردنی خیلافەت بیانووی دایە دەست ئیبن سعوود - بگرە لە دیدی باوەڕداراندا مافی دایە- لە پایتەخت دەربکات و دەسەلاتی وەهابی بەسەر حیجازدا بسەپێنێت. ئیبن سعوود بۆ ڕەواندنەوەی ئەو مەترسییانەی بەدەستگرتنی بەسەر ناوچە پیرۆزەکان لە جیهانی ئیسلامیدا دروستی کردبوو -موسڵمانەکان وەک بیدعەچییەک سەیریان دەکرد- داوای بەستنی کۆنگرەیەکی ئیسلامی کرد لە مەککە لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٦، پاش ئەوەی کۆنگرەی ئیسلامیی قاهیرە لە مانگی ئایاردا مەسەلەی خیلافەتی تاوتوێ کرد بەبێ ئەوەی بگاتە ڕێکەوتنێک. لەو رووەوە ژمارەی ئەو نوێنەرانەی گەیشتنە نیمچە دورگە، زۆر بوو، هەروەها لەو رووەوە هاتنی شاندەکان لە ڕووسیا و ئەفغانستان و جاوە و سوودانەوە قەرەبووی نەهاتنی شاندەکانی ئەفریقیای باکووری کردەوە. ئەوا شاندە بەشدارەکانی کۆنگرەی مەککە دوو هێندەی شاندە بەشدارەکانی کۆنگرەی قاهیرە بوو (٦٠ بەرانبەر ٣٠). لەڕاستیدا سیاسەتی ژیرانەی وەهابییەکان یارمەتی سەرکەوتنی کۆنگرەکەی دا لە بەخشینی مافی یەکسان بە فیرقە ئاینییە جیاوازەکان لە کەعبە و

حەرەمدا، بەوەیش مسۆگەرکردنی ئازادیی حاجییان لە سەرجەم ناوچەکانی جیهانی ئیسلامییەوە، ئەگەرچی ئەو کۆنگرە دەورییانەی کۆنگرە بەڵێنی بەستنی دا و ئەو بەخشینانەی کۆنگرە پەسەندی کردن کە بۆ ئەو ئامانجە فەریانی بکات و کۆیان بکاتەوە هیچ بەرهەمێکیان نەبوو[١٨١]. ساڵی [١٩٢٧] ئیبن سعوود لە مەککە بە پاشای نەجد و حیجاز راگەیەنرا.

کێشە لەنێوان ئیبن سعوود و ئیمام یەحیادا

سیاسەتی دەرەوەی ئیبن سعوود سەرەتا لەبەر تیشکی پەیوەندییەکانی بە هاوسێکانیەوە لە باشوور دیاری کرا. لە عەسیر ناکۆکی لەنێوان وارسانی سەید محەمەد [ی گەورە] کە ساڵی ١٩٢٣ مرد سەری هەڵدا. ئیمام یەحیا [حەمیدەدین]ی زەیدیش سوودی لەو دۆخە وەرگرت و ناوچەی کەناری داگیرکرد کە بەندەری گرنگی (حودەیدە)ی تێدایە، کە بەریتانییەکان لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٢١ لێی کشانەوە. ئەوکاتە شێخانی عەسیر، بۆ دوورخستنەوەی ئەو دەستدرێژییە، داوای یارمەتییان لە ئیبن سعوود کرد و ولاتەکەیان خستە ژێر پاراستنی ئەو، بەگوێرەی پەیماننامەیەک لە مەککە لە [٣١]ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٦ بەسترا.

لەو کاتەدا ئیمام یەحیا پەیوەندی لەگەڵ ئیتاڵیا بەستبوو، کە ئەمەی دوایی چاوی لە پاراستنی سۆماڵی ژێردەستی بوو لە کەناری بەرانبەر، کە لەمێژ بوو پێگەیەکی بازرگانی لە یەمەن بەدەست هێنابوو. لە ٢ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٢٦ پەیماننامەی دۆستایەتی لەگەڵ ئیتاڵیا بەست، تێیدا بەڵێنی دا هانی پرۆژە ئیتاڵییەکان بدات و لەگەڵی بەشداری لە قەڵاچۆکردنی بازرگانیی کۆیلەدا بکات ئەگەر ئیتاڵیا لەڕووی ئابوورییەوە یارمەتی بدات و ئەو چەکە ئاگرینانەی پێویستی پێیانە بیداتێ. لە یەکی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٧ میراتگری تەخت سەیفولئیسلام محەمەد سەردانی شاری رۆمای کرد بۆ دانوستان لەگەڵ پیاوانی پیشەسازیی ئیتاڵی. لەڕاستیدا ئیمام زیادەڕەوی کرد لە مەزەندەکردنی ئەو یارمەتییەی لەو رێگەیەوە دێت و سەرەتا باوەڕی وابوو دەتوانێت لەسەر حسابی بەریتانییەکان دەست بەسەر ناوچەی ناوخۆیی عەدەندا بگرێت. لەو رووەوە بەریتانیا تەنیا لە خەمی بەندەری عەدەن خۆیدا بوو، ئەوا سەرەتا ویستی بگەنە رێکەوتن و -ئەگەرچی ئیمام بەردەوام هێرشی دەکردە سەر لەشکرگەکەی- پەنای بۆ بەکارهێنانی کەشتیگەلە ئاسمانییەکەی نەبرد تا کاتێک (ئیمام یەحیا) داوای لێکرد سەرجەم ئەو زەوییانە بەجێ بهێڵێت کە لە رابردوودا سەر بە یەمەن بوون. ئەگەرچی ئیمام لە بەشێک لەو زەوییانەی داگیری

---

[١٨١] بڕوانە: Achille Sekaly. Le Congres du Khalifat et le Congres du Monde Musulman, Paris, 1926. (Collection de la Revue du monde musulman).

کردبوون کشایەوە، بەڵام بۆ ماوەیەکی درێژ ملی نەدەدا بەبەستنی پەیماننامەیەک لەگەڵ بەریتانیا، بگرە شاندێکی بازرگانیی سۆڤیەتیش لەسەر بەرەنگاریکردنەکەی سوورتری دەکرد. لەڕاستیدا رازی نەبوو ئەو پەیماننامەیە ببەستێت تا ئەو کاتەی هەستی کرد لەلایەن ئیبن سعوودەوە هەڕەشەی لەسەرە، چونکە سنووری هاوبەشی نێوان یەمەن و عەسیر کە دەکەوێتە ژێر پاراستنی وەهابی، هەمیشە مایەی لێکخشان و بەریەککەوتن بوو، تەنانەت ئیبن سعوود ناچار بوو کارێکی یەکلاکەرەوە بکات. بەم شێوەیە سوپاکانی لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٤ بەخێرایی شالاویان هێنا و بەشە ناوخۆییەکانی تیهامەیان داگیر کرد، ئەمە جگە لە حودەیدە. بەڵام ئیبن سعوود لە پەیماننامەی ئاشتی کە لە ٢٠ی ئایاری ساڵی ١٩٣٤ بەسترا، تەنیا بەوە وازی هێنا یەمەن دان بە سنوورەکانیدا بنێت، بەبێ ئەوەی داوای خستنەسەری هیچ هەرێمێکی نوێ بۆ سەر مولکەکانی بکات.

سیاسەتی ناوخۆیی ئیبن سعوود

لەڕاستیدا پاشای نەجد و حیجاز پێشتر و هێشتایش زیاتر لە خەمی بەهێزکردنی دەسەلاتی خۆیدا بوو تا هەوڵدان بۆ فراوانکردنی. ئەگەرچی هەندێ جار ناچار بوو بەزەبری چەک شۆڕشی هەندێ لە خێڵە بەدەویەکان سەرکوت بکات، بەڵام بەگشتی وای بەباش دەزانی -هاوشێوەی پێغەمبەری عەرەبی پێشتر- لەڕێی ژن و ژنخوازی لەگەڵ گەورەی هۆزەکانەوە پێگەی خۆی بەهێز بکات، لەوەیشدا سیستمی فرەژنی ئیسلام و ئاسانیی تەڵاقدان یارمەتییان دەدا. بەڵام هەمیشە سەرکەوتوانە بایەخی بەوە دەدا وڵاتەکەی بە بەرهەمەکانی شارستانێتی نوێ بناسێنێت و لەو رووەوە رێنوێنی لە ئامۆژگارییە دانایانەکانی سەینت جۆن فیلبی St. John Philby وەردەگرت. پێشتر ئاماژەمان بەوە دا کە "ئیخوان"ەکانی لە کۆڵۆنییە کشتوکاڵییەکاندا نیشتەجێ کرد. بایەخێکی تایبەتیشی بە مەسەلەی هاتوچۆ دەدا، کە بەهۆی درێژیی ماوەکان و لێکدوورییان گرنگییەکی گەورەی هەبوو. هەروەها فەرەنسییەکان و ئینگلیز لە سووریا و عێراق تا دەهات زیاتر کاریان لەسەر ئەوە دەکرد ئۆتۆمبێل جێگەی کاروانی وشتر بگرێتەوە -ئەو کاروانانەی لەکاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا بەقازانجێکی گەورە بۆ سەر عەرەب شکایەوە- هەروەها ئیبن سعوود ئۆتۆمبێلی بردە نیمچە دورگەی عەرەبی، بەشێوەیەک ئەمڕۆ هاتوچۆی حەج هەمووی بووەتە میکانیکی. نەک هەر ئەوە، بگرە ئیبن سعوود لە سەردەمێکی زووەوە تەلەفۆن و رادیۆی لە فەرمانگە حکومییەکانیدا بەکار هێنا. لەم دواییەیشدا -بەتایبەت پاش ئەوەی بەشەخسی هەستی بە چاکییەکانی پزیشکیی ئەوروپی کرد- کەوتە هەوڵی ئەوەی سوودەکانی هەردوو زانستی تەندروستی و پزیشکی نوێ لەبەردەستی میللەتەکەیدا بێت. هەروەها فێرکردن -کە تا ئەوکاتە لە نیمچە دورگەدا، جگە لە مەککە و مەدینە، بەتەواوی پشتگوێ خرابوو- لەلایەن شای سعوودییەوە گرنگی و بایەخی پێدرا.

هۆشیاریی نەتەوەیی و کۆمەڵە عەرەبییە نهێنییەکان

شۆڕشی حسێن دژی تورکەکان کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لە بووژانەوەی ئومێدی عەرەب لە سەرتاسەری ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا. بەڵام جیاوازییە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان تا ئەوکاتە هێشتا رێگر بوون لە پەیدابوونی هۆشیارییەکی نەتەوەیی دروست لە سووریا. جگە لە کەمینە نەتەوەییەکان لە کورد و ئەرمەن و چەرکەسیی پەرشوبڵاو بەوڵاتدا، بەرژەوەندییەکانی رەوەند و جووتیاران و دانیشتوانی شارە ئابووریییەکان زۆر لەیەک دوور بوو، ئەوەیش رێگر بوو لەبەردەم یەکخستنی رۆڵەکانی وڵات کە دابەش بووبوون بۆ سوننە و شیعە و دروز و نوسەیری لەلایەک و بۆ کاسۆلیک و مارۆنی-و مەلەکی و یەعقووبی سەر بە رۆما و رۆم ئەرسۆزۆکس و نەستووری لەلایەکیتر. لەڕاستیدا هەستکردن بەیەک نەتەوە کە سووری بۆ لای سووری رابکێشێت لە خەباتێکی هاوبەشدا دژی تورکە دەسەڵاتدارەکان تەنیا لە ناوەندە راقییەکاندا و لەژێر کاریگەریی کەلتووری فەرەنسیدا، کە ماوەی سەدەیەک و شتێک بوو پێکانی چەسپاندبوو، هەروەها هزرە دیموکراسییەکان کە زانکۆی ئەمەریکی لە بەیروت بڵاوی دەکردەوە، بێدار بوویەوە. لە بارێکدا حوکمی تاکرەوانەی عەبدولحەمید ئازادیی بیری بەتەواوەتی خەفە کردبوو و کۆمەڵێک لە سووریییەکان بەهۆی ئەوە و هەروەها بەهۆی دواکەوتنی وڵات لەڕووی ئابووریییەوە ناچار بوون کۆچ بکەن بۆ میسر و ئەمەریکا، دەبینین دەستگرتنی پیاوانی تورکیای لاو بەسەر حوکمدا -کە دەیانویست لەڕێی لەناوبردنی جیاکاریی رەگەزییەوە، هاوڵاتییانی پەرشوبڵاو لە سەرتاسەری ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا لەدەورەی نموونەیەکی بالای دەستوورپی نوێ کۆ بکەنەوە، لێرەیشەوە بەتوندی بەگژ رۆشنبیریی عەرەبیدا دەچوونەوە- ئارەزووی عەرەبی بۆ رزگاربوون و بڕیاردانی چارەنووس بەهێز کرد.

لە سایەی ئەم هەلومەرجە سیاسییەی باسمان کرد، شتێکی سروشتی بوو ئازادیخوازانی عەرەب پەنا بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەی نهێنی ببەن، هاوشێوەی ئەوەی پیاوانی تورکیای لاو خۆیان دەیانکرد. ساڵی ١٩٠٤ نەجیب عازوریی سووری، کۆمەڵەیەکی نیشتمانیی عەرەبی دامەزراند، ئامانجی دامالینی ویلایەتە عەرەبییەکان بوو لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەیارمەتی فەرەنسا. کاتێک دەستوور راگەیەنرا عازوری وایدانا ئامانجەکەی بەدیهاتووە و وازی لە بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی "الاستقلال العربي" هێنا، کە لەگەڵ فەرمانبەرێکی پێشووی وەزارەتی موستەعمەراتی فەرەنسی بەناوی ا. یونگ E, Hung پێکەوە دایانمەزراند. راستەوخۆ ماوەیەکی کورت دوای راگەیاندنی دەستووری عوسمانی، ژمارەیەک لە عەرەبەکانی نیشتەجێی ئیستانبوڵ کۆمەڵەیەکیان دامەزراند ناویاننا

"برایەتی عەرەبی عوسمانی" بەمەبەستی بەهێزکردنی نموونە بالاکانیان لە چوارچێوەی دەوڵەتی نوێدا، بەڵام ئەم کۆمەڵەیە دوای ئەو کودەتایەی عەبدولحەمید کردی، هەڵوەشێنرایەوە. لە ترسی هەمان چارەنووس فەرمانبەران و نوێنەران و نووسەرانی عەرەب لە ئیستانبوڵ لە هاوینی ساڵی ١٩٠٩ یانەیەکیان دامەزراند بەڕواڵەت ئەدەبیی رووت بوو بەناوی "مونتەدای ئەدەبی" و زۆری نەبرد ئەو یانەیە لقی لە میسر و سووریا دامەزراند، کە بەپلەی یەکەم کاری بۆ وروژاندنی هەستی نەتەوەیی عەرەبی لەدڵی لاواندا دەکرد. لە ئاداری ساڵی ١٩١٥ ئەم کۆمەڵەیەیش هەڵوەشایەوە. لەڕاستیدا ژمارەیەک لە گەورە فەرمانبەرە عەرەبەکانی دەوڵەت، لەناویاندا وەزیری ئەوقافی پێشوو خەلیل حەمادە پاشا و ئەفسەری ئەرکان عەزیز عەلی میسری کە بینیمان لە خزمەتی حسێندا کاری دەکرد، -لە چوارچێوەی ئەو یانەیەدا- لێژنەیەکی بچووکتری خاوەن ئامانجی سیاسییان دامەزراند و ناویاننا "القحطانیة"، کۆمەڵەی ئەفسەران ناسراو بە "العهد" لەمە کەوتەوە، کە پاشتر لقێکی عێراقی چووە پاڵی و ئامانجە راستەقینەکانی بەم ناوە نوێیەوە: "شۆڕشی عەرەبی"، راگەیاند. لە لوبنانیش کە زۆر لەمێژ بوو ئیدارەیەکی تاڕادەیەک سەربەخۆ لە هەژموونی عوسمانی هەبوو کۆمەڵەی رێنیسانسی لوبنانی (جمعیة النهضة اللبنانیة) دامەزرا، کە داکۆکی لەوە دەکرد پێویستە وڵاتەکە لەلایەن فەرەنساوە داگیر بکرێت. لێرەوە لەلایەن کونسوڵی گشتیی فەرەنسی لە بەیروت پاڵپشتییەکی گەورەی لێ دەکرا. حزبێکیتر بەناوی کۆمەڵەی چاکسازی (الجمعیة الاصلاحیة) کە مەسیحییەکانی بەیروت دایانمەزراند، لەگەڵ ئەم نەهزەی لوبنانییە هاوکاری دەکرد. بەڵام زۆری نەبرد زۆربەی ئەم کۆمەڵانە لەناو کۆمەڵەی لامەرکەزیدا توانەوە، کە لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩١٢ دامەزرا و لقەکانی لە سەرجەم وڵاتانی عەرەبیدا بڵاو بوویەوە. هەروەها کۆمەڵەی عەرەبی لاو (العربیة الفتاة)یش کە چووە پاڵ ئەم کۆمەڵەیە، قوتابییانی عەرەب لە پاریس ساڵی ١٩١١ دایانمەزراند و هاوکارییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ کۆمەڵەی "ئەلعەهد"دا کرد، بەتایبەت لە ناوەندەکانی فەرمانبەرانی مەدەنیدا لە سووریا[١٨٢]. لە کۆنگرەیەکدا کە لە حوزەیرانی ساڵی

---

[١٨٢] باشترین سەرچاوە سەبارەت بە ڕێکخستنی کۆمەڵە عەرەبییەکان، بریتییە لە کتێبە تورکییە سەوزەکە La Verite sur la question syrienne, publie par le Commandment de la I Veme Armee, Stamboul, 1916. .

هەروەها بڕوانە: جۆرج انطونیوس (یقظة العرب) The Arab Awakening لا١٠١ و پاشتر. هەروەها کتێبی (الثورة العربیة الکبری)، امین سعید (سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئەلموقەتتەم-ی قاهیری)، ئەم کتێبە بەپشتبەستن بەچەندین بەڵگەنامە خراوەتە ڕوو، فەرەنسییەکان دەستاودەستکردنیان لە سووریا قەدەغە کرد. بڕوانە (Oriente Modeno XV 1935, p, 157) "بەشی یەکەم، قاهیرە، لا١-٥٠. هەروەها بڕوانە کتێبی (جزیرة العرب)، حافظ وهبە، بالیۆزی شانشینی عەرەبستانی سعوودی لە لەندەن، قاهیرە، ١٩٣٥، لا١٧١ و پاشتر. هەروەها بڕوانە:

١٩١٣ له پاریس بەسترا، نوێنەرانی ئەم کۆمەڵانە داواکانیان دیاری کرد، گرنگترینیان ئەوە بوو خزمەتی سەربازی تەنیا لەناو وڵاتی دایکدا بکرێت (نەک وڵاتانی دوورە دەست) و دانانی زمانی عەرەبی بە زمانێکی ڕەسمی. پیاوانی تورکیای لاو کە نوێنەرانیان لەو کۆنگرەیەدا هەبوو -لەژێر فشاری جەنگی بەلقاندا- ئارەزووی خۆیان بۆ ڕازیبوون بەو داوایانە پیشان دا. کاتێک جەنگی جیهانیی یەکەم هەڵگیرسا جەمال پاشا فەرماندەی گشتیی لەشکری چوارەم لە سووریا ڕازی نەبوو ڕێگە بەو کۆمەڵانە بدات چالاک بن و پیلان دژی سەلامەتیی دەوڵەت بگێڕن. پاشان ئەو نامەگۆڕینەوانەی لەنێوان ئەو کۆمەڵانە و کونسوڵی گشتیی فەرەنسی لە بەیروت [جۆرج] بیکۆدا هەبووە، کەوتنە دەستی و ئەندامانیانی ڕووبەڕووی تووندترین سزای سەربازی کردەوە، ئەوە بوو دیوانی عورفی کە لە عالییە لە لوبنان بەسترا، سزای مردنی بۆ ٣٣ کەسیان دەرکرد.

هاوپەیمانان عەرەب بێئومێد دەکەن

بەڵام ئومێدی عەرەب سەرلەنوێ بووژایەوە و گەیشتە لوتکە کاتێک بەریتانیا و فەرەنسا پاش ئاگربەستی مودرۆس Mudros، لە ٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٨ لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا ڕایانگەیاند ئەوەی لە جەنگ ئامانجیان بووە -ڕزگارکردنی گەلانی ژێر چەکمەی عوسمانی- ئێستا بەدیهاتووە و ئەوان لەمڕۆوە ئامادەن حکومەتی سەربەخۆ لە سووریا و عیراق دابمەزرێنن، کە پەرەسەندنێکی سیاسییانەی ئازاد بۆ ئەو دوو هەرێمە مسۆگەر بکات[١٨٣]. دیارە -لەبارێکدا بەریتانیا پارێزگاری لە نیمچە گفتەکانی بکردایە- توانای شەریف حسێنیش بۆ سەرکەوتن لە یەکخستنی ئەو گرووپە پەرش و بڵاو و بەرژەوەندیی جیاوازانەدا، سەرەڕای هەموو ئەو پەیوەندییانەی فەیسەڵی کوڕی لە دیمەشق دروستی کردن، جێگەی گومان بوو. بەڵام ڕێکەوتنامەی سایکس پیکۆ و لێدوانەکەی بەلفۆر (٢ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٧) کە دەڵێت: حکومەتی بەریتانی بەچاوی سۆزەوە بۆ دامەزراندنی نیشتمانێکی نەتەوەیی بۆ جولەکە لە فەلەستین دەڕوانێت، دەریانخست هاوپەیمانان گەیشتبوونە کۆمەڵێک بڕیاری زۆر جیاواز [لەوەی لە ڕاگەیەنراوە هاوبەشە فەرەنسی و بەریتانییەکەدا هاتووە] سەبارەت بە ئایندەی ئەو بەشە عەرەبییانەی لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی جیا کرابوونەوە. بابەتەکە بەڵای فەرەنساوە بابەتی هەژموون و سەنگ و ئارەزووی چنینەوەی هەندێ سوود و قازانج بوو لەوەی بەدرێژایی چەندین سەدە بۆ خۆی بانگەشەی دەکرد لە مافی پاراستنی مەسیحییەکان لە ڕۆژهەڵات، هەروەها

G. Kampffmeyer, Dokumente zun kampf der Araber umibre Unabhangigkeit. Welt des Islams, VIII 1926, p. 79-186.

[١٨٣] بڕوانە ئایرلەند Iraq لا٤٥٩ و پاشتر. هەروەها بڕوانە ئەنتۆنیۆس Arab Awakening لا٤٣٥ و پاشتر.

لەو کۆششە سەرکەوتوانەی دابوونی بۆ بڵاوکردنەوەی کەلتووری فەرەنسی لە سووریا، ئەگەرچی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی لەو وڵاتەدا هێشتا زۆر گەشەیان نەکردبوو. هەرچی بەریتانیایە دەبوو هەمیشە بیر لە بەرژەوەندییە زیندوەکانی لە عێراق بکاتەوە تا رێگە دەریاییەکانی بۆ هیند لە هەر دەستدرێژییەک بپارێزێت، کە لە کەنداوی فارسییەوە لێی بکرێت، هەروەها بۆ ئەوەی ئەو رێگایانە بە رێگە ئاسمانییە نوێکان بەهێز بکات و لەکۆتاییشدا بیرە نەوتە دەوڵەمەندەکان لە باشووری ئێران و عێراق بۆ خزمەتی سیاسەتە دەریاییەکانی بەکار بێنێت.

هەڵبژاردنی فەیسەڵ بەپاشای سووریا

کورەکانی حسێن، پاش ئەوەی باوکیان خەونەکانی لەگۆڕ نا، هەوڵیان دا لانیکەم چییان پێ رزگار دەکرێت رزگاری بکەن. فەیسەڵ خۆی قایل کردبوو بەوەی بەداگیرکردنی ناوچەی کەناریی سووریا لەلایەن فەرەنسییەکانەوە دوای رێکەوتنامەی سایکس پیکۆ، رازی بێت، بەئومێدی ئەوەی لانیکەم وەک ئەمیر لە ناوچەکانی ناوخۆ دانی پێدا بنرێت کە ئومێد بەدامەزراندنی دەوڵەتێکی "سەربەخۆ" هێشتا مابوو. بەم شێوەیە فەیسەڵ لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٨ خۆی گەیاندە لەندەن تا دانوستان لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی و سەرکردە زایۆنییەکاندا بکات، لە ٦ی شوباتی ساڵی ١٩١٩ ئەو و لۆرەنس بەرگرییان لە مافی عەرەب لە سەربەخۆیی تەواو لەبەردەم کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس کرد، ئەگەرچی کۆمەڵەی سووری لوبنانی لە پاریس داوایان کردبوو سووریا و لوبنان دۆخێکی تایبەتیان هەبێت لەژێر ئینتیدابی فەرەنسیدا. لەو رووەوە فەیسەڵ بەتوندی جەختی لەسەر زەرورەتی گۆڕگرتن لە ئاواتی دانیشتوان خۆیان دەکرد، ئەوە بوو ئەنجوومەنی چوار (کە لە نوێنەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا پێک هاتبوو) لە ٢٥ی ئادار پێشنیازی وێڵسنی پەسەند کرد بۆ ناردنی نێردەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ سووریا کە لە هەردوو پسپۆڕی ئەمەریکی کینگ H. C. King و کرەین Charles R. Crain پێکهاتبوو. بەوە فەیسەڵ وایزانی ئەوەی ویستویەتی بۆی بەدیهاتووە، لەبەرئەوە لە هەفتەی یەکەمی مانگی نیسان گەڕایەوە سووریا. لەوێ دەستبەجێ کەوتە کارکردن دژی فەرەنسا، لەبەرئەوە پاڵپشتی تورکەکانی بەدەست هێنا، هەروەها بەتایبەت پاڵپشتیی بەریتانیای بەدەست هێنا کە بەپارە یارمەتیی خۆی و چەکی بۆ لایەنگرانی دابین کرد. لە یەکی شوبات کۆمەڵەی "عەرەبی لاوێ نهێنی گۆڕا بۆ حزبێک کە بەئاشکرا بەناوی "حزب الاستقلال العربي" کاری دەکرد، کۆنگرەیەکی بەست و داوای سەربەخۆیی سووریا و فەلەستینی دەکرد لەژێر تاجی فەیسەڵدا. ئەگەرچی رەتیکردەوە وڵاتەکە بخرێتە ژێر باری ئینتیداب، بەڵام هەرچۆن بێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتە نوێیەکە داوای یارمەتییەکی

ئەمەریکی یان بەریتانی کرد. لیژنەکەی کینگ-کرەین بەدریژایی شەش هەفتە، لە ١٠ی حوزەیرانەوە، بەسەرتاسەری فەلەستیندا گەڕا. سەرەنجام پشتیگری لە پاشایەتیی فەیسەڵی بەسەر سووریادا کرد و پێشنیبازی کرد سیستەمی ئینتیداب جیبەجێ بکرێت، بەڵام رەتیکردەوە فەلەستین رادەستی زایۆنییەکان بکرێت. لەو رووەوە راستەوخۆ پاش گەڕانەوەی لیژنەکە وێلسن نەخۆش کەوت و کەوتە سەر جێگە، راپۆرتی لیژنەکەیش پشتگوێ خرا و هیچ رۆڵێکی لە بڕیاردانی ئایندەی سووریادا نەبوو. کاتێک فەرەنسا و بەریتانیا نەیانتوانی بگەنە هیچ رێکەوتنێک، لوید جۆرج جارێکیتر لە ئابی ساڵی ١٩١٩ بانگی فەیسەڵی کردەوە بۆ لەندەن. پاشان فەیسەڵ لە پاریس رێکەوتنێکی لەگەڵ کلیمانسو Clemenceau کرد لە ٢٧ی تشرینی دووەم، پاش ئەوەی لوید جۆرج رێنوێنییەکانی خۆی پێدا. بەپێی ئەم رێکەوتنە فەرەنسا، وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ [لەچوارچێوەی ئەو سنوورەی کۆنگرەی ئاشتی بۆی دیاری دەکات] دان بە دەوڵەتی فەیسەڵیدا دەنێت ئەگەر هاتوو فەیسەڵ یارمەتیی فەرەنسای لە دامەزراندنی ئەو دەوڵەتەدا قبوڵ کرد. پاش ئەوە بەریتانیا زوو لە باکووری سووریا کشایەوە، تا کاتێک هێزە فەرەنسییەکان پێشرەویان کرد بۆ داگیرکردنی ئەو ناوچەیە [واتە باکووری سووریا] لەگەڵ بەرەنگاریی هێزە عەرەبییەکان لە تەرابلوس و بەعلەبەک و هیتر بەریەک کەوتن. لەڕاستیدا رێکەوتنەکەی فەیسەڵ لەگەڵ کلیمانسو، لەکاتی گەڕانەوەی بۆ سووریا بە رەخنەیەکی توند پێشوازی لێ کرا، بەڵام ئەمیرە عەرەبەکە توانی تووڕەیی لایەنگرانی دابمرکێنێتەوە پاش ئەوەی کاتیبوونی ئەو رێکەوتنەی بۆ روون کردنەوە. لە ٨ی ئاداری ساڵی ١٩٢٠ لە دیمەشق کۆنگرەیەکی نیشتمانی بەسترا و فەیسەڵی بە پاشای سووریا راگەیاند.

سووریا لەژێر ئینتیدابی فەرەنسیدا

بەڵام کۆنگرەی سان ریمۆ لە ٢٥ی نیسانی ساڵی ١٩٢٠ فەرەنسای راسپارد بە ئینتیداب لەسەر تەواوی سووریا[١٨٤]، لەبەرئەوە ژەنەرال گۆرو Gouraud فەرماندەی هێزە فەرەنسییەکان لە لوبنان -بەپشتبەستن بەم بڕیارە- (لە ١٤ی تەممووزی سالی ١٩٢٠) ئاگەدارینامەیەکی ئاراستەی فەیسەڵ کرد و داوای لێکرد دان بە ئینتیدابی فەرەنسیدا بنێت وَ هێڵەکانی شەمەندەفەر بخاتە ژێر چاودێریی فەرەنسی، ئەو کاغەزە سوورییەی گۆرو

---

[١٨٤] لەڕاستیدا جیهان بۆ یەکەم جار حەقیقەتی ئەم ئینتیدابانەی لە ٢٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٠دا بۆ دەرکەوت لەو گوتارەی لۆرد کەرزۆن Lord Curzon وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە ئەنجوومەنی لۆردەکاندا دای و تێیدا بە راشکاوییەک شیاوی سوپاسکردنە لەسەری، رایگەیاند، ئینتیدابەکانی کۆمەڵی گەلان خەو و خەیاڵە، چونکە تەنیا ئامرازێکە بۆ دابەشکردنی ولاتانی داگیرکرداو لەنێوان براوەکاندا. بۆ دەقەکەی بڕوانە: Ireland, Iraq, p.263.

وەک دراوی وڵات دەریکردبوو پەسەند بکات و شۆرشگێڕان سزا بدات. فەیسەڵ سەرەتا دڵی پێوە بوو ملکەچ بکات، بەڵام پاشتر لەژێر فشاری رای گشتیی تووڕەدا ناچار بوو ئاگەدارکردنەوەکە رەت بکاتەوە. لە ٢٢ی تەممووز ژەنەراڵ گۆیبێت Goybet سوپاکانی بەزاند، لە ٢٣ی تەممووز حەلەب و دوای ئەویش لە ٢٥ی هەمان مانگ دیمەشق داگیر کرا. فەیسەڵ چاوەڕوانی کرد بەریتانیا بەهاناییەوە بێت، بەڵام چاوەڕانیکردنەکەی بێئەنجام بوو. لە پەیماننامەی سیڤەر (١٠ی ئابی ساڵی ١٩٢٠) سووریا وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ خرایە ژێر ئینتیدابی فەرەنسی تا ئەوکاتەی شیاوی ئەوە دەبێت حوکمی زاتی بدرێتێ، بەڵام ئەمە رێگەی لە فەرەنسا نەگرت سووریا بۆ چوار دەوڵەت دابەش بکات کە بریتی بوون لە: أ- لوبنانی گەورە. ب- دیمەشق. ج- حەلەب. د- دەوڵەتی عەلەوییەکان (کە ناوچەی نوسەیریە و دەکەوێتە باکووری لوبنان لەنێوان عاصی و دەریای سپیی ناوەڕاستدا). نەک هەر ئەوە، بگرە هەریەک لە بەیروت و تەرابلوس و بیقاعیش (کە لە کۆندا بەسووریای نزم دەناسران) خرانە سەر لوبنان، بەشێوەیەک سووریای دایک بەتەواوەتی لە دەریا دابڕێنرا. لەکاتێکدا پێشتر لە لوبنان زۆرینەیەکی مارونی سەر بە فەرەنسا هەبوون -ژمارەیان دەگەیشتە ٢٠٠ هەزار کەس- لەمرۆوە لەپاڵ مارونییەکاندا ١٣٥ هەزار مەسیحی سەر بە تایفە جیاوازەکانیشی لەخۆ دەگرت، ئەمە جگە لە ٣٠ هەزار ئەرمەنی و ٢٠ هەزرا بیانی، ئەمە جگە لە ٢٥٠ هەزار سوننی و ١٠٥ هەزار شیعی و ٤٤ هەزار دروزی. ئەگەر باسی ئەو ناکۆکییە بکەین لەنێوان ئەو گرووپانەدایە، بۆمان دەردەکەوێت رێکخستنی ناوخۆیی ئەو وڵاتە زۆر دژوار دەبێت. هەرچی هەرێمی حورانی دروزی بوو کە تا ئەوکاتە سەربەخۆییەکی ناوخۆیی هەبوو، خرایە سەر دیمەشق. لە هەر چوار دەوڵەتەکەیش فەرمانبەرانی فەرەنسی جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستەوە بوو ئەگەرچی حکومەتی دیمەشق بە حاکمێکی سووری سەر بە دەوڵەتی خاوەن ئینتیداب سپێرابوو.

بەهەرحاڵ، ئەم دابەشکردنە تووڕەیی سوورییەکانی دانەمرکاندەوە، لەبەرئەوە کەوتنە بەرەنگاریکردنی، نەک تەنیا لە رۆژنامەکانیاندا، بگرە لەڕێی هاوڵاتیانیشیانەوە لە ئەوروپا. فەرەنسا ساڵی ١٩٢٢ ویستی ئەو بەرهەڵستییە نەهێڵێت، بۆ ئەو مەبەستەیش دیمەشق و حەلەب و دەوڵەتی عەلەوییەکانی بەدەوڵەتێکی فیدراڵیی سووری راگەیاند، لەبەرانبەر لوبنانی گەورە. بەڵام هیچ گۆڕانکارییەکی بنچینەیی لە رێکخستنی ناوخۆییاندا نەکرد. بەگوێرەی دەستووری ٢٢ی ئایاری ساڵی ١٩٢٦ لوبنانی گەورە گۆڕا بۆ کۆمارێک، بەڵام زۆری نەبرد دەزگاکانی ئەو کۆمارە لە دوو ساڵی پاشتردا، بەمەبەستی کەمکردنەوەی خەرجییە زۆرەکانی، زۆر کەم کرانەوە.

دەوڵەتی فیدراڵیی سووری ئەنجوومەنێکی فیدراڵی بەدەست هێنا کە سەرۆکەکەی ساڵی جارێک دێتە هەڵبژاردن. بەڵام بریارەکانی ئەم ئەنجوومەنە تا پاش پەسەندکردنی لەلایەن

ڕێپێدراوی باڵا (مفەوەزی سامی)ی فەرەنسییەوە نەدەخرانە واری جێبەجێکردن، لێرەوە کاریگەرییەکی کەمی لە بەڕێوەبردنی هەرێەک لە دەوڵەتەکانی فیدراڵییەکە بەجیادا هەبوو، کە ئەو بەڕێوەبردنانە لە باقیی کاروبارەکاندا لەیەکتر سەربەخۆ بوون. لەبەرئەوە فەرەنسا دوای تاقیکردنەوەیەکی دووساڵی ئەم سیستمە دەستکردە پینەوپەڕۆیەی هەڵوەشاندەوە. لە سەرەتای کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٥ ژەنەرال ویگان Weygand کە جێگەی ژەنەرال گۆروی گرتەوە، فیدراڵییەتەکەی هەڵوەشاندەوە و دیمەشق و حەلەبی لە یەک دەوڵەتی سووریدا تێکەڵ کرد، بەڵام دەوڵەتە سەربەخۆکەی عەلەوییەکان وەک خۆی مایەوە.

شۆڕشی سووری

لە تەممووزی ساڵی ١٩٢٥ تووڕەیی سوورییەکان–ئەو تووڕەییە کە لەمێژ بوو پەنگی دەخواردەوە پاش ئەوەی ناپاکی لە ئومێدە نیشتمانییەکانیان کرا- لەنێو دروزییەکان تەقییەوە کە بەدرێژایی چەندین ساڵ شانازییان بەسەربەخۆییان دەکرد، ئەویش لەئاکامی کارێکی دڵڕەقانەی ئەفسەرێکی فەرەنسی کە وەک نوێنەری مفەوەزی سامی حوکمی دەکردن. ئەگەرچی ژەنەرال ویگان توانی لە مانگی ئەیلوولدا هەڵمەتی تەمێکردنە فەرەنسییەکە رزگار بکات کە دروزییەکان لە سوەیدا گەمارۆیان دابوو، بەڵام شۆڕش تەنییەوە بۆ دیمەشق و لەمپەڕ بۆ ئەوپەڕی ولاتی گرتەوە. فەرەنسییەکان سڵیان نەکردەوە لە چەکدارکردنی چەرکەسی و ئەرمەنەکان و رێگەپێدانیان بۆ دابەزین لە هەر شوێنێک بیانەوێت. سەرەڕای لەکارلادانی ژەنەرال سارای Sarrail پاش ئەوەی فەرمانی دا بە بۆمبارانکردنی دیمەشق بە بۆمب لە ئاسمان و لە قەڵاکەوە، بەڵام جێگرەکەوەکەیشی، دی جۆڤنیل De Jouvenel، کە عەسکەری نەبوو، لە ئایاری ساڵی ١٩٢٦ هەمان ڕێچکەی ئەوەی پێش خۆی گرتەبەر. شەڕی پارتیزانی تا بەهاری ساڵی ١٩٢٥ کۆتایی نەهات.

خەبات لەپێناو سەربەخۆیی

لە ئابی ساڵی ١٩٢٦ فەرەنسا ناچار بوو لەباتی حاکمانی سەربازی، پیاوێکی ئیداریی بەئەزموون بنێرێت بۆ سووریا، ئەویش مسیۆ پۆنسۆ Ponsot بوو، کە توانی لە ماوەی حەوت ساڵی خزمەتیدا، ئەو هەڵە گەورانەی پێشینەکانی کردبوویان قەرەبوو بکاتەوە، بەڵام نەیتوانی بەدەم داواکانی نیشتمانپەروەرانی سوورییەوە بچێت. لە شوباتی ساڵی ١٩٢٨ یەکێک لەو نیشتمانپەروەرییانەی بۆ پێکهێنانی حکومەت راسپاد، کە [شێخ] تاجەدین ئەلحەسەنی بوو، هەروەها بڕیاری دا لە مانگی نیسانی هەمان ساڵدا هەڵبژاردنی کۆمەڵەی دامەزراندن (الجمعية التأسيسية) ئەنجام بدرێت کە دەستوور بۆ سووریا دادەنێت. لەگەڵ ئەوەی پۆنسۆ هیچ ئامرازێک نەما بەکاری نەهێنێت بۆ کارکردنە سەر هەڵبژاردنەکان،

لەگەڵ ئەوەیشدا سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوەی نیشتمانییە توندرەوەکانی لێ کەوتەوە، کە لەکاتی دانیشتنی کۆمەڵەکەدا هاشم بەگ ئەلئەتاسی سەرۆک وەزیران لە سەردەمی فەیسەڵیان بە سەرۆکی کۆمەڵەی تەئسیسی هەڵبژارد. لە ٢ی ئابدا ئەو لێژنە دەستوورییەی لە کۆمەڵەی تەئسیسی کەوتەوە پرۆژەی دەستووری تەواو کرد کە ئینتیدابی بەتەواوەتی پشتگوێ خستبوو و داوای کۆمارێکی کرد سەرۆکەکەی بۆ ماوەی سێ ساڵ بێتە هەڵبژاردن و ئیسلام بکاتە ئایینی ڕەسمیی دەوڵەت. لەبەرئەوەی کۆمەڵە ناڕەزایی پۆنسۆی لەسەر داواکانیان -کە لەگەڵ ئینتیدابی سەپێنراو لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە نەدەگونجان- ڕەت کردەوە، ئەویش ناچار بوو کۆمەڵە هەڵبوەشێنێتەوە. مسیۆ پۆنسۆ تا ساڵی ١٩٣٠ نەیتوانی دەستووری کۆماری جێبەجێ بکات، ئەویش دوای چەندین دانوستانی دوور و درێژ لەگەڵ سەرانی حزبەکان، کە بەو نزیکانە ئەو بەرە یەکگرتووەیان لەبەریەک هەڵوەشاند کە پێشتر لەڕێیەوە بەرانبەر نەیاریی مفوەزی سامییان دەوەستان. لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٢ هەڵبژادرنەکان، کە ئەم جارەیان فەرەنسییەکان توانییان زیاتر لە پێشتر دەستی تێ وەربدەن، پەرلەمانێکیان لێ کەوتەوە پۆنسۆ بەدڵی بوو. پاشان ئەو پەرلەمانە سەرۆکێکی مەیلە فەرەنسییەکانی بۆ دەوڵەتەکە هەڵبژارد. ساڵی پاشتر پۆنسۆ پرۆژەی پەیماننامەیەکی پێشکەشی پەرلەمان کرد تا جێگەی ئینتیداب بگرێتەوە هاوشێوەی ئەو پەیماننامەیەی بەریتانیا لەگەڵ عێراق بەستی. بەڵام ئەو پرۆژەیە بەگوێرەی ئەو خەونانە نەبوو کە نیشتمانییەکان کاریان بۆ دەکرد، لەبەرئەوە پەرلەمان ڕەتیکردەوە. ئەوکاتە مسیۆ پۆنسۆ دەستی لەکار کێشایەوە و [کۆنت] دی مارتل De Martel جێگەی گرتەوە، کە پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە دوای ئەوەی جارێکیتر پرۆژەی پەیماننامەکەی ڕەت کردەوە و خۆی بەتەنیا جڵەوی دەسەلاتی گرتە دەست. لە نیوەی یەکەمی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٦ دی مارتل فەرمانی کرد پۆلیس نووسینگەکانی بارستەی نیشتمانی بپشکنن بەبۆنەی ئاهەنگێڕانی لە یادی یەکێک لە سەرکردەکانیدا. بێزاریی خەڵک لە شێوازە زۆردارانەکانی گەیشتە ئەوپەڕی، وڵات لە ناڕەزاییدا مانی گرت و ژیانی ئابووری بۆ چەند هەفتەیەک پەکی کەوت. لە کۆتایی شوباتدا مفوەزی سامی هەستی کرد ناچارە ملکەچی وبستی گەل بێت، کاتێک حکومەتی فەرەنسی رایگەیاند ئامادەیە لە پاریس دانوستان لەگەڵ شاندێکی سووریدا بکات بۆ بەستنی پەیماننامەیەک لەنێوان هەردوو وڵات، مانگرتنەکە لە سەرەتای ئادار کۆتایی هات. بەڵام شاندی سووری نەیتوانی لەگەڵ لایەنی فەرەنسی بگاتە ڕێکەوتن لەسەر پەیماننامەیەک سووریەکان پێی ڕازی بن تا ٩ی ئەیلوول، پاش ئەوەی لیۆن بلوم Leon Blum جێگەی مسیۆ دالادییە Daladier ی لە سەرۆکایەتیی حکومەتی فەرەنسیدا گرتەوە. هاوشێوەی ئەم پەیماننامەیە، دی مارتل توانی لە ١٣ی تشرینی دووەم پەیماننامەیەکیتر لەگەڵ کۆماری لوبنانیش ببەستێت. لەڕاستیدا پەیماننامەکە

که وا ڕێک کەوتبوون تا دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ نەخرێتە واری جێبەجێکردن، ڕێگە بە فەرەنسییەکان دەدات لەشکرگەیەک لە هەرێمی لازقییە و دوو بەندەری هەمیشەیی ئاسمانیشیان لە سووریا هەبێت، هەروەها لە لوبنان مافی داگیرکردنی بێسنووریان هەبێت، هاوکات فەرەنسا بەڵێنی دا یارمەتیی هەردوو دەوڵەتی سووری و لوبنانی بدات بۆ بوونە ئەندام لە کۆمەڵی گەلان. ئەمە لێی چاوەڕوان دەکرا داوا هەرە گرنگەکانی نیشتمانییانی سووری بەدی بێنێت و ڕێگە بۆ پەرەسەندنی هەردوو دەوڵەت بەشێوەیەکی ئازادانە خۆش بکات، بەبێ ئەوەی وا لە فەرەنسا بکات لە ئەداکردنی پەیامی ڕۆشنبیریی خۆی لە ڕۆژهەڵات بپچڕێت.

کێشەی فەلەستین

ئومێدبڕاویی عەرەب لە فەلەستین لەکاتی کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانیی یەکەمدا لە ئومێدبڕاویی سوورییەکان خۆیان سەختتر بوو، چونکە قوربانیی گەورەیان -لەپاڵ بەریتانییەکاندا- دا لەپێناو ڕزگاربوونی وڵاتەکەیان لە حوکمی تورکی. شەریف حسێن هەمیشە وەک بەشێکی بنچینەیی لەو دەوڵەتە عەرەبییەی دەیویست دایبمەزرێنێت تەماشای فەلەستین و بەیتولمەقدیسی دەکرد -کە لای موسڵمانانیش پیرۆزن. بەڵام هەڵمەتەکەی تورکیا بۆ سەر نۆکەندی سویس جارێکیتر بەریتانیای بەدروستیی ئەو تیۆرە قایل کرد کە مێژوو زۆرجار ڕاستیی سەلماندوە، ئەویش ئەوەیە: کۆنترۆڵکردنی کاروباری میسر لە بنکەیەکی سوورییەوە نەبێت نابێت، هەروەها نیمچە دورگەی سینا کە بۆ ئەو مەبەستە دەستی بەسەردا گرت مەبەستی بەدی نەدەهێنا. ساڵی ١٩١٥ لۆرد گرێی Grey و لوید جۆرج ئەو پرۆژەیەیان پەسەند کرد کە سەرکردایەتیی باڵا لە میسر ئامادەی کرد و داوای لکاندنی فەلەستینی دەکرد بە ئیمپراتۆرییەتەکەوە. بەڵام حکومەتی بەریتانیا ڕای بەژیرانە دەزانی ئەو پلانە لەپشت پەردەیەکی مرۆڤانەوە بشارێتەوە، بیانوویەکی گونجاویشی بۆ ئەوە لەو داواکارییانەدا دۆزییەوە، کە لە کۆنگرەی یەکەمی زایۆنیزم لە ئابی ساڵی ١٨٩٧ لە بال Basel بۆ دامەزراندنی نیشتمانێکی نەتەوەیی بۆ جولەکە لە فەلەستین کەوتنەوە. لەبارێکدا فەرەنسا هێشتا داوای دەکرد هەژموونی بەسەر تەواوی سووریادا بکێشێت، ڕێکەوتنامەی سایکس پیکۆ سەبارەت بە فەلەستین تەنیا ئاماژەی بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی نێودەوڵەتی کردبوو تێیدا، کە شێوەکەی [پاش ڕاوێژ لەگەڵ ڕووسیا] بەڕێکەوتن لەگەڵ باقیی هاوپەیمانان و نوێنەرانی شەریفی مەککە دیاری دەکرێت. ڕاستییەکەی بەلفۆر Balfour یەکەم کەس بوو -ڕاشکاوانە- سۆزی خۆی بۆ بیرۆکەی نیشتمانی نەتەوەیی ڕاگەیاند، ئەوەیش لە نامەیەکدا کە ئاراستەی لۆرد ڕۆچیلد Rothschildی کرد لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٧. بەریتانیایش بەهۆی سیاسەتەکەی

بەرانبەر فەلەستین پاڵپشتیی میدیای جولەکەی بەدەست هێنا. بەڵام پلانەکانی لە کۆنگرەی ئاشتیی پاریسدا لەلایەن فەرەنساوە بەرهەڵستی کران، بەریتانیا نەیتوانی ئەو پلانانە جێبەجێ بکات تا ئەوکاتەی هەڕەشەی لە فەرەنسا کرد واز لە پاڵپشتکیردنی دێنێت لەو سیاسەتی رووتاندنەوەیەی لە ئەڵمانیا لەسەری دەچێت.

لە کۆنگرەی سان ریمۆ (٢٤ی تەممووزی ساڵی ١٩٢٢) بەریتانیا توانی فەلەستین بخاتە ژێر ئینتیدابی خۆی و مەسەلەی ئیدارەی نێودەوڵەتی خستە ژێر پێ. لە ١٠ی ئاب بەریتانیا دەستووری فەلەستینی بڵاو کردەوە کە –بەحوکمی ئەو ناڕۆشنییەی لە ناوەرۆکەکەیدا هەبوو –کە ئەو ئامانجە دووسەرەی سیاسەتی بەریتانی لەبەرچاوی گرتبوو دەیخواست– تۆوی ئەو پەرەسەندنە خەمناکەی تێدایە کە لە چارەنووسی ئەو وڵاتە نووسرابوو. بەگوێرەی ئەو دەستووورە مەندوبی سامی دامەزراو لەلایەن حکومەتی بەریتانییەوە دەسەڵاتێکی نیچمە تەواوی درابوویەوە و دەستی والا کرابوو بۆ دابەشکردنی وڵاتەکە بۆ چەند هەرێمێکی ئیداری، هەروەها مامەڵەکردن بە زەوییەکانی میری و سەرچاوە کانزاییەکان و سامانی سروشتیی وڵات و هیتر. هەروەها دامەزراندن و لەکارلادانی فەرمانبەران. دەستوورەکە داوا دەکات ئەنجوومەنێکی یاسادانان هاوکاریی مەندوبی سامی بکات کە لە دە فەرمانبەر و دوازدە ئەندامی هەڵبژێراو پێکدێت. لەپاڵ دادگە مەدەنییەکاندا کە دەسەڵاتی خاوەن ئینتیداب بەنیاز بوو دایانبمەزرێنێت و یەکێکیان تەرخان کرابوو بۆ ناوچەی بیئر ئەلسەبع، تا ئەو کێشانەی لەنێوان رەوەند (بەدو)ەکاندا سەرهەڵدەدەن بەگوێرەی یاسای خێڵەکیی خۆیان یەکلا بکاتەوە، تەنها دادگە ئاینییەکانی تایبەت بە موسڵمانان و جولەکە و مەسیحییەکان داوەرییان لە سەرجەم پرسەکانی باری کەسیدا دەکرد. زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی و عیبری وەک یەک بەزمانی ڕەسمی دانران. هەروەها مەسەلەی کۆچ بەلێژنەیەک سپێردرا کە لانیکەم لە یازدە ئەندام لە ئەندامانی ئەنجوومەنی یاسادانان پێکدێت. ئەگەر جیاوازییەکی بۆچوون لەنێوان ئەو لێژنەیە و مەندوبی سامیدا ڕووی دا، قسەی یەکلاکەرەوە بۆ وەزیری دەرەوەی بەریتانیایە. هەرچی سیاسەتی دەرەوەی فەلەستینە، ئاراستەکردنی بە حکومەتی ئیمپراتۆری سپێردرا، کە ئەرکی بەرگریکردن لە وڵاتیشی بە سوپاکانی گرتە ئەستۆ. ئەگەرچی حکومەتی بەریتانی دەستبەجێ ڕوونیکردەوە مەبەست لەم دەستوورە زەمینەسازی نیە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی جولەکە لە فەلەستین، عەرەبەکان بە موسڵمان و مەسیحییەوە هەر زوو ترسی ئەوەیان لێ نیشت کۆچی جولەکە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانیان بخاتە مەترسی، بەتایبەت دوای ئەوەی بینییان بەریتانیا سێر هێربەرت سەموئیل Herbert Samuelی جولەکەی هەڵبژارد تا ببێتە بەکەم مەندوبی سامیی خۆی لە فەلەستین. لە ڕاستیدا سەرمایەدارانی جولەکە توانییان هەندێ زەوی کە تا ئەوکاتە بەوار بوون و نەهێنرابوونە

بەرهەم، لە گەورە زەویدارانی عەرەب -کە زۆربەیان لە دەرەوەی فەلەستین دەژیان- بکڕن و کۆڵۆنیی کشتوکاڵیی جولەکەیان لەسەر دابمەزرێنن. لە شارەکانیش" بەتایبەت لە تەل ئەبیب کە تازە دامەزرابوو" سەرمایەداریی یەهودی کۆمەڵێک پیشەسازیی گەشاوەی دامەزراند و وردە وردە بازرگانی بۆ لای کێش کرد. لەڕاستیدا وڵاتەکە لەوڕۆوە گەشەسەندنێکی ئابووریی حاشاهەڵنەگری بەخۆوە بینی، کە دانیشتوانی رەسەنی وڵاتەکە لەتوانایاندا نەبوو دایبهێنن، بەڵام ئەو دانیشتوانە رەسەنانە زۆر کەم سوودیان لەو گەشەسەندنە دەبینی، بگرە بەپێچەوانەوە دەیانبینی ئاستی ژیانی تایبەتیان لە جاران خراپتر دەبێت. لەکاتێکدا کۆچی ڕوو لەزیادی جولەکە تا ساڵی ١٩٢٥ کەمی نەکرد، تەنانەت ساڵی ١٩٢٧ ژمارەی ئەوانەی لە وڵاتەکەوە کۆچیان کردبوو لە ژمارەی ئەوانەی کۆچیان بۆ کردبوو زیاتر بوو، دەبینین زۆری نەبرد لە ساڵی ١٩٣٠یەوە زۆر زۆر زیادی کرد. ساڵی ١٩٢٥ ژمارەی ئەو جولەکانەی لە خزمەتی حکومەتی فەلەستینیدا کاریان دەکرد (کە ٦٨٧ کەس بوو) لە ژمارەی موسڵمانان لە حکومەتەکەدا زیاتر بوو (کە ٦٣٢ کەس بوون)، بەڵام هێشتا زۆر کەمتر بوو لە ژمارەی فەرمانبەرانی مەسیحی (١٢٤٤ کەس)[١٨٥]. لەڕاستیدا ناکۆکیی نێوان ئیسلام و مەسیحیەت -ئەو ناکۆکییەی لە کۆنەوە بەشێوەیەکی تایبەت لە شارە پیرۆزەکاندا توند بووە- لە ساڵە کەمە بەراییەکاندا ڕێگر بوو لە یەکگرتنی عەرەب بۆ دوورخستنەوەی ئەو مەترسییەی دەوری دابوون. بەهاتنی ساڵی ١٩٢٨ لەتوانادا بوو کۆنگرەیەکی عەرەبی لە قودس ببەسترێت، لە ٢٣ی تەممووز ئەو کۆنگرەیە داوای لە مەندوبی سامی کرد ئەنجوومەنێکی نوێنەرایەتی دابمەزرێنێت، جولەکەکان زۆر بەتوندی دژی ئەو داوایە وەستان لەبەرئەوەی زۆرینە لەو ئەنجوومەنەدا بۆ عەرەب دەبوو. بەڵام حکومەتی بەریتانیش، لە دیدگەی تایبەتی خۆیەوە، پێی وابوو ئاستەمە ئەو داوایە پەسەند بکات.

ساڵی ١٩٣٣ شەپۆلێکی کۆچی جولەکە لە ئەڵمانیاوە ڕووی لە وڵاتەکە کرد، کۆچکردنەکە ڕووی لە زیادبوون کرد بەڕادەیەک ژمارەی ئەو جولەکانەی ساڵی ١٩٣٥ کۆچیان کردبوو بۆ فەلەستین گەیشتە ٦١ هەزار و ٥٤١ کەس، لەبەرئەوە شتێکی سروشتی بوو ئەمە کاردانەوەی توندی لەلایەن عەرەبەوە لێ بکەوێتەوە. لەو ماوەیەدا مەسیحی و موسڵمانەکان چاکیان لێ هەڵماڵی بۆ بەرگریکردنی هاوبەش لە وڵات. هەروەها دوژمنایەتییەکانی نێوان بنەماڵە سەرگەورە ئیسلامییەکان نەما، کە تا ئەوکاتە توند و

---

[١٨٥] زۆربەی مەسیحیە عەرەبەکان لە شارەکان نیشتەجێ بوون، بەپێی سەرژمێریی ساڵی ١٩٣١، ژمارەی ئەوانەیان لە گوندەکاندا دەژیان ٢١ هەزار و ٣١٨ کەس بوو، بەرانبەر ٦٩ هەزار و ٢٨٩ کەس کە لە شارەکاندا دەژیان. هەرچی موسڵمانەکانن، تەنیا ١٨٤ هەزار و ٤٣٨ کەسیان لە شارەکاندا دەژیان، لەکاتێکدا ٤٩١ هەزار و ١٩٦ کەسیان جووتیار و ٦٠ هەزاریشیان بەدو بوون.

سەخت بوو. موفتی قودس [حاجی] ئەمینی حسێنی وەک گەورەی موسڵمانان رۆژ بەڕۆژ هەژموونی زیادی دەکرد. ئەگەر تووڕەیی عەرەب سەرەتا لەڕێی هەندێ بەریەککەوتنی پچڕ پچڕ لەنێوان عەرەب و جولەکەدا خۆی دەنواند (بەچاوپۆشین لە دەستبردن بۆ گەشتیاران کە لە کۆنەوە باو بووە) و پۆلیسی دەوڵەتی خاوەن ئینتیداب نەیدەتوانی بیوەستێنێت، ئەو تووڕەییە ئێستا گەیشتە لوتکە و وردە وردە گۆڕا بۆ شەڕێکی ناوخۆ. لە ساڵی ١٩٣٥ەوە خۆبەخشانی عەرەب ریزەکانیان رێک خست تا شەڕی سەربەخۆیی و بڕیاردانی چارەنووس بۆ هاوڵاتیانیان ببەنەوە. ناتوانین لێرەدا -پێویستیش نیە- بەوردی باسی ئەو رووداوە خەمناکانە بکەین، بەتایبەت کە تائێستا بەڵگەنامەی بابەتیمان نیە کە بارمەتیمان بدات بۆ حوکمدان.

بێگومان ئەو هەوڵانەی بەریتانیا دانی بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو شکستە گەورەیە لە سیاسەتی رۆژهەڵاتیدا، تائەمڕۆ هێشتا لە سەرکەوتنەوە دوورە. ئەوە بوو لە هاوینی ساڵی ١٩٣٦ کۆمیتەیەکی شاهانە ڕەوانە کرا بۆ فەلەستین بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخ تێیدا، بەڵام ناخۆشبەختانە عەرەب بڕیاریان دا بایکۆتی بکەن و تا پێنج رۆژ پێش لەوەی وڵات بەجێ بهێڵێت، وازیان لەم ڕەفتارە گەمژانە نەهێنا. لێرەوە زۆربەی پەیوەندیی کۆمیتەکە بە لایەنە بەریتانی و جولەکەکانە بوو. لە تەممووزی ساڵی ١٩٣٧ کۆمیتەکە ڕاپۆرتێکی پێشکەش کرد، تێیدا گەیشتبوو بە پێشنیازێکی مەحاڵ کە داوای دابەشکردنی وڵاتی دەکرد -کە بەحوکمی پێکهاتەکەی ناکرێت زیاتر لە یەکەیەکی ئابووری پێک بێنێت- بۆ سێ دەوڵەتی سەربەخۆ: دەوڵەتێکی جولەکە لە باکووری رۆژئاوا (کە نزیکەی ٣٠٠ هەزار عەرەبی تێدا نیشتەجێ بوون) + دەوڵەتێکی عەرەبیی کە باقی وڵاتەکە دەگرێتەوە، جگە لە بەشێک کە لێژنەکە پێشنیازی کردبوو بخرێتە ژێر ئینتیدابێکی بەریتانیی نوێ، بەو مەرجەی سێ شارە پیرۆزەکە: قودس و بەیت لەحم و ناصیرە، بکەونە ناو ئەم بەشە. سەرەڕای ئەو شەپۆلی تووڕەیی و بێزارییەی ئەو ڕاپۆرتە لە ناوەندە عەرەبییەکاندا دروستی کرد، حکومەتی بەریتانی لە بەهاری ساڵی ١٩٤٨ کۆمیتەیەکیتری تەکنیکی ڕەوانە کرد، تا لەوە بکۆڵێتەوە ئاخۆ دابەشکردن مومکینە یان نا، با لەڕێی گواستنەوەی دانیشتوانیشەوە بێت لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکیتر لە چوارچێوەیەکی فراواندا ئەگەر پێوەستی کرد. لەوکاتانەدا حکومەتی بەریتانی گەیشتە ئەو باوەڕەی چارەسەری ئەو کێشە سەختە لەرێگەی دابەشکردنەوە نابێت، لەبەرئەوە هەوڵی دا سەرانی هەردوو لایەنی ناکۆک لە کۆنگرەیەکدا کۆ بکاتەوە بەمەبەستی ئەنجامدانی رێکەوتنێکی دۆستانە. بەڵام حکومەتی بەریتانی ڕەتیکردەوە موفتی گەورەی قودس بۆ ئەو کۆنگرەیە بانگهێشت بکات کە لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣٧ پەنای بردبوو بۆ بەیروت، تا خۆی لە مەترسی دەستگیرکردن بپارێزێت. لەبەرئەوە نەکرا کۆنگرەکە ببەسترێت تا شوباتی ساڵی ١٩٣٩، کە سووریا و

عێراق و میسر و شانشینی سعوودیش بۆ ئامادەبوونی بانگهێشت کرابوون. بەڵام عەرەبەکان رەتیان کردەوە لەگەڵ نوێنەری جولەکە کۆببنەوە، بەم شێوەیە چارەنووسی فەلەستین لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٩دا هێشتا بەهەڵواسراوی مایەوە و یەکلا نەبوویەوە.

پرسی ڕۆژهەڵاتی ئوردن

ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردن لە سەردەمی جیاوازەکانی مێژوودا بەشێک بووە لە سووریا و دەبوو ببێتە بەشێک لەو دەوڵەتە عەرەبییەی ڕێکەوتنامەی سایکس-پیکۆ بڕیاری دامەزراندنی دا، بەڵام کۆنگرەی سان ریمۆی ساڵی ١٩٢٢ خستیە ژێر ئینتیدابی بەریتانیای مەزن لەو ڕووەوە "کەوتۆتە نێوان ڕووباری ئوردن و سنووری ڕۆژهەڵاتی فەلەستین". بەریتانیا ناڕاستەوخۆ خستیە پاڵ مولکەکانی، چونکە ئیمپراتۆرییەتی بەریتانی زۆر پێویستی پێی بوو تا ببێتە بەربەستێک لەبەردەم شانشینی عەرەبستانی سعوودیدا و ئەڵقەی بەستنەوە بێت بەعێراقەوە. ئەگەرچی ئەو پارچە زەوییە ئەوکات و هیشتایش لەڕووی ئابوورییەوە "مردە زەوی" بوو و نەهێنرابووە بەرهەم و زۆربەی دانیشتوانەکەی ڕەوەند بوون، بەڵام دەرفەتێکی گونجاوی بۆ بەریتانیا ڕەخساند و یارمەتی دەدا سەرنجی جیهانی عەرەبی لەسەر شکاندنی ئەو بەڵێنانەی بە ئال حسێنی دابوون، وەربگێڕێت. لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٠ عەبدوڵای بۆ بڕاکەی- بەسەرۆکایەتیی هێزێکی بچووکی بەدو لەبەردەم سنووری باشووری فەلەستیندا پەیدا بوو بەمەبەستی دەستخستنە ناو سووریا، بەڵام بەرپرسانی بەریتانی قایلیان کرد دان بەخۆیدا بگرێت، ئەویش بەگوێی کردن و گەڕایەوە حیجاز. فەیسەڵ لە کانوونی یەکەم چووبوو بۆ لەندەن و چەرچڵ Churchill وەزیری موستەعمەرەکانی ئەوکاتی قایل کردبوو کە لەبەرژەوەندیی بەریتانیادایە بڕاکەی ڕازی بکات. لەبەرئەوە چەرچڵ خۆی لە ئاداری ساڵی ١٩٢١ چوو بۆ قاهیرە و لەوێوە ڕووی کردە بەیتولمەقدیس. پاشان فەرمانی بۆ فەرمانبەرێکی بەریتانی دەرکرد بە شەمەندەفەرێکی تایبەت یاوەریی عەبدوڵا بکات لە هەرێمی هێڵی ئاسنی حیجازییەوە بۆ کەرەک و عەممان و لەوێ بەیعەتی لە شێخی ئەو هۆزانە وەرگرت، کە مەندوبی سامی بەریتانی سێر هێربرت سەموئیل خۆی لە گوتارێکیدا لە شاری سەڵت لە ١٢ی تەممووزی ساڵی ١٩٢٠ "مزگێنی"ی سەربەخۆیی پێدان[١٨٦]. لە ٢٨ی ئادار چەرچڵ لە

---

[١٨٦] لەم خستنەڕووەدا، کە لە هەندێ وردەکاریدا جیاوازە لەوەی تۆینبی باسی کردوە، پشتمان بە کتێبی "الثوره العربیة الکبری"ی ئەمین سەعید، ب٢ لا١١ بەستوە.

قودس پێشوازی لێ کرد و بەئەمیری رۆژهەلاتی ئوردن جێگیری کرد. بەریتانیا تەنیا ناردنی نوێنەرێک بۆ عەممانی پایتەخت و دامەزراندنی دوو بنکەی ئاسمانی لە عەممان و جێزە بۆ خۆی هێشتەوە. بەڵام حکومەتی بەریتانی پێی وابوو بەرژەوەندی لەوەدایە ئەو مەسەلەیە تا ماوەیەک بەهەڵواسراوی بهێڵێتەوە.

لە تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢٢ عەبدوڵا بەیاوەریی سەرۆک وەزیرانەکەی رەزا ئەلریکابی، کە پێشتر لە دیمەشق وەزیری فەیسەڵی بۆ بوو، چوو بۆ لەندەن بەمەبەستی گەیشتن بە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە. بەڵام سێر سەموئیل تا ١٤ی ئایاری ساڵی ١٩٢٣ کاتێک بەبۆنەی جەژنی قوربانەوە سەردانی عەمانی کرد، نەیتوانی رایبگەیەنێت بەریتانیا ئامادەیە دان بە میرنشینەکەی عەبدوڵادا بنێت، ئەگەر پەیماننامەیەکی دەربارەی مافەکانی ئینتیداب و بەخشینی دەستوورێک بەوڵاتەکە لەگەڵدا بەست. لەڕاستیدا ئەم داوایە کە دەسەڵاتی ئەمیر -کە لە هەموو بارەکانـدا کەمە- جارێکیتر سنووردار دەکات، بەدەوییەکانی تووڕە کرد کە لەڕووی سیاسییەوە پێنەگەیشتبوون، هەروەها لەژێر پەردەی پێکهێنانی حزبگەلی رێکخراو بەشێوازە نوێکاندا، هۆ کۆنەکانی کێشەکەی وروژاند. بەم شێوەیە لە ئابی ساڵی ١٩٢٤ -کە ئەوکاتە ئەمیر فەریزەی حەجی بەجێ دەهێنا- پشێوی سەری هەڵدا و تا سنووورەکانی سووریا درێژ بوویەوە، تا کاتێک ئەمیر گەڕایەوە بۆ پایتەختەکەی، هۆشداریەکی لە بەریتانیاوە پێگەیشت کە هەر تەنیا داوای بەدەستەوەدانی شۆڕشگێڕانی لێ نەکرد، بەڵکو بەڕێوەبردنی دارایشی لە بازنەی هەژموونی ئەو دوور خستەوە. سەرەنجام ناچار بوو بە پێکهێنانی حکومەتێک رازی بێت کە سێ لە گرنگترین وەزارەتەکانی بەدەست فەرمانبەرانی بەریتانییەوە بێت. لە ٢٠ی شوباتی ساڵی ١٩٢٨ لە لەندەن پەیماننامەیەک بەسترا دەسەڵاتی راستەقینەی بەتەواوەتی لێ زەوت کرد[١٨٧]. لەڕاستیدا بەریتانیا بەسووک تەماشای هێز و وزەکانی وڵاتەکە کرد، لەبەرئەوە سەرجەم رۆژنامە عەرەبییەکان تووڕەیی خۆیان لەم خۆبەدەستەوەدانە و کەمکردنەوەی ماف و دەسەڵاتەکانی وەزیرە عەرەبەکان دەربڕی، بەوهۆیەوە ئاگری پشێوی و مانگرتن هەڵگیرسا، بەریتانیا هەوڵی دا لەڕێی بۆمبی فڕۆکەکانیەوە خاموشی بکات. ئەمە جگە لەوەی ئەو دەستوورەی لە ١٦ی نیسان بەسەر ئەمیردا سەپێنرا هیچ مافێکی نە بەخۆی و نە بەگەلەکەی نەبەخشی بەرانبەر بەریتانیا. لەبەرئەوە رووبەڕووی بەرەنگارییەکی گشتی بوویەوە. لە تەممووزی ساڵی ١٩٢٨ شێخی هۆزەکان و پیاوماقوولانی شارەکان لە

---

[١٨٧] بڕوانە دەقە ئینگلیزییەکە کە پشتی بە کتێبە سپییەکە بەستووە، کە لە ٢٦ی ئاداری ساڵی ١٩٣٨ دەرچووە، لە:

The Near East and India, vol, 33 (1928) pp 427-429.

هەرچی دەقە عەرەبییەکەیە لە کتێبی "الثوره العربیة الکبری"ی ئەمین سەعید، ب٣ لا٢٥-٣١دا دەبینرێت.

عەممان کۆنگرەیەکیان بەست بۆ چارەسەرکردنی دۆخەکە، هەمووان کۆک بوون لەسەر رەتکردنەوەی ئینتیدابی بەریتانی لەبەرئەوەی لە ئامانجە بنچینەییەکەی لایداوە، کە یارمەتیدانی وڵاتەکەیە [یارمەتییەکی تەکنیکی بێگەرد] تا بتوانێت سەربەخۆ بێت، هەروەها داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و پێکهێنانی پەرلەمانێکیان کرد. کاتێک حکومەت -لە پایزدا- هەوڵی دا هەڵبژاردنەکان بەو شێوەیە ئەنجام بدات کە بەرژەوەندییەکانی خۆی مسۆگەر بکات، گەل بەتوندترین شێوە بەرەنگاریی ئەو هەوڵەی کرد و حکومەت تا کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٩ نەیتوانی "ئەنجوومەنێکی یاسادانان" دابمەزرێنێت، کە ئەنجوومەنێکە تەنها ٣%ی ئەو هاوڵاتیانەی مافی دەنگدانیان هەیە دەنگ دەدەن. لەبەرئەوە ئاستەم بوو لە وڵاتێکدا لە سایەی ئەو هەلومەرجەدا باسمان کرد ژیانێکی سیاسیی پێشکەوتوو بێتە کایە. لەڕاستیدا دانیشتنەکانی پەرلەمان زۆر جار بەهۆی تەواونەبوونی نیسابی یاساییەوە دوا دەخران.

هەرچی ژیانی ئابووریی وڵات بوو شپرز بوو، کە هەوڵەکانی زایۆنییەکانیش بۆ کڕینی زەوی و زار یان بەکرێگرتنیان بۆ کۆچەرییانی جولەکە، بەتایبەت شپرزتری دەکرد. ساڵی ١٩٣٣ جولەکە لە ئەمیر عەبدوڵا خۆی ٦٥ هەزار دۆنم (دۆنم ٩٠٠ مەتری چوارگۆشەیە)یان لە غەور ئەلکەبید بۆ ماوەی ٩٩ ساڵ بەکرێ گرت، لەبەرانبەر ٢٠ هەزار جونەیهی فەلەستینی. تا کاتێک ئەمیر ماوەیەکی کەم پاش ئەوە سەردانی مەزارگەی ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەڕاحی کرد گەل ئەو سەردانەیان بە کەفارەتی ئەوە دانا کە پێشتر کردبووی. هەرچۆن بێت، چەند گەورە زەویدارێک -وەک مثقال پاشا ئەلفائیز شێخی بەنی سەخەر- بنەمای وەبەرهێنانی زەوییەکانی ئوردنیشیان لەلایەن جولەکەوە بەباش دەزانی و حزبێکی نوێیان دامەزراند کە رۆژنامەی "صدی الصحراء" زمانحاڵی بوو. نەک هەر ئەوە، بگرە ئەو حزبە کۆنگرەیەکی لە عەممان گرێ دا بۆ دیراسەکردنی ژیانی ئابووری و ئەو ریگایانەی پەرەی پێدەدەن، بەڵام حسێن پاشا ئەلتەراونە زۆری نەبرد کۆنگرەیەکی دژی بەست و داوای خۆڕاگری کرد لەبەردەم پرۆژە ئابوورییە یەهوودییەکاندا. لەژێر کاریگەریی ئەو کۆنگرەیەدا "ئەنجوومەنی یاسادانان" لە نیسانی ١٩٣٣ یاسایەکی پەسەند کرد کە فرۆشتن یان بەکرێدانی هەر زەوییەک -بەزایۆنییەکان- یان "بەهەر بێگانەیەک لە وڵات"ی قەدەغە کرد، ئەویش بەگوێرەی ئەو سیغەیەی لەکاتی بڵاوکردنەوەی یاساکە لە تشرینی یەکەمدا بەکار هات. لێرەوە پرۆژەی بانکی کشتوکاڵیش کە لۆرد میڵچۆت Melchott لەگەڵ دوو جولەکەی میسریدا بیری لە دامەزراندنێ دەکردەوە، شکستی هێنا.

هێزە بەریتانیی هیندییەکان عێراق داگیر دەکەن

عێراق –کە پێش لە باقی دەوڵەتانی عەرەبی لە نیعمەتی سەربەخۆیی بەهرەمەند بوو- بەدرێژایی سەدە دوور و درێژەکان کە ملکەچی حوکمی عوسمانی بووە، ژیانێکی سیاسیی تایبەت ژیاوە، چونکە ئیدارەی تورکی لێرەیش –هاوشێوەی میسر- هیچ رۆژێک نەیتوانیوە بەتەواوی کۆنترۆڵی دۆخی سەختی ناوخۆ بکات. لە هەندێ ماوەدا مەمالیک دەستیان بەسەر جڵەوی حوکم لە عێراقدا گرتوە، رێک وەک ئەوەی لە میسر رووی دا. لە دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەم ئەو هۆزە رەوەندانەی لە کەنارەکانی فوراتی خوارووو نیشتەجێ بوون و بە (ئەلمونتەفیق) ناسرابوون، خۆیانیان لە یەکێتییەکدا کۆ کردەوە، کە سەرێشەی زۆری بۆ پاشای بەغدا خولقاند. شیعەکان کە لە نەجەف و کەربەلا و کازمییە و دەوروبەری نیشتەجێ بوون –کە هەموویان لایان پیرۆزن- پەیوەندیی بەردەوام و پتەویان بە براکانیانەوە لە فارس هەبوو، ئەوان بەناچاری نەبێت خۆیان بە رەعییەتی سوڵتانی "بیدعەچی" دانانێن. تا سەرەتای سەدەی بیستەمیش ژیانی فیکری لای ئەهلی سوننە زۆر دواکەوتوو بوو. لێرەوە دەبینین بارودۆخی عێراق –تا رادیەکی زۆر- کەمتر لەبارە بۆ پەیدابوونی هۆشیارییەکی نەتەوەیی عەرەبی، لەچاو بارودۆخی سووریا. راستییەکەی لەناو عیراقییەکاندا تەنیا ئەو ئەفسەر و فەرمانبەرانەی لە ئیستانبوڵ خوێندبوویان کەوتبوونە ژێر کاریگەریی بیرە مۆدێرنەکان. لایەنگرانی "العهد" هەندێ لەو ئەفسەرە عێراقییانەی لە لەشکرگە سوورییەکاندا کاریان دەکرد بۆ لای پرنسیپەکانی حزبەکەیان کێش کرد، کاتێک ئەوانە گەڕانەوە نیشتمان، کەوتنە دامەزراندنی چەند لقێکی ئەو حزبە نیشتمانییە.

لەکاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا سوپایەکی بەریتانیی هیندی عێراقی داگیر کرد، ئەویش پاش ئەوەی حکومەتی هیند بینی پێویستە بەرژەوەندییەکانی لە کەنداوی فارسیدا بپارێزێت. کاتێک ئەو سوپایە دەستی بەسەر بەسرەدا گرت، فەرمانبەرانی حکومیی پاشکۆی هەڵمەتەکە خێرا ئیدارەیەکی رێکخراویان بەگوێرەی ئەو شێوازانەی لە هیند پەیرەو کرابوون دامەزراند. ئەوانە بەنیاز بوون هەندێ خەڵکی هیندی لە عێراق جێگیر بکەن و چاندنی لۆکە بهێننە ناو وڵات، بەڵام ئیدارەی سەربازی باریکی قورس بوو لەسەر وڵاتەکە. جووتیاران بەبێگار دەبران بۆ کاری زۆرەملێ –هاوشێوەی جووتیارانی میسر- و زۆرجار لە کەسوکاریان جیا دەکرانەوە و لەماڵەکانیان دوور دەخرانەوە، دەسەڵاتی داگیرکەر زۆر جار بازرگانیی مادده خۆراکییەکانی قەدەغە دەکرد تا پێویستییەکانی سوپا بەتەواوی پڕ دەکرانەوە. راستە هۆزەکانی مونتەفەق لاواز کرابوون لەڕێی ئامادەکردنی هەندێکیان و هاندانیان بۆ کشتوکاڵکردن، وەک ئەوەی میدحەت پاشا پێشتر زۆر سەرکەوتووانە ئەو هەوڵەی دا. بەڵام رەوەندەکان (البدو) جاریکیتر تووڕە بوونەوە کاتێک

داوایان لێکرا باج بدەنە دەسەڵات. پاش ئەوەی حکومەت هەندێ لە شێخی هۆزەکانی رازی کرد، هەوڵی دا بیانهێنتە پاڵ خۆی و پاڵپشتیکردنیان بەدەست بێنێت. دەسەڵاتدارانی سەربازی ئەفسەران [ی عەرەب]ی هەڵاتوو لە سوپای تورکییان بێئومێد کرد، هەروەک ئەو سەرکردانەی بەپلانەکانیانەوە هاتنە پێشەوە، رەت کردەوە (وەک تاڵب پاشا [ی نەقیب] کە خۆی بەخشی بۆ هەڵگیرساندنی ئاگری شۆڕش دژی تورکەکان لە باشووری عێراق)، هەر بەوەیشەوە نەوەستا، بگرە [هەندێکیانی] بۆ سیلان و هیند و میسر دوور خستەوە.

ریفراندۆمی جەماوەریی وێڵسن

ئەم سیاسەتە کە فەرمانبەرانی حکومەتی بەریتانی هیندی و پیاوە سەربازییەکانی دەستیان پێکرد، زۆری نەبرد پاش دەستگرتن بەسەر بەغدا، ئەو رێسا گشتییانەیشیان تێکەڵ بوو کە حکومەتی بەریتانییان ئاراستە دەکرد و لەسەر تاقیکردنەوە ئیدارییەکان لە میسر و لەسەر سیاسەتی لۆرەنس لە حیجاز دامەزرابوو. لەڕاستیدا ویستی دەسەڵاتی داگیرکەر بۆ هێشتنەوەی ویلایەتی بەسرە، کە پێش لەوانیتر گیرابوو، لەژێر ئیدارەی هەمیشەیی بەریتانیا و هەوڵدان بۆ داپۆشینی ئەوە لە بەغدا بە "رووکارێکی عەرەبی" بەزەحمەتی و سەختی نەبووایە جێبەجێ نەدەکرا. هەروەها دەسەڵات بێئومێد بوو لەوەی عەرەب هەڵبنێت جەنگ دژی تورکەکان رابگەیەنن. بەڵام ئاگربەستی مودرۆس ئەرکی ئەوەی لەسەر شانی سەرکردایەتیی بااڵ کردەوە. لێرەیشەوە پێویست بوو بەریتانیا دۆخی عێراق بەگوێرەی راگەیەنراوەکەی بەریتانیا و فەرەنسا کە لە ٧ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٨ دەرچووە، رێک بخاتەوە. جێگەی داخە ئیدارەی مەدەنی لە هەمان کاتدا لە بەتواناترین پیاوەکانی بێبەش بوو، ئەویش سێر پێرسی کۆکس Percy Cox بوو، کە لە ئاداری ساڵی ١٩١٨ کرا بە باڵێوزی دەوڵەتەکەی لە تاران. لەکاتێکدا وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، لەسەر پێشنیازی لۆرەنس، بیری لە دامەزراندنی دوو دەوڵەت لە جەزیرەی سەروو و جەزیرەی خواروو بۆ دوو کوڕەکەیتری حسێن، عەبدوڵا و زەید دەکردەوە، بەوەیش پاداشتی ماڵی هاشمی دەکات لەسەر خزمەتەکانی –مادام سووریا پشکی فەیسەڵ دەبێت– و لە هەمان کاتدا دەیبەستێتەوە بە بەریتانیاوە، ئالەم کاتەدا سیر ا.ت. وێڵسن بەرهەڵستی پرۆژەکەی کرد و پێی وابوو ئەو دابەشکردنە مەحاڵە و هیچکام لە کوڕەکانی شەریف ناتوانن بەرانبەر خانەدانانی لۆکاڵی بوەستن. بەم شێوەیە پێشنیازی کرد راپرسی (ریفراندۆم)ێک ئەنجام بدرێت و تەوەرەکەی ئەوە بێت ئاخۆ گەل حەزی لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبیی یەکگرتووە لەژێر پاراستنی بەریتانیدا، یان لە دانانی ئەمیرێکی عەرەب بەحاکم لەسەر وڵات، لەم بارەیشدا کێ کاندیدی پەسەندە بۆ ئەو پێگەیە. لیژنەی وەزاریی تایبەت بەکاروباری هەردوو رۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست ئەو پێشنیازەی پەسەند کرد.

لەبەرئەوەی زۆربەی زۆری دانیشتوانی کشتیاری ولات نەخوێندەوار و دواکەوتوو بوون، ئەوا مەندوبی سامی تەنها رای سەرۆک هۆزەکان و گەورە زەویدارەکان لە ناوچە بەدەوییەکان و شارە بچووکەکانی وەرگرت. ئەوانەیش -هاوشێوەی هەندێ لە پیاوماقوولان کە بەبەرنامە لە بەسرە و مووسڵ دەستنیشان کرابوون- وەلامیان دایەوە کە دەیانەوێت ئیدارەیەکی بەریتانی حوکمی ولاتەکە بکات. هەروەها کوردەکان لە جەختکردنەوەیەکی بەهێزدا رایانگەیاند مەحاڵە لەژێر سایەی حوکمێکی عەرەبیدا بژین. هەرچی شیعەن لەسەر یەک را کۆک نەبوون: لە نەجەف کە بەهۆی گرنگییە ستراتیژییەکەیەوە لەژێر کاریگەریی نفووزی بەریتانیدا بوو، خەڵکەکە پاڵپشتییان بۆ بەریتانیا دەربڕی، لەکاتێکدا پیاوانی ئایینی لە کەربەلا و کازمییە تەکفیری هەر کەسێکیان کرد پاڵپشتی حوکمی کافران بکات. لە بەغدا پەرلەمانتارانی موسڵمان، ئەگەرچی پرۆژەی هەڵبژاردنەکە بەتۆکمەیی رێکخرابوو، داوای دانانی یەکێک لە کورەکانی حسێنیان بەحاکمی ولات کرد.

سەرەڕای ئەم ئەنجامەی لە "راپرسیی جەماوەری" کەوتەوە -کە زۆر هاندەر نیە- مەندوبی سیاسیی حکومەتی بەریتانی باوەڕی وابوو دەتوانێت پرۆژەی دەستوورێک پێشنیاز بکات، باس لەوە بکات سەرۆکی باڵای دەوڵەت مەندوبێکی سامیی بەریتانی بێت و هەندێ حاکمی عەرەب -کە لەلایەن ئەوەوە کاروباری ویلایەتەکان دەگرنە ئەستۆ- یارمەتی بدەن، هەروەها ئەنجوومەنێکیش هەبێت کە نوێنەرایەتیی ویلایەتەکان بکات و ئەندامانی لە ئەنجوومەنەکانی ناوچە جیاوازەکان بێنە هەڵبژاردن. لەکاتێکدا مەندوب حەزی دەکرد ویلایەتی مووسڵ بخاتە سەر عێراق، فەرمانی لۆرک کەرزۆن هات -کە دوودڵ بوو لەوەی پێش کۆتاییهاتنی دانوستانەکانی ئاشتی هیچ گۆڕانکارییەک لە دۆخی ئارادا بکات- کە داوا دەکات مووسڵ بکرێتە ویلایەتێکی عەرەبی سەربەخۆ لە عیراق و دەورەدراو بە چەند ویلایەتێکی کوردی، کە حوکمی زاتییان هەیە.

بزوتنەوەی نیشتمانی دەگاتە لوتکە

یەکێک لە ئەنجامەکانی دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە سووریا، لەو ماوەیەدا، (ئەگەرچی ئەو دەوڵەتە زۆر نەدەژیا)، ئەوە بوو هەندێ دەنگی سووری بەرز بوونەوە، کە ئەو ئەفسەرە عێراقییانەی لە دیمەشق بوون پشتگیرییان دەکرد و داوای سەربەخۆیی و رزگاریی عێراقیان دەکرد لە حوکمی بێگانە لە کۆتاییدا. ئەم بزوتنەوە نیشتمانییە زۆری نەبرد لەئاکامی دەستوەردانی حاکمی سیاسیی بەریتانی (لەکاروباری عیراق) گەیشتە لوتکە، دەستوەردانێک دوور بوو لە دانایی، ئەویش چونکە دەسەلاتدارانی سەربازی دەیانویست ئالای داگیرکردن تەنها تا "قائیم" لەسەر فوراتی ناوەڕاست پەل بکێشێت، بەڵام

حـاکمی سیاسـی –بەبیـانووی ڕێگـرتن لە پێشـڕەوییِ تورکەکـان- پێـداگری کـرد لەسـەر پێویستی داگیرکردنی دیر ئەلزور کە زۆر لە سەروو بوو و حکومەتی سـووری خستبوویە سـەر ویلایەتـی حەلەب. لەبەرئەوە نیشـتمانییەکان بەتونـدی ناڕەزاییـان دژی ئەو ڕەفتـارە دەربـڕی و بـەدویان هەڵنـا بـۆ بەردەوام پەلامـاردانی ئەو کاروانـانەی لەژێـر پاراسـتنی بەریتانییەکاندا هاتوچۆیان دەکرد. تا کاتێک پێویست بوو بەریتانییەکان لەو شـوێنە دوورە دەسـتەی پێشـەوە بکشـێنەوە، ئەو کشـانەوەیە بە سـەرکەوتن بـۆ عەرەب دانـرا. هەروەهـا درایە پاڵ ترسی دەسەڵاتی بەریتانی لە هێزەکانی عەبدوڵا.

لە ٨ی ئاداری ساڵی ١٩٢٠ لقی کۆمەڵەی "العهد"ی سـەربازی عەبدوڵای کوڕی حسـێنی بە پاشـــای عێـــراق ڕاگەیانـــد. بەم شـــێوەیە وا دەردەکەوت هەر کـــاریگەرییەک لەلایەن بەریتانیـاوە لە دەربرینـی ویسـتی خـۆی بـۆ دامەزراندنی حکـومەتێکی نیشـتمانی، زیـان بەهەیبەتی دەگەیەنێت. بەڵام وەزیری دەرەوە لۆرد کەرزۆن هێشتا زۆر بەگومـان بـوو لە توانای گەلانی ڕۆژهەڵات بۆ مومارەسەکردنی حوکمی زاتـی و لەسـەروو هەمـوو شـتێکەوە بـاوەڕی وابـوو پێویسـتە لەسـەری چـاوەڕوانی بڕیـاری لیـژنەی ئینتیـدابەکان بکـات، کە لە سان ریمۆ بەسترابوو.

لەم کـاتەدا حـاکمی سیاسـی لیـژنەیەک لە فەرمـانبەرانی ئیـداری بەسـەرۆکایەتیی ڕاوێژکـاری دادی سـێر بونهـام کـارتەر ڕاسـپارد، بەقـوڵی لەو ڕێگەیـانە بکـۆڵێتەوە کە وا باشـە بگیـرێنە بەر بـۆ گـۆڕینی ئەو حکـومەتە سـەربازییەی هەیە بـۆ حکـومەتێکی مەدەنـی. لیژنەکەیش بەم ئەنجامە گەیشت: دامەزراندنی حکومـەتێکی سـەربەخۆ کە گـەل پێی ڕازی بێت لە سایەی ئینتیدابی بەریتانیدا، باشترین ئامرازە بـۆ چەسپاندنی سـەقاگیری لـە وڵاتدا بەو مەرجەی لە ئەنجوومـەنێکی تەئسیسـی بکەوێتـەوە لـە شـێوەی ئەنجوومەنەکەی میسـر. بـەڵام لیژنەکـە لـەبارەی دەسـەڵاتەکانی ئـەو ئەنجوومـەنـە کـە لـەژێر دەسـەڵاتی مەنـدوبی سـامیدایە، ڕایـەکی تایبـەتی نەخستبووە ڕوو. بـەڵام بزوتنـەوەی نیشـتمانیی بـەجۆش زۆری نـەبرد لـە کۆتاییـەکانی نیسـاندا جـارێکیتر لـە بەغـدا هەڵچوویـەوە، کاتێک ئـەرکی ئینتیـداب لەسـەر عێراق بە بەریتانیا سپێرا. ئەوە بوو لە کۆبوونەوەیەکی جـەماوەریی گـەورەدا کـە لـە یـەکێک لـە مزگەوتـەکان بەسـترا و پـازدە نوێنـەریان ڕاسـپارد چاویـان بـەحاکمی سیاسـیی گشتی بکەوێت، ئەو دیدارە لـە ٢ی حـوزەیران بـەئامادەبوونی چل کـەس لـە پیاوماقوولانی وڵات کە مەندوب خۆی هەڵبژاردبوون و دەیناسین مەیلـە بـەریتانیان، بـەڕێوە چـوو. بـەڵام ئـەو پیاوماقوولانـە لای خۆیانـەوە ڕەتیـان کـردەوە گـوێ بـۆ پێشـنیازەکانی بۆنهـام کارتـەر Bonham Carter بگـرن و داوای زەروورەتـی دامـەزرانی کۆمەڵەیـەکی نیشـتمانیی عێراقییـان کـرد. بـەم شـێوەیە حـاکمی سیاسـیی گشـتی زانـی سیاسـەتەکەی بـەحوکمکردنی وڵات

بەگوێرەی ڕێسا تاقیکراوەکانی هنید -بەبێ لەبەرچاوگرتنی ویستی نیشتمانی کە باوەڕی وابوو زیاتر دەستکردە تا ئەوەی ڕاستەقینە بێت- شکستی هێناوە، لەبەرئەوە پێشنیازی کرد بانگی پێرسی کۆکس بکرێت کە تەنها ئەو پێگەیەکی دیاریکراوی لە تەواوی وڵاتەکەدا هەبوو، کە وای لێدەکرد بتوانێت پایەکانی ئینتیداب بچەسپێنێت و پاڵپشتی بکات.

شۆڕشی عێراق

بەڵام دۆخی وڵات پشێویەکی زۆری تێدا بوو، کە ڕووداوێکی سادە بەس بوو بۆ ئەوەی لە ٣٠ی حوزەیران ئاگری شۆڕش لە ڕووبەرێکی گەورەی وڵاتدا هەڵبگیرسێنێت. ئەو ڕووداوە سادەیەیش ناکۆکییەک بوو لەنێوان یەکێک لە شێخانی هۆزەکان و فەرمانبەرێکی سیاسی بەریتانی لە ڕومەیثە کە دەکەوێتە سەر فوراتی خواروو. سوپای داگیرکەر دوای چەندین شەڕ کە زۆر لەسەری کەوت و پاش ئەوەی هێزی زیادەی لە هیندەوە بۆ ڕەوانە کرا ئەنجا توانی ئاگری شۆڕشەکە بکوژێنێتەوە، کە لە کۆتایی ئەیلوولدا لە فوراتی خواروەوە تەنیەوە بۆ شارە شیعییەکان و لەوێیشەوە بۆ سنوورەکانی فارس، بەبێ ئەوەی -هەرچۆن بێت- ئاگرەکەی بگاتە بەغدا. کاتێک سێر پێرسی کۆکس لە سەرەتای تشرینی یەکەم وەک مەندوبی سامی گەیشتە بەسرە، هێشتا شلۆقی باڵی بەسەر نیوەی وڵاتدا کێشابوو و تا پێش بەهاری ساڵی ١٩٢١ نەتوانرا شۆڕشەکە لەناو ببرێت.

سێر پێرسی کۆکس سەرەتا هەوڵی دا حکومەتێکی کاتی بەسەرۆکایەتیی یەکێک لە پیاوماقوولانی عەرەب دابمەزرێنێت. لەو ئەرکەیدا هەریەک لە خاتوو گیرترود بێل Getrude L. Bell کە بەحوکمی توێژینەوە ئاسەوارییەکانی کە چەندین ساڵی خایاند ڕۆژهەلاتی ناسی، هەروەها سەینت جۆن فیلبی St. John Philpy، کە بە دانوستانە زیرەکانەکانی لەگەڵ ئیبن سعوود بەناوبانگە، یارمەتیی کۆکسیان دەدا. دوای بەرهەڵستییەکی درێژخایەن، نەقیبی بەتەمەنی خانەدانان لە بەغدا سەید عەبدولڕەحمان ئەلگەیلانی ڕازی بوو سەرۆکایەتیی حکومەت وەربگرێت. وەزارەتی ناوخۆ بە سەید تاڵب پاشا سپێردرا کە لە شوباتی ساڵی ١٩٢٠ گەڕایەوە نیشتمان پاش ئەوەی بەریتانیا مۆڵەتی پێدا، لەکاتێکدا وەزارەتی بەرگری درایە جەعفەر عەسکەری یەکێک لە گەورە ئەفسەرانی پێشووی سوپای تورکی. هەرچی وەزارەتی دارایی درا بە ساسون ئەفەندی کە جولەکەیەک بوو بانکێکی لە بەغدا هەبوو. هەوڵ درا لەڕێی سپاردنی وەزارەتی مەعاریف بەیەکێک لە زانایانی کەربەلا، شیعەیش بهێنرێتە ناو هاوکێشەکە.

لە سایەی فەیسەڵدا

بەڵام حکومەتی بەریتانی لەو کاتەدا بۆی دەرکەوت ناتوانێت نفووزی خۆی لە عێراق بچەسپێنێت تا پاشایەک دانەنێت. لەڕاستیدا هەڵبژاردنی یەکێک لە خانەدانە نیشتمانییەکان بۆ تەخت خۆی لەخۆیدا شتێکی لەبار بوو، بەڵام هەندێ بارودۆخ بوونە ڕێگر لەبەردەم هەڵبژاردنی هەرێەک لە نەقیبی خانەدانان لە بەغدا سەید عەبدولڕەحمان ئەلگەیلانی و تالب پاشای نەقیب، کە کاندید بوون بۆ تەخت. هەرچی یەکەمیانە تەمەنی زۆر بوو، دووەمیشیان پیاوێکی بەتەماع بوو کە بەهۆیەوە زۆر کەس بووبوونە دوژمنی و ڕقیان لێی بوو. زۆر لە ئەفسەران ئەمیری عوسمانی بورهانەدینیان کاندید دەکرد، بەڵام ڕێی تێدەچوو ئەوە ناکۆکی بۆ دەوڵەت لەگەڵ تورکیای کەمالی دروست بکات. بەم شێوەیە ئەو بۆچوونەی لەگەڵ دانانی یەکێک لە کوڕەکانی شەریف حسێن بوو بەپاشا لەسەر عێراق، گەورەترین پاڵپشتی هەبوو. یەکێک لەوانیش، کە عەبدوڵا بوو، ئامادەیی پیشان دا دەرفەت بداتە فەیسەڵی برای، کە فەرەنسییەکان لە دیمەشق دەریان کرد. بەم شێوەیە نوێنەرانی سیاسی و سەربازیی بەریتانیا کە چەرچڵ بانگی کردن بۆ کۆبوونەوە لە قاهیرە (١٢ی ئاداری ساڵی ١٩٢١) ئەمیر فەیسەڵیان هەڵبژارد. لەبەرئەوە تالب پاشا، سەرسەختترین دوژمنانی فەیسەڵ و مەترسیدارترینیان –لە بێعەقڵییەکی ئاشکرادا- هەڕەشەی بانگکردنی لایەنگرە بەدوەکانی کرد بۆ شۆڕش ئەگەر حکومەت هەر هەوڵێک بۆ کارکردنە سەر هەڵبژاردنەکان بدات، لەبەرئەوە جارێکیتر دوور خرایەوە بۆ سیلان. خاتوو گرترود بێڵ Gertrude Bell هەرچی هێز و هەژموونی هەبوو لەپێناو فەیسەڵدا بەکاری هێنا.

فەیسەڵ لە ٢٣ی حوزەیران پێی نایە خاکی بەسرە و گەڵ بەجۆش و خرۆشەوە لە ٢٩ی هەمان مانگ لە بەغدا پێشوازییان کرد، لەکاتێکدا لەو شارە لاوەکییانەی لە ڕێگەیدا بۆ پایتەخت پێیاندا تێپەڕی، پێشوازییەکی ڕاڕا و ساردی لێکرا. بەم شێوەیە وا دیار بوو پێویست بەجۆرە ڕاپرسییەکی گشتی دەکات بۆ چەسپاندنی تەختەکەی. لەو ڕووەوە دەسەڵات دڵنیا نەبوو لەو ئەنجامەی لەوانەیە لە هەڵبژاردنی کۆمەڵەیەکی نیشتمانی بکەوێتەوە، ئەوا تەنها ڕای خانەدانان و فەرمانبەرانی لە ناوچە جیاجیاکانی وڵاتی، لەژێر سەرپەرشتیی ڕاوێژکارانی بەریتانیدا وەرگرت. لەسەر بناغەی ئەو ڕاپرسییە سێر پێرسی کۆکس لە ٢٢ی ئابی ١٩٢١ ئەمیر فەیسەڵی بە پاشای عێراق ڕاگەیاند.

فەیسەڵ لە وتاری چوونە سەر تەختدا سووربوونی خۆی[١٨٨] ڕاگەیاند لەسەر ئەوەی پەیماننامەی هەڵسەنگاندنی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و بەریتانیا لەسەر بناغەگەلی نوێ

---

[١٨٨] دەقە عەرەبییەکەی لە کتێبی (الثورة العربیة الکبری)، امین سعید-دا هەیە، ب٢، لا١٠٥-١٠٧، هەروەها چەند پەرەگرافێکیشی لەم سەرچاوەیەی خوارەوەدا هاتووە: Ireland, Iraq, pp. 336-337.

بخاته بەردەم [کۆمەڵی تەئسیسی]. ئەگەرچی حکومەتی بەریتانی ئامادە بوو تا ئەوپەڕی توانا خۆی لە بەکارهێنانی وشەی دزێوی "ئینتیداب" ببوێرێت، بەڵام زۆر بەتوندی دژی هەر شتێک دەوەستا هەژموونی سنووردار بکات. لە یەکەم پرۆژەیاسادا کە حکومەت بۆ پاشای بەرز کردەوە، تا رادەیەکی زۆر هەوڵی دا ئەم داواکارییانەی بەریتانییەکان رازی بکات، لەبەرئەوە نیشتمانییەکان بەتوندی بەرهەڵستییان کرد. فەیسەل باوەڕی وابوو بەپشتبەستن بەو نیشتمانییانە دەتوانێت خۆی لە چاودێریکردنی بەریتانی رزگار بکات، بەم شێوە لە ١٤ی ئابی ١٩٢٢ دەست لەکارکێشانەوەی یەکەمین وەزارەتەکەی پەسەند کرد، کە بەسەرۆکایەتیی نەقیب [گەیلانی] بوو.

کاتێک هەردوو حزبە نیشتمانییە تازە دامەزراوەکە، یەکەمین سالیادی چوونە سەر تەختی شا فەیسەڵیان قۆستەوە لەپێناو ئەنجامدانی خۆپیشاندانێک دژی ئینتیداب، مەندوبی سامی تووشبوونی پاشای بەنەخۆشییەکی ترسناک کردە بەهانە تا خۆی دەست بەسەر حوکمی وڵاتدا بگرێت. دوای ئەوەی مەندوبی سامی ژمارەیەک لە سەرانی حزبەکانی بۆ دورگەی بچووکی هەنجامی خاوەن کەناری گەورە لە کەنداوی فارسی دوور خستەوە و ئەوانیتریشی لەرێی هەڕەشە و گوڕەشەوە ناچار کرد عێراق بەجێ بهێڵن، پاشا دوای چاکبوونەوەی لە نەخۆشییەکەی، ناچار بوو بەگەرانەوەی نەقیب [گەیلانی] بۆ سەرۆکایەتیی حکومەت رازی ببێت و پەیماننامەکە پەسەند بکات. بەڵام نەقیب ماوەیەکی کەم پاش ئەوە بەویست و هەڵبژاردنی خۆی دەستی لەکار کێشایەوە و عەبدولموحسین بەگ سەعدون لە سەرۆکایەتیی وەزارەت (کابینەی حکومەت)دا جێگەی گرتەوە.

لەو ئەرکە قورسانەیش کە دەبوو حکومەتی عێراق ئەنجامیان بدات، دانانی دەستوورێک بوو بۆ وڵات کە لە هەمان کاتدا ئاواتە نیشتمانییەکانی عێراقییەکان و بەرژەوەندییەکانی بەریتانیایش تێیدا رەنگ بدەنەوە. بێگومان زۆر جار سکالا لەدەست خەرجییە زەبەلاحەکانی سیاسەتی رۆژهەلاتی لە بەریتانیا بەرز دەبوویەوە، بگرە داوای کشانەوە لە عێراق بوو بە مادەیەک و لە بانگەشەی هەڵبژاردنی بەریتانیدا بەکار هات، کە پاش کەوتنی وەزارەتەکەی لوید جۆرج لە ٢٣ی تشرینی یەکەمی سالی ١٩٢٢ ئەنجام درا. عێراقیش لای خۆیەوە لەژێر باری ئیدارەی بەریتانیدا دەینالاند کە پیاوانی مووچەی زۆر گەورەتریان لە مووچەی فەرمانبەرانی نیشتمانی وەردەگرت[١٨٩]. بەڵام حکومەتی بەریتانی بەهیچ شێوەیەک بیری لە بەجێهێشتنی وڵات نەدەکردەوە، بەڵکو خەمی ئەوە بوو لەلایەک

---

[١٨٩] بەهەرحال بیانییەکان فاکتەرێک نەبوون کە بەهیچ شێوەیەک نەکرێت لە خۆشگوزەرانی و گەشەسەندنی وڵاتدا دەستیان لێ هەڵبگیرێت، ئەویش بەبەڵگەی ئەو ئامارە رەسمییانەی ئاماژە بەکەمبوونەوەی فەرمانبەرانی بەریتانی دەکەن لە ٨٧١ فەرمانبەرەوە بۆ ١٦٠ فەرمانبەر، فەرمانبەرانی هیندیش لە ماوەی نێوان سالی ١٩٢٠ و سالی ١٩٣١دا لە ٢٠٣٥ فەرمانبەرەوە بۆ ٣٦ کەس. بڕوانە: Ireland, p.367, note 2.

لەڕێی مەندوبی سامییەوە بەباشی سوود لە هەژموونی خۆی لای پاشا و لەلایەکیتریشەوە لەڕێی راوێژکارەکانەوە سوود لە وەزیر و پەرلەمانتاران، وەربگرێت.

لەو رووەوە دەستوەردانی بەریتانی لە دانانی دەستووردا ڕۆشن بوو، شیعەکان بەتوندترین شێوە بەرهەڵستیی هەڵبژاردنەکانی کۆمەڵەی تەئسیسییان کرد، کە یەکی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٢ی وەک وادە بۆ دیاری کرا. لەڕاستیدا حکومەت نەیتوانی ئەو هەڵبژاردنانە ئەنجام بدات تا پاش نەفیکردنی سەرانی شیعە بۆ زێدی خۆیان لە فارس، پاشان کۆمەڵەی تەئسیسی لە ٥ی ئاداری ساڵی ١٩٢٤ دەستبەکار بوو.

پەیماننامەی نێوان عێراق و بەریتانیا

کۆمەڵەی تەئسیسی دوای گەنگەشەیەکی دوور و درێژ کە هەندێ جار تووندییەکەی هۆڵی کۆمەڵەکەی تێدەپەڕاند و دەگەیشتە شەقام، هەروەها دوای ئەوەی بەریتانیا هەڕەشەی لە حکومەتی عێراقی کرد کە داوا لە کۆمەڵی گەلان دەکات سەرپشکی بکات بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی نوێ لە عێراق ئەگەر بێتو پەیماننامەکە نەخرێتە واری جێبەجێکردن، ئەنجا پەیماننامەی عێراق و بەریتانیای پەسەند کرد. هەرچۆن بێت، کێشەی نێوان عێراق و تورکیایش لەسەر ویلایەتی مووسڵ ڕۆڵی هەبوو لە شێلگیریی کۆمەڵەی تەئسیسیدا، کە کێشەیەک بوو عێراقییەکان بەبێ یارمەتیی بەریتانیا نەیاندەتوانی سەرکەوتنی تێدا مسۆگەر بکەن. بەریتانیا زانی چۆن چۆنی ئەو ترسەی عێراقییەکان بقۆزێتەوە تا مافی وەبەرهێنانی بیرە دەوڵەمەندەکانی نەوت لە کەرکوکیان لێ وەربگرێت، تا کاتێک ئەو بۆرییانەی بە بیابانەدا ڕاکێشراون نەوتی عێراقیان بۆ بەندەری حەیفای فەلەستینی گواستەوە ، ئیمپراتۆرییەتی بەریتانی یەکێک لە زیندووترین و مەترسیدارترین بەرژەوەندییەکانی بەدیهێنا. بەم شێوەیە بەدوای ڕێکەوتن لەسەر ئیمتیازاتی نەوتدا، دەستووری عێراقی لە کۆتا شێوەیەدا لە ٢١ی ئاداری ساڵی ١٩٢٥ بڵاو کرایەوە.

لە پرۆتۆکۆلی پەیماننامەی ٣٠ی نیسانی ساڵی ١٩٢٣ لەگەڵ بەریتانیا لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن ماوەی پەیماننامەکە بەبوونە ئەندامی عێراق لە کۆمەڵی گەلان کۆتایی بێت. تا ئەو کاتەیش بەریتانیا بەڵێنی دا هەر چوار ساڵ جارێک -بەدرێژایی بیست و پێنج ساڵ- لە ئیمکانییەتی کاندیدکردنی بۆ عێراق بۆ ئەندامێتیی کۆمەڵی گەلان بکۆڵێتەوە، هەروەها لەوەی ئاخۆ ڕێکەوتنەکانی پەیوەست بە دارایی و سوپا پێویستیان بە هەموارکردن هەیە یان نا. کاتێک قۆناغی یەکەم ساڵی ١٩٢٨ تەواو بوو، فەیسەڵ و جەعفەر عەسکەریی سەرۆک وەزیران چوون بۆ لەندەن و هەوڵیان دا حکومەتی بەریتانی قایل بکەن بەوەی عێراق

هێنده پێگەیشتوە شیاوی ئەوەیە بچێتە ریزی ئەندامانی کۆمەڵی گەلان، بەڵام حکومەتی بەریتانی بەڵێنی پێدان ئەوەیان ساڵی ١٩٣٢ بۆ بەدی بێنێت. کاتێک حزبی کرێکاران دەسەڵاتی گرتە دەست ئومێدی عێراقییەکان بووژایەوە -هەروەک ئومێدی میسرییەکانیش بووژایەوە- کە بەریتانیا لە ئارەزووە نیشتمانییەکانیان تێبگات و کار بۆ بەدیهێنانیان بکات. لەڕاستیدا حکومەتی نوێ ئومێدی خواست بتوانێت بەهاتنی ساڵی ١٩٣٢ بەئەندامکردنی عێراق لە کۆمەڵی گەلان پەسەند بکات و ئامادەیی دەربڕی بۆ بەستنی پەیماننامەیەکی نوێ لەگەڵ عێراق، هەروەها لەگەڵ میسریش. ئەگەرچی نیشتمانییەکان بەتوندی نارەزایییان دژی دوودڵییە بەریتانییەکان دەربڕی -کە پێویستی دەکرد لەکاتی جەنگدا سەرچاوەکانی عێراق بخرێنە بەردەستی بەریتانیا و بەهەمیشەیی سوود لە بنکە ئاسمانییەکان وەربگرێت- بەڵام پەرلەمانی نوێی عێراق ئامادە بوو لە ١٦ی تشرینی دووەم پەیماننامەکە پەسەند بکات، لەو کاتەوە بەریتانیا بەکردەوە دەستی کرد بە سافکردنی دەزگا ئیدارییەکەی لە وڵات. دوای ئەوەی عێراق لە ٣٠ی ئایاری ساڵی ١٩٣٢ بەڵێنی دا رێزی مافی کەمینەکان بگرێت و یەک سیستمی دادوەریی یەکگرتوو بۆ سەرجەم دانیشتوانی عێراق و سەرجەم بیانییەکان وەک یەک جێبەجێ بکات، لە ٣ی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا بەئەندام لە کۆمەڵی گەلان وەرگیرا.

ئاشوبی ئاشوورییەکان

کێشەیەکی مەترسیدار سەفای کۆتا ساڵی سەردەمی فەیسەڵی تەڵخ کرد. ئەوە بوو پاشماوەی ئەو ئاشوورییانەی[١٩٠] لە لەناوچوون لەسەر دەستی دوژمنە دێرینەکەیان، واتە کوردەکان، دەربازیان بووبوو، دوای ئیمزاکردنی رێکەوتنامەی ئاشتی لەنێوان هاوپەیمانان و دەوڵەتانی ناوەڕاست (میحوەر) لە وێلایەتی مووسڵ نیشتەجێ بوون، هەم لەسەر داوای پیاوانی ئاینیی ئەنگلیکانی و هەم لەبەرئەوەی سەلماندبوویان بۆ خزمەتی سەربازیش دەست دەدەن، لەلایەن دەسەڵاتی بەریتانی خاوەن ئینتیدابەوە مامەڵەیەکی تایبەت و باشیان لەگەڵدا دەکرا. ئەو ئاشوورییانە متمانەیان بەو گەرەنتییە کردبوو و وەک جاش (مورتەزەقە) خزمەتی سەربازیی بەریتانییەکانیان دەکرد و بەکردەوە بەشداریان لە جەنگ دژی هاوسێ کوردەکانیان کردبوو بۆ دامرکاندنەوەی ژمارەیەک لە شۆڕشە لەدوای یەکەکانیان، لەبەرئەوە خراپ بووبوونە دوژمنیان. کاتێک هەژموونی بەریتانی کەمی کرد

---

[١٩٠] ئاشوورییەکان ئەو نەستوورییانەن بە سریانی قسە دەکەن. لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا دژی تورکەکان راپەڕین.

ئەو مامەڵە تایبەتەی پێی راهاتبوون لەدەستیان دا، لەبەرئەوە هەڵەشانە و سەرچڵانە بەرەو شۆڕش بەسەر حکومەتی نیشتمانیدا هەنگاویان نا، بەڵام زەعیم (کۆڵۆنیل) بەکر سدقی شۆڕشەکەیانی زۆر دڵڕەقانە سەرکوت کرد.

فەیسەڵ لە ٨ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٣ مرد، ئەو شەپۆلی خەمبارییەی بەمردنی سەرتاسەری عێراقی گرتەوە، بەڵگە بوو لەسەر ئەوەی خەڵکەکە سوودێکی گەورەیان بۆ وڵاتەکە لە دەسەلاتیدا دەبینی. لەگەڵ ئەوەی راوێژەکانی مەندوبانی سامیی بەریتانی و رێنوێنییەکانیان هەندێ جار رێگر بوون لەبەردەمیدا لەوەی هەنگاوی زۆر بوێرانە بهاوێژێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە شایانی ستایشە کە -وەک کەسێکی غەریب بە وڵاتەکە و لە هەلومەرجێکی تا بڵێیت ورد وزەحمەتدا- توانی دەسەڵاتی ئەو تەختەی چووە سەری قایم بکات. لەڕاستیدا زرنگییە بەرچاوەکەی وای لێکرد بتوانێت -لەناو گەلی عێراقدا کە لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئاینییەوە ناهارمۆنییە- کۆمەڵێک راوێژکار بدۆزێتەوە کە هەمیشە ئامادە بن پاڵپشتیی پلانە سیاسییەکەی بکەن، کە (ئەو پلانە) هەر لەسەرەتاوە بەچاکی هەڵیدەبژارد و بەتەواوی پێوەی پابەند دەبوون، ئامانجیشی ئەوە بوو وڵاتەکە بەرەو ژیانی سیاسیی سەربەخۆ و خۆشگوزەرانیی ئابووری ببات، لەگەڵ پارێزگاریکردن لە شێوازە پەرلەمانییەکان و دانان بەداواکارییەکانی بەریتانیادا، نەخاسمە کە وڵاتەکە هێشتا لە پاراستنی بەریتانیا بێنیاز نەبوو. ئەو ژمارە زۆرەی کابینەی حکومەت کە لە سەردەمەکەیدا دروست بوون، فەرمانیان لەوەوە وەردەگرت نەک لە پەرلەمانەوە، هەرکات دەستی لە کاروباری حکومەت وەردابێت ئەو دەستێوەردانە لە بەرژەوەندیی وڵاتەکە دەرچووە. فەیسەڵ توانی، لەڕێی بەریتانیاوە، پەیوەندییەکانی لەگەڵ دژبەری دێرینی بنەماڵەکەی، عەبدولعەزیز بن سعوود پاشای نەجد و حیجاز، چاک بکات، کە سەروەختێ مەیلی هەبوو دەسەلاتی خۆی، لەسەر حسابی هاوسێ هاشمییەکەی، بەرەو باکوور فراوان بکات. بەم شێوەیە عێراق توانی لە ٢١ی نیسانی ساڵی ١٩٣٦ لە سەردەمی غازی کوڕی فەیسەڵدا، پەیماننامەیەکی دۆستایەتی لەگەڵ شای سعوودی ببەستێت.

شا غازیی یەکەم

غازیی یەکەم لە بیست و یەک ساڵیدا چووە سەر تەخت، ئەوەیش تەمەنێک بوو توانای ئەوەی پێ نەدەبەخشی بەهەمان سەرکەوتنی باوکی درێژە بەکارەکەی ئەو بدات. لەڕاستیدا یەکەمین هەوڵەکانی بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ پاش چوونە سەر تەخت، بەدوژمنایەتیی ریشەداکوتاوی نێوان راوێژکارە بەریتانی و عێراقییەکانی شکستیان هێنا، لێرەوە کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەی لە هەڵبەز و دابەزە حکومییەکانی پاشتریشدا نەبوو.

شەرزیی دۆخی سیاسیی وڵات لەو کودەتا سەربازییەدا دەرکەوت کە لە ٢٩ی تشرینی یەکەمدا رووی دا. ئەوە بوو، سەرکوتکەری فیتنەی ئاشوورییەکان، بەکر سدقی، کە پێشتر پاشا بەپاڵنەری دڵگەرمیی قۆناغی لاوێتی و سەرسامبوونی بە کارە قارەمانانەکانی، پلەی بۆ فەریق بەرز کردبووەوە، لەکاتێکدا لەنزیک بەغدا مانۆڕێکی سەربازی ئەنجام دەدا، بەسوپا و فڕۆکەکانی هێرشی کردە سەر پایتەخت، تا وەزارەتی یاسین پاشا [ی هاشمی] بڕوخێنێت، کە بەبوونی مەیلی کۆنەپەرستانە تۆمەتبار بوو. لەکاتی دانوستانەکاندا وەزیری جەنگ جەعفەر پاشا [عەسکەری] کوژرا کە پیاوێکی بەتەمەن و خاوەن بەهرەی گەورە بوو. دوای کشانەوەی یاسین پاشا، حیکمەت سلێمان -بۆ ماوەیەک- و یاریدەدەرانی بەکر سدقی جڵەوی حوکمیان گرتە دەست. ئەگەرچی یاسین ئەلهاشمی پتر لە جارێک سەرسامیی خۆی بەئەتاتورک دەربڕیبوو، بەڵام عێراق هەوڵێکی جددی بۆ گرتنەبەری شێوازەکانی ئەتاتورک بەخۆوە نەبینی لە سەردەمی حکومەتی نوێدا نەبێت. بەڵام دۆخەکە لە هی تورکیا جیا بوو. تورکیا ملکەچی هیچ دەسەڵاتێکی بیانی نەبوو و گەلەکەیشی هارمۆنی و یەکگرتوو بوو. بەڵام عێراق کە ملکەچی چاودێری و سەرپەرشتیی بەریتانیا بوو دەبوو زۆر بەسەختی خەبات لەپێناو چارەسەری کێشەی کەمینەکان و دروستکردنی هاوسەنگی لەنێوانیاندا بکات، ئەمە جگە لە کارکردن بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوخۆ و پاڵپشتیکردنی باری دارایی.

ژیانی عەقڵی لە عێراق

ئەو ساڵە پڕ کێشە و هەرایانە ساڵانی هات نەبوون، بەتایبەت بۆ گەشەسەندنی ژیانی فیکری لە عێراق. لە بارێکدا توخمە ناوخۆییە شیعی و سوننییەکان لە زیندووکردنەوەی کەلەپووری ئەدەبیی کۆنی وڵاتدا کێبرکێیان دەکرد و تا نزیک لە کۆیلایەتی ملکەچی ئەو کەلەپووره بوون، ئەوا حکومەت بەپلەی یەکەم رووی کردە سووریا و میسر تا نوێنەرانی فەرهەنگی نوێ بۆ وڵات کێش بکات، بەڵام ئەوانە لە بەر هەستیاریی توندی دەمارگیریی عێراقی بەدەگمەن توانیویانە بۆ ماوەیەکی درێژ پارێزگاری لە پۆستەکانیان بکەن. بەم شێوەیە ساڵی ١٩٢٧ مامۆستایەکی لاوی سووری لە کارەکەی وەک مامۆستای میژوو لە خانەی مامۆستایان فەسڵ کرا، لەبەرئەوەی کتێبێکی دانابوو ستایشی ئومەوییەکانی تێدا کردبوو. هەرچۆن بێت، رۆحی کەلتووری نوێ لەژێر کاریگەریی رۆژنامەگەریی میسریدا وردە وردە لە دەروازەکانی عێراقەوە هاتە ژووروەوە و هەوڵی دا گۆڕەپانەکە لەدەستی کۆنپارێزان دەربێنێت، بەتایبەت لە هەردوو بواری شیعر و میژوودا.

رووس و بەریتانییەکان لە فارس دوای جەنگی جیهانی

ماوەیەکی کورت دوای تەواوبوونی جەنگی جیهانیی یەکەم پاشاگەردانی بالّی بەسەر نزیکەی تەواوی ولاتی فارسدا کێشابوو. راستە بەلشەوییەکان راستەوخۆ پاش پەیماننامەی برێست لیتۆفسک Brest-Litovsk دەستیان لە گشت دەسکەوتەکانیان و تەماعەکانی حکومەتی قەیسەری لە ولاتەکە هەلّگرت، بەلّام بەریتانییەکان دەستبەجێ ئەو ناوچانەیان داگیر کرد کە سوپای رووسی لێیان کشایەوە. لە ٩ی ئابی سالّی ١٩١٩ سێر پێرسی کۆکس توانی رێکەوتنێک لەگەلّ فارس بکات، بەگوێرەی ئەوە، حکومەت و سوپا، هاوشێوەی میسر و عێراق، خرانە ژێر دەسەلاتی "راوێژکاران"ی بەریتانی. لە هەمان کاتدا شاندێکی فارسی، بەبێ رێنمایی پێویست لە حکومەتەکەیەوە، لە پاریس بێهوودە هەوڵی دەدا سەرنج و سۆزی هاوپەیمانان رابکێشێت، لەکاتێکدا ئەوان سەرقاڵ بوون بە ململانێ لەسەر چارەنووسی جیهان.

بەلّام زۆری نەبرد بەلشەوییەکان لە فارس دەستیان بەچالاکی کردەوە. پاش ئەوەی لە ئایاری سالّی ١٩٢٠ باکۆیان داگیر کرد، شوێن کەشتییەکی جەنگیی دەریایی بچووک کەوتن لەژێر فەرمانی ژەنەرالّی رووسیی سپی دێنیکین Denikinدا، کە هەلاتبوو بۆ بەندەری ئەنزەلی Enzeliی فارسی لەسەر دەریای قەزوین، لەوێ فارسەکان چەکیان کرد. (بەلشەوییەکان) بە ئاگری چەکەکانیان بۆردومانی بەندەرەکەیان کرد، هێزە بەریتانییە شکاوەکەیان لەناو ولاتدا تا "رەشت" راونا و حکومەتێکی کاتییان بەسەرۆکایەتیی کوچوک خان دامەزراند. لەڕاستیدا کەوتبوونە هەڕەشەکردن لە تاران کاتێک فیرقەی قوزاقی فارسی دەستی بەسەر رەشتدا گرت و پاش ئەوە کشایەوە بۆ ئەودیو هێڵە بەریتانییەکان.

ئەفسەرانی فارسی قوزاق ئەم شکستەیان بۆ هاوەلانی رووسییان گێڕایەوە، رەنگە لەوەیشدا راست بکەن. لەناو ئەو ئەفسەرانەدا رەزا خانی مازەندەرانی هەبوو کە کوڕی ئەفسەرێک بوو بە پلەی "سەرتیپ" (قومندان)، لە سەوادوخ لە ١٦ی ئاداری سالّی ١٨٧٨ لەدایک بوو. رەزا خان لە شەڕێکی بچووکدا لەگەلّ رووسەکاندا پێکدا پژان کاتێک بە فەرمانی حکومەتەکەی ئەفسەرێکی رووسی تەسریح کرد کە ئامادە نەبوو دەست لە پۆستەکەی هەلّبگرێت. نەک هەر ئەوە، بگرە لەوەیشی تێپەڕاند بۆ تەسریحکردنی سەرجەم ئەفسەرانی رووس بەهەمان عەزم و جەزم و دامەزراندنی هێزێکی پاسەوانی تایبەت بەخۆی لە ئەندامانی کەتیبەی قۆزاق، کە تەواو دڵسۆز بوون بۆی، کە بە هۆی ئەوەوە کەتیبەکەیش پێگەی سەربازیی خۆی بۆ گەڕایەوە.

لەکاتێکدا بەریتانییەکان هێشتا بیریان لە دەستهەڵگرتنی یەکجارەکی لە پێگەی لەرزۆکیان لە فارس دەکردەوە، بااڵیۆزی فارسی "موشاویر ئەلمەمالیک" لە مۆسکۆ دانوستانی لەگەڵ چیچرین Chicherin دەکرد بۆ بەستنی پەیماننامەیەک لەگەڵ رووسیادا، کە بەو پێیە ئەمەی دوایی وازی لە سەرجەم مواڵکەکانی لە خاکی فارسیدا هێنا، هەروەها دەستبەرداری سەرجەم ئەو مافانەی بوو کە لە ئیمتیازاتە کۆنەکانەوە پەیدا بووبوون.

رەزا خان هەڵدەکوتێتە سەر تاران

حکومەتی تاران کە شا ئەحمەد [قاجاری] سەرۆکی بوو، دەستەپاچە بوو لە دانانی پلانێکی سیاسیی رۆشن لەسەری بچێت، لەبەرئەوە ئەفسەرانی قوزاق لە قەزوین، لەسەر قسەی رەزا خان، بڕیاریان دا دەست لە پایتەخت وەربدەن. ئەفسەرەکان هەستیان کرد بزوتنەوەکەیان پێویستی بەئەدیبێکی زمانپاراو و رەوانبێژ هەیە، ئەو ونبووەی خۆیشیان دۆزییەوە، کە سەید زیائەدین بوو. لە ٢ی شوبات رەزا خان و سەربازانی -کە ژمارەیان ٢٥٠٠ پیاو بوو- گەیشتنە دەروازەکانی پایتەخت تا حکومەتی نوێ بەسەر شادا بسەپێنن. دوای شەڕێکی کورت لەگەڵ پیاوانی دەرەک، فەرماندە سویدییەکەیان چوونە ڕیزی قوزاقەکان. شا -کە هەستی کرد ترس لەسەر خۆی هەیە- بەبێ بەرهەڵستیگردن رازی بوو بە پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ بەسەرۆکایەتیی زیائەدین، ئەویش خێرا دەستی دایە لێپرسینەوە لە دەسەاڵتدارانی پێشوو کە هیچ خەمێکیان نەبوو جگە لە خۆ دەوڵەمەندکردن لەسەر حسابی گەل. دەستی بەسەر موڵک و سامانەکانیاندا گرت کە بەڕێگەی ناڕەوا کۆیان کردبووەوە و گێڕایەوە بۆ گەنجینەی دەوڵەت. ڕەزاخانیش کرا بە وەزیری جەنگ و فەرماندەی باڵای (سەرداری سپیە). جا ماندوونەناسانە کەوتە گۆڕینی پاشماوەی سوپا پەرش و باڵاوەکەی ناو وڵات، هەروەها کەتیبە قوزاقییەکەی بۆ سوپایەکی نوێ و ئامادە بۆ شەڕ. تا کاتێک زیائەدینی سەرۆک وەزیران ویستی مەشقدەرانی بەریتانی بەسەر ئەو سوپایەدا بسەپێنێت، ڕەزا خان خۆی لێ ڕزگار کرد و شای ناچار کرد سەرۆکایەتیی حکومەت بە قیوام ئەلسەڵتەنە بسپێڕێت، کە یەکێک بوو لە حاکمە دەستگیرکراوەکانی ویلایەتەکان.

شەڕ دژی شۆڕشگێڕان

بەاڵم حاکمانی ویلایەتەکان لەسەر ڕەتکردنەوەی ملکەچکردن بۆ دەسەاڵتی ناوەندیی نوێ سوور بوون. لە گەیلان حکومەت دەبوو نەک هەر کوچوک خان کە ڕووس لەوێ دایاننابوو لەناو ببات، بەڵکو ژمارەیەک سەرگەورەی هەندێ باندیتریش لەناو ببات کە لەلایەن ڕووسیاوە پشتگیری دەکران. لە ئازربایجان یەکێک لە سەرکردە کوردەکان

کۆماری راگەیاند، دەبوو حکومەت پەلە لە دامرکاندنەوەی فیتنەکەی بکات بەر لەوەی بەلشەوییەکان هەست بکەن بەرژەوەندییان لەوەدایە پشتگیری بکەن. لە هەردوو ساڵی ١٩٢١ و ١٩٢٢ رەزا خان لەو شەڕی پارتیزانییە وێرانکەرەی دژی شۆڕشگێڕان ئەنجامی دا، بەشەکانی باکووری وڵاتی ملکەچ کرد، هەروەها ساڵی ١٩٢٣ دەستی لە باشووریش وەردا، کە تێیدا بەریتانییەکان هەیبەتی حکومەتی ناوەندییان بەتەواوی لەناو بردبوو.

رەزا خان لەو کاتەی لە گۆڕەپانی شەڕدا بوو، گوێی نەدەدا بەو پیلانانەی لە پایتەخت بەڕێوە دەچوون و سێ جار بوونە مایەی لادانی سەرۆکی حکومەت لە پۆستەکەی و دانانی کەسێکیتر لە جێگەی. تا کاتێک لە تشرینی یەکەم پیلانێکی ئاشکرا کرد کە قیوام سەلْتەنە بۆ کوشتنی داینابوو، لەپاڵ وەزارەتی جەنگدا سەرۆکایەتیی حکومەتیشی وەرگرت. هەرچی پاشایە کە وەک پێشینەکانی تەنها بیری لە بەرژەوەندیی خۆی دەکردەوە، وای بەباش زانی خۆی لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی بدزێتەوە، بەوەی بۆ ماوەیەکی دیارینەکراو گەشتێک بۆ ئەورووپا بکات.

قەیرانێکی دەستووری

لەڕاستیدا دۆخی رەزا خان تا رادەیەکی زۆر لە دۆخی مستەفا کەمال دەچوو، تەنانەت مرۆڤ لێی چاوەڕوان دەکات هەمان ڕێچکەی هاوەڵە تورکەکەی بگرێتەبەر لەڕووی لەناوبردنی سەلْتەنەت و هەڵوەشاندنەوەی خیلافەتەوە. بەڵام رەزا خان هێندە ژیر بوو کە زیادەڕەوی لە مەزەندەکردنی هێزی خۆی نەکات لە وڵاتێکدا لەڕووی نەتەوەیی و هەروەها لەڕووی ئاینییەوە نایەکگرتووە ئەگەرچی شیعە بەشی زۆری دانیشتوانی پێکدێنن. لەبەرئەوە کاتێک ساڵی ١٩٢٤ داوا کرا کۆمار رابگەیەنرێت لایەنی حەزەری گرت لە دوو ڕووەوە: لەکاتێکدا (حزبی نەهزە) کە لە ئەنجوومەندا نوێنەری هەبوو، باوەڕی وابوو دەتوانێت پاشتر وا لە پەرلەمان بکات دەستوور هەموار بکات بەو شێوەیەی لەگەڵ مەیلە کۆمارییەکانیدا بگونجێت، موجتەهیدی شیعی محەمەد ئەلخالصی، کە بەریتانییەکان لە نەجەف نەفییان کرد، ململانێی دەکرد لەپێناو ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێ کە "کۆمارێکی میللی" لێ بکەوێتەوە. رەنگە ئەوەیشی لەژێر کاریگەریی نفووزی بەلشەویدا کردبێت. لە ئاداری ساڵی ١٩٢٤ لە ئەنجوومەن گفتوگۆی توند دەربارەی دەستوور کرا، کە لە جۆرەها گێرەشێوێنی شەقام و مانگرتنی گشتیدا رەنگی دایەوە. لەڕاستیدا رەزاخان پرسی کۆماری ژیرانە و لێزانانە چارە کرد، ئەوە بوو ڕووی کردە شاری قومی پیرۆز کە تێیدا پیاوانی ئاینی –کە ڕێزێکی گەورەیان لە سەرتاسەری وڵاتەکەدا هەبوو- داوایان لێکرد بەرگری لە ئیسلام بکات –وەک ئەو بنچینەیەی دەوڵەتی لەسەر دادەمەزرێت- دژی شۆڕشی نوێ. تا کاتێک لەوێ بەیاننامەیەکی دەرکرد و گوێی بۆ نەگیرا دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە و

له ٨ی نیسان گەڕایەوە رووداو. جا کاتێک فەرماندەکانی هەڕەشەی پەلاماردانی تارانیان کرد، دەستبەجێ نێردەیەک لە ئەنجوومەن ڕۆیشت بۆ بینینی ڕەزا خان تا تکای لێ بکەن بگەڕێتەوە. ئەنجوومەن ناچار بوو متمانەپێبوونی خۆی بۆ رابگەیەنێت و سەرلەنوێ جڵەوی حوکمی گرتەوە دەست. پاش ئەوەی هێزەکانی شۆڕشێکیان سەرکوت کرد کە لەو کاتەدا لەناو لوڕەکاندا سەری هەڵدابوو، هەموو هەوڵی خۆی بۆ دامەزراندن و بەهێزکردنی سوپا تەرخان کرد و بەو چەکە نوێیانەی لە کارگە فەرەنسییەکان هاوردەی کردبوون، چەکداری کرد.

خوزستان کە ژمارەیەکی زۆر عەرەبی تێدا نیشتەجێن، دوایین ویلایەت بوو ملکەچی حکومەتی ناوەندی بوو، بەم شێوەیە: بەریتانیا لە ساڵی ١٩٠٥ەوە لەڕێی پەیماننامەیەکەوە لەگەڵ شێخ خەزعەل ئەمیری محەمەرەدا، دەستی بەسەر بیرەکانی نەوت لەو ویلایەتەدا گرتبوو. هەروەها سوپای بەریتانیی هیندی لەکاتی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەمدا بۆ پاراستنی بۆرییەکانی نەوت کە لە عەبادان، لە دەروازەی شەتولعەرەبدا کۆتاییان دێت و سووتەمەنی پێویستیان بۆ ئەو کەشتییانەی لە ئۆقیانووسی هیندی کاریان دەکرد، دابین دەکرد، باشووری عێراقی داگیر کردبوو. ئەگەرچی حکومەتی تاران لەو کاتەدا ئیمتیازی ئەو بیرە نەوتانەی دابوو بە کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ-فارسی، بەڵام بەریتانیا پەیماننامەیەکی تایبەتی لەگەڵ شێخ خەزعەل بەستبوو، کە حوکمی تەواوی بەری چەپی شەتولعەرەب و ئاوی ڕووبەری کارونی خواروو دەکرد، کە لە ئەهوازەوە بۆ کەشتیەوانی لەبارە [تا محەمەرە لە باشوور] و بەڵێنی پێ دا لەکاتی هەر دەستدرێژییەکدا لەڕووی سەربازییەوە یارمەتی بدات. لەگەڵ ئەوەیشدا خۆی لە جێبەجێکردنی پەیماننامەکە دزییەوە کاتێک ڕەزا خان داوای دانی باجە دواکەوتووەکانی لێکرد. خەزعەلی پیر هەوڵی دا هۆزی بەختیاری -کە لەکاتی شۆڕشی فارسیدا ماوەیەک دەسەلاتی گرتە دەست- دژی ڕەزا خان هەڵبنێت، بەڵام بێسوود بوو، تا کاتێک ئەمەی دوایی بەسەرۆکایەتیی هێزەکانی بەرەو خوزستان کشان، شێخ هیچی لەبەردەم نەمابوو بتوانێت بیکات جگە لە خۆبەدەستەوەدان. پاش ئەم هەڵمەتە کە خوێنی تێدا نەڕژا و ئیمپراتۆرییەتی ئێرانی گێڕایەوە بۆ سنوورە کۆنەکانی، ڕەزا خان چوو بۆ تەوافی شارە پیرۆزەکانی شیعە لە عێراق.

داماڵینی شا ئەحمەد

سەرەڕای ئەم سەرکەوتنە گەورانەی سەرداری سیپەهی پەهلەوی (وەک ڕەزا خان لەو کاتەوە وێستی وا ناو ببرێت، پاش ئەوەی ناوی کۆنی بنەماڵەکەی بەکار هێنا) شا ئەحمەد کە لە پاریس دەژیا، خۆی بەئومێدی بەتاڵەوە گرێ دابوو کە بەخەیاڵی خۆی پێی وابوو

هێشتا محەمەد حەسەن میرزای کوڕی کە لە تاران مابوویەوە، لە توانایدایە لایەنگرانی قاجار کۆ بکاتەوە بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتێک کە لە بەرژەوەندیی ئەودا بێت. لەگەڵ ئەوەی ئەنجوومەن پشتگیریی پێشنیازێکی نەکرد کە خرایە بەردەمی سەبارەت بە زەرورەتی داواکردن لە شا بۆ گەڕانەوە، بەڵام جورئەتی کرد لە سەرەتای تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٥ سەرۆک وەزیران ئاگەدار بکات کە بەنیازە بگەڕێتەوە وڵات. رەزاخانیش زۆر زیرەکانە بۆ شای نووسی کە پێشوازی لەو نیازەی دەکات، هەروەها لەڕێی نامە و بڵاوکراوەوە لە سەرتاسەری وڵاتدا بڵاوی کردەوە. هەرێمی ئازربایجان ئەم جارەیشیان سەرکردایەتیی بزوتنەوەی نەیاری قاجاری کرد. ئەو بزوتنەوەیە سەرەتا بە پەناگیریی شۆڕشگێڕان لە مزگەوتەکان (بەست) دەستی پێکرد وەک لە دۆخی شۆڕشدا واباو بوو لایان. هەرچی لایەنگرانیان بوون لە تاران لە کۆلێژی جەنگی پەناگیر بوون و سەرۆک وەزیرانیان نامەباران کرد و تێیاندا داوایان لێکرد ڕێگە بە گەڕانەوەی شای ئێسک گران نەدات. سەرەنجام ئەنجوومەن لە ٢٨ی تشرینی یەکەم کۆ بوویەوە بۆ تاوتوێکردنی پێشنیازێک سەبارەت بە دامالینی شای قاجاری و گواستنەوەی دەسەلاتی جێبەجێکردن بۆ سەرۆک وەزیران تا ئەوکاتەی کۆمەڵەیەکی نیشتمانی نوێ دەستوورێکی نوێ بۆ وڵات دادەنێت. ئەگەرچی قارەمانی پیری دەستوور، نوێنەر تەقی زادە، جارێکیتر قسەی کرد و بەرگرییەکی بوێرانەی لە دەستوور کرد، ئەنجوومەن لەئاکامی گەنگەشەکردنێکی کوڕت پێشنیازەکەی پەسەند کرد. هەمان ڕۆژ ڕەزا خان شازادەی جێنشینی لە کۆشکی گوڵستان دەرکرد و لە ڕێگەی قەزوینەوە دووری خستەوە بۆ بەغدا.

ڕەزا پەهلەوی دەکرێتە شای ئێران

لەپێناو پارێزگاریکردن لە ڕواڵەت، کۆمەڵەی نیشتمانی نوێ بەدرێژایی شەش هەفتە گفتوگۆی لەسەر دەستووری نوێ کرد کە ڕەزا شای پەهلەوی بە پاشایەکی میراتی لەسەر ئێران هەڵبژارد، تا ئەوکاتەی سوێندی لایەندی بۆ دەستووری نوێ لە ئەنجوومەن دەخوات لە ١٥ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٥. لە نیسانی ساڵی ١٩٢٦ ڕەزا چووە سەر "تەختی تاووس" کە بەهەندێ خشڵ دەبرسیکایەوە، بۆ سەردەمی هەڵمەتی نادر شا بۆ سەر هیند دەگەڕانەوە.

لەڕاستیدا ئەوە ڕاگەیاندنی سەرەتای سەردەمێک لە پێشکەوتن و گەشەسەندن بوو لە ئێران، کە توانی لە ماوەی یەک دەیەدا قەرەبووی ئەوە بکاتەوە لە چەندین سەدەدا پشتگوێ خرابوو. شای نوێ توانی دانایانە مودارای هەستی پیاوانی ئاینی شیعە بکات کە هەردەم نفووزێکی گەورەیان هەبوو، هەروەک توانی لە هەمان کاتدا گەلی ئێران بەپلەکانی شارستانێتی نوێدا سەربخات. ئەو سەربازە زرنگە سەلماندی پیاوێکی دەوڵەتمەدارە لە

ئاستێکی بەرزدا، کە توانی کۆمەڵێک چاکسازیی گەورە لە سەرجەم بوارەکانی ژیانی سیاسیدا بکات. "ئەنجوومەن" هێشتا بەناو مابوو، بەڵام هیچ کاری نەبوو جگە لە پەسەندکردنی ئەو یاسایانەی شا دەریدەکردن. ڕەزا شا بەدووربینیی لێبڕاوانەی هەستی بەوە کرد بەیەکەوە بەستنەوەی بەشەکانی وڵات لەڕێگەی ئامرازی نوێی هاتوچۆوە پێویستە ببێتە بناغەیەک کە هەموو چاکسازییەکی لەسەر دادەمەزرێت، بەم شێوەیە حکومەت ساڵی ١٩٢٥ کەوتە چالاکی بۆ دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر و ئەو داهاتەی لەو باجانە دەستی دەکەوت کە لە هەردوو ماددەی سەرەکی بەکاربردن: چای و شەکر دەستی دەکەوت لەو ڕێیەدا خەرجی دەکرد، کە ئەوە گەورەترین داهات بوو حکومەت دەستی بکەوێت. هێڵی باکوور-باشوور کە لە بەندەرشا -ئەنزەلی کۆن-ەوە لەسەر دەریای قەزوین تا بەندەر شاپوور لەسەر کەنداوی فارسی درێژ دەبێتەوە، کۆمپانیای ج.بێرگەر J. Berger ی ئەڵمانی ساڵی ١٩٢٩ دەستی پێکرد، لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٣یشەوە کۆمپانیای کامپساکس Kampsax ی هۆڵەندی سویدی تەواوی کرد. ئەو دامەزراوانە کە بەیەکێک لە موعجیزەکانی تەکنیکی نوێ دادەنرێن، توانییان لە ماوەی سێ ساڵدا چیاکانی باکوور بە حەفتا و پێنج تونێل و ژمارەیەکی زۆر پرد ژێربار بخەن. لە ٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٧ ئەو بەشەی هێڵەکە کە بەدرێژی ٤٦١ کم تا تاران درێژ دەبێتەوە و بڕینی پازدە کاتژمێری دەویست، کرایەوە. هێڵەکە ڕێگەی خۆی لە ڕێی قوم و سوڵتان ئابادەوە دەڕژە پێدەدات و لە چیاکانی زاگرۆس (زارگەر)دا ١٥٠ تونێل دەبڕێت. هەرچی ئەو هێڵەیە لە هەمان کاتدا لە کەنداوی فارسییەوە دەست بەدامەزراندنی کرا، لە ٢ی ئابی ساڵی ١٩٣٨دا بەسترا بە هێڵەکەی باکووروەوە.

چاکسازیی دارایی

ساڵی ١٩٣٧ ژیانی دارایی ڕێک خرایەوە و بانکی نیشتمانی (بانک میللی) ڕاسپێردرا بۆ دەرکردنی کاغەزی دارایی لەباتی بانکی ئیمپراتۆری کە ساڵی ١٨٩٠ دامەزرابوو. یەکەی نەختینەی فارسی بریتییە لە ریاڵ، کە بەهاکەی بەرانبەر چوار سەنتی زێڕینە. بڕی پارەی کاغەزی دەستاودەست پێکراو ساڵی ١٩٣٧ گەیشتە ٨٠٠ ملیۆن ریاڵ. لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٢ ئەو ڕێکەوتنامەیەی لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ-فارسی بەسترا بەڵاو کرایەوە، کە لە خوزستان بیست هەزار کرێکاری ئێرانی بەکار دەهێنا و لە داڕشتە نوێیەکەیدا پشکێک لە بەرهەم و داهاتی کۆمپانیاکەی بۆ دەوڵەت دەستەبەر دەکرد.

ساڵی ١٩٢٨ ئیمتیازاتە بیانییەکان -کە لەگەڵ کەرامەتی دەوڵەتی نوێدا ناگونجێن- هەڵوەشێنرانەوە سەرەڕای بەرهەڵستیی توندی بەریتانیا بۆ ئەوە. لەباتی یاسای ئاینی

[شەریعەت] کە ئەوکاتە تەنیا کار بەو دەکرا، یاسایەکی مەدەنیی نوێ و یەکێکیش بۆ سزاکان خرانە کار، کە هەردووکیان لەسەر بناغەی یاسای فەرەنسی دانرابوون.

فارس لە سەردەمی نوێیدا گرنگییەکی تایبەتی بە کشتوکاڵ دا. دەبوو دەوڵەت رەوەندەکان (بەدو) بکاتە شارستانی، کە زۆر جار پاشکەوتنیان مەترسی بوو لەسەری، لەبەرئەوە ساڵی ١٩٣٧ زەویی میری لەنزیک بووشەهر بەسەریاندا دابەش کرد، قوتابخانە کشتوکاڵییەکان و کێڵگە نموونەییەکان شێوازە نوێکانیان لە بەکارهێنان و وەبەرهێنانی زەویدا بڵاو کردەوە. ساڵی ١٩٣٤ حکومەت دوو ملیۆن نەمامی چای لە وڵاتدا دابەش کرد، نەک هەر ئەوە، بگرە رۆژی ١٥ی ئاداری کردە رۆژی فیستیڤاڵی درەخت، تا جووتیاران بە پەیوەستیەکی رۆحیشەوە بەزەوییەوە ببەستێتەوە.

فارسەکان ساڵی ١٩٢٦ بەسەر یەکێک لە دژوارترین کۆسپەکانی بەردەم پێشکەوتنیاندا زاڵ بوون، ئەویش دواکەوتنی ئافرەت بوو لە هەنگاونان شان بەشانی سەردەم، کە دابونەریتە ئایینی و ئەخلاقییەکان سەپاندبوویان، ئەویش بە هەڵوەشاندنەوە (چادور) کە تونتدترین شێوەکانی حیجابە، ساڵی ١٩٣٦یش بەیەکجاری حیجاب لە فارس هەڵوەشێنرایەوە. ساڵی ١٩٣٥ شازادە خاتوون شەمسی پەهلەوی یەکەمین یانەی ئافرەتانە و یەکەمین تیمی دیدەوانیی کچانی دامەزراند. هەر هەمان ساڵ حکومەت یاسایەکی نوێی بۆ هاوسەرگیری دەرکرد کە لای خواری تەمەنی شووکردنی کچانی بۆ پازدە ساڵی بەرز کردەوە، هەروەها مافی تەلاقی بە ئافرەت بەخشی ئەگەر هاتوو مێردەکەی ویستی ژنێکیتر بێنێت.

جموجوڵی فێرکردن بەردەوام لە گەشەدا بوو. ساڵی ١٩٣٥، (٣٢٥٣) قوتابیی کچ و (٦٦٢١) قوتابیی کوڕ لە قوتابخانەکانی ئێران دەرچوون. لە شوباتی ساڵی ١٩٣٥ لە تاران زانکۆیەک کرایەوە کە کۆلێژێکی زانستە سروشتییەکان و پەیمانگەیەکی مۆسیقی (کۆنسێرڤاتۆری) لەخۆ گرتبوو، کە جگە لە مامۆستایانی خۆماڵی، ژمارەیەک مامۆستای ئەوروپیش وانەیان تێدا دەوتەوە. نەک هەر ئەوە، بگرە حکومەت هەر لەو ساڵەدا ئەکادیمیای ئێرانی "فەرهەنگستان"ی کردەوە کە لە ٣٧ ئەندام پێکهاتبوو، مەبەست تێیدا ئەوە بوو –هاوشێوەی هەردوو ئەکادیمیای دیمەشق و قاهیرە- پێش هەموو شت کار بۆ پاککردنەوەی زمان بکات. ئەدەبی فارسی –کە سەرباری بلیمەتیی ئێرانییەکان لە سەردەمی قاجاریدا لە گیانەڵادا بوو- لە سەردەمی نوێدا راچەنینێکی بەهێزی بەخۆوە بینی و بەرهەمی بەپێزی لێکەوتەوە بەتایبەت لە بواری مێژوودا. لەڕاستیدا شانازیکردن بە کەلەپووری فیکریی دەوڵەمەندی ئێران کاریگەریی گەورەی هەبوو لە بەهێزکردنی شکۆی نەتەوەیی لای ئێرانییەکان، ئەوەیش زۆر بەڕوونی لە ئاهەنگێڕان بەبۆنەی یادی هەزار ساڵەی لەدایکبوونی شاعیری گەورەیان فیردەوسی ساڵی ١٩٣٤دا دەرکەوت. بەڵام

مێـژووی پـێش ئیسـلامی وڵاتەکـەیش بـوو بەجێبایـەخی ئەنـدازیاران و هونەرمەنـدان و پیشەسـازانی فـارس، کاتێـک بـانکی ناوەنـدی لـە تـاران دروسـت کرایـەوە ئەنـدازیارە تەلارسازەکەی بوێری ئەوەی بەخەرج دا لاسایی ئەو بیرۆکە تەلارسازییانە بکاتەوە، کە لە تاقی کیسرا لە پایتەختی ساسانییەکان، واتە مەدائیندا، بەرجەستە بووبوون.

لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەکی، رەزا خـان تـوانی لـەپاڵ بەرژەوەندییـەکانی وڵاتەکـەی خۆیدا ژیـانی رۆشـنبیری و ئـاینی لـە هـەردوو رۆژهـەڵاتی نزیـک و ناوەڕاستیشـدا بـەهێز بکـات. سـاڵی ١٩٢٥ راسـتەوخۆ پـاش ئـەوەی جڵـەوی حـوکمی گرتـە دەسـت، کەوتـە دیـاریکردنی سـنوورەکانی وڵاتەکـەی بەشـێوەیەکی رەسـمی لـە باشـوور و باشـووری رۆژهەڵات، ئەویش لەڕێی بەستنی چەند هاوپەیمانییەک لەگەڵ بەریتانییـەکان لـە بلوچسـتان و لەگـەڵ حکومـەتی ئـەفغانی. لـە حـوزەیرانی سـاڵی ١٩٣٤ پەیوەنـدیی شـەخسـی لەگـەڵ ئەتاتورک بەست لەڕێی سەردانێکیەوە بۆ ئەنقەرە. لە ٨ی تـەممووزی سـاڵی ١٩٣٧ لـە سـەعد ئابـاد (بارەگـای هاوینـەی شـا، لـە دووریـی شـازدە کیلۆمـەتر لـە بـاکووری تـاران) پەیماننامەیەک لەگەڵ تورکیا و عێراق و ئەفغانستان بەسترا بۆ ماوەی پێنج سـاڵ، بـەو پێیە هەرێـەک لەو چوار دەوڵەتە سنووری دەوڵەتەکانی یەکتریان گەرەنتی کرد و بـەڵێنیان دا بـە هـیچ شـێوەیەک دەسـت لـە کاروبـاری نـاوخۆی دەوڵـەتانی دراوسـێ وەرنـەدەن و هـەر ناکۆکییەکی نێوانیان لەڕێگەی دانوستانی ئاشتییەوە چارەسـەر بکـەن، هـەروەها هـیچ جـۆرە هاوپەیمانییـەکی دوژمنکارانـە لەگـەڵ دەوڵـەتانیتر نەبەسـترێت. ئـەو هاوسـەرگیرییەی شـا ئامادەکـاری بـۆ کرد لـەنێوان شـازادەی جێنشـین (میراتگری تـەخت) و شـازادە [فەوزیـە]ی میسـری، پەیوەنـدیی دۆسـتایەتیی نێوان ئـەو دوو دەوڵەتـە ئیسـلامییەی بـەهێز کـرد، پـاش ئەوەی ئازادی و سەربەخۆییان بەدەست هێنایەوە.

ئەفغانستان لە سەردەمی نوێدا

دراوسێکەی ئێران لە رۆژهەڵاتەوە، واتـە ئەفغانسـتان –لـە جـەنگی جیهـانیی یەکەمـەوە- رۆڵێکـی چـالاکی بینـی لـە پاراسـتنی جیهـانی ئیسـلامی لـە مەترسـی نوقمبـوون لـە بۆتـەی رووسـیا و ملکـەچبوون بـۆ دەسـەڵاتی بـەریتانیا. لەڕاسـتیدا دوایـن هـەوڵی بـەریتانیا بـۆ ملکەچاندنی ئەو وڵاتە ساڵی ١٩١٩ بە سەرکەوتنێکی دیپلۆماسیی ئەفغانسـتان کۆتـایی هـات –سەرەڕای شکانی لەڕووی سەربازییەوە- چونکە بەریتانیا بەیەکجاری وازی لـە بیرۆکـەی دەستگرتن بەسـەر ئەو وڵاتەدا هێنا. دەبوو رووسیایش لای خۆیەوە دەست لە پلانەکەی بـۆ تواندنەوەی ئەفغانستان لەنێو بازنەی کۆمارە تورکییە سۆڤیەتییەکانیدا هـەڵبگرێت. بێگومـان هەموو ئومێدێکی بە راکێشانی ئەفغانستان بۆ ناو خولگە رۆشنبیرییەکەی خـۆی لەدەسـت دا، ئـەویش لەئـەنجامی ئـەو بانگەشـە ئیلحادییـەی دەسـتی بەبڵاوکردنـەوەی لـە وڵاتـە

ئیسلامییەکانیشدا کردبوو، کە زۆر لە باوەڕدارانی ناچار کرد کۆچ بکەن بۆ ئەفغانستان. پێگەی بنەماڵەی حوکمڕان بۆ ماوەیەک بەهۆی ئەنجامدانی هەڵەیەکیەوە کەوتە مەترسی. ئەوە بوو ئەمیر ئەمانوڵا جێگەی شا حەبیبوڵای باوکی گرتەوە کە شۆڕشگێڕان لە شوباتی ساڵی ١٩١٩ بەسەرکردایەتیی نەسروڵای برای کوشتیان. توانی هەردوو شۆڕشی (ئەلیزای) لە ساڵی ١٩٢٣ و (مەنگال)ی ساڵی ١٩٢٤ کپ بکاتەوە، هەروەک شۆڕشی پاتانەکانی ملکەچ کرد کە زۆربەیان لە هیند لەژێر حوکمی بەریتانیدا ژیابوون. بەڵام حەماسەتی بۆ چاکسازی -بەبێ وردبوونەوە و پلەبەندی- سەری تەختەکەی خوارد. ئەویش بەوەی ویستی، هاوشێوەی ئەتاتورک و رەزا پەهلەوی، وڵاتەکەی -بەیەک تەکان- بۆ پلەی دەوڵەتە شارستانییەکان بەرز بکاتەوە لەڕێی ناساندنی بە سەرجەم داهێنراوەکانی زانستی نوێ و ئەنجامدانی چاکسازی لە ئیدارە و یاساکان و بەرزکردنەوەی ئاستی سیستمی فێرکردن و -لە سەروو هەموشت-کارکردن بۆ دامەزراندنی سوپایەکی نیزامی. بەڵام ئەو تووڕەییەی ئەم ڕێوشوێنانە لە دڵی ڕەعییەتەکەیدا دروستیان کرد -کە هێشتا هێندە پێنەگەیشتبوو لەگەڵ ئەو جموجوڵەدا هەڵبکات- زۆری نەبرد ساڵی ١٩٢٨ لەکاتی گەشتەکەیدا بۆ ئەوروپا بەمەبەستی خۆئامادەکردن بۆ چاکسازیی نوێ، تەقییەوە. بەپەلە گەڕایەوە وڵات و -بێهوودە- هەوڵی دا شۆڕشەکە ملکەچ بکات کە باچای سەقا سەرکردایەتی دەکرد و بەیەتی بۆ خۆی وەرگرتبوو و نازناوی حەبیبوڵای دووەمی بەخۆی دابوو. لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٩ ئەمانوڵا ناچار بوو دەست لە تەخت هەڵبگرێت و وڵات بەجێ بهێڵێت. نادر خانی ئامۆزای تا مانگی تشرینی یەکەم نەیتوانی سەرۆکی شۆڕشگێڕان -کە لە کابول نیشتەجێ بوو- دەستگیر بکات و لەسێدارەی بدات. ئەگەرچی سنوورێکی بۆ سەرجەم ئەو ڕێوشوێنانەی ئەمانوڵا گرتبوونیە بەر و بوونە مایەی شۆڕش دانا، بەڵام لە ٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٣ لە کۆشکەکەیدا کوژرا و محەمەد زاهیر خانی کوڕی بەپاشای وڵات ڕاگەیەنرا، کە تەمەنی تەنها بیست ساڵ بوو. سەفای سەردەمەکەی تا ساڵی ١٩٣٩ تەنها یەک جار تەڵخ بوو، ئەویش کاتێک لە وەزیرستان (کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٤) شۆڕشگێڕێکی سەرکێش بەناوی محەمەد سەعدی گەیلانی دیمەشقی یاخیبوونی ڕاگەیاند، بەڵام شۆڕشەکە دەستبەجێ کپ کرایەوە.

ساڵی ١٩٢٣ ئەفغانستان پەیماننامەیەکی لەگەڵ فارسی دراوسێیدا بەست، بەدوایدا ساڵی ١٩٣٧یش پەیماننامەی سەعد ئابادی بەست کە پێشتر ئاماژەی پێدرا، کە ئەفغانستانی کرد بە لایەنێک لەو هاوپەیمانێتییە دەوڵەتییەی ڕەزا شای پەهلەوی سەرکردایەتی دەکرد. نادر شا پێشتر (٣١ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣١) دەستوورێکی هاوشێوەی دەستوورە فارسییەکەی بە وڵاتەکە بەخشیبوو، بەڵام (دەسەڵاتی جێبەجێکردن)ی بۆ شا و وەزیرەکانی هێشتبووەوە. لەوکاتەوە ئەفغانستان بەوریاییەوە بەڕێگەی چاکسازیدا

هەنگاوی دەنا لەڕێی ئەو هەوڵانەی حکومەت دەیدان بۆ وەرگرتنی شێوازە ئەوروپییەکان و گونجاندنیان بەگوێرەی پێویستییەکانی خۆی. لەڕاستیدا بیری نەتەوەییش گەشەی کرد و بەهێز بوو. ئەوە بوو ساڵی ١٩٢٨ لە کابول ئەکادیمیایەک دامەزرا کە ئامانجی بەهێزکردنی زمانی نەتەوەیی پوشتو Pushtu و گەشەپێدانی بوو تا ببێتە زمانی ئەدەب و زانست. زمانی دانان و زمانی راگەیاندنیش تا ئەوکاتە تەنیا زمانی فارسی بوو. کاتێک ئەکادیمیا دامەزرا زمانی پوشتو وردە وردە لە ناو رۆژنامەگەریدا جێگەی خۆی کردەوە و زانینی بەسەر سەرجەم فەرمانبەرانی دەوڵەتدا سەپێنرا. بەهەرحاڵ، دەوڵەتی ئەفغانی، کە ساواترین دەوڵەتی ئیسلامییە، هێشتا مەودایەکی فراوانی لەبەردەمدایە کە پێویستە بیبڕێت پێش ئەوەی پێگەی خۆی لەپاڵ دەوڵەتە ئیسلامییە هاوپەیمانەکانیدا بگرێت.

خشتەی رووداوە میژوویییەکان

سالی:

١٠٦ ز رووخانی دەوڵەتی بیزەنتی.

٢٧٣ کۆتایی بنەماڵەی حوکمڕانی عەرەبی لە تەدمور.

٥٢٩ حارثی پێنجەمی غەسانی دەبێتە بەتریق و "تاج" بەدەست دێنێت.

٥٣٠ داگیرکردنی باشووری نیشتمانی عەرەب لەلایەن حەبەشەوە.

دەوروبەری سالی:

٢٥٠-٦٠٢ دەوڵەتی لەخمی لە حیرە.

٦١٠ سەرکەوتنی عەرەب بەسەر فارسدا لە زیقار.

٦٢٢ کۆچی پێغەمبەری ئیسلام بۆ مەدینە و سەرەتای میژووی ئیسلامی.

٦٢٤ شەڕی بەدر و سەرکەوتنی پێغەمبەر بەسەر خەڵکی مەککەدا.

٦٢٥ شەڕی ئوحود و شکانی پێغەمبەر.

٦٢٧ شەڕی خەندەق.

٦٢٨ ملکەچاندنی کۆمەڵگە جولەکەکان لە دورگەی عەرەبی.

٦٢٩ موئتە و سەرکەوتنی بیزەنتییەکان بەسەر موسڵمانانداا.

٦٣٠ فەتحکردنی مەککە، شەڕی حونەین.

٦٣٢ حەجی ماڵئاوایی. مردنی پێغەمبەر (ﷺ).

٦٣٢-٦٣٤ خیلافەتی ئەبوبەکر. جەنگەکانی هەڵگەڕانەوە لە ئاین (الردة) و ملکەچاندنی دورگەی عەرەبی.

٦٣٣ فەتحکردنی عێراقی باشوور.

٦٣٤ شەڕی ئەجنادین دژی بیزەنتییەکان لە فەلەستین.

٦٣٤-٦٤٤ خیلافەتی عومەر.

٦٣٥ فەتحکردنی دیمەشق. تێکشکانی فارسەکان لە قادسیە.
٦٣٦ شەڕی یەرموک و تێکشکانی بیزەنتییەکان.
٦٣٧ تێکشکانی فارس لە جەلەولا. کۆنگرەی جابییە.
٦٣٩ فەتحکردنی میسر.
٦٤٠ فەتحکردنی فارس.
٦٤٤-٦٥٦ خیلافەتی عوسمان.
٦٤٧ فەتحکردنی تەرابلوسی رۆژئاوا.
٦٤٩ جەنگەکانی معاویە دژی بیزەنتییەکان لە دەریا، داگیرکردنی قوبرس،
٦٥١ کوژرانی یەزدەجەرد دواین پاشای ساسانییەکان لە خوراسان.
٦٥٣ تۆمارکردنی قورئان لەسەر دەستی عوسمان.
٦٥٦-٦٦١ خیلافەتی عەلی.
٦٥٦ شەڕی جەمەل.
٦٥٧ شەڕی صەفین.
٦٥٨ تەحکیم لە ئەزرح.
٦٦١-٧٥٠ دەوڵەتی ئومەوی.
٦٦١-٦٨٠ خیلافەتی معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان.
٦٦٢-٦٧٥ ویلایەتی زیاد ئیبن ئەبیهی لەسەر عێراق.
٦٧٠ فەتحکردنی ئەفریقیا لەسەر دەستی عوقبەی کوڕی نافیع.
٦٧٤-٦٧٩ گەمارۆدانی قوستەنتینیە.
٦٨٠-٦٨٣ خیلافەتی یەزیدی کوڕی معاویە.
٦٨٠ کوژرانی حسێن لە کەربەلا.
٦٨٣ ململانێ لەنێوان کەلبی و قەیسی لە سووریا.
٦٨٤-٦٨٥ خیلافەتی مەروانی کوڕی حەکەم.
٦٨٥-٧٠٥ خیلافەتی عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان.
٦٨٥-٦٨٧ شۆڕشی موختار لە عێراق.
٦٩١ کوژرانی موسعەبی کوڕی زوبێر. عەبدولمەلیک عێراق ملکەچ دەکات.

٦٩٢ حەججاجی کوڕی یوسف مەککە دەگرێت.
٦٩٤-٧١٤ حوکمڕانیی حەججاجی کوڕی یوسف لە عێراق.
٧٠٥-٧١٥ خیلافەتی وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیک.
٧١١ شەڕی وادی بەکە و فەتحکردنی ئەندەلوس.
٧١١-٧١٢ پەلاماردانی سند و ئەودیو رووبار.
٧١٥-٧١٧ خیلافەتی سلێمانی کوڕی عەبدولمەلیک.
٧١٧-٧٢٠ خیلافەتی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز. چاکسازیکردن لە باجدا.
٧٢٠-٧٢٤ خیلافەتی یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیک.
٧٢٤-٧٤٣ خیلافەتی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیک.
٧٣٢ شەڕی توور.
٧٤١ شۆڕشی بەربەر. جەنگ دژی بیزەنتییەکان لە ئاسیای بچووک.
٧٤٣-٧٤٤ خیلافەتی وەلیدی دووەم (کوڕی عەبدولمەلیک).
٧٤٤-٧٥٠ خیلافەتی مەروانی دووەم (کوڕی محەمەد). ڕێکخستنی سوپا.
٧٤٦ شۆڕشەکانی کەلبی لە سووریا و خەواریج لە عێراق. بانگەوازی ئەبو مەسلیمی خوراسانی بۆ عەباسییەکان لە خوراسان.
٧٤٨ سەرکەوتنی قوحتوبە بەسەر ئومەوییەکاندا لە خوراسان.
٧٤٩ دەستگرتنی عەباسییەکان بەسەر فارسدا، کشانیان بۆ سەر کووفە.
٧٥٠ تێکشکانی مەروانی دووەم لە شەڕی زاب. کوژرانی لە میسر.
٧٥٠-٧٥٤ خیلافەتی سەففاح. ریشەکێشکردنی ئومەوییەکان.
٧٥٤-٧٧٥ خیلافەتی ئەبو جەعفەری مەنسوور.
٧٥٦-٧٨٨ عەبدولڕەحمان ئەلداخل- ئەمیری قورتوبە.
٧٦٢-٧٦٣ شۆڕشەکانی عەلەوییەکان لە عێراق و مەدینە. دروستکردنی بەغدا.
٧٦٧ مردنی ئەبو حەنیفە.
٧٧٥-٧٨٥ خیلافەتی مەهدی. وەرگێڕانی کتێبە فارسییەکان بۆ سەر زمانی عەرەبی و کارکردنە سەر ئەدەبی عەرەبی. ململانێ دژی مانەویزم.
٧٧٨-٧٨٠ شۆڕشی ئەلموقەننەع لە خوراسان.

٧٨٨ هەڵمەتەکانی شارلمان لە ئەندەلوس.

٧٨٥-٧٨٦ خیلافەتی ئەلهادی. دروستکردنی مزگەوتی قورتوبە.

٧٨٦-٨٠٩ خیلافەتی هارون ئەلڕەشید. گەشانەوەی ئەدەبی عەرەبی.

٧٩٦-٨٢٢ میرنشینی حەکەمی یەکەم لە ئەندەلوس. پشتوی لە قورتوبە. کۆماریکی سەربەخۆ لە تولەیتولە.

٨٩٩ سەربەخۆیی ئەغلەبییەکان لە ئەفریقیا.

٨٠٣ نسکۆی بەرمەکییەکان.

٨٠٩-٨١٣ خیلافەتی ئەلئەمین.

٨١٣-٨٣٣ خیلافەتی ئەلمەئموون. بووژانەوەی بزوتنەوەی زانستی و فیکری لە ئیسلامدا. موعتەزیلە و توندبوونی کێشە لە مەسەلەی خەلقی قورئاندا.

٨١٧ هەوڵی رازیکردنی عەلەوییەکان.

٨١٩ سەربەخۆیی تاهیر بن حسێن لە خوراسان. سامانییەکان ملکەچی تاهیر دەبن.

٨٢٢-٨٥٢ میرنشینی عەبدولڕەحمانی دووەم لە ئەندەلوس (قورتوبە).

٨٣١ دەستگرتنی عەرەب بەسەر بەلرمدا.

٨٣٣-٨٤٢ خیلافەتی ئەلموعتەسیم. زاڵبوونی سوننە بەسەر موعتەزیلەدا. دەرکەوتنی جاشە تورکەکان.

٨٣٦ دروستکردنی سامەڕا.

٨٣٧ لەناوبردنی بابک و بزووتنەوە "شیوعی"یەکەی.

٨٤٢-٨٤٧ خیلافەتی ئەلواثیق.

٨٤٧-٨٦١ خیلافەتی ئەلموتەوەکیل.

دەوروبەری سالی ٨٥٠ سەرەتای دەوڵەتی ئویگوری لە ناوەڕاستی ئاسیا.

٨٥٢-٨٨٦ میرنشینی محەمەدی یەکەم لە ئەندەلوس.. مەسیحی و نەوموسڵمانەکان (المولدون) پشتیوی دەنێنەوە.

٨٦١-٨٦٢ خیلافەتی ئەلموستەنسیر.

٨٦٢-٨٦٦ خیلافەتی ئەلموعتەز.

٨٦٦-٨٦٩ خیلافەتی ئەلموهتەدی.

٨٦٩ عەلی بن محەمەد 'دەولەت'ی زنج لە بەسرە دادەمەزرێنێت.

٨٦٨-٩٠٦ دەولەتی تولونی لە میسر.

٨٦٩-٨٩٢ خیلافەتی ئەلموعتەمید. دەستگرتنی موەفەقی بۆ بەسەر کاروباری دەولەتدا.

٨٧١-٨٧٩ یەعقووبی کوڕی لەیث ئەلسەففار دەست بەسەر فارسدا دەگرێت.

٨٧٦ سەرکەوتنی موەفەق بەسەر یەعقووب لە دیر ئەلعاقول.

٨٧٧ ئەحمەد بن تولون دەست بەسەر سووریادا دەگرێت.

٨٨٣ لەناوبردنی شۆڕشی زنجییەکان.

٨٨٨-٩١٢ میرنشینی عەبدولا لە قورتوبە. تێکۆشانی دژ بە شۆڕشگێڕان.

٨٩٠ سەرهەڵدانی قەرامیتە لە عێراق.

٨٩٢-٩٠٢ خیلافەتی ئەلموعتەزید.

دەوروبەری سالی ٩٠٠ دەرکەوتنی زەیدی لە باشووری نیشتمانی عەرەب.

٩٠٢-٩٠٨ خیلافەتی ئەلموکتەفی و جەنگەکانی دژی قەرامیتە.

٩٠٨-٩٣٢ خیلافەتی ئەلموقتەدیر و مردنی خەلیفەی رکابەر عەبدولا بن ئەلموعتەز.

٩٠٩ سەرکەوتنی ئەبو عەبدولا بەسەر دواین ئەغلەبییەکان (الاغالبة) و بانگەشەکردنی بۆ فاتیمییەکان.

٩١٠ عوبەیدولای ئەلمەهدی و سەرەتای دەولەتی فاتیمی لە مەهدییە.

٩١٢-٩٦١ عەبدولڕەحمان ئەلناسر ئەمیری قورتوبە جاش لە سلاڤییەکانەوە دێنێت.

٩١٣-٩٤٢ نەسری کوڕی سامانی دووەم.

٩٢٣ مردنی تەبەریی میژوونووس.

٩٢٨ قەرامیتە دەچنە ناو مەککە و بەردە رەشەکە لەوێ دەگوێزنەوە.

٩٢٩ عەبدولڕەحمان ئەلناسر نازناوی خەلیفە وەردەگرێت.

٩٣٢-٩٣٤ خیلافەتی ئەلقاهیر.

٩٣٢-٩٤٠ خیلافەتی ئەلڕازی.

٩٣٦ میری میران محەمەد بن رائیق.

٩٣٩ ڕەدمیری دووەم پاشای لیژن عەبدولڕەحمان ئەلناسر دەشکێنێت.

٩٤٠-٩٤٣ خیلافەتی ئەلموتتەقی.

٩٤٣-٩٤٦ خیلافەتی ئەلموستەکفی.

٩٤٤-٩٦٧ سەیف ئەلدەولە ئەلحەمەدانی ئەمیری حەلەب. جەنگەکانی دژی بیزەنتییەکان. موتەنەبی شاعیر و فارابیی فەیلەسوف لە کۆشکی سەیف ئەلدەولەدا.

٩٤٥ بوەیهییەکان لە بەغدا.

٩٥٤-٩٦١ عەبدولمەلیک ئەلسامانی (یەکەم)، ئەلپتەکین ئەمیری غەزنە.

٩٦١-٩٧٦ خیلافەتی حەکەمی یەکەم لە ئەندەلوس.

٩٦٩ جەوهەر بەناوی فاتیمییەکانەوە دەست بەسەر میسردا دەگرێت. دامەزراندنی قاهیرە.

٩٧٦-٩٩٧ سوبوکتەکینی غەزنەوی.

٩٩٦-١٠٢١ خیلافەتی حاکمی فاتیمی لە میسر. سەرهەڵدانی بانگەوازی دروزی.

٩٩٨-١٠٣٠ مەحموودی غەزنەوی، فیردەوسی خاوەنی شانامە (سالی ١٠٢٠ مردوە).

١٠٠٦ مەحموودی غەزنەوی ئیلک خانی تورکستانی دەبەزێنێت.

١٠٢٣-١٠٩١ بەنو عوباد لە ئەشبیلییە.

١٠٢٧-١٠٣١ هیشامی سێیەم دواییین ئومەوییەکان لە قورتوبە.

دەوروبەری سالی ١٠٣٠ "تحقیق ما للهند"ی بەیرونی.

١٠٣٧ توغرول بەگی سەلجووقی و داودی برای دەست بەسەر خوراساندا دەگرن.

١٠٥٥ توغرول بەگ دەچێتە بەغدا و دەست بەسەر کاروباری خیلافەت لە ئەلقائیمەوە دەگرێت.

١٠٦٢ دروستبوونی دەوڵەتی مورابیتین و دەستگرتنی یوسف بن تاشکین بەسەر مەراکیشدا.

١٠٦٣-١٠٧٢ ئەلپ ئەرسەلان جێگەی توغرول بەگ دەگرێتەوە. جەنگ دژی بیزەنتییەکان (شەڕی مەلازکرد ١٠٧١).

١٠٧٢-١٠٩٢ مەلەکشای سەلجووقی. نیزام ئەلمولکی وەزیری. حوجەتولئیسلام ئەلغەزالی (١١١١ مردوە). عومەری خەیام. حەریری.

١٠٧٢-١١٠٧ سلێمانی سەلجووقی لە ئاسیای بچووک.

١١٠٧-١٣٠٠ دەوڵەتی سەلجووقییەکان لە وەچەی سلێمان لە قۆنییە.

١٠٨٣ فۆنسی شەشەم پاشای قشتالە، موعتەمیدی خاوەنی ئەشبیلیە دەبەزێنێت.

١٠٨٦ یوسف بن تاشفین مەسیحییەکان لە زلاقە دەبەزێنێت.

١٠٩٠ دووەم هەڵمەتی یوسف بن تاشفین بۆ سەر ئەندەلوس و لادانی پاشاکانی تایفەکان.

١٠٩٩ خاچپەرستان دەست بەسەر قودسدا دەگرن.

١١٠٧-١١٣٠ محەمەد بن تۆمەرت دەوڵەتی موەحیدین دادەمەزرێنێت.

١١٣٢-١١٦٣ عەبدولموئمین بن عەلی جێنشینی ئیبن تۆمەرت، یوسف (تا ١١٨٤) و یەعقووب ئەلمەنسوور (تا ١١٩٩) لەسەر تەخت جێگەیان گرتەوە.

١١٣٧ هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی سەلجووقییەکان لەسەر دەستی ئەتابەک.

١١٤٠ ئەتسیز دەوڵەتی شاکانی خوارەزم دادەمەزرێنێت.

١١٤٥ کۆتایی تاشفین، دواین مورابیتەکان.

١١٥٠ غۆرییەکان غەزنە وێران دەکەن.

١١٥٤ نوورەدین زەنگی (١١٤٦-١١٧٣) دەست بەسەر دیمەشقدا دەگرێت.

١١٧١ سەلاحەدینی ئەیوبی دەوڵەتی فاتیمی لە میسر لەناو دەبات.

١١٧٤ سەلاحەدین دەست بەسەر دیمەشقدا دەگرێت و سووریا ملکەچ دەکات.

١١٨٠-١٢٢٥ ئەلناسری عەباسی دواین خەلیفە زرنگەکانی بەنی عەباس.

١١٨٧ سەلاحەدین لە حیتتین مەسیحییەکان دەشکێنێت و دەست بەسەر بەیتولمەقدیسدا دەگرێت.

١١٩٣ مردنی سەلاحەدین و دابەشکردنی مولکەکەی لەلایەن کوڕەکانیەوە.

١١٩٥ خەلیفەی موەحیدی یەعقووب ئەلمەنسوور مەسیحییەکانی قشتالە لە شەڕی ئەرکدا دەبەزێنێت.

١١٩٩–١٢٢٠ قوتبەدین محەمەد خوارەزم شا دەگاتە لوتکەی هێزی خۆی.

١٢٠٣ تیموجین (کە پاشتر ١٢٠٦ بە جەنگیزخان ناسرا) ئیمپراتۆرییەتی مەغۆل دادەمەزرێنێت.

١٢١٧–١٢٣٨ ئەلکامیل سوڵتانی میسر.

١٢٢٠ مەغۆل خوارەزم و بوخارا و سەمەرقەند ملکەچ دەکەن.

١٢٢٠–١٢٣١ جەلالەدین مەنکبەرتی دواپین شاکانی خوارەزم.

١٢٢٥ موەحیدەکان ئەندەلوس چۆل دەکەن. دروستبوونی دەوڵەتی بەنو مەرین لە فاس، بەنو زیان لە تیلمسان، بەنو حەفس لە تونس، ئیبن هود لە ئەندەلوس.

١٢٢٧ مردنی جەنگیزخان. دابەشکردنی ئیمپراتۆرییەتەکەی لە سەردەمی ئۆکتای–ی کوڕیدا.

١٢٣٢–١٤٩٢ بەنو ئەلئەحمەر لە غەرناتە، دروستکردنی ئەلحەمراء.

١٢٤٨٢ لویسی نۆیەم پاشای فەرەنسا لە دیمیات.

١٢٥٤–١٥١٧ مەمالیک لە میسر.

١٢٥٦–١٢٩١ سەعدی، شاعیری فارس.

١٢٥٨ هۆلاکۆ دەست بەسەر بەغدادا دەگرێت. کۆتایی خیلافەتی عەباسی.

١٢٦٠ مەمالیک مەغۆل لە شەری عەین جالووتدا دەشکێنن.

١٢٧٣ مردنی شاعیری سۆفی جەلالەدینی رۆمی.

١٢٧٧ ئەلمەلیک ئەلزاهیر بەیبەرس (١٢٦٦–١٢٧٧) مەمالیک لە ئەلبستان دەشکێنێت.

١٣٢٦ سەرکردەی عوسمانی ئۆرخان دەست بەسەر بروسەدا دەگرێت.

١٣٣٧ شکستی ئۆرخان لە هێرشەکەی بۆ سەر بیزنتە.

١٣٥٧ ئەمیر سلێمان دەست بەسەر گالیپۆلیدا دەگرێت.

١٣٦٢–١٣٨٩ مورادی یەکەم فاتیحی ئەدەرنە.

١٣٦٩ تەیموور خوراسان و ئەودیو رووبار ملکەچ دەکات.

١٣٧١ شکانی سیرب لای رووباری مەریج و لەدەستدانی مولکەکانیان لە مەکدۆنیا.

١٣٨٥-١٣٨٦ داگیرکردنی نیش و سۆفیا لەلایەن عوسمانییەکانەوە.

١٣٨٧ شکانی عوسمانییەکان لە بلوشنک.

١٣٨٩ شەڕی قوسوە. مردنی شاعیری فارس حافز.

١٣٨٩-١٤٠٢ بایەزیدی یەکەم.

١٣٩٠ دەستگرتنی عوسمانییەکان بەسەر ئالا شەهر (فیلادلفیا)دا.

١٣٩١-١٣٩٣ ئەمیرە سەلجووقییەکان ملکەچی عوسمانییەکان دەبن.

١٤٠٠ تەیموور دەچێتە ناو سیواس.

١٤٠٢ تەیموور لە ئەنکەرە بایەزیدی یەکەم دەشکێنێت و دیلی دەکات. گەڕانەوەی سەلجووقییەکان بۆ میرنشینەکانیان.

١٤٠٣-١٤٢١ محەمەدی یەکەم دژی براکانی دەجەنگێت و بەسەریاندا زاڵ دەبێت.

١٤٠٥ مردنی تەیموور. دابەشکردنی ئیمپراتۆرییەتەکەی.

١٤٠٨ سەرکەوتنی هۆزەکانی قەرە قۆینلو بەسەر میران شادا.

١٤١٦ سەرکەوتنی کەشتیگەلی ڤینیسیایی بەسەر عوسمانییەکاندا لەنزیک گالیپۆلی.

١٤٢١-١٤٥١ مورادی دووەم.

١٤٣٠ دەستگرتنی عوسمانییەکان بەسەر سالۆنیکدا.

١٤٣٣ هەڵمەتێکی خاچپەرستی بەسەرکردایەتیی یۆحەننا هونیادی، عوسمانییەکان لە جالواز دەشکێنێت.

١٤٤٧-١٤٥٢ ئەلغ بەگی تەیموری.

١٤٤٨ مورادی دووەم لە کۆسۆڤۆ بەسەر هونیادیدا سەردەکەوێت.

١٤٥١-١٤٨١ محەمەدی دووەم (ئەلفاتیح).

١٤٥٣ فەتحکردنی قوستەنتینیە.

١٤٥٦ گەمارۆدانی بەلیگراد.

١٤٥٨ مردنی جۆرج برانکۆڤیچ. ملکەچاندنی سیرب.

١٤٦١ ملکەچاندنی موورە و لەناوبردنی سەلامە کومنینس لە تەرابزون.

١٤٦٨ ملکچاندنی ئەلبانییەکان.

١٤٦٩ ئۆزۆن حەسەن ئەبو سەعیدی تەیموری دەشکێنێت.

١٤٦٩-١٥٠٦ حسێن بایقرا لە هیرات سەربەخۆ دەبێت.

١٤٧٠ ڤێنیسیاییەکان نێگرۆ پۆنتی لە دورگەی ئوبە لەدەست دەدەن. هاوپەیمانیکردنیان لەگەڵ ئۆزۆن حەسەن.

١٤٧٣ محەمەد ئەلفاتیح ئۆزۆن حەسەن لە ترجان دەشکێنێت.

١٤٧٥ دەرکردنی جنوییەکان لە "کەفە". تەتارەکان لە نیمچە دورگەی کریمیا ملکەچی عوسمانییەکان دەبن و دەبنە شوێنکەوتەی سوڵتان.

١٤٧٩ رێکەوتنی ئاشتی لەگەڵ ڤێنیسیا.

١٤٨١-١٥١٢ بایەزیدی دووەم. کێشەکەی لەگەڵ جەمی برای (مردنی جەم لە ناپۆلی ساڵی ١٤٩٥).

١٤٩٢ کەوتنی غەرناتە و کۆتایی عەرەب لە ئەندەلوس.

١٤٩٧-١٥٠٣ دروستکردنی مزگەوتی بایەزید لە قوستەنتینیە.

١٤٩٩-١٥٠٣ جەنگ دژی ڤێنیسیا.

١٥٠٢ ئیسماعیلی سەفەوی ئەمیری ئەردەبیل شیعەگەری دەکاتە ئایینی دەوڵەتی فارسی.

١٥١٢-١٥٢٠ سەلیمی یەکەمی عوسمانی (یاوز سوڵتان). چەوساندنەوەی شیعە.

١٥١٤ سەرکەوتنی سەلیمی یەکەم بەسەر ئیسماعیلی سەفەویدا لە چاڵدێران.

١٥١٦ سەرکەوتنی سوڵتان سەلیم بەسەر قانسوەی غووری لای مەرج دابق.

١٥١٧ عوسمانییەکان فەتحی میسر دەکەن.

١٥٢٠-١٥٦٦ سلێمانی قانونی.

١٥٢٢ فەتحکردنی روودس.

١٥٢٦ مردنی لویس پاشای مەجەر لە شەڕی مەهاج (موهاکس).

١٥٣٢ گەمارۆدانی قەڵای کوسک. کەشتیگەلی ئەندریا دوریا لە کەنارەکانی موورە.

١٥٣٤ دەستگرتنی عوسمانییەکان بەسەر بەغدا و تەورێزدا.

١٥٣٣-١٥٤٦ خەیرەدین بەربەرۆسا هێرش دەکاتە سەر کەشتیگەلی ئیسپانی.

١٥٤٣ ملکەچاندنی مەجەر.

١٥٤٤ خانەدانانی عەلەویی مەراکیش (بەنو سەعدی حسێنی).

١٥٤٧ پیری رەئیس دەست بەسەر عەدەندا دەگرێت.

١٥٥٠ دروستکردنی مزگەوتی سوڵتان سلێمان لە قوستەنتینیە.

١٥٥١ پیری رەئیس دەست بەسەر مەسقەتدا دەگرێت.

١٥٦٦ مردنی سوڵتان سلێمان لەنزیک سکتوار.

١٥٦٦-١٥٧٤ سەلیمی دووەم.

١٥٧٠ دەستگرتنی عوسمانییەکان بەسەر قوبرس.

١٥٧١ کارەساتی کەشتیگەلی عوسمانی لە لبانتی (ناوباقتوس).

١٥٧٤-١٥٩٥ موڕادی سێیەم.

١٥٧٧-١٥٨٥ جەنگ دژی فارس. دەستگرتنی عوسمانییەکان بەسەر تفلیس و قارس و تەوڕێزدا.

١٥٧٨-١٦١٠ ئەحمەی یەکەم ئەلمەنسوور (لە بەنی سەعد) دەست بەسەر تیمبوکتودا دەگرێت.

١٥٨٦-١٦٢٨ عەباسی گەورە شای فارس.

١٥٩٥-١٦٠٣ محەمەدی سێیەم.

١٥٩٩ مردنی سەعدەدین (میژوونووس).

١٦٠٠ مردنی شاعیری غەزەلی باقی.

١٦٠٣-١٦١٧ ئەحمەدی یەکەم. شۆڕشی ئەمیر فەخرەدین ئەلمەعنی.

١٦٠٦ ڕێکەوتنی ئاشتیی سیتفاتورک.

١٦١٧-١٦٢٢ مستەفای یەکەم.

١٦١٨-١٦٢٢ عوسمانی دووەم.

١٦٢٣-١٦٤٠ موڕادی چوارەم.

١٦٣٣ شکانی فەخرەدینی مەعنی.

١٦٣٨ گێڕانەوەی بەغدا لەدەست فارسەکان.

١٦٤٠-١٦٤٨ سوڵتان ئیبراهیم.

١٦٤٥ جەنگ دژی ڤێنیسیا لە کرێت.

١٧١١ شکانی پوتروسی گەورە لای رووباری بروث.

١٧١٤ ڤێنیسیا دواین مولکەکانی لە موورە و دەریای ئیجە لەدەست دەدات.

١٧١٦ ئەمیر یوجین بەسەر عوسمانییەکاندا سەردەکەوێت لە پێتەروارادین و دەست بەسەر تمشواردا دەگرێت.

١٧١٨ رێکەوتنی ئاشتیی بازارووێج.

١٧٢٢ میر مەحمودی ئەفغانی دواین سۆفییەکان دادەمالێت. ولاتگیرییە رووسییەکان لە قەوقاز.

١٧٢٩–١٧٣٠ نادر قولی خان ئەفغانەکان لە ولاتی فارس دەردەکات.

١٧٣٠–١٧٥٤ مەحموودی یەکەمی عوسمانی.

١٧٣٥–١٧٣٩ سەرکەوتنی عوسمانییەکان بەسەر نەمسا و رووسیادا.

١٧٣٦–١٧٤٧ نادر شای فارسی.

١٧٣٩ نادر شا دەست بەسەر دەلهیدا دەگرێت.

١٧٠٣–١٧٨٧ محەمەد کوڕی عەبدولوەهاب دامەزرێنەری وەهابییەت.

١٧٥٠–١٧٧٩ کەریم خان ئەمیری شیراز حوکمی فارس دەکات.

١٧٥٤–١٧٥٧ عوسمانی سێیەم.

١٧٥٧–١٧٧٤ مستەفای سێیەم.

١٧٥٧ وەهابییەکان دەست بەسەر ئەحسائدا دەگرن.

١٧٦١ پەیماننامەی دۆستایەتیی نێوان عوسمانییەکان و فریدریکی گەورە.

١٧٧٠ جەنگ دژی رووس و تێکشکاندنی کەشتیگەلی عوسمانی لە کەنداوی چەشمە.

١٧٧٣–١٧٨٩ عەبدولحەمیدی یەکەم.

١٧٧٤ رێکەوتنی ئاشتیی کوچوک قینارجی. نەمسا بوقوینە داگیر دەکات.

١٧٩٧–١٧٩٩ ئاغا محەمەد دەوڵەتی قاجاری دادەمەزرێنێت.

١٧٨٣ شاژنە ئیمپراتۆر کاترینا تەتارەکانی کریمیا ملکەچ دەکات.

١٧٨٤ پەیماننامەی ئایینە لی قواق.

١٧٨٩ ناپلیۆن لە میسر.

١٧٨٩-١٨٠٧ سەلیمی سێیەم. یەکەم هەوڵەکانی چاکسازی (تەنزیمات) لەسەر شێوەی فەرەنسی.

١٨٠١ وەهابییەکان پەلاماری کەربەلا دەدەن.

١٨٠٣-١٨٠٤ وەهابییەکان دەست بەسەر مەککە و مەدینەدا دەگرن.

١٨٠٤ شۆڕشی سیربی بەسەرکردایەتیی قەرە جۆرج (قەرە یۆرکی).

١٨٠٧ رێکەوتن لەنێوان عەلی شا (١٧٩٧-١٨٣٤) و ناپلیۆن دژی رووسیا.

١٨٠٧-١٨٠٨ مستەفای چوارەم.

١٨٠٨-١٨٣٩ مەحمودی دووەم.

١٨١١ محەمەد عەلی پاشا مەمالیک تەفروتوونا دەکات و لەناویان دەبات.

١٨١٢ رێکەوتنی ئاشتیی بوخارێست لەنێوان عوسمانییەکان و رووس.

تۆسۆن مەککە و مەدینە لەدەستی وەهابییەکان دەردێنێت.

١٨١٨ ئیبراهیم پاشا ملکەچی وەهابییەکان دەبێت.

١٨٢١-١٨٢٩ شۆڕشی یۆنانی بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا.

١٨٢٦ مەحمودی دووەم ئینکیشارییەکان لەناو دەبات.

١٨٢٧ هاوپەیمانیی سێقۆڵی دژی عوسمانییەکان. شەڕی ناوارین.

١٨٣٠ داگیرکردنی جەزائیر لەلایەن فەرەنساوە.

١٨٣١-١٨٣٢ ئیبراهیم پاشا سووریا داگیر دەکات. عەباس میرزا دەست بەسەر خوراساندا دەگرێت.

١٨٣٢ ئیبراهیم پاشا عوسمانییەکان لەنزیک قۆنیە دەشکێنێت.

١٨٣٣ رێکەوتنی ئاشتیی کوتاهییە. ئیمزاکردنی پەیماننامەی ئاشتی لەنێوان عوسمانییەکان و رووس لە خونکار ئەسکەلە سی.

١٨٣٤-١٨٤٨ محەمەد شای فارسی.

١٨٣٥ عەبدولقادری جەزائیری فەرەنسییەکان لای رووباری ئەلموقەتەع دەشکێنێت.

قۆن مۆلتکە فوت قۆن بێرگ خزمەتی سوڵتان دەکەن.

١٨٣٦ سوڵتان تەرابلوس دەگێڕێتەوە.

١٨٣٧ "باش وەکیل" جێگەی سەدری ئەعزەم دەگرێتەوە. فارس گەمارۆی هیرات دەدەن (لەشکرگەیەک بەسەکردایەتیی ئینگلیزێک بەرگری لێدەکات).

١٨٣٩ جەنگی عوسمانی و میسری. شکانی عوسمانییەکان لە نسێبین.

بەریتانیەکان کابۆل و قەندەهار داگیر دەکەن. بەریتانییەکان عەدەن داگیر دەکەن.

١٨٣٩-١٨٦١ عەبدولمەجیدی یەکەم.

١٨٣٩ زیندووکردنەوەی پۆستی سەدری ئەعزەم (سەرۆک وەزیران). رەشید پاشا وەک وەزیری دەرەوە.

١٨٤٠ کۆنگرەی لەندەن بۆ چارەسەرکردنی پەیوەندییەکانی نێوان عوسمانییەکان و میسر.

١٨٤٢ شۆڕشی دروز. ڕێکخستنەوەی لوبنان. دۆست محەمەد بەریتانییەکان لە ئەفغانستان دەردەکات.

١٨٤٣ عەبدولقادری جەزائیری سنوور دەبڕێت و دەچێتە مەراکیش. محەمەد بن عەلی ڕێبازی سنووسی لە تەرابلوسی ڕۆژئاوا دادەمەزرێنێت.

١٨٤٤ باب میرزا عەلی محەمەد.

١٨٤٥ مورابیت بۆ مەعزە لە جەزائیر شۆڕش دەکات. عەبدولقادر دەکەوێتە دەست فەرەنسییەکان.

١٨٤٨ مردنی محەمەد عەلی. عەباس جڵەوی کاروبار دەگرێتە دەست.

١٨٤٨-١٨٩٦ ناسرەدین شا.

١٨٤٩ فەیسەڵ بن تورکی میسرییەکان لە حیجاز دەردەکات.

١٨٤٩-١٨٥٢ کێشە لەسەر شوێنە پیرۆزەکان لە فەلەستین.

١٨٥٠ تەفروتونا کردنی شوێنکەوتوانی باب.

١٨٥٢ دانیلۆ یەکەم حاکمی سیکیولار بنەماڵەیەکی میراتگری لە مۆنتی نیگرۆ دادەمەزرێنێت.

١٨٥٣ جەنگی کریمیا.

١٨٥٤ عوسمانییەکان لە قەڵای سلستڕە لەبەردەم ڕووسدا خۆ ڕادەگرن.

شکستی ڕووس لای ڕووباری ئەلما.

١٨٥٤-١٨٦٣ سەعید پاشا ئەمیری میسر.

١٨٥٥ کەوتنی سیڤاستۆپۆل. شامیل سەرکردایەتیی شۆڕشی لاز دژی ڕووس دەکات.

١٨٥٦ "خەتـی هـەمایۆن". ڕێکەوتنـی ئاشـتیی پـاریس. بـەریتانیا جـەنگ دژی فـارس ڕادەگەیەنێت. ئیبراهیم شناسی. سەرەتای ئەدەبی تورکیی نوێ.

١٨٦٠ دەستبەکاربوون لە کردنەوەی نۆکەندی سـویس. چەوسـاندنەوەی مەسـیحییەکان لە دیمەشق.

١٨٦١-١٨٧٦ سوڵتان عەبدولعەزیز.

١٨٦٣-١٨٨٠ ئیسماعیل پاشا ئەمیری میسر نازناوی خدیوی وەردەگرێت لە ١٨٦٦.

١٨٦٩ کردنەوەی نۆکەندی سویس بەڕەسمی.

١٨٧٠ سەرهەڵدانی ئەلمەهدی محەمەد بن عەبدوڵا لە سودان.

١٨٧٣ دەستکاریکردنی دۆخی دەستووریی میسر.

١٨٧٣-١٨٩٤ سوڵتان حەسەنی مەراکیشی.

١٨٧٥ دادگـەی تێکـەڵاوەکان لـە میسـر. میسـرییەکان دەسـت بەسـەر هەراردا دەگـرن لـە حەبەشـە (ئەثیوبیـا). شـکانی میسـرییەکان لەسـەر دەسـتی ئیمپراتـۆر یۆحـەننا. شـۆڕش لـە هێرسک.

١٨٧٦ تاوانکـاری لـە بولگاریـا. پیلانـی میدحـەت پاشـا بەسـەر سـوڵتان عەبدولعـەزیز و دانانی مورادی پێنجەم.

١٨٧٦-١٩٠٩ عەبدولحەمیدی دووەم.

١٨٧٦ سیرب و مۆنتی نیگرۆ جەنگ دژی دەوڵەت ڕادەگەیەنن. میدحـەت پاشـا، سـەدری ئەعزەم دەستوور ڕادەگەیەنێت.

١٨٧٧-١٨٨٨ جەنگی ڕووسی و عوسمانی. جەنگی پلیڤنا و ڕێڕەوی شیپکا.

ڕووس لە ئەدەرنە. ڕێکەوتنی کاتیی سان ستیفانو. دەستهەڵگرتنی دەوڵەتی عوسمانی لـە قوبرس بۆ بەریتانیا.

١٨٧٨ کۆنگرەی بەرلین.

١٨٨٠-١٨٩٢ تۆفیق پاشا خدێویی میسر.

١٨٨١ فەرەنسا تونس داگیر دەکات. شکانی عەرابی پاشا لای (التل الکبیر). بەریتانیا میسر داگیر دەکات.

١٨٨٢ مەهدی میسرییەکان لە سودان دەردەکات.

١٨٨٣ مەهدی ئەلئەبیەز داگیر دەکات.

١٨٨٥ هێرشکردنە سەر خەرتووم. کوژرانی گۆردۆن. مردنی مەهدی و جێنشینیی ئەبوبەکر عەبدولا ئەلتەعایوشی.

١٨٨٨ مەهدییەکان ئەلرەئس عەدار دەشکێنن و قەندر دەسووتێنن و هەرێمی هیڵی کەمەرەیی ملکەچ دەکەن.

١٨٨٩ شکانی حەبەشە لە قلابات. کوژرانی ئیمپراتۆر یۆحەنا.

١٨٩٢ رەباح دەولەتێک لای دەریاچەی شاد دادەمەزرێنێت.

١٨٩٤ فەرەنسییەکان دەست بەسەر تمبکتودا دەگرن.

١٨٩٤-١٩٠٧ سولتان عەبدولعەزیزی مەراکیشی.

١٨٩٦ کیچنەر مەهدییەکان لە ئوم دەرمان لەناو دەبات. کوژرانی خەلیفە عەبدولا. جەنگی عوسمانی و یۆنانی. کوژرانی ناسردین شا.

١٨٩٦-١٩٠٩ شا موزەفەرەدین.

١٩٠٠ فەرەنسییەکان ئیمپراتۆرییەتی رەباح لەناو دەبەن.

١٩٠٤ کۆنگرەی دورگەی سەوز.

١٩٠٦ رووداوی دینشەوای. دەست لەکارکێشانەوەی کرۆمەر.

١٩٠٧ دابەشکردنی ولاتی فارس بۆ دوو ناوچەی نفووزی بەریتانی و رووسی.

١٩٠٨ شۆڕشی پیاوانی "تورکیای لاو".

١٩٠٩ شۆڕش لە فاس. دەستبەرداربوونی موزەفەرەدین شا لە تەخت و هاتنە سەر تەختی ئەحمەد شا. هێرشی دووەم بۆ سەر ئیستانبول.

١٩٠٩-١٩١٨ سولتان محەمەد رەشادی پێنجەم.

١٩١١-١٩١٢ ئیتالیا دەست بەسەر تەرابلوسی رۆژئاوادا دەگرێت.

١٩١٢ جەنگی بەلقان.

١٩١٣ ئەنوەر ئەدەرنە دەگێڕێتەوە. پەیماننامەی ئاشتیی قوستەنتینیە و پەیماننامەی ئاشتیی ئەسینا (١٩١٤).

١٩١٤ (یەکی تشرینی دووەم) دەوڵەتی عوسمانی دەچێتە جەنگ لەپاڵ ئەڵمانیادا. حسێن کامل سوڵتانی میسر.

١٩١٥ هێرش بۆ سەر نۆکەندی سویس. شەڕی تەنگەکان. گەمارۆدانی ژەنەرال تونشند و هێزە بەریتانی هیندییەکانی لە کووتی عیمارە.

١٩١٦ (٢٩ی نیسان) خۆبەدەستەوەدانی تونشند. ڕووسیا لە قەوقاز و فارس پێشڕەوی دەکات.

١٩١٧ (ئادار) بەریتانییەکان بەغدا داگیر دەکەن. (کانوونی یەکەم) گرتنی قودس. فوئاد سوڵتانی میسر. محەمەدی شەشەم (وەحیدەدین) دەچێتە سەر تەختی خیلافەت و سەڵتەنەت.

١٩١٨ فەیسەڵ و لۆرەنس دیمەشق داگیر دەکەن (تشرینی یەکەم). پەیماننامەی مودرۆس- (٣٠ تشرینی یەکەم). سەرەتای بزوتنەوەی وەفد لە میسر.

١٩١٩ یۆنان لە ئیزمیر (١٥ی ئایار). مستەفا کەمال لە ئەنادۆل (١٥ی ئایار). کۆنگرەی ئەرزروم (٢٣ی تەممووز). میساقی نیشتمانی. پشتیوانیە نیشتمانییەکان لە میسر.

١٩٢٠ هاوپەیمانەکان ئاستانە داگیر دەکەن (ئادار). کردنەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی لە ئەنکەرە (٢٣ی نیسان). کۆنگرەی سان ریمۆ لە ئینتیدابەکان دەکۆڵێتەوە. پەیماننامەی سیڤەر. نێردەی میلنەر لە میسر. فەرەنسییەکان فەیسەڵ لە سووریا دەردەکەن. ڕەزا خان هەڵدەکوتێتە سەر تاران.

١٩٢١ غازی مستەفا کەمال لای ڕووباری سەقاریە یۆنانییەکان دەشکێنێت. پەیماننامەی تورکی لەگەڵ فەرەنسا و پەیماننامەی تورکی لەگەڵ ڕووسیا. دوورخستنەوەی زەغلوول بۆ سیشل. فەیسەڵ پاشای عێراق (٢٣ی ئاب). شۆڕشی عەبدولکەریم لە دەشتی مەراکیش.

١٩٢٢ دەرکردنی یۆنان لە ئاسیای بچووک. پەیماننامەی لۆزان. سوڵتان فوئاد دەبێتە پاشای میسر (١٥ی ئادار). دانانی دەستووری فەلەستینی.

١٩٢٣ راگەیاندنی کۆماری تورکیا و هەڵوەشاندنەوەی سەڵتەنەت (٢٩ی تشرینی یەکەم). عەبدولمەجید دەبێتە خەلیفە. راگەیاندنی دەستووری میسری.

١٩٢٤ هەڵوەشاندنەوەی خیلافەت (٣ی ئادار). فوئاد پەرلەمانی میسری هەڵدەوەشێنێتەوە. زەغلوول سەرۆک وەزیران. ئیبن سعوود دەست بەسەر حیجازدا دەگرێت.

١٩٢٥ شۆڕشی کوردی دژی تورکیا. هەڵوەشاندنەوەی تەریقەتە سۆفییەکان و گۆڕینی تەربوش بە شەبقە. شۆڕشی سووری. مووسڵ دەخرێتە سەر عێراق. رەزا خان دەبێتە شای ئێران.

١٩٢٦ پیلانی ئیزمیر. زەغلوول دەگەڕێتەوە بۆ سەرۆکایەتیی وەزیران. کۆماری لوبنان. عەسیر دەخرێتە سەر حیجاز. کۆنگرەی ئیسلامیی گشتی لە مەککە. لەناوبردنی شۆڕشی عەبدولکەریم.

١٩٢٧ مردنی زەغلوول. سەروەت لەگەڵ بەریتانیا دانوستان دەکات بۆ بەستنی پەیماننامەیەک.

١٩٢٨ گۆڕینی پیتی عەرەبی بە پیتی لاتینی لە تورکیا.

١٩٢٩ پشێوی لە فەلەستین. دەستهەڵگرتنی ئەمانەڵا لە تەختی ئەفغانستان. دەستکردن بە راکێشانی هێڵی شەمەندەفەر لە ئێران (١٩٢٩-١٩٣٨).

١٩٣٠ تورکیا دەچێتە ناو کۆمەڵی گەلان. دیاریکردنی ژمارەی مزگەوتەکان لە تورکیا.

١٩٣٢ عێراق دەچێتە ناو کۆمەڵی گەلان. ئاشوبی ئاشوورییەکان.

١٩٣٣ پشێوی لە فەلەستین. مردنی شافەیسەڵ (٨ی ئەیلوول). غازی پاشای عێراق.

١٩٣٤ پەیماننامەی تورکی لەگەڵ دەوڵەتانی بەلقان. پەیماننامەی تورکی ئێرانی. بەکارهێنانی ناوی بنەماڵە تورکییەکان. مستەفا کەمال: ئەتاتورک. جەنگ لەنێوان ئیبن سعوود و ئیمام یەحیا. پەیماننامەی ئاشتیی تائیف.

١٩٣٥ بۆ یەکەم جار هەڵبژاردنی ئافرەت لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی تورکی. تۆندبوونی بەرگریی عەرەبی لە فەلەستین. ئازادکردنی ئافرەت لە ئێران. زانکۆی تاران.

١٩٣٦ بەستنی پەیماننامەی بەریتانی و میسری. مردنی شا فوئاد (٢٨ی نیسان). فاروق پاشای میسر. لیژنەی شاهانە لە فەلەستین. کودەتای عێراق لەسەر دەستی بەکر سدقی.

١٩٣٧ تورکیا لیوای ئەسکەندەرونە دادەبڕێت. پەیماننامەی سەعد ئاباد لەنێوان تورکیا و عێراق و ئێران و ئەفغانستان. وەزارەتی محەمەد مەحمود پاشا لە میسر. هەڵاتنی موفتی لە فەلەستین.

١٩٣٨ مردنی ئەتاتورک (١١ی تشرینی یەکەم). عیسمەت ئینونو لە سەرۆکایەتیی کۆمار جێگەی دەگرێتەوە. هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی میسری. لیژنەی شاهانە لە فەلەستین یەکەمین پرۆژە بۆ دابەشکردن پێشکەش دەکات.

١٩٣٩ کۆنگرەی بازنەی خڕ لە لەندەن بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی فەلەستین. کتێبی سپی. مردنی شا غازی (٤ی شوبات). فەیسەڵی دووەم پاشای عێراق.

لە پێشەکیی چاپە ئەڵمانییەکەوە

هێشتا نووسینی میژوویەک بۆ گەلان و دەوڵەتانی ئیسلامی لە سەرەتای پە یدابوونیانەوە تا ئەمڕۆ، هەوڵدانێکی مەترسیدارە، چونکە سەرچاوەکانی ئەم جۆرە میژووە هێشتا بەردەست نین و نەخراونەتە ژێر شیکردنەوەی رەخنەیی و یەک کەس بەتەنیا ناوێرێت شان بداتە ژێر ئەرکە. لەگەڵ ئەوەیشدا پێدەچێت کارێکی باش بێت وێنەیەکی گشتی لەمەڕ چارەنووسی موسڵمانان، کە ئەمڕۆ لە هەرکات زیاتر لەگەڵ رووداوەکانی جیهاندا بەگشتی تێک ئاڵاوە، پێشکەش بەوانە بکرێت کە بایەخ بە پرسە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان دەدەن، کارێکی لەو جۆرەیش –چار ناچارە- لە کتێبە سەرچاوەکان و میژووە گشتییەکانی جیهاندا، هەر بە شێوەی پچرپچڕ و ناتەواو دەخرێتە روو.

هەوڵم داوە جگە لە میژووە سیاسییەکە، بەو ئەندازەیەی سنووری بەرتەسکی ئەم کارە بوار بدات، پوختەیەک لەبارەی ژیانی کەلتووری و هزریش پێشکەش بە خوێنەران بکەم.

دیارە نەخشە بەراییەکانی ئەم کتێبە بێنیازمان ناکەن لە ئەتڵەسێکی میژوویی بۆ میژووی ئیسلامی، کە هێشتا پێویستمان پێیەتی، تا هێلە سەرەکییەکانی ئەو ناوچەیە پیشانی خوێنەر بدەین کە ئەو میژووە تێیدا دەرکەوتوە و گەشەی کردوە.

کارڵ بروکلمان

ئاوەندی توێژینەوەی میژوویی جەمیل رۆژبەیانی
لەسەر نەرکی (د. تەها ردسول) چاپکراوە
2017